تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز

بەرگی سییەم

سوورەتەکانی

(المنافقون) و (التغابن) و (الطلاق)
(التحريم) و (الملك) و (القلم)
و (الحاقة) و(المعارج)

عەلی باپیر

تەفسیری سوورەتەکانی

المنافقون و التغابن و الطلاق و التحريم

الملك و القلم و الحاقة

تەفسیری سوورەتەکانی

المُنَافِقُون و التَّغَابُن و الطَّلَاق و التَّحْرِيم
المُلْك و القَلَم و الحَاقَّة

نووسینی : عەلی باپیر
دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی
چاپی یەکەم ١٤٤٥ك - ٢٠٢٤ز
٧٩١ لاپەڕە
١٧* ٢٤ سم
بابەت : ئایینی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (٧) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

تەفسیری سوورەتەکانی

المُنَافِقُونَ و التَّغَابُنِ و الطَّلَاقِ

التَّحْرِيمِ و المُلْكِ و القَلَمِ

الحَاقَّةِ

نووسینی: عەلی باپیر


بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی

إنَّ الحَمْدَ للَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْده اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إلَهَ إلاّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ آل عمران.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾ ﴾ النساء.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ الأحزاب .

أمَّا بَعْدُ: فإنَّ أَصْدَقَ الحَديث كَلامُ اللَّه، وَخَيْرَ الْهَدِي هدْيُ مُحَمَّد ﷺ وَشرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ، وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّار[1].

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان!

هیچ گومانی تێدانیە - بۆ مرۆڤی بڕوادار - کە ئەو تەمەنەی لە خزمەت دوایین کتێبی خوا (قورئان)دا بەسەردەبرێ، جا بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی لە خزمەتدابووندا بێ؛ خوێندنەوە، تێفکرین و ڕامان، فێرکردن، کارپێکردن ... هتد، بە باشترین جێگرتن جێگا دەگرێ و، خاوەنەکەی لە دنیاو دوارۆژدا لێی بەهرەمەندە.

(١) ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی فێردەکرد، پێش هەر قسەیەکی گرنگ، بیڵێن، وەك وتاری جومعەو داخوازییکردن (خِطْبة)و... هتدو، ئەم وتارە، هەرکام لە: الترمذي: (١١٠٥)، النسائي: (١١٠٤)، ابن ماجه: (١٨٩٢) أحمد: (٣٧٢٠)، الطَّبراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

منیش - کە وەك باسکردنی چاکەی خوا (**التحدّث بنعمة اللّه**) دەیخەمەڕوو- لەوەتی فامم کردۆتەوە، خوای بەبەزەیی و بەخشەر چاکەی لەگەڵ کردووم و، بە فەرمایشتی بەرزو بێ وێنەی خۆیەوە سەرگەرمی کردووم و، بەر لە تەمەنی بیست ساڵییەوە هیدایەتی داوم، قورئانی بەڕێزو پێز لەبەر بکەم و، سەرقاڵی خوێندنەوەی تەفسیرەکانی قورئان و، تێوەڕامانی ئایەتە پڕ بەرەکەتەکانی و، لێوردبوونەوەیان بم.

هەر بۆیەش تێکڕای کتێب و نامیلکەو وتارو دەرسەکانم، کەم و زۆر لەبەر ڕۆشنایی قورئان دابوون، کە دیارە هەر ئەمەش شتێکی سرووشتییە؛ ئاخر ئایا ئیسلام، بێجگە لە قورئان پاشان سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەویش هەر ڕوونکردنەوەی قورئان و چۆنیەتی جێبەجێکردن و کارپێکردنیەتی، شتێکی دیکەیە؟! بێگومان نەخێر.

ئنجا لەمێژ ساڵیش بوو، کە براو خوشکانێکی دڵسۆزی نزیك و ئاشنام، داوایان لێدەکردم کە دەست بکەم بە دانانی تەفسیرو لێکدانەوەیەکی قورئان، هەتا لە ڕەمەزانی ساڵی (١٤٢٨)دا هاتە دڵمەوە، کە ناوی خوای لێبهێنم و دەست بەو کارە گەورەو گرنگە بکەم، بەڵکو وردە وردە بەپێی بوارو دەرفەت، هەرساڵە هەندێکی لێ ئەنجام بدەم، لەگەڵ سەرقاڵیی زۆرو جۆراو جۆریشدا، هەتا دەرفەتێکی وام بۆ دەڕەخسێ کە بتوانم خێرایی تێدا بکەم و خۆمی بۆ یەکلایی (**متفرّغ**) بکەمەوەو، خوا پشتیوان بێ تەواوی بکەم، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابێ.

سەرچاوەی دانانی ئەم تەفسیرو لێکدانەوەیەشم، وێڕای سەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسیرانەی کە باون و، دەستم پێیان گەیشتوە، بریتیە لە وردبوونەوەو تێوەڕامانی خۆم لە خودی قورئان، چونکە بێگومان قورئان: هەندێکی هەندێکی ڕوون دەکاتەوە: (**القرآن يُفَسِّر بَعْضُهُ بَعْضاً**)، پاشان سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ چونکە پێغەمبەری خواش ڕوونکەرەوە (**مُبَيِّن**)ی قورئانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی:

﴿...وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ النحل.

واتـە: هەروەهـا زیکرمـان بـۆ لای تـۆ ناردۆتـە خـوار، تاکـو ئـەوەی بـۆ خـەڵکی نێرراوەتـە خـوار، بۆیـان ڕوون بکەیـەوە، وە بەڵـکو خۆشـیان بیـربکەنەوە.

ئومێدیشـم وایـە - بـە یارمـەتی خـوای بەخشـەر ﷻ - شایسـتەیی ئـەوەم هـەبێ تەفسـیرو لێکدانەوەیەکی وا بۆ قورئـان پێشـکەش بە مسـوڵمانانی کوردسـتان بکەم، کـە لـە قورئـان بوەشـێتەوەو، مایـەی بەهـرەو سـوودی خوێنـەران بـێ، بەتایبـەتیش کـە زیاتـر لـە سـی (٣٠) سـاڵە لەگـەڵ قورئـانی بـەرزو مـەزن و تەفسـیرەکانی و کتێبەکانی سـوننەتدا خـەریکم و، دەیـان کتێـب و بەرهـەمی جۆراوجـۆرم لـە زۆربـەی بـوارەکانی زانسـتەکانی شـەریعەتدا پێشـکەش کردوون.

شـایانی باسیشـە کـە ئەو بیسـت و دوو مانگ زیندانیـی کرانەم لەلایـەن ئەمریکاوە - لـە (٢٠٠٣/٧/١٠ تاکـو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفەتێـکی گـەورەو گرنـگ بـوو، بـۆ زیاتـر پێدا قووڵـبوونەوەی کتێبـی خـوا (تبـارك و تعالـی) و، بۆ پەیدابوونی تێگەیشـتنی تایبـەت لەبـارەی زۆرێـك لـە ئایەتـەکانییەوە، ئـەم ڕاسـتییەش لـە مەوسـووعەی: (**الإسـلام كـما يتجـلّى فـي كتـاب اللّـه تعالـى**)دا زۆر چـاك درەوشـاوەتەوە[1]، بـەڵام هـەڵبەتە ناڵـێم و هیچکەسیش بـۆی نیـە بڵـێ: کـە ئـەم تەفسـیرەی من تێروتـەواوە، چونکـە وێـڕای سـنوورداربوونی توانـاو بڕسـتم، لـە بەرانبـەر کتێبـی لـە هـەموو ڕووێکـەوە ڕەهـا (مطلـق)و بێسـنوور (لا محـدود)ی خـوادا، نەشـمویسـتوە کـە زۆر بەمـلاولادا بچـم و بچمـە نێو هـەندێك وردەکارییەوە، کە یان من تێیـدا پسپۆڕو

---

(١) ئـەو مەوسـووعەیە ئێسـتا چـاپ کـراوەو، کەوتۆتـە بەردەسـتی خوێنـەران و، سـەرجەم هەشـت بەرگ و دەوری سـێ هـەزارو پێنج سـەد (٣٥٠٠) لاپەڕەیەو، هـەوڵمداوە بەگشـتی تێیـدا باسـی سـەرجەم لایەنـەکانی ئیسـلام بکـەم و، تاکـە سـەرچـاوەشم قورئـان بـووە، وێـڕای دەقـەکانی سـوننەت، کـە لـە هـۆش (ذاکـرة)دا بـووون.

شـایانی باسـە ئەو مەوسـووعەیە لە چاپی دووەمی دا، کراوە بە دوازدە (١٢) کتێبـی سـەربەخۆ، بە مەبەستی ئاسـانتـر سوود لێ بینـرانی .

شــارەزا نیـم، یـان خوێنــەر پێویســتی پێـی نیـە، لـە کاتێکـدا دەیــەوێ لـە قورئان تێبگات و، بزانـێ خـوا (تبـارك وتعـالـی) ڕاسـتەوخۆ چـی پـێ فــەرمووە؟!

ئنجا هــەر لێرەشـەوە بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سـوپاسی ئەو بـرا گەنجە ڕووح سـووك و گـورج و گـۆڵ و دڵسـۆزە بکـەم (حـەزی نەکـرد نـاوی بهێنـم)، کـە هـەڵسـا بـە نووسـینەوەو هێنـانە سـەر کاغـەزو، پاشـان تایپکـردن و دوایـی پێداچوونـەوەو هەڵەگیـریی، سـەرجـەم ئـەم زنجیـرە دەرسـە، کـە لـە ئەسـڵدا لـە شێوەی وتـار (محـاضرة)دا پێشـکەش کراون، هــەروەها هـەڵسـا بـە (تخریج)ی سـەرجەم دەقەکانی سـوننەت، لـە سـەرچاوە متمانـە پێکراوەکانـەوەو، زەحمـەت و ماندووبوونێـکی زۆری بـە سـەرجەم بەرگـەکانی ئـەم تەفسیـرەوە کێشــاوە، خــوا بـە باشتـرین شــێوە پاداشـتی بداتـەوەو، هــەر صـاڵح و سـاغ و سـەلامەت و ســەربەرزبێ[1]، لـە خـوای بـەرزو بێهـاوتاش داواکارم ئـەو جـۆرە گەنـج و لاوانـە لـە کـوڕان و کچـان، لەنێـو گەلەکەمانـدا، زۆر بـکات .

شـایانی باسیشــە کـە ئێمـە لـەم تەفسیــرەماندا، بـاسی بــەش (جـزء)ەکانی قورئـان و دابەشــکردنەکانی دیکــەی وەك: - (حــزب) - ناکەیــن، چونکــە هـــەر ســـوورەتێك بۆخـــۆی شــتێکی ســەربەخۆیـــەو، ســەرجەم ئایەتــەکانی وەك ئاڵقــەکانی زنجیرێـك پێکـەوە پەیوەسـتن و، ئاشکراشـە کـە دابەشـکرانی سـەرجەم قورئـان بـۆ سـی (٣٠) بـەش (جـزء) و شەســت (٦٠) (حـزب)، شـتێکە لەلایـەن زانایانـەوە کـراوە، بـۆ ئاسـانکاریی خوێنـدنی قورئـــان، دیـارە ئێمـە لـە دابەشـکردنی بەرگـەکانی ئـەم تەفسیـرەشـدا، دیسـان حیســاب بـۆ بەشـەکان (أجـزاء)ی ناکەیـن و، بـە گوێـرەی سـوورەتەکان، بەرگـەکانی دیـاریی دەکەیـن.

---

(١) ئـەو بـرا دڵسـۆزە ئێســتاش پـاش تەواوکردنـی زۆربـەی قورئـان، لێبڕاوانـە بەردەوامـە و عەزمیشــی جــەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمـــان بەردەوام بێ، هەتــا کۆتــایی ئەم تەفسیــرە ســەرگەرمی کارەکـەی بێ .

دوا قسەشم ئەوەیە کە:

ئەم تەفسیرە - وەك پێشتر گوتمان - لە ئەسڵدا بەشێوەی دەرس و وتار پێشکەش کراوە، بەڵام دواتر خۆم دووجار بە وردیی پێیدا چوومەوەو، بەپێی پێویست دەستکارییم کردوە، دیارە هەموو دەرسێکیش بەناوی خواو ستایشی خوا ﷻ دەستی پێکردوە، بەڵام ئێمە لە سەرەتای دەرسەکانەوە، ئەوانەمان لابردوە، بۆ زۆر دووبارە نەبوونەوەو، ئەو (خطبة الحاجة)یەی لە سەرەتای ئەم پێشەکەییەوە هاتوە، لەجیاتی سەرجەم دەرسەکانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ،

وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢

٢٠١١/٦/٢٧

هەولێر

بەرچاو ڕوونییەكی گرنگ لەبارەی ئەم تەفسیرەوە

خوێنەری بەڕێز !

هەرچەندە لە (پێشەكی گشتیی) ئەم تەفسیرەدا باسمان كردوە كە بۆ نووسینی ئەم تەفسیرە، لە هەموو ئەو تەفسیرە باوانەی دەستم پێیان گەیشتوە، بەهرەمەندبووم، هەروەها لە كۆتایی هەر بەرگێكی ئەم تەفسیرەدا، سەرجەم ئەو تەفسیرانەی كەم و زۆر لێیان سوودمەند بووم، ناوەكانیانمان بە ڕیز نووسیون[1]، بەڵام لێرەش وەك جەختكردنەوەی زیاترو بەرچاوڕوونیی باشتر بۆ ئێوەی بەڕێز دەڵێم :

مادام ناوی تەفسیرەكانمان نووسیوە، نە پێویست دەكات و نەدەشگونجێ، بۆ هەر تێگەیشتن و بیرۆكەیەك، كە زۆربەی تەفسیرەكان لەبارەی ئایەتێكەوە، یان ڕستەو بڕگەیەكی ئایەتێكەوە، دەیهێنین، ئێمە هەموو جارێ ناوی ئەو تەفسیرانە بێنین، بەڵام بێگومان هەر كات بیرۆكەو تێگەیشتنێكی تایبەتی یەكێك لە تەفسیرەكان هەبێ و بكەوێتە بەرچاوم، ئنجا چ پەسندی بكەم، چ ڕەفزی بكەم، هەر كات بە پێویستی بزانم، بە تایبەت ئاماژەی پێدەكەم، ئەگەرنا بە ئاماژەی گشتیی و بە نووسینی ناوی تەفسیرەكان لە كۆتایی هەر بەرگێك دا، ئیكتیفا دەكەم و، زۆریش لە ئەمانەتی زانستیی (الأمانة العلمية) دەخەفتێم و مەبەستمە ڕەچاوی بكەم، چونكە ئەمینیی و ئەمانەت پارێزیی، ڕەوشتێكی گەورەو بەرزی مسوڵمانەتییە .

---

(١) دوایی وا بەباش زانرا ناوی تەفسیرەكان لابرێن و، لە كۆتایی كۆی بەرگەكانی [تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز]دا دەیاننووسین.

شایانی باسیشـە جاری وا هەیـە بیـرۆکەو تێگەیشـتنێکی تایبەتیـی خـۆمم، دەربارەی کۆمەڵـە ئایەتێـك یـان ئایەتێك یـان ڕسـتەو بڕگـەیەکی ئایەتێـك، بۆ دروسـت دەبێ، وەك تێگەیشـتن و بۆچـوونـی خـۆم دەینووسـم، کەچـی ڕەنگـە لـە تەفسـیـرەکانی دیکـەش - یەکێکیـان یـان زیـاتر - دا هەبـێ، ئەویـش بەهـۆی ئەوەوەیـە کـە مـن ئەو تەفسیـرەم نەکەوتۆتـە بەر دیـدە، یان دیـتوومـەو لەیـادم نەمـاوە.

پێشەکی ئەم بەرگە

الحمدلله وكفى، وصلاته و السلامه وبركاته عن عباده الذين اصطفى وآله جميعا من الصحب و الأزواج و القرابة و التابعين لهم بإحسانٍ إلى يوم الدين

خوێنەری بەڕێز و خۆشەویستم!

ئەمە بەرگی سییەمینە لە تەفسیری قورئانی بەرز و بەڕێز، هەشت سوڕەت دەگرێتە خۆ کە ئەمانەن:

١- المنافقون

٢- التغابن

٣-الطلاق

٤- التحريم

٥- الملك

٦- القلم

٧- الحاقة

٨- المعارج

شێوازی تەفسیرکردنیسیان وەک شێوازی بەرگەکانی پێشوویە، ئەم بەرگە وێڕای قۆناغ و هەنگاو تەفسیرکردنی ئایەتە بەڕێزەکانی ئەو هەشت سوڕەتە، ژمارەیەک کورتەباس و بابەتی دیکەشی تێدان بەڵام بەم شێوەیەی خوارێ:

یەکەم: سوورەتی (المنافقون):

لە تەفسیری ئەم سوڕەتەدا ئەم کورتە باس و بابەتانە هەن:

١- کورتە باسێک: پوختەیەکی جەنگی (بنو).

٢- کورتە باسێک دەربارەی نیفاق و مونافیقان.

دووەم: سوورەتی (التغابن):

کورتە باسێک دەربارەی قەدەرەوە.

سێهەم: سوورەتی (الطلاق):

١- پێناسەی دادگەری (العدل).

٢- کورتە باسێک لەبارەی طەلاقەوە.

٣- کورتە باسێک لەبارەی حەوت ئاسمانەکان و زەوییەوە.

چوارەم: سوورەتی (التحریم):

١- چوار سەرنجی گرنگ.

٢- کورتەباسیک لەبارەی پێگەی بەرزی هاوسەرانی پێغەمبەری خواوە -خوا لییان ڕازی بێت-

پێنجەم: سوورەتی (الملك):

١- کورتەباسێک لە پێنج سەرنجدا.

٢- کورتە باسێک لەبارەی هەندێک وردەکاری بیستنەوە.

٣- کورتەباسێک لەبارەی وردەکاری بینین.

٤- کورتە باسێک لەبارەی عەقڵ و مێشک.

شەشەم: سوورەتی (القلم):

١- کورتەباسێک لەبارەی ڕەوشت بەرزی پێغەمبەر ﷺ و ڕەفتار پەرستی ناحەزانییەوە.

٢- هەڵوەستەیەک لەبارەی (**یوم یکشف عن ساق**) ەوە.

٣- کورتە باسێک لەبارەی چاو لێدانەوە.

حەوتەم: سوورەتی (المعارج):

١-چەند دەقێکی سوونە لەبارەی ئەو ڕۆژەوە کە پەنجا هەزار ساڵە.

٢- کورتە باسێک: چوار سەرنج.

٣- خاڵە بێهێزەکانی مرۆڤ.

٤- ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی بەردەوامی لەسەر نوێژەکان و پاراستنیانەوە.

٥- حەوت وردە سەرنج.

هیواداریشم ئەم بەرگەش وەک بەرگە پێشووەکانەوە بە وردی بخوێندرێتەوە، بەهرەو سوودی پێویستی لێ وەربگیرێ.

١٤/ شوال/ ١٤٤٤هـ -٢٠٢٣/٥/٤ هەولێر.

تەفسیری سوورەتی

المُنَافِقُونَ

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمـڕۆ کـە (١٣)ی مانگـی ڕەمەزانـی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/٥/٦)ی زایینیـی، لـە شـاری دێرینـی هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (المنافقـون)، وەك عادەتـی خۆشـمان، پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە مـوبارەکە لـە حـەوت (٧) برگـەدا دەخەینـە ڕوو:

پێناسەی سووڕەتی (المنافقون) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:

ئـەم سـوورەتە هـەر بـە (سُـورَةُ المُنَافِقُـونَ) نـاسراوە، لـەو بـارەوەش بەڵگـە زۆرن، بـۆ وێنـە ئـەو دوو دەقـە دێنیـن:

١)- {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄، قَالَ: نَزَلَتْ سُورَةُ الْمُنَافِقِينَ بِالْمَدِينَةِ} (أخرجه ابْنُ الضُّرِيسِ وَالنَّحَّاسُ وَابْنُ مَرْدَوَيْهِ وَالْبَيْهَقِيُّ، وَأَخْرَجَ ابْنُ مَرْدَوَيْهِ عَنِ ابْنِ الزُّبَيْرِ مِثْلَهُ).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس ﵄ گوتوویەتـی: سـوورەتی (مُنَافِقِـينَ) لـە مەدینـە دابەزیـوە.

٢)- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁، قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَقْرَأُ فِي صَلَاةِ الْجُمُعَةِ بِسُورَةِ الجُمُعَةِ، يُحَرِّضُ بِهَا الْمُؤْمِنِينَ، وَفِي الثَّانِيَةِ بِسُورَةِ الْمُنَافِقِينَ، فَيُقَرِّعُ بِهَا الْمُنَافِقِينَ} (أخرجه الطَّبَرَانِيُّ فِي الْأَوْسَطِ كما في المجمع: ج٢ ص١٩٢، وقال الهيثمي في المجمع إسناده حسن وأصله في الصحيح

باختصار، وَأَخْرَجَ الْبَزَّارُ وَالطَّبَرَانِيُّ عَنْ أَبِي عِنَبَةَ الْخَوْلَانِيِّ، والحديث حسنه السيوطي في الدُّر المنثور: ج٦ ص٣٣٤)،

واتــە: ئەبــوو هورەیــرە ﷺ دەڵــێ: پێغەمبــەری خــوا ﷺ لــە (ڕکاتــی یەکەمــی) نوێــژی جومعــەدا، (ئــەو باســی ڕەکاتەکــەی نەکــردوە، بــەڵام دیــارە) ســوورەتی (جُمُعَـةِ)ی دەخوێنــد، بڕوادارانــی پــێ هانــدەدا، (بــۆ دینداریــی و مســوڵمانێتیی و بەردەوامیــی لەســەر تاعــەت و، خۆپاراســتن لــە نیفــاق و دەغەڵیــی و، خۆپاراســتن لــە کەوتنــە ژێــر کاریگەریــی خــاوەن کتێبــە لادەرەکان) و، لــە (ڕکاتــی) دووەمــدا ســوورەتی (مُنَافِقِیـنَ)ی دەخوێنــد (لەمیانــی خوێندنــی ســوورەتی (مُنَافِقِیـنَ)دا) ســەر کۆنــەو سەرزەنشــتی مونافیــق و دەغەڵەکانــی دەکــرد.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

زانایــان لەســەر مەدینەیــی بوونــی ئــەم ســوورەتە یەکدەنگــن و، ئەمــەش ئاشــکرایە چونکــە هەمــووی لــە بــارەی مونافیقەکانەوەیــە، ئەوانیــش لــە مەدینــە بــوون، حاڵەتــی نیفــاق و دەغەڵیــی و دووڕوویــی لــە مەدینــە ســەری هەڵــداوە، چونکــە لــە مەککــە مســوڵمانان باڵادەســت نەبــوون، تاکــو خەڵــك ناچــار بــێ، لــە ڕووی ئەوانــدا خــۆی بــە مســوڵمان پێشــان بــدات و لــە لای بێبڕوایەکانیــش بڵــێ: بێبــڕوام، هەمیشــە حاڵەتــی نیفــاق لــەو کۆمەڵگایانــەدا دروســت دەبــێ کــە ئیســلام تیایانــدا باڵادەســتە، لــەو کۆمەڵگایانــەدا خەڵکێکــی دەغــەڵ و دڵنەخــۆش، ناچــار دەبــێ خــۆی بــە مســوڵمان پێشــان بــدات، لــە حاڵێکــدا کــە بــڕوای بــە ئیســلامیش نیــە.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بــە یەکدەنگیــی زانایانــی ژمێــرەرەری ئایەتەکانــی قورئــان، ژمــارەی ئایەتەکانــی ئــەم ســوورەتە یــازدە (١١)یــە.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە دابەزین و لە موصحەفدا:

ئەم سوورەتە لە ڕیزبەندیی دابەزیندا بە پێی ڕای (**جابر بن زيد**) ژمارە سەدو دوو (١٠٢)یە، واتە: سەدو دووەمین سوورەتە دابەزیوە، لە دوای سوورەتی (**الحج**) و، پێش سوورەتی (**المجادلة**)، لە موصحەفیشدا ڕیزبەندییەکەی ژمارە شەست و سێ (٦٣)یە.

پێنجەم: نێوەرۆکی ئەم سوورەتە:

یازدە ئایەتەکەی ئەم سوورەتە، جگە لە سێ ئایەتی کۆتایی، هەموویان لە بارەی مونافیقەکانەوەن، واتە: ئەم سوورەتە هەشت ئایەتی لە بارەی مونافیقەکانەوەن و، سێ ئایەتی کۆتاییش، خوا ﷻ تێیاندا بڕواداران دەدوێنێ، کە ماڵ و سامانی خۆیان خەرج بکەن و بە ماڵ و سامانیان فیداکاریی بکەن لە پێناوی خوای پەروەردگارداو، دەستگرۆیی و هاوکاریی هەژاران و نەداران بکەن.

هەروەها لەم سوورەتە موبارەکەدا، هەڵوێستێکی زۆر قێزەونی سەری مونافیقەکان (**عبدالله بن أبي بن سلول**)، لە جەنگی (**بني المصطلق**)دا، کە قسەیەکی زل و ناشایستەی بەرانبەر بە پێغەمبەری خوا ﷺ و مسوڵمانان کردوە، خراوەتە ڕوو، کە دوایی حاشای لە قسەکەی خۆی کردوەو سوێندی بە درۆی خواردوە، خوا ﷻ لە ئایەتەکانی ئەم سوورەتە موبارەکەدا، ئاماژە بەو هەڵوێستەو قسەکانی عەبدوڵڵاو، پۆزش هێنانەوەی و سوێندی بەدرۆ خواردنی، دەکات.

هەروەها لەم سوورەتەدا ژمارەیەك لە خەسڵەتەکانی مونافیقەکان خراونەڕوو.

لە سێ ئایەتی کۆتاییش دا خوا ﷻ ڕووی کردۆتە بڕواداران، کە وەك مونافیقەکان و دڵ نەخۆشەکان باوەش بە دنیادا نەکەن، ژیان و گوزەرانی دنیا لە خوا بێئاگایان نەکاو، سەرەنجام پەشێمانیی بچێژن، بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینن.

شەشەم: تایبەتمەندییەكانی:

تایبەتمەندیی بنەڕەتیی ئەم سوورەتە، ئەوەیە كە وێڕای ئەوەی بە ناوی (**منافقون**)ەوەیەو، لە چەند سوورەتێكی قورئاندا، وەك دوایی باس دەكەین، خوا ﷻ باسی مونافیقەكان و سیفەتەكانیانی كردوە، بەڵام تەنیا ئەم سوورەتە بە ناوی (**المنافقون**)ە، ئنجا ئەم سوورەتە موبارەكە، وێڕای ئەوەی ناوی (**المنافقون**) ی لەسەرە، پێناسەیەكی باشی مونافیق و دەغەڵ و دوو ڕووەكان دەكات و دەوری بیست (٢٠) لە خەسڵەت و هەڵس و كەوتەكانیان، لە دوو توێی ئەو هەشت (٨) ئایەتەدا دەخاتە ڕوو.

حەوتەم: دابەشكردنی ئایەتەكان بۆ چەند دەرسێك:

ئێمە كۆی ئەو یازدە (١١) ئایەتەی سوورەتی (**المنافقون**) دابەش دەكەین بۆ دوو دەرس:

دەرسی یەكەم: هەشت (٨) ئایەتە، ئایەتەكانی: (١ - ٨)، ئەوانیش هەموویان باسی مونافیق و دڵ نەخۆشەكان دەكەن و، دەوری بیست (٢٠) لە سیفەت و نیشانەكانیان دەخەنە ڕوو.

دەرسی دووەم: لە سێ ئایەتی كۆتایی سوورەتی (**المنافقون**) پێك هاتوە، ئایەتەكانی: (٩ - ١١) كە تێیاندا خوای بەرزو مەزن فەرمان بە بڕواداران دەكات: وریابن! سامان و ڕۆڵەكانیان لە یادی خوا بێئاگایان نەكەن و نەیانخافڵێنن و لەوەی خوا پێیداون ببەخشن بەوانەی ئاتاجن و، ببەخشن بۆ خزمەتی ئەو قەوارە ئیسلامییەی تێیدا دەژین، بەرلەوەی مردنیان بۆ بێت و، خۆزگە بخوازن دوابخرێن و، خواش ئەجەلی هیچ كەس دواناخات.

شایانی باسە: دواتر پوختەیەك لە بارەی جەنگی (**بني المصطلق**)ەوە باس دەكەین، لەبەر تیشكی (**السیرة النبویة لابن هشام**)[1] و (**عیون الأثر لابن سید الناس**)[2]و (**المصباح المنیر في تهذیب تفسیر ابن كثیر**)[3]دا، كە بەسەرهاتی عەبدوڵڵای كوڕی ئوبەیی كوڕی سەلوول و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لە مونافیق و دەغەڵەكان و، هەڵوێستی زۆر خراپ و نەرێنییان بەرانبەر بە پێغەمبەری خوا ﷺ و مسوڵمانان، هەبووە، خراوەتەڕوو، هەشت ئایەتەكانی سەرەتای ئەم سوورەتە موبارەكە باسی دەكەن.

---

(١) ج٣ ص ١٤٩ - ١٥٢.

(٢) ج٢ ص ١٣٤.

(٣) ص ١٤٠٧ - ١٤٠٩.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە هەشت ئایەت پێکدێ، ئایەتەکانی: (١ - ٨)، تێیاندا باسی مونافیقەکان و ژمارەیەك لە سیفەت و ڕەفتارەکانیان کراوە، لەو هەشت ئایەتەدا، تیشك خراوەتە سەر کەسایەتیی مونافیقەکان و بە مسوڵمانان ناسێنراون و وەك پێشتر گوتمان: دەوری بیست (٢٠) سیفەتیان لێ باسکراون، کە ئەمانەن:

١و٢- شایەدییدانی ڕواڵەتیی بۆ موحەممەد کە پێغەمبەری خوایە و، درۆکردن لەو شایەدییدانەدا.

٣و٤- سوێندی درۆکردنە قەڵغان و، خەڵك لە ڕێ لادان.

٥و٦- بڕواهێنان و دوایی کافربوونەوەو، مۆر بەسەر دڵەوە نرانیان.

٧- سەرسامبوون بەجەستەو دیمەنیان.

٨- قسەی زرق و برق و خۆش و بۆش کردنیان.

٩- چوێنرانیان بە دارو تەختەی بۆشی هەڵپە سێرراو.

١٠- هەمیشە دەست لەسەر دڵ بوون و لە خۆترسانیان - کە کەشف ببن -.

١١- دوژمنی سەر سەخت بوونیان بۆ ئیسلام و مسوڵمانان.

١٢- لاڕێ بوون هەتڵەبوون لە ڕاستە ڕێی خوا، وەك ویستیان لە دەست دابێ.

١٣- مل بادان و نەهاتنەلای پێغەمبەری خوا بۆ داوای لێبوردن بۆ کران.

١٤- خۆ بەزلگریی.

١٥- لێ نەبوردنی خوا بۆیان بەهۆی لاڕێییانەوە.

١٦و١٧- پیلانگێرییان کە هاوکاریی هاوەڵانی دەوری پێغەمبەری خوا نەکرێ و، سەرەنجام لە دەور پرژانیان و پڵاوەکردنیان.

١٨- نەبوونی تێگەیشتنی قووڵ.

١٩و٢٠- هەڕەشەکردنیان بەدەرکردنی پێغەمبەری خواو هاوەڵانی لە شار و نەزانیی و کەودەنییان.

بێگومـان تێنەگەیشـتوویی (**عـدم الفقـه**) جیایـە لـە نەزانیـن (**جهـل**)، چونکـە جاری وا کەسێك زانیاریی هەیە، بەڵام لـە شـتەکان، ورد تێنـاگات، نەزانیـی ئەوەیە ئـەو کەسـە زانیاریـی نەبـێ، بـەڵام تێنەگەیشـتوویی ئەوەیـە عەقـڵ و هـۆشی بـاش کارنـەکات و تێنـەگات.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ قَالُواْ نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ
إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ١ ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ ٢ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ فَهُمۡ لَا يَفۡقَهُونَ ٣ وَإِذَا رَأَيۡتَهُمۡ
تُعۡجِبُكَ أَجۡسَامُهُمۡۖ وَإِن يَقُولُواْ تَسۡمَعۡ لِقَوۡلِهِمۡۖ كَأَنَّهُمۡ خُشُبٞ مُّسَنَّدَةٞۖ يَحۡسَبُونَ كُلَّ صَيۡحَةٍ عَلَيۡهِمۡۚ
هُمُ ٱلۡعَدُوُّ فَٱحۡذَرۡهُمۡۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ٤ وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ يَسۡتَغۡفِرۡ لَكُمۡ رَسُولُ ٱللَّهِ
لَوَّوۡاْ رُءُوسَهُمۡ وَرَأَيۡتَهُمۡ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسۡتَكۡبِرُونَ ٥ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ أَسۡتَغۡفَرۡتَ لَهُمۡ أَمۡ لَمۡ
تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ لَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٦ هُمُ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ
لَا تُنفِقُواْ عَلَىٰ مَنۡ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ حَتَّىٰ يَنفَضُّواْۗ وَلِلَّهِ خَزَآئِنُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِنَّ
ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَا يَفۡقَهُونَ ٧ يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعۡنَآ إِلَى ٱلۡمَدِينَةِ لَيُخۡرِجَنَّ ٱلۡأَعَزُّ مِنۡهَا ٱلۡأَذَلَّۚ
وَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ٨﴾.

مانای دەقاودەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، کاتێك مونافیقەکان هاتنە لات گوتیان: شایەدیی دەدەین، بە دڵنیایی تۆ نێردراوی خوای، خواش دەزانێ بێگومان تۆ نێردراوی وی، بەڵام خوا شایەدیی دەدات کە مونافیقەکان درۆزنن (کە دەڵێن: بڕوامان بە نێردراوییت هەیە) ﴿١﴾ سوێندە (درۆیە)کانیان کردوونە قەڵغان (و پۆشەریان)، ئنجا لە ڕێی خوا لایانداوە (و خەڵکیشیان لاداوە)، بێگومان ئەوەی دەیکەن خراپترین کارە ﴿٢﴾ ئەو (خراپترین کارە)یش بەهۆی ئەوەوە کە بڕوایان هێناوە، دوایی بێبڕوا بوون، سەرەنجام مۆر بەسەر دڵیانەوە نرا، ئنجا ئەوان تێناگەن ﴿٣﴾ کاتێکیش بینیتن، جەستەو دیمەنیان سەرسامت دەکات، ئەگەر قسەش بکەن، گوێ بۆ قسەکەیان دەگری، وەك دارە هەڵپەسێردراوەکان وان، پێیان وایە هەر هاوارو چریکەیەك لە دژی ئەوانە، ئەوانن دوژمن، لێیان وریابە، خوا بیانکوژێ بۆ کوێ لادەدرێن! ﴿٤﴾ هەر کاتێك پێشیان گوترا: وەرن پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێبوردنتان بۆ (لە خوا) دەکات، سەریان باداو بینیتن خۆ بەزلگرانە (لە ڕێی ڕاست) لایاندا ﴿٥﴾ (ئەی پێغەمبەر!) یەکسانە لەسەریان ئایا داوای لێبوردنیان بۆ بکەی، یان داوای لێبوردنیان بۆ نەکەی، هەرگیز خوا لێیان نابووری، بە دڵنیایی خوا کۆمەڵی لادەران ڕاستە ڕێ ناکات و، بە ئامانج ناگەیەنێ ﴿٦﴾ ئەوان ئەو کەسانەن دەڵێن: خەرجیی ئەوانە مەکێشن، کە لەلای پێغەمبەری خوان ﷺ (و هاوکارییان مەکەن)، تاکو دەپرژێن و بڵاوە دەکەن، عەمبارەکانی ئاسمانەکان و زەوییش هی خوان، بەڵام مونافیقەکان تێناگەن ﴿٧﴾ (مونافیقەکان) دەڵێن: مسۆگەر ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە، بە دڵنیایی لایەنی بەهێزو باڵادەست، لایەنی بێهێزو زەبوون (لە شارەکە) وەدەردەنێن، هێزو باڵادەستییش هی خواو هی پێغەمبەرو هی بڕوادارانە، بەڵام مونافیقەکان نازانن ﴿٨﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلۡمُنَٰفِقُونَ): كۆی (مُنَافِق)ە، پێم وایە واباشە بە كوردیی بگوترێ: دەغەڵ، بێگومان مونافیقەكان دووڕوون، بەڵام پێم وایە بابای دوو ڕوو (ذُو الوَجْهَين)، دەگونجێ لە نێو مسوڵمانانیشدا هەبێ و دوو ڕوویی، سیفەتێكی خراپەو گوناهێكی گەورەیە، بەڵام بۆ مونافیق، پێم وایە ئەگەر بگوترێ: دەغەڵ، واتە: كەسێك كە ڕواڵەتی مسوڵمانە، بەڵام لە نێو خۆی و لە نێوەوەدا بێبڕوایە، ڕاسترەو كورد زیاتر ئەو وشەیە بەكاردێنن، بۆ كەسێك كە پێچەوانەی ئەوەی دەری دەخات، دەیشارێتەوە: (يُبْطِنُ خِلَافَ مَا يُظْهِر)، مسوڵمانێتیی دەردەخات، بەڵام كوفر لە دڵی خۆیدا پەنهان دەكات.

(نفاق) لە چییەوە هاتوە؟ (مِنَ النَّفَقِ، وَالنَّفَقُ: الطَّرِيقُ النَّافِذُ وَمِنْهُ نَافِقَاءُ اليَرْبوع، النِّفَاقُ: الدُّخُولُ فِي الشَّرْعِ مِنْ بَابٍ، وَالخُرُوجُ عَنْهُ مِنْ بَابٍ آخَر)، (نفاق) لە (نَفَق)ەوە هاتوە كە بە ڕێیەك دەگوترێ لە بن زەوییدا (بە كوردیی تونێلی پێدەڵێن) هەروەها كونی جورج (نَافقَاء)ی پێ دەگوترێ ((نَافقَاء) كونی جورجە لە بیابان، لە شوێنێك دەیكۆڵێ، ئەگەر لێرەوە تینی بۆ هات، لەوێوە دەردەچێ.

لە زاراوی شەرعدا (نیفاق): بریتیە لە چوونە نێو ئیسلام لە دەرگایەكەوەو، لێ هاتنەدەری لە دەرگایەكی دیكەوە.

(نَشۡهَدُ): (الشَّهَادَةُ: قَوْلٌ صَادِرٌ عَنْ عِلْمٍ حَصَلَ بِمُشَاهَدَةِ بَصِيْرَة، أو بَصَرٍ)، شایەدیی دان قسەیەكە دەرچووە لە زانیارییەكەوە، كە پەیدابووە، بەهۆی بینینی دەروون، یاخود بینینی چاوی سەرەوە.

(جُنَّةً): (الجُنَّةُ وَالمِجَنُّ وَالمَجَنَّةُ: التُّرْسُ الَّذِي يُجِنُّ صَاحِبَهُ)، (جُنَّة، مِجَنّ، مَجَنَّة) هەرسێکیان بە قەڵغان و سوپەرێك دەگوترێن کە خاوەنەکەی دەشارێتەوە، واتە: لە تیرو ڕم و شیرو تەور، کە کاتی خۆی شەڕیان پێکراوە.

(فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ): خەڵکیان لە ڕێی خوا لادا، ئەگەر (صَدَّ) لە (صَدّ)ەوە بێ، بەڵام ئەگەر لە (صُدُوْد)ەوە بێ، (صَدَّ صُدُوداً أي: إنْصَرَف انصِرَافاً)، واتە: خۆیان لە ڕێ لایاندا، چونکە (صَدَّ)، هەم حاڵەتی (لازم)ی هەیە، (صَدَّ عَنْ سَبِيْلِ الله) واتە: خۆی لایدا، هەروەك حاڵەتی تێپەڕێنەر بۆ بەرکار(مُتَعَدِّي)شی هەیە، ئەو کاتە: (يَصُدُّ عَن سَبِيْل الله) واتە: (يَصُدُّ النَّاس عَن سَبِيْل الله)، خەڵك لە ڕێی خوا لادەدا.

(فَطُبِعَ): (الطَّبْعُ: أنْ تُصَوِّرَ الشَّيء بِصُوُرَة ما، وَهُوَ أعَمُّ مِنَ الخَتْمِ وَأخَصُّ مِنَ النَّقْش) (طبْع) ئەوەیە تۆ بەشێوەیەك وێنەی شتێك بکێشی، وشەی (طَبْع) گشتییترە لە مۆر (الخَتْم)، بەڵام تایبەتترە لە نیگار (النَّقْش)، بەڵام ئێمە لە کوردییدا هەر دەڵێین: مۆر، مۆری کردو مۆری پێوەنا، مۆری کێشا، ئەم تەعبیرەش بەکاردەهێنرێ بۆ حاڵەتێك، وەك چۆن نامەیەك دەنووسرێ و مۆر دەکرێ، مانای وایە هیچی دیکەی تێدا نانووسرێ و کۆتاییە، کەسێکیش بەرەو کوفرو خراپە دەچێ، خوای کارزان ئەو حاڵەتە کە ئەو مرۆڤە وای لێ دێ و دڵی ئیمانی ناچێتێ، هەرکام لە (طبع) و (ختم)ی بۆ بەکارهێناون: (خَتَمَ عَلَى قُلُوبِهِم)، یانی: وەك چۆن نامەیەك مۆر دەکرێ، دڵی ئەوانیش مۆر کراوەو تازە کۆتایی هاتوە.

(لَا يَفْقَهُونَ): واتە: تێناگەن، ورد تێناگەن، (الفِقْهُ: التَّوَصُّلُ بِعِلْمٍ شَاهِدٍ إلى عِلْمٍ غَائِبٍ، فَهُوَ أخَصُّ مِنَ العِلْم)، (فِقْه): بریتیە لەوەی بە هۆی زانیارییەکی بەرچاوەوە بگەی بە زانیارییەکی نادیار، کەواتە: (فِقْه) تایبەتترە لە زانیاریی.

هەندێکیش گوتوویانە: (الفِقْهُ: هُوَ فَهْمُ مُرَاد المُتَكَلِّم)، (فِقْه): تێگەیشتنە لە مەبەستی بێژەر.

هەندێکیش گوتوویانە: (**الفِقْـهُ: هُـوَ العِلْـم بِدَقَائِـق الأمُـور**)، (**فِقْـه**): بریتیە لـە زانیاریـی هەبـوون بـە وردەکاریـی کارەکان.

(تُعْجِبُكَ): واتـە: سەرسـامت دەکات، (**أُعْجِـبَ بِنَفْسِـه، أو بِرَأْيِـهِ، فَهُـوَ مُعْجَـبٌ، وَالإِسْـمُ: العُجْـبُ**)، دەگوتـرێ: (**فُـلَانٌ أُعْجِـبَ بِنَفْسِـه أو بِرَأْيِـهِ**)، فڵانکـەس بەخـۆی و بـە بۆچوونەکـەی خـۆی سەرسـام بـوو، کـە ئـەو کاتـە نـاوی بکـەر (**إسـم فاعل**)ەکـەی دەبێتـە (**مُعْجَـب**)، واتـە: سەرسـام بـوو لـە حاڵەتـی بـەرکاردا دەبـێ و، ناوەکـەشی بریتیـە لـە (**عُجـب**) واتـە: سەرسـام بـوون.

(أَجْسَامُهُمْ): (**جَسَـد: مَـا لَـهُ طُـولٌ وَعُـرضٌ وَعُمـقٌ**)، (**أَجْسَـام**) کـۆی (**جِسْـم**)ە، کـە هـەر شـتێکە درێژیـی و پانیـی و قووڵیـی هەبـێ، (**الجَسَـدُ: كَالْجِسْـم لَكِنَّـهُ أَخَـصُّ إذ الجَسَـد مَـا لَـهُ لَـوْنٌ**) (**جَسَـد**)یش هـەروەك (**جِسْـم**)ە لـە زمانـی عەرەبییـدا (بـە کوردیـی دەڵێیـن: جەسـتە، بـەدەن، لاشـە) بـەڵام (**جَسَـد**) تایبەتـترە لـە (**جِسْـم**)، چونکـە (**جَسَـد**) ئەوەیـە ڕەنگـی هەبـێ، هـەواش (**جِسْـم**)ی هەیـە، بـەڵام ڕەنگـی نیـە، بـەڵام کـە گوتـت (**جِسْـم**) دەبـێ ڕەنگـی هەبـێ.

بـەڵام پێـم وایـە: (**جَسَـد**) ئەوەیـە ڕووحـی تێدانەمابێ و (**جسـم**) ڕووحـی تێدایە، بـە بەڵگەی:

١- ﴿ فَٱلْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ ﴾ یونس: ٩٢. **ببدنك: بجسدك.**

٢- ﴿ ... وَزَادَهُۥ بَسْطَةً فِى ٱلْعِلْمِ وَٱلْجِسْمِ ﴾ البقرة: ٢٤٧.

٣- ﴿ وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ... ﴾ المنافقون: ٤.

٤- ﴿ وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِۦ جَسَدًا ... ﴾ ص: ٣٤.

وەك دەبینیـن بـۆ هـەرکام لـە (**طالـوت**)و (**منافقین**) کـە زینـدوون و ڕووحیـان لـە بەرجەسـتەیان دایـە، وشـەی (**جسـم**)ی بەکارهێناوە.

بەڵام بۆ منداڵە مردووە بێ ڕووحەکەی (سلیمان) عليه السلام (جَسَد) بەکارهاتوە.

(خُشُبٌ): (جَمْعُ الخَشَبِ، مِثْلُ ثُمُر وَثَمَر)، (خُشُب) کۆی (خَشَب)ە واتە: دارەکان، دار، هەرچەندە ئێستا وەك باوی زمان، زیاتر (خَشَب) بۆ تەختە بەکاردێ، تەختەش هەر دارە، بەڵام لە ئەصڵی زمانی عەرەبییدا (خَشَبْ) کە بە (خُشُب) کۆ دەکرێتەوە، واتە: دار بە گشتیی، دار دوای وشك بوونی، وەك (ثَمَر و ثُمُر) (ثُمُر) کۆیەکەیەو (ثَمَر)یش تاکەکەیە، (ثُمُر) واتە: میوەکان، بەرەکان، (ثَمَر)یش یەك بەر، یەك میوە.

(مُسَنَّدَةٌ): (سَنَدَ وَاسْتَنَدَ إلى الشَّيء: اعْتَمَدَ) (سَنَدَ وَاسْتَنَدَ إلى الشَّيء) واتە: پاڵی بە شتەکەوەدا، کە دەفەرموێ: (خُشُبٌ مُسَنَّدة) واتە: داری هەڵپەسێردراو، دارێك کە بە دیوار هەڵدەپەسێردرێ، بە دیوارەوە دەنرێ، لەبەر ئەوەی خەڵك کاری پێی نیەو بەکار نایەت، (مُسَنَّدَة) دەشگونجا بگوترێ: (خُشُبٌ مُسْنَدة)، دارە هەڵپەسێردراوەکان، بەڵام (مُسَنَّدَة: شُدِّدَ للكَثْرَة)، لەبەر ئەوەی دارەکان زۆرن، بۆیە گیرەدار کراوە.

(صَيْحَةٍ): (الصَّيْحَةُ: رفع الصَّوْت، وَأَصْلُهُ تَشْقِيْق الصَّوْت، انْصَاحَ الخَشَبُ، أو الثَّوْب: انْشَقَّ فَسُمِعَ مِنْهُ صَوْتٌ)، (صَيْحَة) لە بنچینەدا دەنگ بەرزکردنەوەیە، ڕیشەکەی بریتیە لە قڵیشانی دەنگ، تەختەیەك دارێك کە دەقڵیشێ، یاخود بەرگێك پۆشاکێك کە دەقڵیشێ، دەنگی لێ دێ.

(فَاحْذَرْهُمْ): (الحَذَرُ: إحْتِرَازٌ مِنْ مُخِيْفٍ)، (حَذَر): بریتیە لە خۆپاراستن لە شتێکی ترسناك، شتێکی جێی مەترسیی.

(يُؤْفَكُونَ): (يُصْرَفُونَ عَنِ الحَقِّ)، لە هەق لا دەدرێن.

(لَوَّوْا): سەریان بادا، (اللَّيُّ: فَتْلُ الحَبْل)، (لَيّ): بریتیە لەوەی گوریسێك، پەتێك بنووشتێنیەوە، (وَلَوَّى رَأْسَهُ: أَمَالَهُ) سەری بادا، (وَالتَّشْدِيْدُ للكَثْرَةِ وَالمُبَالَغَة)،

دەگونجا بگوترێ: (لَوَوا رُؤُوسَهُم) کە بەو شێوەیەش خوێندراوەتەوە، بەڵام کە دەفەرمووێ: (لَوَّوا رُؤُوسَهُم) گیرەدارکردنی بۆ زۆرییە، واتە: زۆر سەریان بادەدەن، یاخود بۆ زێدەڕۆییە، واتە: زۆر بە سەختیی مل بادەدەن و گوێ ناگرن.

(سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ): یەکسانە لەسەریان، (السَّوَاءُ: العَدْلُ، وَسَوَاء الشَّيء: وَسَطُهُ، سَوَاءٌ: إِسْمٌ، سَوَاءٌ عَلَيَّ أَقُمْتَ أَمْ قَعَدْتَ)، وشەی (سَوَاء) بە مانای دادگەریی دێ، (وَسَوَاء الشَّيء) واتە: نێوەڕاستی ئەو شتە، (سَوَاء) ناوە، دەگوترێ: (سَوَاءٌ عَلَيَّ أَقُمْتَ أَمْ قَعَدتَ)، بۆ من یەکسانە هەڵسی یاخود دابنیشی.

(يَنفَضُّواْ): (الفَضُّ: الكَسْرُ بِالْتُفْرِقَة): (فَض) بریتییە لە شکانی شتێك و بڵاوبوونی، (فَضَّ القَوْمَ فَانْفَضُّوا: فَرَّقَهُمْ فَتَفَرَّقُوا)، خەڵکەکەی پرژاندو پرژان واتە: بڵاوی کردن و بڵاوبوونەوە.

(ٱلۡأَعَزُّ): (العِزّ: ضِدُّ الذُّلّ) (عِز) دژی (ذُل)ە، (عِز) واتە: باڵادەستیی، (ذُل) واتە: زەبوونیی و بێدەسەڵاتیی، (عَزَّ يَعِزُّ، أي: قَوِيَ بَعْدَ ذِلَّةٍ) واتە: دوای ئەوەی بێدەسەڵات و زەبوون بوو، بەهێز بوو.

(ٱلۡأَذَلَّ): پێچەوانەی (الأعَزّ)ە، واتە: هەرە بەهێزو باڵادەست، (الأذَلّ) واتە: هەرە زەبوون و هەرە بێ دەسەڵات و داماو، دەگوترێ: (ذَلَّ يَذِلُّ ذُلاً وَذِلَّةً وَمَذَلَّةً فَهُوَ ذَلِيْلٌ، أذِلاَءِ وَأَذِلَّة، وَالذُّلُّ ضِدُّ العِزِّ)، (ذَلّ يذلّ) یانی: زەبوون بوو، زەبوون دەبێ، (ذُلاً وذِلَّةً وَمَذَلَّةً) هەموویان چاوگن، واتە: زەبوونیی، (أذِلاَء وأذِلَّة) هەردووکیان کۆن، واتە: ئەوان زەبوونن، (ذُلّ) زەبوونیی، پێچەوانەی (عِزّ)ە، (عِزّ) واتە: باڵا دەستیی، (الذِلُّ ضِدُّ الصُعُوبَة)، (ذِلّ) دژی زەحمەت و قورسییە، دەگوترێ: (دَابَّةٌ ذَلُول) کە لە (ذِلّ)ەوە هاتووە، واتە: وڵاخێك، ئاژەڵێکی دەستەمۆ، کە بە ئاسانیی بێتە ژێربار، پێچەوانەکەی بریتییە لە (دَابَّةٌ صَعْبَة)، ئاژەڵێك کە جەنە بگرێ، لووشکە باوێ و ڕێ نەدات باری بخرێتە سەر پشت.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان

هـۆی هاتنـە خوارەوەی ئـەم ئایەتانـە: ﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُنَٰفِقُونَ قَالُوا۟ نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ۝١ ٱتَّخَذُوٓا۟ أَيْمَٰنَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ۝٢ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ ثُمَّ كَفَرُوا۟ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ۝٣ ۞ وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ ۖ وَإِن يَقُولُوا۟ تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ ۖ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ ۖ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ ۚ هُمُ ٱلْعَدُوُّ فَٱحْذَرْهُمْ ۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ ۖ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ۝٤ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ ٱللَّهِ لَوَّوْا۟ رُءُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ۝٥ سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ۝٦ هُمُ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ لَا تُنفِقُوا۟ عَلَىٰ مَنْ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ حَتَّىٰ يَنفَضُّوا۟ ۗ وَلِلَّهِ خَزَآئِنُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ ۝٧ يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَآ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ ۚ وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۝٨﴾.

چەنـد گێڕراوەیـەك دەربـارەی هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئـەم ئایەتانـە، هاتـوون، ئێمـە دوو ڕیوایەتمـان لـێ هەڵبـژاردوون، کـە لـە ڕووی سـەنەدەوە بەهێزتـرن:

یەکەم: {عَنْ زَيْدِ بْنِ أَرْقَمَ رضي الله عنه، قَالَ: خَرَجْتُ مَعَ عَمِّي فِي غَزَاةٍ، فَسَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ أُبَيٍّ ابْنِ سَلُولَ يَقُولُ لِأَصْحَابِهِ: لَا تُنْفِقُوا عَلَى مَنْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنْفَضُّوا، لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ؛ قَالَ: فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِعَمِّي أو لعُمرَ، فذكره للنّبي ﷺ فَدَعَانِي فَحَدَّثْته، فَأَرْسَلَ إِلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَحَدَّثْتُهُ، فَأَرْسَلَ إِلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أُبَيٍّ بْنِ سَلُولٍ وَأَصْحَابِهِ، فَحَلَفُوا مَا قَالُوا، فكَذَّبني رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وصَدَّقه، فَأَصَابَنِي هَمٌّ لَمْ يُصِبْنِي مِثْلُهُ قَطُّ، وَجَلَسْتُ فِي الْبَيْتِ، فَقَالَ عَمِّي: مَا أَرَدْتَ إِلَّا أَنْ كَذَّبَكَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَمَقَتَكَ. قَالَ: حَتَّى

أَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُنَـٰفِقُونَ ﴾، قَالَ: فَبَعَثَ إِلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَقَرَأَهَا رَسُولُ اللّٰهِ عَلَيَّ، ثُمَّ قَالَ: «إِنَّ اللَّهَ قَدْ صَدَّقَكَ يَا زَيد»} (أخرجه البخاري: ٤٩٠٠، ٤٩٠١، ٤٩٠٢ ٣٩٠٣، ٤٩٠٤، ومسلم: ٢٧٧٢).

واتە: زەیدی کوڕی ئەرقەم ﷺ، دەڵێ: من لە جەنگێکدا بووم، گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول بوو دەیگوت: خەرجیی ئەوانە مەکێشن کە لە لای پێغەمبەری خوان ﷺ (هاوکاریی ماددییان مەکەن) بەڵکو لە دەوری بپرژێن، ئەگەر بۆ مەدینەش گەڕاینەوە، دەبێ کەسێک کە باڵادەستترە، (مەبەستی خۆیی و هاوەڵەکانی بووە) کەسێک کە بێ دەسەڵات و زەبوونە دەری بکات لە مەدینە (واتە: دەبێ عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی و هاوەڵەکانی لە دەغەڵ و دڵنەخۆشەکان، پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵەکانی دەربکەن) منیش ئەوەم بۆ مامم یان بۆ عومەری کوڕی خەتتابم گێڕایەوە، ئەویش بۆ پێغەمبەری خوای ﷺ باسکرد، پێغەمبەریش ﷺ بانگی کردم، منیش بۆم باسکرد، ئەویش (پێغەمبەری خوا ﷺ)بە دوای عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی و هاوەڵەکانیدا نارد، ئەوانیش سوێندیان خوارد: شتی وایان نەگوتوە، پێغەمبەری خواش ﷺ منی بە درۆ داناو ئەوانیشی بەڕاست دانا، (وایزانی ڕاست دەکەن)، منیش خەمێکم تووش بوو هەرگیز خەمی وام تووش نەبوو بوو، لە ماڵێ دانیشتم، مامم گوتی: هەر ئەوەندەت ویست کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە درۆی دانای و ڕقیشی لێ هەڵسای! ئیدی خوای بەرز ئەم سوورەتەی دابەزاند، پێغەمبەری خواش ﷺ بەدوایدا ناردم و سوورەتەکەی بۆ خوێندمەوەو، فەرمووی: ئەی زەید! خوا تۆی بەڕاست دانا (پشتگیریی قسەکەی تۆی کردو تۆ ڕاستت گوتوە).

دووەم: {عَنْ زَيْدِ بْنِ أَرْقَمَ رضي الله عنه، قَالَ: غَزَوْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَكَانَ مَعَنَا أُنَاسٌ مِنَ الْأَعْرَابِ فَكُنَّا نَبْدُرُ الْمَاءَ، وَكَانَ الْأَعْرَابُ يَسْبِقُونَا إِلَيْهِ فَيَسْبِقُ الْأَعْرَابِيُّ أَصْحَابَهُ فَيَمْلَأُ الْحَوْضَ وَيَجْعَلُ حَوْلَهُ حِجَارَةً، وَيَجْعَلُ النِّطْعَ عَلَيْهِ حَتَّى تجيء أَصْحَابُهُ. قَالَ: فَأَتَى رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ أَعْرَابِيًّا، فَأَرْخَى زِمَامَ نَاقَتِهِ لِتَشْرَبَ، فَأَبَى أَنْ يَدَعَهُ، فَانْتَزَعَ حَجَرًا، فَفَاضَ الْمَاءِ، فَرَفَعَ الْأَعْرَابِيُّ

خَشَبَةً فَضَرَبَ بِهَا رَأْسَ الْأَنْصَارِيِّ فَشَجَّهُ، فَأَتَى عَبْدَ اللَّهِ بْنَ أُبَيٍّ رَأْسَ الْمُنَافِقِينَ، فَأَخْبَرَهُ «وَكَانَ مِنْ أَصْحَابِهِ» فَغَضِبَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أُبَيٍّ ثُمَّ قَالَ: لَا تُنْفِقُوا عَلَى مَنْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنْفَضُّوا مِنْ حَوْلِهِ «يَعْنِي الْأَعْرَابَ» وَكَانُوا يَحْضُرُونَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عِنْدَ الطَّعَامِ، فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: إِذَا انْفَضُّوا مِنْ عِنْدِ مُحَمَّدٍ فَأْتُوا مُحَمَّدًا بِالطَّعَامِ، فَلْيَأْكُلْ هُوَ وَمَنْ عِنْدَهُ. ثُمَّ قَالَ لِأَصْحَابِهِ: لَئِنْ رَجَعْتُمْ إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ. قَالَ زَيْدٌ: وَأَنَا رِدْفُ عَمِّي فَسَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ أُبَيٍّ فَأَخْبَرْتُ عَمِّي، فَانْطَلَقَ فَأَخْبَرَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، فَأَرْسَلَ إِلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَحَلَفَ وَجَحَدَ. قَالَ: فَصَدَّقَهُ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَكَذَّبَنِي. قَالَ: فَجَاءَ عَمِّي إِلَيَّ فَقَالَ: مَا أَرَدْتَ إِلَى أَنْ مَقَتَكَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَكَذَّبَكَ والمسلمون، قَالَ: فَوَقَعَ عَلَيَّ مِنْ جُرْأَتِهِمْ مَا لَمْ يَقَعْ عَلَى أَحَدٍ، قَالَ: فَبَيْنَمَا أَنَا أَسِيرُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي سَفَرٍ قَدْ خَفَقْتُ بِرَأْسِي مِنَ الْهَمِّ، إِذْ أَتَانِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَعَرَكَ أُذُنِي وَضَحِكَ فِي وَجْهِي، فَمَا كَانَ يَسُرُّنِي أَنَّ لِي بِهَا الْخُلْدَ فِي الدُّنْيَا، ثُمَّ إِنَّ أَبَا بَكْرٍ لَحِقَنِي فَقَالَ: مَا قَالَ لَكَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ؟ قُلْتُ: مَا قَالَ شَيْئًا إِلَّا أَنَّهُ عَرَكَ أُذُنِي وَضَحِكَ فِي وَجْهِي، فَقَالَ أَبْشِرْ! ثُمَّ لَحِقَنِي عُمَرُ، فَقُلْتُ لَهُ مِثْلَ قَوْلِي لِأَبِي بَكْرٍ، فَلَمَّا أَصْبَحْنَا قَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ سُورَةَ الْمُنَافِقِينَ}. (قال مؤلفا: الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص ٤١٣ و ٤١٤ و ٤١٥، قلنا: وهذا سندٌ حسن، قال الترمذي: هذا حسنٌ صحيح، وصححه الحاكم ووافقه الذهبي، وذكره السيوطي في الدر المنثور: ج٨ ص١٧١، وأخرجه الطحاوي في مشكل الآثار رقم ٥٨٨٣، والطبراني: في المعجم الكبير ص ٥٠٧٣، أخرجه البخاري: في صحيحه مُعَلَّقاً بعد الحديث ٤٩٠٢، وَوَصَلَهُ النَّسائِي في تفسيره: ٦١٤، قلنا: وسنده صحيح على شرط الشَّيخين).

ئـەم ڕیوایەتـە ڕوونـترەو مەبەسـت باشـتر ڕوون دەکاتـەوە، زەیـدی کـوڕی ئەرقـەم خـوا لێـی ڕازی بـێ دەڵـێ: لـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوادا ﷺ چووین بـۆ جەنـگ، کۆمەڵێـك لـە خەڵکـی عەرەبـی خێڵەکییـمان لەگەڵـدا بـوون، ئنجـا ئێمـە کـە ئاوێکـمان لـێ هەڵدەکـەوت، دەمانویسـت خێرایـی بکەیـن و بچینـە سـەر ئاوەکـە، بـەڵام عەرەبـە خێڵەکییـەکان خێراتـر دەڕۆیشـتن و دەچوونـە سـەر ئاوەکـە.

جارێـك عەرەبێکـی خێڵەکیـی پێـش هاوەڵەکانـی کـەوت، حەوزەکـەی پڕکـردو بـەردی لـە دەوری دانـان و چەرمێکیشـی لـە سـەر ڕاخسـت، (یـانی: ئـەوە عایـدی

ئێمەیە) هەتا هاوەڵەکانی دێن، پیاوێك لە پشتیوانەکان هات، ئەویش هەر ئەعرابیی بوو، (خێڵەکیی و بیاباننشین بوو)، جڵەوی حوشترەکەی شل کرد تاکو حوشترەکەی ئاو بخواتەوە، ئەو عەرەبە خێڵەکییەی پێشێ، کە حەوزەکەی قۆرخ کرد بوو، لێنەگەڕا بخواتەوە، بەڵام خاوەن حوشترەکە ئەو بەردەی نەیدەهێشت ئاوەکە بێ {(قبَاض الماء) واتە: گیرەی ئاوەکەی کە نەیدەهێشت بێ}، بەردەکەی لادا، عەرەبە خێڵەکییەکەش (وەك بەرگریی کردن لە ئاوەکە، کە دەستکاریی نەکرێ) دارێکی بەرز کردەوەو لەسەری پشتیوانییەکەی داو سەری شکاند، ئەویش چوو بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول، سەرۆکی مونافیقەکان و هەواڵی پێدا (ئەو کەسەی سەری شکابوو لە هاوەڵەکانی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی بوو) عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیش تووڕە بوو گوتی: ئەوانەی لە دەوری پێغەمبەری خوان، خەرجییان مەکێشن و هاوکارییان مەکەن، بەڵکو لە دەوری بپرژێن واتە: عەرەبە خێڵەکییەکان، کە دەهاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و خواردنێك هەبووایە، ئەوانیش لێیان دەخوارد، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی گوتی: هەرکات ئەوان لە دەوری موحەممەد ﷺ پرژان، ئنجا خوارد بۆ موحەممەد ﷺ بەرن، با خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدان، بیخۆن. دوایی بە هاوەڵەکانی گوت: ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە، دەبێ کەسێک کە باڵادەسترە، کەسێک کە زەبوونترو بێ دەسەڵاترە، دەری بکات (واتە: خۆی پێغەمبەری خوا ﷺ دەربکات) زەید دەڵێ: منیش هەمیشە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ بووم، لێی نزیك بووم، کە ئەوەم لە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی بیست، هەواڵم دا بە مامم، مامیشم چوو هەواڵیدا بە پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەری خواش بە دوای عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوولی دا نارد، ئەویش سوێندی خواردو نکووڵییکرد شتی وای گوتبێ، پێغەمبەری خواش ﷺ ئەوی بەڕاست داناو منی بە درۆ دانا، مامم هات بۆ لام و گوتی: هەر ئەوەندەت مەبەست بوو، کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕقی لێت هەڵبستێ و بە درۆت دابنێ و مسوڵمانانیش! منیش خەمێکم هاتە سەر، هەرگیز خەمی وا نەچۆتە دڵی کەس.

ئنجا لە کاتێکدا لە جەنگەکەدا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ دەڕۆیشتین، لە خەمان سەرم لارە لارەی بوو (یان تۆزێ خەوتم، لە شوێنێك)، پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ لام، گوێی گرتم و گوشی و لە ڕوومدا پێکەنی، ئنجا کە ئەوەم بینی، پێم خۆشتر بووە لەوەی لە دنیادا بە هەمیشەیی بمێنمەوە، دوایی ئەبووبەکر پێم گەیشت گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ چی پێ گوتی؟ گوتم: هیچی نەفەرموو، بەڵام گوێی بادام و لە ڕوومدا پێکەنی، ئەبوو بەکر گوتی: کەواتە دڵخۆشبە، ئنجا عومەر پێم گەیشت (خوا لە ئەبوو بەکرو عومەرو زەیدیش ڕازی بێ) هەمان شت کە بە ئەبووبەکرم گوتبوو، بە ویشم گوت، کاتێك کە ڕۆژمان کردەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ سووڕەتی (**المنافقين**)ی خوێندەوە.

کورتە باسێک: پوختەیەکی جەنگی (بنو المصطلق)

پێم باشە کورتەیەك لە جەنگی (**بنو المصطلق**) باس بکەین، کە لە مانگی شەعبانی ساڵی شەشەمی کۆچییدا بووە، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی کتێبەکەی ئیبنو هیشام (**السیرة النبویة**)دا[1]، ئێمە لە نۆ بڕگەدا ئەوەی (ئیبنو هیشام) گوتوویەتی پوخت و کورتی دەکەینەوە:

بڕگەی یەکەم: (**قَالَ ابْنُ إِسْحَاقَ: فَأَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِالْمَدِينَةِ بَعْضَ جُمَادَى الْآخِرَةِ وَرَجَبًا، ثُمَّ غَزَا بَنِي الْمُصْطَلِقِ مِنْ خُزَاعَةَ، فِي شَعْبَانَ سَنَةَ سِتٍّ، قَالَ ابْنُ هِشَامٍ: وَاسْتَعْمَلَ عَلَى الْمَدِينَةِ أَبَا ذَرٍّ الْغِفَارِيَّ، وَيُقَالُ: نُمَيْلَةَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ اللَّيْثِيَّ**).

ئیبنو ئیسحاق دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ بەشێك لە مانگی جومادی دووەم و مانگی ڕەجەبیش لە مەدینە مایەوە،{بە هیچ لایان دا نەچوو}، دوایی لە مانگی شەعبانی ساڵی شەشەم دا، بەرەو (**بنو المصطَلق**) لە هۆزی خوزاعە چوو، {دیارە خوزاعە هۆزێکی گەورەبووەو، تیرەیەکیان هەبووە بەناوی (**بنو المُصْطَلِق**)، }ئیبنو هیشام گوتوویەتی: {پێغەمبەری خوا ﷺ دیارە کە دەچوو بۆ جەنگێك، بۆ سەفەرێك، کەسێکی لە شوێنی خۆی دادەنا،} ئەبوو زەڕری غیفاریی لە شوێنی خۆی داناو، گوتراویشە: نومەیلەی کوڕی عەبدوڵڵای لەیسی داناوە {واتە: دوو ڕا هەن لەو بارەوە}.

بڕگەی دووەم: ئیبنو ئیسحاق دەڵێ: عاسیمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادەو عەبدوڵڵای کوڕی ئەبووبەکرو، موحەممەدی کوڕی یەحیای کوڕی حیببان، هەرسێکیان قسەیان بۆ کردووم لە بارەی (**بنو المصطَلِق**)ەوە، گوتوویانە: پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێگەیشت، کە (**بنو المصطَلِق**) هێزی بۆ کۆ

(١) ج٣، ص ١٤٩ -١٥٢.

دەکەنەوە، کە بەسەر مەدینە دابدەن، فەرماندەکەشیان (**الحارث بن أبي ضرار**) بابی (**جويرية بنت الحارث**)، کە دوایی دەبێتە هاوسەری پێغەمبەری خوا ﷺ، کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ دەبیستێ ئەوان بە تەمان بەسەر مەدینە دابدەن، دیارە چاوەڕێ ناکات، ئەوان بێن و بۆیان دەچێ، لەسەر ئاوێك پێیان دەگات کە پێی دەگوترێ: (**المريسيع**)، لە لای کەناری دەریای سوور، ئیدی لەوێ تێك دەگیرێن و جەنگ دروست دەبێ و، خوا ﷻ (**بنو المصطَلق**) دەشکێنێ و، خەڵکێکیان لێ دەکوژرێ، پێغەمبەریش ﷺ ژن و منداڵ و ماڵ و سامان و ئەوانەی لێیان بەجێ دەمێنێ، لێیان دەگرێ وەك دەستکەوتی جەنگیی.

برگەی سێیەم: ئنجا لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر ئاوی (**المريسيع**) بووە، ئاو هێنەران دەنێرن کە ئاویان بۆ بهێنن، عومەری کوڕی خەتتابیش کەسێکی لەگەڵ دەبێ لە (**بني غِفار**) بە کرێی گرتوە، کە خزمەتی بکات و ئاو بێنێ و کاروباری بۆ بکات، ناوی (**جهجاه بن مسعود**) بووە، ئەسپەکەشی بۆ خزمەتکردوە، جەهجا کە کرێکاری عومەرە خوا لێی ڕازی بێ، لەگەڵ (**سِنَان بن وبهر الجُهَني، حليف بن عوف بن الخزرج**)دا کە هاوپەیمانی (**بني عوف**) بووە لە خەزرەجییەکان، لەسەر ئاوەکە دەبێتە کێشەیان و بەشەڕ دێن، جوهەنییەکە هاوار دەکات: ئەی کۆمەڵی پشتیوانان! جەهجاهیش هاوار دەکات: ئەی کۆمەڵی کۆچکەران! عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوولیش تووڕە دەبێ، دەستەیەك لە خەڵکەکەی خۆی لەلا دەبن، کە لە نێویاندا زەیدی کوڕی ئەرقەمیش دەبێ، گەنجێکی تازە پێگەیشتووبووە، {عەبدوڵڵا بیری ئەوەی نەکردوە کە زەید پێغەمبەری خوای ﷺ زۆر خۆشدەوێ و ڕەنگە ئەو قسانەی بۆ بگێڕێتەوە}.

عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی دەڵێ: (**أَوَقَدْ فَعَلُوهَا؟ قَدْ نَافَرُونَا وَكَاثَرُونَا فِي بِلَادِنَا، وَاللَّهِ مَا أَعُدُّنَا وَجَلَابِيبَ قُرَيْشٍ هَذِهِ، إِلَّا كَمَا قَالَ الْقَائِلُ: سَمِّنْ كَلْبَكَ يَأْكُلْكَ. أَمَا وَاللَّهِ لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ**).

واتــە: ئــەوە کردیــان! لــە وڵاتــی خۆمانــدا دژایەتییــمان دەکــەن و، لــە وڵاتــی خۆمـان دا خۆیانمـان بەسـەردا دەسـەپێنن، بەخـوا مـن و خۆمـان و ئـەو نێردراوانـەی هــۆزی قورەیــش، {(جلابیــب) واتــە: ئەوانــەی هێــنراون لــە قورەیــش، مەبەســتی پێغەمبــەری خــوا ﷺ و هاوەڵانــی کۆچکــەری بــووە، خۆمــان و ئەوانــم} وا دێتــە بەرچـاو، وەك كاتـی خـۆی پێشـینان گوتوویانـە: (سَـمِّنْ كَلْبَـكَ يَأْكُلْـكَ)، سـەگەکەت قەڵـەو بکـە، خـۆت دەخـوات، (حاشـای پێغەمبـەر ﷺ و هاوەڵانـی)، بـە خـوا کـە گەڕاینـەوە مەدینـە، دەبـێ ئـەوەی بـاڵا دەسـترە، ئـەوەی زەبوونـە دەری بـکات، {مەبەسـتی ئەوەبـووە خـۆی بـاڵا دەسـتەو پێغەمبـەری خـواو هـاوەڵانی زەبـوون بـێ دەسـەڵاتن!}.

برگـەی چـوارەم: دوایـی عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی ڕوو لـەو خەڵکـە دەکات، کـە لـە دەوریەتـی و پێیـان دەڵـێ: ئـەوە خۆتـان بەخۆتانتـان کـرد، ئەوانەتـان هێنـاو وڵاتـی خۆتـان و مـاڵ و سامانی خۆتـان لەگـەڵ دا بـەش کـردن، بـە خـوا ئەگـەر ئێـوە دەسـتتان گرتبایـەوە و هاوکارییتـان نەکردبـان، دەچوونـە وڵاتێکـی دیکـەو شـارێکی دیکـە، زەیـدی کـوڕی ئەرقـەم خـوا لێـی ڕازی بـێ کـە گوێـی لـەو قسـانە دەبـێ، ئـەو قسـانە دەبـا بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ، لـە کاتێکـدا کـە لـە جەنـگ لـە دژی دوژمنەکـەی تـەواو بـووە، هەواڵەکـەی پێـدەدا، عومـەری کـوڕی خەتتابیـش خـوا لێـی ڕازی بـێ، لـەوێ دەبـێ و دەڵـێ: فەرمـان بـە عەببـادی کـوڕی بیـشر بکـە، بـا بیکـوژێ، یـانی: عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی، پێغەمبـەری خـواش ﷺ دەفەرمـوێ: {فَكَيْـفَ يَـا عُمَـرُ إِذَا تَحَـدَّثَ النَّـاسُ أَنَّ مُحَمَّـدًا يَقْتُـلُ أَصْحَابَـهُ، لاَ، وَلَكِـنْ أَذِّنْ بِالرَّحِيـلِ} (**أخرجـه البخـاري: ٤٦٢٢،٤٦٢٤، مسـلم: ٢٥٨٤**)، چـۆن ئـەی عومـەر! دوایـی خەڵـك قسـە دەکـەن و دەڵێـن: موحەممـەد هاوەڵانـی خـۆی دەکـوژێ، بـەڵام جـاڕ بـدە بـا بڕۆیـن، لـە کاتێکـدا کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ عادەتـی وا نەبـووە، لـەو کاتـەدا، بـڕوات.

(پێغەمبەری خوا ﷺ بۆیە لەو کاتەدا دەڕوا[1]، تاکو خەڵکەکە سەرقاڵ بێ و نەیانپەڕژێتە سەر مقۆ مقۆو قسەکانی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی، کێشە و ئاشووب و ئاژاوەیەك لە نێوخۆدا پەیدا نەبێ).

بڕگەی پێنجەم: عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول، کاتێك پێی دەگاتەوە کە زەیدی کوڕی ئەرقەم ئەو هەواڵەی بە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیاندووە، لە عەبدوڵڵای بیستوە، دەچێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و سوێند بە خوا دەخوات، کە شتی وای نەگوتوە، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی لە نێو خەڵکەکەی خۆیدا شەریف و مەزن بووە، ڕێز لێگیراو بووە، ئەوانەی لە خزمەت پێغەمبەردا دەبن، لە پشتیوانان لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ، یان لە هاوەڵانی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی، دەڵێن: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو منداڵە، هەرزەکارە لێی تێکچوە، یان ئەوەی گوتوویەتی هەمووی لەبەر نەکردوەو نەیپاراستوە، ئەوەش هەمووی وەك سۆز نواندن لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی، یان وەك بەرگریی لێکردنی.

بڕگەی شەشەم: ئنجا کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ دەڕوات، ئوسەیدی کوڕی حوزەیری پێدەگات، سڵاو لە پێغەمبەر دەکات بە سڵاولێکردنی پێغەمبەرایەتیی سەلامی لێ دەکات: (**السَّلَامُ عَلَيْكَ يَا نَبِيَّ اللهِ**)، دوایی دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ! بەڕاستیی لە کاتێکی نەگونجاودا ڕۆیشتین و سوپایەکەت بەڕێکرد، هەرگیز لە کاتی وادا نەڕۆیشتووین؟! پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (**«أَوْ مَا بَلَغَكَ مَا قَالَ صَاحِبُكُمْ؟» قَالَ: فَأَيُّ صَاحِبٍ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: «عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أُبَيٍّ»، قَالَ: وَمَا قَالَ؟ قَالَ: «زَعَمَ أَنَّهُ إِنْ رَجَعَ إِلَى الْمَدِينَةِ أَخْرَجَ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ». قَالَ أُسَيْدٌ: فَأَنْتَ وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ تُخْرِجُهُ إِنْ شِئْتَ، هُوَ وَاللَّهِ الذَّلِيلُ وَأَنْتَ الْعَزِيزُ؛ ثُمَّ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ارْفُقْ بِهِ، فَوَاللَّهِ لَقَدْ جَاءَ اللَّهُ بِكَ وَإِنَّ قَوْمَهُ لَيَنْظِمُونَ لَهُ الْخَرَزَ لِيُتَوِّجُوهُ، فَإِنَّهُ لَيَرَى أَنَّكَ قَدِ اسْتَلَبْتَهُ مُلْكًا**) (**أخرجه الطبري: ج٢، ص١٠٩**، وابن

---

(١) ئەوە قسەی خۆمە .

كثير في البداية و النهاية ج٣ ص ١٩٩، وإبن سيد الناس في عيون الأثر ج٢، ص١٣٤)، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئوسەیدی کوڕی حوزەیر ﷺ دەفەرموێ: پێت نەگەیشتوە، هاوەڵەکەتان چی گوتوە؟ ئەویش دەڵێ: کام هاوەڵ؟ دەفەرموێ: عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی، (واتە: هاوەڵتان لەو ڕووەوە کە پشتیوانی مەدینەییە) دەڵێ: چی گوتوە؟ دەفەرموێ: پێی وایە کاتێ گەڕایەوە بۆ مەدینە، ئەوەی بالا دەستترە ئەوەی بێ دەسەڵاتە، دەری دەکات، ئەویش دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ! بەخوا تۆ بالا دەستی و ئەو زەبوونە، ئەگەر کەیفت لێ بێ تۆ ئەو دەردەکەی، دوایی دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ! لەگەڵی نەرم بە، سوێند بەخوا، خوا تۆی بۆ لای ئێمە هێنا (وەك پێغەمبەری خوا ﷺ) خەڵکەکەی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول، بەردی بەنرخیان بۆ دەچنین وەك تاج کە بیکەنە حوکمڕان و پادشاو، ئێستا ئەو پێی وایە پادشاتییەکەی بە هۆی تۆوە لێ تێکچوە.

برگەی حەوتەم: ئیبنو هیشام لە ژێر ناوونیشانی: (**سير الرسول بالناس ليشغلهم عن الفتنة**)، (ڕۆیاندنی پێغەمبەر ﷺ بە خەڵکەکە، تاکو سەرقاڵیان بکات لەوەی تووشی فیتنەو کێشەی نێوخۆ بێن) دا دەڵێ:

دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ڕۆژە هەمووی ڕۆیشت، واتە: خەڵکەکەی هەر ڕۆیاند تاکو ئێوارە، هەروەها شەوەکەشی و فەرمووی: ڕامەوەستن تاکو بەیانی و، بەشێك لە ڕۆژەکەش، هەتا خۆر ئازاری دان، ئنجا بە خەڵکی فەرموو دابەزن بۆ پشوودان، ئیدی خەڵکەکە هەر هێندەیان پێچوو، کەلەکەیان کەوتە عەرزێ، یەکسەر خەوتن.

وەك پێشتریش گوتمان: (پێغەمبەری خوا ﷺ بۆیە وایکرد، تاکو خەڵك سەرقاڵ بکات لە قسەو باسی کە دوێنێ بووە، قسەکەی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول و، فیتنەو ئاشووبێك لە نێودا نەبێ).

برگـەی هەشـتەم: ئنجـا ئـەو سـوورەتەی باسـی مونافیقـەکانی تێدایـە، لـە بـارەی عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی کـوڕی سـەلوول و، ئەوانـەی لەسـەر ڕای وی بـوون، لـەو بـارەوە دابـەزی، کاتێك ئـەو سـوورەتە دابـەزی، پێغەمبـەری خـوا ﷺ گوێـی زەیـدی کـوڕی ئەرقەمـی گـرت، (چونکـە گەنجێکـی تـازە پێگەیشـتوو بـووە، ئەگەرنـا پێغەمبـەری خـوا ﷺ گوێـی پیاوێکـی گـەورە ناگـرێ، بـەڵام گەنـج بـە شـێوەی خـۆی مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـرێ) فەرمـووی: (**هَـٰذَا الَّـذِي أَوْفَى اللَّـهَ بِأُذُنِـهِ**)، ئەمـە کەسـێك بوو کـە بـۆ خـوا وەفـادار بـوو بـە گوێیەکـەی، (واتـە: گوێیەکـەی بەوەفـا بـوو لەگـەڵ خوای پـەروەردگارو لەگـەڵ پێغەمبـەردا ﷺ) دوایـی هەواڵـی عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی کـوڕی سـەلوول، بـە کوڕەکـەی گەیشـت کـە کوڕەکەشـی نـاوی عەبدوڵـڵا بـوو[1].

برگـەی نۆیـەم و کۆتایـی: ئیبنـو هیشـام لـە ژێـر ناوونیشـانی (**طلـب ابـن عبـد اللـه بـن أُبَيّ أن يتـولّى قتـل أبيـه وعفـو الرسـول ﷺ**)، واتـە: داواکردنـی کوڕەکـەی عەبدوڵڵای کـوڕی ئوبەیـی کـوڕی سـەلوول، کـە خـۆی بابـی بکـوژێ، بـەڵام لێبوردنـی پێغەمبـەر ﷺ لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی کـوڕی سـەلوول.

ئیبنـو ئیسـحاق دەڵـێ: عاصیمـی کـوڕی عومـەری کـوڕی قەتـادە بـۆی باسـکردم، کـە عەبدوڵـڵا (واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی کـوڕی سـەلوول، کوڕەکـەی بـە نـاوی خـۆی کردۆتـەوە) هاتـە لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ گوتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! هەواڵـم پێگەیشـتوە، کـە بـە تەمـای عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی کـوڕی سـەلوول بکـوژی، بەهـۆی ئـەوەوە کـە لـە بـارەی ئـەوەوە پێـت گەیشـتوە، ئنجـا ئەگـەر هـەر بەتەمـای بیکـوژی، فەرمانـم پێبکـە سـەرەکەیت بـۆ دێنـم، بـە خـوا هـۆزی خـەزرەج دەزانـن، کـە هیـچ کـەس لـە مـن چاکەکارتـر نەبـووە لەگـەڵ بابیـدا، بۆیـە دەترسـێم ئەگـەر تـۆ جگـە لەمـن فەرمـان پێبکـەی و بابـم بکـوژێ، نەفسـم ڕێـم نـەدا تەماشـای بکـوژی بابـم (عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی کـوڕی سـەلوول) بکـەم، بـڕوا لـە نێو خەڵکـی و بیکـوژم، سـەرەنجام مـن ئیماندارێـك بـە کافرێـك بکـوژم و بچمـە نێـو ئاگـر.

---

(١) بڕوانە: تأريخ الأمم والملوك للطبري ج٢ ص١١٠، وعيون الأثر لابن سيد الناس، ج٢، ص ١٣٤.

{فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «بَلْ نَرْفُقُ بِهِ وَنُحْسِنُ صُحْبَتَهُ مَا بَقِيَ مَعَنَا»} بەڵكو لەگەڵی نەرم دەبین و هاوەڵایەتیی باشی دەكەین تاكو لەگەڵمان دا مابێ.

ئنجا دوای ئەوە كاتێك عەبدوڵڵای كوڕی ئوبەیی، قسەی بۆ خەڵكەكەی كردبایە، سەركۆنەیان دەكردو دەیانگرت و قسەی توندیان لەگەڵدا دەكردو، ئەگەر باسی ئیسلامی كردبایەو ئامۆژگاریی كردبایە، دەیانگوت: بێدەنگ بە، تۆ نەبووی فڵان شتەو فڵان شتەت گوت و، ئەم ئایەتانەش لە بارەی تۆوە دابەزین! دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ بە عومەری كوڕی خەتتابی ﷺ فەرموو: كاتێك پێیگەیشتەوە كە خەڵكی عەبدوڵڵای كوڕی ئوبەیی كوڕی سەلوول ئێستا ئاوا لەگەڵی توند بوون، پێی فەرموو: («كَيْفَ تَرَى يَا عُمَرُ؛ أَمَا وَاللَّهِ لَوْ قَتَلْتُهُ يَوْمَ أَمَرْتَنِي بِقَتْلِهِ، لَأُرْعِدَتْ لَهُ أُنُوفٌ، لَوْ أَمَرْتُهَا الْيَوْمَ بِقَتْلِهِ لَقَتَلَتْهُ»؛ قَالَ: فَقَالَ عُمَرُ: قَدْ وَاللَّهِ عَلِمْتُ لَأَمْرُ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ أَعْظَمُ بَرَكَةً مِنْ أَمْرِي)[1].

ئەی عومەر! ئێستا دەبینی، بە خوا ئەو كاتەی پێت گوتم بیكوژە، ئەگەر كوشتبامایە هەندێك لووت بۆی گرژ دەبوون و هەڕەشەیان دەكرد، ئەگەر ئەمڕۆ فەرمان بكەم بەو خاوەن لووتانە (بەو كەسانە) ئامادەن بیكوژن (بەڵام ئەو كاتەی نەیانناسیوە لەسەری تووڕە دەبوون) عومەریش خوا لێی ڕازی بێ گوتی: بە خوا كاری پێغەمبەری خوا ﷺ بەرەكەتی زیاترەو مەزنترە، لە كاری من و بۆچوونی من.

ئەمە كورتەیەك بوو لە جەنگی (بني المُصْطَلِق)، كە وەك گوتم لەو جەنگەدا ئەم سوورەتی (المنافقون) دابەزیوە، بەبۆنەی ئەو هەڵوێستەی عەبدوڵڵای كوڕی ئوبەیی كوڕی سەلوولەوە.

---

(١) أخرجه: (ابن كثير في البداية والنهاية: ج٤ ص١٥٨، وفي السيرة: ج٣، ص٢٩٩، وابن سيد الناس في عيون الأثر: ج٢ ص١٣٤).

مانای گشتیی ئایەتەکان

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە: دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، مەبەستیشی لێی ئەوەیە:

١ - ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢ - ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣ - ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای باڵادەست دەکەم.

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

لە کاتی گوتنی (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)دا وەك هەمیشە گوتوومانە، پێویستە بەلای کەمەوە ئەو چوار واتاو مەبەستە، لە عەقڵ و دڵدا چەسپاو بن.

ئنجا خوا ﷻ ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و دەفەرموێ: ﴿إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ﴾، کاتێك مونافیقەکان هاتنە لات، گوتیان: ئێمە شایەدیی دەدەین، کە بە دڵنیایی تۆ ڕەوانە کراو و نێردراوی خوای، ﴿وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ﴾، خواش دەزانێ تۆ نێردراوی وی، ﴿وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ﴾، بەڵام خوا ﷻ شایەدیی دەدات کە بە دڵنیایی مونافیقەکان درۆزنن، لەوەدا کە دەڵێن: شایەدیی دەدەین تۆ نێردراوی خوای، واتە: لەو قسەیاندا کە دەیڵێن، ڕاست ناکەن و شایەدیی نادەن، بۆیەش خوا ﷻ بەرلەوەی شایەدیی دانی خۆی لەسەر درۆزن بوونی مونافیقەکان بخاتە ڕوو، دەفەرموێ: ﴿وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ﴾، خواش دەزانێ تۆ نێردراوی وی، بۆ ئەوەی وا وەرنەگیرێ کە مونافیقەکان دەڵێن: تۆ نێردراوی خوای، قسەکەیان درۆیە، نەخێر، قسەکەیان: کە موحەممەد ﷺ نێردراوی خوایە، ڕاستە، بەڵام

موونافیقەکان لە گوتنی قسەکەدا ڕاست ناکەن، واتە لە دڵیاندا ئەو شایەدییدانەو، ئەو بڕوا هەبوون و متمانەبوونە وەک پێغەمبەری خوا، بە موحەممەد ﷺ نیە، کە بە نێردراوی خواو ڕەوانەکراوی خوای بزانن.

﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ﴾، سوێندەکانی خۆیان کردوونە سوپەرو قەڵغان، کردوونە پۆشەرێك، (**جُنَّة**) بە مانای پۆشەر دێ، ئنجا مەبەست پێی:

أ- هەر پۆششێکە کە بەسەریانەوەیەو وەك دەمامکێك خۆیان پێ پەنهان کردوە، بە هۆی ئەو سوێندە درۆیانەوە.

ب- یاخود وەك چۆن سوپەرو قەڵغانێك کەسێك لەجەنگدا بەکاری دێنێ، بۆ ئەوەی خۆی پێ بپارێزێ، مەبەست پێی ئەوەیە، هەردوو واتایەکە دەگرێتەوە، چونکە لە ئەسڵدا (**جَنَّهُ**) واتە: (**سَتَرَهُ**)، (**جَنَّهُ اللَّيْل**) واتە: شەوگار دایپۆشی، (**جِنّ**)یش بۆیە پێیان دەگوترێ (**جن**)، چونکە پۆشراون، کۆرپەلە (**جنین**)یش لەبەرئەوەی پۆشراوە، (**مَجْنُون**)یش لەبەرئەوەی عەقڵەکەی پۆشراوە، (**جَنَّة**)ش باخێکە کە دارو درەختەکانی چڕو پڕ بن و ژێرەکەی دابپۆشن و هەر شتێکی تێدابێ دایپۆشن، خوا دەفەرموێ: سوێندەکانی خۆیان کردوونە قەڵغان و سوپەر، یاخود کردوونەدا پۆشەر.

﴿فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ﴾، ئنجا لە ئاکامی ئەوەدا کە ئەو سوێندە بە درۆیانە دەخۆن، خەڵك لە ڕێی خوا لادەدەن، ئەمە ئەگەر (**فَصَدُّوا**) لە (**صَدّ**)ەوە بێ، (**صَدَّ يَصُدُّ صَدّاً أي: صَرَفَ يصرِفُ صَرْفاً**)، بەڵام ئەگەر لە (**صدود**)ەوە بێ، (**صدَّ يَصُدُّ صَدوداً**)، واتە: خۆیان لە ڕێی خوا لا دەدەن، لێرەدا هەردوو واتایەکەش هەڵدەگرێ، واتە: لە ڕێی خوا لایاندا، یاخود خەڵکیان لە ڕێی خوا لادا، واتە: (**صَدَّ**) دەگونجێ (**لازِم**) بێ و بەرکار نەخوازێ، واتە: لایاندا، دەشگونجێ بەرکار بخوازێ و (**مُتعدِّي**) بێ، تێپەڕێنەر بێ بۆ بەرکار، ئەو کاتە واتە: خەڵکیان لە ڕێی خوا لادا.

﴿ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوان ئەوە خراپترین شتە دەیکەن، (**ساء**) وەك (**بئس**) وایەو کرداری بە خراپدانان (**فعل الذم**)ە، واتە: ئەوە خراپترین شتە دەیکەن، کە سوێندی بە درۆ دەخۆن، دێن بە ڕواڵەت خۆیان بە مسوڵمان پێشان دەدەن و، لە ڕاستیشدا وا نین.

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ ثُمَّ كَفَرُوا۟ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ﴾، بۆچی خراپترین کردەوە ئەنجام دەدەن؟ ئەویش بە هۆی ئەوەوە کە بڕوایان هێنا، دوایی بێبڕوا بوون، ﴿ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ ﴾، ئنجا مۆر بەسەر دڵەکانیانەوە نرا، ﴿ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ﴾، سەرەنجام ئەوان تێناگەن.

ئایا لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە بەڕاستیی ئیمانیان هێناوەو، دوایی هەڵگەڕاونەوە، یان مەبەست ئەوەیە کە بە ڕواڵەت گوتوویانە: ئیمانمان هێناوەو لە حەقیقەتیشدا بێبڕوابوون؟ هەردوو واتایەکە هەڵدەگرێ، دواییش باسی دەکەین کە مونافیق و دەغەڵەکان جۆراوجۆر بوون:

أ- ڕەنگە هەیانبووبێ، بە کردەوەو بەڕاستیی بڕواشی هێنابێ، بەڵام دوایی لەبەر لۆمەو لەقەمی دۆست و ڕەفیق و برادەران: چۆن بڕوا دێنی، چۆن واز لە بتپەرستیی دێنی، یان چۆن واز لە ئایینی پێشووت دێنی؟ هەڵگەڕابێتەوە.

ب- دەشگونجێ هەر بۆ ڕوو پامایی بۆ هەڵخەڵەتاندنی مسوڵمانان، وایانکردبێ.

ج- دەشگونجێ کەسێك بە ڕاستیی بڕوای هێنابێ، بەڵام بڕوایەکی لەرزۆك و خۆی ڕانەگرتبێ لە ئاقار ئەو پێشهاتانەدا کە دێنە پێشی، یاخود بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە ناشەرعییەکانی، گەڕابێتەوە سەر ئایین و بەرنامەی پێشێی، هەموو واتایەکان هەڵدەگرێ.

﴿ وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ ﴾، کاتێك تۆ بیانبینی، جەستەکانیان تۆ سەرسام دەکەن، واتە: کەلەش و جەستەیەکی سەرنج ڕاکێشیان هەیە، دوایی باس دەکەین کە هەر کام لە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول و، هەندێکی دیکەش، دوو سێیەك کە ناویان هێنراوە، دەڵێن: خاوەن قەدو قیافەیەکی جوان

و بەرچاو بوون، خاوەن کەلەش بوون، خەڵکیش بە زۆری عەقڵی لە چاواندایە، هەروەها خاوەن قسەو زمانپاراویی و ڕەوانبێژییش بوون.

بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِن يَقُولُواْ تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ﴾، کاتێك قسەش بکەن، گوێ بۆ قسەکەیان دەگری، هەڵبەتە لێرەدا ڕووی دواندن لە پێغەمبەرە ﷺ دەشگونجێ ڕوو لە هەر کەسێك بێ، کە بگونجێ بدوێنرێ (**لِكُلِّ من يَصْلُح للخطاب**).

﴿كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ﴾، وەك دارە هەڵپەسێردراوەکان وان، (**مُسَنَّدة**) لە ئەسڵدا (**مُسْنَدة**)یە، بەڵام گیرە (**شدَّة**)ی خراوەتە سەر بۆ ئەوەی مانایەکەی بەهێزتر بکات، یان لەبەر زۆریی ئەو دەغەڵانەی نەرێت و حاڵەتیان وابووە.

ئنجا بۆچی خوا تەشبیهیان دەکات بە داری هەڵپەسێردراوەوە؟ واتە: بێ کەڵکن، ئەگەرنا دارێك هیچ کەڵکی هەبێ، یان دەکرێتە سووتەمەنیی، یان دەکرێتە دارو پەردوو بۆ خانوو، یان شتێکی لێ دروست دەکرێ، تەختەی لێ دروست دەکرێ و بۆ کەلوپەل بەکاردەهێنرێ، بەڵام ئەوانە وەك داری بە دیوارێك شوێنێك هەڵپەسێردراو وان و بێ کەڵکن.

﴿يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ﴾، هەر دەنگێك لە دژی خۆیان تێدەگەن، هەر چریکەیەك هەر هاوارێك بێ، وا دەزانن لە دژی ئەوانە.

﴿هُمُ الْعَدُوُّ﴾ ئەوانە بەڕاستیی دوژمنن، دوژمنی بەڕاستیی کە ماناو چەمکی دوژمنی تەواوی بەسەردا بچەسپێ و پڕ بە پێستی بێ، ئەوانەن، چونکە لەڕاستییدا ئەوەی گورگ بێ و لە پێستی مەڕدا، زۆر ئاسانتر دەتوانێ زیانت لێ بدات، لەوکەسەی تۆ دەیبینی گورگەو بەرەو ڕووت دێ.

﴿فَاحْذَرْهُمْ﴾، بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: لێیان وریا بە، وریایان بە، (**الحَذَرُ: إحْتِرَازٌ مِنْ مُخِيفٍ**)، (**حذر**) بریتیە لە خۆ پاراستن لە شتێکی مەترسییلێکراو، واتە: وریاو هۆشیار بە.

﴿ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ﴾، خـوا بیانکـوژێ، خـوا لەنێویـان بـەرێ، بـەرەو کـوێ لادەدرێـن! ئـەو ڕاسـتە ڕێیەیـان لەبـەر دەسـتە، ئـەو پێغەمبـەرە پایـە بـەرزە کـە سـەراپا نـوورو بەرەکەتـە، بـەو ڕەوشـتە بـەرزو جوانـەوە، بـەو هەمـوو دڵـە پـڕ بەزەیـی و جـۆش و خرۆشـەوە بـۆ هەمـوو لایـەك، ئـەو قورئانـە ئـەو هەمـوو نـوورو بەرەکەتـە لەبـەر دەسـتیانە، بۆچـی دوای ئـەو پێغەمبـەرە ناکـەون و ئـەو قورئانـە وەرناگـرن، لـە عەقـڵ و دڵـی خۆیانـدا بیچەسـپێنن، ئـەو ڕاسـتە ڕێیـە بـەرەو خـوا ناگرنـە بـەر، بـەرەو کـوێ لادەدرێـن؟ وەك ویسـتی خۆیانیـان لـە دەسـت دابـێ، وەك چـۆن وڵاخێـك ڕێشـمەی دەکەوێتـە دەسـتی کەسـێك و، بـەرەو ئـەو شـوێنە دەبـردرێ کـە وڵاخەکـە نایـەوێ، بەڵکـو ئـەو کەسـە دەیـەوێ، کـە ڕێشـمەکەی بەدەسـتە، ئەوانیـش ئاوایـان لێهاتـوە، شـەیتان ئـاوا بـەو شـێوەیە لای داون.

﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ يَسۡتَغۡفِرۡ لَكُمۡ رَسُولُ ٱللَّهِ لَوَّوۡاْ رُءُوسَهُمۡ ﴾، ئەگـەر پێیـان بگوتـرێ: وەرن پێغەمبـەری خـوا ﷺ داوای لێبوردنتـان بـۆ دەکات، داوای لێبوردنتـان بـۆ لـە خـوا دەکات، ﴿ لَوَّوۡاْ رُءُوسَهُمۡ ﴾ سـەرەکانیان بـادا، ئەگـەر فەرمووباشـی (لـوَوا) وەك ئـاواش خوێنراوەتـەوە، هەرگونجاوبـوو، بـەڵام ﴿ لَوَّوۡاْ ﴾، لێـرەدا گیـرەدار (مُشَـدَّد) کـراوە، بـۆ ئـەوەی مانایەکـەی بەهێزتـر بـێ، واتـە: سـەرەکانیان بـادەدەن، ملیـان بـادەدەن، ڕوو وەردەگێـڕن.

﴿ وَرَأَيۡتَهُمۡ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسۡتَكۡبِرُونَ ﴾، دەیانبینـی خـۆ بەزلگرانـە لادەدەن، لێـرەدا: ﴿ يَصُدُّونَ ﴾ بـە مانـای (لازِم)ی بەکارهاتـوە، بـە مانـای خـۆ لادان، نـەك بـە مانـای خەڵـك لادان، دەیانبینـی لادەدەن، لـە حاڵێکـدا ئـەوان خـۆ بەزلگـرن، خـۆ بـە زلگرانە ڕوو وەردەگێـڕن و لادەدەن.

﴿ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ أَسۡتَغۡفَرۡتَ لَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ لَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَهُمۡ ﴾، یەکسـانە لەسـەریان، ئایـا داوای لێبوردنیـان بـۆ بکـەی، یـان داوای لێبوردنیـان بـۆ نەکـەی، هەرگیـز خـوا لێیـان نابوورێ، واتـە: داوای لێبوردن کـردن و داوای لێبـوردن نەکردنی

تۆ بۆ ئەوان، یەکسانە، خوا بڕیاری داوە، لەبەر ئەوەی ناخێکی پیسیان هەیە، بە کەڵکی ئەوە نایەن و شایستەی ئەوە نین خوا لێیان ببووڕێ، بەڵێ تۆ وەك پێغەمبەری خوا ﷺ کە بە ڕەحمەت نێردراوی بۆ هەموو جیهانییان، بە ئەرکی خۆت هەڵدەستی، بەڵام دواجار بڕیاری لێبوردن و لێ نەبوردن بەدەست خوایە، تۆ داوایەکەو دەیکەی، خواش ﷻ بەپێی زانیاریی بێ سنووری خۆی و حیکمەتی بێ سنووری خۆی، جاری وا هەیە داوای لێبوردنەکەت وەردەگرێ، جاری واشە وەریناگرێ، تۆش وەك ئەرکی خۆت، وەك بۆ تۆ شایستەیەو لێت دەوەشێتەوە، مامەڵە دەکەی، بەڵام بڕیاری کۆتایی، بەپێی زانیاری بێ سنوورو حیکمەت و دادگەریی بێ سنووری خوا، لەلایەن خواوە دەدرێ.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾، بە دڵنیایی خوا کۆمەڵی لاڕێ بووان لادەران، ڕاستە ڕێ ناکات، بە ئامانج ناگەیەنێ، هیدایەت لێرەدا بە مانای ڕێ پێشاندان نیە، خوا فاسیق و زاڵم و چاك و خراپ، هەموویانی ڕێنمایی کردوون، بەڵام لێرەدا: ﴿لَا يَهۡدِي﴾، یانی: نایانخاتە سەر ڕاستە ڕێ، لوتفیان لەگەڵ ناکات، مشووریان لێ ناخوات، بە ئامانجیان ناگەیەنێ، چونکە ڕێنمایی خوایان ڕەفز کردەوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى ٱلۡهُدَىٰ ١٧﴾، بەڵام گەلی (**ثمود**)مان ڕێنمایی کرد بوو، کەچی کوێرییان بەسەر ڕێنماییدا هەڵبژارد.

دەبێ وریا بین: زۆرێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان، لێرەدا بە هەڵەداچوو لە ئەنجامی ئەوەدا کە هیدایەت، بەپێی ئەو سیاقەی تێیدا هاتووە، دەبێ سەرنج بدرێ، ئایا بە مانا گشتییەکەیەتی کە بە مانای ڕێنماییە، یان بە مانای تایبەتییەکەیەتی کە بە مانای ڕاستە ڕێ کردن و بە ئامانج گەیاندنە، لەبەر ئەوەی جیاوازییان بەو دوو واتایە نەکردوە، بە زۆریی وا هەیە، لە مانا کردن لێرەو لە شوێنی دیکەش دا، تووشی هەڵە بوون و، کە ئەوە لە تەفسیرە کوردییەکاندا زیاتریشە.

﴿ هُمُ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ ﴾، ئـەوان کەسـانێکن دەڵێـن: ئەوانـەی باسـیان کـرا موونافیقـەکان، دەغەڵـەکان دەڵێـن، ﴿ لَا تُنفِقُوا۟ عَلَىٰ مَنْ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ ﴾، ئەوانـەی لـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوادان خەرجییـان مەکێشـن، هاوکارییـان مەکـەن و پارەیـان مەدەنـێ، ﴿ حَتَّىٰ يَنفَضُّوا۟ ﴾، تاکـو پـەرش و بـڵاو دەبـن و دەپرژێـن، یـان: تاکـو دەڕۆن و بـڵاوەی لـێ دەکـەن، ئنجـا خـواردن و هاوکاریـی بـۆ پێغەمبـەری خـوا بـەرن، ﴿ وَلِلَّهِ خَزَآئِنُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، عەنبـارەکانی ئاسـمانەکان و زەوییـش هـی خـوان، ﴿ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ ﴾، بـەڵام موونافیقـەکان تێناگـەن، وەك پێشـتریش گوتوومانـە: (فقـە) بریتیـە لـە ورد تێگەیشـتن، یاخـود تێگەیشـتن لـە مەبەسـتی قسـەبێژ، یاخـود ورد سـەرنجدان بـۆ ئـەوەی بەهـۆی شـتێکی ئاشـکراوە، شـتێکی پەنهانیـش دەرك بکـرێ.

ئـەم هەڵوێسـتەیان وەك لـە هـۆی هاتنـە خوارەوەکـەی دا باسـمان کـرد: عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی کـوڕی سـەلوول، دەیگـوت: بە مـاڵ و سـامانتان هاوکاریی ئەوانـە مەکـەن کـە لـە لای پێغەمبـەری خـوان، ئنجـا بۆچـی گوتوویەتـی: (رسـولِ اللـه)، کـە بـە نێـردراوی خواشـی نەزانیـوە؟ لەبـەر دەوروبەرەکـەی کـە خەڵکێکـی مسـوڵمان هەبـوون، پێـی خەڵەتـاون، گوتوویەتـی: ئەگـەر بڵێـم: موحەممـەد و نەڵێم پێغەمبـەری خـوا ﷺ، دەڵێـن دیـارە دان بـە پێغەمبەرایەتیـی موحەممـەدا ﷺ نانـێ، بۆیـە گوتوویەتـی: ئەوانـەی لـە لای پێغەمبـەری خـوان، هاوکارییـان مەکـەن و خەرجییـان مەکێشـن.

ئەو قسەیەش بەگشتیی سێ ڕووی هەن:

أ- هاوکاریی پێغـەمبەری خـوا مەکەن تاکو دەوری چـۆڵ بێ و کەسی بەدەورەوە نەمێنێ.

ب- ئەوانەی لە دەوری پێغەمبەری خوان، هاوکارییان مەکەن، بۆ ئەوەی دەوری چۆڵ بکەن و، پێغەمبەری خوا ﷺ سەری سووك بێ و هێندە باری شانی قورس نەبێ،

ج- ئەوانەی بەدەوری پێغەمبەری خواوەن لە عەرەبە خێڵەکیی و بیاباننشینەکان خەرجییان مەکێشن، تاکو بڵاوەی لێ دەکەن و دەڕۆن، بۆ ئەوەی هاوکارییەکە کە هی پێغەمبەری دەکەن، لە خواردن و پێداویستیی، بەشیان بکات و کورتی نەهێنێ.

بـەڵام لـە ڕاسـتییدا مەبەسـتییان ئـەوە بـووە کەسـی بـە دەورەوە نەمێنـێ، ئـەو مانایـەی مەبەسـت بـووە هەرچەنـدە ئـەو مانـا سـادەو ڕووکەشـییەش دەگەیەنـێ، بۆ خەڵکێکـی سـادە کـە بڵێـن: ئەوانـە دڵسـۆزی پێغەمبـەری خـوان و دەڵێـن: ئەوانـەی لـە دەوری هـاڵاون، هاوکارییـان مەکـەن بـۆ ئـەوەی کەمێـك دەوری سـووك بـێ و ئیسـڕاحەت بـکات.

ئنجا باسی هەڵوێستێکی دیکەیان دەکات:

﴿ يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَآ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ ﴾، دەڵێـن: ئەگـەر گەڕاینـەوە بـۆ شـار (**یـثرب**)، کـە دوای تەشریـف بردنـی پێغەمبـەر ﷺ و هاوەڵانـی، کـرا بـە مەنزڵـگای ئیسـلام نـاوی لێـنرا: (**المدینة**) یاخـود (**مدینة الرسول**) شـاری پێغەمبـەر ﷺ یـان شـار، دەڵێن: ئەگـەر گەڕاینـەوە بـۆ شـار یـان شـارەکەمان.

﴿ لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ ﴾، بـە دڵنیایـی ئـەوەی باڵادەسـترە، دەبـێ ئـەوەی بـێ دەسـەڵاترە دەری بـکات، یاخـود ئـەوەی بەهێزیـش، دەبـێ ئـەوەی بێهێـزە، دەربـکات، (**الأعـز**) واتـە: ئەوپـەڕی بەهێـز، (**الأذَلّ**)یـش واتـە: ئەوپـەڕی دامـاوو بێهێـزو زەبـوون، ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ ﴾، باڵادەسـتیی هـی خوایـەو هـی پێغەمبەرەکەیەتـی و هـی بڕوادارانـە، ﴿ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، بـەڵام مونافیق و دەغەڵـەکان نازانـن، کەواتـە: ئەگـەر وابـێ کـە کـێ بەهێزتـرە ئـەوەی بێهێزەکـە دەربـکات، ئەوپـەڕی هێـز، هـی خوایـەو هـی پێغەمبەرەکەیەتـی و هـی بڕوادارانـە.

کەواتـە: هـەر بەپێـی قسـەی مونافیـق و دەغەڵـەکان، پێغەمبـەری خـوا ﷺ و بـڕواداران بـە پشـتیوانیی خـوا، هـەرکات بیانـەوێ ئـەو مونافیـق و دەغەڵانـەی بێهێـزو زەبوونـن وەدەردەنێـن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

باسی دەغەڵەکان کە لەکاتی هاتنیاندا بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ، خۆیان بە بڕوادار پیشان داوەو، بەدرۆخستنەوەی خوا بۆیان و، ڕوونکردنەوەی ئەوە کە سوێندە درۆیەکانیان کردوونە پۆشەرو سوپەریان، بۆیەش بەو دەردە چوون، چونکە: بڕوایان هێناوەو دوایی بێبڕوا بوونەوە، ئەوانە ڕواڵەت جوانی نێوەڕۆك وێرانن و، قسەی خۆش و بۆشیان هەیە، وریایی زۆریش پێویستە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، ئامادەش نین بێنە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ، داوای لێبوردنیان بۆ لە خوا بکات و، ئەگەر گریمان داوای لێبوردنیشیان بۆ بکرێ، هەرگیز خوا لێیان نابووریّ:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُنَٰفِقُونَ قَالُوا۟ نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ﴿١﴾ ٱتَّخَذُوٓا۟ أَيْمَٰنَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ ثُمَّ كَفَرُوا۟ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ﴿٣﴾ وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ ۖ وَإِن يَقُولُوا۟ تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ ۖ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ ۖ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ ۚ هُمُ ٱلْعَدُوُّ فَٱحْذَرْهُمْ ۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ ۖ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٤﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ ٱللَّهِ لَوَّوْا۟ رُءُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ﴿٥﴾ سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست و پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُنَٰفِقُونَ﴾، کاتێك موونافیقەکان هاتنە لات، هەڵبەتە ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەمە ﷺ، یانی: ئەی موحەممەد ﷺ! کاتێك موونافیقەکان هاتنە لات، (إِذَا:

ظَرْفٌ لِلزَّمَانِ الْمَاضِي بِقَرِينَةِ جَعْلِ جُمْلَتَيْهَا مَاضِيَتَيْنِ)، لێرەدا (**إذا**): شتێکە کارێکی تێدا ئەنجام دراوەو لێرە بۆ ڕابردوویە، بەبەڵگەی ئەوەی ئەو دوو ڕستەیەی لە دوایەوە دێن، هەردووکیان کرداری ڕابردوون:

یەکەم: (**جاءَكَ**) هاتن.

دووەم: (**قَالُوا**). گوتیان.

کەواتە: لێرە خوا ﷻ باسی شتێکی ڕابردوو دەکات.

٢)- ﴿ قَالُوا۟ نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ ﴾، (کاتێك مونافیقەکان هاتنە لات) گوتیان: شایەدیی دەدەین کە بە دڵنیایی تۆ نێردراوی خوای، (**شهود**) یانی: هەواڵدانێکی جەخت لەسەر کراوە، لە چییەوە هاتوە؟ لە: (**شَهِد يَشهدُ**)، لێرە (**نَشهدُ**) لە (**مشاهدة**)ەوە هاتوە، واتە: بینین، یانی: ئێمە دەزانین تۆ پێغەمبەری خوای، وەك بینین بینیبمان و، بە چاوی عەقڵ و دڵ دەبینین کە تۆ نێردراوی خوای.

٣)- ﴿ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ ﴾، خواش دەزانێ کە تۆ نێردراوی وی، ئەمە لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە پێی دەگوترێ: (**جُمْلَة مُعْتَرِضَة**) ڕستەیەکی نێواخن کراو، کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ ﴾، ئەم ڕستەیە بۆیە هاتوە، تاکو کەسێك کە ڕستەی دوایە دەبیستێ، وانەزانێ خوا ﷻ نێوەڕۆکی ڕستەکە بە درۆ دادەنێ، چونکە دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ﴾، خواش شایەدیی دەدات کە دەغەڵەکان درۆزنن، ئنجا بۆ ئەوەی وا نەزانرێ کە، لە: ﴿ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ ﴾، لەوەدا درۆزنن، چونکە ئەگەر ئەوان لەوەدا درۆزن بن، یانی: کە دەڵێن: تۆ پێغەمبەری خوای، ڕاست نیە تۆ پێغەمبەری خوا ﷻ نی!! بۆیە دەفەرموێ: خوا دەزانێ تۆ پێغەمبەری خوای، بەڵام خوا شایەدیی دەدات کە مونافیقەکان درۆزنن لەوەدا کە دەڵێن: شایەدیی دەدەین کە تۆ بە پێغەمبەری خوا دەزانین، لە شایەدییدان و زانینەکەیان دا، ڕاست ناکەن.

چونکە: (**الْكَذِبُ: مُخَالَفَةُ مَا يُفِيدُهُ الْخَبَرُ لِلْوَاقِعِ فِي الْخَارِجِ**)، درۆ بریتیە لەوەی هەواڵێك بدرێ، ئەو هەواڵە پێچەوانەی ئەوە بێ، کە لە واقیعدا هەیە لە

دەرەوە، بۆ وێنە: کەسێك بڵێ: زەید هات، ئنجا ئەگەر قسەکەی درۆ بێ، مانای وایە زەید نەهاتوە، دەغەڵەکانیش دەڵێن: ﴿نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ﴾ شایەدیی دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خوای، ئنجا بەڵێ موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایە، بەڵام ئەوان ڕاستیان نەگوتوەو شایەدییان نەداوەو، ئەو زانین و بەڕاست زانینەیان لە دڵدا نەبووە.

ئێمە دوایی باسێك لە بارەی نیفاق و مونافیقەکانەوە دەکەین، لێرەش هەر بە کورتیی دوو پێناسەی مونافیقەکان، دێنین:

١- هەندێکیان گوتوویانە: (**المُنَافِقُ: مَنْ يُظْهِرُ الإِيْمَانَ وَيُبْطِنُ الكُفْرَ أو ويُسِرُّ الكُفْرَ**)، مونافیق کەسێکە ئیمان دەردەخات و پێشان دەدا، بەڵام کوفر لە دڵ و دەروونی خۆیدا پەنهان دەکات و دەشارێتەوە.

٢- هەندێکیش گوتوویانە: (**المُنَافِقُ: مَنْ يَدْخُل الإِسْلَام مِن بَابٍ، وَيَخْرُجُ مِنْها مِن بَابٍ آخَر**)، مونافیق کەسێکە لە دەرگایەکەوە دەچێتە نێو ئیسلام و، لە دەرگایەکی دیکەوە لێی دەردەچێ.

بەڵام مانای یەکەمیان ڕاسترەو، مەرج نیە بابای مونافیق هاتبێتە نێو ئیسلامەوە، هەرچەندە هەندێکی واشیان دەگونجێ هەبن، بەڵام مونافیق کەسێکە بە ڕواڵەت خۆی بە مسوڵمان پێشان دەدا، بەڵام لە دڵ و دەروونی خۆیدا بێبڕوایە.

٤)- ﴿وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ﴾، بەڵام خواش شایەدیی دەدا کە مونافیقەکان درۆزنن.

ئنجا خوا ﷻ زیاتر تیشك دەخاتە سەریان، کە وەك پێشتر گوتمان، ئەم هەشت ئایەتە موبارەکە، دەوری بیست لە خەسڵەت و ڕەفتارەکانی مونافیقەکانیان گرتوونە خۆیان و پێشتر باسمان کردن، لێرەدا دەفەرموێ:

٥)- ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ ﴾، سوێندەکانی خۆیانیان بە قەڵغان یان بە پۆشەر گرتوون، (**الْجُنَّةُ: مَا يُسْتَتَرُ بِهِ وَيُتَّقَى**)، (**جُنَّة**) هەر شتێکە خۆی پێ بشاردرێتەوەو خۆی پێ بپارێزرێ، بۆیەش بە زرێ (**دِرْع**) گوتراوە: (**جُنَّة**)و بە سوپەر (ترس) گوتراوە: (**جُنَّة**) یان (**مِجَنّة**) قەڵغان، لەبەر ئەوەی بەزرێ و سوپەر، جەستەو دەم وچاو سەرو ئەو شوێنانەی، مەترسیی هەیە شیرو تیرو زەبریان پێ بکەوێ، شێردراونەوەو پەنهان کراون.

مونافیقەکانیش سوێندەکانی خۆیان کردوونە پۆشەرو دەمامکێك ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان پێ شاردۆتەوە، ئەگەر سوێندیان نەخواردبایە، قسەیەك، ڕەفتارێك وەك هی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول، ماوەیەك بڕی نەدەکرد، کە زەیدی کوڕی ئەرقەم بە پێغەمبەری خوای ﷺ گەیاند، بەڵام دوایی عەبدوڵڵا چوو بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، ئەوەندە سوێندی درۆی بۆ خواردن، تاکو پێغەمبەری خوا ﷺ عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی بەڕاست زانی و وایزانی زەید درۆی کردوە، بەڵام دوایی خوا ﷻ ئایەتی دابەزاندو، پێغەمبەری خوا ﷺ حەقیقەت و واقیعی شتەکەی بۆ دەرکەوت، وەك پێشتر بەسەرهاتەکەیمان هێنا.

٦)- ﴿ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، سەرەنجام لە ڕێی خوایان لادا، یاخود خەڵکیان لە ڕێی خوا لادا، (**صَدُّوا**) لێرەدا دەگونجێ کورتهەڵێنەر (**قَاصِر**) بێ، واتە: (**لَازِم**) بێ، یانی: لە ئەنجامی ئەو ڕەوشت و ڕەفتارو ئاکارانەیان دا لە ڕێی خوا لایاندا، (**أي: انْصَرفوا**) کە چاوگەکەی بریتیە لە (**صُدُود**) واتە: لادان، دەشگونجێ بە مانای: (خەڵکیان لە ڕێی خوا لادا) بێ، ئەو کاتەش چاوگەکەی (**صَدّ**) بێ، (**صَدَّ، يَصُدُّ، صَدّاً**)، (**صَدَّ غيره**) واتە: جگەلە خۆی لادا (**صَرَفَ**) خەڵکیان لە ڕێی خوا لادا، هەردوو واتایەکە لێرەدا گونجاون: هەم خۆیان لە ڕێی خوا لایاندا، هەم خەڵکیشیان لادا.

٧)- ﴿ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴾، بە ڕاستیی ئەوانە ئەوەی دەیکەن خراپترین کردەوەیانە، (**سَاء**) وەك پێشتر گوتمان وەك (**بِئْس**) وایەو لە کردارەکانی بەخراپدانان

(**أفْعَال الذم**)ە، یانی: (**بِئْسَ مَا كَانُوا يَعْمَلُون**)، ئەوەی دەیکەن خراپترین کردەوەیە، کە بریتیە لەوەی دێن بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و بە درۆ و زۆر بە جەختکردنەوە دەڵێن: شایەدیی دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خوای، کەچی ڕاستیش ناکەن، دواییش کە شتێکیان لێ ئاشکرا دەبێ، دێن سوێندی بە درۆ، دەکەنە قەڵغان و سوپەرو پۆشەری ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان.

٨)- ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ ثُمَّ كَفَرُوا۟ ﴾، ئەوەش لە سۆنگەی ئەوەوە کە بڕوایان هێناوە دوایی بێبڕوا بوون، (ذَٰلِك) بۆچی دەچێتەوە؟ (**أَيْ: سَبَبُ إِقْدَامِهِمْ عَلَى الأَعْمَالِ السَّيِّئَةِ الْمُتَعَجَّبِ مِنْ سُوئِهَا، هُوَ اسْتِخْفَافُهُمْ بِالْإِيْمَانِ وَمُرَاجَعَتُهُمُ الْكُفْرَ مَرَّةً بَعْدَ أُخْرَى، فَرَسَخَ الْكُفْرُ فِي قُلُوبِهِم فَصَارَت مَطْبُوعاً عَلَيْهَا**).

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ ثُمَّ كَفَرُوا۟ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ﴾، واتـە: هـۆی ئـەوەی ئـەو کـردەوە خراپانـە ئەنجام دەدەن، کـە جێـی سەرسـوڕمانن، ئەوەیـە کـە ئیـمان بـە چـاوی سـووك تەماشـا دەکـەن و، جـار لـە دوای جـار دەگەڕێنـەوە بـۆ کوفـر، بۆیـە کوفـر لـە دڵ و دەروونیـان دا چەسـپاوە.

٩)- ﴿ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ ﴾، ئنجا دڵیان مۆر کراوە (لەسەر کوفر).

١٠)- ﴿ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ﴾، سەرەنجام ئەوان (ڕاستییە پەنهانەکان) باش نازانن، ورد تێناگەن، لە مەبەستی قسەبێژ تێناگەن، هەر کەسێك بێ، کە لێرەدا مەبەست پێی تێگەیشتنە لە فەرمایشتی خواو، فەرمایشتی پێغەمبەری خوا.

پێشـتریش گوتمـان وشـەی: (**الطَّبْعُ وَالخَتْمُ وَالنَّقْشُ مُتَقَارِبَـةُ المَعْنَـى**)، بـۆ مانـای (**طَبْـع وخَتْـم**) لـە کوردییـدا دەڵێیـن: مـۆر، بـەڵام بـۆ (**نَقْـش**) دەڵێیـن: نەخـش و نیـگار، مانایەکەیـان لێـك نزیکـەو، مەبەسـت ئەوەیـە وەك چـۆن کەسـێك نامەیـەك دەنووسـێ، دوایـی دەگاتـە کۆتاییەکـەی و مۆرێکـی پێـوە دەنـێ، واتە: هیچـی دیکەی تێـدا ناگوتـرێ و نانـووسرێ، بـە هەمـان شـێوە دەغەڵەکانیـش دڵیـان داخـراوەو، مـۆری لێـدراوە، تـازە هیچـی ناچێتـە نێـوی.

هـەردوو (ف)یەکـە: ﴿ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ ﴾و ﴿ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ﴾، **(الفَـاءَان للتَعْقِيْب وَالتَّعْجِيْب)**، هـەم بـۆ بـە دوای یەکـدا هاتـن و هـەم بـۆ سەرسـوڕماندنن، واتـە: لـە ئەنجامـی ئـەوەدا دڵیـان مـۆر کـراوە، بۆیـە تێناگـەن و حاڵەتێکـی جێـی سەرسـوڕمانیان هەیـە، وا دڵیـان مـۆر کـراوەو هێنـدە ناحاڵییـن.

١١)- ﴿ وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ ﴾، ئەگەر بیانبینی جەستەکانیان سەرسامت دەکەن. **(أجْسَام)** کۆی **(جِسم)**ە، **(جِسِم: مَا لَهُ طُولٌ وَعَرْضٌ وَعُمقٌ)**، **(راغب الأصفهاني)** وا دەڵێ، جیسم هەر شتێکە درێژیی و پانیی و قووڵیی هەبێ، پێشتریش گوتمان: **(جِسم)** لەگەڵ **(جَسد)**دا زانایانی شارەزای زمان گوتوویانە: جیاوازییەکەیان ئەوەیە کە جەستە دەبێ ڕەنگی هەبێ، بەڵام **(جِسم)** وانیەو هەواش بە **(جِسم)** دادەنرێ، کەڕەنگیشی نیە واتە: هەر شتێك تەنێك بێ **(جسم)**ە، مەرج نیە ڕەنگی بینراوی هەبێ.

خـوا دەفەرمـوێ: ئەگـەر بیانبینـی جەسـتەکانیان سەرسـامت دەکـەن، واتـە: زۆر بـە کەلـەش و بـە قـەدو قیافـەن، یـان ڕەنگـە قەڵـەو و زل بووبـن.

١٢)- ﴿ وَإِن يَقُولُواْ تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ ﴾، ئەگەر قسەش بکەن، گوێ بۆ قسەکەیان دەگری، واتە: هەم ڕەنگ و دیمەنیان، هەم قسەو گفت و لفتیان جێی سەرسوڕمانە بۆ تۆ، ئەمە وەك ئەو شیعرەی **(حسّان بن الثابت)**ە خوا لێی ڕازی بێ کە لە یەکێك لە شیعرەکانی دا دەڵێ:

لاَ بَأْسَ بِالقَوْمِ مِنْ طُولٍ وَمِنْ غِلَظٍ ... جِسْمُ الجِمَال وَأَحْلَام العَصَافِيْر

ئەو کۆمەڵە عەیبیان نیە لە درێژیی و زەبەلاحییدا

لاشەیان وەك هی حوشترەو عەقڵیان وەك هی چۆلەکانە

١٣)- ﴿ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ ﴾، ئەوانە وەك داری هەڵپەسێردراو وان، **(الخُشُب المُسْنَدَة)**، یانی: دارە هەڵپەسێردراوەکان، ﴿ مُّسَنَّدَةٌ ﴾ **(التَّشْدِيْدُ للمُبَالَغَة)**گیرەدارکردن، بۆ زیادەڕۆیی تێدا کردنە، لە هەڵپەساردنیان دا، **(أو للكثرة)** یان: بۆ گەیاندنی مانای زۆرییانە، **(مُسَنَّدة)**

گیرەدار (مُشَدَّد) کراوە. واتە: داری بێ کەڵك کە بە دیوار هەڵدەپەسێردرێن و لە شوێنێك دادەنرێن، بەو شێوەیەن، هەڵبەتە (خُشُب) خۆی (خَشَبَ) یان کۆی (خَشَبَة)یە، وەك (ثُمُر) کۆی (ثَمَر)و (ثَمَرة)یە، (ثُمُر) واتە: میوەکان، (ثَمَر)و (ثَمَرة) واتە: یەك میوە.

(خُشُــب) واتــە: دارەکان، (خَشَــب) و (خَشَــبة) واتــە: یــەك دار، هەندێکیــش گوتوویانــە: (ثُمُــر) کــۆی (ثِمَــار)ەو، (ثُمُــر) دەبێتــە کــۆی کــۆ (جمــع الجمــع).

بۆیــەش لێــرەدا خــوا ﷻ تەشــبیهیان دەکات بــە دارێکــی هەڵپەســێردراوەوە، چونکــە دار ئەگــەر ســوودی هەبــێ و خاوەنەکــەی مەیلــی پێــی هەبــێ، لــە خانوویەکــدا، لــە بینایەکــدا، بــۆ شــتێك، بــۆ کەلوپەلێــك بــەکاری دێنــێ، بــەڵام ئەگــەر کاری پێــی نەبــوو و بــە کەڵــك نەهــات، هەڵیدەپەســێرێ.

١٤)- ﴿ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ ﴾، هەر هاوارو دەنگێك لە دژی خۆیان تێدەگەن، (الصَّيْحَة) جارێکە لە (صِيَاح)، (صِيَاح)یش بریتیە لە دەنگ زۆر بەرزکردنەوە، لێرەدا مەبەست ئەوەیە هەر دەنگێك بێت، هەر هەواڵێك بێت، ئەوانە پێیان وایە لە دژی ئەوانە، گوتراوە: شکداری گوێدار، یان: (الخَائِنُ خَائِفٌ)، بابای ناپاك هەمیشە ترساوە، زانیویانە چییان لە هەگبەدایە، بۆیە هەمیشە دەستیان لەسەر دڵیان بووە، کە نێو هەناویان دەرکەوێت بۆ مسوڵمانان.

١٥)- ﴿ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ ﴾، ئا ئەوانە دوژمنن، لێیان وریابە، وشەی (عَدُوّ) بۆ تاك و بۆ دووان و بۆ کۆو بۆ نێرو بۆ مێ، بەکاردێ، واتە: ئا ئەوانە دوژمنی ڕاستەقینەن، ﴿ فَاحْذَرْهُمْ ﴾ لێیان وریابە، واتە: وریا بە لە ڕواڵەتی جوانیان، ئەوانە ڕواڵەت جوانی نێوەڕۆك وێرانن، دوور کوژی نیزیك خەسارن، لێیان وریابە.

١٦)- ﴿ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ ﴾، خوا بیانکوژێ، دەگونجێ بە مانا ڕواڵەتییەکەی بێ: خوا بیانکوژێ، خوا لە بەینیان بەرێ، یاخود بە مانای (لَعَنَهُمُ الله) خوا نەفرینیان لێ بکات، بێ.

١٧)- ﴿ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴾، بەرەو کوێ لادەدرێن! (إلى أيْنَ يُصْرَفُون)، یاخود چۆن لادەدرێن! (كَيْفَ يُصْرَفُون) چونکە (أنَّى) لە ئەسڵدا بۆ پرسیارکردنە لە بارەی شوێن، بەڵام جاری

واش هەیە بۆ چۆنیەتییش بەکاردێ، واتە: بەرەو کوێ لا دەدرێن، یان چۆن لا دەدرێن؟ لە حاڵێکدا ئەو ڕاستە ڕێیەی خوا ﷻ لەبەر چاویانە.

١٨)- ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ ٱللَّهِ ﴾، هەروەها ئەگەر پێیان بگوترێ: وەرن پێغەمبەری خوا داوای لێبوردنتان بۆ دەکات، وشەی (**تَعَالَوْا**) لە ئەسڵدا کرداری فەرمانە لە (**تَعَالِي**)ەوە هاتوە، کە بریتیە لە (**تَكَلُّفَ العُلُو**) واتە: خۆ ئەزیەتدان بۆ بەرزبوونەوە، دوایی ئەوەی تێدا لە بیر کراوەو تەنیا ئەو مەبەستەی تێدا ڕەچاو دەکرێ، کە داوای ئامادەبوون کردن (**طَلَبُ الحُضُور**)ە، کەواتە: (**تَعَالَوْا**) واتە: وەرن، ئەگەرنا لە ئەسڵدا (**تَعَالَوْا**) واتە وەرن بەرەو بەرزیی.

١٩)- ﴿ لَوَّوْا رُءُوسَهُمْ ﴾، سەریان بە توندیی بادا و سووڕاند. (**واللَّيُّ: الإمَالَة إلى غَيْر وجَاهِ المُتَكَلِّم**)، (**لَيّْ**) بریتیە لە بادان و ڕوو سووڕاندن بە پێچەوانەی ڕووی ئەو کەسەوی قسە دەکات، واتە: کەسێك کە قسەت لەگەڵ دەکات، ئەگەر ڕووت لێی سووڕاند، پێی دەگوترێ: (**اللَّيُّ**)، (**لَوَّوا**) کە بە گیرەوەیە بۆ بەهێزکردنی واتاکەیەتی، یان لەبەر زۆرییانە، واتە: زۆریان سەریان بادەدەن، یان لەبەر بەتوندیی سەر بادان و سووڕاندنیانە.

٢٠)- ﴿ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ ﴾، دەشیابنینی لادەدەن، ﴿ يَصُدُّونَ ﴾: لێرەدا بە مانای (**يَنْصَرِفُون**)ە، تۆ دەیانبینی لادەدەن، واتە: لێرەدا (**صَدَّ**) بە مانا (**قَاصِر وَلازِم**)ەکەیەتی، تۆ دەیانبینی خۆیان لادەدەن.

لێرەدا (**رَأَيتَهُم**) مەرج نیە بەس بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بێ، بەڵکو بۆ هەر کەسێکە (**لغير مُعَيَّن**)، هەر کەسێك تەماشایان بکات ئاوایان دەبینێ.

٢١)- ﴿ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ﴾، لە حاڵێکدا ئەوان خۆ بەزلگرن، (**مُسْتَكْبِرُونَ: فِي مَوْضِعِ الْحَالِ مِنْ ضَمِيرِ يَصُدُّونَ**)، واتە: (مستكبرون) لە شوێنی حاڵ دایە لە ڕاناوی (يصدون)، خۆبەزلگرانە لادەدەن.

٢٢)- ﴿ سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ ﴾، یەکسانە لەسەریان، (**سَوَاءٌ اسْمٌ بِمَعْنَى مُسَاوٍ يُعَامَلُ مُعَامَلَةَ الْجَامِدِ فِي الْغَالِبِ، فَلاَ يَتَغَيَّرُ خَبَرُهُ يُقُولُ: هُمَا سَوَاءٌ، وَهُمْ سَوَاء، وهُنَّ سَوَاء**)، (سواء) ناوە بە

مانای یەکسان، ئنجا بە زۆریی وەك ناوێکی (جامد) لە شوێنی خۆی ڕەقبوو، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، نەك وەك ناوێکی داتاشراو، بۆیە هەواڵەکەی ناگۆڕێ دەگوترێ: (**هُمَا سَوَاءٌ، وَهُمْ سَوَاء، وهُنَّ سواء**)، ئەو دووانە یەکسانن، ئەو کۆمەڵە پیاوە یەکسانن، ئەو کۆمەڵە ئافرەتە یەکسانن، ﴿سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ﴾ واتە: بە نسبەت ئەوانەوە یەکسانە.

٢٣)- ﴿أَسۡتَغۡفَرۡتَ لَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ﴾، داوای لێبوردنیان بۆ بکەی، یان داوای لێبوردنیان بۆ نەکەی، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿أَسۡتَغۡفَرۡتَ لَهُمۡ﴾، ئەم پرسیارکردنە، پرسیارکردنی مەجازییەو مەبەست پێی بایەخ و گرنگیی پێنەدرانیانە لە هەردوو حاڵاندا.

٢٤)- ﴿لَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَهُمۡ﴾ هەرگیز لێیان نابورێ، (**لَنْ: للتَأكِيْد وَالتَأْبِيْد**)، (**لَنْ**) هەم بۆ جەختکردنەوەیە، هەم بۆ بەردەوامیی و کۆتایی) واتە: هەرگیزو بە جەختکردنەوەوە خوا لێیان نابوورێ.

٢٥)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾، بە دڵنیایی خوا کۆمەڵی لادەران ڕاستە ڕێ ناکات و بە ئامانج ناگەیەنێ، هیدایەت لێرەدا بە مانای ڕێ پیشاندان نیە، چونکە خوا ڕێی پیشانی هەموو لایەك داوە.

شایانی باسە: خوا لێرەدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾، (**الفَاسِقِيْن**) کۆی (**فَاسِق**)ە، کە ناوی بکەر (**إِسْم فَاعِل**)ە لە (**فَسَقَ**)، (**فَسَقَ: خَرَجَ**) واتە: دەرچوو، کەواتە: (**فاسِق**) واتە (**خَارِج**)، کەسێك لە ڕێ دەرچوو بێ، خوا بە ئامانجی ناگەیەنێ و ڕاستە ڕێی ناکات، چونکە بە ویستی ئازادانەی خۆی دەرچووە، خوا بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤەکان ویستێکی ئازادی پێداون، دەتوانن چاکی پێ هەڵبژێرن یان خراپی پێ هەڵبژێرن، ئەوانەش بە ویستی خۆیان دەرچوون لە ڕاستە ڕێ، بۆیە خوا بە ئامانجیان ناگەیەنێ.

پێویستە بزانرێ: مونافیقەکان بەلای کەمەوە چوار جۆر بوون:

١- کەسێك ئیمانێك لە دڵیدا بریقەی داوەو خەریك بووە بڕوا بێنێ، بەڵام دوایی بڕوای نەهێناوە.

٢- ئەوانە بوون کە ئیمانێکیان ڕواڵەتیی و ڕووکەشیان هێناوە، دوایی دەوروبەرو خەڵك و خزم سەرکۆنەیان کردوون و، بێبڕوا بوون هەڵگەڕاونەتەوە.

٣- ئەوانە بوون کە بە درۆ خۆیان بە بڕوادار پێشان داوە، کە بە زۆریی مونافیقەکان ئاوا بوون.

٤- هەندێکی دیکەشیان بوون، کە ئیمانێکی ڕووکەشیان هێناوەو، پێیان وابووە بەس ئەوە ئیمانە، وەك عەڕەبە خێڵەکییەکان، ئەمانە مەگەر بە مەجاز پێیان بگوترێ: مونافیق، ئەگەرنا هەر پێیان دەگوترێ: ئیمانداری سەتحیی و ڕووکەشیی، چونکە نەیانویستوە درۆ بکەن و خەڵك هەڵخەڵەتێنن و، وایانزانیوە ئیمان هەر ئەوەندەیە.

لەوبارەوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ لَوَّوْا رُءُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ﴾، ئەم دەقە دێنین: (قِيلَ لِعَبْدِ اللَّهِ بْنِ أُبَيٍّ ابْنُ سَلُولَ: يَا أَبَا حُبَابٍ! إِنَّهُ قَدْ أُنْزِلَ فِيكَ آيٌ شِدَادٌ، فَاذْهَبْ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ يَسْتَغْفِرْ لَكَ، فَلَوَى رَأْسَهُ وَقَالَ: أَمَرْتُمُونِي أَنْ أُومِنَ فَآمَنْتُ، وَأَمَرْتُمُونِي أَنْ أُعْطِيَ زَكَاةَ مَالِي فَأَعْطَيْتُ، فَمَا بَقِيَ إِلَّا أَنْ أَسْجُدَ لِمُحَمَّدٍ)، (أخرجه الطبري: ٣٤٢٥١)، واتە: بە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول گوترا: ئەی ئەبوو حوباب (ئەوە کونیەکەی بووە) چەند ئایەتێکی توندت لە بارەوە هاتووونە خوارێ، بچۆ بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێبوردنت بۆ بکات، ئەویش سەری باداو گوتی: فەرمانتان پێکردم (و پێتان گوتم): بڕوا بهێنم (بە موحەممەد ﷺ) بڕوام پێهێنا، دوایی پێتان گوتم: زەکاتی ماڵەکەشت بدە زەکاتەکەشم دا، هەر ئەوە ماوەتەوە کڕنووش بۆ موحەممەد بەرم، (سەری باداو ڕووی وەرگێڕا).

مەسەلەی دووەم:

خستنەڕووی دوو پیلانی مونافیقەکان لە دژی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی خوا لێیان ڕازی بێ، پیلانی یەکەم: هاوکاریی نەکردنیان تاکو هاوەڵان لە دەوری پێغەمبەری خوا ﷺ بپرژێن و بڵاوەی لێ بکەن، پیلانی دووەم: دەرکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی خوا لێیان ڕازی بێ لە شار، کە دوو پیلانی گڵاو بوون، بەڵام لە ڕاستییدا دوو خەیاڵ پڵاو بوون:

خوا دەفەرموێ: ﴿ هُمُ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ لَا تُنفِقُواْ عَلَىٰ مَنْ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ حَتَّىٰ يَنفَضُّواْۗ وَلِلَّهِ خَزَآئِنُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَا يَفۡقَهُونَ ⁽٧⁾ يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعۡنَآ إِلَى ٱلۡمَدِينَةِ لَيُخۡرِجَنَّ ٱلۡأَعَزُّ مِنۡهَا ٱلۡأَذَلَّۚ وَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ⁽٨⁾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ هُمُ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ لَا تُنفِقُواْ عَلَىٰ مَنْ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ ﴾، ئەوان کەسانێکن دەڵێن: هاوکاریی ئەوانەی لای پێغەمبەری خوا مەکەن، خوا ﷻ لێرەدا هەڵوێستێکی دیکەی مونافیقەکان، دەخاتە ڕوو کە زیاتر پەردە لەسەر ناخی پیس و پۆخڵیان، لادەدات، دەفەرموێ: ئەوان ئەو کەسانە بوون، دەیانگووت، واتە: پێشتر گوتوویانە، بەڵام لێرەدا خوا ﷻ بە کرداری (**مضارع**) دەیهێنێ، بۆ ئەوەی ئێستا دیمەنەکە بخاتە پێش چاو، ﴿ لَا تُنفِقُواْ عَلَىٰ مَنْ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ ﴾، خەرجیی ئەوانە مەکێشن کە لە لای پێغەمبەری خوان، هاوکارییان مەکەن لە ڕووی ماددییەوە.

٢)- ﴿ حَتَّىٰ يَنفَضُّواْ ﴾، هەتا دەپرژێن و بڵاودەبن، (**حَتَّى: لِبُلُوغ الغَايَة**) وەك: (**أَكَلْتُ السَّمَكَةَ حَتَّى رَأْسَهَا**)، ماسییەکەم خوارد تاکو سەرەکەیشی، بەڵام لێرەدا (**حَتَّى: مُسْتَعْمَلَةٌ فِي التَعْلِيل**)، (**حتى**) بۆ هۆکار هێنانەوە بەکارهاتوە، یانی: ئەوانەی لە دەوری پێغەمبەری خوان ﷺ هاوکاریی ماددییان مەکەن، بۆ ئەوەی بپرژێن بڵاوببنەوە، (**الإنْفِضَاض: التَفَرُّق**

وَالإِبْتِعَاد، فَضَّه: فرَّقه)، (**إنفضاضْ**) پرژان و دوورکەوتنەوەیە (**فضَّهُ**) بڵاوی کرد، (**فَضَّهُ فَانْفَضَّ**)، واتە پرژاندی پرژا، یان بڵاوی کرد بڵاوبۆوە، ﴿حَتَّىٰ يَنفَضُّوا﴾، هەتا دەپرژێن و بڵاوەی لێ دەکەن.

وەك پێشتریش گوتمان ئەو قسەیە سێ ڕووی هەن:

أ- ڕوویەکیان بریتیە لەوە کە ئاگایان لە پێغەمبەری خوا ﷺ بێ، باری شاری قورس نەکەن و ئەرکی زۆری نەخەنە سەر شان، بۆیە با ئەوانەی لە دەوورینی و پێغەمبەری خوایان سەغڵەت کردوە، ئەرکی سەرشانیان قورس کردوە، با ئەوانە لە دەوری پێغەمبەری خوا ﷺ بکەینەوە، تاکو ئیسراحەت بکات.

ب- با ئەوانەی لێی کۆبوونەوە، بڵاوەی لێ بکەن، ئنجا بە خۆراك و شمەك هاوکاریی بکەن تاکو بەشیان بکات.

ج- هاوکارییان مەکەن تاکو ئەو خەڵکە لە دەوری بپرژێ و نەمێنێ، ئەو کاتە ئەگەر ئیمام ئۆممەتی لەگەڵ نەما، بە ئاسانیی زەفەری پێ دەبردرێ.

بێگومانیش بەپێی ڕەوت و کەشی ئایەتەکان هەر مانای سێیەم مەبەستە.

٣)- ﴿وَلِلَّهِ خَزَائِنُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾، عەمبارەکانی ئاسمانەکان و زەوی هی خوان، (**خَزائِن**) کۆی (**خِزَانَة**)یە، (**الخِزَانَة: الْبَيْتُ الَّذِي يُخَزَّنُ فِيهِ الطَّعَامُ، وَتُطْلَقُ عَلَى الصُّنْدُوقِ الْكَبِيرِ**)، (**خِزَانَة**): بە ژوورێك دەگوترێ خواردن و ئازووقەی تێدا دادەنرێ، هەروەها بە سندووقێکی گەورەش دەگوترێ، کە شتی تێدا هەڵدەگیرێ، عەمبارەکانی ئاسمانەکان و زەوی هی خوان.

٤)- ﴿وَلَٰكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ﴾، بەڵام مونافیقەکان تێناگەن، واتە: تێناگەن کە عەمبارەکانی هەموو شتەکان هی خوای پەروەردگارن.

پیلانێکی دیکەیان:

٥)- ﴿ يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَآ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ ﴾، دەڵێن: ئەگەر گەڕاینەوە بۆ شار، دەبێ ئەوەی باڵادەستترە، ئەوەی زەبوونترە دەربکات.

﴿ لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ ﴾، (الأَعَزُّ: الطَّرَفُ الأَقْوَى الَّذِي لَا يُغْلَبُ وَلَا يُقْهَر، وَالأذلُّ: الطَّرَفُ الأَضْعَف)، (الأَعَزُّ) ئەو لایەی بەهێزترەو تێناشکێ، کەس ناتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ، (الأَذَلّ)یش بە پێچەوانەوە: ئەو لایەی بێهێزترە، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول، خۆی و دەغەڵەکانی دەوروبەری بە لایەنی بەهێز داناون و، پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی بەلایەنی بێهێز داناون!

٦)- ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ ﴾، عیززەت و باڵادەستیی هەمووی هی خوایەو، هی پێغەمبەرەکەیەتی و، هی بڕوادارانە.

٧)- ﴿ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، بەڵام مونافیقەکان نازانن.

کەواتە: ئەگەر یەکێك لە دوو تەرەفەکان، مسۆگەر لایەکیان دەربکات، بێگومان تەرەفی بێهێزو زەبوون، تەرەفی مونافیق و دەغەڵەکانە، چونکە تەرەفەکەی دیکە خوای پەروەردگاری لەگەڵدایە، کە خاوەنی هەموو عیززەتە: ﴿ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعًا ﴿١٠﴾ ﴾فاطر، ئنجا پێغەمبەری خواش ﷺ بەهۆی بەهێزکردنی خواوە، هەر بەهێزەو، بڕوادارانیش پشتیان بەخوا قایمەو بەهێزن.

کەواتە: ئەگەر وابێ کە دوو تەرەف لە شارێك دا، یەکێکیان ئەوی دیکە دەربکات و بەهێزە کە بێهێزەکە دەربکات، لایەنی بەهێز هی بڕوادارانە، کە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ دان و، پشتیان بە خوا ﷻ بەهێزە.

بۆ ئەوەی پێشێ، خوا فەرمووی: ﴿ وَلِلَّهِ خَزَآئِنُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ ﴿٧﴾ ﴾، عەمبارەکانی ئاسمانەکان و زەوی هی خوان، بەڵام مونافیقەکان تێناگەن، بەڵام لێرەدا فەرمووی: ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨﴾ ﴾، عیززەت هەمووی هی خواو پێغەمبەرەکەی و هی

بڕوادارانـە، بـەڵام موونافیقـەکان نازانـن، هـی پێشـێ بۆیـە لابردنـی فیقهـی لێکـردن و فەرمـووی ورد تێگەیشـتنیان نیـە، چونکـە ئـەوە کـە عەمبـارەکان ئاسـمانەکان و زەوی هەموویـان لەبەردەسـتی خـوا دان، شـتێکە پێویسـتیی بـە ورد تێگەیشـتن و رامـان دەکات، بۆیـە فەرمـووی: ﴿لَا يَفْقَهُونَ﴾، ئەگـەر ورد تێگەیشـتنیان هەبووایە، دەیانزانـی کـە خـوا خاوەنـی هەمـوو شـتێکە.

بـەڵام ئـەوەی دیکـە بۆیـە فەرموویەتـی: ﴿لَا يَعْلَمُونَ﴾، چونکـە ئـەوە کـە خـواو پێغەمبـەری خـوا ﷺ و بـڕواداران لایەنـی بەهێزتـر بـوون، شـتێکی زانـراو (**معلـوم**) بـووە:

أ- لە جەنگی بەدردا، لووتی قوڕەیشیان شکاند، قوڕەیشی هاوبەش بۆ خوا دانەرو کافر.

ب- پاشان لە جەنگی ئوحوددا، بەڵێ شکستیان خوارد، بەڵام هەر ساڵی دوای ئەوە بۆ کافرەکان چوونەوە مەیدان، لە (**حَمْرَاءُ الأَسَد**) کە (**بَدْرُ الصَّغرى**)یشی پێ دەڵێن، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون لەگەڵیان دا ڕووبەڕوو ببنەوە.

ج- هەروەها جەنگی ئەحزابیش ڕوویداو کافرەکان هیچیان پێ نەکرا. ئنجا جەنگی (**بنو المصطلق**)یش لە سەرئاوی (**المريسيع**)و لە ساڵی حەوتەمی کۆچییدا بووە، کە کۆمەڵێك جەنگ و ڕووداویش لە پێش ئەوەدا، ڕابردوون، کەواتە: ئەوە کە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ و بڕواداران، لایەنی بەهێزترن، شتێکی ڕوون و زانراو بووەو، بەس تۆزێك زانیارییان هەبێ دەرکی ئەوە دەکەن و دەیزانن، بۆیە خوا فەرموویەتی نازانن، واتە: هیچ زانیارییان نیە، ئەگەرنا شتەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، کە لایەنی بەهێزتر کێیە؟!

هەرچەنـدە ئێمـە لـە هـۆی هاتنەخـوارو، دواییـش لـە کاتی خسـتنەڕووی جەنگـی (**بنـي الْمُصْطَلِـقِ**)دا، تیشـکی باشـمان خستەسـەر بارودۆخێـك کـە عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی کـوڕی سـەلوول و هاوکارەکانـی ئـەو قسـانەیان تێـدا کـردوون و، ئـەو دوو پیلانەیـان تێیـدا بـە دەسـتەوە بـوون، لـە دژی پێغەمبـەری خـوا ﷺ و هـاوەڵانی، بـەڵام ئـەم دەقـەش لـەو بـارەوە دێنیـن:

{عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﵄، قَالَ: «كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ ﷺ فِي غَزَاةٍ، قَالَ سُفْيَانُ: يَرَوْنَ أَنَّهَا غَزْوَةُ بَنِي الْمُصْطَلِقِ، فَكَسَعَ رَجُلٌ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ رَجُلًا مِنَ الْأَنْصَارِ، فَقَالَ الْمُهَاجِرِيُّ: يَا لَلمُهَاجِرِينَ! وَقَالَ الأَنْصَارِيّ: يَا لَلأَنْصَارِ! فَسَمِعَ ذَلِكَ النَّبِيُّ ﷺ فَقَالَ: «مَا بَال دَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ»؟ قَالُوا: رَجُلٌ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ كَسَعَ رَجُلًا مِنَ الْأَنْصَارِ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «دَعُوهَا فَإِنَّهَا مُنْتِنَةٌ»، فَسَمِعَ ذَلِكَ عَبْدُ الله بن أبيّ فقال: وقد فَعَلُوهَا، وَاللَّهِ لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الأَعَزُّ مِنْهَا الأَذَلَّ، فَبَلَغَ ذَلِكَ النَّبِيَّ ﷺ، فَقَامَ عُمَرُ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ دَعْنِي أَضْرِبْ عُنُقَ هَذَا الْمُنَافِقِ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «دَعْهُ، لَا يَتَحَدَّثُ النَّاسُ أَنَّ مُحَمَّدًا يَقْتُلُ أَصْحَابَهُ» زَادَ التِّرْمِذِيُّ: «فَقَالَ لَهُ ابْنُهُ عَبْدُ اللَّهِ، وَاللَّهُ لاَ تَنْفَلِتُ حَتَّى تُقِرَّ أَنَّكَ الذَّلِيلُ، وَرَسُول الله العَزِيز، فَفَعَلَ»} (أخرجه البخاري: ٤٩٠٥ ، ٤٩٠٧، ومسلم: ٢٥٨٤، والترمذي: ٣٣١٥، والنسائي: ٧١٩).

واتە: جابیری کوڕی عەبدوڵلا ﵄ دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئێمە لە جەنگێکدا لە خزمەت پێغەمبەردا بووین، سوفیان (یەکێکە لە ڕاوییەکان) دەڵێ: پێیان وابوو جەنگی (بني الْمُصْطَلِقِ) بووە، پیاوێك لە کۆچکەرەکان شەقێکی لە پیاوێك لە پشتیوانەکان هەڵدا، بابای کۆچکەر هاواری کرد: ئەی کۆچکەران! پشتیوانەکەش هاواری کرد: ئەی پشتیوانان! (واتە: هەر کامێکیان هاواری دەکردە خەڵکەکەی خۆی)، پێغەمبەری خواش ﷺ ئەوەی بیست و فەرمووی: بۆچی بانگەشەی نەفامیی دەکەن؟ گوتیان: پیاوێك لە کۆچکەران شەقێکی لە پیاوێك لە پشتیوانەکان هەڵداوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: وازی لێ بێنن (لەو بانگەشەی نەفامییە) ئەوە بۆگەنە، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول کە ئەوەی بیست، گوتی: ئاوایان کرد! بە خوا ئەگەر گەڕاینەوە بۆ شار، دەبێ بەهێزتر، بێهێزتر دەربکات، ئەوەش بە پێغەمبەر ﷺ گەیشتەوە، عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) هەڵسا گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! لێمگەڕێ با لە گەردنی ئەو مونافیقە بدەم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: لێی گەڕێ با خەڵك نەڵێ: موحەممەد ﷺ هاوەڵانی دەکوژێ، (چووزانن ئەوە مونافیق و

دەغەڵە، پێیان وایە ئەوە هاوەڵە، بە ڕواڵەت مسوڵمانە)، **(الترمذي)** ئەوەشی زیاد کردوە، کە عەبدوڵڵای کوڕی، (واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی)، لە تەنگەبەرێك ڕێی گرت (چووە پێشیەوە کە دەگەڕانەوە بۆ مەدینە، لە تەنگەبەرێك ڕاوەستاو) سوێندی خوارد گوتی: نابێ دەربچی، تاکو دان بەوەدا نەهێنی کە تۆ زەبوونی و پێغەمبەری خوا بەهێزە، ئەویش گوتی، (ئنجا لێیگەڕا بچێتەوە نێو شار، بۆ ئەوەی بزانێ ئەوەی خوا فەرموویەتی وایە، باڵادەستیی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی و بڕوادارانە).

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسـە لە سـێ ئایەتی کۆتایی پێکهاتوە، ئایەتەکانی: (٩ - ١١)، تەوەرەکەشیان باسـی سـامان و مـاڵ بەخشـینە لـە ڕێـی خـوادا، خـوا فەرمـان بـە بـڕواداران دەکات، کـە سـامان و ڕۆڵەکانیـان لـە یـادی خـوا بێئاگایـان نەکـەن و، ببەخشـن بـەر لـەوەی مـەرگ یەخەیـان پـێ بگـرێ و داوای مۆڵـەت بکـەن، دوابخرێـن و، بەپێـی سیسـتمی خـواش، مردنـی هیـچ کـەس دواناخـرێ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُلۡهِكُمۡ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿٩﴾ وَأَنفِقُواْ مِن مَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوۡلَآ أَخَّرۡتَنِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠﴾ وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَاۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١١﴾ ﴾.

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! بـا سـامانەکانتان و ڕۆڵەکانتـان (نەتانخافڵێنـن و) لـە یـادی خـوا بێئاگاتـان نەکـەن، هـەر کەسـێکیش ئـەوە بـکات، ئـا ئەوانـەن زیانبـاران ﴿٩﴾ لـەوەش کـە پێمان داون ببەخشـن، بەرلـەوەی یەکێکتـان مردنـی بـۆ بـێ، ئنجـا بڵـێ: پـەروەردگارم! خۆزگـە بـۆ ماوەیەکـی نزیـك دوات خسـتبام، تاکـو (مـاڵ و سـامانم) ببەخشـم و لـە چـاکان بـم ﴿١٠﴾ هەرگیزیـش خـوا (مردنـی) هیـچ کـەس دواناخـات، هـەر کات کاتـی دیارییکـراوی هـات، خـواش شـارەزای ئەوەیـە کـە دەیکـەن ﴿١١﴾}.

شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(لَا تُلۡهِكُمۡ): نەتانخافڵێنێ، بێئاگاتان نەكات، (**اللَّهْوُ: ما يَشْغلُ الإنْسَانَ عَمَّا يَعْنيه ويُهِمُّهُ، يقال: لَهَوْتُ بِكَذَا وَلَهَيْتُ عَنْ كَذَا**)، (**لَهْو**): بریتیە لە هەر شتێك كە مرۆڤ دەخافڵێنێ لە شتێك كە مەبەستیەتی و بەلایەوە گرنگە، دەگوترێ: (**لَهَوْتُ بِكَذَا**) بە فلان شتەوە خافڵام، (**لَهَيْتُ عَنْ كَذَا**) ناگام لە فلان شتە نەما.

(أَجَلٖ قَرِيبٖ): (**الأَجَلُ: المُدَّةُ المَضْرُوبَة للشَّيء**)، (أجل): بریتیە لە ماوەیەكی دیاریكراو بۆ شتێك، كاتێكی دیاریكراوی نزیك.

(**دُنُوُّ الأَجَل: عِبَارَةٌ عَن دنوّ المَوْتِ، وَأَصْلُهُ اسْتِيفَاءُ الأَجَلِ، أَي: مُدَّةُ الحَيَاةِ**)، دەگوترێ: (**دَنَا أَجَلُهُ**) واتە: ئەجەلەكەی نزیك بۆوە، كە بریتیە لە نزیككەوتنەوەی مردن و، لە بنچینەدا بریتیە لە تەواوكردنی ئەجەل، تەواوكردنی كات و ماوەی ژیان.

(فَأَصَّدَّقَ): (**الصَّدَقَةُ: مَا يُخْرِجُهُ الإنْسَان مِنْ مَالِه عَلَى وَجْهِ القُرْبَةِ كَالزَّكَاة، لَكِن الصَّدَقَة فِي الأَصْلِ تُقَالُ للمتطوّع بِهِ، وَزَكَاتُهُ للوَاجِب، وَقَدْ يُسَمَّى الوَاجِبُ صَدَقَة إذَا تَحرَّى صَاحِبهَا الصِّدْقَ فِي فِعْلِه**)، (صَدَقَة): بریتیە لەو ماڵەی مرۆڤ دەری دەكات لە ماڵ و سامانی خۆی، كە مەبەستی پێ لە خوا نیزیك بوونەوە وەك زەكات، بەڵام صەدەقە زیاتر بۆ ماڵێك بەكاردەهێنرێ كە خۆبەخشانە ببەخشرێ، بەڵام زەكات بۆ شتێكە كە فەرز بێ، جاری واش هەیە زەكاتیش كە فەرزە بە صەدەقە ناو دەبرێ، ئەگەر خاوەنەكەی لەڕاستیی خەفتا، لە ئەنجامدانی، ئەو زەكاتدان و ماڵ بەخشینەدا.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ لـە هەشـت ئایەتـی یەکەمـدا باسـی مونافیـق دڵنەخـۆش و دەغەڵەکانـی کـرد، لـە میانـی بیسـت (٢٠) لـە خەسـڵەت و خـوو ڕەفتـارو ئـاکارە خـراپ و موخەننەتەکانیانـداو، تیشـکی خسـتە سـەریان، ئنجـا خـوا ڕوو دەکاتـە بـڕواداران و دەفەرمـوێ:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! ﴿ لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَـٰدُكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ ﴾، بـا سـامانەکانتان و منداڵەکانتـان لـە یـادی خـوا نەتانخافڵێنـن و بێئاگاتـان نەکـەن.

﴿ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَـٰسِرُونَ ﴾، هەرکەسـێکیش ئـەوە بـکات، ئـا ئەوانـەن زیانبـاران، زیانبـاری ڕاسـتەقینە ئەوانـەن کـە لەبـەر مـاڵ و سـامان کۆکردنـەوە، یـان لەبـەر خزمەتـی منـداڵ و ڕۆڵـەکان، ئاگایـان لـە یـادی خـوا نەمێنێ، ئنجـا یـادی خـوا ﷻ بـەس گوتنـی: (**سبحان الله، الحمدلله، لا إله إلا الله، الله أكبر، أستغفرالله**) نیـە، یـادی خـوا هـەر شـتێکە، هـەر قسـەو کردارێکـە کـە پەیوەندیـی بـە خـواوە هەیـە، نوێـژ یـادی خوایـە، ڕۆژوو گرتـن یـادی خوایـە، مـاڵ بەخشـین یـادی خوایـە، تێکۆشـان لـە پێنـاوی خـوادا، یـادی خوایـە، فەرمـان بـە چاکـەو نەهـی لـە خراپـە، پەیوەندیـی خزمایەتیـی گەیانـدن و ...هتـد، هەمـوو ئەوانـە یـادی خـوان، هـەر شـتێك پەیوەندیـی بـە خـواوە هەبـێ و شـەریعەتی خـوا فەرمانـی پێکردبـێ، یـادی خوایـە.

﴿ وَأَنفِقُواْ مِن مَّا رَزَقْنَـٰكُم ﴾، لـەوەی کردوومانـە بـە بژیـو بـۆ ئێـوەو پێمانـداون ببەخشـن، ﴿ مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ ﴾، بەرلـەوەی یەکێکتـان مردنـی بـۆ بـێ، ﴿ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَآ أَخَّرْتَنِىٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ ﴾، ئنجـا بڵـێ: پـەروەردگارم! دەبووایـە دوام بخـەی، خۆزگـە دوات دەخسـتم بـۆ کاتێکـی نیزیـك، ﴿ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ

ﭐلصَّـٰلِحِينَ ﴾، ئـەو کاتـەش مـاڵ بەخشـین دەکـەم و لـە چـاکان دەبـم (ئەگـەر دوام بخـەی).

﴿ وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَا ﴾، هەرگیزیـش خـوا هەرکەسـێك کاتی مـردنی دێ، دوای ناخـات، (**وَلَـنْ يُؤَخِّـرَ اللـه أَجَـلَ نَفْـسٍ إِذَا جَـاءَ أَجَلُهَـا**)، هەرگیزیـش خـوا ئەجـەلی هیـچ کەسـێك دواناخـات، کاتێـك دێ.

﴿ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾، خـواش شـارەزایە بـەوەی دەیکـەن، کەواتـە: بزانـن چـی دەکـەن و چـۆن دەکـەن و ئاگاتـان لـێ بـێ، تاکـو لـە سـەرەمەرگدا پەشـێمان نەبنـەوە، چونکـە لەسـەرە مـەرگ دا پەشـێمانیی دادی هیـچ کـەس نـادات.

مەسەلە گرنگەکان

لە یەك مەسەلەدا کورتی دەکەینەوە:

ئامۆژگارییکردنی خوا بۆ بڕواداران، کە سامان و منداڵیان لە یادی خوا نەیانخافڵێنێ، ئەگەرنا زیانبار دەبن و، لەوەی پێیداون ببەخشن، بەر لەوەی مردنیان بگاتە سەرو، داوای دواخستنی مردن بکەن، خواش هەرکەس ئەجەلی هات، دوای ناخات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٩﴾ وَأَنفِقُواْ مِن مَّا رَزَقْنَٰكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَآ أَخَّرْتَنِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠﴾ وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَا ۚ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە (بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنن) با سامانەکانتان و ڕۆڵەکانتان لە یادی خوا نەتانخافڵێنن، (لا تُلهِكُم) (لَا) ڕێگرە (نَاهِيَة)یە ،بۆیە کردارەکەی جەزم کردوەو بۆ ڕێگالێ گرتنە، با نەتانخافڵێنێ و بێئاگاتان! (الإِلْتِهَاء: **الإِنْشِغَال وَالسَّهُو**): (إلتهاء): بریتیە لە سەرقاڵ بوون و خافڵان و بێ ئاگا بوون.

خـوا ﷻ بۆیـە مـاڵ و سـامانی پێـش منـداڵان خسـتوە، چونکـە خەڵـك زیاتـر بـە مـاڵ و سـامانەوە سـەرقاڵ دەبـێ، تاکـو منـداڵان، بەڵـێ مـاڵ و سـامانەکەش ئامـرازە بـۆ خزمەتـی منـداڵ و مـاڵ و خێـزان، بـەڵام خەڵـك بـە گشـتیی وایـەو کاتـی زیاتـر تەرخـان دەکات بـۆ کۆکردنـەوەو پەیداکردنـی مـاڵ و سـامان، بۆیـە خـوا ﷻ ئـەوی پێشـتر داناوە.

کە دەشفەرموێ: با بێئاگاتان نەکات، مەبەست ئەوە نیە کە سەرقاڵ مەبن بە کارو کاسبییەوەو، بە پەیداکردنی ماڵ و سامان و بژیوی حەڵاڵەوە، چونکە لە شوێنی دیکەدا خوا فەرمانی بەوە پێکردووین، بەڵکو مەبەست ماڵ و سامانێك و منداڵ و ڕۆڵانێکن کە مرۆڤ بێئاگا دەکەن لە یادی خواو لە یادی خوا لایدەدەن، ئا ئەوە خراپە، ئەگەرنا ماڵ و سامان خوا ناوی لێناوە بەخششی خوا (**فضل الله**)، فەرمانیشی کردووە بەپەیداکردنی: ﴿ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ وَٱبْتَغُواْ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ وَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٠﴾ ﴾ **الجمعة**.

هەروەها ناوی لێناوە: (**خير**): ﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا ٱلْوَصِيَّةُ ﴿١٨٠﴾ ﴾ **البقرة**، واتە: هەرکات یەکێك لە ئێوە مردنی گەیشتە سەر ئەگەر خێرێکی بەجێهێشت (ماڵ و سامانی ناو لێناوە (**خير**)) وەسیەتکردنی لەسەر پێویستە.

٢)- ﴿ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴾، هەر کەسێکیش وابکات، ئا ئەوانەن زیانباران، (**ذَلِك**) ئاماژەیە بۆ خافڵان (**لَهُو**)، خافڵان لە یادی خوا بەهۆی سامان و منداڵانەوە، ﴿ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ﴾، واتە (**وَمَنْ يَفْعَل ذَلِكَ الإِلْتِهَاء والإِنْشِغَال بِسَبَب الأَمْوَال وَالأَوْلَاد**)، هەر کەسێك ئەو خافڵان و بێئاگاییەی ئەنجام دا، بەهۆی ماڵ و سامان و منداڵانەوە، ئا ئەوانەن زیانباران.

٣)- ﴿ وَأَنفِقُواْ مِن مَّا رَزَقْنَٰكُم ﴾، هەروەها لەوەی پێمان داون، ببەخشن، خەرج بکەن.

٤)- ﴿ مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ ﴾، بەر لەوەی یەکێکتان مردنی بۆ بێ، لێرەدا مردن وا وێنا کراوە کە دێ، کە لە ڕاستییدا مرۆڤ بەرەو مردن دەچێ، بەڵام خوا ﷻ بۆ ئەوەی باش دیمەنەکەمان بخاتە بەرچاو، وای وێنا کردوە کە دانیشتووی و مردن بۆ تۆ دێ، ئەگەرنا مرۆڤە بەرەو مردن دەچێ، چ بەهۆی تەمەنەوە بێ، چ بەهۆی بەڵاو ئەو شتانەوە کە دەبنە هۆکاری مردن.

٥)- ﴿ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَآ أَخَّرْتَنِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ ﴾، ئنجا بڵێ: پەروەردگارم! خۆزگە دوات دەخستم بۆ ماوەیەکی نزیك، (**لَوْلَا: حَرْفُ تَحْضِيْض، وَيُسْتَعْمَلُ للعَرْضِ وَالتَّوْبِيْخِ وَالتَّنْدِيْمِ وَالتَّمَنِّيْ، وَحَقُّ الفِعْلِ بَعْدَهَا أَنْ يَكُونَ مُضَارِعَاً، وَجَاء هُنَا مَاضِيَاً لتَأْكِيْد إيْقَاعِهِ عَن دُعَاء الدَّاعِي، حَتَّى كَأَنَّهُ تَحَقَّقَ**)، (**لولا**): پیتی هاندانە و (مانایەکەی بەپێی شوێنەکان دەگۆڕێ) بە مانای پێشنیارکردن و، بە مانای سەرزەنشت و، بە مانای پەشێمان کردنەوەو، بە مانای خۆزگە خواستن، دێ (دەگونجێ لێرەدا بە مانای پێشنیار بێ، بۆ خوا، پەروەردگارم! ئەگەر دوام بخەی، دەشگونجێ بە مانای خۆزگە بێ، خۆزگە پەروەرگارم دوات خسبامایە بۆ کاتێکی نزیك) ئەو کردارەی لە دوای ئەوەوە دێ، دەبێ (**مضارع**) بێ، (کە لێرەدا دەفەرموێ: (**لَوْلَا أَخَّرتني**) دەبووایە فەرمووبای: (**لَوْلَا تُؤَخِّرني**)، بەڵام بە ڕابردوو هێناویەتی، بۆ جەختکردنەوەی ئەوەی وەك پاڕانەوەو داوای داواکەرەکە ڕوویدابێ و هاتبێتە دی.

٦)- ﴿ فَأَصَّدَّقَ ﴾، ئنجا چاکەو بەخشین بکەم، (**فأَصَّدق: مَنْصُوبٌ عَلَى إضْمَار «أَن» المَصْدَرِيَّة، إضْمَارَاً وَاجِبَاً فِي جَوَابِ الطَّلَب**)، (**أَصَّدَّق**) مەنصووب بووە بە پەنهانکردنی (**أن**)ێك کە بۆ چاوگەو، واجبە ئەو (**أن**)ە دەرنەخرێ، واتە: (**أن أتَصَدَّقَ**)، کە من خێرو چاکەو ماڵم ببەخشم.

٧)- ﴿ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾، هەروەها لە چاکانیش بم، یانی: ئەو کاتە لە چاکان بم، ئێستا خراپ بووم بەهۆی ماڵ نەبەخشینەوە، بەڵام ئەگەر دوام بخەی، ماڵ و سامانی خۆم دەبەخشم و لە چاکانیش دەبم.

٨)- ﴿ وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَا ﴾، (خواش ﷻ دەفەرموێ:) هەرگیزیش خوا ﷻ نەفسێك دواناخات (لە مەرگ و مردن) هەر کاتێك کاتی مردنی هات، (**أي: لَن يُؤَخِّر الله نَفْسَاً عَنِ المَوْتِ**) خوا هیچ نەفسێك لە مردنەکەی دواناخات، هەر کاتێك کاتی مردنی هات.

وشەی: ﴿ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾، زۆربەیان هەر بە جەزم خوێندوویانەتەوە، بەڵام (**أبو عمرو**) کە یەکێکە لە حەوت قورئانخوێنەکان بە (**وَأَكُونَ مِنَ الصَّالِحِيْن**) خوێندوویەتەوە.

٩)- ﴿ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴾، (خوێندراویشەتەوە: (بِمَا يَعْمَلُون)) خواش شارەزای ئەوەیە کە ئێوە دەیکەن، یاخود: خواش شارەزای ئەوەیە کە ئەوان دەیکەن.

کورتەی مەبەستی ئەم سێ ئایەتە موبارەکە، ئەوەیە کە خوا ﷻ ڕوو لە بڕواداران دەکات، چونکە لە باسی مونافیق و دەغەڵەکاندا باسی ئەوە کرا کە گوتوویانە: ماڵ و سامان مەبەخشن بەوانی لە دەوری پێغەمبەری خوان، تاکو بپرژێن و بڵاوەی لێ بکەن، هەروەها مونافیقەکان بە زۆریی کە ئەو دەغەڵیی و موخەننەتییەیان دەکرد، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و خزمەتکردنی ماڵ و منداڵیان بوو، بۆیە خوا ﷻ لە کۆتایی دا ڕووی لە بڕواداران کرد: با ماڵ و سامانتان و منداڵەکانتان لە یادی خوا بێئاگاتان نەکەن، هەر کەسێك وابکات، ئەوە لە زیانبارانە، زیانبارانی ڕاستەقینە هەر ئەوانن، هەروەها لەوەی پێمان داون، ببەخشن، بەر لەوەی یەکێکتان مردنی بۆ بێ، ئنجا لە سەرەمەرگدا خۆزگە بخوازێ و داوا لە خوا بکات و پێشنیار بکات: کە ئەگەر بۆ ماوەیەکی نزیك، واتە: زۆریشم دوا نەخەی، تۆزێك دەرفەتێکم بدەیە، ماڵ و سامانی خۆم، دەبەخشم و لە چاکان دەبم، بەڵام خوا هەرگیز نەفسێك کە کاتی مردنی دێ، دوای ناخات و، بەپێی سیستمێك کە دایناوە، هەر کەسە، دەبێ لە کاتی خۆیدا بمرێ و گیان بسپێرێ، کەواتە: ئێوە بەرلەوەی مردنتان بگاتە سەر، خەمی خۆتان بخۆن.

کورتە باسێک دەربارەی نیفاق و مونافیقان[1]

ئەم کورتە باسە لە پێنج بڕگەدا دەخەینە ڕوو:

بڕگەی یەکەم: پێناسەی نیفاق و مونافیقان.

بڕگەی دووەم: پانتایی تەرخانکراو لە قورئاندا بۆ باسی مونافیقان.

بڕگەی سێیەم: (١٠٧) خەسڵەت و هەڵوێستی مونافیقان لە قورئاندا.

بڕگەی چوارەم: شەش سەرنج لە بارەی نیفاق و مونافیقانەوە.

بڕگەی پێنجەم و کۆتایی: چوار مەرجی سەرەکیی بۆ تۆبەکردنی مونافیقان.

بڕگەی یەکەم: پێناسەی نیفاق و مونافیقان:

پێشتریش هەر باسمان کرد، وشەی نیفاق لە بنچینەدا، لە وشەی (نَفَق)ەوە هاتوە، (**النَّفَق: هُوَ السِّرْدَابُ تَحْتَ الأَرْضِ أو الجبل لَهُ مَدْخَلٌ وَمَخْرَجٌ**)[2]، (نَفَق): کونێکە لە ژێر زەوی یان لە چیادا، چوونە نێوێکی هەیەو چوونە دەرێکی هەیە.

یاخود وشەی (نِفَاق) لە (نَافِقَاء)ەوە هاتوە: (نَافِقَاء: **جُحَرةُ اليَرْبُوع يَحْفِرُهَا تَحْتَ الأَرْضِ وَيَجْعَلُ لَهَا مَخْرَجَيْنِ، فَفِي أَيِّهِمَا هُجِمَ خَرَجَ مِنَ الأَخَر**)، واتە: (نِفاق) لە (نَافِقَاء)ەوە هاتوە، (نَافِقَاء)یش کونی جرجە، کە لە ژێر زەویدا لێی دەدا، دوو دەرچەی بۆ دروست دەکات، لە هەر کامێکیانەوە هێرشی بۆ براو، پەلامار درا، لەوەی دیکەوە دەردەچێ.

---

(١) ئەم کورتە باسەمان وەرگرتوە لە: (موسوعة: الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله) الكتاب الثاني عشر (الإسلام نظرة سديدة تجاه الناس وتعامل صحيح معهم) ص ٢٨١ - ٣١٢، الطبعة الثانية / ٢٠٢٠م - ١٤٣١هـ.

(٢) المعجم الوسيط، ص٩٤٢.

ئەمە لە ڕووی زمانەوانییەوە.

لـە ڕووی زاراوەی شـەرعییەوە: وشـەی (نِفـاق) ناوێکـە وەك هەندێـك زاراوەی دیکـە، یەکەمجـار ئیسـلام بـەکاری هێنـاوە، هەڵبەتـە پێشـتر ڕەنگـە بووبـێ، بـەڵام بـەو واتـاو چەمکـە شـەرعییەی کـە ئێسـتا باسـی دەکـەم، تەنیـا ئیسـلام بـەکاری هێنـاوە، ئەویـش بریتیـە لـە هەبوونـی کۆمەڵێـك خەڵـك لـە کۆمەڵـگای ئیسـلامییدا، کـە بۆ خۆپاراسـتن، ئیسـلام ئاشـکرا دەکـەن و، کوفـرو بێبڕوایـی لـە دڵ و دەروونیاندا پەنهـان دەکـەن، واتـە: بـە ڕواڵـەت مسـوڵمانن و لەڕاسـتییدا بێبـڕوان، بۆیـە وەك **(المصبـاح المنـیر للفیومـي)**[1] گوتوویەتـی: **(المُنَافِـقُ: هُـوَ الكَافِـرُ الَّـذِي أَظْهَـرَ الإِسْلَامَ كَذِبـاً، وَأَخْفَـى كُفْـرَهُ عَـنِ المُسْلِمِيْنَ)**، مونافیـق ئـەو بێبڕوایەیـە کـە بە درۆ ئیسـلامەتیی پێشـان دەدا، بـەڵام کوفـرو بێبڕواییەکـەی لـە دڵیـدا پەنهانـی کـردوەو دەیشـارێتەوە لـە مسـوڵمانان.

پێغەمبـەری خـواش ﷺ لـە فەرمایشـتێکیدا ئـاوا مونافیـق پێناسـە دەکات و دەفەرمـوێ: **{أَرْبَـعٌ مَـنْ كُـنَّ فِيـهِ كَانَ مُنَافِقـاً خَالِصَـاً، وَمَـنْ كَانَـتْ فِيـهِ خَصْلَـةٌ مِنْهُـنَّ كَانَـتْ فِيـهِ خَصْلَـةٌ مِـنَ النِّفَـاقِ حَتَّـى يَدَعَهَـا: إِذَا حَـدَّثَ كَـذَبَ، وَإِذَا عَاهَـدَ غَـدَرَ، وإِذَا ائْتُمِـنَ خَـانَ، وَإِذَا خَاصَـمَ فَجَـرَ}، (أخرجـه أحمـد: ٦٧٦٨، والبخـاري: ٣٤، ومسـلم: ٥٨)**.

واتـە: چـوار سـیفەت لـە هـەر کەسـێکدا هەبـن، مونافیقێکـی بـێ خلتەیـە، (مونافیقێکـی تـەواو) و هـەر کەسـێك یەکێـك لـەو خەسـڵەت و سـیفەتانەی تێـدا هەبـێ، یەکێـك لـە خەسـڵەت و سـیفەتی مونافیقانـی تێدایـە، تاکـو دەسـتبەرداری دەبـێ، چـوار سـیفەتەکەش ئەوانـەن: هـەر کاتێـك قسـەی کـرد درۆ بـکات و، هـەر کاتێـك بەڵێنیـدا بەڵێنەکـەی بشـکێنێ و، هـەر کاتێـك سـپاردەیەکی پـێ سـپێردرا، ناپاکیـی لـێ بـکات و، هـەر کاتێـك لەگـەڵ کەسـێکدا ناکۆکیـی و دەمەقاڵێیەکـی بـوو، تووشـی گونـاح و تـاوان ببـێ و لـە سـنوور دەربچـێ.

---

(١) ص: ٣١٨.

لێرەدا پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێ: هەر کەسێك ئەو چوار سیفەتەی تێدا بن، مونافیقێکی تەواوە، زانایان لەو بارەوە زۆر قسەیان کردوە:

أ- هەندێکیان گوتوویانە: لێرەدا مەبەست پێی نیفاقی کردەییە، نەك نیفاقی ئیعتیقادیی، واتە: مەرج نیە هەر کەسێك ئەو چوار سیفەتەی تێدابن، بە کافر لە قەڵەم بدرێ، بەڵام لەڕووی کردەوەوە، ڕێك وەك مونافیقانە، نەك لە ڕووی ئیعتیقادو دڵ و دەروونەوە.

ب- هەندێکی دیکە لە زانایان دەڵێن: ئەو چوار سیفەتە لە هەر کەسێکدا کۆببنەوە، هەرچەندە کردەوەن، بەڵام دیارە نیفاقیش لە دڵ و دەروونیدا هەیە.

ج- هەندێکی دیکەش - کە من بۆ خۆم ئەو ڕایەم زیاتر لەلا پەسندە - دەڵێن: ئەگەر تەماشای بێژەی فەرمایشتەکە بکەی دەفەرموێ: (إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ)، هەمووی (إِذَا)ی لەسەرە، (وَإِذَا عَاهَدَ غَدَرَ، وإِذَا ائْتُمِنَ خَانَ، وَإِذَا خَاصَمَ فَجَرَ)، واتە: ئەو چوار خەسڵەتە لەو کەسەدا بوون بە خەسڵەتی ڕیشەداری بەردەوام، هەر کاتێك قسەی کرد، درۆ دەکات، مادام بەرژەوەندیی لە درۆدا بینی و، هەر کاتێك بەڵێنی داو پەیمانی دا، دەیشکێنێ، هەر کاتێك ئەمانەتێکی پێ سپێردرا، ناپاکیی لێ دەکات و، هەر کاتێك لەگەڵ کەسێکدا ناکۆکیی بوو، لە سنووری شەرع دەردەچێ، ئنجا هەر کەسێك ئەو چوار سیفەتەی تێدا ڕیشەدار بوون و تێیدا ببنە نەریت و عادەتێك، دیارە لە دڵ و دەروونیشیدا نیفاق و بێبڕوایی هەیە.

بڕگەی دووەم: پانتایی تەرخانکراو لە قورئاندا بۆ باسی مونافیقان:

خوای بەرز - بەپێی سەرنجدانی من لە سوورەتەکانی قورئان - لە پازدە (١٥) سوورەتدا باسی مونافیقەکانی کردوە، کە من ئێستا تیشك دەخەمە سەر ئەو پازدە سوورەتەو، ژمارەی ئەو ئایەتانەی تێیاندا تەرخان کراون، بۆ باسی نیفاق و مونافیقان.

١- یەکەمین سوورەت کە باسی مونافیقەکان و باسی سیفەتەکانی تێداکراوە، بریتیە لە سوورەتی (**البقرة**)، لە سوورەتی (**البقرة**)دا، سێزدە (١٣) ئایەت تەرخانکراون بۆ باسی مونافیقەکان، ئەوانیش ئایەتەکانی: (٨ - ٢٠).

٢- دووەم سوورەت کە باسی مونافیقەکانی تێدا کراوە، سوورەتی (**آلِ عمران**)ە، ئەویش لە بواری قسەکردن و شیکردنەوەدا، لە بارەی ڕووداوەکانی جەنگی ئوحوودەوە، لەوێدا چەند جارێك باسی مونافیقەکان کراوە.

٣- سێیەمین سوورەت سوورەتی (**النساء**)ەو، لە چوار بۆنەدا باسی مونافیقەکان کراوە:

یەکەم: دادوەریی خۆبردن بۆ لای (**طاغووت**)، لە جیاتی خواو پێغەمبەرەکەی.

دووەم: دوو دڵیی و خەمساردیی و سستیی لە ڕووبەڕووبوونەوەو جەنگ و جیهاد لەگەڵ ئەهلی کوفردا، لە حاڵێکدا کە شەڕ بەری دەرگای پێگرتوون بە مسوڵمانان.

سێیەم: مەسەلەی دادوەریی کردن لە نێوان خەڵکدا بە دادگەریی.

چوارەم: مەسەلەی پەیوەندیی هەبوون و کەین و بەین هەبوون، لەگەڵ کافران دا.

٤- سوورەتی چوارەم کە باسی نیفاق و مونافیقەکانی تێدا کراوە، سوورەتی (**المائِدة**)یە، ئەویش لە بواری دۆستایەتیی گرتن و نیزیکیی کردن لە جوولەکەو نەصرانییەکان دا.

٥- سوورەتی پێنجەم سوورەتی (**الأنفال**)ە، ئەویش لە بواری قسەکردن و شیکردنەوەدا بۆ ڕووداوەکانی جەنگی بەدر، لەوێدا باسی دڵنەخۆش و مونافیقەکان کراوە.

٦- شەشەمین سوورەت کە زۆر پەردەی لەسەر مونافیقەکان لاداون، سوورەتی (**التوبة**)یە، کە بە سوورەتی (**الفاضحة**)ش ناوی هاتوە، سوورەتی (**التوبة**) بە زۆریی لە بارەی ڕووداوەکانی جەنگی تەبووکەوەیەو، زۆرترین تیشك خرابێتە سەر هەڵوێستی مونافیقەکان، دەتوانین بڵێین: لە سوورەتی (**التوبة**)دایە.

٧- سوورەتی حەوتەم سوورەتی (**النور**)ە، کە ئەویش بە بۆنەی ڕووداوی بوختان هەڵبەستن بۆ دایکمان خاتوون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، لەلایەنی سەرۆکی مونافیقەکانەوە، عەبدوڵلای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول، بەو بۆنەوە باسی نیفاق و مونافیقەکان کراوە.

٨- سوورەتی هەشتەم کە بە کورتیی ئاماژەیەك کراوە بۆ مونافیقەکان و ناوە باوەکەیان هێنراوە، سوورەتی (**العنكبوت**)ە لە سەرەتایەکەی دا.

٩- سوورەتی نۆیەم سوورەتی (**الأحزاب**)ە، کە لە دوای جەنگی خەندەق هاتە خوار، بەجەنگی (**الأحزاب**) و بە جەنگی خەندەقیش مەشهوورە، بەو بۆنەوە باسی مونافیق و دەغەڵەکان کراوە.

١٠و١١- هەر کام لە سوورەتی (**محمد**) و (**الفتح**)ن، کە چەند ئاماژەیەکی کورتیان تێدا هەن، بە دڵ نەخۆش و مونافیقەکان.

١٢و١٣و١٤- سوورەتەکانی: (**الحديد**)و(**المجادلة**)و(**الحشر**)ن، لەوانیش دا چەند سیفەتێکی مونافیقەکان و چەند هەڵوێستێکیان باسکراون.

١٥- کۆتا سوورەت لە قورئاندا کە باسی مونافیقەکانی تێدا کرابێ، سوورەتی (**المنافقون**)ە، کە وەك پێشتر باسمان کرد لە دوو توێی هەشت ئایەتی سەرەتای سوورەتی (**المنافقون**) دا، خوا ﷻ ئاماژەی کردوە بە بیست (٢٠) لە ڕەوشت و ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانی مونافیقەکان.

ئەمە پانتایی تەرخانکراوە لە قورئاندا، بۆ باسی نیفاق و مونافیقەکان.

بڕگەی سێیەم: سەدوحەوت (١٠٧) خەسڵەت و هەڵوێستی دەغەڵ و دڵنەخۆشان لە قورئاندا:

ئێمە ناچارین هەروا بە کورتیی ئاماژە بکەین و، سەرژمێری ئەو خەسڵەتانە بکەین، کە خوا ﷻ موونافیقەکانی پێ پێناسەو وەسف کردوون.

بەڵام لە دەستپێکدا دەمەوێ ئەوە بڵێم: کە بەپێی تێگەیشتنی بەندەو هەڵهێنجانم، خوای کاربەجێ زیاتر لەوەی باسی سیفەتەکانی کافران بکات، باسی سیفەتەکانی موونافیقەکانی کردوە، کە موونافیقەکانیش جۆرێکن لە کافرەکان، بەڵام بۆیە خوا ﷻ زۆر تیشکی خستۆتەر سەر موونافیقەکان، چونکە ئەوانە کافری پەنهانن، هەروەها جێی سەرنجیشە کە سێزدە (١٣) ئایەتی تەرخانکراو لە سوورەتی (البقرة)دا کە ئایەتەکانی: (٨ - ٢٠)ن، ناوی موونافیقەکان نەهاتوە، بەڵکو بە تەعبیری: (وَمِنَ النَّاسِ)، لەنێو خەڵك کەسانێك هەن، ئاوان و ئاوان، باسکراون، چونکە ئەوانە خۆیان لەگەڵ خەڵك و جەماوەرو کۆمەڵگای مسوڵمانان دا تێکەڵ کردوەو، خەڵك بە ناوی موونافیق نایاننـاسێ، بەڵکو بە سیفەت و هەڵوێست و ئاکارەکانیان دەیانناسێ.

بۆیەش پێویستە ئێمە زۆر وردبینانە تەماشای ئەو ئایەتانە بکەین و سەرنجیان بدەین، کە باسی موونافیقەکان دەکەن، خوای بەرز زانیویەتی و دەزانێ، کە ئەو حاڵەت و دیاردەی نیفاقە، کەم و زۆر هەر بەردەوام دەبێ لە کۆمەڵگای مسوڵماندا، بۆیە تیشکی زۆری خستۆتە سەر خەسڵەت و ئاکارو هەڵوێستەکانیان، تاکو مسوڵمانان، هەر کەسێك ئەو سیفەت و خەسڵەت و ئاکارانەیان لێ بینی، بەلای کەمەوە نیشانەی پرسیاری بخەنە سەر، کە ڕەنگە جۆرێك لە نیفاقی هەبێ، ئەگەر موونافیقی تەواویش نەبێ، هەندێك لە خەسڵەتی موونافیقان و جۆرێك لە نیفاقی تێدابێ.

سەرژمێری ئەو (١٠٧) خەسڵەتەی مونافیقەکان:

١- لە سووڕەتی (البقرة) سێزدە (١٣) سیفەت:

لـە (**البقـرة**)دا ئایەتەکانـی: (٨ - ٢٠) واتـە: سـێزدە (١٣) ئایـەت تەرخانکـراون و، لـەو سـێزدە ئایەتەشـدا، سـێزدە خەسـڵەتی مونافیقـەکان خراونـەڕوو بـەم شـێوەیە:

١- کەسانێکی پەنهانن، کەسانێکی تەم ومژاوییەن و ڕوون نین، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ ﴾**البقرة**.

لە خەڵك کەسانێك هەن بەو شێوەیە.

٢- لافی بڕوا هێنان لێ دەدەن بەدرۆ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ ﴿٨﴾ ﴾**البقرة**.

٣- بە خەیاڵ فێڵ لە خواو مسوڵمانان دەکەن، بەوە کە مسوڵمانێتیی و ئیسلام ئاشکرا دەکەن: ﴿ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴿٩﴾ ﴾**البقرة**.

٤- زۆر کەم هەستن، لەو ڕووەوە کە هەستیان هەبێ بەوەی خوا ﷻ دەیانبینێ و ئاگادارییانەو نێو دڵیان دەخوێنێتەوە، لەو بارەوە زۆر کەم هەست و کەم شعوورن، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٩﴾ ﴾**البقرة**.

٥- دڵیان نەخۆشەو نەخۆشیی تێدایە: ﴿ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ ﴾**البقرة**، نیفاقیش بۆ خۆی پیسترین جۆری نەخۆشیی مەعنەویی و دەروونییە.

٦- لە ئەنجامی نواندنی ئەو هەڵوێستە دڵنەخۆش و دەغەڵانەیان دا، نەخۆشیی نیفاق لە دڵیاندا هەر زیاد دەکات: ﴿ فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضًا ﴾**البقرة**، خوا نەخۆشییەکەی بۆ زیاد کردن.

٧- زۆر درۆزنن، واتە: هەمیشە عادەتیان بە درۆوە گرتوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ بِمَا كَانُواْ يَكْذِبُونَ ﴾**البقرة**، بەهۆی ئەوەوە کە بەردەوام درۆ دەکەن، بە (**فعل المضارع**) هێناویەتی بۆ ئەوەی بزاندرێ هەمیشە درۆ کردن تێیاندا تازە دەبێتەوە.

٨- ئەگەر دڵسۆزییان بۆ بنوێنرێ و ئامۆژگارییان بکرێ، زۆر پاکانەی نەفسی خۆیان دەکەن، کە نەك هەر خراپەکارو تێکدەر نین، بەڵکو چاکسازییکاریشن: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ ﴿١١﴾ ﴾البقرة.

٩- لەگەڵ ئەوەشدا تێکدەرانی ڕاستەقینەن، کەچی لە خۆبایی بوون و بەخۆ سەرسام بوونیان، بۆتە پەردەیەك کە ئەو حاڵەتە خراپەی خۆیانی لێ پەنهانی کردوون: ﴿ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ ﴿١٢﴾ ﴾البقرة.

١٠و١١- خۆیان بە زۆر عاقڵ و زیرەك دەزانن و، بڕوادارانیش بە پێچەوانەوە بە نەفام و کەوودەن تێدەگەن، وەك خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُوا أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاءُ ۗ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاءُ وَلَٰكِن لَّا يَعْلَمُونَ ﴿١٣﴾ ﴾البقرة، واتە: ئەگەر پێیان بگوترێ: وەك چۆن خەڵك ئیمانی هەیە، ئێوەش ئیمان بهێنن، دەڵێن: ئایا ئیمان بهێنین، وەك نەفامەکان ئیمانیان هێناوە، ئاگاداربن! هەر ئەوانن نەفام و کەوودەن، بەڵام نازانن.

١٢و١٣- کە بە بڕواداران دەگەن، ڕوویەکی مسوڵمانێتیی پێشان دەدەن و، جەختدەکەنەوە کە مسوڵمانن، بەڵام کاتێك بە پەنامەکیی دەگەنەوە لای سەرانی خۆیان، لای بەرپرسەکانیان، لەوێدا ڕووی ڕاستەقینەی کافرانەی خۆیان دەردەخەن و دڵنیایان دەکەنەوە کە هەر لەگەڵ ئەوان دان، لەگەڵ ئەهلی کوفردان و، بەس گاڵتە دەکەن بە بڕواداران، کە خۆیان بە مسوڵمان پێشان دەدەن: ﴿ وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا إِلَىٰ شَيَاطِينِهِمْ قَالُوا إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ ﴿١٤﴾ ﴾البقرة.

دووەم: لە سوورەتی (آل عمران)دا، هەشت (٨) سیفەت باسکراون:

١٤- تەنیا بیر لە خۆیان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەنەوە، هەرچەندە ئەهلی ئیسلام هەر شتێکیان لێبێ، دەربەست نین: ﴿وَطَائِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ ﴾آل عمران، تەنیا خەم لە خۆیان دەخۆن خۆپەرست و ئەنانیین.

١٥- بۆچوونیان بەرانبەر بە خوا زۆر نەفامانەیەو هیچ پەیوەندیی بە ئیمانەوە نیە: ﴿يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ﴾ **آلِ عمران**، گومانی نەفامانەی ناهەق بە خوا دەبەن.

١٦- هەمیشە ڕەشبینن و ڕەخنەگرن لە قیادەی خۆیان و، بە گومانن و لە پشت پەردەی ڕەشەوە تەماشای دەکەن: ﴿يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ الْأَمْرِ مِن شَيْءٍ﴾ **آلِ عمران**، دەڵێن: ئایا ئێمە هیچمان بەدەستە! هیچمان بەدەست نیە، مونافیقەکان کاتی خۆی لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ دەیانگوت: موحەممەد پرس=بە کەس ناکات و، ڕاوێژ بە کەس ناکات و ئێمە هیچمان بەدەست نیە، لە حاڵێك دا کە هەمیشە پێغەمبەری خوا کاری بەڕاوێژ بووە.

١٧- دوای ئەوەی تووشی ناڕەحەتیی و شکستییەك دەبن لەگەڵ مسوڵمانان دا، هەمیشە ئەگەر ئەگەریانە، ئەگەر وامان نەکردبایە وا دەچوو، ئەگەر وامان کردبایە وادەبوو، لە حاڵێکدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**لاَ تَقُولُوا: لَوْ، فَإِنَّ لَوْ تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ**}، (**أخرجه مسلم: ٢٦٦٤**) مەڵێن ئەگەر وابوو ئەگەر واچوو (دوای ئەوەی شتەکە ڕوویدا) چونکە ئەوە دەرگا بۆ شەیتان دەکاتەوە، دەرگا بۆ خوتخوتەی خراپی شەیتان دەکاتەوە.

لــە درێــژەی فەرموودەکــەدا پێغەمبــەری خاتــەم ﷺ دەفەرمــوێ: {**فَــلاَ تَقُــلْ لَــوْ أَنِّي فَعَلْــتُ كانَ كَــذَا وَكَــذَا، وَلَكِــنْ قُــلْ قَــدَرُ اللــه ومَــا شَــاء فَعَــل، فَــإِنَّ لَــوْ تَفْتَــحُ عَمَــلَ الشَّــيْطَانِ**}، لــە ســوورەتی (**آل عمــران**)دا دەفەرمــوێ: ﴿يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا﴾ **آلِ عمـران**، ئەگـەر ئێمـە شـتێکمان بەدەسـت بایـە لێـرە نەدەکوژرایــن.

١٨- ئەگەر لە کاتی سەغڵەتیی و تەنگانەدا، داوایان لێ بکرێ بەرگریی بکەن، بە برِوو بیانوو پاساوی بێجێ خۆیان پەنهان دەکەن و دەشارنەوە، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ نَافَقُوا وَقِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا قَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوِ ادْفَعُوا قَالُوا لَوْ نَعْلَمُ قِتَالًا

لَٱتَّبَعۡنَٰكُمۡ ﴿١٦٧﴾ آل عمران، بۆ ئەوەی خوا مونافیقەکانی بۆ دەرکەون (لەسەر ئەرزی واقیع) کە ئەگەر پێیان گوترا: وەرن لە پێناوی خوادا بجەنگن، یاخود بەلای کەمەوە بەرگریی بکەن (لە شارو وڵاتەکەی خۆتان) دەڵێن: ئەگەر زانیبامان جەنگ ڕوودەدا (یان جەنگێکی ئامانجدارە) شوێنتان دەکەوتین.

١٩- لە دوای جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە، کە بۆ ئەهلی ئیسلام دێتە پێش، ئاوا خۆیان پێشان دەدەن:

یەکەم: شەماتە دەنوێنن (واتە خۆشحاڵ بوون بەوەی بەڵایەك تووشی مسوڵمانان بووە).

دووەم: پێیان وایە زۆر دووربین و عاقڵن، وەك خوای زاناو شارەزا لێی گێڕاونەوەو دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ قَالُواْ لِإِخۡوَٰنِهِمۡ وَقَعَدُواْ لَوۡ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُواْۗ ﴿١٦٨﴾ آل عمران، ئەو (دڵنەخۆش و مونافیق)انەی بە برایەکانیان گوت و خۆشیان دانیشتن: ئەگەر بە قسەی ئێمەیان کردبایە نەدەکوژران.

٢٠و٢١- هەمیشە مونافیقەکان دڵخۆش دەبن بەو گوناحانەی دەیانکەن و، حەزیش دەکەن بە شتێك کە نەیانکردوە، مەدح بکرێن، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ لَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡرَحُونَ بِمَآ أَتَواْ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحۡمَدُواْ بِمَا لَمۡ يَفۡعَلُواْ فَلَا تَحۡسَبَنَّهُم بِمَفَازَةٖ مِّنَ ٱلۡعَذَابِۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿١٨٨﴾ آل عمران، وا مەزانە ئەوانەی خراپە دەکەن و پێی دڵخۆش دەبن و حەزیش دەکەن ستایش بکرێن بە شتێکی چاك کە نەیانکردوە (پێت وانەبێ کە) ئەوانە دەرباز دەبن لە سزا (ی ئاگر) ئازارێکی بە ئێشیان هەیە.

سێیەم: لە سوورەتی (النساء) دا، هەژدە (١٨) سیفەت باسکراون:

٢٢- لە ئەنجامی ئەوەدا کە کوفریان بە خواو بە پێغەمبەری خواو بە کتێبی خوا، لە دڵدا پەنهان کردوە، هەر کاتێك کێشەیەکیان بێتە پێش بۆ چارەسەری، پەنا نابەنە بەر پێغەمبەری خوا ﷺ و، دادوەرێك کە بەپێی شەریعەت حوکمیان بکاو دادوەرییان بکا، بەڵکو پەنا دەبەنە بەر (**طاغووت**)، واتە: جگەلە پێغەمبەرو جێنشینانی پێغەمبەر و

جگەلە شەریعەتی خوا: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾ ﴾النساء.

٢٣- کاتێك کە گرفت و بەڵایەکیان تووش دێ، لە ئەنجامی ئەوەدا کە دادوەریی خۆیان بردۆتە لای (**طاغووت**)و، ئامادەنەبوون ملکەچ بکەن بۆ شەریعەتی خواو بۆ قیادەی مسوڵمان، لەو کاتەدا پەنا دەبەنەوە بەر قیادەو، وەك عادەتی خۆیان دەست دەکەنەوە بە پاساو هێنانەوەو، سوێند دەخۆن: کە هەر مەبەستمان پێ چاکە بوو، لە حاڵێکدا کە بێگومان هیچ چاکییەك لەوەدا نیە، پەنا ببرێتە بەر جگەلە شەریعەتی خوا: ﴿ فَكَيْفَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَاءُوكَ يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا إِحْسَانًا وَتَوْفِيقًا ﴿٦٢﴾ ﴾النساء.

٢٤و٢٥- ئەوانە هەمیشە سەلامەتیی و بێ بەڵایی بە چاکەیەکی گەورەی خوا دادەنێن، کاتێك کە مسوڵمانان تووشی بەڵا دەبن، بەهۆی جەنگ و تێکۆشان و بەرەنگارییەوە، بەڵام لەولاشەوە کاتێك تووشی سەرکەوتنێك دەبن، زۆر پەشێمانیی دەردەبڕن، کە بەشدار نەبوون لەو دەستکەوت و سەرکەوتنەدا: ﴿ وَإِنَّ مِنكُمْ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ فَإِنْ أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَالَ قَدْ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيَّ إِذْ لَمْ أَكُن مَّعَهُمْ شَهِيدًا ﴿٧٢﴾ وَلَئِنْ أَصَابَكُمْ فَضْلٌ مِّنَ اللَّهِ لَيَقُولَنَّ كَأَن لَّمْ تَكُن بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ مَوَدَّةٌ يَا لَيْتَنِي كُنتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧٣﴾ ﴾النساء.

٢٦و٢٧- لەبەرئەوەی بۆچوونەکانیان لە کوفرەوە سەرچاوە دەگرن، ئەوانە هەمیشە دەترسێن لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەهلی کوفردا، بە ئەندازەی ترسانیان لە خوا، بەڵکو زیاتریش، هەروەها ئەگەر بە زمانیش دەری نەبڕن، لە دڵ و دەروونیاندا لۆمەو سەرکۆنەو ڕەخنە ئاڕاستەی خوا دەکەن، کە بۆچی وا بە زوویی جەنگ و جیهادی لەسەر پێویست کردوون؟! ﴿ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ النَّاسَ كَخَشْيَةِ اللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً وَقَالُوا رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا الْقِتَالَ لَوْلَا أَخَّرْتَنَا إِلَىٰ أَجَلٍ قَرِيبٍ ﴿٧٧﴾ ﴾النساء.

٢٨- کاتێك لەگەڵ بڕواداران داو لەگەڵ تێکۆشەران و فیداکارانی ڕێی خوادا، تووشی سەرکەوتنێك، یاخود دەستکەوتێك دەبن، یان بەرژەوەندییەکی دنیاییان بۆ دێتە دی، ئەوە دەگێڕنەوە بۆ لای خوا، بەڵام کاتێك زیانێکیان تووش دێ، یاخود خراپەو ناڕەحەتییەکیان تووش دێ، دەست دەکەن بە ڕەخنەگرتن لە قیادەو ئەو بەڵاو ناڕەحەتییەی بەسەریان هاتوە، دەیگێڕنەوە بۆ ئەوە کە قیادەکەیان فاشیل بووەو چاکی لێ نەزانیوە، بۆیە تووشی ئەو بەڵایە بوون، لە حاڵێکدا خۆشیی و ناخۆشیی و نیعمەت و بەڵا، وەك ئەندازەگیریی هەمووی لە خواوەیە، بەڵام وەك هۆکارەکان، مرۆڤەکانن هۆکاری دەستکەوت هاتنە دەست، یاخود ناڕەحەتیی تووش بوون، دەڕەخسێنن: ﴿وَإِن تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ يَقُولُوا۟ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُوا۟ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِكَ ۚ قُلْ كُلٌّ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ﴿٧٨﴾﴾النساء.

٢٩- مونافیقەکان بە ڕواڵەت پابەندیی بە قیادەوە پێشان دەدەن، بەڵام بە پەنهانیی هەمیشە لە دژی ئەو قیادەیە پیلان دادەنێن و، دەیانەوێ کاروباری کۆمەڵگا بە شێوەیەك بڕۆێنن، کە پێچەوانەی بۆچوونی قیادەیە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ فَإِذَا بَرَزُوا۟ مِنْ عِندِكَ بَيَّتَ طَآئِفَةٌ مِّنْهُمْ غَيْرَ ٱلَّذِى تَقُولُ ﴿٨١﴾﴾النساء، لەڕوودا پێت دەڵێن: فەرمانبەرین، بەڵام کاتێك لەلای تۆ لادەچن، کۆمەڵێکیان جگەلە ئەوەی گوتووتە، دەیکەنە نەخشەو پیلان.

٣٠- کاتێك هەواڵێکیان پێدەگات، چ پەیوەندیی بە هێمنیی و ئاسایشەوە هەبێ، یان پەیوەندیی بە جەنگەوە هەبێ و، هەواڵێکی خۆش بێ، یان ناخۆش بێ، یەکسەر بڵاوی دەکەنەوە، بەبێ ڕاوێژ کردن بە قیادە: ﴿وَإِذَا جَآءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ ٱلْأَمْنِ أَوِ ٱلْخَوْفِ أَذَاعُوا۟ بِهِۦ ۖ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُو۟لِى ٱلْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسْتَنۢبِطُونَهُۥ مِنْهُمْ ﴿٨٣﴾﴾النساء.

٣١- حەز دەکەن و ئاوات دەخوازن مسوڵمانان لە دینەکەیان پاشگەزببنەوە، لێی هەڵگەڕێنەوە، تاکو وەك ئەوانیان لێبێ: ﴿وَدُّوا۟ لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُوا۟ فَتَكُونُونَ

سَوَآءً ﴿٨٩﴾، حەزدەکەن ئێوەش بێبڕوا بن (مسوڵمانینە!) وەك چۆن خۆیان بێبڕوان، تاکو وەك یەکتان لێبێتەوە.

٣٢- هەمیشە هەوڵ دەدەن قیادە تووشی هەڵە بکەن و فریوی بدەن و کڵاوی لەسەر بنێن، بەهۆی ئەوەوە کە بڕیاری هەڵە دەدات: ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُۥ لَهَمَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ أَن يُضِلُّوكَ ﴿١١٣﴾﴾النساء، ئەگەر چاکەو بەزەیی خوا لەسەر تۆ نەبووایە (ئەی موحەممەد ﷺ!) کۆمەڵێك لەوان (لە دڵنەخۆش و دەغەڵەکان) دەیانویست تۆ گومڕا بکەن و بەهەڵەت دا بەرن.

٣٣- هەمیشە ئەهلی کوفر لە خاوەن کتێبەکان و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان و جگەلە ئەوانیش بەدۆست دەگرن، لە جیاتی بڕواداران: ﴿بَشِّرِ ٱلْمُنَٰفِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣٨﴾ ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلْعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ﴿١٣٩﴾﴾النساء.

٣٤و٣٥- هەمیشە لە کەلێن دەگەڕێن و لە بۆسە دان بۆ ئەهلی ئیسلام، کە تووشی بەڵا بن و، لەلایەکی دیکەشەوە هەمیشە کار دەکەن لەسەر دوو پەتان: پەتی ئیسلام و پەتی کوفر، ئنجا هەر کامێکیان هاتی بوو، خۆیان پاڵدەدەنە لای وی: ﴿ٱلَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ فَإِن كَانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِّنَ ٱللَّهِ قَالُوٓاْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ وَإِن كَانَ لِلْكَٰفِرِينَ نَصِيبٌ قَالُوٓاْ أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُم مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٤١﴾﴾النساء.

٣٦و٣٧و٣٨- مونافیقەکان نوێژ ناکەن و، ئەگەر ئەنجامیشی بدەن زۆر بە تەنبەڵیی و قالب گرانیی دەیکەن، ئەویش تەنیا بۆ ڕووپامایی و ڕوو دەربایسیی بۆ خەڵك، پاشان زۆر بە کەمی یادی خوا دەکەن، ئەویش ئەگەر بۆنەیەك بارودۆخێك وا بخوازێ کە یادی خوای تێدا بکەن، ئەگەرنا نەك لە دڵەوە بێ و لەبەر سام و هەیبەت و خۆشەویستیی خوا بێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٤٢﴾﴾النساء، مونافیقەکان فێڵ لە خوا دەکەن و ئەو فریودەریانە و هەرکات هەڵدەستن بۆ نوێژ بە تەنبەڵیی و

قالب گرانیی هەڵدەستن، ڕیابازیی و ڕوودەربایسیی دەکەن بۆ خەڵك و، بە کەمییش نەبێ یادی خوا ناکەن.

٣٩- هەمیشە لە نێو قەدێیەوە گۆچان دەگرن، (**يُمْسِكُونَ العَصَا مِنَ الوَسَطِ**)و ژیانیان لە لەرەلەر دایەو، لە حاڵەتێکی ناسەقامگیر دان و، لە نێوان ئەهلی ئیمان و ئەهلی کوفردا دێن و دەچن، وەك پەڕە مریشکێك کە با بەملاولادا لاری دەکاتەوە، وەك خوا دەفەرمویْ: ﴿ مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَٰلِكَ لَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ وَلَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ ﴿١٤٣﴾ ﴾النساء، بە لەرەلەرن لەو نێوانەدا، نە لەگەڵ ئەوانن نە لەگەڵ ئەوانن، یانی: دەیانەوێ بەو شێوەیە بمێننەوە، وەك گوتراوە: بارەکە بە کەلادا دەخەن.

چوارەم: لە سوورەتی (المائدة)دا یەك سیفەت باسکراوە، جگە لە دووبارەکان:

بێگومـان کۆمەڵێـك سـیفەت لـە زۆربـەی سـوورەتەکاندا هـەن، بـەڵام ئێمـە هەندێـك سـیفەت کـە پێشـتر سـەرژمێریان دەکەیـن، دووبارەیـان ناکەینـەوە، ئەگەرنا لـە سـوورەتی (المائـدة)دا زیاتـر لـە سیفەتێکیان هەیـە، بـەڵام یـەك سـیفەتیان هەیـە کـە لـە سـوورەتەکانی پێشـێدا نەهاتبـێ:

٤٠- پێشبڕکێ دەکەن لە دۆستایەتیی کردن و کەین و بەین هەبوون لەگەڵ ئەهلی کوفردا بە گشتیی، بەڵام لەگەڵ جوولەکەو نەصرانییەکان دا بەتایبەتی، بەوەش پاساوی ئەو هەڵوێستەیان دەدەنەوە، کە لە ڕۆژگارو گۆڕانکارییەکانی ڕۆژگار دەترسێن، لەبەرئەوەی ئەوانە زۆر خاوەن ئەزموونن، بۆیە دووربینیی دەکەن! وەك خوا دەفەرمویْ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ﴿٥١﴾ ﴾المائدة، سەرەتا خوا ﷻ دەفەرمویْ: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! جوولەکەو نەصرانییەکان مەکەن بە دۆست، لە ئایەتی دواییدا دەفەرمویْ: ﴿ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ ﴿٥٢﴾ ﴾المائدة، ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە، دەیانبینی خێرایی و پێشبڕکە دەکەن لە دۆستایەتیی کردنی جوولەکەو نەصرانییەکان دا، دەڵێن: دەترسین بەڵایەکمان تووش ببێ.

پێنجەم: لە سوورەتی (الأنفال)یشدا سیفەتێکی دیکەیان هاتوە:

٤١- کاتێك فیداکارییەکانی ئیمانداران و لەخۆبووردووییان و ئازایەتییان دەبینن، ئەو ئازایەتیی و فیداکارییەی بڕواداران، بە لە خۆبایی بوون و تەهەوورو بێ عەقڵیی و نەفامیی، تەفسیر دەکەن: ﴿ إِذْ يَقُولُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَٰٓؤُلَآءِ دِينُهُمْ ﴿٤٩﴾ ﴾**الأنفال**، کاتێك مونافیقەکان و ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە، دەڵێن: ئەوانە دینەکەیان فریوی داون، (یان مەغرووری کردوون و لەخۆیانی بایی کردوون).

شەشەم: لە سوورەتی (التوبة)دا، بیست و نۆ (٢٢) سیفەتی دیکەیان هاتوون:

٤٢- مونافیقەکان بە پێچەوانەی بڕوادارانی ڕاستەقینەوە، لە کاتێکدا تەماع و هات دەبێ، زۆر دەبن، بەڵام لە کاتی ترسێدا کەم دەبن، بە پێچەوانەی بڕوادارانەوە: (**يَقِلُّوْنَ عِنْدَ الطَّمَعِ، وَيَكْثُرُونَ عِنْدَ الفَزَعِ**)، بڕوادارانی ڕاستەقینە لە کاتی تەماعدا کەم دەبن، بەڵام لەکاتی ترسێدا زۆر دەبن، مونافیقەکان بە پێچەوانەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ لَوْ كَانَ عَرَضًا قَرِيبًا وَسَفَرًا قَاصِدًا لَّٱتَّبَعُوكَ وَلَٰكِنۢ بَعُدَتْ عَلَيْهِمُ ٱلشُّقَّةُ ﴿٤٢﴾ ﴾**التوبة**، ئەگەر سەفەرێکی کورت و ئامانجێکی نزیك بووایە، شوێنت دەکەوتن، بەڵام سەفەرەکە دوور بوو کارەکە بە زەحمەت بوو (بۆیە نەهاتن).

٤٣- هەمیشە درۆ دەکەن و سوێندی بە درۆ دەخۆن بۆ قیادە، بۆ ئەوەی پاساوی هەڵوێستە لەرزۆك و ترسنۆکەکانی خۆیانی پێ بدەن: ﴿ وَسَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ لَوِ ٱسْتَطَعْنَا لَخَرَجْنَا مَعَكُمْ ﴿٤٢﴾ ﴾**التوبة**.

٤٤- ئەوانە لە کاتێکدا کە پێویستە خۆ ئامادە ناکەن بۆ جەنگ و جیهاد، بەڵام کاتێك کە دێتە وەختی ڕۆیشتن و ڕووبەڕووبوونەوە، پاساو دەهێننەوە کە خۆیان ئامادە نەکردوە، پێشێ مشووری خۆ ئامادە کردن ناخۆن و، دوایی دەڵێن: خۆمان ئامادە نەکردوەو پێمان ناکرێ! بۆیەش خوا لە بارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿ وَلَوْ أَرَادُوا۟ ٱلْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا۟ لَهُۥ عُدَّةً ﴿٤٦﴾ ﴾**التوبة**. ئەگەر ویستبایان دەربچن بۆ جەنگ و جیهاد، ئامادەکارییان بۆ دەکرد.

٤٥- کاتێك بە ناچاریش لە جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا بەشدار دەبن، هەمیشە زیانیان زیاترە لە سوودیان: ﴿لَوْ خَرَجُوا فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا وَلَأَوْضَعُوا خِلَالَكُمْ يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ ﴿٤٧﴾﴾التوبة.

٤٦- هەر دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوێ لە دژی ئیمانداران، پیلان دەگێڕن، بەتایبەت کاتێك بڕواداران بێهێز بن و بەڵایەکیان بەسەر بێ، بەڵام کاتێك مسوڵمانان بەهێز دەبن، ئەوانە بێدەنگ دەبن و تاڵاوی کینەو بوغزی خۆیان قووت دەدەنەوە: ﴿لَقَدِ ابْتَغَوُا الْفِتْنَةَ مِن قَبْلُ وَقَلَّبُوا لَكَ الْأُمُورَ حَتَّىٰ جَاءَ الْحَقُّ وَظَهَرَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ كَارِهُونَ ﴿٤٨﴾﴾التوبة.

٤٧- بۆ ئەوەی هەمیشە لە ماڵێ دابنیشن لەگەڵ ئافرەتان و منداڵان دا، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەو جەنگدا، هەر جۆرە بیانوو یەك دەهێننەوە، ئەگەر لە بێهێزیی دا وەك ماڵی جاڵجاڵۆکەش بێ: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ ائْذَن لِّي وَلَا تَفْتِنِّي ۚ أَلَا فِي الْفِتْنَةِ سَقَطُوا ۗ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ ﴿٤٩﴾﴾التوبة، ئەم ئایەتە لەبارەی (**الجدّ بن القَيس**)ەوە هاتە خوار، کاتێك پێغەمبەر ﷺ داوای لێکرد لەگەڵی بچێ بۆ جەنگی تەبووك، ئەویش گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! من پیاوێکم زۆر کەیفم بە ئافرەتان دێ، دەترسم ئافرەتانی ڕۆم ببینم، تووشی گوناهێ ببم، ئنجا مۆڵەتم بدە با نەیەم!!

٤٨و٤٩- ئەوانە دڵخۆش دەبن بە بەڵایەك کە بەسەر مسوڵمانان دێ و، بە پێچەوانەشەوە: دڵتەنگ دەبن بەخۆشیی و هاتێك کە بۆ مسوڵمانان دێتە پێش: ﴿إِن تُصِبْكَ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ ۖ وَإِن تُصِبْكَ مُصِيبَةٌ يَقُولُوا قَدْ أَخَذْنَا أَمْرَنَا مِن قَبْلُ وَيَتَوَلَّوا وَّهُمْ فَرِحُونَ ﴿٥٠﴾﴾التوبة، ئەگەر چاکەیەکت بێتەڕێ پێناڕەحەت دەبن، بەڵام ئەگەر بەڵایەکت بەسەر بێ، دەڵێن: ئێمە پێشتر ئیحتیاتی خۆمان کردبوو و، دڵخۆشانە پشت هەڵدەکەن و دەڕۆن.

٥٠- کاتێك ڕۆژێك لە ڕۆژان ناچار دەبن خەرجیی بکەن و ماڵ ببەخشن، زۆر بە دڵتەنگیی و هەست کردن بە تاڵیی و ناچاریی ماڵ دەبەخشن: ﴿وَلَا يُنفِقُونَ إِلَّا وَهُمْ كَارِهُونَ ﴿٥٤﴾﴾التوبة.

٥١- هەمیشە سوێند بە خوا دەخۆن بۆ بڕواداران کە لەوانن، بەڵام ئەوە تەنیا لە ترسانەو بۆ ڕازییکردنی مسوڵمانانە: ﴿وَيَحْلِفُونَ بِاللَّهِ إِنَّهُمْ لَمِنكُمْ وَمَا هُم مِّنكُمْ وَلَٰكِنَّهُمْ قَوْمٌ يَفْرَقُونَ ﴿٥٦﴾﴾ التوبة.

لە شوێنێکی دیکەدا دەفەرمووێ: ﴿يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ وَاللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَقُّ أَن يُرْضُوهُ إِن كَانُوا مُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾﴾ التوبة. سوێندیشتان بە خوا بۆ دەخۆن تاکو ڕازییتان بکەن، خواو پێغەمبەرەکەیشی شایستەتربوون ڕازییان بکەن، ئەگەر بڕوادار بوونایە.

٥٢- هەمیشە ڕەخنە لە قیادە دەگرن، لە بواری بەخشین و خەرجیی و مەسرەفدا ئەگەر پێیان نەدرێ، بەڵام ئەگەر پێیان بدرێ، ئەوە دیارە دڵخۆش دەبن: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ فِي الصَّدَقَاتِ فَإِنْ أُعْطُوا مِنْهَا رَضُوا وَإِن لَّمْ يُعْطَوْا مِنْهَا إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ ﴿٥٨﴾﴾ التوبة.

٥٣- هەمیشە ئازاری قیادە دەدەن بە تۆمەتی بێماناو، خۆڕاگریی و لێبوردەیی و هێمنیی و چاوپۆشیی قیادە لە بەرانبەریان دا، بە نەفامیی و نەزانیی و سادەیی تەفسیر دەکەن، وەك دەفەرموێ: ﴿وَمِنْهُمُ الَّذِينَ يُؤْذُونَ النَّبِيَّ وَيَقُولُونَ هُوَ أُذُنٌ قُلْ أُذُنُ خَيْرٍ لَّكُمْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَيُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِينَ وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ رَسُولَ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦١﴾﴾ التوبة، مونافیقەکان دەچوونە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و سوێندی بەدرۆیان بۆ دەخوارد، کە پێغەمبەری خواش ﷺ چاوپۆشیی لێیان دەکرد، دەیانگوت: ئەوە هەر گوێیەو بەس گوێ دەگرێ!

٥٥- کاتێك پڕوپاگەندەیەکیان لێدەگیرێ و، درۆیەکیان لەسەر ئیسپات دەبێ و سوێندە بە درۆیەکانیان سپات دەبنەوە، لەو کاتەدا پۆزش دەهێننەوە بە پۆزش هێنانەوەیەك کە خراپترە لە خودی گوناهەکە: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ﴿٦٥﴾﴾ التوبة، ئەگەر پرسیاریان لێبکرێ: ئەو قسانەتان بۆچی کردوون؟ دەڵێن: ئەوە هەر دەڕژاینە نێو قسان و گەمەو یارییمان دەکرد (خواش دەفەرموێ:) ئایا گاڵتە بە خواو ئایەتەکانی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن؟!

٥٦و٥٧و٥٨و٥٩- ئەوانە نێرو مێیان دۆستایەتیی و کەین و بەینیان پێکەوە هەیەو، فەرمان بە خراپە دەکەن و ڕێ لە چاکە دەگرن (بە پێچەوانەی ئیماندارانەوە کە دەبێ فەرمان بە چاکە بکەن و ڕێ لە خراپە بگرن) و، دەست لە خەرجکردن و ماڵ سەرفکردن لە پێناوی خوادا دەگرنەوە و، خوای بەرزو مەزنیان هەمیشە لە بیردەچێ: ﴿ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتُ بَعْضُهُم مِّنۢ بَعْضٍۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْۚ نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْۗ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾التوبة.

٦٠- عادەتی هەندێکیان وایە کە بەڵێن و پەیمان بە خوا دەدەن، ئەگەر خوا دەوڵەمەندیان بکات، وا دەکەن و وا دەچن، بەڵام کاتێك خوا ئاواتەکەیان بۆ دێنێتە دی، بەڵێن لەگەڵ خوای پەروەردگاردا دەشکێنن: ﴿ وَمِنْهُم مَّنْ عَٰهَدَ ٱللَّهَ لَئِنْ ءَاتَىٰنَا مِن فَضْلِهِۦ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٧٥﴾ فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُم مِّن فَضْلِهِۦ بَخِلُوا۟ بِهِۦ وَتَوَلَّوا۟ وَّهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٧٦﴾ ﴾التوبة.

٦١- مونافیقەکان هەمیشە کەسانێك کە لە ڕێی خوادا ماڵ و سامانی خۆیان دەبەخشن، چ زۆر ببەخشن، چ کەم ببەخشن، هەر ڕەخنەیان لێ دەگرن، ئەگەر زۆر ببەخشن، دەڵێن: ڕیابازیی دەکەن و، ئەگەر کەم ببەخشن، دەڵێن: خوا چ پێویستیی بەوەندە هەبوو؟: ﴿ ٱلَّذِينَ يَلْمِزُونَ ٱلْمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ فِى ٱلصَّدَقَٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْۙ سَخِرَ ٱللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٩﴾ ﴾التوبة، ئەوانەی عەیب دەگرن لەو بڕوادارانەی ماڵی خۆیان دەبەخشن (خێرو چاکە دەکەن) هەروەها عەیب لەوانەش دەگرن کە تەنیا ئەوەی لە توانایاندایە دەیبەخشن، گاڵتەیان پێدەکەن، خوا گاڵتەیان پێ بکات و ئازارێکی بە ئێشیان بۆ هەیە.

چونکە ئینسان کە دەبەخشێ، یان کەم دەبەخشێ، یان زۆر دەبەخشێ، ئنجا ئەگەر زۆر ببەخشێ، بگوترێ: ڕیابازیی کردووە، ئەگەر کەم ببەخشێ، بگوترێ: خوا چ پێویستیی بەوەندەیە! مانای وایە دەبێ کەس هیچ نەبەخشێ، ئنجا زۆریی و کەمیی شتێکی ڕێژەییین و، هەیە زۆری پێ کەمەو، هەیە کەمی پێ زۆرە.

٦٢و٦٣- مونافیقەکان کاتێك لە جەنگ و جیهاد دوا دەکەون، دڵخۆش دەبن بەو دواکەوتنەی خۆیان و، هەوڵیش دەدەن خەڵکیش دوا بخەن بە بڵاوبوونەوەی پڕوپاگەندە، بۆ وێنە: ترساندیان لە گەرماو سەرما: ﴿ فَرِحَ ٱلْمُخَلَّفُونَ بِمَقْعَدِهِمْ خِلَٰفَ رَسُولِ ٱللَّهِ وَكَرِهُوٓاْ أَن يُجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَالُواْ لَا تَنفِرُواْ فِى ٱلْحَرِّ ۗ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا ۚ لَّوْ كَانُواْ يَفْقَهُونَ ﴿٨١﴾ ﴾التوبة، بەجێهێڵراوەکان لە دوای پێغەمبەری خوا ﷺ، دڵخۆش بوون بە بەجێمانیان، پێیان ناخۆش بوو لە پێناوی خوادا بە ماڵ و سامانیان تێکۆشان بکەن، بە خەڵکیشیان گوت: بەو گەرمایە مەچن بۆ جەنگ و جیهاد، بڵێ: ئاگری دۆزەخ گەرمییەکەی توندترە ئەگەر ورد تێگەیشتبانایە.

٦٤- ئەوانە بڕو بیانوو زۆر دێننەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ منداڵ و پیرو ئافرەتاندا لە ماڵێ بەجێ بمێنن و، پیاوانەو مەردانە نەچن بۆ جەنگ و جیهاد، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ أَنْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَجَٰهِدُواْ مَعَ رَسُولِهِ ٱسْتَـْٔذَنَكَ أُوْلُواْ ٱلطَّوْلِ مِنْهُمْ وَقَالُواْ ذَرْنَا نَكُن مَّعَ ٱلْقَٰعِدِينَ ﴿٨٦﴾ رَضُواْ بِأَن يَكُونُواْ مَعَ ٱلْخَوَالِفِ وَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾التوبة.

٦٥- لە کاتێکدا تێکۆشەران لە جەنگ و جیهاد دەگەڕێنەوە، بە سەرکەوتوویی و بە سەربەرزیی، ئەو دەغەڵ و مونافیقانە دێن بۆ لای قیادەو، پاساوو بیانووی جۆراوجۆر دەهێننەوەو، سوێندی زۆر قورس دەخۆن، تاکو لە لێپرسانەوەو سەرکۆنەکران، خۆیان دەرباز بکەن: ﴿ سَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ لَكُمْ إِذَا ٱنقَلَبْتُمْ إِلَيْهِمْ لِتُعْرِضُواْ عَنْهُمْ ۖ فَأَعْرِضُواْ عَنْهُمْ ۖ إِنَّهُمْ رِجْسٌ ۖ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴿٩٥﴾ يَحْلِفُونَ لَكُمْ لِتَرْضَوْاْ عَنْهُمْ ۖ فَإِن تَرْضَوْاْ عَنْهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَرْضَىٰ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٩٦﴾ ﴾التوبة.

٦٦و٦٧و٦٨- هەروەها لە نەخشە ئیبلیسییەکانی مونافیقەکان، ئەوەیە کە دژایەتیی ئیسلام و قەوارەی ئیسلامیی بکەن، لە میانی دامەزراوەکانی خۆیانداو لە ژێر پەردەی هەندێك دامەزراوەدا، کە ناوی ئیسلامیان لەسەرەو پۆشاکێکی ئیسلامییان بەبەردا دەکەن، بەڵام ئامانجیان لێك بڵاوکردنی مسوڵمانان و لەتکردنی ڕیزەکەیانەو، ئەو

دامەزراوە بە ڕواڵەت ئیسلامییانەی خۆشیان، دەکەنە کانگایەك بۆ سیخوڕیی بۆ دوژمنانی ئیسلام: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِّمَنْ حَارَبَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ مِن قَبْلُ ۚ وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّا ٱلْحُسْنَىٰ ۖ وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿١٠٧﴾ لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا ﴿١٠٨﴾﴾**التوبة**، دابەزێنرانی ئەم ئایەتانەش وەك زۆربەی ئایەتەکانی (**التوبة**) بەسەرهاتێکی هەیە:

کابرایەك هەبوو بە ناوی (**أبو عامر الرَّاهب**) کە مونافیق بوو، مزگەوتێکی لەنێو خەڵکەکەی خۆیدا دروست کردو کردی بە مۆڵگەیەك بە سیخوڕییکردن بە قازانجی ڕۆمە نەصڕانییەکان و، مونافیقەکان لەگەڵی لەو مزگەوتەدا کۆ دەبوونەوە، هەروەها هەندێك خەڵکی دیکەی سادە یاخود دڵنەخۆش، بە ڕواڵەت نوێژیشیان تێدا دەکرد، بەڵام لە ئەسڵدا مۆڵگەیەك بوو هەم مونافیق و دڵنەخۆشەکانی تێوخۆ، هەم لانەیەکی سیخوڕییش بوو بۆ ڕۆم و نەصڕانییەکان.

٦٩- کاتێك ڕاستییەکانی ئیسلام لە میانی دابەزینی ئایەتەکانی قورئان دا دەدرەوشێنەوە، ئەو مونافیق و دەغەڵانە، بە قیاس لەسەر خۆکردن و لە هەمبانەی خۆدا گوێز ژماردن، گاڵتە دەکەن بە ئەهلی ئیمان و دەڵێن: کامەتان ئەم سوورەتە ئیمانی زێدەکردن؟: ﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنًا ﴿١٢٤﴾﴾**التوبة**، کە بەدڵنیایی بڕواداران ئیمانیان زیاد دەکات، بەڵام وەك خوا ﷻ دەفەرموێ، دڵنەخۆشەکان هەر نەخۆشیی و نیفاق لە دڵیان دا ڕۆدەچێ، بە هۆی زیاتر لە دژایەتییکردنی قورئانەوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۙ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴿٨٢﴾﴾**الإسراء**، لە قورئان دادەبەزێنین ئەوە کە مایەی شیفاو چارەسەرە بۆ بڕواداران، بەڵام بۆ ستەمکاران بەس زیانبارییان بۆ زیاد دەکات، هەروەها لە سوورەتی (**التوبة**)دا دەفەرموێ: ئەوان لادان و نەخۆشیی لە دڵیان زیاد دەبێ: ﴿فَزَادَتْهُمْ رِجْسًا إِلَىٰ رِجْسِهِمْ﴾ چونکە هەتا ئایەتێك زیاتر بێتە خوار، ئەوانیش پێشتر بێبڕوا بوون و، بەو ئایەتەش بێبڕوا دەبن و، بەوی دیکەش و بەوی دیکەش بێبڕوا دەبن، کەواتە بەردەوام بێبڕواییەکەیان زیاتر خەست و تۆخ دەبێتەوە.

٧٠- ئەوانە هێندە قەڵس و نارەحەتن بە بیستنی فەرمایشتی خواو ئاراستەکردنی قیادە، بۆیە بەپێی توانا هەوڵ دەدەن کە لە کۆڕو مەجلیسی ئیمانداراندا دانەنیشن، بەتایبەتی کە ئایەتیان تێدا دەخوێنرێنەوە: ﴿ وَإِذَا مَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ نَّظَرَ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ هَلْ يَرَىٰكُم مِّنْ أَحَدٍ ثُمَّ ٱنصَرَفُوا۟ ۚ صَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴿١٢٧﴾ ﴾التوبة، کاتێك سوورەتێك دادەبەزێ، هەندێکیان تەماشای یەکدی دەکەن و دەڵێن: ئایا کەس دەتانبینێ؟ دوایی دەڕۆن، خوا دڵیان لابدا، چونکە کۆمەڵێکن تێناگەن.

حەوتـــەم: لـــە ســـوورەتی (النور)یشـــدا ســـێ (٣) ســـیفەتی دیکـــەی مونافیقـــەکان خراونـــەڕوو:

٧١- بە هەر شێوازێك کە بۆیان بکرێ و بەهەر ئامرازێك، هەوڵ دەدەن لە سومعەو ئابڕوو و پێگەی قیادە کەم بکەنەوە، ئەگەر بە درۆ هەڵبستن و بوختان هەڵبەستنیش بێ بە هاوسەرو خێزانیان، وەك لە ئایەتەکانی (١١ - ٢٦) داهاتوە، ئەو شازدە (١٦) ئایەتە هەموویان بەبۆنەی ڕووداوی (إفك)، واتە: (بوختان هەڵبەستن) کە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی بوختانەکەی هەڵبەست، بەڵام بە شێوەیەك بوختانەکەی هەڵبەست، خۆی سزابار نەبێ و سزا لەسەری نەچەسپێ، ئەو شازدە ئایەتە لەوبارەوە هاتنە خوار، کە ئاوا دەست پێدەکات: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ ۚ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم ۖ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ﴿١١﴾ ﴾النور.

٧٢- هەروەها لە سیفەتی مونافیقەکان ئەوەیە لەبەرئەوەی هەمیشە لە ژینگەیەکی پیس و قێزەون دا ژیاون و، لە ژینگەی پاك و تاعەت و چاکەکارییدا ناتوانن بژین، بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدەن ئەو ژینگە پاکەی کۆمەڵگای ئیسلامیی تێکبدەن و، ئەو ئاوە ڕوونە لێڵ بکەن، وەك گوتراوە: (ڕاوچی خراپ لە ئاوی لێڵدا ڕاو دەکات) و (دز بازاڕی ئاڵۆزی دەوێ) وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلْفَـٰحِشَةُ فِى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿١٩﴾ ﴾النور، ئەوانەی دەیانەوێ پیسیی و خراپە بە نێو بڕواداراندا بڵاوبکەنەوە (ئنجا بوختانە،

درۆیە، غەیبەتە، گوناهی دیکەی کردەوەییە) ئەوانە ئازارێکی بە ئێشیان لە دنیاو دوارۆژدا هەیەو، خواش دەزانێ و ئێوە نازانن.

٧٣- ئەوانە کاتێك بانگ بکرێن بۆ لای شەریعەت کە دادوەرییان لە نێودا بکات، ناچن بۆ ئەو دادوەرییە، مەگەر بەرژەوەندیی خۆیانی تێدا ببینن، واتە: ئەگەر بزانن لە بەرژەوەندیی ئەواندا دادوەریی دەکرێ، دەچن و، ئەگەر بزانن ئەو دادوەرییە بەزیانیان تەواو دەبێ، ناچن، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعۡنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٞ مِّنۡهُم مِّنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۚ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٤٧﴾ وَإِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ إِذَا فَرِيقٞ مِّنۡهُم مُّعۡرِضُونَ ﴿٤٨﴾ وَإِن يَكُن لَّهُمُ ٱلۡحَقُّ يَأۡتُوٓاْ إِلَيۡهِ مُذۡعِنِينَ ﴿٤٩﴾ ﴾النور.

هەشتەم: لە سوورەتی (العنبکوت) دا سیفەتێکی دیکەیان خراوەتەڕوو:

٧٤- ئەوانە لە کاتێکدا لەسەر ئیسلام تووشی ئازارو مەینەتییەك دێن، بەپێی سیستمی خواش، ئیمانداران تاقی دەکرێنەوەو هەر کەسێك بڵێ: بڕوادارام، خوای پەروەردگار تاقی دەکاتەوە: ﴿ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ﴿٢﴾ وَلَقَدۡ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَلَيَعۡلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٣﴾ ﴾**العنكبوت**، بەڵام ئەوانە کە بەڵاو نارەحەتییەکیان دێتەڕێ، بەڕواڵەت لەسەر خواو ئیسلام، پێیان وایە بەڵایەکی زۆر گەورەیان بەسەرهاتووەو، شتێکی زۆر گەورەیان لێ قەوماوە: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِيَ فِي ٱللَّهِ جَعَلَ فِتۡنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ ﴿١٠﴾ ﴾**العنكبوت**، (ئەوە تەعبیرێکە خوا بۆ موونافیقەکانی بەکاردێنێ)، لە نێو خەڵکیدا کەسانێك هەن دەڵێن: بڕوامان بەخوا هێنا، بەڵام هەرکات لەسەر خوا تووشی ئازارو ئەزیەت کران، ئازاردانی خەڵکی وەك سزادانی خوا دادەنێن! هێندە بە گەورەو مەزن تەماشای دەکەن.

نۆیەم: لە سوورەتی (الأحزاب)دا هەشت (٨) سیفەتی دیکەیان خراوەتەڕوو:

٧٥- کاتێك بە ناچاریی لەگەڵ بڕواداران دا دەچن بۆ جەنگ، هەر لەگەڵ جەنگەکە گەیشتە قایمەو گەرم بوو، لەو حاڵەدا ئەوەی لە نێو هەناوی ڕەشیاندا هەیە، لە

بوغزو بێزاریی و بێبڕوایی، دەری دەخەن، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ يَقُولُ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورٗا ﴿١٢﴾ ﴾**الأحزاب**، یاد بکەوە! کاتێك مونافیقەکان و ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدا هەبوو گوتیان: خواو پێغەمبەرەکەی هەر فریودانیان بەڵێن بە ئێمە دابوو، فریویان داین کڵاویان لەسەر ناین، بۆیە گوتراوە: (**عِنْد الإمْتِحَانِ يُكْرَمُ المَرْءُ أَو يُهَان**)، لە کاتی تاقیکردنەوەدا، مرۆڤ یان ڕێزی لێدەگیرێ، یاخود ڕیسوا دەکرێ.

٧٦- لە گەرمەی جەنگدا دەیانەوێ ڕابکەن و دووربکەونەوە لە مەیدان، بەڵام لەژێر سایەی پۆزش و پاساوی بێهێزدا: ﴿ وَإِذۡ قَالَت طَّآئِفَةٞ مِّنۡهُمۡ يَٰٓأَهۡلَ يَثۡرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمۡ فَٱرۡجِعُواْۚ وَيَسۡتَـٔۡذِنُ فَرِيقٞ مِّنۡهُمُ ٱلنَّبِيَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوۡرَةٞ ﴿١٣﴾ ﴾**الأحزاب**، کاتێك کۆمەڵێکیان گوتیان: ئەی خەڵکی **یەثریب**! بگەڕێنەوە بەرهەڵستییتان بۆ ناکرێ و، کۆمەڵێکیان مۆڵەت لە پێغەمبەر ﷺ وەردەگرن دەڵێن: ماڵەکانمان چۆڵن (دوژمن زەفەری پێ دەبات و هیچ شتێکی لێنیە ماڵەکانمان بپارێزێ) کە درۆشیان کردوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا هِيَ بِعَوۡرَةٍۖ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَارٗا ﴿١٣﴾ ﴾**الأحزاب**، ماڵەکانیشیان چۆڵ نین، بەس دەیانەوێ ڕابکەن و دووربکەونەوە.

٧٧- تەنیا بەوەندەش وازناهێنن کە خۆیان دابنیشن و نەچن بۆ جەنگ و جیهاد، بەڵکو هەوڵ دەدەن خەڵکی دیکەش سارد بکەنەوەو، لەو بارەوە هەموو تواناى خۆیان بەکاردەهێنن کە خەڵکی دیکەش پەك بخەن و سارد بکەنەوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ قَدۡ يَعۡلَمُ ٱللَّهُ ٱلۡمُعَوِّقِينَ مِنكُمۡ وَٱلۡقَآئِلِينَ لِإِخۡوَٰنِهِمۡ هَلُمَّ إِلَيۡنَاۖ وَلَا يَأۡتُونَ ٱلۡبَأۡسَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٨﴾ ﴾**الأحزاب**.

٧٨- وەك چۆن لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی دوژمن دا، زۆر ترسنۆکن، کاتێ پێویست بکات بشبەخشن، زۆر چرووکن، واتە: هەم بە بەختکردنی ڕووحیان چرووکن، هەم بە بەختکردنی ماڵیان، بە زۆرییش وایە هەر کەسێك چرووك بوو، ترسنۆکیشەو، ترسنۆکیی و چرووکییش پێکەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ وەك دوو نەخۆشیی و بەڵا

پەنای لێگرتوون، بە خوا: (**وأَعُوذُ بِكَ مِنَ الجُبْنِ وَالبُخْل**[١])، لێرەش دەفەرموێ: ﴿ أَشِحَّةً عَلَيْكُمْ ﴿١٩﴾ ﴾**الأحزاب.**

٧٩- مونافیق و دەغەڵەکان کاتێك مەترسیی دێتە پێش، زمانیان گۆ ناکات، بەڵام کاتێك هێمنیی و ئاساییش دێتەوە گۆڕێ، زۆر زمان درێژن و زۆر بڵێن، قسە دەکەن و خۆیان هەڵدەکێشن: ﴿ فَإِذَا جَآءَ ٱلْخَوْفُ رَأَيْتَهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ كَٱلَّذِى يُغْشَىٰ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ فَإِذَا ذَهَبَ ٱلْخَوْفُ سَلَقُوكُم بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ ﴿١٩﴾ ﴾**الأحزاب**، ئەگەر ترس هات دەیانبینی لە ترسی مردنێ، وەك چۆن کەسێك بێهۆشیی مردنی دێتە سەر، ئاوا چاویان ئەبڵەق دەبن و دەسووڕێن، بەڵام کە ترس لاچوو، نشتەری تیژی زمانیان لە ئێوە دەدەن.

٨٠- کاتێك بەڵاو قەیران و ناڕەحەتیی لادەچێ، وا بەئاسانیی نایەنەوە قەناعەت کە ترسەکە لاچووە، ترس هێندە چۆتە دڵیانەوە، بەڵاو ترسیش لاچووەو دوژمنیش ڕۆیشتوە، ئەوان هەر بڕوایان نەکردوە: ﴿ يَحْسَبُونَ ٱلْأَحْزَابَ لَمْ يَذْهَبُوا۟ ﴿٢٠﴾ ﴾**الأحزاب**، پێیان وانیە کە کۆمەڵەکان، (کە بەبۆنەی جەنگی خەندەقەوە ئابڵووقەی مەدینەیان دابوو) ڕۆیشتوون.

٨١- کاتێك هەست بە مەترسییەك دەکەن، یاخود دەیبینن، خۆزگە دەخوازن کە لەو شارەی ئێوەدا دانەنیشتبانایە، بەڵکو زۆر دوور بووانایەو، لە دوورەوە هەواڵ و دەنگوباسی ئێوەیان پێگەیبایە: ﴿ وَإِن يَأْتِ ٱلْأَحْزَابُ يَوَدُّوا۟ لَوْ أَنَّهُم بَادُونَ فِى ٱلْأَعْرَابِ يَسْـَٔلُونَ عَنْ أَنۢبَآئِكُمْ ﴿٢٠﴾ ﴾**الأحزاب**، ئەگەر حیزبەکان (کۆمەڵەکان لە دژی ئیسلام) بێن، خۆزگە دەخوازن کە هەر لە نێو عەرەبە خێڵەکییەکان دا بوونایەو، لەوێوە هەواڵی ئێوەیان زانیبایە.

٨٢- ئەوانە وەك زیندەوەرو دڕندە زیانبەخشەکانن، هەمیشە ئازاری پێغەمبەری خواو بڕواداران دەدەن بە پیاوو ئافرەتەوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟ فَقَدِ ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَـٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٨﴾ ﴾**الأحزاب.**

---

(١) متفق عليه.

دەیەم: سوورەتی (محمد)یش چوار(٤) سیفەتی دیکەیان دەخاتەڕوو:

٨٣- ئەوانە بەهۆی ئەوەوە کە هەمیشە سەریان قاڵەو، دڵیان بە دنیاوە پەیوەستە بەو بەرژەوەندییانەی کە لە دنیادا هەیانن، کاتێك دێن بۆ کۆڕو مەجلیسی قیادە، (ئەو کات پێغەمبەری خوا ﷺ و بە نسبەت دوای ئەویشەوە، ئەوانەی لە شوێنی پێغەمبەرن)، لەو کۆڕو مەجلیسەدا ئەوەی دەگوترێ، ئیستیعابی ناکەن و وەخۆی ناگرن، چونکە دڵیان لە شوێنێکی دیکەیە، بە کە لەش و قالب لێرەن، بەڵام دڵیان لە شوێنێکی دیکەیەو بە دنیاوە پەیوەستە، بۆیە دەپرسن: ئەرێ چی گوت؟ چونکە دڵیان لەوێ نیە: ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ حَتَّىٰٓ إِذَا خَرَجُوا۟ مِنْ عِندِكَ قَالُوا۟ لِلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ مَاذَا قَالَ ءَانِفًا ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَٱتَّبَعُوٓا۟ أَهْوَآءَهُمْ ﴿١٦﴾ ﴾**محمد.**

٨٤- ئەوانە کاتێك کە پشت هەڵدەکەن (واتە: پاش دەکەنە ئیسلام) یاخود کاتێك بەرپرسیاریەتییەکیان پێ دەسپێردرێ و کارێکیان دەکەوێتە دەست، بیرناکەنەوە لە چاکەکەکردن لەگەڵ خزمان و چاکسازیی لە کۆمەڵگادا، بەڵکو ئامادەن هەموو پەیوەندییەکانی خزمایەتیی بپچڕێنن لەبەر سادەترین هۆکارو، هەمیشە خەریکی تێکدان و خراپەکارییەن، هەمیشە خۆپەرستن و خەریکی تێرکردنی غەریزەکانی خۆیانن، ﴿ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوٓا۟ أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ ﴾**محمد.**

٨٥- ئەهلی نیفاق و دەغەڵیی لەبەرئەوەی کوفر زۆر بە ناخیاندا چۆتە خوارو، لەبەر ئەو هەڵوێستە خراپانەیان، هەمیشە هێزی دەرککردنیان، لە عەقڵ و دڵ و هەستەوەرەکان لە دیتن و لە بیستن، وەك پێویست کار ناکەن: ﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰٓ أَبْصَٰرَهُمْ ﴿٢٣﴾ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴿٢٤﴾ ﴾**محمد.**

٨٦- هەرچەندە زۆر هەوڵ دەدەن خۆیان بشارنەوەو پەنهان بکەن، بەڵام بابای عاقڵی وردبین، لە ئاوازو شێوازی قسەیانەوەو بەهۆی دەربڕینەکانیانەوە دەیانناسێ: ﴿ وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِى لَحْنِ ٱلْقَوْلِ ﴿٣٠﴾ ﴾**محمد**، بەهۆی ئاوازو دەربڕینەکانیانەوە دەیانناسی.

یازدەیەم: سوورەتی (الفتح) یش سیفەتێکی دیکەیان باس دەکات:

٨٧- ئەوانە هەمیشە گومانیان بە بەرانبەر خوای مەزن خراپەو (گۆزەش چی تێدابێ ئەوەی لێدەڕژێ) ئەو گومانە خراپەش زۆر جۆرە شت دەگەیەنێ، ئەوانەش بەدڵنیایی شایستەی هەر جۆرە تەفسیرێکی ئەو گومانە خراپەن، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيُعَذِّبَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْمُشْرِكِينَ وَٱلْمُشْرِكَٰتِ ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوْءِ ﴿٦﴾ ﴾الفتح، (خوا دەیەوێ) مونافیقەکانی پیاوو ئافرەت و، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بە ئێرو مێوە سزا بدا، ئەوانەی بەردەوام گومانی خراپ بە خوا بەرن.

پێشتر لە سوورەتی (**آلِ عمران**)دا خەسڵەتی ژمارە پازدە (١٥)، ئەوە بوو کە مونافیقەکان گومانیان بەرانبەر بە خوای پەروەردگار خراپ بوو، بەڵام لەوێ باسی گومانی نەفامیی (**ظن الجاهلية**) کرا، بەڵام لێرەدا بەگشتیی باسی گومان خراپیان دەکات بەرانبەر بە خوا، کە گومانی نەفامیی، یەکێکە لە گومانە خراپەکان و، گومانی خراپ بەرانبەر خوا، بە زۆر شتی دیکەش دەگرێتەوە.

دوازدەیەم: سوورەتی (الفتح)یش دوو سیفەتی دیکەیان باس دەکات:

٨٨و٨٩- دووانی دیکە لە سیفەت و ڕەفتارە خراپەکانی دڵنەخۆشەکان، بریتین لە: ١- هەمیشە دڵ بە گومان بوون، ٢- خۆ فریودان بە خۆزگەی شیرین و درۆزن: ﴿ يَوْمَ يَقُولُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتُ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱنظُرُونَا نَقْتَبِسْ مِن نُّورِكُمْ قِيلَ ٱرْجِعُوا۟ وَرَآءَكُمْ فَٱلْتَمِسُوا۟ نُورًا فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُۥ بَابٌۢ بَاطِنُهُۥ فِيهِ ٱلرَّحْمَةُ وَظَٰهِرُهُۥ مِن قِبَلِهِ ٱلْعَذَابُ ﴿١٣﴾ يُنَادُونَهُمْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ قَالُوا۟ بَلَىٰ وَلَٰكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ وَتَرَبَّصْتُمْ وَٱرْتَبْتُمْ وَغَرَّتْكُمُ ٱلْأَمَانِىُّ حَتَّىٰ جَآءَ أَمْرُ ٱللَّهِ وَغَرَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ ﴿١٤﴾ ﴾ **الحديد**، شوێنی مەبەستیشم ئەم ڕستەیە: ﴿ وَٱرْتَبْتُمْ وَغَرَّتْكُمُ ٱلْأَمَانِىُّ ﴾، ئێوە هەمیشە دوو دڵ بوون و، خۆزگەو ئاواتەکان فریویان دان.

سێزدەیەم: سوورەتی (المجـادلة)ش پێنج سـیفەتی دیکەیان باس دەکات:

٩٠- هەمیشە لە نێو خۆیاندا سرکە سرك و فسكە فسك و چپە دەكەن، بەشێوەیەك كە پێچەوانەی ڕەزامەندیی خواو پێغەمبەرەكەیەتی: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَىٰ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ ﴿٨﴾﴾ المجادلة.

٩١- كاتێك سڵاو لە قیادە دەكەن، بە ئەدەبی ئیسلامیی سڵاو ناكەن، بەڵكو بە شێوەی نەفامانە سڵاو دەكەن: ﴿وَإِذَا جَاءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ ﴿٨﴾﴾ المجادلة.

٩٢- ئەوانە هەمیشە بە گشتیی سەر بە ئەهلی كوفرن، بەتایبەت جوولەكەو نەصرانییەكان و، بە تایبەت لەگەڵ جوولەكەكان دا كەین و بەینی تایبەتیان هەیە: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ تَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِم مَّا هُم مِّنكُمْ وَلَا مِنْهُمْ وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿١٤﴾﴾ المجادلة.

٩٣- ئەوانە هەمیشە سوێندە درۆیەكانیان دەكەنە قەڵغان و سوپەرێك لەسەر سەری خۆیان و، هەر كاتێك نیەتێكی خراپ و نیازێكی خراپ و پیلانێكیان ئاشكرا دەبێ، دەیانەوێ سوێندی بە درۆكە بكەنە پۆششێك و قەڵغانێك و خۆیانی لەژێردا پەنهان بكەن: ﴿اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ ﴿١٦﴾﴾ المجادلة.

٩٤- ئەوانە كۆمەڵێكن شەیتان بەسەریاندا زاڵ بووە، بە شێوەیەك كە خستوونیەتە ژێر ڕكێفی خۆیەوەو، یادی خوای لەبیر بردوونەوەو، بوون بە كۆمەڵی شەیتان: ﴿اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ ۚ أُولَٰئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ ۚ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ ﴿١٩﴾﴾ المجادلة.

چواردەیەم: سوورەتی (الحـشـر)یش پێنج سـیفەتی دیكەیان بـاس دەكات:

٩٥- هەمیشە گفت و بەڵێنی جۆراوجۆر بە ئەهلی كوفر دوژمنانی ئیسلام و مسوڵمانان دەدەن، بەڵام كاتێك دەكەونە تەنگانەو سەغڵەتییەوە، لەو گفت و بەڵێنانەیان پەشێمان دەبنەوە: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نَافَقُوا يَقُولُونَ لِإِخْوَانِهِمُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَئِنْ أُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَكُمْ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَدًا أَبَدًا وَإِن قُوتِلْتُمْ لَنَنصُرَنَّكُمْ وَاللَّهُ

يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿١١﴾ لَئِنْ أُخْرِجُوا۟ لَا يَخْرُجُونَ مَعَهُمْ وَلَئِن قُوتِلُوا۟ لَا يَنصُرُونَهُمْ وَلَئِن نَّصَرُوهُمْ
لَيُوَلُّنَّ ٱلْأَدْبَٰرَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ﴿١٢﴾ ﴾الحشر.

٩٦- مونافیقەکان هەمیشە شانازیی دەکەن بەسەر ئەهلی ئیسلامدا لە کاتی ئاشتییداو، خۆیان بەسەردا هەڵدەکێشن، بەڵام کاتێك دەکەونە ترسەوە، هێندە لە مسوڵمانان دەترسێن، زیاتر لەوەی لە خوا دەترسێن: ﴿لَأَنتُمْ أَشَدُّ رَهْبَةً فِى صُدُورِهِم مِّنَ ٱللَّهِ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴿١٣﴾ ﴾الحشر.

٩٧- ئەوانە بوێریی ئەوەیان نیە لەگەڵ بڕواداران دا لە مەیدانێکی ئاشکرادا ڕووبەڕووببنەوە، بەڵکو تەنیا لە پشت دیواران و لە نێو قەڵاو شوێنی مەحکەمدا: ﴿لَا يُقَٰتِلُونَكُمْ جَمِيعًا إِلَّا فِى قُرًى مُّحَصَّنَةٍ أَوْ مِن وَرَآءِ جُدُرٍۭ ﴿١٤﴾ ﴾الحشر.

٩٨- لە نێو خۆیاندا زۆر بەهێزو خاوەن زەبرن، بەڵام کاتێك لەگەڵ مسوڵمانان دا ڕووبەڕوودەبنەوە، زۆر بێهێزو پێزن: ﴿بَأْسُهُم بَيْنَهُمْ شَدِيدٌ تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّىٰ ﴿١٤﴾ ﴾الحشر.

٩٩- کە تەماشایان دەکەی، پێت وایە زۆر بەهێزو پێزو تۆکمەو توندو تۆڵن، بەڵام دوایی کە لە مەیداندا تاقییان دەکەیەوە، دەزانی زۆر پەرش و بڵاون و هەر یەکەیان دڵی لە شوێنێکە: ﴿تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّىٰ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ ﴿١٤﴾ ﴾الحشر.

پازدەیەم: لە سووڕەتی (المنافقون)دا هەشت سیفەتی دیکەیان باس دەکات:

١٠٠- مونافیقەکان لەبەرئەوەی ئیمانیان نیە، بۆیە ناچار دەبن بە خۆ بە مسوڵمان پێشان دان، لافی گەورە گەورە لێبدەن: ﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُنَٰفِقُونَ قَالُوا۟ نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ ﴿١﴾ ﴾المنافقون، کاتێك مونافیقەکان دێنە لات دەڵێن: شایەدیی دەدەین (واتە: زۆر ئیمانێکی مەحکەممان هەیە) کە تۆ پێغەمبەری خوای (لە حاڵێکدا کە درۆش دەکەن).

١٠١- ئەوانە هەموو ئامانج و مەبەستیان ئەوەیە کە خەڵك لەڕێی خوا لابدەن: ﴿ٱتَّخَذُوٓا۟ أَيْمَٰنَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢﴾ ﴾المنافقون.

١٠٢و١٠٣- ئەوانە ڕواڵەت جوانی نێوەڕۆك وێرانن، قسەیان خۆشە، بەڵام بۆشە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ ﴿٤﴾﴾ **المنافقون**.

١٠٤- لەبەرئەوەی ئەوانە پەرێزیان پاك نیە، هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوكەدان، وەك گوتراوە: خیانەتكار ترساوە: **(الخائنُ خائفٌ)**: ﴿يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ ﴿٤﴾﴾ **المنافقون**.

١٠٥- كاتێك بابایەكی دڵسۆز بانگیان بكات بۆ گەڕانەوەو، خۆ پاككردنەوەو داوای لێبوردن بۆ كران لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ، مل بادەدەن: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ لَوَّوْا رُءُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ﴿٥﴾﴾ **المنافقون**.

١٠٦- یەكێك لە پیلانەكانی مونافیقەكان ئەوەیە كە لە ڕووی بژیوەوە دژایەتیی مسوڵمانان بكەن و، هەوڵ بدەن ئابڵووقەی ئابووریيان بخەنە سەرێ، تاكو بڵاوبن و لەبەر بێ ئیمكانیەتیی، لە دەوری قیادە بپرژێن: ﴿هُمُ الَّذِينَ يَقُولُونَ لَا تُنفِقُوا عَلَىٰ مَنْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّىٰ يَنفَضُّوا ﴿٧﴾﴾ **المنافقون**.

١٠٧- مونافیقەكان ئەگەر بۆیان بكرێ و بۆیان هەڵسووڕێ، دەیانەوێ مسوڵمانان و بڕواداران هەر شاربەدەر بكەن، بۆ ئەوەی شار بۆ خۆیان چۆڵ بێ و ئەوان لەگەڵیاندا نەمێنن، تاكو چیدیكە عەیب و عارو كەم و كوڕییەكانیان دەرنەكەون: ﴿يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨﴾﴾ **المنافقون**.

بڕگەی چوارەم: پێنج سەرنج لەبارەی نیفاق و مونافیقەكانەوە:

١- حیكمەتی ئەوە كە خوا ﷻ بە درێژیی باسی سیفەتی مونافیقەكانی كردوەو باش تیشكی خستوونەسەر، ئەوەیە كە مونافیقەكان خۆیان بە مسوڵمان پێشان دەدەن، بەڵام كوفر پەنهان دەكەن، بۆیە بۆ پەی پێبردن و ناسینیان، پێویستە تیشكی زۆریان بخرێتە سەر، بەڵام بابای بێبڕوا دیارو ئاشكرایە.

٢- کەم وایە لە هیچ کۆمەڵگایەکدا حاڵەتی نیفاق و دیاردەی نیفاق و دەغەڵیی دەربکەوێ، مەگەر مسوڵمانان جۆرێك لە دەسەڵات و هەیبەتیان هەبێ، مەرج نیە دەوڵەتیان هەبێ، بەڵام مسوڵمانان دەبێ هەیبەت و هێزو پێزێکیان هەبێ، ئنجا کافرەکان ناچار دەبن خۆیان بە مسوڵمان پێشان بدەن و بکەونە حاڵەتی نیفاق و دەغەڵیی و دووڕووییەوە.

٣- مەرج نیە هەر کەسێك یەکێك لەو سەدو حەوت (١٠٧) سیفەتەی تێدابێ، لە بازنەی ئیسلام و ئیمان دەرچووبێ، چونکە جاری وایە مسوڵمانیش گیرۆدەو گرفتار دەبێ بە یەکێ لە سیفەتەکانی موونافیقەکانەوە.

٤- ئەگەر بویسترێ کۆمەڵگای ئیسلامیی پارێزراو بێ لە کاریگەریی خراپی مونافیقەکان، پێویستە دوو شت بکرێن:

أ- تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە شارەزابن بە زانستی شەرعیی وەرگیراو لە قورئان و سوننەت، کە لە نێویدا (لە نێو ئەو زانستە شەرعییەدا) بریتیە لە شارەزابوون لە مونافیق و دەغەڵەکان.

ب- پێویستە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە مەحکەم بن لەڕووی دینداریی و تەقواوە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡ ﴿١٠٥﴾ ﴾المائدة، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَإِن تَصۡبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمۡ كَيۡدُهُمۡ شَيۡـًٔا ﴿١٢٠﴾ ﴾**آلِ عمران**.

٥- لەبەرئەوەی نیفاق خراپترین جۆری کوفرەو، مونافیقەکان خراپترین جۆری کافرەکانن و بەزەڕترینیانن بەرانبەر ئیسلام و مسوڵمانان و، چونکە نیفاق بەرهەمی زۆر خراپی هەن، بۆیە مسوڵمانان پێویستە زۆریان لێ وریا بن و، زۆریش وریا بن لە هەموو ئەو خەسڵەتانەی مونافیقەکانیان پێ پێناسەکراون، خۆیانیان لێ دووربگرن و، بەدڵنیایی تاکو مسوڵمانانیش زیاتر ئەهلی ئیمان بن و ئەهلی تەقوا بن، لە سیفەت و ڕەوشت و ڕەفتارو هەڵوێستەکانی مونافیقەکانیش دوورتر دەبن.

بڕگەی پێنجەم: چوار مەرجی سەرەکیی بۆ تۆبەکردنی مونافیقەکان:

خـوا ﷻ چـوار مەرجـی دانـاون بـۆ هـەر کەسـێك لـە مونافیقـەکان، کـە بیـەوێ دەستبەرداری نیفاق بێت و وازی لێبهێنێ: ﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ وَأَصْلَحُوا۟ وَٱعْتَصَمُوا۟ بِٱللَّهِ وَأَخْلَصُوا۟ دِينَهُمْ لِلَّهِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَعَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَسَوْفَ يُؤْتِ ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١٤٦﴾﴾ النسـاء، واتـە: بـە دڵنیایـی مونافیقـەکان لـە پلـەی ژێـری ژێـرەوەی ئاگـری دۆزەخـدان و، هیـچ پشـتیوانێکت بـۆ ئـەوان چنـگ ناکـەوێ، جگـە لەوانـەی گەڕاونـەوەو، چاکسـازییان کـردوەو، دەسـتیان بـە خـواوە گرتـوەو، ملکەچیـی خۆیانیـان بـۆ خـوا سـاغ کردۆتـەوە، ئەوانـە لەگـەڵ بڕوادارانـن و، خـوا لەمـەودوا بەدڵنیایـی پاداشـتێکی مـەزن دەداتـە بـڕواداران.

کەواتـە: خـوای پـەروەردگار چـوار مەرجـی دانـاون، بـۆ تۆبـەو گەڕانـەوەی مونافیقـەکان، چونکـە دەرد هەتـا قورسـتر بـێ و کوشـندەو بەزەبرتـر بـێ، پێویسـتە چارەسەریشـی وردو قـووڵ و ئاوێتـە بـێ.

ئەمانەش چوار مەرجەکانن:

١- بە کردەوە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، واتە: واز لە گوناهو تاوان و سەرپێچیی و دەغەڵیی بێنن، ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟﴾ مەگەر ئەوانەی گەڕاونەوە.

٢- ئەگەر هەتا ئێستا خراپەو تێکدانیان کردوە لەنێو کۆمەڵگاداو، بەڵابوون و دەردو خۆرکە بوون، لەمەودوا چاکسازیی بکەن: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ وَأَصْلَحُوا۟﴾ هەروەها چاکسازییان کردوە.

٣- ئەگەر تاکو ئێستا دەستیان بە شتی دیکەوە گرتوە، بە دۆستایەتیی جوولەکەو نەصرانیی و ئەهلی کوفرو ئیلحادەوە، لەمەودوا تەنیا دەست بە خواوە بگرن: ﴿وَٱعْتَصَمُوا۟ بِٱللَّهِ﴾، دەستیان گرتوە بە خواوە.

٤- ئەگەر تاكو ئێستا دەغەڵ و موخەننەت و دڵنەخۆش بوون، لەمەودوا ساغ و پاك و چاك بن: ﴿وَأَخْلَصُوا۟ دِينَهُمْ لِلَّهِ﴾، ملكەچیی خۆیانیان بۆ خوا ساغ كردۆتەوە.

خـوا بـە لوتـف و كەرەمـی خـۆی ئێمـە بپارێـزێ لـە هەمـوو ئـەو خەسـڵەت و ڕەوشـت و ئـاكارو هەڵوێسـتانەی، مونافیقەكانـی پـێ پێناسـە كـردوون، هێنـدە بەصیرەت و بەرچاوڕوونییـمان پـێ بـدات، كـە مونافیق و دڵنەخۆشـەكان كـە گورگن لـە پێسـتی مـەڕدا، بناسـین و، وریـا بیـن نەتوانـن فێڵـمان لێبكـەن و، هەڵمانخەڵەتێنن و كڵاومـان لەسـەر بنێـن.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أشهَدُ أنْ لاَ إلَهَ إلاَّ أنتَ، أستَغفِرُكَ وَأتُوبُ إلَيكَ.

تەفسیری سوورەتی

التَّغَابُنِ

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمـڕۆ کـە (١٦)ی ڕەمەزانـی سـاڵی (١٤٤١) کۆچییـە، بەرانبـەر: (٢٠٢٠/٥/٩) زایینـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوای بەخشـەرو میهرەبـان پشـتیوانمان بـێ، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (**التَّغَابُـن**)، سـەرەتا پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە حـەوت (٧) بڕگـەدا دەخەینـەڕوو، بـۆ ئـەوەی بـەر لـەوەی بچینـە نێـو وردەکارییـەکانی شـیکردنەوەو ڕوونکردنـەوەی مانـاو مەبەسـتی ئایەتـە بەپێـزەکانی ئـەم سـوورەتە، چوارچێـوەو هێڵـە گشـتییەکانی ئـەم سـوورەتەمان لەبەرچاوبـێ.

پێناسەی سوورەتی (التَّغَابُن) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە تەنیـا بـە نـاوی (**سورة التَّغَابُـن**)، نـاسراوەو، هیـچ ناوێکـی دیکـەی بـۆ نەزانـراوە، هۆیەکەشـی ئەوەیـە کـە وشـەی (**التَّغَابُـن**)، تەنیـا لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا هاتـوە، ئـەوە هەمـوو زانایـان لەسـەری یەکدەنگـن و لـە هەمـوو تەفسـیرەکاندا هـەروا گوتـراوە، لـە هەمـوو موصحەفەکانیشـدا بـە کـۆن و تـازەوە، ئـەم سـوورەتە ئـەم نـاوەی بـۆ بەکارهێنـراوە.

دووەم: کات و شوێنی دابەزینی:

زۆربـەی زانایـان ڕایـان وایـە ئـەم سـوورەتە لـە مەدینـە دابەزیـوەو مەدینەییـە، بـەڵام لـە (**الضحـاك**)، کـە یەکێکـە لـە زانایانـی تابیعیـن و، هەندێـك لـە زانایانـی دیکـەوە هاتـوە، کـە لـە مەککـە دابەزیـوە، (**الكلبي**)یـش، کـە یەکێکـە لـە زانایـان گوتوویەتـی: (**هِـي مَدَنِيَّـة وَمَكِيَّةٌ**)، ئـەم سـوورەتە، هـەم مەدینەییـە، هـەم مەککەییە.

بـەڵام ڕای ڕاسـت هـەر ئەوەیـە کـە ئـەم سـوورەتە هەمـووی مەدینەییـە، وەك دوایـی لـە بـارەی هـۆی هاتنـە خـواری ئایەتەکانـی: (١٤ - ١٨)ەوە، بـاس دەکەیـن و، هـەر کام لـە (**ابـن الضريـس و ابـن مردويـه والبيهقـي**)، لـە (**دلائـل النبـوة**)دا، لـە (**ابـن عبـاس**)ەوە، هێناویانـە کـە گوتوویـەتی: (**نَزَلَـتْ سُـوْرَة التَّغَابُـن بِالمَدِيْنَـة**)، سـوورەتی (**التُّغَابُـن**)، لـە مەدینـە دابەزیـوە، هەروەهـا (**ابـن مردويه**)یـش، لـە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیـرو ئیبنـو عەبباسـەوە (خـوا لـە خۆیـان و بابیـان ڕازی بـێ) هێناویـەتی کـە ئـەم سـوورەتە لـە مەدینـە دابەزیـوە، وەك (**السـيوطي**)، بـە نسـبەت هـەردوو ڕایـەکان لـە (**الـدرُّ المنثور في التفسير بالمأثور**: ج ٨، ص١٨١)دا، هێناویـەتی، هەروەهـا (**فتح القدير للشـوكاني: ج ٥، ص ٢٨٤**)یـش، ئەوانـەی گوتمانـن، نەقڵـی کـردوون.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە دابەزین و لە موصحەفدا:

لـە دابەزینـدا ڕیزبەندییەکـەی بریتیـە لـە (١٠٧)، واتـە: (١٠٧)میـن، سـوورەتە دابەزیـبێ لـە ڕووی کاتـی دابەزینـەوە، پێـش سـوورەتی (**الصـف**)و، دوای سـوورەتی (**الجمعـة**)، ئەمـە بەپێـی سـەرژمێری جابیـری کـوڕی زەیـدو ژمارەیەکـی زۆر لـە زانایـان، لـە موصحەفیشـدا ژمارەکـەی (٦٤)ە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمـارەی ئایەتەکانــی بــە یەکدەنگیــی ژمێرەرانــی ئایەتــەکانی قورئــان هــەژدە (١٨)یـە، هیـچ کەسـی دیکـە نەیگوتـوە (١٧)یـە، یاخـود (١٩)یـە، هەموویـان لەسـەر ژمـارە (١٨)، یەکدەنگــن.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە ژمارەیەکـی زۆر بابەتـی جـۆراو جـۆری گرتوونـە خـۆی، کـە سـەرجەم شـانزە (١٦)، بابەتـن، هەشـتیان لـە (١٠) ئایەتـی پێشـەوەداو، هەشـتی دیکەشـیان لـە (٨)، ئایەتـی دوایـی دا، چونکـە ئێمـە دوایـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە دەکەینـە دوو دەرس، لـە دەرسـێکیاندا (١٠) ئایەتـی یەکـەم و، لە دەرسێکیشـیاندا (٨) ئایەتـی دووەم دەتوێژینـەوە، لەوێـش لـە کاتی هێنانـی دەرسـەکاندا ئامـاژە دەکەیـن، بـە هـەر کام لـەو دوو هەشـت بابەتـە، کـە بـە هەموویـان شـازدە (١٦)، بابەتـن.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە، چوار تایبەتمەندییمان لێ هێناون:

١- تەنیا لەم سوورەتەدا وشەی (**التَّغَابُن**) هاتوە، لە ئایەتی ژمارە (٩)دا.

٢- تەنیا لەم سوورەتەدا ئەم تەعبیرە هاتوە: ﴿ زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ ﴿٧﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی بێبڕوان لافیان لێدا بەدرۆ، وایانزانی زیندوو ناکرێنەوە.

٣- تەنیا لەم سوورەتەدا ئەم تەعبیرە هاتوە: ﴿ وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ يَهۡدِ قَلۡبَهُۥۚ ﴿١١﴾ ﴾، واتە: هەر کەسێك بڕوا بە خوا بێنێ، خوا دڵی ڕاستە ڕێ دەکات.

٤- تەنیا لەم سوورەتەدا ئەم تەعبیرە هاتوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ وَأَوۡلَٰدِكُمۡ عَدُوّٗا لَّكُمۡ فَٱحۡذَرُوهُمۡۚ ﴿١٤﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە، بە

دڵنیایی لە ژنەکانتان و لە منداڵەکانتاندا دوژمن هەیە بۆ ئێوە، واتە: هەندێك لە ژن و منداڵەکانتان بەشێوەیەك مامەڵەتان لەگەڵدا دەکەن، وەك مامەڵەی دوژمن لەگەڵ دوژمن و زیانتان لێ دەدەن، بۆیە لێیان وریابن.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

ئێمە کۆی هەژدە (١٨) ئایەتەکانی ئەم سوورەتەمان، بۆ دوو دەرس دابەشکردوون:

دەرسی یەکەم: لە دە (١٠)، ئایەتی سەرەتا پێك دێ، کە وەك گوتمان: هەشت بابەتی گرنگیان تێدا خراونەڕوو، هەشت بابەتی جۆراو جۆر:

بابەتی یەکەم: کە لە ئایەتی ژمارە (١)دا، هاتوە، ئەوەیە کە خوا ڕایگەیاندوە، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لەزەویدا هەیە، بە پاکگرتن و بەبێ خەوش دانانی خوا، ڕادەگەیەنێ و، هەرچی حوکمڕانیی و هەرچی ستاییش هەیە، تەنیا هی خوایەو لەسەر هەموو شتێکیش بەتوانایە.

بابەتی دووەم: لە ئایەتی ژمارە (٢)دا خراوەتەڕوو، ئەویش ئەوەیە کە خوا دەفەرموێ: خوا ئێوەی وەدیهێناوە، ئنجا هەتانە بێبڕوایەو هەشتانە بڕوادارە.

بابەتی سێیەم: لە ئایەتی ژمارە (٣)دا، خراوەتەڕوو کە خوا ﷻ ئەوەی خستۆتەڕوو: خوا ئاسمانەکان و زەوی بەهەق خوڵقاندوون و، وێنەی ئێوەشی کێشاوەو بەباشترین شێوە وێنەتانی کێشاوە.

بابەتی چوارەم: لە ئایەتی ژمارە (٤)دا، خراوەتەڕوو، کە خوا دەفەرموێ: خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە دەیزانێ و، دەزانێ چی دەشارنەوەو چی ئاشکرا دەکەن و، بەنهێنیی نێو سینەکانیش ئاگادارە.

بابەتی پێنجەم: لە ئایەتەکانی: (٥ و ٦)دا، خوای بەرزی مەزن ئەو ڕاستییەی ڕاگەیاندوە، کە گەلانی بێبڕوای ڕابردوو، سزای سەرەنجامی شوومی کاری خۆیانیان چێژت، بەهۆی ئەوەوە کە پێغەمبەرەکانیان (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)

کـە بەڵگـە ڕۆشـنەکانیان بـۆ هێنابـوون، ئـەوان بەبیانـووی ئـەوەی مرۆڤـن، دەیانگـوت: ﴿أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا ﴿٦﴾﴾، چـۆن مـرۆڤ دەبێ ڕێنمایـی ئێمـە بـکات؟ بۆیـە بێبـڕوا بـوون و پشـتیان هەڵکـرد، خـواش ﷻ لێیـان بێنیـاز بـوو.

بابـەتی شەشـەم: لـە ئایـەتی ژمـارە (٧)دا، خراوەتـەڕوو: خـوا ﷻ باسـی لافلێـدانی بێبڕوایـەکان دەکات کـە گوتوویانـە: بـە دڵنیایـی هەڵناسـتێنرێینەوەو زینـدوو ناکرێینـەوە، خـوای پەروەردگاریـش لـەوەدا بەدرۆیـان دەخاتـەوەو، سـوێندیان بـۆ دەخـواو دەفەرمـوێ: بڵـێ: بـا سـوێند بـە پـەروەردگارم زینـدوو دەکرێنـەوەو دواییـش بـەوەی کردووتانـە هەواڵتـان پـێ دەدرێ، ئـەوەش لەسـەر خـوا ئاسـانە.

بابەتـی حەوتـەم: لـە ئایەتـی ژمـارە (٨)دا، خراوەتـەڕوو، کـە خـوا ﷻ فەرمـان دەکات: بـڕوا بێنـن بـە خـواو بـە پێغەمبەرەکـەی و بـەو ڕووناکییـەی دایبەزانـدوە، کـە مەبەسـت پێـی قورئانـە.

بابەتـی هەشـتەم: لـە هـەردوو ئایەتەکانـی: (٩ و ١٠)دا، خراوەتـەڕوو، ئەویـش ئەوەیـە کـە خـوا ﷻ لـەڕۆژی کۆکرانـەوەدا، هەمـوو مرۆڤـەکان کـۆ دەکاتـەوەو ئـەو ڕۆژەش ڕۆژی تێـدا دۆڕانـە، واتـە: تێـدا زیانباربـوونی بێبڕوایانـە، ئنجا ڕایدەگەیەنـێ کە هـەر کەسـێ ئیـمان بێنـێ و کـردەوەی بـاش بـکات، خـوا خراپەکانـی لـێ دەسـڕێتەوەو دەیخاتـە بەهەشـت، بـەڵام ئەوانـەی بێبـڕواو بـەدرۆ دانـەری ئایەتەکانی خـوان، ئەوانە هاوەڵـی ئاگـری دۆزەخـن و، بـە هەمیشـەیی تێیـدا دەمێننـەوە.

دەرسـی دووەم: لـە هەشـت ئایەتـی کۆتایـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە پێـك دێ، ئایەتەکانـی: (١١ - ١٨)، دیسـان لـەم هەشـت ئایەتـە موبارەکەشـدا، هەشـت بابـەت خراونەڕوو:

بابەتـی یەکـەم: ئەوەیـە کـە هـەر بەڵایـەك بەسـەر مـرۆڤ دێ، بـە مۆڵـەت و ویسـتی خوایـە، بـەڕێ پێدانـی خوایـەو، هـەر کەسـێکیش بـڕوا بەخـوا بێنـێ، خـوا دڵـی ڕۆشـن دەکات و ڕێنمایـی و ڕاسـتە ڕێ دەکات.

بابەتی دووەم: فەرمانکردنی خوای پەروەردگارە بە بڕواداران کە فەرمانبەریی خوا بکەن و فەرمانبەریی پێغەمبەر ﷺ بکەن، ئەگەر پشتیشیان هەڵکرد، دڵنیابن کە پێغەمبەری خوا، تەنیا گەیاندنی پەیامی خوای لەسەرەو دوایی خۆیان بەرپرسیارن.

بابەتی سێیەم: کە لە ئایەتی ژمارە (١٣)دا، خراوەتەڕوو، ڕاگەیاندنی یەکتایی خواو تەنیا پەرستراوێتیی خوایە.

بابەتی چوارەم: خستنە ڕووی ئەو ڕاستییەیە کە بڕواداران دەبێ تەنیا پشت بە خوا ببەستن.

بابەتی پێنجەم: لە ئایەتەکانی: (١٤و ١٥)دا، خراوەتەڕوو، خوا ﷻ بە بڕواداران ڕادەگەیەنێ کە لە ژنەکانتان و لە منداڵەکانتاندا دوژمن هەیە بۆ ئێوە، واتە: هەندێك لە ژن و منداڵەکانی هەندێکتان، وا مامەڵە لەگەڵ مێردەکانیاندا دەکەن، وەك مامەڵەی دوژمن لەگەڵ دوژمن و، هەوڵدەدەن زیانیان پێبگەیەنن، هەڵبەتە زیانی ڕووحیی و مەعنەویی زیاتر، بەڵام زیانی دیکەش هەر دەگرێتەوە، وەك دوایی لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا باسی دەکەین، کە هەندێك لە ژنەکانی ئەوانەی بڕوایان هێنابوو لە مەککە، ڕێیان لە مێردەکانیان گرت کە کۆچ بکەن بۆ مەدینەو هەر لە مەککە هێشتنیانەوەو، دوایی چ لەوێ مردبن لە مەنزڵگای کوفردا، چ دوا کەوتبن کە شارەزای ئیسلام بن، گرنگ ئەوەیە تووشی زیان بوون.

بابەتی شەشەم: ئەوەیە کە خوا ﷻ فەرمانمان پێ دەکات ئەوەندەی دەتوانین و هەتا پێمان دەکرێ، پارێز لە خوا بکەین و گوێڕایەڵ و فەرمانبەربین و، لەوەش کە خوا پێیداوین ببەخشین.

بابەتی حەوتەم: ئەوەیە کە خوا ﷻ هانمان دەدا بۆ بەخشین و، هاوکارییکردنی هەژاران و نەداران لەلای ئێمەوە، ناو دەبات بە قەرزی باش، دەفەرموێ:

﴿ إِن تُقْرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَٰعِفْهُ لَكُمْ ﴿١٧﴾ ﴾، ئەگـەر ئێـوە قـەرزی بـاش بـدەن بـە خـوا ﷻ، پاداشـتەکەتان بـۆ چەنـد بەرامبـەر دەکاتـەوە.

بابەتی هەشتەم: ئەوەیە کە خوا ﷻ خۆی بە چەند سیفەتێك پێناسە دەکات:

١- (شَكُورٌ)، سوپاسگوزار.

٢- (حَلِيمٌ)، هێدیی و مەند.

٣- (عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ)، زانای پەنهان و ئاشکرا.

٤- (ٱلْعَزِيزُ)، زاڵ و باڵا دەست.

٥- (ٱلْحَكِيمُ)، کاربەجێ.

خوا ﷻ بەو پێنج سیفەتە خۆی پێناسە دەکات.

واتـە: ئـەو خوایـەی پێتـان دەفەرمـوێ: بەندایەتیـی بـۆ بکـەن و فەرمانبەریـی خـۆی و پێغەمبەرەکـەی ﷺ بکـەن، ئەوانـە سـیفەتەکانی، کـە بێگومـان بەشـێکن لـە سـیفەتە بـەرزو پەسـندە بـێ سـنوورەکانی، نـەک هەموویـان.



دەرسی یەکەم



پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە دە ئایەتەکانـی: (١ - ١٠)، لـە دە (١٠) ئایـەتی پێشـەوەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە پێـك دێ، لـەو دە (١٠) ئایەتـەش دا، وەك پێشـتریش گوتمـان: هەشـت بابەتـی جـۆراو جـۆر خراونـەڕوو:

١- ڕاگەیاندنی بە پاکگیرانی خوا لەلایەن هەرچییەك کە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، لە ئایەتی یەکەمدا.

٢- ناساندنی خوا بەوە کە بەدیهێنەری هەموو لایەکە، بە بێبڕواو بڕوادارەوە، لە ئایەتی دووەم دا.

٣- ڕاگەیاندنی ئەوە کە خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق و حیکمەت دروستکردوون، بە باشیش وێنەی مرۆڤانی کێشاوە، لە ئایەتی سێیەم دا.

٤- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە خوا هەموو شتێك دەزانێ بە پەنهان و ئاشکراوە، تەنانەت بیرو خولیایەکانی نێو دڵ و مێشکیش دەزانێ، لە ئایەتی چوارەم دا.

٥- سەرنجڕاکێشانی مرۆڤان بۆ مێژووی گەلانی کافر، کە نکووڵییان لە مرۆڤ بوونی نێردراوانی خوا کردوەو، سەرەنجام خوا ﷻ سزای داون، لە ئایەتەکانی (٥ و ٦)دا.

٦- بەرپەرچدانەوەی لافلێدان و گومانی نکووڵیلێکەرەکانی هاتنی قیامەت و، زیندووکرانەوەو، سزاو پاداشتدرانەوە، لە ئایەتی حەوتەم دا.

٧- فەرمانکردنی خوا بە ئیمان هێنان بە خواو بە پێغەمبەرەکەی و ڕۆشنایی دابەزێنراوی، کە بە دڵنیایی مەبەست پێی قوڕئانە، لە ئایەتی هەشتەم دا.

٨- بابەتی هەشتەم و کۆتایی کە لە ئایەتەکانی: (٩ و١٠)دا، خراوەتەڕوو، باسی ڕۆژی تێدا دۆڕان و زیانباربوونی کافران، کە بڕواداران بە بەهەشتەکانی خوا شاد دەبن و، بێبڕوایانیش دەبنە هاوەڵی ئاگری دۆزەخ و، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (١) هُوَ
الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٢) خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ
بِالْحَقِّ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ (٣) يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا
تُعْلِنُونَ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (٤) أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَبْلُ فَذَاقُوا وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ
عَذَابٌ أَلِيمٌ (٥) ذَٰلِكَ بِأَنَّهُ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالُوا أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا فَكَفَرُوا وَتَوَلَّوا وَّاسْتَغْنَى
اللَّهُ وَاللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ (٦) زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن لَّن يُبْعَثُوا قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَٰلِكَ عَلَى
اللَّهِ يَسِيرٌ (٧) فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالنُّورِ الَّذِي أَنزَلْنَا وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (٨) يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ
لِيَوْمِ الْجَمْعِ ذَٰلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ
تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (٩) وَالَّذِينَ كَفَرُوا
وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ خَالِدِينَ فِيهَا وَبِئْسَ الْمَصِيرُ (١٠) ﴾

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدایە، خوا بە پاك و بێخەوش دەگرێ، حوکمڕانیی و باڵادەستیی تەنیا هی ویەو، ستاییش بەس بۆ ویەو، ئەو لەسەر هەموو شتێك توانایە (١) ئەو کەسێکە ئێوەی دروستکردوە، ئنجا هەتانە بێبڕوایەو هەتانە بڕوادارەو، خواش بینەری ئەوەیە کە دەیکەن (٢) ئاسمانەکان و زەوی بەهەق (و حیکمەت) هێناونە دی و، وێنەتانی باش و جوان کێشاوەو، سەرەنجامیش تەنیا بۆ لای ویە (٣) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە، دەیزانێ و، ئەوەی پەنهانی دەکەن

و ئـەوەی ئاشـكرای دەكـەن، دەیزانـێ و، خـوا بـە (نهێنیـی) خـاوەنی سـینەكان زانـاو ئـاگادارە ﴿٤﴾ ئایـا هەواڵـی ئەوانەتـان بـۆ نەهاتـوە كـە لەمـەو پێـش بێبڕوابـوون، سـزای سـەختی كاری خۆیانیـان چێـژت و (لـە ڕۆژی دواییـش دا) ئازارێكی بە ئێشـیان هەیـە؟ ﴿٥﴾ ئـەوەش بەهـۆی ئـەوەوە كـە پێغەمبەرەكانیـان بەڵگـە ڕۆشـنەكانیان بـۆ هێنـان، كەچـی (بەسەرسـووڕمانەوە) گوتیـان: ئایـا مرۆڤـەكان ڕێنماییـمان دەكـەن؟ ئنجـا بێبڕوابـوون و پشـتیان هەڵكـرد، خـواش بێنیـازی ستاییشـكراوە ﴿٦﴾ ئەوانـەی بێبـڕوان (بـە گومـان و درۆ) پێیـان وایـە (لـە دوای مـردن) هەڵناسـتێنرێنەوە! بڵـێ: بـا سـوێند بـە پـەروەردگارم بـە دڵنیایـی هەڵدەسـتێنرێنەوە (و دەژیەنرێنـەوە) دوایـی هەواڵـی ئەوەتـان پێـدەدرێ (لـە لایـەن خـواوە) كـە كردووتانـەو، ئـەوەش (كارێكـە) لەسـەر خـوا سـێنایە ﴿٧﴾ كەواتـە: بـڕوا بـە خـواو بـە پێغەمبەرەكـەی ئـەو ڕووناكییـەی دامانبەزانـدوە بێنـن و، خـواش شـارەزای ئەوەیـە كـە دەیكـەن ﴿٨﴾ (یـاد بكەنـەوە!) كاتێـك لـە ڕۆژی كۆكردنـەوەدا كۆتـان دەكاتـەوە، ئـەوە ڕۆژی (بردنـەوەی بـڕواداران و) دۆڕانـدن (ی بێبڕوایـان)ەو، هـەر كەسـیش بـڕوای بـە خـوا بـێ و كـردەوەی چاكـە بـكات، (خـوا) خراپـەكانی لـێ دەسـڕێتەوەو، دەیخاتـە باخانێكـەوە ڕووباریـان بەبـەردا دەڕۆن، بـە هەمیشـەیی تێیانـدا هەرمـاو دەبـن، ئـەوەش بردنـەوەی مەزنـە ﴿٩﴾ ئەوانـەش كـە بێبڕوابـوون و نیشـانەكانمانیان بـە درۆ دانـاون، ئەوانـە هـاوەڵانی ئاگـر (ی دۆزەخ)ن بـە هەمیشـەیی تێیـدا دەبـن و (ئـەو دۆزەخـە) خراپتریـن سەرەنجامیشـە ﴿١٠﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ): (ذَات: مُؤَنَّثُ ذُو، بِمَعْنَى صَاحِب)، (ذَات): مێینەی (ذو)یە، (ذو)، یانی: (صَاحِب) و (ذَات)، یانی: (صَاحِبَة)، (ذَات الصُّدُور)، یانی: (صَاحِبَة الصُّدُور)، خوا ﷻ ناوی لە نهێنییەکانی نێو دڵەکان ناوە (صَاحِبَة الصُّدُور)، (صَاحِبَة)ش هەم بە مانای هاوەڵ دێ، هەم بە مانای خاوەن دێ، واتە: نهێنییەکان هەمیشە لەگەڵ سینەکاندان و لێیان جیانابنەوە، یاخود وا لە نێو سینەکاندا چەسپاون، وەك بووبنە خاوەنی دڵ و سینەکان.

(نَبَؤُاْ): ﴿نَبَؤُاْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبْلُ فَذَاقُواْ﴾ (نَبَأ: خَبَرٌ ذُو فَائِدَة عَظِيْمَة يَحْصلُ بِه عِلْمٌ أَو غَلَبَةُ ظَنٍ)، (نَبَأ): هەواڵێکە سوودێکی مەزنی هەبێ، بە هۆی ئەو هەواڵەوە زانیارییەکی جێی دڵنیایی، یاخود گومانێکی زاڵ پەیدا ببێ.

(وَبَالَ أَمْرِهِمْ): سەرەنجامی شوومی کارەکەیان، (الوَبْلُ وَالوَابِلُ: المَطَرُ الثَّقِيْلُ القِطَار)، (وَبْلٌ و وَابِل): هەردووکیان بە بارانی دڵۆپە قورس دەگوترێن، (القِطَار: جَمْعُ قَطْرَة)، (قِطَار) کۆی (قَطْرَة)یە، دڵۆپەی قورس، هەروەها (وَبَال)، بە مانای قورسیی و سەختییش دێ، (وَقِيْلَ لِلأَمْرِ الَّذِي يُخَافُ ضَرَرهُ: وَبَال)، کارێك مەترسیی لە سەرەنجامەکەی بکرێ، پێی گوتراوە: (وَبَال)، دەگوترێ: (طَعَامٌ وَبِيْل، وَكَلأٌ وَبِيْل: يَخَافُ وَبَالُه)، لەوەڕێك و خواردنێك کە سەرەنجامەکەی خراپ بێ و جێی مەترسی بێ، دەگوترێ: (كَلأٌ وطَعَامٌ وَبِيْل)، کە بخۆرەکە لە ئەنجامی خواردنیدا تووشی زەرەرێك ببێ، هەروەها لەوەڕێك ئاژەڵێك دەیخوات ئەگەر جێی مەترسیی بێ، پێی دەگوترێ: (كَلأٌ وَبِيْل)، لەوەڕێکی جێی مەترسیی.

کەواتە (وَبَالَ)، ئەوە ڕیشە زمانەوانییەکەیەتی، بەڵام خوای پەروەردگار بەکاری هێناوە بە مانای سەرەنجامی خراپ، ﴿فَذَاقُواْ وَبَالَ أَمْرِهِمْ﴾، چێژتیان سزای سەرەنجامی دژوارو خراپی خۆیانیان چێژت.

(أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا): (البَشَرُ: الإنْسَانُ للوَاحِد وَالجَمْعِ إذَا اعْتُبِرَ فِيْه ظَاهِرُه وَجِثَّتُهُ)، مرۆڤ پێی دەگوترێ: بەشەر، وشەی بەشەر وەك ئینسان بۆ تاك و بۆ كۆش بەكاردێ، بەشەریش بۆ تاك و بۆ كۆ بەكاردێ، بەڵام لەو ڕووەوە پێی دەگوترێ بەشەر، كە كەلەشە ڕواڵەتەكەی و پێستەكەی، ڕەچاو بكرێ تێیدا، هەروەك كە دەگوترێ: ئینسان لەو ڕووەوەیە كە ئولفەت لەگەڵ گیراوەو هۆگریی لەگەڵ هاوونەكانی خۆیدا دەگرێ، ئینسان لە (أُنْس)ەوە، هاتوە.

(زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ): ئەوانەی بێبڕوان لافیان لێدا و گومان و بۆچوونیان وابوو، (الزَّعْمُ: حِكَايَةُ قَوْلٍ يَكُونُ مَظِنَّةً لِلْكَذِبِ)، (زَعْم): بریتیە لە گێڕانەوەی قسەیەك مەزەنەی درۆی لێبكرێ، زیاتر وشەی (زَعْم)، بۆ قسەیەك كە درۆ بێ، یان بۆ لافلێدانێك كە ناڕاست بێ، بەكاردەهێنرێ.

(أَن لَّن يُبْعَثُواْ): كە زیندوو نەكرێنەوە، هەڵنەستێنرێنەوە، (أَصْلُ البَعْثِ: إثَارَةُ الشَّيءِ وَتَوْجِيهُهُ، وَيَخْتَلِفُ البَعْثُ بِحَسَبِ اخْتِلاَفِ مَا يُعَلَّقُ بِهِ)، وشەی (بَعْث): بە مانای هەڵساندن و ئاڕاستەكردن دێ، هەڵگیرساندن و شتێك و ئاڕاستەكردنی، دوایی وشەی (بَعْث)، بەپێی جیاوازیی ئەوەی پێیەوە پەیوەست دەبێ، مانایەكەی دەگۆڕێ، بۆ وێنە: (بَعَثَ إِلَيْهِ رِسَالَةً) نامەیەكی بۆ نادر، (بَعَثَهُ مِنَ القَبْرِ)، لە گۆڕەكە هەڵیستاندەوە، (بَعَثَ الرِّيحَ)، بایەكەی نارد، (ثُمَّ بَعَثْنَا مِنْ بَعْدِهِم رُسُولَنَا)، واتە: دوای وان پێغەمبەرەكانی خۆمانمان ناردن، كەواتە: بەپێی ئەو بابەتەی پێیەوە پەیوەست بێ، مانایەكەی دەگۆڕێ.

(بَلَى): (بَلَى: رَدٌّ للنَّفْي أَو جَوَابٌ لاسْتِفْهَام مُقْتَرِنٍ بِنَفْيٍ: ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَىٰ ١٧٢﴾ الأعراف)، وشەی (بَلَى)، بەرپەرچدانەوەی لابردنە، یاخود وەڵامی پرسیاركردنێكە جووت بێ لەگەڵ لابردندا، وەك: ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ﴾ الأعراف، ئایا من پەروەردگارتان نیم؟ ئەمە پرسیاركردنەو جووتیش كراوە لەگەڵ لابردن دا، ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ﴾، ئایا پەروەردگارتان نیم؟ ﴿قَالُواْ بَلَىٰ﴾، گوتیان: با، ئنجا لە

وەڵامی پرسیارکردنێك دا کە لابردن (نفي) گرتۆتە خۆی، دەبێ بگوترێ: (بَلَی)، با، ئەگەر بتەوێ پێچەوانەکەی بچەسپێ، ئەگەرنا ئەگەر بگوترێ: (نَعَم)، بەڵێ، واتە: ڕاست دەکەی ئەوەی تۆ لایدەبەی، وایە، بۆ وێنە: ئەگەر لە وەڵامی: ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ﴾دا، بگوترێ: (نعم)، واتە: بەڵێ تۆ پەروەردگارمان نی!.

(يَوْمُ ٱلتَّغَابُنِ): ڕۆژی دۆڕاندن، یاخود ئەو ڕۆژەی هەندێك دەیبەنەوەو هەندێك دەیدۆڕێنن، ئایا ئەوە لەچییەوە هاتوە؟ (**التَّغَابُن**)، لەسەر کێشی (**تَفَاعُل**)ەو لە (**غَبْن**)ەوە، هاتوە، (**الغَبْنُ: أَنْ تَبْخَسَ صَاحِبَكَ فِي مُعَامَلَةٍ بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ بِضَرْبٍ مِنَ الإِخْفَاء**)، (**غَبْن**): ئەوەیە تۆ هاوەڵەکەی خۆت لە سەوداو مامەڵەیەکدا کە پێکەوە دەیکەن، وابکەی زەرەر بکات و بدۆڕێ، بە جۆرێکی پەنهان کە هەستی پێ نەکات، دەگوترێ: (**غَبَنَ فُلَانٌ فِي المَال**)، فلانکەس لەماڵەکەیدا دۆڕاو زەرەری کرد، بەڵام ئەگەر لە ڕووی بۆچوونەوە، دۆڕابێ و نەیپێکابێ، دەگوترێ: (**غَبِنَ فِي الرَّأْي**)، دەگوترێ: (**غَبِنْتُ كَذَا غَبْنَاً: غَفَلْتُ عَنْهُ**)، (**غَبِنْتُ كَذَا غَبْنَاً**)، لەو شتە بێئاگا بووم، (**فَعَدَدْتُ ذَلِكَ غَبْنَاً**)، ئەوەم بە دۆڕان و زیانباریی دانا، (**يَوْمُ التَّغَابُنِ: يَوْمُ القِيَامَةِ لِظُهُورِ الغَبْنِ فِي المُبَايَعَةِ المُشَارِ إِلَيْهَا بِقَوْلِهِ:** ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْرِى نَفْسَهُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ ﴿٢٠٧﴾﴾البقرة، **فَعَلِمُوا أَنَّهُم غُبِنُوا فِيمَا تَرَكُوا مِنَ المُبَايَعَةِ وَفِيمَا تُعَاطُوه مِن ذَلِكَ جَمِيعَاً، يَومُ التَّغَابُن، تَبْدُوا الأَشْيَاء لَهُم بِخِلَافِ مَقَادِرِهِم فِي الدُّنْيَا، وَأَصْلُ الغَبْنِ: إِخْفَاءُ الشَّيءِ، وَالغَبَنُ: المَوْضِعُ الَّذِي يُخْفَى فِيهِ الشَّيءُ، وَسُمِّيَ كُلُّ مَنْثَنٍ مِنَ الأَعْضَاءِ كَأُصُولِ الفَخِذَيْنِ وَالمَرَافِقِ: مَغَابِن، لإِسْتِتَارِهِ وَيُقَالُ للمَرْأَةِ: إِنَّهَا طَيِّبَةُ المَغَابِن**).

(**يَومُ التَّغَابُن**) واتە: ڕۆژی قیامەت، چونکە لەو ڕۆژەدا ئەو سەوداو مامەڵەیەی خوا ﷻ لەو ئایەتە موبارەکەی سووڕەتی (**البقرة**)دا، ئاماژەی پێداوە، کە دەفەرموێ: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْرِى نَفْسَهُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ ﴿٢٠٧﴾﴾البقرة، واتە: لە خەڵکی هەیە کەسانێك خۆیان دەفرۆشن لە پێناو وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوادا، (واتە: خۆیان دەدەن، ماڵ و سامانەکەیان

دەدەن، تاکو ڕەزامەندیی خوا وەدەست بێنن)، ئنجا کەسێك لەو ڕۆژەدا، لەو سەودایەدا زەرەری کردبێ، ئەوە تووشی زەرەرو دۆڕان بووە، لەو ڕۆژەدا (مرۆڤە بێبڕوایەکان، گوناهبارەکان) بۆیان دەردەکەوێ کە بەهۆی ئەو سەودایەوەی لە خزمەت خوادا کردوویانە، (بەهۆی ئەوەوە کە دنیاو تەماعیان وەرگرتوەو، ڕەزامەندیی خوایان پێداوە) زەرەریان کردوە، ئنجا ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە شتەکان بەپێچەوانەی ئەندازەگیرییکردنی وانەوە لە دنیادا دەردەکەون.

وشەی (**غَبْن**)یش، لە ئەصڵدا بە مانای پەنهانکردنی شتێکەو، (**غَـبَن**)، بەو شوێنە دەگوترێ شتێکی تێدا پەنهان دەکرێ و، هەموو ئەو ئەندامانەی جەستەی مرۆڤ کە دەنووشتێنەوە، پێیان دەگوترێ: (**مَغَابِن**)، کە کۆی (**مَغْبَن**) ە، وەك بێخێ ڕانەکان و قۆڵەکان، (بن هەنگڵەکان)، لەبەر ئەوەی شێردراوەن، ئافرەتێك کە بۆنی خۆشبێ، دەگوترێ: (**إِنَّهَا طَيِّبَةُ المَغَابِن**)، واتە: ئەو ئافرەتە چەند شوێنێك کە شاردراونەوە لە جەستەی، بۆنیان خۆشە.

بەڵام کە ئەو شوێنانەی بۆنیان کرد، بۆنی ناخۆش بێ، ئەوە پێچەوانەی ئەوەیە بگوترێ: (**طَيِّبَةُ المَغَابِن**).

مانای گشتیی ئایەتەکان

بەڕێـــــزان!

لـە سـۆنگەی ئـەوەوە کـە لـە بڕگـەکانی پێشـەوەدا تیشـکی باشـمان خسـتۆتە سـەر چەمـك و واتـای ئـەم دە (١٠) ئایەتـە موبارەکـە، بۆیـە لـەم مانـا گشـتییەدا بـە خێرایـی بەسـەریاندا دەڕۆیـن.

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە: دەسـتپێکردنم بـە نـاوی خوایـە، ئەویـش مەبەسـتی ئەوەیـە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای بەرزی مەزن دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم

﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ﴾، هەرچییـەك کـە لـە ئاسـمانەکان و هەرچییـەك کـە لـە زەویـدا هەیـە، خـوا بـە پـاك دەگـرێ لـە هـەر خـەوش و کـەم و کوڕییـەك، خـوا بـە دوور دەگـرێ لـە هـەر ناتەواویـی و هەڵـەو پەڵەیـەك، ﴿ لَهُ ٱلْمُلْكُ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ ﴾، حوکمڕانیـی و باڵادەسـتیی تەنیـا هـی ئـەوەو ستاییش و مـەدح و سـەناش بـەس هـی ئـەوە، ﴿ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾، ئەویـش، لەسـەر هەمـوو شـتێك توانایـە.

﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ فَمِنكُمۡ كَافِرٞ وَمِنكُم مُّؤۡمِنٞ ﴾، ئـەو (خـوا) کەسـێکە ئێـوەی لـە نەبـوون هێناوەتـە دی، ئنجـا هەتانـە بێبڕوایـەو بێبڕوایـی هەڵگرتـوە، ﴿ وَمِنكُم مُّؤۡمِنٞ ﴾، هەشـتانە بـڕوادارەو بـڕوای لـە خۆیـدا هێناوەتـە دی، چونکـە (كَافِرٌ)، و (مُؤْمِـنٌ)، هەردووکیـان لـە ڕووی ڕێزمانـی عەرەبییـەوە نـاوی بکـەر (اسـم فاعـل) ن، کەواتـە: (كَافِـر)، کەسـێکە خـۆی کوفـری هێناوەتـە دی، (مُؤْمِن)یـش کەسـێکە خـۆی ئیمانـی هێناوەتـە دی، (كَافِر)، بـە مانـای داپۆشـەر، یاخـود ڕەفزکـەر، بێبـڕواو، (مُؤْمِـن)، واتـە: بڕواهێـن، بەڕاسـتدانەر، ﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾، خـواش بینـەری ئەوەیـە کـە دەیکـەن.

﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ ﴾، ئاسـمانەکان و زەوی بـە هـەق و حیکمـەت، هێناونە دی، نـەك بـە هەوەنتـەو بـێ حیکمەت، بـەڵام هـەق و حیکمەتەکـە پەیوەندیی هەیە بـە دروسـتکراوەکانەوە، نـەك خـوا ﷻ ئامانجێکـی هەبـێ بەهـۆی دروسـتکردنی ئاسـمانەکان و زەوییـەوە، بیهێنێتـە دی، چونکـە خـوا ﷻ خاوەنـی بێنیازیـی ڕەهایەو، خـوا پێویسـتی بـە جگـە لـە خـۆی نیـەو، هیـچ ئامانجێـك بـە جگـە لـە خـۆی ناهێنێتە دی، چونکـە جگـە لـە خـۆی هـەر دروسـتکراوەکانی، دروسـتکراوەکانیشی هـەم بوونەکەیـان خـوا پێیـان دەدا، هـەم هـەر شـتێکیان هەیـە، هـەر خـوا پێیـداون.

کەواتـە: خـوا ﷻ ناگونجـێ پێویسـتیی بـە جگـە لەخـۆی بـێ، کـە جگـە لـە خـۆی تەنیـا دروسـتکراوەکانی، ﴿ وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡ ﴾، ئـەو (خـوا) وێنـەی ئێـوەی کێشـاوەو جـوان وێنەتانـی کێشـاوە، واتـە: بـە گشـتیی وێنـەی مـرۆڤ، بـە بـەراورد لەگـەڵ دروسـتکراوەکانی دیکـەدا، باشـترین وێنەیـە، وەك دەفەرمـوێ: ﴿ لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ٤ ﴾التیـن، هـەم وێنـەی ڕواڵەتیـی و هـەم وێنـەی مەعنەوییشـی، مـرۆڤ لـە باشـترین پێکهاتـەی ماددیـی و مەعنەوییـدا هێنراوەتـە دی، ﴿ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ﴾، سـەرەنجامیش تەنیـا بـۆ لای وی (خوا)یـە.

﴿ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَيَعۡلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعۡلِنُونَۚ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴾، هەرچـی لـە ئاسـمانەکان و لـە زەویـدا هەیـە، دەیزانـێ و، دەزانـێ هەرچـی پەنهانی

دەکەن و هەرچی ئاشکرای دەکەن دەیزانێ و، ئەو (خوا) بە نهێنییەکانی نێو سینەکانیش زانایە، کەبوونەتە خاوەن و هاوەڵی سینەکان، خوا بەو نهێنیی و خولیایانەش ئاگادارو زانایە.

﴿ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُا۟ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ ﴾، ئایا هەواڵی ئەوانەتان پێنەگەیشتوە کە لەمەوبەر بێبڕوابوون؟ ﴿ فَذَاقُوا۟ وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، سزای سەرەنجامی شوومی کاری خۆیانیان چێژت (ئەوە لە دنیاداو لە دوارۆژیشدا) ئازارێکی بە ئێش و ژانیان بۆ هەیە، بۆچی؟

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُۥ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ﴾، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە پێغەمبەرەکانیان (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) بەڵگە ڕۆشنەکانیان بۆ هێنان، هیچ پێغەمبەرێك نەبووە موعجیزەو بەڵگەیەکی دەمکوتکەرو دەستەوسانکەری بۆ بەرانبەرەکانی پێ نەبێ، سەلمێنەری ئەوە بێ کە پێغەمبەری خوایە ﷺ، ﴿ فَقَالُوٓا۟ أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا ﴾، کەچی (ئەوان لە جیاتی ئەوەی تەماشای بەڵگەکان بکەن)، گوتیان: ئایا مرۆڤ ڕێنمایی ئێمە دەکات، ئایا مرۆڤ ڕێمان پێشان دەدا؟ ﴿ فَكَفَرُوا۟ وَتَوَلَّوا۟ ﴾، ئیدی بێبڕوابوون و پشتیان هەڵکرد، وشەی بەشەر(بشر) هەرچەندە بە مانای تاك و کۆش دێ، بەڵام لێرەدا بە مانای کۆ هاتوە، چونکە دەفەرموێ: ﴿ أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا ﴾، ئایا بەشەرەکان (مرۆڤەکان) ئێمە ڕێنمایی دەکەن؟ هەمیشە گرفت و کێشەی بێبڕوایان لەگەڵ پێغەمبەراندا (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)، ئەوە بووە کە پێغەمبەرانیان پێ لەوە نەوەشاوەتەوە، خوا بیانکاتە نوێنەرو ڕەوانەکراوی خۆی، چونکە ئەوانە لە هەنبانەی خۆیاندا گوێزیان ژماردوە، ئاخر کەسێك خۆی بە مەیموون زادەو بەوە بزانێ، کە لە ئەمیباو قرژاڵ و کرمە گڵخۆرکەوە هاتوە، دەڵێ: چۆن من شایستەی ئەوەم ببمە نوێنەری خوا؟ بەڵام وەك چۆن مرۆڤ دەتوانێ وەك ئاژەڵ و لە ئاژەڵیش خراپتر بێ، دەشتوانێ وەك فریشتەو لە فریشتەش بەرزتر بێ، بە هۆی پەیوەندیی لەگەڵ خواو، بەندایەتیی بۆ خواو، ئەو پاکیی و چاکییەوەی بە هۆی ئیمانەوە وەدەستی دێنێ، بۆیە ئەگەر

ئـەوان لـە خۆیانیـان نەوەشـاندۆتەوە، هەقیـان بـووە، بـەڵام نەدەبـوو پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام)، وەك خۆیـان تەماشـایان بکـەن و لـە هەمبانـەی خۆیانـدا گوێـز بژمێـرن و، نەدەبـوو پێغەمبـەران قیـاس بکەنـە سـەر خۆیـان، ﴿وَٱسْتَغْنَى ٱللَّهُ وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾، (کـە ئـەوان بێبڕوابـوون و پشـتیان هەڵکـرد)، خـواش بێنیـاز بـوو، خـواش بێنیـازی ستاییشـکراوە.

﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبْعَثُواْ﴾، ئەوانـەی بێبـڕوان لافیـان لێـدا، بـە درۆ خەیاڵیـان وابــوو کــە زینــدوو ناکرێنــەوە، هەڵناسـتێنرێنەوە، ﴿قُلْ بَلَىٰ﴾، خــوا فەرمــان بــە پێغەمبەرەکـەی ﷺ و بـە هـەر کەسـێکی دیکـە دەکات، کـە بشـێ بدوێـنرێ، کـە بڵـێ: ﴿بَلَىٰ وَرَبِّي﴾، بـا سـوێند بـە پـەروەردگارم، ﴿لَتُبْعَثُنَّ﴾، زینـدوو دەکرێنـەوە، هەڵدەسـتێنرێنەوە، ﴿ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ﴾، دوایـی بـەوەی کردووتانـە هەواڵتـان پێـدەدرێ، ﴿وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾، ئـەوەش لەسـەر خـوا ئاسـانە.

﴿فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلنُّورِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلْنَا﴾، مـادام زیندووکرانـەوەو لێپرسرانـەوە هەبـێ و دنیـا شـاری بـێ خـاوەن نەبـێ و، خاوەنێکتـان هەبـێ بـۆ تاقیکردنـەوە لێـرەی دانـاون و، بـە پێغەمبەرانـدا پەیامـی خـۆی بـۆ نـاردوون و دوایـی لێتـان بپرسـێتەوە، کەواتـە: بـڕوا بێنـن بـە خـواو بـە پێغەمبەرەکـەی و بـەو ڕووناکییـەی کـە دامانبەزانـدوە، ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾، خـواش شـارەزای ئەوەیـە کـە دەیکەن.

﴿يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ ٱلْجَمْعِ﴾، ئـەو ڕۆژەی بـۆ ڕۆژی کۆکردنـەوە، خڕتان دەکاتەوەو کۆتـان دەکاتـەوە، ﴿ذَٰلِكَ يَوْمُ ٱلتَّغَابُنِ﴾، ئـەوە ڕۆژی تێـدا دۆڕانـە، تێـدا دۆڕانـی کافـران و، تێـدا بردنـەوەی بڕوادارانـە، بۆیـە لەسـەر کێشـی (تفاعـل) هێناویەتـی، یـان لەبـەر ئـەوەی بێبڕوایـان زۆر خـراپ دەدۆڕێـن، یـان لەبـەر ئـەوەی وەك چـۆن بـڕواداران بەهرەمەنـد دەبـن لـە جێگاو ڕێیـەکانی کافـران، کـە لەبەهەشـتدا بۆیـان دانـراون، ئەگـەر ئیمانیـان هێنابایـەو ئـەوان بەشـی ئـەوان دەبـەن، بێبڕوایەکانیـش شـوێنی بـڕواداران لـە دۆزەخـدا، ئەگـەر بێبڕوابوونایـە دەگـرن، ئەوانیـش شـوێنی

ئەوان بۆ خۆیان دەبەن، یانی: هەر کامێکیان شوێنی ئەوی دیکە دەبات، بەڵام بە دڵنیایی کەسێك شوێنی کەسێك لە بەهەشتدا بۆ خۆی دەبات، زۆر جیایە لە کەسێك کە شوێنی کەسێك لە دۆزەخدا بۆی دانراوە، دەیبات، ﴿وَمَن يُؤْمِنْ بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ﴾، هەر کەسێ بڕوا بە خوا بێنێ و کردەوەی باش بکات، خراپەکانی لێ دەسڕێتەوەو خاوێنی دەکاتەوە، ﴿وَيُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا﴾، دەشیخاتە نێو باخانێکەوە کە جۆگەو ڕووباریان بە بەردا دەڕۆن، بە هەمیشەیی و بۆ هەتا هەتا تێیاندا دەمێننەوە، ﴿ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾، ئا ئەوەیە بردنەوەو بە مراد گەیشتنی مەزن.

﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا﴾، ئەوانەش کە بێبڕوا بوون (بە خوا ﷻ و بە پێغەمبەر ﷺ بە ڕۆژی دوایی)، ﴿وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا﴾، ئایەتەکانی ئێمەشیان بە درۆ داناون، پێیان بێبڕوا بوون، ﴿أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ خَالِدِينَ فِيهَا﴾، ئەوانە هاوەڵانی ئاگری دۆزەخن، یاخود خاوەنانی ئاگری دۆزەخن، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، ﴿وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾، خراپترین سەرەنجامیش ئاگری دۆزەخە (خوا پەنامان بدات).

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ڕاگەیاندنی پاکیی و بێ خەوشیی خوا ﷻ لەلایەن سەرجەم دروستکراوەکانەوە، هەموو ئەو شتانەی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەن و، ڕوونکردنەوەی حوکمڕانیی و ستاییشکراویی و توانای ڕەهای خواو، بەدیهێنانی بۆ مرۆڤان و، بینینی بۆ کردەوەکانیان و، بەدیهێنانی بۆ ئاسمانەکان و زەوی بە هەق و، وێنەکێشانی بۆ مرۆڤان لە باشترین وێنەو پێکهاتەداو، زانیاریی بێسنووری خوا بەتێکڕای دروستکراوەکان بە پەنهان و ئاشکرایانەوە، تەنانەت نهێنییەکانی نێو سینەکانیش:

خوا دەفەرموێ: ﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ لَهُ ٱلْمُلْكُ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢﴾ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿٣﴾ يَعْلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٤﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لەزەویدا هەیە، بە پاکگرتن و بێخەوشیی بۆ خوا، ڕادەگەیەنێ، واتە: (**تُنَزِّهُهُ مُكَوِّنَات العَالَمَيْنِ العُلْوِيِّ وَالسُّفْلِيِّ**)، پێکهاتەکانی عالەمی باڵاو عالەمی خوار، ئاسمانەکان و زەوی، خوا بە پاك دەگرن و بێخەوشیی خوا ڕادەگەیەنن.

پێشتر لە بارەی بە پاکگرتنی خواوە، هەم لە سوورەتی (**الإسراء**)دا، کورتە باسێکمان کردوە، هەم لە سەرەتای سوورەتی (**الحديد**)یشدا، بۆیە لێرە دووبارەی ناکەینەوە.

٢)- ﴿ لَهُ ٱلْمُلْكُ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ ﴾، حوكمڕانیی و ستاییشكران تەنیا هی ویە، (ملك) بە مانای حوكمڕانیی و باڵادەستیی و شت بەدەست بوون دێ، واتە: ئەوە هەمووی هی خوایە، ﴿ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ ﴾، ستاییشیش واتە: باسكردنی خواو وەسفكردنی خوا بە سیفەتە بەرزو پەسەندەكانیش تەنیا هی خوایە، چونكە هەرچی سیفەتی پەسەندە هی خوایەو، هەر شتێك كە هەیە هەمووی لە ژێر ڕكێف و دەستەڵاتی خوادایە.

٣)- ﴿ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾، ئەو لەسەر هەموو شتێك بە توانایە، بێگومان هەموو سیفەتەكانی خوا ڕەهاو بێسنوورن، واتە: زانیاریی خوا سنوورێكی نیە، بگوترێ: تاكو ئەوێ دەڕوا، هەروەها توانای خوا سنوورێكی نیە، دیتنی خوا، بیستنی خوا، ویستنی خوا ﷻ، ناگونجێ بگوترێ: خوا دەتوانێ فڵانە شت بكات و، ناتوانێ فڵانە شت بكات، سیفەتەكانی خوا بێ سنوورن و ڕەهان.

٤)- ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمْ ﴾، ئەو (خوا) كەسێكە ئێوەی هێناوەتە دی، (**خَلَقَكُم**)، (**خَلْق**)، هەم بە مانای ئەندازەگیرییكردن دێ، یانی: (**قَدَّرَكُم**)، هەم بە مانای پەیداكردن دێ: (**أوْجَدَكُم**)، خوا ئێوەی پەیداكردوەو ئەندازەگیریی كردوون.

٥)- ﴿ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ ﴾، هەتانە بێبڕوایەو هەشتانە بڕوادارە.

وشەكانی: (**كَافِر**) و (**مُؤْمِن**)، وەك پێشتریش گوتمان: هەردووكیان ناوی بكەر (**اسم فاعل**)ن، كەواتە: (**كَافِر**)، یانی: (**المُخْتَارُ وَالفَاعِلُ للكُفْر**)، هەڵبژێرەرو ئەنجامدەری كوفر، هەروەها (**مُؤْمِن**)، یانی: (**المُخْتَارُ وَالفَاعِل للإيْمَان**)، هەڵبژێرەرو ئەنجامدەری كوفر، خوا ﷻ دەفەرموێ: خوا ئێوەی هێناوەتە دی، ئنجا هەتانە بێبڕوایە، واتە: بێبڕوایی لە خۆیدا هێناوەتە دی و، هەشتانە بڕوادارە، واتە: ئیمانی لە خۆیدا هێناوەتە دی، وەك چۆن (**عَلِيْم**)، بە مانای كەسێكە زانیاریی هەیە، (**قَدِيْر**)، كەسێكە كە توانای هەیە، (**بَصِيْر**)، كەسێكە دیتنی هەیە، (**مُتَكَلِّم**)، كەسێكە قسەی هەیە، بەهەمان شێوە (**كَافِر**)یش كەسێكە هەقی پۆشیوەو كوفری هەیەو هێناویەتە دی، (**فاعل**)ە، بە مانای ناوی بكەر (**اسم فاعل**)و، (**مُؤْمِن**)یش (**مفعل**)ی بە مانای (**فاعل**)ەو، كەسێكە بڕوا (**إيمان**)ی هێناوەتە دی.

٦)- ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ﴾، خواش بینەری ئەوەیە کە دەیکەن، کەواتە: پێوەرو سەنگی مەحەك بریتیە لەو کردەوەیەی خەڵك دەیکات، بۆیەش جەخت لەم مەسەلەیە دەکەمەوە، چونکە دوایی کورتە باسێك دەکەین لە بارەی قەدەرەوە، کە پێم وایە زانایان زۆریان تێیدا تووشی بەزایەدان و تێپەڕاندن، یاخود: کورتهێنان و زێدەڕۆیی بوون.

٧)- ﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ﴾، (خوا) ئاسمانەکان و زەوی بەهەق هێناونە دی، بە هەق واتە: بە حیکمەت و بۆ ئامانجێك، بەڵام ئامانجەکە پەیوەندیی هەیە بە دروستکراوەکان خۆیانەوە، نەك خوا ﷻ پێویستیی بەو ئامانجە بێ، کەواتە: نکووڵییکردن لە زیندووکرانەوەو لە لێپرسانەوە، پێچەوانەی ئەو هەق و حیکمەتەیە کە خوا دروستکراوەکانی بۆ هێناونە دی، مادام خوا ئاسمانەکان و زەوی بە هەق و بە حیکمەت هێنابنە دی، کەواتە: ناگونجێ مرۆڤەکان ژیانی دنیا هەروا بگوزەرێنن و، دوایی لێیان نەپرسرێتەوەو بە چاك نەگوترێ: چاکەت کردو، بە خراپ نەگوترێ: خراپەت کرد، وەك خوا ﷻ لە سووڕەتی (الجاثية)دا، دەفەرموێ: ﴿وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ وَلِتُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾﴾، خوا ئاسمانەکان و زەوی بەهەق هێناونە دی و، بۆ ئەوەی هەر کەسە بە پێی ئەوەی کردوویەتی، سزاو پاداشت بدرێتەوەو، ئەوان ستەمیان لێ ناکرێ.

٨)- ﴿وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡ﴾، ئەو (خوا) وێنەی کێشاون و جوان وێنەی کێشاون، لێرەدا کە دەفەرموێ: جوان وێنەی ئێوەی کێشاوە، هەندێك لە زانایان باسی ئەوەیان کردوە، کە کەسی وا هەیە شکڵ و شێوەو بیچمەکەی جوان نیە، بەڵام لە ڕاستییدا جوانیی و ناشیرینی شتێکی ڕێژەیین و، جوانیی ڕەها، تەنیا لە لای خوای پەروەردگارە، هەروەك چاکیی ڕەها تەنیا، لە لای خوای پەروەردگارە، بە هەموو ئەو ماناو چەمکانەی جوانیی و چاکیی، کە بۆ خوا شایستەن و لەگەڵ خوادا دەگونجێن ﷻ بەڵام بەگشتیی شکڵ و شێوەی مرۆڤ، قەدو قیافەی مرۆڤ جوانە، چونکە وێنەکێشان بەس دەم و چاو ناگرێتەوە، قەدو قیافەو لەش و لارو دیمەن و هتد، هەمووی دەگرێتەوە،

ئنجا مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ دروستکراوەکانی دیکەدا، لە هەمووان وێنەکەی تەواوترەو، قەدو قیافەو دیمەنەکەی جوانترو ڕێکترە، چونکە هەموو دروستکراوەکانی دیکە، مەگەر چۆن ئەگەرنا لەسەر چوار پێیان دەڕۆن و، ئەوانەی باڵندەشن ڕێك بە دەندووکیان شت دەخۆن، بەڵام مرۆڤ بە دەست شت دەخوات، مرۆڤ بەدوو پێیان دەڕوا، مرۆڤ دەتوانێ تەماشای سەرەوە بکات، تەماشای خوارێ بکات، ئەوە هەر لە ڕووە جەستەییەکەیەوە، بەڵام ئەگەر لە ڕووی مەعنەوییەوە تەماشای بکەین، مرۆڤ خاوەنی عەقڵەو، خاوەنی ڕووحەو، خاوەنی ویستێکە دەتوانێ بژاردەی جۆراو جۆری پێ هەڵبژێرێ، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ ﴾، واتە: بە گشتیی خوا وێنەی مرۆڤانی کێشاوەو باش وێنەی کێشاون، بەڵکو لە سووڕەتی (**التين**)دا، فەرموویەتی: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾، بەدڵنیایی مرۆڤمان لە باشترین وێنەو شێوەو پێکهاتەدا هێناوەتە دی (بە بەراورد لەگەڵ دروستکراوەکانی دیکەدا).

٩)- ﴿ وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ﴾، سەرەنجامیش تەنیا بۆ لای ویە.

١٠)- ﴿ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە دەیزانێ.

١١)- ﴿ وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ ﴾، هەروەها هەرچی پەنهانی دەکەن و هەرچی ئاشکرای دەکەن، دەیزانێ.

١٢)- ﴿ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴾، خواش زانایە بە نهێنیی سینەکان، بۆچی خوا ناوی لە نهێنی سینەکان ناوە: (**ذات الصدور**)؟ لەبەر ئەوەی ئەو نهێنییانە هێندە لەنێو سینەکان دان و، هێندە لە نێو دڵەکاندا ڕۆچوون و لەگەڵیاندا پەیوەستن، بوونە هاودەم و هاوەڵ و خاوەنیان، (**ذَات**)، (**مؤنث**)ی (**ذو**)یەو، بە مانای (**صَاحِب**) دێ، (**ذات**)یش، یانی: (**صَاحِبَة**)، بۆیەش ئەو وشەیە بۆ نهێنییەکان بەکارهێنراوە، چونکە نهێنییەکان هەمیشە لەنێو سینەکاندان و لە دڵەکان جیانابنەوە، یانی: خولیاو بیرو بۆچوون و نیازو مەبەستەکان، بۆیە ناویان لێنراوە (**ذَات**)، واتە: (**صَاحِبَة**)، هاوەڵ، یاخود بە مانای (**مَالِكة**)، خاوەن، نیازو مەبەستەکانی نێو دڵ و دەروون، خولیایەکانی نێو عەقڵ و

هۆشیش، هەمیشە لەگەڵ عەقڵ و دڵ دان و بەردەوام هاوەڵی دڵ و دەروونەکانن، بە جۆرێك ڕۆچوون لە نێو عەقڵ و دڵەکاندا، بوونەتە خاوەن و کۆنترۆڵکەری ئەو سینەو دڵ و عەقڵانە.

لێرەدا خـوا ﷻ زانیاریـی خـۆی بـە سـێ قۆنـاغ بـاس دەکات، بەشـێوەیەکی پلـە پلەیـی:

١- پێشێ دەفەرموێ: ﴿يَعْلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، دەیزانێ.

٢- دوایی وردتری دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ﴾، ئەوەی پەنهانی دەکەن و ئەوەی ئاشکرای دەکەن، دەیزانێ، واتە: خوا پەنهان و ئاشکرا دەزانێ.

٣- ئنجا وردتری دەکاتەوە: ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾، خواش زانایە بە نهێنیی نێو سینەکان، چونکە نهێنیی نێو سینەکان بەشێکن لەو شتانەی مرۆڤ پەنهانیان دەکات، مرۆڤ جاری وا هەیە قسەیەك پەنهان دەکات، یان کردەوەیەك بە پەنهانیی دەکات، خەڵك چاوی لێ نیە، بەڵام نهێنیی نێو سینەکان جۆرێکی زۆر تایبەتن لەو شتانەی مرۆڤ پەنهانیان دەکات و، بە پەنامەکیی و لە شوێنی حەشارگەو نەدیودا ئەنجامیان دەدا، بێگومان ﴿بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾، سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، یانی: (**النَّوَايَا ذَاتِ الصُّدُور**)، یان (**الخَواطِر ذَات الصُّدُور**)، نیازو مەبەستەکان، یاخود خولیایەکان کە هاوەڵی سینەکانن، یاخود خاوەنی سینەکانن.

کورتە باسێک لە بارەی قەدەرەوە

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئایەتە موبارەکەدا، کورتە باسێك لە بارەی قەدەرەوە دەکەین، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢﴾ ﴾، خوا ئەو زاتەیە کە ئێوەی هێناوەتە دی، هەتانە بێبڕوایەو هەتانە بڕوادارەو، خواش بینەری کردەوەکانتانە.

لێرەدا هەندێك لە زانایان پێم وایە باش لە چەمك و واتای ئایەتە موبارەکەکە حاڵیی نەبوون، کە گوتوویانە: مانایەکەی ئاوایە: خوا ئێوەی هێناوەتە دی، کوفریشی لە ئێوەدا هێناوەتە دی و، ئیمانیشی لە ئێوەدا هێناوەتە دی، واتە: ئێوە هیچ کارەن، هەندێك وایان لێکداوەتەوە!

ئەم کورتە باسەش لە پێنج بڕگەدا، پێشکەش دەکەین:

بڕگەی یەکەم: پێناسە

دوو ڕەوت هەبوون بە درێژایی مێژووی مسوڵمانان، لە بارەی قەدەری خوای پەروەردگارەوە:

ڕەوتی یەکەم: پێیان گوتراوە: **(الجَبْرِيَّة)**.

ڕەوتی دووەم: پێیان گوتراوە: **(القَدَرِيَّة)** و **(المُعْتَزِلة)**شیان، پێگوتراوە.

(الجَبْرِيَّة)، کێن؟

(الجُرْجَانِي)، لە کتێبە ناودارەکەی خۆی **(التعريفات)**دا[1]، ئاوا پێناسەی **(الجَبْرِيَّة)**، دەکات: **(الجَبْرِيَّةُ: مِنَ الجَبْرِ وَهُوَ إِسْنَادُ فِعْلِ العَبْدِ إِلى اللهِ، وَالجَبْرِيَّةُ اثْنَانِ مُتَوَسِّطَة تُثْبِتُ للعَبْدِ كَسْباً فِي الفِعْلِ، كَالأشْعَرِيَّة، وَخَالِصَة لَا تُثْبِتُ كَالجَهْمِيَّة)**.

---

(١) ص: ١٧١.

واتــە: (جَبْرِيَّــة): لــە (جَــبْر)ەوە، هاتــوە (جَبْر)یــش بریتیــە لــە زۆرلێکــردن و ناچارکــردن، کــە بریتیــە لــە پاڵدانــی کــردەوەی بەنــدە بــۆ لای خــوا، کــە خــوا بــە ناچاریــی پێــی دەکات و تۆبزیــی لــێ دەکات.

ئنجا (جَبْرِيَّة)ش دووجۆ

دوو جـۆرن: أ- جۆرێکیـان: میانجییـن، ئەویـش ئەوانـەن کە وەدەسـتهێنان بـۆ بەندە دەچەسـپێنن لـە کـردەوەدا، واتـە: دەڵێـن: بەڵـێ: خـوا بەدیهێنـەری کردەوەکانـی مرۆڤـە، بـەڵام مرۆڤیـش وەدەسـتهێنەریانە، وەك ئەشـعەرییەکان، ئنجـا ئایا لـە حاڵێکدا خـوا بەدیهێنـەری کردەوەکانـی مـرۆڤ بـێ، مـەودا ماوەتـەوە مرۆڤیـش کردەوەکانـی وەدەسـت بێنـێ، مـادام خـوا بـۆی بخوڵقێنـێ، ئایـا وەدەسـت هێنانـی مـرۆڤ بـۆ کـردەوەکانی لـە کوێدایـە؟ ئـەوە دەبـێ ئەشـعەرییەکان وەڵام بدەنـەوەو لێرەدایـە ئەگـەر شـتێك زۆر ورد بووبـێ، گوتوویانـە: (أَدَقُّ مِـنْ كَسْـبِ الأَشْـعَرِيِّ)، ئـەو شـتە لـە کەسبی ئەشعەریی (ئەبـوو حەسـەن لئەشـعەریی رەحمـەتی خـوای لـێ بـێ) وردتـرە، واتـە: شـتێکی زۆر وردو قووڵـە! زانایـان وایانگوتـوە، بـەڵام مـن پێـم وایـە ئـەوەی ئەشـعەریی گوتوویەتـی، هـەر بوونـی نیـە، کـە دوایـی مـن ڕای خـۆم دەڵێـم.

ب- جـۆری دووەم: لـە جەبرییـەکان پێیـان گوتـراوە: (الجَبْرِيَّـة الخَالِصَـة)، جەبرییـە بـێ خڵتـەکان، کـە هیـچ کاریگەرییەکیـان بـۆ مـرۆڤ نەهێشـتۆتەوە، وەك جەهمییـەکان، کـە گوتوویانـە: خـوا کـردەوەکانی مـرۆڤ دروسـت دەکات و مـرۆڤ هیـچ کارەیـە، هەتـا وێنەیـان هێناوەتـەوەو گوتوویانـە: مـرۆڤ وەك پـەڕە مریشـکێك وایـە بـا لـەولاوە بـێ، بـەولادا دەیخـات و، لەولاوەبـێ، بـەولادا دەیخـات، واتـە: مـرۆڤ هیچـی بەدەسـت نیـە.

(الجرجاني) لـە کتێبـە ناودارەکـەی خـۆی (التعريفات)دا، لـە پێناسـەی (القَـدَرِيّ ة) دا[1]، دەڵـێ: (هُـمُ الَّذِيْـنَ يَزْعُمُـونَ أَنَّ كُلَّ عَبْـدٍ خَالِـقٌ لِفِعْلِـه، وَلَا يَـرُوْنَ الكُفْـرَ وَالمَعَـاصِي

---

(١) ص: ١٨٠.

بِتَقْدِيـرِ اللـهِ تَعَـالَى)، واتـە: قەدەرییـە ئەوانـەن پێیـان وایـەو لافـی ئـەوە لـێ دەدەن کـە هەمـوو بەندەیـەك بەدیهێنـەری کـردەوەی خۆیەتـی، پێیـان وایـە بێبڕوایـی و سـەرپێچیی و تاوانـەکان، بـە ئەندازەگیریـی خـوای بـەرز نیـن و، مـرۆڤ بـۆ خـۆی کـردەوەکانی خـۆی دەخوڵقێنـێ و دەیانهێنێتـە دی.

بەپێـی ئـەو پێناسـەیەش بۆمـان دەردەکـەوێ، کـە جەبرییـە بەلایەکـدا تێیـان پەڕانـدووە، هیچیـان بـۆ مـرڤ نەهێشـتۆتەوە، قەدەرییـەش بـەولادا تێیـان پەڕاندووە، کـە مرۆڤیـان کـردوە بـە بەدیهێنـەری کردەوەکانـی خـۆی، لـە حاڵێکـدا کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ (٦٢)﴾ الزمـر، خـوا بەدیهێنـەری هەمـوو شـتێکە، کەواتـە: کـردەوەکانی مـرۆڤ، ئەگـەر بەدیهێـنراو (**مخلـوق**) بـن، دەبـێ بەدیهێنەرەکەیـان خـوا بـێ، بـەڵام ئەگـەر وەدیهێـنراو نەبـن، ئـەو کاتـە پێویسـتییان بـە بەدیهێنـەر نیـە، کـە دوایـی وەك ڕای خـۆم باسـی دەکـەم.

بڕگەی دووەم: (القرطبي)، لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، دەڵێ:

(وَالَّـذِي عَلَيْـهِ الأَئِمَّـةُ وَالْجُمْهُـورُ مِـنَ الْأُمَّـةِ: إِنَّ اللَّـهَ خَلَـقَ الْكَافِـرَ، وَكُفْـرُهُ فِعْـلٌ لَـهُ وَكَسْـبٌ، مَـعَ أَنَّ اللَّـهَ خَالِـقُ الْكُفْـرِ، وَخَلَـقَ الْمُؤْمِـنَ، وَإِيمَانُـهُ فِعْـلٌ لَـهُ وَكَسْـبٌ، مَـعَ أَنَّ اللَّـهَ خَالِـقُ الْإِيمَـانِ. وَالْكَافِـرُ يَكْفُـرُ وَيَخْتَـارُ الْكُفْـرَ بَعْـدَ خَلْـقِ اللَّـهِ إِيَّـاهُ، لِأَنَّ اللَّـهَ تَعَـالَى قَـدَّرَ ذَلِـكَ عَلَيْـهِ وَعَلِمَـهُ مِنْـهُ، وَلَا يَجُـوزُ أَنْ يُوجَـدَ مِـنْ كُلِّ وَاحِـدٍ مِنْهُـمَا غَـيْرُ الَّـذِي قَـدَّرَ عَلَيْـهِ وَعَلِمَـهُ مِنْـهُ، لِأَنَّ وُجُـودَ خِـلَافِ الْمَقْـدُورِ عَجْـزٌ، وَوُجُـودَ خِـلَافِ المعلـوم جَهْـلٌ، وَلَا يَلِيقَـانِ بِاللَّـهِ تَعَـالَى، وَفِي هَـذَا سَـلَامَةٌ مِـنَ الْجَـبْرِ وَالْقَـدَرِ، كَـمَا قَـالَ الشَّـاعِرُ: يَـا نَاظِـراً فِي الدِّيـنِ مَـا الْأَمْـرُ ... لَا قَـدَرٌ صَـحَّ وَلَا جَـبْرٌ).

(**القرطبـي**) بـە حیسـاب ڕایەکـی میانجیـی هێنـاوەو دەڵـێ: ئەمـە سـەلامەتیی تێدایـە! بـەڵام پێـم وایـە لـەوەدا نەیپێـکاوە، پێشـێ دەقـی قسـەکانی دێنیـن، دەڵـێ:

---

(١) ج١٨، ص: ١٠٤، ١٠٥.

ئـەوەی پێشـەوایان لەسـەر نـی و زۆربـەی ئوممـەت لەسـەریەتی لـە بـارەی قـەدەرەوە، ئەوەیـە کـە خـوا بابـای کافـری هێناوەتـە دی، بـەڵام کوفـری بابـای کافـر کردەوەیـەو وەدەسـتهێنراوی مرۆڤەکەیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە خـوا بەدیهێنـەری کوفریشـەو، خـوا بڕواداری وەدی هێنـاوە، بـەڵام ئیمانەکـەی کـردەوەو وەدەسـتهێنراوی بـڕواداره، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە خـوا بەدیهێنـەری ئیمانیشـەو، بابـای بێبـڕوا، بێبـڕوا دەبـێ و کوفـر هەڵدەبژێـرێ، دوای ئـەوەی خـوا کوفرەکـەی دروسـتکردوە، چونکـە خـوا ئـەوەی لەسـەر ئەندازەگیریـی کـردوەو بـۆی دانـاوەو، لـە بارەیـەوە زانیـوەو، ناشـگونجێ هیـچ شـتێك لـەو دووانـە پەیـدا بـێ، (جگـە لـەوەی خـوا ئەندازەگیریـی کـردوەو زانیویەتـی)، چونکـە پێچەوانـەی ئـەوە کـە خوا ئەندازەگیریـی کـردوە، بـۆ خـوا بێتواناییـە، (واتـە: خـوا شـتێك ئەندازەگیریـی بـکات، بـەڵام کەسـێك شـتێکی دیکـە بێنێتـە دی، جگە لـە ئـەوەی خـوا ئەندازەگیریی کـردوە، ئـەوە بێتوانایـی پاڵدەدرێتـە لای خـوا)، پەیدابوونـی پێچەوانـەی ئـەوەش کـە خـوا زانیویەتـی، مـرۆڤ وەدەسـتی بێنـێ و پەیـدای بـکات، بـەوەش نەزانیـی پاڵدراوەتـە لای خـواو پاکیـی بـۆ خـوا، هیـچ کامیـان شایسـتەی خـوای بـەرز نیـن، لەوەشـدا سـەلامەتیی هەیـە، هـەم لـە جەبـر، هـەم لـە قـەدەر، (کـە مـرۆڤ ناچـارەو هیچـی لەدەسـت نایـەت، یـان مـرۆڤ خـۆی کردەوەکانـی خـۆی وەدی دێنـێ)، وەك شـاعیر گوتوویەتـی:

(يَا نَاظِرًا فِي الدِّينِ مَا الْأَمْرُ ... لَا قَدَرٌ صَحَّ وَلَا جَبْر)،

واتـە: ئـەی ئـەو کەسـەی تەماشـای دیـن دەکات! کارچییـە؟ نـە بـۆ چوونـی قەدەرییـە ڕاسـتە، نـە بۆچوونـی جەبرییـە.

ئەمـە قسـەی **(القرطبي)**یـەو پێـم وایـە کـە گوتوویەتـی لـەوەدا سـەلامەتیی هەیـە لـە جەبـرو لـە قـەدەر، لەڕاستییدا نەیپێـکاوە، چونکـە ئەگـەر خـوا ﷻ بەدیهێنـەری کوفـر بـێ لـە کافـرداو، بەدیهێنـەری ئیـمان بێ لـە ئیمانـداردا، هیـچ بـوارو دەرفەتێك

بـۆ کافـرو بـۆ بـڕوادار نەماوەتـەوە کـە کاریگەرییەکیـان هەبـێ لـە وەدەسـتهێنانی کوفـر، یاخـود ئیـمان دا، بۆیـە ئەمـەش هـەر ڕوویەکـی دیکـەی جەبـرە، کـە بیـرو بۆچوونـی ئەشـعەرییەکانەو، بـە ڕای بەنـدە جەبرێکـی داپۆشراوە.

بڕگەی سێیەم: دوو فەرمایشتان دێنین لەم بڕگەی سێیەمەدا:

١- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {**إِنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمَاً نُطْفَةً، ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يَبْعَثُ الله إِلَيْهِ مَلَكَاً بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ: فَيَكْتُبُ رِزْقَهُ وَأَجَلَهُ وَعَمَلَهُ وَشَقِيٌ أم سَعِيْد؟ ثُمَّ يَنْفُخُ فِيهِ الرُّوحُ**}، (**أخرجه البخاري: ٣٠٣٦، ومسلم: ٢٦٤٣، والترمذي: ٢١٣٧، وأبو داود: ٤٧٠٨**).

واتـە: یەکێـك لـە ئێـوە دروسـتکرانەکەی کـۆ دەکرێتـەوە لـە سـکی دایکیـدا چـل ڕۆژ (**نُطْفَـة**) دەبـێ، دوایـی وێنـەی ئـەوەش (**عَلَقَـة**) دەبـێ، دوایـی وێنـەی ئـەوەش (**مُضْغَـة**) دەبـێ، {(**عَلَقَـة**)، بـە مانـای پارچـە خوێنێـکی زەروو ئاسـا، کـە خـۆی بـە منداڵدانـدا هەڵواسـیوەو، (**مُضْغَـة**)ش، بـە مانـای پارچـە گۆشـتێکی زارجـوو ئاسـا بەقـەدەر زارجوویـەك کـە هـەر لەنێـو منداڵدانایـە}، دوایـی خـوا فریشـتەیەکی بـۆ لا دەنێـرێ بـە چـوار وشـان {واتـە: چـوار فەرمـان}، بـە نووسـینی بژیوەکـەی و کاتـی مـەرگ و کردەوەکـەی و ئایـا بەدبەخـت و دۆزەخییـە، یاخـود بەختـەوەرو بەهەشـتییە؟، دواییـش ڕووحـی بەبـەردا دەکـرێ.

٢- فەرمایشتێکی دیکەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ: {**كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ، أَوْ يُنَصِّرَانِهِ، أَوْ يُمَجِّسَانِهِ، كَمَا تُنْتَجُ الْبَهِيمَةُ بَهِيمَةً جمعاء، هَلْ تُحِسُّونَ مِنْ جَدْعَاءَ؟**}، (**أخرجه البخاري: ١٢٩٢، ومسلم: ٢٦٥٨، وأبو داود: ٤٧١٤**).

واتـە: هەمـوو لـە دایـك بوویـەك لەسـەر خواڕسـك (**فطـرة**) لـە دایـك دەبـێ، دوایـی بـاب و دایکـی دەیکەنـە جوولەکـە، یـان دەیکەنـە نەصرانیـی، یـان دەیکەنـە مەجووسـیی، هـەروەك چـۆن بەچکـەی ئـاژەڵ بـە بەچکەیەکـی تێـرو پـڕو تـەواو لـە

دایك دەبێ، ئایا دەبینی هیچی نوقسان بێ؟ {گوێی بڕا بێ، یان لووتی بڕابێ، یان داغکرابێ، واتە: دوایی مرۆڤەکان دەستکاری دەکەن}.

ئەم دوو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بە ڕواڵەت تەماشایان بکەی دەڵێی: تێك دەگیرێن، یەکەمیان دەڵێ: خوا هەموو شتێك بۆ مرۆڤ دەنووسێ و ئەو فریشتەیەی دەنێرێ، هەموو شتێکی بۆ دەنووسێ، ئەوەی دووەمیان دەڵێ: مرۆڤ تێرو تەواوو ڕێك و پێکە، بەڵام دوایی باب و دایکی دەیکەنە جوولەکە، یان نەصرانیی، یان مەجووسیی، واتە: ژینگەو دەوروبەر، دەیگۆڕن، بەڵام ئەم دوو فەرمایشتە هەر یەکەی باسی ڕوویەکی ئەو ڕاستییە دەکەن، کە خوا هەموو شتێك دەزانێ و، هەموو شتێك دەتوانێ و، بە دڵنیایی هەموو شتێکی مرۆڤ لە لای خوای پەروەردگار ئاشکرایە، بەڵام ئەوە مانای وانیە مرۆڤ هیچ کارەبێ لە ئەنجامدانی کردەوەکانی خۆیداو لە دیارییکردنی چارەنووسی خۆیدا، بەڵکو وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: مرۆڤ بە زگماکێکی ڕاست و ساغەوە، کە خوای پەروەردگار و خاوەنی خۆی دەناسێ و، چاکە دەزانێ و خراپە دەزانێ بە گشتیی، بەڵام دیارە بۆ زانینی وردەکارییەکانی پێویستیی بە شەریعەت هەیە، دەستی بگرێ و ڕێنمایی بکات، ئەگەرنا مرۆڤیش لە ناخی خۆیدا، ئەگەر ناخەکەی تێکنەدرابێ و نەشێوێنرابێ، ئەندازەیەك هەست دەکات بە ئاتاجیی خۆی بۆ لای خوا ﷻ و، بۆ بەندایەتیی کردن بۆ خواو، دەزانێ کە ئەم دنیایە نابێ شاری بێخاوەن بێ و، دەزانێ کە ڕاستیی باشەو درۆ خراپە، دزیی خراپەو، دەستپاکیی چاکەو تا کۆتایی.

بڕگەی چوارەم:

هەندێکی دیکە لە زانایان ئەو ئایەتە موبارەکەی سووڕەتی **(التغابن)**، بە جۆرێکی دیکە تەفسیر دەکەن، کە من ئەو تەفسیرکردنەی ئەوانم بە دڵە، یەکێك لەوانە **(الزمخشري)**، لە تەفسیرە ناودارەکەی خۆی **(الكشاف)**دا، کە

بەداخــەوە زەمەخشــەریی چونکــە لەســەر ڕێبــازی موعتەزیلــەو قەدەرییــە بــووە، هەندێك لـە ڕوونكەرەوانـی مانـاو مەبەسـتەكانی ئایەتەكانـی قورئـان، لەبـەر ئـەوە هەسـتیارییان بەرانبـەری هەیـە، هـەر شـتێك بڵـێ، بەسـەری دادەدەنـەوە، ئەگەرنـا لێـرەدا ئـەو قسـانەی ئێسـتا مـن لێیـەوە نەقڵ دەكـەم، قسـەی ڕاسـت و دروسـت و گونجـاون، لەگـەڵ ئایەتـەكانی قورئـان و فەرمایشـتەكانی پێغەمبەری خـوا ﷺ و لەگەڵ عەقـڵ و مەنتیقیشـدا، (الزمخشري)، لـە تەفسـیری ئـەو ئایەتـەدا كـە دەفەرمـوێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ ﴾، دەڵـێ: (**هُـوَ الَّـذِي خَلَقَكُـمْ خَلْقَـاً بَدِيْعَـاً حَاوِيَـاً لِجَمِيْـع مَبَـادِي الكَـمَالَات العِلْمِيَّـة وَالعَمَلِيَّـة، وَمَـعَ ذَلِـكَ فَمِنْكُـم مُخْتَـارٌ للكُفْـرِ كَاسِـبٌ لَـهُ عَـلَى خِـلَافِ مَـا تَسْـتَدْعِيه خِلْقَتِـه، فَالآيـة لِبَيَـان إخْلَالِهـم بِمَـا يَقْتَضِيـه التَّفَضْـل عَلَيْهِـم بِأصْـل النِّعَـمِ الَّـذِي هُـوَ الخَلْـقُ وَالإيْجَـاد، فَـمَا أَجْهَـل مَـنْ يَمْـزُجُ الكُفْـرَ بِالخَلْـقِ وَيَجْعَلُـه مِـن جُمْلَتِـه، وَالخَلْـقُ أعْظَـمُ نِعْمَـة اللـه تَعَـالى عَـلَى عِبَـادِه، وَالكُفْـرُ أَعْظَـمُ كُفْـرَانٍ مِـنَ العِبَـادِ لِرَبِهِـم**).

هەڵبەتـە ئـەم قسـەیە (**القرطبـي**) و (**روح المعـاني**)ش، هێناویەتـی مـن لـە (**روح المعـاني**)ەوە هێناومـە.

واتـە: {مانـای ئـەم ئایەتـە موبارەكـە بـەم شـێوەیە} خـوا ئێـوەی هێناوەتـە دی، هێنانەدییەكـی زۆر سـەرنجڕاكێش، كـە تێكـڕای بـوارەكانی هەمـوو چاكییـە زانسـتیی و كردەییـەكان دەگرێتـە خـۆی، {واتـە: ئـەو هێنانـە دییـەی ئێـوە وایـە كـە بتوانـن، هـەم لـە ڕووی زانیارییـەوە بـەرەو تەواویـی بچـن، هـەم لـە ڕووی كردەوەییـەوە}، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەتانـە بێبڕوایـی هەڵبـژاردووەو وەدەسـت هێنـاوە، بـە پێچەوانەی ئـەوەوە كـە دروسـتكردنەكەی خوازیاریەتـی، ئایەتەكـە بـۆ ڕوونكردنـەوەی ئەوەیـە كـە ئـەوان بـە پێچەوانـەی چاكـەی خـواوە لەسـەریان، ڕەفتاریـان كـردوە، كـە بناغـەی چاكـەكانی پێـداون، كـە دروسـتكردن و وەدیهێنانیانـە، ئـەو كەسـەش زۆر نەزانـە كـە كوفـرو خەڵـق، تێكـەڵ دەكات {و كوفرەكـە لەگـەڵ وەدیهێنانەكـەدا دەكات بـە یـەك شـت}، لـە حاڵێكـدا كـە وەدیهێنانـی خـوا بـۆ مرۆڤـەكان، گەورەترین

نیعمەتـی خـوای بـەرزە لەسـەر بەنـدەکان، بـەڵام بێبڕوایـی مەزنتریـن سـپڵەییە لـە بەندەکانـەوە بەرانبـەر بـە پەروەردگاریـان.

کەواتـە: چـۆن شـتێك کـە چاکتریـن شـتە لەگـەڵ شـتێك کـە خراپتریـن شـتە هەردووکیـان دەبـێ، تێکـەڵ بکرێـن و ئاوێتـە بکرێـن؟.

قسـەکەیم زۆر پـێ جوانـە: خـوا لێـرە دەفەرمـوێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمْ ﴾، واتـە: خـوا ئێـوەی هێناوەتـە دی بـە جەسـتەو ڕووحـەوە، ﴿ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ ﴾، کەچـی لـە جیاتـی ئـەوەی هەمووتـان بڕواداربـن، ئـەوە سـپڵەییە لـە ئێـوە کـە هەتانـە بێبڕوایـەو بێبڕوایـی وەدەسـت دێنـێ، کـە پێچەوانـەی ئـەو نیعمەتەیـە خـوا بـە ئێـوەی بەخشـیوەو، پێچەوانـەی ئـەو چاکەیەیـە کـە خـوا لەگـەڵ ئێوەیـدا کـردوە، خـوا ئێـوە هێناوەتـە دی، ئنجـا چـۆن دەگونجـێ بێبـڕواو سـپڵەبن بەرانبـەر بـە خـوا؟ ﴿ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ ﴾، هەشـتانە بـڕوادارە، هەروەهـا سوپاسگوزاریشـە بـۆ خـواو چاکەکـەی خـوای نادیـدە نەگرتـوەو بەرانبـەری سـپڵە نەبـووە، ﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾، ئەمەشـیان خـۆم دەیڵێـم و زەمەخشـەریی نەیگوتـوە: خـواش بینـەری ئەوەیـە کـە دەیکـەن، یـانی: سـەنگی مەحـەك و پێـوەر بـۆ چاکیـی و خراپیـی مـرۆڤ، کردەوەکـەی خۆیەتـی، کـە خـۆی ئەنجامـی دەدات و وەدەسـتی دێنـێ.

بڕگەی پێنجەم و کۆتایی: ڕای بەندەو چارەسەری بۆ ئەو کێشەیە:

پێـش هەمـوو شـتێك دەڵێـم: بـە زۆریـی وایـە کـە بەهەڵـەدا چـوون، یـان بەهـۆی تێپەڕاندنەوەیـە، یـان بەهـۆی کورتهێنانەوەیـە، یەکێـك بـەولادا تێدەپەڕێنـێ و یەکێك بـەولادا، بـۆ وێنـە: لە بـواری هاوسـەنگیی ڕاگرتن لـە نێـوان داخوازییەکانی جەسـتەو داخوازییـە ڕووحییەکانـدا، هەیـە بـە لای جەسـتەدا تێدەپەڕێنـێ، لەسـەر حیسـابی ڕووح و هیـچ حسـابێك بـۆ ڕووح نـاکات، وەك کرمـە گڵخۆرکەیـەك دەم لـە زەوی دەنـێ، تەنیـا ئـەو بەشـەی لـە زەوییـەوە هاتـوە، بـەس ئـەو بـەش و پێکهاتەیـەی

خۆی کە جەستەکەیەتی دەیبینێ، بەڵام ئەو ڕووحەی لە خواوە هاتووە، کە ڕووحێکی مەعنەوییە، هیچ حیسابی بۆ ناکات، هەشیانە بەپێچەوانەوە: تەنیا ڕووحەکەی خۆی و دیوە مەعنەوییەکەی دەبینێ و، هیچ حیساب بۆ جەستەی ناکات، ئنجا هەر لەوەوە بگرە هەتا زۆر شتی دیکە، بە زۆریی تێپەڕاندن بەلایەکدا لەسەر حیسابی کورتهێنانە لەلایەکی دیکەوە، هەروەها کورتهێنان لەلایەکدا، سەردەکێشێ بە تێپەڕاندن بە لایەکی دیکەدا.

شایانی باسیشە: هەر کام لە وشەی (**كَافِر**)، و (**مُؤْمِن**)، هەردووکیان ناوی بکەر (**اسم فاعل**)ن، (**كَافِر**)، لە (**كَفَر**)ەوە هاتووە، (**كَفَرَ يَكْفُرُ كَفْرَاً أي سَتَرَ يَسْتُرُ سَتْرَاً**)، واتە: پۆشیی، دەیپۆشێ، پۆشین، (**كَافِر**)یش واتە: پۆشەر چونکە ئەو هەقەی بۆی دێ، ڕاستییەکانی ئیمان دایاندەپۆشێ و ڕەفزیان دەکات، ئایا بۆچی خوای زاناو شارەزا ئەو وشەیەی بەکارهێناوە بۆ کەسی بێبڕوا؟ چونکە لە ناخی مرۆڤدا داخوازی ئیمان هەیەو، ئەو مرۆڤە (بێبڕوا) داخوازییەکانی کە لە زگماك و دەروونیدا هەن، لە ناخیدا هەن، سەرکوتیان دەکات و دایاندەپۆشێ، ئنجا (**كَافِر**) ناوی بکەر (**اسم فاعل**)ە، واتە: کوفری هێناوەتە دی (**فَاعِلُ الكُفْرِ**)، هەروەها (**مُؤْمِن**)یش، ناوی بکەر (**اسم فاعل**)ە، یانی: کەسێك کە ئیمانی هێناوەتە دی (**فَاعِلُ الإيْمَان**)، کەواتە: هەردووکیان کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ ﴾، واتە: هەتانە بێبڕوایی هێناوەتە دی و بۆ خۆی پەیدای کردووەو، هەشتانە ئیمانی پەیدا کردوە، ئیدی خوا ﷻ نەیفەرموە: هەتانە کوفرم بۆ خوڵقاندوەو، هەشتانە ئیمانم بۆ خوڵقاندوە، ئنجا ئەگەر بگوترێ: خوا ﷻ کوفری کافرانی هێناوەتە دی، هیچ ڕۆڵێکیان بۆ نامێنێتەوە، ئایا مرۆڤ چ کاریگەرییەکی دەبێ لە پەیداکردنی کوفردا کە خوا بۆی هێناوەتە دی؟! وەك چۆن خوا ﷻ جەستەی بۆ ئێمە هێناوەتە دی، ئایا ئێمە دەتوانین چیدیکە بکەین، خوا ئەو جەستەیەی بەو شێوەیە بۆ هێناوینە دی، دوو چاو و دوو گوێ و دوو دەست و دوو لاق و لووتێك و هەتا کۆتایی، مەگەر دەستکاریی بکەین و

بیگۆڕین، ئەگەرنا ناتوانین لێی زیاد بکەین، کەواتە: خوا ئەگەر کوفری کافران بێنێتە دی، ئەوان دەتوانن چی لێ بکەن، تازە خوا هێناویەتە دی و تەواو بووە، هەروەها ئەگەر خوا ئیمانی ئیمانداران بێنێتە دی و بیخولقێنێ و لەبەردەستیان دابینێ، ئەوان هیچیان بۆ ناکرێ، هیچیان بۆ نەماوەتەوە.

ئەم ڕایەشم ڕایەکی تازەو نوێیە، بەڵام لەمێژە ئەو ڕایەم گوتوە سەرەتا لەو مەوسووعەیەدا کە لە سجنی ئەمریکاییەکاندا نووسیومە: **(الإسلام كما يتجلى في كتاب الله)**، لە بەرگی دووەمدا ئەو ڕاستییەم خستۆتەڕوو، دواییش لە ژمارەیەك لە کتێبەکانی دیکەم دا بۆ وێنە: (ڕوونکردنەوەی عەقیدەی تەحاویی) و، مەوسووعەی: (بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیع)دا، کە لە ڕاستییدا خوا ﷻ بەدیهێنەری کردەوەکانی مرۆڤ نیە، چونکە کردەوەکانی مرۆڤ مەخلووق نین تاکو پێویستییان بە خالیق هەبێ، بەڵکو کردەوەکانی مرۆڤ: مەجعوولن، مەفعوولن، مەعموولن، کەسبن، ئیقتیرافن، ئیجتیراحن، خوا ئەو وشانەی هەموویان بۆ کردەوەکانی مرۆڤ بەکارهێناون:

١- ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا ... ﴾ يونس: ٥٩.

٢- ﴿ لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾ المائدة.

٣- ﴿ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾ البقرة.

٤- ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ... ﴾ البقرة: ٢٨٦.

٥- ﴿ وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُۥ فِيهَا حُسْنًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٢٣﴾ ﴾ الشورى.

٦- ﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ... ﴾ الجاثية: ٢١.

بەڵێ کردەوەکانی مرۆڤ وەدەستهێنراون، ئەنجامدراون، کراون، مرۆڤیش توانای ئەوەی هەیە کە کردەوەکانی خۆی ئەنجام بدات، ئەوەتا خوای موتەعال بۆ خۆی دەفەرموێ: ﴿ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ ﴾، کافر کەسێکە کوفر دێنێتە دی

و پەیدای دەکات، نەك بیخوڵقێنێ، چونکە کوفرێك کە کافر هەڵیدەگرێ، شتێك لە نەبوون پەیدا نەبووە، بەڵکو هەر بەو عەقڵەی خوا پێیداوەو بەو ویستەی کە خوا پێیداوەو، بەو زمانەی خوا پێیداوە، کوفر لە عەقڵی خۆیداو، لە دڵیدا دەچەسپێنێ و، بە زمان تەعبیری لێ دەکات و، بە ئەندامەکانیشی مومارەسەی دەکات، هەروەها ئیمانی ئیماندارا و تاعەتی ئیماندارانیش بەهەمان شێوە، شتێك نەهاتۆتە دی کە بوونی نەبووبێ، بەڵکو هەر بەو ئەندامانەو بەو تواناو وزانەی خوا بۆ مرۆڤی خوڵقاندوون، پەیدای کردوون، خواش بەدیهێنەر (خالق) ی هەموو شتێکەو، هەموو شتێکی دروستکراو خوا بەدیهێنەریەتی.

ئەو ڕایەی منیش نە ڕایەکەی موعتەزیلەیە، نە ڕایەکەی ئەشعەرییەکانیشە.

پێم وایە ئەوە ئەو ڕایەیە کە ڕێك لەگەڵ قوڕئان و سوننەتدا دەگونجێ.

موعتەزیلە دەڵێن: مرۆڤ بەدیهێنەری کردەوەکانی خۆیەتی، واتە: مرۆڤ دەکەن بە بەدیهێنەر (خالق)، بەڵام خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ ﴿٦٢﴾ ﴾الزمر، واتە: خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە.

جەبرییەکان بە تایبەت و ئەشعەرییەکانیش لە دوای ئەوان دەڵێن: مرۆڤ هیچ کارەیە بەڵێ: دوایی دەڵێن: مرۆڤ کردەوەکانی خۆی وەدەست دێنێ، بەڵام وەختێك خوا کردەوەکانی مرۆڤ بخوڵقێنێ، هیچ نەماوەتەوە بۆ مرۆڤ کە بەدەستی بێنێ.

ئێمە کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی (**الصافات**)دا، لە ڕوونکردنەوەی ئەو ئایەتە موبارەکەدا کە دەفەرموێ: ﴿ قَالَ أَتَعۡبُدُونَ مَا تَنۡحِتُونَ ﴿٩٥﴾ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ وَمَا تَعۡمَلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾، لەوێشدا ئەو باسەمان کردوە، کە هەندێك لە زانایان ئەوەیان بە بەڵگە هێناوەتەوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ وَمَا تَعۡمَلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾، خوا خۆتانی خوڵقاندوەو ئەوەش کە دەیکەن، گوتوومانە: ئەوەی دەیکەن (**ما تعملون**) مەبەست پێی کردەوەکانیان نیەو مەبەست پێی ئەو پەیکەرانەیە

کـە تاشـیویانن، چونکـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ ﴿٩٥﴾ ﴾، ئایـا شـتێك دەپەرسـتن کـە خۆتـان پەیکەرەکـەی دەتاشـن؟، ﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾، خـوا خۆشـتان و ئـەوەش کـە دروسـتتان کـردوە، (واتـە: پەیکەرەکانیشـی) خوڵقانـدوون؟ نـەك مەبەسـت پێـی کـردەوە بـێ و، خـوای پـەروەردگار بـە تەعبیـری موعتەزیلـەو ئەشـعەرییەکان، فەرمایشـتی نەفەرمـووەو، دوایـی ئـەو مەدرەسـەو قوتابخانانـە پەیـدا بـوون!!

کەواتـە: خەتـی نێوەڕاسـت و هـەق ئەوەیـە کـە خـوا ﷻ بەدیهێنـەری هەمـوو شـتێکە، کـە بەدیهێندراوبـێ، بـەڵام مرۆڤیـش دەستەپاچە نیـەو پـەڕە مریشـك نیـە، وەك جەبرییـەکان دەڵێـن، هـەروەك مـرۆڤ وەك خـوای پەروەردگاریـش نیـە وەك چۆن خـوا شـتان پەیـدا دەکات لـە نەبـوون، مرۆڤیـش پەیدایـان بـکات لـە نەبـوون، بەڵکـو ئـەو شـتانەی خـوا پەیـدای کـردوون، مـرۆڤ دەتوانـێ دەسـتکارییان بـکات و دەسـتیان تێوەربـداو، دەتوانـێ کوفـر وەدەسـت بێنـێ و، دواییـش گوناهـو تـاوان و خراپـەش وەدەسـت بێنـێ، هـەروەك مـرۆڤ دەتوانـێ ئیـمان وەدەسـت بێنـێ و، لـە دوای ئیمانیشـەوەو لـە بەرهەمـی ئیمانـدا، چاکـەو تاعـەت و فەرمانبەریـی وەدەسـت بێنـێ، کەواتـە: کردەوەکانـی مـرۆڤ دروسـتکراو نیـن، تاکـو ناچاربیـن یـان بڵێیـن: خـوا خوڵقاندوونـی، یاخـود مـرۆڤ خوڵقاندوونـی وەك جەبرییـەو موعتەزیلـە دەڵێـن، بەڵکـو کـردەوەکانی مـرۆڤ وەدەسـتهێنراون و، مرۆڤیـش بـۆ خـۆی وەدەسـتهێنەری کردەوەکانیەتـی.

مەسەلەی دووەم:

سەرنجڕاکێشانی خوا ﷻ بۆ مێژووی گەلانی بێبڕوا، کە سزای سەرەنجامی شوومیان چێژتووە، لە سۆنگەی ئەوەوە کە پێغەمبەرانیان (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) بەڵگە ڕۆشنەکانیان بۆ هێنان، بەڵام ئەوان گوتیان: چۆن مرۆڤ ڕێنماییمان دەکەن و ڕێمان پیشان دەدەن؟ ئیدی پشتیان هەڵکردو خواش لێیان بێنیازبوو، چونکە خوا بێنیازی ستاییشکراوە بە ڕەهایی:

وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُا۟ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ فَذَاقُوا۟ وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٥﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُۥ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَقَالُوٓا۟ أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا فَكَفَرُوا۟ وَتَوَلَّوا۟ وَّٱسْتَغْنَى ٱللَّهُ وَٱللَّهُ غَنِىٌّ حَمِيدٌ ﴿٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُا۟ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ ﴾، ئایا هەواڵی ئەوانەی بێبڕوابوون لەمەوبەر بۆتان نەهاتوە؟ ئەمە لە ڕێزمانی عەرەبییدا پێی دەگوترێ: پرسیارکردنی پێچەسپاندن (**الإستفهام التقريري**)، چونکە بەرامبەرەکە ناتوانێ نکووڵیی بکات کە ئەوانەی بێبڕوا بوون، گەلانی بێبڕوا، بەسەرهات و دەنگ و باس و خواسێکیان بووەو دەنگوباسی ئەوانیان پێگەیشتوە، هەموویان بەسەرهاتی نووح ﵇ و گەلەکەی و تۆفانەکەی، هەروەها بەسەرهاتی ئیبراهیم ﵇ یان پێگەیشتوە، کە ئەو دوو پێغەمبەرە، دوو پێغەمبەری نێو نەتەوەیی بوون، پاشان زۆربەیان بە تایبەت لە نیوە دوورگەی عەرەبیی و، شام و دەوروبەری بەسەرهاتی گەلی عادو ثەموودو، گەلی مەدیەن و گەلی لووطیان هەر بیستوە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُا۟ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ ﴾، ئایا ئەوانەی بێبڕوابوون لەوە پێش هەواڵەکەیانتان بۆ نەهاتوە؟ لێرەدا ئەمە گواستنەوەیە لە: بە کنارەو لە پەناڕا قسە لەگەڵ کردن، بۆ بە ڕوون و ڕاشکاویی قسە لەگەڵدا کردن.

٢)- ﴿ فَذَاقُوا۟ وَبَالَ أَمْرِهِمْ ﴾، سەرەنجامی شوومی کاری خۆیانیان چێژت.

(وَبَالَ)، لـە (وَبْـل و وَابِـل)ەوە، هاتـوە و هەردووكيـان بـە مانـای: بارانـی دڵۆپـە قـورس (المَطَـرُ الثَّقِيْـل القِطَـار)ن، (قِطَـار) كـۆی (قَطْرَة)يـە، واتـە: بارانـی دڵۆپـە قـورس، ئنجـا لـەوەوە (وَبَالَ)، بـە مانـای قورسـيی و سـەختيی دێ و، كـە دەفەرموێ: ﴿ فَذَاقُواْ وَبَالَ أَمْرِهِمْ ﴾، واتـە: سـزای كارە سـەختەكەی خۆيـان، يان سـەرەنجامە شـووم و سـەختەكەی خۆيانيـان چێـژت، (أَمْـر)، بـە مانـای: (شَـأن)ە، واتـە: حـاڵ.

٣)- ﴿ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، لە ڕۆژی دواييشدا سزاو جەزرەبەيەكی بە ئێش و ژانيان بۆ هەيە.

٤)- ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُۥ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ﴾، ئەويش بەهۆی ئەوەوە كە پێغەمبەرەكانيان بە بەڵگە ئاشكرايەكانيان بۆ هێنان، (ذَٰلِك)، ئاماژەيە بۆ ئەوەی پێشتر باسكراوە، واتە: ئا ئەو سزا پێچێژتنە، ئا ئەو ئازاری بە ئێش بۆ ئامادەكردنە لە ڕۆژی دوايیداو، پێش ئەوەش، سزای سەخت پێچێژتنە لە دنيادا، ﴿ بِأَنَّهُۥ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ﴾، بەهۆی ئەوەوەيە كە پێغەمبەرەكانيان (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، بەڵگە ڕۆشنەكانيان بۆ هێنان، (بَيِّنة)، واتە: بەڵگەيەكی زۆر ڕۆشن كە هيچ كەس نەتوانێ نكووڵيی لێ بكات، پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) هيچ كاميان بەبێ موعجيزەو بەڵگەيەكی ڕوونی بێ چەندو چوون، نەهاتوە، چونكە خوا ﷻ يەكێك لە سيفەتەكانی بريتيە لەوەی كاربەجێيەو لێزانە، حيكمەتی خواش وا دەخوازێ كە هەر كەسێك بنێرێ بۆ كارێك، هۆكارو ئامرازەكانی جێبەجێ كردنی ئەو كارەی بۆ بڕەخسێنێ، بە كەسێك بفەرموێ: بچۆ ببە بە نوێنەرو ڕەوانەكراوی من و پەيامی من بە خەڵك بگەيەنە، بێگومان خەڵك داوای بەڵگەی لێ دەكات، بۆيە هيچ پێغەمبەرێك بەبێ بەڵگە نەبووە، خوا ﷻ تەعبيری (البَيِّنَات)ی بۆ پێغەمبەران لە زۆر شوێن دووبارە كردۆتەوە، واتە: بەڵگە ڕۆشنەكان، هەروەها لە سوورەتی (هود)دا، پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) هەموويان دووبارەی دەكەنەوە: ﴿ أَرَءَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي ﴿٢٨﴾ ﴾هود، پێغەمبەری خاتەميش ﷺ، فەرموويەتی: ﴿ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي ﴿٥٧﴾ ﴾الأنعام، هەروەها نووح و هوودو صاڵيح و شوعەيب و هەموو پێغەمبەرانی ديكەش (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) هەر ئەوە ويردی سەر زمانيان بووە: من لە لايەن

پەروەردگارمەوە لەسەر بەڵگەیەكی ڕۆشنم و، پێغەمبەریش ﷺ «وەك چەند جارێك ئەو فەرمایشتەمان هێناوە» فەرموویەتی: {مَا مِنَ الأَنْبِيَاءِ مِنْ نَبِيٍّ إِلاَّ قَدْ أُعْطِيَ مِنَ الآيَاتِ مَا مِثْلُهُ آمَنَ عَلَيْهِ الْبَشَرُ} **(أخرجه أحمد: ٨٤٧٢، والبخاري: ٤٦٩٦، ومسلم: ١٥٢)** واتە: هیچ كام لە پێغەمبەران نەبووە، مەگەر بەڵگەیەكی وای دراوەتێ، موعجیزەیەكی وای دراوەتێ، كە لەسەر ئەوە خەڵك بڕوا بێنن، واتە: كەسێك كە لە ڕاستیی بگەڕێ و لێی بخەفتێ، ئەو پێغەمبەرەی خوا ناردوویەتی، بەڵگەیەكی وای پێداوە، بە كەڵكی ئەوە بێ و بایی ئەوەندە بێ، بەرانبەرەكەی پێ ئیقناع بكات، ئنجا خوا دەفەرموێ: ئەو چێژتنی سەرەنجامە شوومەی دنیایان و، ئەو بۆ ئامادەكرانەی ئازارە بە ئێشەی ڕۆژی دواییان، بەهۆی ئەوەوەیە كە پێغەمبەرانیان بەڵگە ڕۆشنەكانیان بۆ هێنان كەچی پێیان بێبڕوا بوون، مەرجیش نیە، (**بَيِّنَات**)، لێرەدا تەنیا موعجیزەكانی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) بن، بەڵكو ئەو پەیامەی هێناویانە، پەیامێكی ڕوون بووەو، نێوەڕۆكی ئەو پەیامەش هەرچی چاكەیە فەرمانی پێكردوەو هەرچی خراپەیە قەدەغەی كردوەو، ڕاستییەكانی لە بارەی بوون و، لە بارەی خوای پەروەردگارو، گەردوون و دنیاو دواڕۆژەوەو، دەربارەی ژیانی مرۆڤەوە، خستوونەڕوو، وشەی (**بَيِّنَات**)، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، ئنجا ئەوان چییان گوت؟

٥)- ﴿فَقَالُوٓاْ أَبَشَرٌ يَهۡدُونَنَا﴾، گوتیان: ئایا مرۆڤەكان ڕێنماییمان دەكەن؟ پێشتریش گوتوومانە: وشەی (**بَشَر**)، بۆ تاكیش و بۆ دووانیش و بۆ كۆش دەبێ، لە سووڕەتی (**المؤمنون**)دا، فیرعەون و دارو دەستەكەی گوتوویانە: ﴿فَقَالُوٓاْ أَنُؤۡمِنُ لِبَشَرَيۡنِ مِثۡلِنَا﴾، ئایا بڕوا بۆ دوو بەشەری وەك خۆمان بێنین؟! چونكە (**بَشَر**)، بۆ تاكیش دەبێ و، ئەگەر بویسترێ بگوترێ: دووان دەكرێتە (**مثنّى**)، بەڵام لێرەدا (**بَشَر**)، بۆ كۆ (جمع) بەكارهاتوە، بە بەڵگەی ئەوە كە دەفەرموێ: ﴿أَبَشَرٌ يَهۡدُونَنَا﴾، ئایا مرۆڤەكان ڕێنماییمان دەكەن و ڕێمان پیشان دەدەن، هەمزە (أ)ی (**أبشر**)یش (**للإِسْتِفْهَام الإِنْكَارِيّ**)، بۆ پرسیاركردنی نكوولیلێكەرانەیە، واتە: نابێ و كەی مرۆڤ شایستەی ئەوەن ڕێنمایی ئێمە بكەن و ڕێمان پیشان بدەن بەرەو خوا، چۆن مرۆڤ لێیان دەوەشێتەوە ببنە نوێنەری خوا؟!

٦)- ﴿ فَكَفَرُواْ وَتَوَلَّواْ ﴾، ئنجا ئەوان بێبڕوا بوون و پشتیان هەڵکرد، (تَوَلِّي)، بریتیە لە لاچوون لەو شوێنەی تۆی لێی، لەو شوێنە لابچی و پشتی تێ بکەی، ئنجا ئەوانە پشت تێکردنەکەیان و ڕوو وەرچەرخاندنەکەیان، لە ئەنجامی بێبڕواییانەوە بوو، هەمیشە هەڵوێستی مرۆڤ لە بیرو بۆچوونیەوە هەڵدەقوڵێ، ئەوانەش لەبەر ئەوەی بێبڕواییان هەبووە بەرانبەر بە پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) بۆیە پشتیشیان تێکردوون، ئەگەر بڕوایان پێهێنابانایە، ڕوویان تێدەکردن، کەواتە: ڕووتێکردن و فەرمانبەرییکردنی هەر کەسێك بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) و بۆ پەیامی خوا، بە ئەندازەی بڕوا بوونیەتی و ئینسان تاکو ئیمانی زیاتر بێ، فەرمانبەریی باشتر دەبێ و، هەتا قەناعەتی زیاتر بێ، بێگومان کردەوەی چاکی و هەڵوێستی باشی و پابەندیی، زیاتر دەبێ، ئنجا ئایا کە ئەوانە بێبڕوا بوون و پشتیان هەڵکرد، خوا ﷻ چی کرد؟!

٧)- ﴿ وَّٱسْتَغْنَى ٱللَّهُ ﴾، خواش بێنیاز بوو، ئەم (و)ە، بۆ بادانەوە (**عَطْف**)یە، یانی: ئەوان کە ئاوایانکرد، خواش بێنیاز بوو.

٨)- ﴿ وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ ﴾، {ئەم (و)ە، لێرەدا بۆ (**حَال**)ە}، لە حاڵێکدا خوا ئەو پەڕی بێنیازو ئەو پەڕی ستاییشکراوە، واتە: خوا لەوان و لە بڕوا هێنانیان بێنیازەو، بێباکیشە لە بێبڕواییان و لە پشت هەڵکردنیان و، ئەگەر ئەوانیش ستاییشی خوا نەکەن و بەندایەتیی بۆ نەکەن، خوا لە زاتی خۆیدا ستاییشکراوەو، خاوەنی هەموو سیفەتێکی بەرزو پەسندەو، شایستەی هەموو جۆرە بەمەزنگرتن و بەپاکگرتن و ستاییشکردن و مل بۆ کەچکردنێکە.

مەسەلەی سێیەم:

پووچیی گومان و خەیاڵی بێبڕوایان کە زیندوو ناکرێنەوەو، فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرکەی ﷺ کە سوێند بە پەروەردگاری بخوات: هەڵدەستێنرێنەوەو زیندوو دەکرێنەوەو، هەواڵی کردەوەکانیشیان پێدەدرێ، ئنجا بینا لەسەر ئەوە: فەرمان پێکردنیان کە بڕوا بەخواو بەپێغەمبەرەکەی و ﷺ ئەو ڕووناکییەی دایبەزاندوە، بێنن:

خوا دەفەرمویّ: ﴿ زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبۡعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلۡتُمۡۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٧ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلنُّورِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلۡنَاۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٨ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْ ﴾، ئەوانەی بێبڕوابوون پێیان وابوو زیندوو ناکرێنەوە، (زَعَمَ)، هەم بە مانای گومانی برد (**ظَنَّ**)، هەم بە مانای لافلێدان(دێ، (**الزَّعْمُ: القَوْلُ المَوْسُومُ بِمُخَالَفَةِ الوَاقِعِ خَطَأً، وَأَكْثَرُ مَا يُسْتَعْمَل الزَّعْمُ فِيمَا هُوَ بَاطِلٌ أو ارتِيَابٌ**)، (**زَعْم**): قسەکردنێکە پێچەوانەی واقیع بێ بە هەڵە، بە زۆریی وشەی (**زَعْم**) بەکاردەهێنرێ بۆ شتێك کە پووچە، یاخود جێی دوو دڵییە، کەواتە: لێرەدا کە خوا دەفەرمویّ: ﴿ زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ ﴾، ئەوانەی بێبڕوابوون پێیان وابوو، یاخود ئەوانەی بێبڕوابوون لافیان لێدا، بە هەڵە بە خەیاڵپڵاوی خۆیان گوتیان: ﴿ أَن لَّن يُبۡعَثُواْ ﴾، کە هەرگیز زیندوو ناکرێنەوەو هەڵناستێنرێنەوە، پێشتر مانای وشەی (**بَعْث**)مان، کرد (**بُعِثَ يُبْعَثُ**)، لێرەدا (**يُبْعَثُوا**)، لە (**بَعْث**)، بە مانای ورووژاندن و، ناردن و، بڵاوکردنەوەو، بە مانای هەڵستاندنەوە دێ، وەك خوا لە بارەی (**أَصْحَابُ الكَهْف**)ەوە، دەفەرمویّ: ﴿ بَعَثۡنَٰهُمۡ ١٩ ﴾**الكهف**، واتە: ئێمە لە خەوەکەیان بێدارمان کردنەوە، (**بَعْث**)، بە مانای لە خەو هەڵسان و بێداربوونەوە دێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ بَعَثۡنَٰهُمۡ لِيَتَسَآءَلُواْ بَيۡنَهُمۡ ١٩ ﴾**الكهف**، ئاوا بێدارمان کردنەوە بۆ ئەوەی لە نێو خۆیاندا بپرسن، هەروەها بە مانای زیندوو

کردنەوەش دێ و، بە مانای ناردنیش دێ، لێرە بە دڵنیایی بە مانای هەڵستێنرانەوەیە لە مەرگ و زیندوو کرانەوەیە.

٢)- ﴿ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ﴾، {خوا فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات و دەفەرموێ:} بڵێ: با، سوێند بە پەروەردگارم، بە دڵنیایی هەڵدەستێنرێنەوە، (**حَرْفُ بَلَى: حَرْفُ جَوَابٍ لِلْإِبْطَالِ خَاصٌّ بِجَوَابِ الْكَلَامِ الْمَنْفِيِّ لِإِبْطَالِهِ**)، (**بَلَى**): پیتی وڵامدانەوەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەو، تایبەتە بە وەڵامی قسەیەکی لابردراو، بۆ هەڵوەشاندنەوەی.

بـۆ وێنـە: کەسـێك دەڵـێ: ئایـا بـاران نەباریـوە؟ تـۆ بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی قسـەکەی، کـە قسـەکەی لابردنـە، ئەگـەر بڵێـی: (**نَعَـمْ**)، مانـای وایـە پشـتگیریت کـرد کـە نەباریـوە، بـەڵام کـە گوتـت: (**بَـلَى**)، واتـە: بـا باریـوە بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی قسـەکەی، بۆیـە لـە زمانـی کوردییـدا (**نَعَـمْ**) دەبێتـە: بەڵـێ، بـەڵام (**بَـلَى**) دەبێتـە: بـا، یەکێـك دەڵـێ: ئایـا مـن ئـەو شـتەم نـەدا بەتۆ؟ ئەگـەر بتـەوێ بڵێـی: پێـت دام، دەبێ بڵێـی: (**بـا**)، بـە عەرەبیـی (**بـلى**)، بـەڵام ئەگـەر بتـەوێ بڵێـی: نەخێـر ئـەو شـتەت پـێ نـەدام، دەڵێـی: (**نعـم**)، واتـە: بەڵـێ پێـت نـەدام، ﴿ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ﴾، بلـێ بـا سـوێند بـە پـەروەردگارم ئێـوە بـە دڵنیایـی زینـدوو دەکرێنـەوەو هەڵدەسـتێنرێنەوە.

٣)- ﴿ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ ﴾، دوایی بە دڵنیایی هەواڵتان پێدەدرێ بەوەی کردووتانە، (**ثُمَّ**) لێرەدا بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەیی و پێگەییە، واتە: لە گرنگەوە بۆ گرنگتر چوون، چونکە ئەوە کە هەواڵیان پێبدرێ بەوەی کردوویانە، گرنگترە لەوەی زیندوو بکرێنەوە، یانی: زیندوو دەکرێنەوە، بەڵام لەوەش گەورەترو گرنگتر ئەوەیە کە هەواڵیشتان پێدەدرێ بەوەی کردووتانە، (**لَتُنَبَّؤُنَّ**)، یانی: (**لَتُخْبَرُنَّ**)، هەواڵتان پێدەدرێ، (**الإِنْبَاءُ: الإِخْبَار**)، پێشتریش گوتوومانە: (**النَّبَأُ: خَبَرٌ ذُو فَائِدَةٍ عَظِيمَةٍ يَحْصُلُ بِهِ عِلْمٌ أَو غَلَبَةُ ظَنٍّ**)، ڕاغیبی ئەصفەهانیی وشەی (**نَبَأ**)ی، وا مانا کردوە، دەڵێ: هەواڵێکە سوودێکی مەزنی هەیە، کە بە هۆی ئەو هەواڵەوە، زانیاریی بۆ مرۆڤ پەیدا دەبێ، یاخود گومانێکی زاڵ.

٤)- ﴿وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾، ئەوەش لەسەر خوا ئاسانە، (ذَٰلِك)، ناوی ئاماژەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (البَعْث)، واتە: ئەو زیندوو کرانەوەیە و هەڵستێنرانەوەیە، یاخود بۆ کۆی ئەوەی باسکرا، واتە: هەم زیندوو دەکرێنەوە، هەم هەواڵتان پێدەدرێ بەوەی کە کردووتانەو، هەم سزا دەدرێن ئەی بێبڕواییەکان.

٥)- ﴿فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلنُّورِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلۡنَا﴾، ئنجا بڕوا بە خواو پێغەمبەرەکەی و ئەو ڕووناکییە بێنن، کە دامانبەزاندوە، ئەم (ف)یەی (فَآمِنُوا)، (**الْفَاءُ: فَصِيْحَةٌ تُفْصِحُ عَنْ شَرْطٍ مُقَدَّرٍ، وَالتَّقْدِيرُ: فَإِذَا عَلِمْتُمْ هَذِهِ الْحُجَجَ وَتَذَكَّرْتُمْ مَا حَلَّ بِنُظَرَائِكُمْ مِنَ الْعِقَاب، وَمَا ستنبَّؤون بِهِ مِنْ أَعْمَالِكُمْ:** ﴿فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلنُّورِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلۡنَا﴾)، (ف)، لێرەدا (فَصِيحَة)یە، واتە: ڕوونکەرەوەیە بۆ مەرجێکی مەزەندەکراو کە مانایەکەی ئاوای لێ دێتەوە:

ئەگەر ئەو هەموو بەڵگانەتان زانین و ئەوەشتان هاتەوە یاد کە بەسەر هاوشێوەکانتان هاتوە، لە سزادرانی گەلانی پێشوو، ئەوەشتان زانی کە هەواڵتان پێدەدرێ لە بارەی کردەوەکانتانەوە، کەواتە: بڕوا بە خواو بە پێغەمبەرەکەی و بەو ڕووناکییەی دابەزاندوە بێنن، کە بێگومان مەبەست پێی قورئانە.

﴿فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلنُّورِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلۡنَا﴾، ئەم (ف)ە، لە زمانی کوردیدا دەبێتە کەواتە، یان لە ئەنجامی ئەوەدا کە باسکراو ڕابرد، کەواتە بڕوا بێنن بەخواو بە پێغەمبەرەکەی ﷺ بەو ڕووناکییەی دامانبەزاندوە.

٦)- ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ﴾، خواش شارەزای ئەوەیە کە ئەنجامی دەدەن و دەیکەن، واتە: بە وردەکارییەکانی ئاگادارەو شارەزایە.

مەسەلەی چوارەم:

ڕۆژی تێدا کۆکرانەوەی مرۆڤان، ڕۆژی تێدا زیانباربوون و دۆڕانی بێبڕوایانەو، برانە بەهەشتی بڕواداران کردار باش بە پاککراوەیی و بردنەوەی مەزنیان بە قسمەت دەبێ و، بێبڕوایانی بە درۆ دانەری ئایەتەکانی خواش دەبنە هاوەڵی ئاگری دۆزەخ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ ذَٰلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴿٩﴾ وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ خَالِدِينَ فِيهَا وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿١٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ ﴾، ئەو ڕۆژەی (خوا) بۆ ڕۆژی کۆبوونەوە کۆتان دەکاتەوە،

وشەی (یوم) لێرەدا دوو ئەگەری هەن:

أ- دەگونجێ (**يَوْم**) مانایەکەی سەربەخۆ بێ، چونکە (**ظَرْف**)ەو، (**مَنْصُوب**)ە، لەسەر (**ظَرْفِيَة**)، واتە: (**اذْكُر يَوْمَ**)، یاد بکەوە ئەو ڕۆژە.

ب- دەشگونجێ (یوم) پەیوەست بێتەوە بە ئایەتی پێشەوە کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ ﴾، کەی؟ ﴿ يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الْجَمْعِ ﴾، ئەو ڕۆژەی کۆتان دەکاتەوە بۆ ڕۆژی خڕ کرانەوەو کۆکرانەوە، یەکێك لە ناوەکانی ڕۆژی دوایی واتە: قیامەت، کە قۆناغی دووەمی ڕۆژی دواییە، بریتیە لە: (**یوم الجمع**) ڕۆژی کۆکرانەوە، هەروەها (**يَوْم الحَشْر**) یش، ڕۆژی خڕکرانەوە، ناوێکی دیکەیەتی.

٢)- ﴿ ذَٰلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ ﴾، ئەو ڕۆژە ڕۆژی بە یەکدی دۆڕاندن، یان ڕۆژی دۆڕانە، پێشتر لە شیکردنەوەی وشەکاندا وشەی (**تَغابُن**)مان، باسکرد، کە لە (**غَبْنٌ**)ەوە، هاتوە (**الْغَبْنُ**:

أَنْ يُعْطَى البَائِعُ ثَمَنًا دُونَ حَقِّ قِيمَتِهِ الَّتِي يُعَوَّضُ بِهَا مِثْلُهُ)، (**غَبْنٌ**)، ئەوەیە بابای فرۆشیار نرخێکی بدرێتێ، کەمتر لە ئەو نرخەی وێنەی ئەوی پێ قەرەبوو دەکرێتەوە، واتە: کەسێك شتێ بفرۆشێ، بەڵام نرخێکی کەمتری بدرێتێ کە شایستەی کاڵایەکەیەتی، ئەوە (**غَبْن**)ە، (**غَبْن**)، واتە: زیانباربوون یاخود زیان لێدران، دۆڕان، لەدەست چوون، بەڵام کە لێرەدا بە (**تَغَابُن**)، هێناویەتی کە لەسەر کێشی (**تَفَاعل**)ە، دوو واتای هەن:

أ- بە مانای ئەوەیە کە زیانەکە لە هەردووك لایان دەبێ، چونکە هەر لایەك ئەو بەشەی بۆ لایەکەی دیکە دانراوە، پشك و بەشەکەی وی دەبات، کە ئەوە دوایی زیاتر شیی دەکەینەوە.

ب- یاخود ڕێژگەی (**تَفَاعل**)، لێرەدا بەکارهێنراوە بە مەجاز، بۆ زۆریی پەیدا بوونی زیان.

ئنجا ئەگەر مانای یەکەمیان بێ و زیانبار بوون لە هەردوو سەرەوە بێ، یان دۆڕان لە هەردوو سەرەوە بێ، زانایان دەڵێن: ئەهلی بەهەشت کە دەچنە بەهەشت وێڕای شوێنی خۆیان کە بۆیان دانراوە، هەر کامێکیان شوێنی بێبڕوایەکیش کە ئەگەر بڕوای هێنابایە، بۆی دانراوە لە بەهەشتدا، شوێنی ئەویش بە میرات دەگرێ و ئەو دەبێ دەبێتە میراتگری، بۆیە هەندێك لە زانایان دەڵێن: خوای پەروەردگار کە وشەی (**میراث**)ی بەکارهێناوە: ﴿ وَتِلْكَ ٱلْجَنَّةُ ٱلَّتِيٓ أُورِثْتُمُوهَا ﴿٧٢﴾ ﴾الزخرف، ئەو بەهەشتەی کراوەتە میراتتان، مەبەست پێی پشك و بەشی ئەو کەسانەیە کە گریمانەیان بۆ کراوە، ئەگەر بڕوایان هێنابایە، ئەوە شوێن و جێ و ڕێیان دەبوو، ئنجا ئێستا کە چوونە دۆزەخ، ئەو بەهەشتییانە شوێنی ئەوانیش بە میرات دەگرن.

هەروەها هەر کەسێك کە دەچێتە بەهەشت، شوێنێکیشی بۆ دانراوە لە دۆزەخداو کە ئەگەر بێبڕوا بووایە دەیچۆیە، ئنجا ئەوانەی بێبڕوان، شوێنە داندراوەکانی بڕوادارانیش کە ئەگەر بێبڕوابوونایەو چووبان بۆ دۆزەخ، دەیانچوونێ، ئەو شوێنانەش بە میرات دەگرن و، لە فەرمایشتێکی صەحیحی

پێغەمبەردا ﷺ هاتوە[1]: هەر کەسێك دەچێتە بەهەشت، خوا ﷻ شوێنە بۆ داندراوەکەشی لە دۆزەخدا پێشان دەدا، ئەگەر خراپەی کردبایە، بۆ ئەوەی زیاتر سوپاس و ستاییشی خوا بکات، {خوایە! ستاییش بۆ تۆ کە هیدایەتت دام و هاتمە ئەم بەهەشتەو نەچوومە دۆزەخ}.

هەروەها هەر کەسێك کە دەچێتە دۆزەخیش، شوێنە بۆ داندراوەکەی لە بەهەشتدا پێشان دەدرێ، ئەگەر چاکەی کردبایە، بۆ ئەوەی زیاتر خەفەت و حەسرەت و دڵتەنگیی بۆ بێتە پێش، {کە خوایە! من چیم لەدەست خۆم دا! ئەو شوێنە خۆشەم لە دەست خۆم دا}.

ئەمە ئەگەر مانای (**تَغَابُنِ**)، لەسەر مانا یەکەمە ڕاستەقینەکەی خۆی بێ، واتە: هەر کامێکیان زیان لەوەی دیکە دەدا، بەڵام بە دڵنیایی ئەمە هەر بۆ وێکچوون (**مُشَاكَلَة**)ە، وەك خوای پەروەردگار لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا ﴿١٥﴾ وَأَكِيدُ كَيْدًا ﴿١٦﴾﴾ **الطارق**، یان: ﴿وَمَكَرُوا وَمَكَرَ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ ﴿٥٤﴾﴾ **آل عمران**، کە بێگومان هی بێبڕوایەکان بە پیلان و فێڵ، لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام هی خوای کاربەجێ مانایەکەی نەخشەیە، بەڵام لەبەر موشاکەلەو وێکچوون، خوا ﷻ وشەی (**مَكْر وكَيْد**)ی، بۆ خۆی بەکارهێناون، لێرەش ئەوەی زیان دەدا لە بەرانبەرەکەی هەر بەهەشتییەکانن، کە شوێنی بێبڕوایەکان بە میرات دەگرن لە بەهەشتدا، ئەگەرنا ئەوە هیچ زیان لێدرانێك نیە، بابای بەهەشتیی کە دەچێتە بەهەشت، شوێنەکەی کە لە دۆزەخدا بۆی دانراوە، بابای بێبڕوا، ئەو شوێنە بەمیرات بگرێ.

ئەگەر مانای دووەمیشیان بێ، مانای وایە ئەو ڕۆژەیە کە بێبڕوایەکان زۆر تێیدا دەدۆڕێن، زۆر زیان و زەرەرێکی گەورەیان دەکەوێتە سەر.

---

(١) {لَا يَدْخُلُ أَحَدٌ النَّارَ إِلَّا أُرِيَ مَقْعَدَهُ مِنَ الْجَنَّةِ لَوْ أَحْسَنَ لِيَكُونَ عَلَيْهِ حَسْرَةً، وَلَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ أَحَدٌ إِلاَّ أُرِيَ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ لَوْ أَسَاءَ لِيَزْدَادَ شُكْرًا} أخرجه البخاري: ٦٢٠٠، وابن حبان: ٧٤٥١.

٣)- ﴿ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعْمَلْ صَٰلِحًا ﴾، هەر کەسێکیش بڕوا بە خوا بێنێ و کردەوەی باش بکات.

٤)- ﴿ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ ﴾، (خوا) خراپەکانی لێ دەسڕێتەوە، (يُكَفِّر)، خوێندراویشەتەوە: (نُكَفِّر)، یانی: خراپەکانی لێ دەسڕینەوە، خوا خراپەکانی لێ دەسڕێتەوەو پاکی دەکاتەوە، (سَيِّئَات)، کۆی (سَيِّئَة)یە، واتە: خراپەکان، (سيئات)یش وێڕای کوفر هەموو جۆرە تاوانەکانی دیکەش بە گەورەو بچووکەوە، دەگرێتەوە.

٥)- ﴿ وَيُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ﴾، (خوا) دەیخاتە باخانێکەوە ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، خوێندراویشەتەوە: (وَنُدْخِلْهُ)، یانی: دەیخەینە باخانێکەوە ڕووباریان بە بەردا دەڕۆن، خوا دەیخاتە نێو چەند باخێکەوە، کە ڕووبارو جۆگەو جۆبار بە ژێر درەختەکانیاندا دەڕۆن.

٦)- ﴿ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴾، بە هەمیشەیی تێیاندا دەمێننەوە، واتە: لێیان نایەنە دەرێ و لەوێدا هەرماو دەبن.

٧)- ﴿ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴾، ئا ئەوە بردنەوەو بە ئامانج گەیشتنی مەزنە، (الْفَوْزُ: نَيْلُ الْمَطْلُوبِ سَالِمَاً)، (فَوْز): بریتیە لەوەی مرۆڤ ئاواتی خۆی بەدەست بێنێ و بە ئامانجی خۆی بگات و سەلامەتیش بێ.

شایانی باسە: خوا ﷻ ئەم شێوە وەسفەی جێگاو ڕێگای بەهەشتییان زۆر لە قورئاندا دووبارە دەکاتەوە، کە بریتیە لە هەبوونی ڕەز و باخ، کە کانیی و سەرچاوەو ڕووبار و ژێریاندا دەڕۆن، هەروەها خانووبەرەو کۆشکی بەرزو، تێیاندا هەرماو دەبن، چونکە ئەو وەصفانە هەموویان وەڵامی داخوازیی قووڵیی زگماك و ناخی مرۆڤ دەدەنەوە، مرۆڤەکان هەموویان کەیفیان دێ، بە شوێنی سەوزایی و دارو درەخت، بە جۆگەو جۆبارو کانیی و سەرچاوە، بە ڕووبار بە تاڤگەکان، هەروەها مرۆڤەکان هەمیشە حەزیان لە کۆشك و تەلارو شوێنی بڵندە، هەموو مرۆڤەکانیش حەزیان لە هەرماو بوون و، لە نێو

نەچوون و بەردەوام بوونە لە ژیاندا، بۆیە خوا ﷻ ئەو شتانەی لە قووڵایی فیترەت و ناخی مرۆڤدا هەن، لە بەهەشت دا دایناون، خوا بۆ خۆی مرۆڤی دروستکردووەو دەزانێ داخوازییەکانی چین و، بەپێی داخوازییەکانیشی پاداشتی دەداتەوەو، هەر ئەوەش کە لە بەهەشت دا دایناوەو ئامادەی کردووە، باس دەکات، بە ئەندازەی ئەوەی لە کەوڵی وشەکاندا جێی دەبێتەوەو، عەقڵ و دڵی ئێمە دەتوانێ وەخۆی بگرێ و ئیستیعابی بکات، چونکە وەك جاری دیکەش باسمانکردووە، بە دڵنیایی ئەوەی خوا دایناوە بۆ بەهەشتییان، تەنیا ئەوەندە نیە، کە باس دەکرێ و باس کراوە، بەڵام زمان و وشەو دەربڕینەکان بەس جێی ئەوەندەیان تێدا دەبێتەوەو، ئێمەش ئێستا لەم ژیانە دنیاییەدا، هەر لەوەندە حاڵیی دەبین و هەر لەوەندە تێدەگەین، بەڵگەشم ئەوەیە کە خوا ﷻ لە سوورەتی **(السجدة)** دا، دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ ﴿١٧﴾ ﴾، هیچ کەس نازانێ ئەوەی بۆی پەنهان کراوە لەوەی مایەی دڵخۆشیی و شادمانییەتی.

هەروەها فەرمایشتەکەی پێغەمبەریش ﷺ ڕوونە کە دەفەرموێ: {**فيها مَا لاَ عَيْنٌ رَأَتْ، وَلاَ أُذُنٌ سَمِعَتْ، وَلاَ خَطَرَ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ**} **(أخرجه أحمد: ٢٢٨٧٧، ومسلم: ٢٨٢٥)**، واتە: ئەوەی لە بەهەشتدا هەیە، نە هیچ چاوێك دیتوویەتی، نە هیچ گوێیەك بیستوویەتی، نە بە خەیاڵ و ئەندێشەی هیچ کەسێکیش دا هاتوە.

ئنجا دوایی دێتە سەر باسی سزای بێبڕوایان:

٨)- ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ ﴾، ئەوانەش کە بێبڕوابوون و نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ داناون، (كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ)، واتە: بەردەوام بوون لەسەر کوفرو، بەردەوامیش بوون لەسەر بە درۆ دانانی نیشانەکانمان، بێبڕوابوون واتە: بە خوا بێبڕوابوون و، بە پێغەمبەری خوا ﷺ و بە ڕۆژی دوایی.

(آيات) لە **(آيَاتِنا)**دا، کۆی **(آيَة)**یە، کە بە مانای نیشانە دێ و سێ ئەگەری هەن:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی ڕستەو بڕگەکانی فەرمایشتی خوا بێ.

ب- دەشگونجێ مەبەست پێی دیاردەو دیمەنەکانی دەوروبەرو بوونەوەر بێ.

ج- دەشگونجێ مەبەست پێی موعجیزەکانی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) بێ، هەموویان دەگرێتەوە، ئەوانەی بێبڕوا بوون و، نیشانەکانی خوایان بە درۆ دانان.

٩)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ خَٰلِدِينَ فِيهَا ﴾، ئەوانە هاوەڵانی ئاگرن تێیدا هەرماو دەبن، (**أَصْحَاب**) کۆی (**صَاحِب**)ە، کە هەم بە مانای هاوەڵ دێ، واتە: هەمیشە لەگەڵ ئەو ئاگرەدان و لێی جیا نابنەوە، هەم بە مانای خاوەن (**مَالك**)یش دێ، واتە: ئەگەر شتێك هەبێ ئەوان لە ڕۆژی دواییدا ببنە خاوەنی، تەنیا ئاگرە!.

١٠)- ﴿ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ﴾، خراپترین سەرەنجامیش، خراپترین شوێنیش کە کارو بارەکان بۆی دەچن، ئەو ئاگری دۆزەخەیە.

(ل)ی سەر (**ليوم الجمع**) لە ﴿ يَوۡمَ يَجۡمَعُكُمۡ لِيَوۡمِ ٱلۡجَمۡعِ ﴾دا، پسپۆڕانی زمانی عەرەبیی، بە سێ شێوە مانایان کردوە:

أ- هەندێکیان گوتوویانە: (**لَام التَّعْلِيْل**)ە، لامی هۆکارهێنانەوە واتە: ﴿ يَوۡمَ يَجۡمَعُكُمۡ لِيَوۡمِ ٱلۡجَمۡعِ ﴾: **أي: لأَجْلِ يَوْم الجَمْع**، لە پێناوی ڕۆژی کۆکردنەوەدا کۆتان دەکاتەوە.

ب- هەندێکیش گوتوویانە: (ل)، لێرەدا بە مانای (**فِي**)یە، یانی: (**يَوْمَ يَجْمَعُكُم فِي يَوْمِ الجَمْع**)، ئەو کاتەی لە ڕۆژی کۆکرانەوەدا کۆتان دەکاتەوە، بەڵام ڕەنگە لەو دووانەی پێشێ باشتر ڕای سێیەم بێ.

ج- (لَ)، (**لَام التَوْقِيْت**)ە، لامی کات دیاریکردن، واتە: لە کاتێکدا کە ڕۆژی کۆکردنەوەیە، وەك دەگوترێ: (**أَتَانِي فُلَانٌ لِخَمْسٍ خَلَوْنَ مِن شوَّالٍ**)، فڵانکەس هات بۆ لام لە کاتێکدا پێنج شەو لە مانگی شەووال تێپەڕیبوون، لە ڕاستییدا ڕای سێیەم لەوانی دیکە باشترە.

لێرەشدا دێینە کۆتایی ئەم دەرسەمان و، لە خوای پەروەردگار داواکارین بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ، کە لە دنیادا دەبنە خاوەنی ئیمان و کردەوەی باش و، پاکیی و چاکییەکی وا، وایان لێ بکات شایستەی ئەوە بن لە ڕۆژی دواییدا بە بەهەشتەکانی خوا شاد بن و، بە دیداری خوای پەروەردگار شاد بن و، لە ئاگری تێڵدراوو بڵێسەداری دۆزەخ پارێزراو و چەپاڵەدراو بن.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.



دەرسی دووەم



پێناسەی ئەم دەرسە

بەڕێـــــزان!

ئـەم دەرسـەمان دەرسـی دووەمـەو هەشـت (٨) ئایـەتی کۆتایـی سـوورەتی **(التغابـن)** دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەکانی: (١١ - ١٨)، پێشـتریش گوتمـان: ئـەم هەشـت ئایەتـەش هەشـت بابەتـی گـەورەو گرنگـی جـۆراو جـۆر دەگرنـە خۆیـان:

١- هیچ بەڵایەك بەسەر کەس نایەت، بەبێ مۆڵەتی خوا.

٢- فەرمانکردن بە فەرمانبەریی و گوێڕایەڵیی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ.

٣- جگە لە خوا هیچ پەستراوێك کە شایستەی پەرستران بێ، نیە.

٤- بڕواداران پێویستە تەنیا پشت بەخوا ببەستن.

٥- هەندێك لە ژن و منداڵی بڕواداران، مایەی زیانباریین بۆیان و، پێیان دەکەونە گرفتارییەوە، وەك چۆن دوژمنێك زیان بە دوژمنەکەی دەگەیەنێ، ئاوا دەچنە ئەو قاڵبەوە.

٦- پێویستە بڕواداران هەتا دەتوانن، پارێز لە خوا بکەن.

٧- قەرزی باشدان بە خوا، مایەی پاداشتی چەند بەرانبەر پێدرانە، لەلایەن خوای بەخشەری میهرەبانەوە.

٨- خوا سوپاسگوزارو، هێدیی و، زانای پەنهان و ئاشکراو، باڵادەستی، کاربەجێیە.

﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ يَهۡدِ قَلۡبَهُۥۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ
﴿١١﴾ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴿١٢﴾ ٱللَّهُ
لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴿١٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنۡ

أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْ ۚ وَإِن تَعْفُوا۟ وَتَصْفَحُوا۟ وَتَغْفِرُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤﴾ إِنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ فِتْنَةٌ ۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٥﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ وَٱسْمَعُوا۟ وَأَطِيعُوا۟ وَأَنفِقُوا۟ خَيْرًا لِّأَنفُسِكُمْ ۗ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٦﴾ إِن تُقْرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَٰعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ ﴿١٧﴾ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٨﴾﴾.

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{هیچ بەڵایەك بەسەر (هیچ کەس) نایەت، مەگەر بە مۆڵەتی خواو، هەر کەسیش بڕوا بە خوا بێنێ، دڵی ڕێنمایی دەکات (بۆ خۆڕاگریی) و، خواش بە هەموو شتێك زانایە ﴿١١﴾ فەرمانبەریی خوا بکەن و فەرمانبەریی پێغەمبەر بکەن، ئنجا ئەگەر پشتتان کردەوە، بە دڵنیایی پێغەمبەرەکەمان تەنیا گەیاندنی ڕوونی لەسەرە (و خۆتان بەرپرسیارن) ﴿١٢﴾ خوا جگە لەوی هیچ پەرستراوێك نیەو، با بڕوادارانیش بەس پشت بە خوا ببەستن ﴿١٣﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! بێگومان (بەشێك) لە هاوسەرانتان و ڕۆڵەکانتان بۆتان دوژمنن، ئنجا وریایان بن و، ئەگەر وازبێنن (لە سزادان) و چاوپۆشیی بکەن و ببوورن، بە دڵنیایی خوا لێبووردەی بەبەزەییە ﴿١٤﴾ مسۆگەر سامانەکانتان و ڕۆڵەکانتان (هۆکاری) تاقیکردنەوە (و مەینەتی)ن و، خواش پاداشتی مەزنی لەلایە ﴿١٥﴾ ئنجا هەتا دەتوانن پارێز لە خوا بکەن و، گوێ بگرن و فەرمانبەریی بکەن و ببەخشن، باشترە بۆ خۆتان و، هەر کەسیش لە (خراپەی) چرووکیی خۆی بپارێزرێ، ئەوانەن سەرفرازان ﴿١٦﴾ ئەگەر قەرز بە خوا بدەن بە قەرز پێدانێکی باش، بۆتان چەند بەرانبەر دەکاتەوە (لە پاداشتدا)و، لێتان دەبووری و، خواش سوپاسگوزاری هێدییە ﴿١٧﴾ زانای پەنهان و ئاشکرایە، زاڵی کاربەجێیە ﴿١٨﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْبَلَٰغُ): (البُلُـوغُ وَالبَـلاَغُ: الإنْتِهَـاءُ إلى أَقْـصَى المَقْصِـدِ وَالمُنْتَهَـى)، وشـەی (بَـلَاغ وَبُلُـوغ)، هەردووکیـان بـە مانـای گەیشـتنن بـە ئەوپـەڕی ئامانـج و مەبەسـتێك، واتـە: گەیشـتن بـە کۆتایـی.

(تَعْفُواْ): (العَفْـو: التَّجَـافِي عَـنِ الذَّنْـبِ، وَالعَفْـو: تَـرْكُ العُقُوبَـةِ)، (عَفْـو): بـە مانـای دووریـی گرتـن لـە گوناهـو، وازهێنانـە لـە سـزادان.

(وَتَصْفَحُواْ): چاوپۆشـیی بکـەن، (الصَّفْـحُ: تَـرْكُ التَّثْرِيْـبِ، وَهُـوَ أَبْلَـغُ مِـنَ العَفْـوِ، إذْ قَـدْ يَعْفُـو الإنْسَـان وَلاَ يَصْفَـح)، (صَفْـح): بریتیـە لە وازلێهێنانی سەرزەنشـتکردن، وشـەی (صَفْـح) لـە (عَفـو)، مانایەکـەی بەهێزتـرە، چونکـە جـاری وا هەیـە مـرۆڤ (عَفـو) دەکات، واتـە: واز لـە سـزادانی کەسـێك دێنـێ، بـەڵام چاوپۆشـیی نـاکات، بـەو واتایـەی بـە جۆرێـك لەگـەڵ ئـەو کەسـەدا مامەڵـە بـکات، کـە ئـەو گوناهـەی هـەر نەکـردوە، ئـەو هەڵەیـەی هـەر نەکـردوە، (عَفـو) یـانی: خراپـەی خراپەکارەکـەی لەبیـر دەمێنـێ، بـەڵام واز لــە ســزادانی دێنــێ، بــەڵام (صَفْــح)، ئەوەیــە وەك ئــەو کەســە گوناهــو هەڵەکـەی هـەر نەکردبـێ.

(وَتَغْفِرُواْ): (الغَفْـرُ: إلْبَـاسُ الـشَّيءِ مَـا يَصُونُـهُ عَـنِ الدَّنَـسِ، وَغُفْـرَانُ اللـهِ: صَـوْنُ اللـهِ العَبْـدَ مِـنْ أَنْ يَمُسَّـهُ العَـذَابُ)، (غَفْـر): بـە مانـای ئەوەیـە شـتێك بکەیـە پۆشـەری شـتێك بـۆ ئـەوەی چڵکـن نەبـێ و، بـە کوردیـی (غَفْـر) دەبێتـە لێبـوردن، لێبـوردنی خـواش ئەوەیـە بەندەکـەی بپۆشـێ لـەوەی سـزای بگاتـێ.

(شُحَّ نَفْسِهِۦ): (الشُّـحُّ: بُخْـلٌ مَـعَ حِـرْصٍ)، (شُـحّ): بریتیـە لـە چرووکیـی لەگـەڵ سـووریی لەسـەر ئـەوەی ئـەو مرۆڤـە هیچـی لەدەسـت نەبێتـەوە.

(قَرْضًا حَسَنًا): قەرزێکـی بـاش، وشـەی (قـرْض): ئێمـە هـەر بـە قـەرز بـەکاری دێنیـن، هەندێـك وشـەی (وام) بەکاردێنـن، کـە وشـەکە فارسـییە، بـەڵام وشـەی

قەرز، کورد بە پیتی (ز)، دەیڵێن و ناڵێن (قَرْض)، تازە ئەو وشەیە کوردێنراوە زۆر وشەی عەرەبیی هەن، یان وشەی زمانەکانی دیکە هەن، هاتوونە نێو زمانی کوردییەوەو پێویست ناکات بەرانبەرێکیان بۆدابتاشین، کە سەرەنجام وشەیەکی نامۆ دەربچێ و خەڵك تێی نەگات، بۆ وێنە: قەڵەم هەموو کەس تێی دەگات و پێویست ناکات بڵێی: پێنووس، دەفتەر هەموو کەس تێی دەگات و، پێویست ناکات بڵێی: تیانووس، کتێب هەموو کەس لێی حاڵیی دەبێ و، پێویست ناکات بڵێی: پەڕاو، هەڵبەتە ئەگەر ئەو وشانەش بەکاربهێنرێن، ئاساییە، بەڵام ئەو وشانەی خەڵك باشتر لێیان تێدەگات، پێویستە بەکاربهێنرێن لە هەر زمانێکەوە هاتبن، لە عەرەبییەوە دێن، لە فارسییەوە دێن، لە ئینگلیزییەوە دێن و، زمان بە بەکارهێنانی موفرەدات و وشەی زمانەکانی دیکە دەوڵەمەند دەبێ.

(**القَرْضُ: مَا يُدْفَعُ إِلى الإِنْسَانِ مِنَ المَالِ بِشَرْطِ رَدِّ بَدَلِهِ**)، (**قرْض**): بریتییە لەوەی دەدرێ بە مرۆڤ لە ماڵ و سامان، بەمەرجی گێڕانەوەی جێدارەکەی، گێڕانەوەی قەرەبووەکەی، واتە: مەرج نیە خودی ئەو پارەیە، بەڵام بۆ وێنە: کەسێك (١٠٠) دۆلار، یان ملیۆنێك دیناری ئەمڕۆ دەدا بە کەسێك، گرنگ ئەوەیە دوایی سەد دۆلارەکە، یان ملیۆن دینارەکە بداتەوە، مەرج نیە خودی ئەو پارەیە بێ، چونکە ئەو پارەیە سەرف دەکات، بۆیە دەڵێ: (**رَدِّ بَدَلِه**) گێڕانەوەی جێدارەکەی.

(**يُضَٰعِفۡهُ**): (**ضَعَّفْتُهُ وَضَاعَفْتُهُ: ضَمَمْتُ إِلَيْهِ مِثْلَهُ فَصَاعِدًا**)، (**ضَعَّفْتُهُ وَضَاعَفْتُهُ**)، هەردووکیان بە مانای ئەوەن شتێك وێنەی خۆی و زیاتریشی بخرێتە سەر.

(**حَلِيمٌ**): بە کوردیی دەبێتە هێدیی و مەند، (**الحِلْمُ: ضَبْطُ النَّفْسِ وَالطَّبْعِ عَنْ هَيَجَانِ الغَضَبِ، وَجَمْعُه أَحْلَام، وَلَيْسَ الحِلْمُ هو العَقْلُ، لَكِنْ فَسَّرُوهُ بِذَلِكَ لِكَوْنِهِ مِنَ مُسَبَّبَاتِ العَقْلِ**)، (**حِلْم**): بە مانای خۆ کۆنترۆڵکردنە لە هەڵچوونی توورەیی (**حِلْم**) بە (**أَحْلَام**)، کۆ دەکرێتەوەو (**حِلْم**)، بریتی نیە لە عەقڵ، بەڵام بۆیە (**حِلْم**)یان بە عەقڵ لێکداوەتەوە، چونکە لە پەیداکراوەکانی عەقڵە، کەسێك عەقڵێکی باشی هەبێ، ئەو عەقڵەی کۆنترۆڵی دەکات و هێدیی و مەندی دەکات.

هۆی هاتنه خوارەوەی ئایەتەكان

هـۆی هاتنـه خـواری ئـەم ئایەتـە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْ ۚ وَإِن تَعْفُواْ وَتَصْفَحُواْ وَتَغْفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤﴾ ﴾.

لـەو بـارەوە ئـەم گێڕدراوەیـە دێنیـن: {عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ: وَسَـأَلَهُ رَجُـلٌ عَـنْ هَـذِهِ الْآيَةِ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْ ﴿١٤﴾ ﴾، قَـالَ: هَـؤُلَاءِ رِجَـالٌ أَسْـلَمُوا مِـنْ أَهْـلِ مَكَّـةَ، وَأَرَادُوا أَنْ يَأْتُـوا النَّبِـيَّ ﷺ ، فَـأَبَى أَزْوَاجُهُـمْ وَأَوْلَادُهُـمْ أَنْ يَدَعُوهُـمْ، أَنْ يَأْتُـوا رَسُـولَ اللـه ﷺ، فَلَـمَّا أَتَـوْا رَسُـولَ اللـه ﷺ رَأَوْا النَّـاسَ قَـدْ فَقِهُـوا فِي الدِّيـنِ، هَمُّـوا أَنْ يُعَاقِبُوهُـمْ، فَأَنْـزَلَ عَزَّوَجَـلَّ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْ ﴿١٤﴾ ﴾} **(أخرجـه الترمـذي: ٣٣١٧، والطـبري: ٣٤٢٩٠، وصححـه الألبـاني في صحيـح السـنن الترمـذي، ورواه الطـبراني في الكبـير: ١١٧٢٠، وقـال الحاكـم: صحيـح الإسـناد ووافقـه الذهبـي، لكـن قـال مؤلفـا: «الإسـتعاب في بيـان الأسـباب»: ج٣، ص٤٢١، قلنـا: وهـذا إسـناد ضعيـف).**

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ)، پیاوێـك لـە بـارەی ئـەم ئایەتـەوە لێـی پرسـی ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْ ﴿١٤﴾ ﴾ ئەویـش گوتـی: ئـەوە لـە بـارەی پیاوانێکـەوە هاتـە خـوار کـە خەڵکـی مەککـە بـوون و مسـوڵمان بـوون و، ویسـتیان بێنـە خزمـەت پێغەمبـەر ﷺ (کـۆچ بکـەن بـۆ مەدینـە)، بـەڵام هاوسـەرەکانیان و منداڵەکانیـان ئامـادە نەبـوون ڕێیـان بـدەن، بچنـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئنجـا کاتێـك هاتنـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوا ﷺ (واتـە: دوای ماوەیـەك، ئایـا لـە مـاوەی صوڵحـی حودەیبییـەدا هاتـوون؟ یاخـود دوای ئازادکرانـی مەککـە هاتـوون)، بینییـان خەڵـك لـە ئاییـن دا شـارەزا بـوون، (واتـە: ئەوانـەی پێشـتر هاتـوون و

کۆچیان کردوەو، تەماشایان کرد دواکەوتوون لە دینداریيداو لە شارەزا بووندا، لە قورئان لەبەرکردن دا)، ئنجا ویستیان مندالْ و ژنەکانیان سزا بدەن، خواش عزوجل ئەو ئایەتەی نارده خوار، بە تایبەت ئەوەی دەفەرموێ: ﴿وَإِن تَعۡفُواْ وَتَصۡفَحُواْ وَتَغۡفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٤﴾.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوای بەرزو بێ وێنە لەم هەشت ئایەتە موبارەکەدا، هەشت ڕاستیی گەورەو گرنگ دەخاتەڕوو، هەشت بابەتی گرنگ، سەرەتا دەفەرموێ: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِ﴾، هیچ بەڵایەك تووش نابێ، مەگەر بە مۆڵەتی خوا، واتە: (**مَا أَصَابَ أَحَدٌ مِنْ مُصِيبَةٍ**)، هیچ کەس تووشی هیچ بەڵایەك نابێ، مەگەر بە مۆڵەتی خوا، واتە: کە بەڵایەك بەسەر کەسێك دێ و، گرفتاریی و ناڕەحەتییەك بەسەر کەسێك دێ، بابزانێ خوا ئاگادارەو بە ویستی خوا بووەو، بە مۆڵەت و ڕێپێدانی خوای زاناو توانا بووەو، ئەوە نەبووە لە ویستی خواو لە زانیاریی خوا بەدەر بێ، ﴿وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ يَهۡدِ قَلۡبَهُۥ﴾، هەر کەسێکیش بڕوا بە خوا بێنێ، دڵی ڕێنمایی دەکات، واتە: دڵی ڕاستە ڕێ دەکات بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی ڕاست و دروست لە بەرانبەر ئەو بەڵاو مەینەتیی و ناڕەحەتییانەدا کە بەسەری دێن، کە بریتیە لەوەی خۆڕاگر بێ، سپڵەیی و ناشوکریی نەکات و سکاڵای بێجێ نەکات، ﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ﴾، خواش بە هەموو شتێك زانایە، هەم بەو بەڵایەی کە بەسەری هاتوەو، هۆکارەکانی ئەو بەڵایەو هەڵوێستەکەی ویش، چ هەڵوێستێك دەنوێنێ؟ خوا ئاگادارو زانایە بە هەموو شتێك.

﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ﴾، ئێوەش فەرمانبەریی خواو فەرمانبەریی پێغەمبەر بکەن، گوێڕایەڵیی خواو گوێڕایەڵیی پێغەمبەر بکەن، ﴿فَإِن

تَوَلَّيۡتُمۡ ﴾، ئنجا ئەگەر پشتتان هەڵکرد؟ لێرەدا ڕووی دواندن لە مرۆڤەکانە بە گشتیی و، دەشگونجێ ڕوو لە بڕواداران بێ، بە تایبەتی، چونکە ئەوانن کە خوا دەناسن و پێغەمبەر دەناسن و، ئامادەشن فەرمانبەریی و گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەری خوا بکەن و، دەشگونجێ ڕووی لە مرۆڤان بێ بە گشتیی، بە مسوڵمان و نامسوڵمانەوە، ﴿ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴾، ئەگەر پشتتان هەڵکرد، پشتتان کردەوەو پاشتانکردە فەرمانبەریی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ، بە دڵنیایی ڕەوانەکراوی ئێمە، نێردراوی ئێمە، تەنیا گەیاندنی ڕوون و ئاشکرای لەسەرە، یاخود گەیاندنی ڕوونکەرەوەو ئاشکراکەری لەسەرە (مُبِين)، دەگونجێ بە مانای ڕوون و ئاشکرا بێ، دەشگونجێ بە مانای ڕوونکەرەوەو ئاشکراکەر بێ، بەپێی ئەوە کە ئایا لە (أَبَان)ی قاصیرەوە هاتوە وەك: (أَبَان القَمَرُ)، مانگەکە دەرکەوت، یاخود لە (أَبَان)ی تێپەڕکەر (متعدّي) یەوە؟ ئەو کاتە (أَبَان)، بەرکار دەخوازێ، وەك: (أَبَانَ المُدَرِّسُ لدَّرْسَ)، وانەبێژەکە دەرسەکەی ڕوونکردەوە.

﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، ئەمەش ڕاستییەکی دیکەیە خوا ﷻ ڕایدەگەیەنێ: خوا بێجگە لەو هیچ پەرستراوێك نیە، واتە: هیچ پەرستراوێکی شایستەی پەرستران نیە، ئەگەرنا خەڵك زۆر شت دەپەرستێ، زۆر جاری دیکەش گوتوومانە: (ألله)، بە مانای خوا ﷻ دێ، بە ئینگلیزیی (God)، بە فارسیی (خُدا)، بە عەرەبیی (ألله)، بەڵام (إله)، بە مانای پەرستراوە واتە: (مَعْبُود)، بۆیەش: (ألله) لەبەر ئەوەی خاوەن و بەدیهێنەرو پەیداکەرو پەروەردگاری هەموو کەون و کائیناتە، هەر یەکەو (ألله) نە کۆ دەکرێتەوەو نە دەکرێتە دووانیش، بەڵام (إله)، دەکرێتە دووان و دەکرێتە کۆش (إله، إلاهان، إلَهين، آلهة)، بۆیەش هەڵەیە بگوترێ: بێجگە لە خوا هیچ خوایەك نیە، بەڵکو: بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوێك نیە، ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾، با بڕوادارانیش تەنیا پشت بە خوا ببەستن، لێرەدا کە (الجارّو المجرور)، پێشخراون، بۆ کورتهەڵێنانە،

واتـە: بڕوادارانـی پشـت بەسـتوو، با تەنیا پشـت بـە خـوا ببەسـتن و، پشـت بەهیـچ شـتێکی دیکـە نەبەسـتن، ئێمـە پێشـتریش باسـی پشـت بەسـتن بەخوامـان کـردوە، کـە تێکگیرانـی نیـە لەگـەڵ دەسـتگرتن بـە هۆکارەکانـەوەو پەنـا بـردن بـۆ هـۆکارەکان، بەڵکـو دەسـت بـە هۆکارەکانـەوە گرتـن، ئیشـی جەسـتەیە، بـەڵام پشـت بەسـتن بـە خـوا، ئیشـی دڵ و دەروونـە، بـا دەسـتت بـە هۆکارانـەوە بـێ، بـەڵام دڵـت بـە خـواوە پەیوەسـت بـێ، وەك پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە عەرەبـە خێڵەکییەکـەی فەرمـوو: {**إِعْقَلْهَـا وَتَـوَكَّلْ**} (**أخرجـه ابـن حبـان: ٧٣١، والحاكـم: ٦٦١٦، والبيهقـي في شـعب الإيمـان: ١٢١٠**)، حوشترەکەت ببەسـتەوەو پشـتیش بـە خـوا ببەسـتە، یانی: بـە دەسـت حوشـترەکەت ببەسـتەوەو، بـە دڵیـش پشـتت بـە خـوا قاییـم بـێ و، دڵـت بەخـواوە پەیوەسـت بـێ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْ ﴾،

ئەمـەش ڕاسـتییەکی دیکەیـە کـە لـەم هەشـت ئایەتـە موبارەکـەدا هاتـوەو، بابەتێکی یەکجـار گـەورەو گرنـگ و هەسـتیارە، بـە تایبـەت لـە ڕووی ژیانـی خێزانیـی و کۆمەڵایەتییـەوە، خـوا دەفەرمـوێ: ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! بـە دڵنیایـی لـە ژنەکاتـان و ڕۆڵەکانتانـدا دوژمـن بـۆ ئێـوە هەیـە، ئنجـا وریایـان بـن! وشـەی (**عَـدُوًّا**)، بـۆ تـاك و بـۆ دووان و بـۆ کـۆش بـەکاردێ، کـە دەفەرمـوێ: بـە دڵنیایـی لـە هاوسـەرەکانتان و لـە ڕۆڵەکانتانـدا دوژمـن هەیـە بـۆ ئێـوە، واتـە: ژنـی هەندێکتـان و منداڵـی هەندێکتـان بەشـێوەیەك مامەڵـە دەکات، وەك چـۆن دوژمـن مامەڵـەت لەگەڵـدا دەکات، تاکـو زیانـت لـێ بـدات، ئەویـش ئـاوا زیانـت لـێ دەدات، ئنجـا ئەمـە ئەگـەر ڕواڵەتەکـەی ڕەچـاو بکـرێ، ڕاسـتە هەنـدێ ژن هەیـە بـۆ مێـردی خـۆی، وەك دوژمـن وایـەو، هەنـدێ کـوڕو کـچ هـەن، ڕقیـان لـە بـاب و دایکیـان هەڵدەسـتێ، ئـەوەم بینیـوە، هەروەهـا مێردیـش هەیـە، ڕقـی لـە ژنـی هەڵدەسـتێ و ژنیـش هەیـە ڕقـی لـە مێـردی هەڵدەسـتێ و، وەك دوژمـن تەماشـای دەکات، کـە ئـەوەش حاڵەتێکـی زۆر ناتەندروسـتە، چونکـە خـوا ﷻ لـە باسـی ژن و مێـرددا

دەفەرمـوێ: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ ﴿١٨٧﴾﴾البقـرة، واتـە: (ئـەی پیاوینـە!) ژنەکانتـان پۆشـاکن بـۆ ئێـوەو، ئێـوەش پۆشـاکن بـۆ وان، هەروەهـا دەفەرمـوێ: ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ﴿٢١﴾﴾الـروم، لـە نیشـانەکانی (خـوا ﷻ) ئەوەیـە کـە لـە خۆتـان هاوسـەرانێکی بـۆ ڕەخسـاندوون، (لـە شـێوەو سرووشـتی خۆتـان) تاکـو ئۆخـژن و ئارامییتـان بـۆ بـێ بەهـۆی یەکدییـەوەو، لەنێوانتانـدا خۆشەویسـتیی و بەزەیـی دانـاوە.

لـە قۆناغـی سـەرەتاوە خۆشەویسـتیی، دواییـش کـە دەکەونـە تەمەنـەوە، بەزەیی و پـەرۆش بەرامبـەر بـە یەکـدی، ئەمـە حاڵەتـی ئاسـایی و تەندروسـتی نێـوان ژن و مێـردە، بـەڵام ئـەوە کـە بـە چـاوی دوژمـن تەماشـای یەکـدی بکـەن و، لـە یەکـدی بخەفتێـن زیـان بەیەکـدی بگەیەنـن، ئـەوە حاڵەتێکـی زۆر نـا ئاسـایی و ناشـەرعییەو، پێچەوانـەی عەقـڵ و لۆژیکـە، بـەڵام ئـەو حاڵەتـەش هەیەو، ئـەوە مانـا ڕواڵەتییەکەی ئـەم ئایەتەیـە.

ئەگـەر ئـەو دیـوی مانایەکەشـی لێـك بدەینـەوە: وەك لـە هـۆی هاتنەخوارەوەکەیدا باسـمان کـرد لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباسـەوە (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ)، کـە پیاوانێـك لـە مەککـە بڕوایـان هێنابـوو و مسـوڵمان بـوو بـوون، دەیانویسـت کـۆچ بکـەن بـۆ مەدینـە، بـەڵام ژن و منداڵەکانیـان لێیـان نەگـەڕان و هـەر لـە مەککـە مانـەوە، دوایـی دەوڵەتـی ئیسـلامیی لـە مەدینـە گەشـەی کـرد و، مسـوڵمانان ئـەو هەمـوو قورئانەیـان دابەزیەسـەرو ئـەو هەمـوو یاسـایانەی شـەریعەت هاتنـە خـوارو لێیـان شـارەزا بـوون، ئەوانـە دوایـی کـە چوونـە ژێـر سـایەی دەوڵەتـی ئیسـلامیی و دەوڵەتـی ئیسـلامیی، دەسـتی گەیشـتە مەککـە، تەماشـایان کـرد، زۆر دواکەوتـوون، ئنجـا زانییـان کـە ئـەو ژن و منداڵانەیـان کـە کاتـی خـۆی نەیانهێشـتوەو ڕێگریـان بوون کـە کـۆچ بکـەن، چ زیانێکیـان لێـداون! وەك زیـان پێگەیاندنـی دوژمـن بـە دوژمـن.

ئـەوەش مانـا مەعنەوییەکـەی و مانـا پەنهانەکەیەتـی و، ئـەم مانایـەش زیاتـر هـەم لەگـەڵ هـۆی هاتنەخوارەوەکـەی و، هـەم لەگـەڵ سـیاقی ئایەتەکانـدا دەگونجـێ، بۆیـە دەفەرمـوێ: ﴿فَٱحۡذَرُوهُمۡ﴾ لێیـان وریابـن! واتـە: لـە سـەرەتاوە وریابـە ژن و منداڵەکـەت دەسـت و پێـت نەبەسـتێ، لـە بەرامبـەر دینداریـی و مسـوڵمانیەتییدا، ئـاگات لێبـێ بەهـۆی دڵڕاگرتنـی ئەوانـەوەو، بەهـۆی پاراسـتنی بەرژەوەندیـی و سـەلامەتیی ئەوانـەوە، دوانەکـەوی لـە دینداریـی و مسـوڵمانەتیی و کاری چـاك، بـەڵام دواییـش کـە ئـەوان کارێکیـان کـرد، زیانتـان پێبگەیەنـن، وەك چـۆن دوژمـن زیـان لـە دوژمـن دەدا، ئـەو کاتـە لێبـوردن و چاوپۆشـیی بکـەن بـە پیشـە، باشـترە، چونکـە تـازە تێپەڕیـوە، ﴿وَإِن تَعۡفُواْ وَتَصۡفَحُواْ وَتَغۡفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ﴾، خـوا سـێ وشـان بەکاردێنـێ: ئەگـەر (عَفْـو) بنوێنـن و (صَفْـح) بنوێنـن و (غَفْـر) بنوێنـن، ئـەوە بـە دڵنیایـی خـوا لێبـوردەی بەبەزەییـە:

أ- (عَفْوُ)، ئەوەیە خۆت دووربگری لەو گوناهەی بەرامبەرەکەت دژی تۆ کردوویەتی، لەو هەڵەیە، لەو کەم و کوڕییەو سزای نەدەی، بابای خەتابار بەرامبەر بە خۆت، سزا نەدەی.

ب- (صَفح)یش پلەیەکی بەرزترەو لێرەدا خوا ﷻ بەڕیزبەندیی پلە پلەیی و پێگەیی، ڕیزی کردوون، لە (عَفْوُ) باشتر بریتیە لە (صَفْح)، کە بریتیە لە چاوپۆشیی، کە هەر خۆت بەسەرەوە نەبەی بەرانبەر بە ئەو کەسەی ئەو گوناهەو ئەو غەڵەتەی بەرانبەر بە تۆ کردوە.

ج- لەوەش باشتر بریتیە لە (غَفْر)، کە بریتیە لەوەی ئەو هەڵەیەی ئەو کەسە کردوویەتی، نەیهێڵێ و بۆی بسڕیەوە، لە دڵ و مێشکی خۆتدا بیسڕیەوە، (عَفْوُ)، ئەوەیە سزای نەدەی، (صَفْح)، ئەوەیە چاوپۆشیی لێ بکەی و نادیدەی بگری، بەڵام (غفر)، ئەوەیە خراپەکەی لە مێشك و دڵی خۆتدا بسڕیەوەو، بۆی بپۆشی، بۆیە خوا بە پلە پلە هێناونی: پێشێ دەگونجێ مرۆڤ ئەو کەسەی هەڵەیەکی بەرانبەر دەکات، عەفووی بکات و سزای نەدا،

دوایی دەگونجێ چاوپۆشییشی لێ بکات و هەڵەو کەم و کوڕییەکەی، نادیدە بگرێ، نەك هەر سزای نەدا، بەڵکو نادیدەشی بگرێ، ئنجا لە قۆناغی سێیەم و کۆتاییدا دەگونجێ هەر لە مێشك و دڵی خۆشی دا بیسڕێتەوە، وەك ئەو هەڵەیەی هەر نەکردبێ.

ئەگەر ئێوە وابکەن: ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ﴾، بە دڵنیایی خوا لێبوردەی بەبەزەییە واتە: ئەگەر ئێوە بەرانبەر بەندەکانی خوا بەگشتیی و، بە تایبەت ماڵ و خێزانی خۆتان، کە هەڵەو کەم و کوڕییەکیان بووەو خێرێکیان لە دەست داون و، تازە قەرەبووش ناکرێتەوە، لە ئەوەڵەوە لە خۆت وریابای، بەڵام تازە کە لەدەست چووە، باشتر وایە: واز لە سزادان هێنان و، چاوپۆشیی کردن، بەڵکو بۆ پۆشین هەبێ، ئنجا ئەگەر ئێوە وابکەن، بە دڵنیایی خواش لێبوردەی بە بەزەییە، واتە: ئەگەر دەتەوێ خوا بەزەیی بە تۆدا بێ و لێت ببووری، تۆش لێبوردن و بەزەییت هەبێ بەرامبەر بە بەندەکانی خوا، بە تایبەت بازنەی تەسکی ماڵ و خێزان.

﴿إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞ﴾، بە دڵنیایی سامانەکانتان و ڕۆڵەکانتان بۆ ئێوە مایەی تاقیکرانەوەن، مایەی مەینەتیی و بەڵاو گرفتارییـن، دەبێ وریابن، ﴿وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ﴾، خواش پاداشتێکی مەزنی لەلایە، واتە: ئەگەر بە شێوەیەك مامەڵە بکەن لەگەڵ سامانەکانتاندا، کە دەست و پێتان نەبەستێ، ماڵ و سامانتان لە چاکەو فەرمانبەریی بۆ خوا، بەهۆی تەماع و دنیا ویستییەوە، دەست و پێتان نەبەستێ و، ڕۆڵەکانتان تووشی گوناهو تاوان و خراپەتان نەکەن و، دەست و پێتان نەبەستن، ئەوانە بۆ ئێوە تاقیکردنەوەن، دەبێ لێیان وریابن، ئەو کاتەش خوا پاداشتێکی مەزنی لە لایە.

﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ﴾، ئنجا هەتا پێتان دەکرێ پارێز لە خوا بکەن، بەپێی تواناتان پارێز لە خوا بکەن، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ئەمە ئەوەی نەسخ کردۆتەوە کە دەفەرموێ: ﴿ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ ١٠٢﴾ آل عمران، وەك بۆ خوا شایستەیە پارێزی لێبکەن.

بەڵام وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەكاندا باس دەكەین، لە ڕاستییدا هیچ تێكگیرانێك نیە لە نێوان ئەوەدا كە دەفەرموێ: هەتا دەتوانن پارێز لە خوا بكەن و، ئەوی دیكەش دا كە دەفەرموێ: وەك بۆ خوا شایستەیە پارێزی لێ بكەن، چونكە وەك بۆ خوا شایستەیە پارێزی لێ بكەی، ئەوەیە كە بە هەموو تواناو وزەی خۆتەوە، پارێز لە خوا بكەی، ئنجا ئەگەر بە هەموو تواناو وزەی خۆتەوە پارێزت لە خوا كرد، مانای وایە وەك بۆ خوا شایستەیە پارێزت لێكردوە، هەردووكیان دوو دیوی یەك ڕاستیین، دوو تەعبیرن لە یەك ڕاستیی، بەڵام هەندێك لە زانایان زۆر داڵغەیان بەوەوە لێداوە، ئایەتێك بدۆزنەوە بڵێن: فڵان ئایەتەی نەسخ كردۆتەوەو لابردوە، وەك نۆ هەنگیان لە دارێكدا دۆزیبنەوە!! لە حاڵێكدا كە وەك زانایانی لێكۆڵەرەوەو قووڵڕۆچوو گوتوویانەو ئێمەش ئەو ڕایەمان هەڵبژاردوە: هیچ ئایەتێك و هیچ ڕستەیەك لە قوڕئاندا نیە، كە بگوترێ: دەخوێنرێتەوەو كاری پێ ناكرێ، ئەوەش كە بگوترێ: فڵان ئایەتە قوڕئان بووە، پێویستیی بەوە دەكات بە تەواتور ئەوە چەسپابێ، چونكە قوڕئان هەمووی بە تەواتور بە ئێمە گەیشتوە، قوڕئان بوونی ڕستەیەك، وەك پێشتریش گوتوومانە، وەك: (**الشَّيْخُ وَالشَّيْخَةُ إذَا زَنَيَا فَارْجُمُوهُما البَتَّة**)، كە لە تەفسیری سوورەتی (**الأحزاب**) و(**النور**) و (**النساء**) یشدا، باسمانكردوە، كاتێك دەتوانین بڵێین: ئەو دەقە قوڕئان بووە، كە بە تەواتور بە ئێمە گەیشتبێ، بەڵام ئەو دەقانە لە ڕێی ئاحادەوە بە ئێمە گەیشتوون و، وەك زانایان دەڵێن: قوڕئانیش بەسەنەدی ئاحاد ناچەسپێ و نەچەسپاوە، قوڕئان هەمووی بە تەواتور بە ئێمە گەیشتوە، كەواتە: ئنجا مادام لە ڕێی ئاحادەوە ئەو دەقە گەیشتوە، ئەو كاتە قوڕئان بوونی نەسەلمێنراوە، زانایانی پسپۆڕو قووڵڕۆچووش دەڵێن: كاتێك نەسخ ڕوودەدا، كە ئەو دوو ئایەتە تێك بگیرێن، بەڵام ئەگەر دوو ئایەت هەر كامیان تەعبیر بكات لە دیوێكی ئەو ڕاستییە، هیچ پێویست بەوە ناكات بگوترێ: ئەمیان ئەویانی لابردوە.

﴿ وَٱسۡمَعُواْ وَأَطِيعُواْ ﴾، خـوا دەفەرمـوێ: ببیسـتن و فەرمانبەریـی بکـەن (وَأَنفِقُواْ) هەروەهـا خـەرج بکـەن، ﴿ خَيۡرٗا لِّأَنفُسِكُمۡ ﴾، دەگونجـێ (خـيراً) لـە ﴿ وَأَنفِقُواْ خَيۡرٗا ﴾دا، بـە مانـای مـاڵ و سـامان بـێ، وەك: ﴿ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ إِن تَرَكَ خَيۡرًا ٱلۡوَصِيَّةُ ﴿١٨٠﴾ ﴾، (خـير)، بـە مانـای مـاڵ و سـامان دێ، لەوێـدا، لێرەش دەگونجـێ: ﴿ وَأَنفِقُواْ خَيۡرٗا ﴾، واتـە: مـاڵ و سامان ببەخشـن، دەشـگونجێ: ﴿ وَأَنفِقُواْ ﴾، واتـە: ببەخشـن، ﴿ خَيۡرٗا ﴾یـش، بـەرکاری کارو بکـەر (**فعـل و فاعـل**) ێکـی، قرتێنـدراو بـێ، واتـە: (**وأتـوا خَـيْرًا**) و هەرچـی خێـرو چاکەیـە ئەنجامـی بـدەن، ﴿ لِّأَنفُسِكُمۡ ﴾، بـۆ خۆتـان.

﴿ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ ﴾، هـەر کەسـێکیش پارێـزراو بـێ لـە چرووکیـی دەروونی و، دەروونـی پارێزراوبـێ لـەو خەسـڵەتە پیسـە، بەڵکـو لـە جیاتی چرووکیی، سـەخیی و بەخشـندەو دڵکراوەبـێ، ﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴾، ئـا ئەوانـەن سـەرفرازان، ئـا ئەوانـەن بەختـەوەران و بـە ئامانـج گەیشـتووان.

لـە کۆتایـی دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ إِن تُقۡرِضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا ﴾، ئەگـەر ئێـوە قەرزێکـی بـاش بـدەن بـە خـوا، ﴿ يُضَٰعِفۡهُ لَكُمۡ ﴾، (خـوا) بۆتـان چەنـد بەرانبـەر دەکاتـەوە، واتـە: پاداشـتەکەتان بـۆ چەنـد بەرانبـەر دەکاتـەوە، ﴿ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ﴾، لێشـتان دەبـوورێ، هەڵەکانتـان بـۆ دەپۆشـێ، ﴿ وَٱللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ ﴾، خـواش سوپاسـگوزاری هێدیـی و مەنـدە، ﴿ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ﴾، زانـای پەنهـان و ئاشـکرایە، ﴿ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾، زاڵ و کارزانـە، بـاڵا دەسـتی کاربەجێیـە.

ئێمـە لـە تەفسـیری سـوورەتی (**الحدیـد**)دا، کورتـە باسـێکمان لـە بـارەی قـەرزی چـاك (**القـرض الحسـن**)ەوە کـرد، کـە قـەرزی بـاش بـە خـوادان، ئەوەیـە بـە شـێوەیەك ئـەو مـاڵ و سـامانەی خـۆت ببەخشـی، لـە پێنـاوی خـوادا ﷻ، کـە هەموو مەرجەکانـی چـاك مـاڵ بەخشـین لـەو خێـرو چاکـەو مـاڵ بەخشـینەی تـۆدا هەبـن، بـە دڵێکـی پاکـەوە بـێ، بـە ڕوویەکـی خۆشـەوەبێ، بـە زمانێکـی شـیرین بـێ، ئـەو

کەسـەی هاوکاریـی دەکـەی و قـەرزی پـێ دەدەی، هەڵینەپێچـی و ناڕەحەتـی نەکەی و .... هتـد، لـەوێ بـە درێژیـی لـەو بـارەوە باسـمانکردوە.

لێـرەدا جێـی سـەرنجە کـە خـوا ﷻ کۆتایـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە، بـە باسـکردنی کۆمەڵێـك لـە سـیفەتە بـەرزو مەزنەکانـی خـۆی دێنـێ: ﴿وَٱللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ﴾، خـوا سوپاسـگوزاری هێدیـی و مەنـدە، سوپاسـگوزار واتـە: ئەگـەر بەندەکانـی چاکـە بکـەن، خـوا پاداشـتیان دەداتـەوە، ﴿شَكُورٌ﴾، بـە مانـای زۆر سوپاسـگوزار، ڕێژگـەی زێدەڕۆییـە لـە (شَـاكِر)، چونکـە خـوا وشـەی (شَاكِر)یشـی، بـۆ خـۆی بەکارهێنـاوە: ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا ﴿١٤٧﴾﴾النسـاء، واتـە: خـواش سوپاسـگوزاری زانـا بـووە، ئەگـەر بەنـدەکان چاکـە بکـەن، خـوا سوپاسـیان دەکات، ﴿شَكُورٌ﴾، واتـە: زۆر سوپاسـگوزارە، ﴿حَلِيمٌ﴾، زۆر هێدیـی و مەنـدە، چونکـە ﴿حَلِيمٌ﴾، پێچەوانـەی زوو تـووڕە بوویـە: (سريـع الغضـب)، ﴿حَلِيمٌ﴾، واتـە: خـوا زۆر هێدیـی و مەنـدە، ﴿عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ﴾، زانـای پەنهـان و ئاشـکرایە، ﴿ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾، ئەوپـەڕی بـاڵا دەسـتەو ئەوپـەڕی کاربەجێیـە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

هیچ کەس بەبێ مۆڵەت و ویستی خوا، هیچ بەڵایەکی تووش نابێ و، بڕوا بە خوا بوونیش مایەی ڕێنماییکرانی دڵە، بۆ هەڵوێستی ڕاست و دروست لە بەرانبەر بەڵاو گرفتارییەکاندا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾، هیچ بەڵایەك تووش نابێ، مەگەر بە مۆڵەتی خوا، لێرەدا: ﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ ﴾، بەرکارەکەی قرتێنراوە، یانی: (**مَا أَصَابَ أَحَدًا مِنْ مُصِيْبَةٍ**)، هیچ کەس هیچ بەڵایەکی تووش نابێ، مەگەر بە مۆڵەتی خوا ﷻ.

عەلقەمە گوتوویەتی: (**هُوَ الرَّجُلُ تُصِيبُهُ الْمُصِيبَةُ، فَيَعْلَمُ أَنَّهَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ، فَيُسَلِّمُ لِذَلِكَ وَيَرْضَى**)، (**جامع البيان: ٣٤٢٨٦**) گوتوویەتی: ئەوە مەبەست پێی پیاوێکە بەڵایەکی بەسەر دێ، دەزانێ کە لەلایەن خواوەیە، بۆیە ملکەچ دەبێ و ڕازی دەبێ، لەو ڕووەوە کە لەلایەن خوای پەروەردگارەوەیە، ئەگەرنا جاری وایە بەڵایەکە شتێکی خراپەو، بە دڵنیایی خودی بەڵایەکەی پێناخۆشە، بەڵام لەو ڕووەوە کە بەبێ ویست و مۆڵەتی خوا بەسەری نەهاتوە، پێی ڕازییەو ئەوەش دەبێتە هۆی دڵخۆش بوونی.

وشەی (**إِذْن**)، کە دەفەرموێ: ﴿ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾، (**ابن عاشور**) دەڵێ: (**الإِذْنُ: أَصْلُهُ إِجَازَةُ الفِعْلِ لِمَنْ يَفْعَلُهُ، وأُطْلِقَ عَلى إِبَاحَةِ الدُّخُولِ إلى البَيْتِ، وإزالَةِ**

الحِجابِ لِأَنَّـهُ مُشْـتَقٌّ مِـن أَذِنَ لَـهُ إذا سَـمِعَ كَلامَـهُ. وهـو هُنـا مُسْـتَعارٌ لِتَكْويـنِ أَسْبابِ الحَـوادِثِ، فأُطْلِـقَ عَـلى ذَلِـكَ التَّقْديـرِ والتَّكْويـنِ لَفْـظُ الإذْنِ)، واتـە: وشـەی (إِذْن) بریتیـە لـە مۆڵەتـدان بـە کـردنی کارێـك بـۆ کەسـێك کـە دەیـکات، لـە ئەصڵـدا بەکارهێـنراوە بـۆ ڕێپێدانـی چوونـە ماڵێـك و، لابردنـی پـەردە یـان کردنـەوەی دەرگا، چونکـە (إِذْن)، لـە (أَذِن لـە)، هاتـوە (أَذِنَ لَـهُ)، واتـە: قسـەکەی بیسـت و گوێـی بـۆ ڕاگـرت، بـەڵام لێـرەدا خوازراوەتـەوە بـۆ هێنانـەدی هـۆکاری ڕووداوەکان، ئنجـا لێـرە بەکارهێـنراوە بـۆ خـودی ئەندازەگیریـی کـردن و هێنانـە دی ڕووداوەکان، کەواتـە: ﴿ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾، یانـی: مەگـەر بـە ڕێپێدانـی خـوا ﷻ.

٢)- ﴿ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ﴾، هەر کەسێکیش بڕوا بە خوا بێنێ، دڵی ڕێنمایی دەکات، دڵی ڕاستە ڕێ دەکات، (بۆ گرتنەبەری هەڵوێستی ڕاست و دروست)، (الطبري)، لە تەفسیری ئەو ڕستە موبارەکەدا: ﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾، دەڵێ: (لَمْ يُصِبْ أَحَدًا مِنَ الْخَلْقِ مُصِيبَةٌ ﴿ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾ يَقُولُ: إِلَّا بِقَضَاءِ اللَّهِ وَتَقْدِيرِهِ ذَلِكَ عَلَيْهِ)، واتە: هیچ کەسێك لە خەڵك، بەڵایەکی بەسەر نایەت، مەگەر بە مۆڵەتی خوا واتە: مەگەر بە ئەندازەگیریکردنی خواو بڕیاری خوا لەسەری، کە ئەو شتەی بەسەر بێ، لەو بارەوەش (الطبري) لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) ئەم دەقە دێنێ بە ژمارە: (٣٤٢٨٥)، کە دەفەرموێ: (يَهْدِ قَلْبَهُ: يَعْنِي: يَهْدِ قَلْبَهُ لِلْيَقِينِ، فَيَعْلَم أَنَّ مَا أَصَابَهُ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَهُ، وَمَا أَخْطَأَهُ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَهُ)، یانی: (يَهْدِ قَلْبَهُ)، واتە: دڵی بۆ دڵنیایی ڕێنمایی دەکات و، دەزانێ ئەوەی بەسەری هاتوە، نەدەگونجا بەسەری نەیەت و، ئەوەی بەسەری نەهاتوە، نەدەگونجا بەسەری بێ.

هەروەهـا (الطـبري)، لـە تەفسـیری (يَهْـدِ قَلْبَـهُ)دا، دەڵـێ: (يَهْـدِ قَلْبَـهُ: يَقُـولُ: يُوَفِّـقِ اللَّـهُ قَلْبَـهُ بِالتَّسْـلِيمِ لِأَمْـرِهِ وَالرِّضَـا بِقَضَائِـهِ)، واتـە: خـوا دڵـی ڕێنمایـی دەکات: ملکـەچ بـێ بـۆ فەرمانـی خـواو، ڕازیـی بـێ بـە بڕیـاری خـوا ﷻ.

٣)- ﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ﴾، خواش بە هەموو شتێك زانایە، واتە: بە هەموو شتێك زانایەو، ئەو بەڵاو ناخۆشیی و گرفتارییەی بەسەر تۆش هاتوە، ئەی مرۆڤ! ئەوە هەر لە زانیاریی خوای پەروەردگار دایە.

ئنجا لە ڕاستییدا ئەگەر ئینسان ئیمانی باشی هەبێ،بەوە کە دەزانێ ئەو شتە لە زانیاریی خوادا بووە، بە بڕیاری خوایەو، بەبێ مۆڵەتی خوا ئەو شتەی بەسەر نەهاتوە، دەبێتە هۆی دڵخۆشیی و فەڕەحنایی لە دڵیداو دەڵێ: هەر شتێك لەلایەن دۆستەوە بێ هەر خۆشەو، ئەو گرفتارییەش لەو ڕووەوە کە لە لایەن دۆستەوەیە، کە خوای موتەعالەو دۆستی ئیماندارانە: ﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴿٢٥٧﴾﴾، خوا دۆستی ئەوانەیە کە ئیمانیان هێناوە، مایەی خۆڕاگریی و دڵخۆشییە.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردنی خوا بە گوێڕایەڵیی بۆ خۆی و بۆ پێغەمبەرەکەی و، ئاگادارکردنەوەی کە لە حاڵەتی پشتتێکردندا، پێغەمبەری خوا ﷺ تەنیا گەیاندنی ڕوونی پەیامی خوای لەسەرەو، مرۆڤەکان خۆیان بەرپرسیارن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ ۚ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ ﴾، فەرمانبەریی خوا بکەن و، فەرمانبەری پێغەمبەرەکە بکەن، (الشوكاني)، چەمکێکی ئاوا لەم ڕستە موبارەکە وەردەگرێ: (**هَوِّنُوا عَلَى أَنْفُسِكُمُ الْمَصَائِبَ، وَاشْتَغِلُوا بِطَاعَةِ اللَّهِ وَطَاعَةِ رَسُولِهِ**)، بەڵاو گرفتارییەکان کە بەسەرتان دێن لەسەر خۆتانیان ئاسان بکەن و بە قورسیان مەگرن و، سەرگەرمی فەرمانبەریی خواو فەرمانبەریی پێغەمبەرەکەی بن، با چاوت لەسەر ئەو بەڵاو نەخۆشیی و ناخۆشیی و گرفتارییە نەبێ، کە لە جەستە و لە ڕووحتدا و، لە دەوروبەرتدا و، لە ماڵ و خێزانت دا و، لە ماڵ و سامانتدا بەسەرت هاتوە، با چاوت هەر لەسەر ئەوە نەبێ و، دەست و پێت ببەستێ و پەکت بخات، بەڵکو فەرمانبەریی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن ﷺ، ئاگاتان لە تاڵایی ئەو گرفتاریی و ناڕەحەتییانە نەمێنێ.

٢)- ﴿ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ ﴾، ئەگەر پشتتان هەڵکرد، ڕووتان وەرگێڕا، یانی: (**فَإِنْ أَدْبَرْتُمْ عَنْ طَاعَةِ اللَّهِ وَطَاعَةِ رَسُولِهِ مُسْتَكْبِرِينَ عنها**)، ئەگەر پشتتان کردە فەرمانبەریی و گوێڕایەڵیی خواو گوێڕایەڵیی و فەرمانبەریی پێغەمبەرەکەی، خۆتان بە زلگرت لە بەرانبەر خواو پێغەمبەرەکەی دا.

٣)- ﴿ فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴾، بە دڵنیایی پێغەمبەرەکەمان تەنیا گەیاندنی ڕوونی لەسەرە، واتە: خۆتان بەرپرسیاردەبن، یانی: (**فَقَدْ أَعْذَرَ إِلَيْكُمْ بِالْإِبْلَاغِ وَاللَّهُ**

وَلِيُّ الإِنْتِقَامِ مِمَّنْ عَصَاهُ، وَخَالَفَ أَمْرَهُ)، خوا ﷻ بیانووی نەهێشتوون بەوە کە پێی ڕاگەیاندوون و ئاگاداری کردوونەوەو، تۆڵەش لەو کەسە دەستێنێ کە سەرپێچیی لێ دەکات و فەرمانی دەشکێنێ.

ئەم ئایەتە موبارەکانە هەر کامێکیان -- وەك پێشتر باسمان کرد -- ڕاستییەکی مەزن دەگرێتە خۆی و ئەگەر ئینسان ورد سەرنج بدات، وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك هەموویان یەکدیی دەبەستنەوە.

هیچ بەڵایەك بەسەر مرۆڤ نایەت، مەگەر بە مۆڵەتی خوا، هەر کەسێکیش بڕوای بە خوا هەبێ، خوا دڵی ڕۆشن دەکات و ڕێنمایی دەکات بۆ هەڵوێستی ڕاست و دروست، کە بریتیە لە خۆڕاگریی و ملکەچیی بۆ خواو ڕازیی بوون بە بڕیارو ئەندازەگیریی خواو، خێر تێدا دیتنی و، خوێندنەوەی پشتی ئەو بەڵاو نارەحەتییانە.

ئنجا بۆ ئەوەی هەتوانی ئەو برینە بێ، کە بەهۆی ئەو بەڵایەوە لە دڵت بووەو برینی دڵت سارێژ ببێ، فەرمانبەریی خواو فەرمانبەریی پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن، چونکە لە ئەنجامی پابەندیی بە شەریعەتەوەو، فەرمانبەریی بۆ خواو بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ، چاوت هەر لەسەر ئەو گرفتاریی و بەڵاو نارەحەتییانە نابێ و، چاویان لەسەر چڕ داناگری کە بەسەرت هاتوون و تاڵاییەکەیان نامێنێ، بەڵام کەسێك وانەکات و پشت لە خواو لە پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات و فەرمانبەرییان نەکات، با بزانێ کە خۆی بەرپرسیارە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ تەنیا گەیاندنی پەیامی ڕوونی خوای لەسەرە، دوای ئەوەی پەیامی خوای پەروەردگارت پێگەیشت و، شەریعەتی خوای پەروەردگارت پێگەیشت و بۆت ڕوونکرایەوە، ئنجا بەرپرسیاریەتیی لە ئەستۆی خۆتە.

مەسەلەی سێیەم:

ڕاگەیاندنی تەنیا پەرستراوێتیی خواو، پێویستکردنی پشت بە خوا بەستنی بڕواداران:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، خوا، جگە لەو هیچ پەرستراوێك نیە، ئەمە ڕاستییەکەو هەموو قورئان لە بازنەی ئەم ڕاستییەدا دەسووڕێ، ئەمە بناغەی هەموو ڕاستییەکانی دینداریيە، کە جگە لە خوا هیچ کەسی دیکەو، هیچ شتێکی دیکە، شایستەی پەرستران نیە، بە مانای ڕاستەقینەو فراوانی پەرستران، کە بریتیە لە: ١- ئەوپەڕی ملکەچیی، ٢- ئەوپەڕی خۆشویستن، ٣- ئەوپەڕی بەبەرز گرتن، ٤- ئەوپەڕی بە گەورەگرتن و بە مەزن گرتن، ٥- ئەو پەڕی سام و هەیبەت بۆ نواندن، ٦- ئەو پەڕی پشت پێ بەستن، دەبێ ئەوانە تەنیا بۆ خوابن ﷻ.

٢)- ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾، بڕوادارانیش با تەنیا پشت بە خوا ببەستن، نەیفەرمووە: (**فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ عَلَى الله**)، بەڵکو (**الجارّو المجرور**) پێشخراون، کە بەرکار پێش دەخرێ وەك (**إِيَّاكَ نَعْبُدُ**)، کورت هەڵێنان دەگەیەنێ، (**إِيَّاكَ نَعْبُدُ**)، واتە: تەنیا تۆ دەپەرستین، لێرەدا: ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾، با بڕواداران تەنیا پشت بە خوا ببەستن، ئێمە پێشتریش باسی پشت بە خوا بەستنمان کردووەو، ڕوونمان کردۆتەوە کە پشت بە خوا بەستن، لەگەڵ دەست بەهۆکارەوە گرتن دژی یەك نین، بەڵکو تەواوکەری یەکدین، دەبێ دڵت بەخواوە پەیوەست بێ و، دەستیشت بە هۆکارەکانەوە بێ.

مەسەلەی چوارەم:

ئاگاداركردنـەوەی بـڕواداران كـە هەندێـك لـە ژن و منداڵەكانیـان، وەك دوژمـن بـە زەڕن بۆیـان و، دەبـێ لێیـان وریابـن، دواتریـش وازلێهێنـان و چاوپۆشـیی و لێبـوردن، بكەنـە پیشـە لەگەڵیـان، ئنجـا كـە ژن و منـداڵ هـۆكاری تاقیكردنـەوەن، خـواش پاداشـتی مەزنـی لەلایـە، بـۆ كەسـانێك سـەربەرزانە لـەو تاقیكردنەوەیـە دەربچـن، كەواتـە: هەتـا پێیـان دەكـرێ بـا پارێـز لـە خـوا بكـەن و، فەرمانبەریـی و بەخشـین بكـەن، خۆیـان لـە چرووكیـی بپارێـزن:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْۚ وَإِن تَعْفُواْ وَتَصْفَحُواْ وَتَغْفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤﴾ إِنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ فِتْنَةٌۚ وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٥﴾ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ وَٱسْمَعُواْ وَأَطِيعُواْ وَأَنفِقُواْ خَيْرًا لِّأَنفُسِكُمْۗ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٦﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! (بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ).

٢)- ﴿ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ ﴾، بە دڵنیایی لە ژنەكانتان و لە ڕۆڵەكانتاندا دوژمن هەیە بۆ ئێوە، واتە: بەشێك لە هاوسەرانتان و منداڵەكانتان وەك دوژمن وان بۆ ئێوە، دوژمن ئەو كەسەیە كە زیانت پێ دەگەیەنێ و خێرو قازانجت لەدەست دەدا، هەندێك لە ژن و منداڵیش بەو شێوەیە مامەڵە دەكەن لەگەڵ پیاودا، لە هۆی هاتنەخوارەوەكەیدا باسمان كرد، عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، هێناویەتی، كە هەندێك لەوانەی لە خەڵكی مەككە بڕوایان هێنابوو، ویستیان كۆچ بكەن بۆ مەدینە، بەڵام هەبوو ژنەكەی، هەبوو كوڕەكەی، هەبوو كچەكەی ڕێیان

لێگرتن کە کۆچ بکەن، دیارە هەر مسوڵمان و ئیماندار بوون، بەڵام کۆچیان نەکرد، تاکو بچن لە مەدینە لەوێ لە مەنزڵگای ئیسلامدا، پەروەردە بن و، فێری قورئان بن، شارەزا بن و، خێرێکی زۆریان لەدەست چوو، ئنجا خوا ﷻ فەرمووی: هەندێك لە ژن و منداڵەکانت واتە: ئەوانەی ڕێیان گرتوە لە پیاوەکان کە کۆچ بکەن و، پەیوەست بن بە مەنزڵگای ئیسلامەوە، مامەڵەیەکیان کردوە لەگەڵ مێردەکانیاندا، وەك مامەڵەی دوژمن لەگەڵ دوژمن دا، وشەی (عَدُو)ش بۆ تاك و بۆ دووان و بۆ کۆ (**جمع**)ش بەکاردەهێنرێ.

لێرە کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ ﴾، (مِن)، بۆ هەندێك (تَبْعِيض)ە، یانی: هەموو ژنێك بۆ مێردەکەی وانیەو، هەموو منداڵێکیش بۆ باب و دایکی وانیە، واتە: بەشێکیان وان:

أ- یان مەبەست لەوەیە کە مانا ڕواڵەتییەکەیەتی واتە: هەر ڕێك لێتان دەبنە دوژمن و دوژمنایەتییتان دەکەن، وەك هەندێك ژن بۆ مێردەکەی وایەو، هەندێ منداڵ ئەگەر کوڕە، ئەگەر کچە، بۆ باب و دایکی وایە، جاری وا هەیە ژن مێردی خۆی دەکوژێ، یان تووشی زیانی دەکات، یان خیانەتی لێ دەکات، هەروەها منداڵ کوڕ یان کچ، شتێك دەکات کە بە زەرەری دایکی یان بابی یان هەردووکیان تەواو بێ.

ب- یاخود مەبەست پێی وێچواندنێکە، کە وەك چۆن دوژمن کارێك دەکات، تۆ تووشی زیان بی، ئەو ژنەش کارێك دەکات، ئەو مێردە تووشی زیان بێ، نەك دژایەتیی بکات بە ڕواڵەت و، ئەو منداڵە کارێك دەکات کە باب و دایکی، تووشی زیان ببن، بێ ئەوەی ئیعلانی دوژمنایەتیی بکات.

٣)- ﴿ فَٱحْذَرُوهُمْ ﴾، {مادام وان} لێیان وریابن و ئاگاداریان بن، لە دەستیان تووشی زیان نەبن!

٤)- ﴿ وَإِن تَعْفُواْ وَتَصْفَحُواْ وَتَغْفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، ئەگەر ببوورن و چاوپۆشیی بکەن و بپۆشن، بە دڵنیایی خوا لێبوردەی میهرەبانە، لە سەرەتاوە دەبێ

وریا بی، ژن و منداڵت تووشی گوناهو لادان و تاوانت نەکات، ئنجا بە نسبەت ئەو کاتەوە کە گوتراوە: کەسێك بڕوای هێناوە، بەڵام ژنەکەی، یان منداڵەکەی ڕێگری بووە کۆچ بکات بۆ مەدینە، ئەوە ڕابردوە، بەڵام گوتراوە: (**إِنَّ خُصُوصَ السَّبَبِ لاَ يَمْنَعُ شُمُولَ المَعْنَى**)، تایبەت بوونی هۆکار (ی دابەزینی ئایەتێك) ڕێ لە گشتگیربوونی واتایەکەی ناگرێ، ئێستاش پیاوان ئەگەر لە خۆیان وریا نەبن، لەوانەیە هەندێ لە ژنەکانیان زۆریان داوا لێ بکەن: فڵان شتەمان دەوێ و فڵان شتەمان دەوێ و فڵان شتەمان دەوێ، لە ئەنجام دا تووشی ماڵی حەڕام ببن، یان تووشی کاسبیی حەڕام ببن، یان تووشی تەنازولکردن ببن لە عەقیدەو مەبدەئیان لە پێناوی ڕازییکردنی ژن و منداڵیاندا، یان جاری وایە ژن و منداڵەکان، ئەو پیاوە هەڵدەپێچن بۆ شتێك کە ناشەرعییە، یان بە پێچەوانەوە: جاری واش هەیە پیاوەکە ژنەکەی بەرەو ناشەرعیی هەڵدەپێچێ، یان منداڵەکانی ناچار دەکات، بەڵام لێرە حاڵەتی باوتر ڕەچاوکراوە کە بەزۆریی وایە ئافرەت کە عاتیفییەو، منداڵەکان کە جارێ عەقڵیان کامڵ نەبووە، ئەگەر باب وریا نەبێ، تووشی ناشەرعیی و لادان و تاوانی دەکەن، ئنجا پێشێ دەبێ وریا بێ، بەڵام دوای ئەوەی کەم و کوڕییەك بوو لەلایەن وانەوەو، ئەو پیاوە تووشی لادانێك، تاوانێك، هەڵەیەك بوو، نابێ چاوی لە تۆڵەستانەوەو دوژمنایەتیی بێ، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِن تَعۡفُواْ وَتَصۡفَحُواْ وَتَغۡفِرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ﴾، ئەگەر واز لە سزادان بێنن و، چاوپۆشیی بکەن و، لێبوردن بکەن، بە دڵنیایی خواش لێبوردەی بەبەزەییە، چونکە ناکرێ پیاو بڵێ ژنەکە! فڵانە ساڵە بەهۆی تۆوە من ئەو کاسبییەم نەکرد، یان ئەوەم نەکردو ئەوەم کرد، یان بەهۆی فڵان کوڕەوەو فڵان کچەوە، ئەویش بێ دوژمنایەتیی بکات، نا، ژیانی خێزانیی بە چاوپۆشیی و لێبوردن تەندروست دەبێ.

کەواتە: با سەرنجێکی ئەو سێ وشەیە بدەینەوە:

(عَفو): بریتیە لەوە کەسێك کە هەڵەیەکی بەرانبەر کردووی، خۆت دوور بگری لە سزادانی.

(صَفْح): بریتیـە لـەوەی سەرزەنشتیشـی نەکـەی و چاوپۆشـیی لـێ بکـەی، نـەك هـەر سـزای نـەدەی، بەڵکـو لێشـی لـە دڵ نەگـری.

(غَفْـر)، بـوردن و پۆشـین، یـانی: هەڵەکـەی بـۆ بپۆشـی و وەك ئـەو هەڵەیـەی هـەر نەکردبـێ و لـە بیـر خۆتـی بەریـەوە.

ئنجا ئەگەر وابکەن:

٥)- ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ﴾، بە دڵنیایی خواش لێبوردەی بەبەزەییە، واتە: ئەویش بەپێی کردەوەکەی خۆتان، مامەڵەتان لەگەڵدا دەکات، ئەگەر ئێوە چاوپۆشیی و لێبوردن بکەنە پیشە، خواش لێتان دەبووریٚ و چاوپۆشیی و بەزەییتان لەگەڵ دەنوێنێ.

٦)- ﴿إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞۚ﴾، بە دڵنیایی سامانەکانتان و منداڵەکانتان بۆ ئێوە مایەی تاقیکردنەوەن، وشەی (فِتْنَة)، لە قورئاندا بە چەند واتایەك هاتوە، لە ئەصڵدا وشەی (فِتْنَة)، لەوەوە هاتوە: **(فَتَنَ الصَّائِغُ الذَّهَبَ، إِذَا أَدْخَلَهُ فِي النَّار لِتَظْهَرَ جَوْدَتُهُ مِنْ رَدَائَتِهِ)**، واتە: زێڕینگەر زێڕەکەی جەڕباند، یانی: خستیە نێو ئاگرەوەو قاڵیی کردەوە، بۆ ئەوەی زێڕی ساغ لەو کانزایانەی ڕەگەڵی خراون، جیابێتەوە، لە ئەصڵدا لەوەوە هاتوە، دوایی بەکارهێنراوە بۆ تاقیکردنەوەو، بەکاریش دەهێنرێ بۆ بەڵاو مەینەتیی بەسەرهاتن، بۆ ئەوانە هەموویان بەکاردەهێنرێ، هەندێکیش گوتوویانە: **(الْفِتْنَةُ: اضْطِرَابُ النَّفْسِ، وَحِيرَتُهَا مِنْ جَرَّاءِ أَحْوَالٍ لَا تُلَائِمُ مَنْ عَرَضَتْ لَهُ)**، فیتنە بریتیە لە شڵەژانی نەفس و سەراسیمە بوونی، لە ئەنجامی هەندێك شتدا کە بەسەری هاتوون و لەگەڵی دا ناگونجێن، واتە: سامانەکانتان و منداڵەکانتان بۆ ئێوە مایەی تاقیکردنەوەن و گرفتاریی و مەینەتییتان بۆ دێننە پێش.

٧)- ﴿وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ﴾، خواش پاداشتی مەزنی لەلایە، یانی: ئەگەر ئێوە لە تاقیکردنەوەی ماڵ و سامانەکانتان و منداڵەکانتان، دەربچن و، بۆ ماڵ و سامانەکانتان سوور نەبن لەسەر ئەوەی بە حەلاڵ و بە حەرام هەر وەسەریەکیان بنێن و، بۆ منداڵەکانتان سوور نەبن لەسەر ئەوەی هەر داواکارییەکیان کرد، پێیان بدەن، یان لە

پێناوی چاك ژیاندنی ئەواندا، خۆتان گوناهبارو عەیبدار بکەن، ئەگەر ئاوا مامەڵە بکەن و بە تەندروستیی، خوا پاداشتێکی مەزنی لەلایە.

لــە بــارەی ئــەم ئایەتــە موبارەکــەوە، زۆربــەی تەفســیرەکان ئــەم دەقــەی ســوننەتیان هێنــاوە:

{عَنْ عَبْدِ اللَّـهِ بْنِ بُرَيْدَةَ ، قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي بُرَيْدَةَ، يَقُولُ: كَانَ رَسُولُ اللَّـهِ ﷺ يَخْطُبُنَا فَجَاءَ الْحُسَيْنُ وَالْحَسَنُ عَلَيْهِمَا قَمِيصَانِ أَحْمَرَانِ يَمْشِيَانِ، وَيَعْثُرَانِ، فَنَزَلَ رَسُولُ اللَّـهِ ﷺ عَنِ الْمِنْبَرِ فَحَمَلَهُمَا وَوَضَعَهُمَا بَيْنَ يَدَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: صَدَقَ اللَّـهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞ ﴾، نَظَرْتُ إِلَى هَذَيْنِ الصَّبِيَّيْنِ يَمْشِيَانِ وَيَعْثُرَانِ، فَلَمْ أَصْبِرْ حَتَّى قَطَعْتُ حَدِيثِي، وَرَفَعْتُهُمَا ثُمَّ أَخَذَ فِي خُطْبَتِهِ} (أخرجه أبو داود: ١١٠٩، والترمذي: ٣٧٧٤، والنسائي في الكبرى: ١٧٩١، وابن ماجه: ٣٦٠٠، وأحمد: ج٥، ص٣٥٤، وابن حبان: ٦٣٩، والحاكم: ١٠٥٩، وابن خزيمة: ١٤٥٦، وحسنه الألباني في سنن أبي داود).

واتــە: عەبدوڵڵای کــوڕی بورەیدە لــە باییــەوە دەگێڕێتەوە دەڵــێ: پێغەمبەری خــوام بینــی ﷺ وتــاری دەدا، حەســەن و حوســێن هاتن (نــەوەی بــوون، کوڕانی عەلی ئامــۆزای و فاتیمــەی کچــی خــوا لێیــان ڕازی بــێ، پێڕۆچکــەو بچــووك بــوون)، دوو کراســی ســووریان لەبــەردا بــوون، دەڕۆیشــتن و ڕەتەڵیــان دەبــرد و دەکەوتــن، (دیارە لــە کراســەکەیان ئاڵقــاون)، پێغەمبــەری خــوا ﷺ، (وتارەکــەی بــڕی) لــە مینبەرەکــە دابەزیــی و هەردووکیانــی هەڵگرتــن و بردنیــە لای خــۆی و لــە پێــش خــۆی دانیــان، دوایــی فەرمــووی: خــوا ڕاســتی فەرمــووە: ﴿ إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞ ﴾، مــاڵ و ســامانەکانتان و منداڵەکانتــان بــۆ ئێــوە مایــەی تاقیکردنــەوەن، تەماشــای ئــەو دوو منداڵــەم کــرد، دەڕۆیشــتن و هەڵدەنگوتــن، خــۆم ڕانەگــرت تاکــو وتارەکــەم بــڕی و، بــەرزم کردنــەوە بــۆ لای خــۆم، دوایــی دەســتی کــردەوە بــە وتاردانەکــەی.

٨)- ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ ﴾، هەتا دەتوانن پارێز لە خوا بکەن، هەتا بۆتان دەکرێ، واتە: ئەگەر کەم و کوڕییەکیشتان بوو لەو بوارەدا، نا ئومێد مەبن، ئەوەندەی پێتان

دەكرێ، وریابن ماڵ و منداڵتان تووشی گوناهو لادان و تاوانتان نەكات، بەپێی توانا ئەوەندەی بۆتان دەكرێ پارێز لە خوا بكەن، پارێز لە خوا كردنیش ئەوەیە كە تۆ وریا بی قەدەغەكانی خوا نەشكێنی و، ئەركەكانی كە لەسەری داناوی، نەیانچووێنی.

٩)- ﴿وَٱسۡمَعُواْ وَأَطِيعُواْ وَأَنفِقُواْ خَيۡرٗا لِّأَنفُسِكُمۡۗ﴾، گوێ بگرن (ئەوەی خوا فەرمانی پێكردوون، وەری بگرن و تێیبگەن)، فەرمانبەریی بكەن و گوێڕایەڵیی بكەن، (هەم بۆ خوا ﷻ هەم بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ).

١٠)- ﴿وَأَنفِقُواْ خَيۡرٗا لِّأَنفُسِكُمۡۗ﴾:

أ- ماڵ و سامانیش بە قازانجی نەفسی خۆتان ببەخشن، ئەمە واتایەكی.

ب- یاخود: ﴿وَأَنفِقُواْ﴾، ببەخشن خەرج بكەن، ماڵ و سامان، ئنجا (**وَافْعَلُوا خَيْراً لأنْفُسِكم**)، بەڵام (**وَافْعَلُوا**)، نەگوتراوەو قرتێنراوە لەبەر ئەوەی بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، واتە: ماڵ و سامان ببەخشن و چاكە بكەن بۆ خۆتان، هەروەها ئەم ڕستەیە دوو مانای دیكەشی هەن كە دوایی دەیانهێنین.

١١)- ﴿وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ﴾، هەر كەسێكیش لە چرووكیی نەفسی پارێزراو بێ، واتە: چرووكیی و چنگقووچاویی، سیفەتێكی خراپە لە دەروونی مرۆڤدا، هەر كەسێك لەشەڕو خراپەی ئەو سیفەتەی پارێزراو بێ و سەخیی و دڵفراوان بێ.

١٢)- ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ﴾، ئا ئەوانەن سەرفرازان، یانی: سەرفرازی ڕاستەقینەو بە ئامانج گەیشتووی ڕاستەقینە، ئەوانن، لێرەدا كە دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ﴾، واتە: (**مَنْ زَكَّى نَفْسَهُ مِنَ الشُّحِّ وَوُقِيَ شَرَّ الشُّحِّ**)، هەر كەسێك نەفسی خۆی پاككردبێتەوە لە چرووكیی و ڕژدیی و، لە خراپیی ئەو سیفەتە پارێزراو بووبێ، بەس ئەوانەن سەرفراز.

كە دەفەرموێ: ﴿وَأَنفِقُواْ خَيۡرٗا لِّأَنفُسِكُمۡۗ﴾، وێڕای ئەو دوو واتایەی گوتمان: دوو مانای دیكەشی هەن، مانای یەكەم:بەخشینێكی باش بۆ خۆتان ببەخشن: (**وَأَنْفقوا إِنْفَاقاً خَيْراً**).

وشـەی (خَيْر)یـش بـە مانـای مـاڵ و سـامان دێ، چونکـە خـوای پـەروەردگار لـە هەندێـك لـە ئایەتەکانـدا وشـەی (خَـيْر)ی، بـە مانـای مـاڵ و سـامان هێنـاوە، وەك دەفەرمـوێ: ﴿ كُتِبَ عَلَيۡكُمۡ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ إِن تَرَكَ خَيۡرًا ٱلۡوَصِيَّةُ ﴿١٨٠﴾ ﴾ البقـرة، واتـە: وەسییەتان لەسـەر پێویسـت کـراوە، ئەگـەر یەکێـك لـە ئێـوە خەیـری بەجێهێشـت، واتـە: مـاڵ و سـامانی بەجێهێشـت.

دووەم: مانایـەکی دیکـەشی ئەوەیـە کـە وشـەی: ﴿ وَأَنفِقُواْ ﴾، مانـای پێشـبخەن (قَدِّمُـوا)ی، خرابێتـە ئێـو، یانـی: (ضُمِّـنَ وَأَنْفِقُـوا مَعْنَـى قَدِّمُـوا)، واتـە: ببەخشـن و پێشـبخەن بـۆ نەفسـی خۆتـان مـاڵ و سـامانێك کـە دەیبەخشـن، بـۆ خـودی خۆتانـی پێشـبخەن بـە قازانجـی خۆتـان، لـە قیامەت بـە کەڵکتـان دێتـەوە، کەواتە: ﴿ وَأَنفِقُواْ خَيۡرًا لِّأَنفُسِكُمۡ ﴾ سـەرجەم چـوار واتـا هـەن.

لێـرە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ ﴾، ئەوەنـدەی لـە تواناتـان دا هەیـە پارێـز لـە خـوا بکـەن، هەندێـك لـە زانایـان پێیـان وابـووە ئـەم ڕسـتەیە ئـەو ئایەتـەی نەسـخ کردۆتـەوە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ ﴿١٠٢﴾ ﴾ آل عمـران، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! وەك بـۆ خـوا شایسـتەیە پارێـزی لێبکـەن.

گوتوویانـە: چونکـە وەك بـۆ خـوا شایسـتەیە، واتـە ئـەو پـەڕی تەقـوا، بـەڵام لێـرەدا دەفەرمـوێ: ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ ﴾، ئەوەنـدەی لـە تواناتانـدا هەیـە پارێـز لـە خـوا بکـەن، ئەمـە گوایـە ئایەتەکـەی سـوورەتی (آل عمـران)ی، نەسـخ کردۆتەوە!

بـەڵام لـە ڕاسـتییدا ئـەو دوو ئایەتـە تێـك ناگیرێـن، تاکـو بڵێیـن: ئـەوەی دواییـان ئـەوەی پێشـێی نەسـخ کردۆتـەوە، چونکـە ڕسـتەی: ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ ﴾، تێیـدا سـەرنجی چەندێتیـی (كميّـة)ی تەقـوا دراوە، واتـە: بـا تەقوایەکەتـان هەمـوو ئـەو حاڵەتانـەی تەقوایـان تێـدا پێویسـتە، بیانگرێتـەوە، (فَهُوَ أَمْرٌ بِاسْتِيعَابِ جَمِيْعِ المَوَارِدِ الَّتِـي تَسَـعُهُ الإِسـتِطَاعَةَ بَالتَّقْـوَى)، فەرمانـە بـە وەخۆگرتنـی تێکـڕای ئـەو بوارانـەی توانـای پارێزکاریـی دەیانگرێتـەوە.

بـەڵام ڕسـتەی: ﴿ اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ ﴿١٠٢﴾ ﴾، تێیـدا سـەرنجی چۆنیەتیـی (**کیفیـة**) دراوە، واتـە: بـەو چۆنیەتییـە پارێـز لـە خـوا بکـەن کـە بـۆ خـوا شایسـتەیە لـە ڕووی چۆنیەتییـەوە، ئـەوەی دیکـەش لـە ڕووی چەندێتییەوەیـە، کەواتـە: هیـچ تێکگیرانێك نیـە، یانـی: ئەگـەر بگوتـرێ: وەك بـۆ خـوا شایسـتەیە پارێـزی لـێ بکـەن، هەروەهـا ئەگـەر بگوتـرێ: هەتـا دەتوانـن پارێـز لـە خـوا بکـەن، هـەر یـەك واتایـان هەیـە، چونکـە هەتـا دەتوانـن، بریتیـە لـەوەی وەك بـۆ خـوا شایسـتەیە، چـۆن بـۆ خـوا شایسـتەیە پارێـزی لـێ بکەیـن؟ ئەوەیـە کـە هەتـا دەتوانیـن، ئنجـا: ﴿ فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ ﴾، مانایەکـەی بریتـی نیـە لـە: (ئەوەنـدەی توانیتـان)، بەڵکـو یـانی: هەتـا پێتـان دەکـرێ و دەتوانـن، ڕسـتەکەی دیکـەش: ﴿ اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ ﴾، یـانی: وەك بـۆ خـوا شایسـتەیە، ئنجـا ئـەو تەقوایـەی بـۆ خـوا شایسـتەیە، ئەوەیـە کـە هەمـوو توانـای خۆتـی تێـدا بەکاربێنـی، لـەو پارێزکـردن و لـە خـۆ وریابوونـەدا.

بۆیـە (**الطبري**)یـش، هـەر دەڵـێ: نەسـخ لێـرەدا هیـچ واتایەکـی نیـە، چونکـە (**لاَ يُوَجَـدُ تَكْلِيْـفُ مَـا لاَ يُطَـاق**)، چونکـە هەندێکیـان گوتوویانـە: کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ ﴾، ئـەوە لـە توانـای مرۆڤـدا نیـە! بـەڵام ئەگـەر لـە توانـای مرۆڤـدا نەبوایـە، خـوا پێویسـتی نەدەکـرد، چونکـە خـوا فەرموویەتـی: ﴿ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا ﴿٢٨٦﴾ ﴾**البقـرة**، خـوا لەسـەر هیـچ کەسـێك پێویسـت نـاکات، مەگـەر ئـەوەی لـە توانایـدا هەیـە، ئنجـا ئەگـەر لـە توانـادا نەبوایـە، نەدەگونجـا خـوا بفەرمـوێ: ﴿ اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ ﴾، وەك بـۆ خـوا شایسـتەیە پارێـزی لـێ بکەن.

(**الطـبري**)، دەڵـێ: {**(إِذَاً افَاتَّقُـوُا اللـه حَـقَّ تُقَاتِـهِ) لَا يُضَـادُّ (فَاتَّقُـوا اللـه مَا(اسْـتَطَعْتُم)) بَـلِ القَـدْرُ المُسْـتَطَاع مِـنَ التَّقْـوَى هُـوَ المَأْمُور بِـه، وَهُـوَ حَـقُّ التَّقْـوَى لله**}، واتـە: (**فَاتَّقُـوُا اللـه حَـقَّ تُقَاتِـهِ**) دژی (**فَاتَّقُـوا اللـه مَا(اسْـتَطَعْتُم)**)، نیـە، بەڵکـو ئـەو ئەندازەیـەی لـە پارێزکاریـی لـە توانـادا هەیـە، هـەر ئـەو ئەندازەیـە فەرمانـی پێکـراوەو، ئـەو ئەندازەیـەش بریتیـە لـە تەقـوای شایسـتە بـۆ خـوا ﷻ.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

فەرمانکردن بە بڕواداران کە لە ڕێی خوادا ببەخشن و قەرزی باش بە خوا بدەن، تاکو خواش پاداشتی چەند قاتیان بداتەوەو لێیان ببوورێ و، وەسفکردنی خوا بە پێنج سیفەتی بەرزو بێ وێنەی:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ إِن تُقْرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَٰعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ ﴿١٧﴾ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ إِن تُقْرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَٰعِفْهُ لَكُمْ ﴾، ئەگەر قەرزی چاك بە خوا بدەن، (خوا) بۆتان چەند بەرانبەر دەكاتەوە، واتە: پاداشتەكەتان بۆ چەند قات دەداتەوە، ﴿ يُضَٰعِفْهُ لَكُمْ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (**يُضَعِّفْهُ لَكُم**)، هەردووكیشیان یەك واتایان هەیە، واتە: بۆتان چەند بەرانبەر دەكاتەوە، بۆتان قەرەبوو دەكاتەوە، بە چەند بەرانبەر، پاداشتەكەیتان دەداتەوە.

٢)- ﴿ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ﴾، لێشتان دەبوورێ.

كە دەفەرمووێ: ﴿ إِن تُقْرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا ﴾، ئێمە لە سوورەتی (**الحديد**)دا، كورتە باسێكمان لە بارەی (**القَرْضُ الحَسَن**)ەوە كرد، وشەی (**قَرْض**)، لە زماندا بە مانای (**قَطْع**)ە، (**قَرَضَهُ أي قَطعه**)بڕی (**مِقْرَاض**)، بە مقەست و بە نینۆكبڕیش دەگوترێ، بەڵام لە زاراوی شەرع دا (**قَرْض**): بریتیە لە بڕینی ئەندازەیەك لە ماڵ و سامان و، بەخشینی بە كەسێك كە لێی بەهرەمەند بێ و دوایی بیگێڕێتەوە، یاخود ئەندازەكەی بگێڕێتەوە، بەڵام (**القَرْضُ الحَسَن**)، وەك لەو كورتە باسەدا بە تەفصیل باسمان كرد، ئەوەیە كە:

١- ئەو قەرزەی دەدرێ بە كەسێك، لە ماڵ و سامانێكی حەڵاڵ بێ.

٢- ئەو قەرز پێدانە، تەنیا لەبەر خوا ﷻ و بۆ وەدەست هێنانی ڕەزامەندیی خوا بێ.

٣- ئەو قەرز پێدانە، بە ڕەوشتێکی جوانەوەو بەڕووی خۆش و بە زمانێکی شیرینەوە بێ، نەك بە کۆمەڵێك منەت و بە مۆن و مرچیی و کەسەکە پەشێمان بێتەوە لەداوای قەرزکردنەکە.

٤- بابای قەرزدەر بابای قەرز پێدراو سەغڵەت نەکات، هەموو ڕۆژێ داوای بکات.

٥- بابای قەرزدەر ئەگەر زانیشی قەرزدارەکە بۆی نادرێتەوە، لەسەری سووك بکات یان چاوپۆشیی لێ بکات، مادام لە توانای دا هەبێ، وەك خوا ﷻ لە سووڕەتی (البقرة) دا، فەرموویەتی: ﴿ وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُوا خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٨٠﴾ ﴾.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ إِن تُقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا ﴾، بەڕاستیی ئەمە تەعبیرێکە ئەو پەڕی لوتف و میهرەبانیی خوای بە بەزەیی تێدایە، چونکە: ماڵ و سامانەکە هی خوایەو تۆ خۆشت هی خوای، کەچی خوا دەفەرموێ: قەرزم بدەیە، هەڵبەتە نایدەی بە خوای پەروەردگارو دەیدەی بە بەندەکانی خوا، بەڵام خوا دەفەرموێ: ئەوەی داوتە بە مرۆڤەکان، بە بەندەکانی خوا، وەك دراپێت بە من، وایەو، دوایی من پاداشتت دەدەمەوە، بابای قەرزداریش قەرزەکەت دەداتەوە، بەڵام منیش چەند بەرانبەر پاداشتت دەدەمەوە!

٣)- ﴿ وَاللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ ﴾، خواش سوپاسگوزاری هێدیی و مەندە. (**شَكُورٌ**): (**الشَّكُورُ: فَعُول بِمَعْنَى فَاعِلٍ لِلْمُبَالَغَةِ، والمقصود به الجَزَاءُ بِالْخَيْرِ عَلَى فِعْلِ الصَّالِحَاتِ**)، (**شَكُورٌ**): لەسەر کێشی (**فَعُول**)ە، بە مانای (**شَاكِر**)ە، بەڵام بۆ زێدەڕۆیی، واتە: خوا زۆر سوپاسگوزارەو مەبەست پێی پاداشتدانەوەی خوایە بە چاکە، لە بەرانبەر چاکەکاندا واتە: خوا ﷻ سوپاسگوزارە بۆ بەندەکانی، ئەگەر چاکە بکەن، خوا چاکەکەیان دەبینێ و سوپاسیان دەکات پێی خۆشەو دەستخۆشیيان لێ دەکات و پاداشتیان دەداتەوە، (**حَلِيمٌ**)، یانی: هێدیی و مەندە، چونکە خوا ﷻ دەزانێ کە لە بواری ماڵ و سامان و

قەرز بە یەکدی دان و قەرز وەرگرتنەوەو ئەوانەدا، جار جار کێشەو مشت و مڕ پەیدا دەبێ، یان هەندێك کەس کە قەرز پێدەدرێ، قەرز کوێرە، یان هەندێ کەسیش هەر فێڵبازو ساختە چییە، دێ قەرز دەکات، بەڵام دوایی قەرزەکە ناداتەوە، من چەند جار ئەوەم بۆ هاتۆتە پێشێ، کابرا پێشێ دێ، زۆر دەکڕووزێتەوەو زۆریش جەخت دەکاتەوە کە لە فلان کاتەدا قەرزەکە دەداتەوە، دوایی چەند ساڵی بەسەردا تێدەپەڕن، هەر نایبینیەوە، یاخود ئەگەر بینیشتەوە، ڕەنگە هەر نکووڵییش بکات و بڵێ: لەبیرم نەماوە!! بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ شَكُورٌ﴾، یانی: ئەگەر ئەو کەسەی تۆ قەرزەکەت پێداوە، سوپاسیشت نەکات و، قەرزەکەشت نەداتەوەو قەرز کوێر بێ، یاخود دوایی نکووڵییشی لێ بکات، خوا سوپاسگوزارەو پاداشتتان دەداتەوە، (**حَلِيْمٌ**)، هەروەها هێدیی و مەندە، (**حَلِيْمٌ**)، پێچەوانەی زوو تووڕەبوویە، یانی: خوا زوو تووڕە نابێ و هێدیی و مەندە، ئێوەش وابن لەگەڵ ئەو کەسانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، لە بواری قەرز پێدان و قەرز لێکردن دا.

٤)- ﴿عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ﴾، (خوا) زانای پەنهان و ئاشکرایە، (**غَيْب**)، چاوگە، بەڵام بە مانای بکەر (**فَاعِل**)ە، واتە: (**عَالِم الغَائِب**)، زانای ئەوەیە کە پەنهانە، (**شَهَادَة**)، واتە: ئەو شتەی بینراوەو مەشهوودە، (**شَهَادَة**)ش، دیسان چاوگە، یانی: بینین، (**شَهِدَ، يَشْهَدُ، شَهَادَةً، فَهُوَ مَشْهُود**)، (**مشهود**)، واتە: بینراو.

٥)- ﴿ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾، (خوا) باڵادەستی کارزانە، خوا خاوەنی ئەو پەڕی باڵادەستیی و زاڵییەو، خاوەنی ئەو پەڕی کارزانیی و کارامەییە، کەواتە: خوا ﷻ ئاگاداری پەنهانەو ئاگاداری ئاشکراشەو، ئەو پەڕی باڵادەستیشی هەیەو، ئەو پەڕی حیکمەت و لێزانییشی هەیە.

خاوەنی (**أضواء البيان**)، (**الشنقيطي**)، لە تەفسیرەکەیدا[1] دەڵێ: (**شُكْرُ اللَّهِ لِعَبْدِهِ، هُوَ مُجَازَاتُهُ لَهُ بِالْأَجْرِ الْجَزِيلِ عَلَى الْعَمَلِ الْقَلِيلِ**)، سوپاسکردنی خوا بۆ

---

(١) ج٨، ص٢٠٦.

بەندەکەی بریتیە لە پاداشتدانەوەی بە پاداشتێکی مەزن، لەسەر کردەوەیەکی کەم، کەواتە: خوا ﷻ لە کۆتایی ئەم سوورەتە موبارەکەدا، پێنج سیفەتی بەرزو مەزنی لە خۆی هەڵدان:

١- (شَكُورٌ).

٢- (حَلِيمٌ).

٣- (عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ).

٤- (ٱلْعَزِيزُ).

٥- (ٱلْحَكِيمُ).

ئنجا ئەم پێنج سیفەتانەو هەموو سیفەتەکانی دیکەی خوای بەرزو مەزن کە باسیان دەکات لە کۆتایی ئایەتەکاندا، هەمووی ئاماژەیە بە ئێمە کە چاو لە سیفەتەکانی خوا بکەین ﷻ و، ئێمەش هەوڵبدەین ئەو سیفەتە بەرزو بێ وێنانەی خوای پەروەردگار کە لەگەڵ مرۆڤان دا دەگونجێن، ئەو سیفەتانە لە خۆماندا بێنینە دی و، خۆمانیان پێ برازێنینەوە، وەك لە سوورەتی (**النور**)دا، خوا ﷻ لە بەسەرهاتی (**أبو بكر الصديق**)، و (**مِسطح بن أثاثة**)دا، کە کورە پووری یان کورە خاڵی بوو و، هاوکاریی دەکرد، بەڵام (**مِسطح بن أثاثة**)، یەکێك بوو لەو چەند کەسەی بوختانیان بە دایکمان عائیشە کرد (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەبوو بەکریش سوێندی خواردو گوتی: هاوکاریی ناکەم، دوایی خوا[1]، ئەو ئایەتەی ناردە خوار کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَأْتَلِ أُوْلُواْ ٱلْفَضْلِ مِنكُمْ وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤْتُوٓاْ أُوْلِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ وَلْيَعْفُواْ وَلْيَصْفَحُوٓاْ ۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢﴾ ﴾النور، واتە: با ئەوانەتان کە خاوەن چاکەو بەخشش، سوێند نەخۆن هاوکاریی خزمان و نەداران و کۆچکەران نەکەن، با چاوپۆشیی

---

(١) الإستيعاب في بيان الأسباب، ج٢، ص٥٧٢، رواه البخاري: ٤٧٥٧، ومسلم: ٢٥٣٢.

بکەن و لێبوردن بکەن، ئایا حەز ناکەن خوا لێتان ببوورێ و، خواش لێبوردەی بەبەزەییە؟!

واتە: وەك چۆن حەز دەكەن خوا لێتان ببوورێ، ئێوەش ببوورن و، وەك چۆن حەز دەكەن خوا بەزەیی لەگەڵتان بنوێنێ، ئێوەش بەبەزەیی بن و، چاوپۆشیی بکەن.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتییمان بدات خۆمان برازێنینەوە بە هەموو ئەو سیفەتە بەرزو جوانانەی، خوا ﷻ پێی خۆشن، وەك دەفەرموێ:

١- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٤﴾﴾ التوبة.

٢- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ ﴿١٥٩﴾﴾ آل عمران.

٣- ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٤٦﴾﴾ آل عمران.

٤- ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣٤﴾﴾ آل عمران.

٥- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾ البقرة.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئەو سیفەتانەی خۆشویستراونی، یارمەتییمان بدات خۆمان بەو سیفەتە بەرزانە برازێنینەوە، بۆ ئەوەی ئێمەش ببینە خۆشەویستی خوا.

لێرەشدا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی **(التغابن)** دێنین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سووڕەتی

الطَّلَاقِ

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمڕۆ کە (١٨)ی ڕەمەزانی ساڵی (١٤٤١)ی کۆچییە، بەرانبەر (٢٠٢٠/٥/١١)ی زایینی، لە شاری هەولێر، بە پشتیوانی خوای بەخشەری میهرەبان، دەست دەکەین بە تەفسیری سوورەتی (**الطَّلَاق**)، سەرەتا پێناسەو نێوەڕۆکی سوورەتی (**الطَّلَاق**)، لە حەوت بڕگەدا دەخەینەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (الطَّلَاق)و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە هەر بە ناوی (**سُورَةُ الطَّلَاق**)، ناسراوەو، لەوبارەوە ئەم دەقە وەك نموونە دێنین:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ، قَالَ: نَزَلَتْ سُورَة الطَّلَاق بِالْمَدِينَةِ} (ذَكَرَهُ السيوطي فِي الدر المنثور: ج٨، ص١٨٨، وَنَسَبَهُ إِلى ابْن الضريس والنحاس وَابْن مرْدَوَيْه وَالْبَيْهَقِيّ).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ دەڵێ: (**سُورَةُ الطَّلَاق**) لە مەدینە هاتۆتە خوار.

مەبەستمان ناوەکەیە، کەواتە: (**سُورَةُ الطَّلَاق**)، ناوی ئەم سوورەتە موبارەکەیە.

بەڵام وێڕای ئەو ناوە (**السیوطي**)، لە کتێبە ناودارەکەی خۆی (**الإتقان في علوم القرآن**)دا، گوتوویەتی: (**سَمَّاهَا عَبْد الله بنِ مَسْعُودٍ سُورَةُ النِّسَاءِ الْقُصْرَى**)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ناوی لە سوورەتی تەڵاق ناوە: سوورەتە

کورتەکـەی (النِّسَـاء)، واتـە: سـوورەتی (النِّسَـاءِ)ی درێژتـر هەیـە، کـە چوارەمیـن سـوورەتە لـە ڕیزبەندیـی موصحەفـدا: (**الفاتحـة، البقـرة، آل عمران، النسـاء**)، و (**سُـورَةُ النِّسَـاءِ**) جوزئـو نیوێـك زیاتـرەو (**سُـورَةُ النِّسَـاءِ الطُّولى**)یـە، واتـە: سـوورەتی (**النِّسَـاءِ**)ی درێژتـر، ئەمەشـیان (**سُـورَةُ النِّسَـاءِ القُـصْرَى**)، سـوورەتی (**النِّسَـاءِ**)ی کورتـترە، (**السـیوطي**)یش لـەو فەرموودەیـە وەریگرتـوە، کـە بوخاریـی و جگـە لەویـش هێناویانـەو، ئێمـە لـە بڕگـەی دووەمـدا دەیهێنیـن، بـەڵام بێگومـان ئیبنـو مەسـعوود بۆیـە ئـەو نـاوەی بـۆ بەکارهێنـاوە، تاکـو لـە سـوورەتی (**النِّسَـاءِ**)ی جیـا بکاتـەوە، ئەگەرنـا نـاوە ناودارەکـەی ئـەم سـوورەتە، هـەر بریتیـە لـە سـوورەتی (**الطَّـلَاق**).

دووەم: شوێنی دابەزینی:

زانایـان لەسـەر مەدینەیـی بوونـی ئـەم سـوورەتە یەکدەنگـن و گوتوویانـە: لـە مەدینـە دابەزیـوە، لـەو بـارەوەش وێـڕای ئـەو دەقـەی پێشـوو، ئـەم دەقـەش هەیـە:

{**عَـنْ مَالِـكِ بْـنِ عَامِـرٍ قَـالَ: كُنَّـا عِنْـدَ عَبْـدِ اللَّـهِ بْـنِ مَسْـعُودٍ ﷺ، فَذُكِـرَ عِنْـدَهُ أَنَّ الْحَامِـلَ الْمُتَوَفَّى عَنْهَـا تَعْتَـدُّ أَقْصَى الْأَجَلَيْنِ، فَقَـالَ: أَتَجْعَلُـونَ عَلَيْهَـا التَّغْلِيـظَ، وَلَا تَجْعَلُـونَ عَلَيْهَـا الرُّخْصَـةَ، لَنَزَلَـتْ سُـورَةُ النِّسَـاءِ الْقُـصْرَى بَعْـدَ الطُّـولَى: ﴿وَأُوْلَٰتُ ٱلْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾**} (**أخرجـه البخـاري: ٤٥٣٢، ٤٩١٠**).

واتـە: مالیکـی کـوڕی عامیـر، دەڵـێ: ئێمـە لـە لای عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوود بوویـن (ﷺ)، لـە لای وی باسـکرا کـە ئافرەتـی تۆڵـدار (ئافرەتـی دووگیـان)، کـە مێردەکـەی مـردووە، پێویسـتە دوورترینـی دوو مـاوەکان، بچێتـە عیـددەوە، (عیددە: بریتیـە لـەو ماوەیـەی ئافـرەت چـاوەڕێ دەکات، دوای ئـەوەی مێـردی مـردووە، یاخـود لـە مێردەکـەی جیابۆتـەوە چـاوەڕێ دەکات، تاکـو ئـەو کاتـە تێدەپـەڕێ، ئـەو جـار بـۆی هەیـە دووبـارە شـوو بکاتـەوە، ئنجـا بـۆی باسـکرا کـە لـە دوو مـاوەکان کامەیـان درێژتـر بـێ، ئەویـان دەبێتـە عیـددەی)، عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوودیش

گوتـی: ئایا لەسـەری قـورس دەکـەن، لـە جیاتـی ئـەوەی مۆڵەتـی لەسـەر دابنێـن؟ سـوورەتی نیسـائی کورتـتر، لـە دوای سـوورەتی نیسـائی درێژتـر دابەزیـوە.

واتـە: ئـەوە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَأُوْلَٰتُ ٱلۡأَحۡمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّ ﴾، کـە لـە سـوورەتی (**الطلاق**)دایـە، دواتـر دابەزیـوە.

عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوود (**سـورة الطـلاق**)ی ناونـاوە (**سُـورَةُ النِّسَـاءِ الْقُـصْرَى**)، سـوورەتە کورتەکـەی نیسـاء، کـە لـە دوای (**سُـورَةُ النِّسَـاءِ**)، دابەزیـوە، کەواتـە: ئـەوەی لـەم سـوورەتەدا، هاتـوە، دوا حوکمـەو ئـەوە کاری پێدەکـرێ، هەڵبەتـە خـوای بـەرز باسـی عیـددەی ئافرەتـی مێـرد مـردووی کـردوە، لـە سـوورەتی (**البقـرة**)دا، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوۡنَ مِنكُمۡ وَيَذَرُونَ أَزۡوَٰجٗا يَتَرَبَّصۡنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرۡبَعَةَ أَشۡهُرٖ وَعَشۡرٗاۖ فَإِذَا بَلَغۡنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ فِيمَا فَعَلۡنَ فِيٓ أَنفُسِهِنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ﴿٢٣٤﴾ ﴾البقـرة، واتـە: ئەوانەتـان کـە دەمـرن و ژنـان بەجێدێڵـن لـە دوای خۆیـان، چـوار مانـگ و دە شـەوان چاوەڕێـی خۆیـان دەکـەن...

واتـە: چـوار مانـگ و دە شـەو، دەبـێ بچنـە عیـددەوە، تاکـو دەرکـەوێ: ئایـا ئـەو ئافرەتـە لـە نوتفـەی ئـەو پیـاوەی لـە منداڵدانـدا هەیـە یـان نـا؟ ئـەوەش بـە چـوار مانـگ و دە شـەوان دەردەکـەوێ، بۆیـە دەبـێ ئـەو ماوەیـە چـاوەڕێ بـکات، لەوێـدا خـوا باسـی عیـددەی (**متـوفى عنهـا زوجهـا**)، (ئـەو ژنـەی مێـردی مـردووە)ی کـردوەو چـوار مانـگ و دە شـەوی دانـاوە، بـەڵام بـە نسـبەت ئافرەتـی تۆڵـدارەوە، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَأُوْلَٰتُ ٱلۡأَحۡمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّ ﴾، خـاوەن تۆڵـەکان (کۆرپـەکان) کاتـی کۆتاییـان بـۆ عیـددە بریتیـە لـە دانانـی تۆڵەکەیـان، دانانـی کۆرپەکەیـان، بـەڵام لـە مەجلیسـی عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوددا گوتوویانـە: نـەء، تەماشـا بکـەن: ئایـا مـاوەی دانانـی تۆڵەکـە زیاتـرە لـە چـوار مانـگ و دە شـەوەکە، یـان نـا؟ ئنجـا کامیـان زیاتـر بـوو، دەبێتـە مـاوەی عیددەکـەی، بـۆ وێنـە: ئـەو ئافرەتـە دوێنـێ مێـردی مـردوەو دوای چەنـد ڕۆژی دیکـە حەملەکـەی دادەنـێ،

بەپێی ئەم ئایەتە بێ، بۆی هەیە شوو بکاتەوە، بەڵام بە پێی ئەو قسەیەی لە کوڕی (إبن مسعود)دا کراوە، دەبێ ماوە درێژترەکە کە چوار مانگ و دە شەوەکەیە، عیددەی بێ، ئنجا عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود نکووڵیی لەوە کردووەو گوتوویەتی: نەخێر، ئەویان بۆ ئافرەتانە[1] بە گشتیی، بەڵام ئەمە[2] بۆ ئافرەتانی تۆڵدارە بە تایبەت، کە دوایی لەو بارەوە قسە دەکەین، مەبەستمان ئەوە بوو کە ئەم سوورەتە لە مەدینە دابەزیوە.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

لە لای زۆربەی ژمێرەران، ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە دوازدە (١٢) یەو، خەڵکی بەصراش بە یازدە (١١)یان داناوە.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

ڕیزبەندیی ئەم سوورەتە لە موصحەفدا: ژمارە (٦٥)ە، لە سوورەتی (الفاتحة)وە، کە دێین لە (٦٥)مین دا، نۆرە دەگاتە سەر ئەم سوورەتە، بەڵام لە ڕیزبەندیی دابەزیندا، بەپێی ڕای جابیری کوڕی زەید، ئەم سوورەتە (٩٦) مین، سوورەتە پێش سوورەتی (البيّنة)و، لە دوای سوورەتی (الإنسان) دابەزیوە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

تەوەری بنەڕەتیی ئەم سوورەتە باسی تەڵاقە، وەك تەواوکردنی ئەو حوکمانەی دیکەی تەڵاق کە لە سوورەتی (البقرة)دا، هاتوون، ئەم نۆ حوکمەش لە بارەی تەڵاقەوە، لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوون، هەڵبەتە ئەگەر وردتر سەرنج بدرێ، دەگونجێ زیاتریش بکرێن، بەڵام ئەمانە سەرەکییەکانیان:

---

(١) واتە: ئایەتی (٢٣٤)ی (البقرة).

(٢) واتە: ئایەتی (٤)ی (الطلاق).

١- تەڵاقدانی ژنان بەر لە دەستپێکردنی عیددەیان، واتە: ئەگەر کەسێك بیەوێ، ژنەکەی تەڵاق بدات، دەبێ بەر لەوەی بچێتەوە عیددەوە، ژنەکەی تەڵاق بدات، لە پاکییەك دا کە نەچووبێتە لای، وەك دوایی باسی دەکەین.

٢- وەدەرنەنانی ئافرەتێك کە تەڵاق دەدەرێ لە ماڵەکەی، مەگەر خراپەیەکی ئاشکرای لێ دەربکەوێ، کە مەبەست پێی زمانەوەریی و، ئازاردانی مێردو کەس و کاریەتی، بە قسەو ناڕەحەتکردن و بێزارکردن.

٣- لە کاتی گەیشتنیان بە کۆتایی عیددەکەیان داو، بەر لە تەواو بوونی، یان بە شێوەی پەسند، ئەو مێردانە ئەو ژنانە بگرنە خۆیان، یان بە شێوەیەکی پەسند دەستبەرداریان ببن و، لە هەردوو حاڵانیشدا دوو شایەدان بگرن، چ بۆ جیابوونەوەیان، چ بۆ گێڕانەوەیان.

٤- ئافرەتانی لە حەیز چووەوە، هەروەها ئافرەتانی نەکەوتووەوە حەیز، واتە: ئافرەتانێك کە کەوتوونە تەمەنەوەو لە حەیز چوونەوە، هەروەها ئافرەتانێك کە لەبەر کەم تەمەنیی جارێ نەکەوتوونە حەیزەوە، عیددەکەیان بریتیە لە سێ مانگ، هەر کاتێك هاوسەریان لێیان جیابۆوە، عیددەکەیان سێ مانگە.

٥- عیددەی ئافرەتی تۆڵدار (حامل)، بەدانانی تۆڵەکەی تەواو دەبێ.

٦- ئافرەتانی تەڵاقدراو، مافی مانەوەیان و حەوێندرانەوەیان لەسەر مێردەکانیانە، بەپێی توانایان و، لەو شوێنەی لە توانایاندا هەیەو، خۆیان تێیدا نیشتەجێن.

٧- ئەگەر ئافرەتە تەڵاقدراوەکان تۆڵدار بوون، پێویستە تاکو تۆڵەکەیان دادەنێن، مەسرەفیان بکێشرێ بەپێی توانا.

٨- هەر کات ئافرەتە کۆرپەدارەکان شیریان بە کۆرپەکانیاندا، پێویستە بابەکانیان کرێ بدەنە دایکەکان بەڕاوێژو، ئەگەر ڕێك نەکەوتن، ژنێکی دیکە شیری پێ بدات.

٩- بابای هەبوو لە قەدەر خۆی و، هی تەنگدەستیش لە قەدەر خۆی، خەرجیی ژنەکە یاخود شیر پێدرانەکەی، یاخود حەوێندرانەوەکەی، دەکێشن.

ئـەم نـۆ (٩) حوکمـە لـە حـەوت ئایەتـی یەکەمـی سـوورەتی (الطـلاق)دا، خراونـە ڕوو، لـە پێنـج ئایەتـی کۆتاییشـی دا، چەنـد ڕاسـتییەك خراونـەڕوو کـە دەتوانیـن بڵێیـن: ئـەم پێنجـە سـەرەکییەکانیانن:

١- گەلێك ئاوەدانیی بە هۆی سەرکێشیی و یاخیی بوونیانەوە، لە بەرانبەر خواو پێغەمبەرەکانیدا (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)، خوا سزای داون و، لە دوارۆژیشدا سزای سەخت چاوەڕێیانە.

٢- فەرمانکردن بە بڕواداران کە پارێز لە خوا ﷻ بکەن.

٣- باسکردنی دابەزاندنی بیرخەرەوەو، ناردنی نێردراوی کۆتایی(موحەممەد ﷺ)کە خوێنەرەوەی ئایەتە ڕۆشنەکانی خوایە.

٤- باسی سەرەنجامی بەرزو پەسەندی بڕوادارانی چاکەکار، کە بریتیە لە سەقامگیربوون لە بەهەشتە ڕازاوەو نەبڕاوەکانی خواداو، بەهرەمەند بوون لە چاکترین بژیو کە خوا بۆیان دەڕەخسێنێ.

٥- ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە خوا حەوت ئاسمانی دروستکردوون، وێنەی وانیشی لە زەویدا دروستکردوون، تاکو خەڵك بزانن خوا ﷻ لەسەر هەموو شتێك توانایەو بە هەموو شتێکیش زانایە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

چوار تایبەتمەندییمان لەم سوورەتەدا باسکردوون:

یەکەم: کۆمەڵێك حوکمی تەڵاق و عیددەو نیشتەجێکردن (**إسكان**)ی ژنی تەڵاقدراو و شیرپێدان (**رضاع**)، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون.

دووەم: تەنیا لەم سوورەتەدا، لە سێ ئایەتی بە دوای یەکدا پێنج موژدەی گەورەی جۆراوجۆر، بە پارێزکاران دراون:

١و٢)- ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُ ۝٣ ﴾، هەر کەسێ پارێز لە خوا بکات، خوا دەرووی خێری لێ دەکاتەوەو، بە بێ ئەوەی خۆی بیری لێ کردبێتەوەو بە خەیاڵیدا هاتبێ، خوا بژیوی دەدا.

٣)- ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مِنۡ أَمۡرِهِۦ يُسۡرٗا ۝٤ ﴾، هەر کەسێ پارێز لە خوا بکات، خوا کاری بۆ ئاسان دەکات.

٤و٥)- ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يُكَفِّرۡ عَنۡهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُعۡظِمۡ لَهُۥٓ أَجۡرًا ۝٥ ﴾، هەر کەس پارێز لە خوا بکات، خراپەکانی لێ دەسڕێتەوەو، پاداشتێکی مەزنی دەداتێ و پاداشتی بۆ مەزن دەکات.

سێیەم: تەنیا لەم سوورەتەدا تەعبیری: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا ۝٧ ﴾، هاتوە، واتە: خوا لە هیچ کەس داوا ناکات، مەگەر ئەوەندەی پێیداوە، چەندە توانای پێداوە، ئەوەندەشی لێ داوا دەکات، توانای ماڵیی و، توانای جەستەیی و، توانای فیکریی، هەمووی دەگرێتەوە، هەرچەندە سیاقەکە زیاتر توانای ماڵیی دەگەیەنێ، بەڵام لە ڕاستییدا ئەگەر لە سیاقی خۆی دەری بێنین: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا ﴾، خوا لە هیچ کەس داوا ناکات، هیچ کەس ئەرکدار ناکات، بە زیاتر لەوەی پێیداوە، واتە: لە هەموو جۆرەکانی ئەو شتانەی خوا بە مرۆڤەکانیان دەدات.

چوارەم: تەنیا لەم سوورەتەدا وێڕای حەوت ئاسمانان، ئاماژە بە حەوت زەوییانیش کراوە: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ وَمِنَ ٱلۡأَرۡضِ مِثۡلَهُنَّ ۝١٢ ﴾، ئەو خوایەی حەوت ئاسمانی دروستکردن و، لە زەویشدا وێنەی وان، کە ئەمە ئاماژەیەکە بەوەی زەوییەکانیش حەوت بن، وەك ئاسمانەکان، بەڵام ئایا مەبەست لە حەوت زەوییەکان چیە؟ ئەوە زیاتر لە ئەگەرێك هەڵدەگرێ.

حەوتەم: دابەشکردنی ئەم سوورەتە بۆ چەند دەرسێك:

ئەم سوورەتە موبارەکە بۆ دوو دەرسان دابەش دەکەین:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ٧)، دەگرێتەوەو وەك گوتمان: نۆ حوکمی گەورەی شەریعەتیان تێدان، لە چوار چێوەی تەڵاق و لێکجیابوونەوەو، عیددەکێشانی ئافرەت، پاشان شیرپێدانی ئافرەت بە منداڵی و، مەسرەف کێشانی پیاو بۆ ژنەکەی، کە تەڵاقی داوەو، حەواندنەوەی.

دەرسی دووەم: پێنج ئایەتی کۆتایی، کە ئایەتەکانی (٨ - ١٢)، دەگرێتە خۆی و، ئەویش وەك گوتمان: خوای بەرزی مەزن چەند ڕاستییەکی تێدا خستوونە ڕوو.



دەرسی یەکەم



پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە حـەوت ئایەتـی سـەرەتای سـوورەتی (الطـلاق) پێـك دێ، ئایەتەکانـی: (١ - ٧)، کـە پێشـتریش گوتمـان: نـۆ حوکمـی جـۆراو جۆریـان لـە بـارەی تەڵاقدانـی ئافرەتـان و، حوکمـە پەیوەندییدارەکانیـەوە گرتوونـە خۆیـان، کـە بریتیـن لە:

١- تەڵاقدانی ژنان بەر لە دەستپێکردنی عیددەیان.

٢- وەدەرنەنانی ژنانێك کە تەڵاقدراون لەماڵەکەیان، مەگەر خراپەیەکی ئاشکرایان لێ دەرکەوێ، وەك بێزارکردنی مێرد، یان کەس و کارەکەی.

٣- لە کاتی گەیشتنی ئافرەتان بە کۆتایی عیددەیان و بەر لە تەواو بوونی، دەبێ مێردەکانیان مادام تەڵاقەکە تەڵاقی ڕەجعیی بێ، یان بە شێوەی پەسند بیانگرنە خۆیان، یاخود بە شێوەی پەسند دەستبەرداریان بن و، دوو شایەدانیش بگرن.

٤- ئافرەتانی لە حەیز چووەوەو، ئافرەتانێك کە جارێ نەکەوتوونە حەیزەوە، عیددەکەیان سێ مانگە.

٥- عیددەی ئافرەتی تۆلدار (حامل) بە دانانی تۆلەکەی تەواو دەبێ.

٦- ئافرەتانی تەڵاقدراو، مافی مانەوەیان و حەوێنرانەوەیان لەسەر مێردەکانیانە، بەپێی توانایان.

٧- ئەگەر ئافرەتە تەڵاقدراوەکان تۆلدار بوون، پێویستە تاکو تۆلەکەیان دادەنێن، مەسرەفیان بکێشرێ.

٨- هەر کات ئافرەتە کۆرپەدارەکان شیریان بە کۆرپەکانیاندا، پێویستە بابی منداڵەکان کرێ بدەنە دایکەکان بە ڕاوێژ لە نێوان خۆیاندا، ئەگەر ڕێك نەکەوتن، ئافرەتێکی دیکە شیر بدات بەو کۆرپەیە.

٩- بابای هەبوو لە قەدەر خۆی و هی تەنگدەستیش لە قەدەر خۆی، مەسرەفی ماڵ و خێزانیان دەکێشن.

باسکردنی ئەو حوکمانە، کۆمەڵێك ئامۆژگاریی گەورەو گرنگیشیان تێواخن کراون، بە تایبەت فەرمانکردن بە پارێزکاریی بەرانبەر بە خوا ﷻ و، نەشکاندنی سنوورەکانی خواو، پشت بەستن بە خوای کاربەجێ و، لە خۆ وریا بوون لە سەرپێچییکردن و، لادان لەو شتانەی خوا ﷻ وەك سنوور دایناون.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحۡصُواْ ٱلۡعِدَّةَۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ رَبَّكُمۡۖ
لَا تُخۡرِجُوهُنَّ مِنۢ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخۡرُجۡنَ إِلَّآ أَن يَأۡتِينَ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖۚ وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۚ
وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدۡ ظَلَمَ نَفۡسَهُۥۚ لَا تَدۡرِي لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحۡدِثُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ أَمۡرٗا (١) فَإِذَا
بَلَغۡنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمۡسِكُوهُنَّ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ فَارِقُوهُنَّ بِمَعۡرُوفٖ وَأَشۡهِدُواْ ذَوَيۡ عَدۡلٖ مِّنكُمۡ وَأَقِيمُواْ
ٱلشَّهَٰدَةَ لِلَّهِۚ ذَٰلِكُمۡ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل
لَّهُۥ مَخۡرَجٗا (٢) وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ
قَدۡ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَيۡءٖ قَدۡرٗا (٣) وَٱلَّٰٓـِٔي يَئِسۡنَ مِنَ ٱلۡمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمۡ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ فَعِدَّتُهُنَّ
ثَلَٰثَةُ أَشۡهُرٖ وَٱلَّٰٓـِٔي لَمۡ يَحِضۡنَۚ وَأُوْلَٰتُ ٱلۡأَحۡمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل
لَّهُۥ مِنۡ أَمۡرِهِۦ يُسۡرٗا (٤) ذَٰلِكَ أَمۡرُ ٱللَّهِ أَنزَلَهُۥٓ إِلَيۡكُمۡۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يُكَفِّرۡ عَنۡهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُعۡظِمۡ لَهُۥٓ
أَجۡرًا (٥) أَسۡكِنُوهُنَّ مِنۡ حَيۡثُ سَكَنتُم مِّن وُجۡدِكُمۡ وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُواْ عَلَيۡهِنَّۚ وَإِن كُنَّ أُوْلَٰتِ
حَمۡلٖ فَأَنفِقُواْ عَلَيۡهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّۚ فَإِنۡ أَرۡضَعۡنَ لَكُمۡ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَأۡتَمِرُواْ بَيۡنَكُم بِمَعۡرُوفٖۖ
وَإِن تَعَاسَرۡتُمۡ فَسَتُرۡضِعُ لَهُۥٓ أُخۡرَىٰ (٦) لِيُنفِقۡ ذُو سَعَةٖ مِّن سَعَتِهِۦۖ وَمَن قُدِرَ عَلَيۡهِ رِزۡقُهُۥ فَلۡيُنفِقۡ
مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُۚ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَاۚ سَيَجۡعَلُ ٱللَّهُ بَعۡدَ عُسۡرٖ يُسۡرٗا (٧) ﴾.

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە: ئـەی پێغەمبـەر! هـەر کات ژنانتـان تەڵاقـدان لەسـەرەتای عیددەیانـەوە تەڵاقیـان بـدەن و (شـەوو ڕۆژەکانـی) عیـددەش سـەر ژمێـر بکـەن و، پارێزیـش لـە خـوای پەروەردگارتـان بکـەن، (ژنـە تەڵاقـدراوەکان) لـە ماڵەکانیـان دەریـان مەکـەن و، با ئەوانیـش دەرنەچـن، مەگـەر کردەوەیەکـی (خراپـی) دزێـوی ئاشـکرا بکـەن (ئـەو کاتـە مافـی حەوێنرانەوەیـان نامێنـێ)و، ئەوانـەش سـنوورەکانی خـوان و، هـەر کەسـێکیش سـنوورەکانی خـوا ببەزێنـێ، مسـۆگەر سـتەمی لـە خـۆی کـردوە، (نازانـی لـە مـاوەی عیـددەدا چ دەگـوزەرێ!)، ڕەنگـە خـوا دوای ئـەوە کارێـك (گۆڕانکارییـەك) پەیدابـکات (١) ئنجا هـەر کات گەیشـتنە (نیزیـك کۆتایـی) مـاوە (ی عیددە)کەیـان، یـان بـە (شـێوازێکی) پەسـند دەسـتیان پێـوە بگـرن (وەك هاوسـەر)، یـان بـە شـێوازێکی پەسـند لێیـان جیابنـەوەو، دوو (پیـاوی) خـاوەن دادگەرییـش بـە شـایەد بگـرن (چ بـۆ هێشـتنەوە، چ بـۆ وازلێهێنانیـان) و (ئـەی شـایەدەکان!) بـۆ خـوا شـایەدییدان(ێکی ڕاسـت) بەرپـا بکـەن، ئـا ئەوەتـان کەسـێکی پـێ ئامۆژگاریـی دەکـرێ، کـە بـڕوای بـە خـواو بـە ڕۆژی دوایـی بـێ و، هـەر کەسـێکیش پارێـز لـە خـوا بـکات خـوا دەرووی (خێـری) لـێ دەکاتـەوە (٢) هەروەهـا بـە شـێوەیەك کـە مەزەننـە نـاکات، بژیـوی دەدات و، هـەر کەسـیش پشـت بـە خـوا ببەسـتێ، ئـەوی بەسـە، بێگومـان خـوا کاری خـۆی دەگەیەنێتـە جـێ، بـە دڵنیایـی خـوا ئەنـدازەی دانـاوە بـۆ هەمـوو شـتێك (٣) ئـەو ئافرەتانەشـتان کـە لـە (کەوتنـە) حەیـز نائومێـد بـوون، ئەگـەر دوو دڵ بـوون (لـە بارەیانـەوە) مـاوەی عیددەکەیـان سـێ مانگـەو، ئەوانـەش کـە نەکەوتوونـە حەیزەوە (بـە هەمـان شـێوە)و، خـاوەن تۆڵەکانیـش، کۆتایـی کاتـی (عیددەکە)یـان ئەوەیـە کـە تۆڵەکانیـان دابنێـن و، هـەر کەسـیش پارێـز لـە خـوا بـکات، ئاسـانیی لـە کاری دا بـۆ دەڕەخسـێنێ (٤) ئـا ئـەوە حوکـم و فەرمانـی خوایـە بـۆ لاتانـی دابەزانـدوە، هـەر

کەسیش پارێز لە خوا بکات، خراپەکانی لێ دەسڕێتەوەو پاداشتی بۆ مەزن دەکات ﴿٥﴾ (ئەی مێردەکان!) ژنە (تەڵاقدراوە)کانتان بەپێی هەبوونتان لە شوێنێ کە تێیدا نیشتەجێ دەبن، نیشتەجێ بکەن و (بە هیچ جۆرێك) زیانیان پێ مەگەیەنن، تاکو تەنگیان پێ هەڵبچنن (و سەغڵەتیان بکەن)، ئەگەر خاوەن تۆلیش بوون، مەسرەفیان بکێشن، تاکو تۆلەکەیان دادەنێن، ئنجا ئەگەر شیریان بۆ دان (بە کۆرپەکانیان) پاداشتەکانیان (کرێی شیرپێدانەکەیان) پێ بدەن و، بە شێوەیەکی پەسندیش (لەو بارەوە) پێکەوە پرس و ڕا بکەن و، ئەگەر پێکەوە کەوتنە زەحمەت (و تێکگیران)یشەوە، ژنێکی دیکە شیری پێدەدات ﴿٦﴾ با خاوەن فراوانیی (لە ماڵ و سامان دا) لە (قەدەر) فراوانییەکەی خەرج بکات و، هەر کەسیش بژیوەکەی لێ تەنگ کرابێتەوە (کەم دەست بێ) با لەوەی خوا پێیداوە، خەرج بکات، خوا جگە لەو (ئەندازەی)ەی پێیداوە، هیچ کەس ئەرکدار ناکات (و لێی داوا ناکات)، لەمەودواش خوا لە دوای سەغڵەتیی (و تەنگدەستیی) ئاسانیی دەڕەخسێنێ ﴿٧﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(طَلَّقْتُمُ): (**أَصْلُ الطَّلَاقِ: التَّخْلِيَة مِنَ الوَثَاقِ، أَطْلَقْتُ البَعِيْرَ مِنْ عِقَالِهِ، وَطَلَّقْتُهُ وَهُوَ طَالِقٌ وَطُلْقٌ، وَمِنْهُ اسْتُعِيْرَ طَلَّقْتُ المَرْأَة**)، وشەی (طَلَاق): لە ئەصڵدا بریتیە لە بەرهەڵداکردن لە پەتێك، شتێك كە پێوەی بەستراوەتەوە، (**أَطْلَقْتُ البَعِيْرَ مِن عِقَالِه**)، حوشترەکەم لە پەتەکەی بەرهەڵدا، (**وَطَلَّقْتُهُ**)، (**طَلَّقْتُ**) و (**أَطْلَقْتُ**)، هەردووکیان بەکارهاتوون، واتە: حوشترەکەم بەرداو پەتەکەم لێکردەوە، (**وَهُوَ طَالِقٌ وَطُلْقٌ**)، حوشترەکە (**طَالِق**)، بەرهەڵدایە (**وَطُلْق**)یش هەر بەکاردێ، (**وَمِنْهُ اسْتُعِيْرَ طَلَّقْتُ المَرْأَة**)، و(**طَلَّقْتُ المَرْأَة**)ش لەوەوە خوازراوەتەوەو ڕیشەی وشەکە

لەوێوە هاتوە، بەڵام دوایی بۆ دەستبەردار بوونی مێرد بۆ ژنی بەکارهێنراوە.

(ٱلْعِدَّةَ): (عِدَّةُ المَرْأَةِ: هِيَ الأَيَّامُ الَّتِي بِانْقِضَائِهَا يَحِلُّ لَهَا التَّزَوُّج)، عیددەی ژن ئەو ڕۆژانەن کە بە تەواو بوونیان، ئەو ئافرەتە بۆی حەڵاڵ دەبێ هاوسەرگیریی بکات.

(بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ): کردەوەیەکی ناقۆڵای ئاشکرا، یان ئاشکراکەر، (**الفُحْشُ وَالفَحْشَاءُ وَالفَاحِشَةُ: مَا عَظُمَ قُبْحُهُ مِنَ الأَفْعَالِ وَالأَقْوَالِ، وَيُقْصَدُ بِهَا هُنَا البِذَاءُ والإِيْذَاءُ وَالنُّشُوزُ**)، وشەکانی: (**فُحْش وفَحْشَاءُ وفَاحِشَة**): بریتین لە هەر قسەو کردەوەیەك کە زۆر ناقۆڵاو دزێو بێ، لێرەشدا مەبەست پێی زمانەوەریی و، ئازاردان و، یاخیی بوونی ئەو ژنەیە، کە تەڵاقیش دراوە، بەڵام بە دەمەوەریی و، خراپ قسەکردن و بێزارکردن، کردەوەیەکی خراپ دەکات، چ لەگەڵ مێردی دا، چ لەگەڵ کەس و کاری مێردەکەی لەو شوێنەی تێیدا نیشتەجێیە.

(بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ)، یانی: (**الفَاحِشَةُ المُوَضِّحَة لِفُحْشِهَا**) کردەوەیەکی خراپی ئاشکراکەر، بۆ خراپیی و بۆ ناقۆڵاییەکەی.

(حُدُودُ ٱللَّهِ): (**حُدُود: جَمْعُ حَدّ، وهو الفَاصِلُ بَيْنَ الشَّيْئَيْنِ يَمْنَعُ اخْتِلَاطُ احَدِهِمَا بِالآخَر، وَالمَقْصُود بِحُدُوْد اللهِ: أَحْكَامُ الله**)، (**حُدُود**) کۆی (**حَد**)، (بە کوردیی دەڵێین: سنوور)، بریتیە لە نێوانێك لە نێوان دوو شتاندا، ڕێدەگرێ لەوەی تێکەڵی یەکدی ببن، (**حُدُودُ اللهِ**)ش، مەبەست پێی یاساکانی خوایە ﷻ.

(أَجَلَهُنَّ): (**الأَجَلُ: العِدَّةُ المَضْرُوبَةُ للشيء**)، (**أَجَل**): کاتێکی دیارییکراوە بۆ شتێك.

(مَخْرَجًا): (**المَخْرَجُ: مَوْضِعُ الخُرُوجِ، وَالخُرُوُج**)، (**مَخْرَج**): هەم بەمانای ناوی شوێن هاتوە، شوێنی لێ دەرچوون، هەم بە مانای چاوگیش هاتوە واتە: دەرچوون، (**مَخْرَج**)، لێرەدا بە کوردیی دەبێتە دەروو، یانی: دەرووی خێری لێ دەکاتەوە.

(لَا يَحْتَسِبُ): (**يَحْتَسِبُ الأَمْرَ، حَسِبَهُ وَظَنَّه**)، ﴿ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ﴾،

بە شێوەیەك كە بیری لێ نەكردۆتەوەو حیسابی بۆ نەكردوە، ئەگەری بۆ دانەناوە، (**احْتَسَبَ الأمْرَ**)، كارەكەی ژماردو گومانی بۆچوو.

(يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ): نائومێد بوون لە كەوتنە حەیزەوە، (**الْمحِيْضُ: الحَيْضُ**)، (**مَحِيْض**): لێرەدا بە مانای حەیزە، واتە: ئەو ئافرەتانەی نائومێد بوون بكەونە حەیزەوە، لەبەر ئەوەی كەوتوونە تەمەنەوە.

(وُجْدِكُمْ): (**الوُجْدُ: اليَسَارُ وَالسَّعَة**)، (**وُجْد**)، ئاسانیی و فراوانیی لە ماڵ و ساماندا.

(أَرْضَعْنَ لَكُمْ): شیریان بۆ داون بە كۆرپەكانتان، (**رَضَعَ المَوْلُودُ يَرْضِعُ**)، واتە: منداڵەكە شیری خوارد، (**أَرْضَعَتْهُ**)، ئافرەتەكە شیری بەو منداڵەدا.

(أُجُورَهُنَّ): (**الأَجْرُ وَالأُجْرَةُ: مَا يَعُودُ مِنْ ثَوَابِ العَمَلِ دُنْيَوِيًّا كَانَ أو أُخْرَوِيًّا**)، وشەی (**أُجُور**)، كۆی (**أَجْر**)ە، (**أَجْر وأُجْرَة**)، هەردووكیان بریتین لەوەی لە پاداشتی كردەوەدا لە ڕووی دنیایی، یان لە ڕووی دوارۆژییەوە، بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە.

(وَأْتَمِرُواْ بَيْنَكُم): لە نێوان خۆتاندا ڕاوێژ بكەن، (**الإئْتِمَارُ: قُبُولُ الأَمْرِ، وَالتَّشَاوُرُ لِقُبُولِ بَعْضِهِمْ أَمْرَ بَعْضٍ فِيمَا أَشَارَ بِهِ**)، وشەی (**إئْتِمَار**)، بە مانای وەرگرتن و قبووڵكردنی فەرمانە، هەروەها (**إئْتِمَار**)، بە مانای ڕاوێژ پێكەوە كردنە، چونكە هەر كامێكیان ئەوەی ئەوی دیكە دەیڵێ، قبووڵی دەكات، (و لێی دەكۆڵێتەوەو هەڵیدەسەنگێنێ).

(تَعَاسَرْتُمْ): (**تَعَاسَرَ القَوْمُ: يَعْنِي طَلَبُوا تَعْسِيْرَ الأَمْرِ**)، (**تَعَاسَرَ القَوْم**)، كۆمەڵە خەڵكەكە هەر كامێكیان ویستی كارەكە بە زەحمەت بێ و داوایكرد كارەكە وەزەحمەت بخات، (**يَوْم عَسِيْر**): (**يَوْم يَتَصعَّبُ فِيْه الأَمْر**)، (**يَوْم عَسِيْر**)، ڕۆژێك كە كار تێیدا بە زەحمەت و قورس دەبێ، كەواتە: (**وإنْ تَعَاسَرْتم فَسَترضع**

لـە أخـری)، واتـە: ئەگـەر ڕێـك نەكەوتـن و ژن و مێردەكـە پێكـەوە تەبـا نەبـوون و، نەگەیشـتنە لێكتێگەیشـتن دەربـارەی شـیرپێدانی منداڵەكەیـان لـە لایـەن دایكەكەیـەوە، بـا ئافرەتێكـی دیكـە شـیری پـێ بـدات و، ئـەی پیاوەكـە! ئافرەتێكـی دیكـەی بـۆ بگـرە، یـان جـاری وایـە ئافرەتەكـە ئامـادە نابـێ، مـادام تەڵاقـدراوە شـیر بـدات بـەو كۆرپەیـەی و دەڵـێ: مـادام ئـەو كۆرپەیـەم لـەو پیاوەیـە، شیریشـی پـێ نـادەم، ڕەحمـی لەسـەری نابـێ، یـان ڕق هەڵسـان و دەمارگیرییەكـەی زاڵ دەبـێ بەسـەر ڕەحـم و بەزەییەكەیـدا.

(**سَعَةٍ**): (**السَّـعَة: الطَّاقَـةُ وَالقُـوَّةُ**)، (**سَـعَة**)، یانـی: فراوانیـی و توانـا، لێـرەدا مەبەسـت پێـی وزەو توانایـە، (**وَالسَّـعَةُ: الدَّعَـةُ وَالغِنَـى وَالرُّفَاهِيَـة**)، دیسـان (**سَـعة**) بــە مانــای هەبــوون و بێنیازیــی و خۆشــگوزەرانییش دێ.

(**قُدِرَ عَلَيۡهِ رِزۡقُهُۥ**): بژیوەكـەی لەسـەری تەنـگ كـراوە، (**قَـدَرْتُ عَلَيْـهِ الـشَّيءَ: ضَيَّقْتُـهُ كَأَنَّمَـا جَعَلْتُـهُ بِقَـدَرٍ**)، (**قَـدَرْتُ عَلَيْـهِ الـشَّيء**)، واتـە: شـتەكەم لـێ وەتەنـگ هێنـا وەك بـە ئەنـدازە دامنـا بـێ.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان

لە بارەی هۆی هاتنە خواری ئەم ئایەتە موبارەکەوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُواْ ٱلْعِدَّةَ ۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ رَبَّكُمْ ۖ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنۢ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّآ أَن يَأْتِينَ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ۚ وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ ۚ لَا تَدْرِى لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا ﴿١﴾﴾، ئەم دوو ڕیوایەتە دێنین، ڕیوایەت زۆرن لەو بارەوە، بەڵام ئەم دووانەمان لە ڕووی سەنەدەوە پێ بەهێز بوون، یاخود بە لای کەمەوە پێمان بێ ئیشکال بوون، بە تایبەت هی دووەمیان:

یەکەم: {عَنْ عَبْدِالله بِن عُمَر ﷺ، أَنَّهُ طَلَّقَ امْرَأَتَهُ، وَهِيَ حَائِضٌ عَلَى عَهْدِ النَّبِي ﷺ فَانْطَلَقَ عُمَرُ فَذَكَر ذَلِك لَهُ، فَقَالَ: مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا، ثُمَّ يُمْسِكهَا حَتَّى تَطْهُرَ، ثُمَّ يُطْلقِهَا إِن بَدَا لَهُ، فَأَنْزَلَ اللهُ عِنْدَ ذَلِكَ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾، قَالَ أَبُو الزُّبَيْرُ: هَكَذَا سَمِعْتُ ابْنُ عُمْرَ يَقْرَأَهَا: فَطَلِّقُوهُنَّ قُبُلَ عِدَّتُهُنَ} (ذكره السيوطي في الدرُّ المنثور: ج٨، ص١٨٩، ونسبه لابن مردويه، الإستيعاب في بيان الأسباب:، ج٣، ص٤٢٧).

واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ﷺ، گێڕدراوەتەوە کە ژنەکەی خۆی تەڵاقداوە، لە کاتێکدا لە حەیزدا بووە، لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا ﷺ عومەریش (خوا لێی ڕازی بێ) چووە بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ و ئەوەی بۆ باسکردوە، ئەویش ﷺ فەرموویەتی: پێی بڵێ: با هاوسەرەکەی بگێڕێتەوە لای خۆی و با لە لای بێت، هەتا پاك دەبێتەوە (لە حەیز)، ئنجا ئەگەر ویستی دەستبەرداری بێ، با لە پاکییەکدا کە نەچۆتە لای، دەستبەرداری ببێ، ئیدی لەو بارەوە خوا عزوجل ئەو ئایەتەی دابەزاند، ئەبوو زوبەیر دەڵێ: لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرم ئاوا بیستوە دەیخوێندەوە: (فَطَلِّقُهُن قُبُلَ عِدَّتهُن)، پێش کەوتنە

عیددەکەیان تەڵاقیان بدەن، ئەوەش وردەکارییەکی هەیە، دوایی باسی دەکەین، کە دروست نیە ئافرەت لە عیددەدا تەڵاق بدرێ، بەڵکو دەبێ پێش ئەوەی بکەوێتە عیددەوە، تەڵاق بدرێ، بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە تووشی زیان نەبێ و ماوەکەی زۆر لێ درێژ بکرێتەوە.

دووەم: {**عَنِ ابْنِ عُمَرَ أَنَّهُ طَلَّقَ امْرَأَتَهُ وَهِيَ حَائِض، فَذَكَر ذَلِكَ لرَسُولِ اللهِ ﷺ فَتَغَيَّظَ فِيهِ رَسُولُ اللهِ ﷺ، ثُمَّ قَالَ: لِيُرَاجِعْهَا، ثُمَّ يُمْسِكْهَا حَتَّى تَطْهُرَ، ثُمَّ تَحِيْضَ فَتَطْهُر، فَإِنْ بَدَا لَهُ أَن يُطَلِّقْهَا، فَلْيُطَلِّقهَا طَاهِراً قَبْلَ أَنْ يَمَسَّهَا، فَتِلْكَ الْعِدَّة الَّتِي أَمَرَ اللهُ أَنْ يُطَلَّقَ لَهَا النِّسَاء، وَقَرَأَ النَّبِي ﷺ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ فِي قُبُلِ عدتهن﴾**} (**أخرجه البخاري: ٤٩٠٨، ومسلم: ١٠٩٥**).

واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) گێڕدراوەتەوە کە کاتێ ژنەکەی لە حەیزدا بووە، تەڵاقی داوە، عومەر (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەوەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ باسکرد، پێغەمبەری خواش ﷺ لەو بارەوە تووڕ بووەو، فەرمووی: با بچێتەوە بۆ لای هاوسەرەکەی (بیهێنێتەوە بۆ لای خۆی) و دوایی بیگرێتە لای خۆی، هەتا پاك دەبێتەوە (لە حەیز)، دوایی جارێکی دیکە بکەوێتەوە حەیز، ئنجا پاك بێتەوە (بۆ جاری دووەم)، ئنجا ئەگەر ویستی تەڵاقیبدات و هەر سوور بوو، با تەڵاقی بدات لە کاتێکدا کە ئەو ئافرەتە لە حەیزدا نیەو نەشچۆتە لای، (چونکە کە پاك بۆوەو چۆوە لای (جیماعی لەگەڵ کرد)، نازانێ ئایا ئەو ئافرەتە نوتفەی ئەو پیاوەی هەڵگرتوە، یان نا)، دەبێ کاتێك دڵنیا بێ کە ئەو ئافرەتە پاکە لە نوتفەی ئەو پیاوە، لەو کاتەدا تەڵاقیبدات، ئا ئەوە ئەو عیددەیە کە خوا فەرمانی کردوە، ئافرەتانی تێدا تەڵاق بدرێن، ئنجا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ ئەم ئایەتەی ئاوا خوێندەوە: (**يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ فِي قُبُلِ عدّتهن**) بێگومان پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستی ئەوە بووە، کە ئەم ئایەتە ماناکەی ئاوایە، ئەی پێغەمبەر ﷺ! هەر کات ئافرەتانتان تەڵاقدان، تەڵاقیان بدەن پێش عیددەکەیان، واتە: نەك لە

عیددەکەیدا تەڵاق بدرێ، بەڵکو دەبێ پێش ئەوەی بکەوێتە عیددەوە تەڵاق بدرێ، بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە زیانبار نەبێ و بە ناهەق کاتەکەی لەسەر درێژ نەکرێتەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ) بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

دەست پێکردنم بە ناوی خوایە، کە ئەویش مەبەستی ئەوەیە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای توانادار دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

خوا ﷻ پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ دەدوێنێ، ئنجا بە دڵنیایی کە ڕووی دواندن لەوە، وەك پێغەمبەری مسوڵمانان و سەرۆکیان و مشوورخۆریان و سەرپەرشتیاریان، بەڵام مەبەست پێی ئۆممەتەکەی و شوێنکەوتووانیەتی، دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ! ﴿إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾، هەر کاتێك ژنانتان تەڵاقدان، واتە: ویستتان تەڵاقیان بدەن، ﴿فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾، لە پێش عیددەکەیانەوە تەڵاقیان بدەن، وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەکەشیدا باسمان کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ وەك لە صەحیحی بوخاریی و موسلیمدا هاتوە، لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ڕستەیەدا فەرموویەتی: (**فَطَلِّقُوهُن فِي قُبُلِ عِدَّتهِنَّ**)، لە پێش دەستپێکی عیددەکەیاندا، تەڵاقیان بدەن.

(عدة): بریتیە لەو ماوەیەی ئافرەت چاوەڕێ دەکات، تاکو بۆی ڕەوا دەبێت شوو بکاتەوە، ئافرەتێك کە هاوسەردار بووە، ئنجا چ هاوسەری مردبێ، چ خۆی داوای کردبێ لە هاوسەری جیا ببێتەوە، کە پێی دەگوترێ: داڕنین (خُلْع)، چ دادوەر لێکی جیاکردبنەوە، کە پێی دەگوترێ: هەڵوەشاندنەوە (فَسْخ)، چ مێردەکەی دەستبەرداری بووبێ، کە پێی دەگوترێ: (طَلَاق)، بە هەر کام لەم هۆکارانە، ئەو ئافرەتە لە مێردەکەی جیابووبێتەوەو مێردەکەی لێی جیابووبێتەوەو، گرێبەستی هاوسەرگیریان لە نێواندا نەمابێ، دەبێ ئەو ئافرەتە عیددە بەسەر بەرێ، (عدة)ش، واتە: چەند شەوو ڕۆژێك کە دەژمێردرێن، دەبێ چەند شەوو ڕۆژێك بەسەر ببات، ئنجا دوایی بۆی ڕەوا دەبێ هاوسەرگیریی بکاتەوە، دووبارە، دیارە ئەو عیددەیەش، چەند حیکمەتێکی هەن، یەکێکیان یان سەرەکیترینیان ئەوەیە: دەربکەوێ کە ئەو ئافرەتە منداڵدانی نوتفەی ئەو مێردە پێشووەی تێدا نیە، ئنجا مێردەکەی زیندووە، کوژراوە، مردوە، یان بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان لێی جیابۆتەوە.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ ﴾، واتە: بەر لەوەی بچنە نێو عیددەوە، تەڵاقیان بدەن، ئایا ئەمە چۆنە؟ پێشتریش باسمانکرد، واتە: ئەو ئافرەتە لە پاکییدابێ، و لە حەیزدا نەبێ، لە بێ نوێژییدا نەبێ، ئنجا پاکییەك بێ کە مێردەکەی تێیدا نەچووبێتە لای، چونکە با پاکیش بێ، ئەگەر مێردەکەی لەگەڵی جووتبووبێ، نازانرێ ئایا نوتفەی ئەو پیاوە چۆتە نێو منداڵدانیەوە یان نا، بۆیە دەبێ لە پاکییەکدا تەڵاق بدرێ، کە مێردەکەی لەگەڵی دا جووت نەبووبێ، کەواتە: ﴿ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ ﴾، واتە: لە کاتێکدا کە جارێ دەستیان بە عیددەکەیان نەکردوە، پێش دەستپێکردنی عیددەکەیان، تەڵاقیان بدەن، ﴿ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ ﴾، عیددەش بژمێرن، واتە: ئەو شەوو ڕۆژانە بژمێرن و سەرژمێر بکەن، کە پێویستە ئافرەت چاوەڕێ بکات، تاکو بۆی ڕەوا دەبێ و بۆی دەشێ هاوسەرگیرییەکی دیکە بکاتەوە، ﴿ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ ﴾، پارێزیش لە خوای

پەروەردگارتـان بکـەن، ﴿ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ ﴾، ئێـوە لـە ماڵەکانـی خۆیـان وەدەریـان مەنێـن، ئـەو ئافرەتانـەی تەڵاقتانـداون، بـە هـەر کام لـە دوو جـۆرەکانی تـەڵاق: چ تەڵاقـی یەکجارەکیـی بـێ، کـە پێـی دەگوتـرێ: (الطَّلَاقُ البَائِن) یـان تەڵاقی ڕەجعیـی بـێ، واتـە: کـە ئـەو پیـاوە بـۆی هەبـێ ژنەکـەی بگێڕێتـەوە ژێـر نیکاحـی خـۆی، لێـرەدا بەگشـتی فەرموویەتـی و دوایـی دێینـە سـەر وردەکارییـەکان، گرنـگ ئەوەیـە خـوا دەفەرمـوێ: ژنەکانتـان لـە ماڵەکانـی خۆیـان دەر مەکـەن، بـە بیانـووی ئـەوەی تەڵاقتـان داون، ئنجـا ئەگـەر تەڵاقێکـە، ئەگـەر دووانـە، ئەگـەر تەڵاقـی سـێیەمە، ﴿ وَلَا يَخْرُجْنَ ﴾، هەروەهـا بـا ئەوانیـش دەرنەچـن، نـە ئێـوە دەریـان بکـەن، نـە بـا خۆشـیان لـەو ماڵانەیـان دەربچـن، ﴿ إِلَّآ أَن يَأْتِينَ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ﴾، مەگـەر گوناهێکـی ناقـۆڵای ڕوونکـەرەوە ئەنجـام بـدەن، ئەمـە وەك لـە تەفسـیری سـووڕەتی (**النسـاء**) و لـە تەفسـیری سـووڕەتی (**الأحزاب**)یشـدا، باسـمکردوە، مەبەسـت پێـی ئەوەیـە: ئـەو ئافرەتـە مێردەکـەی بێـزار بـکات، یاخـود خزمەکانـی بێـزار بـکات، بـە قسـەو دەنگـە دەنـگ و پرتـەو بۆڵـە، بـە هیـچ جۆرێـك ناگونجـێ لێـرەدا مەبەسـت لـە: ﴿ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ﴾، زینـا بـێ، وەك زۆربـەی توێژەرەوانـی قوڕئـان وایانگوتـوە، بەڵکـو ئـەوە هەڵەیـەو لـە تەفسـیری سـووڕەتی (**النسـاء**) و تەفسـیری سـووڕەتی (**الأحـزاب**)دا، ڕوونـم کردۆتـەوە لەبەرچـی ئـەوە هەڵەیـە، دواییـش لـە مەسـەلە گرنگەکانـدا جارێکـی دیکـە ئامـاژەی پـێ دەکەینـەوە.

وشـەی (**فَاحِشَـة**) لـە قوڕئانـدا هـەم بـە مانـای زینـا هاتـوە، هـەم بـە مانـای نێربازیـی هاتـوە، هـەم بـە مانـای لادانـە جینسـییەکان هاتـوە بەگشـتیی، بـەڵام کـە قەیـدی ڕوونکـەرەوە (**مُبَيِّنـة**)ی دەخرێتـە سـەر، لـە مانـای زینـاو نێربازیـی و خۆلێکخشـاندن (**سُـحاق**) دەیباتـەدەر، واتـە: گوناهێکـی ناقـۆڵای ڕوونکـەرەوە، هەروەهـا خوێندراویشـەتەوە: (**مُبَيَّنَـة**)، واتـە: گوناهێکـی ناقـۆڵای ڕوونکـراوە، ڕۆشـنکراوە، کـە هەمـوو کـەس بزانـێ ئـەوە گوناهـو تاوانـە، واتـە: ئافـرەت کاتێـك ئـەو مافـەی دەفەوتـێ لـە ماڵـی مێردەکەیـدا، کـە تەڵاقیـداوە، بمێنێتـەوە، کـە

هەڵوێستێکی ناقۆڵاو دزێوی ببێ، کە بە دڵنیایی مەبەست پێی زینا نیە، بەڵکو مەبەست پێی هەڵسوکەوتێکی ناشیرینە لەگەڵ مێردیدا، یان لەگەڵ کەس و کاری مێردیدا، بۆ وێنە: زۆر چوونەدەر، یاخود خەڵك بێنێتە ماڵی خۆی بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی، هەرچەندە تەڵاقیشیداوە، یاخود دەمەوەریی لەگەڵ مێردی و کەس و کاری مێردی داو ...هتد. ﴿وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ﴾، ئەوانەش سنوورەکانی خوان، ﴿وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ﴾، هەر کەسێکیش سنوورەکانی خوا ببەزێنێ، لێیان تێپەڕێنێ، بە دڵنیایی ستەمی لە خۆی کردوە، ﴿لَا تَدْرِى لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا﴾، ئەی دوێندراو! هەر کەسێك هەی، نازانی، ڕەنگە دوای ئەوە خوا کارێکی دیکە پەیدا بکات، بارودۆخێکی دیکە بڕەخسێنێ، واتە: لە دوای عیددە یان لە میانی عیددەدا، نازانی چی ڕوودەدات، ئایا ئەو پیاوە جارێکی دیکە دڵی دەچێتەوە سەر ئەو ئافرەتە، یان ئەو ئافرەتە کارێکی وا دەکات، ئەو مێردەی لەگەڵی ئاشت بێتەوە، یان کە تەڵاقێکی داوە، نەهێڵی ماوەی عیددەکەی بەسەر بچێ و پێش کۆتایی هێنانی عیددەکە، بیهێنێتەوە ژێر نیکاحی خۆی، بۆ ئەوەی حاڵەتی جیابوونەوە ڕوونەدا، کە ئەگەر دوای تەڵاقی یەکەم و دووەم بێ، پێی دەگوترێ: جیابوونەوەی بچووك (**البَيْنُونَة الصُّغرى**)، بەڵام ئەگەر دوای تەڵاقی سێیەم بێ، پێی دەگوترێ: (**البَيْنُونَة الكُبْرَى**)، جیابوونەوەی گەورە، ئەو کاتەش ئەگەر دوای جیابوونەوەی بچووك بێ، واتە: دوای تەڵاقی یەکەم و دووەم بێ، ئەو پیاوە دەتوانێ بە گرێبەستێکی تازە ئەو ئافرەتە بهێنێتەوە ژێر نیکاحی خۆی و، ئەو ئافرەتە لەگەڵ ئەو پیاوەدا هاوسەرگیریی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر دوای جیابوونەوەی گەورە بێ، بۆیان نیە جارێکی دیکە پێکەوە هاوسەرگیریی بکەن، مەگەر ئەو ئافرەتە شووێکی دیکە بکاتەوەو، ئەویش نەك بە فێڵ کە تەنیا بۆ حەڵاڵ کردنەوەی مێردی پێشووی بێ، بەڵکو بەشێوەیەکی ئاسایی شووێکی دیکە بکاتەوە، ئنجا بەشێوەیەکی ئاسایی لەو مێردەی جیاببێتەوە، ئەو کاتە بۆیان هەیە بە گرێبەستێکی تازە، ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ مێردە پێشووەکەی دا پێك بێننەوە.

﴿ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ ﴾، ئنجا کاتێك گەیشتنە کاتەکەیان، واتە: کۆتایی کاتەکەیان، لێرەشدا زانایان هەموویان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، واتە: گەیشتنە نیزیك و قەراغ کۆتایی کاتەکەیان، چونکە ئەگەر عیددە بەسەر چوو، تازە ئەو ئافرەتە ئازاد دەبێ، لەوەدا کە بچێتەوە لای مێردەکەی، یان نەچێتەوە، چ دوای تەڵاقی یەکەم بێ، چ دوای دووەم بێ، دوای تەڵاقی سێیەمیش ئاشکرایە.

بۆ وێنە: ئەو پیاوە تەڵاقێکی ژنەکەی داوەو لێی دەگەڕێ تاکو عیددەکەی بەسەر دەچێ، ئنجا کە عیددەکەی بەسەرچوو و، ئەو پیاوە نەیهێنایەوە ژێر نیکاحی خۆی، ئەو ئافرەتە ئازاد دەبێ و دەتوانێ بچێتەوە لای مێردە پێشووەکەی بە گرێبەستێکی تازە، دەشتوانێ هاوسەرگیریی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بکات، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ ﴾، واتە: ئەگەر گەیشتنە پێش کۆتایی ماوەی عیددەکەیان، ﴿ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ ﴾، بە شێوەیەکی پەسەند بیانگرنە خۆتان ئەو ئافرەتانە، کە تەڵاقێکتان داون، یان دووانتان داون، ﴿ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ ﴾، یاخود بە شێوەیەکی پەسند لێیان جیاببنەوە، ﴿ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ ﴾، دوو پیاوی خاوەن دادگەرییش لە خۆتان بە شایەد بگرن، لێرەدا خوا ﷻ ڕوونی نەکردۆتەوە، شایەد گرتنەکە بۆ هێنانەوە یان بۆ دەست لێبەردانە؟ بۆیە وەك دوایی باسی دەکەین، ڕای بەڵگەدارترو پەسەندتر بە لای منەوە ئەوەیە کە بۆ هەردووکیان، هەم بۆ لێکجیابوونەوە دەبێ دوو شایەد، دوو پیاوی دادگەر بە شایەد بگیرێن، هەم بۆ هێنانەوەش، چ بۆ دەست لێك بەردان، چ بۆ پێکەوە ئاشت بوونەوە، ﴿ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ﴾، لەبەر خوا شایەدیی بەرپا بکەن، واتە: ئەو شایەدییەی بەرپای دەکەن، ئەی دوو پیاوەکان! یان ئەی ئەوانەی دوو پیاوە دادگەرەکان بە شاهێد دەگرن! با شایەدییدانەکە لەبەر خوا بێ و، هیچ مەبەستی دیکەی خراپی تێدا نەبێ، ئنجا شتێك بۆ خوا بێ، دەبێ ساف و پاك و چاك و دڵسۆزانە بێ.

﴿ ذَٰلِكُمْ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ ﴾، ئا ئەمەتان (ئەو ئامۆژگاریی و ڕێنمایی و حوکمانەتان) هەر کەسێك بڕوای بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەبێ، پێی ئامۆژگاریی دەکرێ، واتە: ئەو ڕێنماییانە بۆ کەسێکن بڕوای بە خواو بە ڕۆژی دوایی بێ، ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ﴾، هەر کەسێکیش پارێز لە خوا بکات (خوا) دەرووی لێ دەکاتەوە، دەروازەی خێری لێ دەکاتەوە، لە تەنگانەدا فەڕحانیی بۆ دەڕەخسێنێ و، لە سەغڵەتییدا ئاسانیی بۆ دەڕەخسێنێ.

﴿ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ﴾، هەروەها هەر کەسێ پارێز لە خوا بکات، بێ ئەوەی بۆ خۆی حیسابی بۆ کردبێ، بێ ئەوەی خۆی مەزەندەی کردبێ، خوا بژیوی دەدا، واتە: بژیوی بۆ دەڕەخسێنێ بە شێوەیەك خۆی بە خەیاڵیدا نەهاتبێ و حیسابی بۆ نەکردبێ، ﴿ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ﴾، هەر کەسێکیش پشت بە خوا ببەستێ، خوای بەسە، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ﴾، بە دڵنیایی خوا کاری خۆی دەگەیەنێتە جێ، واتە: دەیگەیەنێتە کۆتایی و بەئامانجی دەگەیەنێ، بەڵام ئایا لەو کاتەدا کە ئێمە چاوەڕێ دەکەین، یان بەو شێوەیەی ئێمە چاوەڕێ دەکەین؟ مەرج نیە، ﴿ قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا ﴾، خوا ﷻ بۆ هەر شتێك ئەندازەیەکی داناوە، ئەمەش لێرەدا جۆرێکە لە دڵخۆشکردن بۆ ژنەکە، کە دەچێتەوە لای مێردی، یان ناچێتەوە، هەروەها بۆ پیاوەکەش ئایا لەگەڵ ژنەکەی دا ئاشت دەبێتەوەو دەست دەکەنەوە بە ژیانی هاوسەریی، یاخود لێك جیادەبنەوە؟ ئەوە دڵدانەوەو دڵخۆشکردنە بۆ هەردووکیان، هەروەها بۆ کەس و کاری ژنەکەش و پیاوەکەش بۆ هەموویان، کە ئەگەر بەڕاستیی پارێزکاربن، پارێز لە خوا بکەن و سنوورەکانی خوا نەبەزێنن، خوا دەرووی خێرتان لێ دەکاتەوە، بۆ وێنە: -- وەك دوایی باسی دەکەین و لە کورتە باسێکدا باسی تەڵاق دەکەین -- کەسێك بە شێوەی سوننەتیی دەستبەرداری ژنەکەی ببێ، دەبێ یەك تەڵاقی بدات لە پاکییەکدا کە نەچۆتە لای، ئنجا ئەگەر

ئەو پارێزکارییە بەکاربێنێ، ئەو کاتە ئەو پیاوە دەست کراوە دەبێ، کە پێش کۆتایی عیددەکەی ئەو ئافرەتە بێنێتەوە لای خۆی، بەڵام ئەگەر سێ تەڵاقی پێکەوەدان، وەك زۆرێك لە زانایان گوتوویانە، مافی پێوەی نامێنێ، چونکە تەقوای نەکردوەو سنوورەکانی خوای نەپاراستوون، خوا نەیفەرمووە ئاوا ژن تەڵاق بدەن، هەر سێك تەلاق پێکەوە! ﴿ ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِ ﴿٢٢٩﴾ ﴾البقرة، واتە: ئەو تەڵاقەی دوای وی، دەگونجێ ژن و مێرد پێکەوە ژیانی هاوسەرگیریی دروست بکەنەوە، دووانن، بەڵام کە بوو بەسێ و لە قۆناغی سێیەمدا، لێکدەترازێن، ئنجا هەروەها ژنەکەش ئەگەر سنوورەکانی شەریعەت بپارێزێ و لە ماڵی مێردەکەیدا، دەمەوەریی نەکات و، شتێك نەکات ناچاریان بکات، وەدەری بنێن، خوا دەرووی لێ دەکاتەوە، کە لە ئەنجامی مانەوەی لە ماڵی مێردەکەیدا، دڵیان بچێتەوە سەر یەك، هەروەها شایەدەکانیش ئەگەر شایەدییەکە بۆ خوا بدەن و، لە شتەکە بکۆڵنەوەو هاندەریان ئەوە نەبێ غەرەزێکیان لە پیاوەکە هەبێ، یان غەرەزێکیان لە ژنەکە هەبێ و، شایەدییەکە وا بدەن بە زیانیان تەواو بێ، ئەوانیش ئەگەر پارێزی خوا بکەن لە شایەدییەکەیاندا، هەم ژنەکەو هەم مێردەکەو، هەم کەس و کاری هەردوو لایان، خوا دەرووی خێریان لێ دەکاتەوە، ئەوە واتایەکی، واتا مەعنەوییەکەشی هەر لە شوێنی خۆیەتی، کە ئەگەر ئینسان بۆ خوا صوڵحاوبێ و پارێز لە خوا بکات، چاودێریی خوا بەسەر خۆیەوە ببینێ، خوای پەروەردگار لە تەنگانەو ناڕەحەتییاندا دەربازی دەکات، یان بە کردەوە، یان خوای میهرەبان دڵی فەڕاح دەکات، دڵی خۆش دەکات، سەری دنیای لێ نایەتەوە یەك، لە ئەنجامی گرفت و کێشەیەکی خێزانییدا.

﴿ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ﴾، هەر کەسیش پشت بە خوا ببەستێ، خوای بەسە، پشت بە خوا بەستنیش وەك زۆرجار گوتوومانە: جێدارو جێگرەوەی دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە نیە، بەڵکو پشت بە خوا بەستن، کاری دڵە، بەڵام دەست بە هۆکارانەوە گرتن، کاری جەستەو ڕواڵەتە، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ۚ قَدْ جَعَلَ

﴿ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا ﴾، بەدڵنیایی خوا کاری خۆی دەگەیەنێتە مەنزڵ، دەیگەیەنێتە کۆتایی و ئەنجام، بەڵام خوا بۆ هەر شتێك ئەندازەیەکی داناوە.

﴿ وَالَّتِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِن نِّسَائِكُمْ ﴾، ئەو ئافرەتانەش کە نائومێد بوون لە (کەوتنە) حەیز، لەوەی بکەونە بێنوێژیی، نائومێد بوون، لەبەر ئەوەی نەخۆشییەکیان توشبووە، یاخود لەبەر تەمەن، ﴿ إِنِ ارْتَبْتُمْ ﴾، ئەگەر دوو دڵ بوون، ئایا دەبێ عیددەکەیان چەند بێ؟ ﴿ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ ﴾، عیددەکەیان (ئەو ماوەیەی دەبێ چاوەڕێ بکەن، تاکو بۆیان ڕەوا دەبێتەوە هاوسەرگیریی دیکە بکەن)، بریتییە لە سێ مانگ، ﴿ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ ﴾، هەروەها ئەو ئافرەتانەش کە جارێ نەکەوتوونە حەیزەوە، لەبەر کەم تەمەنیی، یان لەبەر نەخۆشییەك، لەبەر هەر هۆکارێك بێ نەکەوتوونە حاڵەتی بێنوێژیی، ئەوانەش دیسان ماوەی عیددەکەیان، ئەگەر مێردەکەیان تەڵاقیدان و لێکجیابوونەوە، بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان لێکجیابوونەوە، ئەو ماوەیەی دەبێ چاوەڕێ بکەن، تاکو بۆیان ڕەوا دەبێ، هاوسەرگیریی دیکە بکەنەوە، بریتییە لە سێ مانگ. ﴿ وَأُولَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ﴾، خاوەن تۆڵەکانیش کۆتایی کات (ی عیددە)یان ئەوەیە کە تۆڵەکەیان دابنێن.

(**حَمل**)، واتە: تۆڵ، ئەو کۆرپەلەیەی ئافرەت لە سکیدا هەڵیدەگرێ، (**أحْمَال**)، کۆی (**حِمْل**) و (**حَمل**)ە، (**حِمْل**)، بە مانای بار دێ و (**حَمْل**)یش بە مانای ئەو کۆرپەلەیە دێ، کە ئافرەت لە سکیدا هەڵیدەگرێ، ﴿ وَأُولَاتُ الْأَحْمَالِ ﴾، یانی: (**صَاحِبَاتُ الأَحْمَال**)، خاوەن تۆڵەکان، ئەو ئافرەتانەی دوو گیانن، بەڵام بۆیە وشەی (دوو گیان) کەمتر بەکاردێنم، چونکە جاری وایە ئافرەت دوو گیان نیە، بەڵکو دوو کۆرپەلەی لە سکیدان و سێ گیانە، یاخود جاری وایە چواری لەسکدان و پێنج گیانە، یەکی خۆی و چوار گیانی دیکەش لە سکیدان، بۆیە ئەو وشەیە زۆر ڕاست نیە، بەڵام ئەگەر بگوترێ: تۆڵ، تۆڵ یانی: کۆرپەلە کە لە سکی ئافرەتدایە، یەك بێ، یان پتر، تۆڵدار واتە: خاوەن حەمل، ﴿ أَن

يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّ ﴾، واتە: کۆتایی کاتی عیددەکەیان بریتیە لە دانانی ئەوەی لە سکیاندایە، لە دانانی تۆڵەکەیان، ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مِنۡ أَمۡرِهِۦ يُسۡرٗا ﴾، هەر کەسێ پارێزیش لە خوا بکات، خوا لەکاریدا ئاسانیی بۆ دەڕەخسێنێ.

هەڵبەتە ئەوەش دوایی باس دەکەین، کە ئایا ئافرەتێك کە تۆڵدارەو مێردەکەی دەمرێ، یان مێردەکەی تەڵاقیدەداو، دوایی حەملەکەی دادەنێ بەر لە سێ مانگ، بۆ وێنە: هەر دوای پازدە ڕۆژان ئافرەتەکە تۆڵەکەی دادەنێ، ئایا بە دانانی تۆڵەکە، عیددەکەی بەسەر چووە، ئەگەر چەند ڕۆژێکی کەمیش بێ، یاخود دەبێ ماوەی سێ مانگەکە هەر عیددە بشوات، ئەگەر تەڵاقدراو بێ، یاخود چوار مانگ و دە شەو، ئەگەر مێردەکەی کۆچی دوایی کردبێ (**متوفى عنها زوجها**) بێ؟! دوایی باسی دەکەین، کە زانایان ڕاجیاییان لەو بارەوە هەیە.

﴿ ذَٰلِكَ أَمۡرُ ٱللَّهِ أَنزَلَهُۥٓ إِلَيۡكُمۡ ﴾، ئەوەش فەرمانی خوایە بۆی دابەزاندوون، بۆ لای ئێوەی دابەزاندوە، واتە: تاکو کاری پێ بکەن، ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يُكَفِّرۡ عَنۡهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ ﴾، هەر کەسێکیش پارێز لە خوا بکات، (خوا) خراپەکانی لێ دەسڕێتەوە، ﴿ وَيُعۡظِمۡ لَهُۥٓ أَجۡرًا ﴾، پاداشتیشی بۆ مەزن دەکات، پاداشتێکی مەزنی دەداتێ.

ئنجا خوای کاربەجێ باسی ئەوە دەکات، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا بکرێ کە تەڵاقدراون، لە ڕووی نیشتەجێ کردن و حەوێنرانەوەیانەوە؟ دەفەرموێ: ﴿ أَسۡكِنُوهُنَّ مِنۡ حَيۡثُ سَكَنتُم مِّن وُجۡدِكُمۡ ﴾، ئەو ژنە تەڵاقدراوانە، ئنجا ئەگەر تەڵاقێکدراون، ئەگەر دووان دراون، ئەگەر هەر سێ تەڵاقدراون، لەسەر ڕای بەشێك لە زانایان، کە منیش ئەو ڕایەم پێ ڕاسترە، ئەگەر بە یەکجارییش لێکجیابوونەوە، نیشتەجێیان بکەن، لەو شوێنەدا کە خۆتان لێی نیشتەجێن، ﴿ مِّن وُجۡدِكُمۡ ﴾، بەپێی توانای خۆتان، ﴿ وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُواْ عَلَيۡهِنَّ ﴾، هەروەها زیانیان پێ مەگەیەنن بۆ ئەوەی سەغڵەتیان بکەن، هەڵیانپێچن و تەنگەتاویان بکەن و

بـە ناچاریـی ماڵەکـە بەجـێ بهێڵـن، ﴿ وَإِن كُنَّ أُوْلَٰتِ حَمۡلٖ ﴾، بـەڵام ئەگـەر خـاوەن تـۆڵ بـوون، کۆرپەیـان لەسـکدا بـوو، ﴿ فَأَنفِقُواْ عَلَيۡهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّ ﴾، خەرجییان بکێشـن، مەسرەفیـان بکـەن و هاوکارییـان بکـەن هەتـا تۆڵەکەیـان دادەنێـن، ﴿ فَإِنۡ أَرۡضَعۡنَ لَكُمۡ ﴾، ئنجـا ئەگـەر کۆرپەلەکەشـیان دانـا، لێیـان جیابـۆوەو، کۆرپەلەکەیـان بـۆ ئێـوە شـیردا، ﴿ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ﴾، کـرێ و پاداشـتەکانیان پـێ بـدەن (لـە بەرانبـەر ئـەوەدا کـە شـیر دەن بـەو کۆرپەلانـە)، ﴿ وَأۡتَمِرُواْ بَيۡنَكُم بِمَعۡرُوفٖ ﴾، لـە نێـوان خۆتانـدا بـە شـێوەیەکی پەسـند ڕاوێـژ بکـەن، پـرس و ڕا بکـەن، ﴿ وَإِن تَعَاسَرۡتُمۡ ﴾، ئەگـەر کەوتنـە زەحمەتیـی و قورسـییەوەش و نەتانتوانـی لێکتێگەیشـتن بکـەن، لـەو بـارەوە، ﴿ فَسَتُرۡضِعُ لَهُۥٓ أُخۡرَىٰ ﴾، ئافرەتێکـی دیکـەی شـیردەر شـیری ئـەو کۆرپەلەیـە دەدا، واتـە: ئـەی پیـاوەکان! دەبـێ ئافرەتێکـی دیکـە، دایەنێـك شـیردەرێکی دیکـە، بـۆ ئـەو کۆرپەلەیـە پەیـدا بکـەن، مـادام دایکەکـەی ئامـادە نیـە، شـیری پێبـدات و نەگەیشـتوونە لێـك تێگەیشـتن.

لـە کۆتایـی دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ لِيُنفِقۡ ذُو سَعَةٖ مِّن سَعَتِهِۦ ﴾، بـا خـاوەن فراوانیـی لـە مـاڵ و سـامان لـە قـەدەر فراوانییەکـەی خـۆی، ببەخشـێ، ﴿ وَمَن قُدِرَ عَلَيۡهِ رِزۡقُهُۥ فَلۡيُنفِقۡ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ﴾، کەسـێکیش بژێـوی لێوەتەنـگ هێنرابـێ، بـا لـەوەی خـوا پێیـداوە، ببەخشـێ و خـەرج بـکات، واتـە: لـە زۆری زۆرو لـە کەمـی کـەم، کەسـێك کـە دەسـتکراوەیەو مـاڵ و سـامانێکی فراوانـی هەیـە، بـا لـە قـەدەر مـاڵ و سـامانە فراوانەکـەی، خەرجیـی ژنەکـەی بکێشـێ کـە لـە ماڵـی ئەودایـە، بـە تایبـەت کـە تۆڵـی هەبـێ و، بـە تایبەتـتر کـە تۆڵەکـەی دادەنـێ، شـیر بـدات بـە کۆرپەلەکـەی، بـا هـەر کەسـە بـە ئەنـدازەی خـۆی ئـەو خەرجیـی و مەسرەفـە بکێشـێ، ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا ﴾، خـوا هیـچ کەسـێك ئەرکـدار نـاکات، مەگـەر بـەو ئەندازەیـەی پێیـداوە، چەنـدەی پێـداوە، خـوا ﷻ ئەوەنـدەی لـێ داوا دەکات و، ئەوەنـدە ئەرکـی دەکەوێتـە سەرشـان، ﴿ سَيَجۡعَلُ ٱللَّهُ بَعۡدَ عُسۡرٖ يُسۡرٗا ﴾، بـە دڵنیایـی لـە دوای سـەغڵەتیی و تەنگانـە، خـوا ئاسـانیی و فەڕحانیـی دەڕەخسـێنێ، کەواتـە: دڵتـان فـەڕاح و فـراوان بـێ.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەر ﷺ و بڕواداران، کە هەر کات ویستیان ژنان تەڵاق بدەن، پێویستە لە دەستپێکی عیددەیانەوە بێ و، لە ماڵەکانیشیان نەچنە دەرێ، مەگەر ڕەفتارێکی ناقۆڵای ئاشکرایان لێ بپشکوێتەوەو، نابێ سنوورەکانی خواش ببەزێنرێن و، حیکمەتی عیددەش ئومێدی پەیدابوونی گۆڕانێکە، ئنجا بەر لە کۆتایی هاتنی عیددەیان، یان دەبێ بە شێوەیەکی پەسند دەست بە هاوسەرەوە بگیرێ، یان بە شێوەیەکی پەسەند وازی لێ بهێنرێ و، لەهەردوو حاڵەتیش دا، دەبێ دوو پیاوی دادگەر بە شایەد بگیرێن، بەڵێندانی خواش کە هەر کەس پارێزکاریی بکات، خوا دەرووی خێری لێ دەکاتەوە، بێ ئەوەی حیسابیشی بۆ کردبێ بژیوی بۆ دەڕەخسێنێ، بابای پشت بە خوا بەستووش خوای بەسەو، خواش کاری خۆی دەگەیەنێتە جێ، بەڵام بەپێی ئەندازەگیریی خۆی و لە کات و شوێنی خۆیدا:

خوا دەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحۡصُواْ ٱلۡعِدَّةَۖ
وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ رَبَّكُمۡۖ لَا تُخۡرِجُوهُنَّ مِنۢ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخۡرُجۡنَ إِلَّآ أَن يَأۡتِينَ بِفَٰحِشَةٖ
مُّبَيِّنَةٖۚ وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدۡ ظَلَمَ نَفۡسَهُۥۚ لَا تَدۡرِي لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحۡدِثُ
بَعۡدَ ذَٰلِكَ أَمۡرٗا (١) فَإِذَا بَلَغۡنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمۡسِكُوهُنَّ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ فَارِقُوهُنَّ بِمَعۡرُوفٖ وَأَشۡهِدُواْ
ذَوَيۡ عَدۡلٖ مِّنكُمۡ وَأَقِيمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَ لِلَّهِۚ ذَٰلِكُمۡ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ
ٱلۡأٓخِرِۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا (٢) وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ
حَسۡبُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ قَدۡ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَيۡءٖ قَدۡرٗا (٣)﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست و دوو بڕگەدا:

١)- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ﴾، ئەی پێغەمبەر ﷺ! ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەمە ﷺ چونکە ئەو سەرپەرشتیی ئۆممەت دەکات و، ئەو شەریعەت و بەرنامەی خوا بەسەر کۆمەڵگاو ئۆممەتەکەیدا جێبەجێ دەکات و، ڕێنمایی ئۆممەتەکەی دەکات و ئامۆژگارییان دەکات.

٢)- ﴿إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾، {(إِذَا)، بۆ داهاتوو (للمُسْتَقبل)ە}، هەر کاتێ ویستتان ژنان تەڵاق بدەن.

٣)- ﴿فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾، لە دەستپێکی عیددەیاندا تەڵاقیان بدەن، (ل)ی (لِعِدَّتِهِنَّ) بۆ (توقیت)ە، یانی: لە کاتی، وەك دەگوترێ: **(كُتِبَ لِيَوْم كَذَا مِنْ شَهْر كَذَا)**، نووسرا لە فلان ڕۆژەداو لە فلان مانگەدا، خواش دەفەرموێ: ﴿أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِدُلُوكِ ٱلشَّمۡسِ ٧٨﴾**الإسراء**، واتە: کە خۆر لا دەدات، نوێژ بەرپا بکە.

کەواتە: لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾، مانایەکەی ئاوای لێ دێتەوە: **(لِيَكُونَ الطَّلَاقُ عِنْدَ ابْتِدَاءِ الْعِدَّةِ، وَإِنَّمَا تُبْتَدَأُ الْعِدَّةُ بِأَوَّلِ طُهْرٍ مِنْ أَطْهَارٍ ثَلَاثَةٍ)**، با تەڵاقدانەکە لە دەستپێکی عیددەکەدا بێ، (واتە: تەڵاقەکە کاتێك بێ، کە عیددە دەست پێدەکات) و، عیددەش لە سەرەتای یەکەمین پاکییەوەیە لە سێ پاکییەکان (کە بەسەر ئەو ئافرەتەدا دادێن)، هەڵبەتە ئەو ئافرەتە لە پاکییەکەشیدا مێردەکەی نابێ چوو بێتە لای، ئنجا دەبێ تەڵاقی بدات، ئەویش یەك تەڵاق، کەواتە: ﴿إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾، یانی: **(إِذَا أَرَدْتُم تَطْلِيقَ نِسَاءِكُم)**، یان **(طَلَاقَ نِسَائِكُم)**، ئەگەر ویستتان دەستبەرداری ئافرەتەکەتان بن، ئەگەر ویستتان ژنەکانتان واز لێ بێنن، وەك چۆن خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِ ٦﴾**المائدة**، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەر کاتێ هەڵسان بۆ نوێژ، واتە: هەر کاتێ ویستتان نوێژ بکەن، ئەگەرنا

کـە هەسـتای بـۆ نوێـژ، مانـای وایـە یەکسـەر دەسـتی پـێ دەکـەی، یانـی: ئەگـەر ویسـتتان نوێـژ بکـەن، لێرەشـدا: ﴿إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾، ئەگـەر ویسـتتان ژنەکانتـان تـەڵاق بـدەن.

ئـەم ئایەتـە ئـەوە دەگەیەنـێ کـە تەڵاقـدان ڕەوایـەو، لـە کاتـی پێویسـتیی دا کـە ژن و مێردەکـە پێویسـتیان بـێ و، ناچاربـن، شـتێکی ڕەوایـە.

(الطـبري)، هێناویەتـی دەڵـێ: (**إِذَا طَلَّقْتُـمْ نِسَـاءَكُمْ فَطَلِّقُوهُـنَّ لِطُهْرِهِـنَّ الَّـذِي يُحْصِينَهُ مِنْ عِدَّتِهِنَّ، طَاهِـرًا مِنْ غَيْرِ جِمَاعٍ، وَلَا تُطَلِّقُوهُـنَّ بِحَيْضِهِـنَّ الَّـذِي لَا يَعْتَـدِدْنَ بِهِ مِنْ قُرْئِهِـنَّ**)، (**جامع البيان: ٣٤٣٠٩، ٣٤٣١٢**)، واتـە: ئەگـەر ژنەکانتانتـان تەڵاقـدان لـە کاتێکـدا تەڵاقیـان بـدەن لـەو پاکییـەدا کـە دەیژمێـرن، کـە بەشـێك دەبـێ لـە عیددەکەیـان، ئـەو ئافرەتـە لـە کاتـی پاکییدابـێ، (لـە کاتـی بێنوێژییـدا نەبـێ و) جیماعیشـی لەگەڵـدا نەکرابـێ و، لـە کاتێکـدا کـە کەوتوونـە حەیـزەوە، تەڵاقیـان مـەدەن، چونکـە حەیزەکـە بـە بەشـێك لـە عیددەکەیـان بـۆ لـە دانانـدرێ قەڵـەم نادرێ(ئـەو کاتـەش ئافرەتەکـە زەرەرمەنـد دەبـێ).

ئنجا لـەو بارەوە کـە زانایـان هەموویـان یاخـود زۆربـەی هـەرە زۆریـان دەڵێـن: دەبـێ لـە سـەرەتای پاکییەکـەوە، پاکییـەك کـە هاوسـەرەکەی لەگەڵیـدا جـووت نەبووبـێ، لەوێـوە عیـددە دەسـت پـێ بکات،یەکێـك لـە زانایـان دەڵـێ: ئـەم ئایەتـە بەڵگەیـە بـۆ ڕای زۆربـەی زانایـان کـە عیـددە بـە پاکییـەکان دەژمێـردرێ، نـەك بـە حەیـزەکان و، ئەگـەر بـە سـەرەتای حەیـز، یـان لـە حەیـزدا عیـددە دەسـتی پێکردبایـە، ئـەو کاتـە خـوا دەیفەرمـوو: لـە کاتێکـدا ئافرەتـەکان دەکەونـە حەیزەوە، تەڵاقیـان بـدەن، بـەڵام ئافـرەت تەڵاقـدان لـە کاتـی حەیـزو بێنوێژییـدا قەدەغـە کـراوە، وەك پێشـتریش لـە کاتـی هێنانـی ئـەو فەرموودەیـە لـە بـارەی هـۆی هاتنـە خـوارەوەدا هاتـوە، باسـمانکرد کـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەر ژنەکـەی تەڵاقدابـوو (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ) ژنەکـەی خـۆی تـەلاق دابـوو، لـە کاتێکـدا کـە

بێنوێـژ بـوو، پێغەمبەریـش ﷺ تـووڕە بـوو، فەرمـووی: بـا لێـی بگـەڕێ تاكـو پـاك دەبێتـەوە، ئنجـا بـێ ئـەوەی دەسـتی بگەیەنێتـێ، ئەگـەر پێیخـۆش بـوو بـا تەڵاقـی بـدات، ئەگەرنـا بیهێڵێتـەوە.

٤)- ﴿ وَأَحْصُواْ ٱلْعِدَّةَ ﴾، سەرژمێری عیددەش بكەن، (العِدَّةَ)، (أل)ەكە بۆ (عَهْد)ە، واتە: سەرژمێریی ڕۆژەكان و شەوەكانی عیددەكە بكەن، عیددەش زانایان ئاوا پێناسەیان كردوە: (قُعُودُ المَرْأَةِ عَنِ الزَّوَاجِ حَتَّى تَنْقضي المُدَّة المُرْتَّبَةُ شَرْعَاً)، دانیشتنی ئافرەتە لەوەی هاوسەرگیریی بكات، تاكو ئەو ماوەیەی شەرع دایناوەو تێدەپەڕێ، كەواتە: عیددە، واتە: شەوان و ڕۆژانێكی ژمێردراو و بە مەرج گیراو، بۆ ڕەوابوونی هاوسەرگیریی كردنەوەی ئافرەت، یان گەڕانەوەی بۆ لای مێردەكەی، یاخود وازلێهێنانی و دەستپێكردنەوەی هاوسەرگیریكی دیكە.

كـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَأَحْصُواْ ٱلْعِدَّةَ ﴾، (الإحْصَـاءُ: مَعْرِفَـةُ الْعَـدِّ وَضَبْطُـهُ، وَهُـوَ مُشْـتَقٌّ مِـنَ الْحَـصَى، وَهِـيَ صِغَـارُ الْحِجَـارَةِ)، (إحْصَـاء): لـە ئەصڵـدا لـە چـەوو بـەردی بچـووك (حـصى)ەوە داتـاشراوە (لەبـەر ئـەوەی كاتـی خـۆی شـتیان بـە وردە بـەردان ژمـاردوە)، واتـە: سـەرژمێرییكردن و زانینیـی ژمـارەی شـتێك و كۆنترۆڵكردنـی، (عَـدّ)، بریتیـە لـە ژمـارەدن: (١، ٢، ٣، ٤)، بـەڵام (إحْصَـاء)، بریتیـە لـە سـەرژمێر، ﴿ وَأَحْصُواْ ٱلْعِدَّةَ ﴾، واتـە: مـاوەی عیـددە، شـەوەكانی و ڕۆژەكانـی بـۆ سـەرژمێربكەن.

٥)- ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ رَبَّكُمْ ﴾، پارێزیش لە خوای پەروەردگارتان بكەن.

٦)- ﴿ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنۢ بُيُوتِهِنَّ ﴾، ئەو ژنانەی تەڵاقتان داون، لەماڵەكانی خۆیان وەدەریان مەنێن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە ئەو ئافرەتە مافی هەیە بەو ماڵەوە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنۢ بُيُوتِهِنَّ ﴾، لە ماڵەكانیان وەدەریان مەنێن، واتە: ئەو ئافرەتانە خاوەنی ئەو ماڵانەن، ژن هەتا لە ژێر نیكاحی ئەو پیاوە دابێ، تاكو یەكجاریی لێی جیادەبێتەوە، بەشێك لە خاوەنداریەتیی لەو ماڵەدا هەیە، بەڵكو ئەگەر یەكجارییش لێی جیابووبێتەوە، بە ڕای زۆربەی زانایان مافێكی ئەو ئافرەتەیە

تاکو عیددەی بەسەر دەچێ، لەو ماڵەدا بمێنێتەوەوە تاکو ئەو کاتە خاوەنداریەتیی لەو ماڵەدا هەیە.

٧)- ﴿وَلَا يَخْرُجْنَ﴾، با خۆشیان دەرنەچن، نە ئێوە دەریان بکەن، نە خۆشیان دەربچن.

٨)- ﴿إِلَّآ أَن يَأْتِينَ بِفَـٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ﴾، مەگەر ئەوان کردەوەیەکی نا قۆڵای ڕوونکەرەوە بکەن، یان کردەوەیەکی ناقۆڵای ئاشکرابوو بکەن، چونکە: (مُبَيِّنَة) و (مُبَيَّنة)ش، خوێندراوەتەوە، (مُبَيِّنة)، واتە: ئاشکراکەر، (مُبَيَّنَة)، واتە: ئاشکرا کراو، ئنجا وەك پێشتریش گوتم: هەندێك لە زانایان گوتوویانە: **(فاحشة مُبَيِّنَة)** مەبەست پێی زینایە، یانی: ئەگەر ئەو ژنە لە ماڵی مێردەکەیدا، دوای ئەوەی تەڵاقدراوە، زینای کرد، دەبرێتەدەر بۆ سزادان! بەڵام بێگومان ئەمە مانا لێکدانەوەیەکی ناڕاستەو، خوا ﷻ باسی ئەوە ناکات، بەڵکو باسی ئەوە دەکات: کە ئافرەتە کە تەڵاقدراوە کە، دەگونجێ بە لە باریی لە ماڵی مێردەکەیدا دابنیشێ، هەتا بزانێ ئایا ئاشت دەبنەوە؟ چونکە جاری وایە مێردەکە دەیەوێ لەگەڵ ژنەکەی دا ئاشت بێتەوەو، ئافرەتەکە ڕازی نیە، یان ژنەکە خوازیارەو مێردەکەی ڕازی نیە، ئایا هەردووکیان دەگەنە ئەو قەناعەتەی پێکەوە باش بن و، ژیانی هاوسەرگیریی دەست پێ بکەنەوە، یان ناگەنە ئەو قەناعەتە؟ تاکو ئەو کاتە ژنەکە بۆی هەیە، لەو ماڵەدا بمێنێتەوە، ئنجا ئەو ژنە کە بە لە باریی لەو ماڵە دانیشت و سنوورەکانی شەریعەتی پاراستن، بەو واتایەی لەگەڵ مێردەکەیدا پرتەو بۆڵەی نەکردو شەڕی بە کەس و کاری نەفرۆشت، دەنگە دەنگی نەکردو بێزاری نەکردن، مانای وایە مافی مانەوەی هەیە، بەڵام ئەگەر کردەوەیەکی ناقۆڵای ئاشکراکەر، یان ئاشکرا کراوی کرد، وەك: ئازاردانی مێردەکەی، بە دەمەوەریی و پرتەو بۆڵە، یان ئازاردانی کەس و کارەکەی، ئەو کاتە ئەو مافەی دەفەوتێ.

٩)- ﴿وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ﴾، ئەم یاسایانەش سنوورەکانی خوان، یاسایەکانی خوا، وەك سنوورێکن دیارییکراون و نابێ لێیان تێبپەڕێنرێ.

١٠)- ﴿وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ﴾، هەر کەسێکیش سنوورەکانی خوا ببەزێنێ، لێیان تێپەڕێنێ، ستەمی لە خۆی کردوە، واتە: ئێوە سنوورەکانی خوا مەبەزێنن، لێیان تێمەپەڕێنن، ئەگەرنا لە ئەنجامی شکاندنی سنوورەکانی خواو لێ تێپەڕاندنیانەوە، مانای وایە ستەمتان لە خۆتان کردوە، ئنجا ئایا ستەم لە خۆکردنەکەش دوایی لە چیدا بەرجەستە دەبێ؟ لە سەر ئێشەو خراپەو خەم و خەفەت و مەینەتیی و نارەحەتیی دا، بۆ وێنە: ئەگەر بێت و پیاو بەپێی سنوورەکانی شەرع مامەڵە بکات، هەرچەندە لە ژنەکەی جیاش بێتەوە، بەڵام بەپێی سنوورەکانی شەرع و ئەو بەرنامەیەی شەریعەت دایناوە، کە بریتیە لەوەی تەڵاقێکی بدات لە پاکییەکدا کە نەچۆتە لای، هەر کات عیددەکەی بەسەرچوو، نەیگێڕایەوە لای خۆی، بێگومان ژنەکەی لێی جیا دەبێتەوەو، ئەو کاتە ئەو ئافرەتە سەر پشکەو دەتوانێ بە گرێبەستێکی تازە بچێتەوە لای مێردەکەی و دەشتوانێ هاوسەرگیریی دیکە بکات، ئەگەر دوای تەڵاقی یەکەم بێ، هەروەها ئەگەر دوای تەڵاقی دووەمیش بێ بەهەمان شێوە، دوای بەسەرچوونی عیددە ئەو ئافرەتە سەر پشك دەبێ، بەڵام دوای تەڵاقی سێیەم، تازە ئەو پیاوە بۆی نیە ئەو ئافرەتە بە گرێبەستێکی تازە بهێنێتەوە لای خۆی، مەگەر ئەو ژنە بچێ شووێکی دیکەو مێردێکی دیکە بکات، دوایی لێی جیا بێتەوە، ئەوجار دەتوانن، بێنەوە لای یەکدی.

خوا دەفەرموێ: هەر کەسێ سنوورەکانی خوا ببەزێنێ، ستەمی لە خۆی کردوەو، خۆی سەرئێشەو نارەحەتیی و گرفتاریی بۆ خۆی دێنێتە دی.

١١)- ﴿لَا تَدْرِى لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا﴾، نازانی ڕەنگە خوا دوای ئەوە دۆخێکی دیکە بڕەخسێنێ، واتە: لە حاڵێکدا کە ئافرەتەکە لە عیددە دایە، ڕەنگە لە میانی ئەو عیددەیەدا گۆڕانکارییەکی دیکە بێتە پێش، پیاوەکە دڵی بچێتەوە سەر ژنەکەی، یان ژنەکە پەشێمان دەبێتەوە لەو هۆکارانەی ئەو پیاوەیان بێزار کردوەو ناچاری کردوە تەڵاقی بدات و، گۆڕانکاریی بەسەر خۆیاندا بێنن، کە خوای کارزان گۆڕانکارییەکە، لەبەر ئەوەی هەموو شتێ بە ویستی خواو بە زانیاریی خوایە،

پاڵیداوەتە لای خۆی: ﴿ لَا تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا ﴾، ڕەنگە، نیزیکە خوا لە دوای ئەوە کارێك بڕەخسێنێ، کارێك پەیدا بکات، بە قازانجی ئەو ژن و مێردە بێ، کە ویستوویانە لێك جیاببنەوە.

زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان دەڵێـن: ئافرەتێـك مێردەکـەی چووبێتـە لای واتـە: گواسـتبیەوە، کـە پێـی دەگوتـرێ: (المدخـول بهـا)[1]، ئافرەتێـك گوازرابێتـەوە، پێویسـتە جێـگاو ڕێـگای بـۆ دابیـن بکـرێ، بـا تەڵاقیشـدرابێ، چ تەڵاقەکـەی ڕەجعیـی بـێ، واتـە: دوای تەڵاقـی یەکـەم و دووەم بـێ، ئـەو عیددەیـەی هـی دوای تەڵاقـی یەکـەم و دووەم بـێ، کـە پێـی دەگوتـرێ: تەڵاقـی ڕەجعیـی، چونکـە مێردەکـە بـۆی هەیـە بـەر لـە بەسـەرچوونی عیددەکـەی بیهێنێتـەوە لای خـۆی، یاخـود تەڵاقـی جیابوونـەوە (بائـن) بـێ واتـە: دوای تەڵاقـی سـێیەم بـێ، یاخـود ژنەکـە داوای کردبـێ لـە مێردەکـەی جیابێتـەوە، کـە پێـی دەگوتـرێ: داڕنیـن (خُلْـع)، یاخـود هەڵوەشـاندنەوەی گرێبەسـتەکە (فسـخ العقـد) لەلایـەن قازییـەوە بووبـێ، هەرچـۆن بـێ، مـادام ئـەو ئافرەتـە گواسـترابێتەوە، مافـی ئـەوەی هەیـە، جێـگاو ڕێـگای بـۆ دابیـن بکـرێ، تاکـو عیـددەی بەسـەر دەچـێ، هەندێکیشـیان گوتوویانـە: ئافرەتێـك یەکجاریـی لـە مێردەکـەی جیابووبێتـەوە، بـە هـەر هۆکارێـك بـێ، مافی نیشـتەجێکران و حەوێندرانـەوەی دەفەوتـێ و، مێردەکـەی ئەرکـدار ناکـرێ و لەسـەری پێویسـت نابێ کـە جێـگاو ڕێـگای بـۆ دابیـن بـکات، تاکـو عیـددە تـەواو دەکات.

١٢)- ﴿ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ ﴾، ئنجا هەر کاتێك ئەو ئافرەتانەی تەڵاقدراون، گەیشتنە کاتی خۆیان، گەیشتنە ئەو کاتەی عیددەکەیان تەواو دەبێ و بەسەر دەچێ.

١٣)- ﴿ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ ﴾، ئێوە (ئەی مێردەکان کە ژنەکانتان تەڵاقداون!) ئەو ژنە تەڵاقدراوانەی عیددەکەیان تەواو بووە، یان بەشێوەیەکی

---

(١) واتـە مێردەکـە ئـەو ژنـەی بردۆتـە خەڵـوەو ژووری تایبەتـەوە، بـۆ جووتبوون، نەك مەبەسـت پێـی پرۆسـەی جیـماع و جووتبـوون بـێ، وەك زۆر کـەس وادەزانن!

پەسەند بیانگرنە خۆتان و دەست بە گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەیانەوە بگرن، یاخود بەشێوەیەکی پەسەند لێیان جیا ببنەوە، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ ﴾، (أُطْلِقَ هُنَا عَلَى مُقَارَبَةِ انْتِهَاءِ الأَجَلِ، لأَنَّهُ لاَ مُرَاجَعَةَ بَعْدَ انْتِهَاءِ الأَجَلِ)، کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ ﴾، یانی: (إِذَا قَارَبْنَ بُلُوغَ أَجَلِهِنَّ)، ئەگەر نیزیك بوو بگەنە کۆتایی کاتەکەیان، (کۆتایی کاتی عیدەکەیان) ئەگەرنا دوای ئەوەی عیددەیان تەواو دەبێ، ئەو پیاوە لە رووی شەرعییەوە هیچ مافی بەسەر ئەو ئافرەتەوە نامێنێتەوە کە بڵێ: ئەوە گێڕامەوە ژێر نیکاحی خۆم، مادام عیددەکەی تەواو بووبێ، بەڵکو ئەو کاتە ئافرەتەکە سەر پشك دەبێ، ئەگەر دوای تەڵاقی یەکەم یان دووەم بێ، کە پێیان دەگوترێ: تەڵاقی ڕەجعیی، دوای بەسەرچوونی عیددەکەی، ژنەکە سەرپشکە لەگەڵ مێردەکەیدا بە گرێبەستێکی تازەو بە مارەییەکی تازە هاوسەرگیریی دەکاتەوە، یاخود واز لە مێردەکەی دێنێ، هەرچەند مێردەکەشی داوا دەکات، بەڵام ئەو هاوسەرگیرییەکی دیکە لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا دەکات؟! واتە: لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ ﴾، یانی: (إِذَا قَارَبْنَ نِهَايَةَ مُدَّةَ عِدَّتِهِنَّ)، ئەگەر کەوتنە سوێی، کەوتنە قەراغی، نیزیك کۆتایی بەسەرچوونی عیددەکەیان، ئەو کاتەی ئەی مێردەکان کە ژنەکانتان تەڵاقتان داون، تەڵاقی یەکەم و دووەم، یان بیانگرنەوە خۆتان بەشێوەیەکی پەسندو ژیانی هاوسەریی درێژە پێ بدەن، یاخود بەشێوەیەکی پەسەند، یەکجاریی لێك جیاببنەوە.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ ﴾، هەردوو فەرمانەکان بۆ ڕەوا کردنن (الأَمْرَانِ لِلإِبَاحَةِ)، بێگومان بۆ فەرز بوون نین، واتە: هەردوو لاتان بۆ هەن.

پیتی (أو)، لە: ﴿ أَوْ فَارِقُوهُنَّ ﴾دا، بۆ سەرپشککردنە، کە دەشفەرموێ: (بِمَعْرُوف)، لە هەردووکیاندا: ﴿ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ ﴾، (ب)، (للملابسة)، واتە: بۆ تێکەڵییە، یانی: لە حاڵێکدا گرتنەوەخۆیەکە یان وازلێهێنانێکە، بەشێوەیەکی پەسەند بێ.

(مَعْرُوف)یـش، یانـی: بـە پەسـەند زانـراو و بـاش، ئەویـش ئـەو حاڵەتـە پەسـندەیە کـە هاوسـەرەکان، ژنـان و پیاوانـی هاوسـەردار پێـوەی ڕاهاتـوون، وەك باوێـك کـە لـە نێویاندایـە، چ بـۆ پێکـەوە ژیـان، چ بـۆ لێکـترازان.

ئنجـا کـە لـە ڕسـتەی پێشـێدا دەفەرمـوێ: ﴿لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحۡدِثُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ أَمۡرًا﴾، وشـەی (أَمْـرَاً)، وەسـفکراوی سـیفەتێکی قرتێـنراوە، یانـی: (لَعَـلَّ اللهَ يُحْـدِثُ بَعْـدَ ذَلِكَ أَمْـرَاً نَافِعَـاً)، نیزیکـە دوای ئـەوە خـوا کارێکـی بـە کەڵـك و سـوود بـۆ هەردووکیـان، بڕەخسـێنێ، دەرووێکـی خێریـان لـێ بکاتـەوەو، گۆڕانکارییـەك کـە بـە قازانجیـان بـێ، بیهێنێتـە پێـش.

١٥)- ﴿وَأَشۡهِدُواْ ذَوَيۡ عَدۡلٖ مِّنكُمۡ﴾، دوو پیاوی خاوەن دادگەرییش لە خۆتان بە شایەد بگرن، واتە: دوو پیاو کە خاوەنی دادگەریی بن، بە شایەدیان بگرن بۆ هەردوو حاڵەتی: گرتنەوەخۆ، یاخود وازلێهێنان، ئەوەی لە ڕواڵەتی ئایەتەکەش وەردەگیرێ ئەوەیە کە بە شایەدگرتنەکە لە هەردوو حاڵاندا: (إِمْسَاك و فِرَاق)دا، واتە: گەڕانەوەی مێردەکە بۆ لای ژنەکەی و، دووبارە درێژەدان بە ژیانی هاوسەرییان، یاخود وازلێهێنان و دەستبەردار بوون، لە هەردوو حاڵاندا بە شایەدگرتنی دوو پیاوی دادگەر پێویستە.

١٦)- ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَ لِلَّهِ﴾، شایەدییدانیش لەبەر خوا بەرپا بکەن، شایەدیی دان لەبەر خوا، واتە: لە پێناوی خواو جێبەجێکردنی فەرمانی خوادا، نەك لەبەر خاتری شایەدیی بۆدراو، یان شایەدیی لەسەر دراو، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَ لِلَّهِ﴾، ئەو ڕستەیە وێڕای ئەوەی ئەوە دەگەیەنێ کە لەبەر خوا شایەدییەکە بدرێ، نەك لەبەر شایەدیی بۆ دراو یان شایەدیی لەسەر دراو، ئەوەش دەگەیەنێ کە شایەدییەکەش شایەدییەکی ڕێك و ڕاست بێ و، لاریی تێدا نەبێ، هەڵبەتە زانایان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە بە شایەدگرتنی دوو پیاوی دادگەر، مەرج نیە نە بۆ هێنانەوە ژێر نیکاحی پیاوەکە بۆ ژنەکەی و، نە بۆ لێکجیابوونەوەیان، بەڵکو بە شایەد گرتنی دوو پیاوی دادگەر، بۆ دوور بینییەو بۆ پاراستنی مافی ژنەکەشەو پیاوەکەشەو، بۆ دووریی گرتنە لە ناکۆکیی و دەمەقاڵیی دوایی

و، پەیدانەبوونی دەرهاویشتەی خراپە، ئەگەرنا ئەگەر پیاوەکە شایەدیش نەگرێ، مادام نیەتی لێ هێنابێ لە ژنەکەی جیابێتەوە، هەر دەتوانێ لێی جیابێتەوە، هەروەها ئەگەر شایەدانیش نەگرێ، دەتوانێ ژنەکەی بهێنێتەوەو، پێش ئەوەی عیددەی بەسەر بچێ بڵێ: من ئەو ژنەم هێنایەوە لای خۆم، بەبێ شایەد گرتنیش، بەڵام شایەدگرتنەکە لە هەردوو حاڵی هێنانەوە ژێر نیکاح و، لێك جیابوونەوەیاندا، هەرچەندە مەرجی هێنانەوە ژێر نیکاح و تەڵاق کەوتنەکە نیە[1]، بەڵام فەرمانی پێکراوە، تاکو دوایی مشت و مڕو دەمە قاڵەو گرفت و کێشە لە نێوانیاندا دروست نەبێ.

زۆربەی زانایان دەڵێن: شایەدگرتنەکە تەنیا لە حاڵەتی هێنانەوە ژێر نیکاحی پیاو بۆ ژنەکەی دایە: (**الجُمْهُورُ عَلَى أَنَّ الإِشْهَادَ فِي المُرَاجَعَةِ فَقَط، دُونَ الفِرَاق**)، تەنیا ئەگەر پیاوەکە بیەوێ بگەڕێتەوە لای ژنەکەی و ژنەکەی بهێنێتەوە ژێر نیکاحی خۆی، دوو پیاوی دادگەر بە شایەد گرتنەکە پێویستە، بەڵام (**عبد الله بن عباس و یحیی بن بکیر (من المالکیة)، وشافعي (في أحد قولیه)، وابن حنبل (في أحد قولیه)، وروایة عن عمران بن حصین و طاووس و إبراهیم و أبي قلابة وعطاء**)، ئەوانە هەموویان ڕایان وایە: هەم بۆ تەڵاق و هەم بۆ هێنانەوە ژێر نیکاح، ئەو شایەدگرتنە پێویستە.

لەو بارەوەش کە ئایا ئەو شایەدگرتنە، شتێکی پێویستە، یاخود بەس پەسەندە؟ لە نێوان زانایان دا ڕاجیایی هەیە، بەڵام بەپێی ڕواڵەتی ئایەتەکە، دەبێ پێویست بێت، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَشْهِدُواْ ذَوَىْ عَدْلٍ مِّنكُمْ ﴾، دوو پیاوی خاوەن دادگەریی لە خۆتان بە شایەد بگرن، ئایا بەچی دەزانین دەبێ دوو پیاو بن و، دوو ئافرەت بە کەڵکی ئەو شایەدییە نایەن؟ بە بەڵگەی ئەوە کە دەفەرموێ: ﴿ ذَوَىْ عَدْلٍ مِّنكُمْ ﴾، دوو پیاوی خاوەن دادگەریی لە خۆتان، ئەگەر مەبەست دوو ئافرەت بووایە، دەیفەرموو: (**ذَوَاتَي عَـدْلٍ منكـم**).

---

(١) مەرج بوون یانی: بەبێ ئەوە کارەکە نایەتە دی و دروست نابێ، بەڵام فەرمان پێکراوبوون، یانی: ویستراوەو داواکراوە، ئەویش چ فەرز بێ چ پەسند.

پێناسەی دادگەریی (العدل)

(**الجُرْجَانِي**) لە کتێبە ناودارەکەی خۆی دا[1]، دەڵێ: (**العَدَالَةُ فِي اللُّغَةِ: الإِسْتِقَامَةُ، وَفِي الشَّرِيْعَةِ: عِبَارَةٌ عَنِ الإِسْتِقَامَةِ عَلَى طَرِيْقِ الحَقِّ بِالإِجْتِنَابِ عَمَّا هُوَ مَحْظُوْر دِيْنَاً، وَالعَدْلُ: عِبَارَةٌ عَنِ الأَمْرِ الْمُتَوَسِّطِ بَيْنَ طَرَفَيِ الإِفْرَاطِ وَالتَّفْرِيطِ، وَفِي اصْطِلَاح الفُقَهَاء: مَنِ اجْتَنَبَ الكَبَائِر، وَلَمْ يُصِرّ عَلَى الصَّغَائِر، وَغَلَبَ صَوَابُهُ، وَاجْتَنَب الأَفْعَال الخَسِيْسَة، كَالأَكْلِ فِي الطَّرِيْقِ وَالبَوْل**)، واتە: دادگەریی لە زماندا بە مانای ڕێك وەستانە، بەڵام لە شەریعەتدا بریتیە لە ڕێك وەستان لەسەر ڕێی هەق، ئەویش بە خۆدوورگرتن لەو شتانەی لە ڕووی شەرعییەوە قەدەغەن، هەروەها (**عَدْل**): بریتیە لە کارێکی میانجیی لە نێوان تێپەڕاندن و بەزایەدان دا، بەڵام لە زاراوی شەرعزانانددا: پیاوێکی (عدل) یان (عادل) کەسێکە لە گوناهە گەورەکان خۆی پاراستبێ و، لەسەر گوناهە بچووکەکانیش بەردەوام نەبێ و، ڕاستیی و پێکان تێیدا زاڵ بێ سەر نەپێکانداو، خۆشی لە کردەوە پەستەکان بپارێزێ، وەك خواردن بە ڕێگاوەو، میزکردن لەبەرچاوی خەڵك.

بێگومان ئەو شتانەش بەپێی عورف و باوی کۆمەڵگا، حوکمیان دەگۆڕێ.

١٧)- ﴿ذَٰلِكُمْ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾، ئا ئەمەتان (کە باسکرا ئەو حوکمانە) هەر کەسێك بڕوای بە خواو ڕۆژی دوایی هەبێ، پێی ئامۆژگاریی دەکرێ.

١٨)- ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا﴾، هەر کەسیش پارێز لە خوا بکات، خوا دەرووی لێ دەکاتەوە.

١٩)- ﴿وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ﴾، بە جۆرێك کە گومانیشی بۆ نابات و ئەگەری بۆ دانەناوە، (خوا) بژیوی دەدات، (**حَيْثُ: مُسْتَعْمَلَة مَجَازًا فِي الأَحْوَالِ وَالْوُجُوهِ تَشْبِيهًا لِلْأَحْوَالِ**

---

(١) التعریفات: ص١٤٨.

بِالْجِهَاتِ)، (حَيْثُ): لێرەدا بەکارهێنراوە بە مەجاز بۆ حاڵەکان و بۆ ڕووەکان و، حاڵەکان چوێندراون بە لایەکانەوە، چونکە (حَيْثُ)، لە ئەصڵدا بە مانای زەرفی شوێنە، ئنجا لێرەدا: ﴿ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ﴾، واتە: لە حاڵێکداو بەشێوەیەك خوا بژێوی دەدات کە نایزانێ، (حَيْثُ)، لە حاڵەتی زەرفیی دەرهێنراوە بە مەجاز بۆ تەعبیرکردن لە: حاڵەت و ڕوو و شێوە، یانی: بە حاڵەتێك و شێوەیەك بژیوی دەدات، کە بۆ خۆی حیسابی بۆ نەکردوە.

٢٠)- ﴿ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ﴾، هەر کەسێکیش پشت بە خوا ببەستێ، خوای بەسە.

٢١)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ﴾، بێگومان خوا بە ئەنجام گەیەنەری کارەکەیەتی، ئەمە خوێندراویشەتەوە: (إنَّ الله بَالِغٌ أَمْرَهُ)، ﴿ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ﴾، (بَالِغ)، پاڵدەدرێتە لای (أَمْرِه) و (أَمْرِه)، دەبێتە پاڵوەلادراو (مضاف إليه)، بەڵام (بالغٌ أَمْرَهُ)، بە تەنوین، یانی: خوا بە ئەنجام گەیەنەری کاری خۆیەتی، (الطبري)، دەڵێ: (إنَّ اللهَ مُنَفِّذٌ أَمْرَهُ مُمْضٍ فِي خَلْقِهِ قَضَاءَهُ)، واتە: خوا کاری خۆی جێبەجێ دەکات و، بڕیاری خۆی لە دروستکراوەکانیدا تێدەپەڕێنێ.

٢٢)- ﴿ قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا ﴾، خوا بۆ هەر شتێك ئەندازەیەکی داناوە، (الطبري)، گوتوویەتی: (قَدراً: حَدّاً وَأَجَلاً وَمُنْتَهىً)، خوا ﷻ بۆ هەر شتێك کاتێك و سنوورێك و کۆتاییەکی داناوە.

کەواتە: وامەزانن کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: هەر کەسێك پشت بە خوا ببەستێ، خوای بەسە، مانای ئەوەیە تۆ چیت ویست لەو کاتەدا، کە دەتەوێ و، لەو شوێنەدا کە دەتەوێ، خوا بۆت دەکات، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ﴾، بەڵێ، خوا کاری خۆی دەگەیەنێتە جێ و، بە کۆتایی دەگەیەنێ و، بە ئامانج و ئەنجام دەگەیەنێ، بەڵام: ﴿ قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا ﴾، بە دڵنیایی خوا بۆ هەر شتێك ئەندازەیەکی داناوەو، لە کاتی خۆیداو، لە شوێنی خۆیدا، کارەکانی خۆی دەکات.

مەسەلەی دووەم:

ماوەی عیددەی ئافرەتانی بێ ئومێد لە حەیزو، نەگەیشتوو بە تەمەنی کەوتنە حەیز سێ مانگەو، کۆتایی ماوەی (عیددەی) ژنی تۆلداریش دانانی تۆڵەکەیەتی، خواش کاری پارێزکاران ئاسان دەکات و، خراپەکانیشیان لێ دەسڕێتەوەو، پاداشتیان مەزن دەکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّٰٓـِٔي يَئِسۡنَ مِنَ ٱلۡمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمۡ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَٰثَةُ أَشۡهُرٖ وَٱلَّٰٓـِٔي لَمۡ يَحِضۡنَۚ وَأُوْلَٰتُ ٱلۡأَحۡمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مِنۡ أَمۡرِهِۦ يُسۡرٗا ﴿٤﴾ ذَٰلِكَ أَمۡرُ ٱللَّهِ أَنزَلَهُۥٓ إِلَيۡكُمۡۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يُكَفِّرۡ عَنۡهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُعۡظِمۡ لَهُۥٓ أَجۡرًا ﴿٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَٱلَّٰٓـِٔي يَئِسۡنَ مِنَ ٱلۡمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمۡ ﴾، ئەوانەی لە ژنەکانتان، نائومێد بوون لە حەیز، واتە: چیدیکە ناکەونە حەیزەوەو چیدیکە حەیز ناشۆن، لە کوردەوارییدا دەڵێن: سەرو عوزرشۆر، (**الطبري**) دەڵێ: (**وَالنِّسَاءُ اللَّاتِي قَدِ ارْتَفَعَ طَمَعُهُنَّ عَنِ الْمَحِيضِ، فَلاَ يَرْجُونَ أَنْ يَحِضْنَ**)، ئەو ئافرەتانەی ئومێدیان نەماوە بە حەیزو، بە تەمانین جارێکی دیکە بکەونە حەیزەوە، چونکە تەمەنیان هەڵکشیوە، یاخود تووشی نەخۆشییەك بوون.

٢)- ﴿ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ ﴾، ئەگەر ئێوە (ئەی پیاوینە!) کەوتنە گومانەوە، یان ئەگەر ئێوەو ئافرەتەکان کەوتنە گومانەوە، ئایا دەبێ عیددەیان چەند بێ؟ دوای چەند دەگونجێ هاوسەرگیریی بکەنەوە؟ چونکە حەیزی پێدانایەت تاکو بگوترێ: با حەیزێك بشواو، دوایی پاکییەکی بەسەردا بێ و، دوایی حەیزی دووەم و، دوایی پاکیی سێیەم، ئنجا بۆی هەبێ، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلۡمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصۡنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٖ ﴿٢٢٨﴾ ﴾**البقرة**، ئافرەتانی تەڵاقدراو چاوەڕێی خۆیان دەکەن، خۆیان مەرزەم دەکەن تاکو تێپەڕینی سێ (**قُرءْ**)، (**قُرُوءٍ**)، ئەبوو حەنیفە بە حەیزی لێکداوەتەوە، بەڵام بەپێی ئەم ئایەتەو بە ڕای جەماوەری زانایان (**قُرءْ**)، بە مانای پاکیی (**طُهْر**) دێ، واتە: ئافرەت

دەبێ سێ پاکیی بەسەردا بێن، عیددەکەی بریتیە لە سێ پاکیی بەسەردا هاتن، ئەوە بۆ ئافرەتێك کە بکەوێتە حەیزەوە.

بـەڵام دەفەرمـوێ: ئەوانـەی لـە حەیـز چوونـەوە، واتـە: نائومێـد بوونـە لـەوەی بکەونـە حەیـزەوە:

٣)- ﴿فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَٰثَةُ أَشۡهُرٖ﴾، ئەوانە عیددەکەیان سێ مانگە، ئنجا لە ڕاستییدا پاکیی و کەوتنە حەیزێکیش، هەر لە ماوەی مانگێکدا دەبێ و ماوەکان لە یەك نیزیکن، چ (**قرء**) بە (**حیض**) مانا بکرێ، چ بە پاکیی (**طهر**).

٤)- ﴿وَٱلَّٰٓـِٔي لَمۡ يَحِضۡنَۚ﴾، هەروەها ئەو ئافرەتانەش کە نەکەوتوونەتە حەیزەوە، واتە: جارێ نەگەیشتوونە تەمەنێك حەیزیان پێدا بێ، بەڵام دیارە هاوسەرگیرییشیان کردوە، کە ئەوەش حاڵەتێکی دەگمەنە، هەرچەندە ئەو ئافرەتە مێردی چۆتە لای، بەڵام جارێ نەکەوتۆتە حەیزەوە، یان لەبەر نەخۆشییەك ناکەوێتە حەیزەوە، تاکو ماوەی عیددەکەی دیار بێ، چونکە کە حەیزی دیار نەبوو، پاکییەکەشی دیار نابێ و نازانێ کەنگێیە، هەمیشە هەر پاك دەبێ، چونکە خوێنی حەیزی پێدا نایەت، تاکو پاکیی دوای حەیزی هەبێ و هەمیشە هەر پاك دەبێ، بۆیە ئەو ئافرەتانەی نائومێد بوون لە کەوتنە حەیزو، ئەو ئافرەتانەش کە جارێ نەکەوتوونەتە حەیزەوە، لەبەر کەم تەمەنیی یان لەبەر نەخۆشییەك، ئەوانیش عیددەکەیان هەر سێ مانگە، بەڵام بە مەرجێك مێردیان چووبێتە لایان و گوسترابنەوە، چونکە ئافرەتێك نەگوازرابێتەوەو مێردی نەچووبێتە لای، عیددەکێشانیان لەسەر نیە، وەك خوا لە سوورەتی (**الأحزاب**) دا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَكَحۡتُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ثُمَّ طَلَّقۡتُمُوهُنَّ مِن قَبۡلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمۡ عَلَيۡهِنَّ مِنۡ عِدَّةٖ تَعۡتَدُّونَهَاۖ فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحٗا جَمِيلٗا ٤٩﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئەگەرئافرەتانتان مارە کردن، دوایی تەڵاقتاندان بەرلەوەی دەستیان بگەیەننێ، (بەر لەوەی بچنە لایان و بیانگوازنەوە)، مافی ئێوە نیە ئەوان عیددە بشۆن، واتە: سێ مانگ یان سێ پاکیی، چونکە سێ مانگ، یان سێ پاکیی،

دوور بینیی (**إحتیاط**)ە، بۆ ئەوەی ئایا ئەو ئافرەتە نوتفەی ئەو پیاوە لە منداڵدانیدا هەیە، یان نا؟ بەڵام ئەگەر مێردەکەی لەگەڵی جووت نەبووبێ و نەگواسترابێتەوە، ئەو ئەگەرە نیە.

کەواتـە: ئافرەتانێکیـش کـە ناکەونـە حەیـزەوە، یـان هـەر نەکەوتوونـە حەیـزەوە، لەبـەر کـەم تەمەنیـی یـان لەبـەر نەخۆشـیی، ئەوانیـش دیسـان عیددەکەیـان سـێ مانگـە.

٥)- ﴿وَأُوْلَٰتُ ٱلْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾، خاوەن تۆڵەکانیش کۆتایی عیددەکەیان ئەوەیە تۆڵەکانیان دابنێن، (**الطبري**)، گوتوویەتی: (**الصَّوَابُ مِنَ القَوْلِ فِي ذَلِكَ أَنَّهُ عَامٌ فِي المُطَلَّقَاتِ وَالْمُتَوَفَّى عَنْهُنَّ، لِأَنَّ اللَّهَ جَلَّ وَعَزَّ، عَمَّ بِقَوْلِهِ**)، واتە: قسەی ڕاست لێرەدا ئەوەیە کە دەفەرموێ: ئافرەتانی تۆڵدار کۆتایی کاتی عیددەکەیان، ئەوەیە عیددەکەیان دابنێن، ئەمە گشتییە بۆ ئافرەتانی تەڵاقدراو و بۆ ئافرەتانێك کە مێردیشیان دەمرێ، چونکە خوا بە گشتیی فەرموویەتی، (ئەگەر حەملیان هەبێ)، بەڵام ئافرەتێك تۆڵدار نەبێ و هاوسەرەکەشی مردبێ، دەبێ چوار مانگ و دە شەو عیددە بشوات، وەك خوای بە بەزەیی دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِىٓ أَنفُسِهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٢٣٤﴾﴾ البقرە، واتە: ئەوانەتان کە دەمرن و ژنان بەجێدەهێڵن، ژنەکان چوار مانگ و دە شەو چاوەڕێی خۆیان دەکەن، واتە: دەبێ چوار مانگ و دە شەوان بچنە عیددەوە، چونکە بە چوار مانگ و دە شەوان، ئەو ئافرەتە حاڵیی دەبێ: ئایا تۆڵی هەیە، یان نیەتی، ئایا نوتفەی مێردەکەی لە منداڵدانیدا هەیە، یان نیە؟.

(**الطبري**) دەڵـێ: قسـەی ڕاسـت ئەوەیـە کـە ئافـرەتی تۆڵـدار، چ تەڵاقـدراو بـێ، چ مێـردی مردبـێ، بـە دانـانی تۆڵەکـەی عیددەکـەی تـەواو دەبـێ، چونکـە کـە تۆڵەکـەی دانـا، واتـە: تـەواو پـاك بۆتـەوەو، ناگونجـێ حەملەکـەشی دانابـێ و نوتفەی مێردەکـەشی لـە منداڵدانیـدا مابـێ.

٦)- ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مِنْ أَمْرِهِۦ يُسْرًا ﴾، هەر کەسێکیش پارێز لە خوا بکات، خوا لە کاریدا ئاسانیی بۆ دەرەخسێنێ.

٧)- ﴿ ذَٰلِكَ أَمْرُ ٱللَّهِ أَنزَلَهُۥٓ إِلَيْكُمْ ﴾، ئەوەش فەرمانی خوایە بۆ لای دابەزاندوون، فەرمانی خوایە بۆ لای ئێوەی دابەزاندوە، لە میانی پێغەمبەرەکەیدا.

٨)- ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُعْظِمْ لَهُۥٓ أَجْرًا ﴾، هەر کەسێکیش پارێز لە خوا بکات، خوا خراپەکانی لێ دەسڕێتەوەو پاداشتیشی بۆ مەزن دەکات.

﴿ وَأُوْلَٰتُ ٱلْأَحْمَالِ ﴾، (**أُولاَت**) (**اسْـمُ جَمْـعٍ لِـذَات، بِمَعْنَـى صَاحِبَـة**)، (**أُولاَت**)، نـاوی کۆیـە، بـۆ (**ذَات**)، بـە مانـای (**صَاحِبَـة**) دێ، واتـە: خـاوەن، کەواتـە: ﴿ وَأُوْلَٰتُ ٱلْأَحْمَالِ ﴾، واتـە: ئافرەتانێـك کـە خـاوەن تۆلـن.

وشـەی (**أُولَات**)، لـە بێـژەی خـۆی تاکـی نیـە، بەڵکـو تاکەکـەی بریتیـە لـە (**ذَات**)، کـە بـە مانـای (**صَاحِبَـة**) دێ، هـەروەك (**أُولـوا**)، بـە مانـای (**ذَوُا**) دێ، واتـە: خاوەنـان کـە بـۆ پیـاوان بـەکاردێ، ئەمیـش دیسـان لـە بێـژەی خـۆی تاکـی نیـە، (**أُولـوا**)، تاکەکـەی (**ذا**)یـە، وەك چـۆن تاکـی (**أُولات**) بریتیـە لـە (**ذات**).

لـەو بـارەوەش ئـەم دەقـە دێنیـن: {**عَـنِ ابْـنِ مَسْـعُودٍ رضي اللـه عنـه، يَقُـولُ: مَـنْ شَـاءَ قَاسَـمْتُهُ نَزَلَـتْ سُـورَةُ النِّسَـاءِ الْقُـصْرَى بَعْدَهَـا، يَعْنِـي بَعْـدَ: أَرْبَعَـةِ أَشْـهُرٍ وَعَـشْرًا**} (**أخرجـه أبـو داود: ٢٣٠٧، وصححـه الألبـاني**) واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوود گوتوویەتـی: هـەر کەسـێك دەیـەوێ مـن سـوێندی لەگـەڵ دەخـۆم، (بـا بـێ سـوێند بخـوات، منیـش سـوێند دەخـۆم)، کـە سـوورەتی (**النِّسَـاءِ الْقُـصْرَى**)، سـوورەتە کورتەکـەی (**النِّسَاءِ**)، (واتـە: ئـەم سـوورەتی (**طَلَاق**)ە)، لـە دوای سـوورەتی (**البقـرة**) دابەزیـوە، کـە ئـەو ئایەتـەی تێدایـە (**أَرْبَعَـةِ أَشْـهُرٍ وَعَـشْرًا**).

دەڵـێ: ئـەو چـوار مانـگ و دە شـەوە، بـۆ عیـددەی ئافرەتێکـە مێـردی مـردوەو تۆلـدار نیـە، بـەڵام ئافرەتێـك تۆلـدار بـێ، کۆتایـی عیددەکـەی بریتیـە لـە دانانـی کۆرپەلەکـەی.

مەسەلەی سێیەم:

پێویستە پیاوانێك كە ژنەكانیان تەڵاق داون، لە قەدەر توانایان لە شوێنی نیشتەجێ بوونیاندا ژنەكانیان بحەوێننەوە (ژنە تەڵاقدراوەكانیان) و، زیانیشیان پێنەگەیەنن و تەنگیان پێ هەڵچنن و، ئەگەر ژنەكانیان شیریشیان دایە كۆرپەكانیان، كرێ و پاداشتیان بدەنێ، بە ڕاوێژی نێوانیان و، ئەگەر ڕێكیش نەكەوتن، ژنێكی دیكە شیری بە كۆرپەكەی بدات، هەر پیاوێكیش بەپێی توانای خۆی مەسرەف دەكێشێ، هیچكەس زیاد لە توانای خۆی لێی داوای ناكرێ، خواش دوای تەنگانە كارئاسانیی دێنێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَارُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا عَلَيْهِنَّ وَإِن كُنَّ أُولَاتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَأْتَمِرُوا بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ وَإِن تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُ أُخْرَىٰ ﴿٦﴾ لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِ وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَا آتَاهَا سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا ﴿٧﴾﴾.

شیكردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ﴾ (ئەی مێردینە!) ژنە تەڵاق دراوەكانتان نیشتەجێ بكەن و بحاوێننەوە، لەو شوێنەی خۆتان تێیدا نیشتەجێن، بەپێی توانای خۆتان.

واتە: ئەو ماڵانەی خۆتان تێیاندا نیشتەجێن، ژنە تەڵاق دراوەكانیشتان هەر لەوێ بحەوێننەوە بەپێی توانای خۆتان، بابای ژن تەڵاقدەر، لێی داوا ناكرێ ژنە تەڵاق دراوەكەی لە شوێنێكی دیكە، جگە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی، بحەوێنێتەوە، بەدڵنیایی هوتێلی پێنج ئەستێرەیی بۆ ناگرێ! بەپێی توانای خۆی لە ماڵی خۆیدا ژوورێكی دەداتێ، یاخود دەیحەوێنێتەوە، بەو شێوەیەی پەسندو چاكە.

٢)- ﴿وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا۟ عَلَيۡهِنَّ﴾، بەڵام زیانیان پێمەگەیەنن تاکو تەنگیان پێ هەڵبچنن (و تەنگە تاویان بکەن و ناچاریان بکەن ماڵەکە جێبهێڵن)، (**المُضَارَّةُ: الضرر القَوِي**)، لێرەدا وشەی: ﴿وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ﴾، لەسەر کێشی، (**تَفَاعُل**)ە، بەڵام مەبەست پێی زیانگەیاندنی بەهێزە، (**لِتُضَيِّقُوا۟ عَلَيۡهِنَّ: التَّضِيقُ المَجَازِي، وَهُوَ الحَرَجُ وَالأَذَى**)، لێرەدا مەبەست لە تەنگە تاو کردن، ئەوە نیە کە لە دیوارێکی بپەستێ، مەبەست مانا مەجازییەکەیەتی، یانی: سەغڵەتیان مەکەن و بێزاریان مەکەن.

٣)- ﴿وَإِن كُنَّ أُوْلَٰتِ حَمۡلٍ﴾، ئەگەر ئەو ئافرەتانەی تەڵاقدراون، خاوەن تۆڵ بوون.

٤)- ﴿فَأَنفِقُوا۟ عَلَيۡهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّ﴾، خەرجییان بکێشن تاکو تۆڵەکەیان دادەنێن، واتە: ژنەکە کە کۆرپەلەکەی دانا، ئەو کاتە ئەو پیاوەی ژنەکەی تەڵاق داوە، چیدیکە مولزەم نیەو ئەرکدار ناکرێ، بەوەی خەرجیی بکێشێ.

لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی ئەو چەند ڕستەیە (**الطبري**) دەڵێ: (**أَسْكِنُوا مُطَلَّقَاتِ نِسَائِكُمْ مِنَ الْمَوْضِعِ الَّذِي سَكَنْتُمْ، يَقُولُ: مِنْ سَعَتِكُمُ الَّتِي تَجِدُونَ؛ وَإِنَّمَا أَمَرَ الرِّجَالَ أَنْ يُعْطُوهُنَّ مَسْكَنًا يَسْكُنُهُ مِمَّا يَجِدُونَهُ، حَتَّى يَقْضِينَ عِدَدَهُنَّ**)، واتە: ئافرەتانێك كە تەڵاقتان داون، لەو شوێنەی خۆتان تێیدا نیشتەجێن، بەپێی توانای خۆتان و لەوەی بە دەستتانەوە دێ، نیشتەجێیان بکەن و، لێرەدا فەرمان بە پیاوان كراوە: ئافرەتانێك کە تەڵاقتان داون، بیانحەوێننەوە، لەو شوێنەی خۆتان لێی نیشتەجێن، تاکو ماوەی عیددەکەیان (واتە: ئەو شەو و ڕۆژانەی پێویستە چاوەڕێ بکەن)، بەسەر دەبەن و تەواوی دەکەن.

(**الشوكاني**) لە تەفسیرەکەیدا[١]، دەڵێ: (**وَقَدِ اخْتَلَفَ أَهْلُ الْعِلْمِ فِي الْمُطَلَّقَةِ ثَلَاثًا، هَلْ لَهَا سُكْنَى وَنَفَقَةٌ أَمْ لَا؟ فَذَهَبَ مَالِكٌ وَالشَّافِعِيُّ أَنَّ لَهَا السُّكْنَى وَلَا نَفَقَةَ لَهَا. وَذَهَبَ أَبُو حَنِيفَةَ وَأَصْحَابُهُ أَنَّ لَهَا السُّكْنَى وَالنَّفَقَةَ. وَذَهَبَ أَحْمَدُ وَإِسْحَاقُ وَأَبُو ثَوْرٍ أَنَّهُ لَا نَفَقَةَ لَهَا وَلَا سُكْنَى، وَهَذَا هُوَ الْحَقُّ، وَلَا خِلَافَ بَيْنَ الْعُلَمَاءِ فِي**

---

(١) فتح القدير: ج٥، ص٢٩٧، ٢٩٨.

وُجُوبِ النَّفَقَةِ وَالسُّكْنَى لِلْحَامِلِ الْمُطَلَّقَةِ، فَأَمَّا الْحَامِلُ الْمُتَوَفَّى عَنْهَا زَوْجُهَا، فَقَالَ عَلِيٌّ وَابْنُ عُمَرَ وَابْنُ مَسْعُودٍ وَشُرَيْحٌ وَالنَّخَعِيُّ وَالشَّعْبِيُّ وَحَمَّادُ وَابْنُ أَبِي لَيْلَى وَسُفْيَانُ وَأَصْحَابُهُ: يُنْفَقُ عَلَيْهَا مِنْ جَمِيعِ الْمَالِ حَتَّى تَضَعَ. وَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ وَابْنُ الزُّبَيْرِ وَجَابِرُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ وَمَالِكٌ وَالشَّافِعِيُّ وَأَبُو حَنِيفَةَ وَأَصْحَابُهُ: لاَ يُنْفَقُ عَلَيْهَا إِلَّا مِنْ نَصِيبِهَا، وَهَذَا هُوَ الْحَقُّ لِلْأَدِلَّةِ الْوَارِدَةِ فِي ذَلِكَ مِنَ السُّنَّةِ)، واتە: زانایان لەو بارەوە كەوتوونە ڕا جیاییەوە: ئافرەتێك كە تەڵاقی سێیەمی درابێ، (یان سێ بەسێ تەڵاق درابێ) ئایا مافی نیشتەجێكران و حەوێندرانەوەو، نەفەقە و خەرجیی كێشرانی هەیە؟

مالیك و شافیعیی دەڵێن: مافی نیشتەجێكران و حەوێندرانەوەی هەیە، بەڵام مافی خەرجیی كێشرانی نیە.

ئەبوو حەنیفە و هاوەڵانی دەڵێن: هەم مافی حەوێنرانەوەو نیشتەجێكرانی هەیە، هەم مافی خەرجیی كێشرانیشی هەیە.

ئەحمەدو ئیسحاق و ئەبوو سەور دەڵێن: نە مافی خەرجیی كێشران و نە مافی نیشتەجێكرانیشیان نیە.

(الشوكاني) دەڵێ: **(وَهَذَا هُوَ الحَق)**، ئا ئەوەش ڕاستە، (بەڵام ئەوەی ئەو گوتوویەتی، ڕاست نیە، بەس من قسەكەی وی دێنم)، لە نێو زانایاندا لەو بارەوە ڕاجیایی نیە، كە ئافرەتی تۆڵداری تەڵاق دراو، هەردووك مافی خەرجیی كێشران و نیشتەجێكرانیشی هەن، (چونكە خوا بە دەقی ئایەت فەرموویەتی: ﴿ وَإِن كُنَّ أُوْلَٰتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُواْ عَلَيْهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ﴾، پێشێش باسی نیشتەجێ كردنەكەی كردوە) بەڵام ئایا ئافرەتێك كە تۆڵدارەو مێردەكەی مردوە، حوكمی چییە؟ عەلی و ئیبنو عومەر و ئیبنو مەسعوود و شوورەیح و نەخەعیی و شەعبیی و حەمماد و ئیبنو ئەبوو لەیلا و سوفیان و هاوەڵەكانی ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، گوتوویانە: پێویستە لە هەموو ماڵ و سامانەكەی كە ئەو

پیاوه بـه دەسـتیەوەیەتی، خەرجییـان بکێـشرێ، بـەڵام عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس و عەبدوڵـڵای کـوڕی زوبێـرو جابیـری کـوڕی عەبدوڵـڵا ﷺ و مالیـك و شـافیعیی و ئەبـوو حەنیفـەو هاوەڵەکانـی (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، گوتوویانـە: تەنیـا لەوەنـدە بەشـەی دەیکـەوێ، خەرجیـی دەکێـشرێ.

دوایـی (**الشـوكاني**)، دەڵـێ: هـەر ئـەوەش هەقـە لەبـەر ئـەو بەڵگانـەی لـەو بـارەوە لـە کتێبەکانـی سـوننەتدا هاتـوون.

٥)- ﴿ فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ ﴾، (ئنجا هەرکات ئەو ئافرەتە تەڵاق دراوانەی تۆڵداربوون)، ئەگەر شیریان بۆ دان بە کۆرپەکانتان.

٦)- ﴿ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ﴾، کرێیەکانیان بدەنێ، واتە: کرێی ئەو ژنەی شیر دەدا بەو منداڵە، هەقەکەی بدەنێ.

٧)- ﴿ وَأْتَمِرُواْ بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ ﴾، لە نێوان خۆشتاندا ڕاوێژ بکەن بە شێوەیەکی پەسند، لێرەدا ڕووی دواندن لە مێردەکانیشەو لە ژنەکانیشە، مێردەکان، کە ژنەکانیان تەڵاق داون و، ژنەکان کە تەڵاق دراون، بەڵام منداڵیان بووە.

٨)- ﴿ وَإِن تَعَاسَرْتُمْ ﴾، ئەگەر تێکگیران و ناڕەحەتییتان تووشبوو، (**التَّعَاسُرُ صُدُورُ العُسْرِ مِنَ الجَانِبَيْنِ، وَتَعَاسَرَ البَيِّعَانِ: لَمْ يَتَّفِقَا، وَعَسَرْتُ فُلاَنًا: أَخَذْتُهُ عَلَى عُسْرِهِ**)، (**تَعَاسُر**): بریتیە لە دەرچوونی سەغڵەتیی لە هەردووکیانەوە (**وَتَعَاسَرَ البَيِّعَانِ**)، واتە: کڕیارو فرۆشیارەکە ڕێك نەکەوتن، (**عسر**)، یانی: زەحمەتیی، واتە: ئەگەر سەر ئێشەو زەحمەتییتان تووش بوو و نەگەیشتنە لێك تێگەیشتن، پیاوە تەڵاقدەرەکەو ژنە تەڵاق دراوەکە ڕێك نەکەوتن، لەسەر ئەوەی ئەو ئافرەتە بە چەندو چۆن شیر بدات بەو منداڵە؟ یان ئافرەتەکە هێندە دڵی لە مێردەکەی ڕەنجا بێ، لەبەر ئەوەی تەڵاقی داوە، بڵێ: شیر نادەم بەو منداڵە.

٩)- ﴿ فَسَتُرْضِعُ لَهُۥٓ أُخْرَىٰ ﴾، ژنێکی دیکە شیری پێ دەدات، پیتی (س) بۆ داهاتوو (**للإستقبال**)ە، بەڵام لێرەدا بە مانای جەختکردنەوەیە، وەك: ﴿ سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ

﴿لَكُمْ رَبِّيٓ (٩٨)﴾یوسف، کە لە ئەصڵدا بە مانای داهاتوویە، بەڵام لێرەدا بە مانای جەختکردنەوەیە، کەواتە: ﴿فَسَتُرْضِعُ لَهُۥٓ أُخْرَىٰ﴾واتە: پێویستە ئەو پیاوە شیردەرێکی دیکە بۆ ئەو کۆرپەیەی خۆی بگرێ.

١٠)- ﴿لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِۦ﴾، با بابای خاوەن فراوانیی لە ماڵ و ساماندا، لە قەدەر فراوانیی ماڵەکەی خەرجیی بکێشێ، هەم هی دایکەکە کە شیر دەدا بە منداڵەکە، هەم هی منداڵەکە.

١١)- ﴿وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُۥ﴾، هەر کەسێکیش بژێوی لێ وەتەنگ هێنرابوو، واتە: تەنگ دەست بوو.

١٢)- ﴿فَلْيُنفِقْ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ﴾، با لەوەندە ببەخشێ کە خوا پێیداوە، وەك پێشینان گوتوویانە: لە کەمی کەم و لە زۆریش زۆر.

١٣)- ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا﴾، خوا هیچ لە کەس داوا ناکات، مەگەر ئەوەندەی پێیداوە.

١٤)- ﴿سَيَجْعَلُ ٱللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا﴾، بە دڵنیایی خوا لە دوای سەغڵەتیی، ئاسانیی دەرەخسێنێ، (**السَّعة: الجِدَةُ وَالوَفْرَة مِن المَال وَالرِّزق**)، ﴿لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِۦ﴾، (**سَعَة**)، بە مانای هەبوون و دەستڕۆیشتوویەتییە لە بژێوو سامان دا.

﴿وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُۥ﴾، گوتراوە: (**الرِزْقُ: اسْمٌ لِمَا يَنْتَفِع بِهِ الإنْسَانُ فِي حَاجَاتِه مِنْ طَعَامٍ وَلِبَاسٍ وَمَتَاعٍ وَمَنْزِلٍ، سَوَاءٌ كَانَ أعْيَانَاً أو أثْمَانَاً**)، (رزق) ناوە بۆ هەر شتێك کە مرۆڤ لێی بەهرەمەند دەبێ، لە پێداویستییەکانی، لە خواردن و پۆشاك و کەل و پەل و جێگاو ڕێگا، یەکسانە شتە دیارو بەرجەستەکان بن یان نرخەکان.

﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا﴾، خوا لە هیچ کەس داوا ناکات، مەگەر ئەو ئەندازەیەی پێیداوە، زیاد لە توانا، خوا ﷻ لە مرۆڤ داوا ناکات.

کە دەفەرمـوێ: ﴿ فَسَتُرْضِعُ لَهُۥٓ أُخْرَىٰ ﴾، ئەمـە هـەم جۆرێـك لـە سەرزەنشـتی تێدایـە بـۆ ژنەکـە، کـە ئامـادە نیە شـیر بـدات بـە کۆرپەکەی خـۆی، هـەم ئامۆژگاریی تێدایـە بـۆ بابەکـەش کـە ئاسـانکاریی بـکات تاکـو لەگـەڵ ژنـە تـەڵاق دراوەکـەی دا بگەنـە لێکتێگەیشـتن و، شـیری بـۆ بـدات بـە کۆرپەکـەی، هەروەهـا فەرمانیشـە بـە بابەکـە، ئەگـەر لەگـەڵ ژنـە تەڵاقدراوەکـەی دا نەگەیشـتە لێکتێگەیشـتن، پێویسـتە دایەنێـك بـۆ منداڵەکـەی بگـرێ.

(**إبـن عاشـور**) لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا دەڵـێ: ئـەوەی دێتـە بـەر چـاو ئەوەیـە: ئەگـەر مسـوڵمانان خەزێنـەی دەوڵەتیـان هەبـێ، لەسـەری پێویسـتە ژن و مێردەکـە کـە سـەغڵەتن و توانایـان نیـە، خەرجییـان بکێشـێ، بـەڵام ئەگـەر دەوڵـەت نەیتوانـی بـەو کارە هەڵسـێ، قـازی بـۆی هەیـە بڕیـاری پێویسـتیان لـە بـارەوە بـدات، ئنجـا چ ئەرکەکـە بخاتـە سەرشـانی دەوڵـەت، چ خزمـانی ژن و مێردەکـە.

کۆتایـی ئـەم دەرسـە بـەم دەقـە دێنیـن کـە (**الطـبري**) لـە (**جامـع البيـان**)دا بـە ژمـارە (٣٤٤٤٥) هێناویـەتی: (**عَـنِ الْأَعْمَـشِ، عَـنْ إِبْرَاهِيـمَ، قَـالَ: كَانَ عُمَـرُ وَعَبْـدُ اللَّـهِ يَجْعَـلَانِ لِلْمُطَلَّقَـةِ ثَلَاثًـا: السُّـكْنَى، وَالنَّفَقَـةَ، وَالْمُتْعَـةَ. وَكَانَ عُمَـرُ إِذَا ذُكِـرَ عِنْـدَهُ حَدِيـثُ فَاطِمَـةَ بِنْـتِ قَيْـسٍ، أَنَّ النَّبِـيَّ ﷺ أَمَرَهَـا أَنْ تَعْتَـدَّ فِي غَـيْرِ بَيْـتِ زَوْجِهَـا، قَـالَ: مَـا كُنَّـا لِنُجِيـزَ فِي دِينِنَـا شَـهَادَةَ امْـرَأَةٍ**)، (**أخرجـه مسـلم: ١٤٨٠**).

واتــە: ئەعمــەش لــە ئیبراهیمــەوە دەگێڕێتــەوە، دەڵــێ: عومــەری کــوڕی خەتتـاب و عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوود ﷺ، بـۆ ئافرەتێـك کـە تەڵاقـی سـێیەمی دراوە، دەیانگـوت: دەبـێ هـەم جێـگاو ڕێـگای نیشـتەجێ بـوون و، هـەم نەفەقـە و مـەسرەف و، هـەم دیارییشـی پـێ بـدرێ، {(**متعـة**)، واتـە: دیاریـی}، عومـەر (خـوا لێـی ڕازی بـێ) کاتێـك ئـەو فەرموودەیـەی بـۆ بـاس دەکـرا، کـە (**فاطمـة**)ی کچـی قەیـس دەیگێڕێتــەوە لــە پێغەمبــەرەوە ﷺ کــە فەرمانــی پــێ کــردوە لــە ماڵێــك، جگـە لـە ماڵـی مێردەکەیـدا عیددەکـەی تـەواو بـکات، دەیگـوت: ئێمـە شـایەتییدانی

ئافرەتێك لـە دینـی خۆمانـدا، ڕێ پێنادەیـن، واتـە: ئافرەتێـك بـە تەنیـا قسـەکەی بـە بەڵگـە ناشـێ، چونکـە خـوای بـەرز دەفەرمـوێ: دەبێـت دوو شـایەد بـن و، ئـەو دوو شـایەدەش پیـاو بـن، یـان دەبـێ پیاوێـك و دوو ئافـرەت بـن، بـەڵام ئافرەتێك بـە تەنیا شـایەدییەکەی ڕەوا نیـە، گوایـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: بـۆت نیـە، نـە لـەماڵـی مێردەکەتـدا بـی و، نـە نەفەقەشـت بکێشـێ! عومـەر گوتوویەتـی: ئـەوە کاری پـێ ناکەیـن، بەڵکـو ئافـرەت بـا تەڵاقـی سێیەمیشـی درا بـێ، بـۆی هەیـە لـە ماڵـی مێردەکەشـیدا بـێ و نەفەقەشـی بکێشـێ، تاکـو عیددەکـەی تـەواو دەبێ،منیـش گـەر ئـەن ڕایـە بەڕاسـت و دروسـت دەزانـم و بێگومانیـش هەرقسـەیەکی هەرکەسـێک بـێ لەگـەڵ قورئانـدا ناکـۆک و تێکگیراوبـێ، ڕەتکراوەیـە و مەحاڵیشـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ شـتێکی فەرمووبـێ، دژی قورئـان بـێ و لەگەڵـی ناکـۆک بـێ.

کورتە باسێک لە بارەی تەڵاقەوە

ئـەم کورتـە باسـە لـە کتێبـی: (ئافـرەت و خێـزان لـە سـایەی شـەریعەتدا)، زۆر بـە گوشراویـی وەردەگریـن[1]، سـەرەتاش دەڵێیـن: (لێکـترازانی ژن و مێـرد)، لـەو کتێبـەدا ڕوونمـان کردۆتـەوە، کـە سـێ جـۆری هەیـە:

یەکەم: دەستبەردانی مێرد لە ژنەکەی، مێرد دەستپێشخەر دەبێ بەوەی واز لە ژنەکەی بێنێ، ئەوە پێی دەگوترێ: (**الطَّلاق**).

دووەم: دەستبەردان و لە خۆداڕنینی ژن بۆ مێردەکەی، ئەوەش پێی دەگوترێ: (**خُلْع**).

سێیەم: جۆرێکی دیکەی هەڵوەشانەوەی ئەو هاوسەرگیرییە، بریتیە لە هەڵوەشاندنەوە (**فَسْخ**)، (**فَسْخ**)یش لە سەر دەستی قازیی، یان حوکمڕانی مسوڵمانان ئەنجام دەدرێ.

لـەم کورتـە باسـەدا تەنیـا بـاسی (**الطَّلاق**) دەکەیـن، واتـە: جـۆری یەکەمـی لـە یەکـترازانی ژن و مێـرد، ئەویـش ئەوەیـە کـە پیـاو تێیـدا دەستپێشـخەر بـێ، ئـەوەش بـە هـۆی ئـەم سـووڕەتە موبارەکـەوە، کـە سـووڕەتی (**الطَّلاق**)ەو، بـاسی تـەڵاق لێـرەدا کـراوە، بـەڵام بـاسی (**خُلْع**) لـە سـووڕەتی (**البقرة**)دا هاتـووەو، لـە سـووڕەتی (**النساء**)یشـدا هاتـووەو، کاتی خـۆی لـە کاتی تەفسـیرکردنی ئـەو دوو سـووڕەتە بـەرزو بـە پێـزەدا، لـەو بـارەوە قسـەمان کـردوە، ئـەم کورتـە باسـەش لـە بـارەی تەڵاقـەوە، لـە پێنـج بڕگـەدا دەکەیـن:

١- پێناسەی تەڵاق.

٢- حوکمی تەڵاق.

٣- حیکمەتی بە دەست پیاو بوونی تەڵاق.

٤- پایەکانی تەڵاق.

---

(١) چاپی سێیەم، لاپەڕە: ٦٠١ بەرەودوا.

٥- جۆرەکانی تەڵاق.

بڕگەی یەکەم: پێناسەی تەڵاق:

ئایا تەڵاق هەم لە ڕووی زمانەوە، هەم لە زاراوەی شەرع دا چییەو چۆنە؟:

وشەی (**طلاق**): وشەیەکی عەرەبییە، بە مانای بەرهەڵداکردن و ئازادکردن دێ، وەك (ڕاغیبی ئەسفەهانیی)، لە کتێبە ناودارەکەی خۆی[1] (**مفردات ألفاظ القرآن**)دا، گوتوویەتی: (**أَصْلُ الطَّلَاقِ: التَّخْلِيَةُ مِنَ الوَثَاق، يُقَالُ أَطْلَقْتُه مِنْ عِقَالِهِ وَطَلَّقْتُهُ، وَهُوَ طَالِقٌ وَطَلْقٌ بِلَا قَيْدٍ، وَمِنْهُ اسْتُعِيْرَ طَلَّقْتُ المَرْأَة نَحْو خَلَّيتهَا فَهِيَ طَالِقٌ أي مُخَلَاةٌ مِن حِبَالَةِ النِّكَاح**)، واتە: وشەی تەڵاق لە ڕیشەدا بریتیە لە بەرهەڵدان لەو شتەی پێی بەستراوە، (**أَطْلَقْتُه مِنْ عِقالِهِ وطَلَّقته**)، (**عِقَال**): پەت (ئەوەی حوشتریان پێ بەستۆتەوە)، واتە: حوشترەکەم لە پەتەکەی بەرهەڵدا، (**طَالِقٌ**) و (**طَلْق**)، یانی: بەرهەڵداو نەبەستراوە، هیچ پەت و شتێك کە پێی ببەسترێتەوە، پێوەی نەماوە، لەوەوە (**طلاق**) خوازراوەتەوە بۆ دەستبەرداربوونی مێرد بۆ ژنەکەی، (**طَلَّقْتُ المَرْأة**)، وەك (**خَلَّيْتهَا**)، لە ژنەکە گەڕام و وازم لێ هێنا، (**فَهِيَ طَالِقٌ**)، ئەو واز لێهێنراوە، یان بەرهەڵداکراوە (**أي مُخَلاةٌ مِن حِبَالَةِ النِكَاح**)، لە پەت و گرێبەستی هاوسەرگیریی ئازادە، ئەمە لە ڕووی زمانەوانییەوە.

لە ڕووی شەریعەتیشەوە زانایان و شارەزایان بە چەند وشەیەك پێناسەی تەڵاقیان کردوە، سەرەنجام دەبنەوە بەیەك، بەڵام ئەوەی لە هەموویان باوترە، ئەوەیە کە دکتۆر (**عبدالكريم زيدان**)، بە ڕەحمەت بێ لە مەوسووعەکەی خۆی دا[2] هێناویەتی دەڵێ: (**الطَّلَاقُ شَرْعَاً إِنْهَاءُ عَقْدُ الزَّوَاجِ الصَّحِيْح فِي الحَالِ أو فِي المَآلِ بالصِّيغَةِ الدَالَّةِ عَلَيْه**)، واتە: تەڵاق لە ڕووی شەرعییەوە بریتیە لە

---

(١) مفردات ألفاظ القرآن: ص٥٣٣.

(٢) المفصل في الأحكام المرأة والبيت المسلم: ج٧، ص٣٤٧.

کۆتایـی پـێ هێنـانی گرێبەسـتێکی ڕاسـت و دروسـتی هاوسـەرگیریی، ئێسـتا یاخـود لـە داهاتـوودا، بـە تەعبیرێـك كـە بیگەیەنـێ.

(**محمـد أبي زهـرة**)، لـە (**الأحـوال الشـخصية**)دا[1]، کورتـتر هێناویـەتی دەڵـێ: (**الطَّلَاقُ رَفْـعُ قَيْـدِ النِّكَاحِ فِي الحَـالِ أو فِي المَـآلِ بِلَفْـظٍ مَخْصُـوصٍ**)، تـەڵاق بریتیـە لـە لابـردنی کـۆت و بەنـدی هاوسـەرگیریی ئێسـتا، یـان لـە داهاتـودا، بـە وشـەیەکی تایبـەت.

کەواتـە: تـەڵاق بریتیـە لـە لـە یەکترازانی ژن و مێـردو لـە یـەك جیابوونەوەیـان بە بەکارهێنـانی وشـەو تەعبیرێـك لـە لایـەن مێـردەوە، کـە ئـەو مەبەسـتە بـە ئاشـکراو ڕوونیـی بگەیەنێ.

بڕگەی دووەم: حوکمی تەڵاق:

تەڵاقـدان لـە بنەڕەتـدا شـتێکی ڕەوایـە، بـەڵام دوایـی پێنـج حوکمـەکانی بەسـەردا دەچەسـپن، بـۆ لـە ئەصڵـدا ڕەوابـوونی تـەڵاق، هـەم دەتوانیـن بـە قوڕئـان بەڵگـە بێنینـەوە، هـەم بـە دەقـەکانی سـوننەت، هـەم بـە یەکدەنگیـی زانایـان:

١- لە قوڕئان دا:

چەند ئایەتێك لە قوڕئاندا دەلالەت لەسەر ڕەوایی تەڵاقدا دەکەن:

أ- لە سووڕەتی (البقرة)دا: ﴿ ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖۗ ﴿٢٢٩﴾ ﴾، واتە: تەڵاقدان دوو کەڕەتە، (یانی: تەڵاقدانێك کە بواری پێکهاتنەوەی ژن و مێردی تێدا بێ، یان تەڵاقی ڕەجعیی)، ئنجا یان گرتنە خۆیەکی پەسند، یان دەست لێ بەردانێکی چاك.

ب- هەروەها لە سووڕەتی (الطلاق)یشدا: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ ﴾، واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ! هەر کات ژنانتان تەڵاقدان، بەر لە کەوتنە عیددە، تەڵاقیان بدەن، واتە: لە حاڵەتێك کە پاکبووبنەوەو لەو پاکییەدا نەچووبنە لایان.

---

(١) ص٢٧٩.

٢- لە سوننەت دا:

هەر لەو بارەوە دوو دەقی سوننەتیش دێنین:

ج- {عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رضي الله عنه، أَنَّ رَسُول الله ﷺ طَلَّقَ حَفْصَةَ ثُمَّ رَاجَعَهَا} (أخرجه عبد بن حميد: ٤٣، والدارمي: ٢٢٦٩، وأبو داود: ٢٢٨٣،والنسائي: ٣٥٦٠، وابن ماجه: ٢٠١٦، وصحَّحه الألباني).

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ حەفصەی تەڵاقدا، پاشان گێڕایەوە لای خۆی.

حەفصە خوا لێی ڕازیٚ بێ، یەکێکە لە دایکانی بڕواداران و کچی عومەری کوڕی خەتتاب بووە، دیارە پێغەمبەر ﷺ تەڵاقێکیداوە لەسەر شتێك کە بێزارو تووڕەی کردوە، بەڵام دوایی لە عیددەیدا هێناویەتەوە لای خۆی، بەر لەوەی عیددەی بەسەربچێ.

د- دەقێکی دیکە لەو بارەوە: **{أَبْغَضُ الحَلاَلِ إلى اللهِ الطَّلاَق} (أخرجه أبو داود: ٢١٧٨، وابن ماجه: ٢٠١٨، والحاكم في المستدرك: ج٢، ص١٩٦، وَصَحَّحَهُ، ووافقه الذهبي، وضعفه الألباني).**

واتە: بوغزێنراوترین حەڵاڵ لە لای خوا تەڵاقە.

یانی: حەڵاڵە بەڵام خوا پێی پەسەند نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ ژن و مێرد بارودۆخیان دەکەوێتە حاڵەتێکی ناچاریی لە یەك جیابوونەوە، بۆیە خوای پەروەردگار ڕێگای پێداوە، وەك شتێکی ناخۆشویستراو.

٣- یەکدەنگیی زانایان:

بەڵگەیەکی دیکە لە بارەی ڕەوایی تەڵاقەوە، بریتیە لە یەکدەنگیی زانایان، زانایان لەسەر ڕەوای تەڵاق یەکدەنگن وەك خاوەنی **(المغني)**[1]، هێناویەتی، هەروەها **(المفصل في أحكام المرأة والبيت المسلم)**، هی دکتۆر **(عبدالكريم زيدان)**[2]، ئەویش هێناویەتی.

---

(١) (المغني لأبن قدامة)، بەرگی (٧)، لاپەڕە (٩٦).
(٢) بەرگی (٧)، لاپەڕە (٣٤٧).

پێم وایە هەر ئەم ڕایەش ڕاست و پەسندە کە دەڵێ: هەرچەندە تەڵاقدان لە بنەڕەتدا ڕەواو دروستە، بەڵام لە ڕاستییدا پێنج حوکمە شەرعییەکان (**الأحكام الشرعية الخمسة**)ی بەسەردا دەچەسپن، بەم شێوەیەی خوارێ:

یەکەم: تەڵاقدان پێویست دەبێ هەر کات ژن و مێرد کەوتنە ناکۆکییەوەو دوو دادوەرەکان (**حَكَمَيْن**)، لە یەك ترازانیان بڕیاردا، هەروەها پاش تێپەڕبوونی چوار مانگ بەسەر سوێند خواردن (**إيلاء**)ی بابای سوێند خۆر (**مُولِي**)دا، وەك دوایی باسی دەکەین، ئەگەر پیاوێك سوێند لە ژنەکەی بخوات، کە ناچێتە لای و سەرجێی ناکات، تاکو چوار مانگ مۆڵەتە، وەك خوا لە سوورەتی (البقرة)دا، دەفەرموێ: ﴿ لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِن فَآءُو فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢٦﴾ وَإِنْ عَزَمُوا۟ ٱلطَّلَٰقَ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٢٧﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی سوێند لە ژنەکانیان دەخۆن (نەچنە لایان) ماوەی چوار مانگ چاوەڕوانیی هەیە، ئەگەر گەڕانەوە خوا لێبووردەی بە بەزەییەو، ئەگەر بڕیاری دەست لێ بەردانیشیان دا، خوا بیسەری زانایە.

لەم دوو حاڵەتەدا بە تایبەت تەڵاقدان پێویست دەبێ.

دووەم: پەسند بوونی تەڵاق، ئەویش لە کاتێك دایە، کە ژن بەرامبەر بە ئەرکە شەرعییەکانی کەمتەر خەم بێ و، مێردەکەشی نەتوانێ چارەسەری کەمتەرخەمییەکەی بکات، وا باشترە لێك جیابنەوە، نەك هەموو ڕۆژێ دەمەقاڵێ شەڕو ناکۆکیی بێ.

سێیەم: قەدەغەبوون، قەدەغەبوونی تەڵاق لە کاتێك دایە، پیاوەکە قەناعەتی وابێ، ئەگەر ژنەکە تەڵاق بدات، ستەمی لێ دەکات و، هیچ بەڵگەو پاساوێکی بەدەستەوە نەبێ بۆ دەست لێبەردانی، یان لە کاتی حەیزدا تەڵاقی بدات، یان لە پاکییەکدا کە چووبێتە لای (**فِي طُهْرٍ جَامَعَهَا فِيْهِ**)، هەرچەندە بۆ تەڵاقدانەکەی بەڵگە و پاساویشی هەبێ واتە: ئەگەر بەڵگەو پاساوی نەبێ، ئەوە لە هەموو حاڵان دا حەرامە تەڵاقی بدات، بەڵام ئەگەر بەڵگەو پاساوی هەبێ، کەچی لە کاتێکدا کە ژنەکەی لە حەیز دایەو بێ نوێژە، یاخود لە پاکییەکدایە کە چۆتە لای، لەو دوو حاڵەتەدا حەرامە، هەروەها لە

حاڵەتێکی دیکەش دا کە بابای مێرد قەناعەتی وابێ، پاش تەڵاقدانی ژنەکەی، ژنی دیکە بۆ نایەتەوەو تووشی زیناو خراپە دەبێ، لەو کاتەشدا بە دڵنیایی حەرامە ژنەکەی تەڵاق بدات.

چوارەم: حوکمی ناپەسند (**کراهة**)ی تەڵاقدان، ئەویش لە کاتێکدایە کە پیاو هەندێك تێبینیی لەسەر ژنەکەی هەبن، کە بگونجێ بە خۆ ڕاگرتن چارەسەریان بکات و، تۆزێ تەحەممول و پشوو درێژیی زیاتری هەبێ و تەمەنی لەگەڵ بگوزەرێنێ، لەم حاڵەتەدا باش نیە وازی لێ بێنێ و ناپەسندە.

پێنجەم: ڕەوابوون (مباح)ی تەڵاقە، ئەمیش لە حاڵەتێکدایە کە مێرد پێویستی بە دەربازبوون بێ لە ژنەکەی، بە هۆی نارێکیی لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتییەوەو، زەرەرمەند بوونی بە دەستیەوە، لەم حاڵەتەدا ئەو پیاوە بۆی هەیە واز لە هاوسەرەکەی بێنێ.

بڕگەی سێیەم: حیکمەتی بە دەستی پیاو بوونی تەڵاق:

بۆچی شەریعەت دەست لێبەردانی ژنی خستۆتە دەستی مێردەوە؟ ئێمە حیکمەتی ئەوە بەو شێوەیە ڕوون دەکەینەوە: لە کاتێکدا مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا دەگاتە بنبەست و، پاش بەکارهێنانی سەرجەم هەنگاوو شێوازەکانی ڕاستکردنەوەو هێنانە سەر ڕێیی ژنەکەی، هەر لێی یاخیی دەبێ، لەو حاڵەتەدا ئەو پیاوە سێ ئەگەری لەبەردەم دان و سێ ڕێگای لە پێشن:

١- پێکەوە مانەوە بە ناچاریی، وێڕای هەبوونی بوغزو کینەو ناکۆکیی، کە دیارە لەو حاڵەتەدا ژیانی ژن و مێرد و منداڵەکانیشیان، بگرە هی خزمە نیزیکەکانیشیان دەبێتە نیمچە دۆزەخێك.

٢- هێشتنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیریی و، لە یەك دوورکەوتنەوەی جەستەیی، کە لەم حاڵەتەشدا ژنەکە زەرەرمەندی گەورە دەبێ و، بە زاراوەی قورئان دەبێتە هەڵواسراو، ﴿فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ ﴿١٢٩﴾﴾ النساء.

٣- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی نێوانیان و، ئازادو سەربەست بوونیان و لەو واقیعە تاڵ و دژوارەی تێیدان و دەربازبوونیان، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغْنِ ٱللَّهُ كُلًّا مِّن سَعَتِهِۦ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ وَٰسِعًا حَكِيمًا ﴿١٣٠﴾ ﴾النساء، واتە: ئەگەر لە یەك بترازێن خوا هەر کامێکیان بەخششێکی خۆی پێ دەبەخشێ و لەوەی دیکەی بێ نیاز دەکات، ئاشکراشەو هەموو عاقڵێکی خاوەن ویژدان، دڵنیایە کە تەنیا ڕێی سێیەم ڕێیەکی شایستەو گونجاوەو، دوو ڕێیەکەی دیکە بە کەڵك نایەن و، بە زیانی ژن و مێرد و منداڵەکانیشیان تەواو دەبن.

ئنجا لە بارەی حیکمەت و هۆکاری بەدەستی پیاو بوونی تەڵاقی ژنەوە، هەر بە کورتیی دەڵێین: بە لای کەمەوە چوار هۆکار هەن، پێویستی دەکەن دەبێ تەڵاق بە دەست پیاو بێ، نەك بە دەست ژن:

١- پیاو مشوورخۆرەو بەرپرسی ژن و خێزانە: ﴿ ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ ﴿٣٤﴾ ﴾ النساء.

٢- هەروەها پیاو دەستپێشخەری هاوسەرگیریی و بنیاتنانی خێزانە، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ أَوْ يَعْفُوَا۟ ٱلَّذِى بِيَدِهِۦ عُقْدَةُ ٱلنِّكَاحِ ... ﴾البقرة (٢٣٧)، بۆیە شتێکی لۆژیکییە کە هەر خۆشی مافی هەڵوەشاندنەوەی هەبێت.

٣- تەڵاق کە بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیریی، دەرەنجامی زۆری لێ دەکەونەوەو، بڕیارێکی پڕ مەترسییەو، نابێ بە دەست کەسێکەوە بێ کە عاتیفە و سۆز بە سەریدا زاڵ دەبێ، پیاوانیش بە گشتیی لە ژنان زیاترو چاکتر هەست و سۆزی خۆیان پێ کۆنترۆڵ دەکرێ و، هەر کەسێك نکووڵیی لەوە بکات، نکووڵیی لە ڕاستییەکی زانستیی، واقیعیی، مێژوویی و ئێستایی دەکات.

٤- تەڵاقدان دەبێتە مایەی پێویستبوونی چەند بەرپرسیارییەتێکی دارایی، وەك مارەیی دواخراو (**المَهْرُ المؤجَّل**) و کرێی شیر پێدان و بەخێوکردن (**أُجْرَة الرَّضَاعَة والحَضَانة**) و بژێوی کاتی عیددەو، نشتەجێ کردنی ئافرەتەکە لە کاتی عیددەدا، وەك پێشتر باسمانکرد،

ئەوانەش هەموویان وادەکەن کە مێرد پەلە نەکات لە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیرییدا.

ئنجا بێگومان بە دەستی پیاوبوونی تەڵاق، مانای وانیە کە ژن هیچ مافێکی نیە، بەڵکو ئەویش بۆی هەیە:

١- لە کاتی گرێبەستی هاوسەرگیریی (**عَقْدُ النِّكَاح**)دا بە مەرجی بگرێ، کە تەڵاق بە دەستی خۆی بێ، وەك لە مەزهەبی (**أبو حنيفة**)دا هاتوە، وەك لە (**حاشية ابن عابدين**)، (**رد المحْتار على الدرِّ المختار**)[1]، کە ئافرەت بۆی هەیە لە کاتی گرێبەستی هاوسەرگیریی دا بڵێ: دەبێ بەدەست خۆم بێ هەر کاتێ ویستم جیاببمەوە.

٢- کە مێردەکەی سەر پشکی بکات، هەر کات ویستی جیاببێتەوە، ئەوەش زۆربەی زانایان بە ڕەوایان زانیوە، وەك لە: (**المهذب للشيرازي**)دا[2]، هاتوە وەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ هاوسەرەکانی خۆی سەرپشك کردن، پاش دابەزینی ئایەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدۡنَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيۡنَ أُمَتِّعۡكُنَّ وَأُسَرِّحۡكُنَّ سَرَاحٗا جَمِيلٗا ﴿٢٨﴾ ﴾**الأحزاب**، کە لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (**الأحزاب**)دا، بە درێژیی قسەمان لە بارەوە کردوە.

٣- کە مێردەکەی بیکاتە وەکیل بۆ خۆ تەڵاقدان و جیابوونەوەی، وەك (**محمد أبو الزهرة**)، لە کتێبەکەی (**الأحوال الشخصية**)دا[3]، هێناویەتی.

٤- سەرباری هەموو ئەوانە، ژن مافی لە خۆ داڕنینی مێردیشی هەیە، یانی: (**خُلْع**)، وەك لە مەوسووعەی (ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەت دا)، بە درێژیی باسمان کردوە.

---

(١) ج٢، ص٤٨٥.

(٢) ج٣، ص٨.

(٣) ص٣٢٣.

بڕگەی چوارەم: پایەکانی تەڵاق:

تـەڵاق چەنـد پایەیـەکی هـەن، ئێمـە بـە کورتیـی بەسـەریاندا دەڕۆیـن و، لـە بـارەی پایـەکانی تەڵاقدانـەوە، لـە نێـوان زانایانـدا مشـت و مـڕو ڕاجیایـی هەیـە، بـۆ وێنـە: حەنەفییـەکان دەڵێـن: تەڵاقـدان، بـەس یـەك پایـەی هەیـە کـە بریتیـە لـە بێـژە (لفـظ)، یـەک بـۆ لێکـترازانی ژن و مێـرد بـەکاردێ، وەك (الكاسـاني) لـە (بدائـع الصنائـع في ترتيـب الشرائـع)دا[1]، دەڵـێ: (فَرُكْـنُ الطَّـلَاقِ هُـوَ الْفْـظُ الَّـذِي جُعـل دَلَالَـةً عَـلَى مَعْنَـى الطَّـلَاقِ)، پایـەی تـەڵاق بریتیـە لـەو بێژەیـەی کـراوە بـە نیشـانە لەسـەر مانای تـەڵاق، بـەڵام شـافیعییەکان دەڵێـن: تەڵاقـدان پێنـج پایـەی هـەن، وەك (الشربینـي) لـە (مغنـي المحتـاج)دا[2] دەڵـێ: (وَأَرْكَانُـهُ خَمْسَـةٌ: مُطَلِّـقٌ، وَصِيْغَـةٌ، وَمحَـلٌّ وَوِلَايَـةٌ، وَقَصْـدٌ)، واتـە: پایـەکانی تـەڵاق پێنجـن: تەڵاقـدەر، تەعبیرەکـە، شـوێنی تەڵاقدانەکـە (مەبەسـت پێـی ئافرەتەکەیـە)، سەرپەرشـتیی بەسـەریدا هەبـێ، مەبەسـتیشی بـێ تەڵاقـی بـدات.

بـەڵام ئـەوەی زۆربەیـان لەسـەری ڕێککەوتـوون، ئەوەیـە کـە تەڵاقـدان سـێ پایـەی سـەرەکیی هـەن، کـە بریتیـن لـە:

١- تەڵاقدەر (المُطَلِّق)، کە مەبەست پێی مێردە.

٢- تەڵاقدراو (مُطَلَّقَة)، کە مەبەست ژنە.

٣- ڕێژگە (الصِّيْغَة) ئەو تەعبیرەی پێی تەڵاق دەدرێ.

بـەڵام دوای لێکۆڵینـەوە، ئـەو ڕایـەی زانایانـم پـێ ڕاسـترە، کـە دەڵـێ: تەڵاقـدان پایەیـەکی دیکەشـی چوارەمـی هەیـە کـە بریتیـە لـە:

---

(١) ج٣، ص٣٥٧.

(٢) ج٤، ص٢٥٥.

٤- شایەد لەسەر گرتن (**الإِشْهَاد**)، واتە: دوو پیاوی دادگەر (**عادل**) شایەد بن لەسەر تەڵاقدانەکە، چونکە خوا ﷻ لە سوورەتی (**الطلاق**)دا، بە ڕوون و ڕاشکاویی دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ﴾، دوو پیاوی خاوەن دادگەریی بکەنە شایەدو شایەدیی بەرپا بکەن لەبەر خوا.

ئێستاش با سەرنجێکی خێرا لە هەر کام لەو چوار پایەی تەڵاقدان بدەین:

پایەی یەکەم: تەڵاقدەر (**المُطَلِّق**)، مەبەست ئەو پیاوەیە کە لە نێوان ئەو و هاوسەرەکەیدا، گرێبەستێکی هاوسەرگیریی ڕاست، (**عقد زواجٍ صحیح**)، هەیەو، ئەو پیاوە شایستەی ئەوەی هەیە، هاوسەرەکەی تەڵاق بدات و دەستبەرداری ببێ، ئنجا زانایان لە بارەی مەرجەکانی بابای تەڵاقدەرەوە، ڕا جیایی و مشت و مڕی زۆریان هەیە، بەڵام پاش سەرنجدان و لێ وردبوونەوەی قسەو بەڵگە هێنانەوەکانیان، گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە، کە ڕای پەسندو ڕاست و پشتئەستوور بە بەڵگەی بەهێز ئەوەیە، کە بابای تەڵاقدەر دەبێ چوار مەرجی سەرەکیی تێدا بێنە دی، ئەگەرنا شایستەی تەڵاقدان نابێ، ئەو چوار مەرجەش ئەمانەن:

١- عاقڵ بێت، شێت ئەوەی بۆ نیە.

٢- باڵغ بێ، منداڵ ئەوەی بۆی نیە.

٣- سەربەست بێ، واتە: دیل و ژێر دەست نەبێ، بە ناچاریی ژنەکەی پێی تەڵاق نەدرێ.

٤- ئامانجدار بێ، واتە: مەبەستی بێ ژنەکەی تەڵاق بدات، نەك بە هەڵە وشەیەکی بە زار دابێ.

ئنجا هەرسێك مەرجەکە (١و ٢و ٣)، بەگشتیی و هەر کامێك لەوان زانایان بەڵگەی زۆریان لەسەر هێناونەوە، بۆ وێنە:

١- لە بارەی مەرجی یەکەم و دووەم (عاقڵ بوون و باڵغ بوون) ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە بەڵگە هێنراوەتەوە: {**رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلَاثَةٍ: عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ، وَعَنِ الصَّغِيرِ حَتَّى يَكْبُرَ ، وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ، أَوْ يُفِيقَ**}، (**أخرجه البخاري معلقاً، وأبوداود: ٤٤٠٣، والألباني في صحيح الجامع: ٣٥١٢**)، واتە: قەڵەمی گوناه نووسین لەسەر سێ جۆر کەس لابراوە: لەسەر خەوتوو تاکو بێدار دەبێتەوەو، لەسەر منداڵ تاکو باڵغ دەبێ و، لەسەر شێت تاکو دێتەوە هۆش.

٢- هەروەها لەبارەی مەرجی دووەمەوە (باڵغ بوون) ئەوە بە بەڵگە هێنراوەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**إِنَّمَا الطَّلَاقُ لِمَنْ أَخَذَ بِالسَّاقِ**} (**أخرجه ابن ماجه: ٢٠٨١، وحسَّنه الألباني في صحيح الجامع: ٣٩٥٨**)، واتە: تەڵاق بەدەست ئەو کەسەیە کە لاق (ی هاوسەرەکەی) دەگرێ، کە مەبەست پێی جیماع کردنە واتە: تاکو توانای جیماع کردن نەبێ، شایستەیی تەڵاقدان نیە.

هەڵبەتە بە مەرج گرتنی عاقڵ بووی تەڵقدراویش نیشی ئەوە دەگەیەنێ، کە هەر کام لە شێت و، بێهۆش و، سەرخۆش و، ئاگا لە خۆبڕاو بە هۆی تووڕەیی زۆرەوە، هەروەها عەقڵ و هۆش لە لانەماو بە هۆی پیریی، یان نەخۆشییەوە، هیچ کام لەمانە تەڵاقیان ناکەوێ، ئەوەش بە گشتیی ڕای زۆربەی زانایانی لەسەرەو، دەشگونجێ وێرای دوو دەقەکەی پێشێ، ئەم دەقانەش لەسەر ئەوە بە بەڵگە بهێنرێنەوە:

٣- پێغەمبەری خوا ﷺفەرموویەتی: {**لاَ طَلَاقَ فِي إِغْلَاقٍ**}، (**أخرجه أبو داود: ٢١٩٣، وابن ماجه: ٢٠٤٦، والحاكم: ٢٠٠٢، وَحَسَّنَهُ الألبَانِي فِي صحيح الجامع: ٢٥٢٥**)، واتە: تەڵاقدان لە داخران دا نیە، زۆرێك لە زانایانیش وشەی (**إِغْلَاق**)یان بە تووڕەیی لێکداوەتەوە، وەك (**علي بن أبي طالب، وابن عباس، وأحمد، وأبو داود، والكرخي، والطحاوي، وابن تيمية، وابن القيم**)، **خوا** لە هەموویان ڕازی بێ و لێیان خۆش بێ[1]، بەڵام بێگومان مەبەست لە تووڕەیی،

(١) (إعلام الموقِّعين عن رب العالمين)، ج٣، ص ٥٢، والمسائل الفقهية من اختيارات شيخ الإسلام ابن تيمية، ص ٢١٨.

ئەوەیە تووڕەییەکی توندی وابێت، خاوەنەکی ئاگای لە خۆی نەمابێ و عەقڵ و هۆشی داخرابێ.

ب- هەروەها عوسمان خوا لێی ڕازی بێ، گوتوویەتی: {**لَيْسَ لِمَجْنُونٍ وَلاَ لِسَكْرَانَ طَلاَقٌ**} [١] واتە: شێت و سەرخۆش تەڵاقیان لەسەر نیە.

ج- هەروەها ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێ گوتوویەتی: {**طَلاَقُ السَّكْرَانِ وَالْمُسْتَكْرَه لَيْسَ بِجَائِزٍ**}[٢] واتە: واتە: تەڵاقی سەرخۆش و زۆرلێکراو ناکەوێ.

٣- هەڵبەتە بە مەرج گیرانی ئازاد بوون و سەربەست بوون بۆ تەڵاقدەریش یانی: بابای ناچارکراو و زۆر لێکراو (**مُكْرَه ومضطرّ**) تەڵاقیان ناکەوێ، چونکە خوای میهرەبان دەفەرموێ: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴿٢٨٦﴾ ﴾**البقرة**، **خوا** جگە لە توانای لە هیچکەس داوا ناکات، کەسێکیش زۆری لێ بکرێ و ناچار بکرێ، لەو کاتەدا توانای نەماوە، بۆیەش ئەرکدار ناکرێ و، هەر کارێك پێی هەڵدەستێ، بەرپرسیارێتیی ناکەوێتە سەر.

هەر لەو بارەوە کە بابای ناچارکراو تەڵاقی ناکەوێ، ئەو فەرموودەیەش دەگونجێ بە بەڵگە بهێنرێتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

{**إِنَّ اللـه تَجَاوَزَ عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأُ وَالنِّسْيَانُ وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ**} (**أخرجه ابن حبان: ٧٢١٩، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط البخاري، والحاكم: ٢٨٠١، وقال: صحيح على شرط الشيخين**)، واتە: بێگومان خوا ئۆممەتەکەمی لە سێ شتان بواردوە: هەڵەو، لە بیرچوون و، ئەوەی لەسەری ناچار بکرێن.

٤- بۆ بە مەرجگیرانی ئامانجداربوونی بابای تەڵاقدەریش کە مەبەستی بێت ژنەکەی تەڵاق **بدات**، کاتێك ئەو وشەیەی بە زار دادێ، یاخود دەینووسێ، یان ئاماژە پێکردنی، لەسەر ئەوەش دەگونجێ ئەم ئایەتە موبارەکە بە بەڵگە بهێنرێتەوە:

---

(١) أخرجه البخاري: ٣٧٨١، باب الطلاق في الإغلاق والكره، والسكران والمجنون وأمرهما، والغَلَط والنسيان في الطلاق والشرك وغيره.

(٢) أخرجه البخاري: ٣٧٨١.

﴿وَلَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٞ فِيمَآ أَخۡطَأۡتُم بِهِۦ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتۡ قُلُوبُكُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمًا ٥﴾ **الأحزاب**، واتە: لەوەدا کە بەهەڵە دەیڵێن، گوناهتان ناگات، بەڵکو بەوەی بە مەبەستی دڵتانەو، دەیڵێن (بەوە گوناهتان دەگات) و، خواش لێبوردەی بە بەزەییە.

٨- بەڵام بە نسبەت قسەی گاڵتەو گەمە، زانایان ڕایان وایە تەڵاقی پێدەکەوێ و، ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەریش ﷺ بە بەڵگە دەهێننەوە: {**ثَلَاثٌ جِدُّهُنَّ جِدٌّ وَهَزْلُهُنَّ جِدٌّ: النِّكَاحُ وَالطَّلَاقُ وَالرَّجْعَةُ**}، (**أخرجه أبو داود: ٢١٩٤، والترمذي: ١١٨٤، وقال: حسن غريب . وابن ماجه: ٢٠٣٩، والحاكم: ٢٨٠٠، وقال: صحيح الإسناد**)، واتە: سێ شت ڕاستییان جیددییەو گاڵتەشیان هەر جیددییە: مارەکردن و تەڵاقدان و گێڕانەوەی ژن، واتە: دوای ئەوەی تەڵاقیداوە، بیگێڕێتەوە لای خۆی.

بەڵام من پێم وایە ڕایەکەی دیکە، کە هی ژمارەیەك لە زانایانە، لەو بارەوە بەهێزترە، واتە: ئەگەر مەبەستی نەبێ تەڵاقی بدات، با گاڵتەو سوعبەتیش بکات تەڵاقی ناکەوێ، چونکە لەسەر سەنەدی فەرموودەکە مشت و مڕ هەیەو پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێ: {**إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى**}، (**أخرجە: البخاري: ١، مسلم: ١٩٠٧**) واتە: کردەوەکان بە پێی نیازەکانن و هەر مرۆڤێك ئەوەی بە دڵی داهاتوە، ئەوەی بۆ حیسابە.

هەروەها خوا ﷻ لە بارەی تەڵاقدانەوە دەفەرموێ: ﴿وَإِنۡ عَزَمُواْ ٱلطَّلَٰقَ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ٢٢٧﴾ **البقرة**، واتە: ئەگەر دڵیان لەسەر تەڵاقدان ساغکردەوە، خوا بیسەری زانایە.

ئاشکراشە بابای گاڵتەکەر نیازی تەڵاقدانی ژنەکەی هەر نیە، چ جای دڵی خۆی لەسەر ساغ بکاتەوە!

پایەی دووەم: تەڵاقدراو:

تەڵاقدراو ئەو ئافرەتەیە کە تەڵاق دەدرێ، ئەویش چەند شتێکی تێدا بە مەرجگیراون و، ئێمە بە خێرایی بەسەریان دا دەڕۆین:

یەکەم: دەبێ ئەو ژنە لەسەر بناغەی گرێبەستی هاوسەرگیرییەکی ڕاست بووبێتە هاوسەری مێردەکەی، ئەگەرنا ئافرەتی بێگانەو ئافرەتێك کە بە گرێبەستێکی نادروست، (**عَقْدٌ فَاسِد**)، بە هاوسەر داندرابێ، نابێتە شوێنی تەڵاق.

دووەم: دەبێت پێش گواستنەوەی (**قَبْلَ الدُّخُولِ بِهَا**)، تەڵاقی نەدابێ، چونکە ئەگەر ئەو کاتە تەڵاقی دابێ، هەر زوو لێی جیابۆتەوەو هیچ تەڵاقی نەماوە.

سێیەم: دەبێ لە عیددەی تەڵاق و جیابوونەوەی گەورە (**البینونة الکبری**)دا نەبێ، تەڵاقی جیابوونەوەی گەورەش ئەوەیە یان سێ تەڵاقی لەسەر یەك دابن، بە ڕای زۆربەی زانایان، یاخود تەڵاقی سێیەمی دابێ.

چوارەم: دەبێ لە عیددەی هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیریی دا نەبێ.

پێنجەم: دەبێ لە کاتی حەیزدا نەبێ و، لە پاکێکییشدا نەبێ کە چووبێتە لای.

پایەی سێیەم: ڕێژگە (**الصِّیغة**):

پایەی سێیەمی تەڵاقدان بریتیە لە ڕێژگە (**الصِّیغة**): زانایان لەو بارەوە زۆر قسەیان کردوە، بەڵام بە گشتیی دوو ڕان:

أ- هەندێکیان گوتوویانە: بە بێژەی ڕوون و ڕاشکاوی تەڵاق نەبێ، تەڵاق ناکەوێ، کە بریتین لە: (**طلاق**)، (**فراق**)، (**سراح**)، لەبەر ئەوەی ئەو سێ وشەیە لە قوڕئاندا هاتوون.

ب- ئەوانی دیکە ڕایان وایە هەر وشەیەك ئەو واتایانەش بگەیەنێ، تەڵاقی پێ دەکە

، بەڵام ئەوانەی لەسەرڕای (**ظاهرية**)کانن، دەڵێن: دەبێ ئەو هەر سێ وشەیە بن، واتە: سێ وشەیە بە عەرەبیی، یاخود واتایەکانیان بە زمانەکانی دیکە.

پایەی چوارەم: شایەدگرتن (**الإشهاد**):

پایـەی چوارەمـی تەڵاقـدان بریتیـە لـە شـایەد گرتـن، زانایـان لـەو بـارەوە بـە پلـەی یەکـەم، ئـەم ئایەتـە موبارەکـە بـە بەڵگـە دێننـەوە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ذَٰلِكُمْ يُوعَظُ بِهِ مَن كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا ﴿٢﴾ ﴾الطـلاق، واتـە: (هـەر کاتێـك (ژنـانی یـەك جـار یـان دوو جـار تەڵاقـدراو) گەیشـتنە نزیـك کاتی دیارییکراویـان (بەسـەرچوونی مـاوەی (**عیـدة**))، یـان بـە شـێوەیەکی پەسـەند دەسـتیان پێـوە بگـرن و بیانهێڵنـەوە، یـان بـە شـێوەیەکی پەسـند دەسـتیان لـێ بـەردەن و، دوو پیـاوی خـاوەن دادگەریـی بـە شـایەد بگـرن لـە خۆتـان، کـە بـۆ خـوا شـایەدیی بـدەن، ئـا ئەوەتـان ئامۆژگاریـی هـەر کەسـێکی بـڕوادار بـە خـوا ڕۆژی دوایـی پـێ دەکـرێ، هـەر کەسـیش پارێـز لـە خـوا بـکات دەرووی خێـری لـێ دەکاتـەوە.

ئێمـەش ئـەو ڕایەمـان پـێ بەهێزتـرە کـە دەڵـێ: وەك چـۆن بـۆ گرێبەسـتی نیـکاح، دوو شـایەد بـە مـەرج گیـراون، بـۆ لێـك جیابوونـەوەش بـە هەمـان شـێوەو، ئایەتەکـەش زۆر بـە ڕوونیـی دەیگەیەنـێ.

بڕگەی پێنجەم و کۆتایی: جۆرەکانی تەڵاقدان:

ئـەم بابەتـە بابەتێکـە زۆر دوورو درێـژو بـە لـق و پۆپـە، هـەر بـە کورتیـی دەڵێیـن: تەڵاقـدان جـۆری زۆرن و بـە گشـتیی نـۆ (٩) جـۆری هـەن:

١و٢)- لە ڕووی سیفەتەوە: تەڵاقدانی سوننەتیی و، تەڵاقدانی بیدعەتییش هەیە:

أ- تەڵاقدانی سوننەتیی: ئەوەیە پیاوەکە یەك تەڵاقی ژنەکەی بدات و، لە حەیزدا نەبێ و، لە پاکییەکیش دانەبێ، کە چووبێتە لای، چونکە ئەگەر لە حەیزدا بێ، دوایی بۆ عیددەکەی ئافرەتەکە زەرەرمەند دەبێ، کە دەبێ لە حەیزەکەی تەواو بێ و بکەوێتە نێو پاکیی، ئنجا بۆی حیسابە، هەروەها کاتێك ئافرەتەکە لە حەیزدایە، شەرع حەرامی کردوە مێردەکەی تەڵاقی بدات، چونکە دەبینی میزاجیان پێکەوە تەواو نیە، دیسان لە پاکییەکیشدا کە چووبێتە لای، قەدەغەیە تەڵاقی بدات، چونکە نازانرێ ئایا ئەو ئافرەتە تۆو (نُطْفة)ی، ئەو پیاوە لە منداڵدانی دا هەیە یان نا؟.

ب- تەڵاقدانی بیدعەتیی: ئەوەیە کە پیاوەکە زیاتر لە تەڵاقێکی بدات، دوو تەڵاق یان سێ تەڵاق پێکەوە، یان لە حەیزدا تەڵاقی بدات، یان لە پاکییەکدا کە چووبێتە لای، ئنجا ئایا تەڵاقی بیدعەتیی دەکەوێ، یان ناکەوێ؟ زۆرێك لە زانایان دەڵێن: ناکەوێ، واتە: تەڵاقی سێ بە سێ هەرسێکیان ناکەون تەنیا یەکیان دەکەوێ، کە من بە خۆم ئەو ڕایەم پێ ڕاستەو، لە مەوسووعەی (ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەتدا)، بە تەفصیلی باسم کردوە، بەڵام ئایا ئەگەر لە کاتی حەیزدا تەڵاقی دا، یان لە پاکییەکدا کە چووبێتە لای تەڵاقەکەی دەکەوێ یان نا؟ زۆربەی زانایان دەڵێن: گوناهبارەو تەڵاقەکەی دەکەوێ، کەواتە: تەڵاقی بدعەتیی ئەوەیە: ١- یان سێ تەڵاقانی پێکەوە بدات، ٢- یان لە حەیزدا بێ، ٣- یان لە پاکییەکدا بێ چووبێتە لای.

٣و٤)- دوو جۆری دیکەش لە ڕووی سیغەکەیەوە: تەڵاقدانی ڕاشکاو و تەڵاقدانی کینایە، هەن:

٣- تەڵاقدانی ڕاشکاو: ئەوەیە کە بە بێژەی (**طلاق**) یان (**فراق**) یان (**سراح**) بێ، (**فَسَرِّحوهن، فارقوهن، طلِّقوهن**)، ئەگەر بە یەکێك لەو سێ وشەیە، یاخود واتایەکانیان بن بە زمانەکانی دیکە، ئەوە تەڵاقی ڕاشکاوە.

٤- تەڵاقدانی کینایە: ئەوەیە کە بەبێژەیەك بێ ئەو واتایە بگەیەنێ، بەڵام خودی ئەو بێژەیە نەبێ، ئەوە پێی دەگوترێ: کینایە، بۆ وێنە: بڵێ بچۆوە ماڵی بابت، یاخود:

خێزانی من نەمای! زانایان لەو بارەیەوە زۆر مشت و مڕیان هەیە، کە ئایا وەك چۆن بە تەڵاقدانی ڕاشکاو، تەڵاق دەکەوێ، بە هی کینایەش دەکەوێ یان نا؟.

٥و٦)- لە ڕووی شوێنەواریشەوە دوو جۆرە تەڵاقدان هەن: أ- تەڵاقدانی گێڕدراوە (**الطلاق الرَّجعي**)، کە پیاوەکە بۆی هەیە ژنەکەی بگێڕێتەوە، ب- تەڵاقدانی جیابوونەوە (**الطلاق البائن**): کە مێردەکە بۆی نەبێ ژنەکەی بگێڕێتەوە لای خۆی:

٥- تەڵاقدانی گێڕدراوە: ئەوەیە کە ئەو پیاوە، یەك تەڵاقی ژنەکەی دابێ، بەر لەوەی عیددەی تەواو بێ، بڵێ: ئەوە گێڕامەوە، یان بە کردەوە بیگێڕێتەوە، کە زانایان دەڵێن: دەبێ دوو شایەدان بگرێ، هەندێکیش دەڵێن: شایەدیی ناوێ، ئەوە ئەگەر دوای تەڵاقی یەکەم بێ، بەر لەوەی عیددەی بەسەر بچێ و بیهێنێتەوە لای خۆی، یان دوای تەڵاقی دووەم بێ بەر لەوەی عیددەی بەسەر بچێ و بیهێنێتەوە، ئا ئەوە پێی دەگوترێ: تەڵاقی ڕەجعیی، لەبەر ئەوەی مێردەکە بۆی هەیە بیهێنێتەوە لای خۆی، بەڵام ئەگەر دوای بەسەرچوونی عیددەکە بێ، ئەوە تازە پێی دەگوترێ: تەڵاقدانی جیابوونەوە (**الطلاق البائن**).

٦- تەڵاقدانی جیابوونەوە (**الطلاق البائن**): ئەگەر دوای بەسەرچوونی عیددەی تەڵاقی یەکەم و دووەم بێ، دەگونجێ ئەو ژن و مێردە بە گرێبەستێکی تازە دووبارە ژیانی هاوسەرگیریی دروست بکەنەوە، ئەوەش جیابوونەوەی گچکە (**البینونة الصُّغرى**)یە، بەڵام جیابوونەوەی دوای تەڵاقی سێیەم، پێی دەگوترێ: جیابوونەوەی گەورە (**البینونة الكبرى**)، لە دوای جیابوونەوەی گەورەش، ژن و مێرد بۆ یەکدی حەڵاڵ نابنەوە، مەگەر ئەو ژنە شووێکی دیکە بکاتەوەو، دوایی لێی جیابێتەوە، ئنجا بە گرێبەستێکی تازە دەگونجێ بێتەوە لای مێردە پێشووەکەی.

٧و٨)- لە ڕووی کاتی پەیدابوونی شوێنەواریشەوە، دیسان تەڵاق دەبێتە دوو جۆر:

٧- تەڵاقی دەستبەجێ (**مُنَجَّز**): ئەوەیە کە یەکسەر تەڵاقی بدات، بێ دواخران.

٨- تەڵاقی هەڵواسراو (**مُعَلَّق**): ئەوەیە کە بڵێ: ئەگەر فلان شتە بوو، تەڵاقت بکەوێ.

٩)- جۆری نۆیەمی تەڵاقدان:

٩- سوێند خواردن بە تەڵاق (**الحلف بالطلاق**): کە پوختەکەی ئەوەیە پیاوێك سوێند بە تەڵاق بخوات لەسەر کردن یان نەکردنی کارێك، ئنجا ئایا ئەوە ڕەوایە، هەروەها ئایا چ حوکمێکی دێتە سەر؟ ئەوە قسەی زۆری لەسەرەو لەو کتێبەدا بە تەفصیل باسم کردوەو، پوختەکەی ئەوەیە کە پێم وایە سوێند خواردن بە تەلاق گوناهە و تەڵاقیشی پێ ناکەوێ و، بەڕای زۆرێک لە زانایانیش کەفارەتی سوێندی لەسەرە.

لە کۆتاییدا دەڵێم:

شەریعەتی خوای کاربەجێ، هەموو شتێکی تێدا ڕەچاو کراوە، یەکێك لەو شتانەی لە ژیانی بەشەردا دێنە پێش، ئەوەیە کە مرۆڤ هاوسەرگیریی دەکات، بەڵام جاری وایە ئەو هاوسەرگیرییە بە هەر هۆیەکەوە دروست بووبێ، پێشەکییەکانی و بناغەکەی چاك بووبێ، یان چاك نەبووبێ، گۆڕانێك بەسەر ژن، یان بەسەر پیاو دادێ، ناچاری لێك جیابوونەوە دەبن، ئنجا شەریعەت ڕێی داناوەو، ئەگەر پیاوەکە بیەوێ جیا بێتەوە، تەڵاقی بەدەستەو، ئەگەر ژنەکە بیەوێ جیا ببێتەوە دارنین (**خلع**)ی بە دەستەو، جاری واش هەیە هیچیان ڕەغبەتیان نیە، بەڵام بە کەڵکی یەکدی نایەن، لەبەر ئەوەی لە کاتی خۆی دا کە مارەی کردوە، پێی نەشیاوە، یان لەبەر هەر هۆیەك بێ، ئەوە تەرەفی سێیەم کە بریتیە لە دەسەڵات دەسەڵاتی شەرعیی، دادوەر، لێکیان جیادەکاتەوە کە پێی دەگوترێ: هەڵوەشاندنەوە (**فسخ**)، واتە: شەریعەت سێ ڕێی داناون، بۆ لێك ترازاندنی ژن و مێرد.

مەبەستم ئەوەیە ئێستا کە لە ئایینی شێوێندراوی نەصرانییدا تەڵاقدان نیەو، پیاوێك کە ژنێکی مارەکرد، تازە وەك تۆقێك دەچێتە ملیەوە، ئەوە شتێکی ناڕاست و هەڵەیە، بۆیەش هەر کات کابرا زۆر ناچاربوو، ژنەکەی دەکوژێ، یان جاری وایە ژنەکە مێردەکەی دەکوژێ، یان لەگەڵ کەسێکی دیکەدا ڕێك دەکەوێ، بەڵام شەریعەتی ئیسلام بۆ ئەوەی ئەو بەڵاو موسیبەتانە پەیدا نەبن، سێ ڕێی بۆ داناون:

١- ئەگەر پیاوەکە زۆر مەبەستی بوو، تەڵاقی بۆ هەیە.

٢- ئەگەر ژنەکە دەستپێشخەر بوو و لە مێردەکەی بێزار بوو، داڕنین (خُلْع)ی بۆ هەیە، کە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ئەوەبووەو لە سوورەتی (البقرة)[1]داو، لە سوورەتی (النساء)[2]یشدا هاتوە.

٣- ئەگەر بە کەڵکی یەکدی نەدەهاتن، بەڵام خۆیان بۆیان نەدەکرا لێك جیابنەوە، ئەوە لایەکی دیکەی سێیەم کە (دادوەر)ە بۆی هەیە، لێکیان بترازێنێ.

لێرەدا دێینە کۆتایی ئەم دەرسەمان و، کۆتایی ئەم کورتە باسەش لە بارەی تەڵاقەوە، هەر کەسێ بیەوێ وردەکاریی زیاتر بزانێ، دەبێ تەماشای مەوسووعەی: (ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەتدا) بکات، کە بە تەفصیلْ باسی هەر سێ ڕێیەکەمان کردوە.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

---

(١) ئایەتی ژمارە: ٢٢٩.

(٢) ئایەتی ژمارە: ١٩.



دەرسی دووەم



پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە پێنـج (٥) ئایـەتی کۆتایـی سـووڕەتی (**الطـلاق**)، پێکهاتـوە، ئایەتـەکانی: (٨ - ١٢) و سـێ بابـەتی سـەرەکیی دەگرنـە خۆیـان:

یەکەم: سەرنجڕاکێشان بۆ مێژوو، کە چەندان کۆمەڵگای یاخیی لە خواو لە پێغەمبەران (**علیهم السلام**) سزای سەخت دراون و، سەرەنجامیان دۆڕان و زیانباریی و سەر بە فەتارەت چوون بووە.

دووەم: هۆشداریی دان بە بڕواداران کە پێویستە پارێز لە خوا بکەن و، شوێن ئەو بەرنامەیەو، ئەو پێغەمبەرە بکەون کە ئایەتە ڕۆشنەکانی خوایان بەسەردا دەخوێنێتەوە، تاکو سەرەنجام شایستەی ئەوە بن، بیانخاتە بەهەشتە ڕازاوەو نەبڕاوەکانی خۆیەوە.

سێیەم: ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە خوا حەوت ئاسمانی دروستکردوون و، لە زەویش بە هەمان شێوە، تاکو خەڵك بزانێ خوا لەسەر هەموو شتێك بە توانایەو، بە هەموو شتێکیش زانایە.

﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِۦ فَحَاسَبْنَٰهَا حِسَابًا شَدِيدًا وَعَذَّبْنَٰهَا عَذَابًا نُّكْرًا
٨ فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا وَكَانَ عَٰقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْرًا ٩ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ يَٰٓأُو۟لِى
ٱلْأَلْبَٰبِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ قَدْ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكُمْ ذِكْرًا ١٠ رَّسُولًا يَتْلُوا۟ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ مُبَيِّنَٰتٍ لِّيُخْرِجَ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعْمَلْ صَٰلِحًا يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ
تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ قَدْ أَحْسَنَ ٱللَّهُ لَهُۥ رِزْقًا ١١ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ
وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ ٱلْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ
شَىْءٍ عِلْمًۢا ١٢ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەهـا (لـە ڕابـردووش دا) زۆر ئاوەدانیـی سـەرپێچییان لـە فەرمـانی پەروەردگاریـان و پێغەمبەرانـی کـرد، ئنجا بـە لێپرسینەوەیەکی توند لێپرسینەوەمان لەگـەڵ کـردن و، بـە ئازاردانێـکی بێـوەزا سـزامان دان ﴿٨﴾ ئنجا (سـزای) سـەرەنجامی شـوومی خۆیـان چێـژت و ئاکامـی کارەکەیـان زیانباریـی بـوو ﴿٩﴾ (لـە دوارۆژیشـدا) خـوا ئازارێـکی تونـدو سـەختی بـۆ سـازکردوون، ئنجا ئـەی ئـەو خـاوەن عەقڵانـەی بڕواتـان هێنـاوە! پارێـز لـە خـوا بکـەن، بـە دڵنیایـی (خـوا قورئانێـك) بیرخەرەوەیەك (ی مـەزنی) بـۆ لاتـان دابەزانـدوە ﴿١٠﴾ (هەروەهـا) پێغەمبەرێـك (یـشی نـاردوە) ئایەتـە ڕوونکـەرەوەکانی خواتـان بەسـەردا دەخوێنێتـەوە، تاکـو ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوەو کـردەوە باشـەکان دەکـەن، لـە تاریکاییـان بـەرەو ڕووناکیـی دەریانبهێنـێ، هـەر کەسـێکیش بـڕوا بـە خـوا بێنـێ و، کـرداری بـاش بـکات (خـوا) دەیخاتـە نێـو باخانێکـەوە، ڕووباریـان بـە ژێـردا دەڕۆن و بـە هەمیشـەیی تێیانـدا دەبـن، مسـۆگەر خـوا بژێویـکی بـاشی داوە ﴿١١﴾ خـوا ئـەو کەسـەیە حـەوت ئاسـمانی هێناونـەدی و لـە زەویـش وێنـەی وان، فەرمـان(ی خـوا) بـە نێویانـدا دێتـە خـوارێ، تاکـو بزانـن کـە خـوا لەسـەر هەمـوو شـتێك بـە توانایـە، هەروەهـا کـە زانیاریـی خـوا دەوری هەمـوو شـتێکی داوە ﴿١٢﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(وَكَأَيِّن): (اسْمٌ لِعَدَدٍ كَثِيْرٍ مُبْهَمٍ يُفَسِّرُه مَا يُمَيِّزُهُ بَعْدَهُ، وَكَأَيِّن الخَبَرِيَّة بِمَعْنَى: كَثِيْر)، (كَأَيِّن)، ناوێکە بۆ ژمارەیەکی زۆر کە زانراو نیە، بەڵام ئەوەی دوایی جیای دەکاتەوە، مانایەکەی ڕۆشن دەکاتەوە، (كَأَيِّن) بە مانای (كَمْ)ی، (الخَبَرِيَّة) یە، نەك (كَم الإسْتِفهَامِيَّة)، (كَمْ قَلَمٌ عِنْدَك)؟، چەند قەڵەمت لەلان؟ ئەوە جیایە، بەڵام (كَمْ أَهْلَكَ الله مِنْ قَرْيَة!)، واتە: خوا زۆر ئاوەدانیی فەوتاندن!

(قَرْيَةٍ): پێشتریش گوتوومانە: (قَرْيَة: اسْمٌ للمَوْضِع الَّذِي يَجْتَمِعُ فِيْه النَّاسُ وَلِلنَّاسِ جَمِيْعَاً، وَيُسْتَعْمَلُ لِكُلٍّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا)، (قَرْيَة): ناوە بۆ هەر شوێنێك كە (خەڵك) زۆر لێی كۆ بێتەوەو، بۆ خەڵکەکەش کە کۆبۆتەوەو، بە هەردووکیشیان دەگوترێ، هەر کامێکیان بە جیا پێی دەگوترێ: (قَرْيَة).

(عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا): یاخیی و سەر کێش بوو لە فەرمانی پەروەردگاری (العُتُوّ: النُّبُوّ عَنِ الطَّاعَة، عَتَا يَعْتُو عُتُوّاً وَعِتِيَّاً)، (عُتُوّ)، بریتیە لە دوور کەوتنەوە خۆ دوور گرتن لە فەرمانبەریی، دەگوترێ: (عَتَا يَعْتُو عُتُوّاً وَعِتِيَّاً)، هەردووکیان چاوگن.

(وَبَالَ أَمْرِهَا): سەرەنجامی شوومی کارەکەی خۆی، (الوَبْلُ وَالوَابِلُ: المَطَرُ ثَقِيْلُ القِطَارُ)، بارانێك كە دڵۆپەکانی قورس بن، (وَبْل) و (وَابِل)ی، پێ دەگوترێ، (وَلِمُرَاعَاةِ الثِّقَلِ قِيْلَ للأَمْرِ الَّذِي يُخَافُ ضَرَرُهُ: وَبَال، وَطَعَامٌ وَبِيْل وَكَلأُوبِيل: يُخَافُ وَبَالُهُ)، ئنجا بە ڕەچاوکردنی قورسیی بۆ هەر کارێك كە مەترسیی زیانی لێ پەیدابێ، پێی گوتراوە: (وَبَال)، هەروەك خواردنێك كە بابای بخۆر دەیخوات، یاخود لەوەڕێك كە ئاژەڵێك دەیخوات، ئەگەر مەزەنەی خراپیی لێ بکرێ، بە هەردووکیان گوتراوە: (طَعَامٌ وَبِيْل، وَكَلأ وَبِيْل)، یانی: خواردنێك كە سەرەنجامی خراپەو، لەوەڕێك كە سەرەنجامی خراپە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ لـە کۆتایـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، دوای ئـەوەی بـاسی حوکمـەکانی تەڵاقـی کـرد، کـە پێشـتر خسـتماننە ڕوو، ئنجـا بـەو بۆنـەوە کـە دەبـێ پابەندیـی بکـرێ بـە شـەریعەتی خـواوە، لـە بـوارەکانی: هەڵسـوکەوتی تاکیـی و خێزانیـی و کۆمەڵایەتیـی و سیاسـییدا، کـە لێـرەدا بـاسی هەڵسـوکەوتی خێزانیـی بـوو، خـوا ﷻ بۆمـان بـاسی ئـەو کۆمەڵگایانـە دەکات، کـە لـە مێـژوودا لـە فەرمـانی پەروەردگاریـان و لـە فەرمـانی پێغەمبـەرانی خـوا (علیهـم السـلام)، یاخیـی بـوون و سەرکێشـییان کـردوە، کـە خـوا چـۆن سـزای داون، کەواتـە: ئەمـە هۆشـدارییدانە بـە مسـوڵمانان، کـە مسـوڵمانینە، بڕوادارینـە! ئێـوەش لـە هیـچ شـتێکدا لـە فەرمـانی خـواو لـە فەرمـانی پێغەمبـەری ﷺ خـوا ﷻ یاخیـی مەبـن و، سەرکەشـیی مەکـەن و لـە ڕێ دەرمەچـن، چونکـە هەمیشـە لـە ڕێ دەرچـوون، سـەرەنجامی خراپـەو، یاخییبـوون لـە خـواو، یاخییبـوون لـە پێغەمبـەرانی خـوا (صلی اللـه علیهـم وسـلم)، هـەم لـە دنیـادا سـزای هەیـەو هـەم لـە ڕۆژی دواییشـدا، سـزا چاوەڕێـی خاوەنەکـەی دەکات، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِۦ ﴾، (وَكَأَيِّـن)، بـە مانـای (کـم الخبریّة)یـەو بـە مانـای زۆرییـە، واتـە: زۆر ئاوەدانیـی، خەڵـکی زۆر ئاوەدانییـان لـە فەرمـانی پەروەردگاریـان یاخییبـوون و لـە فەرمـانی پێغەمبـەرانی خـواش یاخییبـوون، ﴿ فَحَاسَبْنَٰهَا حِسَابًا شَدِيدًا ﴾، ئێمـەش زۆر بـە سـەختیی، زۆر بـە توندیـی لێپرسـینەوەمان لەگەڵـدا کـردن، ﴿ وَعَذَّبْنَٰهَا عَذَابًا نُّكْرًا ﴾، بـە سـزادان و ئازاردانێـکی نەنـاسراو و نەزانراویـش سـزامان دان، یـانی: ئـەو سـزایە، عەقـڵ و ئیدڕاکـی مـرۆڤ نەیدەتـوانی دەورەی بـدات، هێنـدە بێـڕەزاو گـەورەو نامـۆ بـوو، کـە تاکـو ئەوسـا خەڵـك بـەو شـێوەیە سـزا نەدرابـووا!

﴿ فَذَاقَتۡ وَبَالَ أَمۡرِهَا ﴾، سـەرەنجامی شـوومی کارەکـەی خۆیـان چێـژت، ﴿ وَكَانَ عَٰقِبَةُ أَمۡرِهَا خُسۡرًا ﴾، سـەرەنجامی کارەکەشـیان زیانبارییـ بـوو، هـی ئـەو ئاوەدانییانـە کـە لـە خـوا یاخیـی بـوو بـوون و، لـە پێغەمبـەرانی خـوا ﷺ یاخیـی بـوو بـوون.

﴿ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدٗا ﴾، بـۆ ئـەو خەڵکانـە، ئـەو کۆمەڵگایانـە خـوا ئازارێـکی سـەختی بـۆ خەڵـکی ئـەو ئاوەدانییانـە ئامـادە کـردوە، بـە دڵنیایـی مەبەسـت پێـی ڕۆژی دواییـە، واتـە: لـە دنیـا و دوارۆژدا تـووشی چەرمەسـەریی و سـزای خـوا بـوون، هـەم سـزاباری دنیـا بـوون و، هـەم سـزابار و سـزادراوی ڕۆژی دواییـش بـوون، ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئـەم (ف)ە، لـە ڕووی ڕێزمـانی عەرەبییـەوە پێـی دەگوتـرێ: (**الفَـاء الفَصِيْحَـة لأنَّهـا تفْصِـحُ عَـمَّا قبلهـا**)، واتـە: کـە حـاڵ بـەو شـێوەیەو کۆمەڵـگا پێشـووەکان سـزادراون، بـە هـۆی لادانیانـەوە لـە فەرمـانی خـواو یاخیبوونیانـەوە لـە پێغەمبـەرانی خـوا ﷺ و، تـووشی سـزاباریی بـوون، کەواتـە: پارێـز لـە خـوا بکـەن، ئەی خـاوەن عەقڵانێـك کـە بڕواتـان هێنـاوە! ﴿ قَدۡ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكُمۡ ذِكۡرٗا ﴾، بـە دڵنیایـی خـوا بیرخەرەوەیـەکی بـۆ ئێـوە دابەزانـدوە، یاخـود بەرنامەیـەکی بۆتـان دابەزانـدوە، کـە شـەرەف و نـاوو پێگـەو پایەیـە بۆتـان، چونکـە (**ذِكۡرٗا**)، هـەم بـە مانای ناوبانـگ و پایـە بەرزیـی دێ، هـەم بـە مانـای بیرخسـتنەوەو بیرخـەرەوەش دێ.

﴿ رَّسُولٗا يَتۡلُواْ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ مُبَيِّنَٰتٖ ﴾، ئنجـا لێـرەدا چونکـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ قورئـان چـی فەرمـووە، زیکـری خـوا چـی فەرمـووە، ئەویـش وایکـردوەو، لەگەڵیـدا ئاوێتـە بـووەو لـە خۆیـدا بەرجەسـتەی کـردوە، (**رَّسُولٗا**) دەبێتـە جێـدار (**بَـدَل**)ی (**ذِكۡرٗا**)، واتـە: چ بڵێـی قورئـان، چ بڵێـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، هـەر یەکـن و دوو ڕووی ڕاسـتییەکن.

یاخـود: ﴿ قَدۡ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكُمۡ ذِكۡرٗا ۝١٠ ﴾، (**وَأرسـلَ اللـه إلَيْكُـم رَسُـولًا**)، وەك چـۆن خـوا ﷻ زیکـری بۆتـان دابەزانـدوە، پێغەمبەرێکیـشی بۆتـان نـاردوە، ﴿ يَتۡلُواْ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ مُبَيِّنَٰتٖ ﴾، ئایەتـە ڕوونکـەرەوەکانی خواتـان بەسـەردا دەخوێنێتـەوە، یاخـود:

ئایەتـە ڕۆشـنەکان، چونکـە دەگونجـێ بـە (**مُبَيِّنَـات**)، بخوێندرێتـەوەو دەشـگونجێ بـە (**مُبَيَّنَـات**).

بۆچـی؟ ﴿لِّيُخۡرِجَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾، دەیتـوانی بفەرمـوێ: (**ليخرجكـم**)، وەك لـە سـووڕەتی (**الحديـد**)دا، وا هاتـوە، بـەڵام لێـرەدا بـۆ جەختکرنـەوەی ئـەوە کـە ئـەو پێغەمبـەرە ﷺ ئـەو ئایەتانـە کـە دەخوێنێتـەوە، کـە هـەم ڕوونکـەرەوەن هـەم ڕۆشـنن، کەسـێك لێیـان بەهرەمەنـد دەبـێ، کـە خـاوەنی ئیـمانی و کـرداری بـاش بـێ، بۆیـە دەفەرمـوێ: ﴿لِّيُخۡرِجَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾، تاکـو بـە هـۆی ئـەو ئایەتـە ڕوونکـەرەوەو ڕۆشـنانەوە، ئـەو پێغەمبـەرە ﷺ، ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوەو کـردەوە باشـەکانیان ئەنجامـداون، لـە تاریکاییـان دەربازیـان بـکات بـەرەو ڕۆشـنایی، ﴿وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعۡمَلۡ صَٰلِحٗا﴾، هـەر کەسـێکیش بـڕوای بـە خـوا بـێ و کـردەوەی بـاش بـکات، زۆر جەختکراوەتـەوە لەسـەر کـردەوەی بـاش، کـە بریتیـە لـە پابەندیـی بـە بەرنامـەی خـوای پـەروەردگارەوە، هـەر کەسـێك ئیـمانی بـە خـوا بـێ و کـردەوەی بـاش بـکات: ﴿يُدۡخِلۡهُ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾، دەیخاتـە باخانێکـەوە ڕووباریـان بـە بـەردا دەڕۆن، واتـە: بـە ژێـر درەختەکانیانـدا دەڕۆن، ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ﴾، تێیانـدا هەرمـاو دەبـن، بـۆ هەمیشـەو هەتـا هەتایـە، ﴿قَدۡ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ لَهُۥ رِزۡقًا﴾، (هـەر کەسـێ وابـێ) خـوا باشـترین بژیـوی بـۆ ڕەخسـاندوە، باشـترینی ئـەو پێداویسـتییانەی بـۆ ژیـانی پێویسـتن، چونکـە وشـەی (**رِزْقـاً**)، مـەرج نیـە، تەنیـا خـواردن و خواردنـەوە بگرێتـەوە، بەڵکـو پۆشـاك و جێـگاو ڕێـگاو هەمـوو ئـەو کەلوپـەل و پێداویسـتییانەی مـرۆڤ پێویسـتیی پێیانـە، دەیانگرێتـەوە.

لـە کۆتایـی دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ وَمِنَ ٱلۡأَرۡضِ﴾، خـوا ﷻ ئـەو کەسـەیە حـەوت ئاسـمانی دروسـتکردوون، ﴿وَمِنَ ٱلۡأَرۡضِ مِثۡلَهُنَّ﴾، لـە زەویشـدا وێنـەی وان، ئنجـا ئەمـە زانایـان زۆر قسـەیان لەسـەر کـردوەو، دوایـی کورتـە باسـێك

لـەو بـارەوە دەکەیـن، بـۆ ئـەوەی زیاتـر چەمـك و واتایەکـەی ڕوون بکەینـەوەو، قسـەی زانایـان لـەو بـارەوە بێنیـن:

أ- ئایا لە زەویش وێنەی حەوت ئاسمانەکان، مەبەست ئەوەیە وەك چۆن حەوت ئاسمانی چین لەسەر چین (**طباقاً**)و لەسەر یەك، هەن، حەوت زەویش چین لەسەر چین هەن؟

ب- یان ئایا مەبەست پێی ئەوەیە حەوت زەویش هەن، لە شوێنەکانی دیکە لە گەردووندا؟.

ج- یاخود ئایا مەبەست پێی ئەوەیە وەك چۆن حەوت ئاسمان هەن، حەوت زەویش هەن و، گۆی زەویش دەبێتە حەوت بەش، کە مەبەست پێی کیشوەرەکان بێ؟ یان مەبەستێکی دیکە هەیە.

ئێمـە دوایـی هـەم لـە مەسـەلە گرنگـەکان داو، هـەم لـەو کورتـە باسـەدا کـە دەیخەینـە ڕوو، زیاتـر تیشـك دەخەینـە سـەر چەمـك و واتـای ئـەم ئایەتـە موبارەکـە.

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَتَنَزَّلُ ٱلْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ ﴾، بـە نێـوان ئـەو ئاسـمانانەدا فەرمـان دادەبـەزێ، دەشـگونجێ دابەزینـی فەرمـان زەوییەکانیـش بگرێتـەوە، بـەڵام زیاتـر مەبەسـت پێـی ئاسـمانەکانە، کـە فەرمانی خـوا بـە نێویـان دا دادەبـەزێ، ﴿ لِتَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾، خـوا ئـەوەی بـۆ ڕوونکردنـەوە، تاکـو بزانـن خـوا لەسـەر هەمـوو شـتێك بەتوانایـە، ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَىْءٍ عِلْمًۢا ﴾، هەروەهـا بشـزانن کـە خـوا زانیارییەکـەی دەوری هەمـوو شـتێکی داوە، خـوا بـە زانیارییەکـەی خـۆی دەوری هەمـوو شـتێکی داوەو، هیـچ شـتێکی لـێ ون و پەنهـان نیـە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سەرنجڕاکێشان بۆ سەرەنجامی شوومی کۆمەڵگایانێکی زۆر، کە بە هۆی یاخیبوونیانەوە لە فەرمانی خواو پێغەمبەرانی خوا، خوا لێپرسینەوەی توندو سەختی بۆ ڕەخساندوون و، سزای سەرەنجامی خۆیانیان چێژتوە و، سەربارەش خوا ئازارێکی سەختی لە دواڕۆژدا بۆ داناون، بۆیە پێویستە بڕوادارانی هۆشدار پارێز لە خوا بکەن و شوێن ئەو قورئانە بیرخەرەوەیە بکەون، کە بۆی دابەزاندوون و، ئەو پێغەمبەرەی بۆی ناردوون، پەیڕەویی لێ بکەن، کە ئایەتە ڕوونکەرەوەکانی خوا، یان ئایەتە ڕۆشنەکانی خوایان بەسەردا دەخوێنێتەوە، بە مەبەستی دەربازکردنی بڕوادارانی کردار باش، لە تاریکاییان بۆ ڕووناکیی و، سەرەنجامی بڕوادارانی کردار باشیش باغە پڕ کانیی و ڕووبارە هەمیشەییەکانن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِۦ فَحَاسَبْنَٰهَا حِسَابًا شَدِيدًا وَعَذَّبْنَٰهَا عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨﴾ فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا وَكَانَ عَٰقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْرًا ﴿٩﴾ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَدْ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكُمْ ذِكْرًا ﴿١٠﴾ رَّسُولًا يَتْلُوا۟ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ مُبَيِّنَٰتٍ لِّيُخْرِجَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعْمَلْ صَٰلِحًا يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا قَدْ أَحْسَنَ ٱللَّهُ لَهُۥ رِزْقًا ﴿١١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِۦ ﴾، زۆر شارو وڵات و ئاوەدانیی لە فەرمانی پەروەردگاریان و هی پێغەمبەرانیشی یاخیبوون! بەڵام ئایا وەك بەرزەکی بانان دەرچوون؟ نەخێر.

٢)- ﴿ فَحَاسَبْنَاهَا حِسَابًا شَدِيدًا ﴾، سەرەنجام لێپرسنەوەی توندو سەختمان لەگەڵ خەڵکی ئەو ئاوەدانییانەدا کرد.

(وَكَأَيِّن): (وَكَأَيِّن مَبْنِيٌّ فِي مَحَلِّ رَفْعٍ مُبْتَدَأ، وَعَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا: خَبَرُه)، (كَأَيِّن)، (مَبنِيٌّ)یە، (هەر لەسەر یەك حاڵەت دەمێنێتەوە) و لە شوێنی ڕەفع دایەو نیهادە، ڕستەی (عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِ)، لە شوێنی ڕەفع دایەو گوزارەیە. (عَتَتْ) لە (عُتُوٌّ)ەو، بریتیە لە سەرپێچیی و سنوور شکێنیی، (عَتَتْ: عَصَتْ)، سەرپێچیی کرد، (العُتُوّ: تُجَاوِزُ الحَدِّ فِي العِصْيَان وَالفَسَاد)، (عُتُوّ)، بریتیە لە سنوور بەزاندن لە سەرپێچیی و تێکدان و خراپەکارییدا، ﴿ عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِ ﴾، لە فەرمانی پەروەردگاریان یاخییبوون و لە سنوور دەرچوون و، لە فەرمانی پێغەمبەرانی خواش.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَحَاسَبْنَاهَا حِسَابًا شَدِيدًا ﴾، لێپرسینەوەی سەخت و توندمان لەگەڵدا کردن، لێرەدا وشەی (مَحَاسَبة)، بەکارهێنراوە بۆ سزا، واتە: سزایەکی توندمان دان، خوا لێپرسینەوەو لە ئەنجامی لێپرسینەوەکەدا، شایستەی ئەوە بوون سزای توندیان بدات.

٣)- ﴿ وَعَذَّبْنَاهَا عَذَابًا نُّكْرًا ﴾، ئازارێکی بێرەزامان دان، (نُكْرًا)، خوێندراویشەتەوە: (نُكُرًا)، بە زەنە (سكون)و بە بۆر(ضمّة)یش، (الشَّيءُ الفَظِيْعُ الَّذِي يُنْكِرُهُ العَقْلُ وَلَا يَسْتَوعِبه)، (نُكُر)، یان (نُكْر)، بریتیە لەو شتە زەبەلاحەی عەقڵ نکووڵیی لێ دەکات و ناتوانێ بیگرێتە خۆی، واتە: تێی ناگات و نامۆیە، پێی نائاشنایە، تاکو ئێستا شتی وای نەدیوە.

٤)- ﴿ فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا ﴾، (خەڵکی ئەو ئاوەدانییانە) سەرەنجامی سزای شوومی کاری خۆیانیان چێژت، (وَبَال)، لە (وَبْل و وَابِل)ەوەیە، هەردووکیان بە مانای بارانی دڵۆپە قورس دێن، ئنجا لە ڕووی قورسییەوە، گوتراوە: (وَبُلَ المَرْعَى: إذَا كَانَ كَلَأَهُ وَخِيْمًا ضَارًا)، لە وەرگایەك کە لەوەڕەکەی خراپ بێ و سەرەنجامی خراپ و زیانبەخش بێ، دەگوترێ: (وَبُلَ المَرْعَى)، هەروەها (طَعَامٌ وَبِيْل، وَبُلَ الطَّعَام)، خواردنێك کە ئەگەر

بخورێ سەرەنجامی خراپ بێ و، خاوەنەکەی لێی زەرەرمەند بێ، ئەو وشەی بۆ بەکارهاتوە، کەواتە: (وَبَال)، واتە: سەرەنجامی شووم و خراپ.

(وَبِيل)، (صِفَةٌ مُشَبَّهَةٌ بِالْفِعْل)، سیفەتێکی چوێنراوە بە کردارەوە.

٥)- ﴿ وَكَانَ عَٰقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْرًا ﴾، سەرەنجامی کارەکەشیان زیانباریی بوو، (عَاقِبَةُ الأَمْرِ: آخِرُهُ وَأَثَرُهُ، وَالخُسْرُ مَصْدَرٌ وصِفَ بِهِ الأَمْرُ للمُبَالَغَة)، سەرەنجامی کار، یانی: کۆتاییەکەی و شوێنەوارەکەی، (خُسْر)یش، لە ئەصڵدا چاوگە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی سیفەتە، ئەگەرنا (خُسر)، بە مانای (زیانباریی)یەو، وشەی (أمر)ی، پێ وەسفکراوە لە ئەصڵدا ئاوا بووە: (أَمْرُهَا خَاسِرًا)، کارەکەیان زیانبار بوو، بەڵام بە چاوگ وەسفکراوە، واتە: سەرەنجامی کارەکەیان خودی زیانباریی بوو.

٦)- ﴿ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا ﴾، (بۆ خەڵکی ئەو ئاوەدانییانە)، خوا ﷻ سزایەکی سەختی بۆ ئامادە کردوون، (لە ڕۆژی دواییدا).

٧)- ﴿ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، [ئەم (ف)یە، دەگونجێ بڵێین: (فَاء التَّفْرِيع) ە]، بینا لەسەر ئەوەی ڕابرد، ئەی بڕوادارە خاوەن عەقڵەکان! پارێز لە خوا بکەن، دەشگونجێ بڵێین: (فاء الفَصِيْحَة)یە، واتە: ئاواو ئاوا بوو، ئنجا ئێوە لە ئەنجامی ئەوەدا پارێز لە خوا بکەن، ئەی خاوەن عەقڵانی ئیماندار!.

٨)- ﴿ قَدْ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكُمْ ذِكْرًا ﴾، بە دڵنیایی خوا بیرخەرەوەی بۆ ئێوە دابەزاندوە، یاخود: خوا شتێکی بۆ دابەزاندوون، مایەی شەرەف و پلەو پایەی و پێگەی بەرزتانە، چونکە (ذِكر)، کە ناوی قورئانە، هەم بە مانای (مُذَكِّر) بیرخەرەوەو، هەم بە مانای بە مانای (الصِّيْتُ الحَسَن وَالشَّرف)، ناوبانگی چاك و پێگەی باش، دێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، ئاماژەیە بەوە کە عەقڵی چاك، وا لە خاوەنەکەی دەکات، پارێز لە خوا بکات و، ئیمان بێنێ و ڕوو لە خوا بکات.

٩)- ﴿ رَّسُولًا يَتْلُواْ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ مُبَيِّنَٰتٍ ﴾، ڕەوانەکراوێك کە ئایەتەکانی خوا لە حاڵێکدا کە ڕۆشنکەرەوەن بۆتان، بەسەرتاندا دەخوێنێتەوە، (**مُبَيِّنَات**)، خوێندراویشەتەوە: (**مُبَيَّنَات**)، واتە: ئایەتە ڕۆشنکراوەکان.

وشەی (**رَسُول**)، دوو ئەگەری هەن:

أ- دەگونجێ جێدار (بدل) بێ بۆ (**ذِكْر**)، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ وەك دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، گوتوویەتی: {**كَانَ خُلُقُ نَبِيِّ اللهِ ﷺ الْقُرْآن**}[1]، واتە: ئاکاری پێغەمبەری خوا ﷺ قورئان بوو، یانی: قورئانێکی زیندوو بوو، قورئان چی دەفەرموو، ئەو وای دەکرد، کەواتە: ئەو زیکرە کە خوا بۆی دابەزاندوون، بەرجەستە بووە لە پێغەمبەرێکدا، ئایەتە ڕۆشنکراوە یان ڕۆشنکەرەوەکانی خواتان بەسەردا دەخوێنێتەوە.

ب- هەروەها دەگونجێ (**رَسُولاً**)، بەرکاربێ بۆ کردارێکی قرتێنراو، کە وشەی (**أَنْزَل**) دەیگەیەنێ، یانی: (**أَنْزَلَ اللهُ إِلَيْكم ذِكْرَاً، وَأَرْسَلَ إِلَيْكُم رَسُولًا**)، کەواتە: (**رَسُولًا**)، دەگونجێ بەرکار (**مفعول به**) بێ، بۆ فیعلێك کە بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ و وشەی (**أَنْزَل**)، دەیگەیەنێ، یانی: خوا پێغەمبەرێکیشی بۆ ناردوون، کە ئایەتە ڕوونکەرەوەکانی خوا، یان ئایەتە ڕۆشنکراوەکانی خواتان بەسەردا دەخوێنێتەوە.

١٠)- ﴿لِّيُخْرِجَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾، تاکو ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجامداون، لە تاریکاییان دەربازیان بکات، بەرەو ڕۆشنایی.

کەواتە: کێ لە قورئان بەهرەمەند دەبێ؟ ئیمانداران، کەسانێك کە بڕوایان هێناوەو، کردار باشن، ئەوانەی پابەندن و بە پێی ئیمانەکەیان بەڕێوە دەچن، ئەوانە لە قورئان بەهرەمەند دەبن.

---

(١) أخرجه مسلم: ٧٤٦.

١١)- ﴿ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعْمَلْ صَٰلِحًا ﴾، هەر کەسێکیش ئیمان بە خوا بێنێ و کردەوەی باش بکات.

١٢)- ﴿ يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ﴾، (يُدْخِلهُ)، خوێندراویشەتەوە: (نُدْخِلهُ)، واتە: دەیخەینە نێو باغانێکەوە ڕووباریان بەبەردا دەڕۆن، یان (يُدْخِلهُ)، واتە: خوا دەیانخاتە باغانێکەوە ڕووباریان بەبەردا دەڕۆن.

١٣)- ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴾، بە بەردەوامیی، هەتا هەتایە، تێیاندا هەرماو دەبن.

١٤)- ﴿ قَدْ أَحْسَنَ ٱللَّهُ لَهُۥ رِزْقًا ﴾، بە دڵنیایی خوا باشترین بژیوی بۆ ڕەخساندوە، وشەی (رزق) وەك گوتمان: یانی: هەر شتێك مرۆڤ پێویستیی پێی بێ و لێی بەهرەمەند بێ، (كُلُّ مَا يَنْتَفِعُ بِهِ الإنْسَان)، ئنجا خواردن و خواردنەوەیە، بەرگ و پۆشاکە، جێگاو ڕێگایە، کەل و پەل پێداویستییەکانن، هەموویان دەگرێتەوە.

وشـەی (رِزْقاً)، کـە بـە نەزانـراو (نَكِـرَة) هاتـوە، بـۆ بـە مەزنگرتـن و قەبەکـردن (تَعْظِيْـم وتَفْخِيْـم)ە، واتـە: بژیوێـك و حاڵێـکی بـۆ دەڕەخسـێنێ، بـە ئاسـانیی وەسـف و پێناسـە ناکـرێ، هێنـدە مەزنـە.

هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: کـە دەفەرمـوێ: ﴿ رَّسُولًا يَتْلُوا۟ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ مُبَيِّنَٰتٍ ﴾، مەبەسـت لـە: (رَسُـولًا)، جیبریلـە، بـەڵام بێگومـان ئـەوە ڕایـەکی بێهێـزەو ئامـاژەم پێکـرد بـۆ ئـەوەی بزانـرێ، (رَسُـولًا)، واتە: پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ ئایەتەکان دەخوێنێتـەوە، بەڵـێ جیبریـل ئایەتـەکانی بەسـەر پێغەمبـەردا خوێندوونـەوە و، وشـەکانی:

أ- (نزل): ﴿ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ ﴾الشعراء، ب- (علَّم): ﴿ عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلْقُوَىٰ ﴾النجم، بۆ (جبريل) بەکارهاتوون، شایانی گوتنە: ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (إبراهيم)دا، لە کاتی تەفسیرکردنی ئەو ئایەتە موبارەکانەدا کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ الٓر ۚ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ ٱلنَّاسَ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَىٰ صِرَٰطِ

﴿ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ١﴾، لەوێ چەمك و واتای دەرهێنانی خەڵك لە تاریكاییان بەرەو ڕۆشنایی، كە تاریكاییان (**ظلمات**) بە كۆ هاتوەو ڕۆشنایی (نور) بە تاك هاتوە، لەوێ بە درێژیی باسمان كردوەو لە چەند شوێنی دیكەش دا، بۆیە لێرە نایەینە سەر تەفصیڵ و وردەكارییەكانی ئەو واتایە.

چونكە كە خوا دەفەرموێ: لە تاریكاییان دەریان دێنێ، واتە: لە تاریكاییەكان، چ پەیوەندییان بە لایەنی بووناسییەوە هەبێ، چ بە لایەنی فیكرییەوە، چ بە لایەنی خێزانییەوە، چ بە لایەنی پەرستشەكانەوە، چ بە لایەنی ڕەوشت و ئاكارەوە، چ بە لایەنی كۆمەڵایەتییەوە، چ لایەنی سیاسەت و حوكم و ئیدارەوە، چ بە لایەنی گوزەران و ئابوورییەوە هەبێ، هەمووی دەگرێتەوە لە هەموو تاریكاییەكان دەریاندێنێ بەرەو ڕۆشنایی، ڕۆشنایی و هیدایەتی خواو بەرنامەی خوا، ئەو هەقەی لە ئایین و بەرنامەی خوادا بەرجەستەیە.

مەسەلەی دووەم و کۆتایی:

ڕوونکردنـەوەی ئـەو ڕاسـتییە کـە خـوا ﷻ حـەوت ئاسـمانی هێناونـە دی و، لـە زەویـش وێنـەی وانی خوڵقانـدوون، تاکـو خەڵـك بزانـێ: خـوا لەسـەر هەمـوو شـتێك بـە توانایـەو، بـە هەمـوو شـتێکیش زانایـە:

خــوا دەفەرمــوێ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ ٱلْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَىْءٍ عِلْمًۢا ﴿١٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ ﴾، خوا ﷻ ئەو زاتەیە (ئەو کەسەیە) حەوت ئاسمانی هێناونە دی، (**ٱللَّهُ**)، یانی: (**هُوَ اللَّهُ**)، (**ٱللَّهُ**) دەبێتە گوزارە (**خَبَر**) بۆ نیهاد (**مُبْتَدأ**)ێکی قرتێنراو، یانی: ئەو خوایەی باسکرا، ئەو خوایەیە کە حەوت ئاسمانی هێناونە دی، ئایا ئەو حەوت ئاسمانانە چۆنن؟ بە دڵنیایی ئەو حەوت ئاسمانانە لەسەر یەکن، وەك خوای بەرزو مەزن لە سووڕەتی (نوح)دا، دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَوْا۟ كَيْفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا ﴿١٥﴾ ﴾، ئایا نابینن چۆن خوا حەوت ئاسمانی چین چینی هێناونە دی! هەروەها لە سووڕەتی (**المؤمنون**)دا، کە پێشتر تەفسیرمان کردوە: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَآئِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلْخَلْقِ غَٰفِلِينَ ﴿١٧﴾ ﴾، بە دڵنیایی لە سەرووی ئێوەوە حەوت چینمان خوڵقاندوون و، ئێمە لە دروستکراوەکانی خۆمان بێئاگا نین، هەروەها لە سووڕەتی (**الملك**)یشدا، هەمان تەعبیر دووبارە بۆتەوە: ﴿ خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا ﴿٣﴾ ﴾.

٢)- ﴿ وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ ﴾، لە زەویشدا وێنەی ئەو حەوت ئاسمانەی هێناونە دی.

ئنجـا وێنـەی ئـەو حـەوت ئاسـمانە، ئایـا وەك چـۆن ئاسـمانەکان هـەر حەوتیـان چیــن لەســەر چینــن و، لەســەر یەکــن، زەوییەکانیــش هــەروان؟ ئــەوەی ئێمــە دەیزانیــن زەوی تەنیـا یـەك زەوییـە، ئنجـا ئایـا:

أ- مەبەست پێی شوێنەکانی دیکەیەو، حەوت زەوی دیکەی، وەك هی ئێمە هەن؟.

ب- یان مەبەست پێی حەوت چینەکانی زەویین؟

ج- یان مەبەست پێی ئەوەیە زەوی دەبێتە حەوت بەش، واتە: مەبەست پێی کیشوەرەکانە؟.

د- یاخود مەبەست پێی ئەوەیە کە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: (**مِنْ**)، لە: ﴿وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ﴾دا، زیاد کراوە بۆ جەختکردنەوە (**أي: خَلَقَ سَبْعَ سَّمَاوَاتٍ وَالأَرْضَ، مِثْلَهُنَّ**)، واتە: وەك چۆن حەوت ئاسمانی دروست کردوون، زەویشی دروست کردوە، وەك وان و (**مِنْ**)، زیادکراوە بۆ جەختکردنەوە؟.

هـ- هەندێکیش دەڵێن: (**مِنْ**)، لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەیە (**مِنْ للبيان**)، واتە: بە هەمان شێوە زەویشی خوڵقاندوە، وەك حەوت ئاسمانەکان؟.

ئێمە دوایی لە کورتە باسێکدا زیاتر ئەو بابەتە ڕوون دەکەینەوە.

٣)- ﴿يَتَنَزَّلُ ٱلْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ﴾، فەرمان بە نێوياندا دادەبەزێ.

مەبەست لە (**أمر**) دەگونجێ (**الأمر التكويني**)، فەرمانی دروستکردنی خوا بێ، یاخود مەبەست پێی (**الأَمْر التَّشْرِيعي**)، فەرمانی بەرنامەیی خوا بێ، یان هەردووکیان وێکڕا.

٤)- ﴿لِتَعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا﴾، تاکو بابزانن کە خوا لەسەر هەموو شتێك توانایە، هەروەها کە خوا بە زانیاریی دەوری هەموو شتێکی داوە، ئەم (ل)ە، بە مانای: (لكي)، (بۆ ئەوەی)یە، ئەم ڕستەیەش لێرەدا دوو واتایان دەگەیەنێ: یەکەم واتە: حیکمەتی دروستکرانی حەوت ئاسمانەکان و زەوی، (**العَالَمَيْنِ العُلْوِيِّ وَالسُّفْلِيِّ**)، ئەوەیە کە خەڵك توانای خوا بزانێ و زانیاریی خوا بزانێ.

دووەم: یاخود لێرەدا (ل)ی (**لِتَعْلَمُوا**)، واتە، خوا ﷻ ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوە، تاکو بزانن، واتە: بۆیە خوا ئەوەی پێ فەرموون، تاکو بزانن کە خوا ﷻ

لەسـەر هەمـوو شـتێك بەتوانایـەو، بـە هەمـوو شـتێکیش زانایـە، واتـە: (ل)ەکـە ناچێتـەوە بـۆ دروسـتکردنی حـەوت ئاسـمانەکان و زەوی، بەڵکـو دەچێتـەوە بـۆ ئـەوە کـە خـوا ئـەوەی بـۆ ڕوونکردنـەوە، تاکـو زانیارییتـان پەیدابـێ، بـە زانیاریـی بـێ سـنووری خـواو، توانـای بـێ سـنووری خـوای توانـاو زانـاو شـارەزا.

کورتە باسێک لە بارەی حەوت ئاسمانەکان و زەوییەوە

بەڕێـــزان!

ئـەم کورتـە باسـە لەبـەر ڕۆشـنایی ئایەتـی کۆتایـی سـوورەتی (**الطلاق**)، ئایەتـی ژمـارە (١٢)دا دەکەیـن، کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَمِنَ الْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ الْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا ﴿١٢﴾ ﴾، ڕاسـتە مانایەکەشـی ئاوایـە: خـوا ئـەو کەسـەیە کـە حـەوت ئاسـمانەکانی هێناونـە دی و، لەزەویشـدا وێنـەی وان، فەرمـان بـە نێویـان دا دێتەخـوار، بـۆ ئەوەی بزانـن خـوا لەسـەر هەمـوو شـتێك بـە توانایـەو، خـوا بـە زانیاریـی دەوری هەمـوو شـتێکی داوە.

لە چوار بڕگەدا ئەم کورتە باسە دەخەینەڕوو:

بڕگـەی یەکـەم : حـەوت ئاسـمانەکان: ئـەوە کـە خـوا ﷻ حـەوت ئاسـمانەکانی هێناونـە دی و ئاسـمانەکان ژمارەیـان حەوتـە، لـە ژمارەیـەك لـە ئایەتەکانـی قوڕئاندا هاتـوە، مەبەسـتیش لـە حـەوت ئاسـمانەکان، کـۆی ئـەو دروسـتکراوانەیە، کـە خـوا خوڵقاندوونـی، چونکـە زەوییـش هـەر دەکەوێتـەوە نێـو حـەوت ئاسـمانەکان.

شایانی باسیشە: خوا ﷻ:

أ- ﴿ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ ﴾ (حەوت ئاسمانەکان)ی بەکارهێناوە.

ب- (السَّمَاء): (ئاسمان)ی بەکارهێناوە.

ج- (سَمَاوَات): (ئاسمانەکان)یشی، بەکارهێناوە.

أ- وشەی (السَّمَاء): ﴿ وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ ۝٧ ﴾**الرحمن**، ئاسمانی بەرز کردۆتەوەو تەرازووی داناوە.

ب- (**السموات**): ﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَا ۝١٠ ﴾لقمان، واتە: ئاسمانەکانی بە بێ کۆڵەکە بیندراوەکان (یان بەبێ کۆڵەکە وەك دەیبنن) هێناونە دی.

ج- ﴿ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ ﴾ وەك دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ ﴾، لە سووڕەتی (**مؤمنون**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا فَوۡقَكُمۡ سَبۡعَ طَرَآئِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلۡخَلۡقِ غَٰفِلِينَ ۝١٧ ﴾، (**طَرَائِق**)، کۆی (**طَرِيْقة**)یە، کە ئەویش هەندێك لە زانایان دەڵێن: بە مانای چین (**طبقة**)ەو، هەندێك دەڵێن: بە مانای ڕێگاوبانە، هەروەها لە سووڕەتی (**الملك**)دا، دەفەرموێ: ﴿ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗا ۝٣ ﴾، (**طِبَاق**)، کۆی (**طبقة**)یە، واتە: چین بە چین و، هەروەها لە سووڕەتی (**نوح**)یشدا، بە هەمان شێوە، ئەو تەعبیرە هاتوە.

هەمـوو ئـەو تەعبیرانـەش، مەبەسـت پێیـان کـۆی دروسـتکراوەکانی خـوای بـەرزی مەزنـە، جگـە لـە عـەرش و، (**سـدرة المنتهـى**) و، بەهەشـت و، دۆزەخ.

یەکێـك بـۆی هەیـە بپرسـێ: ئایـا ئێمـە دەزانیـن حـەوت ئاسـمانەکان چیـن و چۆنـن؟ بـە دڵنیایـی نەخێـر، بـەڵام بۆچـی خـوا باسـیان دەکات؟ دەڵێیـن: خـوای پـەروەردگار بۆیـە باسـیان دەکات، تاکـو بـە گشـتیی بزانـن موڵکـی خـوا زۆر فراوانـە، چونکـە خـوا ﷻ هـەم لـە سـووڕەتی (**الملـك**)دا، هـەم لـە سـووڕەتی (**فصلـت**)دا، ئـەو تەعبیـرە بەکاردێنـێ، لـە سـووڕەتی (**الملك**)ـدا دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَقَدۡ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ ۝٥ ﴾، ئێمـە ئاسـمانی نیزیکترمـان بـە چرایـان ڕازاندۆتـەوە، (**مَصَابِيـح**)، کـۆی (**مِصْبَاح**)ـە، هیـچ گومانـی تێدانیـە کـە مەبەسـت لـە (**مَصَابِيح**)، ئەسـتێرەکانە: ﴿ وَلَقَدۡ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلۡنَٰهَا رُجُومٗا لِّلشَّيَٰطِينِۖ وَأَعۡتَدۡنَا لَهُمۡ عَذَابَ ٱلسَّعِيرِ ۝٥ ﴾

الملك، لە سوورەتی (**فصلت**)یشدا، هەمان تەعبیر، بەڵام بە تۆزێك جیاوازییەوە هاتوە، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ فِى يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِى كُلِّ سَمَآءٍ أَمْرَهَا ۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفْظًا ﴿١٢﴾﴾، واتە: خوا لە دوو ڕۆژان (دوو قۆناغان) دا حەوت ئاسمانی هێنانە دی و، هەر ئاسمانێك كاری خۆی تێدا سرووشكردو، ئاسمانی نیزیكترمان بە چرایان ڕازاندۆتەوەو بۆ پاراستنیشی، واتە: ئەستێرەكان وێڕای جوانیی بۆ ئەو ئاسمانەی نیزیكترە لە زەوی، ئەركێكی دیكەشیان هەیە، كە بریتیە لە پاراستن، ئەو پاراستنەش لە سوورەتی (**ملك**)دا، ڕوونی دەكاتەوە كە بریتیە لەچی؟ ﴿وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلْنَٰهَا رُجُومًا لِّلشَّيَٰطِينِ ﴿٥﴾﴾الملك، ئەستێرەكانمان كردوون بە[1] مایەی تیربارانیش بۆ شەیتانەكان، كەواتە: پاراستنەكەش هەر لە شەیتانەكانە، هەروەك لە شوێنی دیكەشدا هاتوە، بۆیە ئێمە لەو بارەوە لە ڕابردوودا، هەم لە سوورەتی (**حجر**)داو، هەم لە سوورەتی (**الشعراء**)دا، هەم لە سوورەتی (**الصافات**[2])دا، كورتە باسمان كردوون، كەواتە: ئەو حەوت ئاسمانانەی كە خوای بەرزو مەزن باسیان دەكات، بە لای كەمەوە، لە دوو شوێنی قورئاندا، خوا دەفەرموێ: ئاسمانی نیزیكترمان لەو حەوت ئاسمانانە، بە چرایان ڕازاندۆتەوە، ئەو ئاسمانەی نیزیكترە، نزیكترە لە كێ؟ خوای پەروەردگار ئێمە دەدوێنی، یانی: نیزیكترە لە ئێمەوە، چونكە (**دنیا**) یانی: نزیكتر (**السَّمَاء الدُّنْيا**)، واتە: ئاسمانی نیزیكتر، (**الدُّنيا مؤنَّث الأدنى**)، (**الأدنى: الأقرب**) نیزیكتر، ئنجا بە نسبەت ئێمەوە ئەو ئاسمانەی ئەستێرەی لێ دەبینرێن، دەبێ هەمووی ئاسمانی یەكەم بێ و ،هەرچی ئەستێرەیەو كەهكەشانە دەبێ هەموویان لە سنووری ئاسمانی یەكەم و نیزیكتر لە ئێمەدا بن.

---

(١) (رُجُوم) كۆی (رَجم)ە، ئەویش بەردەیە كە دەهاویشترێ.

(٢) لە تەفسیری سوورەتی (**الجن**) باسێكی چڕوپڕمان لەبارەی جند(**جنّ**) ەوە كردووە بە گشتی .

هەندێك لە زانایان دەڵێن: دەگونجێ ئەو ئەستێرانە پەیوەندییان بە ئاسمانەکانی دیکەشەوە هەبێ، بەڵام من پێم وایە ئەو مانایە ڕاسترە، کە هەرچی ئەستێرەیەو ئەستێرەکانی کە کەهکەشانەکان پێکدێنن و، کەهکێشانەکانیش، کە گەلە کەهکێشانەکان پێك دێنن، ئنجا هەرچی ئەستێرەیەو کەهکەشانەو گەلە کەهکەشانە، هەمووی لە سنووری ئاسمانی یەکەم دایە، ئنجا وەك پێشتریش، چەند جارێك باسمان کردوە، تیرەی ئەوەی ئێستا وشەی **(كَوْن)** گەردوون، بوونەوەر (Universe) ی بۆ بەکاردەهێنرێ و لەلایەن ئێمەوە دەبینرێ بەهۆی تەلیسکۆبەکانەوە دەبینرێ، واتە: ئەمسەرو ئەوسەری گەردوون بەنسبەت ئێمەی خەڵکی سەر زەوییەوە، مادام تەمەنی گەردوون سێزدە ملیارو هەشتسەد ملیۆن (١٣،٨٠٠،٠٠٠،٠٠٠)ساڵی تیشکییە، بۆیە دەبێ ئەو تەمەنەی گەردوون جارانی ژمارەی ئەو کیلۆمەترانە بکەین کە تیشک لە ساڵێکدا دەیانبڕێ، بەمجۆرە: تیشک لە چرکەیەکدا(٠٠٠ ٣٠٠) کیلۆمەتر دادەبڕێ، کەواتە(٠٠٠ ٣٠٠ × ٦٠ = ٠٠٠ ١٨ ٠٠٠) کلم، لە خولەکێکدا، ئنجا: (٠٠٠ ٠٠٠ ١٨×٦٠ = ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٨٠ ١) ملیارێك و هەشتا ملیۆن کلم، گە سەعاتێکدا، ئنجا: (٠٠٠ ٠٠٠ ٠٨٠ ١ × ٤٢ = ٠٠٠ ٠٠٠ ٩٢٠ ٢٥) بیست و پێنج ملیار و نۆسەد و بیست ملیۆن کلم لە ڕۆژێکدا، ئنجا: (٠٠٠ ٠٠٠ ٩٢٠ ٢٥ × ٣٦٥ = ٠٠٠ ٠٠٠ ٥٢٨ ٤٦٠ ٩) نۆترلیۆن و پێنجسەد و بیست و هەشت ملیۆن کلم، لە ساڵێکدا، ئنجا(٠٠٠ ٥٢٨ ٤٦٠ ٩ × ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٨ ١٣= ٨،٨ ×١٠) هەشت پۆینت هەشت جارانی دە توان بیست و سێ کیلۆ مەتر، یانی هەشتاو هەشت ملیۆن ملیۆن ملیۆن کیلۆمەتر تیرەی گەردوونە[1]. واتە: تیشك بە سێزدە ملیار و حەوتسەد، یان هەشتسەد ملیۆن ساڵ، ئەمسەرو ئەوسەری ئەو گەردوونە دەکات، کە ئێمە دەیبینین، ئەوەش هەمووی ئاسمانی یەکەمە، ئەویش بەس خوا ﷻ دەزانێ سنوورەکەی لە کوێ کۆتایی دێ، چونکە تاکو ئێستا هیچ زانایەکی گەردووناس نەیگوتوە، دوای ئەو ئەستێرانە، ئەو کەهکەشانانە،

---

(١) بۆ وردەکاری زیاتر لە بارەی گەردوونەوە بڕوانە: تەفسیری سوڕەتی (الرحمان) لە بەرگی (٢٨) ی ئەم تەفسیرەدا، لاپەڕە:٥٣٤-٥٣٦، چاپی یەکەم.

ئەو گەلەکەهکەشانانە، گەیشتووینە سنووریك کە چیدیکە نیەو، ئەوە سنووری ئاسمانی یەکەمە، نازانین ئەویش لە کوێ کۆتایی دێ، ئنجا لەسەرووی ئەوەوە دەبێ، شەش ئاسمانی دیکە هەبن،

مانای وایە هەرچی ئەستێرەیەو مایەی جوانییە، لە ئاسمانی سەرووی ئێمەوە، کە نیزیکترین ئاسمانە لە زەوییەوە، هەمووی لە سنووری ئاسمانی یەکەمدایەو، مەرج نیە، شەش ئاسمانەکانی دیکە، بەم شێوەیە بن و خاوەنی ئەو ئەستێرانە بن، بەس خوا دەزانێ ئەوان چۆنن؟ ئەوە بەنسبەت حەوت ئاسمانەکان (سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٍ)ەوە.

کەواتە: ژمارەی حەوت ویستراوە (**مقصود**)ە، ئەوە ڕاست نیە کە هەندێك لە زانایان، بۆ وێنە: (**إبن عاشور**) ڕایەکی وای هەیە لە (**التحرير والتنوير**) دا، هەروەها (دکتور **محمد راتب النابلسي**)، لە تەفسیرەکەی خۆیدا هەر بە ناوی (**تفسير النابلسي**)[1]، دەڵێن: مەبەست پێی ژمارە حەوت نیەو ژمارەیەکی دیارییکراو نیە، بەڵکو مەبەست پێی زۆرییە، دەڵێین: بەڵێ جاری وا هەیە، عەرەب ژمارەیەکیان هێناوە مەبەست پێی زۆریی بووە، وەك حەفتا، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿إِن تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ سَبۡعِينَ مَرَّةٗ فَلَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَهُمۡ ٨٠﴾ **التوبة**، ئایا ئەگەر بیکاتە حەفتاو یەك خوا لێیان خۆش دەبێ؟ بە دڵنیایی نەخێر، بەڵام ئەوە بۆ زۆرییەو دیارە، بەڵام وشەی حەوت، وانیە، چونکە حەفتا جار (**سَبۡعِينَ مَرَّة**)، بەس لەوێدا هاتوە، لە سووڕەتی (**التوبة**)دا، ئەگەر حەفتا جار داوای لێبوردنیان بۆ لە خوا بکەی، خوا لێیان خۆش نابێ لە مونافیقەکان، وەك کاتی خۆی لە تەفسیری سووڕەتی تەوبەدا باسمان کردوە، مەبەست ئەوە نیە، ئەگەر ببێتە حەفتاو یەك و حەفتاو دوو جار، خوا لێیان خۆش دەبێ، واتە: هەرچەندە زۆر داوای لێبوردنیان بۆ لە خوا بکەی، خوا هەر لێیان خۆش نابێ، تەنیا لە یەك شوێندا ئەوە هاتوە، بەڵام لێرەدا کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ﴾ نە شوێنێکەو نە دووەو نە سێیەو نە چوارە، مانای وایە، ڕێك ژمارەی

---

(١) ج٩، ص٢٨٨.

ئاسـمانەکان حەوتـە، ئنجـا بەڵـێ تاکـو ئێسـتا زانسـت ئـەوەی بـۆ بـە دیـار نەکەوتوە، بـەڵام زانسـت زۆر شـتی دیکەشـی بـۆ دەرنەکەوتـوە، کەواتـە: ئـەو ڕایـەی (**ابـن عاشـور**)، و (**د.محمـد راتـب النابلـسي**) و (**الطنطـاوي**) و هەندێـك لـە تەفسـیرەکانی دیکـەش هێناویانـە، کـە گوتوویانـە: مـەرج نیـە، ئاسـمانەکان حـەوت بـن، لەوانەیـە سـەدان ئاسـمان هەبـن! ئـەو ڕایـە، هیـچ بەڵگەیەکـی لەسـەر نیـە، بەڵکـو وەك خـوا لـە قورئـان دا فەرموویەتـی: ئاسـمانەکان حەوتـن و سـەرەتا: ئاسـمانی نیزیکـتر کـە ئاسـمانی یەکەمـە بـە نسـبەت ئێمـەوە، دوایـی شـەش ئاسـمانەکەی دیکـەو بـەرەو سـەر دەچیـن، ئنجـا ئاسـمانیی نزیکـتر لـە ئێمـەی خەڵکـی سـەر زەوی، بـە ئەسـتێران ڕازاوەتـەوە، کەواتـە: هەرچـی ئەسـتێرەو کەهکەشـانەو، گەلـە کەهکەشـانە، هەمـووی لـە سـنووری ئاسـمانی یەکـەم دایـە، ئنجـا تەنیـا خـوا ﷻ دەزانـێ ئەویـش سـنوورەکەی لـە کـوێ کۆتایـی پـێ دێ و، لـە کوێـوە سـنووری شـەش ئاسـمانەکەی دیکـە «هـی هـەر کامیـان» دەسـت پـێ دەکات و کۆتایـی دێ؟!.

برگـەی دووەم: کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ﴾، لـە زەویشـدا وێنـەی ئـەو حـەوت ئاسـمانانە، پێشـتریش باسـمان کـرد، کـە هەندێـك لـە زانایـان بـە چەنـد جۆرێـك تەئویـل و مانایـان بـۆ کـردوە، بـۆ نموونـە:

١- هەندێکیان گوتوویانە: (**مِنْ**) لە: ﴿وَمِنَ ٱلْأَرْضِ﴾دا، لێرەدا لە ڕووی ڕێزمانەوە بۆ جەختکردنەوە زیادکراوە، واتە: (**خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتِ وَالأرْضَ مِثْلَهُن**)، خوا حەوت ئاسمانی دروستکردوون و، زەویش وەك وان، دروستکراوە.

٢- هەندێکی دیکە گوتوویانە: (**مِنْ**): (**بَيَانِيَّة**)یە، بۆ ڕوونکردنەوەیە، کە مانایەکەی لە هی پێشێ نیزیکە.

٣- مانایەك کە زیاتر دێتە زەینەوەو زۆربەی زانایانیش تەبەننییان کردوە، ئەوەیە کە لێرەدا مەبەست چواندن و تەشبیهکردنی زەوییە، بە حەوت ئاسمانەکانەوە لە ڕووی ژمارەوە، واتە: زەویش حەوتن، ئەو حەوتەش زانایان سێ ڕای سەرەکییان، تاکو ئێستا لەو بارەوە هەڵبژاردوون، دوای ئەوەی سەرنجی تەفسیرەکانم دا:

١- حەوت خڕۆکەی زەوی هەن، وەك چۆن حەوت چینی ئاسمان هەن، بەڵام ئایا ئەو حەوت خڕۆکەی زەوییە، لە کوێن؟ یەکیان ئەوە زەوی ئێمەیەو، لەو کەهکەشانەکەی ئێمەدایە، یانی: (ڕێی کاکێشان)، بەڵام ئایا شەش زەوییەکەی دیکە لە کوێن؟ تاکو ئێستا هیچی لێ نازانین!.

٢- مەبەست پێی حەوت چینەکەی زەوییە، چونکە بۆ ئاسمانەکان خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (**سبع طَرَائِق**)، (**طِبَاقًا**)، کە (**سبع طرائق**) لە (**المؤمنون**)داو، (**طباقاً**)ش هەم لە سوورەتی (**الملك**)و هەم لە سوورەتی (**نوح**)دا، هاتوە، (**طرائق**) کۆی (**طريقة**)یە، واتە: (چین)، (**طباقاً**)یش، بریتیە لەوەی چەند شتێك لەسەر یەکدی بن و هێندەی یەکدیبن.

دەڵێن: مەبەست لە (وَمِنَ ٱلۡأَرۡضِ مِثۡلَهُنَّ) حەوت چینەکانی زەوییە، کە ئێستا زانایانی زەویناسیی (جیۆلۆجیا)، وەك پێشتریش باسمان کردوە، چینەکانی زەوییان بۆ حەوت چینان دابەشکردوون: کرۆکی زەوی، کە هەمووی ماددەی ئاسنی زۆر ڕەق و پۆڵاو کانزا زۆر ڕەق و پتەوەکانە، ئنجا دوای ئەو چینێکی دیکە، کە هەمووی ئاسن و کانزای تواوەیە، ئنجا چینێکی دیکەو، چینێکی دیکە... تاکو ئەم چینە خاکییەی خۆمان، لەگەڵ ئاوی دەریاو ئۆقیانووسەکان، زانایان ئاوا دابەشیان کردوە بۆ حەوت چین، واتە: وەك چۆن ئاسمانەکان حەوت تەبەقەو چینن لەسەر یەك، زەوییش حەوت چینە.

٣- مەبەست پێی ئەوەیە: وەك چۆن ئاسمانەکان حەوتن، خڕۆکەی زەوییش وشکانییەکەی حەوت بەشە، کە بە چەند شێوەیەك دابەشیان کردوون:

أ- دابەشکردنی یەکەم:

١- کیشوەری ئاسیا.

٢- کیشوەری ئەورووپا.

٣- کیشوەری ئوستورالیا.

٤- کیشوەری ئەمریکای سەروو و ئەمریکای خواروو.

٥- کیشوەری ئەفریقیا.

٦- بەستەڵەکی سەرووی دنیا.

٧- بەستەڵەکی خوارووی دنیا.

ب- دابەشکردنی دووەم:

هەندێکی دیکە ئاوایان دابەشکردوە، دەڵێن:

١و٢: بەستەڵەکی سەروو، لەگەڵ بەستەڵەکی خواروو ئەوە دووان.

٣و٤- دوو ناوچەی میانجیی (**مُعْتَدِل**)، واتە: دوو ناوچەی لە ڕووی گەرماو سەرماوە نێوەندیی.

٥و٦- دوو ناوچەی گەرم، لەسەروو و خواروو.

٧- هێڵی یەکسانیی (**خط الإستواء**).

واتـە: زەویـش وەك چـۆن ئاسـمانەکان حـەوت ئاسـمانن، زەوییـش حـەوت بەشـە، ئـەو زەوییـە وشـکانییەی مـرۆڤ دەگونجـێ لەسـەری بـژی، بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان، ئەوانیـش حـەوت بەشـن.

هەڵبەتـە لـەو مانایانەشـدا زیاتـر مانـای دووەمـم بـە دڵـە، کـە مەبەسـت لـە زەوییـەکان حـەوت چینەکانـی زەوی بـێ، ئەویـش لـە بـەر هەندێـك شـت کـە دوایی باسـیان دەکـەم.

برگەی سێیەم: لە فەرمایشتی پێغەمبەریشدا ﷺ لە بارەی زەویی و حەوت چینەکانی زەوی و، حەوت زەوییەکانەوە، چەند ئاماژەیەك هەن، ئێمە دوو فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ لەو بارەوە دێنین:

یەکەم: {كَانَ ﷺ إذَا رَأى قَرْيَةً أو مَدِيْنَةً قَالَ: اللَّهُمَّ رَبَّ السَّمَوَاتِ السَّبْعِ وَمَا أَظْلَلْنَ، وَرَبَّ الْأَرَضِينَ السَّبْعِ وَمَا أَقْلَلْنَ، وَرَبَّ الشَّيَاطِينِ وَمَا أَضْلَلْنَ، وَرَبَّ الرِّيَاحِ وَمَا أَذْرَيْنَ، إِنَّا نَسْأَلُكَ خَيْرَ هَذِهِ الْقَرْيَةِ، وَخَيْرَ أَهْلِهَا، وَنَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ أَهْلِهَا وَشَرِّ مَا فِيهَا}، (أخرجه ابن خُزيمة: ٢٥٦٥، وابْنُ حِبَّان: ٢٧٠٩، قَال شعيب الأرنؤوط: إسنادهُ حَسَن، والحاكم في المستدرك: ١٦٣٤، والبيهقي في الكبرى: ١٠١٠٠، والنسائي في الكبرى: ٨٨٢٦، والضياء المقدسيُّ في المختارة: ٦٩، والطبراني في الكبير: ٩٠٢، وحسنه الألباني لغيره عند ابن خزيمة: ٢٥٦٥).

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر ئاوەدانییەك، شارێکی دەبینی کاتێك لە سەفەردا بەرەو ڕووی دەچوو، ئەم دوعایەی دەفەرموو: ئەی خوایە! پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکان و ئەوەی حەوت ئاسمانەکان سێبەریان لێکردووە، پەروەردگاری حەوت زەوییەکان و ئەوەی حەوت زەوییەکان هەڵیانگرتووە، پەروەردگاری شەیتانەکان و ئەوەی شەیتانەکان گومڕای دەکەن و، پەروەردگاری بایەکان و هەرچی بایەکان ڕای دەدەن، داوای خێرو چاکەی ئەم ئاوەدانییەت لێ دەکەم و، خێرو چاکەی هەر کەسێك کە لەو ئاوەدانییە دایە و پەنات پێدەگرم لە خراپەی ئەو ئاوەدانییەو، لە خراپەی کەسانێك کە لەم ئاوەدانییەدا هەن، خراپەی هەرچی تێیدایە.

کەواتە: وەك چۆن حەوت ئاسمانەکان سێبەر دەکەن، حەوت زەوییەکانیش هەڵدەگرن، هەرچەندە ئەمە زیاتر ڕای یەکەم بەهێز دەکات و دەبێ حەوت خڕۆکەی زەوی هەبن.

بەڵام دەشگونجێ بڵێین: مەبەست حەوت چینەکەی زەوی و، هەر شتێکە کە لەسەر ئەو حەوت چینەی زەوی هەڵگیراوە.

فەرمایشتی دووەم: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {مَنْ ظَلَمَ قِيدَ شِبْرٍ مِنَ الأَرْضِ، طُوِّقَهُ مِنْ سَبْعِ أَرَضِينَ} (أخرجه البخاري: ٢٣٢١، ومسلم: ١٦١٢).

واتە: هەر کەسێك بستێك زەوی داگیر بکات بە ستەم، (خوا لە قیامەتدا) بە حەوت زەوییان دا دەیباتە خوار، زیاتر ئەو ڕایە زاڵ دەکات، کە مەبەست لە حەوت زەوی، حەوت چینەکانی زەوی بێ، ئەمەش چونکە خوای پەروەردگار کەسێك بە حەوت زەوییان دا بەرێتە خوار، واتە: حەوت چین، چینەکانی زەوی، دەبێ هەموویان لەسەر یەك بن، هەرچەندە ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموێ، جاری وا هەیە بۆ تێگەیاندنی ئێمەیە، واتە: خوا سزایەکی سەختی دەدات، وەك چۆن کەسێك بە زەویدا دەچێتە خوار، بەو شێوەیە.

بڕگەی چوارەم و کۆتایی:

مەرج نیە بەو ئەندازەیەی هەتا ئێستا زانیاریی مرۆڤ پێی گەیشتوە، چییەتی ئاسمانەکان بزانین و، بزانین چۆن چۆنی ئاسمانەکان حەوتن؟ بەڵام بەپێی ئایەتەکان کە دەفەرموون: ئاسمانی نیزیکترمان بە چرایان ڕازاندوەتەوە، دەڵێین: هەرچی ئەستێرەیە دەبێ لە سنووری ئاسمانی یەکەمدا بێ، ئنجا لە سەرووی ئەوەوە شەش ئاسمانی دیکەش هەبن، بەڵام ئایا ئاسمانی یەکەم سنوورەکەی بۆ ئێمە دیارە؟ سنووری هیچ کام لە شەشەکانی دیکە دیارە؟ بە دڵنیایی نەخێر، بەڵام ئایا بەچی دەزانین ئاوان؟

یەکەم: خوای پەنهانزان لە چەند ئایەتێکدا دەفەرموێ: حەوت ئاسمانن.

دووەم: بەسەرهاتی شەوڕۆو بەرزبوونەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ: **(الإسراء و العروج لرسول الله)**، وەك لە تەفسیری سووڕەتی **(الإسراء)**دا، بە تەفصیل باسمان کردوە، پێغەمبەری خوا ﷺ باس دەکات کە کاتێك کە بەرز دەبێتەوە لەگەڵ جیبریلداو، دەگەنە دەروازەی ئاسمانی یەکەم، «کە بەپێی ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو ئاسمانەکان دەروازەیان هەیە» کە دەگەنە دەروازەکە سڵاو دەکەن و، ئەو دەروازەیە ئێشکچیی هەن، لە فریشتەکان

و، دەپرسن کێیە؟ جیبریل دەڵێ: منم، دەڵێن: کێت لەگەڵدایە؟ دەڵێ: موحەممەد ﷺ فریشتەکان دەپرسن: ئایا کراوە بە پێغەمبەر؟ دەڵێ: بەڵێ کراوە بە پێغەمبەرو وەحیی بۆ هاتوە، ئنجا سڵاوی لێ دەکەن و دەرگای ئاسمانی یەکەمیان بۆ دەکەنەوە، هەروەها ئاسمانەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم، ئنجا لە سەرووی ئەوەشەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەگاتە ئەو شوێنەی خوا مەبەستیەتی.

ئنجا بەپێی ئەو فەرموودەیە، ئەو حەوت ئاسمانانە چین چین لەسەر یەکن و دەروازەشیان هەیەو، پێغەمبەری خواش ﷺ هەموو ئەو دەروازانەی حەوت ئاسمانەکانی بۆ کراونەوە، هەروەها باسی پێغەمبەرانیش دەکات، بۆ وێنە ئادەم لە ئاسمانی یەکەمە، عیسا و یەحیا عليهما السلام لە ئاسمانی دووەمن و، یەکێك لە ئاسمانی سێیەمەو...، هەروەها هەتا ئیبراهیم کە لە ئاسمانی حەوتەمە.

هەڵبەتە مەبەست لە لەوێ بوونیان، لەوێ بوونی جەستەیی نیەو، لەوێ بوونی مەعنەویی و ڕووحییە، لە عالەمی بەرزەخدا کە جارێ ئێمە بە وردیی نازانین چۆنە؟!

(**سید قطب**) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە تەفسیرەکەی خۆی دا[1]، قسەیەکی جوان دەکات، دەڵێ: ئێمە بە تەواویی نە حەوت ئاسمانەکان دەزانین چین، نە زەوییش چییەتەکەی و بە تەواویی بۆ ئێمە زانراوە.

بەڵام خوا ﷻ کە باسی حەوت ئاسمانەکان دەکات بۆ ئەوەیە ئێمە بەگشتیی بزانین موڵکی خوا زۆر فراوانە، هەڵبەتە کاتی خۆی کە زانستی گەردووناسیی و فیزیاش هێندە بەرەو پێش نەچووە، بەڵام بە گشتیی زانیویانە، گەردوون زۆر فراوانە، بە تایبەتی بەهۆی فەرمایشتەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ، کە زۆر جار تیشکی بۆ خستوونە سەر هەندێك چەمك و واتای ئایەتەکان، بە تایبەت کە باسی شەوڕۆو بەرز بوونەوەی خۆی کردوە، کە سواری بوڕاق بووەو بوڕاق

---

(١) في ظلال القرآن: ج٦، ص٣٦٠٦.

(**يَضَعُ حَافِرَهُ عِنْدَ مُنْتَهَى بَصَرِه**)، ولاخێك بووه سمی داناوه له لای ئەو پەڕی مەودای چاوی، واته: هەتا چاو بڕ دەكات، هەر خواش دەزانێ چاوی بوڕاق تاكو كوێ بڕ دەكات، بوڕاق هەر هەنگاوێكی بە ئەندازەی چەشمەندازێك بووه، مەبەست ئەوەیە، كە بزانین پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بە خێرایی بەرز بووەتەوەو زۆر خێراتر لە خێرایی تیشك، چونكە بە خێرایی تیشكیش كە سێسەد هەزار (٣٠٠،٠٠٠) كیلۆمەتر لە چركەیەكدا دەبڕێ، ئنجا بۆ دەرچوون لە سنووری كەهكەشانی (كاكێشان) چەند ملیۆن ساڵی دەوێ، چ جای دەرچوون لە سنووری ئاسمانی یەكەم و، هەموو ئاسمانەكان! كەواتە: خێراییەكەی بۆڕاق لە خێرایی تیشك (**سرعة الضوء**) زۆر زۆر زیاتر بووه، ئنجا ئایا جەستەی مرۆڤ تەحەمولی ئەو هەموو خێراییە دەكات بەفەزادا بڕوا؟ بێگومان نەخێر، بۆیە سەفەرەكەی پێغەمبەری خوا ﷺ موعجیزەیەك بووه، یاسادڕێك بووه، نابێ بەپێی ئەو یاسا فیزیایی و گەردوونییانەی ئێستا مرۆڤ بۆ دەركەوتوون، ئەو سەفەرەی پێغەمبەری خوا ﷺ تەفسیرو شیی بكرێتەوە، چونكە بە ڕۆیشتنی خێرایی زۆر كەمتر لە هی تیشكیش، مرۆڤ هەپڕوون بە هەپڕوون دەبێ، چ جای خێرایی تیشك و، چ جای خێراییەك كە زیاتر بێ لە خێرایی تیشك!!

بۆیە قسەكەی (**سید قطب**)، ڕەحمەتی خوای لێ بێ، زۆر جوانە كە دەڵێ: ئێمە بە تەواویی نازانین نە ئاسمانەكان حەوت ئاسمانەكان چین و، نە زەوییش و، خوا ﷻ مەبەستی گشتیی لە باسی ئاسمانەكان و گەردوون و ئەوەی لەو بارەوە دەیفەرموێ، ئەوەیە كە ئێمە لە فراوانیی موڵكی خوای پەروەردگار حاڵیی بین و ئەو ئامانجەش هاتۆەتە دی، ئێستا ئێمە دەزانین موڵكی خوا یەكجار فراوانە بە تایبەت لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا لەم سەدەی پازدەیەمی كۆچیی و سەدەی بیست و یەكەمی زایینیدا، كە دەزانین ئەم گەردوونە پانتاییەكی یەكجار فراوانە، ئەوەندەی كە تائێستا هاتووەتە بەر چاوی تەلیسكۆبەكانی كە مرۆڤ دروستی كردوون.

لـە خـوای پـەروەردگار دەپاڕێینـەوەو دەڵێیـن: خوایـە! بـە لوتـف و کەڕەمـی خـۆت عەقڵ و دڵـمان بـە ڕووناکیـی وەحیـی خۆت ڕۆشـنتر بکـەوەو، لە فەرمایشتی خـۆت زیاتـر حاڵییـمان بکـە، لـە دروسـتکراوەکانی خۆشـتدا بەرچـاو ڕوونترمـان بکـە، تاکـو زیاتـر بزانیـن چیـت دروسـتکردوە، هەروەهـا یارمەتییشـمان بـدە، بزانیـن چیـت فەرمـووەو چۆنـت فەرمـووە! بێگومـان خـوا دوو کتێبـی خسـتوونە بـەر دەسـتی ئێمـە، یەکـەم: کتێبـی خوێـنراوەی قوڕئـان، دووەم: کتێبـی بیـنراوی گـەردوون، ئنجـا هەتـا ئێمـە لـەو دوو کتێبـەی خـوا شـارەزاتر بیـن و پێیـان زاناتـر بیـن، هـەم بـە بێـژەری قوڕئانەکـە کـە خـوای بـەرزە، ئاشـناتر دەبـن و، هـەم بـە بەدیهێنـەری کتێبـی گەردوونیـش.

خـوا بـە لوتـف و کەڕەمـی خـۆی بەهـۆی زانیاریـی و شـارەزایی زیاتـر بـەو دوو کتێبەوەیـە، لـە خۆیـمان زیاتـر وەنیزیـك بخـات و، بـە خۆیـمان زیاتـر ئاشـنا بـكات.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سوورەتی

التَّحرِيمِ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٢٢)ی ڕەمەزانـی سـاڵی (١٤٤١) کۆچییـە، بەرانبـەر: (٢٠٢٠/٥/١٥) زاینیـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوای بەخشـەرو میهرەبـان پشـتیوانمان بـێ، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (التَّحْرِيـم)، سـەرەتاش پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە حـەوت (٧) بڕگـەدا دەخەینـەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (التحريم) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە زیاتـر بـە نـاوی (سُـورَةُ التَّحْرِيـم) نـاسراوە، لـەو بـارەوە چەنـد دەقێـك هـەن، بـۆ وێنـە:

{عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ ، قَـالَ: نَزَلَـتْ سُـورَةُ التَّحْرِيـمِ بِالْمَدِينَـةِ} (ذَكَـرَهُ السـيوطي في الـدر المنثـور: ج٨، ص٢١٣، وَنَسَـبَهُ لابْـن الضريـس والنحّـاس وابْـن مرْدَوَيْـه وَالْبَيْهَقِـيّ)، واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس ، گوتوویـەتی: (**سُورَةُ التَّحْرِيـم**) لـە مەدینـە دابەزیـوە.

بـەڵام وێـڕای ئـەو نـاوە، ئـەم سـوورەتە (**سُـورَة النِّسَـاء**)یشی پـێ گوتـراوە، وەك لـەم دەقـەدا هاتـوە:

{أَخْـرَجَ ابْـنُ مَرْدَوَيْـهِ عَـنِ ابْـنِ الزُّبَـيْرِ ، قَـالَ: أُنْزِلَتْ بالمدِينَة سُـورَة النِّسَـاء: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَ﴾**}**[1]. واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی زوبەیـر گوتوویـەتی: سـوورەتی (**النِّسَـاء**) لـە مەدینـە دابەزیـوە، کەواتـە: ئـەو نـاوەشی پـێ گوتـراوە.

---

(١) فتح القدير: ج٥، ص٣٠٢.

هەروەها جگە لەو دوو ناوە، دوو ناوی دیکەشی لێ هەڵداراون، یەکەم: (**سُورة النَّبـي**)[١].

دووەم: (**سورَةُ لِمَ تُحَرِّمُ**)[٢]، بەڵام ئەو سێ ناوە کەمتر بوون و زیاتر ناوی (**سُورَةُ التَّحْرِيم**)، ئەم سوورەتە موبارەکەی پێ ناسراوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

(**القرطبي**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[٣]، دەڵێ: (**مَدَنِيَّةٌ فـي قَولِ الجَمِيع**) واتە: زانایان لەسەر مەدینەیی بوونی سوورەتی تەحریم یەکدەنگن، هەرچەندە (**السیوطي**) لە کتێبە ناودارەکەی خۆی (**الإتقان في علُومِ القُرآن**)دا، لە قەتادەوە ڕایەکی دیکەشی هێناوە، گوایە لە مەککە دابەزیوە، بەڵام بەسەرنجدانی نێوەڕۆکی ئاشکرایە کە ئەم سوورەتە مەدینەییە.

بەشێك لە زانایان هەندێك ڕایان هێناون، باش سەرنجیان لێیان نەداوەو لێیان ورد نەبوونەوە، ئەگەرنا سوورەتی تەحریم هەر دیارە کە سوورەتێکی مەدینەییە.

ئەو ڕایەی دیکەش گوتراوە: ئەم سوورەتە سەرەتایەکەی مەدینەییە، دوایی ئەوی دیکەی مەککەییەو، دوای ئەویدیکە دەبێتەوە مەدینەیی! تەماشایان کردوە: ئایا کام ئایەتە لە سوورەتە مەدینەییەکان دا لەگەڵ قورئانی مەککەیی دا دەگونجێ؟ یان کام ئایەتە لە سوورەتە مەککەییەکان، لەگەڵ قورئانی مەدیەنییدا دەگونجێ؟ بەڵام بە دڵنیایی خوا ﷻ ژمارەیەك لەو ڕاستییانەی لە قورئانی مەککەیی دا دایبەزاندوون، لە هی مەدینەییش دا دووبارەی کردوونەوەو،

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج٢٨، ص١٣٨.

(٢) التحرير والتنوير ج٢٨، ص٣٤٣.

(٣) ج٢٨، ص١٣٨.

هەندێك شتیش كە لە قورئانی مەدینەیی دابەزیوە، شێوەی ئەوە دەكات كە لە قورئانی مەككەیی دا هەیە، هەندێك ڕاستیی هەن، خوا ﷻ هەم لە مەككە خستوونیە ڕوو، هەم لە مەدینەش.

بۆیە ئەوە نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوە كە فلان سوورەتە، چەند ئایەتێكی تێدان، شێوەی قورئانی مەدینەیی و ناچارمان دەكەن، بڵێین: مەدینەییە، سوورەتێكی دیكەش لەبەر ئەوەی شێوەی هەندێك ئایەتانیان هەیە كە لە مەككە دابەزیون، بڵێین: ڕەنگە ئەم ئایەتانە مەككەیی بن و لە مەككە دابەزیبن!

سێیەم: ژمارەی ئایەتەكانی:

ژمێرەرانی ئایەتەكانی قورئان، یەكدەنگن كە ژمارەی ئایەتەكانی (**سُورَةُ التَّحْرِيم**)، دوازدە(١٢)ن.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە دابەزین و لە موصحەف دا:

ڕیزبەندیی لە دابەزیندا، ژمارە سەدو پێنج (١٠٥)ە، پێش سوورەتی (**الجمعة**) و دوای سوورەتی (**الحجرات**) دابەزیوە، لە موصحەفیشدا ژمارە شەست و شەش (٦٦)ە، یانی: كە لە سوورەتی (**الفاتحة**)ەوە دێین، لە (٦٦)ەمیندا نۆرە دەگاتە سەر سوورەتی (**التَّحْرِيم**).

پێنجەم: نێوەڕۆكی:

ئەم سوورەتە بۆ سێ تەوەر دابەش بووە:

١- لە پێنج ئایەتی سەرەتادا، ئایەتەكانی: (١ - ٥) باسی ڕووداوێكی خێزانیی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ كراوەو پوختەكەی ئەوەیە:

پێغەمبەری خوا ﷺ بە مەبەستی ڕازیکردنی یەکێك لە هاوسەرەکانی، شتێکی ڕەوای لە خۆی قەدەغە کردوە، خواش ﷻ گلەیی لێکردوەو ڕێنماییشی کردوە، کەفارەتی سوێندەکەی بدات و بگەڕێتەوە سەر ئەو شتەی لە خۆی قەدەغە کردوە، بەو بۆنەیەشەوە خوا سەرزەنشتی دووان لە هاوسەرانی پێغەمبەری خوای کردوە خوا لێیان ڕازی بێ، لەسەر ئازاردانی دڵی پێغەمبەری خوا ﷺ و دواییش بە گشتیی، هەڕەشەی لە هاوسەرەکانی پێغەمبەری خوا (**رضي الله عنهن**) کردوە، کە ئەگەر ئازاری بدەن، خوا ﷻ ئەوان لادەبات و بە ئافرەتانی دیکە دەیانگۆڕێ.

٢- ئنجا لە چوار ئایەتەکانی: (٦ - ٩)دا، خوای بەرزو مەزن دوو جاران بە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾، بڕوادارانی دواندوون و، جارێکیش بێبڕوایان بە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ دەدوێنێ و، جارێکیش پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ بە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ﴾ دەدوێنێ، ئنجا هەم بڕواداران خوا چەند شتێکیان پێڕادەگەیەنێ، چەند ڕێنمایی و ئامۆژگارییەك، هەروەها بێبڕوایەکانیش چەند شتێکیان لێ حاڵیی دەکات و، ئەو دواندنەی بێبڕوایەکانیش لە ڕۆژی دوایی و لە قیامەت دایە، بۆیەش خوای بەرز لێرەدا بۆمان باس دەکات، یانی: ئەی بێبڕوایەکان! ئەگەر بە بێبڕوایی بمرن، لە ڕۆژی دوایی دا، ئەو سەرەنجامەتان تووش دەبێ و، خوا ئاوا دەتاندوێنێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَعْتَذِرُوا۟ ٱلْيَوْمَ ۖ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٧﴾﴾ **التحريم**، پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ خوای پەروەردگار دەیدوێنێ و ئەرکێکی گرنگی پێڕادەگەیەنێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ جَٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ ۚ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٩﴾﴾ **التحريم**.

٣- لە سێ ئایەتی کۆتاییشدا، ئایەتەکانی: (١٠، ١١، ١٢)، خوا ﷻ چوار ئافرەتی لە دوو وێناندا بۆ بێبڕوایان و بڕواداران باسکردوون، کە دوو ئافرەتی یەکەم بریتین لە: هاوسەری **لووط** و هاوسەری **نووح** صەڵات و سەلامی خوا لەسەر **لووط و نوح** بێ، ئەو دوو ئافرەتە بە وێنە هێنراونەوە بۆ بێبڕوایەکان، کە ئەی بێبڕواینە! بەتەما مەبن بەهۆی خزمایەتیی و نزیکییەوە، هیچ قازانجێك بکەن، مادام بێ ئیمان بن.

دوو ئافرەتــە بڕوادارەکــەش کــە خــوا بــۆ ئیمانــدارانی بــە وێنــە هێناونــەوە، یەکەمیـان هاوسـەری فیرعەونـە، کـە لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دا نـاوی بـە ئاسیا هاتـوە، (ئاسـیای کچـی موزاحیـم)، دووەمیشـیان مەریەمـی کچـی عیمرانـە، خـوا لـە هەردووکیـان ڕازی بـێ، ئەمـە ئێـوەڕۆکی سـوورەتی (**التَّحْرِيـم**)ە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئێمـە چـوار تایبەتمەندییـمان کەوتوونـە بـەر چـاو، کـە ئـەم سـوورەتەیان پـێ جیادەکرێتــەوە لــە ســوورەتەکانی دیکــە:

١- ئەو بەسەرهاتە خێزانییەی پێغەمبەری خوا ﷺ تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە، لە ئایەتەکانی: (١ -- ٥)و، لە هیچ کام لە سوورەتەکانی دیکەدا نەهاتوەو، ئاماژەی پێ نەکراوە.

٢- تاکە شوێنێك لە قورئاندا تەعبیری: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَ﴾ەی تێدا هاتبێ، ئەم سوورەتەیە، ئایەتی ژمارە (١).

٣- وێنە هێنرانەوە بە هەردوو هاوسەری نووح و لووط (**عَلَيْهِمَا الصَّلاةُ وَالسَّلام**) بۆ بێبڕوایان، کە نیزیکترین کەسیان سوودیان پێ ناگەیەنێ و، وێنە هێنانەوە بە هاوسەری فیرعەون و مەریەمیش بۆ بڕواداران، کە ئەهلی کوفر زیانیان لێ نادەن، ئەو دوو وێنە هێنرانەوەیەش تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون.

هەڵبەتـە خـوا ﷻ لـە چەنـد شـوێنێکی دیکـەدا، بـاسی ژنەکـەی **لووطی** کـردوە، کە لـە فەوتـاوان بـووە، بـەڵام ئێـرە تاکـە شـوێنە کـە تێیـدا بـاسی ژنەکـەی نـووح (**عَلَيْـهِ السَّـلام**) بکـرێ و، ئێـرەش تاکـە شـوێنێکە کـە هـەردوو ژنی ئـەو دوو پێغەمبـەرە پایـە بـەرزە، خێزانەکـەی نـووح و لـووط بـە نموونـە بهێنرێنـەوە بـۆ کافـران، کـە ئـەی بێبڕواینـە! بەتەمـا مەبـن بەهـۆی خزمایەتیـی و نزیکیـی و ڕەچەڵـەکی کەسـانێکەوە کـە بـۆ خـوا صوڵحـاون و ئێـوە لێیـان نزیکـن، بەهرەمەنـد بـبن، ئەگـەر بـۆ خۆتـان بـێ ئیـمان بـن.

٤- چەند تەعبیرو وشەیەك تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

١- ﴿ مَرْضَاتَ أَزْوَٰجِكَ ﴾، ﴿ تَبْتَغِى مَرْضَاتَ أَزْوَٰجِكَ ﴾، لە ئایەتی یەکەمدا.

٢- ﴿ تَحِلَّةَ أَيْمَـٰنِكُمْ ﴾، کەفارەتی سوێندەکان، حەڵاڵ بوونەوەی ئەوەی سوێندتان لەسەر خواردوە، لە ئایەتی ژمارە دوودا.

٣- ﴿ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا ﴾، دڵەکانتان لایانداوە، کە وەك دوایی باس دەکەین، مەبەست هەردوو هاوسەری بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ دایکمان حەفصەو دایکمان عائیشەن (خوا لێیان ڕازی بێ).

٤- ﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوْلَىٰهُ وَجِبْرِيلُ وَصَـٰلِحُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ ﴿٤﴾ ﴾، ئەمەش لە نێو هەموو قورئاندا، تەنیا لێرەدا هاتوە.

٥- ﴿ قُوٓاْ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا ﴾، لە ئایەتی ژمارە (٦)دا، کە لە هەموو قورئاندا تەنیا لێرەدا هاتوە.

٦- ﴿ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا ﴾، بگەڕێنەوە بۆ لای خوا بە گەڕانەوەیەکی ساغ، تەنیا لە ئایەتی ژمارە (٨)ی سوورەتی (التحريم)دا هاتوە، لە هەموو قورئاندا.

٧- ﴿ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَـٰلِحَيْنِ ﴾، ئەو دوو ئافرەتەی لە ژێر نیکاحی دووان (لە بەندە چاکەکانمان)دا بوون، کە مەبەست پێیان نووح و **لووطە** (**عَلَيْهِمَا الصَّلاةُ وَالسَّلام**) تەنیا لە ئایەتی ژمارە (١٠)ی سوورەتی (**التَّحْرِيم**)دا هاتوە.

٨- ﴿ وَكَانَتْ مِنَ ٱلْقَـٰنِتِينَ ﴾، ئەو ئافرەتە {مەریەم (خوا لێی ڕازی بێ)}، لە ملکەچان بوو بۆ خوا، مەریەم ئافرەتە، بەڵام خوا ﷻ لە ڕیزی پیاوانی بۆ خوا ملکەچ دا حیسابی کردوەو، نەیفەرموە: (**وَكَانَت مِنَ القَانِتات**)، کە دوایی حیکمەتەکەی باس دەکەین، لە ئایەتی ژمارە (١٢)دا هاتوە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

کۆی ئەو دوازدە (١٢) ئایەتە بەپێی نێوەرۆکیان، بۆ سێ دەرسان دابەش دەکەین:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ٥)، کە وەك گوتمان باسی ئەو بەسەرهاتە خێزانییە دەکەن، لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ روویداوە، کە بریتی بووە لەوەی شتێکی لە خۆی قەدەغە کردوە بۆ رازی کردنی یەکێك لە هاوسەرانی، دوایی ئەو نهێنییەی لە لای یەکی دیکە لە هاوسەرانی درکاندوەو، گوتوویەتی: بیپارێزە، کەچی نەیپاراستوەو، بەو بۆنەوە خوا ﷻ هەم گلەیی ئاراستەی پێغەمبەرەکەی ﷺ کردوە، کە بۆچی بە مەبەستی رازیکردنی هەندێك لە هاوسەرەکانت، شتێکی حەلاڵ لە خۆت قەدەغە دەکەی؟ هەم گلەیی و سەرزەنشتیشی لەو دوو هاوسەرەی پێغەمبەرەکەی ﷺ کردوە، کە دەبێ بگەڕێنەوە، هەم بە گشتییش هەڕەشەی کردوە لە هاوسەرانی بەرێزی پێغەمبەرەکەی خوا لێیان رازی بێت کە ئەگەر بێت و ئاگایان لە خۆیان نەبێ، نیزیکە پێغەمبەری خوا دەستبەرداریان بێ و، خوای کاربەجێ ئافرەتانی لەوان باشتری بۆ برەخسێنێ.

دەرسی دووەم: لە چوار ئایەتەکانی: (٦ - ٩) پێك دێ، لەو چوار ئایەتە موبارەکەدا خوا دوو جاران بڕواداران بانگ دەکات و، جارێك بێبڕوایان و، جارێکیش پێغەمبەری خاتەم ﷺ.

بڕواداران، خوا ﷻ کۆمەڵێك رێنمایی و ئامۆژگارییان دەکات، هی بێبڕوایانیش بانگکردن و دواندنەکە لە رۆژی دوایی دایە، خوا ﷻ لێرەدا دەیگێڕێتەوە، کە دەفەرموێ: بێبڕواینە! پۆزش مەهێننەوە، تازە ئەمڕۆ هەر کەسە بەپێی ئەوەی کردوویەتی سزا دەدرێ.

بە نسبەت پێغەمبەریشەوە ﷺ خوا ﷻ فەرمانی پێدەکات کە لە بەرامبەر کافرو مونافیقەکاندا زبر بێ و، لە دژیان تێبکۆشێ، هەر کامیان بەشێوەی خۆی.

دەرسی سێیەم: لە سێ ئایەتەکانی: (١٠ - ١٢) پێك دێ و، خوا ﷻ چوار ئافرەتی بە نموونە هێناونەوە، دووانیان هاوسەری **لووطن** و نووح و بۆ کافرەکانی بە نموونە هێناونەوە، کە ئەوەتا ئەو دوو ئافرەتە هەرچەندە هاوسەری دووان لە پێغەمبەرانی پایەبەرزی خوا بوون، کە **لووطن و نووح (عَلَیْهِما الصلاة والسَّلام)** بەڵام ئەو پێغەمبەرانە سوودیان پێ نەگەیاندن، چونکە ئەوانە بەرانبەر بە پێغەمبەرەکانیان ناپاك بوون، ناپاك لە ڕووی عەقیدەیی و فیکرییەوەو، لە ڕووی دڵسۆزییەوە بۆیان، ئنجا لەبەر ئەوەی موخەننەت و ناپاك بوون لەگەڵ ئەو دوو پێغەمبەرانە، سوودیان پێ نەگەیاندوون و بڕیاری چوونە دۆزەخیان بۆ درا، دوو ئافرەتیش بە نموونە هێنراونەوە بۆ بڕواداران، کە وەك چۆن ئیمانی پێغەمبەران **(عَلَیْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)** سوود ناگەیەنێ بە هاوسەرەکانیان مادام بێبڕوابن، با هاوسەریشیان بن، بەهەمان شێوەش کوفری کافرەکان زیان نادات لە ئافرەتانی دیندارو مسوڵمانی وەك هاوسەری فیرعەون، کە مێردەکەی فیرعەون بووە، بەڵام کوفری فیرعەون زیانی لێنەدا، هەر وەك کوفری قەومەکەی مەریەمیش کە بوختانیان بۆ کرد، کاتێك خوا ﷻ بە شێوەیەکی یاسادڕ **(خارق العادة)** عیسای پێ بەخشی، بێ ئەوەی هاوسەرگیریی کردبێ و هاوسەری هەبێ، بوختانی بۆ کرا لەلایەن جوولەکەکان و لەلایەن ڕۆمەکانەوە، ئەوە هیچ زیانی لێ نەدا، کەواتە: ئافرەتان ئەگەر بۆ خوا صوڵحاو بن، کوفری کافرانی نیزیکیان، ئەگەر قەومیانن، ئەگەر مێردیانن، ئەگەر هەر کەسیانن، زیانیان لێ نادات، هەروەك چۆن ئافرەتان ئەگەر بۆ خوا صوڵحاو نەبن، ئیمان و چاکەی نیزیکانیان ئەگەر هاوسەریانن، ئەگەر هەر کەسێکیانن، سوودیان پێ ناگەیەنێ.



دەرسی یەکەم



پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە پێنـج (٥) ئایـەت پێـك دێ، ئایەتـەكانی: (١ - ٥)، كـە تێیـان دا بـاسی ڕووداوێـكی خێزانیـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ كـراوەو پوختەكـەشی ئـەوە بـووە، كـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە مەبەسـتی ڕازییكـردنی یەكێـك لـە هاوسـەرەكانی، بڕیـاری خۆگرتنـەوەی لـە شـتێكی ڕەوا داوە، واتـە: شـتێك كـە بـۆی ڕەوا بـووە، وەك دوایـی بـاسی دەكەیـن، ئنجـا ئایـا كەنیزەكێـك بـووە، یاخـود خـواردنی هەنگویـن بـووە، بڕیـاری داوە ئـەو شـتە ڕەوایـە لـە خـۆی بگرێتـەوەو بەلایـدا نەچـێ، بـە پەنهانییـش قسـەی لـە لای یەكێـك لـە هاوسـەرانی كـردوە، بـەڵام ئـەو ئـەو نهێنییـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە لای دانـاوە، دركاندوویـەتی و لێـی بـڵاو كردۆتـەوە، خـواش ﷻ پێغەمبەرەكـەی ﷺ ئـاگادرار كردۆتـەوە، ئنجـا ئـەو هاوسـەرەش كـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ گلەیـی لێكـردوە: بۆچـی ئـەو نهێنییـەت دركانـدوە؟ بەسـەر سـوڕمانەوە پرسـیویەتی: كـێ ئـەوەی پـێ گـوتی؟ پێغەمبەریـش ﷺ گوتوویـەتی: خـوای زانـاو شـارەزا ئـاگاداری كردوومـەوە، ئیـدی بـەو بۆنەیـەوە خـوای دادگـەر ڕێـی ژیـوان بوونـەوەی پێشـانی ئـەو دوو هاوسـەرەی پێغەمبەرەكـەی ﷺ داوەو، بـە پێچەوانـەوەش: هەڕەشـەیان لـێ دەكات، هـەم بـە پشـتیوانیی لێكـردنی خـۆی و جیبریـل و فریشـتەكان و بـڕوادارانی چـاك و، هـەم بـە تـەڵاق درانی ئـەوان و ئـەوانی دیكـەش، ئەگـەر وەك وان بكـەن و، گۆڕینیـان بـە ئافرەتـانی دیكـەی باشـتر لـەوان، ئەمـە - وەك پێشـتریش باسـمان كـرد - خوڵاسـەو پوختـەی چەمـك و واتـای ئـەو پێنـج ئایەتـە موبارەكەیـە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَۖ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَٰجِكَۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١﴾ قَدْ فَرَضَ
ٱللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَٰنِكُمْۚ وَٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْۖ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢﴾ وَإِذْ أَسَرَّ ٱلنَّبِيُّ إِلَىٰ بَعْضِ أَزْوَٰجِهِۦ حَدِيثًا
فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِۦ وَأَظْهَرَهُ ٱللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُۥ وَأَعْرَضَ عَنۢ بَعْضٍۖ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِۦ قَالَتْ مَنْ أَنۢبَأَكَ هَٰذَاۖ
قَالَ نَبَّأَنِيَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴿٣﴾ إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَاۖ وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ
هُوَ مَوْلَىٰهُ وَجِبْرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلْمُؤْمِنِينَۖ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ ﴿٤﴾ عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ
أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَٰتٍ مُّؤْمِنَٰتٍ قَٰنِتَٰتٍ تَٰٓئِبَٰتٍ عَٰبِدَٰتٍ سَٰٓئِحَٰتٍ ثَيِّبَٰتٍ وَأَبْكَارًا
﴿٥﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، ئـەی پێغەمبـەر! بۆچـی شـتێك (لـە خـۆت) قەدەغـە دەکـەی، کـە خـوا بـۆی ڕەوا کـردووی؟ ڕازییکـردنی هاوسـەرەکانت دەخـوازی؟ خـواش لێبـوردەی بـە بەزەییـە ﴿١﴾ بێگومـان خـوا (ڕێـی) کردنـەوەو هەڵوەشـاندنەوەی سـوێندەکانتانی بۆ داناون و، خواش پشـتیوان و سەرپەرشـتیارتانەو، ئـەو زانـای کارزانـە ﴿٢﴾ (یـاد بکـەوە!) کاتێـك پێغەمبـەر قسـەیەکی نهێنیـی بـە هەندێـك لـە هاوسـەرانی ڕاگەیانـد، ئنجـا کاتێـك ئـەو (هاوسـەرەی) هەواڵـی پێـدا (و ئاشـکرای کـرد)و، خـواش (پێغەمبـەری) لـەوە ئـاگادار کـردەوە، (پێغەمبەریـش) بەشـێکی پێگـوت و بەشـێکی نادیـدە گرت، (ئـەو هاوسـەرە) گوتی: کـێ هەواڵی ئەوەی پێـداوی؟ (پێغەمبەریـش) گـوتی: خـوای زانـاو شـارەزا هەواڵـی پێـداوم ﴿٣﴾ (ئـەی دوو هاوسـەرەکەی پێغەمبـەر!) ئەگـەر بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوا (ئەرکتانـە، چونکـە) بـە دڵنیایـی دڵەکانتـان (لـە هـەق) لایـان داوەو، ئەگـەر دژی وی (پێغەمبەر)یـش پشـتگیریی یەکـدی بکـەن، بێگومـان خـوا پشـتیوانیەتی، جیبریـل و پیـاوانی بـڕواداری

باش و، فریشتەکانیش دوای ئەوە، هاوکارو پشتیوانن ﴿٤﴾ ئەگەر (پێغەمبەر) تەڵاقتان بدات، نیزیکە خوا هاوسەرانی لە ئێوە باشتری بۆ بکاتە جێدارتان، (بۆ خوا) ملکەچانی بڕوادارانی گوێڕایەڵان (بۆ پێغەمبەر)ی گەڕاوان (بۆ لای خوا)، خوا پەرستانی کۆچکەران (لە) بێوەژنان و کچان ﴿٥﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(لِمَ): لە دوو پیت پێکهاتوە، لە (ل) و (م)، (لِمَ)، لە ئەصڵدا (لِمَا) بووە، یانی: بۆچی؟ بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر بەکارهێنراوە، ئەلیفەکەی قرتێنراوەو بۆتە (لِمَ)، بۆچی؟

(تُحَرِّمُ): واتە: قەدەغە دەکەی، یان خۆتی لێ دەگریەوە، (الحَرَامُ: المَمْنُوعُ)، حەڕام: ڕێ لێگیراو، قەدەغە، کە لێرە دەفەرموێ: ﴿لِمَ تُحَرِّمُ﴾، یانی: (لِمَ تَمْتَنِعُ)، بۆچی خۆت دوور دەگری؟ خۆتی لێ دەگریەوە؟ یاخود: (لِمَ تَحْكُمُ بِتَحرِيمِ ذَلِكَ)، بۆچی حوکم دەدەی بەوەی ئەو شتە قەدەغەیە، کە دیارە هی پێغەمبەری خوا ﷺ بەو مانایەی دووەمیان نەبووە، چونکە پێغەمبەر ﷺ نەیفەرموە: ئەو شتە قەدەغەیە، بەڵکو ئەو شتەی بۆی ڕەوا بووە، خۆی لێ دوورگرتوەو بەکاری نەهێناوە، کەواتە: ﴿لِمَ تُحَرِّمُ﴾، یانی: (لِمَ تَمْتَنِعُ)، بۆچی خۆتی لێ دەگریەوە؟ ئەگەرنا ﴿لِمَ تُحَرِّمُ﴾، بە مانای: (بۆچی قەدەغەی دەکەی) یش هاتوە، بەڵام لێرەدا بەو مانایە بەکارنەهاتوە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ شتێکی قەدەغە نەکرد، شتێك خوا حەڵاڵی بکات و ئەو بڵێ: قەدەغەیە، بەڵام شتێك کە خوا بۆی حەڵاڵ کرد بوو، ئەو خۆی لێگرتەوەو بەکاری نەهێنا، ئەوەش شتێکی ڕەوایە، بەڵام خوای کاربەجێ بۆیە لێی بە ڕەخنە دەگرێ، چونکە مەبەستی ئەوە بووە، بەوە یەکێك لە هاوسەرەکانی ڕازیی بکات، ئەگەرنا بە دڵنیایی پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێ شت کە ڕەوا بووە، خۆی

لـێ دوور گرتـوە، وەك جێـگاو ڕێـگای خۆشـگوزەرانانەو، زۆر خۆشـیی و لـەززەتی دیکـەی دنیـا، کـە توانیویشـیەتی هەیـبێ، لەسـەر ئـەوەش هاوسـەرانی (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، وەك لـە تەفسـیری سـوورەتی ئەحزابـدا باسـمان کـرد، گەلـە کۆمەکێیـان لێکـردوەو گوتوویانـە: دەبـێ نەفەقەمـان بـۆ زیـاد بکـەی، بـەڵام پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئامـادە نەبـووە، مـل بـدات بـۆ داواکاریـی ئـەوان، خـواش ﷻ لـەو بـارەوە فەرمانی بـە پێغەمبەرەکـەی ﷺ کـردوە، کـە خێزانـەکانی سـەر پشـك بـکات: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا ﴿٢٨﴾ ﴾الأحـزاب، ئـەی پێغەمبـەر! بـە هاوسـەرەکانت بفەرمـوو: ئەگـەر ژیـانی دنیـاو جوانیـی دنیاتـان دەوێ، وەرن بـە بـە لـە باریـی دەسـتتان لـێ بکەمـەوەو، سـەرو دیاریـی و خەڵاتتـان بدەمـێ.

کەواتـە: دەبـێ بزانیـن کـە لێـرەدا خـوا ﷻ ڕەخنـەی لـە پێغەمبەرەکـەی ﷺ گرتـوە لەبـەر ئـەوە بـووە کـە بـۆ ڕازییکـردنی دڵـی یەکێـك لـە هاوسـەرەکانی بـووە، ویسـتوویەتی ئـەو کارە بـکات.

(**تَحِلَّةَ**): (**أَصْلُ الحَـلُّ: حَـلُّ العُقْـدَةِ وَعَـن حَـلِّ العُقْـدَةِ استُعِيرَ قَولُهُـم: حَـلَّ الـشَّيءُ حَـلاَلاً**)، (**حَـلّ**) لـە ئەصڵـدا کردنـەوەی گرێیـە، ئنجـا لـە کردنـەوەی گرێـدا ئـەو قسـەیەیان خوازراوەتـەوە، کـە گوتوویانـە: (**حَـلَّ الـشَّيءُ حَـلاَلاً**)، ئـەو شـتە حـەڵاڵ بـوو، ڕەوا بـوو، یـانی: گرێـی قەدەغـە بـوونی لێکراوەتـەوە، کەواتـە: (**تَحِلَّـةَ**) لـە بنـەڕەت دا (**تَحلِلة**)یـە، یـانی: ئـەو شـتەی دەبێتـە هـۆی ڕەوا کردنـەوەی ئـەوەی قەدەغـە کـراوەو خـۆی لـێ دوورگیـراوە.

(**وَأَظْهَرَهُ**): (**أَي: أَطْلَعَـهُ**)، ئـاگاداری کـردەوە، وەك خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ ﴾الجـن، (**أَي: لاَ يُطْلِـعُ**)، خـوا هیـچ کـەس لـە نهێنیـی و پەنهـانی خـۆی ئـاگادار ناکاتـەوە، ﴿ إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ ﴿٢٧﴾ ﴾الجـن، مەگـەر یەکێـك لـە پێغەمبـەران کـە خـوا ﷻ پەسـندی کـرد بـێ، ئـاگاداری بکاتـەوە لـە هەنـدێ شـتی پەنهـان و نادیـار.

(عَرَّفَ بَعْضَهُۥ): یانی: (وَصَفَ بَعْضَهُ وَذَكَرَهُ)، هەندێك لەو نهێنییەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە لای ئەو هاوسەرەی دایناب‌وو و ئەو ئافرەتە درکاندب‌ووی، پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێك لەو نهێنییەی باسکرد، وەسفی کرد، ﴿وَأَعْرَضَ عَنۢ بَعْضٍ﴾، هەندێکیشی وازلێهێنا، ئەو هاوسەرەی ئەوەیشی هەر درکاند بوو، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوی بە چاو دانەدایەوە.

(صَغَتْ قُلُوبُكُمَا): (الصَّغوُ: المَيلُ، صَغَيْتُ الإِنَاءَ وَأَصْغَيْتُهُ)، (صَغو): بە مانای مەیل خوار کردنەوە دێ، دەگوترێ: (صَغَيْتُ الإِنَاءَ وَأَصْغَيْتُهُ)، قاپەکەم لار کردەوە، هەم (صَغَيتُ)ی بۆ بەکاردێ، بە سیانیی (ثُلاثِي) هەم بە چواریی (رُبَاعي)ش، (أَصغَيتُهُ)، لارم کردەوە، کەواتە: ﴿صَغَتْ قُلُوبُكُمَا﴾، دڵەکانتان لایانداوە، نەیفەرمووە: (صَغَتْ قَلبَاكُمَا)، لەبەر ئەوەی عەرەب پێیان باش نەبووە دوو دووانە (مُثَنَّى) لە یەك وشەدا بێنن، (قَلْبَا) لەگەڵ (كُمَا)، هەردووکیان بۆ (مُثَنَّى)ن، پێیان قورس بووە، بۆیە (قلب)ی کۆ کردۆتەوە، ئەگەرنا دوو دڵن، بەڵام بەو ئیعتیبارەی لە یەك بەو لاوە بە کۆ (جمع) لە قەڵەم دەدرێ، بۆیە فەرموویەتی: ﴿صَغَتْ قُلُوبُكُمَا﴾، دڵەکانتان واتە: دڵی هەردوو هاوسەرە بەڕێزەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ لایداوە لە ڕاستیی، کە مەبەست حەفصەو عائیشەن (خوا لێیان ڕازی بێ).

(قَٰنِتَٰتٍ): (القُنُوتُ: لُزومُ لطَّاعَةِ مَعَ الخُضُوعِ)، (قُنُوت) بریتیە: لە فەرمانبەریی لەگەڵ ملکەچیی و بە قسە کردن و نەرمیی و، ئاسان بە دەستەوە هاتن.

(سَٰٓئِحَٰتٍ): (سَائِحَات): هەم بە (صائِمَات) مانای لێکدراوەتەوە، واتە: ڕۆژووگران، هەم بە مانای کۆچکەران (مُهاجِرات) لێکدراوەتەوە، (السَّائِحُ: المَاءُ الدَّائِمُ جَرْيُهُ فِي سَاحَةٍ، يُقَالُ سَاحَ فُلاَنٌ، أَي: مَرَّ مَرَّ السَّائِحِ): (سائِح): بەو ئاوە دەگوترێ کە بە بەردەوامیی بە مەیدانێکدا دەڕوا، دەگوترێ: (سَاحَ فُلانٌ)، واتە: وەك چۆن ئاوی خێرا دەڕوا، ئاوا ڕۆیشت، (سَائِح) لەوەوە هاتوە، لە ئەصڵدا (سَائِح) واتە: ئاوێك کە بەردەوام دەڕوا.

بەڵام (سَائِح) بە کوردیی دەبێتە گەڕیدە کەسێك کە سەفەر دەکات، ئنجا لەبەر ئەوەی بابای بە ڕۆژوو بەردەوام دەبێ لەسەر نەخواردن و نەخواردنەوە، وەك چۆن ئاو دەڕواو بەردەوام دەبێ، بۆیە لەو ڕووەوە (سَائِحَات) بە مانای (صَائِمَات) دێ، دەشگونجێ (سَائِحَات) مەبەست پێی کۆچکەران بێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿فَسِيحُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ ... ﴿٢﴾﴾التوبة، یانی: بە زەویدا بڕۆن کۆچ بکەن.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

١- هۆی هاتنە خوارەوەی چوار ئایەتی یەکەم: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَۖ تَبۡتَغِي مَرۡضَاتَ أَزۡوَٰجِكَۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١﴾ قَدۡ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمۡ تَحِلَّةَ أَيۡمَٰنِكُمۡۚ وَٱللَّهُ مَوۡلَىٰكُمۡۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٢﴾ وَإِذۡ أَسَرَّ ٱلنَّبِيُّ إِلَىٰ بَعۡضِ أَزۡوَٰجِهِۦ حَدِيثٗا فَلَمَّا نَبَّأَتۡ بِهِۦ وَأَظۡهَرَهُ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ عَرَّفَ بَعۡضَهُۥ وَأَعۡرَضَ عَنۢ بَعۡضٖۖ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِۦ قَالَتۡ مَنۡ أَنۢبَأَكَ هَٰذَاۖ قَالَ نَبَّأَنِيَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡخَبِيرُ ﴿٣﴾ إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدۡ صَغَتۡ قُلُوبُكُمَاۖ وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيۡهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوۡلَىٰهُ وَجِبۡرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ ﴿٤﴾﴾، لەو بارەوە ئەو سێ گێڕدراوەیە دێنین:

أ- {عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَشْرَبُ عَسَلًا عِنْدَ زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ، وَيَمْكُثُ عِنْدَهَا، فَوَاطَيْتُ أَنَا وَحَفْصَةُ عَلَى، أَيَّتُنَا دَخَلَ عَلَيْهَا فَلْتَقُلْ لَهُ: أَكَلْتَ مَغَافِيرَ، إِنِّي أَجِدُ مِنْكَ رِيحَ مَغَافِيرَ، قَالَ: لاَ، وَلَكِنِّي كُنْتُ أَشْرَبُ عَسَلًا عِنْدَ زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ، فَلَنْ أَعُودَ لَهُ، وَقَدْ حَلَفْتُ، لاَ تُخْبِرِي بِذَلِكَ أَحَدًا} (أخرجه البخاري: ٤٩١٢، ٥٢٦٧، ٦٦٩١، ومسلم: ١٤٧٤).

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ عادەتی وابوو هەنگوینی لە لای زەینەبی کچی جەحش[1] دەخواردەوەو، ماوەیەك لای دەمایەوە، من و حەفصە ڕێك کەوتین، کە پێغەمبەر ﷺ هات بۆ لای هەر کامێکمان با پێی بڵێ: ئایا مەغافیرت خواردوە؟ (مەغافیر جۆرە گیایەکە

---

(١) کە هاوسەری پێغەمبەری خوا ﷺ و کچە پووریشی بووە.

بۆنێکی ناخۆشی هەیە)، من بۆنی مەغافیرت لێدەکەم، (هەڵبەتە ئەو بۆنەیان لێ نەکردوە، بەڵام بۆ ئەوەی هەنگوین خواردنەوەکەی لە لای زەینەب پێ تەرك بکەن، وایان گوتوە، ئنجا دەڵێن: کە هات بۆ لای هەر کامێکمان وامان پێگوت)، ئەویش فەرمووی: نەخێر مەغافیرم نەخواردوە، بەڵام هەنگوینم لە لای زەینەبی کچی جەحش (هاوسەرەکەی خۆی) خواردۆتەوە، بەڵام لەمەودوا جارێکی دیکە (مادام ئەو بۆنە بدات) بۆی ناگەڕێمەوە (نایخۆمەوە)، سوێندیشم خواردوە، بەڵام هەواڵ بە کەس مەدە.

ئنجا بەپێی ڕیوایەتەکان دیارە حەفصە بووە، پێی گوتوە، بەڵام حەفصە دوایی هەواڵی داوە بە عائیشە لەبەر ئەوەی پێکەوە زۆر ڕێك بوون، هەرچەندە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: با ئەو قسەیە تەنیا لە لای خۆت بێ، بەڵام ئەو درکاندوویەتی بۆ عائیشە خوا لێیان ڕازی بێ.

ب- {عَنْ أَنَسٍ ﷺ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَتْ لَهُ أَمَةٌ يَطَؤُهَا، فَلَمْ تَزَلْ بِهِ عَائِشَةُ وَحَفْصَةُ حَتَّى حَرَّمَهَا، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَٰجِكَ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١﴾ قَدْ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَٰنِكُمْ وَٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢﴾﴾} (أخرجه النَّسَائِي فـي سننه، قال الألباني: صحيح الإسناد).

واتە: ئەنەس ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ کەنیزەکێکی هەبوو لەگەڵیدا جووت دەبوو (دەچووە لای)، بەڵام عائیشەو حەفصە زۆر خەریك بوون، (دیارە پرتەو بۆڵەیان لەسەر کردوە) و هەوڵیان لەگەڵدا تاکو لەسەر خۆی قەدەغە کرد، (کە جارێکی دیکە نەچێتە لای)، لەو بارەوە خوا ﷻ ئەم ئایەتەی دابەزاند.

کەواتە: ئەوەی پێشێ باسی هەنگوین خواردن بوو و ئەمیان کەنیزەکێکە، کەنیزەکەکەش لە ڕیوایەتەکانی دیکەدا هاتوە، کە ماریەی **قیبطیی** بووە، واتە: دایکی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەری خوا ﷺ.

ج- {عَنْ عُمَرَ ﷺ، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ لِحَفْصَةَ: «لَا تُخْبِرِي أَحَدًا، وَإِنَّ أُمَّ إِبْرَاهِيمَ عَلَيَّ حَرَامٌ»، فَقَالَتْ: أَتُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ؟ قَالَ: «فَوَاللَّهِ لَا أَقْرَبُهَا»، قَالَ: فَلَمْ يَقْرَبْهَا حَتَّى أَخْبَرَتْ عَائِشَةَ. قَالَ فَأَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿قَدْ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَـٰنِكُمْ وَٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ﴾}. (أخرجه الْهَيْثَمُ بْنُ كُلَيْبٍ فِي مُسْنَدِهِ: ج٤، ٤١٢، والضياء المقدسي في الأحاديث المختارة: ١٨٩، وقال: إسناده صحيح).

واتە: عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ بە حەفصەی فەرموو: هەواڵ بە کەس مەدە دایکی ئیبراهیمم لە خۆم قەدەغە کردوە، (واتە: ناچمە لای، دایکی ئیبراهیم ناوی مارییە بوو، (مارییەی قیبطیی)، کە پاشای میسر بە دیاریی بۆی نارد بوو)، ئەویش پێی دەڵێ: ئایا شتێك کە خوا بۆی ڕەوا کردووی لە خۆتی قەدەغە دەکەی؟ ئەویش (پێغەمبەر) ﷺ دەفەرموێ: سوێند بە خوا نیزیکی ناکەومەوە، ئیدی نیزیکی نەکەوتەوەو، دوایی حەفصە هەواڵیدا بە عائیشە (واتە: ئەو نهێنییەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە لای دانابوو لە لای عائیشە درکاندی)، ئیدی لەو بارەوە خوا ﷻ ئەو ئایەتانەی ناردنە خوار، بۆ ئەوەش کە مارییەی بۆ ڕەوا بێتەوە، چونکە سوێندی خوارد بوو، یاخود: تاکو هەنگوینەکەی لای زەینەبی کچی جەحشی بۆ ڕەوا بێتەوە، خوای بە بەزەیی ئەوەشی دابەزاند: ﴿قَدْ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَـٰنِكُمْ وَٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ﴾، واتە: بێگومان خوا ﷻ هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانتانی بۆ ئێوە دابەزاندوەو خوا سەرپەرشتیاری ئێوەیەو بەس ئەو زانای کاربەجێیە.

٢- هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی: ﴿عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَـٰتٍ مُّؤْمِنَـٰتٍ قَـٰنِتَـٰتٍ تَـٰٓئِبَـٰتٍ عَـٰبِدَٰتٍ سَـٰٓئِحَـٰتٍ ثَيِّبَـٰتٍ وَأَبْكَارًا ﴿٥﴾﴾، لەو بارەوە بەسەرهاتێکی تۆزێك درێژ هەیە، بەڵام بە باشی دەزانم دەقەکەی بە عەرەبیی بێنم و دواییش بە کوردیی مانای دەکەین، لەبەر ئەوەی وێڕای تیشك خستنە سەر چەمك و واتای ئەو ئایەتە موبارەکە، کە لە نێوان زانایاندا قسەو باسی زۆری لەسەر کراوە، هەندێك چەمك و واتای دیکەش و، هەندێك مەبەستی دیکەش دەگرێتە خۆی، ئەمەش دەقی ئەو گێڕدراوەیە:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﭬ، قَالَ: حَدَّثَنِي عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ ﭬ قَالَ: لَمَّا اعْتَزَلَ نَبِيُّ اللَّهِ ﷺ نِسَاءَهُ، قَالَ: دَخَلْتُ الْمَسْجِدَ، فَإِذَا النَّاسُ يَنْكُتُونَ بِالْحَصَى وَيَقُولُونَ: طَلَّقَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ نِسَاءَهُ «وَذَلِكَ قَبْلَ أَنْ يُؤْمَرْنَ بالحِجَاب» فَقَالَ عُمَرُ: فَقُلْتُ لَأَعْلَمَنَّ ذَلِكَ الْيَوْمَ، قَالَ فَدَخَلْتُ عَلَى عَائِشَةَ فَقُلْتُ: يَا بِنْتَ أَبِي بَكْرٍ! أَقَدْ بَلَغَ مِنْ شَأْنِكِ أَنْ تُؤْذِيَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ! فَقَالَتْ: مَالِي وَمَالَكَ يَا ابْنَ الْخَطَّابِ! عَلَيْكَ بِعَيْبَتِكَ! قَالَ فَدَخَلْتُ عَلَى حَفْصَةَ بِنْتِ عُمَرَ، فَقُلْتُ لَهَا: يَا حَفْصَةُ! أَقَدْ بَلَغَ مِنْ شَأْنِكِ أَنْ تُؤْذِيَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ! وَاللَّهِ لَقَدْ عَلِمْتِ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ لَا يُحِبُّكِ، وَلَوْلَا أَنَا لَطَلَّقَكِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ. فَبَكَتْ أَشَدَّ الْبُكَاءِ، فَقُلْتُ لَهَا: أَيْنَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ؟ قَالَتِ: هُوَ فِي خِزَانَتِهِ فِي الْمَشْرُبَةِ، فَدَخَلْتُ فَإِذَا أَنَا بِرَبَاحٍ غُلَامِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَاعِدًا عَلَى أُسْكُفَّةِ الْمَشْرُبَةِ مُدَلٍّ رِجْلَيْهِ عَلَى نَقِيرٍ مِنْ خَشَبٍ، وَهُوَ جِذْعٌ يَرْقَى عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَيَنْحَدِرُ. فَنَادَيْتُ: يَا رَبَاحُ، اسْتَأْذِنْ لِي عِنْدَكَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَنَظَرَ رَبَاحٌ إِلَى الْغُرْفَةِ، ثُمَّ نَظَرَ إِلَيَّ، فَلَمْ يَقُلْ شَيْئًا. ثُمَّ قُلْتُ: يَا رَبَاحُ! اسْتَأْذِنْ لِي عِنْدَكَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَنَظَرَ رَبَاحٌ إِلَى الْغَرْفَةِ ثُمَّ نَظَرَ إِلَيَّ، فَلَمْ يَقُلْ شَيْئًا. ثُمَّ رَفَعْتُ صَوْتِي فَقُلْتُ: يَا رَبَاحُ! اسْتَأْذِنْ لِي عِنْدَكَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَإِنِّي أَظُنُّ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ ظَنَّ أَنِّي جِئْتُ مِنْ أَجْلِ حَفْصَةَ، وَاللَّهِ لَئِنْ أَمَرَنِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِضَرْبِ عُنُقِهَا لَأَضْرِبَنَّ عُنُقَهَا، وَرَفَعْتُ صَوْتِي فَأَوْمَأَ إِلَيَّ أَنِ ارْقَهْ، فَدَخَلْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَهُوَ مُضْطَجِعٌ عَلَى حَصِيرٍ، فَجَلَسْتُ فَأَدْنَى عَلَيْهِ إِزَارَهُ وَلَيْسَ عَلَيْهِ غَيْرُهُ، وَإِذَا الْحَصِيرُ قَدْ أَثَّرَ فِي جَنْبِهِ، فَنَظَرْتُ بِبَصَرِي فِي خِزَانَةِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَإِذَا أَنَا بِقَبْضَةٍ مِنْ شَعِيرٍ نَحْوِ الصَّاعِ، وَمِثْلِهَا قَرَظًا فِي نَاحِيَةِ الْغُرْفَةِ، وَإِذَا أَفِيقٌ مُعَلَّقٌ «قَالَ» فَابْتَدَرَتْ عَيْنَايَ. قَالَ: (مَا يُبْكِيكَ يَا ابْنَ الخَطَّاب)؟ قُلْتُ يَا نَبِيَّ الله، وَمَا لِي لَا أَبْكِي وَهَذَا الْحَصِيرُ قَدْ أَثَّرَ فِي جَنْبِكَ، وَهَذِهِ خِزَانَتُكَ لَا أَرَى فِيهَا إِلَّا مَا أَرَى! وَذَاكَ قَيْصَرُ وَكَسْرَى فِي الثِّمَارِ وَالْأَنْهَارِ وَأَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَصَفْوَتُهُ، وَهَذِهِ خِزَانَتُكَ! فَقَالَ: (يَا ابْنَ الْخَطَّابِ أَلَا تَرْضَى أَنْ تَكُونَ لَنَا الْآخِرَةُ وَلَهُمُ الدُّنْيَا) قُلْتُ: بَلَى. قَالَ: وَدَخَلْتُ عَلَيْهِ حِينَ دَخَلْتُ وَأَنَا أَرَى فِي وَجْهِهِ الْغَضَبَ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا يَشُقُّ عَلَيْكَ مِنْ شَأْنِ النِّسَاءِ، فَإِنْ كُنْتَ طَلَّقْتَهُنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مَعَكَ

وَمَلَائِكَتُهُ وَجِبْرِيلُ وَمِيكَائِيلُ، وَأَنَا وَأَبُو بَكْرٍ وَالْمُؤْمِنُونَ مَعَكَ. وَقَلَّمَا تَكَلَّمْتُ «وَأَحْمَدُ اللَّهَ» بِكَلَامٍ إِلَّا رَجَوْتُ أَنْ يَكُونَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ يُصَدِّقُ قَوْلِي الَّذِي أَقُولُ، وَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ، آيَةُ التَّخْيِيرِ: ﴿ عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَٰتٍ مُّؤْمِنَٰتٍ قَٰنِتَٰتٍ تَٰٓئِبَٰتٍ عَٰبِدَٰتٍ سَٰٓئِحَٰتٍ ثَيِّبَٰتٍ وَأَبْكَارًا ﴿٥﴾ ﴾التحريم، وَكَانَتْ عَائِشَةُ بِنْتُ أَبِي بَكْرٍ وَحَفْصَةُ تَظَاهَرَانِ عَلَى سَائِرِ نِسَاءِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَطَلَّقْتَهُنَّ؟ قَالَ: (لا). قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي دَخَلْتُ الْمَسْجِدَ وَالْمُسْلِمُونَ يَنْكُتُونَ بِالْحَصَى يَقُولُونَ: طَلَّقَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ نِسَاءَهُ، أَفَأَنْزِلُ فَأُخْبِرُهُمْ أَنَّكَ لَمْ تُطَلِّقْهُنَّ؟ قَالَ: (نَعَمْ إِنْ شِئْتَ)، فَلَمْ أَزَلْ أُحَدِّثُهُ حَتَّى تَحَسَّرَ الْغَضَبُ عَنْ وَجْهِهِ، وَحَتَّى كَشَرَ فَضَحِكَ، وَكَانَ مِنْ أَحْسَنِ النَّاسِ ثَغْرًا. ثُمَّ نَزَلَ نَبِيُّ اللَّهِ ﷺ وَنَزَلْتُ، فَنَزَلْتُ أَتَشَبَّثُ بِالْجِذْعِ، وَنَزَلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ كَأَنَّمَا يَمْشِي عَلَى الْأَرْضِ مَا يَمَسُّهُ بِيَدِهِ. فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّمَا كُنْتَ فِي الْغُرْفَةِ تِسْعًا وَعِشْرِينَ. قَالَ: (إِنَّ الشَّهْرَ يَكُونُ تِسْعًا وَعِشْرِينَ) فَقُمْتُ عَلَى بَابِ الْمَسْجِدِ فَنَادَيْتُ بِأَعْلَى صَوْتِي: لَمْ يُطَلِّقْ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ نِسَاءَهُ، وَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿ وَإِذَا جَآءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ ٱلْأَمْنِ أَوِ ٱلْخَوْفِ أَذَاعُوا۟ بِهِۦ ۖ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُو۟لِى ٱلْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسْتَنۢبِطُونَهُۥ مِنْهُمْ ۗ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ لَٱتَّبَعْتُمُ ٱلشَّيْطَٰنَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٣﴾ ﴾النساء، فَكُنْتُ أَنَا اسْتَنْبَطْتُ ذَلِكَ الْأَمْرَ، وَأَنْزَلَ اللَّهُ آيَةَ التَّخْيِيرِ] (أخرجه: مسلم: ١٤٧٩).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێ) بۆی باسم کردم، دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ گۆشەگیر بوو لە هاوسەرەکانی (واتە: هاموشۆی نەکردن ماوەی مانگێك)، چوومە مزگەوت، خەڵك بە دەنکە چەو لە عەرزیانەوە دەژەنی، (وەك چۆن کەسێك داڵغە لێ دەدات، یان مەراقێکی هەیە، دارۆچکەیەك لە زەوییەوە دەژەنێ، بەڵام ئەوان دەنکە چەویان بەکارهێناوە)، دەیانگوت: پێغەمبەری خوا ﷺ هاوسەرەکانی تەڵاق داون، ئەویش بەرلەوەی فەرمانیان پێ بکرێ و بکەونە پشتی پەردە، عومەر (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: گوتم: دەبێ ئەمڕۆ

ئـەو شـتە بزانـم، (ئایـا پێغەمبـەری خـوا ﷺ هاوسـەرەکانی تـەڵاق داون یـان نـا)، چوومـە لای عائیشـە گوتـم: ئـەی کچـی ئەبـوو بەکـر! ئایا حـاڵ و پایـەی تـۆ گەیشـتە ئـەوەی پێغەمبـەری خـوا ئـازار بـدەی؟ عائیشـەش گـوتی: تـۆ حەقـی منـت چییـە، ئـەی کـوڕی خەتتاب! بچـۆ کـەم و کوڕیـی خـۆت چارەسـەر بکـە، (واتـە: کچەکـەی خـۆت کـە حەفصەیـە ئامۆژگاریـی بکـە)، دەڵـێ: چوومـە لای حەفصـە (حەفصـەی کچـی عومـەر) گوتـم: ئـەی حەفصـە! ئایـا حـاڵ و پێگـەی تـۆ گەیشـتە ئـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا ئـازار بـدەی؟ بـە خوا مـن دەزانـم پێغەمبـەری خوا تۆی خۆشـناوێ، (ڕقـی لـێ هەڵسـاوە، بۆیـە وای گوتـوە)، ئەگـەر مـن نەبوومایـە پێغەمبـەری خـوا دەستبەردارت دەبـوو، تەڵاقـی دەدای، ئەویـش زۆر گریـا، پێمگـوت ئایـا پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە کوێیـە؟ گـوتی: ئـەوە لـەو شـوێنەیە، لـەو بانیژەیـەدا کـە کـەل و پـەلی تێـدا دادەنێـن، دەڵـێ: چوومـە ژوور، تەماشـام کـرد، ڕەبـاح غوڵامـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە بەردەسـتێکی بـووە، دانیشـتبوو لەسـەر شـیپانەی دەرگای شـوێنی ئـاو لـێ خواردنەوەکـە، لاقـی شـۆڕ کردبوونـەوە بەسـەر تەختەیەکـدا، تەختەکـەش بریتـی بـوو لـە قـەدە دار خورمایـەك کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ پێیـدا سـەر دەکـەوت، وەك پەیـژەو پێیـدا دەهاتـە خـوار، (دیـارە شـوێنەکە بـەرز بـووە)، منیـش بانگـم کـرد ڕەبـاح! لـە لای خۆتـەوە مۆڵەتـم لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـۆ وەربگـرە، ڕەبـاح تەماشـای ژوورەکـەی کـرد، کـە پێغەمبـەری خـوای تێـدا بـوو ﷺ، دوایـی تەماشـای منـی کـردو هیچـی نەگـوت، (دیـارە تەماشـای ژوورەکـەی کـردوەو پێغەمبەریـش ﷺ موافیـق نەبـووە)، دوایـی دووبـارەم کـردەوە گوتـم: ڕەبـاح! لـە لای خۆتـەوە مۆڵەتـم بـۆ لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەربگـرە، دووبـارە ڕەبـاح تەماشـای ژوورەکەی کـردەوەو تەماشـای منیـشی کـردو هیچـی نەگـوت، (ئەوانـە ئەدەبیـان چەنـد بـەرز بـووە! پێویسـتیی بـەوە نەکـردوە بڵـێ ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! ئایـا عومـەر بـێ؟ ئەویـش بفەرمـوێ: نەخێـر، هـەر بـە ئامـاژە لێـك حاڵیـی بـوون، ئـەدەبی بـەرزی ئیسـلام ئاوایـە، پێویسـت نـاکات هەمـوو شـتێك بـە دەنگ و قسـە بێ، هەر تەماشـای

پێغەمبەری خوای ﷺ کردوە، پێغەمبەری خواش گوێی لە دەنگەکەی بووە، ئەگەر پێی باش بووایە ئیشارەتێکی دەکرد با بێ)، ئنجا دەنگم بەرز کردەوەو گوتم: ئەی ڕەباح! لە لای خۆتەوە مۆڵەتم بۆ لە پێغەمبەری خوا ﷺ وەربگرە، چونکە پێم وایە پێغەمبەری خوا ﷺ گومانی وایە من لەبەر حەفصە هاتووم (حەفصەی کچم)، سوێند بە خوا ئەگەر پێغەمبەری خوا فەرمانم پێ بکات لە گەردنی دەدەم، (نەك بەرگریی لێ بکەم)، (دووبارە ڕەباح تەماشای پێغەمبەری خوای ﷺ کردەوەو پێغەمبەریش ئاماژەی بۆ کردوە بابێ، ئەمە نەهاتوە، بەڵام سیاقەکە دەیگەیەنێ)، یەکسەر ئاماژەی بۆ کردم (واتە: ڕەباح)، سەرکەوە، بەدارەکەدا سەرکەوتم، چوومە لای پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر حەسیرێك ڕاکشا بوو، پاڵیدابووە، منیش دانیشتم، پێغەمبەری خوا ﷺ کراسەکەی کە تۆزێك لەسەر لاقی لاچوو بوو، بەسەر لاقی دادایەوەو بەس ئەوەشی لەبەر دابوو، تەماشام کرد حەسیرەکە شوێنکەی لەسەر کەلەکەی (تەنیشتی) دروستکردبوو، ئنجا چاوم گێڕا بە عەمبارەکەی پێغەمبەردا ﷺ (**خزانة**) ئەو شوێنەیە شتی تێدا هەڵدەگرن)، تەنیا بڕە جۆیەکم دی دەوری ڕبەیەك دەبوو، هەروەها بە ئەندازەی ئەوەش قەڕەزم بینی، {(**قَرَظ**) ئەوەیە کە پێستی پێ دەباغ دەکەن}، هەروەها مەشکەیەك، کوندەیەکیشم بینی هەڵواسرابوو، (دیارە ئاو یان شلەمەنییەکی تێدا بووە)، ئیدی یەکسەر چاوم فرمێسکی پێداهاتن، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: چ شتێك دەتگریەنێ ئەی کوڕی خەتتاب؟! گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! بۆچی نەگریم؟ حەسیر شوێنکەی لەسەر جەستەی تۆ کردوە، (هیچت نیە لەسەری ڕاخەی)، ئەوەش عەمبارەکەتە هەر ئەوەی تێدا دەبینم، کە دەیبینم، کەچی قەیصەر (پادشای ڕۆم) و کیسرا (پادشای فارس) لە نێو میوەو ڕووبارو جۆگەو جۆبار دان، تۆش پێغەمبەرو هەڵبژاردەی خوای، (ئەوەش کەل و پەل و شمەکەکانتن)؟! فەرمووی: ئەی کوڕی خەتتاب! ئەدی نازانی کە ڕۆژی دوایی، مەنزڵگای کۆتایی، بۆ ئێمەیەو ئەوانیش دنیایان هەیە! گوتم: با،

ئنجا کاتێ لێی چوومە ژوورێ، پێغەمبەری خوا ﷺ تووڕەیی بە دەم و چاوەوە دیار بوو (پەستیی و بێزاریی)، منیش گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! لە بارەی ئافرەتانەوە، بۆچی دڵت نارەحەت دەبێ؟ ئەگەر تەڵاقت داون، خوا لەگەڵتەو، فریشتەکانی و جیبریل و میکائیل و من و ئەبوو بەکریش و بڕوادارانیش لەگەڵتین، (عومەر دەڵێ:) ستایش بۆ خوا کەم وا هەبووە قسەیەك بکەم، مەگەر ئومێدم کردوە خوا ﷻ قسەکەی من بەڕاست دابنێ و پشتگیریی قسەکەم بکات، ئیدی کە من ئەوەم گوت، خوای پەروەردگاریش ئایەتی سەرپشککردنی بۆ پێغەمبەرەکەی دابەزاند، کە دەفەرموێ: {نیزیکە، ئەگەر (پێغەمبەر ﷺ) تەڵاقتان بدات، پەروەردگاری ئافرەتانی لە ئێوە باشتری بۆ بڕەخسێنێ، ملکەچ و بڕوادار، گوێڕایەڵ و زۆر گەڕاوە بۆ لای خوا، خوا پەرست و ڕۆژووگر، (یاخود کۆچکەر)، و لە بێوەژنان و لە کچان}.

عائیشەی کچی ئەبوو بەکرو حەفصە کچی عومەر پێکەوە پشتی یەکدییان دەگرت لە بەرانبەر هاوسەرەکانی دیکەی پێغەمبەری خوادا ﷺ، (وەك عادەتی هەوێیان)، منیش گوتم ئەی پێغەمبەری خوا! ئایا هاوسەرەکانت تەڵاقت داون؟ فەرمووی: نەخێر، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! کاتێك من هاتمە مزگەوت مسوڵمانان بە چەوو لە عەرزیانەوە دەژەنی، (وەك داڵغە لێدان و مەڕاق خواردن دەستیان بە دەنکە چەواندا دەهێنا، یان دەنکە چەویان لە زەوی وەردەدا)، دەیانگوت: پێغەمبەری خوا ﷺ هاوسەرەکانی تەڵاق داون، ئایا دابەزم هەواڵیان پێ بدەم کە تۆ تەڵاقت نەداون، (بۆ ئەوەی دڵخۆش بن)؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر پێتخۆشە، ئیدی وردە وردە من هەر قسەم لەگەڵدا کرد، هەتا تووڕەیی لە دەم و چاویدا نەما، بەڵکو وابوو کە ددانی دەرکەوتن و پێکەنی و، لە هەموو کەسیش زارو ددانی جوانتر بوون کە پێدەکەنی، دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزی منیش دابەزیم، من لە دابەزینەکەدا دەستم بە دارەکە دەگرت، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ وەك لەسەر عەرزێ بڕوا (پێویستیی بەوە نەبوو دەست

بـە دارەکـە بگـرێ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ زۆر قایـم و مەحکـەم بـووەو وەك بابایـەکی وەرزشـوان بـووەو، خـوای کارزان جەسـتەیەکی سـاغ و بەهێـزی پێـداوەو، خـۆشی ئـاگای لـە سـاغ و سـەلامەتیی خـۆی بـووە)، گوتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! تـۆ بیسـت و نـۆ (٢٩) ڕۆژ لـە ژوورەکـەدا بـووی، {واتـە: (٢٩) ڕۆژە کـە سـوێندت لـە هاوسـەرانت خـواردوە، مانگێـك نەیاندوێنـی، ئێسـتا بووەتـە (٢٩) ڕۆژ و نەبۆتـە (٣٠)}، فەرمـووی: مانگـی (٢٩)ییـش هەیـە (و (٣٠)ییـش هەیـە، واتـە: مانگـی قەمەریـی، مانگـی عەرەبیـی)، منیـش لـە دەرگای مزگەوتـەوە ڕاوەسـتام، بـە دەنگـی هـەرە بـەرزم هـاوارم کـرد گوتـم: پێغەمبـەری خـوا ﷺ هاوسـەرەکانی تـەڵاق نەداون و، لـەو بـارەوە ئـەو ئایەتـەی سـوورەتی (النسـاء)، ئایـەتی ژمـارە (٨٣) دابـەزی، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٨٣﴾ ﴾النسـاء، واتـە: (کاتێـك کـە هەواڵێکیـان لـە بـارەی هێمنیـی و ئاسـاییش یـان ترسـەوە بـۆ دێ، خەڵکەکـە یەکسـەر بـڵاوی دەکەنـەوە، بـەڵام ئەگـەر گێڕابایانـەوە بـۆ لای پێغەمبـەر ﷺ و بـۆ لای مشـوور خـۆران و کاربەدەسـتانێك کـە توانـای هەڵهێنجانیـان هەیـە، دەیانـزانی، ئەگـەر بەخشـشی خواش نەبووایـە لەسـەر ئێـوە، جگـە لـە کەمێکتـان هەمووتـان شـوێن شـەیتان دەکەوتـن)، عومـەر خـوا لێـی ڕازی بـێ دەڵـێ: مـن ئـەو کەسـە بـووم کـە هەڵـم هێنجـا (کـە ئـەو هەواڵـەم بیسـت، چـووم سـاغم کـردەوە لـە لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئایـا ڕاسـتە هاوسـەرەکانی تـەڵاق داون یـان نـا، سـاغم کـردەوە نـەك یەکسـەر هەواڵەکـە بڵاوبکەمـەوە)، خـوای بـەرزو مەزنیـش عَزَّ وَجَلَّ ئایـەتی سەرپشـککردنی دابەزانـد.

وەك گوتـم: ئـەم گێڕراوەیـە وێـڕای ئـەوەی تیشـکمان بـۆ دەخاتـە سـەر چەمـك و واتـای ئـەو ئایەتـە موبارەکـە، ئایـەتی ژمـارە (٥)، کۆمەڵێـك شـتی دیکـەشی تێدابـوون، کـە بەرچـاو ڕوونیـی باشـمان پێـدەدەن.

ماناى گشتيى ئايەتەكان

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە: دەسـتپێکردنم بـە نـاوی خوایـە، ئەویـش مەبەسـتی پـێ ئەوەیـە:

١ - ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢ - ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣ - ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەکەم.

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

ئنجـا خـوا ﷻ ڕوو دەکاتـە پێغەمبەرەکـەی ﷺ و دەفەرمـوێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ﴾، ئـەی پێغەمبـەر! بۆچـی شـتێك کـە خـوا بـۆی حـەڵاڵ کـردووی، لـە خـۆتی قەدەغـە دەکـەی؟ وەك دوایـی بـاسی دەکەیـن، قەدەغـە کـردن لێـرەدا مەبەسـت ئـەوە نیـە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بفەرمـوێ: فـڵان شـتە قەدەغەیـە، چونکـە بێگومـان بـە حـەڵاڵ دانـان و بـە حـەڕام دانـان، تایبەتـە بـە خـوای بـەرزی مەزنـەوەو، تەنانـەت بـۆ پێغەمبەریـش ﷺ جێـی نەهێشـتوە، بەڵکـو مەبەسـت لـە: ﴿لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ﴾، یـانی: (لِـمَ تَمتَنِـعُ عَـمَّا أَحَـلَّ اللـهُ لَـك؟)، شـتێك کـە خـوا بـۆتی ڕەوا کـردوە، بۆچـی خـۆتی لـێ دەگریـەوە، بۆچی وازی لـێ دەهێنی و دەسـتبەرداری دەبی؟ ﴿تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ﴾، ڕازییکـردنی هاوسـەرەکانت دەخـوازی؟ بۆیـە خـۆت لـە شـتێك دەگریـەوە کـە خـوا بـۆی ڕەوا کـردووی؟ ئنجـا خـواردنی هەنگوینـە، یـان چوونـە لای ماریـەی **قیبطییە**، کـە کەنیزەکەکەیـەتی، گرنـگ ئەوەیـە خـوا کـە شـتێکی

بۆ تۆ ڕەوا کردوە، خۆتی لێ مەگرەوە، بە مەبەستی ئەوەی هاوسەرەکانت ڕازیی بکەی، ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾، خواش لێبووردەی بەبەزەییە.

﴿قَدۡ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمۡ تَحِلَّةَ أَيۡمَٰنِكُمۡۚ﴾، بە دڵنیایی خوا حەڵاڵ کردنەوەی سوێند لەسەر خوراوەکانتانی، یاخود: هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانتانی بۆ داناون، لێرەدا: ﴿فَرَضَ﴾، بە مانای (شَرَعَ)یە، خوا بۆی داناون، ﴿تَحِلَّةَ أَيۡمَٰنِكُمۡۚ﴾، ﴿تَحِلَّةَ﴾، لە ئەسڵدا (تَحلِلَة)یە، بەڵام دوو لامەکان پێکەوە دەغم کراون، واتە: هەڵوەشاندنەوە، ئەگەر سوێندێکت لەسەر کردن یان نەکردنی شتێك خواردو، ویستت ئەوەی سوێندی لەسەر خوراوە (سوێند لەسەر خوراوەکە) لەسەری بەردەوام نەبی، یاخود سوێندەکەت هەڵبووەشێنیەوە، دەبێ کەفارەتێك بدەی، ﴿وَٱللَّهُ مَوۡلَىٰكُمۡۖ﴾، خواش سەرپەرشتیارتانە، کە دەفەرموێ: ﴿قَدۡ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمۡ﴾، یانی: پێشتر، چونکە کەففارەتی سوێند لە سوورەتی (المائدة)دا هاتوەو، سوورەتی مائیدەش پێش سوورەتی (التحريم) دابەزیوە، کە لەوێدا دەفەرموێ: ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغۡوِ فِيٓ أَيۡمَٰنِكُمۡ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلۡأَيۡمَٰنَۖ فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطۡعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنۡ أَوۡسَطِ مَا تُطۡعِمُونَ أَهۡلِيكُمۡ أَوۡ كِسۡوَتُهُمۡ أَوۡ تَحۡرِيرُ رَقَبَةٖۖ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٖۚ ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيۡمَٰنِكُمۡ إِذَا حَلَفۡتُمۡۚ وَٱحۡفَظُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٨٩﴾المائدة، مەبەست پێی ئەوەیە کە خوا پێشتر ئەوەی بۆ دابەزاندوون کە کەففارەتی سوێندی تێدایەو ئەمەیە: ﴿فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطۡعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنۡ أَوۡسَطِ مَا تُطۡعِمُونَ أَهۡلِيكُمۡ أَوۡ كِسۡوَتُهُمۡ أَوۡ تَحۡرِيرُ رَقَبَةٖۖ﴾، خوا ﷻ سێ شتی داناون:

أ- یان خواردن دان بە دە نەدار، لە خواردنێکی میانجیی کە دەیدەن بە ماڵ و منداڵی خۆتان.

ب- یاخود پۆشاك بۆ کڕینیان، ئەگەر پارچەیەکیش بێ.

ج- یاخود ئازاد کردنی کۆیلەیەك، دوایی دەفەرموێ: ﴿فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٖۚ﴾، هەر کەسێك ئەوەی دەست نەکەوت، هەر کام لەوانەو توانای نەبوو، با سێ

ڕۆژان بەڕۆژوو بێ، ﴿ ذَٰلِكَ كَفَّـٰرَةُ أَيْمَـٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ﴾، ئا ئەوە مایەی سڕینەوەی سوێندەکانتانە، هەر کاتێك سوێندتان خوارد، ﴿ وَٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، خواش سەرپەرشتیاری ئێوەیەو، هەر ئەویش زانای کاربەجێیە، یانی: هەموو شتێك دەزانێ و کارەکانی هەموویان لە شوێنی خۆیاندان.

ئنجا خـوا ﷻ ئـەو ڕووداوە دەگێڕێتـەوە کـە چـۆن چـۆنی بـووە؟، ﴿ وَإِذْ أَسَرَّ ٱلنَّبِيُّ إِلَىٰ بَعْضِ أَزْوَٰجِهِۦ حَدِيثًا ﴾، یـاد بکەنـەوە (هـەر کەسـێك کـە دەشـێی بـۆ ئـەوەی بدوێندرێـی، یـاد بکەوە)کاتێـك پێغەمبـەر ﷺ قسـەیەکی درکانـد بـە نهێنیـی لـە لای هەندێـك لـە هاوسـەرەکانی، واتـە: قسـەیەکی نهێنیـی لـە لای هەندێـك لـە هاوسـەرەکانی دانـا، یاخـود: بـە چپـە قسـەی لەگـەڵ هەندێـك لـە هاوسـەرەکانی کـرد، ﴿ فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِۦ وَأَظْهَرَهُ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ﴾، کاتێـك ئـەو هاوسـەرە کـە پێغەمبـەر ﷺ بـە چپـە قسـەیەکی بـۆ کـرد بـوو، هەواڵـی پێـداو ئاشـکرای کـرد، ﴿ وَأَظْهَرَهُ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ﴾، خـواش پێغەمبـەری ﷺ ئـاگادار کـردەوە لـە درکانـدنی ئـەو نهێنییـەی لـە لای دانابـوو، ﴿ عَرَّفَ بَعْضَهُۥ وَأَعْرَضَ عَنۢ بَعْضٍ ﴾، پێغەمبـەر ﷺ هەندێـك لـەو قسـانەی کردبـوونی بـۆ ئـەو ئافرەتـە، هەندێـك لـە نهێنییەکـە کـە درکاندبـووی، پێیگوتـەوە، پێـی ناسـاند، ﴿ وَأَعْرَضَ عَنۢ بَعْضٍ ﴾، چاوپۆشـییشی لـە هەندێـکی کـرد، وەك گوتـراوە: (**ماسـتَقصَى كَرِيـمٌ قَـطُّ**)، ئینسـانی بەڕێـز هەرگیـز لەگـەڵ خەڵکـدا نایگەیێنێتـە ئـەو پـەڕی، ئەویـش هەمـوو شـتێکی بەچـاودا نەدایـەوە، تاکـو تەریـق نەبێتـەوە، ﴿ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِۦ ﴾، کاتێـك پێغەمبـەری خـوا ﷺ هەواڵـی پێـدا کـە ئـەو شـتەت درکانـدوە، ﴿ قَالَتْ مَنْ أَنۢبَأَكَ هَـٰذَا ﴾، ئـەو هاوسـەرەی پێغەمبـەر ﷺ بەسەرسـوڕمانەوە بـە پێغەمبـەری خـوای گـوت: کـێ هەواڵـی پێـداوی؟ دیـارە حەفصە بـووە هەواڵـی داوە بـە عائیشـەو، حەفصـە ویسـتوویەتی بزانـێ ئایـا عائیشـە نهێنییەکـەی لـێ درکانـدوە؟، ﴿ قَالَ نَبَّأَنِىَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴾، (پێغەمبـەر ﷺ) فەرمـووی: ئـەو کەسـە هەواڵـی پێـدام کـە ئەوپـەڕی زانیاریـی هەیـەو، ئەوپـەڕی شـارەزایی هەیـە، واتـە: ئەوپـەڕی زانـای شـارەزا کـە خوایـە، ئـەو هەواڵـەی پێـدام.

وەك لە هۆی هاتنەوە خوارەوەکەیدا باسمان کرد: دوو گێڕراوە لەو بارەوە هەن:

یەکەم: کە پێغەمبەری خوا ﷺ قسەیەکی پەنهانی لە لای یەکێك لە هاوسەرانی کردوە، قسە پەنهانەکە ئەوە بووە کە پێغەمبەر ﷺ لەلای زەینەبی کچی جەحش هەنگوینی خواردوەو، عائیشەو حەفصەش ڕێککەوتوون بۆ ئەوەی ئەو هەنگوین خواردنەوەیەی لای زەینەبی پێ تەرك بکەن، پێیان ناخۆش بووە لە لای وی هەنگوین بخواتەوە، ئنجا ڕێککەوتوون کە هات بۆ لای هەر کامێکیان پێی بڵێ: ئایا مەغافیرت خواردوە؟ مەغافیریش جۆرە گیایەکە بۆنێکی ناخۆشی هەیە، بەڵام دەشخورێ، ئایا مەغافیرت خواردوە، بۆنی مەغافیرت لێ دێ؟ ئەو بۆنەشی لێ نەهاتوە، تەنیا بۆ ئەوەی پێغەمبەر ﷺ وا حاڵیی بکەن، کە تۆ بۆنێکی ناخۆشت لێ دێ، ئیدی کە چووە بۆ لای حەفصە، گوتوویەتی: ئایا مەغافیرت خواردوە، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟، فەرموویەتی: نەخێر، بەڵام لە لای زەینەبی کچی جەحش هەنگوینم خواردۆتەوەو لەمەودواش نایخۆمەوە، مادام ئەو بۆنەی لێبێ، نەیزانیوە کە بە فێڵ وایان کردوە، بۆ ئەوەی هەنگوین خواردنەوەکەی پێ تەرك بکەن، دوایی سوێندیشی خواردوە، کە من جارێکی دیکە ئەو هەنگوینە لە لای وی ناخۆمەوە، مادام ئەو بۆنەم لێبێ، فەرمووشیەتی: ئەی حەفصە! با هەر لە لای خۆت بێ و مەیدرکێنە ئەم قسەیە، کەچی ئەو چووە بۆ عائیشەی باسکردوە، پێغەمبەریش ﷺ وازی لە هەنگوین خواردنەوەکە هێناوە، کە شتێکی حەڵاڵ و ڕەوا بووە، خواش ﷻ بەو بۆنەوە ئەو ئایەتانەی دابەزاندوون.

دووەم: ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ کاتی خۆی پادشای میسڕ کچێکی بۆ ناردوە بە ناوی ماریە، کە دوایی نازناوەکەی ئاوا ڕۆیشتوە: (**ماريَة القِبطِيَّة**) چونکە قیبتیی بووەو خەڵکی میسڕ بووە یانی: ماریەی میسریی، کە بە دیاریی بۆ پێغەمبەری خوای ﷺ ناردوە، ئەو کاتە وا عادەتی دنیا وابووە، ئافرەت وێڕای ئەوەی کە بە هاوسەرگیریی هاوسەرگیرییان لەگەڵ کراوە، وەك کەنیزەکیش ڕەوا بووە، پیاو لەگەڵ کەنیزەکی خۆیدا جووت بێ، ئنجا پێغەمبەری خوا ﷺ وەك لە گێڕراوەیەکدا هاتوە، ڕۆژێك لە ماڵی حەفصەدا، کە حەفصە دەچێ بۆ لای بابی، بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێیان ڕازی بێ)، پێغەمبەر ﷺ

بانگی ماریە دەكات و لەوێ لەگەڵیدا جووت دەبێ، حەفصەش دەگەڕێتەوەو پێی دەزانێ، دوایی زۆر تووڕە دەبێ و دەڵێ: چۆن لە ماڵی من و، لە ژووری من و، لە نۆرەی من دا؟! بێگومان پێغەمبەریش ﷺ بۆی ڕەوا بووە، بەڵام دەفەرموێ: خۆت ناڕەحەت مەكە، جارێكی دیكە ناچمەوە لای ئەو ئافرەتە، سوێندیشی بۆ دەخوات كە جارێكی دیكە ناچێتەوە لای، بۆ ئەوەی دڵی ڕازیی بكات، حەفصەش دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا! ئایا شتێك كە حەڵاڵە چۆن لە خۆتی قەدەغە دەكەی؟ دەفەرموێ: سوێندم خواردوەو جارێكی دیكە لەگەڵی دا جووت نابمەوە، بەڵام پێی دەڵێ: هەواڵەكە با هەر لە لای خۆت بێ، كەچی حەفصە دەچێ بە عائیشەی ڕادەگەیەنێ، كە پێكەوە زۆر دۆست و تێكەڵ بوون، هەردوو كچەكانی دوو وەزیرەكەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبوو بەكرو عومەر خوا لێیان ڕازی بێ، ئنجا بەو بۆنەوە خوای پەروەردگار ئەو ئایەتەی دابەزاندوە.

هۆی هاتنە خوارەوەكەش هەر كامێكیان بێ، چ هەنگوین خواردنەوەكە بووبێ، یاخود جووت بوون لەگەڵ كەنیزەكەكەی دا، هەردووكیان ڕەوا بوون.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا ﴾، ئەگەر هەردووكتان بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، واتە: حەفصەو عائیشە (خوا لێیان ڕازی بێ)، بێگومان دڵتان لایداوە، لە ڕێی ڕاست لایداوە، كە بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو هەنگوینە لە لای زەینەبی كچی جەحش نەخواتەوە، هەڵساون لە بەینی خۆتاندا لەسەر ئەوە ڕێككەوتوون و شتێكی ناڕاستتان گوتوە، پێغەمبەریشتان ﷺ ئەزیەت داوەو، ناچارتان كردوە سوێندتان بۆ بخوات، ئنجا چ بەهۆی هەنگوینەكەوە بێ، چ بەهۆی ماریەوە بووبێ (خوا لێی ڕازی بێ)، ماریەش دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ كوڕێكی لێی بووە، بە ناوی ئیبراهیم، بەڵام دوایی ئیبراهیمیش وەك كوڕەكانی دیكەی بە گچكەیی كۆچی دوایی كردوە، (خوا لێیان ڕازی بێ).

بۆیە خوا دەفەرموێ: ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، ئەوە لە جێی خۆیەتی، ﴿ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا ﴾، چونكە دڵەكانتان لایانداوە، پێشتریش گوتمان: لە جیاتی

بفەرمـوێ: (قَلبَاكُـمَا) فەرموویـەتی: ﴿ قُلُوبُكُمَا ﴾، چونکـە عـەڕەب پێیـان خـۆش نیـە دوو دووانـە (مُثَنَّـى) لـە یـەك وشـەدا بێنـن، (كُـما) هـەر موثەننایـەو (قَلبـا) ش موثەننایـەو، دوو (مُثَنَّـى)ش قورسـن، بۆیـە لـە حاڵـی وادا کاتێـك شـتێك دووان بووبێ، کۆیـان کردۆتـەوە، ﴿ قُلُوبُكُمَا ﴾، دڵەکانتـان، دڵەکانیـش هـەر دووانن، ﴿ وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيۡهِ ﴾، ئەگـەر لـە دژی پێغەمبەریـش ﷺ پشـتی یەکـدی بگـرن، واتـە: هـەر لەسـەر ئـەو کەیـن و بەینـەی دەرهاویشـتەی هەوێدارییـەو، دەبێتـە هـۆی ئـازاردانی دڵـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـەردەوام بـن، ﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوۡلَىٰهُ وَجِبۡرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ ﴾، بـە دڵنیایـی خـوا پشـتیوانیەتی، (هـی پێغەمبەرەکـەی ﷺ) هەروەهـا جیبریلیـش و بـڕوادارە چاکەکانیـش و فریشـتەکانیش دوای ئـەوە، هـەر پشـتیوانی پێغەمبـەرن ﷺ، ئنجـا وەك دوایـی لـە مەسـەلە گرنگەکانـدا بـاس دەکەیـن، جێـی سەرسـوڕمانە کـە خـوا ﷻ لـە بەرامبـەر دوو ئافرەتـدا دەفەرمـوێ: خـوا پشـتیوانیەتی و، جیبریـل پشـتیوانیەتی و پیـاوە بـڕوادارە چاکـەکان پشـتیوانني و، فریشـتەکانیش لـە دوای وان، پشـتیوان و، هـاوکاری پێغەمبـەرن ﷺ، حیکمـەتی ئـەوە چییـە، کـە خـوا ﷻ هـەم خـۆی و هـەم فریشـتەکان و جیبریـل و پیـاوانی بـڕواداری چـاك بـاس دەکات، لـە بەرامبـەر دوو ئافـرەتی بێهێـزدا؟!

زانایـان لـەو بـارەوە زۆریـان قسـە کـردووە، دوایـی لـەو بـارەوە ڕای خـۆم دەڵێم، لـە مەسـەلە گرنگەکانـداو، کورتەکـەشی ئەوەیـە: پێـم وایـە ئـەوە زیاتـر دوانـدنی لایـەنی **عاطیفیـی** ئـەو دوو ئافرەتەیـە، ئـەو دوو هاوسـەرە بەڕێـزەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ حەفصـەو عائیشـە، ئافرەتیـش کائینێکـە خـوا وای خوڵقانـدوە، هەسـت و سـۆزی بەهێزتـرەو، خـواش ﷻ ویسـتوویەتی لـەو دەرگایـەوە بیاندوێنـێ، کـە ئایـا ئێـوە دوایـی دەتوانـن بەرهەڵسـتیی خـواو جیبرائیـل و پیـاوانی بـڕواداری چـاك و فریشـتەکان هەموویـان بکـەن؟ ئەوانـە هەموویـان لەپشـت پێغەمبـەرن ﷺ پشـتی دەگـرن، هـاوکار و سەرپەرشـتیارنی، کەواتـە: کارێکی وامەکـەن پێغەمبـەری خـوا ﷺ تـووڕەو ناڕەحـەت بکـەن و، سـەرەنجام لەگـەڵ خـوای پـەروەردگار و جیبریـل و پیـاوانی بـڕوادارو فریشـتەکاندا ڕووبـەڕوو ببنـەوە!!.

لـە کۆتایـی دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ﴾، نیزیکـە ئەگـەر ئـەو (پێغەمبـەری خـوا) تەڵاقتان بـدات، پـەروەردگاری هاوسـەرانێکی باشـتر لـە ئێـوەی بـۆ بڕەخسـێنێ.

ئنجـا وەك دوایـی بـاسی دەکەیـن: شـیعەکان لێـرەدا ئـەم ئایەتەیـان کردۆتـە بیانووی ئـەوی بڵێیـن: ئـەو هاوسـەرانەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ شایسـتەی وی نەبـوون، ئەوەتا خـوا دەفەرمـوێ: نیزیکـە ئەگـەر تەڵاقتـان بـدا، پـەروەردگاری ئافرەتـانی لـە ئێـوە باشـتری بـۆ بڕەخسـێنێ، واتـە: ئەوانـە بـاش نەبـوون! بـەڵام لـە ڕاسـتییدا ئـەوە بـەس لە پشـت پـەردەی ڕەشـەوە تەماشـا کردنـی هاوسـەرانی بەڕێـزی پێغەمبەرە ﷺ بـە تایبەت حەفصـەو عائیشـە (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، وەك دوایـی ئێمـە لـەو بـارەوە کورتە باسـێك لـە بـارەی پێگـەو کەسـایەتیی بـەرزی هاوسـەرانی بەڕێـزی پێغەمبـەری خـوا دەکەیـن ﷺ، لێـرەدا بەڵـێ خـوای کارزان ئـاوای دوانـدوون، لەسـەر کـەم و کوڕیـی و لادان و لاسارییەك، بـەڵام ئایـا بـەس ئـەم ئایەتـە لـە بـارەی هاوسـەرانی بەڕێـزی پێغەمبـەرەوە هاتـوە، تاکـو ئـەوەی لـێ هەڵبهێنجـرێ کـە ئەوانـە بـاش نەبـوون و خـوا فەرموویـەتی: ژنانـی باشـترت بـۆ دەڕەخسـێنێ؟ کـە خـوا نەشـیفەرمووە: ئێوە بـاش نیـن، فەرموویەتی: هـی باشـتر لـە ئێـوە، کـە دوایـی حیکمـەتی ئـەو تەعبیـرەش لـەو کورتـە باسـەدا، لـە مەسـەلە گرنگەکانـدا زیاتـر تیشـکی دەخەینـە سـەر، ئنجـا ئایـا ئـەو هاوسـەرانەی خـوا بـۆ پێغەمبەریـان دەڕەخسـێنی ﷺ، ئەگـەر دەسـتبەرداری هاوسـەرەکانی ببـێ، چۆنـن؟:

١و٢: ﴿مُسْلِمَٰتٍ مُّؤْمِنَٰتٍ﴾، واتە: بۆ خوا ملکەچن و، بڕوادارن.

(**مُسلم**) کەسێك کە بۆ خوا ملکەچەو بێ فەرمانیی خوا ناکات.

(**مؤمن**) بەڕاسـتدانەر، خـوا بەڕاسـت دەزانـێ و ئەهـلی ئیمانە، واتە: هاوسـەرانێك هـەم ئەهـلی ئیسـلام بـن، هـەم ئەهـلی ئیـمان بن.

٣: ﴿قَٰنِتَٰتٍ﴾، (**قانتات**) لە (**قنوت**)ەوە هاتوە، (**قنوت**)یش واتە: گوێڕایەڵیی و ملکەچییەك لەگەڵ نەرمیی و میهرەبانیی دا.

٤: ﴿ تَٰٓئِبَٰتٍ ﴾، بەردەوام بۆ لای خوا گەڕاوە.

٥: ﴿ عَٰبِدَٰتٍ ﴾، بەردەوام خواپەرست.

٦: ﴿ سَٰٓئِحَٰتٍ ﴾، کۆچکەران، یاخود: ڕۆژوو گران.

٧و٨: ﴿ ثَيِّبَٰتٍ وَأَبۡكَارٗا ﴾، بێوەژنان و کچان، هەموو هاوسەرانی پێغەمبەری خوا ﷺ بێوەژن بوون، جگە لە عائیشە.

ئەمەش ترساندنی خوای کاربەجێیە بۆ هاوسەرە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەگەر بێت و جارێکی دیکە ئەو جۆرە ڕەفتارانە دووبارە بکەنەوە، لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ و ناچاری بکەن، شتی ڕەوا لە خۆی قەدەغە بکات و سوێندیشتان بۆ بخوات، نزیکە خوا مۆڵەتی بدات دەست لە ئێوە هەڵبگرێ و، پێشتان وانەبێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر ئێوە پەکی کەوتوە، خوای باڵادەست هاوسەرانی لە ئێوە باشتری بۆ دەرەخسێنێ، یانی: ئێوە باشن، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەو ڕەفتارانە بەردەوام بن، مانای وایە ئافرەتانێکی دیکە کە دەیانڕەخسێنێ، لە ئێوە باشتر دەبن، چونکە ئەو ڕەفتارەی ئێوەیان تێدا نابێ، بەڵام ئەگەر دەست لەو ڕەفتارە هەڵبگرن، دیارە حاڵەتی باشترییەکەیان لە خۆیاندا دەپارێزن.

ئەمە کورتەیەك لە مانای گشتیی ئەو پێنج ئایەتە موبارەکە، بۆیە زۆر نەچووینە نێو وردەکارییەکانەوەو، هەوڵماندا چەمك و واتای ئایەتەکان بە پوختیی و بە ڕوونیی بگەیەنین، بەڵام بە دڵنیایی هەندێ وردەکاریی دیکە هەن، کە ئێمە هەم لە مەسەلە گرنگەکاندا باسیان دەکەین، هەم لە کورتە باسێکی تایبەتییش دا، کە لە بارەی پێگەو پایەی بەرزی ڕێزو حورمەتی هاوسەرانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەیکەین، دەیانخەینەڕوو.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ڕەخنەگرتنی خوا ﷻ لە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە بە مەبەستی ڕازیکردنی هاوسەرانی، شتێك کە خوا بۆی ڕەوا کردوە، لە خۆی قەدەغەی کردوە، ئنجا دانانی کەففارەتی سوێندو باسی بە نهێنیی و چپە باسکردنی پێغەمبەر ﷺ قسەیەك بۆ یەکێك لە هاوسەرانی و، درکاندنی ئەو نهێنییەو سەرزەنشتکردنی خوا، بۆ ئەو دوو هاوسەرەو ئامۆژگارییکردنییان بە گەڕانەوەو، ترساندنیان بەوە، کە خواو جیبریل و پیاوانی چاکی بڕوادار و فریشتەکان، پشتیوانی پێغەمبەرن ﷺ، ئەگەر لە دژی پشتگیریی یەکدی بکەن بۆ ئازاردانی، بە پاڵنەری هەوێداریی و غەیرەی هەوێدارییەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَۖ تَبۡتَغِي مَرۡضَاتَ أَزۡوَٰجِكَۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ۝١ قَدۡ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمۡ تَحِلَّةَ أَيۡمَٰنِكُمۡۚ وَٱللَّهُ مَوۡلَىٰكُمۡۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ۝٢ وَإِذۡ أَسَرَّ ٱلنَّبِيُّ إِلَىٰ بَعۡضِ أَزۡوَٰجِهِۦ حَدِيثٗا فَلَمَّا نَبَّأَتۡ بِهِۦ وَأَظۡهَرَهُ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ عَرَّفَ بَعۡضَهُۥ وَأَعۡرَضَ عَنۢ بَعۡضٖۖ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِۦ قَالَتۡ مَنۡ أَنۢبَأَكَ هَٰذَاۖ قَالَ نَبَّأَنِيَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡخَبِيرُ ۝٣ إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدۡ صَغَتۡ قُلُوبُكُمَاۖ وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيۡهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوۡلَىٰهُ وَجِبۡرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ ۝٤ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَ ﴾، ئەی پێغەمبەر ﷺ! بۆچی شتێك کە خوا بۆی حەڵاڵ کردووی، قەدەغەی دەکەی؟ پێشتریش گوتمان: ﴿ لِمَ تُحَرِّمُ ﴾، بۆچی

قەدەغەی دەکەی؟ (المَقصُودُ بِهِ الإمتِنَاعُ عَمَّا هُوَ حَلاَلٌ لَهُ وَحِرْمَانُ نَفسِهِ مِنْهُ)، مەبەست خۆگرتنەوەیە لە شتێك کە بۆی حەڵاڵەو خۆ بێبەش کردنیەتی لێی.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿لِمَ تُحَرِّمُ﴾، پێشـتریش گوتوومانـە: ﴿لِمَ﴾، لـە دوو پیتـان پێکهاتـوە: (ل) و (مـا)، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی زۆر بەکارهێـنراوە، (لـما) ئەلیفەکـەی قرتێـنراوەو بۆتـە: ﴿لِمَ﴾، واتـە: بۆچـی؟ لێـرەدا ئـەو پرسـیارکردنە بـە مانـای لابـردن (نفـي)ە، واتـە: هیـچ شـتێك پاسـاوی ئـەوە نیـە شـتێك کـە خـوا بـۆی ڕەوا کـردووی، لـە خـۆتی قەدەغـە بکـەی.

ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنـێ کـە پێغەمبـەری خوا ﷺ لـەو کارەیـدا کۆشـش (إجتهاد)ی کـردوە بـۆ ڕازییکـردنی هاوسـەرەکانی، بـەڵام خـوای کاربەجـێ کۆششـکردنەکەی لـێ هەڵوەشـاندۆتەوە، کـە دروسـت و ڕەوا نیـە شـتێك لـە خـۆت بگریـەوە، کـە خـوا بـۆی ڕەوا کـردووی بـە مەبەسـتی ڕازییکـردنی هاوسـەرانت، واتـە: پیـاو دەبـێ هەوڵبـدات ژنی خـۆی ڕازی بـکات، بـەڵام نابـێ بگاتـە ئـەو ئەندازەیـەی شـتێك خـوا بـۆی ڕەوا کـردوە لـە خـۆی بگرێتـەوە! بـە دڵنیاییـش مەبەسـت لـە: ﴿تُحَرِّمُ﴾، ئـەوە نیـە کـە پێغەمبـەر ﷺ فەرموو‌بێتـی: فـڵان شـت قەدەغـەو حەڕامـە، بەڵکـو مەبەسـت ئەوەیـە کـە پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی: بـەلای ئـەو شـتەدا ناچـم و لـە خۆمـی دەگرمـەوەو لێـی بەهرەمەنـد نابـم.

٢)- ﴿تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ﴾، ڕەزامەندیی هاوسەرەکانت دەخوازی، ئەم ڕستەیە لە ڕووی ڕێزمانییەوە، شوێنەکەی (نَصْب)ە، واتە: (مُبتَغِياً مَرضاتَ أزواجِكَ)، بەو کارەت کە هەندێك شت، خوا بۆی حەڵاڵ کردووی، لە خۆتی دەگریەوە، هاندەرت بریتیە لە ڕازییکردنی هاوسەرانت، واتە: ﴿تَبْتَغِي﴾، دەبێتە (حاڵ)، لە ڕاناوی ﴿تُحَرِّمُ﴾.

٣)- ﴿وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾، خواش لێبوردەی بە بەزەییە، ئەمەش خۆشکردن و ئاوپڕژێن کردنی ئەو دواندنەو، ئەو ڕەخنە گرتنەی خوایە لە پێغەمبەرەکەی ﷺ، کە هەر چەندە واشت کردبێ، بەڵام خوا ﷻ لەگەڵ تۆ لێبوردەیەو، بەبەزییشە، ئەم تەعبیرەش شێوەی

ئەو تەعبیرەی سووڕەتی (التوبة) دەکات، کە خوا ﷻ ڕەخنەی لە پێغەمبەر گرت لە بارەی مۆڵەتدانی بۆ هەندێك لە دڵنەخۆش و مونافیقەکان کە لەگەڵی نەچوون بۆ جەنگی تەبووك، کە دەفەرموێ: ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمۡ ...﴿٤٣﴾﴾التوبة، خوا لێت ببوورێ، چاوپۆشییت لێ بکات، بۆچی مۆڵەتت دان؟ واتە: نەدەبوو مۆڵەتت دابانایە، لەگەڵتدا نەیەن، ﴿حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَتَعۡلَمَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٤٣﴾﴾التوبة، تاکو ئەوانەی ڕاست دەکەن، بۆت ڕوون بووبانەوەو، درۆزنەکانیشت زانیبانایە.

کە خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ﴾، ئەی پێغەمبەر ﷺ! لە شوێنی دیکەش دا هاتووە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ... ﴿٤١﴾﴾المائدة، ئەی ڕەوانە کراو! ئەمە لێی وەردەگیرێ، کە ئەم فەرمانە تایبەتە بە پێغەمبەرەوە ﷺ و لە جۆری ئەو فەرمانانەیە، کە تایبەتن بە خۆیەوەو، لە جۆری ئەو فەرمانانە نیە کە فەرمانی پێ بکرێ ڕایانبگەیەنێ بە خەڵکی دیکە، بەو واتایەی: تایبەتە بە خۆیەوە، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ، نەك وەك ڕەوانەکراوێك کە ئەو پەیامە بگەیەنێ بە خەڵك، چونکە ئەوە کارێکی کەسیی و خێزانیی بووە.

٤)- ﴿قَدۡ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمۡ تَحِلَّةَ أَيۡمَٰنِكُمۡ﴾، بە دڵنیایی خوا هەڵوەشانەوەی سوێندەکانتانی بۆ داناون، (**تحِلَّة أَصْلُهَا تَحْلِلَةٌ، فَأُدْغِمَتْ، وَهِيَ مِنْ مَصَادِرِ التَّفْعِيلِ كالتَّوْصِيَةِ والتَّسْمِيَةِ، فَكَأَنَّ اليَمِينَ عَقْدٌ، والكَفَّارَةُ حِلٌّ، لِأَنَّهَا تُحِلُّ لِلْحالِفِ مَا حَرَّمَهُ عَلَى نَفْسِهِ**)، وشەی ﴿تَحِلَّةَ﴾، لە بنچینەدا (تَحْلِلَة)یە، بەڵام دوو لامەکان تێکدا جۆش دراون و، ﴿تَحِلَّةَ﴾، لە چاوگەکانی (**تفعيل**)ە، وەك (**تَوصِيَة**) و (**تَسمِيَة**)، (**وَصَّى، يُوَصِّي، تَوصِيَةً، سَمَّى يُسَمِّي، تَسمِيَةً، أَحَلَّ، يُحِلُّ، تَحِلَّةً**)، وەك سوێندەکە مەبەستێك بێ و، کەففارەتەکەی بریتی بێ لە هەڵوەشاندنەوەی، چونکە دوای کەففارەتەکە، بابای سوێند خۆر ئەوەی لە خۆی قەدەغە کردوە، بۆی ڕەوا دەبێتەوە.

(المقاتل): کە یەکێکە لە زانایانی تابیعین ئەم ڕستەیەی ئاوا مانا کردوە: (**المَعْنى: قَدْ بَيَّنَ اللَّهُ كَفَّارَةَ أَيْمَانِكم فِي سُورَةِ المائِدَةِ**)، مانایەکەی ئەوەیە کە خوا

سڕانەوە (**كفارة**)ی سوێندەکانتانی بۆ ڕوون کردوونەوە لە سوورەتی (**المائِدَة**)دا، پێشتریش ئایەتە موبارەکەکەی سوورەتی (**المائِدَة**)مان خوێندەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَٰنَ ۖ فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ ۚ ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيْمَٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ۚ وَٱحْفَظُوٓا۟ أَيْمَٰنَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٨٩﴾ ﴾المائـدة.

واتایەکەشی بە کورتیی ئاوایە:

خوا لێتان ناگرێ بە سوێندی سەر زارەکیی، بەڵام لێتان دەگرێ بەو سوێندانەی دڵتان لەسەریان چەسپاندوون، سڕینەوەی ئەو سوێندانەش بریتییە لە: خواردندان بە دە (١٠) نەدار لە خواردنێکی میانجیی کە دەرخواردی ماڵ و خێزانتانی دەدەن، یان پۆشاك بۆ کردنیان (بۆ دە (١٠) نەدار)، یان ئازاد کردنی کۆیلەیەك، هەر کەسێك وەدەستی نەکەوت، (هیچ کام لەو سێیانە یان توانای ماددیی نەبوو)، سێ ڕۆژان بە ڕۆژوو دەبێ، ئەوە سڕینەوەی سوێندەکانتانە، هەر کاتێ سوێندتان خوارد (ئنجا ویستتان ئەو شتەی سوێندتان لەسەری خواردوە، دووبارە بگەڕێنەوە سەری، بۆ وێنە: سوێندت خواردوە: سەلام لە فلانکەس ناکەم، یان سوێندت خواردوە: ناچمە ماڵی فلانکەس، یان سوێندت خواردوە: فلان شتە ناخۆم، بەڵام دوایی پێویست دەکات بیخۆی، یان پێویست دەکات ئەو سەردانانە بکەی، کەففارەت بدەو بگەڕێوە سەر شتەکەی خۆت، وەك لە سوورەتی مائیدەدا کورتە باسێکمان لە بارەی سوێندەوە کردوەو لێرە ناچینە نێو وردەکارییەکان)، دوایی خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱحْفَظُوٓا۟ أَيْمَٰنَكُمْ ﴾، سوێندەکانیشتان بپارێزن، واتە: لە خۆوە سوێند مەخۆن و، زۆر سوێندان مەخۆن، کە سوێندیشتان خوارد، مەگەر ئەو شتەی سوێندی لەسەر خوراوە، سوێند لەسەر خوراو (مُقسَمٌ عَلَيهِ)ەکە، جێ بە جێ کردنی فەرز یان پەسند بێ، ئەگەرنا مادام سوێندتان خوارد، سوێندەکەتان بەرنە سەرو بیپارێزن.

یەکێکی دیکە لە زانایان لە بارەی چەمکی ئەو ئایەتە موبارەکەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ قَدْ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَٰنِكُمْ ﴾، دەڵێ: (أَمَرَ اللَّهُ نَبِيَّهُ ﷺ أَنْ يُكَفِّرَ يَمِينَهُ وَيُرَاجِعَ وَلِيدَتَهُ، فَأَعْتَقَ رَقَبَةً)، خوا ﷻ فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کرد، کەففارەتی سوێندەکەی بدات و بگەڕێتەوە بۆ لای کەنیزەکەکەی، بۆیە کۆیلەیەکی ئازاد کرد، تاکو ماریەی بۆ ڕەوا بێتەوە، چونکە سوێندی خواردبوو بەلایدا نەچێتەوە، ئەوە ئەگەر هۆی هاتنە خوارەوەکەی ئەوە بوو بێ، ئەگەر هەنگوین خواردنەوەکەش بوو بێ، کۆیلەیەکی ئازاد کردووەو کەففارەتی داوە، بەپێی ڕای ئەو زانایە.

(الطبري)یش لەو بارەوە ئەم دەقە دێنێ: **(عَنْ مَسْرُوقٍ رَحِمَهُ اللهُ قَالَ: آلَى رَسُولُ اللهِ ﷺ وَحَرَّمَ، فَعُتِبَ فِي التَّحرِيمِ وَأُمِرَ بِالكَفَّارَةِ فِي اليَمِينِ)**، **(جامع البيان: ٣٤٤٧٥)** مەسرووق کە یەکێکە لە زانایانی شوێنکەوتووان دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ئیلای کردوە، (سوێندی خوارد نەچێتە لای ئەو کەنیزەکەی) و شتێکی لە خۆی قەدەغە کرد، ئنجا لەو بارەوە لۆمەی کرا، (بۆچی لە خۆی قەدەغە کردوە؟) و فەرمانیشی پێکرا کەففارەتی سوێند بدات.

٥)- ﴿ وَٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْ ﴾، خوا سەرپەرشتیاری ئێوەیە، واتە: سەرپەرشتیارو دۆست و نیزیکی ئێوەیە، بە تایبەتی هی پێغەمبەرەکەی ﷺ.

٦)- ﴿ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، هەر خواش زانای کارزانە، واتە: زانایە بە هەموو شتێك و کارزانە لە هەر فەرمایشتێك و هەر حوکمێکیدا.

ئنجا ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ کەففارەتی سوێندەکەی داوە، یان نا؟ **(الزَّجَّاجُ)** کە یەکێکە لە زانایان گوتوویەتی:

(وَلَيْسَ لِأَحَدٍ أَنْ يُحَرِّمَ مَا أَحَلَّ اللَّهُ، قُلْتُ: وَهَذَا هُوَ الحَقُّ أَنَّ تَحْرِيمَ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لاَ يَنْعَقِدُ وَلَا يَلْزَمُ صَاحِبَهُ، فَالتَّحْلِيلُ وَالتَّحْرِيمُ هُوَ إِلَى اللَّهِ سُبْحَانَهُ لاَ إِلَى غَيْرِهِ، وَمُعَاتَبَتُهُ لِنَبِيِّهِ ﷺ فِي هَذِهِ السُّورَةِ أَبْلَغُ دَلِيلٍ عَلَى ذَلِكَ، وَاخْتَلَفَ الْعُلَمَاءُ هَلْ مُجَرَّدُ

التَّحْرِيمِ يَمِينٌ يُوجِبُ الْكَفَّارَةَ أَمْ لَا؟ وَفِي ذَلِكَ خِلَافٌ، وَلَيْسَ فِي الْآيَةِ مَا يَدُلُّ عَلَى أَنَّهُ يَمِينٌ، لِأَنَّ اللَّهَ سُبْحَانَهُ عَاتَبَهُ عَلَى تَحْرِيمِ مَا أَحَلَّهُ لَهُ، وَقَدْ وَرَدَ فِي الْقِصَّةِ التي ذهب أكثر المفسرين إلى أنها سَبَبُ نُزُولِ الْآيَةِ، أَنَّهُ حَرَّمَ أَوَّلًا ثُمَّ حَلَفَ ثَانِيًا)[1].

واتـە: هیـچ کـەس بـۆی نیـە شـتێك کـە خـوا حەڵاڵـی کـردوە، قەدەغـەی بـکات، گوتـم: {یـانی: (الشـوکانی)}، هـەر ئـەوەش ڕاسـتە، چونکـە قەدەغـە کـردنی شـتێك کـە خـوا حەڵاڵـی کـردوە، هـەر دانامـەزرێ و خاوەنەکـەی پێـوەی پابەنـد ناکـرێ، چونکـە بـە حـەڵاڵ دانـان و بـە حـەرام دانـان، تەنیـا هـی خـوان ﷻ و مـافی کـەسی دیکـە نیـە، لـەم سوورەتەشـدا کـە خـوا لۆمـەی پێغەمبەرەکـەی دەکات ﷺ باشـترین بەڵگـە هەیـە لـەو بـارەوە، کـە هیچکـەس بـۆی نیـە شـتێك کـە خـوا حەڵاڵـی کـردوە، قەدەغـەی بـکات، ئنجـا زانایـان لـەو بـارەوە لـە ڕاجیایـی دان، کـە ئایـا تەنیـا بـە قەدەغـە دانـانی شـتێك بـە سـوێند دادەنـرێ و، کەففـارەتی بـۆ پێویسـت دەبـێ، یـان نـا؟ بـەڵام لـە ئایەتەکـەدا هیـچ بەڵگەیـەك نیـە لەسـەر ئـەوەی لـە خـۆ قەدەغـە کـردنی شـتێك، سـوێندە، چونکـە خـوا ﷻ لەسـەر ئـەوە لۆمـەی کـردوە کـە خـوا شـتێکی بـۆ حـەڵاڵ کـردوە و ئـەو خـۆی لـێ گرتۆتـەوە، {واتـە: لـە خـۆی قەدەغـە کـردوە} و لـەو بەسەرهاتەشـدا کـە زۆربـەی ڕوونکـەرەوەی قورئـان گوتوویانـە: هـۆی هاتنـە خـواری ئایەتەکەیـە، هاتـوە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ شـتەکەی لـە خـۆی قەدەغـە کـردوەو، دواییـش سـوێندی خـواردوە (کەواتـە: خـودی لـە خـۆ قەدەغـە کردنەکـە سـوێند نەبـووە، بەڵکـو سـوێندەکەی دوایـی خـواردوەو، ئەگـەر کەففـارەتی دابـێ، ﴿ تَحِلَّةَ أَيْمَٰنِكُمْ ﴾، لەبـەر سـوێندەکە بـووە، نـەك لەبـەر خـودی لـە خـۆ قەدەغـە کردنەکـە).

هەڵبەتـە منیـش هـەر ئـەو ڕایـەم پـێ پەسـندە، کـە خـودی لە خـۆ قەدەغـە کردنی شـتێك، بـە سـوێند دانانـرێ، بـەڵام پێغەمبـەری خـوا ﷺ وێـڕای لـە خـۆ قەدەغـە کـردن، وەك لـە هـۆی هاتنـە خوارەوەکانـدا باسـمان کـرد، سـوێندیشی خـوارد کـە

---

(١) فتح القدير: ج٥، ص٣٠٣.

جارێـکی دیکـە ئـەو هەنگوینـە نەخواتـەوە لـە لای زەینـەبی کچـی جەحـش، یـان جارێـکی دیکـە نەچێتـەوە لای ماریـەی قیبطیـی خـوا لێـی ڕازی بـێ.

ئنجا خـوا ﷻ بـاسی ئـەوە دەکات کـە چـۆن پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە خـۆ قەدەغە کـردنی هەنگویـن خواردنـەوە لـە لای زەینـەبی کچـی جەحـشی یـان بـە لای ماریـەی **قیبطیـی** دا نەچـوونی، درکانـدوە، بـۆ یەکێـك لـە هاوسـەرانی و بـە چپـە بـە یەکێـك لـە هاوسـەرانی گوتـوە، کەچـی ئـەو لێـی ئاشـکرا کـردوە:

٧)- ﴿ وَإِذْ أَسَرَّ ٱلنَّبِىُّ إِلَىٰ بَعْضِ أَزْوَٰجِهِۦ حَدِيثًا ﴾، یاد بکەوە کاتێك پێغەمبەر ﷺ قسەیەکی نهێنیی بۆ یەکێك لە هاوسەرانی درکاند، کە دەفەرموێ: ﴿ بَعْضِ ﴾، (هەندێك) مەبەستی پێ یەکێکە، یانی: قسەیەکی نهێنیی لە لای یەکێك لە هاوسەرانی درکاند، قسەیەکی نهێنیی پێگوت، وشەی ﴿ أَسَرَّ ﴾، (**مُشتَقٌّ مِنَ السِّرِّ وَالهَمزَةُ لِلجَعلِ، أي: جَعَلَهُ ذا سِرّ، أَسَرَّ فِي نَفسِهِ أي: كَتَمَ سِرَّهُ**)، کەواتە: ﴿ أَسَرَّ ﴾، داتاشراوە لە وشەی (سِرّ)، واتە: نهێنیی، هەمزەکەش بۆ گێڕانە، (**أَسَرَّهُ: أي جَعَلَهُ ذا سِرٍّ**)، واتە: کردی بە خاوەن نهێنیی، واتە: قسەیەکی نهێنیی بۆ یەکێك لە هاوسەرانی کرد، دیارە پێشی فەرمووە: تەنیا لە لای تۆیەو مەیدرکێنە، (**أَسَرَّ: أي أَخبَرَ بِمَا يُرَادُ كِتمانُهُ عَنْ غَيرِ المُخبَرِ**)، ﴿ أَسَرَّ ﴾، یانی: هەواڵێکی دا کە دەویستڕێ بشاردرێتەوە لە جگە لە ئەو کەسەی هەواڵەکەی پێدراوە.

٨)- ﴿ فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِۦ ﴾، کاتێك هەواڵی پێدا، ئەو هاوسەرەی هەواڵەکەی پێدرا بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ نهێنییەکەی لە لا دانابوو بە چپە، ﴿ فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِۦ ﴾، بەرکارەکەی قرتێنراوە، یانی: (**فَلَمَّا نَبَّأَت حَفصَةُ عَائِشَةَ بِهِ**)، دوای ئەوەی حەفصە هەواڵەکەی بە عائیشەدا، خوا لێیان ڕازیی بێ، بەڵام بەرکار (**مَفعُولٌ بِهِ**)یەکە قرتێنراوە، ﴿ فَلَمَّا نَبَّأَتْ ﴾، (ت)ەکە ڕاناوێکی تێدا شێردراوەیە، ﴿ نَبَّأَتْ ﴾، کارو بکەر (**فعل وفاعل**)ە، (**فاعِلُه ضَمِيرٌ مُستَتِرٌ تَقدِيرُها هِيَ**)، بکەرەکەی ڕاناوێکی شێرراوەیە بە (**هي**) مەزەنە دەکرێ و بۆ حەفصە دەچێتەوە (خوا لێی ڕازی بێ)، بەپێی هۆی هاتنەوە خوارەوەکان، بەڵام بەرکارەکەی یانی: (**نَبَّأَت عائِشَةَ**) هەواڵەکەی بە عائیشەدا، یان (**نَبَّأَتها بِهِ**) هەواڵەکەی پێدا، یانی: بە یەکێکی دیکەی سێیەم کە بریتی بووە لە عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ).

٩)- ﴿ وَأَظۡهَرَهُ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ﴾، خواش ﷻ ئەوی (پێغەمبەری ﷺ) لێ ئاگادار کردەوە، ﴿ وَأَظۡهَرَهُ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ﴾، (أَي أَطْلَعَهُ اللهُ عَلَيهِ)، خوا پێغەمبەری ﷺ لێ ئاگادار کردەوە، دیسان (أَظْهَرَهُ) (هـ)ەکە ڕاناوە و بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەچێتەوە، وشەی (أَظْهَرَهُ: مُشتَقٌّ مِنَ الظُّهُورِ)، (ظهُورِ) واتە: زاڵبوون، واتە: وایکرد پێغەمبەر ئەو هەواڵە بزانێ.

١٠)- ﴿ عَرَّفَ بَعۡضَهُۥ وَأَعۡرَضَ عَنۢ بَعۡضٖ ﴾، ئەویش هەندێکی ناساندو وازیشی لە هەندێکی هێنا، وشەی ﴿ عَرَّفَ ﴾، بە زۆریی وایان خوێندۆتەوەو هەندێکیان بە (عَرَفَ)شیان خوێندۆتەوە، (عَرَفَ) یانی: زانی، بەڵام ﴿ عَرَّفَ ﴾، واتە: ناساندی، یانی: ئەو هەواڵەی ئاشکرای کردبوو، پێغەمبەر ﷺ هەندێکی بۆ باسکرد بۆ حەفصە، ﴿ وَأَعۡرَضَ عَنۢ بَعۡضٖ ﴾، چاوپۆشییشی لە هەندێکی کرد، ڕووی لە هەندێکی وەرگێڕا، لێرەدا ﴿ عَرَّفَ ﴾: (المَفعُولُ الأَوَّل لِعَرَّفَ مَحذُوفٌ أَي عَرَّفَهَا بَعضَهُ)، بەرکاری یەکەمی (عَرَّفَ) قرتێنراوە، واتە: هەندێك لە هەواڵەکەی پێ گوتەوەو پێی ناساند، ﴿ عَرَّفَ بَعۡضَهُۥ ﴾، لەوەی خوا ﷻ بە پێغەمبەری ﷺ فەرموو بوو، (أَي مَا أَطْلَعَهُ اللهُ عَلَيهِ)، پێغەمبەر ﷺ بەشێك لەوەی خوا لێی ئاگادار کردبۆوە بە حەفصەی گوتەوە، کە نهێنییەکەی لە لا دانابوو، ﴿ وَأَعۡرَضَ عَنۢ بَعۡضٖ ﴾، وازیشی لە هەندێکی هێنا، وەك پێشتریش گوتمان: زانایان گوتوویانە: (مَاستَقصَى كَرِيمٌ قَطّ)، مرۆڤی بەڕێز هەرگیز لە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا، نایگەیەنێتە ئەوپەڕی، هەموو شتێك ناڵێ و، هەموو شتێك ناکات و تێیدا دەهێڵێتەوە.

١١)- ﴿ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِۦ ﴾، کاتێك (پێغەمبەری خوا ﷺ) هەواڵی پێدا (کە نهێنییەکەی وی ئاشکرا کردوە)، (أَي: نَبَّأَ النَّبِيُّ حَفصَةَ بِإِفشاءِ سِرِّهِ)، یانی: دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ هەواڵی دا بە حەفصە، بە بڵاو کردنەوەی ئەو نهێنییەی داوای لێ کردبوو نەیدرکێنێ.

١٢)- ﴿ قَالَتۡ مَنۡ أَنۢبَأَكَ هَٰذَا ﴾، (ئەو ئافرەتە) گوتی: کێ ئەو هەواڵەی بەتۆدا؟ زانایان گوتوویانە: ئەو تەعبیرە ئەوە دەگەیەنێ کە حەفصە زۆر متمانەی بە عائیشە بووە (خوا لێیان ڕازی بێ)، کە نهێنیی وی نادرکێنێ، بۆیە پێی سەیر بووە: من پێم نەگوتووی و عائیشەش نایدرکێنێ، ئەدی کێ هەواڵەکەی پێدای؟ بەسەرسوڕمانەوە وایگوتوە، سەرسوڕمانەکەش لێرەدا ڕاستەقینەیە، بە مانای سەرسوڕمان و پرسیارە.

١٣)- ﴿قَالَ نَبَّأَنِيَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡخَبِيرُ﴾، فەرمووی: زانای شارەزا هەواڵەکەی پێدام، یانی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی، زانای شارەزا، کە خوای بەرزە، هەواڵەکەی پێدام.

زۆربـەی زانایـان هـەر بـە ﴿عَرَّفَ﴾یـان خوێندۆتـەوە، بـەڵام (**الكسـائي**) کـە یەکێکـە لـە قورئانخوێنـەکان، بـە (**عَـرَفَ**)ی خوێندۆتـەوە، (**عَـرَفَ بَعضَـهُ**)، ئنجـا (**الطـبري**) دەڵـێ: (**عَـرَفَ لِحَفْصَـةَ بَعْـضَ ذَلِـكَ الْفِعْـلِ الَّـذِي فَعَلَتْـهُ مِـنْ إِفْشَـائِهَا سَرَّهُ، وَقَـدِ اسْـتَكْتَمَهَا إِيَّـاهُ، أَيْ: غَضِـبَ مِـنْ ذَلِـكَ عَلَيْهَـا رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ، وَجَازَاهَـا عَلَيْـهِ؛ مِـنْ قَـوْلِ الْقَائِـلِ لِمَـنْ أَسَـاءَ إِلَيْـهِ: لَأَعْرِفَـنَّ لَـكَ يَـا فُلَانُ مَـا فَعَلْـتَ، بِمَعْنَـى: لَأُجَازِيَنَّـكَ عَلَيْـهِ**).

ئەگـەر بـە (**عَـرَفَ**) بخوێندرێتـەوە (**عَـرَفَ بَعضَـهُ**) واتـە: پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـەو کردەوەیـەی حەفصـە ئەنجامـی دابـوو کـە بریتـی بـوو لـە درکانـدنی نهێنیـی وی، لـە حاڵێکـدا پێـی فەرمـوو بـوو: ئـەو نهێنییـە مەدرکێنـە، پێغەمبـەری خـوا ﷺ لێـی تـووڕە بـوو و لەسـەر ئـەوە سەرزەنشـتی کـرد، چونکـە لـە زمـانی عەرەبییـدا بـۆ کەسـێك خراپـەی لەگـەڵ کەسـێك کردبـێ، دەڵـێ: (**لَأَعْرِفَـنَّ لَـكَ يَـا فُلَانُ مَـا فَعَلْـتَ**)، ئـەوەی لەگـەڵ منتـدا کـردوە بـۆت دەناسـم، بـۆت دەزانـم، واتـە: لەسـەری سـزات دەدەم و بـۆت قەرەبـوو دەکەمـەوە.

لە کوردییش دا دەگوترێ: (بۆت لە نێو دوو نانی گەرمدا هەڵدەگرم).

ئنجـا خـوا ﷻ بـە هـەردوو هاوسـەرە بەڕێزەکـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ (**حفصـة وعائيشـة**) دەفەرمـوێ:

١٤)- ﴿إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدۡ صَغَتۡ قُلُوبُكُمَا﴾، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای خوا بە دڵنیایی دڵەکانتان لایانداوە، یانی: ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، جێی خۆیەتی، چونکە دڵتان لایداوە، لە ئەنجامی ئەوەدا کە پێکەوە کەین و بەینتان کردوە، بە هاندەری غەیرەی هەوێداریی و تێتانپەڕاندوەو، واتانکردوە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو شتە ڕەوایە لە خۆی قەدەغە بکات، کە خواردنەوەی هەنگوینە لە لای زەینەبی کچی جەحش، یاخود چوونە لای ماریەی **قیبطییە**، خوا لێیان ڕازی بێ، کە حەڵاڵی بووە.

دەشـکونجێ: مانـای ڕسـتەی: ﴿فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا﴾، ئـاوا بـێ: (**أي: مالَـت إلَى التَّوبَـةِ**)، دڵەکانتـان بـۆ گەڕانـەوە بـۆ لای خـوا مەیلیـان کـردووەو ئێسـتا کاتیـەتی.

ئەگـەر مانـای یەکەمیـان بـێ واتـە: ئەگـەر بگەڕێنـەوە بـۆ لای خوا، شـتێك لـە ئێوە ڕوویـداوە، هـۆکاری ئەوەبـێ بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوا، ئەگـەر مانـای دووەمیشـیان بـێ، یـانی: ئەگـەر بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوا، ئێسـتا دڵتـان نـەرم بـووەو لایـداوە بـۆ گەڕانـەوە بـۆ لای خـواو کاتیـەتی.

١٥)- ﴿وَإِن تَظَاهَرَا عَلَيْهِ﴾، بەڵام ئەگەر پشتی یەکدی بگرن لە دژی وی (واتە: لە دژی پێغەمبەری خوا ﷺ)، (**التَّظَاهر: التَّعَاضُدُ وَالتَّعَاون**)، (**تظَاهر**) پشتی یەکدی گرتن و هاوکاریی یەکدی کردنە، وشەی: ﴿تَظَاهَرَا﴾، وێڕای ﴿تَظَاهَرَا﴾، بە دوو جۆری دیکەش خوێندراوەتەوە: یەکەم: (**تَتَظَاهَرَا**)، دووەم: (**تَظَّهَّرا**)، هەر سێك خوێندنەوەکانیش بە یەك واتان، واتە: پشتی یەکدی بگرن و هاوکاری یەکدی بن، لە دژی پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵبەتە بەو واتایەنا کە دوژمننی، بەڵکو بەو واتایە کە پشتی یەکدی بگرن کە پێغەمبەر ﷺ بە هۆی هەنگوین خواردنەوەکەوە لە لای زەینەبی کچی جەحش، زیاتر دڵی بە لای زەینەبدا نەچێ، یان بەهۆی ئەوەوە کە دەچێتە لای ماریەی **قیبطیی**، ئەوان موونافیسێکی دیکەشیان بۆ پەیدانەبێ و لە کۆڵیان بێتەوە، هەتا لە هەندێك ڕیوایەتاندا هاتوە: حەفصە کە نهێنییەکە بە عائیشە دەڵێ، دەڵێ: عائیشە! ئەوە ماریەی **قیبطییم** لە کۆڵ کردیەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ سوێندی خواردوە جارێکی دیکە بەلایدا نەچێ!

ئنجـا کەسـێك زیاتـر لـەو ئایەتانـە تێـدەگات، کـە ئەزمـوونی چەنـد ژنیـی هەبـێ، بـەڵام کەسـێک ئـەو ئەزموونـەی نەبـێ، پێـی سـەیرەو وادەزانـێ کـە ئـەو هاوسـەرانە دژی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوون، وەك شـیعەکان[١] کـە هـەر لـە پشـت پـەردەی ڕەشـەوە تەماشـا دەکـەن، وەك دواییـش بـاس دەکـەم، وایانزانیـوە کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَإِن تَظَاهَرَا عَلَيْهِ﴾، ئەگـەر لـە دژی وی پشـتی یەکـدی

---

(١) شیعەی دوازدەیی (الشیعة الإثناي عشریة)، زۆربەی هەرە زۆریان.

بگـرن، حەفصـەو عائیشـە ئیشـیان هـەر ئـەوە بـووە، کـە دژی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـن! نەخێـر، بەڵکـو لەبـەر خۆشویسـتنی زێدەیـان بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ پێـان خۆشـبووە، پێغەمبـەر بـەس ئـەوانی هەبـێ، ئنجـا کـە هەنگوینـی لـە لای زەینـەبی کچـی جەحـش خواردۆتـەوە، مەترسیی ئەوەیـان هەبـووە، وەك گوتـراوە: عائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) بـە حەفصەی گـوت: حەفصـە! بـۆم چاودێریی بکـە، پێغەمبەری خـوا ﷺ لـە ژوورەکـەی زەینـەبی کچـی جەحـش دا پێـی دەچـێ و نـۆرەشی نیـە، چـی دەکات؟ گوتراویشـە: عائیشـە کەنیزەکێـکی ڕاسـپارد، بزانـێ چـی دەکات؟ ئەویـش گـوتی: پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـەوێ هەنگویـن دەخواتـەوە، وایانزانیـوە لەگەڵیـدا جـووت دەبـێ و نـۆرەی خـۆشی نیـە! بـە نسـبەت ماریـەی قیبطییـەوەش، ئەگـەر هـۆی دابەزینەکـە ئـەوە بووبـێ، دەشـگونجێ لـە یـەك کاتـدا هەردووکیـان بووبـن، حەفصـەو عائیشـە خـوا خوایـان بـووە پێغەمبـەری خـوا ﷺ یەکێـك لـە هاوسـەرەکانی لەبـەر چـاوی بکـەوێ و لێیـان کـەم بێتـەوە، ئنجا ئـەوەش هەسـتی ئافرەتەو هەسـتی هەوێدارییـەو ئافرەتـان بەگشـتیی وان، ئنجـا مـادام هاوسـەرانی پێغەمبـەری خـوا وابووبـن، مانـای وایـە ئـەوە شـتێکی سرووشـتییە لـە ئافرەتانـداو، پێویسـت نـاکات گومـانی خـراپ بـە خێزانـەکانی پێغەمبـەر ﷺ ببەیـن، یاخـود بێـژە قورئانییەکـە زیـاد لـەو مانایـەی هەڵیدەگـرێ، بیخەینـە سـەر، لەبـەر ئـەوەی گومـانی خـراپ بـە هاوسـەرانی بەڕێـزی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەبەیـن، چونکـە هەرچـی دایـکانی بـڕواداران کردوویانـە، لەبـەر زێـدە خۆشەویسـتیان بـووە بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ.

(ئنجا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ئەگـەر پشـتی یەکدیـش بگـرن لـە دژی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە شـێوەیەك دڵـی ئـازار بـدەن)

١٦)- ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوْلَىٰهُ وَجِبْرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ﴾، بە دڵنیایی خوا سەرپەرشتیارو دۆستیەتی و، جیبریلیش و پیاوە بڕوادارە چاکەکانیش و، لە دوای وانیش فریشتەکانیش هاوکارو پشتگیری.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ ﴾، وشەی (**المَلَائِكَة**) دەبێتە نیهاد، (**ظَهِير**)یش دەبێتە گوزارە، (**المَلَائِكَة**)ش بۆ کۆیەو کۆی (**مَلَك**)ە، (**ظَهِير**)یش بۆیە بەو ڕێژگەیە هاتوە، چونکە لە زانیاریی نەحوودا ئەوە چەسپاوە، کە ڕێژگەکانی وەك: (**ضَرِيع و صَبُور و ظَهِير**)، (تاك و دووان و کۆ)یان پێ وەسف دەکرێن.

چوار سەرنجی گرنگ

ئێمە لێرەدا بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر چەمك و واتای ئەو چوار ئایەتە موبارەکە، چوار سەرنج دەخەینە ڕوو، هەڵبەتە دواییش پاش ئەوەی مەسەلەی دووەم دەخەینەڕوو، کە ئایەتی پێنجەم دەگرێتە خۆی، کورتە باسەکە دەکەین:

سەرنجی یەکەم:

زانایان لە بارەی حوکمی لەسەرخۆ قەدەغە کردنەوەی کەسێك بۆ شتێك، ڕاجیاییان زۆرە، ئایا ڕەوایە، ڕەوا نیە؟ حوکمی چۆنە؟ (**القرطبي**) لەو بارەوە هەژدە (١٨) ڕای هێناون[1]و، (**إبن عاشور**)[2]یش لە چوار (٤) ڕادا، ئەو هەژدە (١٨) ڕایانەی (**القرطبي**) هێناونی، پوخت و کورتی کردوونەوەو، گوتوویەتی: ئەوە پوختەی ئەو هەژدە (١٨) ڕایەیەو، زیاتر ڕێیان تێدەچێ و ئەمانەش چوار ڕایەکەن:

١- بابای قەدەغەکەر هیچی ناکەوێتە سەر، قەدەغەکراوەکە ژن بێت، یاخود خواردنێك بێت، واتە: کەسێك دەڵێت: فڵان شتەم لێ قەدەغە بێ، ئەوە بەس قسەیەکە، قسەیەکی هەڵەیە کردوویەتی، بەڵام هیچی ناکەوێتە سەر، نە کەففارەتی سوێندو نە هیچ.

---

(١) الجامع الأحكام القرآن، ج٢٨، ص: ١٤٠ - ١٤٢.

(٢) التحرير والتنوير، ج٢٨، ص: ٣٤٨ - ٣٤٩.

٢- بابای قەدەغەکەر پێویستە کەففارەتی سوێند بدات، چونکە هەر خودی قەدەغە کردنەکە بە ڕای هەندێك لەو زانایانە، بە سوێند لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام ئێمە پێشتر گوتمان: ئەو ڕایە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە، کە خودی قەدەغە کردن بە تەنیا، سوێند بێ.

٣- لە جگە لە ژندا، بابای قەدەغەکەر هیچی ناکەوێتە سەر، بەڵام ئەگەر قەدەغەکراوەکە ژن بێ، ئەو کاتە ئەو ژنەی یان گواستۆتەوە یان نەیگواستۆتەوە، ئەگەر گواستبێتیەوە، گوتراوە: وەك تەڵاقی سێ بەسێیەو، ئەمەش ڕای مالیکە، بەڵام ئەگەر نەیگواستبێتەوە، بەپێی نیەتەکەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، ئەگەر نیەتی تەڵاقدان بێ، تەڵاقەو، ئەگەر نیەتی تەڵاقدان نەبێ، هیچ نیە، هەندێکیش گوتوویانە: لەهەردوو حاڵاندا واتە: ئافرەتەکەی چ گواستبێتەوە، چ نەیگواستبێتەوە، مادام بڵێ: لێم قەدەغەی، ئەوە هەر بۆی بە تەڵاق حیسێبەو بە سێ تەڵاق بۆی دادەنرێ، هەندێکیش کە شافیعییان لە نێودایە گوتوویانە: ئەگەر نیەتی تەڵاقی هێنابێ، ئەوە بەپێی نیەتەکەیەتی و بۆی بە تەڵاق حیسابە، بەڵام تەنیا یەك تەڵاقی ڕەجعیی بۆ حیسابە، واتە: ئەگەر نیەتی تەڵاقیشی هێنابێ، یەك تەڵاقی دەکەوێ.

٤- هەندێکیش کە ئەبوو حەنیفەیان لە نێو دایە، ڕەحمەتی خوا لە هەموو زانایان بێ، گوتوویانە: ئەگەر مەبەستی **ظیهار** بێ، بەپێی نیەتەکەیەتی و، ئەگەر نیەتیشی تەڵاق بێ، بە یەك تەڵاقی جیاکەرەوە (بائن) بۆی حیسابە، مەگەر نیەتی سێ تەڵاقی هێنابێ، ئەو کاتە هەر سێکیانی دەکەون، ئەگەر نیەتی هیچیشی نەهێنابێ، ئەوە بۆی بە سوێند دادەنرێ و کەففارەتی لەسەرە، ئەوە پوختەی ڕای زانایانە، کە من ڕای یەکەمم لە هەمووان پێ ڕاسترە، کە بابای قەدەغەکەر (**مُحرِّم**) هیچی ناکەوێتە سەر، قەدەغە کراوەکە، ژن بێ، یان خواردن بێ، یان هەر شتێك بێ، بەڵام بە دڵنیایی کەسێك لەخۆوە بڵێ: فڵان شتە لێم حەڕام بێ و قەدەغەیە، قسەیەکی هەڵەی کردوە، ئەدی هی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆچی خوا باسی سوێند دەکات و دەفەرموێ: ﴿ قَدْ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَـٰنِكُمْ ﴾؟، باسمان کرد کە پێغەمبەری خوا ﷺ وێڕای لە خۆ قەدەغەکردن سوێندیشی خوارد بوو، کەففارەتەکە بۆ سوێندەکەی بووە، بەڵام لە خۆ قەدەغە کردنەکە، قەدەغەکردن تەنیا

بە دەست خوایەو، حەڵاڵ کردن و حەرام کردن تەنیا مافی خوای پەروەردگارەو کەسی دیکە بۆی نیە، تەنانەت پێغەمبەریش ﷺ، بۆیە کەسێك کە دەڵێ: ئەو شتەم لێ قەدەغەو حەرام بێ، ئەوە هەر قسەیەکی هەڵەیە دەیکات، بۆیەش خوا ﷻ لەسەر ئەوە لۆمەی پێغەمبەرەکەی ﷺ کردوەو رەخنەی لێگرتوە، کە بۆچی ئەو قسەیەت کردوە؟!

سەرنجی دووەم:

کە دەفەرموێ: ﴿فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا﴾، بە دڵنیایی دڵەکانتان لایانداوە، بێگومان مەبەست پێیان حەفصەو عائیشەیە، خوا لێیان رازی بێ[1]، کە پێشتر بەسەرهاتەکەمان هێنا، کەواتە: مەبەست لە: ﴿قُلُوبُكُمَا﴾، دڵەکانتان، دڵی هەردوو هاوسەری بەرێزو خاوەن پێگەی بەرزی پێغەمبەری خوایە، خوا لێیان رازی بێ: حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەتتاب و، عائیشەی کچی ئەبوو بەکری صیددیق، پێشتریش گوتمان کە دەفەرموێ: ﴿قُلُوبُكُمَا﴾، لەبەر ئەوە بووە کە عەرەب عادەتیان وایە، ئەگەر دوو شتیان باس کردن، هەردووکیان دووان (**مُثَنَّى**) بوون، هەردووکیان بە دووان (**مُثَنَّى**) ناهێنن و یەکیان دەکەنە کۆ (**جمع**)، بۆیە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا﴾، لە جیاتی ئەوەی بفەرموێ: (**فَقَد صَغَت قَلبَاكُما**)، دوو دڵەکانتان لایانداوە، لە عەرەبییدا ئەوە قورسە لەسەر زمان، بۆیە فەرموویەتی: ﴿قُلُوبُكُمَا﴾، دڵەکانتان لایاندا، ئاشکراشە مەبەست لە دڵەکان هەر ئەو دوو دڵەن و، لە زمانی عەرەبییدا دروستە دووش بە کۆ بهێنرێن.

سەرنجی سێیەم:

ئایا حیکمەتی ئەوە چییە کە خوا ﷻ خۆی و جیبریل و فریشتەکان و پیاوە بڕواداره چاکەکانی، هەمووو پێکەوە کۆ کردوونەوە، لە بەرانبەر ئەو دوو ئافرەتەدا، خوا لێیان رازی بێ؟ زانایان دوو واتایان بۆ هێناون لە تەفسیرەکاندا، بەڵام من رایەکی دیکەی سێیەمم هەیە:

---

(١) صحيح البخاري: ٥١٩١، وصحيح مسلم: ١٤٧٩.

أ- مەبەست تەنیا ئەو دوو هاوسەرە نین، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە هەر کەسێك دژی پێغەمبەری خوا ﷺ بێ و ئازاری بدات و ناڕەحەتی بکات، با بزانێ کە لەگەڵ کێدا تەرەفە، کێی لەبەرانبەر دایە، خوا ﷻ و جیبریل سەرۆکی فریشتەکان و، فریشتەکان و پیاوانی بڕواداری چاك.

ب- ڕایەکی دیکەی زانایان ئەوەیە کە مەبەست لەمە، دەرخستن و ئاشکرا کردنی پێگەی بەرزی پێغەمبەرە ﷺ لە لای خوای بەرز، کە خوا ئەوەندە پێغەمبەری خۆی خۆشدەوێ، هەر کەسێك لە بەرانبەری دا بوەستێ، خۆی و جیبریل و فریشتەکانی و پیاوانی صاڵحی بڕواداریش، هەموویان یەك بەرەن و لە بەرانبەریدان.

ج- بەندەش ڕایەکی دیکەی سێیەمم هەیە، کە لە مانا گشتییەکەش دا ئاماژەم پێدا، بە دڵنیایی ئەو دوو مانایەی دیکەش هەر دەگونجێن، بەڵام پێم وایە ڕایەکی دیکەی سێیەم یان هۆکارێکی دیکە سێیەم هەیە، بۆ کۆکردنەوەی ئەوانە هەموویان لە بەرەیەکدا، لە بەرانبەر دوو ئافرەتاندا، ئەویش ئەوەیە کە ئافرەت (ئافرەتان بە گشتیی) سۆزو بەزەیی تێیاندا بەهێزترە لە عەقڵ و مەنطیق، ئەوەش حەقیقەتێکە زانست و مێژوو و واقیع دەیڵێن، لێرەش خوا ﷻ ئەگەر هەر فەرمووبای: ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ ! لاساریی مەکەن، ناڕەحەتی مەکەن و ئازاری مەدەن، ئەوە شتێك بوو، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيۡهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوۡلَىٰهُ﴾، ئەگەر هاوکاریی یەکدی بکەن لە دژی، بە دڵنیایی خوا سەرپەرشتیاریەتی و ﴿وَجِبۡرِيلُ﴾، جیبریلیش بەهەمان شێوە سەرپەرشتیاریەتی و ﴿وَصَٰلِحُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾، پیاوە بڕوادارە چاکەکانیش پشتیوانی پێغەمبەرن ﷺ ﴿وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ﴾، فریشتەکانیش دوای ئەوە هاوکارو پشتیوانن بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەمە بێگومان کاریگەریی لەسەر عاطیفە و هەست و سۆزی ئافرەتەکان زیاتر هەیە، کە بیر بکەنەوە: چۆن دەبێ من شتێك بکەم، کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ناخۆش بێ و، سەرەنجام خوا لێم تووڕە بێ و، جیبریل و فریشتەکان و پیاوانی بڕواداری چاك؟ کەواتە: حیکمەتی کۆ کرانەوەی خوای بێ وێنە و جیبریل و فریشتەکان و پیاوانی بڕوادار، ئەوەیە کە باسمان کرد.

سەرنجی چوارەم:

ئـەو قسـە نهێنییـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە لای حەفصـەی کـردوە، بەپێـی بەسـەرهاتەکان:

أ- نەخواردنەوەی هەنگوینەکەی زەینەب بووە، کە لە هەندێك ڕیوایەتانیشدا دەڵێ: هەنگوینەکەی لە لای حەفصە خواردوە، هەندێکیش دەڵێن:لە لای سەودە خواردوویەتی.

ب- یاخود بریتی بووە لە بە لای ماریەی **قیبطیی** دا نەچوون و لەگەڵدا جووت نەبوونی، لە حاڵێکدا کە هەم هەنگوینیش ڕەوایەو حەڵاڵە، هەم ئەو ئافرەتەش ماریەی **قیبطیی** (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەویش حەڵاڵی پێغەمبەری خوا بووەو، خوای پەروەردگاریش پێی ناخۆش بووە دڵ ڕازیکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ هاوسەرانی، بگاتە سنوورێك، شتێك کە خوا بۆی ڕەوا کردوە، لە خۆی قەدەغەی بکات.

مەسەلەی دووەم و کۆتایی:

هۆشداریی خوا بۆ هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەگەر لەسەر ئازاردانی پێغەمبەری خواو سەغڵەت کردنی بەردەوام بن و، تەڵاقیان بدات، خوا هاوسەرانی لە ئێوە چاکتری بۆ دەرەخسێنێ، کە ملکەچ و بڕوادار و فەرمانبەرو تۆبەکارو خواپەرست و کۆچکەر بن، لە بێوەژنان و لە کچان:

خوا دەفەرمووێ: ﴿عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَٰتٍ مُّؤْمِنَٰتٍ قَٰنِتَٰتٍ تَٰٓئِبَٰتٍ عَٰبِدَٰتٍ سَٰٓئِحَٰتٍ ثَيِّبَٰتٍ وَأَبْكَارًا ۝٥﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە بە پێزە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ﴾، نیزیکە ئەگەر تەڵاقتان بدات، پەروەردگاری هاوسەرانێکی لە ئێوە چاکتری بۆ بکاتە جێدارتان (لە جیاتی ئێوە بۆی بڕەخسێنێ)، ﴿عَسَىٰ﴾، بە مانای: نیزیکە، لەوانەیە، ڕەنگە، ﴿أَن يُبْدِلَهُۥٓ﴾، خوێندراویشەتەوە: (أَنْ يُبَدِّلَهُ)، بۆی بگۆڕێ، پێشتر لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا، لە زمانی عومەری کوڕی خەتتابەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هێنامان، لێرەش ئەم دەقە دێنین:

{عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، قَالَ: قَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رضي الله عنه: اجْتَمَعَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ نِسَاؤُهُ فِي الْغَيْرَةِ، فَقُلْتُ لَهُنَّ: ﴿عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ ۝٥﴾، قَالَ: فَنَزَلَ كَذَلِكَ} (جامع البيان: ٣٤٥١٨).

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێ: عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێیان ڕازی بێ)، گوتی: (عومەر بۆ ئەنەسی کوڕی مالیکی باس کردوە، خوا لە هەردووکیان ڕازی بێ)، هاوسەرانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە دژی وی لە مەسەلەی هەوێدارییدا {(غەیرە) واتە: هەستی هەوێداریی}، گەلە کۆمەکێیان کرد، منیش پێمگوتن: نیزیکە ئەگەر پێغەمبەر ئێوە تەڵاقبدات، پەروەردگاری هاوسەرانێکی لە ئێوە باشتری بۆ بڕەخسێنێ، دوایی خوا ﷻ هەر بەو شێوەیە ئەو ئایەتەی دابەزاند.

ئنجا خـوای پـەروەردگار بە شـەش سـیفەتان ئـەو ئافرەتانـە بـاس دەکات، ئەوەش هۆشـدارییە بـۆ هاوسـەرانی بەڕێـزی پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە ئێـوە هەوڵبـدەن خـاوەنی ئـەو شـەش سـیفەتانە بـن، بـۆ ئـەوەی پێغەمبـەر ﷺ ناچـار نەبـێ، ئەگـەر بێـزاری بکـەن دەسـتبەرداری ئێـوە بـێ و پـەروەردگاری هاوسـەرانێك بەپێـی ئـەو سـیفەتانە بـۆ وی بڕەخسـێنێ:

٢)- ﴿مُسْلِمَٰتٍ﴾، ملکەچ بن (بۆ خوا).

٣)- ﴿مُّؤْمِنَٰتٍ﴾، بڕوادارین (بە خواو بە پێغەمبەرەکەی ﷺ).

٤)- ﴿قَٰنِتَٰتٍ﴾، گوێڕایەڵ بن (بۆ خواو بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ، یان بۆ پێغەمبەر).

٥)- ﴿تَٰٓئِبَٰتٍ﴾، گەڕاوە بن (بۆ شتێك کە خوا پێیخۆشە بۆ ئەوان، کە بریتیە لە فەرمانبەرییان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و، واز لە شتێك بێنن کە خوا پێی ناخۆشە بۆ ئەوان، کە بریتیە لە ئازاردانی پێغەمبەری خوا ﷺ.

٦)- ﴿عَٰبِدَٰتٍ﴾، خواپەرست بن.

٧)- ﴿سَٰٓئِحَٰتٍ﴾، ڕۆژووگر بن، کۆچکەر بن.

٨)- ﴿ثَيِّبَٰتٍ وَأَبْكَارًا﴾، لە بێوەژنان بن و لە کچانیش بن.

(القرطبي) دەڵـێ: **(ثَيِّب)** واتـە: بێـوەژن، دەڵـێ: **(وَقِيلَ: إِنَّمَا سُمِّيَتِ الثَّيِّبُ ثَيِّبًا، لِأَنَّهَا رَاجِعَةٌ إِلَى زَوْجِهَا إِنْ أَقَامَ مَعَهَا، أَوْ إِلَى غَيْرِهِ إِنْ فَارَقَهَا. وَقِيلَ: لِأَنَّهَا ثَابَتْ إِلَى بَيْتِ أَبَوَيْهَا، وَهَذَا أَصَحُّ، لِأَنَّهُ لَيْسَ كُلُّ ثَيِّبٍ تَعُودُ إِلَى زَوْجٍ، وَأَمَّا الْبِكْرُ فَهِيَ الْعَذْرَاءُ، سُمِّيَتْ بِكْرًا لِأَنَّهَا عَلَى أَوَّلِ حَالَتِهَا الَّتِي خُلِقَتْ بِهَا)**.

قورتووبیـی شـیکردنەوەی ئـەوە دەکات بۆچـی بێـوەژن پێـی دەگوتـرێ: **(ثَيِّب)** و کچیـش پێـی دەگوتـرێ: **(بِکر)**؟ دەڵـێ: بێـوەژن بۆیـە پێـی دەگوتـرێ: **(ثَيِّب)** چونکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ لای مێردەکـەی، ئەگـەر لەگەڵیـدا بـەردەوام بـێ، یاخـود ئەگـەر

مێردەکـەی لێـی جیابـۆوە، دەچـێ بـۆ لای، مێردێـکی دی، هەندێکیـش گوتوویانـە لەبـەر ئـەوە دوای ئـەوەی مێردەکـەی دەسـتی لـێ هەڵگـرت، دەچێتـەوە بـۆ لای بـاب و دایکـی و، ئـەوەش ڕاسـترە، چونکـە مـەرج نیـە هـەر ئافرەتێـك کـە مێـردی دەسـتی لـێ هەڵگـرت، بچـێ مێردێـکی دیکـە بکاتـەوە، {هەیـە دەچێتـەوە لای ماڵـی بـابی} بـەڵام کـچ (**بكـر**) بۆیـە پێـی دەگوتـرێ: (**بكر**)،چونکـە هـەر لەسـەر ئـەو حاڵەتەیـە کـە خـوا لەسـەری خوڵقانـدوە.

(واتـە: دەسـتکاریی نەکـراوە، چونکـە (**بُكـرَة**) واتـە: بەیانیـی و سـەرەتای کات، واتـە ئـەو ئافرەتـە لەسـەرەتاوە خـوا چـۆنی خوڵقانـدوە، هـەر بـەو شـێوەیە ماوەتـەوە).

کورتە باسێک لەبارەی
پێگەی بەرزی هاوسەرانی پێغەمبەری خواوە ﷺ

بەڕێـــــزان!

ئـەم کورتـە باسـەمان لـە بـارەی پێگـەی بـەرزی هاوسـەرانی پێغەمبـەری خـواوە ﷺ خـوا لێیـان ڕازی بـێ و، بەرپەرچدانـەوەی هەندێـك گومـان و تۆمـەتی شـیعەی دوازدەیـی (**الشَّيعَة الإثنا عَشَرِيَّة**)یـە، پاڵنـەرم بـۆ پێشکەشـکردنی ئـەم کورتـە باسـە لـە بـارەی دایـکانی بڕوادارانـەوە (**أُمَّهاتُ المُؤمِنِين**)، هاوسـەرە بەڕێـزو دڵسـۆزەکانی پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، ئەوەیـە کـە هەندێـك لە تەفسیرەکانی شیعە، شـیعەی دوازدە ئیمامیـی[1]، قسـەی زۆر بـێ جـێ و ناشایسـتیان

---

(١) مسـوڵمانان زانایـانی ڕەسـەنی ئیسـلام بـە پێشـەوای خۆیـان دەزانـن و، پێشـەوایانی مسـوڵمانان نـە لـە دوازدەدا کـورت هەڵاتـوون، نـە لـە بیسـت داو، نـە لە سـیی داو، ئـەو بیرۆکەیـە بیرۆکەیەکی ئەفسـانەییە، کەسـێك لـە نێـو هەمـوو زانایـانی ئیسـلامدا دوازدەیـان لـێ جیـا بکاتـەوەو بڵـێ: ئەوانـە پێشـەوامانن، ئـەدی ئـەوانی دیکـە کێـن و چیـن؟ لـە حاڵێـك دا هەمووشـیان وەك یـەك پێشـەوای مسـوڵمانانن، ئنجـا هەیانـە پێشـەوایەتییەکەی زیاتـر تێـدا بەرجەسـتە بـووەو هەیانـە کەمـتر، هەیانـە باشـتر کاری بـە زانیارییەکـەی کـردوەو هەیانـە کەمـتر، ئـەوە شـتێکی ڕێژەییـە، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە هەمـوو زانایـانی ئیسـلام و، هەمـوو ئەوانـەی کـە بەڕێـی پێغەمبـەری خـوادا ﷺ ڕۆیـون، بـە جێنشـینان و میراتگـرانی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دادەنرێـن، لـە لای ئەهلی ئیسـلام، بـە مەرجێك عەقڵ و هـۆشی سـەلیم بەکاربێنـن و، پابەنـد بـن بـە ئایەتـەکانی قورئـان و، دەقـەکانی سـوننەتی پێغەمبـەرەوە ﷺ:

أ- عەقڵ و هـۆشی سـەلیم دەڵـێ: ئـەو شـتانەو ئـەو کەسـانەی وەك یەکن، پێویسـتە مامەڵـەی وەك یەکیـان لەگەڵـدا بکـرێ (التَّسـوِيَةُ بَـينَ المُتَماثِلِين)، یەکسـانکردنی شـتە وەك یەکەکان.

ب- دەقـەکانی قورئانیـش بەبـێ جیاوازیـی بـاسی زانایـانی ئیسـلام دەکـەن: ﴿ يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ﴿١١﴾ ﴾ المجادلـة، خـوا ئەوانەتـان کـە بڕوایـان هێنـاوە بەرزیـان دەکاتـەوەو، ئەوانـەی کـە زانیارییـان پێـدراوە چەنـدان پلـە.

ج- پێغەمبەری خواش ﷺ باسی زانایان دەکات بە گشتیی و دەفەرموێ: {إِنَّ العُلَمَاءَ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ} (أخرجه أحمد: ٢١٧٦٣، وأبو داود: ٣٦٤١، والترمذي: ٢٦٨٢)، زانایان میراتگرانی پێغەمبەرانن (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَ السَّلام) پێغەمبەری خاتەم هەندێکی لێ جیانەکردوونەوە.

کەواتە: هەم عەقڵی سەلیم، هەم قورئانی حەکیم، هەم سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانمان پێ دەکەن و پابەندمان دەکەن، کە بە یەك چاو تەماشای زانایان و پێشەوایانی ئیسلام بکەین، نەك هەندێکیان لێ جیا بکەینەوەو گوڵبژێریان تێدا بکەین، بەبێ پێوەرێکی ڕاستەقینە، ئەگەر پێوەرێك هەبێ، ئەوە جیایە، بۆ وێنە: چوار خەلیفە ڕاشیدەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ خۆی لە دوای پێغەمبەری خاتەم ﷺ هەموو هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ) یان زۆربەی هەرە زۆریان ڕێککەوتوون، کە ئەبوو بەکر خوا لێی ڕازی بێ ئەو پێشەوایەو ئەو زانایەو ئەو حوکمڕانە بێ، کە لە جیاتی پێغەمبەری خوا ﷺ کاروباری ئوممەت بەڕێوەبەرێ، لە دوای ئەبوو بەکریش، بەڵێ ئەبوو بەکر پێشنیاری کرد، بەڵام ئەوە مسوڵمانان و هاوەڵان بوون کە پێشنیارەکەی ئەبوو بەکریان خوا لێی ڕازی بێ پەسند کردو، عومەریان خوا لێی ڕازی بێ کردە دووەمین جێنشینی پێغەمبەری خوا ﷺ، وەك ئیبنو تەیمییە دەڵێ: عومەر بوو بە خەلیفەو حوکمڕانی مسوڵمانان دوای ئەوەی هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ) لەسەری کۆك و تەبا بوون، ئەگەرنا کارەکەی ئەبوو بەکر (خوا لێی ڕازی بێ)، تەنیا پێشنیار بوو، ئەبوو بەکریش (خوا لێی ڕازی بێ)، لەوە باشتر لە دین تێگەیشتووە دەزانێ: مادام خۆی مسوڵمانان دایاننەناوە، هی دوای خۆیشی هەر دەبێ مسوڵمانان دایبنێن، بەڵام پێشنیارێکی کردو، لە دوای ئەبوو بەکر، عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ) بوو بە حوکمڕان و جێنشینی پێغەمبەری خوا ﷺ، لە دوای عومەریش مسوڵمانان لە نێوان عەلی و عوسماندا خوا لە هەردووکیان ڕازی بێ، چەند ڕۆژێك خەریك بوون، سەرەنجام زۆرینەیان ڕایان لەسەر عوسمان بوو، ئنجا لە نۆرەی چوارەمدا عەلییان هەڵبژارد، خوا لە هەر چواریان ڕازی بێ.

هەروەها ئەگەر پێوەرێکی بەو شێوەیەمان هەبێ کە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ خوا دەفەرموێ: لێیان ڕازییم و ڕازییشیان دەکەم و، خوا شاهێدییان بۆ دەدات، کە دڵسۆزیی و پاکیی و چاکییان لە دڵدا هەبووە، بە تایبەتی ئەو هەزارو چوار سەد (١٤٠٠) کەسەی کە لە ژێر سێبەری (شجرة الرضوان)دا پەیمانیان بە پێغەمبەردا ﷺ کە خوا دەفەرموێ: ﴿لَّقَدْ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِى قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَـٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿١٨﴾﴾ الفتح، واتە: بە دڵنیایی خوا ڕازی بوو لەوانەی لە ژێر درەختەکەدا پەیمانیان لەگەڵ تۆدا بەست، زانی چییان لە دڵدایە، ئارامیی و ئۆخژنی ڕژاندە سەر دڵیان و، پاداشتیشی دانەوە بە سەرکەوتنێکی نیزیك.

بەرانبەر بە هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەر بە گشتیی و (**عائيشة وحفصة**) بە تایبەت کردوون.

ئنجا لە تەفسیرەکانی شیعەکاندا، دوویانم لێ بە نموونە هێناونەوە:

أ- هەندێك قسەم لە تەفسیری (**المیزان**)ی (**محمد حسين الطباطبائي**)، وەرگرتوون.

ب- هەروەها تەفسیری (نمونە) کە هی کۆمەڵێك لە زانایانی شیعەیە لە ژێر چاودێریی

کەواتە: خوا زانیویەتی چی لە دڵی ئەو (١٤٠٠) هاوەڵەدایە، (خوا لێیان ڕازی بێ)، کە هەر چوار جێنشینەکەی پێغەمبەریان ﷺ تێدا بوون (عوسمان خوا لێی ڕازی بێ لەو کاتە نوێنەری پێغەمبەری خوا بوو بۆ لای قورەیش و پێغەمبەری خوا دەستی خۆی خستە نێو دەستەکەی دیکەی و فەرمووی: ئەمەش لە جیاتی عوسمان! وەك لە (صحيح البخاري و صحيح مسلم)دا هاتوە)، هەموو ئەوانی دیکەی یەکە یەکەی مسوڵمانایان تێدا بوون، وەك (ئەبوو عوبەیدەی جەڕراح و، تەڵحەو، زوبەیرو، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و، سەعیدی کوڕی عاص و، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف و سەعدی کوڕی موعاذ و، سەعدی کوڕی عوبادە)و هەموو ئەو هاوەڵانەی دیکە (خوا لێیان ڕازی بێ)، ئەوانەی کە (شیعەی دوازدەیی) هیچ حیسابیان بۆ ناکەن، بەڵکو دەشیان بوغزێنن، ئەوانە هەموویان لە ژێر ئەو درەختەدا بوون، کە خوا دەفەرمووێ: لێیان ڕازییم، چونکە خوا زانی چییان لە دڵدا هەیە، بۆیە ئارامیی و ئۆخژنی ڕژاندە سەر دڵیان و، پاداشتیشی دانەوە بە سەرکەوتنێکی نیزیك.

ئنجا ئەگەر پێوەرێکی ئاوامان لەبەر دەستدا هەبێ، کە خوا وا دەفەرمووێ، بە نسبەت هاوەڵانەوە بە گشتیی، بە تایبەتی ئەو هەزارو چوار سەد (١٤٠٠) کەسەو، بە نسبەت چوار جێنشینەکەی پێغەمبەرەوە ﷺ کە ئەو ئەو هەزارو چوار سەد کەسە، زۆربەی هەرە زۆریان هەڵیانبژاردوون، ئەوە لەسەر ئەو بناغەیە جیاکارییەك بکرێ و بگوترێ: چوار خەلیفە ڕاشیدەکان خوا لێیان ڕازی بێ، واپێدەچێ لەوانی دیکە باشتربن، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانەی دیکە، ئەو چوارەیان هەڵبژاردوون بۆ جێنشینایەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ، یان بگوترێ: ئەو هەزارو چوار سەد کەسە، لە کۆی هاوەڵانی دیکە لە پێشترن، لەبەر ئەوەی خوای پەنهانزان ئەو ئایەتەی لەسەر ناردوونە خوار، ئەوە ڕێی تێدەچێ، بەڵام کەسێك لە خۆڕاو لە گۆترەوە لەسەر بناغەی دەمارگیریی و، بە چاولێکردنی حوکمی بنەماڵەیی و میراتیی پادشایەکانی ڕۆم و فارس، هەندێك لە زانایان بە بیانووی ئەوەی ئەوانە لە وەچەو بنەماڵەی پێغەمبەرن ﷺ جیایان بکەیەوە، لەڕاستییدا ئەوە شتێکە خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەناردۆتە خوار.

(ناصر مكارم شیرازی)دا، چەند قسەیەكم لێ وەرگرتوون، كە هەر كامیان قسەی ناشایست و بێ جێیان لە بارەی هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەرەوە ﷺ بە گشتیی و، بە تایبەتی هەردوو هاوسەری بەڕێزو خۆشەویستییەوە: حەفصەو عائیشە، كردوون، بۆیە بە چاكم زانی لەو بارەوە هەندێك ڕاستیی بخەمە ڕوو، لە چوار بڕگەداو، لە دوو توێی ئەم كورتە باسەدا:

بڕگەی یەكەم: پێگەی بەرزو ناوازەی دایكانی بڕواداران، هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ بە گشتیی:

١- لە سوورەتی (**الأحزاب**) ئایەتی ژمارە (٦)دا، خوا دەفەرمووێ: ﴿ٱلنَّبِىُّ أَوْلَىٰ بِٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ ۖ وَأَزْوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمْ ...﴿٦﴾﴾**الأحزاب**، پێغەمبەر ﷺ بۆ بڕوادارانی پیاو لە خۆیان لە پێشترە و، هاوسەرەكانیشی دایكانیانن.

هاوسەرەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ دایكانی پیاوانی بڕوادارن، بەڵكو هەندێك لە زانایان گوتوویانە: هاوسەرەكانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ دایكانی پیاوو ئافرەتەكانی مسوڵمانانن.

٢- هەر لە سوورەتی (**الأحزاب**)، لە ئایەتەكانی: (٣٠ - ٣٤)دا، با تەماشا بكەین خوا چۆن ڕاستەوخۆ هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەرەكەی ﷺ دەدووێنێ، خوا لەسەرووی حەوت ئاسمانەوە بەمجۆرە ئەو هاوسەرە بەڕێزانەی پێغەمبەری كۆتایی ﷺ دەدووێنێ: ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِىِّ مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ يُضَٰعَفْ لَهَا ٱلْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿٣٠﴾ وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعْمَلْ صَٰلِحًا نُّؤْتِهَآ أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾ يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِىِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ ۚ إِنِ ٱتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ فَيَطْمَعَ ٱلَّذِى فِى قَلْبِهِۦ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴿٣٢﴾ وَقَرْنَ فِى بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ ۖ وَأَقِمْنَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعْنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجْسَ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا ﴿٣٣﴾ وَٱذْكُرْنَ مَا يُتْلَىٰ فِى بُيُوتِكُنَّ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلْحِكْمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا ﴿٣٤﴾﴾الأحزاب،

لێرەدا بە کورتیی ئەو ئایەتە موبارەکانە مانا دەکەین، خوا دەفەرموێ: ئەی ئافرەتانی پێغەمبەر! (واتە: ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ!) هەر کامێك لە ئێوە کردەوەیەکی ناقۆڵای ئاشکرا، (یاخود ئاشکراکەر) ئەنجام بدا[1]، (پێغەمبەری خوا ئازار بدات و نارەحەت بکات)، سزای بۆ دوو قات دەکرێتەوەو، ئەوەش لەسەر خوا ئاسانە، هەر کامیش لە ئێوە گوێڕایەڵ بێ بۆ خوا و بۆ پێغەمبەرەکەی و، کردەوەی باشیش بکات، دوو جاران پاداشتی دەدەینەوەو، بژیوێکی پڕ ڕێزو حورمەت (یاخود بژیوێکی زۆر باش و پەسند)یشمان بۆ ئامادە کردوە، ئەی ئافرەتانی پێغەمبەر! ئێوە ئەگەر پارێز بکەن، (پارێز لە خوا بکەن)، وەك هیچ کام لە ئافرەتان نین، (پێگەیەکی زۆر بەرزو ناوەزەتان هەیە، هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەرن ﷺ)، بۆیە قسەی نەرم و ناسك مەکەن، (قسەی بە نازەوە مەکەن)، کە سەرەنجام کەسێک کە دڵی نەخۆشیی تێدایە تەماعتان تێ بکات و، قسەیەکی پەسند بکەن و، لە ماڵەکانی خۆتانیش دا نیشتەجێ بن و، وەك ڕازاندنەوەی سەردەمی نەفامیی خۆتان مەڕازێننەوە، (یاخود وەك خۆ ڕووتکردنەوەی سەردەمی نەفامیی خۆتان ڕووت مەکەنەوە، واتە: بە زۆریی لە ماڵ دا بن و، کە چوونە دەریش بەشێوەیەك بچنە دەر، وەك ئافرەتانی ڕۆژگاری نەفامیی مەکەن، چ لە ڕووی خۆ ڕازاندنەوەو، چ لە ڕووی دەرخستنی جوانییەکانی خۆتانەوە)، نوێژ بەرپا بکەن و زەکات بدەن و فەرمانبەریی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن، بە دڵنیایی ئەی (ئافرەتە) خاوەنەکانی ماڵ (ی پێغەمبەر ﷺ!) خوا تەنیا دەیەوێ پیسییتان لێ لابەرێ، (پیسیی گوناهو لادان و تاوان) و بە پاککردنەوەی چاك پاکتان بکاتەوە، یادی ئەو ئایەتانەو ئەو

---

(١) پێشتریش گوتوومانە: ﴿بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ﴾، تەنیا لە سێ ئایەتدا هاتوە لە قورئاندا: ١- لە سوورەتی (النساء)دا، ٢- لێرە لە سوورەتی (الأحزاب)دا، ٣- لە سوورەتی (الطلاق)دا، کە ئێمە هەم لە تەفسیری سوورەتی سوورەتی (النساء)و، هەم لە تەفسیری سوورەتی (الأحزاب) و، هەم لە تەفسیری سوورەتی (الطلاق)یشدا، قسەمان لێکرد کە مەبەست لە: ﴿بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ﴾، ئازاردانی ژنە بۆ مێردی، چونکە وشەی (فاحِشَة) ئەگەر بە تەنیا بێ، بە مانای داوێن پیسییەو بە مانای نێربازییەو، بە مانای لادانی جینسییە، بەڵام کە قەیدی ﴿مُّبَيِّنَةٍ﴾، یان (مُبَيِّنَة)ەی دەخرێتە سەر، واتە: ئەوە کە ئەو ئافرەتە بە جۆرێك لەگەڵ مێردیدا مامەڵە بکات، ئازاری بدات و نارەحەت و بێزاری بکات.

حیکمەتەش بکەنەوە کە لە ماڵەکەتاندا دەخوێنرێنەوە، (بیر خۆتانیان بهێننەوە)، بە دڵنیایی خوا پەنهانکاری شارەزایە.

ئنجا ئێمە لە تەفسیری سوورەتی ئەحزابدا بە تەفصیل لە بارەی ئەو ئایەتانەوە قسەمان کردوەو، لەوێشدا بەرپەرچی قسەی شیعەکانمان داوەتەوە کە دەڵێن: لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجْسَ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا ﴾، ﴿أَهْلَ ٱلْبَيْتِ﴾، ئەی خاوەنانی ماڵ (**أهل البيت**)، خوا دەیەوێ پیسییتان لێ لابەرێ و بە پاككردنەوە پاكتان بكاتەوە، لەوێ ڕوونمان كردۆتەوە كە بە دڵنیایی لەم ئایەتانە هەموویاندا، ڕووی دواندن لە هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەرە ﷺ، وشەی ﴿أَهْلَ ٱلْبَيْتِ﴾یش، لە دوو شوێن لە قوڕئاندا هاتوە، لە سوورەتی (**الأحزاب**)و لە سوورەتی (هود) داو، لە هەردووكیاندا مەبەست پێی ژن و هاوسەرە، هی (**الأحزاب**) ئاشكرایە (**يا نساء النبيُّ**)، لە سوورەتی (هود)یشدا فریشتەكان هاوسەری ئیبراهیم (سارا خاتوون) دەدوێنن: ﴿ قَالُوٓاْ أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ رَحْمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيْكُمْ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ ...﴿٧٣﴾ ﴾هود، وشەی ﴿أَهْلَ ٱلْبَيْتِ﴾، یانی: ژن و هاوسەرو خێزان، لە قوڕئاندا تەنیا لەو دوو شوێنەدا هاتوەو، لە هەردوو شوێنەكاندا ڕووی دواندن لە هاوسەری پیاوە، لێرە: هاوسەرانی پێغەمبەری خاتەم ﷺ، لەوێش: هاوسەری ئیبراهیم (**عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) ئنجا ئەگەر دوایی دەقێكی سوننەت هەبێ ئەوانەی دیكەش بخرێنە نێو چەمكی ئەم ئایەتەوە، وەك عەلی و فاتیمەو حەسەن و حوسەین خوا لێیان ڕازی بێ، بەڵكو هەندێك لە زانایان دەڵێن: خزمانی دیكەی پێغەمبەریش ﷺ، بەڵام بێگومان مەبەستی ئەسڵیی و سەرەكیی لەم تەعبیرە، هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەری خوان ﷺ.

بەڵێ خوا ﷻ ئاوا هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەرەكەی ﷺ دەدوێنێ و، ئەوە پایەو پێگەی بەرزیانە، هەروەها لە سوورەتی (النور)یش لە ئایەتی (٢٦)دا، كە تایبەت لە بارەی دایكمان عائیشەوەیە (خوا لێی ڕازی بێ)، بەڵام واتاو

چەمکەکەی هاوسەرەکانی دیکەی پێغەمبەریش دەگرێتەوە، کە لە بەسەرهاتی بوختان کران بۆ دایکمان عائیشەدا (خوا لێی ڕازی بێ)، خوا ﷻ شازدە (١٦) ئایەتی ناردنە خوار، ئایەتەکانی: (١١ - ٢٦)، لە ئایەتی (٢٦)ەم و کۆتاییدا کە شازدەیەمین ئایەتە، بە نسبەت کۆی ئەو ئایەتەوەی کە لە بارەی بەسەرهاتی بوختان (إِفْك) بۆ کرانی دایکمان عائیشەوە هاتنە خوار، لە ئایەتی کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ ٱلْخَبِيثَٰتُ لِلْخَبِيثِينَ وَٱلْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَٰتِ ۖ وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ مُبَرَّءُونَ مِمَّا يَقُولُونَ ۖ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٢٦﴾ ﴾النور، واتە: ئافرەتانی پیس بۆ پیاوانی پیسن و، پیاوانی پیسیش بۆ ئافرەتانی پیسن، ئافرەتانی پاك بۆ پیاوانی پاکن و، پیاوانی پاکیش بۆ ئافرەتانی پاکن، ئەوانە دوورن لەوەی (دڵنەخۆشەکان و بوختانچییەکان) دەیڵێن، لێبوردنێك و بژیوێکی ئەوپەڕی باشیان هەیە، یاخود: ئەوپەڕی پڕ ڕێزو حورمەتیان هەیە، (لە لای خوا ﷻ) کە بە تایبەت عائیشە دەگرێتەوە خوا لێی ڕازی بێ و، لەگەڵیشدا ئەو پیاوەی لەگەڵ ئەودا بوختانی پێ کرا (صەفوانی کوڕی موعەتیلی سەهمیی)، بەڵام بێگومان چەمکەکەی هەموو هاوسەرە بەڕێزەکانی دیکەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەگرێتەوە، هەروەها تێکڕای ئافرەتان و پیاوانی پاك و چاك.

کەواتە: ئاوا خوا ﷻ باسی پێگەو پایەی بەرز و ناوازەی هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ دەکات.

برگەی دووەم: ئایا ئایەتەکانی سوورەتی (التحریم) مانای خراپیی هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ دەگەیەنن؟

کە وەك گوتم: شیعەی دوازدە ئیمامیی کە بەداخەوە لە پشت پەردەی ڕەشەوە تەماشای هاوەڵان بە گشتیی و، بە تایبەت هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ و لە نێویشیانداو بەتایبەتتر: حەفصەو عائیشە (خوا لێیان ڕازی بێ) دەکەن، وایان لێ خوێندۆتەوە، وەك دوایی باسی دەکەین، ئنجا با

تەماشا بکەین: (ابن عجیبة) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، لە (النَّسفي)یەوە نەقڵ دەکات و دەڵێ: (كَيْفَ يَكُونُ الْمُبْدَلَاتُ خَيْرًا مِنْهُنَّ، وَلَمْ يَكُنْ عَلَى وَجْهِ الْأَرْضِ نِسَاءٌ خَيْرٌ مِنْ أُمَّهَاتِ الْمُؤْمِنِينَ؟ نَقُولُ: إِذَا طَلَّقَهُنَّ الرَّسُولُ لِعِصْيَانِهِنَّ لَهُ، وَإِيذَائِهِنَّ إِيَّاهُ، لَمْ يَبْقِينَ عَلَى تِلْكَ الصِّفَةِ، وَكَانَ غَيْرُهُنَّ مِنَ الْمَوْصُوفَاتِ بِهَذِهِ الْأَوْصَافِ مَعَ الطَّاعَةِ لِرَسُولِ اللَّهِ، خَيْرًا مِنْهُنَّ).

کە خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ ﴾، ڕەنگە ئەگەر ئەو (پێغەمبەر ﷺ) تەڵاقتان بدات، پەروەردگاری هاوسەرانی لە ئێوە باشتری بۆ بگۆڕێ، بیانکاتە جێداری ئێوە، (النسفي) دەڵێ: ئەگەر گوتت: چۆن دەبێ ئەو ئافرەتانەی دەبنە جێدارو پێ گۆڕدراوی هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ {واتە: هاوسەرەکان لابچن و بگۆڕدرێن بەوانە}، چۆن بەدیلەکانیان لەوانە باشتر دەبن، لەحاڵێکدا کە لەسەر ڕووی زەوی باشتر لە دایکانی بڕواداران لە ئێو ئافرەتاندا نەبووە؟ دەڵێین: ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ تەڵاقی دابانایە، چونکە سەرپێچییان لێی کردووەو ئازاریان داوە (و لەسەر ئازاردانەکەی بەردەوام بووبانایە)، ئەو کاتە لەسەر ئەو سیفەتە نەدەمان و، ئەو کاتە ئەو ئافرەتانەی خاوەنی ئەو سیفەتانەن، کە خوا ﷻ خستوونیە ڕوو: ﴿ مُسْلِمَٰتٍ مُّؤْمِنَٰتٍ قَٰنِتَٰتٍ تَٰٓئِبَٰتٍ عَٰبِدَٰتٍ سَٰٓئِحَٰتٍ ﴾، ئەو کاتە ئەو ئافرەتانەی ڕازێنەدراوە دەبوون بەو سیفەتانە، باشتر دەبوون لە دایکانی بڕوادارانێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەستبەرداریان دەبوو و وازی لێ دەهێنان.

ئەمە مانایەکی ڕێك و ڕاست و مەعقوولە، ئنجا هەرچەندە (النسفي) ڕوونی نەکردۆتەوە، کە بۆچی دەڵێ: لەسەر ڕووی زەوی هیچ ئافرەتێك لە دایکانی بڕواداران باشتر نەبوون؟ چونکە بەپێی ئایەتی (٢٦)ی سوورەتی (النور)، خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِ ﴾، کەواتە: ئەو هاوسەرانە

---

(١) البحر المديد في تفسير كتاب الله المجيد: ج٨، ص٨٤.

دیارە (طَيِّبات) بوون، بۆیە خوا ﷻ قسەمەتی ئەوانی خستۆتە لای ئەو پیاوە، هەرە (طَيِّب) و پاك و چاكە، كە پێغەمبەری خوایە ﷺ.

بەڵام ئەگەر وەك شیعە دەڵێن: پیس و زیانبەخش بوونایە، بە دڵنیایی خوای كاربەجێ بواری نەدەدا ئەو ئافرەتانە بێنە ژێر نیكاحی پێغەمبەرەكەی ﷺ و ببنە هاوسەری.

هەر لە بارەی چەمكی ئەو ئایەتە موبارەكەوە كە ناگونجێ بكرێتە بەڵگە لەسەر تانەدان لە هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ واتە: ئایەتی ژمارە پێنجی سوورەتی (التحريم) كە دەفەرموێ: ﴿ عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ ﴾، یەكێكی دیكە لە ڕوونكەرەوانی قورئان (عبدالرحمن بن ناصر السعدي) لە تەفسیرەكەی خۆیدا[1] دەڵێ:

(فَلَمَّا سَمِعَنَ (رَضِي الله عَنْهُنَّ) هَذَا التَّخْوِيْفَ وَالتَّأْدِيْب، بَادَرْنَ إلى رِضَا رَسُولِ الله ﷺ، فَكَانَ هَذَا الوَصْفُ مُنْطَبِقًا عَلَيْهِن، فَصِرْنَ أفْضَل نِسَاءِ المُؤْمِنِيْن، وَفِي هَذَا دَلِيْلٌ عَلَى أنَّ الله لَا يَخْتَارُ لِرَسُوْلِهِ ﷺ إلاَّ أَكْمَلَ الأَحْوَال وَأَعْلَى الأُمُور، فَلَمَّا اخْتَارَ الله لِرَسُولِهِ بَقَاءَ نِسَائِهِ المَذْكُوْرَات مَعَهُ، دَلَّ عَلَى أَنَّهُنَّ خَيْرَ النِّسَاءِ وَأَكْمَلُهُنَّ)، واتە: كاتێك هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ترساندنەو تەمبێ كردنەیان بیست، یەكسەر دەست و بردیان كرد بۆ ڕازیكردنی پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەو وەسفە [كە خوا دەفەرموێ: ﴿ مُسْلِمَٰتٍ مُّؤْمِنَٰتٍ قَٰنِتَٰتٍ تَٰٓئِبَٰتٍ عَٰبِدَٰتٍ سَٰٓئِحَٰتٍ ﴾، ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ دەستبەردارتان بێ، خوا هاوسەرانێكی ئاوای بۆ دەرەخسێنێ]، بەسەریان دا چەسپا و بوون بە باشترین ئافرەتانی بڕواداران، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە كە خوا ﷻ باشترین و تەواترین حاڵ نەبێ و بەرزترین كار نەبێ بۆ پێغەمبەرەكەی ﷺ هەڵنابژێرێ.

---

(١) تيسير الكريم المنان في تفسير كلام الرحمن: ص(٨٧٣، ٨٧٤).

مادام خوا مانەوەی هاوسەرەکانی، ئەو هاوسەرانەی باسیان کراون، بۆ پێغەمبەرەکەی هەڵبژاردبێ و بڕیاری دابێ بمێننەوە لە خزمەتیدا، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو هاوسەرانە باشترینی ئافرەتانن و تەواوترینیانن، ئەمەش شتێکی زۆر مەنتیقی و مانا لێکدانەوەیەکی ڕێك و ڕاستە، خوا پاداشتیان بداتەوە.

بڕگەی سێیەم: کەواتە: قسەی قرپۆك و پڕ قینەو بوغزی نووسەرە شیعە ئیمامییەکان، هیچ بنەمایەکی زانستیی و شەرعیی و عەقڵیی نییە.

ئنجا با تەماشای قسەکانی ئەو دوو تەفسیرە بکەین:

یەکەم: (**محمد حسين الطباطبائي**) کە شیعە خۆی بە حەکیم و فەیلەسووف و، تەفسیرەکەی (الميزان) بە موعتەبەرترین تەفسیری خۆیان دادەنێن و بە زمانی عەرەبیی نووسراوە[1]، ئاوا ئەم ئایەتە بەلارێدا دەبات و مانای لێ دەداتەوە، کە سەر بکێشێ بۆ نەك لە پشت پەردەی ڕەشەوە، تەماشا کردنی هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەڵکو زۆر بە گوناهبارو خراپەکاریش دایانبنێ! دەڵێ:

(**وَالصَّغْو: المَيْلُ، وَالمُرَادُ بِهِ المَيْلُ إلى البَاطِلِ وَالخُرُوجِ عَنِ الإسْتِقَامَةِ، وَقَدْ كَانَ مَا كَانَ مِنْهُمَا مِنْ إِيْذَائِهِ وَالتَّظَاهُرِ عَلَيْهِ مِنَ الكَبَائِر:** ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿٥٧﴾﴾**الأحزاب**، ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ رَسُولَ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦١﴾﴾**التوبة**)، واتە: (**صغو**) بە مانای مەیلە (ئەوە ڕاستە لە ڕووی زمانەوانییەوە)، بەڵام مەبەست لێرەدا مەبەست پێی لادانە بەرەو ناهەق و دەرچوونە لە ڕاستە ڕێ، ئەوەش کە لەو دووانە ڕوویدا [ناویان ناهێنێ، واتە: (حەفصەو عائیشە)، خوا لێیان ڕازی بێ]، لە ئازاردانی (پێغەمبەر ﷺ) و پشتی یەکدی گرتن بۆ ئازاردانی، لە گوناهە گەورەکان بوو، خوای بەرزیش فەرموویەتی: ئەوانەی ئازاری خواو پێغەمبەری خوا دەدەن، خوا لە دنیاو دوارۆژدا نەفرینی لێکردوون، سزاو ئازارێکی ڕیسواکەری بۆ داناون، هەروەها خوا فەرموویەتی: ئەوانەی ئازاری پێغەمبەری خوا دەدەن، سزاو ئازارێکی بە

(١) ج١٩، ص٣٣١.

ئێشیان بۆ هەیە. واتە: حەفصەو عائیشە خوا لێیان ڕازی بێ، وەبەر هەڕەشەی ئەو دوو ئایەتە دەکەون!!

ئای چەند بێ ئەدەبییەکی گەورەیەو، چەند بێ حورمەتییەکی مەزنە بەرانبەر بە هاوسەرانێك کە خوا ﷻ بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ هەڵیبژاردوون، هەر لەبەر ئەوەی بە پێشبڕکەی زۆر خۆشەویستییان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، تەگبیرێکیان کردوە کە هەوێیەکیان لە کۆڵ بێتەوە، یاخود پێغەمبەر ﷺ لەلای ئەو هەوێیەیان نەمێنێتەوە، کە زەینەبی کچی جەحشەو لە لای وی هەنگوینی خواردۆتەوە، یان ماریەی **قیبطیی** (خوا لێی ڕازی بێ)، وەك هەوێیەك لە کۆڵیان بێتەوەو، هاوسەرەکەیان زیاتر ڕوو لە وان بکات، هەموو ئەوەی حەفصەو عائیشە کردوویانە (خوا لێیان ڕازی بێ)، بە پاڵنەری زێدە خۆشویستنیان بووە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و، لەبەر زۆر ڕق هەڵسانیان نەبووە لێی و نەیانویستوە ئازاری بدەن، بەڵام ناڕاستەوخۆ شتەکە بۆتە هۆی ئازاردانی پێغەمبەر ﷺ، نەك ئەوان مەبەستیان بووبێ، کەچی ئەو بێنێ ئەوەی لێ هەڵهێنجێ کە وەبەر لەعنەتی خوا کەوتوون و خوا ئازاری ڕیسواکەری بۆ داناون و، ئازاری بە ئێشی بۆ داناون!! بەڕاستیی ئەوە جگە لە بێ ئینصافیی و دڵڕەشیی و، جگە لە ناحاڵیی بوون لە قورئان و لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و، جگە لە دوور کەوتنەوە لە عەقڵ و ڕەوشتە بەرزەکانی مسوڵمانان، هیچی دیکە نیە.

ئەو ئایەتانەش کە ئەو بە بەڵگەی هێناونەوە، چ ئەوەی (**الأحزاب**)و، چ ئەوەی (**التوبة**)، لە بارەی مونافیقەکانەوە هاتوونە خوارو، هیچ پەیوەندییان هەر بە مسوڵمانیشەوە نیە، چ جای هاوسەرانی پاك و چاکی پێغەمبەری خوا ﷺ!!

هەڵبەتە دوای ئەوەش کە خوا ﷻ لە سوورەتی (النور)دا ڕایدەگەیەنی کە ئافرەتە پاکەکان بۆ پیاوە پاکەکانن و پیاوە پاکەکان بۆ ئافرەتە پاکەکانن، ئاشکراشە کە ئەو ئافرەتە پاك و چاکانە هاوسەری پێغەمبەری خوا بوون، کەواتە: هیچ دەرفەت بۆ گومانی بەدو قسەی بێ نەزاکەت بەرانبەریان

نەماوە! خواش ﷻ هەڕەشەی لێکردوون لە ئەو ئافرەتانە، کە ئەگەر بەردەوام بن لەسەر ئازاردانی پێغەمبەرەکەی ﷺ کە وەك گوتم: ئازاردانەکە ناڕاستەوخۆ بووە، نەك ڕاستەوخۆ و، ئەوان کارێکیان کردوە بۆتە هۆی ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ دڵی ئازار بدرێ، نەك مەبەستیان بووبێ ئازاری بدەن، بەڵکو قەزیەکە موونافەسە بووە لە خۆشەویستیی پێغەمبەردا ﷺ و نزیکیی زیاتر لێیەوە، کەچی کەسێک بێنێ ئەوە بکات بەهانەو دەستەچیلەی ئەوە، کە دایکانی بڕواداران، وەبەر نەفرینی خوا بخات و پێی وابێ ئازاری ڕیسواکەرو بە ئێشیان بۆ هەیەو، ئەو هەمووو ئایەتانەی دیکە نادیدە بگرێ، ئەوانەی سووڕەتی ئەحزاب کە خوێندمانەوەو، ئەوەی سووڕەتی نوور و، ئەوانەی ئێرەش (**التحريم**)، ئەوە شتێکی زۆر ناماقووڵ و بێ جێیە! سەربارەش خوا فەرموویەتی: ئەگەر تەڵاقتان بدات، خوا هاوسەرانی دیکەی بەو جۆرەی بۆ دەرەخسێنێ و دەیانکاتە جێدارتان، نەك لە هەموو حاڵان دا!.

دووەم: ئێستاش با قسەی تەفسیرێکی دیکەشیان سەرنج بدەین، هی شیعەی دوازدەیی، کە تەفسیری (نمونە)یە[1] بە فارسیی، دەڵێ:

(أز مجموع ين هية بَرمی آيد كە بعض أزهمسران پيامبر، نەتنها أورا باسُخنان خود ناراحت ميكردند، بلكە مسئلەی رازداری، كە أز مهمترين شرائط يك همسر بە وفا أست، در آنها نبود).

واتە: لە کۆی ئەم ئایەتە وەردەگیرێ کە هەندێك لە هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ نەك هەر بە قسەکانی خۆیان، ئەویان ناڕەحەت دەکرد، بەڵکو مەسەلەی پاراستنی نهێنیی، کە لە گرنگترین مەرجەکانی هاوسەرێکی بە وەفایە، ئەو سیفەتەشیان تێدا نەبوو!!

---

(١) ج٢٤، ص(٢٧٥،٢٧٦).

بێگومان ئەوەش بێ ئەدەبییەکی زۆر ناقۆڵایە و، دەڵێم:

أ- ئەوانە یان دەبێ کۆیلەی ژنەکانیان بن.

ب- یان دەبێ نەزانن پیاوێك کە زیاتر لە هاوسەرێکی هەبێ، ئەو هاوسەرانە پێکەوە مونافەسەو پێشبڕکێیان دەبێ و، هەستی هەوێدارییان دەبێ و، غەیرەیان دەبێ، لە ئەنجامی ئەوەش دا کە هەر کامێکیان دەیەوێ لە مێردەکەی نزیکتر بێ، دەیەوێ ئەوی دیکە دووربکەوێتەوەو، دەمەقاڵێ دەبێ و قسەو قاڵ دەبێ، ئنجا ئەوانە واپێدەچێ یان کۆیلەی ژنەکانیان بن و، ژنەکانیان چییان پێ بڵێن، وابکەن و وایان کردبێ، یان لە عەقڵ و مەنطیق و عیلم و واقیع زۆر خۆیان دوور خستۆتەوە! هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ کە قسەیەکیان کردوەو، پێغەمبەری خوا دڵی پێ نارەحەت بووە، مەبەستیان ئەوە نەبووە پێغەمبەری خوا ئازار بدەن، بەڵکو ئافرەت عاتیفە و هەست و سۆزی هەیەو هەستی هەوێدارێتیی هەیە، بۆیەش پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر لەگەڵیان چاوپۆشییکارو لێبوردەو میهرەبان بووە، چونکە زانیویەتی لە خۆشەویستیی ئەودا وادەکەن، نەك ڕقیان لێی هەڵبستێ، ئنجا ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ زانیبای یەکێك لە هاوسەرانی لەگەڵیدا پاك نیەو موخەننەتە، کەس دەستی نەگرتبوو، وازی لێ دەهێنا.

بۆیە ئەمەش جگە لە داخی دڵی خۆ ڕشتن، بە هەردوو دایکانی بەڕێزمان: حەفصەو عائیشە (خوا لێیان ڕازی بێ)، کە کچی هەردوو وەزیرەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ و، هەردوو هاوەڵە زۆر نزیك و دڵسۆزەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەبوو بەکرو عومەر بوون، جگە لە ڕق هەڵسان لە بابیان و لە خۆشیان، هیچی دیکەی لێ ناخوێندرێتەوە.

برگـەی چـوارەم و کۆتایـی: ئـەو جـۆرە قسـانە بـێ ڕێزییـن بـە هاوسـەرانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ و دڵنەخۆشـییە بەرانبەریان و، بێ ئەدەبییـە بەرانبەر پێغەمبەری خـوا ﷺ و، حاڵیـی نەبوونیشـە لـە سرووشـتی ژیـان و سرووشـتی ئافرەتانیـش:

ئنجا من ئەوەی لێی دەخوێنمەوە، کە چەند پاڵنەرێك لەپشت ئەو قسانەوە هەن:

١- لە بیانوو بوون لە هاوەڵان و هاوسەرانی پێغەمبەری خوا ﷺ و ڕق و بوغز بەرامبەریان، بە تایبەت: حەفصەو عائیشە (خوا لێیان ڕازی بێ)و بابیان عومەرو ئەبوو بەکر، بۆیەش حەفصەم پێش عائیشە خست، چونکە نهێنییەکە کە پێغەمبەر ﷺ دایناوە، بەپێی هەردوو ڕیوایەتەکە، ئەگەر خواردنی هەنگوین بووە لەلای زەینەب، پێشێ حەفصە پێی گوتوە: بۆنی مەغافیرت لێ دێ، بە ڕێککەوتن لەگەڵ دایکمان عائیشەداو، ئەگەر جووت بوون بووە لەگەڵ ماریەی قیبطیی دا، لە ژوورەکەی حەفصەدا بووە، ئەو نهێنییەکەی لە لا داندراوە لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺو، ئەو درکاندوویەتی بۆ دایکمان عائیشە ﷺ (خوا لێیان ڕازی بێ).

٢- ئایا دوای فەرمایشتی خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ﴿ يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّ ﴾، ئەی ئافرەتانی پێغەمبەر ﷺ! ئێوە وەك هیچ کام لە ئافرەتان نین ئەگەر پارێزکار بن، ئایا نەدەبوو واز لە بێ ڕێزیی بەرانبەریان بهێنرێ؟ مادام گوێ لە فەرمایشتی خوا بگیرێ کە خوا دەفەرموێ: ئێوە وەك هیچ کام لە ئافرەتان نین، ﴿ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّ ﴾، ئەگەر ئەهلی تەقوا بن، بێگومانیش حەفصەو عائیشە (خوا لێیان ڕازی بێ) کە سیرەو ژیانەکەیان دەیخوێنینەوە، دەزانین چەندە ئەهلی تەقوا بوون:

أ- بەنسبەت حەفصەوە دەڵێین: موصحەف ئەو موصحەفەی ئێستا لەبەر دەستی ئێمە دایە، لە ماڵی حەفصەدا بووە خوا لێی ڕازی بێ، دوای ئەوەی بە پێشنیاری عومەر لە سەردەمی ئەبوو بەکردا (خوا لێیان ڕازی بێ)، لە دوو توێی موصحەفێکدا هەموو قوڕئان کۆ کرایەوە، لە لای عومەر بوو، دوایی لە لای حەفصەی کچی دانرا، حەفصەش هەموو قوڕئانی لەبەر بووە.

ب- بەنسبەت عائیشەوە دەڵێین: عائیشەش هەموو قورئانی لەبەر بووە، عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەو شازدە (١٦) ئایەتەی سوورەتی نووری بەسن، تاکو قیامەت مایەی شانازینی و، هەزار قسەو قاڵی بوغزاوییانەی شیعە فلسێکی قەڵب ناهێنێ، لە بەرانبەر (١٦) ئایەتی خوای بەرزو مەزندا، کە کۆتاییەکەیان ئەوەیە خوا دەفەرموێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ مُبَرَّءُونَ مِمَّا يَقُولُونَۖ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ٢٦﴾النور، ئەوانە دوورن لەوەی ئەو (دڵنەخۆش)انە دەیڵێن و، لێبوردنێك و بژیوێکی ئەوپەڕی باش و پڕ ڕێزو حورمەتیان بۆ هەیە، ئنجا بێگومان هەرچی ئەو هاوسەرە بەڕێزانە کردوویانە، وەك پێشتریش گوتمان، هەرچەندە هەڵەش بووبێ، بەڵام هەر لەبەر زێدە خۆشەویستییان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بووە، نەك وەك شیعە گومانیان پێ دەبەن، ڕقیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوبێ و ویستبیان ئازاری بدەن! شتی ئاوا هەر ناگونجێ، پێغەمبەرێك ﷺ کە خوا وەحیی بۆ دەنێرێ و، خوای پەروەردگار ئاگاداری دڵ و دەروونی هەموو مرۆڤەکانە، ئەگەر زانیبایە ئەو هاوسەرانەی بە کەڵکی نایەن، دەیفەرموو: دەستیان لێ بەردە.

٣- ئایا هاوەڵان و هاوسەرانی پێغەمبەری خوا ﷺ هێندە بە خراپ زانین، وێڕای تێکگیران لەگەڵ قورئاندا، ناڕاستەوخۆش تانەدان نیە لە عەقڵ و هۆشیاریی پێغەمبەر ﷺ؟ با، لەڕاستییدا ئەوە گومانی خراپ بردنە بە خودی پێغەمبەریش ﷺ، پێغەمبەری خوا وێڕای ئەوەی کە بۆ خۆی خاوەنی گەورەترین عەقڵ بووە، بێگومان هەموو پێغەمبەران لە ڕۆژگاری خۆیاندا، لە هەموو خەڵکی ڕۆژگاری خۆیان عاقڵتر بوون و بلیمەت بوون، وێڕای ئەوە کە پێغەمبەر ﷺ وەحیی خواشی بۆ هاتوە، ئنجا کەسێك هاوسەرەکانی هێندە بە خراپ دابنێ، لە حاڵێکدا ئەویش لە لای خۆی بیانهێڵێتەوە، ئایا ئەوە تانەدان نیە لە عەقڵ و هۆشی پێغەمبەریش؟ بێگومان با.

٤- کۆتا قسەشم ئەوەیە: هەموو ئەوەی ئەو دوو نووسەرە شیعەیە کردوویانە بە بنەما بۆ ئەو گومانی خراپ پێبردن و دڵڕەشییە، بەرانبەر بە هەردوو هاوسەری بەڕێزو دڵسۆزی پێغەمبەری خوا ﷺ: عائیشەو حەفصە، ئەوەیە کە لە ئایەتی ژمارە (٥)ی سوورەتی (التحريم)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبۡدِلَهُۥٓ أَزۡوَٰجًا خَيۡرٗا مِّنكُنَّ﴾.

بەڵام دەڵێین: بە دڵنیایی ئەو هەڕەشە کردنە بە تەڵاقدان، تەنیا بۆ ترساندن و تەمبێ کردن بووەو، ئەگەر ئەنجامگیریی خراپی لێ بکرێ، وەك ئەوە وایە ئەنجامگیریی خراپ لەو ئایەتە موبارەکە بکرێ، کە خوا ﷻ بە پێغەمبەری کۆتایی ﷺ دەفەرموێ: ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴿٦٥﴾﴾الزمر، واتە: ئەگەر هاوبەش دابنێی بۆ (خوا)، کردەوەکەت هەڵدەوەشێتەوەو لە زیانباران دەبی، ئنجا ئایا کە خوا مەرجی داناوە، بۆ پێغەمبەرەکەی کە: ئەگەر هاوبەش دابنێی بۆ خوا، کردەوەکەت هەڵدەوەشێتەوەو بە دڵنیایی لە هەرە زیانباران دەبی، ئایا دەگونجێ بگوترێ: لەبەر ئەوەی خوا وای پێ فەرمووە، کەواتە: وایە؟ نەخێر، بێگومان ئەوە کوفرە.

لێرەش کە خوا دەفەرموێ: ﴿عَسَىٰ رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ﴾، ڕەنگە ئەگەر تەڵاقتان بدات پەروەردگاری هاوسەرانی لە ئێوە باشتری بۆ بڕەخسێنێ، بەڵام ئایا تەڵاقی داون؟ نەخێر، کەواتە: هاوسەرانی لەوان باشتری بۆ نەڕەخساندوون و، هەر ئەوان باشترین هاوسەرەکانی بوون، بە بەڵگەی ئەوە کە خوا هێشتنیەوە لە ژێر نیکاحی پێغەمبەردا ﷺ و، بە هاوسەری بەڕێزی پێغەمبەر هێشتنیەوە، کەواتە: ئەو سیفەتانەی خوا دەفەرموێ: لەو ئافرەتانەدا دەبن کە جێگۆڕکەیان پێدەکات لەگەڵ ئێوەداو، ئێوەیان پێ دەگۆڕێ و دەیانهێنێتە شوێنی ئێوە، کە بریتین لە: ﴿مُسْلِمَاتٍ مُّؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا﴾، دیارە ئەو هەشت سیفەتە، لە هاوسەرە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ بوون، بۆیەش خوا ﷻ ئەوانی لانەبردوە، کە ئەو ئافرەتە گریمانکراوانە بهێنێتە شوێنیان، بەڵکو هەر خۆیانی هێشتوونەوە، چونکە هەر خۆیان خاوەنی ئەو سیفەتانە بوون، کە پەسندی خوای پەروەردگارن.

هەر کەسێك عەقڵ و ئینصافی هەبێت، دوای ئەم کورتە باسەی بەندە، پێم وایە کە جارێکی دیکە مانای هەڵە لەو ئایەتە موبارەکانە ناگرێ و، دەشزانێ

هەمـوو ئەوانـەی بـێ ڕێزیـی و بـێ ئەدەبیـی بەرانبـەر بـە هاوسـەرانی بەڕێـزی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەکـەن، بـە تایبـەت عائیشـەو حەفصـە (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، بـە دڵنیایـی جگـە لـە دەرخسـتنی بوغـزو کیـن و، جگـە لـە داخـی دڵـی خـۆ پـێ ڕشـتن، هیـچ شـتێکی دیکەیـان بـە دەسـتەوە نیـە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.



دەرسی دووەم



پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە چـوار (٤) ئایـەت پێـك دێ، ئایەتـەكانی: (٦ - ٩)، كـە تێیانـدا چـوار جـۆرە بانگكـردن هـەن:

١- خوا بانگی بڕوادارانی كردوە: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، كە خۆیان و خێزانیان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن: ﴿ قُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ ﴾.

٢- خوا بانگی بێبڕوایانی كردوە: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، هەڵبەتە لە دواڕۆژدا كە پۆزش و بیانو مەهێننەوە، بیانوو مەهێننەوە، چونكە بی سوودەو بە پێی كردەوەكەتان سزا دەدرێن: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَعْتَذِرُوا۟ ٱلْيَوْمَ ۖ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾.

٣- خوا بانگی بڕواداران دەكات كە بە گەڕانەوەیەكی ساغ بۆ لای خوا بگەڕێنەوە: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ تُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا ﴾.

٤- خوا بانگی پێغەمبەر ﷺ دەكات، كە دژی بێبڕواو دەغەڵەكان تێبكۆشێ و لەسەریان زبرو توند بێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ جَـٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَـٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ ﴾.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَـٰٓئِكَةٌ
غِلَاظٌ شِدَادٌ لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴿٦﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا
تَعْتَذِرُوا۟ ٱلْيَوْمَ ۖ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٧﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ تُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا
عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ يَوْمَ
لَا يُخْزِى ٱللَّهُ ٱلنَّبِىَّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ ۖ نُورُهُمْ يَسْعَىٰ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَـٰنِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَآ
أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَٱغْفِرْ لَنَآ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٨﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ جَـٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ
وَٱلْمُنَـٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ ۚ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٩﴾ ﴾.

ماناى دەقاو دەقى ئايەتەكان

{ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! خۆتـان و خێزانتـان لـە ئاگرێـك بپارێـزن كـە سـووتەمەنییەكەی خەڵـك و بـەردە، فریشـتانێكی (دۆزەخـەوانی) بـە سـەرەوەن، زبـر و زەبـەلاح و تونـدو تیـژن، هـەر فەرمانێـكی خـوا پێیـان بـكات، سـەرپێچیی لـێ ناكـەن و، هەرچـی فەرمانیـان پـێ بكـرێ دەیكـەن ﴿٦﴾ ئـەی ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون (لـە دنیـادا)! ئەمـڕۆ (كـە ڕۆژی قیامەتـە)، پـۆزش و بیانـوو مەهێننـەوە، بێگومـان هـەر بەپێـی ئـەوە سـزا دەدرێـن كـە (كاتی خـۆی) دەتانكـرد ﴿٧﴾ ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! بـە گەڕانەوەیـەكی ڕاسـت و سـاغ بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوا، نیزیكـە پەروەردگارتـان خراپەكانتـان لـێ بسـڕێتەوەو، بتانخاتـە باخانێكـەوە جۆگـەو ڕووباریـان بەبـەردا دەڕۆن، لـە ڕۆژێكـدا كـە پێغەمبـەر و ئـەو بڕوادارانـەی لەگەڵیـدان، خـوا زەبوونیـان نـاكات، ڕووناكییەكەیـان بـە خێرایـی لـە پێشـیانەوە دەڕوات و، بـە دەسـتی ڕاستیشـیانەوەیە دەڵێـن: پەروەردگارمـان! ڕووناكییەكەمانمان بـۆ تـەواو بكـەو لێـمان ببـوورە، بێگومـان تـۆ لەسـەر هەمـوو شـتێك بـە توانـای ﴿٨﴾ ئـەی پێغەمبـەر! دژی بێبـڕواو دەغەڵـەكان تێبكۆشـەو لەسـەریان بـە زەبـرو زەنـگ بـە، جێـی حەوانەوەیـان ئاگـرەو خراپتریـن سەرەنجامیشـە ﴿٩﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(**قُوٓاْ**): بپارێـزن، (**الوِقَايَـةُ: حِفْـظُ الـشَّيءِ عَـمَّا يُؤْذِيـهِ وَ يَـضُرُّهُ**)، (**وِقَايَـة**) بریتیـە لـە پاراسـتنی شـتێك لـەوەی ئـازاری بـدات و زیـانی پـێ بگەیەنـێ.

(**وَقُودُهَا**): (**الوَقُـودُ: يُقَـالُ لِلحَطَـبِ المَجعُـولِ بالوُقُـودِ، وَلِـمَا يَحْصـلُ مِـنَ اللَّهَـبِ**)، (**وَقُـود**): سـووتەمەنیی، ئـەو دارەیـە کـە دانـدراوە بـۆ سـووتاندن، (**وُقُـود**) واتـە: سـووتاندن، (**وَقُـود**) واتـە: سـووتەمەنیی، هەروەهـا ئەو بڵێسـەیەی لێـشی پەیدادەبێ، لـە کاتی سـووتاندن دا بـەوەش دەگوتـرێ، وەك (**وَضُـوء**) ئـەو ئاوەیـە کـە دەسـتنوێژی پـێ دەگیـرێ، بـەڵام (**وُضُـوء**) واتـە: دەسـتنوێژ گرتـن، (**وُقُـود**) واتـە: سـووتاندن، بـەڵام (**وَقُـود**) ئـەو شـتەی دەسـووتێنرێ.

(**غِلَاظٌ**): (**جَمْـعُ غَلِيْـظ، مِـنَ الغِلْظَـةِ، وَالغِلْظَـةُ ضِـدُّ الرِّقَّـةِ، غِلْظَـة وَغُلْظَـة، وَأَصْلُـهُ أَنْ يُسْـتَعْمَلَ فِي الأَجْسَـامِ لَكِـن قَـدْ يُسْـتَعَارُ لِلْمَعَـانِي كَالكَبِـيرِ وَالكَثِـيرِ**)، وشـەی (**غِـلاظ**) کـۆی (**غَلِيـظ**)ە، (**غَلِيظ**)یـش لـە (**غِلْظَة**)ەوە هاتـوە، کـە دژی (**رِقَّة**)یـە، (**رِقَّـة**) واتـە: تەنکیـی و نەرمیـی، (**غِلظَـة**) واتـە: ئەسـتووریی و زبریـی، هـەم (**غِلظَـة**) بـەکاردێ، هـەم (**غُلظَـة**)، لـە ئەصڵـدا وشـەی (**غِلظَـة**) یـان (**غُلظَـة**) بـۆ تەنـەکان بـەکاردێ، بـۆ شـتی بەرهەسـت، بـەڵام جـاری وا هەیـە دەشـخوازرێتەوە بـۆ مانـاو مەبەسـتەکان، وەك وشـەی (**كَبِير**) و (**كَثِير**)، (**كَبِير**) واتـە: گـەورە، (**كَثِير**) واتە: زۆر، دیسـان ئەوانیش بـۆ شـتی بەرهەسـت و ماددییـن، بـەڵام جـاری واش هەیـە بـۆ شـتی مەعنەوییـش بەکاردەهێنرێـن.

(**شِدَادٌ**): (**جَمْـعُ شَـدِيد مِـنَ الشِّـدَّةِ، وَالشِّـدَّةُ مِـنَ الشَّـدِّ، وَهـو العَقْـدُ القَـوِيُّ، وَتُسْـتَعْمَلُ الشِّـدَّةُ فِي العَقْـدِ وَالبَـدَنِ وَفِي النَّفـسِ**)، (**شِـدَاد**) کـۆی (**شَـدِيد**)ە، (**شَـدِيد**) یـش لـە (**شِـدَّة**)وە، ئەویـش لـە: (**شَـدّ**)ەوە کـە گرێدانێـکی بەهێـزە، (**شِـدَّة**)ش واتـە:

توندیی، بەکاردەهێنرێ بۆ گڕییەك کە گڕێ بدرێ و، بۆ جەستەیەك کە بەهێز بێ، هەروەها بۆ هێزەکانی نەفسیش، دەگوترێ: عەقڵێکی بەهێزی هەیە، صەبرێکی بەهێزی هەیە.

(لَا تَعۡتَذِرُواْ): واتە: پۆزش مەهێننەوە، داوای لێبوردن مەکەن، (**العُذْرُ: تَحَرِّي الإِنْسَانِ مَا يَمْحُو بِهِ ذُنُوبَهُ**)، (**عُذر**) بریتییە: لە خەفتانی مرۆڤ لەوەی گوناهەکانی خۆی پێ بسڕێتەوە، بە کوردیی دەڵێین: پۆزش هێنانەوە، داوای لێبوردن کردن، عوزر هێنانەوەش، هەر بەکاردەهێنرێ.

(نَّصُوحًا): (**النُّصْحُ: تَحَرِّي فِعلٍ أَو قَولٍ فِيهِ صَلَاحُ صَاحِبِهِ**)، (**نُصْح**): بریتییە لە گەڕان و خەفتان بۆ کردەوییەك و قسەیەك، کە چاکیی هاوەڵەکەی تێدابێ، واتە: ئەو کەسەی (**نُصْح**)ەکەی ئاراستە دەکرێ.

(لَا يُخۡزِى): زەبوون و سەرشۆڕ ناکات، (**خَزِيَ الرَّجُلُ: لَحِقَهُ انكِسَارٌ**)، (**خَزِيَ الرَّجُلُ**)، واتە: ئەو پیاوە تەریق بوونەوەو خەجاڵەتیی پێوە نووسا.

(وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡ): پێشتر باسی وشەی (**غَلِيظ**)مان کرد، واتە: لەسەریان زبرو توندو سەخت بە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

بەڕێـــــزان!

خـوا ﷻ لـەو چـوار ئایەتـەدا دوو جـاران ڕوو لـە بـڕواداران دەکات و دەیاندوێنێ بـە نازنـاوی ئیـمان: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، جارێکیـش ڕوو لـە بێبڕوایـان دەکات، ئەویـش بـە نازنـاوی نـاسراو و زانـراوی خۆیـان دەیاندوێنـێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، هەروەهـا لـە ئایـەتی چـوارەم و کۆتایـی دا، ڕوو لـە پێغەمبەرەکـەی ﷺ دەکات ئەویـش بـە یەکێك لـە دوو نازنـاوە زۆر زانراوەکـەی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ ﴾ و ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ ﴾، بـە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ ﴾، دەیدوێنـێ.

سـەرەتا خـوا ڕوو لـە ئیمانـداران دەکات و دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ ﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! خۆتان و خێزانتـان لـە ئاگرێـك بپارێـزن، کـە سـووتەمەنییەکەی خەڵـك و بـەردە، خەڵـك و بـەرد واتـە: ئـەو ئاگـرە بەچـی دەئایسـێ و چـی بـۆی دەبێتـە سـووتەمەنیی؟ خەڵـك (مرۆڤـەکان)، پاشـان بەردیـش، دیـارە ئـەو خەڵکانـە دەبنـە سـووتەمەنیی دۆزەخ، کە دڵیـان وەك بـەرد بـووە، بەڵکـو لـە بەردیـش ڕەقتر بـووە، لـە ئاسـتی خـواو یـادی خـوادا، بۆیـە لەگـەڵ بەردانـدا دەبنـە سـووتەمەنیی بـۆ دۆزەخ، واتـە: هـەر خۆشـیان بـەو سـووتەمەنییە دەسـووتێنرێن، کـە هـەر خۆیانـن، یـانی: جەسـتەی خۆشـیان دەبێتـە مایـەی بڵێسـەدارکردنی ئاگـری دۆزەخ، دیـارە خـوا ﷻ کـە دەفەرمـوێ: ئـەی بڕوادارینـە! خۆتـان و خێزانتـان لـە ئاگرێـك بپارێـزن کـە سـووتەمەنییەکەی خەڵکـەو بـەردە، واتـە: خۆشـتان و خێزانیشـتان (**أهـل**) بـە پلـەی یەکـەم بـە ژن دەگوتـرێ، لەبـەر ئـەوەی ئـەو کەسـەی لـە ماڵەوەیـە زیاتـر ژنـە، بـەڵام (**أهـل**) وێـڕای ژن، منداڵەکانیـش دەگرێتـەوەو، هەمـوو ئەوانـەش کـە لـە چـوار چێـوەی ماڵـدا لەگـەڵ مرۆڤـدا دەژیـن، دەیانگرێتـەوە، بـەڵام (**أهـل**) بـە پلـەی یەکـەم بـۆ

هاوسەر بەکاردێ، وەك پێشتریش باسمان کرد، ئنجا خۆ پاراستن و پاراستنی ماڵ و خێزان لە ئاگری دۆزەخ، کە سووتەمەنییەکەی خەڵك و بەردن، بەوە دەبێ خۆیان لەو شتانە بپارێزن، کە مایەی سزاو جەزرەبەی خوان، واتە: پابەند بن بە شەریعەتەوە، ئەگەر بەڕێی شەریعەتدا بڕۆن، ڕێتان ناکەوێتە دۆزەخ، ئەگەر لە دنیادا بە پاکیی و چاکیی بژین، بە هۆی پابەندیی بە شەریعەتی ڕاست و دروست و پاك و چاكی خوای پەروەردگارەوە، هەر کەسێك لە دنیادا بە ڕاستە ڕێی خوادا بڕوا، لە ڕۆژی دوایی دا ناخلیسکێتە نێو ئاگری دۆزەخ.

ئنجا ئەو ئاگری دۆزەخەش کە سووتەمەنییەکەی خەڵکەو بەردە: ﴿ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ ﴾، فریشتانێکی بە سەرەوەن، مەبەست پێیان دۆزەخەوانەکانن، ئەوانەی سەرپەرشتیی دۆزەخ دەکەن، کە دوو سیفەتیان لێ هەڵدەدا: ﴿ غِلَاظٞ شِدَادٞ ﴾، ﴿ غِلَاظٞ ﴾، کۆی (غَلِيظ)ە، ﴿ شِدَادٞ ﴾یش کۆی (شَدِيد)ە، ﴿ غِلَاظٞ ﴾، واتە: لە ڕووی جەستەوە زۆر زەبەلاح و بەهێزن، ﴿ شِدَادٞ ﴾، واتە: لەڕووی مەعنەوییەوە زۆر تووڕەو توندو تیژن، کەواتە: ئەو فریشتانەی خوا ﷻ ئازاردان و سزادانی دۆزەخییانی پێ سپاردوون، یەکەم: زۆر بەهێزو زەبەلاحن، دووەم: زۆر دڵڕەق و سەخت و بێ بەزەیین، ﴿ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ ﴾، هەرچی خوا فەرمانیان پێ بکات، سەرپێچیی لێ ناکەن، ﴿ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ﴾، هەر شتێکیش فەرمانیان پێ بکرێ، ئەنجامی دەدەن، وەك خۆی جێ بەجێی دەکەن.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَعۡتَذِرُواْ ٱلۡيَوۡمَ ﴾، ئەی ئەوانەی بێبڕوا بوون (لە دنیادا)! ئەمڕۆ پۆزش مەهێننەوە، ئەم ڕووی دواندنە لێرەدا لە کافران، لە ڕۆژی دوایی دایە، هی بڕواداران لێرەش و لە ئایەتەکەی دواییش، هەروەها هی پێغەمبەریش ﷺ لە دنیادایە، بەڵام هی بێبڕوایان ئەو دواندنە لە ڕۆژی دوایی دایە، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾، ئەی ئەوانەی بێبڕوا بوون! واتە: لە دنیادا، ﴿ لَا تَعۡتَذِرُواْ ٱلۡيَوۡمَ ﴾، ئەمڕۆ پۆزش مەهێننەوە، ﴿ إِنَّمَا تُجۡزَوۡنَ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴾، بە دڵنیایی تەنیا بەپێی ئەوەی کردووتانە سزا دەدرێن، پڕ بەپێستی کردەوە خراپەکانی

خۆتـان سـزا دەدرێـن، کەواتـە: ئێسـتا پـۆزش هێنانـەوەو داوای لێبـوردن کـردن، دادتـان نـادات و بـە کەڵکتـان نایـەت.

هەڵبەتـە خـوا ﷻ بۆیـە ئـەو دیمـەن و مەشـهەدەی قیامـەت دێنـێ بـۆ ئێـرە، واتـە: ئـەی بێبڕوایـەکانی کـە ئێسـتا ئـەم قورئانـە دەبیسـتن! ئەگـەر ئێسـتا بـڕوا نەهێنـن و لـە خۆتـان وریـا نەبـن، سـبەینێ کـە قیامـەت دێ، ڕۆژی دوایـی دێ، هەرچەنـدە پـۆزش بهێننـەوە، ئاواتـان پـێ دەگوتـرێ، پێتـان دەگوتـرێ: ئەمـڕۆ پۆزش مەهێننـەوە، چونکـە هـەر بەپێـی ئـەوەی کردووتانـە، سـزا دەدرێـن، کەواتـە: ئـەی بێبڕوایـەکان! ئێسـتا بـە خەمـی خۆتانـەوە بـن و، مشـووری خۆتـان بخـۆن و، ئاگاتـان لـە خۆتـان بـێ، ژیانـە دنیاییەکەتـان چـۆن دەگوزەرێنـن!.

ئنجـا بـۆ جـاری سـێیەم خـوا ﷻ بانگیـان دەکات، کـە بانگکـردنی دووەمـە بـۆ بـڕواداران لـەم سـوورەتەدا: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ تُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! واتـە: بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی پێویسـتە بڕوایـان پـێ بهێنرێ، بـە گەڕانەوەیـەکی ڕاسـت و سـاغ بـۆ لای خـوا بگەڕێنـەوە، ﴿عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ﴾، نیزیکـە پەروەردگارتـان خراپەکانتـان لـێ بسـڕێتەوە، (بـە هـۆی گەڕانەوەیـەکی ڕاسـت و سـاغەوە)، ﴿وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ﴾، دوای ئـەوەی خراپـەکانی لـێ سـڕینەوەو پـاك و چـاك بـوون، خاوێـن بوونـەوە، ئنجا بتانخاتـە نێـو باخانێکـەوە کـە ڕووباریـان بەبـەردا دەڕۆن، ڕووبـارو جۆگـە، بەبـەر درەختەکانیانـدا دەڕۆن، ﴿يَوْمَ لَا يُخْزِى ٱللَّهُ ٱلنَّبِىَّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ﴾، لـە ڕۆژێکـدا کـە خـوا ﷻ پێغەمبـەر ﷺ زەبـوون و شـەرمەزار نـاکات، بڕوادارانیـش کـە لـە خزمـەتی دان، زەبـوون و شـەرمەزاریان نـاکات، لێـرەدا خـوا ﷻ وشـەی (خِـزي)، زیاتـر بـۆ بـڕواداران بەکارهێنـاوە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بـڕواداران لـە خزمـەت پێغەمبـەردا ﷺ بـوون، بۆیـە پێشـێ بـاسی پێغەمبـەر دەکات، ئەگەرنـا ئـەو جـۆرە تەعبیـرە خـوا ﷻ بـۆ پێغەمبەرەکـەی ﷺ بـەکاری ناهێنـێ، چونکـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـەوە دوورە ئەگـەری ئـەوەی هەبـێ توشـی ئـەو حاڵەتـە

ببێ، بەڵام بڕواداران ئەگەر لە خۆیان وریا نەبن، ئەگەری ئەوەی هەیە تووشی شەرمەزاریی و عەیبداریی و ڕیسوایی ببن، ﴿نُورُهُمْ يَسْعَىٰ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ﴾، ڕووناکییەکەیان واتە: هی پێغەمبەری خوا ﷺ بە پلەی یەکەم و، هی بڕوادارانیش کە لە خزمەتی دان، ڕووناکییەکەیان بە خێرایی لەپێشیانەوە دەڕوا، لەپێش دەستەکانیانەوەو، بەدەستی ڕاستیشیانەوە، پێشتریش لە تەفسیری سوورەتی (الحدید)دا، کە تەعبیرێکی شێوەی ئەوە هاتوە، باسمان کرد، کە هەندێ لە زانایان دەڵێن: ڕووناکییەکەی پێشیان، لە نێو چاوانیانەوەیە، ئەو نێو چاوانەی کڕنووشیان پێ بردوە، ڕووناکیاکە لەوێ دەردەچێ، ڕووناکییەکەی دەستی ڕاستیشیان: ﴿وَبِأَيْمَانِهِمْ﴾، پەنجەی شایەتمانیانە، گرنگ ئەوەیە لای پێشەوەو لای ڕاست لە قورئاندا، هەمیشە بە لای موبارەك و بۆ چاکیی بەکارهاتوون، بە پێچەوانەی لای چەپ و پشتەوە، هی بێبڕوایەکان یان لەپشتەوە نامەکەیان دەدرێتەوە، نامەی کردەوەکانیان، یاخود بە لای چەپدا، بەڵام هی بڕواداران بە لای ڕاستداو لە پێشەوەڕا، ئنجا خوا دەفەرموێ: ڕووناکییەکەیان بەخێرایی دەڕوا لەپێشیانەوەو بە دەستی ڕاستیشیانەوە، ﴿يَقُولُونَ رَبَّنَا أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا﴾، دەپاڕێنەوەو دەڵێن: پەروەردگارمان! ڕووناکییەکەمانمان بۆ تەواو بکە، ﴿وَاغْفِرْ لَنَا﴾، لێشمان ببوورە، ﴿إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾، بە دڵنیایی تۆ لەسەر هەموو شتێك بە توانای.

ئنجا خوا ﷻ لە جاری چوارەم و کۆتاییی لەم چوار ئایەتە موبارەکەدا، پێغەمبەری خاتەم دەدوێنێ ﷺ دوو جاران بڕوادارانی دواندوون و، جارێك بێبڕوایان و، ئەم جارەش پێغەمبەری خاتەم ﷺ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ﴾، ئەی پێغەمبەر! ﷺ ﴿جَاهِدِ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ﴾، ئەوپەڕی تێکۆشان بکە لە دژی بێبڕوایەکان و مونافیق و دەغەڵەکان، ﴿وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ﴾، زبرو ڕەق و پتەویش بە لەسەریان، ﴿وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾، جێی حەوانەوەشیان دۆزەخەو ئەوێ خراپترین سەرەنجامیشە (کە مرۆڤی بچێتێ) بێگومان تێکۆشانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە دژی کافران بە شێوازی خۆیان و، لە دژی مونافیقەکانیش بە شێوازی خۆیان.

کافرەکان لە دژیان تێبکۆشە لە ڕووی فیکرییەوە، بە بانگەوازو ڕوونکردنەوەی ئیمان و ڕاستییەکانی ئیسلام و، بەرپەرچدانەوەی بیرۆکە پووچەکانی ئەهلی کوفر.

بەڵام لە ڕووی بەرەنگاریی و ڕووبەڕوو بوونەوەو، لە کاتی سەنگەر لە یەکدی گرتندا، ئەوە دیارە بە چەك و هێز لەگەڵ بێبڕوایەکاندا ڕووبەڕوو ببەوە، بەڵام بۆ مونافیقەکان، تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەی فیکریی و مەعنەویی و ڕاگەیاندنیی هەیە، بە ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و پەردە هەڵماڵین لەسەر ناخی موخەننەتانەیان و، سەرزەنشت کردنیان و، ئامۆژگاریی کردنیان و، بەرپەرچدانەوەی پڕوپاگەندەکانیان، ﴿وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡ﴾، زبریش بە لەسەریان، یانی هەم لەسەر کافرەکان زبر بە، بە هەردوو شێوەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە، هەم لەسەر مونافیقەکانیش بەو شێوەیەی باسمان کرد، قسەی زبرو توندو سڵەمێنەرەوەو سەرزەنشتکارانەیان و لەگەڵدا بکە، بەڵکو واز بێنن لە نیفاق، یاخود بۆ ئەوەی مسوڵمانان لێیان تووشی زیان نەبن، ﴿وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ﴾، هەر کامێك لە بێبڕوایەکان و دەغەڵ و مونافیقەکانیش، شوێنی حەوانەوەیان شوێنێك کە بۆی دەگەڕێنەوەو تێیدا دەحەوێنرێنەوە، دۆزەخە، ﴿وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ﴾، یانی: (وَجَهَنَّمُ وَبِئسَ المَصِير)، دۆزەخیش خراپترین شوێنە کە خەڵکی بۆ دەچێ، ﴿ٱلۡمَصِيرُ﴾، یانی: (ما يُصارُ إلَيه)، ئەو شوێنەی خەڵك بۆی دەچێ و بۆی دەگەڕێتەوە، ئەوێ (دۆزەخ) خراپترین شوێنە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکـردن بـە بـڕواداران کـە خۆیـان و خێزانیـان لـە ئاگـری دۆزەخ، کـە سـووتەمەنییەکەی خەڵـك و بـەردە و، فریشـتانی بەهێـزو تونـدو تیژی بەسـەرەوەن، بپارێـزن:

خـوا دەفەرمویّ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ۝٦﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾، ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە! واتە: بڕواتان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ.

٢)- ﴿قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا﴾، خۆتان و خێزانتان لە ئاگرێك بپارێزن، ﴿قُوٓاْ﴾، کارو بکەر (**فعل و فاعل**)ە، ﴿أَنفُسَكُمۡ﴾، بەرکاری یەکەمیەتی و ﴿وَأَهۡلِيكُمۡ﴾، دەگێڕدرێتەوە بۆ سەر ﴿أَنفُسَكُمۡ﴾ و، ﴿نَارٗا﴾، دەبێتە بەرکاری دووەم، خۆتان و خێزانتان بپارێزن لە ئاگرێك (ناراً) بە نەزانراو (**نكرة**) هاتوە، واتە: ئاگرێك کە ناناسرێ و وەسف ناکرێ، ئاگرێك کە وەسف کردن دەورەی نادات، (**لا يُحِيطُ بِهِ وَصفٌ**)، ئاگرێکی زۆر زەبەلاح و بێڕەزا.

٣)- ﴿وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ﴾، سووتەمەنییەکەی خەڵکەو بەردە، پێشتریش گوتمان: (**الوَقُودُ: ما يُجعَلُ لِلوُقُودِ**)، (**وَقُود**) ئەوەیە کە بۆ سووتاندن دادەنرێ، هەروەك (**وَضُوء: ما يُجعَلُ لِلوُضُوءِ**)، (**وَضُوء**) ئەو ئاوەی دەستنوێژی پێ دەگیرێ، ئەوەیە کە بۆ دەستنوێژ گرتن

دادەنرێ، ئاگری دۆزەخ سووتەمەنییەکەی بریتیە لە خەڵك و بەرد، ئایا لێرەدا بۆچی خوا ﷻ خەڵك و بەردی پێکەوە هێناون؟ دەڵێین: بەرد نموونەی ئەو دروستکراوانەیە کە بۆ ئێمە زانراون و، زۆر ڕەق و سەختن، وەك خوای پەروەردگار لە سووڕەتی (**البقرة**) دا دەفەرموێ: ﴿فَهِىَ كَٱلْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً ...﴿٧٤﴾﴾البقرة، ئەو دڵانە وەك بەرد یاخود سەختییان توندتریشە، ئنجا خەڵکێکیش کە خاوەنی خۆی نەناسێ و خاوەنی خۆی نەپەرستێ و، گوێ بۆ پەیامی خوا نەگرێ و، بە دوای پێغەمبەری خوا نەکەوێ ﷺ، بە دڵنیایی ئەوانەش دڵیان وەك بەردە، بەڵکو لە بەردیش ڕەقترە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ فَهِىَ كَٱلْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً ۚ وَإِنَّ مِنَ ٱلْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ ٱلْأَنْهَٰرُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ ٱلْمَآءُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٧٤﴾﴾البقرة، دوایی خوا بەڵگە دێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە دڵی ئێوە (ئەی جوولەکەکان) ڕەق بوو وەك بەرد، بەڵکو لە بەردیش ڕەقتر، دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ مِنَ ٱلْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ ٱلْأَنْهَٰرُ ...﴿٧٤﴾﴾البقرة، بەردی وا هەیە ڕووبارو کانیی و سەرچاوەی لێ دەردەقوڵێ، وەك سەرچاوەی زەڵم و زۆر سەرچاوەی دیکە، کە لە شاخێکی ڕەق دێتە دەرێ، ﴿وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ ٱلْمَآءُ ...﴿٧٤﴾﴾البقرة، هەروەها هەیانە لەت دەبێ و دەقڵیشێ و ئاوی لێ دێتە دەرێ، ﴿وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ...﴿٧٤﴾﴾البقرة، بەردیش هەیە لە سام و ترسی خوا دەکەوێتە خوار.

ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە دەگونجێ دڵی مرۆڤ لە بەرد ڕەقتر بێ، نە لە ترسی خوا بکەوێ و، نە تۆزقاڵێك ئیمانی لێ بچۆڕێ و، نە کانیی و سەرچاوەی ئیمانیشی لێ هەڵبقوڵێ!

٤)- ﴿عَلَيْهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ﴾، ئەو ئاگرە فریشتانێکی زەبەلاح و زبرو بە هێزی بەسەرەوەن و سەرپەرشتیی دەکەن، ﴿غِلَاظٌ﴾، کۆی (غَلِيظ)ە، ﴿شِدَادٌ﴾، کۆی (شَدِيد)ە، واتە: زۆر زەبەلاح و بەهێزن لە ڕووی جەستەوەو، لە ڕووی مەعنەوییشەوە توندو تیژو بێ بەزەیین، (**غِلاظُ الأَجسامِ شِدَادُ القُلُوبِ**)، دەشگونجێ بگوترێ: (**غِلَاظُ القُلُوبِ شِدَادُ الأَجْسَامِ**)، دڵ زبری جەستە بەهێزن.

هـەر کام لـە (غلیظ) و (شـدید) لـە قورئـان دا، بـۆ شـتی ماددیـی و بەرهەسـت و بـۆ شـتی مەعنەوییـش بەکارهێـنراون، وەك:

١- ﴿وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ... ﴾، آل عمران (١٥٩).

٢- ﴿وَمِن وَرَآئِهِۦ عَذَابٌ غَلِيظٌ ﴿١٧﴾﴾، إبراهيم.

٣- ﴿إِنَّ بَطْشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ ﴿١٢﴾﴾، البروج،

٤- ﴿عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلْقُوَىٰ ﴿٥﴾﴾، النجم،

بۆیـە لێـرەش دەگونجـێ هـەر کامیـان چەمـك و واتایـەکی مەعنەویـی یـان بەرهەسـت و ماددییـان لـێ بگیـرێ، بـەڵام زیاتـر واپێدەچـێ (غلیـظ) بـۆ حاڵـەتی مەعنەویـی و، (شـدید) بـۆ حاڵـەتی ماددیـی و بەرهەسـت بـێ.

شایانی باسیشە:

فریشـتە دۆزەخەوانـەکان لـە قورئـان دا بـە (زبانیـة) و (خزنـة)ش ناوهێـنراون: ﴿سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾﴾،العلـق (١٨)، ﴿وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَآ..... ﴿٧١﴾﴾، الزمـر.

٥)- ﴿لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ﴾، هەرچی خوا فەرمانیان پێ دەکات، سەرپێچیی لێ ناکەن، زانایانی ڕێزمانزان دوو واتایان بۆ لێکداونەوە:

أ- (لا يَعصُونَ اللهَ أمرَهُ) واتە: سەرپێچیی فەرمانی خوا ناکەن.

ب- (لا يَعصُونَ اللهَ الَّذِي أَمَرَهُم بِهِ)، سەرپێچیی لە خوا ناکەن، لەوەدا کە فەرمانیان پێ بکات، هەردوو واتایەکەش لێك نزیکن، واتە: فەرمانی خوا سەرپێچیی لێ ناکەن، یاخود: سەرپێچیی لە خوا ناکەن، بۆ هەر شتێك کە فەرمانیان پێ بکات.

ج- بەڵکو واتایەکی دیکەی سێیەمیشی هەیە: (لا يَعصُونَ اللهَ فِي أمرِهِ)، واتە: لە فەرمان کردنیدا سەرپێچیی لە خوا ناکەن.

٦)- ﴿ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴾، هەرچی فەرمانیان پێ بکرێ ئەنجامی دەدەن، واتە: لە کاتی خۆیداو، لە شوێنی خۆیداو، بە ئەندازەی خۆی و، بە چۆنیەتیی خۆی، هەرچی پێیان بگوترێ، جێبەجێی دەکەن، ئەوەی پێشێ تەنیا ئەوە دەگەیەنێ کە سەرپێچیی لە فەرمانی خوا ناکەن، بەڵام ئەمەیان ئەوە دەگەیەنێ کە چۆنیان پێ دەگوترێ و، بە چ چۆنیەتییەك و، لە چ کاتێك و لە چ شوێنێکداو، بە چ ئەندازەیەك، بەو شێوەیە جێبەجێی دەکەن.

بێگومان خۆ و ماڵ و خێزان پاراستن لە ئاگری دۆزەخیش، بەوە دەبێ کە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە کاتێك کە دەیەوێ خێزان پێکەوە بنێ، چاو بگێڕێ بۆ ئافرەتێك کە لەگەڵیدا هاوکارو دەستبارگر بێ، بۆ ئەوەی هەم ئافرەتەکە خۆی و، هەم ئەو وەچەیەی لێیان پەیدادەبێ، هەروەها هەردووکیان پیاوەکە و ئافرەتەکەش پێکەوە، هاوکارو دەستبارگری یەکدی بن، کە وەچەکەیان چاك پەروەردە بکەن، یەکەمین هۆکاری خۆو خێزان پاراستن لە ئاگری دۆزەخ، ئەوەیە کە مرۆڤ لە بناغەی دانانی خێزاندا وریا بێ، ئنجا هەمیشەش چاوی لەسەر ژن و منداڵەکانی بێ و ئاگای لێیان بێ، دڵسۆزانەو بە پەرۆشانەو بە رەحمانە، پەروەردەیان بکات، ئاگای لێیان بێ، تووشی لادان و تاوان نەبن، چونکە وێڕای ئەوەی پیاو پابەند کراوەو، دەبێ ماڵ و خێزانەکەی بژیەنێ و نەفەقەیان بکێشێ و بژیویان بۆ دابین بکات، پۆشاکیان بۆ دابین بکات، جێگاو رێگایان بۆ دابین بکات، لە پێش ئەوەشدا مولزەمە کە لە رووی مەعنەویی و رەوشت و رەفتارەوە، ئاگای لێیان بێ، لانەدەن، نەك تەنیا خزمەتی جەستەیان بکات، بەڵام عەقڵ و دڵیان پشت گوێ بخات و، سەرەنجام تووشی لادان و تاوان بن، ئەویش لێیان تووشی عەیبداریی و گوناهباریی ببێ، خۆشیان زایە بن و، ئەویش تووشی گوناهو تاوان ببێ، بە هۆی کەمتەرخەمییەوە لە بەرانبەریان دا.

مەسەلەی دووەم:

دواندنی بێبڕوایان لە قیامەتدا، کە ئێستا پۆزش مەهێننەوەو ئێرە شوێنی سزایە بۆ ئێوەو، پۆزش هێنانەوە و بیانوو هێنانەوە، هیچ دادێکتان نادات.

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَعۡتَذِرُواْ ٱلۡيَوۡمَۖ إِنَّمَا تُجۡزَوۡنَ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَعۡتَذِرُواْ ٱلۡيَوۡمَ ﴾، ئەی ئەوانەی بێبڕوا بوون! (لە دنیادا)، ئەمڕۆ پۆزش مەهێننەوە.

ئەمڕۆ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا، لە ڕۆژی دوایی دا، لە کاتێکدا ئەوەیان پێ دەگوترێ، کە فڕێ دەدرێنە نێو ئاگری دۆزەخەوە، بۆ ئەوەی نائومێدو تەما بڕاو بن و، خاتر جەم بن و دەستی لێ وەبن سەربدەن، تازە ئێوە ئێرە شوێنتانە.

٢)- ﴿ إِنَّمَا تُجۡزَوۡنَ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێوە تەنیا سزای ئەوە دەدرێنەوە کە دەتانکرد، یانی: کردەوە خراپەکانتان بە ئێرەی گەیاندن، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: {**حُفَّتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ، وَحُفَّتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ**}، (**أخرجه مسلم: ٢٨٢٣**) واتە: بەهەشت بە ناڕەحەتییەکان دەورە دراوەو، ئاگری دۆزەخ بە ئارەزووەکان تەنراوە.

کەواتە: کەسێك بە دوای ئارەزووەکان بکەوێ (ئارەزووە ناشەرعییەکان) و پەرژینی ئارەزووکان ببڕێ و هەر بە دوایان بکەوێ، دەچێتە نێو دۆزەخ و، کەسێکیش بیەوێ بەرەو بەهەشت بچێ، دەبێ ناڕەحەتییەکان تەحەممول بکات و ئەرکەکان جێ بەجێ بکات، ناڕەحەتییەکان بەو واتایە کە هەندێك لە ئەرکە شەرعییەکان جاری وایە مرۆڤ پێیانەوە ماندوو دەبێ، بەڵام بە دڵنیایی لەگەڵ عەینی ماندوو بوونیشدا، گەورەترین چێژی پێ دەبەخشن.

بۆ وێنە: ئێستا ئێمە لە مانگی موبارەکی ڕەمەزان داین[١]، زۆربەی خەڵکی ڕەنگە وەك شتێکی مەترسییلێکراو بۆ ڕەمەزان بڕوانن، بەڵام بێگومان ئەگەر خەڵك تێبگات، ڕۆژوو گرتنی ڕەمەزان و هەر تاعەتێکی دیکە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، گەورەترین چێژ و خۆشیی مەعنەویی پێ دەگەیەنێ، بەڵێ تۆزێك جەستەی ماندوو دەبێ و ئێش و ئازاری دەبێ، هەروەها لە جەنگ و جیهاد و، کۆچ کردن و، ماڵ و حاڵ بەجێ هێشتن داو، لە فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە کردن و، لەسەر خوا قسە پێ گوتران و، ناڕەحەتکران دا، ئازارو ناڕەحەتیی و ئێش و ژان دەبن، بەڵام لەڕاستییدا چێژە مەعنەوییەکەی جێبەجێ کردنی ئەرکە شەرعیەکان و دینداریی بۆ خوا کردن، زۆر زۆر زیاترە لە ئازارە جەستەیی و ماددیی و ڕواڵەتییەکان.

لێرەش دا کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، ئەمە زۆر بە ڕوونیی ئەوە دەگەیەنێ، کە هەم بەهەشتییەکان خوا کردەوەکانیانی کردوونە هۆکار بۆ چوونیان بۆ بەهەشت و، هەم دۆزەخییەکانیش خوا کردەوە خراپەکانیانی کە پێش هەموویان بێبڕواییە، یان نیفاق و هاوبەش بۆ خوا دانانە، کردوونە هۆکار بۆ چوونە دۆزەخیان، کەواتە: هەندێك کەس هەندێك فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ کە لە سیاقێکی دیکەداو بۆ مەبەستێکی دیکە فەرمووني، دەیانکەنە بەڵگە لەسەر ئەوەی خوا چی بۆ مرۆڤ بڕیار بدات هەر ئەوەیە، ئەگەر خوا ﷻ بۆی نووسیبێ بچێتە بەهەشت، دەچێتە بەهەشت و، ئەگەر بۆی نووسیبێ بچێتە دۆزەخ، دەچێتە دۆزەخ، هێنانەوەی ئەو جۆرە فەرمایشتانە بۆ پاساودانەوەی ئەوە کە تازە خوا ﷻ چی نووسیوە، هەروایە! زۆر هەڵەیەو، لەڕاستییدا وەك جاری دیکەش گوتوومانە: ئەوە شوێن ڕچەی ئیبلیس کەوتنە، چونکە ئەوەتا خوا ﷻ لە چەندان ئایەت دا دەفەموێ: ﴿جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٧﴾السجدة، (تَعمَلُون)، (يَكسِبُون)، (تَكسِبُون)، سزاو پاداشتی ئەوەیە کە کردوویانە، کردووتانە، وەدەستیان هێناوە، وەدەستتان هێناوە.

---

(١) مانگی ڕەمەزانە ساڵی ١٤٤١ک - ٢٠٢٠ز.

ئنجا ئـەوەش کـە خـوای پەنهانـزان دەزانـێ کـێ دەچێتـە دۆزەخ، یـان کـێ دەچێتـە بەهەشـت، بـە هیـچ جۆرێـك جەبـرو زۆرلێکـران ناگەیەنـێ، چونکـە خـوا زانیویـەتی کـێ بـە ویسـتی خـۆی ئیـمان دێنـێ و کـردەوەی چـاك دەکات و دەچێتـە بەهەشـت، کێـش بـە ویسـتی خـۆی کافـر دەبـێ و خراپـە دەکات و، دەچێتـە دۆزەخ؟ واتـە: ویسـتی خـوای پـەروەردگارو زانیـاری خـوا بـە دوای ویسـتی مرۆڤـەکان دەکـەوێ، خـوا لـە ئەزەلـدا بـەس ئەوەنـدەی نەزانیـوە کـە تـۆ دەچیـە بەهەشـت، بەڵکـو زانیویشـیەتی کـە ئیـمان دێنـی و کـردەوەی چـاك دەکـەی، بۆیـە دەچیـە بەهەشـت، ئـەوی دیکـەش: کافـر دەبـێ و خراپـە دەکات، بۆیـە دەچێتـە دۆزەخ.

مەسەلەی سێیەم:

فەرمانکردن بە بڕواداران کە بە گەڕانەوەیەکی ڕاست و ساغ بۆ لای خوا بگەڕێنەوە، تاکو خراپەکانیان لێ بسڕێتەوەو، بیانخاتە باخە هەمیشە سەوزو ئاوەدارەکانەوە، لە ڕۆژێکدا کە بڕواداران لەبەر ڕۆشنایی ئیمانیاندا بەرەو بەهەشت دەچن:

خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ يَوْمَ لَا يُخْزِى ٱللَّهُ ٱلنَّبِىَّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ نُورُهُمْ يَسْعَىٰ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَٰنِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَٱغْفِرْ لَنَآ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٨﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، بە گەڕانەوەیەکی ڕاست و ساغ، وشەی ﴿نَّصُوحًا﴾، خوێنراویشەتەوە: (**نُصُوحاً**)، واتە: بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان بە گەڕانەوەیەکی ساغی ڕاست، چونکە (**نَصُوح**)، یان (**نُصُوح**)، یانی: خاوەن (**نُصح**)، (**نُصح**)یش بە مانای ساغیی و پاکیی دێ، (**النُّصحُ: الإخلاصُ فـي العَمَلِ وَالقَول**)، (**نُصح**): بریتیە لە ساغکرنەوەی قسەو کردەوە، بۆ خوا، ساغی بکەیەوەو خڵتەی پێوە نەهێڵی، دەگوترێ: (**عَسَلٌ نَاصِحٌ، إذَا خَلَصَ مِن شَمْعِهِ**)، هەنگوینێك کە ڕەشان و مێوی پێوە نەمێنێ، پێی دەگوترێ: (**عَسَلٌ نَاصِح**).

شایانی باسە: ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (**النساء**) لە کاتی تەفسیرکردنی ئایەتەکانی: (١٧ و ١٨)دا، باسێکمان لە بارەی تەوبەوە کردوەو، کتێبی: (گەڕانەوە بۆ لای خوا)ش کە تا ئێستا شەش جاران چاپ کراوەتەوە، بە تەفصیل لەوێدا

بـاسی گەڕانـەوە بـۆ لای خـواو بـە تایبـەت تەوبـەی نەصووحـمان کـردوە، بـەڵام لێـرەش یـەك دوو قسـەی زانایـان دێنیـن:

(إبـن عَجِيبَـة) لـە تەفسـیرەکەی خـۆی دا[1] دەڵـێ: (**تَوْبَـةُ العَامَّـة مِـنَ الذُّنُـوب، وَتَوْبَـةُ الخَاصَّـةِ مِـنَ العُيُـوبِ، وَتَوْبَـة خَاصَّـةِ الخَاصَّـةِ مِـنَ الغَيْبَـةِ عَـنْ حَـضْرة عـلاَم الغُيُـوب، فَهَـؤلَاء أشَـدّ النَّـاس افْتقَـاراً إلى التَّوْبَـة؛ إذْ لَا بُـدَّ للعَبـد مِـنْ سَـهْوٍ وَسِـنَةٍ حَتَّـى يَجُـولَ بِقَلْبِـه في الأكْـوَان، أو يَمِيْـلَ عَـن الإعْتِـدَال، فَيَجِـبُ في حَقِّهِـم الإسْـتِغْفَار مِنْهَـا**).

واتـە: گەڕانـەوەی خەڵـك بـە گشـتیی لـە گوناحانـە، بـەڵام گەڕانـەوەی خەڵـکی تایبـەت لـە عەیـب و کـەم و کوڕییانـەو، گەڕانـەوەی خەڵـکی تایبـەتی تایبەت لـە بێئاگا بوونـە لـە خـوای زانـای نهێنییـەکان، بۆیـە ئـەو جـۆرەی سـێیەمیان لـە هەمـوو کـەس زیاتـر پێویسـتییان بـە گەڕانـەوە هەیـە، چونکـە مـرۆڤ هـەر چـۆن بـێ، تـووشی بـێ ئاگاییـەك و خافڵانێـك هـەر دەبـێ، لـە کاتێکـدا دڵـی بەنێـو دروسـتکراوەکاندا دێ و دەچـێ، (واتـە: بـە فیکـر پێیانـەوە مەشـغووڵ دەبـێ)، یاخـود کاتێـك لـە ڕێـی ڕاسـت تۆزێـك لا دەدات، بۆیـە ئەوانـە زیاتـر پێویسـتییان بـە داوای لێبـوردن کـردن هەیـە!

قسـەکەی زۆر جوانـە، هیچکـەس بـە قـەدەر پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ داوای لێبـوردنی لـە خـوا نەکـردوە، لـە یـەك مەجلیسـدا جـاری وا هەبـووە حەفتـا جـار، سـەد جـار داوای لێبـوردنی لـە خـوا کـردوە، فەرموویـەتی: {**إِنَّـهُ لَيُغَـانُ عَـلَى قَلْبِـي، وَإِنِّي لَأَسْـتَغْفِرُ اللَّـهَ فِي الْيَـوْمِ مِائَـةَ مَـرَّةٍ**} (**أخرجـه أحمـد: ١٧٨٨١، وعبـد بـن حميـد: ٣٦٤، ومسـلم: ٢٧٠٢، وأبـو داود: ١٥١٥، وابـن حبـان: ٩٣١**)، واتـە: تەمێـك بەسـەر دڵمـدا دێ، تاکـو مـن جـاری وا هەیـە لـە ڕۆژێکـدا سـەد جـار داوای لێبـوردن لـە خـوا دەکـەم.

بەڵکـو جـاری وابـووە لـە مەجلیسـێکدا حەفتـا جـار سـەد جـار داوای لێبـوردنی لـە خـوا کـردوە، چونکـە ئینسـان تاکـو لـە خـوا نزیکـتر بـێ، باشـتر دەزانـێ پێگـەو پایـەی خـوا چەنـدە بـەرزە! بۆیـە هەرچـی دەیـکات هـەر بـە کـەم و کوڕیـی

---

(١) البحر المديد في تفسير كتاب الله المجيد: ج ٩، ص٨٧.

دەزانێ، ئەگەر خەڵك لە گوناحان داوای لێبوردن لە خوا دەکات، ئەوانەی زۆر لە خوا نزیکن، بۆ تاعەتیان داوای لێبوردن لە خوا دەکەن، پێغەمبەری خوا ﷺ کە سەلامی نوێژی دەدایەوە[1]، سێ جاران دەیفەرموو: (**أستَغفِرَ الله**)، داوای لێبوردن لە خوا دەکەم، یانی: خوایە ئەو تاعەتەی ئەنجامم دا لایەقی تۆ نیە، بەڵام من هەر ئەوەندەم لە تواناندا هەیە.

زانایەکی دیکە هەر کە (**ابن عجيبة**) لە سەرچاوەی پێشوو لێی دەخوازێتەوە، دەڵێ: (**التَّوْبَةُ النَّصُوح، قَال القُرْطِبيُّ: يَجْمَعُها أَرْبَعَةٌ: الإسْتِغْفَارُ بِاللِّسَان، وَالإقْلَاعُ بِالأَبْدَان، وَتَرْكِ العَوْدَ بِالجَنَان، وَمُهَاجَرَة سَيئ الخُلَان**)، واتە: تەوبەی نەصووح، گەڕانەوەی ڕاست، قورەظیی گوتوویەتی: چوار شت کۆی دەکەنەوەو دەبێ چوار سیفەتی تێدابن:

یەکەم: بە زمان داوای لێبوردن بکات.

دووەم: بە جەستە واز لە گوناهو خراپەکان بێنێ.

سێیەم: بە دڵیش بڕیار بدات جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە سەریان.

چوارەم: وازیش لە دۆست و ڕەفیقە خراپەکانی بێنێ.

٢)- ﴿عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ﴾، نیزیکە (ئەگەر تەوبەی ڕاست و ساغ بکەن)، پەروەرگارتان خراپەکانتان لێ بسڕێتەوە، (**عَسَىَ: مُستَعمَلٌ لِوَعدٍ صادِرٍ عَنِ المُتَفَضِلِ**)، ﴿عَسَىٰ﴾، بەکاردەهێنرێ بۆ وەعدێك کە دەرچووبێ لە کەسێکی چاکەکارەوە، ئنجا کێ لە خوا ﷻ چاکەکارترە؟ بۆیە زانایان گوتوویانە: (**عَسَى مِنَ اللهِ واجِبَةٌ**)، خوا کە دەفەرموێ: (**عَسَى**) و (**لَعَلَّ**) ئەو شتەی (**لعلَّ**) و (**عَسى**)ی لەگەڵدایە، خوا لەسەر خۆی پێویستی کردوە.

٣)- ﴿وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ﴾، بشتانخاتە نێو باخانێکەوە کە ڕووباریان بەژێردا دەڕۆن، واتە: هەتا پاك نەبنەوە بە کەڵکی ئەو شوێنە چاکە

---

(١) تخريج.

نایەن، بەهەشت خەڵکی پیس و پۆخەڵی بە کەڵك نایەت، دەبێ پاك و چاك بی، ئنجا بە کەڵکی بەهەشت دێی، بەهۆی تەوبەی ڕاست و ساغەوەش مرۆڤ پاك دەبێتەوە، ئنجا شایستەی ئەوە دەبێ خوا بیخاتە نێو باخانێکەوە کە ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، واتە: هەمیشە تەڕ و سەوزن.

٤)- ﴿ يَوْمَ لَا يُخْزِي ٱللَّهُ ٱلنَّبِيَّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ ﴾، ئەو ڕۆژەی خوا ﷻ پێغەمبەر ﷺ شەرمەزارو زەبوون ناکات، ئەوانەش کە بڕوایان هێناوە لەگەڵیدا، (**لايخزي**) شەرمەزار ناکات، لە ڕاستییدا زیاتر بۆ ئەوانە دەچێتەوە، کە لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ دان، ﴿ يَوْمَ ﴾، (**ظَرْف**)ە بۆ (**يُدخِلَكُم**) واتە: لە ڕۆژێکدا دەتانخاتە نێو ئەو باخانەوە، خوا ﷻ بڕوادارانێك کە لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ دان، زەبوون و شەرمەزاریان ناکات.

٥)- ﴿ نُورُهُمْ يَسْعَىٰ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَٰنِهِمْ ﴾، ڕووناکییەکەیان بە خێرایی لەپێشیانەوەو بەدەستی ڕاستیشیانەوە دەڕوا، بەرپێیان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، (**سَعْيُ النُّورِ: امتدادُهُ وَانتِشارُهُ بِسُرعَةٍ، شُبِّهَ بِاشتِدادِ مَشيِ الماشي**)، کە دەفەرموێ: ﴿ نُورُهُمْ يَسْعَىٰ ﴾، خێرایی ڕۆیشتنی، ڕووناکیی بریتیە لە درێژ بوونەوەو بڵاوبوونەوەی بەخێرایی، چوێنراوە بە ڕۆیشتنی کەسێکەوە کە بە خێرایی دەڕوا.

٦)- ﴿ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا ﴾، دەڵێن: پەروەردگارمان! ڕووناکییەکەمانمان بۆ تەواو بکە، واتە: ئەو ڕووناکییەمان بۆ بەردەوام بکە، تاکو دەگەینە مەنزڵ، تاکو دەگەینە بەهەشت، چونکە ئەوان لەو کاتەدا بەرەو بەهەشت دەڕۆن، وەك لە تەفسیری سوورەتی (**الحديد**)دا، باسمان کرد[1].

٧)- ﴿ وَٱغْفِرْ لَنَآ ﴾، لێشمان ببوورە، واتە: ئەو لێبوردنەی لێت بوردین، با بەردەوام بێ، چاوپۆشیی و لێبوردنی تۆمان بەردەوام پێویستە.

٨)- ﴿ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾، بە دڵنیایی تۆ لەسەر هەموو شتێك بە توانای.

(١) لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا: ﴿ يَوْمَ تَرَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ يَسْعَىٰ نُورُهُم بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَٰنِهِم بُشْرَىٰكُمُ ٱلْيَوْمَ جَنَّٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٢﴾ ﴾ الحديد.

مەسەلەی چوارەم:

فەرمانكـردن بـە پێغەمبـەر ﷺ كـە بەوپـەڕی توانایـەوە لـە دژی بێبڕوایـان و دەغەڵـەكان تێبكۆشـێ و، زبـرو تونـد بێ لەسـەریان و، جێگـەی حەوانەوەشـیان ئاگرە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ ۚ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٩﴾﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ﴾، ئەی پێغەمبەر ﷺ! تێبكۆشە بەوپەڕی تێكۆشان لە دژی بێبڕوایەكان و موونافیق و دەغەڵەكان، واتە: هەر كامێكیان بە شێوازی خۆی، وەك پێشتر گوتمان.

٢)- ﴿وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ﴾، زبریش بە لەسەریان، (**الغِلْظَةُ: حَقِيقَتُهَا صَلابَةُ الشَّيءِ، وَهُنا مُستَعَارَةٌ فِي المُعَامَلَةِ بِالشِّدَّةِ**)، (**غِلْظَة**): بریتیە لە شتێكی پتەوو ڕەق و زبر، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ هەڵس و كەوتی توند، لە دژی بێبڕوایەكان، چ لە ڕووی مەعنەوییەوە: لە كاتی شەڕە قسەو وتووێژ و ڕوونكردنەوەی ڕاستییەكان و پووچەڵكردنەوەی هەڵەكانی ئەوان دا، چ لە ڕووی ماددییەوە: بەرەنگاریی و سەنگەر لە یەكدی گرتن، بۆ موونافیقەكانیش هەر مەبەست پێی ڕووبەڕوو بوونەوەی مەعنەویی و ئەدەبیی و فیكریی و كۆمەڵایەتییە، ئەگەرنا موونافیقەكان جەنگیان لە دژ نەكراوەو جەنگیان لە دژ ناكرێ، ﴿وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ﴾، مەبەست زبرییە بۆ هەر كامێكیان بەشێوەی خۆی و لە قەدەر خۆی.

٣)- ﴿وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ﴾، جێگەی حەوانەوەشیان دۆزەخەو، خراپترین سەرەنجامیش ئەوێیە.

(**مَأْوَى**) یانی: جێگاو ڕێگا، (**مَفعَلٌ مِن أَوَى إِذَا رَجَعَ**)، (**مأوى**): (**مفعل**)ە لە (**أَوَى**)وە، یانی: (**رَجَعَ**) گەڕایەوە، (**مَأْوَى**) ئەو شوێنەیە كە مرۆڤ بۆی دەگەڕێتەوە، واتە: شوێنێك كە ئەوان بۆی دەگەڕێنەوەو تێیدا دەحەوێنەوەو پشوو دەدەن، تەنیا ئاگری دۆزەخە.

(القرطبــي)، بــۆ شــیکردنەوەو ڕوونکردنــەوەی چەمــکی ئــەو ئایەتــە موبارەکــە دەڵــێ: (أَمَـرَ اللـهُ نَبِيَّـه أَنْ يُجَاهِـد الكُفَّـارَ بِالسَّـيْفِ وَالمَوَاعِـظ الحَسَـنَة وَالدُّعَـاءِ إِلى اللـه، وَيُجَاهِـد المُنَافِقِيْنَ بِالغِلْظَـة وَإِقَامَـة الحجّـة، وَأَنْ يُعَرِّفَهُـم أَحْوَالَهُـمْ فِي الآخِـرَة، وَأَنَّهُـم لاَ نُـورَ لَهُـم يَجُـوزُونَ بِـه الـصِّرَاط مَـعَ المُؤْمِنِين)، واتـە: خـوا فەرمـانی بـە پێغەمبەرەکـەی ﷺ کـردوە کـە لـە دژی بێبڕوایـەکان تێبکۆشـێ، بـە شمشـێر و بـە ئامۆژگارییـە باشـەکان و بانگکردنیشـیان بـۆ لای خـوا[1].

فەرمانیــشی کــردوە بــە پێغەمبــەر ﷺ کــە لــە دژی مونافیقــەکان بجەنگــێ و لەســەریان زبــر بــێ، بــەوە کــە بەڵگەیــان لەســەر تــەواو بــکات و حــاڵ و باڵــی خۆیانیــان لــە ڕۆژی دوایــی دا پێشــان بــدات و پــێ بناســێنێ، هەروەهــا لــە ڕۆژی دوایــی دا ڕووناکییەکیــان نابــێ، پــردی ســەر پشــتی دۆزەخ [کــە (صراط)ی پــێ دەڵێــن]، پێــی ببــڕن، لەگــەڵ بڕوادارانــداو، بپەڕنــەوەو بچنــە بەهەشــت.

واتــە: بــۆ مونافیقــەکان بــە شــێوازی خۆیــان و بــۆ بێبڕوایەکانیــش بەشــێوازی خۆیــان، لــە حاڵەتێــك دا کــە بەهێــز ڕوو بــەڕوو نابنــەوە، بانگــەوازەو تێگەیاندنــەو ئامۆژگاریــی کردنــەو بەرپەرچدانــەوەی بیرۆکــە پووچەکانیانــەو، خســتنە ڕووی ڕاســتییەکانی ئیســلامە، لــە حاڵێکــدا کــە ســەنگەریش لــە ئیســلام و مســوڵمانان بگــرن، بێگومــان کــەس لــە شــەڕ شــەکری نەبەخشــیتەوەو، ئیســلام لــە بەرانبــەر هێــزدا هێــز بەکاردێنــێ و، لــە بەرانبــەر فیکــردا فیکــر بەکاردێنــێ و، بــۆ هــەر کەســەو هــەر حاڵــە، وەڵام و شــێوازی پــڕ بــە پێســت و گونجــاوی خــۆی بەکاردێنــێ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

---

(١) دەبووایـە پێشـێ (المَواعِـظ الحَسَـنَة وَالدُّعَـاء إِلى اللـه)ی پێـش خسـتبایە، چونکـە دوای ئـەوەی بـەدەم ئامۆژگاریـی چـاك و بـەدەم بانگەوازەکەیـەوە نەهاتـن و، سـەنگەریان گرت لە دژی ئیسـلام و مسـوڵمانان، ئنجـا ئیسـلام هێزیـان لـە دژ بەکاردێنێ.



دەرسی سێیەم



پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان سـێ ئایەتـەکانی کۆتایـی سـوڕەتی **(التحریـم)** (١٠ و ١١ و ١٢) دەگرێتـە خـۆی، تێیانـدا دوو وێنـە هێنراونـەوە بـە چـوار ئافرەتـان:

أ- بۆ کۆمەڵی بێبڕوایان: ئافرەتی نووح و ئافرەتی لووط، کە جگە لە ئیمان و کرداری باشی خۆیان، هیچ شتێکی دیکەیان فریا ناکەوێ، ئافرەت ئەگەر هاوسەری باشترین کەسیش بێت، کە پێغەمبەرە (عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام) مادام ئیمانی نەبێ و کردەوەی باشی نەبێ، هاوسەرێتیی بۆ باشترین پیاو و باشترین کەس، بە کەڵکی نایەت، مادام خۆی بێ ئیمان بێ و دەست خاڵیی بێ لە کردەوەی چاك.

ب- بۆ کۆمەڵی بڕوادارانیش: ئافرەتەکەی فیرعەون و مەریەمی کچی عیمران (خوا لێیان ڕازی بێ)، کە بێبڕوایی و خراپەی نیزیکانیان مادام خۆیان پاك و باش بن، هیچ زیانیان لێ نادات، واتە: ئافرەت ئەگەر بۆ خۆی خاوەن ئیمان و کردەوەی باش بوو، ئەگەر هاوسەری خراپترین پیاویش بێ، وەك فیرعەون، هاوسەرێتیی ئەو بۆ خراپترین پیاو، زیانی لێ نادات، هەروەها ئافرەتێك کە پاك و چاك بێ، با لە نێو خەڵك و کۆمەڵگایەکی زۆر خراپ و بوختانچیی و داخ لە دڵ و زمان شڕدا بێ، وەك جوولەکەکانی کاتی خۆی و ڕۆمانەکان، کە مەریەم خوا لێی ڕازی بێ لە نێویاندا بوو، بوختانیان پێ کرد، بەڵام هیچ زیانی لێ نەدا.

﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱمْرَأَتَ نُوحٍ وَٱمْرَأَتَ لُوطٍ ۖ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ
مِنْ عِبَادِنَا صَـٰلِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا وَقِيلَ ٱدْخُلَا ٱلنَّارَ
مَعَ ٱلدَّٰخِلِينَ ﴿١٠﴾ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱمْرَأَتَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ٱبْنِ
لِى عِندَكَ بَيْتًا فِى ٱلْجَنَّةِ وَنَجِّنِى مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِۦ وَنَجِّنِى مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١١﴾

وَمَرْيَمَ ٱبْنَتَ عِمْرَٰنَ ٱلَّتِىٓ أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ وَكَانَتْ مِنَ ٱلْقَٰنِتِينَ ﴿١٢﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{خـوا ئافـرەتی نـووح و ئافـرەتی لووطـی بـۆ ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون، بـە وێنـە هێنانـەوە، (کـە جگـە لـە ئیـمان و کـردەوەی بـاش دادی مـرۆڤ نـادات)، ئـەو دوو ژنـە لـە ژێـر (نیکاحـی) دوو بەنـدەی چـاك لـە بەندەکانماندا بـوون، کەچـی لەگەڵیاندا بـێ بەڵێـن و پەیـمان شـکێن بـوون، ئنجـا ئـەو دوو (بەنـدە چاکـە) نـووح و لـووط لـە بەرانبـەر سـزای خـوادا، تۆزێکیـش سـوودیان پـێ نەگەیانـدن و (پێیـان) گوتـرا: ئێـوەش وێـڕای چـووە نێـوان، بچنـە نێـو ئاگـر (ی دۆزەخـەوە) ﴿١٠﴾ هەروەهـا خـوا ئافـرەتی فیرعـەونی بـە وێنـە هێناوەتـەوە بـۆ ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە، کاتێـك گـوتی: پـەروەردگارم! لـە لای خـۆت لـە بەهەشـتدا، ماڵێکـم بـۆ بنیـات بنـێ و، لـە فیرعـەون و کردەوەکـەی قوتـارم بکـەو، لـە کۆمەڵـی سـتەمکاران ڕزگارم بکـە ﴿١١﴾ (دیسـان) مەریەمـی کچـی عیمرانیـش (وێنەیـە بـۆ بـڕواداران)، ئـەو (ئافـرەت)ەی داوێنـی خـۆی پاراسـت، ئنجـا ئێمـەش لـە گیـانی بـە تایبـەت دروسـتکراوی خۆمـان فوومـان بەبـەردا کـرد (بـۆ بەدیهێنـانی عیسـای کـوڕی) و وشـەکانی پـەروەردگاری و کتێبـەکانی بەڕاسـت دانـان و، لـە (بـۆ خـوا) ملکەچـان بـوو ﴿١٢﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا): واتـە: خـوا وێنەیـەکی هێنایـەوە، (ضَرْبُ المَثَـلِ هُـوَ مِـنْ ضَربِ الدُّراهِـمِ، وَهُـوَ ذِكْـرُ شَيءٍ أَثَـرُهُ يَظْهَـرُ فِي غَـيْرِهِ، وَالمَثَـلُ: الشَّـبَهُ وَالوَصْـفُ)، (ضَرْبُ المَثَـل) وەك: (ضَرْبُ الدَّرَاهِـم) لـە جـۆری سـکە لێدرنـەو، بریتیـە لـە باسـکردنی شـتێك کـە شـوێنەوارەکەی لـە جگـە لـە خۆیـدا دەرکەوتـوە، (مَثَـل) بـە مانـای (شَـبَه)ە، یـانی: بـە مانـای وەسـفیش هاتـوە، وەك: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ...﴿٦٠﴾﴾النحـل، واتـە: وەسـفی هـەرە بـەرز بـۆ خوایـە.

(فَخَانَتَاهُمَا): خیانەتیـان پێکـردن، ناپاکییـان لەگـەڵ کـردن، (الخِيانَـةُ: مُخالَفَـةُ الحَـقِّ بِنَقْـضِ العَهْـدِ فِي الـسِّرِّ)، خیانـەت بریتیـە لـە پێچەوانـەی هـەق بـوون، بەهـۆی هەڵوەشـانەوەی پەیـمان بـە پەنهانیـی، دوایـی بـاسی دەکەیـن، کـە موخەننەتیـی و ناپاکیـی ژنی نـووح صـەڵات و سـەلامی خـوا لەسـەر نـووح بـێ و، ژنەکـەی لـووط صـەڵات و سـەلامی خـوا لەسـەر لـووط بـێ، ئـەوە نەبـووە، کـە بـە بـاری لادانی جینسـیی دا بـێ، بەڵکـو بێبڕواییـان بـووە بـە نـووح و بـە لـووط، هەروەهـا دژی ئـەوان جووڵانەوەیـان بـووەو، لەگـەڵ هـەوای خەڵـك و دەوروبـەردا ڕۆیشـتنیان بـووە.

(فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا): لـە بەرانبـەر (سـزای) خـوادا، هیـچ سـوودیان پـێ نەگەیانـدن، دەگوتـرێ: (أَغنَـى عَنـهُ كَـذَا، أَي: كَفَـاهُ)، واتـە: سـوودی پێگەیانـد و بـۆی بـەس بـوو، بەرگرییـکاری بـوو، یاخـود بەرپەرچـدەرەوەی زیانێـك بـوو لێـی.

(أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا): داوێنـی خـۆی پاراسـت، (حَصَـان، أَي: عَفِيْفَـة)، ئافرەتێـکی پـاك، (أَحْصَنَـتْ، وَحَصَنَـتْ: أَي صانَـت وَحَفِظَـت)، واتـە: پاراسـتی، یـانی: خـۆی پاراسـتوە، خـوای کاربەجـێ بۆیـە ئـەم وشـەیە زۆر بـۆ مەریـەم بەکاردێنـێ، چونکـە ئێسـتاشی

لەگەڵدابێ، جوولەکەکان مەریەم بەوە تاوانبار دەکەن، کە داوێن پیسی کردوەو، عیساش بە بیژوو و زۆڵ دادەنێن! بۆیە خوا ﷻ بۆ مەریەم (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەم وشەی پاکییە زۆر بەکاردێنێ، کە زۆر خۆی پاراستوەو، ئەصڵەن مەریەم هاوسەرگیریی هەر نەکردوەو، نە بە حەلاڵیی و نە بە حەرامیی، هیچ پیاوێك دەستی پێی نەکەوتوە، بەڵام خوا ﷻ وەك یاسادڕێك و موعجیزەیەك عیسای بە بێ باب لە مەریەم پەیدا کردوە، وەك بەسەرهاتەکەیمان لە تەفسیری سوورەتی مەریەمدا بە تەفصیل باسکردوە.

(فَرْجَهَا): (الفَرْجُ: الشَقُّ بَيْنَ الشَّيئَيْنِ، مَا بَيْنَ الرِّجْلَيْنِ، وَكُنِّيَ بِهِ عَنِ السَّوْءَةِ)، (فَرْج): واتە: کەلێنی نێوان دوو شتان، درزو کەلێن، بە نێوان دوو لاقەکانی مرۆڤیش دەگوترێ، بە کینایەش بۆ ئەندامی زاوزێی مرۆڤ بەکاردەهێنرێ.

(فَنَفَخْنَا فِيهِ): واتە: فوومان پێیدا کرد، (النَّفْخُ: نَفْخُ الرِّيحِ فِي شَيءٍ)، (نَفْخ): بریتیە لەوەی با بە شتێکدا بکەی.

(ٱلْقَٰنِتِينَ): (القُنُوتُ: لُزُومُ الطَّاعَةِ مَعَ الخُضُوعِ)، (قُنُوت): بریتیە لە فەرمانبەریی لەگەڵ ملکەچیی و زەبوونیی پێشاندانداا، (بۆ خوای بەرزی مەزن).

مانای گشتیی ئایەتەکان

لە کۆتایی سوورەتی (**التحريم**)دا، کە وەك گوتمان: تەوەرە سەرەکییەکەی کە دەستپێکیشیەتی باسی ڕووداوێکی خێزانیی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو لەگەڵ دووان لە هاوسەرەکانی دا، ئنجا بەو بۆنەوە خوا ﷻ فەرمانی کرد بە بڕواداران، خۆیان و ماڵ و خێزانیان لە ئاگرێك بپارێزن، کە سووتەمەنییەکەی خەڵکەو بەردە، پاشان دیمەنێکی ڕۆژی دوایی هێنایە بەر چاو و کافرەکانی لەوێدا دواندن، یانی: ئەو دواندنەی لە ڕۆژی دوایی دا، خوا کافرەکان پێ دەدوێنێ، لە قورئاندا باسی کردوە، کە لەوێ پێیان دەفەرموێ: (لێرە عوزرو پۆزش مەهێننەوە، چونکە تەنیا بەپێی کردەوەکەی خۆتان سزا دەدرێن)، دوایی جارێکی دیکە خوا ڕووی لە بڕواداران کردو فەرمانی پێکردن کە بە گەڕانەوەیەکی ڕاست و ساغ بۆ لای خوا بگەڕێنەوە، تاکو گوناهو خراپەکانیان لێ بسڕێتەوەو، شایستەی چوونە بەهەشت بن، لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ دا، دواییش خوای میهرەبان پێغەمبەری پێشەوای ﷺ بانگ کردو، فەرمانی پێکرد کە لە دژی کافرەکان و دەغەڵ و مونافیقەکان ئەوپەڕی تێکۆشان بکات، هەر کامیان بە شێوازی خۆی.

ئنجا لە کۆتایی ئەم سوورەتەدا خوا ﷻ وێنەی بە چوار ئافرەتان هێناوەتەوە، دووانیان خوا کردوونی بە نموونەو وێنە بۆ بێبڕوایان، کە بێبڕوایان بزانن چ ئافرەتان، چ پیاوان، بە تایبەتی ئافرەتانی بێبڕوا، چونکە سوورەتەکە زیاتر سوورەتێکی خێزانییە، با بزانن ئەگەر بێت و خۆیان خاوەن ئیمان و کرداری باش نەبن، ئەوە هەرچەندە هاوسەرەکانیان زۆر زۆر باش بن، هیچ سوودیان پێ ناگەیەنن، هەڵبەتە ئەمە هۆشدارییدانیشە بە گشتیی بە کۆی ئافرەتان، کە بە تەمای ئەوە تێنەکەون و، لە خۆیان بایی نەبن و پشتێنی لێ نەکەنەوە، کە هاوسەرەکانیان پیاوی باشن، بەتایبەتییش بۆ هۆشدارییدانە بە

هاوسـەرانی بەڕێـزی پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە زیاتـر لـە خۆیـان وریـا بـن و، چونکـە مێردیـان پێغەمبـەری خاتەمـە موحەممـەد ﷺ سـەروەری پێغەمبـەران و، باشـترین ئینسـان و پاکتریـن و چاکتریـن بەنـدەی خـوای میهرەبـان، تەنیـا بـەوە پشـتێنی لـێ نەکەنـەوە، بێگومـان ئەگـەر بـۆ خۆیـان لـە خـۆ وریـا نەبـن و، خـاوەنی ئیـمان و کردەوەیـەکی بـاش و پـاك و پوخـت نەبـن، هاوسـەر بوونیـان بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دادیـان نـادات، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱمْرَأَتَ نُوحٍ وَٱمْرَأَتَ لُوطٍ ﴾، خـوا وێنـەی هێنایـەوە بـۆ ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون، وێنەکـەی بەکـێ هێنایـەوە؟ بـە ئافرەتەکـەی نـووح و ئافرەتەکـەی لـووط، جێـی سـەرنجە کـە لێـرە خـوا ﷻ نەیفەرمـووە: (**زَوْجَـةَ نُـوحٍ وَزَوْجَـةَ لـوط**)، (یـان (**زَوجَ نُـوحٍ وزوج لـوط**) چونکـە وشـەی (**زَوج**) لـە زمـانی عەرەبییـدا، هـەم بـۆ ئافـرەت بـەکاردێ، هـەم بـۆ پیـاو)، بـە پێچەوانـەی ئـەوەوە کـە لـە بـارەی هاوسـەرانی بەڕێـزی پێغەمبـەرەوە خـوا لێیـان ڕازی بـێ، کـە دوو جـاران خـوای زانـاز شـارەزا ئـەو وشـەیە (**أزواج**)ی بـۆ ئـەوان بەکارهێنـاوە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ تَبْتَغِى مَرْضَاتَ أَزْوَٰجِكَ ﴾، دواییـش دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذْ أَسَرَّ ٱلنَّبِىُّ إِلَىٰ بَعْضِ أَزْوَٰجِهِۦ حَدِيثًا ﴾، چونکـە ئافـرەت کاتێـك بـە جـووت و هاوسـەر (زوج)ی پیـاو دادەنـرێ، کـە هاوکـووف و هاوتـای بـێ، هاوسـەرانی بەڕێـزی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە ڕووی ئیـمان و کـرداری باشـەوە، هاوتـای پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوون و لەگەڵـی گونجـاو بـوون، لێـی دەوەشـانەوەو شایسـتەی بـوون، چونکـە جـووتی هـەر شـتێك ئەوەیـە کـە وەك ئـەو بـێ، بـا لـە هەمـوو ڕوویەکیشـەوە نەبـێ، بـەڵام لـە چەنـد لایەنێـکی بنەڕەتییـدا، وەك ئـەو بـێ، هاوسـەرانی بەڕێـزی پێغەمبەریـش خـوا لێیـان ڕازی بـێ، لـە ئیـمان و کـرداری بـاش و پابەندیـی بـە شـەریعەتدا، «بـۆ ئـەوان کـەم و زۆر و بـە شـێوەیەکی ڕێژەیـی» هاوکـووف و هاوتـای پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوون، بۆیـە وشـەی (**زَوج**)ی بـۆ بەکارهێنـاون، هەروەهـا بـۆ ئادەمیـش: ﴿ يَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ ... ﴿٣٥﴾ ﴾البقـرة، واتـە: ئـەی ئـادەم! خـۆت و هاوسـەرەکەت، خـۆت و جووتەکـەت لـە باخەکـەدا، لـە بەهەشـتێدا نیشـتەجێ

بـن، بـەڵام لێـرە بـۆ هـەردووك هاوسـەرەكەی نـووح و لـووط (**علیهما السلام**) «كـە ئـەوە كەمـتر لـە تەفسـیرەكاندا بینیومـە ئامـاژەی پـێ كرابـێ» هـەر دەفەرمـوێ: ﴿ٱمۡرَأَتَ نُوحٖ وَٱمۡرَأَتَ لُوطٖۖ﴾، واتـە: ئافرەتەكـەی نـووح و ئافرەتەكـەی لـووط، نەیفەرمـووە: (زَوجَ نُـوحٍ وَزَوجَ لـوط)، واتـە: هاوسـەری نـووح و هاوسـەری لـووط، چونكـە هاوسـەرو جـووت و هاوتایـان نەبـوون، بەڵكـو لـە ڕووی ئیمانـەوە لێیـان جیابـوون و، لـە ڕووی كـرداری باشـەوە لێیـان جیابـوون، هەروەهـا كـە هاوكاریـی مێردەكانیـان نەكـردوە، لێیـان جیـا بـوون، بۆیـە خـوای كاربەجـێ هـەر وشـەی ئافـرەتی بـۆ بەكارهێنـاون، یانی: بـەس ئافـرەت بـوون و مێینـە بـوون، بـەڵام جـووت و هاوكـووف و شایسـتەی هاوسـەرەكانیان نەبـوون، بـەڵام ئێسـتا لـە شـەریعەتی ئێمـەدا، ئافـرەتی كافـر هاوكـووف نیـە بـۆ پیـاوی بـڕوادارو پێـی ناشـێ، ئـەوەش لـەو شـتانەیە كـە جیاوازیـی بەرنامـەكان (اختـلاف الشرائـع)، دەیخـوازێ، كـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ ...﴿٤٨﴾﴾المائـدة، بـۆ هـەر كامێـك لـە ئێـوە بەرنامەیـەك و میتۆدێكـمان دانـاوە، تەنانـەت لـە شـەریعەتی ئیسلامییشـدا، تاكو صوڵحـی حودەیبییـە كـە خـوای دادگـەر ئـەو ئایەتـەی نـاردە خـوار لـە سـوورەتی (المُمتَحِنَـة)دا، كـە دەفەرمـوێ: ﴿وَلَا تُمۡسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلۡكَوَافِرِ ...﴿١٠﴾﴾المتحنة، دەسـت بـە گرێبەسـتی نیكاحـی ئافرەتـانی بێبـڕواوە مەگـرن، پێـش ئـەوەش خـوا دەفەرمـوێ: ﴿لَا هُنَّ حِلّٞ لَّهُمۡ وَلَا هُمۡ يَحِلُّونَ لَهُنَّۖ ...﴿١٠﴾﴾المتحنـة، نـە ژنـە (بـڕوادارە)كان بـۆ مێـردە (كافـرە)كان ڕەوان و، نـە ئەوانیـش بـۆ ژنـەكان ڕەوان، هـەر بۆیـەش عومـەر (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، دوو هاوسـەری هەبـوون لـە مەككـە لـە گەڵـی نەهاتبـوون و هـەر لـە مەككـە بەجـێ مابـوون، هـەر هاوسـەریشی بـوون، ئیـدی كـە ئـەو ئایەتـە هاتـە خـوار، عومـەر دەسـتبەرداری ئـەو دوو ژنـەی بـوو.

﴿كَانَتَا تَحۡتَ عَبۡدَيۡنِ مِنۡ عِبَادِنَا صَٰلِحَيۡنِ﴾، ئـەو دوو ئافرەتـە (هـی نـووح و لـووط **علیهما السلام**) لـە ژێـر دوو بەنـدەی چاك لـە بەندەكانمانـدا بـوون، واتـە: لـە ژێـر نیكاحـی ئەوانـدا بـوون، لـە ژێـر سەرپەرشـتیی ئەوانـدا بـوون، ﴿فَخَانَتَاهُمَا﴾،

کەچی ناپاکییان لەگەڵ کردن، ناپاکیی دینیی، نەك ناپاکیی جینسیی و ڕەوشتیی، چونکە خوا ﷻ پێغەمبەرانی صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ، لەوە پاراستوە کە نەسەب و ڕەچەڵەکیان کەم و کووڕیی و عەیب و شوورەیی تێدابێ، ئەو دوو ژنەش، ئەو دوو ئافرەتەش کە هاوسەری نووح و هاوسەری لووط (عليهما السلام) بوون، بە پێی عورفی کۆمەڵگای خۆیان شتێکی ناشیرین و شوورەیی نەبووە، کە بێبڕوا بن، بەڵام بێگومان لە عورفی هەموو کۆمەڵگایەکاندا بێ ناموسیی و لادانی جینسیی و زینا کردن، شتێکی عەیبەو شوورەیی بووە، بۆیە خوای تاك و پاك پێغەمبەرانی خۆی لەوە پاراستوە، بەڵام ئەوان شانازییان بەوەوە کردوە، کە لەسەر دینی قەومەکەی خۆیانن و، بڕوایان بە پێغەمبەرانی خۆیان نەهێناوە، کەواتە: ﴿فَخَانَتَاهُمَا﴾، واتە: ناپاکییان لەگەڵدا کردوون لە ڕووی ئیمانییەوە، لە ڕووی دینییەوە، لەو ڕووەوە -- وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکانیشدا باس دەکەین - کە قسەی ناشایستیان بە هاوسەرەکانیان گوتوە، بۆ وێنە گوتراوە: خێزانەکەی نووح بە خەڵکی دەگوت: نووح شێت بووە، هەروەها خێزانەکەی لووط سیخوڕیی لەسەر مێردەکەی دەکرد، کە ئەگەر میوانیان هاتبانایە کارێکی وای دەکرد، خەڵکەکە پێ بزانن بۆ ئەوەی بێن، نێربازیی لەگەڵ میوانەکانیدا بکەن، خیانەتەکەیان ئەوە بووە، ﴿فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ اللَّهِ شَيْئًا﴾، ئەو دوو بەندە چاکەی خوا، کە نووح و لووطن صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ، لە بەرانبەر خوادا، لە بەرانبەر سزای خوادا، هیچ سوودیان پێ نەگەیاندن، ﴿وَقِيلَ ادْخُلَا النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِينَ﴾، پێشیان گوترا: لەگەڵ ئەوانەدا کە دەچنە دۆزەخەوە، ئێوەش بچنە نێوی، واتە: بەو دوو ئافرەتانە گوترا: بچنە نێو ئاگری دۆزەخەوە.

بە نسبەت بێبڕوایانەوە، خوا ئەو دوو ئافرەتەی بە وێنە هێناونەوە، کەواتە: خەڵکینە! دڵی خۆتان بەوە خۆش مەکەن، کە: فڵانکەس خزممە، ئنجا ئەگەر پێغەمبەرێکە صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ، ئەگەر زاناو پێشەوایەکە،

ئەگـەر بـۆ خـوا صوڵحاوێکـە، بـە تەمـای خزمایەتیـی و ڕەچەڵـەك تێمەکـەون، ئەوەتـا ژنەکـەی نـووح و ژنەکـەی لـووط صـەڵات و سـەلامی خـوا لەسـەر ئـەو دوو پێغەمبـەرە پایـە بـەرزە بێ، ئـەو دوو پێغەمبـەرە پایـە بـەرزەش سـوودیان پـێ نەگەیانـدن، چونکـە موخەننـەت و ناپـاك و ناڕێـك بـوون لەگـەڵ هاوسـەرەکانیاندا.

ئنجـا خـوا عزوجـل دوو وێنـەی دیکـە دێنێتـەوە بـە دوو ئافـرەتی دیکـە، بـۆ بـڕواداران: ﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱمْرَأَتَ فِرْعَوْنَ ﴾، هەروەهـا خـوا وێنەیـەکی هێنایـەوە بـۆ ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە، وێنـەی بـە کـێ هێنایـەوە؟ ﴿ ٱمْرَأَتَ فِرْعَوْنَ ﴾، ئافرەتەکـەی فیرعـەون، ئەویـشی دیسـان بـە هاوسـەر (زوج) نـاو نەهێنـاوە، چونکـە بـە دڵنیایـی ژنەکـەی فیرعـەون کـە ئیمانـدار بـووە (ئاسیای کچـی موزاحیـم) هاوکـووفی فیرعـەون نەبـووە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو ئیمانـدار بـووەو فیرعـەون کافـر بـووەو، ئـەو ئافرەتـە چاکـەکار بـووەو فیرعـەون خراپـەکار بـووەو، هاوکـووفی یەکـدی نەبـوون، بۆیـە خـوا ئەویـشی بـە جـوون (زوج) نـاو نەهێنـاوە، چونکـە هاوکـووف و جـووت نەبـوون، خـوا بۆچـی و لـە چـی دا بـە وێنـەی هێنایـەوە؟ ﴿ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ٱبْنِ لِى عِندَكَ بَيْتًا فِى ٱلْجَنَّةِ ﴾، کاتێـك گـوتی: پـەروەردگارم! لـەلای خـۆت ماڵێکـم لـە بەهەشـتدا بـۆ بنیـات بنـێ، ﴿ وَنَجِّنِى مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِۦ ﴾، قوتاریشـم بکـە لـە فیرعـەون و کـردەوەی فیرعـەون، لـەو هەمـوو دەسـتدرێژیی و سـتەم و خراپەیـەو، لـەو سـۆغرەو بێـگارەی کـە بـە بـەنی ئیسـڕائیلی دەکـرد، لـەو هەمـوو لاف لێدانـەی پەرورەدگارێتیـی و پەرسـتراوێتیی کـە لافی لێـدەدا، لـەوە بمپارێـزە، ﴿ وَنَجِّنِى مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، لـە کۆمەڵـی سـتەمکارانیش، دەربـازم بکـە، دارو دەسـتەی فیرعـەون و ئـەو کۆمەڵگایـە بـوون کـە فیرعەونیـان دەپەرسـت، کۆیلایەتییـان بـۆ دەکـردو، لەبـەر دەسـتیدا بـوون، لەوانـەش بمپارێـزەو ڕزگارم بکـە.

هەروەهـا خـوا وێنـەی هێناوەتـەوە بـە ئافرەتێـکی دیکـە، ئەویـش هـەر بـۆ بـڕواداران: ﴿ وَمَرْيَمَ ٱبْنَتَ عِمْرَٰنَ ٱلَّتِىٓ أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا ﴾، هەروەهـا مەریەمـی کچـی عیمـڕان (خـوا بـە وێنـەی هێنایـەوە)، کـە داوێنـی خـۆی پاراسـت، ﴿ فَنَفَخْنَا

ﮋ فِيهِ مِن رُّوحِنَا ﮊ، ئێمەش لە ڕووحی خۆمان فوومان پیدا کرد، (فوومان بە یەخەی کراسەکەیدا کرد)، لە، واتە: ڕووحێك کە بە تایبەتی دروستمان کرد بوو، بەشێوەی فوو لە ڕێی جیبریلەوە **عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام** بە بەر جەستەی مەریەممانـدا کرد، لە یەخەیەوە فووەکەی پێدا کراوە، ﮋ وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ ﮊ، (مەریەم) فەرمایشتەکانی پەروەردگاری بە ڕاست دانان، ﮋ وَكُتُبِهِۦ ﮊ، هەروەها کتێب و پەیامەکانی خـواشی بەڕاست دانان، ﮋ وَكَانَتْ مِنَ ٱلْقَٰنِتِينَ ﮊ، ئەویش (مەریەم) لە زۆر بۆ خوا ملکەچان و کڕووزاوان بوو، لە ناخەوە (بۆ خوا) لە تەسلیم بووان بوو.

کەواتە: وەك چۆن ئیمانی پیاوە باشەکان ئەگەر پێغەمبەریش بن، سوود ناگەیەنێ بە ئافرەتانی بێ ئیمان، بە هەمان شێوە: کوفری پیاوە خراپەکانیش زیان نادات لە ئافرەتانی خاوەن ئیمانی، وەك ئافرەتەکەی فیرعەون، هەروەها وەك مەریەمی کچی عیمران، بە نسبەت ئافرەتی فیرعەونەوە: کوفری فیرعەون و ملهوڕیی فیرعەون و دارو دەستەکەی، زیانی نەبوو بۆی نەبوو، بە هەمان شێوەش بە نسبەت مەریەمی کچی عیمرانیشەوە: گەلی جوولەکە بوختانیان بۆ کردو، بوختانیان بە کوڕەکەشی دەکرد، کە عیسایە (**عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) دەیانگوت: بیژوویە، زۆڵە، چونکە بابی نەبوو، دەیانگوت: مەریەم زینای کردوە، ئەو خەڵکە بوختان چییە زیانیان پێ نەگەیاند، ئەوەتا خوا ﷻ ناوی مەریەمی لە هەموو دنیادا بەرز کردەوە، ئەو بوختان و درۆو دەلەسەیەش زیانی پێ نەگەیاند، چونکە مرۆڤ ئەگەر لەزاتی خۆیدا پاك و چاك بوو، لەپشت پەردەی ڕەشەوە تەماشا کردن و بوختان بۆ کردنی ناحەزانی، زیانی پێ ناگەیەنێ، چ جوولەکەکان، چ ڕۆمانەکان، کە دیارە دواییش عیسا (**عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) خوای دەرووکەرەوە لە دەستی ئەوان دەربازی کردو، بە کڵاو ڕۆژنەدا بەرزی کردەوەو، بردی بۆ ئاسمان بە ڕووح و جەستەوەو بە زیندوویەتیی، هەرچەندە جوولەکەکان ئێستاش وا دەزانن کە بە دەسیسەی ئەوان و ڕۆمانەکان، عیسایان

لـە سـێدارە داوەو، نەصرانییەکانیـش هـەر لێیـان تێکچـوەو، بـەڵام ئـەم ڕاسـتییە لـە قورئانـدا ڕوونکراوەتـەوە، کـە عیسـا **علیـە السـلام** وەك خـوا لـە سـوورەتی **(النسـاء)** دا فەرموویـەتی: ﴿ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِن شُبِّهَ لَهُمْ... ﴿١٥٧﴾ ﴾، نـە کوشـتیان و نـە هەڵیشـیانواسی، بەڵکـو وێنـەی عیسـایان بـۆ برایـە سـەر یەکێـکی دیکـە، یـانی: ئەویـان لـە جێـی عیسـا لـە سـێدارەدا، کـە یەهـووزای ئەسـخەریوتییە، یاخـود کەسـێکی دیکـە بـووە، لەوانـەی لەگـەڵ عیسـادا بـوون، ئنجـا چ لەبـەر ئـەوەی خیانـەتی پـێ کـردوە، خـوای دادگـەر بـەو شـێوەیە سـزای داوە، چ وەك لـە هەندێـك ڕیوایەتانـدا هاتـوە -- کـە پێشـتر باسـمان کـرد[1] - فیداکاریـی کردبـێ و بـە عیسـا **(عَلَيْـهِ السَّـلام)**ی گوتبـێ: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! بـا مـن لـە جیـاتی تـۆ لـە سـێدارە بدرێـم و بکوژرێـم و، خـۆی کردبێتـە بـەلا گێـڕەوەی عیسـا **(عَلَيْـهِ السَّـلام)**.

---

(١) لە تەفسیری سوورەتی (الحدید)دا.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

وێنە هێنانەوەی خوا ﷻ بۆ بێبڕوایان کە: پەیوەندیی نیزیکیی و خزمایەتیی، دادیان نادات لە بەرانبەر سزای خواداو، وێنە هێنانەوەی خوا بۆ بێبڕوایان بە هەردوو ژنەکەی نووح و لووط (علیهما السلام) کە لە ئەنجامی پەیمان شکێنییان لەگەڵیاندا، سزابار بوون و مێردەکانیان کە دووان لە هەرە بەندە چاکەکانی خوا بوون، سوودیان پێ نەگەیاندن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱمْرَأَتَ نُوحٍ وَٱمْرَأَتَ لُوطٍ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَٰلِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا وَقِيلَ ٱدْخُلَا ٱلنَّارَ مَعَ ٱلدَّٰخِلِينَ ﴿١٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱمْرَأَتَ نُوحٍ وَٱمْرَأَتَ لُوطٍ ﴾، خوا ﷻ وێنەیەکی بۆ ئەوانەی بێبڕوان، هێنایەوە، بە ئافرەتەکەی نووح و ئافرەتەکەی لووط، ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ ﴾، کارو بکەر (**فعل وفاعل**)ن، واتە: خوا هێنایەوە، ﴿ مَثَلًا ﴾، بەرکاری دووەمەو پێشکەوتوە ﴿ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾، بۆ ئەوانەی بێبڕوا بوون.

﴿ ٱمْرَأَتَ نُوحٍ وَٱمْرَأَتَ لُوطٍ ﴾، ئەمانە بەرکاری یەکەمن و دواکەوتوون، واتە: (**ضَرَبَ اللهُ امرَأَتَ نُوحٍ وَامرَأَتَ لُوطٍ مَثَلاً لِلَّذِينَ كَفَرُوا**)، بەڵام بۆچی ﴿ مَثَلًا ﴾، پێشخراوە؟ چونکە ئەوە زیاتر گرنگە، وێنە هێناوە کە گرنگترە، وێنە پێ هێنراوەکەش، هەردوو ژنەکەی نووح و لووط بوون، ئەمەش دەگونجێ بیرخستنەوەو ئامۆژگاریی بێ، بە تایبەت بۆ هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ چونکە بەهۆی ئەوەوە لە خۆبایی

نەبن، کە هاوسەری پێغەمبەری کۆتایین (هاوسەری پێغەمبەر موحەممەدن ﷺ) هەروەها بە گشتییش ئامۆژگارییە بۆ ئافرەتان و بۆ پیاوانیش، کە بەهۆی نیزیکیی لە خەڵکی چاکەوە بوغڕا مەبن، لە خۆتان بایی نەبن، دەبێ لە زاتی خۆتاندا باش بن، ئەگەرنا نیزیکییتان لە چاکان دادتان نادات، یەکێك لە زانایان لە بارەی (**ضَربُ المَثَل**)ەوە گوتوویانە: (**ضَربُ المَثَل**) (وێنە هێنانەوە) بریتیە لە وێنە هێنانەوەی حاڵەتێکی سەیر، کە حاڵی شتێکی دیکەی وەك ئەوی لە سەیرییدا پێ دەناسرێ، واتە: لێرەدا خوا ﷻ بۆ حاڵی ئەو بێبڕوایانەو، ئەوە کە هیچکەس سوود بە هیچکەس ناگەیەنێ، ئەو وێنەیەی هێنایەوە، بە هەردوو ژنەکەی نووح و لووط صەڵات و سەلامی خوا لەسەر نووح و **لووط** بێ.

٢)- ﴿ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَالِحَيْنِ ﴾، ئەو دوو ئافرەتە لە ژێر دوو لە بەندە چاکەکانمان دابوون، واتە: لە ژێر نیکاحی ئەوانداو لە ژێر سەرپەرشتیاریی ئەواندا بوون.

٣)- ﴿ فَخَانَتَاهُمَا ﴾، کەچی ناپاکییان پێ کردن، لەگەڵیاندا موخەننەت بوون، واتە: خیانەت لە ڕووی کوفرو شیرکەوەو، لە ڕووی دژایەتییکردنی هاوسەرەکانیانەوە، (**الطبري**) لە (**ابن عباس**)ەوە، خوا لە خۆی و باپی ڕازی بێ، دەڵێ: {**ذُكِرَ أَنَّ خِيَانَةَ امْرَأَةِ نُوحٍ زَوْجَهَا، أَنَّهَا كَانَتْ كَافِرَةً، وَكَانَتْ تَقُولُ لِلنَّاسِ: إِنَّهُ مَجْنُونٌ، وَأَنَّ خِيَانَةَ امْرَأَةِ لُوطٍ، أَنَّ لُوطًا كَانَ يُسِرُّ الضَّيْفَ، وَتَدُلُّ عَلَيْهِ**}، (**جامع البيان: ٣٤٥٥٤**)، واتە: باسکراوە: ناپاکیی ژنەکەی نووح لەگەڵ مێردەکەیدا ئەوە بوو کە بێبڕوا بوو، (ئافرەتەکەی بێبڕوا بوو)، بە خەڵکیشی دەگوت: نووح شێتە!، ناپاکیی ژنەکەی **لووطیش** ئەوەبوو، کە **لووط** بە پەنهانیی میوانی دەبردنە ماڵێ، بەڵام ژنەکەی خەڵکی لە میوانەکان ئاگادار دەکردەوە.

ئەو گەلەی **لووط**یش عادەتیان وابوو هەر کاتێ کەسێکی غەریب و میوان هاتبێتە نێو شارو ئاوەدانییەکەیانەوە، هەوڵیان داوە دەستدرێژیی سێکسیی بکەنە سەر.

٤)- ﴿فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾، ئەو دوو (پێغەمبەر)ە (پایە بەرزە نووح و لووط صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ)، لە بەرانبەر (سزای) خوادا هیچ سوودیان پێ نەگەیاندن.

تەنیا لە سۆنگەی ئەوەوەی ئەو دوو ئافرەتە هاوسەریان بوون، هیچ سوودیان پێ نەگەیاندن.

٥)- ﴿وَقِيلَ ٱدْخُلَا ٱلنَّارَ مَعَ ٱلدَّٰخِلِينَ﴾، گوتراش: لەگەڵ چووەوە نێوان، ئێوەش بچنە نێو (ئاگرەوە).

ئەوەیان لە باسی قیامەتدا خوای دادگەر هێناویەتە پێش، یاخود باسی قۆناغی بەرزەخە، کە ئێستا ئەوان تێیدان، ئنجا ئەگەر مەبەست قۆناغی بەرزەخ بێ، دوای ئەوەی مردوون، ئەوەیان پێگوتراوە، مرۆڤ کە مرد ڕووحەکەی بۆ بەهەشتە یان دۆزەخە، یاخود هەر باسی قیامەتەو خوای پەنهانزان هێناویەتە پێش، هەڵبەتە زانایان بۆ وێنە: ئیبنو عەبباس ﵄ هەروەها زانایانی دیکەش هەموویان گوتوویانە: (**قَدْ وقَعَ الإجْماعُ عَلى أنَّهُ ما زَنَتِ امْرَأةُ نَبِيٍّ قَطُّ**)، یەکدەنگیی زانایان لەسەر ئەوەیە کە هەرگیز هاوسەری هیچ پێغەمبەرێك داوێنپیسیی و زینای نەکردوە، چونکە ئەوە:

أ- لە لایەکەوە: شتێکی نەنگ و شوورەییە، بۆ کەسایەتیی ئەو پێغەمبەرانە (**علیهم السلام**)، بەپێی عورف و باوی هەموو کۆمەڵگایەکان، بەڵام کوفر شتێکی شوورەیی و عەیبە نەبووە، بەڵکو ئەو کاتە بڕوا هێنان، شتێکی نامۆو غەریب و سەیر بووەو جێی ڕەخنە بووە، بەڵام زیناو داوێنپیسیی، هەمیشە شتێکی شوورەیی و عەیب بووە، خوای پەروەردگاریش پێغەمبەرانی خۆی لە لەکەو پەڵە پاراستوون.

ب- لە لایەکی دیکەشەوە: بێ متمانەیی دەهاتە دی بە وەچە (نَسْل)ی پێغەمبەران!

مەسەلەی دووەم:

وێنـە هێنانـەوەی خـوا بـۆ بـڕواداران، کـە بێبڕوایـی نیزیکانیـان زیانیـان لـێ نـادات:

١- بـە هاوسـەری فیرعـەون، کـە لـە خـوا پاڕایـەوە، لـە لای خـۆی کۆشـکێکی لـە بەهەشـتدا بـۆ بنیـات بنێ و، لـە فیرعەون و کـردەوەکانی و، کۆمەڵگا ستەمکارەکەی دەربـازی بـکات.

٢- بـە مەڕیەمـی کچـی عیمـران کـە خـۆی پـاك ڕاگـرت و خـواش ڕووحـی عیسـای بـە فوویـك بەبـەردا کـردو، ئافرەتێـکی بـڕوادارو لـە ملکەچـان بـوو بـۆ خـوا.

خوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱمْرَأَتَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ٱبْنِ لِى عِندَكَ بَيْتًا فِى ٱلْجَنَّةِ وَنَجِّنِى مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِۦ وَنَجِّنِى مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١١﴾ وَمَرْيَمَ ٱبْنَتَ عِمْرَٰنَ ٱلَّتِىٓ أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ وَكَانَتْ مِنَ ٱلْقَٰنِتِينَ ﴿١٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱمْرَأَتَ فِرْعَوْنَ ﴾، هەروەها خوا وێنەیەکی هێنایەوە بۆ ئەوانەی بڕوایان هێناوە، بە ئافرەتەکەی فیرعەون، یانی: (**وَضَرَبَ اللهُ امرَأة فِرعَونَ مَثَلاً لِلَّذِينَ آمَنُوا**)، وەك پێشتریش گوتمان: وشەی (**مَثَلاً**) بەرکاری دووەمی پێشخراو (**مَفعُولٌ بِهِ الثَّانِي المُقَدَّم**)ە، بۆیەش پێشخراوە، لە سۆنگەی ئەوەوە کە زیاتر گرنگەو جێی بایەخەو بناغە خودی وێنەکەیە، بەڵام ئایا وێنەکە بریتی بوو لە کێ؟ لە ئافرەتەکەی فیرعەون، کە خوا ﷻ هەم بۆ ژنەکەی نووح، هەم بۆ ژنەکەی **لووط**، هەم بۆ ژنەکەی فیرعەون، وشەی (**إمرَأة**)ی بەکارهێناوە، واتە: ئافرەت و، وشەی هاوسەر (زوج)ی بەکار نەهێناوە، چونکە نە هاوسەری نووح و **لووط** جووت و شایستەو

هاوتای ئەو مێردە پاك و چاكانەیان بوون، كە دووان لە پێغەمبەرانی پایە بەرزی خوان (**علیهما الصلاة و السلام**)، دیسان ژنەكەی فیرعەونیش كە ئاسیای كچی موزاحیمە، كە خاوەنی ئیمان و كرداری باش بوو، ئەویش هاوكووفی فیرعەون نەبوو، كە لە بێبڕوایی و خراپەكاریی و ملهوڕییدا ژمارەی پێوانەیی شكاند بوو، مانای ئەم ئایەتە موبارەكەش ئاوایە: خوا حاڵی ژنەكەی فیرعەونی بە وێنە هێنایەوە بۆ حاڵی بڕواداران، تاكو هانیان بدات لە سەر خۆڕاگریی لە فەرمانبەریی و دەست گرتن بە دینەوەو، خۆڕاگریی لە ناڕەحەتیی و سەختییان دا.

ئایا ژنەكەی فیرعەون (ئافرەتەكەی فیرعەون) چی گوت؟:

٢)- ﴿إِذۡ قَالَتۡ رَبِّ ٱبۡنِ لِي عِندَكَ بَيۡتٗا فِي ٱلۡجَنَّةِ﴾، (ئێوەش ئەو حاڵەت و پاڕانەوەیەی بكەن، بە جێی سەر مەشق و تەماشا كردنتان، ئەی ئافرەتەكان!) كاتێ گوتی: پەروەردگارم! بۆم بنیات بنێ لە لای خۆت ماڵێك لە بەهەشتدا، (عِندَكَ) لە لای خۆت، یانی: (**بَيْتاً قَرِيباً مِنْكَ**)، ماڵێك لە نیزیك خۆتەوە.

ئەمەیان بە چەند واتایەك لێكداوەتەوە:

١- (**أي: قريباً مِن رَحمَتِكَ**)، لە نیزیك بەزەیی خۆتەوە.

٢- (**قريباً مِنْكَ**)، نیزیك لە خۆتەوە، وەك بۆ تۆ شایستەیە.

٣- (**في مَكَانٍ لا يُتَصَرَّفُ فِيهِ إلاَّ بِإِذْنِكَ**)، لە شوێنێكدا كە هیچكەس دەستی نەگەیەنێتێ مەگەر بە مۆڵەتی تۆ.

وەك عەرەب گوتوویانە: (**الجَار قبل الدَّار**)، دراوسێ بەر لە ماڵ، ئەویش گوتوویەتی: ﴿رَبِّ ٱبۡنِ لِي عِندَكَ بَيۡتٗا فِي ٱلۡجَنَّةِ﴾، لە نیزیك تۆ، لە لای خۆت، ئنجا باسی ماڵی كردوەو دوایی باسی بەهەشتی كردوە، هەروەها لەو بارەوە گوتراوە: (**الرَّفِيق ثُمَّ الطَّرِيق**)، پێشێ هاوەڵ، ئنجا ڕێ، كێ لەگەڵی بە ڕێیەدا دەڕوات؟

٣)- ﴿وَنَجِّنِي مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِۦ وَنَجِّنِي مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾، دەربازیشم بکە لە فیرعەون و کردارەکەی و، ڕزگاریشم بکە لە کۆمەڵی ستەمکاران، کە **قیبطییەکان** بوون، خەڵکی میصر بە گشتیی و دارو دەستەی فیرعەون و ئالی فیرعەون (واتە: شوێنکەوتووانی) بە تایبەت، کە لێرە دەفەرموێ: ﴿وَنَجِّنِي مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِۦ﴾، **(أي نَجِّنِي مِنْ ذَاتِهِ وَمَا يُظْهِرُهُ مِنَ الشَّرِّ)**، هەم لە خودی خۆی و، هەم لەو خراپەیەی لێی دەردەچێ، لە ڕێی کردەوەکانیەوە، دەربازو قوتارم بکەو بمپارێزە.

ئەمە وێنەی یەکەم بۆ بڕواداران.

ئنجا خوا وێنەی دووەم دێنێتەوە:

٤)- ﴿وَمَرْيَمَ ٱبْنَتَ عِمْرَٰنَ ٱلَّتِيٓ أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا﴾، هەروەها (خوا وێنەی هێنایەوە بۆ بڕواداران) بە مەریەمی کچی عیمڕان، کە داوێنی خۆی پاراست، واتە: خۆی پاراست لە هەر شتێك کە ناشەرعیی بێ، لە هەر شتێك خوا پێی ناخۆش بێ، وەك پێشتریش گوتمان: ئەم تەعبیرە بۆیە بۆ مەریەم بە تایبەت، زۆر بەکارهاتوە، چونکە ئێستاشی لەگەڵدابێ جگە لە مسوڵمانان و نەصرانییەکان، جوولەکەو بێبڕوایەکانی دیکە هەموویان، گومانی خراپ بە مەریەم دەبەن، گوایە زینای کردوەو، عیساش لەبەر ئەوەی بابی دیار نیە، گوتوویانە: زۆڵەو بیژوویە و مەریەم بەهۆی زیناو داوێنپیسییەوە، ئەو منداڵەی وەسك کەوتوە، هەڵبەتە ئەوان نکووڵیی لەوە دەکەن کە خوا ﷻ بە تایبەت عیسای بەو شێوەیە خوڵقاند بێ.

٥)- ﴿فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا﴾، (دوای ئەوەی مەریەم خۆی پاك و چاك ڕاگرت)، ئێمەش لەو ڕووحەی خۆمان (کە بە تایبەت خوڵقاندبوومان کە ڕووحی عیسایە)، فوومان پێدا کرد، واتە: جیبریل فووی بە یەخەی کراسەکەیدا کردو، ڕووحی عیسای چووەبەر، یانی: بە یەخەی کراسەکەیدا ڕووحەکەی عیسا چووە نێو منداڵدانی و، مەریەم پێی تۆلدار بوو.

٦)- ﴿وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ﴾، مەریەم فەرمایشتەکانی پەروەردگاری و کتێبەکانی پەروەردگاریشی بە ڕاست دانان.

یەکەم وشە کە مەریەم بەڕاستی دانا، ئەو وشەیە بوو کە عیسای پێ دروست بوو، چونکە خوای پەروەردگار ناوی لە عیسا ناوە (وَكَلِمَةٌ مِنهُ) وشەیەکی پەروەردگار بوو، عیسا بە وشەی ڕاستەوخۆی پەروەردگار دروست بوو، بە فەرمانی تەکوینی ڕاستەوخۆی، نەك مەریەم لەگەڵ پیاوێکدا جووت بووبێ.

٧)- ﴿وَكَانَتۡ مِنَ ٱلۡقَٰنِتِينَ﴾، مەریەمیش لە زۆر بۆ خوا ملکەچان بوو، ﴿مِنَ ٱلۡقَٰنِتِينَ﴾، یانی: (القَوْمِ المُطِيعِينَ لِرَبِّهِمْ)، ئەو کۆمەڵ و خەڵکەی زۆر ملکەچن بۆ پەروەردگاریان، ئەویش لەوان بوو، یاخود: (رَهْطُها وعَشِيرَتُها الَّذِينَ كانَتْ مِنهم)، ئەو خزم و قەومەی مەریەمیش یەکێك بوو لەوان، کە بنەماڵەکەی هەموویان هەر لە بابیەوە کە عیمرانەو، لە دایکیەوە، زۆر ساغ و پاك و پارێزکار بوون.

کۆتایی ئەم دەرسەشمان بەم دوو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ دێنین:

١- {أَفْضَلُ نِسَاءِ أَهْلِ الْجَنَّةِ: خَدِيجَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدٍ، وَفَاطِمَةُ بِنْتُ مُحَمَّدٍ، وَمَرْيَمُ بِنْتُ عِمْرَانَ، وَآسِيَةُ بِنْتُ مُزَاحِمٍ امْرَأَةُ فِرْعَوْنَ}، (**أخرجه أحمد: ٢٩٠٣، والحاكم: ٣٨٣٦، وقال: صحيح الإسناد، وعبد بن حميد: ٥٩٧، والنسائي في الكبرى: ٨٣٦٤، وأبو يعلى: ٢٧٢٢، وابن حبان: ٧٠١٠، وقال الحافظ في الفتح: إسناده صحيح**)، واتە: باشترینی ئافرەتانی بەهەشت خەدیجەی کچی خوەیلیدەو، فاتیمەی کچی موحەممەدەو، مەریەمی کچی عیمرانەو، ئاسیای کچی موزاحیمە، ئافرەتەکەی فیرعەون.

٢- {كَمُلَ مِنَ الرِّجَالِ كَثِيرٌ، وَلَمْ يَكْمُلْ مِنَ النِّسَاءِ إِلاَّ آسِيَةُ امْرَأَةُ فِرْعَوْنَ، وَمَرْيَمُ بِنْتُ عِمْرَانَ، وَإِنَّ فَضْلَ عَائِشَةَ عَلَى النِسَاءِ، كَفَضْلِ الثَّرِيدِ عَلَى سَائِرِ الطَّعَامِ}، (**أخرجه البخاري: ٣٤١١، ومسلم: ١٤٨٦**)، واتە: زۆر کەس لە پیاوان تێرو تەواو بوون، بەڵام لە ئافرەتان ئەوەی زۆر تێرو تەواو بووبێ، تەنیا ئاسیە ئافرەتەکەی فیرعەون و، مەریەم کچی عیمران و، خەدیجەی کچی خوەیلیدەو، چاکیی عائیشەش بەسەر ئافرەتانی دیکەدا، وەك چاکیی و ئیمتیازی تشریب و تێکوشین (**الثَّرِيدِ**)ە، (کە جۆرێکە لە خواردنی نایاب بە نسبەت عەرەبانەوە)، بەسەر جۆرە خواردنەکانی دیکەدا.

خـوا بـە لوتـف و کەڕەمـی خـۆی یارمەتیـمان بـدات، هەمیشـە پیـاوە چاکـەکان و ئافرەتـە چاکـەکان، بکەینـە سـەر مەشـق لـە ژیانمانـداو، هەمیشـە مشـووری ئیـمان و کـرداری بـاش بخۆیـن و، دڵنیابیـن لـەوەی هیچکـەس بـە مەڵـەی کـەس ناپەڕێتـەوەو، دڵنیابیـن لـەوی ئەگـەر خـاوەنی ئیـمان و کـرداری بـاش نەبیـن، هیـچ شـتێکی دیکەمان بـە کەڵـك نایـەت، بـەڵام کەسـێ خـاوەن ئیـمان و کـرداری بـاش بـێ، ئـەو کاتـە لـە نیزیکیـی چاکانیـش بەهرەمەنـد دەبـێ، لـە دنیـاو لـە دوارۆژیشـداو، لـە تـکاو شـەفاعەتی پێغەمبەریـش ﷺ و زانایـان و شـەهیدانیش بەهرەمەنـد دەبـێ،

لێـرەدا کۆتایـی بـە ئـەم دەرسـەمان دێنیـن و، کۆتایـی بـە تەفسـیری سـوورەتی (**التحريم**)یـش دێنیـن.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سوورەتی

المُلْكِ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٢٥)ی ڕەمـەزانی/ سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییـە، بەرانبـەر: (٢٠٢٠/٥/١٨)ی زاینیـی، لـە شـاری دێرینـی هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن، بـە تەفسیرکردنی سـووڕەتی (المُلْكُ)، سـەرەتاش دێینـە سـەر خسـتنەڕووی پێناسـەو نێوەڕۆکی (سُـورَةُ المُلْـكُ)و، لـە حـەوت (٧) بڕگـەدا، پێناسـەی ئـەم سـووڕەتە موبارەکـە دەکەیـن:

پێناسەی سووڕەتی (الملک) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:

ئەم سووڕەتە بەلای کەمەوە هەشت (٨) ناوی هەن:

نـاوی یەکـەم: نـاوی باوتـری ئـەم سـووڕەتە بریتیـە لـە: (سُـورَةُ المُلْـك)، بـەڵام چەنـد ناوێـکی دیکەشـی هـەن، ڕەنگـە لـە هەندێـك شـوێنان، هەندێـك لـەو ناوانـەی باسـیان دەکـەم، باوتریـش بـن لـە نـاوی (سُـورَةُ المُلْـك).

نـاوی دووەم: یەکێـکی دیکـە لـە نـاوەکانی بریتیـە لـە: ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ ۝١﴾، کـە ئەمـە ناوێکـە، پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـۆ ئـەم سـووڕەتەی بەکارهێنـاوە، وەك لـەم دوو دەقـەوە دیـارە:

١- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {سُورَة من الْقُرْآن مَا هِيَ إِلَّا ثَلَاثُونَ آيَة، خَاصَمَتْ عَنْ صَاحِبِهَا حَتَّى أَدْخَلَتْهُ الْجنَّة، وَهِي سُورَة تبَارك}، (أخرجه الطبراني في الأوسط: ٣٦٥٤، والضياء: ١٧٣٨، وقال: إسناده حسن، وأخرجه أيضًا: الطبراني في الصغير: ٤٩٠، قال الهيثمي: «ج٧، ص١٢٧»: رجاله رجال الصحيح).

واتــە: ســوورەتێك لــە قورئانــدا هەیــە، تەنهــا سی (٣٠) ئایەتــە، دەمەقاڵــێ و بەرگریــی کــردوە لــە خاوەنەکــەی، (واتــە: لــە کەسـێك ئــەو ســوورەتەی لەبــەر کــردوەو، تێیگەیشــتوەو کاری پێکــردوە)، تاکــو خاوەنەکــەی خســتۆتە بەهەشــت، ئەویــش بریتیــە لــە ســوورەتی: ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ ①﴾.

٢- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**مِنَ الْقُرْآنِ سُورَةٌ ثَلاثُونَ آيَةً، شَفَعَتْ لِرَجُلٍ حَتَّى غُفِرَ لَهُ، وَهِيَ: تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ**} (**أخرجه أبو داود: ١٤٠٠، والترمذي: ٢٨٩١، والنسائي: ٦٣٣، وفي الكبرى:، ١٠٥٤٦، ١١٦١٢، وابن ماجه: ٣٧٨٦**).

واتــە: ســوورەتێك لــە قورئانــدا هەیــە، سی (٣٠) ئایەتــە، تــکای کــرد بــۆ پیاوێــك هەتــا لێــی بــوردرا (خــوا لێــی خۆشــبوو)، ئەویــش ســوورەتی: ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ ①﴾ە .

ناوی سێیەم: (**سُورَةُ تَبَارك**).

ناوی چوارەم: (**الواقية**)، پارێزەر.

ناوی پێنجەم: (**المنجية**)، دەربازکەر.

ناوی شەشەم: (**المانعة**)، بەرگریی لێکەر، بەرگرییکار لە خاوەنەکەی.

ناوی حەوتەم: (**المجادلة**)، مشتومڕکار لەسەر خاوەنەکەی.

ناوی هەشتەم: (**المنّاعة**)، زۆر ڕێگرییکار لە خاوەنەکەی کە سزا بدرێ.

هەڵبەتــە ئــەو هەمــوو ناوانــەش، نیشــانەی زێــدە گرنگیــی و، بایەخــی ئــەم ســوورەتە موبارەکەمــان بــۆ دەردەخــەن.

دووەم: کات و شوێنی دابەزینی:

بــە یەکدەنگیــی زانایــان ئــەم ســوورەتە مەککەییــە، هەرچەنــدە ڕایــەکی ڕیزپــەڕ گوتوویــەتی: مەدینەییــەو، ڕایــەکی دیکــەش گوتوویــەتی: ســێ ئایــەتی مەدینەییــن، وەك

(**السيوطي**) لـه کتێبـه ناودارەکـەی (**الإتقـان**)دا هێناویـەتی، بـەڵام هیـچ بەڵگەیەکیـان لەسـەر نیـەو، ئایەتـەکانی ئـەم سـوورەتە هەموویـان وەك ئاڵقـەکانی زنجیرێـك، یەکدییـان بەسـتۆتەوەو، پێدەچـێ هەمووشـی پێکـەوە دابەزیبـێ.

هەڵبەتـە ئـەو سـوورەتانەش کـە چەنـد ئایەتێکیـان لـە مەدینـە دابەزیـون و، چەنـد ئایەتێـك لـە مەککـە، بـۆ وێنـە: سـوورەتی (**المزمـل**)، ئایەتەکانیـان هەمیشـە وەك ئاڵقـەکانی زنجیـر یەکـدی دەبەسـتنەوە، بـەڵام قورئانـی مەککەیـی سرووشـتێکی هەیـەو، قورئـانی مەدینەییـش سرووشـتێکی جیـاوازو تایبـەت بـە خـۆی هەیـە.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمـارەی ئایەتـەکانی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە سـی (٣٠)یـە، پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـۆ خـۆی فەرموویـەتی: {**مَـا هِـيَ إِلاَّ ثَلاَثُـونَ آيَـةً**}، بـەڵام (**أَهْـلُ الحِجَـاز**)، ژمـارەی ئایەتەکانیـان بـە (٣١) دانـاوە، بـۆ ئـەوەش کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی: تەنیـا سـی (٣٠) ئایەتـە، گوتوویانـە: لـەو ژمارانـەدا دوو سـێیەك کـەم یـان زیـاد، ناخوێنرێتـەوە.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە هاتنە خواردا:

لـە موصحەفـدا ئـەم سـوورەتە موبارەکـە ژمارەکـەی (٦٧)ە، لـە سـوورەتی (**الفاتحـة**)وە، کـە دێـی ئەمـە (٦٧)ەمیـن، سـوورەتە، لـە دابەزینیشـدا (٧٦)ەمیـن، سـوورەتە پێـش (**الحاقـة**)و، دوای سـوورەتی (**المؤمنـون**)، دابەزیـوە.

ڕەنگـە زانـای دیکـەش هەبـێ بڵـێ: لـە پێـش (٧٦)ەوەیـە، یاخـود لـە دوای (٧٦) وەیـە، بـەڵام ئەمـە ڕای جابیـری کـوڕی زەیـدە، کـە زۆر لـە ڕوونکـەرەوانی قورئـان پشـتیان بـە ڕایەکـەی ئـەو بەسـتوە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

نێـوەڕۆکی ئـەم سـوورەتە، هەمـان نێـوەڕۆکی قورئـانی مەککەییـەو دەتوانیـن بڵێیـن: کـۆی ئـەو سـی (٣٠) ئایەتـە، دەربـارەی دوو بابـەتی هـەرە گـەورەو گرنگـن:

١- بابەتی خواناسیی و، خستنە ڕووی نیشانەکانی پەروەردگارێتیی و بەدیهێنەرایەتیی و خاوەندارێتیی و سیفەت بەرزیی و، بێ وێنەیی خواو، چاکەو نیعمەتەکانی لە ژیانی مرۆڤدا.

٢- ڕۆژی دوایی و پاداشت و سزای خوا، کە لە بەهەشت و دۆزەخدا، بەرجەستەن و سەرەنجامی شوومی بێبڕوایان و، ئاکامی خێری بڕواداران.

کـە دوایـی تیشـك دەخەینـە سـەر هەریـەك لـەو دوو بابەتـە، لەمیـانی ڕوونکردنـەوەی واتـاو چەمـکی ئایەتـە موبارەکەکانـدا.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

من دوو تایبەتمەندیی گرنگی ئەم سوورەتەم کەوتوونە بەر چاو:

١- پێم وایە ئەم سوورەتە لە قەبارەی خۆیدا، تاکە سوورەتێکە کە تەنیا باسی خواناسیی و، چاکەو نیشانەکانی خواو، ڕۆژیی دوایی تێدا کراوەو، باسی هیچ کام لە تەنیا پەرستنی خوا **(توحید الله في عبادته)**و، باسی فریشتەکان و، کتێبەکانی خواو، پێغەمبەران **(عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)**، نەکراوە، جگە لە وشەی **(نذير)**، کە تێیدا هاتوە، یانی: ترسێنەرو وریاکەرەوە، ئەگەرنا باسی ئەوانەی هیچ کام تێدا نەکراوە، بۆیە پێم وایە ئەم سوورەتە تاکە سوورەتێکە تایبەتکراوە، بە باسی خواناسیی و چاکەو نیشانەکانی خواو ڕۆژی دواییەوە.

٢- چەند تەعبیرو وشەیەك تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

١- ﴿خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ ﴿٢﴾﴾، خوا مردن و ژیانی هێناونە دی.

٢- ﴿مَّا تَرَىٰ فِي خَلْقِ الرَّحْمَٰنِ مِن تَفَاوُتٍ ﴿٣﴾﴾، لە دروستکراوی خوای بەبەزەییدا، ناڕێکیی و کەم و کوڕیی نابینی.

٣- ﴿ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ ﴿٤﴾﴾، دوایی دوو جاران چاو بگێڕەوە، کە مەبەست پێی جار لە دوای جارە.

٤- ﴿يَنقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ ﴿٤﴾﴾، چاوت دەگەڕێتەوە بۆ لات بەدەرکراویی و، لە حاڵێکدا کە زۆر ماندوویە، لەبەر ئەوەی هیچی دەستگیر نەبووە، لە دیتنەوەی کەم و کوڕیی لە دروستکراوی خوای بە بەزەییدا.

٥- ﴿تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ ﴿٨﴾﴾، خەریکە لە داخ و ڕقان پارچە پارچە ببێ و لێك بێتەوە.

٦- ﴿فَسُحْقًا لِّأَصْحَابِ السَّعِيرِ ﴿١١﴾﴾، ئنجا دووریی بۆ هاوەڵانی کڵپەی دۆزەخ.

٧- ﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولًا ﴿١٥﴾﴾، خوا ئەو کەسەیە کە زەوی بۆ ڕام و دەستەمۆ کردوون.

٨- ﴿فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا ﴿١٥﴾﴾، بەلا شان قەد و پاڵەکان و کەلێن و بۆشاییەکانیدا بڕۆن.

٩- ﴿صَافَّاتٍ وَيَقْبِضْنَ ﴿١٩﴾﴾، کە باسی باڵندەکان دەکات، واتە: باڵیان ڕێك ڕاگرتوەو دەشیهێننەوە یەك.

١٠- ﴿بَل لَّجُّوا فِي عُتُوٍّ وَنُفُورٍ ﴿٢١﴾﴾، بەڵکو ئەوان بەردەوام بوون لە سنوور شکاندن و لە سڵەمینەوەدا، یان لە ملهوڕیی و دوورکەوتنەوە لە پەیامی خوادا.

١١- ﴿أَفَمَن يَمْشِي مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِ ﴿٢٢﴾﴾، ئایا کەسێك کە لەپەو ڕوو لەسەر دەم و چاوی دەڕوا، ڕێی ڕاستگرتووترە، یان کەسێك کە بە قیت و قنجیی و بە ڕێك و ڕاستیی دەڕوا؟!.

١٢- ﴿فَلَمَّا رَأَوْهُ زُلْفَةً سِيئَتْ وُجُوهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ﴿٢٧﴾﴾، کاتێك بینییان، دەم و چاوی ئەوانەی بێبڕوا بوون، خراپ بوو، واتە: تاڵخ و ناشیرین بوو، دەم و چاویان تێك چوو و ڕوویان گرژو مۆن و ناهەموار بوو.

١٣- ﴿إِنْ أَصْبَحَ مَآؤُكُمْ غَوْرًا ﴿٣٠﴾﴾، ئەگەر ئاوەکەتان ڕۆچوو، واتە: ئاوەکەتان بەزەویدا چووە خوارو پەنهان بوو، ون بوو، (**غَوْرًا**)، چاوگە بە مانای: (**غائراً**) ونبوو.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

شایانی باسە: دوای سەرنجدان و تێوەڕامانی زۆری ئایەتەکانی ئەم سوورەتە، ڕام هاتە سەر ئەوە کە هەمووی بکەینە یەك دەرس، چونکە ئایەتەکانی وەك ئاڵقەکانی زنجیرێکی مەحکەم، پێکەوە پەیوەستن و، هەمووشیان لە سوڕگەی ئەو دوو بابەتەدا دەسووڕێنەوەو، ئەو دوو بابەتەش ئایەتەکانیان بەسەردا دابەش نەکراون، نەك بۆ وێنە: بابەتی یەکەمیان کە باسی خواناسیی و خستنە ڕووی نیشانەکانی خواو نیعمەتەکانی خوایە، لە پێشەوە بێ و، بابەتەکەی دیکە لە دواوە بێ، بەڵکو ئەو دوو بابەتە پێکەوە ئاوێتە کراون، بۆیەش کۆی ئەو سی (٣٠) ئایەتە موبارەکەی، کە ئەم سوورەتە موبارەکەیان لێ پێك دێ، هەموویانمان کردنە یەك دەرس.

ڕوونکردنەوەی چەمك و واتای گشتیی ئەم سوورەتە لە دە (١٠) بڕگەدا:

با سەرەتا ڕوونکردنەوەی نێوەڕۆك و واتای ئایەتەکانی ئەم سوورەتە، بکەینە پێشدەستیی چوونە نێو تەفسیرکردن و ڕوونکردنەوەی:

١- لە پێنج ئایەتی سەرەتای ئەم سوورەتەدا، ئایەتەکانی: (١ - ٥)، سەرەتا باسی مەزنیی و بەرزیی و بەردەوامیی پیرۆز بەرەکەتی خوای بێ وێنە، کراوە: ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾﴾، ئنجا باسی حیکمەتی هێنانە دی خوا ﷻ بۆ مەرگ و ژیان، کە تاقیکردنەوەی مرۆڤانە، کراوە: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾﴾، دواتر باسی دروستکرانی ئاسمانە حەوت چینەکان و ڕازێنرانەوەی ئاسمانی نیزیکتریان لە ئێمەوە، بە ئەستێران و، نەبوون و نەدیترانی هیچ کەم و کوڕییەك لە دروستکراوی خوادا، کراوە: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا ۖ مَّا تَرَىٰ فِى خَلْقِ ٱلرَّحْمَٰنِ

مِن تَفَٰوُتٍۖ فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ هَلۡ تَرَىٰ مِن فُطُورٖ ﴿٣﴾ ثُمَّ ٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ كَرَّتَيۡنِ يَنقَلِبۡ إِلَيۡكَ ٱلۡبَصَرُ خَاسِئٗا وَهُوَ حَسِيرٞ ﴿٤﴾ وَلَقَدۡ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلۡنَٰهَا رُجُومٗا لِّلشَّيَٰطِينِۖ وَأَعۡتَدۡنَا لَهُمۡ عَذَابَ ٱلسَّعِيرِ ﴿٥﴾ ﴾، ئەمە لە پێنج ئایەتی یەکەمدا.

٢- ئنجا لە شەش ئایەتی دواتردا، ئایەتەکانی: (٦ - ١١)، سەرەنجامی شوومی بێبڕوایان لە ڕۆژیی دوایی داو، پۆل پۆل خرانیانە نێو دۆزەخی ڕق لێ هەڵساویان و، سەرزەنشتکرانیان کە بۆچی گوێیان بۆ ترسێنەرانی خوا نەگرت، وریاکەرەوانێك کە خوا ناردبوونی ؟ ئنجا دان بە هەڵەو تاوانی خۆدا هێنانیان و، دووریی لە بەزەیی خوا لە بۆ بڕیاردانیان، خراوەتە ڕوو: ﴿ وَلِلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ عَذَابُ جَهَنَّمَۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿٦﴾ إِذَآ أُلۡقُواْ فِيهَا سَمِعُواْ لَهَا شَهِيقٗا وَهِيَ تَفُورُ ﴿٧﴾ تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلۡغَيۡظِۖ كُلَّمَآ أُلۡقِيَ فِيهَا فَوۡجٞ سَأَلَهُمۡ خَزَنَتُهَآ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ نَذِيرٞ ﴿٨﴾ قَالُواْ بَلَىٰ قَدۡ جَآءَنَا نَذِيرٞ فَكَذَّبۡنَا وَقُلۡنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٍ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا فِي ضَلَٰلٖ كَبِيرٖ ﴿٩﴾ وَقَالُواْ لَوۡ كُنَّا نَسۡمَعُ أَوۡ نَعۡقِلُ مَا كُنَّا فِيٓ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴿١٠﴾ فَٱعۡتَرَفُواْ بِذَنۢبِهِمۡ فَسُحۡقٗا لِّأَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴿١١﴾ ﴾.

٣- ئنجا لە ئایەتەکانی: (١٢ و ١٣ و ١٤)دا، باسی لێبوردن و پاداشتی گەورەی خوا بۆ خواناسانی دڵ پڕ سام و هەیبەتی خواو، ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە بۆ خوای پەنهانزانی شارەزا، چپەو قسەی بەرز یەکسانن، کراوە: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٞ كَبِيرٞ ﴿١٢﴾ وَأَسِرُّواْ قَوۡلَكُمۡ أَوِ ٱجۡهَرُواْ بِهِۦٓۖ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿١٣﴾ أَلَا يَعۡلَمُ مَنۡ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ﴿١٤﴾ ﴾.

٤- ئنجا لە ئایەتی (١٥)دا، ئاماژە کراوە بە ڕام و دەستەمۆ کرانی زەوی و ملپێکەچکرانی بۆ تێدا ژیانی مرۆڤان: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ ذَلُولٗا فَٱمۡشُواْ فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُواْ مِن رِّزۡقِهِۦۖ وَإِلَيۡهِ ٱلنُّشُورُ ﴿١٥﴾ ﴾.

٥- ئنجا لە سێ ئایەتەکانی: (١٦و ١٧و ١٨)دا، باسی هەڕەشە لێکردن و ترس وەبەرنانی بێبڕوایان، بە بەڵای زەمینیی و ئاسمانیی و، سەرنج ڕاکێشانیان بۆ مێژووی گەلانی

فەوتاو، کراوە: ﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يَخۡسِفَ بِكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فَإِذَا هِيَ تَمُورُ ﴿١٦﴾ أَمۡ أَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يُرۡسِلَ عَلَيۡكُمۡ حَاصِبٗاۖ فَسَتَعۡلَمُونَ كَيۡفَ نَذِيرِ ﴿١٧﴾ وَلَقَدۡ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ فَكَيۡفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿١٨﴾ ﴾.

٦- دوایی جارێکی دیکە سەرنجڕاکێشان بۆ دیاردەی فڕینی باڵندان لە ئایەتی (١٩) دا: ﴿ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ فَوۡقَهُمۡ صَٰٓفَّٰتٖ وَيَقۡبِضۡنَۚ مَا يُمۡسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحۡمَٰنُۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءِۭ بَصِيرٌ ﴿١٩﴾ ﴾.

٧- ئنجا کردنی سێ پرسیاری سەرزەنشتکارانە لە بێبڕوایەکان، لە بارەی دەستە پاچەیی و بێتواناییان، لە بەرانبەر سزای خواداو، گرتنەوەی بژیوو، یەکسان نەبوونی بابای لەسەر ڕوو و چەنگان ڕۆیشتوو و، بابای بە قیت و قنجیی ڕۆیشتوو، لە ئایەتەکانی: (٢٠و ٢١و ٢٢)دا: ﴿ أَمَّنۡ هَٰذَا ٱلَّذِي هُوَ جُندٞ لَّكُمۡ يَنصُرُكُم مِّن دُونِ ٱلرَّحۡمَٰنِۚ إِنِ ٱلۡكَٰفِرُونَ إِلَّا فِي غُرُورٍ ﴿٢٠﴾ أَمَّنۡ هَٰذَا ٱلَّذِي يَرۡزُقُكُمۡ إِنۡ أَمۡسَكَ رِزۡقَهُۥۚ بَل لَّجُّواْ فِي عُتُوّٖ وَنُفُورٍ ﴿٢١﴾ أَفَمَن يَمۡشِي مُكِبًّا عَلَىٰ وَجۡهِهِۦٓ أَهۡدَىٰٓ أَمَّن يَمۡشِي سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٢٢﴾ ﴾.

٨- ئنجا جارێکی دیکە سەرنجڕاکێشانی مرۆڤەکان بۆ پێدانی هێزەکانی: بیستن و دیتن و دەرککردن: گوێ و چاوەکان و عەقڵەکان و، دروستکردن و بڵاوکردنەوەیان بە زەویدا، لە ئایەتەکانی: (٢٣و ٢٤)دا: ﴿ قُلۡ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُمۡ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَۚ قَلِيلٗا مَّا تَشۡكُرُونَ ﴿٢٣﴾ قُلۡ هُوَ ٱلَّذِي ذَرَأَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَإِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾.

٩- وەڵامدانەوەی پرسیارە زۆر دووبارە کراوەکەیان: کەی کاتی زیندوو کرانەوە دێ؟ بەوە کە زانیارییەکەی تەنیا لە لای خوایە ﷻ، ئنجا کت و پڕ هێنانە پێشی دیمەنی هاتنی قیامەت و تێکچوونی ڕووی بێبڕوایان و ڕەش و تڵخ بوونی، لە ئایەتەکانی: (٢٥و ٢٦و ٢٧)دا: ﴿ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلۡوَعۡدُ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٢٥﴾ قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡعِلۡمُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٞ مُّبِينٞ ﴿٢٦﴾ فَلَمَّا رَأَوۡهُ زُلۡفَةٗ سِيٓـَٔتۡ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَقِيلَ هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تَدَّعُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾.

١٠- لە کۆتاییشدا ڕاگەیاندنی سێ ڕاستیی مەزن، لە ئایەتەکانی: (٢٨و ٢٩و ٣٠)دا، کە بریتین لەوەی:


یەك: خوا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێ: بڵێ: ئایا ئەگەر خوا من و ئەوانەی لەگەڵ مندان، فەوتاندینی و مراندینی، یاخود بەزەیی لەگەڵماندا نواندو سەری خستین، ئایا کێ بێبڕوایان لە سزاو ئازارێکی بە ئێش دەرباز دەکات؟ واتە: خەونی خراپمان پێوە مەبینن، کە سەرمان بە فەتارەت بچێ، چونکە ئەگەر بشرۆین، ئێوە لە سزا هەر دەرباز نابن!.

دوو: خوا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێ: بڵێ: ئەو خوای بە بەزەییە ئێمە بڕوامان پێی هێناو پشتمان هەر بەو بەستوە، بە دڵنیایی لەمەودواش زۆر چاك دەزانن، کێ لە گومڕاییەکی ئاشکرا دایە.

سێ: لە کۆتاییشدا دەفەرموێ: پێیان بڵێ: ئەگەر ئاوەکەتان ڕۆچوو و بەزەویدا چووە خوار، ئایا بێجگە لەخوا ﷻ کێ توانای ئەوەی هەیە ئاوی شیرین و زوڵاڵ و ڕۆیشتووتان بۆ بێنێ؟!.



دەرسی یەکەم



پێناسەی ئەم دەرسە

پێشتریش گوتمان: ئەم دەرسەمان کۆی سی (٣٠) ئایەتەکەی سوورەتی (الملك) دەگرێتە خۆی و، پێشتریش لە (پێشدەستیی)یەك تارادەیەك تیشكمان خستەسەر نێوەڕۆك و چەمك و واتای سی (٣٠) ئایەتە بە پێزەکەی ئەم سوورەتە، بۆیە لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات:

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِي بِيَدِهِ ٱلۡمُلۡكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ (١) ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡمَوۡتَ وَٱلۡحَيَوٰةَ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ
أَحۡسَنُ عَمَلٗاۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفُورُ (٢) ٱلَّذِي خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗاۖ مَّا تَرَىٰ فِي خَلۡقِ ٱلرَّحۡمَٰنِ
مِن تَفَٰوُتٖۖ فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ هَلۡ تَرَىٰ مِن فُطُورٖ (٣) ثُمَّ ٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ كَرَّتَيۡنِ يَنقَلِبۡ إِلَيۡكَ ٱلۡبَصَرُ خَاسِئٗا
وَهُوَ حَسِيرٞ (٤) وَلَقَدۡ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلۡنَٰهَا رُجُومٗا لِّلشَّيَٰطِينِۖ وَأَعۡتَدۡنَا لَهُمۡ عَذَابَ
ٱلسَّعِيرِ (٥) وَلِلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ عَذَابُ جَهَنَّمَۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ (٦) إِذَآ أُلۡقُواْ فِيهَا سَمِعُواْ لَهَا شَهِيقٗا
وَهِيَ تَفُورُ (٧) تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلۡغَيۡظِۖ كُلَّمَآ أُلۡقِيَ فِيهَا فَوۡجٞ سَأَلَهُمۡ خَزَنَتُهَآ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ نَذِيرٞ (٨) قَالُواْ
بَلَىٰ قَدۡ جَآءَنَا نَذِيرٞ فَكَذَّبۡنَا وَقُلۡنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٍ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا فِي ضَلَٰلٖ كَبِيرٖ (٩) وَقَالُواْ لَوۡ كُنَّا
نَسۡمَعُ أَوۡ نَعۡقِلُ مَا كُنَّا فِيٓ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ (١٠) فَٱعۡتَرَفُواْ بِذَنۢبِهِمۡ فَسُحۡقٗا لِّأَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ (١١)
إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٞ كَبِيرٞ (١٢) وَأَسِرُّواْ قَوۡلَكُمۡ أَوِ ٱجۡهَرُواْ بِهِۦٓۖ إِنَّهُۥ
عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ (١٣) أَلَا يَعۡلَمُ مَنۡ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ (١٤) هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ
ذَلُولٗا فَٱمۡشُواْ فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُواْ مِن رِّزۡقِهِۦۖ وَإِلَيۡهِ ٱلنُّشُورُ (١٥) ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يَخۡسِفَ بِكُمُ
ٱلۡأَرۡضَ فَإِذَا هِيَ تَمُورُ (١٦) أَمۡ أَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يُرۡسِلَ عَلَيۡكُمۡ حَاصِبٗاۖ فَسَتَعۡلَمُونَ كَيۡفَ

نَذِيرِ (١٧) وَلَقَدْ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ (١٨) أَوَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَى ٱلطَّيْرِ فَوْقَهُمْ صَٰٓفَّٰتٍ
وَيَقْبِضْنَ ۚ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحْمَٰنُ ۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍۭ بَصِيرٌ (١٩) أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى هُوَ جُندٌ لَّكُمْ يَنصُرُكُم
مِّن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ۚ إِنِ ٱلْكَٰفِرُونَ إِلَّا فِى غُرُورٍ (٢٠) أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى يَرْزُقُكُمْ إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُۥ ۚ بَل لَّجُّوا۟ فِى
عُتُوٍّ وَنُفُورٍ (٢١) أَفَمَن يَمْشِى مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦٓ أَهْدَىٰٓ أَمَّن يَمْشِى سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ (٢٢) قُلْ هُوَ
ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُمْ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۖ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ (٢٣) قُلْ هُوَ ٱلَّذِى ذَرَأَكُمْ فِى
ٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ (٢٤) وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ (٢٥) قُلْ إِنَّمَا ٱلْعِلْمُ عِندَ ٱللَّهِ
وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ (٢٦) فَلَمَّا رَأَوْهُ زُلْفَةً سِيٓـَٔتْ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَقِيلَ هَٰذَا ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ
تَدَّعُونَ (٢٧) قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَهْلَكَنِىَ ٱللَّهُ وَمَن مَّعِىَ أَوْ رَحِمَنَا فَمَن يُجِيرُ ٱلْكَٰفِرِينَ مِنْ عَذَابٍ
أَلِيمٍ (٢٨) قُلْ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ءَامَنَّا بِهِۦ وَعَلَيْهِ تَوَكَّلْنَا ۖ فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ (٢٩) قُلْ أَرَءَيْتُمْ
إِنْ أَصْبَحَ مَآؤُكُمْ غَوْرًا فَمَن يَأْتِيكُم بِمَآءٍ مَّعِينٍۭ (٣٠) ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. بەرزو بەڕێزو شکۆدارە ئەو کەسەی حوکمڕانیی ڕەهای (دنیاو دوارۆژی) بەدەستەو، ئەو لەسەر هەموو شتێك توانایە (١) ئەو کەسەی مردن و ژیانی هێناونە دی، تاکو تاقیتان بکاتەوە کامەتان کردەوەی چاکترەو، ئەو زاڵی لێبوردەیە (٢) ئەو کەسەی حەوت ئاسمانی چین چینی دروستکردوون، لە دروستکراوی (خوای) بە بەزەیی دا، ناڕێکیی نابینی، چاو بگێڕە ئایا هیچ درزو کەلێنان دەبینی؟ (٣) دوایی جار لە دوای جار چاو بگێڕە (و ئاسمانان بپشکنە، بۆ دۆزینەوەی ناڕێکیی)، سەرەنجام چاوت بە دەرکراویی دەگەڕێتەوە لات (بێ ئەوەی هیچی دەستگیر ببێ)، لە حاڵێکدا شەکەت بووە (٤) بە دڵنیاییش ئاسمانی نزیکتر (لە زەوی)

مـان بـە چرایـان ڕازاندۆتـەوەو، بـۆ بڵێسـە بـارانی شـەیتانەکانیش (لـە پارچـەکان) و (وێـڕای ئـەوەش) ئـازاری بڵێسەداریشـمان بـۆ دانـاون (لـە ڕۆژی دوایـی دا) ﴿٥﴾ بـۆ ئەوانـەش کـە بـە پەروەردگاریـان بێبـڕوان، ئـازاری دۆزەخ هەیـەو، خراپتریـن سەرەنجامیشـە ﴿٦﴾ کاتێـك تێیفـڕێ دەدرێـن بـە کوڵیـن و قوڵـپ دانـەوە گرفـەو لرفـەی دەبیسـتن ﴿٧﴾ نیزیکـە لـە پەسـتییان بپچـڕێ (و پارچـە پارچـە ببـێ)، هـەر کات کۆمەڵێـك (لـە بێبڕوایـان)ی فڕێدرانـە نێـو، (فریشـتە) دۆزەخەوانـەکان لێیـان پرسـین: ئایـا ترسـێنەرو وریاکەرەوەتـان بـۆ نەهـات؟ ﴿٨﴾ گوتیـان: بـا، بێگومـان ترسـێنەرو ئاگادارکەرەوەمـان بـۆ هـات، کەچـی بەدرۆمـان دانـاو گوتمـان: خـوا هیـچ شـتێکی دانەبەزانـدووەو، ئێـوە جگـە لـە گومڕاییـەکی گـەورە، لـە هیـچ شـتێکی دیکـەدا نیـن ﴿٩﴾ (بێبـڕوا دۆزەخییـەکان) گوتیشـیان: ئەگـەر (کاتی خـۆی) ئێمـە بیسـتبامان یـان فامیبامـان (ئێسـتا) لـە نێـو هـاوەڵانی کڵپـە (ی ئاگـری دۆزەخ)دا نەدەبووین ﴿١٠﴾ دانیـان بـە گوناهیـان داهێنـا، ئنجـا دووریـی (لـە بەزەیـی خـوا) بـۆ هـاوەڵانی کڵپـە (ی ئاگـری دۆزەخ) ﴿١١﴾ مسـۆگەر ئەوانـەی بـە پەنهانیـی سـام لـە پەروەردگاریـان دەکـەن، لێبوردنێـك (ی نـاوازە)و پاداشـتێکی گەورەیـان هەیـە ﴿١٢﴾ قسـەتان پەنهـان بکـەن یـان ئاشـکرای بکـەن (یەکسـانە)، چونکـە بێگومـان ئـەو (خـوا) بـە (نیـازو خولیایـەکانی) هاوەڵـی سـینەکان زانایـە ﴿١٣﴾ ئایـا ئـەو کەسـەی (مرۆڤـی هێناوەتـە دی و) دروسـتیکردوە (هەمـوو شـتێکی لـە بـارەوە) نازانـێ ﴿١٤﴾ لـە حاڵێکـدا ئـەو پەنهانـزانی شارەزاشـە؟ ﴿١٥﴾ (خـوا) ئـەو کەسـەیە زەوی بـۆ دەسـتەمۆ کـردوون، ئنجـا بـە قـەد پـاڵ و لاشـانەکانی دا بـڕۆن و لـە بژێـوی، وی بخـۆن و (دوای زینـدوو کرانـەوەش) بڵاوکرانـەوە تەنیـا بـۆ لای ویـە ﴿١٦﴾ ئایـا لـەو (خوایـ)ەی لـە ئاسـمانە دڵنیـان کـە بـە زەویتانـدا ڕۆچوێنـێ، ئنجـا یەکسـەر (زەوی) گێـژ بخـوات؟ یـان ئایـا لـەو کەسـەی لـە ئاسـمانە دڵنیابـوون کـە (بایـەکی) چـەو ڕامالْتـان بنێرێتـە سـەر؟ ئنجـا چـاك دەزانـن (ئاکامـی) ترسـاندنم چۆنـە! ﴿١٧﴾ بـە دڵنیاییـش ئەوانـەی پێـش وانیـش بەدرۆیـان دانـا (پەیامـی خـوا)، ئنجـا ئایـا (سـزادان و) نکووڵییکردنـم (لـە

بـەدرۆ دانانیـان) چـۆن بـوو؟ ﴿١٨﴾ ئایـا تەماشـای باڵنـدان (مەلان)یـان نەکـردوە، لـە سـەرووویانەوە پانڕاخـەرن (بـۆ باڵەکانیـان)و وێکیـان دەهێننـەوە (باڵەکانیـان لێـك دەدەن) و جگـە لـە (خـوای) بـە بەزەیـی (بـە هـەواوە) نایانگـرێ! بێگومـان ئـەو بینـەری هەمـوو شـتێکە ﴿١٩﴾ یـان ئایـا کێیـە ئـەو کەسـەی سـوپاتانە، جگـە لـە (خـوای) بـە بەزەیـی، سـەرتان دەخـات! بێبڕوایـان تەنیـا لـە لـە خۆبایـی بـوون دان ﴿٢٠﴾ یـان ئایـا ئـەو کەسـە کێیـە، ئەگـەر ئـەو (خـوا) بژیوەکـەی بگرێتـەوە، بژیوتـان دەدات! بەڵکـو (بێبڕوایـان) لەسەرکێشـیی و سـڵەمینەوەدا سـەرەخەریيان کـرد ﴿٢١﴾ ئایـا کەسـێك کـە لەسـەر ڕووی سـەر بـەرەو خـوار دەڕوات، ڕاسـترۆترە، یـان کەسـێك کـە بـە قیـت و قنجیـی بەڕێیـەکی ڕاسـت دا دەڕوات؟ ﴿٢٢﴾ بڵـێ (خـوا) ئـەو کەسـەیە ئێـوەی پێگەیانـدوەو، بیسـتن و چاوەکان و عەقڵـەکانی بـۆ ڕەخسـاندوون، بـە کەمیـی سوپاسـگوزاریی بـۆ خـوا دەکـەن ﴿٢٣﴾ بڵـێ (خـوا) ئـەو کەسـەیە ئێـوەی بـە زەویـدا بڵاوکردۆتـەوەو، بـەس بـۆ لای ویـش کۆدەکرێنـەوە ﴿٢٤﴾ (بێبڕوایـەکان) دەڵێن: (هاتنـە دی) ئـەو بەڵێنـە (بەڵێنـی زیندووکرانـەوە) کەیـە، ئەگـەر ئێـوە لـە ڕاسـتانن؟ ﴿٢٥﴾ بڵـێ: زانیاریـی (ئـەو بەڵێنـە) تەنیـا لـە لای خوایـەو، مـن تەنیـا ترسـێنەرێکی ئاشـکرام ﴿٢٦﴾ ئنجا (کاتێـك بەڵێنەکـە هـات و) لـە نیزیکـەوە دیتیان ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون، ڕوویـان خـراپ (و گـرژ) بـوو و (پێیـان) گوتـرا: ئەمـە بـوو کـە کاتی خـۆی ئێـوە داواتـان دەکـرد (و پەلەتـان بـوو بـێ) ﴿٢٧﴾ بڵـێ: ئایـا پێـم بڵێـن: ئەگـەر خـوا خـۆم و ئەوانـەی لەگەڵمـدان، فەوتاندینـی یـان بەزەیـی پێـمان دا هـات، ئایـا کـێ بێبڕوایـان لـە ئازارێـکی بـە ئێـش ڕزگار دەکات؟ ﴿٢٨﴾ بڵـێ: ئـەو (خـوا) بـە بەزەییـەو بڕوامـان پێـی هێنـاو، پشـتمان تەنیـا بـەو بەسـتوەو، ئێـوەش لەمـەودوا دەزانـن کێیـە ئـەو کەسـەی لـە گومڕاییـەکی ڕوون دایـە! ﴿٢٩﴾ بڵـێ: پێـم بڵێـن ئەگـەر ئاوەکەتـان ڕۆچـوو (بـە زەویـدا)، ئایـا کـێ ئاوێـکی ڕەوانتـان بـۆ دێنـێ؟ ﴿٣٠﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(تَبَٰرَكَ): (أَصْلُ البَرْكِ: صَدْرُ البَعِيْرِ، بَرَكَ البَعِيْرُ: أَلْقَى بَرْكَهُ، وَاعْتُبِرَ مِنْهُ مَعْنَى اللُّزُوم، وَالبَرَكَةُ: ثُبُوتُ الخَيْرِ الإِلَهِيِّ فِي الشَّيءِ، وَتَبَارَكَ: تَنْبِيهٌ عَلَى مَا يُفِيضُهُ عَلَيْنَا مِنْ نِعَمِهِ)، (تَبَارَكَ)، لە (بَرْك)ەوە هاتوە، (بَرْك)یش، بە سینگی حوشتر دەگوترێ، چونکە حوشتر کە یەخ دەبێ، پێشێ سینگی دادەدات، (أَلْقَى بَرْكَهُ)، واتە: سینگی دادا، ئنجا لەبەر ئەوەی حوشتر کاتێك یەخ دەبێ، سینگی دەنێتە سەر زەوی و، بەوێوە دەچەسپێ و دەمێنێتەوە، لەوەوە مانای پەیوەست بوون وەرگیراوە، (البَرَكَةُ): بریتیە لە چەسپانی خێرو چاکەی خوایی لە شتێکدا، کە دەفەرموێ: (تَبَارَكَ): ئەمە ئاگادارکردنەوەیە بۆ ئەو چاکەو نیعمەتە ماددیی و مەعنەوییانەی خوا بەسەرمانیان دا دەڕێژێ.

(طِبَاقًا): (المُطَابَقَةُ: أَنْ تَجْعَلَ شَيئاً فَوْقَ آخَرَ بِقَدَرِهِ، طِبَاقاً: بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْض)، (مُطَابَقَة): ئەوەیە شتێك لەسەر شتێك دابنێی بە ئەندازەی خۆی، (طِبَاقاً)، واتە: هەندێکی لەسەر هەندێك، چین لەسەر چین.

(تَفَٰوُتٍ): (التَّفَاوُتُ: الإِخْتِلاَفُ فِي الأَوْصَافِ: ﴿مَّا تَرَىٰ فِى خَلْقِ ٱلرَّحْمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٍ﴾، أَي: لَيْسَ فِيهَا مَا يَخْرُجُ عَنْ مُقْتَضَى الحِكْمَةِ)، وشەی (تَفَاوُت): بە مانای جیاوازییە لە وەسفەکاندا، کە دەفەرموێ: ﴿مَّا تَرَىٰ فِى خَلْقِ ٱلرَّحْمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٍ﴾، لە دروستکراوی (خوای) بەبەزەییدا، تەفاوت نابینی، یانی: شتێك نابینی کە لە حیکمەت بچێتە دەر، واتە: نارێکیی نابینی و، بێ یاسایی و بێ سیستمیی نابینی.

(فُطُورٍ): (أَصْلُ الفَطْرِ: الشَّقُّ طُولاً)، (فُطُور): بریتیە لەوەی شتێك بە باری درێژییدا بقڵیشێنی، قڵیشاندن، (فُطُور: لا خْتِلاَلُ وَالوَهِيُ فِيْه)، (فُطُور): بریتیە لە نارێکیی و بێ هێزیی لە شتێکدا.

(كَرَّتَيۡنِ): (الكَـرُّ: العَطْـفُ عَـلَى الـشَّيءِ بِالـذَّاتِ أو بِالفِعْـلِ، وَجَمْعُـهُ كُـرُوُر)، (كَـرّ): بریتیـە لـە گەڕانـەوەو بادانـەوە بـۆ شـتێك، بـە خـود، یـان بـە کـردار، واتـە: خـودی ئـەو شـتە بگێڕدرێتـەوە بـۆ ئـەوێ، یاخـود کردەوەکـەی بگێڕدرێتـەوە (كَـرّ)، بـە (كُـرُوُر)، کـۆ دەکرێتـەوە.

(خَاسِئٗا): (خَسَأَ البَصَرُ: انْقَبَضَ عَـن مَهَانَـةٍ)، (خَسَأَ البَصَرُ)، چاوەکـە هاتـەوە یـەك، بـە زەبوونیـی، بـە هیـچ لـە دەسـت نەهاتوویـی.

(حَسِيرٞ): (الحَسْرُ: كَشْـفُ الْمَلْبَـسِ عَـمَّا عَلَيْـهِ، وَالحَـاسِرُ وَالْمَحْسُـورُ: الْمَعْيَـا لانْكِشَـافِ قِـوَاهُ، وَحَـاسِر: حَـسَر بِنَفْسِـه قِـوَاهُ، وَمَحْسُـوُر: التَّعَـبُ حَـسَرَهُ)، (حَـسْر): بریتیـە لـە لابـردنی پۆشـاکێك لەسـەر ئـەوەی داپپۆشـیوە، (بـۆ وێنـە: (حَـسَرَ عَـن ذِرَاعِـهِ)، واتـە: قۆڵـی هەڵماڵیـی، پۆشـاکەکەی لەسـەر باسـکی لادا، (حَـاسِر وَمَحْسُـور)، هەردووکیـان بـە مانـای مانـدوو بـوون و مانـدوو بـوو، دێـن، لەبـەر ئـەوەی باپـای مانـدوو بـوو هێـزەکانی نەمـاون، (حَـاسِر)، کەسـێکە خـۆی هێـزەکانی خـۆی نەهێشـتبێن و خـۆی مانـدوو کردبـێ، بـەڵام (مَحْسُـور)، کەسـێکە، ماندووبـوون هێـزی نەهێشـتبێ.

(بِمَصَٰبِيحَ): (مَصَابِيـحْ: جَمْـعُ مِصْبَـاح، وَهُـوَ الـسِّرَاجُ، وَالمِصْبَـاحُ: مَقَـرُ الـسِّرَاجِ، وَالمَصَابِيْـحُ: أعْلَامُ الكَوَاكِـبِ)، (مَصَابِيـح)، کـۆی (مِصْبَاح)ە، بـە مانـای چـرا، (مِصْبَـاح)، بریتیـە لـە نشـینگەی چرایەکـە، واتـە: ئـەو شـۆقەی هەیـە، (مَصَابِيـحْ)، بـە ئەسـتێرە ناودارەکانیـش دەگوتـرێ.

(رُجُومٗا): (جَمْـعُ رَجَـم: مَـا يُرْجَـمُ بِـه مِـنْ حِجَـارَة وَغَيْرِهَـا)، (رُجُـوُم)، کـۆی (رَجَـم)ە، یـانی: پێـدادراو، دەشـگونجێ کـۆی (رَجْـم) بـێ، واتـە: پێـدادان یـانی: چـاوگ بـێ، شـتێك کـە بـە شـتێك دادەدرێ، لـە بـەردو جگـە لـە بەردیـش، کـە لێـرەدا مەبەسـت پێـی ئـەو پارچـە نەیـزەك و بڵێسـانەن، کـە لـە ئەسـتێرەو خڕۆکـەکان جیادەبنـەوە.

(**ٱلسَّعِيرِ**): (**النَّار، لَهَبُ النَّار، خَبَا سَعِيْرُ النَّار**)، (**سَعِيْر**)، بـە مانـای ئاگـر دێ و، بـە مانـای بڵێسـەی ئاگریـش دێ، دەگوتـرێ: (**خَبَا سَعِيْر النَّار**)، بڵێسـەی ئاگرەکـە خەفـە بـوو، یاخـود کوژایـەوە.

(**شَهِيقًا**): (**الشَّهِيْقُ: جَذْبُ الهَوَاءِ إلى الصَّدْرِ، وَتَرَدُّد النَّفَسِ بِحَيْثُ يُسْمَعُ، والصَّوْتُ الشَّدِيْد**)، (**شَهِيْق**): بـە چەنـد واتایـەك هاتـوە، یەکـەم: هـەوا خسـتنە نێـو سـییەکان، پێچەوانـەی (**زَفِيْر**)، کـە بریتیـە لـە هـەوا دەرکـردن لـە سـییەکان، کەواتـە: (**شَهِيْق**): هەناسـە هەڵمژینـە، بـەڵام (**زَفِيْر**): هەناسـە دانەوەیـە، هەروەهـا (**شَهِيْق**): بـە مانـای هەناسـەدانێك دێ کـە بناسرێ و، بـە مانـای دەنگێـکی بەهێزیـش دێ.

(**تَفُورُ**): دەکوڵـێ، یاخـود بـە قوڵـپ دێتـە دەرێ، (**فَارَ المَاءُ يَفُوْرُ فَوْرَاً وَفَوَرَانَاً: خَرَجَ مِنَ الأَرْضِ وَجَرَى مُتَدَفِّقَاً فَهُوَ فَوَّار**)، ئاوەکـە دەرچـوو، دەردەچـێ، دەرچوون، (**فَوْرَاً وَفَوَرَانَاً**)، هەردووکیـان چاوگـن، ئاوەکـە لـەزەوی دەرچـوو و ڕۆیشـت بـە هەڵقوڵینـەوە، (**فَوَّار**)، دەرقوڵیـوو بەهێـز.

(**تَمَيَّزُ**): بـە: (**تَمَيَّزُ**) و (**تَمَايَزُ**)ش، خوێنراوەتـەوە، (**تَقَطَّع**)، خەریکـە لێـك ببێتـەوەو ببچڕێ.

(**ٱلْغَيْظِ**): (**الغَيْظُ: شِدَّةُ الغَضَب**)، (**غَيْظ**): بریتیە لە تووڕەیی توند و سەخت.

(**فَسُحْقًا**): دووریـی، (**السَّحْقُ: تَفْتِيْتُ الشَّيء**)، (**سَحْق**): بریتیـە لـە هاڕینـی شـتێك و پارچـە پارچـە کـردنی، دەگوتـرێ: (**أَسْحَقَهُ اللهُ: أي: جَعَلَهُ سَحِيْقَاً وَسَحَقَهُ: جَعَلَهُ مُفَتَّتَاً**)، (**أَسْحَقَهُ اللهُ**)، واتـە: خـوا بیـکات بـە (**سَحِيْق**)، (**سَحِيْق**)یش، واتـە: هـاڕدراو، یاخـود دوورخـراوە.

(**ذَلُولًا**): (**ذَلُولًا: مِنَ الذِّلِّ، ذَلُوْل: لَيْسَ بِصَعْبَةٍ**)، (**ذِلّ**) هەیـەو (**ذُلّ**) هەیـە، (**ذُلّ**)، واتـە: بـێ دەسـتەڵاتیی و داماویـی و گەردنکەچیـی، بـەڵام (**ذِلّ**)، بـۆ ئـاژەڵ بـەکاردێ واتـە: دەسـتە مۆیـی، (**ذَلُولًا**)، واتـە: ئاژەڵێـکی دەسـتەمۆ، کـە دەفەرمـوێ: خـوا زەوی

(ذَلُـول) کـردوە، واتـە: وەك چـۆن ئاژەڵێـك چەمـووش نیـە و بـە لـە باریـی پشـت دەباتـە ژێـر بـارو، بـار دەکـرێ، یاخـود خاوەنەکـەی سـواریی دەبـێ و دەچێتـە سـەر پشـتی، زەوییـش بەهەمـان شـێوەیە.

(مَنَاكِبِهَا): (المَنَاكِـبُ: جَمْـعُ مَنْكِـب، مُجْتَمَـعُ مَـا بَـيْنَ العَضُـدِ وَالكَتِـفِ)، (مَنَاكِـب)، کـۆی (مَنْكِـب)ە، (مَنْكِب)یـش، ئـەو شـوێنەیە کـە قۆڵ و شـان پێکـەوە دەبەسـتێتەوە، باسـك و شـان، کەواتـە: (فَٱمۡشُواْ فِي مَنَاكِبِهَا)، یـانی: بـەلا شـانەکانی زەویـدا بـڕۆن.

(يَخۡسِفَ بِكُمُ ٱلۡأَرۡضَ): واتـە: بـە زەویتانـدا بەرێتـە خـوار، یـان زەویتـان لـە ژێـردا ڕۆبچوێنـێ، (خَسَـفَهُ اللـهُ وَخَسَـفَ هُـوَ، أي: ذَهَـبَ وَغَـابَ)، (خَسَـفَهُ اللـه)، واتـە: خـوا بەزەویـدا بردیـە خـوار، بـەڵام (خَسَـفَ هُـوَ)، خـۆی بەزەویـدا چـووە خـوار، کەواتـە: (خَسَـفَ)، هـەم بـە (لازم) هاتـوە، هـەم بـە (متعدِّي)، (خَسَـفَهُ اللـه)، بـەرکار خـوازە، خـوا بـە زەوی دا بردیـە خـوار، بـەڵام (خَسَـفَ هُـوَ)، ئەمـە (لازم)ە، واتـە: بـەرکاری نـاوێ، خـۆی بەزەویـدا چـووە خـوار (أي: ذَهَـبَ وَغَـاب)، واتـە: ڕۆیشـت و ون بـوو.

(تَمُورُ): (المَـوْرُ: الجَرَيـان السَّرِيـعُ، وَالمَـوْرُ: الـتُّرَابُ المُـتَرَدِّدُ بِـهِ الرِّيـحُ، وَنَاقَـةٌ تَمُـوْرُ فِي سَـيْرِهَا فَهِـيَ مَـوَّارَةٌ)، (مَـوْر): بـە ڕۆیشـتنی خێـرا دەگوتـرێ، هەروەهـا (مَـوْر): بـەو گڵـە دەگوتـرێ کـە بـا دەیهێنـێ و دەیبـا، دەگوتـرێ: (وَنَاقَـةٌ تَمُـوْرُ فِي سَـيْرِهَا فَهِـيَ مَـوَّارَةٌ)، حوشـترێك کـە لـە ڕۆیشـتنەکەیدا بێـت و بچـێ و بسـووڕێتەوە، (فَهِـيَ مَـوَّارَةٌ)، ئـەو زۆر دەسـووڕێتەوە، یاخـود زۆر دێـت و دەچـێ.

(حَاصِبًا): (الحَاصِـبُ: مَـكَانٌ حَاصِـب: أي ذُو حَصْبَـاء، وَالحَاصِـب: الرِّيـحُ الشَّـدِيْدة تَحْمِـلُ الـتُّرَاب وَالحَصْبَـاء)، دەگوتـرێ: (مَـكَانٌ حَاصِـب)، واتـە: (حَصْبَـاء)ی، لێیـە (حَصْبَاء)یـش، واتـە: چـەو و وردە بـەرد، هەروەهـا (حَاصِـب)، بـە مانـای بایـەکی بەهێزیـش دێ، کـە گڵ و چـەو لەگـەڵ خـۆی ڕادەماڵـێ.

(نَذِيرِ): (إِنْـذَار، مُنْـذِر)، (نَذِيْـر)، هـەم بـە مانـای ترسـاندن دێ، بـە چـاوگ، هـەم بـە مانـای (مُنْذِر)یـش دێ واتـە: ترسـێنەرو ئاگادارکـەرەوە.

(نَكِيرِ): (إنْكَار)، (نَكِيْر)، بە مانای نکووڵییلێکردن و، بە مانای سزایەك دێ ببێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسەی سزا دەدرێ، بگەڕێتەوە لەو خراپەیەی دەیکات.

(صَٰٓفَّٰتٖ): (صَفَّ الطَّيْرُ فِي السَّمَاءِ: بَسَطَتْ أَجْنِحَتَهَا فِي طَيَرَانِهَا فَلَمْ تُحَرِّكْهَا)، (صَافَّات)، واتە: باڵی خۆیان پانڕاخستوە، چونکە (صَفَّ الطَّيْرُ فِي السَّمَاءِ)، واتە: باڵندەکان باڵەکانیان لە ئاسمان پان ڕاخستووەو نەیانجووڵاندوە، باڵندە کە دەفڕێ دوو حاڵەتی هەن: یان باڵەکانی لێك دەدات، ئەگەر بیەوێ بەرز بێتەوە، یان بە خێرایی بڕوات، جاری واشە باڵەکانی ڕێك دەکات و، ڕادەگرێ و بە هەواوە دەوەستێ، ئنجا ئەوە پێی دەگوترێ: (صَافَّات)، واتە: باڵندەکان باڵیان پانڕاخستووەو ڕاوەستاون.

(وَيَقۡبِضۡنَ): (أي: يُضَيِّقْنَ، يَضُمْنَ)، (يَقْبِضْنَ أي: يُضَيِّقْن)، واتە: باڵەکانیان تەنگ دەکەنەوەو دێننەوە یەك، (قَبَضَهُ أي: ضَيَّقَهُ، وَبَسَطَهُ أي: وَسَّعَهُ)، (قَبَضَهُ)، تەنگی کردەوە (بَسَطَهُ)، فراوانی کرد، (يَقْبِضْنَ)، واتە: باڵەکانیان دێننەوە یەك، ئنجا بۆیە خوا ﷻ بە کۆ هێناویەتی چونکە بۆ کۆی باڵندەکانە.

(غُرُورٍ): (غَرَّ يَغُرُّ غَرَارَةً وَغِرَّةً: جَهِلَ الْأُمُورَ، وَغَفَلَ عَنْهَا فَهُوَ غِرٌّ، وَغَرَّ فُلَانًا يَغُرُّ غَرًّا وَغُرُورًا: خَدَعَهُ وَأَطْمَعَهُ بَالْبَاطِل)، (غُرور)، واتە: لە خۆبایی بوون یان هەڵخەڵەتان، دەگوترێ: (غَرَّ يَغُرُّ غَرَارَةً وَغِرَّةً)، واتە: هەڵخەڵەتاو فریوی خوارد (جَهِلَ الْأُمُورَ وَغَفَلَ عَنْهَا)، ئاگاداری کارەکان نەبوو و لێیان بێئاگا بوو، (فَهُوَ غِرٌّ)، ئەو هەڵخەڵەتاوە، فریو خواردوویە، (غَرَّ فُلَانًا يَغُرُّ غَرًّا وَغُرُورًا)، واتە: فڵانەکەسی هەڵخەڵەتاندو فێڵی لێکردو بەشتێکی پووچ ئومێدەواری کرد، کە بوونی نیە.

(لَّجُّواْ): (لَجَّ فِي الأَمْرِ يَلِجُّ لَجَاجًا وَلَجَاجَةً، أي: لَازَمَهُ وأَبَى أَنْ يَنْصَرِفَ عَنْهُ)، (لَجَّ فِي الْأَمْرِ)، واتە: مکووڕ بوو لەسەر کارەکە، (يَلِجُّ لَجَاجًا وَلَجَاجَةً)، هەم (لَجَاجًا)، هەم (لَجَاجَة)، هەردووکیان چاوگن واتە: پێیەوە پەیوەست بوو، ئامادە نەبوو دەستی لێ هەڵبگرێ.

(عُتُوٍّ): (عَتَى يَعْتُوا عُتُوّاً وَعِتِيّاً: عَتَى أي: اسْتَكْبَرَ وَجَاوَزَ الحَدَّ)، واتە: خۆی بە زلگرت و لە سنوور دەرچوو، (فَهُوَ عَاتٍ)، ئەو لە سنوور دەرچووی خۆ بە زلگرە، (والجَمْعُ عُتَاة)، بە (عُتَاة)، کۆ دەکرێتەوە، واتە: لە سنوور دەرچووان.

کەواتە: (عَتَى يَعْتُوا عُتُوّاً وَعِتِيّاً)، واتە: لە سنوور دەرچوو، یان خۆی بە زلگرت، بە لە سنوور دەرچوون و خۆ بە زلگرتن و، بکەرەکەی (عَاتٍ)یە، کە بە (عُتَاة)، واتە: لە سنوور دەرچووان، یان خۆ بە زلگران، یان سنوور شکێنان، کۆ دەکرێتەوە.

(وَنُفُورٍ): (نَفَرَ مِنَ الشَّيءِ نُفُوراً وَنِيْفَاراً: فَزِعَ وَانْقَبَضَ غَيْرَ رَاضٍ عَنْهُ)، (نَفَرَ مِنَ الشَّيءِ نُفُوراً وَنِيْفَاراً)، واتە: لە شتەکە سڵەمیەوەو لێی دوورکەوتەوە، واتە: لێی داچڵەکیی و خۆی لێ دوورگرت و لێی ڕازیی نەبوو.

(مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦ): واتە: لەسەر دەم و چاوی، لەپەوڕوو کەوتوە، (أَكَبَّ عَلَى الشَّيءِ: أَقْبَلَ عَلَيْهِ وَشُغِلَ بِهِ)، (أَكَبَّ عَلَى الشَّيءِ)، واتە: سەرقاڵی ئەو شتە بووە و ڕووی تێکرد، بەڵام (أَكَبَّ عَلَى وَجْهِهِ: انْقَلَبَ)، واتە: بەسەر دەم و چاویدا هەڵگەڕایەوە، (إِنْكَبَّ)، دیسان ئەویش بە مانای کەوتن بەسەر دەم و چاودا، یاخود هەڵگەڕانەوە لە سەر دەم و چاو و بە پشتەوەدا، بۆ هەردووکیان بەکاردێ.

(سَوِيًّا): (السَّوِيُّ: المُسْتَوِي المُعْتَدِل، لاَ إِفْرَاطَ فِيْهِ وَلا تَفْرِيْط)، (سَوِيٌّ) و (مُسْتَوِي)، واتە: هاوسەنگ، کە نە زێدەڕۆیی تێدابێ نە کەمتەرخەمیی.

(ذَرَأَكُمْ): (أي: خَلَقَكَمْ، أو كَثَّرَكُمْ أو نَشَرَكُمْ)، (ذَرَأَ)، بە سێ واتایان هاتوە:

أ- ئێوەی وەدیهێناوە.

ب- یاخود ئێوەی زۆر کردوە.

ج- ئێوەی بڵاوکردۆتەوە.

(زُلۡفَةٗ): (الزُّلْـفُ: القُرْبَـةُ، وَالمَنْزِلَـةُ، وَالزُّلْفَـى: القُـرْبَى وَالمَنْزِلَـة)، (زُلـف وَزُلْفَـى)، هەردووکیـان بـە مانـای نزیکیـی و پێگـەی نیزیـك دێـن.

(سِيٓـَٔتۡ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ): ئەوانــەی بێبــڕوان دەم و چاویــان گــۆڕا، خــراپ بـوو، (سَـاءَ يَسُـوءُ سَـوْءَاً وَسَـوَاءً: لَحِقَـهُ مَـا يَشِـينُهُ وَيُقَبِّحُـهُ، وَنُسِـبَ ذَلِـكَ إلى الوَجِـهِ، حَيْـثُ إنَّـهُ يَبْـدُو فِي الوَجْـه أَثَـرُ الـسُّرُورِ وَالغَـمِّ)، ﴿سِيٓـَٔتۡ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾، واتـە: ئەوانـەی بێبـڕوان دەم و چاویـان تێکچـوو، خـراپ بـوو، واتـە: حاڵەتێـکی بەسـەرهات کـە ناشـیرین و دزێـوی بـکات، بۆیـەش پاڵدراوەتـە لای ڕوو، چونکـە لەسـەر ڕووی مـرۆڤ، هــەم شــوێنەواری دڵخۆشــیی و، هــەم شــوێنەواری خــەم و دڵتەنگیــی، دەردەکـەوێ.

(تَدَّعُونَ): (تَطْلُبُون)، داوا دەکەن.

(يُجِيرُ): (أَجَـارَهُ: حَـمَاهُ وَأَنْقَـذَهُ)، (يُجِـيْر)، دەیپارێــزێ، چونکــە (أَجَـارَهُ: حَـمَاهُ وَأَنْقَـذَهُ)، پاراسـتی و دەربـازی کـرد.

(غَوۡرٗا): (غَـارَ المَـاءُ يَغُـوُر غَـوْرَاً، أي: ذَهَـبَ فِي الأَرْضِ وَسَـفَل فِيْهَـا)، ئاوەکـە بـە زەویدا چـووە خـوار واتـە: تێیـدا ون بـوو و شـۆڕ بـۆوە بـە ناخـی زەویـدا.

(مَّعِينِۭ): (المَـاءُ المَعْيُـون)، ئاوێـك بەچـاو ببیـنرێ، یاخـود ئاوێـکی ڕەوان کـە بـڕوا، (مَعُـنَ المَـاءُ: سَـهُلَ وَسَـال فَهُـوَ مَعِـيْنٌ وَالجَمْـعُ: مُعْـن)، (مَعُـنَ المَـاء)، واتـە: ئاوەکـە ئاسـان بـوو و ڕۆیشـت (فَهُـوَ مَعِـيْنٌ)، ئاوەکـە ڕەوانـەو دەڕوا، (معـين) بـە (مُعْـن)، واتـە: ئـاوە ڕۆیشـتووەکان، یاخـود: ئـاوە ڕەوانـەکان، کـۆ دەکرێتـەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)

بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، ئەوەش مەبەستی پێ ئەوەیە:

١ - ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢ -- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوای دادوەر و کارزان دەکەم.

٣ -- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای میهرەبان دەکەم.

٤ – ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِي بِيَدِهِ ٱلۡمُلۡكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ﴾، دوو سوورەت لە قورئاندا بەم وشەیە دەستیان پێکردوە، وەك دەست پێکردن ئەگەرنا لە نێو قەدێدا زیاتر هاتوە، بەڵام سوورەتی (**الفرقان**)و، ئەم سوورەتی (**الملك**)، بە (تَبَٰرَكَ)، دەستیان پێکردوە، سوورەتی (**الفرقان**)، جگە لە سەرەتایەکەی، دوو جاریش لە نێوەڕاستەکەیدا، وشەی (تَبَٰرَكَ) هاتوە: أ- ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِيٓ إِن شَآءَ جَعَلَ لَكَ خَيۡرٗا مِّن ذَٰلِكَ ﴿١٠﴾﴾، ب- ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِي جَعَلَ فِي ٱلسَّمَآءِ بُرُوجٗا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجٗا وَقَمَرٗا مُّنِيرٗا ﴿٦١﴾﴾.

وشەی (تَبَٰرَكَ)، وەك لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (**الفرقان**)یشدا باسمان کردوە.

زانایان ئاوایان لێك داوەتەوە: (**أي: تَعَاظَمَ وَتَعَالَى وكَثُرَ خيرُهُ**)، واتە: خوا بەرزەو مەزنەو خێرو بەرەکەت و پێزی زۆرەو بەردەوامە، ﴿ٱلَّذِي بِيَدِهِ ٱلۡمُلۡكُ﴾، ئەو زاتەی حوکمڕانیی و باڵا دەستیی لە دنیاو دواڕۆژدا، تەنیا بە دەستی ویە، ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ﴾، ئەویش لەسەر هەموو شتێك بە توانایە.

﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴾، ئـەو کەسـەی مـردن و ژیـانی هێناونـە دی، تاکـو تاقیتـان بکاتـەوە، کامەتـان کـردەوەی باشـترە، ئێمـە دوایـی لـە تەفسـیرکردنی ئـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، وێـڕای مەسـەلە گرنگـەکان چەنـد (کورتـە باسـێك)یش دەخەینـەڕوو، بۆیـە لێـرەدا بـە خێرایـی بـە مانـا گشـتییەکەیدا دەڕۆیـن، کەواتـە: حیکمـەت لـە دروسـتکرانی مرۆڤـدا، تاقیکردنەوەیـەتی بـە کـردەوە بـە کـردەوەی بـاش، وشـەی کـردەوە (عمل)یـش، هـەم بـە کـردەوەی دڵ و، هـەم بـە تەعبیـرو دەربڕینـی زمـان و، هـەم بـە جموجۆڵـی ئەندامەکانیـش دەگوتـرێ، ﴿ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴾، ئـەو زۆر بـاڵا دەسـتەو زۆریـش لێبوردەیـە.

﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا ﴾، ئـەو زاتـەی حـەوت ئاسـمانی بـە چیـن لەسـەر چینیـی دروسـتکردوون، (طِبَـاق)، واتـە: (مُتَطابِقَـةً)، چیـن لەسـەر چیـن، ﴿ مَّا تَرَىٰ فِى خَلْقِ ٱلرَّحْمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٍ فَٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ ﴾، لـە دروسـتکراوی (خـوای) بـە بەزەیـی دا ناڕێکیـی نابینـی، چـاو بگێـڕە بزانـە هیـچ ناڕێکیـی و کەلێـن و درز دەبینـی!.

﴿ ثُمَّ ٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ ﴾، دوایـی چـاو بگێـڕە دوو جـاران، زانایـان دەڵێـن: (كَرَّتَيْنِ)، لێـرەدا مەبەسـت تەنیـا دوو جـار نیـە، بەڵکـو واتـە: جـار لـە دوای جـار چـاو بگێـڕە، ﴿ يَنقَلِبْ إِلَيْكَ ٱلْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ ﴾، چـاوت بـە دەرکراویـی دەگەڕێتـەوە بـۆ لات، واتـە: هیچـی دەسـتگیر نەبـووە، ﴿ وَهُوَ حَسِيرٌ ﴾، لـە حاڵێکیشـدا کـە زۆر شـەکەت و مانـدوو بـووە.

﴿ وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئاسـمانی نزیکترمـان بـە چرایـان ڕازاندۆتـەوە، کـە مەبەسـت پێیـان ئەسـتێرەکانە، ﴿ وَجَعَلْنَٰهَا رُجُومًا لِّلشَّيَٰطِينِ ﴾، ئـەو ئەسـتێرانەمان کـردوون، بـە مایەی بـەرد بارانکـردن و بڵێسـە بارانکردنی شـەیتانەکان، ئنجـا ئایـا ئەسـتێرەکان بـە تەواویـی و بـە خڕیـی بـە شـەیتانەکاندا دادەدرێـن؟ بـە دڵنیایـی نەخێـر، بەڵکـو مەبەسـت ئـەو پارچانـەن کـە لێیـان دەبنـەوە، کـە نەیـزەك و

بڵێسەکانن و، لە ئەستێرەو خڕۆکەکان جیا دەبنەوەو، دێنە نێو مەودای هێزی ڕاکێشانی زەوی و بەرگە هەوای زەویی و، بەو شێوەیە دێنە بەرچاوی ئێمەو، شەیتانەکانیان پێ تیر باران دەکرێن.

﴿ وَأَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابَ ٱلسَّعِيرِ ﴾، سزای کڵپەی دۆزەخیشمان بۆ شەیتانەکان ئامادە کردوە.

﴿ وَلِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴾، بۆ ئەوانەش کە بێبڕوان بە پەروەردگاریان، سزاو ئازاری دۆزەخ هەیەو، خراپترین سەرەنجامیش ئەوێیە.

﴿ إِذَآ أُلْقُوا۟ فِيهَا سَمِعُوا۟ لَهَا شَهِيقًا ﴾، کاتێك تێیفڕێ دەدرێن، گوێیان لە گرفەو لرفەی دەبێ، گوێیان لە هەناسە هەڵکێشانی دەبێ، ﴿ وَهِىَ تَفُورُ ﴾، لە حاڵێکدا کە دەکوڵێ و دەجۆشێ، ﴿ تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلْغَيْظِ ﴾، (ئەو دۆزەخە) خەریکە لە ڕق و داخ و خەفەتان (لە بەرانبەر کافرەکاندا)، لێك بێتەوەو پارچە پارچە ببێ، یەکێك دەڵێ: خەریکە لە خەفەتی فلانکەس دەپچڕێم، یان خەریکم دەقڵیشێم.

﴿ كُلَّمَآ أُلْقِىَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ ﴾، هەر کاتێك (دۆزەخ) کۆمەڵێك تێیفڕێ دەدرێن دۆزەخەوانەکان، ئەوانەی سەرپەرشتیی دۆزەخ دەکەن، لێیان دەپرسن: ئایا ترسێنەرو ورياکەرەوەتان بۆ نەهات؟

﴿ قَالُوا۟ بَلَىٰ قَدْ جَآءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ ﴾، گوتیان: با بە دڵنیایی ترسێنەرو ورياکەرەوەمان بۆ هات، کەچی ئێمە بە درۆمان داناو، گوتمان: خوا هیچ شتێکی دانەبەزاندوە، ﴿ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِى ضَلَـٰلٍ كَبِيرٍ ﴾، ئێوە (ئەی ترسێنەرو وريا کەرەوەکان!) تەنیا لە گومڕاییەکی گەورەدان.

﴿ وَقَالُوا۟ لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ ﴾، گوتیشیان: ئەگەر بیستبامان، یاخود فانیبامان، یانی: هێزی بیستنمان بەهرەمان لێ وەرگرتبایەو لە خەڵکی دیکەمان بیستبایە، یان خۆمان هێزی عەقڵ و هۆشی خۆمانمان بەکارهێنابایە، ﴿ مَا كُنَّا فِىٓ أَصْحَـٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴾، ئێستا لە نێو هاوەڵانی کڵپەی دۆزەخ دا نەدەبووین.

﴿ فَٱعۡتَرَفُواْ بِذَنۢبِهِمۡ فَسُحۡقٗا لِّأَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴾، دانیـان بـە گوناهـی خۆیانـدا هێنـا، ئنجـا دووریـی بـۆ هـاوەڵانی کڵپـەی دۆزەخ.

ئـەوان بـەو شـێوەیەن، بـەڵام ئایـا ئەوانـەی سـام و هەیبـەتی خـواو، شـەرم و ڕێـزو حورمـەتی خوایـان لـە دڵـدا هەبـووە، چۆنـن؟.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٞ كَبِيرٞ ﴾، بـە دڵنیایـی ئەوانـەی بـە پەنامەکیـی بەرامبـەر بـە پەروەرگاریـان سـام و هەیبەتیـان هەیـە، لێبوردنێـکی تایبـەت و پاداشـتێکی گەورەیـان بـۆ هەیـە.

﴿ وَأَسِرُّواْ قَوۡلَكُمۡ أَوِ ٱجۡهَرُواْ بِهِۦٓۖ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴾، قسـەکەتان بـە پەنهانیـی بکـەن، یاخـود بـە بەرزیـی بیکـەن، واتـە: بـە چپـە قسـە بکـەن، یاخـود دەنگـی پـێ هەڵێنـن و بەرزبکەنـەوە، یەکسـانە بـۆ خـوا، ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴾، خـوا نـەك هـەر قسـەی بـەرزو بـە چپـە دەزانـێ و دەبیسـتێ، بەڵکـو ئـەو زانایـە بـە هاوەڵـی سینەکان (**ذَات**)، بـە مانـای (**صَاحِبة**)یـە، کـە بـە مانـای (هـاوەڵ)ە، شـتێك کە هەمیشـە لەگـەڵ شـتێك دایـە، نهێنییـەکان و خولیایەکانیـش لەبـەر ئـەوەی هەمیشـە لـە نێـو دڵ و سـینەکان دان، خـوا ﷻ بـە خـاوەن و هاوەڵـی سـینەکانی دانـاون.

﴿ أَلَا يَعۡلَمُ مَنۡ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ﴾، ئایـا کەسـێك کـە دروسـتیکردوە، نازانـێ (بـە دروسـتکراوی خـۆی زانـا نیـە)؟، ﴿ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ﴾، لـە حاڵێکـدا ئـەو زۆر پەنهانـزانی شـارەزایە؟ بـە دڵنیایـی بـا.

﴿ هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ ذَلُولٗا ﴾، (خـوا) ئـەو کەسـەیە زەوی بـۆ دەسـتەمۆ کـردوون، وەك چـۆن وڵاخێـك دەسـتەمۆ دەبـێ و، ڕام دەبـێ، بـە ئاسـانیی دێتـە ژێربـارو مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـرێ، خـوا ﷻ زەوی بـۆ ئـاوا لێکـردوون، کـە وەك دوایـی باسـی دەکەیـن و، چەنـد جارێـك باسـمان کـردوە، زەوی چەنـد جـۆرە سـووڕانەوەیەکی هـەن و، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر دەسـتەمۆیە، ﴿ فَٱمۡشُواْ فِي مَنَاكِبِهَا ﴾، ئنجـا بـۆ کارو کاسـبیی بـە قـەد پاڵـەکانی و لاشـانەکانی دا بـڕۆن، ﴿ وَكُلُواْ مِن رِّزۡقِهِۦ ﴾،

لـە بژیـوی ویـش بخـۆن، ﴿ وَإِلَيْهِ ٱلنُّشُورُ ﴾، (بـا لـە بیرتـان نەچـێ) گەڕانـەوەش بـەس بـۆ لای ویـە، بزانـن چـۆن دەچنـەوە خزمـەت خـوا.

﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ ﴾، ئایـا دڵنیـان لـەوەی لـە سـەرێیە، واتـە: خـوا ﷻ لەسـەرەوەی دروسـتکراوەکانی خۆیـەتی، نـەك لـە نێـو ئاسـماندا بـێ بەڵکـو لەسـەرەوەیە، چونکـە (ٱلسَّمَآءِ)، یـانی: سـەرێ (فـوق)، ئـەو پـەروەردگارەی لـە لەسـەرەوەی دروسـتکراوەکانی خۆیـەتی، ئایـا لێـی دڵنیـان و ئەمینـن، ﴿ أَن يَخْسِفَ بِكُمُ ٱلْأَرْضَ ﴾، کـە بەزەویـدا بتانباتـە خـوار، ﴿ فَإِذَا هِىَ تَمُورُ ﴾، لـە حاڵێکـدا کـە گێـژ دەخـوات و خـول دەخـوات، یـان دێـت و دەچـێ؟

﴿ أَمْ أَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ أَن يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ﴾، یـان ئایـا دڵنیـا بـوون لـەو کەسـەی لـە سـەرێیە، بایـەکی چـەو ڕاماڵکـەرو گڵ و خۆڵڕامالکەرتـان بـۆ بنێـرێ، ﴿ فَسَتَعْلَمُونَ كَيْفَ نَذِيرِ ﴾، ئنجـا ئـەو کاتـە دەزانـن ترسـاندن و وریاکردنـەوەی مـن چۆنـە!.

﴿ وَلَقَدْ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴾، بـە دڵنیایـی ئەوانـەی پێـش ئەوانیـش بـە درۆیـان دانـا، پێغەمبەرانیـان بـە درۆ دانـا، پەیامـی خوایـان بـە درۆ دانـا، ڕۆژی سـزاو پاداشـتیان بـە درۆ دانـا، ﴿ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴾، ئنجا ئایـا نکوڵییکـردن و ڕەخنەگرتنـی مـن (لێیـان و دوایـی سـزادانم بۆیـان) چـۆن بـوو! واتـە: وابـوو کـە هـەر نایەتـە وەصفکـردن.

ئنجـا دوای ئـەوەی سـەرنجی ڕاکێشـان بـۆ مێـژوو، جارێـکی دیکـە سـەرنجیان ڕادەکێشـێتەوە بـۆ گـەردوون: ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَى ٱلطَّيْرِ فَوْقَهُمْ صَٰٓفَّٰتٍ وَيَقْبِضْنَ ﴾، ئایـا نەیانڕوانیوەتـەوە باڵنـدان، (ٱلطَّيْرِ)، کـۆی (طائـر)ە، واتـە: مەلـەکان، ئایـا سـەرنجی مـەل و باڵندەکانیـان نـەداوە، لەسـەروویانەوە (صَٰٓفَّٰتٍ)، باڵیـان پانڕاخسـتوون، (وَيَقْبِضْنَ)، هەروەهـا باڵیـان دێننـەوە یـەك، ﴿ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحْمَٰنُ ﴾، جگـە لـە (خـوای) بـە بەزەیـی کـەس نایانگـرێ بـە هـەواوە، بـەڵام خـوا ﷻ سیسـتمێکی بـۆ

داناون، هەوای وا دروستکردوە، باڵندە بتوانێ پێیدا بفڕێ و بشتوانێ بمێنێتەوە بە هەواوەو، باڵندەشی وا خوڵقاندوە، کە ئێسقانەکانی سووکن و بۆشاییان تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر پتەون، وەك لە تەفسیری سوورەتی (**النحل**)دا، باسێکی تایبەتمان لە بارەی باڵندانەوە کرد، جۆرەکانی باڵندەو پێکهاتەی باڵندەو تایبەتمەندییەکانی.

﴿ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍۭ بَصِيرٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا بینەری هەموو شتێکە، باڵندەشی وا خوڵقاندوە، بتوانێ بفڕێ و بە هەواوە بمێنێتەوە، وەك چۆن ماسیی و ژیاندارانی دەریاشی وا خوڵقاندوون، بتوانن بە نێو ئاودا بڕۆن و تێشیدا بژین و بگوزەرێنن.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى هُوَ جُندٌ لَّكُمْ يَنصُرُكُم مِّن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ﴾، یان ئایا کێیە ئەوەی بۆتان دەبنە سەربازو سوپا، کە جگە لە (خوای) بەبەزەیی سەرتان بخەن، واتە: جگە لە خوا کێ بۆتان دەبێتە سوپاو سەرباز، سەرتان بخات و پشتتان بگرێ؟، ﴿ إِنِ ٱلْكَٰفِرُونَ إِلَّا فِى غُرُورٍ ﴾[1]،بێبڕوایەکان تەنیا لە هەڵخەڵەتاویی و لە خۆبایی بوون و فریو خواردن دان.

﴿ أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى يَرْزُقُكُمْ إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُۥ ﴾، یان ئایا کێیە ئەو کەسەی ئەگەر ئەو (خوا) بژیوەکەی بگرێتەوە، بژیوتان بدات؟ یانی: تێکڕای بژیوەکان: هەواو، ئاوو، تیشکی خۆرو، سەرجەم ئەو بژیوانەی لە زەوی پەیدا دەبن، کێیە ئەوانەتان بۆ دابین بکات و بژیوتان بدات، ئەگەر خوا بژیوتان نەدات؟! بێگومان کەس، ﴿ بَل لَّجُّوا۟ فِى عُتُوٍّ وَنُفُورٍ ﴾، بەڵکو ئەوانە بەردەوام بوون لە سنوور شکێنیی و سڵەمینەوەدا، (**لجاج، ولجاجة**)، یانی: مکووڕیی و سووریی لەسەر شتێك، بەڵکو ئەوانە لە سنوور شکێنیی و لە سڵەمینەوەدا، هەر بەردەوام و مکووڕن.

ئنجا خوا ﷻ دوو وێنەمان دەخاتە بەر چاو، بۆ بابای بێبڕوای هاوبەش بۆ خوا دانەرو، بۆ بابای خواناسی بڕوادار، بێبڕوایەکە وەك کەسێکە لەپەو ڕوو

---

(١) (إنْ) لابەرە (نافية)یە، بە مانای (ما)ی لابەرە.

لەسـەر دەم و چـاوی بـڕواو، بڕوادارەکـەش کەسـێکە بـە قیـت و قنجیـی و ڕێـك و ڕاسـتیی بـڕوا، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ أَفَمَن يَمۡشِي مُكِبًّا عَلَىٰ وَجۡهِهِۦٓ أَهۡدَىٰٓ أَمَّن يَمۡشِي سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴾، ئایا کەسێك کـە لەسـەر ڕووی لەپـەو ڕوو کەوتـووەو، لەسـەر دەم و چاوی دەڕوات، چاکتر بـە ڕێیـە دەزانـێ و، ڕێـی ڕاسـتگرتووترە، یاخـود کەسـێك کـە بـە ڕێیـەکی ڕاسـت داو، بـە قیـت و قنجیـی دەڕوات؟! وەڵامەکـەی دیـارە.

﴿ قُلۡ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُمۡ ﴾، (ئـەی موحەممـەد ﷺ!) پێیـان بڵـێ: ئـەو (خـوا ﷻ) ئـەو زاتەیـە کـە ئێـوەی پێکەیانـدوە، (إنشـاء) پێکەیانـدنی پلـە پلەیـە، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە لە منداڵـدانی دایکمانـدا، لـە (نُطْفَـة)وە، بـۆ (عَلَقَـة) و بـۆ (مُضْغَـة)، پـێ بـە پـێ پێدەگەیـن، دوایـی وردە وردە هـەراش و گـەورە دەبیـن، یـانی: خـوا ﷻ ئێـوەی پـێ گەیانـدوە بـە پێگەیانـدنی بـە پلـە پلـە، ﴿ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ ﴾، بیسـتن و چاوەکان و عەقڵەکانیشـی بـۆ ڕەخسـاندوون، ﴿ قَلِيلٗا مَّا تَشۡكُرُونَ ﴾، بـە کەمیـی سوپاسـگوزاریی دەکـەن، یاخـود تەنانـەت کەمیـش سوپاسـگوزاریی بـۆ خـوا ئەنجـام نـادەن.

﴿ قُلۡ هُوَ ٱلَّذِي ذَرَأَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَإِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ﴾، بڵـێ: ئـەو (خـوا) ئـەو زاتەیـە، کـە ئێـوەی لـە زەویـدا بڵاوکردۆتـەوە، یـان پێکەیانـدوە، ﴿ وَإِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ﴾، تەنیـا بـۆ لای ویـش کـۆ دەکرێنـەوەو خـڕ دەکرێنـەوە.

﴿ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلۡوَعۡدُ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴾، (بێبڕوایـەکان) دەڵێـن: ئـەو بەڵێنـە کەنگێیـە، (کاتی هاتنـی ئـەم بەڵێنـە کەنگێیـە)، ئەگـەر ئێـوە لـە ڕاسـتانن؟، ﴿ قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡعِلۡمُ عِندَ ٱللَّهِ ﴾، بڵـێ: زانیاریـی ئـەوە تەنیـا لـە لای خوایـە، زانیاریـی کاتی هاتنـی ڕۆژی دوایـی، تەنیـا لـە لای خوایـە، ڕۆژی دوایـی چ مەبەسـت قۆناغـی یەکـەم بـێ، کـە ئاخیـر زەمـان و تێـك چـوونی ئـەم دنیـاو گەردوونەیـە، چ مەبەسـت قۆناغـی دووەم بـێ، کـە قیامـەت و هەڵسـانەوەو زینـدوو کرانـەوەو ئامادەسـازییە بـۆ لێپرسـینەوەو سـزاو پاداشـت، زانیاریـی هەبـوون بـە کاتی هاتنـی ئـەو بەڵێنـە، تەنیـا لـە لای خوایـە، ﴿ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٞ مُّبِينٞ ﴾، مـن تەنیـا وریاکـەرەوەو ترسـێنەرێکی ڕوون و ئاشـکرام، یاخـود ڕوونکـەرەوەو ئاشـکراکەرم.

ئنجا خوا ﷻ یەکسەر دەیانگوازێتەوە بۆ قیامەت: ﴿ فَلَمَّا رَأَوْهُ زُلْفَةً ﴾، کاتێك لە نیزیکەوە بەڵێنەکەیان بینی، واتە: بە نزیکخراوەیی هاتنەدی بەڵێنەکەیان دی، یاخود: سزای خوایان لە نیزیکەوە بینی، ﴿ سِيٓـَٔتۡ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾، ئەوانەی بێبڕوان، ڕوویان خراپ بوو، واتە: ڕوویان تێکچوو و گرژو مۆن و ڕەش و تاڵ بوو، ﴿ وَقِيلَ هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تَدَّعُونَ ﴾، گوتراش: ئا ئەمە بوو کە زۆر داواتان دەکردو پەلەتان لێ دەکرد.

﴿ قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِنۡ أَهۡلَكَنِيَ ٱللَّهُ وَمَن مَّعِيَ أَوۡ رَحِمَنَا ﴾، (ئەی موحەممەد ﷺ!) پێیان بفەرموو: بڵێ: ئایا دەبینن، هەواڵم پێبدەن، ئەگەر خوا من و ئەوانەی لەگەڵم دان، فەوتاندنی و ئێمەی مراند، ﴿ أَوۡ رَحِمَنَا ﴾، یان بەزەیی لەگەڵدا نواندین و، ئێمەی سەرخست، لە هەردووك حاڵاندا:

﴿ فَمَن يُجِيرُ ٱلۡكَٰفِرِينَ مِنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ﴾، ئایا کێ بێبڕوایان لە ئازارێکی بە ئێش دەربازو قوتار دەکات، واتە: ئێمە چ خوا بمانباتەوە، وەك ئێوە خەونی خراپمان پێوە دەبینن، چ خوا بەزەیی پێماندا بێتەوەو سەرمان بخات، لە هەردوو حاڵاندا، ئێوە سزای بە ئێش هەر چاوەڕێتانە، ئنجا ئایا کێ دەربازتان دەکات و کێ پەناتان دەدات؟!

کەواتە: گرەو لەسەر ئەوە مەکەن، کە ئێمە لە بەین بچین و سەرمان بە فەتارەت بچێ، چونکە ئێمە سەربکەوین، یان سەرمان بە فەتارەت بچێ، سزای سەخت و بە ئێش هەر چاوەڕێی ئێوەیە، ﴿ قُلۡ هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ءَامَنَّا بِهِۦ وَعَلَيۡهِ تَوَكَّلۡنَا ﴾، بڵێ: ئەو (خوای) بە بەزەییە، بڕوامان پێی هێناو پشتمان تەنیا بەو بەستوە، ﴿ فَسَتَعۡلَمُونَ مَنۡ هُوَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴾، بە دڵنیایی ئێوەش دەزانن کێیە لە گومڕاییەکی ئاشکرا دایە.

لە کۆتایی دا خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِنۡ أَصۡبَحَ مَآؤُكُمۡ غَوۡرٗا ﴾، بڵێ: پێم بڵێن، هەواڵم پێ بدەن، ئایا دەبینن ئەگەر ئاوەکەتان ڕۆچوو بە زەویداو

ونبـوو، ﴿فَمَن يَأۡتِيكُم بِمَآءٖ مَّعِينِۭ﴾، کـێ ئاوێـکی ڕەوانتـان بـۆ دێنـێ، یـان ئاوێـك کـە لـە سـەرچاوە دەردەقوڵـێ و جـۆ و جۆبـاری لـێ هەڵدەبەسـترێن، کـێ ئـەو ئاوەتـان بـۆ دێنـێ، ئاوێـکی شـیرین و زوڵاڵ؟ بێگومـان بێجگـە لـە خـوا ﷻ ئـەو نـازو نیعمەتانـە بەهیـچ کـەس دابیـن ناکرێـن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ڕاگەیاندنی بەرزیی و بە پێزیی و بەردەوامیی خێرو بەرەکەتی خواو، هەموو شت بە دەست بوونی لە دنیاو دواڕۆژداو، ڕەخساندنی خوا مەرگ و ژیان بۆ تاقیکردنەوە، کە ئایا کێ کردەوەی باشترە؟ دروستکردنی حەوت چینە ئاسمان و، نەبوونی هیچ نارێکییەك لە دروستکراوی خوادا ﷻ، وێڕای پشکنین و سۆراخکردنی زۆر بۆ دۆزینەوەی کەم و کوڕیی و، ڕازێندرانەوەی ئاسمانی نیزیکتر لە زەوی بە ئەستێرە چرا ئاسایەکان و، بڵێسە بارانکردنی شەیتانەکانیش بە پارچەکانی ئەو ئەستێرەو خڕۆکانە:

خوا دەفەرموێ: ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِي بِيَدِهِ ٱلۡمُلۡكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ۝١ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡمَوۡتَ وَٱلۡحَيَوٰةَ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗاۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفُورُ ۝٢ ٱلَّذِي خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗاۖ مَّا تَرَىٰ فِي خَلۡقِ ٱلرَّحۡمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٖۖ فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ هَلۡ تَرَىٰ مِن فُطُورٖ ۝٣ ثُمَّ ٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ كَرَّتَيۡنِ يَنقَلِبۡ إِلَيۡكَ ٱلۡبَصَرُ خَاسِئٗا وَهُوَ حَسِيرٞ ۝٤ وَلَقَدۡ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلۡنَٰهَا رُجُومٗا لِّلشَّيَٰطِينِۖ وَأَعۡتَدۡنَا لَهُمۡ عَذَابَ ٱلسَّعِيرِ ۝٥﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِي بِيَدِهِ ٱلۡمُلۡكُ﴾، بەرزو خاوەن پێزی بەردەوامە ئەو کەسەی حوکمڕانیی تەنیا هی ویە، پێشتریش گوتمان: (تَبَرَكَ)، لە (بَرْك)ەوە هاتوە، (بَرْك)یش بە مانای سینگی حوشتر دێ، حوشتر کە یەخ دەبێ، سینگ دادەداتە سەر زەویی و بە زەوییەوە دەنووسێ، هەندێکیش دەڵێن: (تبارك) لە (بُرْكَة)وە هاتوە، (بُرْكَة)ش، گۆماوێکە ئاوەکەی تێدا داوەستاوە، ئنجا (تبارك) چ لە (برك)ەوە هاتبێ، کە سینگی حوشترەو بە

زەویەوە دەنووسێ و دەچەسپێ، چ لە (بُرْكة)وە هاتبێ، کە ئاوەکەی تێدا ڕادەوەستێ، (بَرَكة)، بریتیە لە چەسپاندنی خێرو فەیزو بەخششی خوا لە شتێکدا، کەواتە: ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ﴾، واتە: بەرزەو خاوەن پێزی بەردەوامە، ﴿ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ﴾، ئەو کەسەی حوکمڕانیی و باڵادەستیی تەنیا بە دەست ئەوە، (الطبري) ئەم ڕستە موبارەکە ئاوا تەفسیر دەکات: (**بِيَدِهِ مُلْكُ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَسُلْطَانُهُمَا، نَافِذٌ فِيهِمَا أَمْرُهُ وَقَضَاؤُهُ**)، واتە: حوکمڕانیی دنیاو دواڕۆژو باڵادەستیی تێیاندا، تەنیا بە دەست خوایەو، فەرمانی خواو بڕیاری خوا لە دنیاو دواڕۆژدا جێبەجێ بوویە.

٢)- ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾، ئەویش لەسەر هەموو شتێك توانایە.

٣)- ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾، (خوا) ئەو کەسەیە کە مردن و ژیانی هێناونە دی، تاکو تاقیتان بکاتەوە، کامەتان کردەوەی باشترە، (الطبري) ئاوا ئەم ڕستە موبارەکە شیی دەکاتەوە، دەڵێ: (**فَأَمَاتَ مَنْ شَاءَ وَمَا شَاءَ، وَأَحْيَا مَنْ أَرَادَ وَمَا أَرَادَ إِلَى أَجَلٍ مَعْلُومٍ، لِيَخْتَبِرَكُمْ فَيَنْظُرْ: أَيُّكُمْ لَهُ أَيُّهَا النَّاسُ أَطْوَعُ، وَإِلَى طَلَبِ رِضَاهُ أَسْرَعُ**)، واتە: خوا ﷻ دەمرێنێ ئەو کەسەی بیەوێ و هەر شتێك کە بیەوێ و، دەژیەنێ هەر کەسێ بیەوێ و، هەر شتێك بیەوێ، تاکو تاقیتان بکاتەوە، تەماشا بکات: کامەتان ئەی خەڵکینە! بۆی فەرمانبەرترن و، بۆ داواکردنی ڕەزامەندییەکەی خێراترن.

٤)- ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ﴾، ئەویش باڵادەستی لێبووردەیە، واتە: باڵادەست و زاڵە بۆ کەسێك کە لە فەرمانی دەربچێ بۆ سزادانی و، زۆریش لێبووردەیە بۆ کەسێك کە بەر فەرمانی بێ و گوێڕایەڵ بێ، خوا ﷻ بە لێبوردن و چاوپۆشیی و بەزەیی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ ۝٢﴾، پسپۆڕانی زمان گوتوویانە: (**التَّعْرِيفُ فِي:** ﴿ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ﴾، **تَعْرِيفُ الْجِنْسِ، وَفِي الْكَلَامِ تَقْدِيرٌ:** ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ ۝٢﴾ **لِتَحْيَوْا فَيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا، وَتَمُوتُوا فَتُجْزَوْا عَلَى حَسَبِ تِلْكَ الْبَلْوَى**)، (أل)ی سەر ﴿ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ﴾، بۆ ناساندنە، ناساندنەکەش

بۆ جینسە، واتە: خوا ﷻ هەم مردنی هێناوەتە دی، هەم ژیان، تاکو بژیین و خوا تاقیتان بکاتەوە، کامەتان کردەوەکەی باشترەو، دوایی بمرن و خوا بەپێی ئەو تاقیکردنەوەیەی داوتانە، سزاو پاداشتتان بداتەوە.

زانایان هەندێکیان ئاوا پێناسەی ژیانیان کردوە: (**الحَيَاةُ: قُوَّةٌ تَتْبَعُ اعْتِدالَ المِزاجِ النَّوْعِيِّ لِتَفِيضَ مِنها سائِرُ القُوى**)، واتە: ژیان هێزێکە شوێن هاوسەنگیی میزاج و سرووشت دەکەوێ، (هی هەر شتێك: مرۆڤە، ئاژەڵە، هەرچی هەیە)، تاکو بەهۆی ئەو ڕێکیی و هاوسەنگیی میزاجەوە هەموو هێزەکانی دیکە، لەوێوە پەیدابن، بۆ وێنە: دیتن و بیستن و خواردن و خواردنەوەو تا کۆتایی، (**والمَوْتُ: كَيْفِيَّةٌ عَدَمِيَّةٌ، هو عَدَمُ الحَياةِ عَمَّا شَأْنُهُ أنْ يُوصَفَ بِالحَياةِ أوِ المَوْتِ، أيْ: زَوالِ الحَياةِ عَنِ الحَيِّ**)، مردن چۆنیەتییەکی نەبوونییە، کە بریتیە لە نەبوونی ژیان، بۆ شتێك کە بگونجێ بە ژیان یان مردن وەسف بکرێ، واتە: مردن بریتیە لە لاچوونی ژیان لە زیندوویەك.

ئنجا کە دەفەرموێ: خوا ژیان و مردنی هێناونە دی، واتە: زیندوویی دروستکردوە، ژیانداری دروستکردوەو ژیانی پێداوەو، کە دەفەرموێ: مردنی دروستکردوە، واتە: هۆکارەکانی مردنیشی ڕەخساندوون، ئەگەرنا مردن نەبوویەکە، دروستکردن پێیەوە پەیوەست نابێ.

هەڵبەتە یەکێك لە زانایان وادەڵێ، کە هەر ئەو ڕایەش زیاتر لە عەقڵ و فامی ئیمەوە نیزیکەو تێیەوە دەچێ.

هەندێکیش گوتوویانە: مردن دروستکراوێکی خوایە، لەو بارەوەش فەرمایشتێکی پێغەمبەری خوا ﷺ بە نموونە دێننەوە، کە خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دواییدا مردن لەسەر شێوەی بەرانێك دەخوڵقێنێ و ئەو بەرانە لە پێش چاوی دۆزەخیان و بەهەشتییان سەردەبڕدرێ و دەگوترێ: ئەی بەهەشتییەکان! ئەوە ژیانی هەمیشەییتانەو مردن کۆتایی هات، مردن نەماو، ئەی دۆزەخییەکان!

ئێـوەش بـۆ هەمیشـە لـە دۆزەخـدان و مـردن نەمـا[1]، بـەڵام زانایانـی دیکـە دەڵێـن: ئـەوە تەعبیرێـکی ڕەمزییـە بـۆ گەیانـدنی ئـەو پەیامـە، کـە بەهەشـتییان و دۆزەخییـان هـەر کامیـان لـە شـوێنی خۆیانـدا، بـۆ هەمیشـە ژیانێـکی بـەردەوام و نەپسـاوە یـان دەبـێ مردنیـان بەسـەر دانایـە.

دوای ئـەوەی خـوا ﷻ خـۆی وەسـفکرد بـە خێـرو پایـەی بەرزیـی بـەردەوام و بەخشـینی بـەردەوام و، بـەوەی حوکمـڕانی ڕەهـای دنیـاو دواڕۆژەو، لەسـەر هەمـوو شـتێ بـە توانایـەو، دوای ئـەوەی خـۆی وەسـف کـرد، بـەوەی مـردن و ژیـانی ڕەخسـاندوون، تاکـو مرۆڤـەکان تاقـی بکاتـەوە کامیـان کـردەوەی باشـترە؟ ئنجـا خـۆی وەسـفکرد بـەوەی خـاوەنی ئـەو پـەڕی زاڵیـی و باڵادەسـتیی و ئـەو پـەڕی لێبوردنـە، ئنجـا لەسـەر پێناسـەکردن و وەسـفکردنی خـۆی بـەردەوام دەبـێ و دەفەرمـوێ:

٥)- ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا﴾، (خوا ﷻ) ئەو کەسەیە حەوت ئاسمانی لەسەر یەکی هێناونە دی، (**طِبَاق**)، دەڵێ: (**طَبَقاً فَوْقَ طَبَق**)، (**طِبَاق**)، کۆی (**طَبَق**)ە، واتە: چین، (**طَبَاق**)یش یانی: چین لەسەر چین، یانی: (**بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْض**)، هەندێکی لەسەر هەندێکی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئاسمانەکان لەسەر یەکن، هەتا هەندێك لە زانایان دەڵێن: وەك چۆن توێکڵی پیواز هەر کامێکیان دەوری ئەوی دیکەی داوە، چینەکانی ئاسمانەکانیش بەو شێوەیەن.

---

(١) {يُـؤْتَى بِالْمَـوْتِ كَهَيْئَـةِ كَبْـشٍ أَمْلَـحَ، فَيُنَـادِي مُنَـادٍ، يَـا أَهْـلَ الْجَنَّـةِ فَيَشْرَئِبُّـونَ وَيَنْظُـرُونَ فَيَقُـولُ: هَـلْ تَعْرِفُـونَ هـذَا فَيَقُولُـونَ: نَعَـمْ هـذَا الْمَـوْتُ، وَكُلُّهُـمْ قَـدْ رَآهُ، ثُـمَّ يُنَـادِي: يَـا أَهْـلَ النَّـارِ فَيَشْرَئِبُّـونَ وَيَنْظُـرُونَ فَيَقُـولُ: هَـلْ تَعْرِفُـونَ هـذَا فَيَقُولُـونَ: نَعَـمْ هـذَا الْمَـوْتُ، وَكُلُّهُـمْ قَـدْ رَآه، فَيُذْبَـحُ ثُـمَّ يَقُـولُ: يَـا أَهْـلَ الْجَنَّـةِ خُلُـودٌ، فَـلاَ مَـوْتَ، وَيَـا أَهْـلَ النَّـارِ خُلُـودٌ، فَـلاَ مَـوْتَ ثُـمَّ قَـرَأَ (وَأَنْذِرْهُـمْ يَـوْمَ الْحَسْـرَةِ إِذْ قُـضِيَ الأَمْـرُ وَهُـمْ فِي غَفْلَـةٍ، وَهـؤُلاَءِ فِي غَفْلَـةٍ، أَهْـلُ الدُّنْيَـا، وَهُـمْ لاَ يُؤْمِنُـونَ)} أخرجـه البخـاري: ٤٤٥٣.

٦)- ﴿مَّا تَرَىٰ فِي خَلْقِ الرَّحْمَٰنِ مِن تَفَاوُتٍ﴾، له دروستكراوی (خوای) به به‌زه‌ییدا نارێكیی نابینی، (تَفَاوُت)، خوێنراویشه‌ته‌وه: (تَفَوّت)، (تَفَاوُت وتَفَوّت)یش، هه‌ردووكیان به مانای نارێكیی و كه‌م و كوڕیی: (الإخْتِلَاف وَالنَّقْص)ن، یانی: پێكه‌وه نه‌گونجان و بێ یاسایی نابینی له دروستكراوی خوای به به‌زه‌ییدا.

٧)- ﴿فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ﴾، جار له دوای جار چاو بگێڕه (به دروستكراوی خوای به به‌زه‌ییدا)، ئایا هیچ كه‌لێن و درز ده‌بینی؟ (**الفَطْرُ: الشَّقُّ طُولاً و، الفُطُور: الوَهن، وَالفُطُور: الصُّدُوعُ وَالشُّقُوق**)، (**فَطْر**)، بریتیه له له‌ت بوون و قڵیشان به باری درێژییدا، (قوماشێك ده‌قڵیشێنی، دارێك به‌ردێك ده‌قڵیشێنی به باری درێژییدا)، هه‌روه‌ها (**فُطُوُر**)، به مانای بێهێزییش دێ و، (**فُطُوُر**). به مانای درزو كه‌لێن و له‌تبوونیش دێ، كه به دڵنیایی هه‌مووی مه‌به‌ست پێی ئه‌وه‌یه: نارێكیی و بێ یاسایی نابینی له دروستكراوی خوای به به‌زه‌ییدا.

یانی: ئه‌م گه‌ردوونه وه‌ك دیوارێك وایه، كه ڕێك و تۆكمه‌و ته‌واوه‌و درزو كه‌لێنی تێدا نابینی، شه‌قبوونی تێدا نابینی.

كه ده‌فه‌رموێ: ﴿فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ﴾ یانی: (**كَرِّرِ النَّظَرَ وَالتَّأَمُّلَ وَأَدِمِ المُلَاحَظَةَ هَلْ تَجِدُ نَقْصاً فِي خَلْقِ اللهِ الرَّحْمَنِ؟!**)، واته: چاو بگێڕه‌و ڕامێنه‌و با سه‌رنجی به‌رده‌وامت ببێ، ئایا هیچ نارێكیی له دروستكراوی خوای به به‌زه‌ییدا ده‌بینی؟!

٨)- ﴿ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ﴾، دوایی دووجاری دیكه چاو بگێڕه، دوو كه‌ڕه‌تی دیكه، كه‌ڕه‌تی كوردیی ڕه‌نگه له (**كَرَّة**)ی، عه‌ره‌بییه‌وه هاتبێ، (**كَرَّتَيْن أي: رَجْعَتَين أُخْرَيَيْن ابْتِغَاء الخَلَلِ وَالفَسَاد وَالعَبَثِ، وَالمُرَادُ بِالْتَّثْنِيَة: التَّكْرِيْر كَمَا فِي لَبَّيْكَ وسَعْدَيْكَ**)، كه ده‌فه‌رموێ: ﴿ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ﴾، دوایی دوو جاری دیكه چاو بگێڕه، (واته: چاو به دروستكراوه‌كانی خوادا بگێڕێ)، به مه‌به‌ستی دۆزینه‌وه‌ی كه‌م و كوڕیی و نارێكیی و عه‌یب و پووچیی له دروستكراوی خوادا، به‌ڵام مه‌به‌ست له دوو جار، دووباره كردنه‌وه‌یه‌و مه‌رج نیه ته‌نیا

دوو بێ، سێ بێ، چوار بێ، دە بێ، وەك لە زمانی عەرەبییدا تەعبیرێکیان هەیە دەڵێ: (لَبَّيْكَ وسَعْدَيْكَ)، (لَبَّيْكَ أي: لَكَ تَلْبِيَةٌ بَعْدَ تَلْبِيَة، وسَعْدَيْكَ أي: لَكَ إسْعَادٌ بَعْدَ إسْعَاد)، واتە: جار لە دوای جار من لە خزمەت تۆدام، {(لَبَّيْكَ)، واتە: بەدەنگتەوە هاتم و لە خزمەت دام}، (سَعْدَيْكَ)، واتە: ئامادەم بۆ بەختەوەرکردنی تۆ و جێبەجێکردنی فەرمانی تۆ، تاکو تۆ بەختەوەر بی، کەواتە: (لَبَّيْكَ وسَعْدَيْكَ)، هەرچەندە واتە: دوو تەلبیەو دوو ئیسعاد، بەڵام عەرەب کە بەکاریان هێناون، مەبەستیان ئەوە بووە: بەردەوام لە خزمەت دام و ئامادەم بۆ بەختەوەرکردنی تۆ، نەك تەنیا دوو جاران.

کەواتە لێرە: ﴿ثُمَّ ٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ﴾ واتە: جار لە دوای جار، یانی: چەندان جار چاو بگێڕەو ورد بەوە کە کەم و کوڕیی بدۆزیەوە لە دروستکراوی خوای بە بەزەییدا، بەڵام ئایا سەرەنجام چۆن دەبێ؟

٩)- ﴿يَنقَلِبْ إِلَيْكَ ٱلْبَصَرُ خَاسِئًا﴾، چاوت بەدەرکراویی و داماویی دەگەڕێتەوە بۆ لات.

١٠)- ﴿وَهُوَ حَسِيرٌ﴾، (أي: وَهُوَ مُعِيٌ كَالٌّ)، لە حاڵێکدا کە ماندوو و شەکەت بووە، چاوت زۆر گەڕاوەو سەرنجی داوە کە کەم و کوڕییەك بدۆزێتەوە لە دروستکراوی خوای بە بەزەییدا، بەڵام چاوت بە دەرکراویی و داماویی و بە دەست خاڵیی گەڕاوەتەوە بۆ لات، لە حاڵێکیشدا کە زۆریش ماندوو بووە، یانی: زۆر هەوڵی داوەو زۆر خۆی ماندوو کردوەو، کەم و کوڕییەك بدۆزێتەوە، بەڵام هیچی بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئنجا وەك دوایی لە کورتە باسێکدا باس دەکەین، لە ڕاستییدا ئەمە ئیعجازێکی زانستیی زۆر گەورەی تێدایە، چونکە خوا ﷻ دەفەرموێ: دروستکراوی خوای بە بەزەیی هەرچەندە زۆر سەرنج بدەی و چاو بگێڕی و سۆراخ و پشکنین بکەی، کەم و کوڕیی تێدا نابینی.

١١)- ﴿وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ﴾، بە دڵنیایی ئاسمانی نیزیکترمان بە چرایان ڕازاندۆتەوە، (مَصَابِيْح)، کۆی (مِصْبَاح)ە، یانی: چرا، لێرە خوا ﷻ ئەستێرەکانی چواندوون بە چرایانەوە، (دُنْيَا)ش، (مُؤَنَّث)ی، (الأَدْنَى)، یانی: (أقْرَب)، نیزیکتر، بەڵام بۆ

مێینه (**مُؤَنَّث**)یه، (**دُنْيَا**) بۆ (**مُؤَنَّث**) و (**أَدْنَى**)، بۆ (**مُذَكَّر**)ە، یانی: ئاسمانێك كه له ئێوه نزیكتره (له خەڵكی سەر زەوییەوە، نیزیكتره) به چرایان ڕازاندوومانەتەوە.

١٢)- ﴿وَجَعَلۡنَٰهَا رُجُومٗا لِّلشَّيَٰطِينِ﴾، ئەو (ئەستێرا)نەمان گێڕاون به بەردی بەرد باران پێكران بۆ شەیتانەكان، (**رُجُومُ: جَمْعُ رَجَم، وَهُوَ فِي الأَصْلِ مَصْدَرٌ أُطْلِقَ عَلَى المَفْعُوْلِ، أَي: المَرْجُوم بِهِ**)، (**رُجُوم**)، كۆی (**رَجَم**)ە، كه له ئەصڵدا چاوگە، یانی: بەرد بارانكردن و تیر بارانكردن، بەڵام بەكارهێنراوە بۆ بەركار، واته: ئەو شتەی بەرد بارانی دەكرێ، كەواته: (**رَجَم**)، یانی: پێ بەرد بارانكراو، بۆ شەیتانەكان، ئنجا ئایا ئەستێرەكان به خڕیی به شەیتانەكاندا دادەدرێن؟ به دڵنیایی نەخێر، (**أَي: جَعَلْنَا شُهُبَهَا وأَجْزَاءَهَا المُنْفَصِلَة عَنْهَا رُجُومَاً للشَّيَاطِيْن**)، واته: بڵێسەكان و پارچەكانی، (كه نەیزەكیان پێ دەڵێن و) لێیان جیادەبنەوە (له ئەستێرەو خڕۆكەكان)، بەوانه شەیتانەكان تیر باران و بەرد باران دەكەین، بۆ ئەوەی گوێ نەگرن له قسەی فریشتان و، نەچن بۆ سەرێ و مەعلوومات نەهێنن، هی فریشتەكان بۆ فاڵچییەكان، كه دوایی خەڵك هەڵخەڵەتێنن.

١٣)- ﴿وَأَعۡتَدۡنَا لَهُمۡ عَذَابَ ٱلسَّعِيرِ﴾، {وێڕای ئەوەی ئاوا بەو پارچه ئەستێرانه، ئەو شەیتانانه دەر دەكەین و سزایان دەدەین}، له دواڕۆژیشدا ئازارو سزای كڵپەی دۆزەخمان بۆیان داناوە.

شایانی باسه: كه دەفەرموێ: ﴿يَنقَلِبۡ إِلَيۡكَ ٱلۡبَصَرُ﴾، (**البَصَرُ**)، كه (**أل**)ی ناساندنی لەسەرە، (**أل**) له جیاتی پاڵوەلادراو (**مُضَاف إليْهِ**)ە، یانی: (**يَنْقَلِبْ إلَيْكَ بَصَرُكَ**)، چاوی تۆ چاوت دەگەڕێتەوە بۆ لات به دەركراویی و داماویی، ﴿وَهُوَ حَسِيرٞ﴾، له حاڵێكدا زۆریش ماندوو و شەكەت بووە، بەڵام هیچ عەیب و كەم و كوڕیی له دروستكراوی خوای به بەزەییدا نەدۆزیونەوە.

کورتە باسێک لە پێنج سەرنج دا

بەڕێـــــزان!

ئـەم کورتـە باسـە لـە بـارەی زیاتـر ڕوونکردنـەوەی چەمـك و واتـای ئـەو پێنـج ئایەتـە موبارەکەوەیـە کـە مەسـەلەی یەکەمیـان لـێ پێـك دێ:

١- ئامانج و حیکمەتی مردن و ژیان، تاقیکردنەوەیەو، مردنیش لەبەر دەرخستنی باڵادەستیی خوا ﷻ پێشخراوە، خوا زۆر بە ڕوونیی لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾ ﴾، واتە: (خوا ﷻ) ئەو کەسەیە کە مردن و ژیانی هێناونە دی، تاکو تاقیتان بکاتەوە، کامەتان کردەوەی باشترەو ئەو باڵا دەستی لێبوردەیە، کەواتە: ئێمە لەو سەر زەوییە داندراوین بۆ تاقیکردنەوە، ئەم ڕاستییە وێڕای ئێرە لە سووڕەتی (**هود**)یشدا، هاتوە: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴿٧﴾ ﴾، هەروەها لە سووڕەتی (**الكهف**)یشدا، هاتوە: ﴿ إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى ٱلْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴿٧﴾ ﴾، ئەم سێ تەعبیرە لە هەر سێ سووڕەتەکانی: (**هود و کهف**) و (**ملك**)یش دا هاتوون، ڕاستییەك لە هەموو قورئاندا یەك جاریش بێ، هەر تەواوە، بەڵام بێگومان ڕاستییەك لە سێ شوێندا بێ، زیاتر جێی بایەخە، کەواتە: ئێمە بۆ تاقیکرانەوە لەم سەر زەوییە داندراوین، ئایا بۆچی خوا ﷻ مردنی پێشخستوە؟ لە سۆنگەی ئەوەوە کە مردن زیاتر باڵادەستیی خوا دەگەیەنێ، چونکە هەمووومان لە مردن دەترسێین و، هیچ دروستکراوێك حەز بە لە بەین چوون ناکات و حەز بە بوون و ژیان دەکات، بۆیە خوا مردنی پێشخستوە، واتە: بزانن کە ئێوە هی خۆتان نین و پەروەردگارو خاوەنێکتان هەیە، ئەوەتا دەتانمرێنێ بێ ئەوەی بتانەوێ و، ئەوەندەی بیەوێ دەتانژیەنێ، بەڵام حیکمەتی ژیاندنەکەتان بۆ ئێوە، ئەی مرۆڤ و جند! ئەوەیە کە تاقیتان بکاتەوە، لەم ژیانە کاتییەی دنیادا.

٢- حەوت ئاسمانەكان و سنووریان نازانین، كە خوا دەفەرمویٚ: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا ﴿٣﴾﴾، ئەو زاتەی حەوت ئاسمانی لەسەر یەكی چین چینی خوڵقاندوون، نازانین وەك زۆر جاری دیكەش گوتوومانە ئەو حەوت ئاسمانانە سنوورەكەیان كوێیە؟، ئەوەندە دەزانین كە خوا دەفەرمویٚ: ئاسمانی نیزیكترمان بە چرایان ڕازاندۆتەوە، مانای وایە هەرچی ئەستێرەیەو كەهكەشانە، هەمووی لە سنووری ئاسمانی یەكەمدایە، بەڵام ئایا سنووری ئاسمانی یەكەم لە كویٚ كۆتایی دیٚ؟ نازانین، تاكو ئێستا زانست بەوە نەگەیشتوە، ئنجا ئاسمانەكانی دیكەش كە لەسەر ئاسمانی یەكەمەوەن: ئاسمانەكانی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم، ئەگەر هی یەكەم نەزانین سنوورەكەی تا كوێیەو وردەكارییەكانی نەزانین، ئەوانی دیكە چاكتر نازانین، شایانی باسیشە: ئێمە لە هەر كام لە تەفسیری سوورەتەكانی: **(فصلت)** و **(الرحمن)**دا، هەروەها كاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی **(الأعراف)**یشداو، لە تەفسیری سوورەتی **(الأنعام)**یشداو، لە تەفسیری سوورەتی **(یونس)**یشدا، لە بارەی گەردوونەوەو، لە بارەی حەوت ئاسمانەكانەوە، قسەمان كردوە، بەڵام بە تایبەت لە تەفسیری سوورەتی **(فصلت)**و، لە تەفسیری سوورەتی **(الرحمن)**دا، لەو بارەوە ئەوەی كە زانیومانە بە پێویستمان زانیوەو مرۆڤ لەم ڕۆژگارەدا پێی گەیشتوە، خستوومانەتە ڕوو، واتە: تەفسیری ئەو سوورەتانەی كە باسی حەوت ئاسمانەكان و گەردوونمان تێدا كردوون، ئەگەر بە پێی ڕیزبەندیی موصحەف بیانڵێین: لە تەفسیری سوورەتەكانی: **(الأنعام)** و **(الأعراف)** و **(یونس)** و **(فصلت)**و، دواجار سوورەتی **(الرحمن)**دا، لەو بارەوە قسەمان كردوە.

٣- ئەم ئایەتانەی سوورەتی **(الملك)**و، ئایەتەكەی سوورەتی **(النمل)**، كە دەفەرمویٚ: ﴿صُنۡعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ أَتۡقَنَ كُلَّ شَىۡءٍ ﴿٨٨﴾﴾، هەروەها ئایەتەكەی سوورەتی **(السجدة)**، كە دەفەرمویٚ: ﴿ٱلَّذِىٓ أَحۡسَنَ كُلَّ شَىۡءٍ خَلَقَهُۥ ﴿٧﴾﴾، دیسان سوورەتی **(الأعلى)**، كە خوا تێیدا دەفەرمویٚ: ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ﴿١﴾ ٱلَّذِى خَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٢﴾﴾، هەموو ئەو ئایەتە موبارەكانە، وەك نموونە، ئیعجازێكی زانستیی مەزنیان تێدایە، چونكە لە هەموو ئەو ئایەتانەدا، خوا ﷻ زۆر بە ڕوون و ڕاشكاویی پێمان ڕادەگەیەنێ، كە دروستكراوەكانی

خۆی بەوپەڕی وردەکاریی و ڕێك و پێکیی دروستکردوون و، بەوپەڕی باشی دروستکراوەکانی خۆی هێناونە دی و، دەفەرموێ: نارێکیی لە دروستکراوی خوادا نیەو، ئەوپەڕی یاساداریی و سیستماتیکیی و وردەکاریی هەیە، خوا ئاوای فەرمووە، ئنجا کە تەماشای واقیعیش دەکەین، هەروایە، کەواتە: هەموو ئەو ئایەتە موبارەکانە، ئیعجازێکی زانستییان تێدایە، زانست دوای ئەوە زۆر بەرەو پێشەوە چووە، ئنجا بۆی دەرکەوتوە، کە هەرچی خوا خوڵقاندوویەتی، بە باشترین شێوە خوڵقاندوویەتی، وەك لە سوورەتی (**النمل**)دا، دەفەرموێ: ﴿صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ ﴿٨٨﴾﴾، واتە: دروستکراوی خوا کە هەموو شتێکی بە وردکاریی ڕەخساندوە، (**إتقان**)، واتە: وردەکاریی و ڕێك و پێکیی، بێ هەڵەیی و بێ کەم و کوڕیی، هەروەها لە ئایەتی (٧)ی سوورەتی (**السجدة**)دا فەرموویەتی: ﴿الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ ﴿٧﴾﴾، (خوا) هەرچی دروستیکردوە، بە باشترین شێوە دروستیکردوە، هەروەها ئایەتەکانی سوورەتی (**الأعلى**)، کە دەفەرموون: ﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى ﴿١﴾ الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّى ﴿٢﴾ وَالَّذِي قَدَّرَ فَهَدَى ﴿٣﴾﴾، واتە: ناوی پەروەردگاری هەرە بەرزت بە پاك بگرە، ئەو زاتەی هەموو شتێکی هێناوتە دی، ئنجا ڕێکیخستوە (و چاکی کردوەو تێرو تەواوی کردوە)، هەروەها ئەو کەسەی ئەندازەگیریی بۆ هەموو شتێك کردوەو ڕێنمایی کردوەو خستوویەتە سەر ڕێی ڕاست.

لێرەش کە خوا دەفەرموێ: هەرچەندە زۆر سەرنج بدەی و چاو بگێڕێ و وردبیەوە، نارێکیی و بێ یاسایی لە دروستکراوی خوای بە بەزەییدا نابینی، ئەوەی خواش فەرموویەتی، لەسەدا سەد (١٠٠/١٠٠) وایە: مرۆڤ تەماشای جەستەی خۆی دەکات، تەماشای ئاسمانەکان دەکات، تەماشای زەوی دەکات، تەماشای بەرگە هەوا دەکات، تەماشای بەرگە ئاویی دەکات، تەماشای جیهانی ڕووەك و شیناورد دەکات، تەماشای عالەمی ژیانداران و زیندەوەران دەکات، هەرچی تەماشای دەکات، هەمووی بەوپەڕی ڕێك و پێکیی و وردەکاریی هێندراوەتە دی و، خوا ﷻ هەر شتێکی خوڵقاندوویەتی بە باشترین شێوە

خولّقاندوویـەتی، بـۆ وێنـە: لـە زینـدەوەران دوو پشـکی بـە جۆرێـك دروسـتکردوە کـە باشـترین شـێوەیە، بەڵـێ دووپشـك بـەزەرە، هەروەهـا مـار بـۆ ئێمـە بـەزەرە، کـە مـەرج نیـە تەنیـا زیـان و زەرپشـیان هەبـێ، سوودیشـیان لـێ وەردەگیـرێ، بـەڵام بـۆ دوو پشـك و مـار، بـەو شـێوەیەی خـوا خولّقانـدوونی، باشـترین شـێوەیە، هەروەهـا بـۆ ئـاژەڵان و، بـۆ کـۆی زینـدەوەران و، بـۆ گـەردوون و خـۆر و زەوی و مانـگ و... هتـد.

٤- بەرد بارانکردنی شەیتانەکان، بە پارچەکانی ئەستێرەو خڕۆکەکانە، نەك خودی خۆیان، کە دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَاهَا رُجُومًا لِّلشَّيَاطِينِ ﴿٥﴾ ﴾، واتە: کردوومانن، (ئەو ئەستێرە خڕۆکانەمان کردوون) بە چاوگ بۆ لێوە بەرد بارانکردن و بڵێسە بارانکردنی شەیتانەکان، نەك خودی ئەستێرەو خڕۆکەکان خۆیان، ئێستا دەرکەوتوە کە ئەو پارچانەی لە خڕۆکەو ئەستێرەکان دەبنەوە، ئەستێرەکان لە ئەنجامی ئەوەدا کە دەتەقنەوە، پارچەیان لێ دەبنەوە، هەروەها خڕۆکەکان لە ئەنجامی خولانەوەو سووڕان دا، پارچەیان لێ دەبنەوەو، ئەو پارچانەش کە دێنە نێو مەودای هێزی کێشکردنی زەوی و بەرگە هەوای زەوییەوە، ئەوانەن کە وەك بڵێسە ئاگر دەردەکەون بۆ ئێمەو، جاری واش هەیە بە قەبارەی جۆراو جۆر دەکەونە سەر زەوی، کە ئێمە لە هەر کام لە تەفسیری سوورەتەکانی: (**الحجر و الشعراء و الصافات**)دا، لەو بارەوە قسەمان کردوە، کە چۆن شەیتانەکان بەهۆی ئەو بڵێسانەوەو، لەلایەن فریشتەکانیشەوە - وەك دوایی لە تەفسیری سوورەتی (**الجن**)یشدا، جارێکی دیکە پێی دەگەینەوە - تیر باران و بەرد باران دەکرێن، بۆ ئەوەی گوێ نەگرن لە قسەی فریشتان و، زانیاریی و هەواڵی ئاسمان لە فریشتەکانەوە نەدزن و، نەیهێنن بۆ کاهین و فاڵچییەکان.

٥- هەر کام لە مردن و ژیان، پێویستن، لەم بارەوەش بە چاکم زانی کە لەبەر ڕۆشنایی بەرگی دوازدەیەمی تەفسیری (**الجواهر في تفسير القرآن**)ی (**جوهري طنطاوي**)دا[1]، چەند سەرنجێکی خێرا بدەم لە دیاردەی ژیان و مردن، کە هەردووکیان پێویستن و

(١) ص: (٢٢٩ - ٢٣١).

خوای زاناو کارزان کە دایناون، لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ و ژیانداران، پێویستییان بە هەردووکیان هەیە، هەم بە ژیان، هەم بە مردن، لێرەدا کورتەی قسەکانی وی دێنم:

بێگومـان حاڵـەتی مـردن و ژیـان، لـە نێـو ژیانـداران و لە نێـو ڕووەکانـدا، هەروەها هـەر ئـەو دووانـەش ژیـان و مردنیـان بەسـەردا دێ، ئنجـا خـوا ﷻ هـەم ڕووەك، هـەم ژیانـدارانی یەکجـار زۆر کـردوون، تاکـو ئـەو زۆرییـە قەرەبـووی مردنەکەیـان بـۆ بکاتـەوە، هەروەهـا مردنیشـی بـۆ دانـاون، بـۆ ئـەوەی ئـەو مردنـە جار جار سـەر زەوییـان لـێ پـاك بکاتـەوە، ئەگەرنـا بـە دڵنیایـی سـەر زەوی هەمـووی دادەگیـرا بـە ژیانـداران و ڕووەکان، ئەگـەر هاتبـاو مـردن و حاڵـەتی لـە بەیـن چوونیـان نەبووایـە، ئێمـە لـەو بـارەوە دوازدە (١٢) کورتـە سـەرنج دەدەیـن:

١- تۆوی دارخورما، هەروەها تۆوی گەنمەشامیی، ئەو دووانە، تۆوەکەیان هێندە زۆرە، ئەگەر هاتباو هەرچی تۆوی دارخورمایەو، هەرچی تۆوی گەنمەشامییە، هەمووی ڕوابایە، هەموو سەر زەوی دادەپۆشی و، بواری جموجۆڵ بۆ هیچ شتێکی دیکە نەدەمایەوە.

٢- ماسیی، ئەو گەرایەی لەنێو خۆیدا هەڵیگرتوە، کە بە عەرەبیی (**بطروخ**)ی پێ دەڵێن، هێندە زۆرە، ئەگەر هاتباو ئەو گەرای ماسییە، هەمووی بووبایە ماسیی، یانی: دەرفەتی بۆ ڕەخسابایەو، نەمردبایە، دەریا هەمووی دەبوو بە ماسیی، یەك پارچە ماسیی، چونکە هەر مێینەیەکی ماسی لە ساڵێدا، دوو ملیۆن گەراو هێلکە دادەنێ، ئنجا ئەگەر ئەو گەرایانە هەموویان بووبانە ماسیی، لە ماوەی ساڵێکدا تێکڕای دەریا هەمووی دەبوو بە ماسیی.

٣- هەر کام مێشوولەو کێچ، کە دوو جۆرە زیندەوەری زانراون، ئەگەر هاتباو لە بەین نەچووبانایە، بە سەرماو بە گەرماو تەمەنی کورت و، مابانەوە، هەر کامێك لەوانە، هەموو سەر زەوی دادەپۆشی.

٤- زانایەك بە ناوی (ولاس)، دەڵێ: جۆرە گیایەك هەیە، هەموو ساڵێك حەوتسەدو پەنجا هەزار(٧٥٠ ٠٠٠) دەنکە تۆویی لێ پەیدادەبێ، ئنجا ئەگەر هەر یەك پنجە گیا، لەو جۆرە گیایە سێ ساڵان بەردەوام بووایە نەمردبایە، هەموو سەر زەوی دادەپۆشی.

٥- هەندێك لە زیندەوەرە وردەكان، كە میكرۆب و بەكتریایان پێ دەڵێن، ئەگەر هاتباو پێنج ڕۆژان لەسەر یەك بەردەوام بوونایەو، نەمردبانایەو، لەسەر زاووزێ بەردەوام بوونایە، ئۆقیانووسەكانیان بە قووڵایی یەك میل واتە: (١٦٠٩)م دادەپۆشی.

٦- میكرۆبی نەخۆشیی كۆلێرا كە هەر بیست (٢٠) خولەكێك، دوو چەندان دەبێتەوە، ئەگەر یەك ڕۆژی بەسەردا بڕواو لەسەر ئەو حاڵ (**منوال**)ە، بەردەوام بێ، لە ماوەی یەك ڕۆژدا، كێشەكەی دەبێ بە (٧٣٦٦)تەن و، ژمارەی ئەو میكرۆبی كۆلێرایە دەبێ بە ژمارەیەك كە ژمارە یەك دابنێی و بیست و یەك (٢١)، سفری لە پێشەوە بێ (١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠).

٧- فیل كە لە هەموو ژیانداران كەمترو سستتر زاووزێ دەكات، لە بیست (٢٠) ساڵدا یەك بە چكەی دەبێ، یەكێك لە زانایان حیسابی كردوە ئەگەر هاتبا هەر جووتە فیلێك كە بە (٢٠) ساڵ یەكێكیان دەبێ، بەردەوام بوونایە، بۆ ماوەی (٧٥٠) ساڵ، نۆزدە ملیۆن (١٩،٠٠٠،٠٠٠) بە چكە فیلیان دەبوو، واتە: ئەگەر هەموویان گەورە بوونایەو زاووزێیان كردبایە، ئەوەندە دەبوون، بەڵام دەمرن و هێندە بەردەوام نابن.

٨- كوللە جاری وا هەیە بەسەر كشتوكاڵی خەڵكدا دێ و هیچ شتێك ناهێڵێ، خوا ﷻ وای داناوە، تەمەنیان كورتەو هەر كات زۆریش بوون، هەندێكیان هەندێكیان دەخۆن، چونكە ئەگەر بێت و هەر بەردەوام بن و بژین، هەرچی شینا وردە لەسەر زەوی نایهێڵن.

٩- مەحاڕ، كە قۆزاخەو گوێچكە شەیتانی پێ دەڵێن، لە ساڵێك دا شەست ملیۆن (٦٠،٠٠٠،٠٠٠) هێلكە دادەنێ، ئنجا ئەگەر هاتباو هەموویان مابانەوەو بۆ ماوەی ساڵێك، دوو ساڵ، بەردەوام بوونایە، قەبارەكەی لە گۆی زەوی گەورەترو دەبوو.

١٠- مێش كە ژیانی ئینسان تێكدەداو هەر مێینەیەكی مێش، پێنج تاكو شەش جار زاووزێ دەكات و، هەموو جارێ (١٢٠ - ١٥٠) گەرا دادەنێ، ئەگەر هەموویان ژیابانایە، بە دڵنیایی سەر زەوی تێكڕا دەبوو بە مێش، ئەگەر گریمان هەر مێشێك بۆ ماوەی مانگێك ژیابایە، بەڵام مێش تەمەنی چەند ڕۆژێكە.

١١- هەندێك لە ژیانداران لەسەر هەندێکیان دەژین، بۆیە ئەگەر یەکێکیان کە خۆراکی ئەوەی دیکەیە، نەما، یانی: خۆراکەکەی نەما، ئەوەی دیکەش نامێنێ، بۆ وێنە: مارەکان لە هەندێك لە وڵاتاندا لەسەر جرج و مشك دەژین، بۆیە ئەگەر جرج و مشکەکان نەمان، مارەکانیش دەمرن، چونکە خۆراکیان نامێنێ، دیسان ئەگەر پشیلە هەبن و مشك و جرجەکان بخۆن، دیسان خۆراکی مارەکان نامێنێ و، مارەکانیش لە بەین دەچن، کە ئەوەش جۆرێکە لە هاوسەنگیی، کە خوا ﷻ لە نێوان ژیاندارەکاندا هێناویەتە دی.

١٢- میکرۆبی نەخۆشیی مەلاریا، تەنیا لە ڕێی مێشوولەوە نەقڵ دەبێ، مێشوولەی (ئەنۆفلس)، ئنجا ئەگەر ئەو جۆرە مێشوولەیە نەبوو، نەخۆشیی مەلاریاش کە میکرۆبەکەی لە ڕێی ئەوەوە بڵاودەبێتەوە، ئەویش بڵاو نابێتەوە، بۆیە وەختێك ئەو مێشوولەیە، دەرمانێکی بۆ بەکاردەهێنرێ کە نەهێڵدرێ، مانای وایە ڕێگا دەگیرێ لە بڵاو بوونەوەی ئەو نەخۆشییەش.

کەواتە: هەم ژیان و هەم مردن، خوای کاربەجێ پەروەردگار بە هاوسەنگیی دایناون، هۆکارەکانی ژیانی زۆر کردوون و هۆکارەکانی مردنیش و، ئەو هاوسەنگییەش لە نێوان ژیان و مردندا، کە خوا ﷻ دایناوە بە سیستمێکی زۆر وردەو، بەهۆی ئەوەوەش ژیانی مرۆڤ دەگونجێ لەسەر زەوی بەردەوام بێ.

مەسەلەی دووەم:

بێبڕوایـان سـزای دۆزەخ چاوەڕێیانـەو، کاتێـك فـڕێ دەدرێنـە نێـوی، گرفـەو لرفـەی دەبیسـتن و دەکوڵـێ و، نیزیکـە لـە تووڕەیـی و پەسـتییان بەرانبەریـان، بپچڕێ و لێـك بێتـەوە، هـەر کات پۆلێك لە بێبڕوایـان خرانە نێـوی، دۆزەخەوانەکان لێیـان دەپرسـن: ئایـا ترسـێنەرو وریاکەرەوەتـان بـۆ نەهـات لەلایـەن خـواوە؟، ئەوانیـش دەڵێـن: بـا، ئنجـا دانیشـی پێدادێنـن، کـە ئەگـەر بیسـتبایان و فامیبایـان، بـەو دەردە نەدەچـوون:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَلِلَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿٦﴾ إِذَا أُلْقُوا فِيهَا سَمِعُوا لَهَا شَهِيقًا وَهِيَ تَفُورُ ﴿٧﴾ تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ ﴿٨﴾ قَالُوا بَلَىٰ قَدْ جَاءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِي ضَلَالٍ كَبِيرٍ ﴿٩﴾ وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ ﴿١٠﴾ فَاعْتَرَفُوا بِذَنبِهِمْ فَسُحْقًا لِّأَصْحَابِ السَّعِيرِ ﴿١١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلِلَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴾، ئەوانەی بێبڕوابوون بە پەروەردگاریان، ئازاری دۆزەخ و خراپترین چارەنووسیان بۆ هەیە.

(ل)ی سەر ﴿ وَلِلَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ ﴾، (لَام التَمْلِيْك)ە، واتە: ئەوانە دەبنە خاوەنی ئازارو سزای دۆزەخ، ئازارو سزای دۆزەخیش خراپترین شوێنە، خەڵکی بۆ لا بگەڕێتەوە، (المَصِيْر): ئەو شوێنەی خەڵك بۆی دەچێ، یان ئەو کاتەی خەڵك تێیدا کۆدەبنەوەو بۆی دەچن.

کـە دەفەرمـوێ: ئەوانـەی بێبـڕوان بـە پەروەردگاریـان ئـازارو سـزای دۆزەخیـان بـۆ هەیـەو خراپتریـن سـەرەنجامە، واتـە: بێبـڕوان لـە جنـد و لـە مـرۆڤ، وەك لـە ئایەتـەکانی دیکـەدا هاتـوە.

ئنجا بزانین حاڵ و بارودۆخیان چۆنە! کە دەچن بەرەو دۆزەخ:

٢)- ﴿ إِذَآ أُلۡقُواْ فِيهَا سَمِعُواْ لَهَا شَهِيقًا ﴾، کاتێك فڕێ دەدرێنە تێی، تێیفڕێ دەدرێن، گوێبیستی (شَهِيْق) دەبن، لە لایەن دۆزەخەوە، (شَهِيْق)، (إِدْخَالُ النَّفَسِ إِلى الصَّدْرِ وَالزَّفِيْرُ إِخْرَاجُهُ)، (شَهِيْق): بریتیە لە هەناسە هەڵمژین، (زَفِيْر)یش بریتیە لە هەناسەدانەوە، کاتێك تێیفڕێ دەدرێن، گرفەو لرفەو هاشەو لووشەی دێ، چونکە (شَهِيْق): بریتیە لە هەناسە هەڵمژین، کاتێك تێیفڕێ دەدرێن، هەڵیان دەلووشێ، (لَهَا) لە: ﴿ سَمِعُواْ لَهَا ﴾دا، (فِي مَحَل نَصْبٍ عَلَى الحَال)، یانی: لە حاڵێکدا، (كَائِنَاً لَهَا)، ئەو هەناسە هەڵمژین (شَهِيْق)ە، هی دۆزەخە.

٣)- ﴿ وَهِيَ تَفُورُ ﴾، لە حاڵێك دا قوڵپە دەدات و دەکوڵێ، ئەمیش دیسان (فِي مَحَل نَصْبٍ عَلَى الحَال): (أي: وَالحَال أنَّهَا تَغْلِي وَتَضْطَرِب)، لە حاڵێکدا کە قوڵپ دەداو دەکوڵێ و دێت و دەچێ، چاوگی (تَفُوْر)یش (فَوْرٌ) و (فَوَرَان)ە.

٤)- ﴿ تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلۡغَيۡظِ ﴾، نیزیکە لە پەستیی و تووڕەییان لێکبێتەوە، یانی: (تَكَادُ تَتَقَطَّعُ وَيَنْفصل بَعْضُهَا عَن بَعْض)، خەریکە دەپچڕێ و هەندێکی لە هەندێکی جیادەبێتەوە، (الغَيْظُ: أَشَدُّ الغَضَب)، (الغَيْظ)، ئەوپەڕی تووڕەیی و پەستیی و ڕق لێ هەڵسانە، وشەی (تَمَيَّزُ)، بە دوو جۆری دیکەش خوێندراوەتەوە: (تَمِيْزُ) و(تَمَايَزُ)، هەر سێکیان واتایان لێك نزیکە، واتە: لە داخ و خەفەت و زۆر پەستیی و قەڵسییان، خەریکە لێك بێتەوە، لە هەموو زمانەکاندا ئەو تەعبیرە هەیە، بۆ وێنە: لە کوردییدا دەڵێ: فڵانکەس خەریکە لە داخ و خەفەتان بپچڕێ، خەریکە لێك بێتەوە، خەریکە شەق دەبات، یەکێ دەڵێ: خەریکە شەق دەبەم.

٥)- ﴿ كُلَّمَآ أُلۡقِيَ فِيهَا فَوۡجٌ ﴾، هەر کاتێك پۆلێك (لە بێبڕوایان) خرانە تێی، تێیفڕێدران.

(كُلَّمَا)، لە دوو وشە پێکهاتووە: (كُلّ) و (مَا)، واتە: (فِي كُلِّ وَقْتِ إِلْقَاء فَوْجٍ، سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا: ﴿ كُلَّمَآ أُلۡقِيَ فِيهَا فَوۡجٌ سَأَلَهُمۡ خَزَنَتُهَآ ﴾)، لە هەر کاتی تێفڕێدانی کۆمەڵێکدا بۆ نێوی، دۆزەخەوانەکان یان سەرپەرشتیارانی دۆزەخ لێیان دەپرسن، لەو کۆمەڵە خەڵکە.

لـە ڕستـەی پێشـێدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلْغَيْظِ ﴾، زانایـان دەڵێـن: لـە ڕووی ڕەوانبێژییـەوە، لێـرەدا دۆزەخ چوێـنراوە بـە کەسـێکی زۆر تـووڕەو زۆر ڕق هەڵسـاو، کـە هـەر شـتێك ڕقـی هەڵسـاندوەو پەسـت و تـووڕەی کـردوە، تۆڵـەی لـێ بسـتێنێ.

ئنجا هەر کاتێك کۆمەڵێك تێیفڕێ دران:

٦)- ﴿ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ ﴾، دۆزەخەوانەکان لێیان پرسین، واتە: سەرپەرشتیارەکانی دۆزەخ، چونکە (**خَزْنَة**)، کۆی (**خَازِن**)ە، یانی: کۆکەرەوە، (**وَأَصْلُ الْخَازِن: الَّذِي يخزنُ شَيْئًا، أَيْ: يَحْفَظُهُ فِي مَكَانٍ حَصِينٍ**)، وشەی (**خَازِن**)، بە مانای کۆکەرەوە دێ، ئەو کەسەی شتێك لە شوێنێك کۆ دەکاتەوەو دەیپارێزێ، خوای کاربەجێ لێرەدا وشەی (**خَزَنَة**)ی بەکارهێناوەو لە شوێنی دیکەدا، وشەی: (**الزَّبَانِيَّة**)ی بەکارهێناوە، لە سوورەتی (**العلق**)دا، کە دەفەرموێ: ﴿ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴿١٧﴾ سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾ ﴾، یانی: با ئەو خەڵکی کۆڕو مەجلیسەکەی خۆی بانگ بکات کە هاوکاری بن، ئێمەش (**الزَّبَانِيَة**)، بانگ دەکەین (**زَبَانِيَة**)ش ناوونیشانی ئەوانەیە کە سەرپەرشتیی دۆزەخ و سزادانی بێبڕوایان و خراپەکاران دەکەن، لە دۆزەخدا، ئەوانەش ژمارەیان زۆر زۆرە، بەڵام بەرپرس و سەرپەرشتیارانیان نۆزدەن، وەك خوا دەفەرموێ: ئەوانەی دۆزەخ سەرپەرشتیی دۆزەخ دەکەن نۆزدەن: ﴿ عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴿٣٠﴾ ﴾**المدثر**، ئنجا دۆزەخەوانەکان لێیان دەپرسن.

٧)- ﴿ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ ﴾، {ئەمە پرسیارکردنێکە بۆ سەرزەنشتکردن و پەشێمان کردنەوەو سەرکۆنە کردن}، ئایا ترسێنەرو وریاکەرەوەتان بۆ نەهات؟ وشەی (**نَذِيْرٌ**)، لێرەدا بە مانای (**مُنْذِر**)ە، چونکە وشەی (**نَذِيْرٌ**)، دەشگونجێ بە مانای (**إِنْذَار**) بێ و، چاوگ بێ، بەڵام لێرەدا ناوی بکەر (**اسْم فَاعِل**)ەو، بە مانای (**مُنْذِر**)ە، ئایا ترسێنەرو وریاکەرەوەتان بۆ نەهات، ئایا کەس نەهات ئاگادارتان بکاتەوەو بتانترسێنێ؟.

٨)- ﴿ قَالُوا۟ بَلَىٰ قَدْ جَآءَنَا نَذِيرٌ ﴾، گوتیان: با، بە دڵنیایی وریاکەرەوەو ترسێنەرمان (لەلایەن خوای پەروەردگارەوە) بۆ هات.

(بَـلَى: يُفِيْـدُ نَقِيْـضُ النَّفِـيِ فِي الإِسْـتِفْهَام، فَجُمْلَـة: ﴿قَدْ جَآءَنَا نَذِيرٌ﴾، تَأكِيْـدٌ)، ﴿قَالُواْ بَلَىٰ﴾، گوتیـان بـا، وشـەی (بَـلَى)، مانـای پێچەوانـەی ئـەوە دەگەیەنـێ کـە لابـراوە، ﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ﴾، ئایـا ترسـێنەرتان بـۆ نەهاتـوە؟ گوتـراوە: (بَـلَى)، ئەمـە هەڵوەشـاندنەوەی لابـردن (نفي)ەکەیـە، واتـە: بـا، بەپێچەوانـەوە ترسـێنەرو وریاکەرەوەمـان بـۆ هـات، بۆیـە دوایـی کـە دەفەرمـوێ: ﴿قَدْ جَآءَنَا نَذِيرٌ﴾، ئەمـە بـۆ جەختکردنـەوەو زیاتـر تـۆخ کردنـەوەی مانـای (بَلَى)یـە، ئەگەرنـا هـەر فەرمووبـای: (بَـلَى)، بـا، بۆمـان هـات، تـەواو بـوو، بـەڵام جەختـی دەکاتـەوە: ﴿قَدْ جَآءَنَا نَذِيرٌ﴾، بـە دڵنیایـی ترسـێنەرو وریاکەرەوەمـان بـۆ هـات.

٩)- ﴿فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ﴾، کەچی ئێمە بە درۆمان داناو گوتمان: خوا هیچ شتێکی دانەبەزاندوە، (فَكَذَّبْنَا)، یانی: (فَكَذَّبْنَاهُ)، لێرەدا وەك لە قورئاندا بە زۆریی وایە، بەرکارەکەی قرتێنراوە، لەبەر ئەوەی دەزانرێ (فَكَذَّبْنَا)، یانی: (فَكَذَبْنَاهُ) أو (فَكَذَّبْنَا النَّذِيْر)، ئێمە ئەومان بە درۆ دانا، یاخود: ترسێنەرو وریاکەرەوەکەمان بە درۆ دانا، ﴿وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ﴾، گوتمان: خوا هیچ شتێکی دانەبەزاندوە، (مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ: أي مَا نَزَّلَ الله شَيْئاً مِنَ التَّنْزِيْل)، واتە: خوا هیچ شتێکی لە قورئان دانەبەزاندوە، ئەی بابای ترسێنەرو وریاکەرەوە! تۆ لە خۆتەوە قسە دەکەی، قسەی گیرفانی خۆتە دەری دێنی.

١٠)- ﴿إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ كَبِيرٍ﴾، ئێوە تەنیا لە گومڕاییەکی گەورە دان، یانی: هەر کۆمەڵێك لە بێبڕوایان بە ترسێنەرەکەی خۆیانیان گوتوە: خوا هیچی دانەبەزاندوەو تۆ هەر لە خۆتەوە قسە دەکەی، کەواتە: هەموو کافرە دۆزەخییەکان، بە کۆی ترسێنەرو وریاکەرەوەکانیان «کە پێغەمبەرانن (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)» گوتوە: ﴿إِنْ أَنتُمْ﴾، یانی: (مَا أَنْتُمْ إلاَّ فِي ضَلَالٍ كَبِيْر)، چونکە (نزير) بە تاك هاتوە، بەڵام هەر کۆمەڵێك بە پێغەمبەرەکەی خۆیان گوتوە: خوا هیچی دانەبەزاندوە، کەواتە: بە کۆ پێیان گوتوون: ئێوە ئەی ترسێنەرو وریاکەرەوەکان، لە گومڕاییەکی گەورەدان، لێرەدا وشەی (كَبِيْر) کراوە بە سیفەت بۆ (ضَلَال)، هەرچەندە وشەی (كَبِيْر)، واتە: گەورە بۆ شتی جەستەیی و بەرهەستە کە دەبینرێ، بەڵام لێرەدا کە بەکارهێنراوە، یانی: زۆر بەهێزو ئەوپەڕی

توندو سەخت، واتە: ئێوە لە گومڕاییەکی زۆر بەهێز و سەخت و پتەو دان، یانی: ئەگەر گومڕاییەکەتان جیسم بووایە، کەلەشێکی زۆر گەورەی دەبوو، ئەو گومڕاییەی ئێوە تێیدان، زۆر زەبەلاح و بێڕەزایە.

١١)- ﴿وَقَالُوا۟ لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ﴾، {ئەوانەی لە دۆزەخدان، سزادراوەکان}، گوتیشیان: ئەگەر کاتی خۆی بیستباما‌ن یان فامیباما‌ن.

١٢)- ﴿مَا كُنَّا فِىٓ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾، ئێستا لە نێو هاوەڵانی کڵپە (ی دۆزەخ)دا نەدەبووین.

کە دەڵێن: ﴿لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ﴾، مەبەستیان پێی بیستنێکە کە مرۆڤ لێی بەهرەمەند بێ، ئەگەرنا بێگومان گوێیان هەبووەو، قسەیان بیستوەو، عەقڵ و هۆشێکیشیان هەبووە بەکاری بێنن، بەڵام ئەگەر ئەو بیستنە، نەبێتە هۆی ئەوەی تۆ پەیامی خوا ببیستی، ئەو پەیامی خوایەی باسی حیکمەتی بوونی تۆ دەکات و، بووناسیی ڕاستەقینەت بۆ باس دەکات و لێت حاڵیی دەکات: تۆ لە کوێوە هاتووی و، بۆچی هاتووی و، دەبێ چۆن بژی و، بۆ کوێ دەچی؟ ئەگەر ئەوە نەبیستی کە لەلایەن خاوەنی خۆتەوە بۆت نێرراوەو، ترسێنەرو وریاکەرەوەی بۆ ناردووی و ئەو ڕاستییانە، ئەگەر لەویان وەری نەگری و، گوێ ڕانەدێری بۆ پەیامی خوا، هەروەها تێنەگەی و عەقڵی خۆت بەکارنەهێنی، یانی: نە لە خەڵکی دیکە ببیستی و، نە عەقڵ و هۆشی خۆشت بەکاربێنی، بە دڵنیایی سەرەنجامت خراپ دەبێ، واتە: ئێمە ئەگەر لە خەڵکی دیکەمان بیستبایە، یان خۆمان بیرمان کردبایەوەو، هۆشمان دابایە ئەو پەیامەی خوا، یان ئەگەر خۆشمان هۆشمان نەدابایە پەیامی خوا، لە کەسانێك کە لەو پەیامە تێگەیشتوون، گوێمان بۆ گرتبانایە، ﴿مَا كُنَّا فِىٓ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾ ئێستا لە نێو هاوەڵانی کڵپەی دۆزەخدا نەدەبووین.

١٣)- ﴿فَٱعْتَرَفُوا۟ بِذَنۢبِهِمْ﴾، ئنجا دانیان بە گوناهەکەیان داهێنا، (ف)، بە (فَاء الفَصِيْحَة)، ناو دەبرێ (لأَنَّهَا تُفْصِح عَمَّا قَبْلَهَا)، چونکە هی پێش خۆی دەگەیەنێ، واتە: سەرەنجام

ئێمە عەقڵی خۆمان بەکارنەهێناو، گوێشمان نەگرت، ئەو ورياکەرەوەيەش کە خوا بۆی ناردبووين، ئەويشمان بە درۆ داناو گوتمان: خوا هيچی دانەبەزاندوە، ئيدی سەرەنجام بەو دەردە چووين کە ئێستا بەدەستيەوە دەناڵێنين.

١٤)- ﴿فَسُحْقًا لِّأَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾، ئنجا دووريی بۆ هاوەڵانی کڵپەی دۆزەخ، (**وَالسُّحْقُ: اسْمُ مَصْدَرٍ مَعْنَاهُ الْبُعْدُ، وَهُوَ هُنَا نَائِبٌ عَنِ الْإِسْحَاقِ، لِأَنَّهُ دُعَاءٌ بِالْإِبْعَادِ، فَهُوَ مَفْعُولٌ مُطْلَق نَائِبٌ عَنْ فِعْلِهِ، أَيْ أَسْحَقَهُمُ اللَّهُ إِسْحَاقًا**)، (**سُحْق**)، ناوی چاوگە، بە مانای دووريی، بەڵام لێرەدا وشەی (**سُحْق**)، کە ناوی چاوگە لە شوێنی (**إِسْحَاق**)، دانيشتوەو پاڕانەوەيە بۆ دوورخستنەوەو، بەرکاری ڕەهايە و لە جێی کردارەکەيەتی، یانی: (**أَسْحَقَهُمُ اللَّهُ إِسْحَاقًا**)، خوا ﷻ دووريان بخاتەوە (يان دووری خستنەوە)، بە دوورخستنەوە، يانی: دووريی لە خواوەو دوورخستنەوە بۆ هاوەڵانی کڵپەی دۆزەخ.

بێگومانيـش ئـەم ڕسـتە قورئانييـە، ئـەم ئايەتـە موبارەکـە، هەڵدەگـرێ زۆر قسـەی لەسـەر بکرێـن: دۆزەخييـەکان دان بـەوەدا دێنـن، کـە نـە بيسـتوويانەو نـە فاميويانـە، مـرۆڤ يـان دەبـێ خـۆی عەقـڵ و هۆشـێکی هەبـێ، بـە کاری بێنـێ بـۆ لێتێگەيشـتنی پەيامـی خـوا، يـان دەبـێ گـوێ ڕادێـرێ بـۆ کەسـانێك کـە لـە پەيامـی خـوا تێگەيشـتوون.

بـە واتايـەکی ديکـە مـرۆڤ يـان دەبـێ بـۆ خـۆی بـە ڕێيـە بزانـێ، يـان دەبـێ گـوێ بـۆ کەسـانێ بگـرێ کـە بـە ڕێيـە دەزانـن، وەك خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: ﴿فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٤٣﴾﴾النحـل، لـە زانايـان بپرسـن، لـە خاوەنـانی زانسـت بپرسـن، ئەگـەر نازانـن، يـان دەبـێ بـۆ خـۆت بـزانی، يـان دەبـێ لە کەسـێك کـە زانايـە پرسـيار بکـەی، بـەڵام خۆشـت نـەزانی و لـە زاناياـنيش نەپرسـی، بـە دڵنيايـی لـە نەفاميـی و بێئاگايـی و نەزانييـدا دەمێنيـەوە.

مەسەلەی سێیەم:

ئەوانەی بە پەنامەکیی و نادیاریی لە پەروەردگاریان سامکردوون، لێبوردن و پاداشتی گەورەیان هەیەو، خواش قسەی چپەو بەرز، وەك یەك دەبیستێ و، ناشگونجێ بە دیهێنەری پەنهانزانی شارەزا، هەموو شتێك نەزانێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿١٢﴾ وَأَسِرُّوا۟ قَوْلَكُمْ أَوِ ٱجْهَرُوا۟ بِهِۦٓ ۖ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿١٣﴾ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٤﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی سام و هەیبەتیان هەیە، بەرانبەر بە پەروەردگاریان بە پەنامەکیی، لێبوردن و کرێ و پاداشتێکی گەورەیان هەیە، دوای ئەوەی خوا ﷻ باسی بێبڕوایانی نەفام و نەبیستی کرد، ئنجا باسی بڕواداران دەکات، بەڵام زۆر بە کورتیی پێناسەیان دەکات و، دەفەرموێ: بە دڵنیایی ئەوانەی سامیان هەیە بەرامبەر بە پەروەردگاریان، (**الخَشْيَةُ: الخَوْفُ المَشُوبُ بَالتَّعْظِيْم**)، (**خَشْيَةٌ**) ترسێکی تێکەڵە بە مەزن گرتن، بۆیە من وشەی (**خَشْيَة**)م، بە مانای سام و هەیبەت بەکارهێناوە، سام لە پەروەردگاریان، هەیبەتیان بەرانبەر بە پەروەردگاریان هەیە، کە دەشفەرموێ: (**بِالغَيْب**)، بە پەنامەکیی، یەکێك لە زانایان دەڵێ: (**بِالغَيْب: حَالٌ مِنَ الفَاعِلِ أو مِّن المَفْعُول**)، یانی: (**بالغيب**) حاڵە لە بکەر یان بەرکار:

أ- (**خَاشِيْنَ رَبَّهُم وَهُم غَائِبُون عَنْهُ**)، سامیان هەیە بەرانبەر بە پەروەردگاریان لە حاڵێکدا کە نادیارن لە پەروەردگاریان، واتە: لە حاڵەتی پەنامەکیی دان.

ب- (**خَاشِيْنَ من رِبِّهم وَهُو غَائِب عنهم**)، سام و هەیبەتیان بەرانبەر پەروەردگاریان هەیە، لە حاڵێکدا کە پەروەردگاریان نادیارە، لە پەنامەکییدایەو نایبینن.

یەکەم: واتە: خۆیان لە شوێنێکن کە کەس نایانبینێ، کەچی سام و هەیبەتیان بەرامبەر بە پەروەردگاریان هەیە.

دووەم: پەروەردگاریان هەرچەندە ناشیبینن، سام و هەیبەت و ترسیان بەرامبەری هەیە، وەك لە فەرمایشتێکی پێغەمبەری خوا ﷺدا هاتوە، دەفەرموێ: {سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ} (**أخرجه البخاري: ١٤٢٣، ومسلم: ١٠٣١**)، حەوتەمیان: {**وَرَجُلٌ ذَكَرَ الله خَالِياً فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ**}، پیاوێك لە شوێنێکی چۆڵدا یادی خوا دەکات و، چاوەکانی فرمێسکیان پێدا دێ، کە کەسیش نایبینێ، هەروەها خوای بەرزی مەزن بۆ ئێمەی ئەهلی دنیا، بە چاوی سەر نایبینین و، لە حاڵەتی پەنامەکیی و نادیاریی دایە.

دەشـگونجێ (**بِالغَيْـبِ**)، وێـرای ئـەو دوو واتایـە، دوو واتـای دیکـەشی هەبـن و سـەرجەم دەبنـە چـوار مانـا:

١- واتای یەکەمیان: لە حاڵێکدا کە نادیارن، لە پەروەردگاریان یانی: خۆیان لە شوێنێکی پەنامەکیی و نا دیارو پەنهانن.

٢- مانای دووەم: یاخود لە حاڵێکدا کە پەروەردگاریان لێیان پەنهانە.

٣- مانای سێیەمیان: سامیان بەرانبەر بە پەروەردگاریان هەیە، لە حاڵێکدا کە سزاو ئازاری پەروەردگاریان نابینن و، سزاو ئازارەکەی لێیان پەنهانە.

٤- مانای چوارەمیشیان: بە دڵ لە پەروەردگاریان دەترسێن، چونکە دڵ و دەروونی مرۆڤ پەنهانە، واتە: بە پەنهان و دیوی نەدیتراو و نەبینراویان، سام و هەیبەتیان بەرانبەر بە پەروەردگاریان هەیە، نەك بە ڕواڵەت و جەستە.

﴿مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ﴾، مـادام وشـەی (**كَبِـيْر**) کـراوە بـە ئاوەڵنـاو (**وصـف**) بـۆ (**أجـرٌ**)، پاداشـتێکی گـەورە، کەواتـە: وەسـفەکە دێتـەوە بـۆ (**مَغْفِـرَة**)ش، یـانی: (**مَغْفِـرَة كَبِـيْرَة**)، لێبوردنێـکی گـەورە، یـان (**مَغْفِـرَة عَظِيْمَـة وَأَجْـرٌ كَبِـيْر**)، لێبوردنێـکی مـەزن و پاداشـتێکی گـەورە، وەك پێشـتریش گوتمـان: لێـرەدا وشـەی (**كَبِـيْر**)، کـە لـە ئەصڵـدا سـیفەتە بـۆ تەنـەکان، بـۆ جەسـتەکان، خـوا ﷻ بـە کاری هێنـاوە بـۆ زۆریـی و مەزنیـی و باشـیی و پەسـندیی، کـە دەفەرمـوێ: (**كَبِـيْر**)، واتـە: پاداشـتێکی گـەورەی وا کـە ئەندازەکـەی نازانـرێ.

ئنجا خوا بە گشتیی مرۆڤەکان دەدوێنێ:

٢)- ﴿وَأَسِرُّواْ قَوْلَكُمْ أَوِ ٱجْهَرُواْ بِهِۦٓ﴾، قسەکەتان پەنهان بکەن، یاخود دەنگی پێ بەرز بکەنەوە، (یەکسانە)، (**ظَاهِرُهُ: الأَمْرُ بالإِسْرَارِ وَالإِجْهَار، وَمَعْنَاهُ: لِيَسْتَوِ عِنْدَكُم إِسْرَارُكُمْ وَإِجْهَارُكُمْ، فَإِنَّهُ فِي عِلْمِ اللهِ سَوَاء**)، ﴿وَأَسِرُّواْ قَوْلَكُمْ أَوِ ٱجْهَرُواْ بِهِۦٓ﴾ ڕواڵەتەکەی فەرمانکردنە بە قسەی پەنهان و قسەی دەنگی بەرز، بەڵام مانایەکەی ئەوەیە: با لە لاتان یەکسان بێ، قسەی پەنهان و چپەتان، لەگەڵ قسەی دەنگی بەرزتان، چونکە لە زانیاریی و لە پێزانینی خوادا یەکسانن.

٣)- ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾، (خوا نەك هەر قسەی چپەو قسەی دەنگی بەرز دەبیستێ بەڵکو)، بە دڵنیایی زانایە بە هاوەڵی سینەکان، (**ذَات**)، بە مانای (**صَاحِبَة**) دێ، (**صُدُور**)یش، کۆی (**صَدْر**)ە، واتە: سینەکان، ئنجا کە لێرە دەفەرموێ: ﴿عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾:

أ- (**عليم**)، ڕێژگەی (**الفَعِيل**)ە.

ب- (**صُدُور**)یش، کە (**أل**)ی ناساندنی لەسەرەو، مانای تێکڕاو هەمەگیر (**إِسْتِغْرَاق**) دەگەیەنێ.

ج- هەروەها وەسفکردنی نیازو خولیاو مەبەستەکان، بەوە کە هاوەڵی سینەکانن، هەمووی زۆر زێدەڕۆیی تێدایە، بۆ ئەوە کە خوا ﷻ هیچی لێ پەنهان نابێ، وەك جاری دیکەش گوتوومانە: خوا ﷻ نهێنییەکان و خولیاو بیرو فیکرەکان کە لە عەقڵ و هۆشەکان دان، بە (**ذَاتِ الصُّدُور**) ناوی بردوون واتە: (**صَاحِبَةُ الصُّدُور**)، هاوەڵی سینەکان، چونکە لە سینەکان جیانابنەوە، دیسان (**صَاحِب**)، بە مانای خاوەنیش دێ، وەك بووبنە خاوەنی سینەکان، یان هەمیشە هاوەڵی سینەکانن و لێیان جیانابنەوە، لە جیاتی بفەرموێ: (**إِنَّهُ عَلِيْمٌ بِالنَّوايا**)، یان (**بِخَفَايَا القُلُوب**)، فەرموویەتی: ﴿بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾، لەبەر ئەوەی ئەو خولیاو نیازو مەبەستانە، هێندە لە سینەکاندا نیشتەجێ بوون، بوونەتە هاوەڵ و هاودەمیان و لێیان جیانابنەوە.

ئنجـا دوایـی خـوا ﷻ بەڵگـە دێنێتـەوە، لەسـەر ئـەوەی هیـچ شـتێك لـە خـوا پەنهـان نابـێ، دەفەرمـوێ:

٤)- ﴿ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ ﴾، ئایا کەسێك کە دروستکراوەکانی دروستکردوون، نازانێ؟ بێگومان با، بە هەموو شتێکیان زانایە.

٥)- ﴿ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴾، لە حاڵێکدا ئەو زۆر پەنهانزانی زۆر شارەزایە.

کە دەفەرموێ: ﴿ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ ﴾، مانایەکەی سێ ئەگەری هەن:

١- وشەی (**مَنْ**)، یان بکەر (**فاعل**)ی (**يَعْلَم**)یە، ﴿ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ ﴾ ئایا ئەو زاتەی هێناویەتە دی، زانا نیە؟.

٢- دەشگونجێ (**مَنْ**)، لێرەدا بەرکار (**مفعول به**) بێ، یانی: (**أَلَا يَعْلَم الله مَنْ خَلَقَهُ**)، ئایا خوا ﷻ ئەوەی دروستیکردوە، نایزانێ؟.

٣- یاخود: ﴿ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ ﴾ ئایا ئەو زاتەی دروستیکردوە، شتە دروستکراوەکانی خۆی نازانێ؟.

لێـرەدا خـوا ﷻ نکووڵیـی لـەوە کـردوە کـە لـە حاڵێـکدا بەدیهێنـەری شـتەکانە، بـە شـتەکان شـارەزا نەبـێ، یاخـود لـە حاڵێـکدا کـە شـتەکان بەدیهێـنراوی خـوان و، خـوا وەدیهێنەریانـە، شـارەزاو ئاشـنا نەبـێ، ﴿ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴾ لـە حاڵێـکدا ئـەو (**لَطِيْف**)ە، (**اللَّطِيْـف: العَالِـمُ بِدَقَائِـق الأشْـيَاء**)، (**لطِيْـف**)، ئـەو کەسـەیە شـتە وردەکان بزانـێ، بـەڵام وشـەی (**اللَّطِيْـف**)، ئەگـەر بـە پەنهانـزان و پەنهانکار لێـك بدرێتەوە باشـترە، واتە: ئـەو زاتـەی شـتە پەنهانـەکان دەزانـێ و، کارەکانیشـی بـە پەنهانیـی دەکات، (**خَبِـيْر**)، (**العَالِـمُ بِحَقَائِـقِ الأشْـيَاء**)، زانـا بـە چییـەتی شـتەکان و ئاگاداریـان، بـەڵام وشـەی (**خَبِـيْر**)، زیاتـر بـۆ هەڵسـوکەوتی مرۆڤـەکان و وردەکارییـەکانی کردەوەکانیـان بەکاردەهێـنرێ، واتـە: سـیفەتی زانیاریـی (**علـم**)ی خـوا پەیوەسـت دەبـێ بـە شـتەکانەوە، بەڵام سـیفەتی شـارەزایی (**خَبِـيْر**)ی خـوا، پەیوەسـت دەبـێ بـە شـەخصەکان وهەڵسـوکەوتەکانیانەوە، بـە زۆریـی لـەو سـیاقانەدا خـوا ﷻ باسـی سـیفەتی (**خَبِـيْر**)، دەکات.

مەسەلەی چوارەم:

خوا ﷻ زەوی بۆ جندو مرۆڤان ڕام و دەستەمۆ کردووە، بە کەیفی خۆیان بەلاشان و قەد پاڵەکانیدا دێن و دەچن و، لێی بەهرەمەند دەبن، ناشبێ دڵنیابن کە خوای بەرز بە زەویاندا ڕۆبچوێنێ و، ئەو زەوییە لە بنیاندا گێژ بخوات و، سەرەنجام ڕۆبچێ، یان بایەکی ڕامالکەری چەوو زیخیان بنێرێتە سەر، با سەرنجی مێژووش بدەن، دەزانن خوا ﷻ چۆن سزای بە درۆ دانەرانی پێشووی داوە، ئەوانەی پێغەمبەرانی خۆیان (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)و، پەیامەکانی خوایان بە درۆ داناون:

خوا دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ ذَلُولٗا فَٱمۡشُواْ فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُواْ مِن رِّزۡقِهِۦۖ وَإِلَيۡهِ ٱلنُّشُورُ ﴿١٥﴾ ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يَخۡسِفَ بِكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فَإِذَا هِيَ تَمُورُ ﴿١٦﴾ أَمۡ أَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يُرۡسِلَ عَلَيۡكُمۡ حَاصِبٗاۖ فَسَتَعۡلَمُونَ كَيۡفَ نَذِيرِ ﴿١٧﴾ وَلَقَدۡ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ فَكَيۡفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿١٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ ذَلُولٗا ﴾، (باس هەر باسی خوای بەرزە)، ئەو (خوا ﷻ)، ئەو کەسەیە کە زەوی بۆ ئێوە بە دەستەمۆ گێڕاوە، (**ذَلُولًا**)، لە وشەی ، (**ذَلَّ يَذِلُّ ذِلًّا**)ەوە، هاتوە، (**الذَّلُول: المُنْقَادُ الَّذِي يَذِلُّ لَكَ وَلَا يَسْتَصْعَبُ عَلَيْك**)، (**ذَلُول**): بریتیە لەو ئاژەڵەی بۆ تۆ دەستەمۆ دەبێ و لێت چەمووش و یاخیی نابێ و، بە ئاسانیی دێتە ژێربار، بە کوردیی مانای (**ذَلُول**) دەبێتەوە بە دەستەمۆو ڕامکراو و، پێچەوانەکەی بریتیە لە: (**صَعْب**) و (**شَمُوس**)، یانی: جەنەگرو یاخییبوو، وشەی (**ذَلُول**)، هەم بۆ نێرینەو هەم بۆ مێینەش بەکاردێ، ئەگەرنا وشەی (**أَرْض**): لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبی، ەوە مێینەی مەجازییە، بەڵام وشەی (**ذَلُول**)، بۆ مێ و نێر، بە کاردێ.

٢)- ﴿ فَٱمۡشُواْ فِي مَنَاكِبِهَا ﴾، ئنجا بە قەدپاڵ و لاشانەکانی دا بڕۆن، (**مَنَاكِب**)، کۆی (**مَنْكِب**)ە، واتە: شان، ١- هەندێ لە زانایان ئاوایان لێکداوەتەوە: (**فَامْشُوا فِي جَوَانِبِهَا**)، بە تەنیشتەکانی دا بڕۆن. ٢- هەندێکیان گوتوویانە: (**فِي أَطْرَافِهَا**)، بە لایەکانی دا، ٣-هەندێکیش گوتوویانە: بەشیوو دۆڵەکانی دا بڕۆن.

٣)- ﴿ وَكُلُواْ مِن رِّزۡقِهِۦ ﴾، لە بژیوی وی (خوای پەروەردگار)یش بخۆن، (**مَنْكِب**): (**مُلْتَقَى الكَتِفِ مَعَ العَضُد**)، ئەو شوێنەی شان لەگەڵ قۆڵدا پێکەوە دەبەستێتەوە، یانی: (سەرشان) کە لای مل و گەردن لەگەڵ قۆڵدا پێکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە بایەك کە لەلایەکەوە بێ و، لەلایەکی دیکەوە نەیەت، پێی دەگوترێ: (**الرِّيْحُ النُّكْبَاء**)، واتە: بایەك کە لە لاشانێکەوەو لە لایەکەوە دێ.

کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَكُلُواْ مِن رِّزۡقِهِۦ ﴾ ڕاناوەکـە بـۆ خـوای پـەروەردگار دەچێتـەوە، کـە پێشـتر هاتـوە، ﴿ هُوَ ٱلَّذِي ﴾، خـوا ﷻ ئـەو کەسـەیە کـە زەوی بـۆ دەسـتەمۆ کـردوون، ئنجـا ئێـوە بەلاشـان و بـە قەدپاڵـەکانی زەویـدا بـڕۆن، ﴿ وَكُلُواْ مِن رِّزۡقِهِۦ ﴾ واتـە: کارو کاسـبیی بکـەن، بازرگانیـی بکـەن، کشـتوکاڵ بکـەن، ئاژەڵداریـی بکـەن، بـە هەمـوو شـێوەکانی بەهرەمەنـد بـوون، لـە زەوی بەهـرە وەربگـرن و سـەرەنجام لـە بژیـوی خـوا بخـۆن.

٤)- ﴿ وَإِلَيۡهِ ٱلنُّشُورُ ﴾، گەڕانەوەش تەنیا بۆ لای ئەوە، یانی: (**إلى الله تَعَالَى النُّشُور**)، گەڕانەوە تەنیا بۆ لای خوای بەرزە، واتە: لە گەرمەی ڕۆیشتنتان و جموجۆڵتان بە زەویدا، بۆ داواکردنی بژیوی خوای بژیودەر، بە هۆی کارو کاسبییەوە، لە بیرتان نەچێ کە هەر بۆ لای خواش ﷻ بڵاودەکرێنەوەو دەگەڕێنەوە.

لێـرەدا کـە خـوا ﷻ زەوی چوانـدوە بـە وڵاخێـکی دەسـتەمۆو ڕامکـراوەوە، وەك جـاری دیکـەش گوتوومانـە: ئـەم وێچواندنـە، یەکجـار پـڕ بـە پێسـتە، چونکـە وڵاخ جموجۆڵـی هەیـەو دێـت و دەچـێ، بـەڵام کـە دەسـتەمۆ و ڕامکـراو و ملکـەچ بـێ، بارەکـەی ناخـات، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنـێ کـە زەوییـش جموجۆڵـی هەیـە، بـەڵام

لەگەڵ ئەوەشدا ملکەچ و ڕامکراوو دەستەمۆیەو، ئەوەی لەسەر پشتیەتی فڕێی نادات و نایخاتە خوار، وەك چۆن وڵاخی دەستەمۆ، باری سەر پشتی ناخاتە خوار، پێشتریش گوتوومانە:

١- زەوی بە دەوری خۆیدا خولانەوەیەکی هەیە، بە خێرایی سی (٣٠) کم لە خولەکێکدا، کە لە سەعاتێك دا دەکاتە: ٣٠ × ٦٠ = ١٨٠٠ کلم.

٢- هەروەها سووڕانەوەیەکی بە دەوری خۆردا، بە خێرایی سی (٣٠) کم لە چرکەیەکدا هەیە، یانی: شەست (٦٠) هێندەی خولانەوەی بە دەوری خۆیدا خێراتر، بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە.

٣- سووڕانەوەیەکی دیکەشی هەیە لەگەڵ خۆردا، واتە: خۆرو کۆمەڵەکەی بە دەوری خڕۆکەی ڕاوەستاو (**الكوكب الجاثي**)دا.

٤- هەروەها لەگەڵ خڕۆکەی هەڵنیشتووشدا، جارێکی دیکە سووڕانەیەکی دیکەی هەیە، بە نێو چەقی کەهکەشاندا.

٥- دیسان لەگەڵ کەهکەشانیشدا، جارێکی دیکە هەمووی سووڕانەوەیەکی دیکەی هەیە، کە هەر خوا دەزانێ چەقەکەی کوێیە، بە مسۆگەریی زەوی ئەو پێنج سوڕانەوەیەی هەن، کەچی ئێمەش ناخاتە خوار، بۆیە خوا ﷻ تەشبیهی کردوە بە وڵاخەوە و، بەراوردی کردوە لەگەڵ وڵاخێکی دەستەمۆدا.

دوایی خوا دەفەرموێ:

٥)- ﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يَخۡسِفَ بِكُمُ ٱلۡأَرۡضَ ﴾، ئایا ئێوە دڵنیاو بێ ترس بوون، لەو زاتەی لە سەرەوەیە، کە بە زەویتاندا ڕۆبەرێتە خوار.

٦)- ﴿ فَإِذَا هِيَ تَمُورُ ﴾، لە حاڵێکدا کە دێت و دەچێ و گێژ دەخوات؟!.

٧)- ﴿ أَمۡ أَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يُرۡسِلَ عَلَيۡكُمۡ حَاصِبٗا ﴾، یان ئایا ئێوە دڵنیابوون لەو زاتەی لە ئاسمانە (لە سەرێیە)، بایەك کە وردە بەردی تێدان، (یاخود وردە بەردان

ڕادەماڵێ و زیخ و چەو ڕادەماڵێ) بنێرێتە سەرتان؟! دەشگونجێ (**حَاصِب**)، بە مانای هەورێك بێ کە وردە بەردان لەگەڵ خۆی دێنێ، یان هەورێك کە وردە بەردی تێدان، بەسەرتاندا ببارێنێ، ئایا لەوە دڵنیابوون ئەوەتان بنێرێتە سەر؟!.

ئەگەر ئەوەتان بنێرێتە سەر، چ بە زەویتاندا ڕۆبەرێ و ڕۆبچوێنێتە خوار، چ بایەکی وا یان هەورێکی وا تان بنێرێتە سەر:

٨)- ﴿فَسَتَعْلَمُونَ كَيْفَ نَذِيرِ﴾، ئەو کاتە دەزانن ترساندنی من و وریاکردنەوەی من چۆنە!

٩)- ﴿وَلَقَدْ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی پێش ئەوانیش بە درۆیان دانا، چییان بە درۆ دانا؟ خوای تاك و پاك باسی نەکردوە چییان بە درۆ دانا، لەبەر ئەوەی دیارە، یانی: (**كَذَّبَ الَّذِيْنَ مِن قَبْلِهِم رُسُلَهُمْ**)، پێغەمبەرانی خۆیانیان بە درۆ دانا، یان: (**إنْذَارَاتِ رَبِّهِمْ، أو رِسَالَاتِ رَبِّهِمْ**)، وریا کردنەوەکانیان، پەیامەکانی پەروەردگاریانیان بە درۆ دانان.

کە دەفەرموێ: ﴿كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾، ئەوانەی پێش ئەوان، واتە: کۆمەڵگا بێبڕوایەکان، گەلی نووح کە نووح عليه السلام پێغەمبەریان بوو، گەلی عاد کە پێغەمبەرەکەیان هوود بوو، گەلی ثەموود کە پێغەمبەرەکەیان صالیح بوو، گەلی مەدیەن کە پێغەمبەرەکەیان شوعەیب بوو، گەلی لووط کە پێغەمبەرەکەیان لووط بوو، سەلامی خوا لەسەر هەموویان بێ، هەروەها ئەوانی دیکەش هەموویان دەگرێتەوە، لێرە هەر بە کورتیی باسی کردوون و لە شوێنەکانی دیکە، خوای بەرزو مەزن بە درێژیی باسی ئەو گەلانەی کردوە.

١٠)- ﴿فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ﴾، ئنجا ئایا نکوڵییکردنی من چۆن بوو؟ (**نَكِيْر**)، یانی: (**إنْكَار**)، ئایا نکووڵییکردنی من لێیان چۆن بوو، واتە: ڕەخنەگرتنی من، دوای ئەوە خواش تعالى ڕەخنەی لە شتێك هەبێ و نکووڵیی لێ بکات، بە دڵنیایی سزادانیشی بەدوادا دێ، بەڵام لێرەدا باسی سزایەکەی نەکردوە، هەر دەفەرموێ: نکووڵیی کردنی من و ڕەخنەگرتنی

من چۆن بوو؟ یانی: بەشێوەیەك بوو كە هەر باس ناكرێ، هێندە زەبەلاح و بێرەزا بوو، كە وەسفكردن دەوری نادات (**لَا يُحِيْطُ بِه الوَصْفُ**).

ئـەو پرسـیاركردنەش بـۆ هەڕەشـەلێكردن و بـە مـەزن پێشـاندانە (**للتَّهْدِيْـد وَالتَّعظيـم**).

شـایانی باسـە: لـە بـارەی ئـەم دوو ئایەتـە موبارەكـەوە: ﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يَخْسِفَ بِكُمُ ٱلْأَرْضَ فَإِذَا هِيَ تَمُورُ ۝١٦ أَمْ أَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ أَن يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا فَسَتَعْلَمُونَ كَيْفَ نَذِيرِ ۝١٧ ﴾، زانایـان زۆریـان قسـە كـردوە، بـۆ وێنـە:

١- هەندێكیان گوتوویانە: ئەمانە لە ئایەتە موتەشابیهەكانن، واتە: چەند مانایەكی وێكچوویان هەن و لەو ئایەتانەن كە دەبێ چۆن هاتوون، ئاوا بیانخوێنینەوەو لە مانایەكەیان نەكۆڵینەوە، لەبەر ئەوەی لە سەرووی عەقڵ و ئیدراكی ئێمەیە، كە بە تەواویی مانایەكەیان بزانین، وەك لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (**آل عمران**)دا، بە تەفصیل باسی ئایەتە موتەشابیهو ئایەتە موحكەمەكانمان كرد: ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ مِنْهُ ءَايَٰتٌ مُّحْكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٌ ۝٧ ﴾، واتە: ئەو (خوا) ئەو زاتەیە كە كتێبی دابەزاندۆتە سەر تۆ، ئایەتی موحكەماتی تێدان (واتە: مانا ڕۆشن)، ئەوان بناغەی كتێب و قورئانن، هەندێك ئایەتی دیكەشی تێدا هەن، مانای وێكچوویان هەن، واتە: زیاتر لە مانایەكیان هەیەو، مانایەكانیان ڕۆشن نین، بۆ ئێمەو مانان، یان بۆ هەموو كەس ڕۆشن نین، بە هەرحاڵ لەو بارەوە قسەمان كردوە، ئنجا هەندێ لە زانایان گوتوویانە: لێرەدا: ﴿ مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ ﴾ لە ئایەتە موتەشابیهەكانەو، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: {**آمِنُوا بِمُتَشَابِهِهِ**} (**أخرجه مسلم: ٣٨١**)، واتە: بڕوا بێنن بە ئایەتە موتەشابیهەكانی قورئان، ئەو ئایەتانەی زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرن، یان چەند واتایەكی وێكچوویان هەن، مانایەكی ڕێك و ڕۆشنیان نیە، كە یەكسەر بڵێی ئەوە مانایەكەیەتی.

٢- هەندێكیان گوتوویانە: ﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ ﴾، واتە: (**أَأَمْرُهُ فِي السَّمَاء**)، فەرمانەكەی لە ئاسمانە.

٣- هەندێکیان گوتوویانە: ﴿مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ﴾، مەبەست پێی جیبریلە، جیبریل لە ئاسمانە، لەو بارەوە زۆریان قسە کردووە.

(البيهقـي) لـە کتێبـی (الإعتقـاد)دا[1]، هێناویـەتی: (قَـالَ سُـفْيَانُ بْـنُ عُيَيْنَـةَ: كُلُّ مَـا وَصَـفَ اللَّـهُ بِـهِ نَفْسَـهُ فِي كِتَابِـهِ، فَتَفْسِـيرُهُ: قِرَاءَتُـهُ وَالسُّـكُوتُ عنـه)، هەمـوو ئـەوەی خـوای بـەرز لـە کتێبەکـەی خۆیـدا خـۆی پـێ وەسـفکردوە، لێکدانەوەکـەی هـەر ئەوەیـە بخوێنرێتـەوەو لێـی بێدەنـگ بـی.

ئـەوەش ڕای ئـەوە، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا ئـەو ڕایـە بـۆ هەمـوو ئایەتـەکانی قورئـان کـە باسـی خـوای پـەروەردگار دەکـەن، گونجـاو نیـە و، ئـەو گوتوویـەتی: وا سـەلامەترە.

٤- منیش پێم وایە کە ئەمە پێویست ناکات، نە بگوترێ: ئایەتی موتەشابیهەو، نە تەئویلیش بکرێ، بەوە کە مەبەست پێی جیبریلە، چونکە ڕەوتەکە مەبەست پێی خوای پەروەردگارە، بەڵام دەڵێم: بەداخەوە زۆرێك لە زانایان وشەی (سَمَاء)یان، تەنیا بە مانای ئەو مەخلووقە بەکارهێناوە، کە خوای باڵا دەست لە بارەیەوە دەفەرموێ: ﴿وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلْمِيزَانَ ۝٧﴾الرحمن، واتە: ئاسمانی بەرز کردۆتەوەو تەرازووی داناوە، - کە گوتوومانە: (سماء) بە تاك بێ، یان بە کۆ (سَمَاوَات)، یان بە: ﴿سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ﴾، مەبەست پێی کۆی ئەو دروستکراوانەیە کە خوا خوڵقاندوونی، کە ئێستا زاراوەی بوونەوەر یان گەردوون (کون)ی بۆ بەکاردەهێنرێ -- بەڵام وشەی (سَمَاء)، وێڕای ئەو مەخلووقە کە دەزانین سنووردارە، واتایەکی دیکەشی هەیە، کە بریتیە لە (فَوْق)، سەرەوە، کەواتە: ئەگەر بڵێین: ﴿ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ﴾، ئایا دڵنیان لەوەی لەسەرێیە، لە سەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، چونکە زانایان دەڵێن: (الله مُسْتَوٍ عَلَى عَرْشِهِ، بَائِنٌ عَن خَلْقِهِ)، خوا لەسەر عەرشی خۆیەتی (بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیە)و دوورە، یاخود لە دەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، خوای بێ وێنە لە سنووری دروستکراوەکانی دانیە، کە زۆرێك لەوانەی ئیددیعای ئەوە دەکەن، بە دوای

(١) ج١، ص:١١٨.

سەلەفی صاڵح کەوتوون، ئێستاش وا حاڵیین کە دەگوترێ: خوای تاك لە ئاسمانە، واتە: ئاسمان دەوری خوای داوە!! بەڵام بە دڵنیایی خوای بێ وێنە، لەوە بەرزو مەزنترە لە نێو بازنەی دروستکراوەکانی دابێ، خوا لە دەرەوەی بازنەی دروستکراوەکانیەتی، بۆیە کات بەسەر خوادا تێناپەڕێ و، خوای بێ هاوەڵ بە شوێن تەعبیری لێ ناکرێ، کەواتە: ﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ ﴾، یانی: ئایا دڵنیان لەو زاتەی لەسەرەوەیە، یانی: (**سماء**) لێرەدا بە مانای دروستکراوەکان و ئەو ئاسمانە مەخلووقە نیە کە خوا دروستیکردوە، بەڵکو بە مانای لای سەرێ، یانی: ئەو زاتەی لە سەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، بە هەموو مانای سەرێ، کە بۆ خوا ﷻ شایستەیەو گونجاوە.

مەسەلەی پێنجەم:

بەس خوا ﷻ باڵندان لە هەوادا ڕادەگرێ، کە بە باڵ پانڕاخراویی و باڵ لێکدراویی دەفڕن، هیچ کەسیش جگە لە خوای بەبەزەیی نابێتە سوپاو دەستەڵات بۆ بێبڕوایەکان، کە سەریان بخات، هەروەها ئەگەر خوا بژیوەکەی خۆی بگرێتەوە، مرۆڤەکان بە گشتیی بژیودەریان نابێ و، بابای لەپەو ڕوو ڕۆیشتوو (لەسەر دەم و چاو ڕۆیشتوو)، لەگەڵ بابای بەڕێکیی ڕۆیشتوو، لەسەر ڕێی ڕاست و بەقیت و قنجیی، یەکسان نین، کە یەکەمیان وێنەی بێبڕوایەو، دووەمیشیان وێنەی بڕوادارە، بەڵام بێبڕوایان بوغڕاو سەرکێش و سڵەمیوەوەن لە هەق:

خوا دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى الطَّيْرِ فَوْقَهُمْ صَٰفَّٰتٍ وَيَقْبِضْنَ ۚ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا الرَّحْمَٰنُ ۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيْءٍۭ بَصِيرٌ ﴿١٩﴾ أَمَّنْ هَٰذَا الَّذِى هُوَ جُندٌ لَّكُمْ يَنصُرُكُم مِّن دُونِ الرَّحْمَٰنِ ۚ إِنِ الْكَٰفِرُونَ إِلَّا فِى غُرُورٍ ﴿٢٠﴾ أَمَّنْ هَٰذَا الَّذِى يَرْزُقُكُمْ إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُۥ ۚ بَل لَّجُّوا فِى عُتُوٍّ وَنُفُورٍ ﴿٢١﴾ أَفَمَن يَمْشِى مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦٓ أَهْدَىٰٓ أَمَّن يَمْشِى سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٢٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى الطَّيْرِ فَوْقَهُمْ﴾، {لێرەدا پرسیار کردن، بۆ نکووڵییلێکردنە}، ئایا سەرنجی باڵندانیان نەداوە لەسەرروویانەوە! واتە: وەك چۆن خوا ﷻ زەوی دەستەمۆ کردوە بۆ مرۆڤ و جند، کە لەسەری بێن و بچن، بە هەمان شێوە هەواشی دەستەمۆ کردوە بۆ باڵندان، کە تێیدا بفڕن و بێن و بچن، هەروەك ئاویشی دەستەمۆو ملکەچ کردوە بۆ ژیاندارە ئاوییەکان، لەوێدا مەلە بکەن و بێن و بچن، ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا﴾، پرسیارکردنەکە بۆ نکووڵییلێکردنە، چونکە ئەوانە وەك کەسێك دانراون، کە نکووڵیی بکات، ئەگەرنا نکووڵییان نەکردوەو، وە نەبێ تەماشای باڵندانیان نەکرد بێ، بینیویانن و تەماشایان کردوون، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ دەرس و پەندێکیان وەرنەگرتوە، لە فڕینی باڵندان بە

نێو هەواداو، بیریان نەکردۆتەوە کە خوا ﷻ چۆن سیستمی بۆ داناون و، بە ڕێك و پێکیی ئەو باڵندانەی خوڵقاندوون، بە شێوەیەك کە بتوانن بە هەوادا بفڕن، لەبەر ئەوەی بیریان لێ نەکردۆتەوەو تێوەی ڕا نەماون، وەك هەر تەماشایان نەکرد بێ وایە.

ئنجا ئەو باڵندانەش خوا وەصفیان دەکات:

٢)- ﴿ صَٰٓفَّٰتٖ وَيَقۡبِضۡنَۚ ﴾، باڵیان پان ڕاخستووەو باڵیشیان دێننەوە یەك، (**صَافَّات: بَاسِطَاتٍ أَجْنِحَتَهُنَّ فِي الْجَوِّ عِنْدَ طَيَرَانِهَا، وَيَقْبِضْنَ أَيْ: يَضْرِبْنَ بِهَا جُنُوبَهُنَّ**)، جاری وایە باڵەکانیان لە هەوادا پان ڕادەخەن، (**وَيَقْبِضْنَ**)، جاری واش هەیە باڵەکانیان **لە** تەنیشتەکانیان دەدەن و دەیانهێننەوە یەك، (**صَافَّات**) کۆی (**صَافَّة**)یە، واتە: ڕیز بوو، یاخود: پانڕاخستوو، (**وَيَقْبِضْنَ**)ش بە کرداری هێناوە، چونکە باڵ پان ڕاخستنەکە، حاڵەتێکی وەستاوی هەیە، بەڵام باڵ لێکدانەکە، حاڵەتی جووڵاوی هەیە، ئەمی بە کردار (**فعل**) هێناوەو، ئەویشی بە ناو (**إسم**) هێناوە.

٣)- ﴿ مَا يُمۡسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحۡمَٰنُۚ ﴾، تەنیا (خوای) بە بەزەیی دەیانگرێ، هەڵبەتە مەبەست لە گرتنی خوای بە بەزەیی، بۆیان، ئەوەیە کە خوا ﷻ ئەو باڵندانەی بە شێوەیەك خوڵقاندوون بتوانن بفڕن: ئێسقانەکانیان بۆشایی تێدایە، پەڕەکانیان زۆر بەهێزن، هەروەها چۆنیەتیی فڕین، خوا ﷻ فێری کردوون، چۆن بفڕن و باڵ لێکبدەن، کەواتە: گرتنی خوا بۆیان یانی: خوا بە شێوەیەك دروستیکردوون و، هەواشی بە شێوەیەك لێکردوە، کە بتوانن پێیدا بفڕن، ئەگەرنا ئەوە نیە خوا ﷻ یەك بە یەك بچێ، دەستی بە هەر باڵندەیەکەوە بێ.

٤)- ﴿إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءِۭ بَصِيرٌ﴾، بە دڵنیایی خوا بینەری هەموو شتێکە، **(القرطبي)** دەڵێ: **(قَالَ أَبُو جَعْفَرٍ النَّحَّاسُ: يُقَالُ لِلطَّائِرِ إِذَا بَسَطَ جَنَاحَيْهِ: صَافٌّ، وَإِذَا ضَمَّهُمَا فَأَصَابَا جَنْبَهُ: قَابِضٌ، لِأَنَّهُ يَقْبِضُهُمَا)**، ئەبوو جەعفەری نەححاس گوتوویەتی: باڵندە ئەگەر باڵەکانی لێك بکاتەوە، پێی دەگوترێ: **(صَافٌّ)**، واتە: باڵ لێککردووەوە، باڵ پانڕاخستوو، بەڵام ئەگەر باڵەکانی لێك بدات لە دوو تەنیشتەکانی خۆی بدات، پێی دەگوترێ: **(قَابِض)**، واتە: باڵ پێکەوە نووسێنەر، لێرەدا خوا ﷻ بە شێوەی درێژە پێدان **(إطْنَاب)**، باسی باڵندانی کردوە، بەڵام لە سوورەتی **(النحل)**دا، کە پێشتر هێنامان، لەوێ بە کورتیی هێناویەتی، کە دەفەرموێ: ﴿أَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ مُسَخَّرَٰتٖ فِي جَوِّ ٱلسَّمَآءِ مَا يُمۡسِكُهُنَّ إِلَّا ٱللَّهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿٧٩﴾﴾، واتە: ئایا سەرنجی باڵندانیان نەداوە کە دەستەمۆو مل پێکەچکراون لە هەوای سەرێ، تەنیا خوا دەیانگرێ، لەوەدا نیشانە هەن بۆ بڕواداران، بۆچی لەوێ ئاوا بە کورتیی هاتوە؟

لە سوورەتی **(النحل)**دا، کە پێش ئەم سوورەتی **(الملك)**، دابەزیوە، لەوێ خوا بە کورتیی ئاگاداری کردوونەوە و لە بارەی باڵندانەوە، سەرنجی ڕاکێشاون، ئنجا کە باش بەهرەمەند نەبوون و پەندیان وەرنەگرتوە، خوا ﷻ لەم سوورەتەدا درێژەی بۆ پێداون و، وردتر لەو بارەوە بۆیان دواوە.

ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئایەتەکەی سوورەتی **(النحل)**دا، کورتە باسێکمان لە بارەی باڵندانەوە کردوە، کورتە باسێکی باشمان کردوە: باڵندەکان چەند جۆرن و پێکهاتەی باڵندەو، چۆنیەتیی فڕین و تا دوایی.

شایانی باسە: ئەم ئایەتەی ئێرە، لەگەڵ ئەوەی سوورەتی **(النحل)**دا، چوار جیاوازییان هەن:

١- لە هی ئێرەدا، خوا دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ ﴿١٩﴾﴾، بەڵام لە هی سوورەتی (النحل) دەفەرموێ: ﴿أَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ ﴿٧٩﴾﴾.

٢- لێرەدا خوا دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى الطَّيْرِ فَوْقَهُمْ ﴿١٩﴾﴾، بەڵام لە سوورەتی (النحل)دا دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ يَرَوْا إِلَى الطَّيْرِ مُسَخَّرَاتٍ فِي جَوِّ السَّمَاءِ ﴿٧٩﴾﴾، بەڵام لێرە باسی ﴿مُسَخَّرَاتٍ﴾، ناکات، تەنیا دەفەرموێ: ﴿فَوْقَهُمْ صَافَّاتٍ وَيَقْبِضْنَ﴾، لەسەرروویانەوەن، باڵیان پان ڕادەخەن و باڵیشیان لێك دەدەن.

٣- لە سوورەتی (النحل)دا دەفەرموێ: ﴿مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا اللَّهُ ﴿٧٩﴾﴾، بەڵام لێرە دەفەرموێ: ﴿مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا الرَّحْمَٰنُ ﴿١٩﴾﴾.

٤- لەوێ دەفەرموێ: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٧٩﴾﴾، بەڵام لێرە دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ بَصِيرٌ ﴿١٩﴾﴾، ئەو چوار جیاوازییەیان هەن.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسێکی دیکەو دەفەرموێ:

٥)- ﴿أَمَّنْ هَٰذَا الَّذِي هُوَ جُندٌ لَّكُمْ يَنصُرُكُم مِّن دُونِ الرَّحْمَٰنِ﴾، یان ئایا کێن ئەوانەی دەبنە سەرباز بۆ ئێوەو، جگە لە (خوای) بە بە بەزەیی سەرتان دەخەن؟ واتە: ئەگەر خوا سەرتان نەخات، کێن ئەوانەی لە جیاتی خوا، یان جگە لە خوا سەرتان دەخەن؟ لێرەشدا دیسان پرسیارکردن بۆ نکووڵیلێکردنە، واتە: کەس بۆتان نابێتە سەربازو سوپا، پشتتان بگرێ.

٦)- ﴿إِنِ الْكَافِرُونَ إِلَّا فِي غُرُورٍ﴾، بێبڕوایەکان تەنیا لە لە خۆبایی بووندان.

کە دەفەرموێ: ﴿أَمَّنْ هَٰذَا الَّذِي﴾، ئامانجی ئەم تەعبیرە: (**تَحْقِيْرٌ لَهَا بِحَيْثُ لاَ تُعْرَف**)، ئەمە بە کەم دانانەو بێ بایەخ تەماشاکردنە، یانی: هەر نەناسراون و نازانرێ کێن! پرسیارکردنەکەش بۆ نکووڵیلێکردن و دەستەپاچە پێشاندانی ئەوانە.

(**الْغُرُورُ: ظَنُّ النَّفْسِ وُقُوعَ أَمْرٍ نَافِعٍ لَهَا مِخَايِلِ تَتَوَهَّمُهَا**)، (**غُرُورُ**): بریتییە لەوەی مرۆڤ گومان بەرێ بەوەی هەندێ شت بۆی بە سوود دەبن، هەر بە وەهم و خەیاڵ پێی وابێ ئەو شتانە هەن و، لە واقیعدا بوونیان نەبێ.

٧)- ﴿ أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى يَرْزُقُكُمْ إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُۥ ﴾، یان کێیە ئەو کەسەی بژیوتان دەدات، ئەگەر خوا بژیوەکەی خۆی بگرێتەوە؟ بژیوی خوا ﷻ پێش هەموو شتێ، تیشکی خۆرە، ئنجا هەوایە، ئنجا ئاوە، ئنجا ئەوەیە کە لە زەوی پەیدا دەبێ، ئەوە وەك بژیوی ماددیی و، بژیوە مەعنەوییەکانیش، وەحیی خوای پەروەردگارەو، ئیلهام و خورپەی فریشتەکانە کە خوا دەیخاتە دڵی بڕوادارانەوەو، عەقڵ و هۆش و هەستەوەرەکانن، یانی: ئەگەر خوا بژیوی ماددیی و مەعنەوییتان لێ بگرێتەوە، کێ بژیوتان دەدات؟!.

٨)- ﴿ بَل لَّجُّواْ فِى عُتُوٍّ وَنُفُورٍ ﴾، بەڵکو ئەوان مکووڕ بوون لە سنوور بەزاندن و، سەرپێچیی کردن و، لە سڵەمینە لە هەقدا، (**العُتُوّ: مُجَاوَزَة الحَدُّ فِي العِصْيَان، وَالتَّكَبّر وَالطُّغْيَان**)، (**عتو**) بە دوو شێوە مانا کراوە:

أ- سنوور بەزاندن لە سەرپێچییدا.

ب- خۆ بەزلگریی و یاخیبوون.

(**وَالنُّفُورُ: هُوَ الإشْمِئْزَازُ مِنَ الشَّيْءِ وَالْهُرُوبُ مِنْهُ**)، (**نُفُور**)، بریتیە لە بێزاریی بەرانبەر بە شتێك و ڕاکردن لێی و لێدوورکەوتنەوەی، بە کوردیی ئەگەر بڵێین: (**نُفُورٌ**)، واتە: سڵەمینەوە، مانایەکەی ڕێك دێتەوە، (**لَجُوا**)، (**اللُّجاج واللَّجُّ: الإشْتَداد فِي النِّزَاعِ وَالْخِصَامِ**)، (**لُجاج و لَجّ**)، هەردووکیان بە مانای سەختیی لە ناکۆکیی و دوژمنایەتیی و دووبەرەکییدان.

دوایی خوا دەفەرموێ:

٩)- ﴿ أَفَمَن يَمْشِى مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦٓ أَهْدَىٰٓ ﴾، ئایا کەسێك لەپەوڕوو لەسەر دەم و چاوی دەڕوات، ڕاستەڕێ بووە.

١٠)- ﴿ أَمَّن يَمْشِى سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، یاخود کەسێك کە بە قیت و قنجیی و، بە ڕێکیی دەڕوات لەسەر ڕێیەکی ڕاست؟ واتە: ئایا کەسێك کە بە ڕێیەکی ڕاست دا دەڕوا بە قیت و قنجیی و، بە ڕێك وەستاویی، باشتر دەتوانێ بە ڕێیەدا بڕوات، یان کەسێك کە لەپەو ڕوو کەوتوەو لەسەر دەم و چاوی دەڕوات؟ (**وأَهْدَى مُشْتَقٌّ مِنَ الْهُدَى، وَهُوَ**

اسْمُ تَفْضِيلٍ مَسْلُوبُ الْمُفَاضَلَةِ، لِأَنَّ الَّذِي يَمْشِي مُكِبًّا عَلَى وَجْهِهِ لَا شَيْءَ عِنْدَهُ مِنَ الإِهْتِدَاءِ)، وشەی (**أَهْدَى**)، هەرچەندە لە (**هُدَى**)وە، داتاشراوەو ناوی هەڵبژاردن (**اسْمُ تَفْضِيلٍ**)ە، بەڵام لێرەدا بەرانبەرەکەی نادیدە گیراوە، چونکە کەسێك کە لەپەو ڕوو دەڕوات، هیچ بەڕێ زانین و ڕێ ڕاستگرتنی نیە، تاکو ئەوەی بەقیت و قنجیی دەڕوات، بەسەر ئەودا هەڵبژێردرێ، واتە: بێگومان ئەو کەسەی بەقیت و قنجیی بە ڕێیەکی ڕاستدا دەڕوات، ئا ئەوە ڕێی ڕاستی گرتوەو بە ڕێیە دەزانێ و، ئەوەی دیکە سەرگەردانە، خواش ﷻ لێرەدا وێنە دێنێتەوە بە بابایەکی لەپەو ڕوو ڕۆیشتوو، کە لەسەر دەم و چاو و، لەسەر چەنگان بڕوات، کە ئەوە وێنەیەکە بۆ مرۆڤی بێبڕوا، بەڵام ئەوەی دیکە کە بە قیت و قنجیی لەسەر ڕێیەکی ڕاست دەڕوات، وێنەیە بۆ مرۆڤی بڕوادار، مرۆڤی بڕوادار تەماشای ئاسمانێ دەکات و بەر پێی خۆی دەبینێ، بەم لاو لادا دەڕوانێ، بەڵام کەسێك کە سەری بەرەو خوارەو لەسەر دەم و چاوی دەڕوات، وەك ئاژەڵێك، بە دڵنیایی بابای وا نە دەتوانێ سەر بەرەو ئاسمان هەڵببڕێ و، نە چاکیش بەو لاو لادا بڕوانێ.

مەسەلەی شەشەم:

بەس خوا ﷻ بیستن و چاوو عەقڵەکانی ڕەخساندوون بۆ مرۆڤان، بەڵام مرۆڤ کەم وایە سوپاسگوزاریی بکات بۆ خوا، هەر خواش مرۆڤی بە زەویدا بڵاوکردوونەوەو، هەر ئەویش کۆیان دەکاتەوە، بێبڕوایانیش لە کاتی هاتنی بەڵێنی قیامەت دەپرسن؟ بەڵام زانیاریی هاتنی کاتی قیامەت، بەس لە لای خوایەو، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەرکی تەنیا ترساندن و وریاکردنەوەیەو، کاتێکیش بێبڕوایان لە نزیکەوە هاتنی ئەو بەڵێنە دەبینن، کە قیامەتە، ڕوویان تێکدەچێ و پێیان دەگوترێ: ئەمە بوو کە پەلەتان دەکردو داواتان دەکرد:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُمْ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۖ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿٢٣﴾ قُلْ هُوَ ٱلَّذِى ذَرَأَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٢٤﴾ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٥﴾ قُلْ إِنَّمَا ٱلْعِلْمُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٢٦﴾ فَلَمَّا رَأَوْهُ زُلْفَةً سِيٓـَٔتْ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَقِيلَ هَٰذَا ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تَدَّعُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلْ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُمْ ﴾، بڵێ: ئەو (خوا ﷻ) کەسێکە ئێوەی پێگەیاندوە، (إنْشَاء) هەم بە مانای پەیداکردن دێ و، هەم بە مانای پێگەیاندنی پلە پلە دێ، بەڵام مانای دووەمیان ڕاسترە، بگرە ڕاستە، یانی: خوا ﷻ ئێوەی پێگەیاندوە.

لێرەدا خوا ﷻ دوای ئەوەی لە ئایەتەکانی پێشوودا، پێشێ سەرنجی ڕاکێشان بۆ ئەوە کە دەگونجێ زەوییان لە بندا، ڕۆبەرێتە خوار، دوایی سەرنجی ڕاکێشان بۆ ئەوە کە دەگونجێ بایەکی بەردو چەو ڕامالکەریان بۆ بنێرێ، ئنجا سەرنجی ڕاکێشان بۆ مێژوو، دوایی سەرنجی ڕاکێشان بۆ باڵندان، دواتر سەرنجی ڕاکێشان بۆ دەستە پاچەییان لە بەرانبەر دەستەڵاتی خوادا، کە ئایا کێ دەبێتە سوپاو

هێزیـان؟ دوایـی سـەرنجی ڕاکێشـان بـۆ ئـەوە کـە ئەگـەر خـوا ﷻ بژیویـان لـێ بگرێتـەوە، کـێ بژیویـان دەدات؟ ئنجـا سـەرنجی ڕاکێشـان بـۆ ئـەوە کـە مرۆڤێك کـە بـە ڕێـی خـوادا دەڕوات، وەك کەسێکە بـە ڕێیـەکی ڕاسـت و بـە قیـت و قنجیـی بـڕوا، بـەڵام مرۆڤـی بێبـڕوا، وەك بابایـەك وایـە کـە لەپـەوڕوو لەسـەر چنـگان دەڕوا، ئنجـا خـوای زانـاو توانـا جارێـکی دیکە، سـەرنجیان ڕادەکێشـێ بـۆ دروسـتکران و پێگەیەنرانی خۆیـان و بەهرەمەندکرانیـان لـە هێـزەکانی: بیسـتن و دیـتن و عەقـڵ و هـۆش، تاکـو خـوای میهرەبـان لـە هەمـوو دەرگایانـەوەو لـە سـەرجەم دەروازانـەوە هیدایەتیـان بەرێتـە نێـو عەقـڵ و دڵـەوەو، چاکـەکانی خۆیـان بخاتـە بـەر چـاو.

٢)- ﴿وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ﴾، هەروەها (خوا) بیستن و چاوەکان و عەقڵەکانیشی بۆ ڕەخساندوون، **(السَّمْع)** چاوگە، یانی: حاڵەتی بیستنی بۆ ڕەخساندوون، **(أَبْصَارَ)** کۆی **(بَصَر)**ە، یانی: خوا چاوەکانی بۆ ڕەخساندوون، **(الْأَفْئِدَةَ)**ش کۆی **(فُؤَاد)**ە، کە زۆر لە زانایان بە **(قُلُوب)**یان لێك داوەتەوە، بەڵام وەك زۆرجار گوتوومە: **(الْأَفْئِدَةَ)**، کۆی **(فُؤَاد)**ەو بە مانای عەقڵە، واتە: زەین و هۆش، کە دڵ چەقی ویستن و نەویستنە، بەڵام عەقڵ چەقی دەرکردن و زانینە، بۆیەش خوا ﷻ لە هەموو قورئاندا زەم و مەدحی **(فُؤَاد وَأَفْئِدَة)**ی نەکردوە، بەڵام زەم و مەدحی دڵی کردوە، دڵ چەقی ویستن و نەویستنە و ئەگەر چاکەی بوێ، مەدح دەکرێ و، خراپەی بوێ، زەم دەکرێ، بەڵام عەقڵ چەقی زانین و دەرككردنە، دەرككردن لەزاتی خۆیدا، نە چاکەو نە خراپە، بەڵکو دوایی ئەو شتەی دەرکت کردوە، هەڵوێستت لە بەرانبەری دا چۆن دەبێ، ئەوە پەیوەندیی بە دڵەوە هەیە، بە هەردووك دیوی ئەرێنیی و نەرێنیی دا.

٣)- ﴿قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ﴾، بە کەمیی سوپاسگوزاریی دەکەن، وشەی **(قَلِيل)**، **(صِفَةٌ مُشَبَّهَةٌ بِالْفِعْل)** ﴿قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ﴾، سیفەتێکی چوێنراوە بە کردارەوە، دەشگونجێ **(مَا)** لابەرە **(نَافِيَة)** بێ، یانی: کەمیش سوپاسگوزاریی ناکەن، بەڵام هی یەکەمیان ڕاسترە، بە کەمیی سوپاسگوزاریی دەکەن، چونکە کەمێکیان هەر هەبوون، دوایی ئیمان بێنن، یاخود کەمێك لە بێبڕوایەکان کە ئیمانیشان نەهێناوە، چاکەکانیان هەر لە خوا زانیون.

٤)- ﴿ قُلْ هُوَ ٱلَّذِى ذَرَأَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، بڵێ: ئەو (خوا ﷻ) کەسێکە ئێوەی لە زەویدا بڵاوکردۆتەوە، یان لە زەویدا زۆر کردوە، (ذَرْأٌ)، أ- بە مانای دروستکردن (خَلْق)و، ب- بە مانای زۆرکردن (تکثیر)و، ج- بە مانای بڵاوکردنەوە (نشْر) دێ و، مانای بڵاوکردنەوەو زۆرکردن، زیاتر دەگەیەنێ.

٥)- ﴿ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴾، هەر بۆ لای ئەویش کۆ دەکرێنەوەو خڕ دەکرێنەوە، کە (الجَارّو المَجْرُور) پێشخراوە، یانی: (تُحْشَرُونَ إليْهِ)، مانای کورتهەڵێنان دەگرێتەوە، تەنیا بۆ لای خوا کۆ دەکرێنەوە.

٦)- ﴿ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾، دەشڵێن: ئەو بەڵێنە کەنگێیە! ئەگەر لە ڕاستانن! واتە: ئەو کاتەی بۆ هاتنی ڕۆژی دوایی دانراوە، کەنگێیە، ئەگەر لە ڕاستانن، وشەی (الْوَعْدَ)یش، (مَصْدَرٌ بِمَعْنَى اسْم المَفْعُول: المَوْعُود)، واتە: ئەو بەڵێن پێدراوە کەنگێیە، ئەگەر لە ڕاستانن، لێرەدا ڕووی بێباوەڕیەکەیان دواندنیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ و بڕوادارانە.

٧)- ﴿ قُلْ إِنَّمَا ٱلْعِلْمُ عِندَ ٱللَّهِ ﴾، بڵێ: زانیاریی تەنیا لە لای خوایە، وشەی (الْعِلْمُ)، کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، بۆ (عهد)ە، واتە: زانیارییەکە، زانیاریی لە بارەی ئەو بابەتەوە، تەنیا لە لای خوای بەرزی مەزنە.

٨)- ﴿ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴾، من تەنیا وریاکەرەوەو ترسێنەرێکی ڕوونکەرەوەم، یاخود: ڕوون و ئاشکرام، چونکە وەك زۆرجار گوتوومانە: وشەی (مُبِيْن)، ئەگەر لە (أَبَانَ)ی، (قَاصِر ولازِم)ەوە بێ، واتە: ڕوون و ئاشکرا، بەڵام ئەگەر لە (أَبَانَ)ی، تێپەڕێنەرە (مُتَعَدِّي)یەوە بێ، یانی: ڕوونکەرەوە.

ئنجا یەکسەر خوا ﷻ لێرەوە دەیانگوازێتەوە بۆ قیامەت:

٩)- ﴿ فَلَمَّا رَأَوْهُ زُلْفَةً سِيٓـَٔتْ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، ئنجا کاتێك بینییان واتە: ئەو بەڵێنەیان بینی، ئەوانەی بێبڕوان ڕوویان خراپ بوو، تێکچوو، (زُلْفَةً)، یانی: بە نیزیکیی (الزُّلْفَةُ: اسْمُ مَصْدَرِ زَلَفَ إِذَا قَرُبَ، وَهُوَ مِنْ بَابِ تَعِبَ، أَيْ رَأَوْهُ شَدِيدَ الْقُرْبِ مِنْهُمْ)،

(**زُلْفَةً**): ناوی چاوگە لە (**زَلَفَ**)وە، یانی: (**قَرُبَ**)، نیزیك بۆوە، واتە: لە نیزیکەوە دیتیان ئەو بەڵێن پێدراوە، کە ڕۆژی دواییە، ﴿ سِيٓـَٔتۡ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾، (**سِيئَت**)، بە بکەر نادیار (**مَجْهُوْل الفاعل**) هاتوە، ئەوانەی بێبڕوان ڕوویان خراپ بوو، تێکچوو، (**فَلَمَّا**)، (**لَمَّا: للتَوْقِيْت، أي سِيْئَت وُجُوهِهِم برُؤيَتِهِم الْوَعْدَ**)، واتە: دەم و چاویان تێکچوو، گۆڕاو ڕەش و تاڵ بوو، لە کاتێکدا بەڵێنەکەیان بینی، (**سِيْئَت**)، بە (**سِيِّئَت**)یش، خوێنراوەتەوە.

١٠)- ﴿ وَقِيلَ هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تَدَّعُونَ ﴾، گوتراش: ئا ئەوە بوو کە ئێوە پێشتر داواتان دەکرد، (**تَدَّعُونَ**)، خوێنراویشەتەوە: (**تَدْعُون**)، (**تَدَّعُونَ**)، یانی: (**تُطَالِبُون**)، داواتان دەکرد، بەڵام (**تَدْعُون**)، یانی: بانگتان دەکرد بۆتان بێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا رَأَوۡهُ ﴾، (ف)ی (فَلَمَّا)، (**فَصِيحَةٌ لِأَنَّهَا اقْتَضَتْ جُمْلَةً مَحْذُوفَةً تَقْدِيرُهَا: فَحَلَّ بِهِمُ الْوَعْدُ، فَلَمَّا رَأَوْهُ إِلَخْ، أَي رَأَوْا الْمَوْعُود بِهِ**)، (ف) ڕوونکەرەوەیە چونکە ڕستەیەکی قرتێنراوی خواستووە و زەننەکەی: بەڵێنەکە بەسەریاندا هاتە دی، کاتێك بینییان ئەوانەی بێبڕوا بوون، دەم و چاویان تێك چوو و، ڕەش و تاڵ بوو، شڵەژان، یانی بەڵێندراوەکەیان دی، (**سِيْئَت**)، (**وسِيئَتْ بُنِيَ لِلنَّائِبِ، أَيْ سَاءَ وُجُوهَهُمْ ذَلِكَ الْوَعْدُ بِمَعْنَى الْمَوْعُودِ**)، ئەو بەڵێنە دەم و چاوی تێکدان، بەڵام بۆیە بە بکەر نادیار (**مجهول الفاعل**) هاتوە، چونکە یانی ئەو بەڵێنەی هاتوە، کە قیامەتە دەم و چاوی تێکداون، ئەگەر بە (**تَدَّعُونَ**)، بخوێنرێتەوە، (**مُضَارِعُ ادَّعَى: أي طَلَبَ بِالحاح وَضُمِّنَ (تَدَّعُونَ)، مَعْنَى تُكَذِّبُون بِسَبَب (ب)**)، کە دەفەرموێ: ﴿ هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تَدَّعُونَ ﴾، مادام (**تدَّعون**) بە (ب)، بەرکاری خواستوە، مانای (**تُكَذِّبونِ**)یشی خراوەتە نێو، واتە: ئەوە بوو کە زۆر داواتان دەکرد بێ و، بەدرۆشتان دادەنا، ئێستاش فەرموون لەگەڵیدا ڕووبەڕوون.

شایانی باسە: ئێمە دوایی چەند کورتە باسێك لە بواری چەند زانیارییەك لە بارەی بیستن و دیتن و عەقڵەوە دەکەین، لە کۆتایی تەفسیرکردنی ئایەتەکاندا.

مەسەلەی حەوتەم:

بێبڕوایـەکان هـەردەم خۆزگەیـان بـە فەوتـانی پێغەمبـەر موحەممـەد ﷺ دەخواسـت، خـواش پێـی دەفەرمـوێ: بڵـێ: ئەگـەر خـوا خـۆم و شوێنکەوتوانیشـم بفەوتێنـێ، کـێ ئێـوەی بێبـڕوا لـە ئـازاری بـە ئێـش قوتـار دەکات؟ بڕوادارانیـش بڕوایـان بـە خـوای میهرەبانـەو، پشـتیان بـەو قایمـەو ناحەزانیـش لەمـەودوا حاڵیـی دەبـن، کـە لـە گومڕایـی ڕوون دا بـوون و، ئەگـەر خـوا ئـاوی شـیرین و زوڵاڵیـش بـە زەویـدا بەرێتـە خـوار، هیچکـەس ئاوێـکی زوڵاڵ و ڕەوانیـان بـۆ ناهێنـێ:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَهْلَكَنِيَ ٱللَّهُ وَمَن مَّعِيَ أَوْ رَحِمَنَا فَمَن يُجِيرُ ٱلْكَٰفِرِينَ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢٨﴾ قُلْ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ءَامَنَّا بِهِۦ وَعَلَيْهِ تَوَكَّلْنَا فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ فِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢٩﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَصْبَحَ مَآؤُكُمْ غَوْرًا فَمَن يَأْتِيكُم بِمَآءٍ مَّعِينٍۭ ﴿٣٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

لـە کۆتاییـدا خـوا ﷻ لەبـەر ئـەوەی کـە بێبڕوایـەکان هەمیشـە خەونیـان بەوەوە دەبینـی، کـە موحەممـەد ﷺ لـە کۆڵیـان بێتـەوەو بمـرێ و کۆتایـی بـە هەمـوو شـتێك بـێ، خـوا ﷻ بـە پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمـوێ:

١)- ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَهْلَكَنِيَ ٱللَّهُ وَمَن مَّعِيَ ﴾، پێیان بڵێ: ئایا دەبینن [یاخود هەواڵم پێ بدەن، یان ئایا دەزانن] ئەگەر خوا ﷻ خۆم و ئەوانەی لەگەڵمدان، فەوتاندنی و لە بەینی بردین، (وەك ئێوە پێتان خۆشەو حەز دەکەن).

٢)- ﴿ أَوْ رَحِمَنَا ﴾، یاخود بەزەیی لەگەڵمان بەکارهێنا، بەوەی دوامان بخات و جارێ نەمانمرێنێ، یاخود ئەگەر ئێمەی فەوتاند، لێمان خۆشبێ و بەزەیی پێمان دابێ، یاخود بەزەیی بە ئێمەدا هاتەوەو ئێمەی سەرخست.

٣)- ﴿فَمَن يُجِيرُ ٱلْكَٰفِرِينَ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾، (لە هەموو حاڵاندا) کێ بێبڕوایان لە ئازارێکی بە ئێش پەنا دەدات و دەپارێزێ؟، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَهْلَكَنِيَ ٱللَّهُ وَمَن مَّعِيَ﴾، بڵێ: ئایا دەزانن ئەگەر خوا من و ئەوانەی لەگەڵ مندا فەوتاندینی، بۆچی وشەی (هَلَاك)ی بەکارهێناوە بۆ مردن؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: ئەوە لەگەڵدا ڕۆیشتنی زاراوەو وشەکانی ئەوانە، گوتوویانە: بە هیلاك بچێ، یان بە هیلاك دەچێ، چونکە هەندێك لە زانایان دەڵێن: مردن هەر مردنە، بەڵام (هَلَاك)، مردنێکی خراپە، کە ئەوان وایان چاوەڕێ کردوە، پێغەمبەری خوا ﷺ بە مردنێکی خراپ بمرێ، ئنجا بەپێی عەقڵی ئەوان و بەپێی وشەکانی ئەوان، تەعبیرەکەی هێناوە، بەڵام لە هەموو حاڵاندا: ئایا کێ بێبڕوایان لە ئازارێکی بە ئێش دەرباز دەکات؟ لێرەدا لە جیاتی بفەرموێ: (فَمَن يُجيركُم)، چونکە ڕووی دواندن لە کافرەکانە، فەرموویەتی: ﴿فَمَن يُجِيرُ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾، کە ئەمە پێی دەگوترێ: (وَضْعُ المُظْهَر مَوْضِع المُضْمَر)، دانانی وشەی ئاشکرا لە جێی وشەی ڕاناو یان وشەی شێردراوە.

(يُجِيْرُ): (أجَارَهُ يُجِيره: أي: حَمَاه يَحْمِيهِ)، پەنای دا، پەنای دەدات، بۆیەش فەرموویەتی: ﴿ٱلْكَٰفِرِينَ﴾، بۆ ئەوەی بیانناسێنێ کە ئایا ئێوەی بێبڕوا، کێ پەناتان دەدات لە ئازارێکی بە ئێش؟.

٤)- ﴿قُلْ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ءَامَنَّا بِهِۦ وَعَلَيْهِ تَوَكَّلْنَا﴾، بڵێ: ئەو (خوا) بە بەزەییە، بڕوامان بەو هێناوەو پشتمان بەس بەو بەستوە، (إيمَان و تَوَكُّل)، دوو شتی پێکەوە پەیوەستن و، هەر کەسێ ئیمانی بە خوا بوو، پشتیشی پێ دەبەستێ.

٥)- ﴿فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾، لە مەودوا بۆتان دەردەکەوێ، کێیە لە گومڕاییەکی ئاشکرادایە، خوێندراویشەتەوە: (فَسَيَعْلَمُونَ)، ئنجا ئەگەر (فَسَتَعْلَمُونَ) بێ، واتە: هەر لەسەر دواندنی کافرەکان بەردەوامە، ئێوە لە مەودوا دەزانن کێ لە گومڕاییەکی ڕوون دایە، بەڵام ئەگەر (فَسَيَعلمونَ) بێ، ئەوە ئاوڕدانەوەیە لە دواندنی ئەوان و نادیدە گرتنیانە: لە مەودوا دەزانن و لێیان گەڕێ!.

٦)- ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَصْبَحَ مَآؤُكُمْ غَوْرًا﴾، بڵێ: ئایا دەبینن، دەزانن، هەواڵم پێ بدەن، ئەگەر ئاوەکەتان ڕۆچوو، (غَوْر)، بە مانای چاوگە، بەڵام ئاوەکەی پێ وەصفکراوە، لەبەر زێدەڕۆیی کردن، یانی: (أَصْبَحَ مَاؤُكُمْ غَائِرًا)، واتە: (ذَاهِبًا، غَائِبًا)، بە زەویدا چووە خوار ونبوو، پەنهان بوو.

٧)- ﴿فَمَن يَأْتِيكُم بِمَآءٍ مَّعِينٍ﴾، ئایا کێ ئاوێکی ڕەوانتان بۆ دێنێ؟ وشەی (مَعِيْن)، بە چەند جۆرێك مانا کراوە:

أ- ئیبنو عەبباس گوتوویەتی: (بِمَاء مَعِيْن أي: بِمَاءٍ عَذْبٍ)، (أخرجه الطبري: ٣٤٦١٩) ئاوێکی شیرین و زوڵاڵ.

ب- سەعیدی کوڕی جوبەیر گوتوویەتی: (بِمَاء مَّعِيْن : أي بِمَاءٍ ظَاهِرٍ)، (أخرجه: الطبري: ٣٤٦٢٠)، ئاوێکی بەرچاوو بینراو.

ج- قەتادەش (بِمَاء مَعِيْن)ی، بە: (المَاءُ المَعِيْنُ: الجَارِي)، (أخرجه: الطبري: ٣٤٦٢١) ئاوێکی بیندراوی ڕەوان، لێك داوەتەوە.

هەندێـك لـە تەفسـیرەکان لێـرەدا شـتێکیان هێنـاوە، بـۆ وێنـە: (البحـر المديـد في تفسـير كتـاب اللـه المجيـد)[1]، دەڵـێ: (قُرِئَـت الآيَـةُ عِنْـد مُلْحِـدٍ، فَقَـال: نَـأْتِي بِالْمِعْـوَلِ وَالفُـؤُوسِ، فَذَهَبَـتْ عَيْنَـاهُ تِلْـكَ اللَّيْلَـةَ وَعمِـيَ، وَقِيْـلَ: إِنَّـهُ مَحَمَّـد بِـنُ زَكَرِيَّـا المَتَطَبِّـب، أَعَاذَنَـا اللـهُ مِـن سُـوءِ الأَدَبِ مَـعَ كِتَـابِ اللـه تَعَـالَى)، واتـە: ئـەم ئایەتە لـە لای مولحیدێك خوێندراوەتـەوە، ئەویـش گوتوویـەتی: (نَـأْتِي بِالْمِعْـوَلِ وَالفُـؤُوسِ)، ﴿فَمَن يَأْتِيكُم بِمَآءٍ مَّعِينٍ ۝٣٠﴾، گوتوویـەتی: پـاج و بێـڵان دێنـی [سـەرئەنجام: ئاوەکـە بـە پـاچ و بـە بێـڵ و خاکەنـازان دێتـەوە] ئیـدی هـەر ئـەو شـەوە ئـاوی چـاوانی ڕۆیشـتوەو کوێـر بـوون، گوتـراوە: ئـەو کەسـەی ئـەو قسـەیەی کـردوە موحەممـەدی کـوڕی زەکەریـای خـۆ بـە پزیشـکزان بـووە، خـوا پەنامـان بـدات لـە ئەدەبـی خـراپ لەگـەڵ کتێبـی خـواو فەرمایشـتی خـوای بـەرزی باڵادەسـتدا.

---

(١) ج٨، ص١٠٢.

لێـرەدا کۆتایـی بـە تەفسـیری سـوورەتی (الملـك) دێنیـن، بـەڵام سـێ (کورتـە بـاس)، کـە چەنـد زانیارییـەك دەگرنـە خۆیـان لـە بـارەی بیسـتن و دیـتن و عەقڵـەوە، دەخەینـەڕوو، لـە بـارەی بیسـتنەوە یـازدە وردە زانیارییـمان ڕەچـاو کـردوون و، لـە بـارەی دیتنـەوە شـەش وردە زانیاریـی و، لـە بـارەی عەقڵیشـەوە پێنـج و، هەموویـان دەبـن بـە بیسـت و دوو (٢٢)[1].

کورتە باسێک لە بارەی هەندێک وردەکاریی (بیستن)ەوە

ئێمـە لێـرەدا نامانـەوێ باسـی کۆئەندامـی گـوێ و بیسـتن (**جهـاز السـمع والأذن**) بکەیـن، کـە ئـەوە کتێبێـکی سـەربەخۆی دەوێ، وەك لـە مەوسـووعەی: (ئیـمان و ئیلحـاد)دا، بـە تەفصیـڵ لـەو بـارەوە قسـەمان کـردوە، بـەڵام تەنیـا هەندێـك وردە زانیاریـی دەخەینـەڕوو:

١- بیستن لە وردترین هەستەوەرەکانی مرۆڤەو، هەتا ئێستا نەزانراوە چۆن مرۆڤ دەتوانێ ئاوازێکی خۆش لەگەڵ دەنگە دەنگ و دەنگێکی ناخۆش دا، لێك جیابکاتەوە، هەردووکیشیان هەر دەنگن، بەڵام دەنگێك کە ئاوازی هەیە، وەك دەنگی مۆسیقا، یان جریوەی چۆلەکەیەك، یاخود خوێندنی بولبولێك، یان قاسپەی کەوێك و، قووقەی کەڵەشێرێك، یان گمەی کۆترێك، لەگەڵ هەراو زەناو دەنگێکی ناخۆش و بێزارکەر، بیستن لێکیان جیا دەکاتەوە، کە هەمووشیان هەر شەپۆلی دەنگیین و ئەو نێوەندەی هەردووك جۆرە دەنگەکانی پێدا دێن، هەر هەوایە.

٢- ئەگەر هەوا نەبووایە، بەهیچ جۆرێك دەنگ نەدەبوو، هەر بۆیەش ئەوانەی دەچنە سەر مانگ، یاخود لە سوڕگە (قدار)دا بە دەوری زەویدا دەسووڕێنەوەو لە مەودای

---

(١) ئێمـە ئـەم کورتـە باسـانە هەموویـان بـە پوختەیـی، بـەڵام بـە داڕشـتنەوەی خۆمـان لـە تەفسـیرەکەی (د. محمـد راتـب النابلـسي، ج ١٠، ص (٢١ و ٢٢ و ٢٣))، هێناومانـن.

کێشکردنی زەوی دەچنەدەر، لەوێدا بەلاسلکی پێکەوە قسە دەکەن، چونکە هەوای لێ نیە، تاکو هەوا دەنگەکەیان نەقڵ بکات، ئنجا ئەگەر هەوا نەبێ، دەنگ نابێ، نەك هەر بینین نابێ، بەبێ هەوا دەنگیش هەر نابێ، ئێمە کاتێك قسە دەکەین، وەك چۆن بەردێك کە فڕێدەدەیە نێو ئاوێکەوە، شەپۆلان دەدات، شەپۆلێك دوایی شەپۆلێکی دیکەو ...هتد، شەپۆلەکانی دەنگیش بەهەمان شێوە، کە دەنگ بەرز دەبێتەوە، بە ئەندازەی دەنگ بەرزکردنەوەکە، هەوایەکەش شەپۆلەکان دەدات و، شەپۆلەکانی هەوا ئەو دەنگە دەگەیەنن بە گوێی بیسەر.

٣- لە چاکەکانی خوا لەسەر ئێمە ئەوەیە، کە ئەو شەپۆلە دەنگییە، دوای ئەوە وردە وردە خامۆش دەبێتەوە، ئەگەر وانەبووایەو هەرچی دەنگە هەرمابایە، لە هەواداو، هەمووی بەر گوێی مرۆڤ کەوتبایە، ئەو کاتە لە هەر شوێنێکی دنیا، بەڵکو لە هەر شوێنێکی گەردووندا دەنگێك هەبووایە، دەهاتە نێو گوێی ئینسانەوە: دەنگی هەورە تریشقەیەو برووسکەیەك لەوپەڕی دنیا، لەو سەری دنیا دەنگی تەقینەوەیەك، دەنگی هاڕەو نەڕڕەیەك، هەموو ئەوانە، ئەگەر دەنگەکان وردە وردە خامۆش نەبوونایەو، هێواش نەبوونایەوەو هەموویان هاتبانە نێو گوێی ئینسان، ئینسان یەکجار بێزارو ناڕەحەت دەبوو.

٤- بەشی بینراوو دەرەوەی کۆئەندامی گوێ، پێی دەگوترێ: سەیوان، وەك چەتری گوێیەو دەنگەکە کۆ دەکاتەوە، ئنجا ئەویش دەبینین قۆرت و پێچ و لاریی و تێدا هەیە، ماددەی گوێش واتە: سەیوانی گوێ، نە گۆشتی تەواوەو نە ئێسقانیشە، بەڵکو ماددەی کرۆژ کرۆژەیە، کە ئەگەر ئێسق بووایە، دەنگەکە بە ڕەقیی، دەبیسترا، ئەگەر گۆشت بووایە، دەنگەکەی دەمراند، بەڵام کرکراگەیەو لە نێوان ئێسقان و گۆشتدایە.

٥- دوای ئەوەی سەیوانی گوێ، چەتری گوێ، ئەو دەنگە کۆ دەکاتەوە، ئنجا وردە وردە، بە نێو جۆگەلەی گوێدا دەیبات و دەچێ بە پەردەی گوێ دەکەوێ، کە ئەویش سێ ئێسقانەکانی گوێ پێیەوە بەستراون، کە چەکوش و سندان و ئاوزینگن، ئنجا پەردەی گوێ کە لەرییەوە، بەهۆی هەوایەکەوە، ئەو ئێسقانانەش دەلەرنەوەو لە ئەنجامی ئەوەدا، بیستن دروست دەبێ.

٦- ئەو سێ ئێسقانانەی گوێ، ئەو دەنگەی دێتە نێویان، هەتا بیست (٢٠) هێندەی خۆی لێ دەکەن، ئەگەر دەنگەکە کپ بێ، هەتا بیست هێندەی گەورە دەکەن، یانی: ئەگەر بچووك و نزم و کەم بێ، بەپێچەوانەشەوە: ئەگەر زۆر بەرز بێ، هەتا بیست هێندە دەگونجێ کپ بکرێتەوە، مەرج نیە یەکسەر بگاتە بیسەرەکە، بەڵکو بە پێی ئەوەی دەنگەکە پێویستە چەند گەورە بکرێ، یاخود ئەگەر گەورە بێ، چەند کپ بکرێتەوە، چونکە ئەگەر هەر بە کپیی بێ، نابیسترێ و دەبێ گەورە بکرێ، ئەگەر زۆریش بە گەورەیی بێ، مایەی جاڕزبوونە، بۆیە لە ڕێی ئەو سێ ئێسقانانەوە: چەکوش و سندان و ئاوزینگ، دەنگەکە دەستکاریی دەکرێ، کە لە نێو ئامێرەکانی مرۆڤدا[1]، هیچ شتێکی وا نیە، کە بۆ خۆی ئەو دەنگە دەستکاریی بکات، نزمی بکاتەوە، یاخود بەرزی بکاتەوە.

٧- دوایی ئەو دەنگە بە پێچاو پێچەکانی گوێدا دەڕوات، کە چل هەزار (٤٠،٠٠٠) پێچاو پێچی بیستنی تێدا هەیە، هەندێکیان دەنگەکە گەورە دەکەن و، هەندێکیان نزمی دەکەنەوە، بەپێی پێویستیی، ئنجا ئەوانەش هەموویان پەیوەستن بە دەمارەکانی بیستنەوە، هەتا دەنگەکە لە ڕێی ئەو جۆگەلانەوە، دەگاتە نێو گوێی نێوەوە (**الأذن الداخلية**).

٨- ئنجا تاکو ئێستا زانیاریی دەستە پاچەیە وەک پێشتریش گوترا کە چۆن جیاوازیی دەکرێ بە دەنگێك کە دەنگێکی خۆشەو، مرۆڤ پێیخۆشە گوێی بۆ ڕادێرێ و، دەنگێك کە جاڕزکەرو بێزارکەرە، چۆن ئەو دوو دەنگە لێك جیادەکرێنەوە؟!.

٩- دوایی گوێی نێوەڕاست (**الأذن الداخلية**)، ئەو دەنگە دەگوازێتەوە بۆ مێشك و مێشك لێی تێدەگات، ئەو دەنگە چییەو مانای چییە؟!

١٠- جێی سەرسووڕمانە کە لە نێو گوێدا، لە نێو کۆئەندامی بیستن دا، شوێنێك هەیە، دەنگەکانی تێدا دەپارێزرێن، بۆ وێنە: کەسێك کە ئاشناتە، دەنگەکەی پارێزراوە لە کۆئەندامی بیستنتدا، کە ئەگەر لە تاریکییشدا گوێت لە دەنگی بێ، یەکسەر

---

(١) واتە: ئەوانەی دەستکردی مرۆڤن.

دەنگەکەی دەناسییەوە کێیە، یان ئەگەر دەنگی پشیلەیەك، یان وششەی مارێك، یاخود دەنگی سیسرکەیەك، لەبەر ئەوەی ئەو دەنگە لەوێدا پارێزراوە، ئەگەر دەنگەکان نەپارێزرابانایە، ئەو کاتە نەتدەتوانی خاوەنی دەنگەکان، یان سەرچاوەی دەنگەکان لە یەك جیا بکەیەوە.

١١- بۆچی خوا ﷻ دوو گوێی بۆ مرۆڤ داناون؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر ئینسان تەنیا یەك گوێی هەبووایە، ئەو لایەی دەنگەکەی لێوەدێ، سەرچاوەی دەنگەکەی نەدەزانی، بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە مرۆڤ دوو گوێی هەن، لە هەردوو گوێیەکانەوە دەنگەکە وەردەگیرێ و، ئەگەر چرکەیەك بکەیە (١٦٢٠) بەش، ئەو دەنگە لە ماوەی کەمتر لەوەشدا، ئەو مرۆڤە هەست دەکات بە سەرچاوەی دەنگەکە، بەڵام ئەگەر تەنیا یەك گوێ بووایە، ئەوە نەدەکرا، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دوو لایانەوە دەنگەکە دێ، دەزانرێ ئەو دەنگە ئایا لە پشتەوەیە، لە پێشەوەیە، لە کام لاوەیە؟ بەهۆی ئەوەوە کە لە دوو ڕێوە دەنگەکە دەبیسترێ، ئەوەش حیکمەتێکی ئەوەیە کە مرۆڤ دوو گوێی هەن، حیکمەتێکی دیکەش ئەوەیە ئەگەر بیستنی گوێیەکیشی لەدەستدا، ئەوەی دیکەیان بمێنێ.

کورتە باسێک دەربارەی وردەکاریی بینین

پێشتریش باسمانکرد، کە ئێمە لێرەدا نامانەوێ باسی کۆئەندامی چاوو چۆنیەتیی دیتن و، پێکهاتەی چاو بکەین، کە ئەوە وردەکاریی زۆری هەیەو، پێویستیی بە شوێنێکی تایبەت دەکات[1]، بەڵام تەنیا چەند زانیارییەك، دەخەینەڕوو:

١- یەکێك لە پێکهاتەکانی چاو بریتیە لە بیلبیلە (**قرنية**)، کە پەردەیەکی ڕوونە، پزیشکەکان ناویان لێناوە: کیفی سەخاوەتمەند (**الغِلاَفُ النَّبيل**)، بۆچی؟ چونکە ئەو پەردە ڕوونە، وردە دەمارەکانی خوێنی تێدا نین، بۆ ئەوەی ڕوون بێ، بەڵام ئایا خانەکانی بیلبیلە (**قرنية**) چۆن خۆراکیان بۆ دەچێ؟ ئەگەر خانەکانی وەك خانەکانی دیکەی جەستە بوونایە، دەبووایە بە دەمارەکانی خوێنەوە پەیوەست بن و لە ڕێی ئەو دەمارانەوە خواردنیان بۆ بچێ، بەڵام ئەو کاتەش دەبووایە لە پشت تۆڕێکی دەمارانەوە شتەکان ببینی، بۆیە دیتنەکە لێڵ دەبوو، یاخود هەر نەدەگونجا، یاخود ڕوون نە دەبوو، بۆیە خوا ﷻ خانەکانی ئەو ئەندامەی چاو کە بیلبیلە (**قرنية**)ی پێ دەڵێن، ئەو پەردە ڕوونەی وا لێکردوە، کە هەر خانەیەك خواردن دەدات بە خانەیەك و لێشیەوە بۆ تەنیشتەکەی و دەستە خوشکەکەی دەگوازرێتەوە، بۆ ئەوەی پێویست بەوە نەکات لە ڕێی دەمارەکانی خوێنەوە، خواردنیان بۆ بچێ، بەڵکو هەموویان بە تەنیشت یەکەوەن و خواردن دەچێ بۆ ئەو و، ئەو دەیدات بە ئەو، ئەو دەیدا بە ئەو، بەو شێوەیە بە تەنیشت یەکەوەن، وەك چۆن خشتەکانی دیوارێك یەکدی مەحکەم دەکەن و، پێویست ناکات شتێکی دیکە لە نێوانیاندا هەبێ، ئەوانیش بە هەمان شێوەن.

٢- پێکهێنەرێکی دیکەی چاومان هەیە، پێی دەگوترێ: گلێنە (**القزحية**)، ئنجا لە (**قزحية**)دا، عەدەسەی چاو هەیە، کە پزیشکەکان تێیدا سەرسامن، چونکە عەدەسەی چاو لە چاودا چەسپاوەو لە شوێنی خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ دیتنی شتەکاندا دەسووڕێ، ئەو گلێنەیە:

---

(١) لە مەوسوعەی: (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد) دا بە بەدرێژایی لە بارەیەوە دواین.

أ- لەگەڵ دیتنی شتەکاندا بەو لادا دەسووڕێ و بەولادا دەسووڕێ.

ب- بەپێی ئەندازەی ئەو تیشك و ڕووناکییەی هەیە، ڕەفتار دەکات، ڕەفتارێکی ئۆتۆماتیکیی، ئەگەر شتەکە تاریك بێ، زیاتر دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕووناکیی زیاتری بچێتەتێ و باشتر ببینێ، بەڵام ئەگەر زۆر ڕۆشن بێ، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی چاو دێتەوە یەك، ئەها ئەگەر ئینسان شتێکی زۆر ڕووناك دەبینێ، چاوی دێتەوەیەك، ئەگەر شتێکی تاریکیش بێ، چاوت زیاتر دەکەیەوە، ئەوەش هەمووی بەبێ ئەوەی تۆ بیری لێبکەیەوە، ئەو جووڵەیە لە گلێنە **(قزحية)**دا ڕوو دەدات، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی، خوای پەروەردگار وای ڕێکخستوە.

بۆ وێنە: ئێمە یاریی تۆپی پێ دەبینین، یان یاریی تێنس دەبینین، ئەو تۆپە لەبەر دەستی یان پێی یاریزانەکاندا دێ و دەچێ، چ تۆپی پێ و، چ باڵەو، چ تێنس لەسەر مێز کە دەکرێ، ئەو تۆپە دێت و دەچێ و، ئەو چاوە شوێنی دەکەوێ، بێ ئەوەی تۆ بیری لێ بکەیەوە، یانی: بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی جووڵ جووڵەیەکی خودیی و لە خۆیەوە.

٣- پێکهێنەرێکی دیکەی چاو هەیە، کە بریتیە لە تۆڕی چاو **(شبكية)**، ئەو تۆڕی چاوە، لە دە (١٠) چین پێکهاتوە، بەس چینی کۆتاییان لە (١٣٠) ملیۆن خانەی خڕیلەو درێژکۆڵە. **(المحروطية والطولية)** پێکهاتوە، ئنجا ئەو خانە بازنەیی و درێژکۆڵانە، هەموویان پەیوەست دەبنەوە بە تۆپەڵە دەمارێکی چاویی، کە ژمارەیان نۆ سەد هەزار (٩٠٠،٠٠٠) دانەیە، ئەویش پەیوەست دەبێتەوە بە مێشك، تاکو مێشك ئەو وێنەیەی دەکەوێتە بەرچاوی بیخوێنێتەوە، واتە: تۆڕی چاو لە دە چین پێك دێ، بەس چینی کۆتاییان لە (١٣٠ ملیۆن) خانەی درێژکۆڵەو مەیلەو خڕ پێك دێ، کە ئەوانیش پەیوەستن بە نۆ سەد هەزار ڕیشاڵی دەمارەوە، ئنجا ئەویش وەك کێبڵێك پەیوەست دەبێتەوە بە مێشك و. ئەو وێنانە لە ڕێی ئەو دەمارانەوە دەگەن بە مێشك و، مێشك تێی دەگات: ئەو وێنەیە وێنەی چییە، چۆنە، قەبارەی، ڕەنگی، هەتا دوایی؟!.

٤- ئێمە شتەکان کە دەبینین، یەکەم: بە قەبارەی خۆیان دەیانبینین، دووەم: بە ڕەنگی خۆیان دەیانبینین، سێیەم: لە باری ئاسایی خۆیاندا دەیانبینین، بۆ وێنە: شتێك ئەگەر ڕێك وەستا بێ، تۆ بە ڕێکیی دەیبینی و قەبارەکەشی چەندە، ئاوا دەیبینی، هەروەها درێژییەکەی چەندەو، پانییەکەی چەندەو، ئەستوورییەکەی چەندەو، بەو ڕەنگەی خۆی لەسەریەتی دەیبینێ، ئەگەر سەوزە، ئەگەر شینە، ئەگەر سپییە، ئەگەر ڕەشە، ئەگەر تێکەڵە، ئنجا لە باری ئاسایی خۆیدا دەیبینی، یانی: ئەگەر تۆزێ لار بووبێتەوە، دەزانی لار بۆتەوە، ئەگەر چەمابێتەوە دەزانی چەماوەتەوە، بۆ وێنە: مرۆڤ تەماشای هەزار کەس بکات، یەك ملیۆن کەس بکات، هەر کامێکیان بە ڕەنگی خۆی دەبینێ و، بە قەبارەی خۆی دەیبینێ و، لە دۆخی وەستانی ئاسایی خۆیدا دەیبینێ، چونکە خوا ﷻ شتەکەی بۆ ئاسان کردووین، بۆیە ئێمە دەڵێین: ئەوە شتێکی زۆر سادەیە، بەڵام بێگومان هیچ کامیرایەك نیە لە دنیادا، بتوانێ بەو شێوەیە بێ، بەڵام خوا ﷻ وای بۆ ڕەخساندووین، کە بە بێ ئەوەی ئەرك بکێشین، هەموو شتەکان وەك خۆیان و لە دۆخی خۆیانداو، بە ڕەنگی خۆیان و بە قەبارەی خۆیان و بە ئەندازەی خۆیان، بە ژمارەی خۆیان، ئەگەر لێیان وردبیەوە، دەیانبینین.

٥- چاو دەتوانێ جیاوازیی لە نێوان پلەکانی ڕەنگدا بکات، بۆ یەك ڕەنگ دەتوانێ جیاوازیی بکات لە نێوان هەشتسەد هەزار (٨٠٠،٠٠٠) پلەی ڕەنگ دا، واتە: هەر لە ڕەنگی سەوز هەشتسەد هەزار، پلە، دەتوانێ لێك بکاتەوە، هەروەها بۆ شین و ڕەش و مۆرو سوورو بۆ هەموو ڕەنگەکان (٨٠٠) هەزار پلە، بە ڕەنگێکی زۆر وردو، بە قەبارەی زۆر وردو بەشێوەی خۆی، هەڵبەتە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەندازەی ساغیی چاوو مەودای ئەو شتەی دەبینرێ.

٦- شەشەمین زانیاریی و کۆتایی لە بارەی چاوەوە کە دەمانەوێ بیخەینەڕوو، ئەوەیە: خوا ﷻ وەك چۆن دوو گوێی بۆ مرۆڤ ڕەخساندوون، بۆ ئەوەی سەرچاوەی دەنگەکە بزانێ، کە ئەگەر هەر یەك گوێ بووایە، نەیدەتوانی ئینسان دەتوانێ ئەزمونی بکات، گوێیەکت بگرە، ئەو دەنگانەی دێن، سەرچاوەکەیان نازانی هەر دەنگەو دێ، بەڵام

بەهۆی ئەوەوە کە دوو گوێن و ئەو جیهازەی لە نێو مێشك دا هەیە، کە (١/١٦٢٠) چرکەیەکدا بەراورد دەکات لە نێوان دوو دەنگەکانی کە بە دوو گوێیەکان دەبیسترێن، یەکسەر دەزانی سەرچاوەی ئەو دەنگە لە کوێیە، ئنجا بۆ چاویش بە هەمان شێوە، ئەگەر مرۆڤ بەس یەك چاوی هەبووایە، شتەکانی زیاتر بە یەك لا دەبینی، یاخود بە یەك ڕووبەر دەبینی، بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی دوو چاون، هەم درێژیی دەبینی، هەم پانیی دەبینی و، هەم قووڵایی دەبینی، چونکە هەر کامیان وێنەکە دێنێ، ئنجا بەهۆی ئەو نێوانەیانەوە کە بە هەردووکیان دەیبینن، قووڵایی و ئەستووراییی شتەکان دەبینی، ئینسان دەتوانی ئەزموونی بکات: دەست بخە سەرچاوێکت و تەماشای شتێك بکە بە جۆرێکی دەبینی، دوایی دەست بخە سەر چاوەکەی دیکەت و، تەماشای هەمان شت بکە، لەو لاوەتر دەیبینی، بە لای کەمەوە هەشت نۆ دە سانتیمیان بەینە، ئنجا ئەو بەینە بەهۆی دیتنی دوو چاوەکانەوە، نامێنێ و ڕێك دەیبینی، ئەگەرنا تۆ چاوێکت دابخە، بە چاوێکت تەماشا بکە، بۆ وێنە: تەماشای ئەو قەڵەمە دەکەی لەلایەك دەیبینی، دوایی بە چاوەکەی دیکەت لەلایەکی دیکە دەیبینی و، بەولادا دەچێ، بەڵام کە بەهەردووکیان دەیبینی، ڕێك لە دۆخی ئاسایی وەستاوی خۆیدا دەیبینی، واتە: ئەگەر مرۆڤ دوو چاوی نەبوونایە، زۆر بە زەحمەت دەیتوانی دەزوویەك بە دەرزییەکەوە بکات، بەگشتیی شتەکان لە دۆخی ئاسایی خۆیاندا ببینێ.

کورتە باسێک دەربارەی عەقڵ و مێشک

ئنجا دێینە سەر خستنەڕووی هەندێك وردە زانیاریی، کە پێنج وردە زانیاریی، لە بارەی عەقڵ و مێشکەوە، هەڵبەتە عەقڵ بریتیە لە فام و هۆش و بیرکردنەوەو، هەموو ئەو پرۆسانەی دیکە، وەك هەڵگرتنی زانیارییەکان و، پاراستنیان و، شیکردنەوەی شتەکان و، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و، پێشبینیی کردنی داهاتوو، ئەوانە هەموویان کارەکانی عەقڵن و، ئەوەی تاکو ئێستا زانست بۆی دەرکەوتوە، ئەوەیە کە ئەوانە هەموویان پەیوەندییان بە مێشکەوە هەیە، یانی: دەماغ کە لە نێو کەللەی سەردایە، کە ئەوەش شتێکی دیکەی زۆر حەکیمانەی خوای پەروەردگارە، خوا ﷻ ئەندامەکانی مرۆڤ هەتا هەستیارترو گرنگترو بایەخدارترو پێویستتر بن، لە شوێنی مەحکەمتردا ديناون، وەك دەبینین: عەقڵی خستۆتە نێو کەللەی سەرەوە، کە ئێسقانەکانی زۆر مەحکەمن و، زۆر کەس وادەزانێ کەللەی سەر هەمووی یەك پارچە و یەك ئێسقانە، بەڵام وانیەو چەندان پارچە ئێسقانەو بەیەکەوە پەیوەست کراون، بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێکیان زیانی هێنا، ئەوەی دیکە هەمووی درزنەبا، وەك گۆزەیەك کە دەشکێ هەمووی دەشکێ، یان شووشەیەك کە دەشکێ هەمووی دەشکێ، بەڵکو کەللەی سەر چەند پارچە ئێسکێکەو، بە هەموویان کەللەی سەر پێك دێنن و، زۆریش مەحکەمەو خوای کارزان مێشکی لەوێدا داناوە، هەروەها دڵ و جەرگ و سییەکانی خستوونە نێو قەفەزەی سینگەوە، هەروەها چاوی خستۆتە نێو چاڵی چاوەوە، کە ئێسقانێکە هەموومان کەللە سەری مرۆڤی مردوومان بینیوە، چاڵی چاو ئێسقانێکە کۆڵدراوە، چاو خراوەتە ئەوێ، هەروەها گوێ، شوێنەکەی زۆر مەحکەمەو لە نێو کەللەی سەردایە.

١- یەکەمین زانیاریی لە بارەی مێشکەوە، ئەوەیە کە خوا ﷻ خستوویەتە مەحکمترین شوێنی جەستەوە، کە کەللەی سەرە.

٢- زانیارییەکی دیکە ئەوەیە کە لە مێشکدا سەدو چل ملیار (١٤٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) خانە هەیە، پێیان دەگوترێ: خانە پاڵدەرەوەکان (**الخلاية الإستنادية**)، کە تاکو ئێستا زانستی پزیشکگەریی و توێکاریی ئەرکی ئەو سەدو چل (١٤٠) ملیار، خانەیەی باش بۆ دەرنەکەوتوە، واتە: مێشك تاکو ئێستا خۆی نەناسیوەو، پەی بە هەموو نیهێنییەکانی خۆی نەبردوە، بەڵام ئێمە بە عەقڵ و مێشك دەزانین و، بیر دەکەینەوەو، زانیارییەکان لەوێدا کۆدەکەینەوە، شتمان بەبیر دێتەوەو، پێشبینیی دەکەین و، شیی دەکەینەوەو... هتد.

٣- زانیارییەکی دیکە ئەوەیە کە لە نێو مێشکدا چواردە (١٤) ملیار خانە هەن، پێیان دەگوترێ: خانە توێکڵییەکان (**الخلاية القِشْرِيّة**)، کە خەیاڵکردن و، وێناکردن و، دادوەریی کردن و، زانیاریی هەڵگرتن و، شیکردنەوەو بیرکردنەوە، ئەوانە هەموویان پەیوەندییان بەو (١٤) ملیار خانەیەوە هەیە، ئینسان ئەگەر بیر بکاتەوە: ئەگەر گریمان ئەو (١٤) ملیار خانەیەش، کە زانیاریی هەڵگرتنیان تێدایە، وەك خانەکانی دیکەی جەستە مردبانایەو نوێبووبانەوە، مرۆڤ هەر بەین بەین، هەرچی زانیاریی هەیەتی، هەمووی فۆرمات دەبۆوە، وەك کۆمپیوتەر، دوایی دەبووایە دووبارە هەمووی فێر بێتەوە! بۆ وێنە: بابایەکی پزیشك کە چەندان ساڵ خوێندوویەتی، تاکو پسپۆڕیی لە بوارێکدا پەیدا کردوە، ئەگەر ئەو چواردە ملیار خانانەی مێشك، کە یەکێك لە کارەکانیان ئەوەیە هەرچی زانیارییە، ئەوان هەڵیدەگرن، ئەگەر هاتباو خانەکانی مێشکیش وەك خانەکانی دیکەی جەستە نوێبووبانەوەو مردبان و، هی دیکەیان هاتبایەوە جێ، دەبووایە بەردەوام مرۆڤ خەریکی ئەوەبووایە زانیارییەکانی دووبارە بکاتەوە، بەڵام ئەو خانانەی مێشك خوا ﷻ وای خوڵقاندوون، گۆڕانیان بەسەردا نایەت و نامرن، وەك خانەکانی جەستە، بەڵکو چەسپاون و هەر کامێکیان مردیش، هیچ نایەتەوە جێی و کۆتایی پێ دێ، هەروەها خوا وای خوڵقاندوون، ئەگەر هەندێکیان مردن، هەندێکیان کاری یەکدی دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەو کەلێنە پڕ بکەنەوەو قەرەبووی بکەنەوە.

جارێکی دیکەش دەڵێین: ئەگەر هاتباو ئەو (١٤) ملیار خانەیەش وەك خانەکانی دیکەی جەستە مردبانایە، کە هەرچی کاری بیر کردنەوەو زانیاریی هەڵگرتن و دادوەریی کردن و پێشبینیی کردن و ...هتد، پەیوەندیی بەوانەوە هەیە، دەبووایە پزیشك، ئەندازیار، پارێزەر، بازرگان، جووتیار، قوتابی و مامۆستا، هەموو ئەوانە بەردەوام خەریکبان، زانیارییەکانی خۆیان فێر ببنەوەو دووبارەیان بکەنەوە، کە ژیان بەو شێوەیە هەر نەدەچووە سەر، بەڵکو دەبووایە هەر کاتێك کەسێك دەهات بۆ لات، دووبارە بڵێی: ئەرێ جەنابت کێ بووی، ئەگەر نیزیکترین کەسیشت بێ، چونکە زانیارییەکە سڕاوەتەوەو ڕۆیشتوە!! بەڵام خوا ﷻ وای خوڵقاندوون، ئەو خانانەی مێشك، کە نامرن و زانیارییەکانیش لە نێویاندا پارێزراون.

٤- زانیارییەکی دیکە لە بارەی مێشکەوە ئەوەیە، کە ئەگەر مرۆڤێك دەوری شەست (٦٠) ساڵ بژی، لەو ماوەیەدا هۆشدان (**ذاکرة**)ی کە زانیاریی تێدا کۆ دەکرێتەوە دەتوانێ حەفتا (٧٠) ملیار زانیاریی و وێنە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، زانیاریی و وێنە بە بیستنەوەو، وێنەی دیتن و، وێنەی بۆنکردن و، وێنەی قەبارە، لە حاڵێکدا کە ئەو هۆشدان (**ذاکرة**)یە، بە قەدەر دەنکە نیسکێکە، کەچی دەتوانێ (٧٠) ملیار زانیاریی و وێنە -- کە مەبەستمان بەس وێنەگرتن نیە، بەڵکو تام و بۆن و ڕەنگ و قەبارەو دەنگ و هەموو ئەوانە – حەفتا ملیار دانە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، لە ماوەی شەست (٦٠) ساڵ تەمەنی مرۆڤدا.

٥- زانیارییەکی دیکەش، کە زۆر زۆر گرنگە، ئەوەیە کە لە نێو مێشکدا، ئەو زانیاریانە لە سێ شوێناندا هەڵدەگیرێن، واتە: لە هۆشدان (**ذاکرة**)دا:

١- شوێنێکیان کە بە ئاسانیی دەستی دەگاتێ بە ئاسانیی دێتەوە یادی.

٢- شوێنێکیان مام ناوەندییە.

٣- شوێنێکیشان دوورە، بۆ وێنە: ناوی منداڵەکانت و ئیشەکەت و پسپۆڕییەکەت لە کارەکەتدا، هەموو ئەو شتانەی ڕۆژانە ئیشت پێیانە، هۆشدان (**ذاکرة**)، ئەو زانیاریانە

لە نیزیکترین شوێندا دادەنێ، کە بە ئاسانیی دەستت بیانگاتێ، بەڵام زانیارییەکانی دیکە کە بە پەلە پێویست نین، بۆ وێنە: ژمارە تەلەفۆنێك، ناوی شوێنێك، یان زانیاریی لە بارەی کەسێکەوە، کە زوو پێویستییت پێی نیە، ئەوە لە نێوەڕاستدا دادەنرێ و، ئەوانەش کە کەم وا هەیە کارت پێیان بێ، مێشك لە شوێنێك دا هەڵیاندەگرێ کە دوورە دەستەو لاچەپە، چونکە کەمتر ئیشت پێیان دەبێ.

٦- زانیارییەکی دیکە لە بارەی مێشکەوە ئەوەیە، کە بە ئەندازەی ئەوەی مرۆڤ گرنگیی بە شتێك دەدات، شتێکی لە لا گرنگ و بایەخدارە، ئەو شتەی ئاسانتر دێتەوە یاد، یاخود باشتر لە مێشکیدا پارێزراوە، یانی: شتێك هەتا بەلاتەوە گرنگتر بێ و، زیاتر جێی بایەخ بێ، مێشك باشتر هەڵیدەگرێ و چاکتر دەیپارێزێ، بۆیە جاری وایە کەسێك کە قسەیەکی لامسەرلایی دەکات، یان شتێکی، دەبیستی بەلاتەوە گرنگ نیە، یان پێت خۆش نیەو حەزی لێ ناکەی، زوو لە بیرت دەچێتەوە، بەڵام شتێك کە زۆر جێی مەبەست و بایەخت بێ و خۆشت بوێ، بۆ وێنە: کەسێکت زۆر خۆشبوێ، یان هەواڵێك کە بەلاتەوە جێی بایەخە، مێشك باشتر دەیپارێزێ، واتە: ئەندازەی گرنگییدانی تۆ بە شتێك، مێشك وادارەدەکات هۆشدان **(ذاکرة)** وادارەدەکات، ئەو زانیارییە باشتر بپارێزێ، ئنجا ئەگەر وێنەی کەسێکە، ئەگەر دەنگیەتی، ئەگەر تایبەتمەندییەکیەتی، یان زانیارییەکەو هەواڵێکە، هەمیشە ئەندازەو پلەی بایەخدان و گرنگییدانی مرۆڤ بە شتەکان، مێشك وادارەدەکات، کە ئەو شتانە باشتر بپارێزێ و، دوایی ئاسانتر بە دەستیانەوە بدات و بیانهێنێتەوە پێش.

ئەمانە چەند وردە زانیارییەك بوون لە بارەی هەر کام لە کۆئەندامی بیستن و دوو گوێیەکان و، کۆئەندامی دیتن و، هەردوو چاوەکان و، کۆئەندامی مێشك، کە وەك گوتمان: مێشك بریتیە لە چەق و ئامرازی عەقڵ و هۆش و بیرکردنەوەو و، هەموو ئەو پرۆسانەی پەیوەندییان بە عەقڵ و هۆشەوە هەیە.

لێرەدا کۆتایی بەم دەرسەمان دێنین و، بەم دەرسەش کۆتایی بە کۆی تەفسیری سوورەتی (الملك)، دێنین.

لـە خـوای پـەروەردگار دەپاڕێینـەوە: کـە بـە لوتـف و کەرەمـی بـێ سـنووری خـۆی یارمەتییـمان بـدات، هەرچـی زیاتـر بیـر بکەینـەوەو ڕامێنیـن و وردبینـەوە، لـە هـەردوو کتێبـی بیـنراو و بیسـتراوی خـۆی، کتێبـە بینراوەکـەی کـە گەردوونـە، بـە خۆشـمانەوەو، کتێبـە بیستراوەکەشـی کـە قورئانـە، بێگومـان ئێمـە هەتـا لـە کتێبـی بیـنراوی خـوا زیاتـر ڕامێنیـن، لـە گـەردوون دروسـتکراوەکانی خـوا، باشـتر دەزانیـن خـوا چـی دروسـتکردوەو، چۆنـی دروسـتکردوە؟ هەروەهـا تاکـو زیاتـر سـەرنجی کتێبـی بیسـتراوی خـوای پەروەردگاریـش بدەیـن، کـە قورئانـە، زیاتـر دەزانیـن خـوا ﷻ چـی فەرمـووەو، چـۆنی فەرمـووە؟ هیـچ گومانیش لەوەدا نیـە، کە هەتـا زانیاریی زیاتـر پـەردە لەسـەر نهێنییـەکانی کتێبـی بیـنراوی خـوا هەڵداتـەوەو، زیاتـر کەشـف بـن، ڕاسـتیی و تێـرو تەواویـی کتێبـی بیسـتراوی خـواو، فەرمایشـتی خـوا، زیاتـر دەردەکـەوێ، هـەروەك ئایەتەکـەی سـوورەتی (**فصلت**)، کـە پێشـتر تەفسـیرمان کـرد، دەفەرمـوێ: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾، ﴿ سَنُرِيهِمْ ﴾، لـە مـەودا پێشـانیان دەدەیـن، چییـان پێشـان دەدەیـن؟، ﴿ ءَايَٰتِنَا ﴾، نیشـانەکانمان ﴿ فِى ٱلْءَافَاقِ ﴾، لـە ئاسـۆیەکاندا واتـە: لـە گـەردوون و لـە دەوربەریانـدا ﴿ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ ﴾ هەروەهـا لـە خۆشـیاندا ﴿ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ﴾، ﴿ حَتَّىٰ ﴾، لێـرەدا:

أ- دەگونجێ بۆ گەیشتن بە ئامانج (**لبلوغ الغاية**) بێ، واتە: تاکو سەرەنجام بۆیان دەرکەوێ، کە هەقە.

ب- دەشگونجێ ﴿ حَتَّىٰ ﴾، لێرەدا بە مانای: (**كي**) بێ، (**كي يَتَبَيَّنَ لَهُم**) تاکو بۆیان دەرکەوێ کە هەقە، چی هەقە؟ یانی: تاکو بۆیان دەرکەوێ کە قورئان هەقە، هەتا نیشانەکانی خوا لە ئاسۆیەکان و لە خودی خۆشماندا زیاتر دەربکەون، ڕاستیی و تەواویی ئەو قورئانە پتر دەردەکەوێ، قورئان هەندێك ئاماژەی تێدا هەن، بەخۆشمان و بەدەوروبەریشمان، زیاترو چاکتر ڕاستیی کتێبی خوامان بۆ دەردەکەوێ، یاخود: تاکو هەقانیەتی خوای بەرز، پەروەردگاریەتیی و، بەدیهێنەرێتیی و، تەنیا خاوەندارێتیی و، تەنیا پەرستراوێتیی

خوامان زیاتر بۆ دەرکەوێ، دوایی خوا دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ﴾، ئایا بەس نیە بۆ پەروەردگارت، کە ئاگاداری هەموو شتێکەو چاودێرە بەسەر هەموو شتێکەوە، خوایەك کە چاودێرە بەسەر هەموو شتێکەوەو، ئاگاداری هەموو شتێکە، ئەو خوایە ئەو فەرمایشتەی فەرمووە، کەواتە: ئەو فەرمایشتەی خوا، ئاماژەی بە هەر شتێك لە شتەکانی کە خوا دروستیکردوون، کردبێ، ڕێك وەك خۆی کە هەیە، ئاوا ئاماژەی کردوە، بۆیە تاکو پەردە زیاتر لەسەر دروستکراوەکانی خوا هەڵبدرێتەوە، هەقانییەت و ڕاستیی و تێرو تەواویی فەرمایشتی خوا، زیاتر دەردەکەوێ، هەروەها هەتا بە دروستکراوەکانی خوا ئاشناتر بین، بە بەدیهێنەرو پەیداکەرو داهێنەرو ڕەخسێنەری ئەو شتانەش، کە خوا باڵادەستە، ئاشناترو زاناتر دەبین.

خوا زیاتر تەوفیقمان بدات کە لە هەردوو کتێبی قورئان و گەردوون، زیاتر شارەزا بین و بەر چاو ڕوون بین، تاکو هەم بزانین خوا ﷻ چی دروستکردوەو، چۆنی دروستکردوە؟! هەم بشزانین خوا ﷻ چی فەرمووەو چۆنی فەرمووە؟!..

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

الْقَلَمِ

دەستپێک

مسوڵمانانی بەڕێزو خۆشەویست!

ئەمڕۆ کە (٢٩) ڕەمەزانی ساڵی (١٤٤١)ی کۆچییە، بەرانبەر: (٢٠٢٠/٥/٢٢)ی زایینی، لە شاری هەولێر، خوا پشتیوانمان بێ، دەست دەکەین بە تەفسیرکردنی سوورەتی **(القلم)**، سەرەتا پێناسەو نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە موبارەکە لە حەوت (٧) بڕگەدا دەخەینەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (القلم) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە باوترین ناوی بریتییە لە (**سورة القلم**)، بەڵام دوو ناوی دیکەشی بۆ بەکارهێنراون:

یەکەم: سوورەتی (**نٓ وَالْقَلَمِ**).

دووەم: سوورەتی نوون(**نٓ**).

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئەم سوورەتە لە شاری مەککە دابەزیوە، هەرچەندە هەندێك لە زانایان بە سوورەتێکی مەدینەییان داناوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری نیزیك بە یەکدەنگیی بۆچوونیان وایە مەککەییە، لە سەرەتای قورئانی مەککەییشدا دابەزیوە، وەك دواتر بۆمان دەردەکەوێ لە کاتی تەفسیری ئایەتەکاندا.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمارەی ئایەتەکانی پەنجاو دوو (٥٢) ئایەتە، کەس نەیگوتوە پەنجاو یەکە (٥١)، یان پەنجاو سێیە (٥٣)، یان کەمتر یان زیاتر.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

ڕیزبەندیی ئەم سووڕەتە موبارەکە لە دابەزیندا، بە گوێرەی قسەی جابیری کوڕی زەید، ژمارە دوویەو لە دوای سووڕەتی (**العلق**) دابەزیوە، دوایی (**المزمل**) ئنجا (**المدثر**)، یانی: یەکەمین سووڕەتێك کە دابەزیوە، پێنج ئایەتی سەرەتای سووڕەتی (**العلق**)ن، دوایی ئەم سووڕەتە دابەزیوە، ئنجا سووڕەتی (**المزمل**)، ئنجا سووڕەتی (**المدثر**)، بەڵام بەپێی بۆچوونی عائیشە دایکی بڕواداران خوا لێی ڕازی بێ و، جابیری کوڕی عەبدوڵڵا خوای بە بەزەیی لە خۆی و بابی ڕازی بێ، پێشێ ئەو پێنج ئایەتەی سەرەتای (**العلق**) لە ئەشکەوتی حیرادا بۆ سەر دڵی موبارەکی پێغەمبەر ﷺ دابەزیون، کە بەسەرهاتەکەی لە صەحیحی بوخارییدا هاتوە، کە جیبریل ﷺ سێ جاران پێغەمبەری خاتەم بە خۆیەوە دەگوشێ و پێی دەڵێ: بخوێنە، ئەویش دەفەرموێ: خوێندەوار نیم، جاری سێیەم یان چوارەم پێی دەڵێ: بخوێنە، ئەویش دەفەرموێ: چی بخوێنم؟ دەفەرموێ: ﴿ ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِنْ عَلَقٍ ۝٢ ٱقْرَأْ وَرَبُّكَ ٱلْأَكْرَمُ ۝٣ ٱلَّذِى عَلَّمَ بِٱلْقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ۝٥ ﴾، دوایی سووڕەتی (**المزمل**) دابەزیوە، دوای ماوەیەك لە وەستانی وەحیی، ئنجا من ئەو بۆچوونەی عائیشەو جابیری کوڕی عەبدوڵڵام زیاتر بە دڵە، وەك عائیشە خوا لێی ڕازی بێ لەو بارەوە لە صەحیحی بوخارییدا هاتوە کە گوتوویەتی: [**أَنَّ أَوَّلَ مَا أُنْزِلَ سُورَةُ**: ﴿ ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ۝١ ﴾، **ثُمَّ فَتَرَ الْوَحْيُ ثُمَّ نَزَلَتْ سُورَةُ الْمُدَّثِّرِ**]، لە قورئان یەکەمین سووڕەتێك کە دابەزی سووڕەتی (**اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ**) بوو، دوای ئەوە وەحیی وەستا، ئنجا سووڕەتی (**الْمُدَّثِّرِ**) دابەزی.

جابیـری کـوڕی عەبدولّـلا (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ) گوتوویەتـی: {أَنَّ سُـورَةَ الْمُدَّثِّـرِ نَزَلَـتْ بَعْـدَ فَـتْرَةِ الْوَحْـيِ}.

سـوورەتی (**المدثـر**) دوای دابڕانـی وەحیـی -- ئایـا چەنـد ڕۆژێـك بـووە، چەنـد هەفتەیـەك بـووە - دابەزیـوە.

بـەڵام وا پێدەچـێ و وای تێدەگـەم لـە دوای ئایەتەکانـی سـەرەتای سـوورەتی (**العلـق**) سـوورەتی (**المزمـل**) دابەزیبـێ، کـە خـوای زانـاو توانـا دەفەرمـوێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ ۝١ قُمِ ٱلَّيۡلَ إِلَّا قَلِيلٗا ۝٢ نِّصۡفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصۡ مِنۡهُ قَلِيلًا ۝٣ أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ۝٤ إِنَّا سَنُلۡقِي عَلَيۡكَ قَوۡلٗا ثَقِيلًا ۝٥﴾ **المزمـل**، ئنجـا دوایـی سـوورەتی (**المدثـر**) دابەزیبـێ، چونکـە لـە سـوورەتی (**المدثـر**)دا دەفەرمـوێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ ۝١ قُمۡ فَأَنذِرۡ ۝٢﴾ **المدثر**، ئـەی ئـەو کەسـەی خـۆت لـە نوێنـەوە پێچـاوە! هەڵسـەو خەڵـك بترسـێنەو ئاگاداریان بکـەرەوە، بـەڵام سـوورەتی (**المزمـل**) تەنیـا فەرمانکردنـە بـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەك خـودی خـۆی، لـە ڕووی شـەو نوێـژو پەرستشـی زیاتـرو قوڕئانخوێندنـەوە، کـە پەیوەندیـی خـۆی زیاتـر لەگـەڵ خـوادا مەحکـەم بـکات، دوایـی لـە قۆناغێکـی دیکـەدا سـوورەتی (**المدثـر**) دابەزیـوە.

هەروەهـا پێـم وایـە ئـەم سـوورەتە ماوەیـەك دواتر دابەزیبـێ، نـەك وەك جابیری کـوڕی زەیـد دەڵـێ: دووەمیـن سـوورەت بـێ، مـن پێـم وایـە ماوەیەکـی پێیچـووە تاکـو دابەزیـوە، (**المزمـل**) و (**المدثـر**) هاتـوون، ڕەنگـە سـوورەتی دیکـەش دابەزیـبن، دەگونجـێ ئـەم سـوورەتە بـە پێـی ئێوەڕۆکەکـەی کـە تەماشـای دەکەیـن، کاتێـك بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ دابەزیبـێ، کـە خـۆی و هاوەڵانـی گەیشـتبنە قۆناغێکـی سـەخت و دژوار، هەووەهـا سـوورەتی (**العلـق**) یـش، هەرچەنـدە پێنـج ئایەتەکـەی سـەرەتای یەکەمیـن ئایەتێکـن دابەزیبنـە سـەر دڵـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، بـەڵام ئایەتەکانـی دوایـی، ئەگـەر سـەرنجیان بدەیـن: دەزانیـن دواتـر دابەزیـون، ئەمـەش دەقـی کـۆی ئایەتـەکانی ئـەو سـوورەتەیە: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢

﴿اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ (٥) كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَىٰ
(٦) أَن رَّآهُ اسْتَغْنَىٰ (٧) إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ الرُّجْعَىٰ (٨) أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَىٰ (٩) عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰ (١٠)
أَرَأَيْتَ إِن كَانَ عَلَى الْهُدَىٰ (١١) أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَىٰ (١٢) أَرَأَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ (١٣) أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ اللَّهَ يَرَىٰ
(١٤) كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ (١٥) نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ (١٦) فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ (١٧) سَنَدْعُ
الزَّبَانِيَةَ (١٨) كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِب (١٩)﴾ **العلق**.

هەر دیارە ئەو ئایەتانەی دوایی سوورەتی (**العلق**): (٦ - ١٩)، کاتێك دابەزیون کە پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتۆتە نێو بگرەو بەردە، لەگەڵ ئەهلی کوفرداو، کەوتۆتە حاڵەتی هەڕەشە لێکرانەوەو، بەسەرهاتەکەی لە سیرەی ئیبنو هیشامیش دا هاتوە.

بۆیە من پێم وایە هەر کام لە سوورەتەکانی (**المزمل**) و (**المدثر**) بە دوای یەکدا پێش سوورەتی (**القلم**) دابەزیون، وەك لە سیرەی ئیبنو هیشام و، لە صەحیحی بوخارییشدا هاتوە.

کەواتە: ئەوەی هەندێك لە زانایان دەیڵێن، مەرج نیە بە ڕەهایی وەربگیرێ، ئەوانیش ئەگەر شتێکیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ بیستبێ، ئەگەرنا کەوتۆتە سەر تێوەڕامانی خۆیان و، هەڵسەنگاندنی خۆیان، کە ئایا ئەو سوورەتە دەگونجێ کەی دابەزیبێ، کامیان پێش کامیان بێ و، کامیان دوای کامیان بێ؟ هەر بۆیەش ڕیزکردنی سوورەتەکانی قورئان بە پێی ڕیزبەندیی دابەزینیان نیە، بەڵکو بە هەندێك ئیعتیباری دیکەیە، یەکێك لە ئیعتیبارەکان بریتیە لە قەبارەی سوورەتەکە، سوورەتی (**الفاتحة**) دیارە کە وەك سەردێڕو پێڕستی قورئان وایە، بۆیە لە پێشەوەیە، دوای وی لە ڕووی قەبارەوە سوورەتی (**البقرة**)یان داناوە، کە لە هەموویان گەورەترە، هەڵبەتە دوایی سوورەتی (**النساء**) لە (**آل عمران**) گەورەترە، بەڵام (**آل عمران**) پێشخراوە، چونکە دەگونجێ لە ڕووی ڕیزبەندیی دابەزینەوە، پێش (**النساء**) کەوتبێ، ئنجا (**النساء**) و (**المائدة**)، ئنجا سوورەتە

مەككییـەكانی: **(الأنعـام)** و **(الأعـراف)** لـە ڕووی قەبـارەوە گەورەتـرن، یانـی: ڕیزكردنـی سـووڕەتەكان لـە موصحەفدا زیاتـر، تەماشـای قەبارەیـان كـراوە، ئەگەرنـا تەماشـای ڕیزبەندیـی دابەزینیـان بكردایـە، دەبووایـە سـووڕەتەكانی: **(البقـرة، آل عمـران، النسـاء، المائـدة)** كەوتبانـە دواتـر.

پێنجەم: نێوەڕۆكی:

ئـەم سـووڕەتە بـە گشـتیی هەمـان نێـوەڕۆك و سرووشـتی قوڕئانـی مەككەیـی هەیـە، دەتوانیـن بڵێیـن: پەنجـاو دوو (٥٢) ئایەتەكـەی ئـەم سـووڕەتە موبارەكـە بـۆ سـێ تـەوەر دابـەش بـوون:

تـەوەری یەكـەم: ئایەتەكانـی: (١ - ١٦)، باسـی پێغەمبەرایەتیـی موحەممـەد ﷺ و، پووچەڵكردنـەوەی تۆمەتـی ناحەزانـی، كـە بـە شـێت و سـەرگەردانیان دانـاوە، لـە میانـی ئەمەشـدا باسـی بابایەكـی ملهـوڕ لـە كافـرەكان كـراوە، كـە نـۆ سـیفەتی زۆر خراپـی لـێ هەڵـدراون، ئایەتەكانـی خـوای بـە ئەفسـانەی پێشـینان دانـاون و خـواش هەڕەشـەی نیشـانە لەسـەر لـووت دانانـی لـێ دەكات: ﴿سَنَسِمُهُۥ عَلَى ٱلْخُرْطُومِ ١٦﴾.

تـەوەری دووەم: ئایەتەكانـی: (١٧ - ٣٣)، كـە دەكاتـە حەڤـدە (١٧) ئایـەت و، باسـی بەسـەرهاتی خاوەنانـی باخەكەیـە، كە چـۆن ویسـتوویانە بەر لـەوەی هەژاران و نـەداران پـێ بزانـن، بەرهەمـی باخەكەیـان بچنـن و ببـڕن، بـەڵام كاتێـك ئـەوان لـە شـیرینی خـەو دابـوون، خـوا ﷻ بەڵایەكـی بـۆ باخەكەیـان نـاردوە، بەڵایەكـی وێرانكـەرو، باخەكـە بۆتـە زەوییەكـی ڕووتەنـی سـووتماك و هەرچـی بەرومیـوەی هەبـووە، سـووتاوەو بووەتـە قەرەبـرووت، ئەوانیـش دوایـی پەشـێمان بونـەوەو، ئومێدیـان خواسـتوە كـە خـوای كاربەجـێ باشـتر لـە باخەكەیانیـان پـێ بـدات.

تەوەری سـێیەم: ئایەتەكانی: (٣٤ - ٥٢)، ئەو نۆزدە (١٩) ئایەتە، چەند مەسـەلەیەكی جـۆراو جـۆری تێـدان، بـەڵام لـە بازنـەی باسـی ڕۆژی دواییـدا، كـە بێبڕوایـان، ڕەنجەڕۆ

دەبن و، لە کۆتاییشدا ئامۆژگاریی خوا بۆ پێغەمبەر ﷺ کە خۆڕاگر بێ، لە هەڵوێستی پەلەکردن و کەم تەحەممولانەدا وەك یونووس عليه السلام نەبێ: ﴿ فَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلْحُوتِ إِذْ نَادَىٰ وَهُوَ مَكْظُومٌ ﴿٤٨﴾ ﴾، دواییش جارێکی دیکە خوای بەرز لەم ئایەتەدا گەڕاوەتەوە بۆ سەر ئەسڵی مەبەست، کە سوورەتەکە پێی دەست پێکرد، کە دژایەتی کافرەکانە بۆ قورئان و، بۆ پێغەمبەری خواش ﷺ.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئێمە هەشت تایبەتمەندییمان لێ خستوونەتە ڕوو:

تایبەتمەندیی یەکەم: تەنیا لەم سوورەتەدا خوا ﷻ سوێندی خواردوە بە قەڵەم و بەوەی پێی دەنووسرێ، سوێند لەسەر خوراوەکەش (**المقسم عليه**) ئەوەیە کە موحەممەد ﷺ شێت نیە، وەك ناحەزانی گوتوویانە، ئەمە لە ئایەتەکانی: (١ - ٢) ی سەرەتادا هاتوە.

تایبەتمەندیی دووەم: تەنیا لەم سوورەتەدا پێغەمبەری خوا موحەممەد ﷺ پێناسەکراوە بەوەی: بێگومان تۆ لەسەر ڕەوشتێکی مەزنی، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾.

تایبەتمەندیی سێیەم: تەنیا لەم سوورەتەدا یەکێك لە ناحەزانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە نۆ (٩) سیفەتی خراپ وەسف کراوە بە دوای یەکدا، لە ئایەتەکانی: (١٠ - ١٣).

تایبەتمەندیی چوارەم: بەسەرهاتی هاوەڵانی باخەکە (**أصحاب الجنة**) تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە، لە ئایەتەکانی: (١٧ - ٣٣) دا.

تایبەتمەندیی پێنجەم: تەعبیری: ﴿ يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ ﴾، ئەو ڕۆژەی لاق وەدەردەخرێ (یان لوولاق وەدەردەخرێ)، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە لە

ئایەتـی ژمـارە (٤٢)دا، کـە زانایـان مشـت و مڕیـی زۆریـان لەسـەری بـووە: ئایـا ئەمـە مەبەسـت پێـی سـیفەتێکی خوایـە، یاخـود تەعبیرێکـە عـەرەب بەکاریـان هێنـاوە بـۆ کاتـی تەنگانـەو سـەغڵەتیی؟ دوایـی باسـی دەکەیـن.

تایبەتمەندیـی شەشـەم: تەعبیـری: ﴿ فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلۡحُوتِ إِذۡ نَادَىٰ وَهُوَ مَكۡظُومٞ ﴿٤٨﴾ ﴾، وەك هاوەڵـی نەهەنگەکـە مەبـە، کـە مەبەسـت یونووسـە عليه السلام، تەنیـا لـەم سـوورەتەدا هاتـوە، لـە ئایەتـی ژمـارە (٤٨) دا.

تایبەتمەندیـی حەوتـەم: تەعبیـری: ﴿ وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزۡلِقُونَكَ بِأَبۡصَٰرِهِمۡ لَمَّا سَمِعُواْ ٱلذِّكۡرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجۡنُونٞ ﴿٥١﴾ ﴾،

تەنیـا لـەم سـوورەتەدا هاتـوە، لـە ئایەتـی ژمـارە (٥١)دا، واتـە: ئەوانـەی بێبـڕوان خەریکـن بـە چاوەکانیـان بتخلیسـکێنن (یاخـود بتفەوتێنـن)، کاتێـك کـە گوێبیسـتی قورئـان دەبـن.

تایبەتمەندیی هەشتەم: چەند وشەیەك تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوون:

یەکەم: ﴿ ٱلۡمَفۡتُونُ ﴿٦﴾ ﴾ بە مانای جادوو لێکراو، یاخود شێت، یان دەست لێ وەشێنراو.

دووەم: ﴿ هَمَّازٖ ﴿١١﴾ ﴾ عەیب لە خەڵکگر، ئنجا چ لە پاشەملە، چ بەرەو ڕوو، زانایان لەوەدا ڕاجیاییان هەیە.

سێیەم: ﴿ مَّشَّآءِۭ بِنَمِيمٖ ﴿١١﴾ ﴾ واتە: دووزمان، یان دووڕوو، یان قسەهێنەرو قسەبەر، (نـَمِيْم: **مَنْ نَمَّ لَكَ، نَمَّ عَلَيْكَ**)، (**نميم**): قسە هێنان و بردن، (**مَشَّاء بنَمِيم**) واتە: ئەو کەسەی قسە دەهێنێ و دەبات.

چوارەم: ﴿ زَنِيمٍ ﴿١٣﴾ ﴾ واتە: ناڕەسەن، یاخود: خاوەن زەنەم، واتە: شتێك کە پێیدا شۆڕ بووبێتەوە، وەك ئەوەی بەلای گوێی مەڕدا شۆڕ دەبێتەوە.

پێنجەم: ﴿ سَنَسِمُهُۥ عَلَى ٱلْخُرْطُومِ ﴿١٦﴾ ﴾ واتە: نیشانە لەسەر لووتی دادەنێین، **(الخرطوم)** بە مانای لووتی فیلە، بەڵام لێرەدا دەگونجێ ئەو کەسە لووتی مەیلەو درێژ بووبێ، واتە: ئەو لووتە درێژەی، وەك هی فیلە، نیشانەی لەسەر دادەنێین، دەشگونجێ ئەمە هەر تەعبیرێکی مەجازیی بێ، وەك یەکێك بە یەکێك دەڵێ: دوایی داغت دەکەم، مەرج نیە داغی بکات، یانی زەبرێکت لێ دەدەم.

شەشەم: ﴿ كَٱلصَّرِيمِ ﴿٢٠﴾ ﴾، واتە: باغی بڕدراوو چندراو، میوەکەی لێ کرابێتەوە، هەندێکیش گوتوویانە: وەك بەرە بەیان، هەندێك گوتوویانە: وەك شەو.

حەوتەم: ﴿ صَٰرِمِينَ ﴿٢٢﴾ ﴾، باغەکە، بڕەرانی میوەکەی.

هەشتەم: ﴿ حَرْدٍ ﴿٢٥﴾ ﴾، بە مانای چنینی باغ، یان بە مانای تووڕەبوون دێ.

نۆیەم: ﴿ زَعِيمٌ ﴿٤٠﴾ ﴾، بە مانای کەفیل و ئۆباڵدار دێ.

دەیەم: ﴿ مَكْظُومٌ ﴿٤٨﴾ ﴾، واتە: کەسێك زۆر دڵی پڕ خەفەت و داخەو، خەفەت و داخەکەی لە نێو دڵی خۆیدا قەتیس کردوەو، گرتوویەتی تاکو دەرنەچێ.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

ئێمە بە پێی تەوەرو نێوەڕۆکی ئایەتەکان دابەشمان کردوە بۆ سێ دەرس:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ١٦)، کە نێوەڕۆکەکەیان بریتیە لە جەختکردنەوە لەسەر پێغەمبەرایەتیی موحەممەد ﷺ و بەرپەرچدانەوەی پڕوپاگەندەی ناحەزانی و، هۆشداریی دان بە پێغەمبەر ﷺ کە بەقسەی ناحەزانی نەکات و، نەکەوێتە ژێر کاریگەرییان، وەسفکردنی بەشێك لە ناحەزانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە نۆ (٩) سیفەتی زۆر خراپ.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (١٧ - ٣٣)، باسی خاوەنانی باخەکەیە، کۆمەڵە خەڵکێك بوون باخێکیان هەبووە دوایی بەسەرهاتەکەیان دێنین کە بڕیاریان

داوە حاصـڵات و میـوەو بەرهەمـی باخەکەیـان بچنـن، بـەر لـەوەی هـەژار و نـەدارەکان بەسـەریان وەربـن، سـەرەنجام ناردنـی خـوا ﷻ بـۆ بەڵایەکـی دەوەردەر لـە کاتێکـدا ئـەوان لـە شـیرینی خـەو دابـوون و، سـزا درانیـان و لـە بەیـن چوونـی باخەکەیـان، باخەکەیـان وەك دەشـتێکی سـوورو سـەقەتاڵە، یاخـود پەرێزێـك کـە هیچـی لـێ نەمابێـت، یاخـود سـووتماتێك شـوێنێك کـە سـووتاوە ئـاوای لێهاتـوەو، پەشـێمان بوونەوەیـان و، داواکردنیـان لـە خـوا ﷻ کـە لـە باخەکەیـان باشـتریان پـێ بـدات.

دەرسـی سـێیەم: ئایەتەکانـی کۆتایـی (٣٤ - ٥٢) پێکهاتـوە، باسـی سـەرەنجامی خێـری پارێـزکاران و، یەکسـان نەبوونـی مسـوڵمانان لەگـەڵ تاوانبارانـدا و، پووچەڵکردنـەوەی قسـەی بێبڕوایـەکان لـەو بـارەوەو، سـەرەنجامی شـوومی چاوەڕێکەریـان هـی بێبڕوایـان و، ئامۆژگارییکردنـی خـوا بـۆ پێغەمبەرەکـەی ﷺ کـە خۆڕاگـرو پشـوو درێـژ بـێ و وەك یونـوس نەبـێ کـە لـە هەڵوێسـتێکی دا پەلـەی کرد و تەنگـە پرێسـکە بـوو، بۆیـە خـوا لـە زاری نەهەنگـدا بەنـدی کـرد، وەك سـزادانێك، بـەڵام دوای ئـەوە گەڕایـەوە بـۆ لای خـوای پـەروەردگارو، پاکیـی بـۆ خـوا دەربـڕی و، دانـی بـە هەڵـەی خـۆی داهێنـا، خـوا ﷻ دەرووی خێـری لـێ کـردەوەو.

هەروەهـا دەرخسـتنی ئەوپـەڕی ڕق و کینـەی بێبڕوایانـی ناحـەزی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بەرانبـەری، کـە تەنانـەت خەریکـن بـە نیـگای چاوەکانیـان هەڵیخلیسـکێنن، یاخـود ئەوەنـدە بـە ڕقـەوە تەماشـای دەکـەن، دەیانـەوێ هـەر بـە چاوەکانیـان بیفەوتێنـن، یاخـود بیخلسـکێنن و تووشـی ئـازارو ناڕەحەتیـی بکـەن.



دەرسی یەکەم



پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە شازدە (١٦) ئایەتی سەرەتای سوورەتی **(القلم)** پێك دێ، لەو شازدە (١٦) ئایەتەدا، خوا ﷻ نۆ (٩) بابەتی گەورەو گرنگی پەیوەست بە پێغەمبەرایەتیی موحەممەد ﷺو پەیامەکەیەوە، دەخاتەڕوو:

بابەتی یەکەم: لە ئایەتەکانی: یەك و دوو (١ - ٢)دا، خوا ﷻ سوێند دەخوات بە قەڵەم و بەوەی پێی دەنووسن، کە ئەی موحەممەد ﷺ! تۆ بە هۆی چاکەی پەروەردگارتەوە شێت نی، چونکە کافرەکان هیچ ڕەخنەو گلەیی و تێبینییەکان لەسەر موحەممەد ﷺ نەبوو، هەتا نەیفەرموو: من پێغەمبەرم، ئنجا بەهۆی پێغەمبەراتییەکەوە تۆمەتی، شێتیی و جادووگەریی و فاڵچیەتیی و شاعیرییان دەدایە پاڵ، بۆیە خوای بێ هاوتا دەفەرموێ: تۆ بەهۆی چاکەی پەروەردگارتەوە «کە پلەی پێغەمبەرایەتییە» شێت نی، ئەمەش یەکێکە لە واتایەکانی ئەو ئایەتە.

بابەتی دووەم: کە لە ئایەتی ژمارە سێ (٣)دا هاتوە، خوای بێ وێنە بە پێغەمبەری خاتەم ڕادەگەیەنێ: تۆ پاداشتێکی بێ کۆتایی و نەبڕاوەت هەیە، کە بە دڵنیایی مەبەست پێی پاداشتی ڕۆژی دواییە، هەرچەندە لە دنیاشدا خوای بەخشەر پێغەمبەری خاتەمی پاداشت کردوەو، پاداشتی داوەتەوەو سەری خستوەو، ئەو پەیامەی پێیدا ناردوە بۆی چەسپاندوە، بەڵام پاداشتی نەبڕاوە، دەبێ هەر لە ژیانێکی نەبڕاوەدا بێ کە ڕۆژی دواییە.

بابەتی سێیەم: کە لە ئایەتی ژمارە (٤)دا هاتوە، ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە مەزنەیە کە پێغەمبەری خاتەم **(علیه الصلاة والسلام)** لەسەر ڕەوشت و ئاکارێکی یەکجار مەزن و بەرزە: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾.

بابەتی چوارەم: کە لە ئایەتەکانی: پێنج و شەش (٥ و ٦)دا هاتووە، ئەوەیە کە خوای زاناو توانا بەڵێن بە پێغەمبەرەکەی دەدات: ﴿فَسَتُبۡصِرُ وَيُبۡصِرُونَ ۝٥ بِأَييِّكُمُ ٱلۡمَفۡتُونُ ۝٦﴾، تۆش دەبینی و ئەوانیش دەبینن، کامەتان جادوو لێکراوە، کامەتان سەرگەردان و سەر لێشێواو و شێتە؟! وشەی (**المفتون**) بە هەموو ئەو واتایانە هاتوە.

بابەتی پێنجەم: کە لە ئایەتی ژمارە حەوت (٧)دا هاتووە، ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە تەنیا خوا ﷻ دەزانێ کێ لە ڕێی ئەو لایداوەو، بەس ئەویش زانایە بە ڕێ ڕاستگرتووان: ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ۝٧﴾.

بابەتی شەشەم: کە لە ئایەتەکانی: هەشت و نۆ (٨ و ٩)دا هاتووە، ئەوەیە کە خوا ﷻ لە پێغەمبەری خۆی ﷺ قەدەغە دەکات، بە قسەی بێبڕوا بە درۆ دانەرەکانی پەیامی خواو کتێبی خواو دیداری خوا بکات، کە ئەگەر پێغەمبەر ﷺ نەرمکێشیی بکات، ئەوان ئامادەن نەرمکێشیی بکەن، چونکە کەسێك کە لەسەر ناهەق و باتیڵە، زۆر دەربەست نیە، دەستیشی لێ هەڵبگرێ، یاخود واز لە هەندێکی بهێنێ، بەڵام ئەهلی هەق ئامادەنین دەستبەرداری تۆزقاڵێك لە هەقەکەی خۆیان بن، بە ڕێککەوتن و هەقی نیوەچڵ ڕازی نین و، بە: (**أنصاف الحلول**) ڕێککەوتن لەوەدا کە لە نێو قەدێ، بگەنە یەکدی، ڕازی نین.

بابەتی حەوتەم: کە لە ئایەتەکانی: دە تاکو چواردە (١٠ - ١٤)دا هاتووە، وەسفکردنی هەندێك لە ناحەزانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە نۆ (٩) سیفەتی زۆر خراپ: ﴿وَلَا تُطِعۡ كُلَّ حَلَّافٖ مَّهِينٍ ۝١٠ هَمَّازٖ مَّشَّآءِۭ بِنَمِيمٖ ۝١١ مَّنَّاعٖ لِّلۡخَيۡرِ مُعۡتَدٍ أَثِيمٍ ۝١٢ عُتُلِّۭ بَعۡدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ ۝١٣ أَن كَانَ ذَا مَالٖ وَبَنِينَ ۝١٤﴾.

سیفەتی یەکەم و دووەم: ﴿وَلَا تُطِعۡ كُلَّ حَلَّافٖ مَّهِينٍ﴾، بەقسەی هەر زۆر سوێند خۆرێکی سووك و بێ بایەخ مەکە.

سیفەتی سێیەم: ﴿هَمَّازٖ﴾، عەیبگرو ڕەخنەگر لە خەڵك، یاخود شکێنەری خەڵك لە پاشەملە یاخود بەرەو ڕوو.

سیفەتی چوارەم: ﴿مَّشَّآءِۭ بِنَمِيمٍ﴾، دوو زمانیی دەکات، قسە لە نێوان خەڵکی دا دێنێ و دەبیات.

سیفەتی پێنجەم: ﴿مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ﴾، خێرو چاکە لە خەڵك دەگرێتەوەو زۆر دەست دەگرێتەوە، لەوەی خێرو چاکە تووشی خەڵك بکات، ئنجا ئەمە دەگونجێ مەبەست خێری ماددیی بێ، واتە: ماڵ و سامان لە خەڵك دەگرێتەوەو هاوکارییان ناکات، دەشگونجێ (خَیر) مەبەست پێی چاکەی مەعنەویی بێ، واتە: زۆر ڕێگرە لە خەڵك کە تووشی خێرو چاکەی مەعنەویی بین، کە ڕووکردنە ئیسلامە.

سیفەتی شەشەم: ﴿مُعْتَدٍ﴾، تێپەڕێنەرە، سنووربەزێنە، بۆ مافی ئەوانی دیکە پێشێلکەرە.

سیفەتی حەوتەم: ﴿أَثِيمٍ﴾، زۆر گوناحکارە.

سیفەتی هەشتەم: ﴿عُتُلٍّ﴾، چەند واتایەکیان بۆ هێناون: بۆ وێنە: دڵڕەق، زۆرخۆر، واتە: هەم بە هەندێك سیفەتی مەعنەویی خراپیان مانا کردوە، هەم بە هەندێك سیفەتی بەرهەستی خراپ.

سیفەتی نۆیەم: ﴿زَنِيمٍ﴾، واتە: ناڕەسەن، یاخود کەسێکە کە زەنەمەی هەیە، وەك چۆن مەڕ پارچە گۆشتێك بە لای گوێیدا بەربۆتەوە، ئەو کەسەش دیارە ئەو نیشانەیەی هەبووە، دەشگونجێ (زنیم): سیفەتێکی مەعنەویی بێ، واتە: ناڕەسەنە، ڕەسەن نیەو نانەجیبە، ئنجا ئایا ئەوە کەسێکی دیارییکراو بووە، یان چەند کەسێکی دیارییکراو بوون؟ دوایی باسی دەکەین، مەرج نیە تەنیا یەك کەسی دیارییکراو بووبێ، چونکە لەو بارەوە کە ئایا مەبەست پێی ئەبوو جەهلە، یان وەلیدی کوڕی موغیرەیە، یان ئەزری کوڕی حاریسە؟ خوای بەرز دەری نەخستوە، بۆیە دەگونجێ بەسەر زیاتر لە کەسێکدا - هەر کەسێك خاوەنی ئەو سیفەتانە بێ - بچەسپێ.

ئنجا خوای پەروەردگار باسی ئەوە دەكات: ﴿ أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ ﴾، واتە: بەهۆی ئەوەوە كە خاوەنی ماڵ و سامان و خاوەنی كوڕان و قەڕەباڵغییە، بە قسەی مەكەو فەرمانبەریی بۆ مەكە، ئنجا ئەو كەسە عادەتی وابووە: ﴿ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٥﴾ ﴾،

كاتێك ئایەتەكانی ئێمەی بەسەردا بخوێندرێنەوە دەڵێ: ئەفسانەی پێشینانە، لە كۆتایی دا خوای دادگەر دەفەرموێ: ﴿ سَنَسِمُهُۥ عَلَى ٱلْخُرْطُومِ ﴿١٦﴾ ﴾.

ئێمە نیشانە لەسەر لووتی دادەنێین، ئەمەش هەم دەگونجێ مەبەست پێی ڕواڵەتی واتایەكەی بێ، وەك باوەو گوتراوە: لووتی بە برین بچێ، هەندێك دەڵێن: لە جەنگی بەدردا شمشێر بەر لووتی كەوتووەو، دەشگونجێ مەبەست پێی مانا مەعنەوییەكەی بێ، وەك یەكێك بە یەكێك دەڵێ: داغت دەكەم، یان گوێت دەبڕم، بێگومان مەبەست پێی مانا ڕواڵەتییەكەی نیە واتە: زەبرێكت لێ دەدەم و تووشی ئازارێكت دەكەم.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ نٓ وَٱلْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ﴿١﴾ مَآ أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ ﴿٢﴾ وَإِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ
﴿٣﴾ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ ﴿٥﴾ بِأَييِّكُمُ ٱلْمَفْتُونُ ﴿٦﴾ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ
أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿٧﴾ فَلَا تُطِعِ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿٨﴾ وَدُّوا۟ لَوْ تُدْهِنُ
فَيُدْهِنُونَ ﴿٩﴾ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ هَمَّازٍ مَّشَّآءٍۭ بِنَمِيمٍ ﴿١١﴾ مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ
﴿١٢﴾ عُتُلٍّۭ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ ﴿١٣﴾ أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ ﴿١٤﴾ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ
أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٥﴾ سَنَسِمُهُۥ عَلَى ٱلْخُرْطُومِ ﴿١٦﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە، نوون، سوێند بە قەڵەم و بەوەی دەینووسن ﴿١﴾ تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ!) بەهۆی چاکەی پەروەردگارتەوە (کە پێغەمبەرایەتییە) شێت نی ﴿٢﴾ بێگومان پاداشتێکی نەبڕاوەشت هەیە لە ڕۆژی دوایی دا ﴿٣﴾ بەڕاستیی تۆ لەسەر ڕەوشت و ئاکارێکی مەزنی ﴿٤﴾ لەمەودوا تۆش دەبینی و ئەوانیش دەبینن ﴿٥﴾ شێتیی و (سەرگەردانیی) لە کامتان دایە! ﴿٦﴾ بە دڵنیایی پەروەردگارت خۆی زاناترە بەو کەسەی لە ڕێی ئەو ون بووە (و لایداوە) ﴿٧﴾ ئەویش بە ڕێی ڕاستگرتووان زاناترە ﴿٨﴾ ئنجا (ئەی موحەممەد ﷺ!) بە قسەی بەدرۆ دانەران مەکە (گوێڕایەڵییان مەکە) ﴿٩﴾ حەزیان کرد نەرمکێشیی بکەی و ئەوانیش نەرمکێشیی بکەن ﴿١٠﴾ هەروەها گوێڕایەڵی هەر زۆر سوێند خۆرێکی سووکەڵە (و ڕیسوا) مەبە ﴿١١﴾ زۆر غەیبەتکەری قسە هێنەرو بەر ﴿١٢﴾ زۆر دەستگرەوە لە خێرو چاکە ﴿١٣﴾ سنوورشکێنی گوناحبار، زبرو ناقۆڵاو، دوای ئەوەش ناڕەسەن ﴿١٤﴾ (بەقسەی مەکە) لە سۆنگەی ئەوەوە کە خاوەنی سامان و کوڕانە ﴿١٥﴾ کاتێک ئایەتەکانمانی بەسەردا خوێنرانەوە، گوتی: ئەفسانەکانی پێشینانە ﴿١٦﴾ لەمەودوا سەر لووتی نیشانەدار دەکەین ﴿١٦﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(غَيْرَ مَمْنُونٍ): (**أَي: غَيْـرَ مَعْـدُودٍ، أَوْ بِغَـيْرِ حِسَـابٍ، أَوْ غَـيْرَ مَقْطُـوعٍ وَلَا مَنْقُـوص**)، (غَيْرَ مَمْنُونٍ): بـە چەنـد تەعبیرێـك واتـا کـراوە: نەژمێـردراو، بەبـێ ژمـاردن، بـێ کۆتایـی و بـێ ئـەوەی کـەم و کورتیـی تێدا هەبێ، وشـەی (**مَمْنُـون**) لـە ئەصڵـدا لـە وشـەی (**مَنّ**) هاتـوە، بـە مانـای (**قَطْـع**) بڕیـن، کەواتـە: (**غَيْـرَ مَمْنُـون**)، واتـە: (**غَيْـرَ مَقْطُـوعٍ**)، یاخـود نەژمێـردراوو حیسـاب نەکـراوە (**بِغَـيْرِ حِسَـابٍ**).

(خُلُقٍ): (**الخَلْـقُ وَالْخُلُـقُ: فِي الأَصْـلِ وَاحِـدٌ كَالـشَّرْبِ وَالـشُّرْبِ، وَالـصَّرْمِ وَالـصُّرْمِ، لَكِـنْ خُـصَّ الْخَلْـقُ بِالأَشْـكَالِ، وَالصّـورِ المُدْرَكَـةِ بِالْبَـصَرِ، وَخُـصَّ الْخُلُـقُ بِالقِـوَى وَالسَّجَايَا المُدْرَكَـةِ بِالْبَصِيرَةِ**)، وشـەی (**خَلْقُ وخُلُقُ**) لـە ڕیشـەدا یەکن، وەك (**شَرْب وشُرْب**) کـە هەردووکیـان بـە مانـای خواردنـەوە دێـن، (**صَرْم وصُرْم**) هەردووکیـان بـە مانـای بڕیـن یـان چنیـن دێـن، بـەڵام وشـەی (**خَلْـق**) تایبـەت کـراوە بـەو وێنـەو دیمەنانـەوە کـە بـە چـاو دەبینرێـن، وشـەی (**خُلُقِ**)یـش تایبەتکـراوە بـەو هێـزو ئاکارانـەوە کـە بـە چـاوی عەقـڵ هەسـتیان پـێ دەکـرێ، واتـە: شـتی مەعنەوییـن.

کەواتـە: (**خُلُـق**) واتـە: ئـاکارو ڕەوشـتێك کـە بـە عەقـڵ و فیکـر لـە مرۆڤـدا دەبیـنرێ، هـەروەك لـە فەرمایشـتی پێغەمبەریشـدا ﷺ هاتـوە، کـە تەماشـای ئاوێنـەی کـردوە فەرموویەتـی: {**اللَّهُـمَّ كَمَا أَحْسَـنْتَ خَلْقِـي فَحَسِّـنْ خُلُقِـي**} (**أخرجه ابـن حبـان: ٩٥٩، قـال شـعيب الأرنـؤوط: حديـث صحيـح بشـاهده**)، ئـەی خوایـە! وەك چـۆن شـێوەو دیمەنـت جـوان کـردووم، ڕەوشـت و ئاکاریشـم جـوان و پەسـەند بکـە.

(الْمَفْتُونُ): سـەرگەردان، یـان سـەرگەردانکراو، یـان جـادوو لێکـراو، (**الْفِتْنَـةُ: كَقَوْلِـكَ لَيْـسَ لَـهُ مَعْقُـولٌ، أَي: عَقْـلٌ**)، (فتنـة) وەك ئـەو قسـەیەتە: (**لَيْـسَ لَـهُ مَعْقُـولٌ**)، (**مَعْقُـولٌ**): مەبەسـت پێـی عەقڵـە، واتـە: عەقڵـی نیـە، (**مَيْسُـور**)یش یـانی:

ئاسانکراو، کە بە مانای (**یُسْـر**) دێ، واتـە: ئاسـانیی و، (**مَعْسُـور**) بـە مانای (**عُسْـر**) دێ واتـە: زەحمەتیـی، لێرەشـدا (**مَفْتُـون**) بـە مانـای (**فِتْنَـة**) دێ، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ بِأَييِّكُمُ ٱلْمَفْتُونُ ﴾، کامتـان فیتنـەن، یـان کامتـات سـەرگەردانیی و سەرلێشـێواویی، یاخـود شـێتیی و نەفامیـی تێدایـە.

(تُدْهِنُ): (**الإِدْهَـانُ مِثْـلُ التَّدْهِـين، أَدْهَنَـهُ أَدْهَـنَ يُدْهِـنُ، دَهَّـنَ يُدَهِّـنُ، الْمُدْهَـنُ مَـا يُجْعَـلُ فِيـهِ الدُّهْـنُ**)، (**إدهـان**) وەک (**تدهیـن**) ە- لەمانـادا- (**أدْهـن يُدهـن**) (**دَهَّـن يُدَهِّـن**) وەک یەکن،(**مُدْهَـنُ**) شـتێکە چـەور بکـرێ، یاخـود ڕۆنـی تـێ بـدرێ، (**لَكِـنْ جُعِـلَ عِبَـارَةً عَـنِ الْمُـدَارَاةِ**)، بـەڵام دوایـی بـە مانـای مـودارا و سـاچاندن و هەڵکـردن، دێ.

چونکـە ئەگـەر بویسـترێ شـتێك نـەرم بکرێتـەوە، چـەور دەکـرێ و ڕۆنـی لـێ دەدرێ، پێسـت کـە وشـك دەبێتـەوە، یـان هـەر شـتێکی دیکـە بـۆ ئـەوەی نـەرم بێتـەوە، ڕۆنی تـێ دەدەن، واتـە: بێبڕوایـەکان خۆزگـە دەخـوازن کـە تـۆ نەرمکێشـیی بکـەی و لەگەڵیانـدا گونجـاو بـی، بچیـە سـەر ڕێـی ئـەوان، ئەوانیـش بـە هەمـان شـێوە لەگـەڵ تـۆدا گونجـاو دەبـن و دێنـە سـەر ڕێـی تـۆ، ئـەوان بـە ئاسـانیی دەسـتبەرداری باتیڵەکـەی خـۆی دەبـن، ئەگـەر تـۆ تۆزێـك دەسـتبەرداری بەشـێك لـە هەقەکـەی خۆتیـی.

(حَلَّافٍ): زۆر سـوێند خـۆر، (**يَعْنِـي مِكْثَـارٍ مِـنَ الْحَلِـف، وَشيءٌ مُحْلِـفٌ، أَيْ: يَحْمِـلُ الإِنْسَـانَ عَـلَى الْحَلِـفِ**)، (**حَـلاّف**)زۆر سـوێند خـۆر، ئنجـا دەگوتـرێ: (**شَـيءٌ مُحْلِـفٌ**) شـتێکی سـوێند بـە مـرۆڤ خـۆر یانـی: مـرۆڤ ناچـار بـکات زۆر سـوێندی لەسـەر بخـوات.

(مَهِينٍ): (**الْمَهَانَـةُ: الضَّعْـفُ وَالـذُّل**)، (**مَهانـة**): بـە مانـای کـەم بایەخ و سـووك دێ، چونکـە وشـەی (**مَهَانَـةُ**) بـە مانـای بـێ هێزیـی و زەبوونیـی دێ، کەواتـە: (**مَهِـين**) ئـەو کەسـەیە بـێ هێزیـی و زەبوونیـی تـووش بـووە.

(هَمَّازٍ): (**الْهَمْـزُ كَالْعَـصْرِ، هَمَـزْتُ الـشَّيء فِي كَفِّـي، وَهَمْـزُ الإِنْسَـانِ: اغْتِيَابُـهُ**)، (**همـز**) وەك گوشـین وایـە، (**همز**)یـش مانایەکـەی لـەوەوە نیزیکە، شـتێك لە دەسـتی خۆتـدا، ڕابگووشـی و تێکیبشـکێنی، دەگوتـرێ: (**هَمَـزْتُ الـشَّيء فِي كَفِّـي**) شـتەکەم لـە دەسـتی خۆمـدا گووشـی، یـان وردم کـرد، کـە دەگوتـرێ: (**هَمَـزَ فُـلَانٌ فُلَانـا**) فڵانکـەس غەیبەتـی فڵانکـەسی کـردو پاشـمله شـکاندی، هەندێکیـش گوتوویانـە: (**هَمْـز**) بریتیـە لـەوەی کـە پاشـمله بـێ، بـەڵام (**لَمْـز**) ئەوەیـە بـەرەو ڕوو بـێ، بـەڵام وا پـێ دەچـێ بەپێـی ئـەوەی خـوا ﷻ لـە ئایـەتی (١١)ی سـوورەتی (**الْحُجُـرَات**)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَا تَلْمِزُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ ﴾، ڕووبـەڕوو عەیـب لـە یەکـدی مەگـرن، دیسـان خـوای دادگـەر دەفەرمـوێ: ﴿ وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ۝١ ﴾ **الهمـزة**، لەسـەر کێشـی (**فُعَلَة**)یـە کـە بـۆ زێدەڕۆییـە، واتـە: سـزای سـەخت بـۆ هـەر کەسـێك کـە پاشـمله بـە خراپـە باسـی خەڵـك دەکات و، دەیـەوێ بیانشـکێنێ، ڕووبـەڕووش تانەیـان لـێ دەدات و دەیـەوێ بیانشـکێنێ.

(مَشَّآءٍۭ بِنَمِيمٍ): زۆر قسـە هێنـەر و بـەرە، (**النَّـمُّ: إِظْهَـارُ الْحَدِيـثِ بِالْوِشَـايَةِ وَأَصْـلُ النَّمْنَمَـةِ: الْهَمْـسُ وَالْحَرَكَـةُ الْخَفِيفَـة**)، وشـەی (**نَـمّ**): بریتیـە لـە دەرخسـتنی قسـە بـە شـێوەی گواسـتنەوەی بـۆ کەسـێکی دیکـە بـۆ نێـوان تێکـدان، وشـەی (**نمنمـة**): بـە قسـەی چپـە دەگوتـرێ، هەروەهـا بـە جووڵەیەکـی سـووکیش دەگوتـرێ، کەواتـە: وشـەی (**نَـمَّام**) وەك پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمـوێ: {**لَا يَدْخُـلُ الْجَنَّـةَ نَمَّامٌ**} (**أخرجه مسـلم: ٣٠٣، عَنْ حُذَيْفَـةَ رضي اللـه عنـه**)، (**نمّـام**): کەسـێکە قسـەی کەسـێك بۆ کەسـێکی دیکە دەبـات، بـۆ ئـەوەی نێوانیـان تێکبـدات، بۆیـە گوتـراوە: (**مَـنْ نَـمَّ لَـكَ، نَـمَّ عَلَيْـكَ**)، هەر کەسـێك قسـەی خەڵـك بـۆ تـۆ بێنـێ، هـی تـۆش بـۆ خەڵکـی دەبـات، ئنجـا (**مَشَّـاء**) لـە (**مَـشْي**)ەوە هاتـوە، واتـە: کەسـێك کـە زۆر قسـەی خەڵـك دێنـێ و دەبـات.

(مُعْتَدٍ): (**الإعْتِـدَاءُ مُجَـاوَزَةُ الْحَـدِّ**)، (**إعْتِـدَاءُ**): سنوورشـکاندن و تێپەڕانـدن لـەو سـنوورەی دیارییکـراوە، ئنجـا بـە شـەرع دیارییکرابـێ، یـان بـە عەقـڵ، یـان بـە عـورف.

(أَثِيمٍ): لەسـەر كێشـی (فَعِيـل)ە، وەك: عەزیـز و ڕەحیـم، بـۆ زێدرۆییـە لـە (آثِـم) دا، (آثِـم) بـە مانـای گوناهبـار دێ، (أَثِيـم) یانـی: زۆر گوناهبـار، وەك (رَاحِـم) واتـە: بـە بەزەیـی، بـەڵام (رَحِيـم) واتـە: زۆر بـە بەزەیـی، (الإِثْـمُ وَالأَثَـامُ اسْـمٌ لِلأَفْعَـالِ المُبْطِئَـةِ عَـنِ الثَّـوَابِ)، وشـەی (الإِثْـمُ، وَالأَثَـامُ) نـاون بـۆ ئـەو كردەوانـەی مـرۆڤ لـە پاداشـت دوادەخـەن، واتـە: گونـاه و تـاوان.

(عُتُلٍّ): (الْعَتْـلُ: الأَخْـذُ بِمَجَامِـعِ الـشَّيْءِ وَجَـرُّهُ بِقَهْـرٍ كَعَـتْرِ الْبَعِـيرِ، وَالْعُتُـلُّ: الأَكُولُ المَنُـوعُ الَّـذِي يَعْتِـلُ الـشَّيْءَ عَتْـلا)، (عَتْـل): بریتیـە لـەوەی شـتێك بـەزۆر هەمـووی بگـری و ڕایكێشـی، وەك چـۆن حوشـتر ڕادەكێـشرێ، وشـەی (الْعُتُـلُّ) هـەم بـە مانـای بابایەكـی زۆرخـۆرو، هـەم بـە مانـای كەسـێك كـە تەنیـا بـۆ خـۆی خـواردن قـۆرخ دەكات، زۆر خـۆرەو نایـدات بـە كـەس، (عتـل) بـە كەسـێك دەگوتـرێ كـە سـیفەتی جەسـتەیی خراپـی هەبـێ و، وێـڕای وی، بـە مانـای كەسـێكیش دێ، كـە لـە ڕووی مەعنەوییـەوە سـیفەتی خراپـی هەبـێ، وەك زبریـی و ڕەقیـی.

(زَنِيمٍ): (الزَّنِيـم وَالمُزَنَّـمُ: الزَّائِـدُ فِي الْقَـوْمِ وَلَيْـسَ مِنْهُـمْ، تَشْـبِيهاً بِالزَّنَـمَتَيْنِ مِـنَ الشَّـاةِ وَهُـمَا المُتَدَلِّيتَـانِ مِـنْ أُذُنِهَـا وَمِـنَ الْحَلْـقِ)، (زنیـم و مُزَنَّـم) واتـە: كەسـێك كەلـە كۆمەڵـە خەڵكێـك زیـادەو، لـەوان نیـە، بـەڵام خـۆی بەوانـەوە پەیوەسـت كـردوە، كـە لێـرەدا چوێـنراوە بـەو دوو پارچـە گۆشـتە زیـادەی بـەلای گوێـی مـەڕدا دێنـە خـوارێ، یـان جـاری وایـە بـەلای قوڕگیـدا، دێنـە خـوار.

هەندێـك لـە ئـاژەڵان گۆشـتی زیادەیـان دێتـە خـوارێ، ئنجـا كەسـێكیش كـە لـە عەشـیرەتێك یـان نەتەوەیـەك نیـە، بـەڵام خـۆی خسـتۆتە نێـو ئەوانـەوە ئـەوەی پـێ دەگوتـرێ.

(سَنَسِمُهُۥ): (الْوَسْـمُ: التَّأْثِـيرُ وَسِـمَةُ الأَثَـرُ، وَسَـمْتُ الشَّيءِ وَسْـماً أَيْ: أَثَرْتُ فِيهِ بِسِـمَةٍ)، (وَسْـم): بـە مانـای شـوێن دانانـە لەسـەر شـتێك، (سِـمَة) بـە مانـای شـوێنەوارە، (وَسَـمْتُ الشَّـيءِ وَسْـماً) شـوێنكەم لەسـەر ئەو شـتە داناو، شـوێنەوارم لەسـەر بەجێهێشت.

(ٱلْخُرْطُومِ): (**أَنْفُ الْفِيلِ فَسُمِّيَ أَنْفُهُ خُرْطُوما اسْتِقْبَاحاً لَهُ**)، (**خرطوم**): لە ئەسڵدا لووتی فیلە، کە ئێمە پێی دەڵێین: لووت، بەڵام لە ئەسڵدا ئەوەی خوڕتوومە بۆ فیل، وەك زار وایەو شتی پێ دەخوات، بۆیەش لووتی ئەو کەسە خوای زاناو شارەزا زەمی کردوە، بە خوڕتووم ناوبراوە، بۆ دزێو پێشاندانی، یان ئەو کەسە کەسێك بووە لووتی درێژ بووە، دەشگونجێ مەبەست ئەوەبێ کە ئێمە نیشانە لەسەر لووتی دادەنێین، بەڵام لە جیاتی (**أَنْف**) خوای بەرز وشەی (**خُرْطُوم**) بۆ بەکارهێناوە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە لە ڕووی قەبارەو کەلەشەوە، وەك فیلێك گەورە بووبێ.

کەواتە کە دەفەرموێ: (سَنَسِمُهُۥ عَلَى ٱلْخُرْطُومِ): (**أَيْ نُلْزِمُهُ عَاراً لَا يَنْمَحِي عَنْهُ**)، ئێمە بە پەندێکی دەبەین، یاخود زەبرێکی لێ دەدەین، هەرگیز ئەو زەبرەی لەبیر نەچێتەوەو، ئەو شوێنەوارە لەسەری لانەچێ.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

بەڕێـــــــزان!

سێ ڕیوایەتم هێناون بۆ هۆی هاتنە خواری ئەم دوو ئایەتە موبارەکەی خوا تێیاندا دەفەرمووێ: ﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ هَمَّازٍ مَّشَّاءٍ بِنَمِيمٍ ﴿١١﴾ ﴾القلم.

١- ڕیوایەتی یەکەم: {عَن أَبِي عُثْمَانِ النَّهْدِيّ قَالَ: قَالَ مَرْوَان بن الحكم لما بَايع النَّاس ليزيد: سُنَّةُ أَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ، فَقَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي بَكْرٍ: إِنَّهَا لَيْسَتْ بِسُنَّةِ أَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ، وَلَكِنَّهَا سَنَةُ هِرَقْلَ، فَقَالَ مَرْوَانُ: هَذَا الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ: ﴿ وَالَّذِي قَالَ لِوَالِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَا ﴿١٧﴾ ﴾، قَالَ: فَسَمِعَتْ ذَلِكَ عَائِشَةُ رضي الله عنها، فَقَالَتْ: إِنَّهَا لَمْ تَنْزِلْ فِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ، وَلَكِنْ نَزَلَ فِي أَبِيكَ: ﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ هَمَّازٍ مَّشَّاءٍ بِنَمِيمٍ ﴿١١﴾ ﴾} (أخرجه الدر المنثور: ج١، ص٢٤٦، ونسبه لابن مردويه، الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣ ص٤٥٣).

واتە: ئەبوو عوسمانی نەهدیی گێڕاویەتەوە، دەڵێ: کاتێك خەڵك بەیعەتی دا بە یەزیدی کوڕی موعاویە، (دیارە بە زەبرو زۆر)، مەڕوانی کوڕی حەکەم کە والی موعاویە بوو، لەسەر مەدینە، گوتی: ئەو بەیعەت دانەی خەڵك بە یەزید، هەروەك ڕێبازەکەی ئەبوو بەکر و عومەر وایە، {وەك چۆن ئەبوو بەکر (خوا لێی ڕازی بێ)، پێشنیاری کرد عومەر لە دوای خۆی جێنشینی مسوڵمانان بێ، ئەگەر مسوڵمانان پێیان چاك بێ، خەڵکیش پێشنیارەکەیان پێ چاك بوو، بەڵام موعاویە بە زۆر بەیعەتی بۆ یەزیدی کوڕی وەرگرت، ئنجا مەڕوانی کوڕی حەکەم کە خزمی موعاویە بووە، گوتی: ئەو ڕەفتارەی موعاویەش هەروەك ڕەفتارەکەی ئەبوو بەکر وایە کە عومەری پێشنیار کرد، موعاویەش ئەوەتا پێشنیار دەکات یەزیدی کوڕی خەلیفە بێ[1]}، ئنجا عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوو بەکر (خوا لە

---

(١) کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (قیاسی کەشکێ لە مەشکێ)، ئەبوو بەکر و عومەر لە کوێ

خۆی و بابی ڕازی بێ) لەوێ بوو، گوتی: ئەوە ڕێبازی ئەبوو بەکر و عومەر نیە، بەڵکو ڕێبازی هیرەقڵە، {و حوکمی میراتیی و بنەماڵەییە}، مەڕوانی کوڕی حەکەم گوتی: ئەوەبوو کە ئەو ئایەتەی لە بارەوە هاتە خوار {واتە: عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوو بەکر}، کە لە سوورەتی (**الأحقاف**) دا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِىٓ أَنْ أُخْرَجَ وَقَدْ خَلَتِ ٱلْقُرُونُ مِن قَبْلِى وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيْلَكَ ءَامِنْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَيَقُولُ مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٧﴾ ﴾.

ئەو کەسەی بە باب و دایکی گوت، ئۆف بۆ ئێوە! ئایا بەڵێنم پێ دەدەن زیندوو ببمەوەو، چەندان سەدەش لە پێش مندا ڕابردوون، ئەوە هەر ئەفسانەی پێشینانە {واتە: من زیندوو نابمەوە}.

{گوتی: ئەم ئایەتە لە بارەی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوو بەکر دابەزی، هەڵبەتە مەڕوانی کوڕی حەکەم ڕاستی نەکردوە}، عائیشەش خوا لێی ڕازی بێ، گوێی لێ دەبێ و دەڵێ: ئەم ئایەتە لە بارەی عەبدوڕڕەحمانەوە نەهاتۆتە خوار، بەڵام لە بارەی بابتەوە ئەم ئایەتە هاتۆتە خوار: ﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ هَمَّازٍ مَّشَّآءٍۭ بِنَمِيمٍ ﴿١١﴾ ﴾القلم. (واتە: لە بارەی حەکەمی کوڕی عاصەوە هاتۆتە خوارەوە، کە دەکاتە بابی مەڕوان).

٢- ڕیوایەتی دووەم: {**عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ** ﵄: ﴿ عُتُلٍّۭ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ ﴿١٣﴾ ﴾ **قَالَ: «رَجُلٌ مِنْ قُرَيْشٍ لَهُ زَنَمَةٌ مِثْلُ زَنَمَةِ الشَّاةِ»} (أخرجه البُخَاري: ٤٩١٧)**

(خوا لێیان ڕازی بێ) و موعاویە و یەزیدی کوڕی لەکوێ؟ کە ئەبوو بەکر تەنیا پێشنیار بوو کردی، لە نەخۆشیی مەرگیدا نامەیەکی نووسیبوو هەرکات مردم، ئەگەر خەڵك پێیان چاك بوو لە دوای من عومەرم پێ باشە، جێنشینی مسوڵمانان بێ، کە ئەگەر ئەبوو بەکریش پێشنیاری نەکردبایە هەر ئەویان پێ چاك بوو و بەیعەتیان پێ دەدا، بەڵام موعاویە بەزۆر یەزیدی کوڕی وەک حوکمڕان بەسەر موسڵماناندا چەسپاند!!

واتـە: لـە ئیبنـو عەبباسـەوە گێڕدراوەتـەوە، دەربـارەی ئـەم ئایەتـە: ﴿ عُتُلِّۭ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ ﴿١٣﴾ ﴾، گوتوویەتی: پیاوێکـە لـە قورەیـش گۆشـتێکی زیـادەی هەبـوو، وەك گۆشـتی زیـادەی مـەڕ، {کـە بـەلای گوێیـدا بەردەبێتـەوە}.

لـە کوردەواریـی خۆمانـدا دەڵێـن: مـەڕی گـوێ گـوار، واتـە: گۆشـتێکی زیـادە بـەلای گوێیـدا بەمـلاو بەولایـدا دێتـە خـوار.

٣- ڕیوایەتی سێیەم: {**عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ** : **قَالَ: نَزَلَ عَلَى النَّبِيِّ** ﷺ: ﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ هَمَّازٍ مَّشَّآءٍۭ بِنَمِيمٍ ﴿١١﴾ ﴾، **فَلَمْ نَعْرِفْهُ حَتَّى نَزَلَ عَلَيْهِ بَعْدَ ذَلِكَ: زَنِيمٍ، فَعَرَفْنَاهُ لَهُ زَنَمَةٌ كَزَنَمَةِ الشَّاةِ**} (**أخرجه الطبري في جامع البيان: ج٢٩ ص١٧، الإستيعاب في بيان الأسباب ج٣ ص٤٥٤، وذكره السيوطي في الدر المنثور ج٨ ص١٤٨، وزاد نسبتَهُ لابن مردويه**).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس لـە بـارەی ئـەم فەرمایشـتەی خـواوە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ هَمَّازٍ مَّشَّآءٍۭ بِنَمِيمٍ ﴿١١﴾ ﴾، دەڵـێ: نەماندەزانـی مەبەسـت پێـی کێیـە، تاکـو دوایـی ئـەوەش دابەزیـە سـەر پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە دەفەرمـوێ: ﴿ عُتُلِّۭ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ ﴿١٣﴾ ﴾، واتـە: لـە دوای ئـەم سیفەتە خراپانـە، زەنیمیشـە، ئـەو کاتـە ناسـیمان مەبەسـت پێـی کێیـە، پیاوێك بوو گۆشـتێکی زیـادەی هەبـوو، وەك گۆشـتی زیـادە، کـە بـەلای گوێـی مـەڕدا دێتـە خـوار، ئنجـا زانیـمان کـە ئـەم ئایەتانـە مەبەسـت پێـی ئـەون.

هەڵبەتـە ئەمـە یەکێـك لـە واتاکانیەتـی، هەندێکیـش لـە زانایـان وەك باسـی دەکەیـن دەڵێـن: (زَنِيـمٍ) واتـە: نارەسـەن، یاخـود لەگـەڵ هۆزێـك نەبـێ و خـۆی خسـتبێتە گـەڵ ئـەوان.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە: دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، ئەوەش مەبەستی ئەوەیە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوای تاک و پاک دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوای کارزان دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوای بێ هاوەڵ ئەنجام دەدەم.

﴿ نٓ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ ﴾، نوون، {نوون پیتێکە لە بیست و هەشت پیتەکەی کە زمانی عەرەبییان لێ پێکهاتووە}، سوێند بە قەڵەم و بەوەی دەینووسن واتە: خەڵك دێڕەکان دەنووسن، (سَطْر) بە مانای ڕیزکردنی شتێکەو بە مانای دێڕیش دێ، لەبەر ئەوەی وشەکان ڕیز دەکرێن بە تەنیشت یەکەوە، دێڕەکانیش بە پێنووس دەنووسرێن، واتە: سوێند بە پێنووس و بەو دێڕانەی بە پێنووس دەیاننووسن، خەڵك دەیاننووسن.

هەڵبەتە ئەم سوورەتە کۆتا سوورەتە، کە بە پیتە پچڕ پچڕەکان دەست پێ دەکات و لە هەموو قورئاندا، بیست و نۆ (٢٩) سوورەت، بەو پیتانە دەست پێ دەکەن، دوو سوورەتیان مەدینەیین کە بریتین لە: **(البَقَرة وآل عمران)** هەردووکیان بە (الٓمٓ) دەست پێ دەکەن و، بیست و حەوت سوورەتەکەی دیکە هەموویان مەککەیین، کە ئێمە لە سەرەتای سوورەتی (یونس)دا کورتە باسێکی تاڕاددەیەك تێرو تەسەلمان لە بارەی ئەو سوورەتانەوە کردوە، کە بەو پیتانە دەست پێ دەکەن، هەندێکیان بە یەك پیت دەست پێ دەکەن، کە سێ

سـوورەتن: (**ص، ق، ن**) و، هەندێکیـان بـە دوو پیـت دەسـت پێدەکـەن کـە ئـەوان زۆرن، بـۆ نموونـە: (**طـس، یـس، طـه، حـم**)، (**حـم**) حەوتیـان هـەر لـە ڕیـزی یەکـن و، هەندێکیـان بـە سـێ پیتـان دەسـت پێدەکـەن وەك: (**الـر، طسـم، الم**)و، هەندێکیـان بـە چـوار پیتـان دەسـت پـێ دەکـەن وەك: (**المص، المر**)و، هەندێکیـان بـە پێنـج پیـت دەسـت پـێ دەکـەن کـە دوو سـوورەتن: یەکێکیـان سـوورەتی مەریەمـە (**کهیعـص**)، ئـەوی دووەمیـان سـوورەتی شـوڕایە (**حـم. عسـق**)، هەروەهـا لـە سـەرەتای سـوورەتی (**الشعراء**)دا، جارێکـی دیکـە قسـەمان لـەو بـارەوە کردۆتـەوە، ڕوونتریـن واتـاش بـۆ ئـەو پیتانـە، ئەوەیـە کـە خـوا ﷻ دەیـەوێ بـە مرۆڤـەکان بفەرمـوێ: ئـەو فەرمایشـتەو ئـەم قوڕئانـەی بـۆم دابەزانـدوون کـە سـەد و چـواردە سـوورەتە، شـەش هـەزارو دوو سـەد و سـی و شـەش (٦٢٣٦) ئایەتـەو، حەفتـاو حـەوت هـەزارو چـوار سـەد و نـەوەد (٧٧٤٣٩) وشـەیە، سێسـەدو بیسـت و یـەك هـەزار سـەدو هەشـتا (٣٢١١٨٠) پیتـە، ئـەم قوڕئانـە هـەر لـەو پیـت و دەنگانـە پێـك دێ، کـە ئێـوە پێیـان دەنووسـن و پێیـان دەدوێـن، ئنجـا بـەوە بزانـن کـە ئـەم فەرمایشـتە بێژەرەکـەی خـوای بـەرزی مەزنـە، کـە ئێـوەش ئـەو پیـت و دەنگانەتـان لەبـەر دەسـتدا هـەن، بـەڵام خـوا ئـەم فەرمایشـتەی خـۆی لـێ پێکهێنـاون، کەچـی ئێـوە قسـەی ئاساییان پـێ دەکـەن، کەواتـە: بزانـن کـە ئـەم فەرمایشـتە نـە موحەممـەد ﷺ خـۆی گوتوویەتـی و، نـە هیـچ کەسـێکیش فێـری کـردوەو، نـە هەڵیشیبەسـتوە، بەڵکـو خـوا لـە ڕێـی جیبریلـەوە بـۆی دابەزانـدوە، کەواتە: هەمـان ئەو کەرەسـتەیەی ئـەو فەرمایشـتەی لـێ پێکهاتـوە، کـە پیـت و دەنگەکانـن لەبـەر دەسـتی ئێوەشـدا هـەن، بـەڵام ئێـوە ناتوانـن نـەك قوڕئانێکـی ئـاوا بێنـن، بەڵکـو دە(١٠) سـوورەتی وابێنـن، بگـرە تەنانـەت سـوورەتێکیش بێنـن.

ئنجـا خـوا کـە دەفەرمـوێ: سـوێند بـە پێنـووس و بـەوەی دەینووسـن، ئەمـە سـوێندەکەیە، ئایـا سـوێند لەسـەر خـوراو (**مقسـم علیه**)ەکـە چییـە؟ ﴿ مَآ أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ ﴾، تـۆ بەهـۆی چاکـەی پەروەردگارتـەوە (ئـەی موحەممـەد ﷺ!)

شـێت نـی، بۆیـەش خـوا وا دەفەرمـوێ، چونکـە کافـرەکان تۆمەتێکیـان زۆر بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ دووبـارە دەکـردەوە، کـە دەیانگـوت: شـێتە، چونکـە شـتێکی دەفەرمـوو، پێچەوانـەی عـورف و عـادەت و نەریـت و کلتـوور و فەرهەنـگ و هەمـوو شـتێکی ئـەوان بـوو، دەیانگـوت: ئـەوە شـێتە، هەڵبەتـە گـەورە گـەورەکان و بریـار بەدەسـتەکانیان زانیویانـە، موحەممـەد ﷺ لـە عەقڵ و ئـەدەب و زیرەکیـی و بلیمەتییـەوە پێچـراوە، بـەڵام بۆیـە وایـان دەگـوت، تاکـو خەڵکـە ڕەش و ڕووتەکەیان هەڵخەڵەتێنـن و چاوپێچکیـان بخەنـە سـەرچاوان، نـە دەکـرا بڵێـن: هیـچ کـەس لـە موحەممـەد ﷺ عاقڵتر و تێگەیشـتووتر نەبـووە، هیـچ کـەس لـەو ئـەدەب بەرزتـر و ڕاسـتگۆتر نەبـووە، کەواتـە: ئێسـتا کـە دەڵـێ پێغەمبـەرم ﷺ وەك چـۆن پێشـتر هـەر ڕاسـتی دەکـرد، ئێسـتاش هـەر ڕاسـت دەکات، نەدەکـرا ئـاوا بڵێـن، بەڵکـو دەبووایـە بڵێـن: شـێت بـووەو تێکچـووە، جـاری واش بـوو دەیانگـوت: کاهیـن و فاڵچییـەو لـە خۆیـەوە قسـە دەکات، یـان شـەیتانەکان فێـری دەکـەن، جـاری واش بـوو دەیانگـوت: جادووگـەرە، جـاری واش بـوو دەیانگـوت: شـاعیرە، ئەهـا قورئان وەك شـیعر دەچێ، جـاری واش بـوو دەیانگـوت: خەڵکـی دیکـە فێـری کـردوە، ئـەو تۆمەتانـە هەموویـان بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ هەڵبەسـتران، بـەڵام ئـەوەی زۆر دووبـارە کراوەتـەوەو، تانـەدان بـووە لـە عەقڵـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەیانگـوت: شـێتە، بۆیـەش لـە چەنـد شـوێنێکی دیکـەی قورئانـدا ئـەو تەعبیـرەی ئـەوان، دووبـارە بۆتـەوە، بـۆ وێنـە، ﴿ مُعَلَّمٌ مَّجْنُونٌ ﴿١٤﴾ ﴾الدخـان، ئنجـا کـە لێـرەدا خـوای بـەرزو مـەزن دەفەرمـوێ: ﴿ مَآ أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ ﴾، تـۆ بەهـۆی چاکـەی پەروەردگارتـەوە شـێت نـی، واتـە: تـۆ بەهـۆی ئـەوەوەی خـوا ئـەو چاکەیـەی لەگـەڵ تـۆ کـردوەو کردوویـی بـە پێغەمبـەر ﷺ بەهـۆی ئـەو پێغەمبەراتییـەوە، تـۆ شـێت نەبـووی.

یاخـود: سـوێند بەچاکـەی پـەروەردگارت تـۆ شـێت نـی، هەروەهـا واتـای دیکەیشـی هـەن، لـە مەسـەلە گرنگەکانـدا شـییان دەکەینـەوە.

﴿ وَإِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ ﴾، بـه دڵنیایـی تـۆ پاداشـتێکی نەبـڕاوەت هەیـە، پاداشـتێك کـە کۆتایـی نایـەت.

﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾، بـە دڵنیایـی تـۆ لەسـەر ڕەوشـتێکی مەزنـی، واتـە: تـۆ خاوەنـی ڕەوشـت و ئـاکارو ئەدەبێکـی زۆر گـەورەو مەزنـی، هەڵبەتـە وشـەی مـەزن بـۆ شـتی قەبـارەدار بەکاردەهێـنرێ، بـەڵام لێـرەدا خوازراوەتـەوە بـۆ شـتی مەعنەویـی، واتـە: ڕەوشـت و ئاکارێکـی بـەرزو پەسـندو جـوان، دواییـش کورتـە باسـێك لـە بـارەی ڕەوشـتبەرزیی پێغەمبـەری خاتەمـەوە ﷺ دەکەیـن.

﴿ فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ ﴾، لەمـەودوا تـۆش دەبینـی و ئەوانیـش دەبینـن، واتـە: تـۆش دەزانـی، ئەوانیـش دەزانـن، تـۆش بـۆت دەردەکـەوێ و، ئەوانیـش بۆیـان دەردەکـەوێ.

﴿ بِأَييِّكُمُ الْمَفْتُونُ ﴾، کامتـان شـێتیی و سـەرگەردانیی و سەرلێشـێواوییتان تێـدا هەیـە، وەك گوتمـان: (**المَفْتُـون**) بـە مانـای فیتنـەدار دێ، کـە لێـرەدا یانـی: سەرلێشـێوان و سـەرگەردانیی و حـاڵ خراپیـی لـە کامتانـدا هەیـە، لەمـەودوا تـۆش دەزانـی و دەبینـی، ئەوانیـش دەزانـن و دەبینـن، ئنجا ئێسـتا لـە ڕاسـتییدا بـاش بـاش زانـرا کـە موحەممـەد ﷺ ئـەو پەیامـەی لـە خـواوە هێنابـووی، هـەر ئـەوە هەقـی ڕەهایـە، ناحـەزو دوژمنەکانیشـی کـە تانەیـان لـێ دەداو دژایەتییـان دەکـرد، ئێسـتا دەرکەوتـوە کـە ئەوانـە سـەرگەردان و سەرلێشـێواو و مـاڵ وێـران بـوون.

﴿ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ﴾، بـە دڵنیایـی پـەروەردگاری تـۆ زاناتـرە بـەو کەسـەی لـە ڕێـی وی لایـداوە، سـەرگەردان بـووە لـە ڕێـی ڕاسـت لایـداوە، هەروەهـا پەروەردگاریشـت زاناتـرە بـە ڕێـی ڕاسـتگرتووان، کەسـانێك کـە ڕێـی ڕاسـتیان گرتـوە کـە خـۆت و شـوێنکەوتووانتن.

﴿ فَلَا تُطِعِ الْمُكَذِّبِينَ ﴾، ئـەم (**ف**)ە، لـە ڕووی ڕێزمانـی عەرەبییـەوە دەگونجـێ بـە (**الفـاء الفصيحـة**) دابـنرێ (**لأنهـا تُفْصِـحُ عـما قبلهـا**) واتـە: مـادام پـەروەردگارت

زاناتـرە بـەوەی گومڕایـەو، بـەوەی ڕێـی ڕاسـتی گرتـوەو، خـوای پەروەردگاریـش تـۆی خسـتۆتە سـەر ئـەو ڕێیـە ڕاسـتەی خـۆی، کەواتـە: حـاڵ کـە بـەم شـێوەیە، فەرمانبەریـی بـەدرۆ دانـەران مەکـە، واتـە: گوێڕایەڵییـان مەکـە، یاخـود (ف)ەکـە (**فـاء تفریـع**)ە، واتـە: بینـا لەسـەر ئـەوەی ڕابـرد، تـۆ گوێڕایەڵیـی بـەدرۆ دانـەران و بێبڕوایـان مەکـە.

﴿ وَدُّوا۟ لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ ﴾، ئـەوان حـەز دەکـەن، ئەگـەر تـۆ نەرمکێشـیی بکـەی، ئەوانیـش نەرمکێشـیی بکـەن، ئەگـەر تـۆ دەسـتبەرداری هەندێـك لـەو هەقـە بـی، کـە خـوا پێیـدا نـاردووی، ئەوانیـش ئامـادەن دەسـتبەرداری بەرنامـەو بیرۆکەکانـی خۆیـان بـن، واتـە: ئەگـەر تـۆ بـۆ ئـەوان نەرمکێشـیی بکـەی و لێیـان بچیـە پێـش، ئەوانیـش زۆر لـە تـۆ دێنـە پێـش، چونکـە کەسـێك کـە لەسـەر ڕێـی باتیڵـە، دەربەسـت نیـە، ئەگـەر هەموویشـی واز لـێ بێنـێ.

﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴾، هەروەهـا گوێڕایـەڵ مەبـە بـۆ هەمـوو کەسـێکی سـوێند خـۆر، کـە سـووك و چـرووك و کـەم بایەخـە، بـە زۆریـش وایـە کەسـێك زۆر سـوێندی خـواردن، سـووکیش دەبـێ، چونکـە دیـارە متمانـەی بـە قسـەکەی خـۆی نیـە، بۆیـە ئـەو وتاربێـژ و بانگـەوازکارو ئامۆژگارییکارانـەی زۆر سـوێندان دەخـۆن، زۆرم لـە دڵ قورسـە، چونکـە زۆر سـوێند خواردن، نیشـانەی بـاوەڕو متمانە بەخۆنەبوونـە، هەندێـك لـە زانایانـی ئێمـە نـە بەڕاسـت و نـە بـەدرۆ سـوێندیان هەر نەخـواردوە، ئەوانـەش کـە زۆر سـوێندان دەخـۆن، نازانـن کـە خـوا بابای زۆر سـوێند خـۆری زەم کـردوە لـە قورئانـداو، بـە سـووکی دانـاوە.

﴿ هَمَّازٍ مَّشَّآءٍۭ بِنَمِيمٍ ﴾، زۆر غەیبەتکـەرو پاشـملە باسـی خەڵککـەرە، تانـە لێدەریانـەو، زۆریـش قسـە دێنـێ و دەبـات (**یـمشي بالنّمیمـة**) واتـە: قسـە هێنـەر و بـەرە و دوو زمانیـی دەکات، (**نمیـم**) لـە (**نَمنمـة**)ەوە هاتـوە، واتـە: قسـەی چرپـە، یـان جووڵەیەکـی سـووك کـە کەمـتر هەسـتی پـێ بکـرێ.

﴿ مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ ﴾، زۆر دەستگرەیەوە لە خێرو چاکە، یاخود زۆر ڕێگرە لە خێر، (**خَيْر**) دەگونجێ بە مانای ماڵ و سامان بێ، ماڵ و سامانێك کە دێتە دەستی زۆر دەستی پێوە دەگرێ، هەر هیچی هەڵناوەرێ بۆ خەڵك، یاخود (**خَيْـر**) بە مانای چاکەی مەعنەوییە واتە: زۆر ڕێگرە لەو خێرو بەرەکەتەی کە خوا بە پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ ناردوویەتی کە ئیسلامە، ڕێی لێ دەگرێ و ناهێڵێ خەڵك ڕووی تێ بکات و، (**مُعْتَدٍ**) سنوور شکێن و تێپەڕێنەرە، (**أَثِيمٍ**) زۆر گوناحکارە.

﴿ عُتُلٍّ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ ﴾، قەڵەو و زۆرخۆر و زۆرخۆرەوەیە، یاخود: زۆر زبرو قسە ڕەق و دڵڕەقە، ئنجا زەنەمەشی هەیە، زەنەمە بریتیە لەو زێدە گۆشتەی بەملاو لەولای گوێی مەڕدا دێنە خوارێ، یاخود (**زَنِيم**) ئەوەیە لە هۆزێك نیە، بەڵام خۆی خستۆتە نێو ئەوان و ڕەسەن نیە، بەڵکو نانەجیب و نارەسەنە.

﴿ أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ ﴾، هەر لەبەر ئەوەی خاوەنی سامان و کوڕانە (تۆ بە قسەی مەکەو گوێڕایەڵی مەبە)، یاخود: لە ئەنجامی ئەوەدا کە خاوەنی سامان و کوڕانە.

﴿ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ آيَاتُنَا قَالَ أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ ﴾، کاتێك ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا خوێندرانەوە گوتی: ئەمە ئەفسانەی پێشینانە.

﴿ سَنَسِمُهُ عَلَى الْخُرْطُومِ ﴾، {خوا ﷻ دەفەرموێ:} لەمەودوا نیشانە لەسەر لووتی دادەنێین، ئەمەش یان مانا ڕواڵەتییەکەی مەبەستە کە دەڵێن: ئەو کەسەی ئەو ئایەتەی لە بارەوە هاتۆتە خوار لە جەنگی بەدردا، زەبرێکی شمشێر بەر لووتی کەوتوە، واتە: نیشانەدار کراوە، یاخود مەبەست پێی مانا مەعنەوییەکەیەتی، وەك چۆن یەکێك بە یەکێك دەڵێ: داغت دەکەم، یان دەڵێ: زەبرێکت لێ دەدەم، قەت لەبیرت نەچێتەوە، واتە: لەمەودوا ئێمە بەڵاو کارێکی بەسەر دێنین، بۆی دەبێتە نیشانە.

دوایی باس دەکەین، کە ئەم نۆ سیفەتە، خوا ﷻ بۆ کەسێکی دیارییکراو فەرمووني، کە زانایانی مێژوو هەندێکیان دەڵێن: وەلیدی کوڕی موغیرە بووەو، هەندێکیان دەڵێن: ئەزڕی کوڕی حاریسەو، هەندێکیان دەڵێن: ئەبولحەکەمی کوڕی هیشامە، کە نازناوی ئەبوو جەهلی وەرگرتوە، یاخود کەسێکی دیکەیە، یان مەبەست پێی جۆرە کەسێکە ئەو سیفەتانەی تێدابن، نەوەك کەسێکی دیارییکراو، بەڵکو جۆرێك لە خەڵك، کە من ئەوەی دووەمیانم زیاتر بە عەقڵەوە دەنووسێ، چونکە خوا ﷻ لەسەرەتاوە دەفەرمووێ: ﴿ وَلَا تُطِعۡ كُلَّ حَلَّافٖ مَّهِينٍ ﴾، بەقسەی هەموو کەسێکی زۆر سوێند خۆری سووك، مەکە، کەواتە: مەرج نیە، یەك کەس بێ و، هەر کەسێك خاوەنی ئەو سیفەتانە بێ دەیگرێتەوە، با ئەو نۆ سیفەتە بەسەر کەسێکی دیاریکراوییش دا زیاتر بچەسپن، بەڵام هەر کەسێکی دیکەش خاوەنی ئەو سیفەتانە بێ، دەیگرێتەوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سوێند خواردنی خوای بەرزی مەزن، بە قەڵەم و دێڕە پێ نووسراوەکانی، کە موحەممەد ﷺ وەك ناحەزانی گوتوویانە: شێت نیەو، پاداشتێکی نەبڕاوەی هەیەو، لەسەر ڕەوشت و ئاکارێکی بەرزو مەزنەو، لەمەودوا ئەویش و ناحەزانیشی دەبینن و دەزانن کێ شێتیی تێدایە، بۆیە نابێ بە قسەی بە درۆ دانەران بکات، کە حەز دەکەن نەرمکێشیی بکات، تاکو ئەوانیش نەرمکێشیی بکەن و، دەستبەرداری بەرنامەو بیرۆکەکانی خۆیان بن:

خوا دەفەرموێ: ﴿نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ ١ مَآ أَنتَ بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ بِمَجۡنُونٖ ٢ وَإِنَّ لَكَ لَأَجۡرًا غَيۡرَ مَمۡنُونٖ ٣ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٖ ٤ فَسَتُبۡصِرُ وَيُبۡصِرُونَ ٥ بِأَييِّكُمُ ٱلۡمَفۡتُونُ ٦ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ٧ فَلَا تُطِعِ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ٨ وَدُّواْ لَوۡ تُدۡهِنُ فَيُدۡهِنُونَ ٩﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ﴾، نوون سوێند بە قەڵەم و بەوەی دەینووسن، (ن) نوون یەكێكە لەو بیست و هەشت پیتەی زمانی عەرەبییان لێ پێك دێ و، قورئانیان لێ پێکهاتووەو، ئەی خەڵکینە! لەبەر دەستی ئێوەش دا هەن، وەك کەرەستەی خاو، بەڵام ئێوە قسەی ئاساییان پێ دەکەن، خواش ﷻ فەرمایشتێکی پێ فەرموون و لێ پێکهێناون، کە قورئانەو دەستەوسانکەرە، ئێوە لە بەرانبەریدا دەستە پاچەن، کە نەك قورئانێکی وا بێنن، بەڵکو دە سووڕەتی، بەڵکو وێنەی سووڕەتێکیشی بێنن، کەواتە: بزانن ئەم قورئانە فەرمایشتی خوایە، ﴿وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ﴾، سوێند بە قەڵەم و

بەوەی دەینووسن: (**وَمَا يَسْطُرُونَ: يَعْنِي وَالَّذِي يَسْطُرُون**)، کەواتە: (**مَا: مَوْصُولَة**): (**يَعْنِي: وَالَّذِي يَسْطُرونَهُ**)، سوێند بەوەی دەینووسن، کە مەبەست پێی ئەو دێڕانەیە کە بە قەڵەم دەنووسرێن، دەشگونجێ (**مَا: مَصْدرية**) بێ بۆ چاوگ بێ، (**يَعْنِي وَالْقَلَمِ وَسَطْرَهُم**)، سوێند بە قەڵەم و بە نووسینەکەیان، ئنجا ئەمە سوێند پێ خوراوەکەیە، قەڵەم و ئەو دێڕانەی بە قەڵەم دەیاننووسن، ئەمە سوێند پێ خوراو (**مُقْسَمُ بِهِ**) ەکەیە.

ئایا سوێند لەسەر خوراو (**مُقْسَمُ عَلَيْهِ**)ەکە چییە؟.

٢)- ﴿مَآ أَنتَ بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ بِمَجۡنُونٖ﴾، (ئەی موحەممەد ﷺ!) بەهۆی چاکەی پەروەردگارتەوە تۆ شێت نی، ئەمە سێ واتایان بۆ لێکداوەتەوە:

واتـای یەکـەم: تـۆ بەهـۆی چاکـەی پەروەردگارتـەوە، کـە بریتیـە لـە پێغەمبەرایەتیـی، شـێت نـی، واتـە: ئـەی موحەممـەد ﷺ! تـۆ پێـش ئـەوەی وەحییـت بـۆ بـێ و بکرێـی بـە پێغەمبـەر، کۆمەڵگایەکـەی خـۆت ئەوپـەڕی متمانەیـان بـە تـۆ هەبـوو، پێیـان دەگوتـی: ئەمیـن، ڕاوێژیـان بـە تـۆ دەکـرد، بـە بەڵگـەی ئـەوەی کاتێـك لێیـان بـوو بـە کێشـە، کـێ بـەردە ڕەشـەکە دابنێتـەوە، دوایـی کۆبوونـەوەو خەریـك بـوو ناکۆکیـی توندیـان لەسـەر ئـەوە پەیدابـێ، هـەر کام لـە هـۆزەکان دەیگـوت: دەبـێ ئێمـە شـەڕەفی دانانـی بـەردە ڕەشـەکەمان لـە شـوێنی خـۆی دا، پـێ ببـڕێ، دوای ئـەوەی لافاوێـك لـە کەعبـەی دابـوو و ڕووخاندبـووی، کەعبەیـان چـاك کردبـووەوە و گەیشـتبوونە ئـەوەی بـەردە ڕەشـەکە دابنێنـەوە، دوایـی هاتنـە سـەر بڕیارێـک: شـوێنێکیان دیاریـی کـردو گوتیـان: هـەر کەسـێك یەکـەم کـەس هـات، ئـەو دەکەیـن بـە دادوەر، ئنجـا دیـار بـوو موحەممـەد ﷺ هـات، ئـەوەش لـە سـاڵی سـی و پێنجـی تەمەنـی پێغەمبـەردا، واتـە: پێنـج سـاڵ پێـش ئـەوەی ببێتـە پێغەمبـەر، گوتیـان: (**جَـاءَ الأَمـين، جَـاءَ الأَمـين**)، پیـاوە دەسـت پـاك و چاکەکـە هـات و کردیانـە دادوەر، پێغەمبەریـش ﷺ فەرمـووی: عەبایـەك بێنـن، یـان پۆشـاکێك بێنن، بـەردە ڕەشـەکەی لـە نێـو دانێـن، لـە هـەر هۆزێکیـش نوێنەرێـك بـا بـێ، چمکێکـی

پۆشاکەکە بگرێ و بەرزی بکەنەوە، ئنجا منیش خۆم بەردە ڕەشەکە دادەنێم، ئەوانیش هەموویان بەم شێوە دادوەرییە ڕازیی بوون.

کەواتە: ئەی موحەممەد ﷺ! تۆ چ گۆڕانێکت بەسەردا هاتوە، تۆ هەر ئەو پیاوە ڕاستگۆ و ئەمین و پاك و چاکە بووی، ئایا ئێستا تەنیا بەوەی خوا چاکەی لەگەڵ تۆدا کردو، کردووی بە پێغەمبەر ﷺ، ئایا بەهۆی پێغەمبەرایەتییەوە شێت بووی؟ کە پێشتر شێت نەبووی، ئایا دوای ئەوەی بوویە پێغەمبەری خوا ﷺ و لە عەقڵ و کەماڵ زیاد کردوەو کەمت نەکردوە، ئەدی چۆن نەیارەکانت ئەو تۆمەتەت دەدەنە پاڵ؟!

واتای دووەم: تۆ بەهۆی چاکەی پەروەردگارتەوە شێت نی، واتە: لە ئەنجامی ئەوەدا کە خوا تۆی کردۆتە پێغەمبەری خۆی ﷺ، شێتیی لە تۆدا نیە، ئەگەر هەر کەسێکی دیکە بگونجێ شێتیی ڕووی تێ بکات، شێتیی ڕوو لە تۆ ناکات.

واتای سێیەم: سوێند بە چاکەی پەروەردگارت تۆ شێت نی.

٣)- ﴿وَإِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ﴾، بە دڵنیایی تۆ پاداشتێکی نەبڕاوەت هەیە، **(غير ممنون)** بە چەند واتایەك هاتوە:

أ- **(غَيْرَ مَمنون: أي غَيْرَ مَقْطوع ولا مَنْقوص)**، یانی: پاداشتێکت هەیە نە دەبڕێ و نە کەم و کورتیی تێدایە.

ب- **(غَيْرَ مَمنون: أي غَيْرَ مَحْسوب)** بۆت ناتژمێردرێ، چونکە شتی کەم دەژمێردرێ، بەڵام شتێك کە زۆربێ، دەپرسرێ: چەندە؟ دەگوترێ: ناژمێردرێ.

ج- **(غَيْرَ مَمنون: غَيْرَ مُكَدَّر بِالمَنِّ)**، تۆ پاداشتێکت هەیە لێڵ ناکرێ بەهۆی منەت لەسەر کردنتەوە، من ئەم مانایەم زۆر بە دڵەوە نانووسێ، چونکە بێگومان خوا چاکەی لەسەر هەموو کەس هەیەو، چاکەی بەسەر پێغەمبەری خواوەش ﷺ لە هی هەموو کەس

مەزنترە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَكَانَ فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا ﴿١١٣﴾ ﴾، ئنجا ئەگەر خوا منەت بەسەر بەندەی خۆیەوە بکات، بۆ بەندە شانازییە، ئەوە مرۆڤەکانن ئەگەر منەت لەسەر یەکدی بکەن، خراپە، بەڵام ئێمەی دروستکراو هەر منەتباری خوای پەروەردگارو بەدیهێنەرین، لە ڕاستییدا هیچ بەندەیەکی خوا بەوەی کە خوا منەتی لەسەر دەکات، بۆی نوقسانیی نیە، خوای پەروەردگار لە سوورەتی (**الحُجرات**) دەفەرموێ: ﴿ يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا۟ قُل لَّا تَمُنُّوا۟ عَلَىَّ إِسْلَٰمَكُم بَلِ ٱللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَىٰكُمْ لِلْإِيمَٰنِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: عەرەبە خێڵەکییەکان منەتت لەسەر دەکەن (ئەی موحەممەد ﷺ! کە ئیسلام بوون و بە ڕواڵەت هاتوونە نێو ئیسلامەوە)، بڵێ: ئیسلامەتییەکەتانم لەسەر مەکەنە منەت، بە چاوم دامەدەنەوە، بەڵکو خوا منەتی لەسەر ئێوە هەیەو، چاکەی لە چاوی ئێوەدا هەیە کە ئێوەی ڕاستە ڕێ کردوە بۆ ئیمان، ئەگەر ڕاست بکەن ئیمانداربن.

٤)- ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾، بە دڵنیاییش تۆ لەسەر ڕەوشتێکی مەزنی، واتە: ڕەوشتی بەرز و ئاکاری مەزن، بۆ تۆ وەك وڵاخەو وەك چۆن کەسێك دەچێتە سەر پشتی وڵاخێك بە کەیفی خۆی پێی دەچێ بۆ ئەملاولاو دەیهێنێ و دەیبات، ڕەوشتی بەرزو ئاکاری پەسەندیش لەبەر دەستی تۆدا وایە، وەك چۆن مێوێك یان قوڕێك لە دەستی کەسێکدایەو، بە کەیفی خۆی شتی لێ دروست دەکات، ڕەوشتی جوانیش لەبەر دەستی تۆدا ئاوایە.

٥)- ﴿ فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ ﴾، لەمەودوا تۆش بۆت دەردەکەوێ و، ئەوانیش بۆیان دەردەکەوێ، تەبەریی لە زەحاکەوە هێناویەتی: (**يَعْنِي: تَرَى وَيَرَوْن**)، (**أخرجه الطبري: ٣٤٦٦٢**) یانی: تۆش دەبینی و ئەوانیش دەبینن، ئەسڵی واتایەکەی ئاوایە، بەڵام جاری واش هەیە بینین بە مانای زانینە[1]، لێرەش دا هەردوو واتایەکەی لەگەڵدا دەگونجێن، چونکە لە داهاتوودا هەم پێغەمبەری خاتەم ﷺ سەرەنجامی خۆی بینی و، هەم سەرەنجامی ئەوانیشی بینی و، هەم بە چاوی سەر واقیعەکەی بینی و هەم

---

(١) زانایان بۆ ئەوە دەڵێن: (الرُّؤيَةُ ههنا قَلْبِيَّةٌ وَلَيْسَت بَصَرِيَّة)، واتە: بینین لێرەدا دەروونییەو چاویی نیە.

بە عەقڵ و دڵیش زانی، هەروەها ئەوانیش، یەکێك لە زانایانیش دەڵێ: (**ضُمِّنَ تُبْصِرُ ويُبْصِرون مَعْنَى: تُوقِن وَيُوقِنُوْن بِسَبَب التَعْدِيَته بِالبَاء أي: فَسَتَعْلَم يَقِيناً**) واتە: (**تبْصِر وَيُبْصِرُوْن**) مانای (**تُوقِنُ وَيُوقِنُون**)ی خراوەتە نێو، لەبەر ئەوەی بەرکاری خواستوە بەهۆی پیتی (**ب**)ەوە.

٦)- ﴿ بِأَييِّكُمُ ٱلْمَفْتُونُ ﴾ {لەمەودوا تۆش دەزانی و ئەوانیش دەزانن، تۆش دەبینی ئەوانیش دەبینن، تۆش دڵنیا دەبی ئەوانیش دڵنیا دەبن}، کامەتان شێتیی تێدایە، (ب) ش لە وشەی (**بِأَيِّكُم**)دا، دەگونجێ بە مانای (**فِي**) بێ، (**أَيْ: فِي أَيِّكُم**) کامتان شێتیی و سەرگەردانیی تێدایە، یاخود (**بِأَيِّكُمُ الْمَفْتُون: أَيْ فِي أَيِّ الْفَرِيقَيْنِ المَجْنُون**) واتە: هەڵخەڵەتێنراو، شێتکراو، لەنێو ئێوەدایە (تۆ و شوێنکەوتووانت)، یاخود کافرەکان شێتیان تێدایە؟ یاخود (**الْمَفْتُون بِـمَعى: جُنُون**) واتە: ئایا شێتیی لە تۆدا هەیە، یاخود لەواندا هەیە؟.

(**الطبري**) دەڵـێ: (**الْمَفْتُـون: الفُتُـونُ بِمَعْنَـى: المَصْـدَر**)، (**مفتـون**) بـە مانـای چاوگە، واتـە: سـەرگەردانیی و شـێتیی لـە ئێـوەدا هەیـە، یاخـود لەنێـو ئەوانـدا هەیـە؟.

خاوەنـی: (**البَحْـرُ الْمَدِيـد فِي تَفْسِـيرِ كِتَـابِ اللـهِ الْمَجِيـد**)[1]، دەڵـێ: ئـەم تەعبیـرە (**بِأَيِّكُـمُ الْمَفْتُـون**) دوو ئەگـەری هـەن:

یەکەم: (**بَاء زَائِدَةٌ، أي: أَيُّكُمُ الْمَفْتُون**)، (ب) زیادکراوە بۆ جەختکردنەوە، واتە: تۆش دەبینی و ئەوانیش دەبینن، تۆش دڵنیا دەبی و ئەوانیش دڵنیا دەبن لە داهاتوودا، کامتان سەرلێشێواو و شێت و سەرگەردانن.

دووەم: (**بِأَيِّكُمُ الْمَفْتُون: أَيْ بِأَيِّكُمُ الْفِتْنَة، فَالْمَفْتون مَصْدرٌ مِثْلُ مَعْقُول وَعَقل**)، (**مفتون**) بە مانای فیتنە دێ، واتە: سەرگەردانیی و سەرلێشێواویی، کەواتە: (**مَفْتُون**) لێرەدا چاوگە وەك (**مَعْقُول**) واتە: عەقڵ.

---

(١) ج٨، ص١٠٨.

٧)- ﴿ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگارت خۆی زاناترە، کێ لە ڕێی ئەو لایداوەو سەرگەردان بووەو هەر خۆیشی زاناترە بە ڕێی ڕاستگرتووان، (**يَعْنِي: السَّالِكِينَ طَرِيقَ الهُدى**)، ئەوانەی ڕێی ڕاستیان گرتوە.

٨)- ﴿ فَلَا تُطِعِ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴾،[(**ف**) بۆ (**تَفْرِيع**)]، ئنجا بینا لەسەر ئەوەی ڕابرد، فەرمانبەریی بە درۆ دانەران مەکە، (**الطَّاعَةُ: قُبُولُ مَا يَنْبَغِي عَمَلُهُ وَوقوع تُطِع فِي حَيِّز النَّهِي يَقْتَضِي النَّهِي عَن جِنْسِ الطَّاعَة**)، (**طاعة**) بریتیە لە قبووڵ کردنی ئەوەی دەبێ ئەنجام بدرێ، لێرەدا کە دەفەرموێ: (**فَلَا تُطِع**)، (**تُطِع**) لە ڕستەیەکدا هاتوە کە (لا)ی لابەرە (**ناهية**)ی لە پێشەوەیە، ئەوەش مانای ئەوەیە: هەرچی تێکڕای فەرمانبەریی و گوێڕایەڵییە بۆ ئەوانی مەکە، بۆ ئەوانەی بە درۆ دانەرن بۆ پەیامی خواو بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ.

٩)- ﴿ وَدُّوا لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ ﴾، ئەوانە خۆزگە دەخوازن و حەز دەکەن، تۆ نەرمکێشیی بکەی و ئەوانیش نەرمکێشیی بکەن، ئەوانە خۆزگە دەخوازن تۆ نەرم بی لە ئایینەکەتدا، ئەوانیش نەرم دەبن لە ئایین و بەرنامەو ڕێبازەکانی خۆیاندا.

یانی: ئەگەر تۆ دەستبەرداری تۆزێك لەو هەقە ببی، کە پێتە، ئەوانیش بە مەمنوونیی دەستبەرداری ناهەقیی و باتیڵەکەی خۆیان دەبن.

(**تُدْهِنُ فَيُدْهِنُون: مُشْتَقٌّ مِنَ الإِدْهَانِ وَهُوَ الملاينة وَالْمُصَانَعَةُ، وَحَقِيقَةُ هَذَا الْفِعْلِ أَنْ يُجْعَلَ لِشِيءٍ دُهْناً إِمَّا لَتلْيِنيه أَوْ لِتَلْوِينِهِ، وَمِنْ هاذَين المَعْنيين تَفَرَّعْت مَعَانِي الإدهَان، كَمَا أَشَارَ إِلِيهِ الراغب**)، وشەی (**إدهان**): (**تُدْهِنُ فَيُدْهِنُون**) هەردووکیان لە چاوگی (**إدْهَان**)ەوە هاتوون، (**إدْهَان**)یش بریتیە لە نەرمیی و خۆ گونجاندن، چییەتی ئەو کردارەش، ئەوەیە شتێك ڕۆنی تێبکرێ، یان بۆ نەرمکردنی، یان بۆ ڕەنگکردنی، ئنجا لەم دوو واتایەوە (لە نەرمکردن و ڕەنگکردنەوە) هەموو مانایەکانی (**إدْهَان**) هاتوون، وەك ڕاغیبی ئەصفەهانیی ئاماژەی بۆ کردوە، (لە کتێبەکەی ناودارەکەی خۆی (**مُفْردات ألفاظ القرآن**)دا.

لێرەدا پێویستیە پێناسەیەكی كورتی (**مُداراة**) و (**مُداهنة**) بكەین:

(المُدَارَاة: تَكُونُ عَلَى حِسَابِ الدُّنْيَا، والْمُدَاهَنَةُ: تَكُونُ عَلَى حِسَابِ الدِّين).

مـوداڕات لەسـەر حیسـابی دنیـا دەبـێ، واتـە: تـۆ فشـار لـە دنیایەكـەت دەكـەی بـۆ ئـەوەی ئایینـت سـەلامەت بـێ، بـەڵام موداهەنـە لەسـەر حیسـابی ئاییـن دەبێ، فشـار لـە ئایینـت دەكـەی، بـۆ ئـەوەی دنیـات بـۆ دەسـتەبەر بـێ و چـاك بـێ.

بۆیـە مـن ئـاوا پێناسـەی (**المُـدَارَاة والْمُداهَنَـةُ**)م كـردوەو گوتوومـە: (**المُـدَارَاة: أَنْ تَضْغَـطَ عَـلَى دنِيَـاكَ مِـنْ أَجْـلِ دِينِـك، والْمُدَاهَنَـةُ: أَنْ تَضْغَـطَ عَـلَى دِينِـكَ مِـنْ أَجْـلِ دُنيَـاكَ**).

واتـە: مـوداڕات (سـاچاندن و خۆگونجانـدن)، ئەوەیـە فشـار لە دنیایەكـەت بكەی، بـۆ ئـەوەی ئایینـت سـەلامەت بـێ، بـەڵام موداهەنـە بـە پێچەوانـەوە، ئەوەیـە كـە فشـار بێنـی بـۆ ئایینەكـەت و، دەسـتبەرداری ئەندازەیـەك لـە ئایینەكـەت ببـی، بـۆ ئـەوەی دنیـاو بەرژەوەندییـە دنیاییەكانـت سـەلامەت و پارێـزراو بـن.

سێ دەقی سوننەت لە كۆتایی ئەم مەسەلەی یەكەمەدا:

یەكەم: لە بارەی قەڵەمەوە: {**قَالَ عُبَادَةُ بْنُ الصَّامِتِ ﷺ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «إِنَّ أَوَّلَ مَا خَلَقَ اللَّهُ الْقَلَمَ فَقَالَ: اكْتُبْ، فَقَالَ: مَا أَكْتُبُ؟ قَالَ: الْقَدَرَ، وَمَا كَانَ وَمَا هُوَ كَائِنٌ إِلَى الأَبَدِ} (أخرجه أبو داود: ٤٧٠٠، والترمذي: ٢١٥٦، ٣٣١٩، وأحمد: ج٥، ص: ٣١٧، وأبو يعلى: ٢٣٢٩، والطبراني في الأوسط، والبيهقي، وقال الهيثمي في المجمع: رجال أبي يعلى ثقات، وله شاهد مرسل أخرجه الطبري: ٣٤٥٤٠ عن معاوية بن قرة الحديث الحسن، بهذه الشواهد، وصححه الألباني في صحيح سنن أبي داود).**

واتـە: عوبـادەی كـوڕی صامیـت ﷺ دەڵـێ: گوێـم لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوو دەیفەرمـوو: یەكەمیـن شـتێك كـە خـوا دروسـتی كـرد بریتـی بـوو لـە قەڵـەم، ئنجـا پێـی فەرمـوو: بنووسـە، گوتـی: چـی بنووسـم؟ فەرمـووی: قـەدەر (واتـە: ئەندازەگیرییەكانـی خـوا)و ئـەوەی ڕابـردووەو ئـەوەی دەبـێ هەتـا هەتایـە.

دووەم: لە بارەی ئەوەوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾.

أ- {عَنْ سَعْدِ بْنِ هِشَامِ بْنِ عَامِرٍ، قَالَ: أَتَيْتُ عَائِشَةَ رضي الله عنها، فَقُلْتُ: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ! أَخْبِرِينِي بِخُلُقِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، قَالَتْ: كَانَ خُلُقُهُ الْقُرْآنَ، أَمَا تَقْرَأُ الْقُرْآنَ، قَوْلَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾} (أخرجه مسلم: ٧٤٦، والطبري: ٣٤٦٥٦).

واتـە: سـەعدی کـوڕی هیشـام دەڵـێ: چوومـە لای عائیشـە دایکـی بـڕواداران (خـوا لێـی ڕازی بـێ) گوتـم: ئـەی دایکـی بـڕواداران! هەواڵـم پـێ بـدە ڕەوشـت و ئـاکارو هەڵسـوکەوتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ چـۆن بـوو؟ گوتـی: ڕەوشـتی ئـەو بریتـی بـوو لـە قورئـان، ئایا قورئـان ناخوێنـی، فەرمایشـتی خـوای بـەرز: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾، بـە دڵنیایـی تـۆ لەسـەر ڕەوشـتێکی مەزنـی؟!.

ب- (عَنْ أَبِي عَبْدِ اللَّهِ الجَدَلِيِّ رضي الله عنه قَالَ: قُلْتُ لِعَائِشَةَ رضي الله عنها: كَيْفَ كَانَ خُلُقُ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَتْ: «لَمْ يَكُنْ فَاحِشًا وَلَا مُتَفَحِّشًا وَلَا صَخَّابًا فِي الأَسْوَاقِ، وَلَا يَجْزِي بِالسَّيِّئَةِ السَّيِّئَةَ، وَلَكِنْ يَعْفُو وَيَصْفَحُ») (أخرجه الترمذي: ٢٠١٦، قال أبو عيسى: هذا حديث حسن صحيح).

واتـە: ئەبـوو عەبدوڵـڵای جەدەلیـی رضي الله عنه دەڵـێ: پرسـیارم لـە (دایکـمان) عائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) کـرد، ئایـا ڕەوشـتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ چـۆن بـوو؟ گوتـی: پیاوێکـی قسـە ناشـیرین نەبـوو و، لـە بەرانبـەر قسـەی ناشـیرینی خەڵکیشـدا قسـەی ناشـیرینی نەدەکـرد، لـە بـازاڕدا دەنگـی بـەرز نەدەکـردەوە (هـاوارو دەنگـە دەنـگ بـکات) و، لـە بەرانبـەر خراپـەدا خراپـەی نەدەکـرد، بەڵکـو لێبـوردن و چاوپۆشـی دەکـرد.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردن بە پێغەمبەری خوا ﷺ کە گوێڕایەڵی هەر بابایەکی زۆر سوێند خۆری، سووکی، غەیبەتکەری، قسە هێنەرو بەری، ڕێ لە چاکە گری، سنوور بەزێنی، گوناهکاری ملهوڕی، نارەسەن نەبێ، بەهۆی هەبوونی سامان و کوڕانەوە، کە قوڕئان بە ئەفسانە دادەنێ و، لەمەودواش خوا ﷻ سەرلووتی مۆر دەکات:

خوا دەفەرمویّ: ﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ هَمَّازٍ مَّشَّآءٍ بِنَمِيمٍ ﴿١١﴾ مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ ﴿١٢﴾ عُتُلٍّ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ ﴿١٣﴾ أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ ﴿١٤﴾ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٥﴾ سَنَسِمُهُۥ عَلَى ٱلْخُرْطُومِ ﴿١٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴾، (خوای میهرەبان پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەدوێنێ و دەفەرمویّ:} هەروەها بە قسەی هەر زۆر سوێند خۆرێکی سووك مەکە، (**حَلَّاف**) ڕێژگەی زێدەڕۆییە بۆ (**حَالِف**)، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویّ: {**مَنْ كَانَ حَالِفًا، فَلْيَحْلِفْ بِاللَّهِ أَوْ لِيَصْمُتْ**}، (**أخرجه البخاري: ٦٦٤٦، ومسلم: ١٦٤٦**) واتە: هەر کەسێك سوێند دەخوات، با سوێند بە خوا بخوات، یان بێدەنگ بێ، واتە: سوێند بە جگە لە خوا نەخوات، وەك خەڵك ڕاهاتوە، دەڵێن: بە سەری تۆ، بە سەری فڵانکەس، بە قەبری فڵانکەس، بە کەعبەی پیرۆز و، بە پێغەمبەرو... هتد، کە هیچیان سوێندیان پێ ناخورێ و، سوێند بە خوا، یان بە یەکێك لە سیفەتەکانی خوای بەرز دەخورێ، بۆیەش سوێند بە قوڕئان دەخورێ، چونکە قوڕئان فەرمایشتی خوایە، بەڵام خوا ﷻ بۆ خۆی سوێند بەهەر شتێک دەخوات، ویستی خۆیەتی، خوا بەدیهێنەری هەموو شتەکانە، سوێند بە هەنجیرو زەیتوون و، بە قەڵەم و نووسین و، مانگ و خۆرو ئەستێرەکان و، ڕووداوەکانی قیامەت دەخوات، کە سوێندیش دەخوات بە شتەکان، بۆ سەرنج ڕاکێشانی ئێمەیەو، بۆ دەرخستنی گرنگیی ئەو شتانەیە.

(**حَلّاف**)یش واتە: زۆر سوێند خۆر، کە لێرە خوا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێ: فەرمانبەریی هەر کەسێکی زۆر سوێند خۆری سووك و بێبایەخ مەکە، (**مَهِين: أَيْ حَقِير، أَوْ ذُو مَهانة، أَوِ الْوَضِيع**)، (**مَهِين**) واتە: سووك، کەم بایەخ، نزم و پەست، عادەتیش وایە کەسێك زۆر سوێند بخوات، سووك دەبێ، چونکە سوێند خواردن، بریتیە لەوەی کە قسەکەی خۆت پشتڕاست دەکەیەوە بە هۆی سوێندێکەوە، ئنجا ئەگەر متمانەت بە قسەکەی خۆت هەیە، پێویست ناکات سوێندان بخۆی، لە کاتێکدا کە پێویست بێ، بە هەر حاڵ سوێند خواردنیش هەیەو، ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (**المائدة**)دا باسێکی تایبەتمان لە بارەی سوێند خواردن و سڕینەوە (**كفارة**)ی سوێندەوە خستۆتەڕوو، بەڵام بە بۆنەو بەبێ بۆنە، بە هۆکارو بەبێ هۆکار، کەسێك هەر سوێندان بخوات، مانای وایە متمانەی بە قسەی خۆی نیە، وەك پێشتریش ئاماژەم پێداوە: ئەو وتاربێژو مەلاو بانگەوازکارانەی بە ناوی ئیسلامەوە قسە دەکەن و، زۆر سوێندان دەخۆن، با بزانن کە زۆر سوێند خواردن دەبێتە هۆی سووك بوونیان و، مانای وایە تۆ دوێندراوەکانی خۆت، ئەوانەی قسەیان بۆ دەکەی و، قسەکانت دەبیستن، پێت وایە متمانەیان بە تۆ نیە، بۆیە ئەوەندە سوێندیان بۆ دەخۆی! گرنگ ئەوەیە خوا زۆر سوێند خواردنی لەگەڵ سووکییدا پێکەوە باسکردوون! ئەوە دوو سیفەت لە نۆ (٩) سیفەتە خراپەکانی ئەو کەسە.

٢)- ﴿ هَمَّازٍ مَّشَّآءِۭ بِنَمِيمٍ ﴾، زۆر شکێنەری قسە هێنەروبەر، (**همّاز**) و (**مَشّاء**) لەسەر ڕێژگەی زێدەڕۆیی (**صيغة المبالغة**)ن، (**هَمَزَهُ: أَيْ اغْتَابَهُ**) واتە: پاشملە باسیکرد، کەواتە: (**هَمّاز**) واتە: زۆر غەیبەتکەر، پاشملە بە خراپە زۆر باسی خەڵککەر، (**الْهَمْزُ: الإِغْتِيَابُ**)، پاشملە باسی خەڵکردن بە خراپە.

هەندێکیش گوتوویانە: (**هَمْزُ**): بریتیە لە تانە لێدان لە ڕووبەڕوو، بەڵام وا پێدەچێ (**هَمْزُ**) و (**هَمّاز**) کەسێك بێ پاشەملە بە خراپ باسی خەڵك دەکات.

بـەڵام (لَــمَّاز) کــە ئەویــش لــە (لَامِــز)ە کــە خــوا دەفەرمــوێ: ﴿وَلَا تَلْمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمْ﴾الحجرات، عەیـب لـە خۆتـان مەگـرن، (لَمـز) ئەوەیـە کەسێك ڕووبـەڕوو عەیبـی لـێ بگـری، بـەڵام (هَمـز) ئەوەیـە پاشـمله بـە خراپـە باسـی بکـەی، لـە سـوورەتی (الهُمَـزَة)دا خـوای پـەروەردگار کەسـێك کـە پاشـمله باسـی خەڵکـی دەکات، پێشیخسـتوە، چونکـە ئـەو سیفەتە زیاتـر لـە خەڵکـدا هەیـە، تاکـو ڕووبەڕوو تانـەدان لــە خەڵــك و عەیــب گرتــن: ﴿وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ۝١﴾الهمــزة، (هُمَــزَة ولُمَــزَة) لەســەر کێــشی (فُعَلَــة) بــۆ زێدەڕۆیــی واتــە: ســزای ســەخت بــۆ هــەر کەسـێك کـە پاشـمله زۆر باسـی خەڵـك دەکات بـە خراپـەو، بـەرەو ڕووش زۆر تانەیــان لــێ دەدات.

(مَشَّــاء بِنَميــم: يَمْشِــي بِالنميمَــة)، (مَشَّــاء)یش ڕێژگەی زێدەڕۆیـی (مَاشِي)یە یـانی: ڕۆیشـتوو، (مَشَّـاء) واتـە: زۆر ڕۆیشـتوو، یـانی: زۆر قسـە هێنـەرو بـەرە، (نَميـم) لـە (نَمنمـة)ەوە هاتـوە، (النَّمنمـة: الصَّـوْتُ الخفـيُّ وَالْحَرَكَـةُ الخفيَّـة)، دەنگێکـی کـپ و جووڵەیەکـی بـە ئەسـپایی، پێغەمبـەری خـواش ﷺ لـە بـارەی قسـەهێنان و بردنـەوە فەرموویەتـی: {لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ نَمَّـامٌ}، (أخرجـه البخـاري: ٦٠٥٦، أبـو داود: ٤٨٧١، الترمـذي: ٢٠٢٦)، واتـە: بابـای قسـە هێنەروبـەر ناچێتـە بەهەشـت، (نَمَّـامٌ) واتـە: کەسـێك کـە زۆر قسـە دێنـێ و دەبـات، ئەویـش هـەر ڕێژگـەی زێدەڕۆییـە.

کەواتـە: (مَشَّـاء بِنَميـم) واتـە: ئـەو کەسـەی زۆر قسـان (قسـەی خـراپ) دێنـێ و دەبـات لـە نێـوان خەڵکـدا، بـۆ ئـەوەی نێوانیـان تێـك بـدات.

ئەوەش سیفەتەکانی: سێیەم و چوارەم لە نۆیەکان.

٣)- ﴿مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ﴾، زۆر ڕێگری چاکەی دەستدرێژکاری گوناهکار، (مَنَّاعٍ) کە لەسەر ڕێژگەی زێدەڕۆییە، دوو واتای هەن:

أ- (خَيْر) ئەگەر بە مانای ماڵ و سامان بێ، واتە: ماڵ و سامانێك کە لەبەر دەستیدایە زۆر تێیدا چرووکەو، لە دەستی نایەتە دەرێ و هیچی لێ هەڵناوەرێ.

ب- ئەگەر (**خَيْر**) بە مانای شتی مەعنەویی بێ، مەبەست پێی ئیسلامەتییە، یان هەر شتێکی دیکەی چاك، واتە: زۆر ڕێگرە لە خەڵك ڕووبکەنە شتی چاك کە ئیسلامە، یان بۆ هەر شتێکی دیکەی چاك، پەرچ و کۆسپە لەبەردەمیاندا، (**مَعْتد: يعني مُتَجَاوِزٌ للحَدِّ**) واتە: سنوور بەزێن و سنوور شکێن (**أثِيمْ**) واتە: خاوەن گوناهە، (**أثِيمْ**) دێتەوە سەر (**أثُوم**) کە (**أثِيمْ**) لەسەر کێشی (**فَعيل**)ە، بەڵام بە مانای (**فَعول**)ە، (**آثم**) واتە: گوناهکار، بەڵام (**أثِيم**) واتە: زۆر زۆر گوناهکار، وەك (**رَاحِم**) یانی: بەبەزەیی، بەڵام (**رَحيم**) واتە: زۆر زۆر بەبەزەیی، هەمیشە ئەو کێشانە بۆ زێدەڕۆیین.

ئەوانەش سیفەتەکانی: پێنجەم و شەشەم و حەوتەم.

٤)- ﴿ عُتُلٍّ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ ﴾، زبرو وشك و ڕەق، دوای ئەوەش: ناڕەسەن، (**عُتلّ**) زانایان چەند مانایەکیان بۆ لێکداونەوە:

یەکەم: (**الغَلِيْظ الجَافِي**) واتە: بابایەکی زبری وشکی ڕەق.

دووەم: (**الأكُول الشَّرُوب القَوِيُّ الشَّدِيدُ**) واتە: زۆرخۆری زۆر خۆرەوەی، زۆر بەهێزو سەخت.

سێیەم: (**الفَاحِشُ السَّيءُ الخُلُق**) واتە: بابایەکی قسە ناشیرینی ڕەوشت دزێو.

کەواتە: (**عُتُلّ**): یان مەبەست پێی سیفەتی جەستەییە، کە زۆر خۆریی و زۆر خواردنەوەیەو قەڵەوییە، یاخود: مەبەست سیفەتی مەعنەوییە کە بریتیە لە قسەی ناڕێککەرو، ڕەوشت دزێو و سیفەت خراپ.

(**زَنيم**) زانایان زۆر قسەیان لە بارەی زەنیمەوە کردوون:

١- هەندێك گوتوویانە: (**الزَّنيم: المُلْصق بالقَوْم**)، (**زنيم**) کەسێکە لە هۆزو نەتەوەیەك نیە، بەڵام خۆی خستۆتە نێو ئەوان و، خۆی بە ئەوانەوە پەیوەست کردوە.

٢- هەندێك گوتوویانە: (**الدَّعِيُّ**) واتە: کوڕی بابی خۆی نیە، زۆڵە، بیژوویە (**وَلَدُ الزِّنَى**).

٣- عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەڵێ: (زَنيم: رَجُلٌ مِنْ قُرَيْشٍ كَانَتْ لَهُ زَنَمَةٌ كَزَنَمَةِ الشَّاةِ) پیاوێك بوو لە قوڕەیشییەکان، زێدە گۆشتێکی هەبوو وەك زێدە گۆشتی مەڕ (کە بەلای گوێیدا دێتە خوار)، کوردەواریی خۆمان دەڵێن: مەڕی گوێ بە گوارە، واتە: وەك گوارە وایە بەملاولای گوێیدا دێتە خوار، ئەو کابرایەش زێدە گۆشتێکی لەوێ هەبووەو، خوای پەنهانزانیش بۆیە وای باسکردوە، تاکو بناسرێ، وەك لە هۆی هاتنە خوارەکەی دا باسمان کرد، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) گوتوویەتی: ئەو سیفەتانەی باسکران نەماندەزانی مەبەست پێییان کێیە، هەتا خوا فەرمووی: ﴿بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ﴾، ئنجا زانیمان مەبەست پێی فلانکەسە کە زێدە گۆشتی لەملاو لەولای هەبووە.

٤- هەندێك گوتوویانە: (زَنيم: يُعْرَفُ بِالشَّرِّ كَمَا تُعْرَفُ الشَّاةُ بِزَنَمَتِهَا) کەسێك کە بە خراپە ناسراوە وەك چۆن مەڕ بەهۆی ئەو زێدە گۆشتەی بەلای گوێیدا دێتە خوارێ (کە زەنەمەی پێ دەڵێن) دەناسرێ.

٥- هەندێك گوتوویانە: (اللَّئِيمُ الَّذِي يُعْرَفُ بِلُؤْمِهِ كَمَا تُعْرَفُ الشَّاةُ بِزَنَمَتِهَا) واتە: بابایەکی ناڕەسەنی نانەجیب کە بەخراپییەکەی و بێ فەڕییەکەی دەناسرێ، وەك چۆن مەڕ بەو زێدە گۆشتەی پێی دەگوترێ: زەنەمە، دەناسرێ.

ئەوانەش سیفەتەکانی: هەشتەم و نۆیەم.

٥)- ﴿أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ﴾، هەر لەبەر ئەوەی خاوەنی ماڵ و سامان و خاوەنی کوڕانە، ئەی موحەممەد ﷺ! تۆ نەچی بە قسەی بکەی، کە خاوەنی ماڵ و سامان و کوڕانە، بەڵام ئەم هەموو سیفەتە خراپانەشی هەن، بە قسەی مەکەو، مەکەوە ژێر کاریگەرییەوە.

یاخـود: ﴿أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ﴾، پەیوەندیـی بـە دواوە هەیـە، واتـە: هـەر بەهـۆی ئـەوەوە کـە خـاوەن سـامان و کـوڕان بـوو:

٦)- ﴿ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، کاتێك ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا خوێندرانەوە گوتی: ئەوە ئەفسانەی پێشینانە، یانی: بەهۆی ئەوەوە کە ماڵ و سامانی هەبوو، بوغڕا بوو بوو، ئەو ئایەتانەی ئێمەی بە ئەفسانەی پێشینان دادەنان.

کەواتە: ﴿ أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ ﴾، أ- دەگونجێ پەیوەست بێ بە پێشیەوە، واتە: بەهۆی ئەوەوە کە خاوەنی ماڵ و سامانەو، خاوەنی کوڕان و قەڕەباڵغیی و خزم و کەسە، ئەو هەموو سیفەتە خراپانەشی تێدا هەن، تۆ بە قسەی مەکەو فەرمانبەریی مەکە.

ب- یاخود: لە ئەنجامی ئەوەدا کە خاوەنی کوڕان و ماڵ و سامان و قەڕەباڵغیی بوو، کاتێك ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا خوێندرانەوە گوتی: ئەوە ئەفسانەی پێشینانە.

شایانی باسە: ﴿ أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ ﴾، بە دوو شێوەی دیکەش خوێندراوەتەوە:

خوێندنەوەی یەکەم: (ءان كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ) ئەمە بۆ پرسیارکردنە: ئایا هەر لەبەر ئەوەی خاوەنی سامان و کوڕان بوو، کاتێك ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا خوێندرانەوە، گوتی: ئەفسانەی پێشینانە؟ یان: ئایا لەبەر ئەوەی خاوەنی سامان و کوڕانە، تۆ بە قسەی دەکەی؟.

خوێندنەوەی دووەم: (**أَأَنْ كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ**) کە ئەمەش بۆ پرسیار کردنە واتە:

أ- ئایا لەبەر ئەوەی خاوەنی سامان و کوڕانە، تۆ بە قسەی دەکەی و فەرمانبەریی دەکەی؟.

ب- ئایا لەبەر ئەوەی خاوەنی سامان و کوڕانە بوغڕا بووەو، کاتێك ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا دەخوێندرێنەوە دەڵێ: ئەمە ئەفسانەی پێشینانە؟ (**أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ: أَبَاطِيلُهُمْ وَتُرَّهَاتُهُمْ**) واتە: قسەی پووچ و هەڵبەستراوی پێشینان.

٧)- ﴿ سَنَسِمُهُۥ عَلَى ٱلْخُرْطُومِ ﴾، (مادام وایە) ئێمە نیشانە لەسەر لووتی دادەنێین، (**الْخُرْطُومِ**) ئەلیف و لامی لەسەرەو ئەم (**أل**)ە: (**عِوَضٌ عَنِ الإضَافَة، يَعْنِي سَنَسِمُهُ عَلَى خُرْطُومِهِ**)، نیشانەداری دەکەین لەسەر لووتی، کە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ئەمە مەبەست

پێی دنیایە، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس گوتوویەتی: (**وَقَدْ خُطِمَ الَّذِي نَزَلَتْ فِيهِ يَوْمَ بَدْرٍ بِالسَّيْفِ، فَلَمْ يَزَلْ مَخْطُومًا إلى أن مات**)، ئەو کەسەی ئەو ئایەتە لە بارەیەوە هاتۆتە خوار لە جەنگی بەدردا، زەبرێك بەر لووتی کەوت، لووتی بڕاو هەتا مرد هەر بەو شێوەیە بوو، بەڵام هەندێك لە زانایان گوتوویانە: (**سَنَسِمُهُ عَلَى الْخُرْطُوم أي سَنَسِمُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى أَنْفِهِ سِمَةً يُعْرَفُ بِهَا**) لە ڕۆژی قیامەتدا نیشانەیەك لەسەر لووتی دادەنێین کە پێی بناسرێ، (**سَنَسِمُهُ**) لە: (**وَسَمْتُهُ وَسْمًا وَسِمَةً، إِذَا أَثَّرْتَ فِيهِ بِسِمَةٍ وَكَيٍّ**)، (**سنسمه**) لەوەوە هاتوە: نیشانەدارم کرد، شوێنکەم لەسەر دانا، کاتێك شوێنکە لەسەر شتێك دادەنێی، ئنجا بە سووتاندن یان بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان بێ.

لـە کۆتایـی ئـەم مەسەلەیەشـدا دەڵێیـن: ئایـا ئـەو کەسـە کەسـێکی دیارییکـراو بـووە، یاخـود جـۆرە کەسـێکە؟ زانایـان دوو بـۆ چوونیـان هـەن:

بۆچوونـی یەکـەم: هەندێکیـان گوتوویانـە: کەسـێکی دیارییکـراو بـووە، ئنجـا ئایـا ئـەو کەسـە دیارییکـراوە کـێ بـووە؟ ١- هەندێکیـان گوتوویانـە: ئەخنەسـی کـوڕی شـەریقە بـووە، ئیبنـو جەریـری تەبەڕیـی دەڵـێ: (**هُـوَ الأَخْنَـسُ بْـنُ شَرِيـقٍ أَصْلُـهُ مِـنْ ثَقِيـفٍ ، وَعِـدَادُهُ فِي بَنِـي زُهْـرَةَ: لأنَـهُ التحـق بِهِـمْ حَتَّـى كَانَ مِنْهُـم فِي الجَاهِلِيَـة، ولـذا سُـمِيَ زَنِيْمَاً للصُوقِـهِ بَالقَـوْم، وَلَيْـسَ مِنْهُـم**)، واتـە: ئـەو کەسـە ئەخنەسـی کـوڕی شـەریقە، ئەسـڵی خـۆی خەڵکـی هـۆزی سـەقیفە، بـەڵام لـە هـۆزی بەنـوو زوهـڕەدا سـەرژمێر کـراوە، واتـە: بەوانـەوە پەیوەسـت بـووە، لەسـەردەمی نەفامییـدا چۆتـە گـەڵ ئـەوان، هـەر بۆیـەش پێـی گوتـراوە: زەنیـم، چونکـە بـە بەنـی زوهـڕەوە پەیوەسـت بـووەو لەوانیـش نەبـووە، لـە هۆزێکـی دیکـە بـووە.

٢- هەندێکیش گوتوویانە: وەلیدی کوڕی موغیرەیە، (**إِدَّعَاهُ أَبُوُه بَعْدَ ثَمَانِيَةَ عَشْرَةَ مِنْ مَوْلِدِه وَهَذَا رَأْيِ الأَكْثَر**)، مەبەست پێی وەلیدی کوڕی موغیرەیە کە بابی دوای هەژدان (واتە: هەژدە مانگان، یان هەژدە ساڵان) دوای ئەوەی لە دایك بوو، ئنجا دەعوای کرد، بابی زانراو نەبوو، وەلیدی کوڕی موغیرەش گوتوویەتی: کوڕی منە، دیارە زینای لەگەڵ ئافرەتێکدا کردوەو ئەوی لێ پەیدابووە، ئەمە ڕای زۆربەیە.

٣- هەندێکیش گوتوویانە: مەبەست پێی ئەبوو جەهلە.

٤- هەندێکیش گوتوویانە: مەبەست پێی ئەسوەدی کوڕی عەبدو یەغووسە.

بۆچـوونی دووەم: لێـرەدا خـوای زانـاو کاربەجـێ باسـی جـۆرە کەسـێك دەکات، نـەك کەسـێکی دیارییکـراو، بـە بەڵگـەی ئـەوە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ ﴾ (كُلَّ) هـەر کەسـێك، کەواتـە: ئەمـە کەسـێکی دیارییکـراو نیـە، بەڵکـو هـەر کەسـێك خاوەنـی ئـەو سیفەتانە بـێ، دەیگرێتـەوە.

ئنجـا ڕەنگـە ئـەو سـیفەتانە یەکێـك لـەو چـوار کەسـە، یـان جگـە لـە ئـەوان، زیاتـر بەسـەریدا چەسـپیبێ، بـەڵام مـەرج نیـە خـوا ﷻ مەبەسـتی پێـی کەسـێکی دیارییکـراو بووبـێ، ئەگەرنـا وشـەی هـەر (كُلَّ)ی لەسـەرەتاوە نەدەهێنـا.

خوڵاصـەو کورتـەی مانـای ئـەو ئایەتانـەش ئەوەیـە: کـە ئەهلی هـەق، موحەممەد ﷺ سەرمەشـقیانە، کـە بەجوانتریـن و بەرزتریـن ڕەوشـت و ئـاکار نـاسراوەو، ئەهلـی باتیڵیـش ئـەو جـۆرە کەسـانە سەرمەشـقیانن، کـە خاوەنـی ئـەم هەمـوو سـیفەتە ناشـیرین و ناقـۆڵاو دزێـو و خراپانـەن.

کورتە باسێک لە بارەی ڕەوشتبەرزیی پێغەمبەر ﷺ و، ڕەفتارپەستیی ناحەزانییەوە

بەڕێـــــزان!

ئێمـە لـە حـەوت بڕگـەدا ئـەم کورتـە باسـە دەخەینـە ڕوو، لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئایەتـی چـواری سـوورەتی (**القلـم**)دا، کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ۝٤ ﴾، بەڕاسـتیی تـۆ لەسـەر ڕەوشـتێکی مەزنـی (ئـەی موحەممـەد ﷺ!)، دیـارە ئەویـش بـۆ بەرپەرچدانـەوەی تۆمەتـی بێبڕوایـەکان بـوو، کـە دەیانگـوت: موحەممـەد ﷺ سـەرگەردانە، یـان دەیانگـوت: جـادووی لێکـراوە، یـان دەیانگـوت: شـێتە، یـان جادووگـەرە، لـە وەڵامـی هەمـوو ئـەو تۆمەتانـەدا، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ۝٤ ﴾، بەڕاسـتیی تـۆ لەسـەر ڕەوشـتێکی مەزنـی، واتـە: ئـەو ڕەوشـت و ئـاکارو سـیفەت بەرزییـەی تـۆ ئـەی موحەممـەد ﷺ! بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی تـۆ ڕاسـت و سـاغی لەگـەڵ خـواو خەڵکـداو، بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی تـۆ ڕەوانەکـراوی خـوای، چونکـە ئەگـەر بگونجـێ هـەر شـتێکی دیکـە بـە زۆر لـە خۆکـردن (**تکلُّف**) و خۆئەزیەتـدان و، بـە ڕواڵـەت وا خۆپێشـاندان، لـە خـۆدا بهێندرێتـە دی، بـەڵام ڕەوشـتی بـەرزو مـەزن، بـە واتـای فراوانـی ڕەوشـتی بـەرزو مـەزن، کـە هـەم خەسـڵەتە دەروونییـە بـەرزەکان دەگرێتـەوە، هـەم ئـاکارو ڕەفتـارە بـەرزە ڕواڵەتییـەکان دەگرێتـەوە، هـەم لـە مامەڵـە لەگـەڵ خەڵکـداو، پێـش ئـەوەش لـە مامەڵـە لەگـەڵ خـوادا ﷻ، خۆڕازاندنـەوە بـە هەمـوو ئـەو خەسـڵەت و ئـاکارە بـەرزو جوانـە مەعنەویـی و ڕواڵەتییانـەی پێویسـتن، هەروەهـا خـۆ دوورگرتـن لـە هەمـوو ئـەو شـتانەی پێچەوانـەی خەسـڵەتە پەسـندە مەعنەوییـەکان و، ئـاکارو ڕەوشـتە پەسـەندە ڕواڵەتییەکانـن، ئـەوە تەنیـا بـە کەسـێك دەکـرێ، کـە پەیوەسـت بـێ بـە خـوای پـەروەردگارەوەو، بەبـێ پەیوەسـتیی بـە خـواوە ﷻ وەك بەندایەتیـی

بۆ خوا کردن، مرۆڤ ناتوانێ بەهەمـوو ڕەوشتە بەرزو پەسەندە دەروونیی و ڕواڵەتییەکان ڕازاوە بێ و، لە هەمـوو خەسڵەت و ئاکارو ڕەفتارە دەروونیی و ڕواڵەتییە خراپەکان، پاك و بژارکراو بێ، کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بەو شێوەیە بووە.

بڕگەی یەکەم: پێناسەر ڕەوشت بەرزیی و ڕەوشت نزمیی:

ئێمە لە مەوسووعەی: (خووڕەوشتی ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا) بە درێژیی باسی سەد و پەنجاو پێنج (١٥٥) موفـرەدەی ڕەوشتی بەرزو جوانمان کردوە، هەروەها ئاماژەمان بە پێچەوانەکانیان داوە، دیسان لە کتێبی: (ئەدەب و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان)یش دا هەر ئاماژەمان بەوە کردۆتەوە، وێڕای ئەوان نامیلکەیەکیشمان هەیە بە ناوی: (خوو ڕەوشتیی بەرزو پەسەند، سەنگی مەحەکی مسوڵمانەتییە)، بەڵام لێرەدا لە قەدەر ئەم تەفسیرە، ئەم کورتە باسە دەخەینە ڕوو.

یەکێك لە ڕوونکەرەوەکانی قورئان کە ئیبنو عەجیبەیە لە تەفسیرەکەی خۆیدا[١] پێناسەیەکی هێناوە پێم جوان بوو، ئەگەرنا زانایان زۆر باسی ڕەوشتی بەرزو جوانیان کردوە، کە پێناسەکەی چۆنە؟ دەڵێ:

(حَقِيقَةُ الْخُلُقِ، مَلَكَةٌ لِلنَّفْسِ، تَصْدُرُ عَنْهَا الأَفْعَالُ بِسُهُولَةٍ، مِنْ غَيْرِ فِكْرٍ وَلَا رَوِيَّةٍ، فَخَرَجَ الصَّبْرُ؛ لِأَنَّهُ بِصُعُوبَةٍ، وَالْفِكْرَةُ؛ لِأَنَّهَا بِرَوِيَّةٍ، ثُمَّ يُنْظَرُ فِي تِلْكَ الأَفْعَالِ الصَّادِرَةِ عَنْ تِلْكَ الْمَلَكَةِ؛ فَإِنْ كَانَتْ سَيِّئَةً، كَالْغَضَبِ، وَالْعَجَلَةِ، وَالْكِبْرِ، وَالْفَظَاظَةِ، وَالْغِلْظَةِ، وَالْقَسْوَةِ، وَالْبُخْلِ، وَالْجُبْنِ، وَغَيْرِ ذَلِكَ مِنَ الْقَبَائِحِ، سُمِّيَ خُلُقاً سَيِّئاً، وَإِنْ كَانَتْ تِلْكَ الأَفْعَالُ حَسَنَةً، كَالْعَفْوِ، وَالْحِلْمِ، وَالْجُودِ، وَالصَّبْرِ، وَالرَّحْمَةِ، وَلِينِ الْجَانِبِ، وَتَحَمُّلِ الأَذَى، سُمِّيَ خُلُقاً حَسَناً)/ واتە: حەقیقەتی خووڕەوشت (چ بە باری چاکە دا بێ،

---

(١) الْبَحْرُ الْمَدِيد فِي تَفْسِيرِ الْقُرآن الْمَجِيد: ج٨، ص١٠٦.

چ بـە بـاری خراپـەدا)، حاڵەتێکـە لـە دەروونـدا کـە ڕەفتـارو کـردەوەکان بـە ئاسـانیی لێـوەی هەڵدەقوڵـن، بـێ ئـەوەی خاوەنەکـەی بیریـان لـێ بکاتـەوەو ڕابمێنـێ، (بۆیـە بـە بۆچوونـی ئـەو) خەسـڵەتی ئارامیـی لـە پێناسـەی ڕەوشـت دەچێتـە دەرێ، چونکـە بەخـۆ ئەزیەتـدان مـرۆڤ دەتوانـێ خۆڕاگـر بـێ، هەروەهـا بیرکردنـەوەش لێـی دەچێتـە دەرێ، چونکـە ئەویـش پێویسـتیی بـە تێوەڕامـان هەیـە، {دەڵـێ: ڕەوشـت ئەوەیـە بەبـێ بیـر لێکردنـەوەو، خـۆ ئەزیەتـدان، یەکسـەر لـە مرۆڤـەوە دەربچـێ}، ئنجـا دوایـی تەماشـا دەکـرێ، ئـەو کـردەوەو هەڵسـوکەوت و ڕەفتارانـەی لـە مـرۆڤ دەردەچـن، لـەو حاڵەتـە دەروونییـەوە دەردەچـن، ئەگـەر خـراپ بـن، وەك: تووڕەیـی، پەلەکـردن، خۆبەزلگریـی، قسـە ڕەقـی، دڵڕەقیـی، بـێ بەزەیـی، چرووکیی، ترسـنۆکیی و، جگـە لەوانـەش لـە ڕەوشـتە خراپـەکان، ئـەوە پێـی دەگوتـرێ: ڕەوشـتی خـراپ، بـەڵام ئەگـەر ئـەو کـردەوەو ئاکارانـە چـاك بـن، وەك: لێبـوردن، هێدیـی و مەندیـی، بەخشـندەیی، خۆڕاگریـی، بەزەیـی، نـەرم و نیانـی، پشـوو درێژیـی، تەحەممولکردنـی ئـازاری خەڵـك، ئـەوە پێـی دەگوتـرێ: ڕەوشـتی جـوان.

ڕەخنـەم لـە ئـەو پێناسـەیە ئەوەیـە کـە ئـەو دەڵـێ: ئارامگرتـن و بیرکردنـەوە لـە پێناسـەی ڕەوشـتی جـوان دەچنـە دەرێ، دواییـش هـەر خـۆی لـە ڕیـزی ڕەوشـتە جوانەکانـدا، ئارامگرتنیشـی هێنـاوەو ئـەوەش دژ یەکییـە، قسەکەشـی ڕاسـت نیـە کـە ئـارام گرتـن و بیرکردنـەوە، لـە بازنـەی ڕەوشـتی جـوان بچنـە دەرێ، چونکـە ڕەوشـتی جـوان حاڵەتێکـە ڕیشـەکەی لـە دەروونـدایـە، بـەڵام مـەرج نیـە پێویسـتیی بـە خـۆ ئەزیەتـدان و زۆر لـە خۆکـردن نەبـێ، هەروەهـا پێویسـتیی بـە بیـر لێکردنـەوە نەبـێ!

ڕەوشـت بریتیـە لـەو سـیفەتە مەعنەوییـی و، ئـاکارە ڕواڵەتییانـەی لـە مرۆڤـەوە دەردەچـن، ئنجـا ئەگـەر چـاك بـن، ئـەوە دەگوترێ: ئـەو مرۆڤە ڕەوشـتێکی پەسـندو چاکـی هەیـەو، ئەگـەر خراپیـش بـن، دەگوتـرێ: فڵانکـەس ڕەوشـت و هەڵسـوکەوت و ڕەفتارێکـی خراپـی هەیـە.

بڕگەی دووەم: سەرچاوەی ڕەوشتبەرزیی پێغەمبەری خوا ﷺ چی بووە؟

بۆچی پێغەمبەری خوا ﷺ خوا بە ڕەوشتی بەرزو مەزن پێناسەی دەکات، ڕەوشتە بەرزەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە کوێوە هاتوە؟

هەر لەسەرچاوەی پێشوودا[1]، لە زانایەکەوە بەناوی عەبدوڕڕەحمان ئەلعارف واتە: (**العارف بالله**) عاریف هەر نازناوی بووە، دەیهێنێ کە گوتوویەتی:

(كَانَ ﷺ عَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ؛ لِشَرْحِ صَدْرِهِ بِالنُّورِ، كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ①﴾ الشرح، وَلِحَدِيثِ شَرْحِ صَدْرِهِ، وَشَقِّهِ وَتَطْهِيرِهِ، وَنَزْعِ حَظِّ الشَّيْطَانِ مِنْهُ، ثُمَّ إِفْرَاغِ الْحِكْمَةِ وَالنُّورِ فِيهِ، حَتَّى مُلِيءَ بِذَلِكَ، فَكَانَ شَيْئاً مَحْضاً للهِ تَعَالَى، لَا تَعَلُّقَ لَهُ بِغَيْرِهِ، فَنَاسَبَ الْقُرْآنَ، وَصَارَ خُلُقاً لَهُ، مَنْقُوشاً فِيهِ، مِنْ غَيْرِ رَوِيَّة، وَلَا تكسب فِي ذَلِك، بَلْ طُبِعَ عَلَى ذَلِك، وَسرَى فِيه أَمْر الوحي، وَجرى عَلَى مقْتَضاه فِي جَمِيْع أحواله، وَلِذَلكَ تَجِدُ السُّنَّةَ مُشْرَعَةً مِنَ القُرْآنِ، وَخَارِجَةً مِنْهُ خُرُوج اللبنِ مِن الضَّرْعِ، وَالزُّبَدِ مِن اللَّبَنِ، فَصَار متخلِّقاً بالقرآن، وفِي الحَقِيقَة متخلّقاً بخُلق الله، وَمَظْهرَ أَوْصَافه، وَمَجْلاة سِرِّهِ وَشَأْنِهِ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ ⑩﴾ [الفتح] الآية، ومَن رآه فَقَدْ رَأى الحقَّ، والله أعلم، فَعَائِشة رَضِيَ اللهُ عَنْهَا احْتَشَمَت وَسَتَرَت حَيْث عبَّرت بالقُرْآن، وَلَمْ تَقُلْ كَانَ خُلُقُهُ خُلُقَ الرَّحْمَن).

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ بۆیە لەسەر ڕەوشتێکی مەزن بوو، چونکە خوا ﷻ سینەی گوشاد کردبوو بە ڕووناکیی، وەك خوای بەرز فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ①﴾ **الشرح**، ئایا سینەمان بۆ گوشاد نەکردووی؟ وەك لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە لە باسی لەتکردنی سینەی دا و پاککردنەوەی و، دارنینی پشك و بەشی شەیتان لێی، دوایی پڕکردنی لە حیکمەت و لە ڕووناکیی {کە ئەو دەقەی سوننەت، هەر ڕوونکردنەوەی ئەو ئایەتە موبارەکەیە}، هەتا

---

(١) البَحْرُ الْمَدِيد فِي تَفْسِيرِ الْقُرآن الْمَجِيد: ج٨، ص١٠٧.

پێغەمبەری خوا ﷺ سینەو دڵی پڕ بوو بوو لە نوور و لە حیکمەت و، بوو بوو بە شتێکی ساغ بۆ خوا ﷻ، پەیوەندیی بە هیچ شتێکی دیکەی جگە لە خواوە نەمابوو، هەر بۆیە حاڵەتەکەی وابوو لەگەڵ قورئاندا ڕێك بوو، قورئان بۆی بوو بوو بە ڕەوشت و ئاکارو تێیدا بوو بوو بە نیگار، بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە، یاخود خۆی ئەزیەت بدات، بەڵکو خوا ﷻ لەسەر ئەوە سرووشتاندبووی و، وەحیی لە دڵ و دەروونی دا دەڕۆیشت، بوو بوو بە خوازراوی سرووشتەکەی لە هەموو حاڵەکانی دا، هەر بۆیە ڕێبازی پێغەمبەریش ﷺ لە قورئانەوە هەڵقوڵاوەو، لەوێوە دەرچووە، وەك چۆن شیر لە گوانی ئاژەڵ دەردەچێ، یان وەك چۆن ڕۆن لە نێو شیر دێتە دەرێ، بۆیەش ئەو ﷺ ڕازاوە بوو بوو بە ڕەوشتە قورئانییەکان و بوو بوو بە دەرخەری سیفەتەکانی خواو، درەوشێنەرەوەی نهێنیی خواو کاری خوا، وەك لە ئایەتی ژمارە دە (١٠) ی سوورەتی فەتح دەردەکەوێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ ٱللَّهَ يَدُ ٱللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ ۚ فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِمَا عَـٰهَدَ عَلَيْهُ ٱللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١٠﴾﴾، هەر کەسێك پێغەمبەری خوای ﷺ بینیبایە ئەگەر بە چاوی عەقڵ و دڵ تەماشای کردبایە، خوای پەروەردگاری تێدا دەبینی، {واتە: سیفەتەکانی خوای تێدا دەدیتن}، خواش زاناترە، بۆیەش عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، جۆرێك لە خۆپارێزیی کردوە، کاتێك کە پرسیاری لێکراوە لە بارەی ڕەوشتی پێغەمبەرەوە ﷺ گوتوویەتی: {**كَانَ خُلُقُ نَبِيِّ اللَّـهِ الْقُرْآنَ**}، ڕەوشتی پێغەمبەری خوا قورئان بوو، نەیگوتوە: {**كَانَ خُلُقُ نَبِيِّ اللَّـهِ خُلُقَ الرَّحْمَـنِ**}، ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ هەمان سیفەتەکانی خوای بە بەزەیی بوون.

دەڵێم: ئەم تەعبیرەش تارادەیەك ڕێی تێدەچێ، بەڵام زانایان بۆیە خۆیان لەوە پاراستوە، چونکە کۆمەڵێك لە سیفەتەکانی خوا ﷻ تایبەتن بە خوای پەروەردگارەوە، وەك: بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگاریەتیی و، تەنیا پەرستراویەتیی و، ناو و سیفەتەکانی کە تایبەتن بە خواوە، هەروەها ئەوەی مرۆڤ پێی

دەگوترێ: (**خُلق**) هەڵسوکەوتی بەرجەستەیی و ماددییە، بەڵام خوای بەرز دیارە: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾**الشورى**، ئەگەرنا ئەوە ڕاستە، کە خوا ﷻ پێغەمبەری خاتەمی ﷺ بە هەندێك لە سیفەتەکان، کە سیفەتی خۆیشینی، وەسفکردوە وەك دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾﴾**التوبة**، خوای بێ وێنەش خاوەنی ئەوپەڕی پەرۆشیی و بەزەییە، پێغەمبەریشی ﷺ بەوە پێناسە کردوە، بەڵام بێگومان پەرۆشیی و بەزەیی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قەدەر خۆی و، هی خوای پەروەردگاریش کە بێ سنوورەو ڕەهایە، ئەوانیش بەپێی ڕەهایی و بێ سنووری خواو سیفەتەکانیی.

بڕگەی سێیەم: بنەمایەکانی ڕەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ:

زانایان زۆریان لەو بارەوە قسە کردوون، (إبن عاشور) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[١] دەڵێ: (**وَاعْلَمْ أَنَّ جُمَاعَ الْخُلُقِ الْعَظِيمِ الَّذِي هُوَ أَعْلَى الْخُلُقِ الْحَسَنِ، هُوَ التَّدَيُّنُ، وَمَعْرِفَةُ الْحَقَائِقِ، وَحِلْمُ النَّفْسِ، وَالْعَدْلُ، وَالصَّبْرُ عَلَى الْمَتَاعِبِ، وَالإِعْتِرَافُ لِلْمُحْسِنِ، وَالتَّوَاضُعُ، وَالزُّهْدُ، وَالْعِفَّةُ، وَالْعَفْوُ، وَالْجُودُ، وَالْحَيَاءُ، وَالشَّجَاعَةُ، وَحُسْنُ السَّمْتِ، وَالتُّؤَدَةُ، وَالْوَقَارُ، وَالرَّحْمَةُ، وَحُسْنُ الْمُعَامَلَةِ وَالْمُعَاشَرَةِ. وَالْأَخْلَاقُ كَامِنَةٌ فِي النَّفْسِ وَمَظَاهِرُهَا تَصَرُّفَاتُ صَاحِبِهَا فِي كَلَامِهِ، وَطَلَاقَةِ وَجْهِهِ، وَثَبَاتِهِ، وَحُكْمِهِ، وَحَرَكَتِهِ وَسُكُونِهِ، وَطَعَامِهِ وَشَرَابِهِ، وَتَأْدِيبِ أَهْلِهِ وَمَنْ لِنَظَرِهِ، وَمَا يَتَرَتَّبُ عَلَى ذَلِكَ مِنْ حُرْمَتِهِ عِنْدَ النَّاسِ، وَحُسْنِ الثَّنَاءِ عَلَيْهِ وَالسُّمْعَةِ. وَأَمَّا مَظَاهِرُهَا فِي رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَفِي ذَلِكَ كُلِّهِ وَفِي سياسته أُمَّتِهِ، وَفِيمَا خُصَّ بِهِ مِنْ فَصَاحَةِ كَلَامِهِ وجوامع كَلمه**).

ئیبنو عاشوور یەکێکە لە زانا موعتەبەرەکانی ماناکانی قورئان دەڵێ: بزانە: کۆکەرەوەی ڕەوشتی مەزن، کە بریتیە لە بەرزترینی ڕەوشت و ئاکار،

---

(١) التحرير والتنوير: ج١٢، ص (٦٤،٦٥).

بریتیـن لەمانـە [لـەم نـۆزدە بنەمایـە]، دوایـی هەمـوو ڕەوشـتە بـەرزو جوانـەکان دەگەڕێنـەوە بـۆ ئەوانـە {ئـەو لـە تەفسـیرەکەیدا ژمـارەی بـۆ دانەنـاون}:

یەکەم: دینداریی {بەندایەتیی بۆ خوا}.

دووەم: زانینی ڕاستییەکان.

سێیەم: ئارامیی دڵ و دەروون.

چوارەم: دادگەریی.

پێنجەم: خۆڕاگریی لەسەر ماندوویی و ناڕەحەتییەکان.

شەشەم: دان پێداهێنانی چاکەی چاکەکاران.

حەوتەم: خۆ بەکەمگریی.

هەشتەم: دنیا بەکەمگریی.

نۆیەم: خۆ پاکڕاگرتن.

دەیەم: لێبوردن.

یازدەیەم: سەخاوەت و بەرچاوتێریی.

دوازدەیەم: شەرم و شکۆ.

سێزدەیەم: ئازایەتیی و بوێریی.

چواردەیەم: شێوەی جوان {شێوەی دەروونیی جوان، شێوەی مەعنەویی جوان، نەك مەبەست قەد و قیافەو لەش و لار بێ، یانی هەڵسوکەوتی جوان بە گشتیی}.

پازدەیەم: هێدیی و مەندیی و پەلە نەکردن.

شازدەیەم: ویقارو سەنگینیی.

حەڤدەیەم: بەزەیی.

هەژدەیەم: هەڵسوکەوتی جوان.

نۆزدەیەم: مامەڵەی باش لەگەڵ نزیکان و ئەوانەدا کە زۆر تێکەڵن.

{دوایی دەڵێ:} دیارە ڕەوشتە بەرزو جوانەكان لە دەروونی مرۆڤدا شێردراون، بەڵام ئەوەی لە مرۆڤدا دەبینرێ، ڕواڵەتەكانی ڕەوشتی جوانن، كە لە قسەكردنی، لە ڕووخۆشیی، لە چەسپاویی، لە حوكمدانی، لە جووڵەی، لە ڕاوەستانی، لە خواردن و خواردنەوەی، لە ڕاهێنانی نزیكانی خۆیدا، لەسەر ڕەوشتی جوان، هەروەها ئەوەی لەسەر ئەوە بنیات دەنرێ، لەوەدا كە ڕێزی لە لای خەڵك هەیەو، خەڵك بە چاكە باسی دەكەن و ناوبانگی باشی بۆ پەیدادەبێ، بەڵام شوێنەوارەكانی ڕەوشتی جوان لە پێغەمبەری خوادا ﷺ لەوانەدا لە هەموویان دایە، وێڕای ئەوەش لەوەدا كە ئوممەتەكەی خۆی سەرپەرشتیی كردوە، (هەموو كەسیش ئەوەی ناكەوێتە دەست كە سەرپەرشتیی خەڵك و كۆمەڵگا بكات)، هەروەها ئەوەش كە تایبەتكراوە بە پێغەمبەرەوە ﷺ لە زمانپاراویی و، لە وشە كۆكەرەوەكان بۆ مانای زۆر [كاتێك فەرمایشتی كردوە].

بڕگەی چوارەم: بە نسبەت ناحەزانی پێغەمبەری خواوە ﷺ:

پێشتر باسمان كرد كە خوا ﷻ باسی كەسێكی دیارییكراو، یان باسی جۆرە كەسێك دەكات و، نۆ سیفەتی خراپی لێ هەڵدەدات:

سیفەتی یەكەم و دووەم: ﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ ﴿١٠﴾ ﴾القلم، (**الْحَلَّافُ: يعْنِي كَثِيْر الحَلِف بالحَق وَالبَاطِل**)، كەسێك كە زۆر سوێند بخوات بە هەق و بە ناهەق، خوا ﷻ ڕێگریی لەوە كردوە، وەك لە سوورەتی (**البقرة**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَجْعَلُوا اللَّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَانِكُمْ أَن تَبَرُّوا وَتَتَّقُوا وَتُصْلِحُوا بَيْنَ النَّاسِ ۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٢٤﴾ ﴾، خوا ﷻ مەكەن بە شتێك هەمیشە سوێندی پێ بخۆن.

ئنجا

سیفەتی خراپی دووەم: (**مَهین**)ە، لە ناحەزانی پێغەمبەردا ﷺ چ كەسێكی دیارییكراو بێ، چ جۆرە كەسێك بێ، زەجاج گوتوویەتی: (**وَالْمَهِينُ: فَعِيْل لِمَن**

فيه مَهَانَة)، (**مهين**) لەسەر کێشی (**فعيل**)ە، بە مانای (**مَهَانَة**)ە، واتە: سووکیی و بێ بایەخیی، ئنجا (**مَهَانَة**) بە دوو واتا لێکیانداوەتەوە:

واتای یەکەم: (**القِلَّةُ وَالحَقَارَة فِي الرَّأْيِ وَالتَّمْيِيزِ**) کەسێکە لە عەقڵ و لە لێك جیاکردنەوەی چاکەو خراپەدا کەمیی هەبێ.

واتای دووەم: (**الحَقِيرُ عِنْدَ النَّاس**) کەسێك لە لای خەڵك سووك و کەم بایەخ بێ.

سیفەتی سێیەم: (**الهَمَّازُ: العَيَّابُ الطَّعَان فِي غِيَابِ النَّاس أو فِي وَجْهِهِم**) (**هَمَّاز**): بریتیە لە تانە لە خەڵکدەرو، شکێنەری خەڵك چ کاتێك کە نادیارە لێیان و، چ لە حاڵەتی ڕووبەڕوو بوونەوەدا، پێشتریش، گوتمان زیاتر حاڵەتی غەیبەت و پاشملە باسکردن دەگرێتەوە.

سیفەتی چوارەم: (**مَشَّاءٍ بِنَمِيمٍ: أي يَمْشِي بِالنَّمِيْمَةِ للإِفْسَادِ بَيْنَهُم**)، زۆر قسە دەهێنێ و دەبا بۆ ئەوەی بەینی خەڵکی تێکبدات.

سیفەتی پێنجەم: (**مَنَّاعٍ لِلْخَيْرِ**) (**مَنَّاعٍ صِيْغَة مُبَالَغَة مَانِع**) واتە: زۆر ڕێگرە لە خەیر، (**خَيْر**) دەگونجێ بە مانای ماڵ و سامان بێ واتە: ماڵ و سامانەکەی خۆی زۆر دەست پێوە دەگرێ و نایبەخشێ، یاخود (**خَيْر**) مەبەست پێی چاکەی مەعنەویی بێ، واتە: زۆر ڕێگری خەڵکە لەوەی ڕووبکەنە خێر و چاکە کە ئیسلامەتییە.

سیفەتی شەشەم: (**مُعْتَدٍ**) واتە: سنوور بەزێن، وەك ئەو کەسەی سنوور بۆ لای خەڵك دەبەزێنێ و، سنووری هەق دەبەزێنێ، دەستدرێژیی دەکاتە سەر مافەکانی ئەوانی دیکە.

سیفەتی حەوتەم: (**أَثِيمٍ**) واتە: زۆر گوناهکار، صیغەی موبالەغەیە لە (**آثم**) واتە: گوناهکار، لە هیچ گوناهێك ناسڵەمێتەوەو ناپرینگێتەوە.

سیفەتی هەشتەم: (**عُتُلٍّ**) بریتیە لە ڕەوشت دزێو، ئنجا دەگونجێ لە ڕووی مەعنەوییەوە بێ و، مەبەست پێی بابەیەکی توندو تیژی زبری دڵڕەقی قسە ڕەق

بێ، دەشگونجێ سیفەتی خراپەو سەرزەنشتکردن بێ لە ڕووی جەستەییەوەو، مەبەست پێی بەهێزی قەبەی ورگ زلی زۆرخۆری زۆرخۆرەوە بێ.

سیفەتی نۆیەم: (زَنِيمٍ) واتە: کەسێك لە کۆمەڵە خەڵکێك نیەو خۆی بەوانەوە پەیوەست کردوە، چونکە (زنمة): زیادە گۆشتێکە بەلای گوێی مەڕدا دێتە خوار، یاخود (زَنِيمٍ: الَّذِي يُعْرَف بَالشَّرِّ وَاللُّؤم كَمَا تُعْرَفُ الشَّاة بِزَنَمَةٍ) کەسێك کە بە خراپەو ناڕەسەنیی و نانەجیبیی ناسراوە، هەروەك چۆن مەڕێك بەو زێدە گۆشتەی بەلای گوێیدا بەربۆتەوە، دەناسرێ.

کەواتە: ئەوانە ڕەوشت و ئاکارە ناپەسندو دزێوو قەڵب و خراپەکانی ناحەزەکانی پێغەمبەر بوون و، بەس بە بەراوردکردن لە نێوان ڕەوشتەکانی پێغەمبەرو، ڕەوشت و هەڵسوکەوتە دزێو و ناشیرینەکانی ناحەزەکانی دا، دەزانرێ کێ لەسەر هەقەو کێ لەسەر ناهەقە؟.

بڕگەی پێنجەم: چەند فەرمایشتێك لەبارەی ڕەوشتەوە:

ئێمە چوار فەرمایشتان لەو بارەوە دێنین، ئەگەرنا فەرمایشت لەو بارەوە زۆر زۆرن، لە شوێنانەدا کە پێشتر ئاماژەمان پێیاندا، بە دوور و درێژیی لەم بارەوە قسەمان کردوە:

فەرمایشتی یەکەم: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {اتَّقِ اللَّهِ حَيْثُمَا كُنْتَ، وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ} (**أخرجه أحمد: ٢١٣٩٢، والترمذي: ١٩٨٧، وقال: حسن صحيح، والدارمي: ٢٧٩١، والحاكم: ١٧٨، وقال: صحيح على شرط الشيخين، ووافقه الذهبي**)، واتە: لە هەر حاڵ و شوێنێك بووی، پارێز لە خوا بکەو، بە دوای خراپەدا چاکە بکە، دەیسڕێتەوەو، لەگەڵ خەڵکدا بە ڕەوشتی جوان مامەڵە بکە.

فەرمایشتی دووەم: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {**مَا مِن شَيْءٍ أَثْقَل فِي مِيزَانِ المُؤْمِنِ يَوْمَ القِيَامَةِ مِنْ خُلُقٍ حَسَنٍ، وَإِنَّ اللَّهَ لَيُبْغِضُ الفَاحِشَ البَذِيءَ**} (**أخرجه الترمذي: ٢٠٠٢، وغيره، وقال: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ**).

واتە: هیچ شتێك لە تەرازووی بڕوادار لە ڕۆژی قیامەتدا، لە ڕەوشتی جوان قورسترو گرانتر نیە، خوای بەرزیش ڕقی هەڵدەستێ لە هەر کەسێکی قسە ناشیرینی زمان شڕ.

فەرمایشتی سێیەم: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {**مَا مِنْ شَيْءٍ يُوضَعُ فِي المِيزَانِ أَثْقَلُ مِنْ حُسْنِ الخُلُقِ، وَإِنَّ صَاحِبَ حُسْنِ الخُلُقِ لَيَبْلُغُ بِهِ دَرَجَةَ صَاحِبِ الصَّوْمِ وَالصَّلَاةِ**} (**أخرجه: الترمذي: ٢٠٠٣، وصححه الألباني في صحيح سنن الترمذي**).
واتە: هیچ شتێك کە لە تەرازوودا دادەنرێ لە ڕەوشتی جوان قورسترو گرانتر نیەو، هاوەڵی ڕەوشتی بەرزو جوان، دەگاتە پلەی کەسێك هەمیشە شەوانە شەو نوێژ دەکات و، ڕۆژووی سوننەتیش ناپسێنێتەوە، واتە: ئەو ڕۆژانەی سوننەتن هەموویان دەگرێ، ئەو کەسەی ڕەوشتی بەرزو جوان بێ، با ئەو خواپەرستییانەشی هێندە نەبن، واتە: شەونوێژکەر نەبێ، یان ڕۆژووگری سوننەت نەبێ بەو جۆرەی باسکرا، بەڵام دەگاتە پلەی ئەو.

فەرمایشتی چوارەم: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {**إِنَّ مِنْ أَحَبِّكُمْ إِلَيَّ وَأَقْرَبِكُمْ مِنِّي مَجْلِسًا يَوْمَ القِيَامَةِ أَحَسِنَكُمْ أَخْلَاقًا، وَإِنَّ أَبْغَضَكُمْ إِلَيَّ وَأَبْعَدَكُمْ مِنِّي مَجْلِسًا يَوْمَ القِيَامَةِ الثَّرْثَارُونَ وَالمُتَشَدِّقُونَ وَالمُتَفَيْهِقُونَ»، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَدْ عَلِمْنَا الثَّرْثَارُونَ وَالمُتَشَدِّقُونَ، فَمَا المُتَفَيْهِقُونَ؟ قَالَ: «المُتَكَبِّرُونَ»**}، (**أخرجه: الترمذي: ٢٠١٨، وصححه الألباني في صحيح الترمذي**). واتە: بە دڵنیایی لە خۆشەویسترینتانتان لە لام و نزیکترینتان لێمەوە، لە ڕووی دانیشتنەوە، لە ڕۆژی دواییدا، ئەوانەتانن کە ڕەوشتیان جوانترە، بە دڵنیاییش بوغزاوترینتان لەلام و دوورترینتان لە ڕووی پێگەوە لێم لە ڕۆژی دواییدا، زۆر بڵێیان و پڕ بە زار قسەکەران (**مُتَشَدِّق**)،

(کەسێك کە بە کەشخەو دەمارەوە قسە دەکات و قسەی قەڵەو و زل دەکات، بە ئەنقەست نەك هەر دەنگەکەی وابێ)، خۆبەزلگرانن، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! دەزانین زۆر بڵێیان و کەسانێك کە بە کەشخەو دەمارەوە قسە دەکەن، کێن، ئایا (**متفیقهون**) کێن؟ فەرمووی: ئەوانیش خۆبەزلگرەکانن.

بڕگەی شەشەم:

لە هەموو قورئاندا، ئەم ڕستەیە: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾، تەنیا لەم ئایەتی ژمارە چواری سوورەتی (**القَلَم**)دا هاتووەو، لە هەموو قورئانیشدا بێبڕوایەکان و ناحەزەکانی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ تەنیا لەم چەند ئایەتەدا، بە نۆ خەسڵەتی نزم و پەستیان پێناسە کراون، کەواتە: ڕەوشتی جوان سەنگی مەحەکە، بۆ بابای ڕاست و ساغ لەگەڵ خواو لەگەڵ خەڵکداو، ڕەوشتی خراپیش سەنگی مەحەك و پێوەرە، بۆ ناحەزانی پێغەمبەران (**صلی الله علیهم وسلم**)، ناحەزانی ئایین و پەیامی خوا، تەماشای ڕەوشتیان بکە، جاری وایە ڕەنگە بە ڕواڵەت ڕەوشتی خۆیان جوان بکەن، بەڵام کە دەچیە نێو ناخیانەوەو لە ژیانی پەنهانیان ئاگادار دەبی، ئنجا بۆت دەردەکەوێ کە ئەوان زبڵدانێکن پڕە لە خەسڵەتە نزم و پەستەکانی وەك: خۆبەزلگریی و خۆپەسندیی و دنیا پەرستیی و ئارەزوو پەرستیی و بێ ڕەحمیی، تا کۆتایی هەموو ئەو سیفەتە نزم و پەستانە.

پێشتریش ئاماژەم پێدا -پێم وایە- لەسۆنگەی ئەوەوە لە هەموو قورئاندا تەنیا لێرەدا خوای کارزان باسی جۆرە کەسێك دەکات، کە دژ و ناحەزی پێغەمبەری خوایە ﷺ بە نۆ لە سیفەتە قەڵب و ناشیرینەکانی، دوای ئەوەی باسی پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات بە ڕەوشتی مەزن و بەرزو پەسند، بۆ ئەوەی دیار بێ ڕەوشتبەرزیی و ڕەوشت مەزنیی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵگەی ڕاستییەتی، هەروەك ڕەوشت دزێویی و ئاکار خراپیی ناحەزانیشی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لەسەر ڕێیەك و بەرنامەیەکی پووچ و خراپن.

بڕگەی حەوتەم و کۆتایی:

گوڵبێژێ لە ڕەوشتە بەرزو پەسەندەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ: سی و یەك (٣١) فەرمـوودە لـە هەشـت بڕگـەدا لـە بـارەی ڕەوشـتەکانی پێغەمبـەرەوە ﷺ لەبـەر تیشـکی (**الشَّمَائل المُحمديّـة، صفـات النبـي الجسـمية والخُلُقِيَّـة، للإمـام أبي عيسـى محمـد بـن السـورة الترمـذي**)، کـە لـە سـاڵی (٢٠٩)ی کۆچیـی دا لـە دایـك بـووەو لـە (٢٧٩)ی کۆچییـدا وەفاتـی کـردوە، ئێمـە تەنیـا لـەو بوارانـەدا کـە دیارییـمان کـردوون، ئامـاژە دەکەیـن بـە ژمارەیـەك لـە فەرمایشـتەکانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ یـان بـە دەقەکانـی سـوننەت کـە لـە بـارەی ڕەوشـت و ئاکارەکانـی پێغەمبـەرەوە هاتـوون، لـە هەشـت بـواردا:

١- (بَـابُ مَـا جَـاءَ فِي تَعَطُّـرِ رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ)، باسـێك لـە بـارەی بۆنـی خۆشـی پێغەمبـەری خوا ﷺ:

ئێمە سێ فەرموودە لەو بارەوە دێنین:

یەکەم: {عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁ قَالَ: «كَانَ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ سُكَّةٌ يَتَطَيَّبُ مِنْهَا»} (أخرجه الترمذي في الشمائل: ٢١٦ ، و أبو داود: ٤١٦٢، معنى: سُكَّةٌ نَوْعٌ مِنَ الطِّيب أو وعاء من الطيب).

واتـە: ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﵁ (کـە دە سـاڵ خزمەتـی پێغەمبـەری کـردوە)، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ سـوککەیەکی هەبـوو لێیـەوە بۆنی خۆشـی لە خـۆی دەدا.

سـوککە جۆرێکـە لـە بۆنـی خـۆش، یاخـود قووتەیـەك بـووە، بۆنـی خۆشـی تێکـردوە، پێدەچـێ مانـای دووەمیـان ڕاسـتتر بـێ، کەواتـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ گرنگیـی داوە بـە خـۆ بۆنخۆشـکردن.

دووەم: {عَنْ ثُمَامَةَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ: كَانَ أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ ﵁، لَا يَرُدُّ الطِّيبَ، وَقَالَ أَنَسٌ ﵁: «إِنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ لَا يَرُدُّ الطِّيبَ»} (أخرجه البخاري: ٢٥٨٢، والترمذي: ٢٧٨٩).

واتـە: ثومامـەی کـوڕی عەبدوڵـڵا دەڵـێ: ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﷺ عادەتـی وابـوو ئەگـەر بۆنـی خۆشـی پـێ درابایـە، بەرپەرچـی نەدەدایـەوە، {واتـە: وەری دەگـرت}، ئەنەسـیش ﷺ گوتوویەتـی: پێغەمبـەر ﷺ بۆنـی خۆشـی ڕەتنەدەکـردەوە، واتـە: ئەگـەر پێـی درابایـە وەری دەگـرت.

سێیەم: {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «طِيبُ الرِّجَالِ مَا ظَهَرَ رِيحُهُ وَخَفِيَ لَوْنُهُ، وَطِيبُ النِّسَاءِ مَا ظَهَرَ لَوْنُهُ وَخَفِيَ رِيحُهُ»} (أخرجه الترمذي: ٢٧٨٧، وقال: هذا حديث حسن، والنسائي: ٥١١٧).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: بۆنـی خۆشـی پیـاوان ئەوەیـە کـە بۆنەکـەی دیـار بـێ و ڕەنگەکـەی شـێردراوەبێ، بـەڵام بۆنـی خۆشـی ئافرەتـان، ئەوەیـە ڕەنگەکـەی دیـار بـێ و بۆنەکـەی پەنهـان بـێ.

هـی ئافرەتـان ڕەنگەکـەی دیـار بـێ، وەك قەنەفڵ و مێخـەك و خەناوکـەو خەنەو... هتـد، هـی پیاوانیـش ئەوەیـە کـە ڕەنگەکـەی دیـار نەبێ، بـەڵام بۆنەکـەی بڕوا.

٢- (بَـابُ كَيْـفَ كَانَ كَلَامُ رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ)، باسـێك دەربـارەی فەرمایشـتکردنی پێغەمبـەری خـوا ﷺ چـۆن بـووە؟:

لەو بارەیەوەش ئەم دوو فەرموودەیە دێنین:

یەکەم: {عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها، قَالَتْ: «مَا كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَسْرُدُ سَرْدَكُمْ هَذَا، وَلَكِنَّهُ كَانَ يَتَكَلَّمُ بِكَلَامٍ بَيِّنٍ فَصْلٍ، يَحْفَظُهُ مَنْ جَلَسَ إِلَيْهِ»} (أخرجه الترمذي: ٣٦٣٩، وقال: هذا حديث حسن، وحسنه الألباني).

واتـە: دایکـمان عائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) گوتوویەتـی: پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەك ئێـوە قسـەی ڕیـز نەدەکـرد {واتـە: قسـان بـە دوای یەکـدا بـکات و تێکیـان بخـات و نەیانپسـێنێتەوە}، بەڵکـو قسـەیەکی ڕوونـی دەکـرد، کەسـێك لـە لای دانیشـتبایە دەیتوانـی قسـەکانی لەبـەر بـکات.

دووەم: {عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ قَالَ: «كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُعِيدُ الْكَلِمَةَ ثَلَاثاً لِتُعْقَلَ عَنْهُ»} **(أخرجه الترمذي: ٣٦٤٠، وقال: هذا حديث حسن صحيح غريب، قال الألباني: حسن صحيح).**

واتـە: ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە قسـەیەکی دەکـرد، سـێ جـاران دووبـارەی دەکـردەوە، تاکـو لێـی بفامـرێ.

واتـە: ئەوەنـدەی پێویسـت بـکات، پێغەمبـەری خوا قسـەی دووبـارەی کردۆتەوە، ئنجـا جـاری وابـووە دوو کـەڕەت دووبـارەی کردۆتـەوەو، جـاری وابـووە سـێ کـەڕەت دووبـارەی کردۆتـەوەو، ئەنـەس باسـی سـێ جـار دەکات.

٣- (بَـابٌ مَـا جَـاءَ فِي ضَحِـكِ رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ)، باسـێك دەربـارەی پێکەنیـن و زەردەخەنـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ:

ئێمە لەو بارەوەش سێ فەرموودەمان هێناون:

یەکەم: {عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الْحَارِثِ بْنِ جَزْءٍ ﷺ، أَنَّهُ قَالَ: «مَا رَأَيْتُ أَحَدًا أَكْثَرَ تَبَسُّمًا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ»} **(أخرجه: الترمذي: ٣٦٤١، قال: حسن غريب).**

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی حاریسـی کـوڕی جـەزء ﷺ دەڵـێ: هیـچ کەسـم نەدیـوە لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە زەردەخەنەتـر بووبـێ و، دەم بـە پێکەنینـتر بووبـێ.

دووەم: {عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الْحَارِثِ ﷺ قَالَ: «مَا كَانَ ضَحِكُ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ إِلَّا تَبَسُّمًا» قَالَ أَبُو عِيسَى: «هَذَا حَدِيثٌ غَرِيبٌ مِنْ حَدِيثِ لَيْثِ بْنِ سَعْدٍ»} **(أخرجه الترمذي: ٣٦٤٢، وقال: هذا حديث صحيح غريب، وقال الألباني: صحيح).**

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی حاریـس ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ پێکەنینەکـەی تەنیـا زەردەخەنـە بـووە.

واتـە: بـە قاقـا پـێ نەکەنیـوە، بـەڵام جـاری واش هەبـووە بەدەنـگ پێکەنیـوە، وەك هەندێـك لـە فەرموودەکانـدا دەبینـرێ، بـەڵام بەزۆریـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە زەردەخەنــە پێکەنیــوە).

سێیەم: {عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَا حَجَبَنِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مُنْذُ أَسْلَمْتُ، وَلَا رَآنِي إِلَّا ضَحِكَ»} **(أخرجه البخاري: ٣٦١١، ومسلم: ٢٤٧٥، والترمذي: ٣٨٢٠).**

واتە: جەریری کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ دەڵێ: لەو کاتەوەی مسوڵمان بووم، پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ کات منی نەخستۆتە پشتی پەردە (واتە: یەکێك لە خانەوادەکەیان لەگەڵی تێکەڵ بوو)، نەشیبینیوم مەگەر لە ڕوومدا پێکەنیوەو زەردەخەنەی کردوە.

٤- (بَابُ مَا جَاءَ فِي صِفَةِ مِزَاحِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ)، باسێك لە بارەی قسەی خۆشکردن و گاڵتەکردنی پێغەمبەرەوە ﷺ:

لەو بارەوە شەش فەرموودە دێنین:

یەکەم: {عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ لَهُ: «يَا ذَا الْأُذُنَيْنِ»، يَعْنِي يُمَازِحُهُ} **(أخرجه أحمد: ١٢١٨٥، وأبو داود: ٥٠٠٢، والترمذي: ١٩٩٢، وقال: صحيح غريب، وصححه الألباني).**

ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم: ئەی خاوەنی دوو گوێیەکان! واتە: قسەی خۆشی لەگەڵ کردوە.

ئەگەرنا هەموو کەسێك هەر دوو گوێی هەن، یانی: پێغەمبەری خوا ﷺ کە قسەی خۆش و سوعبەتیشی کردوە، هەر هەقی فەرمووە وەك بۆ خۆی فەرموویەتی.

دووەم: {عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ، قَالَ: إِنْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لَيُخَالِطُنَا حَتَّى يَقُولَ لِأَخٍ لِي صَغِيرٍ: «يَا أَبَا عُمَيْرٍ، مَا فَعَلَ النُّغَيْرُ؟»، لِأَنَّهُ كَانَ لَهُ نُغَيْرٌ يَلْعَبُ بِهِ فَمَاتَ، فَحَزِنَ الْغُلَامُ عَلَيْهِ فَمَازَحَهُ النَّبِيُّ ﷺ: «يَا أَبَا عُمَيْرٍ، مَا فَعَلَ النُّغَيْرُ؟»} (ومعنى النغير: فرخ العصفور) **(أخرجه أحمد: ١٢٢٢٠، والبخاري: ٥٧٧٨، ومسلم: ٢١٥٠، والترمذي: ٣٣٣، وقال: حسن صحيح، وابن ماجه: ٣٧٢٠، وابن حبان: ٢٣٠٨).**

واتـە: ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەگەڵـمان تێکـەڵ بـوو، هەتـا بـە برایەکـی بچووکـم کـە نـاوی عومەیـر بـوو دەیفەرمـوو: ئـەی عومەیـر نوغەیرەکـەت چـی لێهـات؟ چونکـە بەچکـە چۆلەکەیەکـی هەبـوو گاڵتـەی لەگەڵـدا دەکـرد، دوایـی بەچکـە چۆلەکەکـەی لـێ مـردوو ئـەو کـوڕەش بچـووك بـووەو بـۆی دڵتەنـگ بـوو، ئنجـا پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە دەیگەیشـتێ گاڵتـەی لەگـەڵ دەکـردو دەیفەرمـوو: ئـەی عومەیـر بەچکـە چۆلەکەکـەت چـی لێهـات؟

سێیەم: {**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّكَ تُدَاعِبُنَا، قَالَ: «إِنِّي لَا أَقُولُ إِلَّا حَقًّا»**} (**أخرجه أحمد: ٨٤٦٢، والترمذي: ١٩٩٠، وقال: حسن صحيح، والبخاري في الأدب المفرد: ٢٦٥**).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﷺ دەڵـێ: هـاوەڵان گوتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! جـاری وایـە تـۆ گاڵتـەو قسـەی خۆشـمان لەگـەڵ دەکـەی، فەرمـووی: بەڵـێ، بـەڵام تەنیـا هـەق دەڵێـم، واتـە: گاڵتەکـردن و قسەکردنەکەشـم لـە شـیرازەو ڕاسـت و حـەق ناچێتـە دەر.

نـەك وەك هەندێـك کـەس هـەر بـۆ ئـەوەی خەڵـك بـە پێکەنیـن بێنـن، شـت هەڵدەبەسـتن یـان شـتی ناڕاسـت دەڵێـن، یـان شـتی زۆر زێدەڕۆیـی لێکـراو، کـە هەمـوو کەسـێك دەزانـێ درۆیـە، دەیڵێـن، حاشـای پێغەمبـەری خـوا ﷺ.

چوارەم: {**عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ، أَنَّ رَجُلًا اسْتَحْمَلَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: «إِنِّي حَامِلُكَ عَلَى وَلَدِ نَاقَةٍ» فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا أَصْنَعُ بِوَلَدِ النَّاقَةِ؟ فَقَالَ ﷺ: «وَهَلْ تَلِدُ الْإِبِلَ إِلَّا النُّوقُ»**} (**أخرجه أحمد: ١٣٨٤٤، وأبو داود: ٤٩٩٨، والترمذي: ١٩٩١، وقال: حسن صحيح غريب، وأبو يعلى: ٣٧٧٦، والضياء: ١٨٩٩، وقال: إسناده صحيح**).

واتـە: ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﷺ دەڵـێ: پیاوێـك داوای لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـرد کـە وڵاخێکـی سـواریی بـۆ بڕەخسـێنێ، (داوای لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـرد سـواری حوشـترێکی بـکات)، ئەویـش ﷺ فەرمـووی: سـواری بەچکـە حوشـترێکت

دەکـەم، ئەویـش گوتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! چـی لـە بەچکـە حوشـتر بکـەم؟ ئەویـش ﷺ فەرمـووی: ئایـا حوشـترانی گـەورەش هـەر بەچکـەی حوشـتر نیـن؟.

ئـەو پیـاوە وایزانیـوە پێغەمبـەری خـوا ﷺ حوشـترێکی گچکـەی دەداتـێ بـە کەڵکـی سـواری نەیـەت، بـەڵام پێغەمبـەری خـوا ﷺ مەبەسـتی ئـەوە بـووە حوشـترێکت دەدەمـێ کـە لـە حوشـتران بـووە، بـا گـەورەش بـێ هـەر بەچکـەی حوشـترانە.

پێنجەم: {عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ، أَنَّ رَجُلًا مِنْ أَهْلِ الْبَادِيَةِ كَانَ اسْمُهُ زَاهِراً، وَكَانَ يُهْدِي إِلَى النَّبِيِّ ﷺ هَدِيَّةً مِنَ الْبَادِيَةِ، فَيُجَهِّزُهُ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَخْرُجَ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «إِنَّ زَاهِرًا بَادِيَتُنَا وَنَحْنُ حَاضِرُوهُ» وَكَانَ ﷺ يُحِبُّهُ وَكَانَ رَجُلًا دَمِيماً، فَأَتَاهُ النَّبِيُّ ﷺ يَوْمًا وَهُوَ يَبِيعُ مَتَاعَهُ فَاحْتَضَنَهُ مِنْ خَلْفِهِ وَهُوَ لَا يُبْصِرُهُ، فَقَالَ: مَنْ هَذَا؟ أَرْسِلْنِي. فَالْتَفَتَ فَعَرَفَ النَّبِيُّ ﷺ فَجَعَلَ لَا يَأْلُو مَا أَلْصَقَ ظَهْرَهُ بِصَدْرِ النَّبِيِّ ﷺ حِينَ عَرَفَهُ، فَجَعَلَ النَّبِيُّ ﷺ يَقُولُ: «مَنْ يَشْتَرِي هَذَا الْعَبْدَ» فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِذًا وَاللَّهِ تَجِدُنِي كَاسِدًا، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «لَكِنْ عِنْدَ اللَّهِ لَسْتَ بِكَاسِدٍ» أَوْ قَالَ: «أَنتَ عِنْدَ اللَّهِ غَالٍ»} (أخرجه أحمد: ١٢٦٦٩، وابن حبان: ٥٧٩٠، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط الشيخين).**

واتـە: ئەنـەسی کـوڕی مالیـك ﷺ دەڵـێ: پیاوێـك بیابانشـین بـوو نـاوی زاهیـر بـوو، دەهـات بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ دیارییەکـی بـۆ دەهێنـا، (ئـەو شـتانەی لـە بیابـان هـەن، ئەگـەر شـیرێك بـووە، ماسـتێك بـووە، سـپیەمەنییەك بـووە، یاخـود جـۆرە شـتێك بـووە لـە بەرهەمـی بیابانشـینەکان)، پێغەمبەریـش ﷺ هـەر کاتێـك دەیویسـت بـڕوا، شـتێکی بـۆ سـاز دەکـرد، (هەڵبەتـە باشـتر لـە دیارییەکـەی خـۆی)، ئنجـا پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەیفەرمـوو: زاهیـر بیابانشـینی ئێمەیـەو، ئێمـەش شارنشـینی ئەویـن، (ئـەو لەوێـوە شـتمان بـۆ دەهێنـێ، ئێمـەش لەوێـوە شـتی پـێ دەدەیـن)، پێغەمبـەر ﷺ ئـەو پیـاوەی خۆشدەویسـت و پیاوێکـی نابەرچاویـش بـوو (جـوان نەبـووە)، ڕۆژێـك پێغەمبـەر ﷺ هـات بـۆ لای کاتێـك کـەل و پەلەکـەی خـۆی

دەفرۆشت، پێغەمبەریش ﷺ بەبێ ئەوەی زاهیر ببینێ، لە پشتەوە گرتی (لە باوەشی گرت)، ئەویش گوتی: بەرم بدە، ئەوە کێیە؟ پێغەمبەریش ﷺ بەری نەدا تاکو ماوەیەك، دوایی ئاوڕیدایەوە تەماشای کرد پێغەمبەرە ﷺ، ئنجا کە پێشتر دەیگوت: بەرمبدە، هەر زیاتر پشتی بە سینگی پێغەمبەرەوە ﷺ دەنووساند، کاتێك کە ناسیی، پێغەمبەریش ئاوا لە باوەشی گرتبوو فەرمووی: کێ ئەم بەندەیە دەکڕێ؟ [پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستی کۆیلە نەبووە، بەڵام وشەی (عبد) بەندەو کۆیلەش دەگرێتەوەو هەمووشمان بەندەین]، پیاوەکەش گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! بە خوا ئەگەر بمفرۆشی نرخێکی کەم دەکەم، (لەبەر ئەوەی بەدیمەن نابەرچاو بووە)، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: بەڵام تۆ لە لای خوا نرخت کەمت نیە، یاخود فەرمووی: تۆ لە لای خوا زۆر گرانی و بە نرخی.

چونکە خوای دادگەر تەماشای نێوەڕۆکی مرۆڤەکان دەکات، ئەگەرنا ڕواڵەتەکان بۆ خۆی خوڵقاندوونی و جۆراو جۆری خوڵقاندوون، بەڵام ئەوەی نرخ و بەها بۆ مرۆڤ پەیدا دەکات، ئەوەیە کە خۆی بەدەستی دێنێ، نەك ئەوەی دەستی تێیدانیە، کە ڕواڵەت و دیمەن و قیافەکەیەتی.

شەشەم: {عَنِ الْحَسَنِ الْبَصْرِي رضي الله عنه قَالَ: أَتَتْ عَجُوزٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، ادْعُ اللَّهَ أَنْ يُدْخِلَنِي الْجَنَّةَ، فَقَالَ: «يَا أُمَّ فُلَانٍ! إِنَّ الْجَنَّةَ لَا تَدْخُلُهَا عَجُوزٌ» قَالَ: فَوَلَّتْ تَبْكِي، فَقَالَ: «أَخْبِرُوهَا أَنَّهَا لَا تَدْخُلُهَا وَهِيَ عَجُوزٌ» إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى يَقُولُ: ﴿إِنَّآ أَنشَأْنَٰهُنَّ إِنشَآءً ﴿٣٥﴾ فَجَعَلْنَٰهُنَّ أَبْكَارًا ﴿٣٦﴾ عُرُبًا أَتْرَابًا ﴿٣٧﴾﴾الواقعة} (أخرجه الترمذي: ٢٤٠، مرسلاً، وحسنه الألباني).

واتە: حەسەنی بەصڕایی رضي الله عنه، دەڵێ: پیرەژنێك هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! لە خوا بپاڕێوە بمخاتە بەهەشت، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ئەی دایکی فڵان! (دیارە کونیەکەی زانیوە)، پیرەژن ناچنە بەهەشت، ئیدی پیرەژنەکەش ڕۆیشت و دەستی کرد بە گریان، (پێغەمبەریش

ﷺ سـوعبەتی لەگـەڵ کـرد)، فەرمـووی: هەواڵـی پـێ بـدەن ئـەو کاتێـك دەچێتـە بەهەشـت، پیـرەژن نیـە، چونکـە خـوای بـەرز دەفەرمـوێ: ئێمـە ئافرەتانـی بەهەشـتمان پێکەیانـدوون، کردوومانـن بـە کـچ، مێـردی خۆیـان خۆشـدەوێ و، هاوتەمەنـن لەگـەڵ مێردەکانیانـدا.

واتە: کاتێك دەچێتە بەهەشت، دەبێتەوە بە کچ و تەمەنێکی کەمی هەیە.

٥- (بَـابُ مَـا جَـاءَ فِي تَوَاضُـعِ رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ)، بـاسی ئـەوەی لـە بـارەی خاکیەتیـی پێغەمبـەری خـواوە ﷺ هاتـوە:

لەو بارەوەش پێنج فەرموودان هەڵدەبژێرین:

فەرمـوودەی یەکـەم: {عَـنِ ابْـنِ عَبَّاسٍ، عَـنْ عُمَـرَ بْـنِ الْخَطَّـابِ رضي الله عنه قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ: لَا تُطْـرُونِي كَـمَا أَطْـرَتِ النَّصَـارَى ابْـنَ مَرْيَـمَ، إِنَّمَـا أَنَـا عَبْـدٌ فَقُولُـوا: عَبْـدُ اللَّـهِ وَرَسُـولُهُ} (أخرجـه الطيالـسي: ٢٤، والحميـدي: ٢٧، وأحمـد: ١٥٤، والدارمـي: ٢٧٨٤، والبخاري: ٣٢٦١، والترمـذي في الشـمائل المحمديـة: ٣٣١، وأبـو يعلى: ١٥٣، وابـن حبان: ٦٢٣٩).

واتـە: ئیبنـو عەببـاس دەگێڕێتـەوە لـە عومـەری کـوڕی خەتتابـەوە رضي الله عنهما، گوتوویـەتی: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: زێدەڕۆیـی مەکـەن لـە مەدحمـدا وەك چـۆن نەصرانییـەکان لـە پێهەڵاگوتـن و مـەدح کردنـی عیسـای کـوڕی مەریەمـدا تێیانپەڕانـد، مـن تەنیـا بەنـدەم، بڵێـن: بەنـدەی خـواو ڕەوانەکـراوی خـوا.

واتـە: وەك نەصرانییـەکان نەچـن لـە سـنووری بەندایەتیـی بمبەنـە دەرێ، ئـەوان گوتیـان: عیسـا کـوڕی خوایـە، پاکیـی بـۆ خـوا.

فەرمـوودەی دووەم: {عَـنْ أَنَـسِ بْـنِ مَالِـكٍ رضي الله عنه، أَنَّ امْـرَأَةً جَـاءَتْ إِلَى النَّبِـيِّ ﷺ فَقَالَـتْ لَـهُ: إِنَّ لِي إِلَيْـكَ حَاجَـةً، فَقَـالَ: «اجْلِـسِي فِي أَيِّ طَرِيـقِ الْمَدِينَـةِ شِـئْتِ أَجْلِـس إِلَيْـكِ»} (أخرجـه أحمـد: ١٢٢١٨، ومسـلم: ٢٣٢٦، وأبـو داود: ٤٨١٨، وابـن حبـان: ٤٥٢٧).

واتـە: ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﷺ دەگێڕێتـەوە: ئافرەتێـك هـات بـۆ لای پێغەمبـەر ﷺ پێیگـوت: ئیشـێکم بـە تۆیـە، ئەویـش ﷺ فەرمـووی: لـە هـەر ڕێیەکـی مەدینـەدا، (لـە هـەر کووچـەو کۆڵانێـك) حـەز دەکـەی (بـۆ تـۆ نزیکـە) دابنیشـە، منیـش دێـم لەگەڵـت دادەنیشـم و کارەکـەی خۆتـم پـێ بڵـێ.

فەرمـوودەی سـێیەم: {عَـنْ أَنَـسِ بْـنِ مَالِـكٍ ﷺ قَـالَ: «كَانَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ يَعُـودُ الْمَرِيـضَ، وَيَشْـهَدُ الْجَنَائِـزَ، وَيَرْكَـبُ الْحِـمَارَ، وَيُجِيـبُ دَعْـوَةَ الْعَبْـدِ، وَكَانَ يَـوْمَ بَنِـي قُرَيْظَةَ عَـلَى حِـمَارٍ مَخْطُـومٍ بِحَبْـلٍ مِـنْ لِيـفٍ وَعَلَيْـهِ إِكَافٌ مِـنْ لِيـفٍ»} **(أخرجـه الترمـذي: ٣٢، وضعفـه، وقـال الألبـاني: ضعيـف).**

ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ سـەردانی نەخۆشـانی دەکـردو، لـە بـە خـاك سپاردنی جەنازانـدا ئامـادە دەبـوو، سـواری گوێدرێـژ دەبـوو، ئەگـەر کۆیلەیەکیـش دەعوەتـی کردبایـە (یـان بانگـی کردبایـە بـۆ ماڵەوەیـان) وەڵامـی دەدرایـەوەو دەچـوو بـۆ لای، لـە جەنگـی بەنـوو قورەیـزەدا پێغەمبـەری خـوا ﷺ سـواری گوێدرێژێـك بـوو بـوو، کـە ڕێشـمەکەی لـە پووشـی دارخورمـا بـوو، کورتانێکـی لەسـەر بـوو، کورتانەکـەش لـە پووشـی دارخورمـا بـوو.

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ کەل و پەلەکانی سادە بوون، مەبەستی پێی ئەوەیە.

فەرمـوودەی چـوارەم: {عَـنْ أَنَـسِ بْـنِ مَالِـكٍ ﷺ قَـالَ: «لَـمْ يَكُـنْ شَـخْصٌ أَحَـبُّ إِلَيْهِـمْ مِـنْ رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ» قَـالَ: «وَكَانُـوا إِذَا رَأَوْهُ لَـمْ يَقُومُـوا، لِـمَا يَعْلَمُـونَ مِـنْ كَرَاهَتِـهِ لِذَلِـكَ»} **(أخرجـه أحمـد: ١٣٦٤٨، والبخـاري في الأدب المفـرد: ٩٤٦، تعليـق شـعيب الأرنـؤوط: إسـناده صحيـح عـلى شرط مسـلم، والترمـذي: ٢٧٥٤، وفي الشـمائل: ٣٣٥، وقـال: هـذا حديـث حسـن صحيـح غريـب، وصححـه الألبـاني).**

واتـە: ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﷺ دەڵـێ: هیـچ کەسـێك لـە لای هـاوەڵان، لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەلایـان خۆشەویسـتتر نەبـوو، بـەڵام کاتێـك دەیانبینـی، یـان کـە دەهاتـە کـۆڕ و مەجلیـس، ئەگـەر دانیشـتبان، هەڵنەدەسـتان، چونکـە دەیانزانـی پێـی ناخۆشـە.

واتــە: هــاوەڵان لەبــەر یەکــدی هەڵدەســتان و هەرچەنــدە هیــچ کەســیان لــە پێغەمبــەری خــوا ﷺ لــە لا بەڕێزتــرو خۆشەویســتتر نەبــووە، بــەڵام کــە زانیویانــە پێــی ناخۆشــە، ڕەنگــە چەنــد جــاران پێــی فەرمووبــن: لەبــەرم هەڵمەســتن، نــەوەك زێدەڕۆییەکــی تێــدا بکــەن، یەکێکیــان ڕکووعیــشی بــۆ بــەرێ، وەك لــە صەحیحــی بوخاریــی دا هاتــوە، موعــازی کــوڕی جەبــەل لــە شــام گەڕابــووەوە، گوتــی: ئــەی پێغەمبــەری خــوا ﷺ! کڕنووشــت بــۆ نەبەیــن؟ پێغەمبــەری خــوا ﷺ بــە سەرســووڕمانەوە فەرمــووی: بۆچــی؟ گوتــی: ڕۆمــەکان کڕنــووش دەبــەن بــۆ حوکمڕانەکانیــان، بــەڵام تــۆ پێغەمبــەری خــوای! فەرمــووی: نەخێــر ئــەی موعــاز کڕنــووش بــۆ جگــە لــە خــوا نابــردرێ.

بۆیــەش ئــەو فەرموودانــە بــە زۆریــی لە ئەنەســی کــوڕی مالیکــەوە هاتــوون چونکە گوتوویــەتی: مــن منداڵێکــی دە ســاڵان بــووم، دایکــم منــی بــرد بــۆ خزمــەت پێغەمبەری خــوا ﷺ و گوتــی: ئەنــەس کوڕێکــی وریایــە، بــا خزمەتــت بــکات، ئیــدی دە ســاڵان لــە خزمەتــی پێغەمبــەردا بــووم، بۆیــە زۆر وردەکاریــی ژیانــی پێغەمبــەری ﷺ زانیــوە.

فەرمــوودەی پێنجــەم: {**عَـنْ عَمْـرَةَ بِنْـت عَبْدُالرَحْمَـن، قَالَـتْ: قِيـلَ لِعَائِشَـةَ: مَـاذَا كَانَ يَعْمَـلُ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ فِي بَيْتِـهِ؟ قَالَـتْ: «كَانَ بَـشَرًا مِـنَ الْبَـشَرِ، يَفْـلِي ثَوْبَـهُ، وَيَحْلُـبُ شَـاتَهُ، وَيَخْـدُمُ نَفْسَـهُ»**} (**أخرجـه أحمـد: ٢٦٢٣٧، تعليـق شـعيب الأرنـؤوط: حديـث صحيح**).

واتــە: عەمــڕەی کچــی عەبدوڕڕەحــمان (وا پــێ دەچــێ کچــی عەبدوڕڕەحمانــی کــوڕی عــەوف بــێ ﷺ)، دەڵــێ: بــە (دایکــمان) عائیشــە گوتــرا: پێغەمبــەری خــوا ﷺ لــە ماڵــەوە چــی دەکــرد؟ ئەویــش گوتــی: مرۆڤێــك بــوو وەك مرۆڤــەکان، پۆشــاکی خــۆی دەدۆزی {ئــەو کاتــە دیــارە کێــچ و ئەســپێ هەبــوون}، مەڕەکــەی خــۆی دەدۆشــی، بــۆ خۆشــی خزمەتــی خــۆی دەکــرد.

واتــە: هەندێــك ئیــش و کار کــە هــی خــۆی بــوون بــۆ خــۆی دەیکــردن، وا باشــە مــرۆڤ، تاکــو بتوانــێ کەمــتر ئــەرك بخاتــە ســەر خەڵکــی، ئنجــا خێزانــە، کــوڕە، کچــە، هــەر کەســێك، واباشــە خــۆی وردەکارەکانــی خــۆی بــکات.

٦- (بَابُ مَا جَاءَ فِي خُلُقِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ) باسی ئەوەی لە بارەی ڕەوشتی پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتوە:

لەو بارەوەش نۆ (٩) دەقان دێنین، هەر چەندە ڕەنگە هەندێکیان دووبارە بن:

فەرمووده‌ی یەکەم: {عَنْ خَارِجَةَ بْنِ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ قَالَ: دَخَلَ نَفَرٌ عَلَى زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ، فَقَالُوا لَهُ: حَدِّثْنَا أَحَادِيثَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: مَاذَا أُحَدِّثُكُمْ؟ كُنْتُ جَارَهُ «فَكَانَ إِذَا نَزَلَ عَلَيْهِ الْوَحْيُ بَعَثَ إِلَيَّ فَكَتَبْتُهُ لَهُ، فَكُنَّا إِذَا ذَكَرْنَا الدُّنْيَا ذَكَرَهَا مَعَنَا، وَإِذَا ذَكَرْنَا الْآخِرَةَ ذَكَرَهَا مَعَنَا، وَإِذَا ذَكَرْنَا الطَّعَامَ ذَكَرَهُ مَعَنَا، فَكُلُّ هَذَا أُحَدِّثُكُمْ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ»} **(أخرجه الترمذي في الشمائل: ٣٤٣، وفيه من هو لين الحديث، وضعفه الألباني).**

واتە: خاریجەی کوڕی زەیدی کوڕی سابیت ﷺ دەڵێ: چەند کەسێك هاتن بۆ لای زەیدی کوڕی سابیت ﷺ، گوتیان: لە بارەی فەرمایشتەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ قسەمان بۆ بکە، ئەویش گوتی: ئنجا چیتان بۆ باس بکەم! من دراوسێی بووم، کاتێك وەحیی دادەبەزیە سەری، بانگی دەکردم بۆم دەنووسیەوە، ئەگەر ئێمە باسی دنیامان کردبایە، ئەویش لەگەڵی باس دەکردین و، باسی دواڕۆژمان کردبایە، لەگەڵی باس دەکردین و باسی خواردنمان کردبایە، لەگەڵی باس دەکردین، هەموو ئەوەی دەیڵێم، لە بارەی پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆتان باس دەکەم.

فەرمووده‌ی دووەم: {عَنْ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ ﷺ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُقْبِلُ بِوَجْهِهِ وَحَدِيثِهِ عَلَى أَشَرِّ الْقَوْمِ يَتَأَلَّفُهُمْ بِذَلِكَ، فَكَانَ يُقْبِلُ بِوَجْهِهِ وَحَدِيثِهِ عَلَيَّ، حَتَّى ظَنَنْتُ أَنِّي خَيْرُ الْقَوْمِ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَنَا خَيْرٌ أَوْ أَبُو بَكْرٍ؟ قَالَ: «أَبُو بَكْرٍ» فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَنَا خَيْرٌ أَوْ عُمَرُ؟ فَقَالَ: «عُمَرُ»، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَنَا خَيْرٌ أَوْ عُثْمَانُ؟ قَالَ: «عُثْمَانُ»، فَلَمَّا سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَصَدَقَنِي فَلَوَدِدْتُ أَنِّي لَمْ أَكُنْ سَأَلْتُهُ} **(أخرجه الترمذي في الشمائل: ٣٤٤، وحسنه الألباني).**

واتـە: عەمـری کـوڕی عـاص ﷺ، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئەگـەر کەسـێك خراپترینـی خەڵکیـش بووایـە، ڕووی تێدەکـردو فەرمایشـتی لەگـەڵ دەکـرد، بـەوە دڵـی ڕادەگرتـن، زۆریـش ڕووی لـە مـن دەکـردو قسـەی لەگەڵـدا دەکـردم، هەتـا ڕۆژێـك گومانـم وابـرد: مـن لـە هەمـوو خەڵـك باشـترم، ڕۆژێـك پێمگـوت: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! مـن باشـترم یـان ئەبـوو بەکـر؟ فەرمـووی: ئەبـوو بەکـر، گوتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! مـن باشـترم یـان عومـەر؟ فەرمـووی: عومـەر، گوتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! مـن باشـترم یـان عوسـمان؟ فەرمـووی: عوسـمان، کاتێـك لـە پێغەمبـەری خـوام پرسـی، ئەویـش بەڕاسـتیی وەڵامـی دامـەوە، حـەزم دەکـرد لێـم نەپرسـیبایە.

فەرمـوودەی سـێیەم: {عَـنْ أَنَـسِ بْـنِ مَالِـكٍ ﷺ قَـالَ: «**خَدَمْـتُ رَسُـولَ اللَّـهِ ﷺ عَـشْرَ سِنِينَ فَـمَا قَـالَ لِي أُفٍّ قَـطُّ، وَمَـا قَـالَ لِشَيْءٍ صَنَعْتُـهُ لِـمَ صَنَعْتَـهُ؟ وَلَا لِـشَيْءٍ تَرَكْتُـهُ لِـمَ تَرَكْتَـهُ؟ وَكَانَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ مِـنْ أَحْسَـنِ النَّـاسِ خُلُقًا، وَلَا مَسَسْـتُ خَـزًّا قَـطُّ، وَلَا حَرِيـرًا، قَـطُّ، وَلَا شَـيْئًا كَانَ أَلْـيَنَ مِـنْ كَـفِّ رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ، وَلَا شَـمَمْتُ مِسْـكًا قَـطُّ وَلَا عِطْـرًا، كَانَ أَطْيَـبَ مِـنْ عَـرَقِ النَّبِـيِّ ﷺ**»} (**أخرجـه الترمـذي: ٢٠١٥، وفي الشـمائل: ٣٤٥، قـال: هـذا حديـث حسـن صحيـح، وصححـه الألبـاني**).

واتـە: ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﷺ دەڵـێ: دە سـاڵان خزمەتـی پێغەمبـەری خـوام کـرد (وەك مێـرد منداڵێـك کـە دایکـی هێناویەتـی، پێغەمبـەری خـوا ﷺ کەسـێکی نـاردوە بـە دوای کەسـێکدا ئیشـێکی پێکـردوە، بچـۆ بە فڵانکـەس وابڵێ، ئەو شـتانەی پێکـردوون)، هەرگیـز پێـی نەفەرمـووم: ئـۆف (وشـەیەکە بـۆ بێزاریـی دەربڕیـن)، هەرگیـز شـتێکم کردبـێ پێـی نەفەرمـووم: بۆچـی کردووتـەو، شـتێکم ئەگـەر واز لـێ هێنابـێ نەیفەرمـووە: بۆچـی وازت لـێ هێنـاوە؟.

[بێگومـان ئەگـەر کارێـکی خراپـی کردبـێ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: مەیکـەو، ئەرکێـکی چواندبـێ، ئـاگاداری کردۆتـەوە، بـەڵام مەبەسـتی ئەوەیـە بـە

تووڕەیـی پێـی نەفەرمـووە، یـان بەشـێوەیەکی بێزاریـی، یـان بـە شـێوەیەك دڵـی بڕەنجێنـێ پێـی نەفەرمـووە، بـۆ ئـەوەی بـە هەڵـە لـەم دەقـە تێنەگەیـن!

چونکـە عومـەری کـوڕی ئەبـوو سـەلەمە دەڵـێ: مـن لـە خزمـەت پێغەمبـەردا بـووم نانـم دەخـوارد، دەسـتم لـە قاپەکـە گێـڕا، پێغەمبـەری خـواش ﷺ فەرمـووی: {**یـا غُـلَامُ، سَـمِّ اللـهَ، وَكُلْ بيَمِينِـكَ، وَكُلْ مِـمَّا يَلِيـكَ**} ئـەی ڕۆڵـە! نـاوی خـوا بێنـە (دیـارە نـاوی خـوای نەهێنـاوە)، لـە پێـش خۆتـەوە بخـۆو بـە دەسـتی ڕاسـتبخۆ (دیـارە بەدەسـتی چـەپ خواردوویەتـی).

کەواتـە: پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئەگـەر شـتێکی نارێـك لـە پێـش چـاوی کرابـێ، بـە دڵنیایـی لێـی بێدەنـگ نەبـووە].

دوایـی ئەنـەس دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە هەمـوو کـەس ڕەوشـتی جوانـتر بـوو، مـن هەرگیـز دەسـتم لـە هیـچ قوماشـێك کـە ئاوریشـمی تێکـەڵ بـێ و لـە هیـچ ئاوریشـمێك و لـە هیـچ شـتێك نـەداوە، لـە دەسـتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ نەرمـتر بووبـێ، هەروەهـا هیـچ میسـکێك و هیـچ عەترێکـم بـۆن نەکـردوە کـە لـە ئارەقـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بۆنخۆشـتر بووبـێ، [چونکـە هەمیشـە بۆنـی خۆشـی لـە خـۆی داوەو، خـۆی لـە خواردنـی هەمـوو ئـەو شـتانە پاراسـتوە کـە بـۆن ناخۆشـن].

فەرمـوودەی چـوارەم: {**عَـنْ أَنَـسِ بْـنِ مَالِـكٍ، عَـنْ رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ أَنَّـهُ كَانَ عِنْـدَهُ رَجُـلٌ بِـهِ أَثَـرُ صُفْـرَةٍ قَـالَ: وَكَانَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ لَا يـكَادُ يُواجِـهُ أَحَـدًا بِـشَيْءٍ يَكْرَهُـهُ، فَلَمَّا قَـامَ قَـالَ لِلْقَـوْمِ: «لَـوْ قُلْتُـمْ لَـهُ يَـدَعُ هَـذِهِ الصُّفْـرَةَ»**} (**أخرجـه أحمـد: ١٢٥٩٥، تعليـق شـعيب الأرنـؤوط: إسـناده حسـن**).

واتـە: ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﷺ لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ دەگێڕێتـەوە کـە پیاوێـك لـە لای بـوو، شـوێنەواری زەردییەکـی پێوەبـوو، [یـان زەعفـەران بـووە، یـان ڕەنگێکـی زەرد بـووە لـە خـۆی داوە، یـان جـۆرە بۆنێـکی زەرد بـووە، ئـەو بۆنانـەش کـە لـە خـۆ دەدرێـن، ئەگـەر ڕەنگیـان دیاربـێ، زیاتـر هـی ئافرەتانـن]،

پێغەمبەریش ﷺ نزیك بوو هیچ کەسێك کە شتێکی پێ ناخۆش بێ، ڕووبەڕوو پێی نەڵێ، [دەڵێم: هەندێك کەس ئەگەر تێیڕانەبینیبێ، پێی نەگوتوە، بەڵام ئەگەر کەسێك تێیڕابینیبێ، پێیگوتوە، ئەوەتا عەمری کوڕی عاص لێی دەپرسێ: من چاکترم، یان ئەبوو بەکر؟ دەفەرموێ: ئەبوو بەکر، یان ئەوەی عومەری کوڕی ئەبوو سەلەمە [پێغەمبەری خوا ﷺ]فەرموویەتی: ئاوا مەخۆ، ناوی خوا بێنەو بەدەستی ڕاستبخۆو لە پێش خۆتەوە بخۆ]، کاتێك هەڵسا پێغەمبەر ﷺ بە خەڵکەکەی فەرموو، دەبووایە پێی بڵێن ئەو زەرداییە واز لێ بهێنێ، (واتە: ڕەنگی زەرد لە خۆی نەدات).

فەرموودەی پێنجەم: {عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها، قَالَتْ: «مَا ضَرَبَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِيَدِهِ شَيْئًا قَطُّ إِلَا أَنْ يُجَاهِدَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَلَا ضَرَبَ خَادِمًا أَوِ امْرَأَةً»} **(أخرجه مسلم: ٢٣٢٨، وأبو داود: ٤٧٨٦، وابن ماجه: ١٩٨٤).**

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز بە دەستی خۆی لە هیچ شتێکی نەداوە، مەگەر لە پێناوی خوادا جەنگ بکات و، نە لە خزمەتکارێکی داوەو، نە لە هیچ هاوسەرێکی خۆیشی داوە.

فەرموودەی شەشەم: {عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها، قَالَتْ: «مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ مُنْتَصِراً مِنْ مَظْلَمَةٍ ظُلِمَهَا قَطُّ، مَا لَمْ يُنْتَهَكْ مِنْ مَحَارِمِ اللَّهِ تَعَالَى شَيْءٌ، فَإِذَا انْتُهِكَ مِنْ مَحَارِمِ اللَّهِ شَيْءٌ كَانَ مِنْ أَشَدِّهِمْ فِي ذَلِكَ غَضَبًا، وَمَا خُيِّرَ بَيْنَ أَمْرَيْنِ إِلَّا اخْتَارَ أَيْسَرَهُمَا مَا لَمْ يَكُنْ مَأْثَمًا»} **(أخرجه البخاري ٦٤٠٤، ومسلم: ٢٣٢٧).**

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: هەرگیز پێغەمبەری خوام ﷺ نەبینیوە ستەمێکی لێ کرابێ، تۆڵە بستێنێتەوە، مادام قەدەغەیەکی خوا نەشکێنرابێ، بەڵام کاتێك قەدەغەکانی خوا دەشکێنران، لە هەموو کەس زیاتر تووڕە دەبوو، هەروەها هەرگیز پێغەمبەری خوا ﷺ سەرپشك نەکراوە لە نێوان دوو شتاندا، مەگەر کامەی ئاسانە، ئەوەی هەڵبژاردوە ئەگەر گوناح نەبووبێ.

مەبەستی دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، ئەوەیە کە پێغەمبەری کۆتایی ﷺ لەسەر خودی خۆی تووڕە نەبووەو، هەقی خۆی لە خەڵك نەکردۆتەوە، بۆ وێنە: یەکێك لە هاوەڵان هاتوە قسەیەکی بێ جێی کردوە، عەرەبێکی خێڵەکیی هاتوە مامەڵەیەکی ناشایستەی کردوە، بەشێوەیەکی ناگونجاو بانگی کردوە، یان جارێك عەرەبێکی خێڵەکیی عەبایەکەی ڕاکێشاو ملی سوور کردەوە، یەکێکی دیکە پێی گوت: بێنە بەشم بدە لەو دەستکەوتە، نەماڵی بابتەو نە ماڵی دایکتە! پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ڕاست دەکەی ماڵی باب و دایکم نیە، یانی: پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر خۆی لە خەڵك تووڕە نەبووەو، هەقی خۆی لە خەڵك نەکردۆتەوە، بەڵام ئەگەر شتێکی ناشەرعیی و ناهەقیی کرابێ، تووڕە بووەو هەقی چەسپاندوەو، ناهەقیشی پووچاندۆتەوە.

فەرموودەی حەوتەم: {**عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها، قَالَتِ: اسْتَأْذَنَ رَجُلٌ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَأَنَا عِنْدَهُ، فَقَالَ: «بِئْسَ ابْنُ الْعَشِيرَةِ» أَوْ «أَخُو الْعَشِيرَةِ» ، ثُمَّ أَذِنَ لَهُ، فَأَلَانَ لَهُ الْقَوْلَ، فَلَمَّا خَرَجَ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، قُلْتَ مَا قُلْتَ ثُمَّ أَلَنْتَ لَهُ الْقَوْلَ؟ فَقَالَ: «يَا عَائِشَةُ، إِنَّ مِنْ شَرِّ النَّاسِ مَنْ تَرَكَهُ النَّاسُ أَوْ وَدَعَهُ النَّاسُ اتِّقَاءَ فُحْشِهِ»**} (**أخرجه البخاري: ٥٧٠٧، ومسلم: ٢٥٩١، والترمذي: ١٩٩٦، وقال: حسن صحيح**).

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پیاوێك مۆڵەتی لە پێغەمبەری خوا ﷺ وەرگرت بێتە ژوورەوە، منیش لە لای بووم، لەو کاتەدا فەرمووی: ئەوە خراپترین کوڕی هۆزەکەیە، یان خراپترین برای هۆزەکەیە، دوایی مۆڵەتی دا، کاتێك هات قسەی نەرمی لەگەڵ کرد، کاتێك ڕۆیشت، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئەوەت فەرموو کە فەرمووت، دواییش قسەی نەرمت لەگەڵدا کرد؟ فەرمووی: ئەی عائیشە! خراپترین کەس کەسێکە خەڵك وازی لێ بێنێ، یان پشتگوێی بخات لەبەر خراپییانی.

واتـە: مـەرج نیـە کـە مـن ڕێـزم لـە هـەر کەسێك گـرت، لەبـەر ئـەوە بـێ کـە بەڕێـزو چـاك بـێ، بەڵکـو جـاری وایـە تاکـو لـە خراپییەکـەی سـەلامەت بـی، دەگونجـێ وەك مـودارا ڕێـز لـە هەندێـك کـەس بگـری، بـا شایسـتەی ڕێزیـش نەبـێ.

فەرمـوودەی هەشـتەم: {عَـنِ الْحَسَـنِ بْـنِ عَـلِيٍّ قَـالَ: قَـالَ الْحُسَـيْنُ ﷺ: سَـأَلْتُ أَبِي، عَـنْ سِـيرَةِ النَّبِـيِّ ﷺ فِي جُلَسَـائِهِ، فَقَـالَ: « كَانَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ دَائِـمَ الْبِـشْرِ، سَـهْلَ الْخُلُـقِ، لَـيِّنَ الْجَانِـبِ، لَيْـسَ بِفَـظٍّ وَلَا غَلِيـظٍ، وَلَا صَخَّـابٍ وَلَا فَحَّـاشٍ، وَلَا عَيَّـابٍ وَلَا مُشَـاحٍ، يَتَغَافَـلُ عَـمَّا لَا يَشْـتَهِي، وَلَا يُؤْيِـسُ مِنْـهُ رَاجِيـهِ، وَلَا يُخَيِّـبُ فِيـهِ، قَـدْ تَـرَكَ نَفْسَـهُ مِـنْ ثَـلَاثٍ: الْمِـرَاءِ، وَالْإِكْثَـارِ، وَمَـا لَا يَعْنِيـهِ، وَتَـرَكَ النَّـاسَ مِـنْ ثَـلَاثٍ: كَانَ لَا يَـذُمُّ أَحَـدًا وَلَا يَعِيبُـهُ، وَلَا يَطْلُـبُ عَوْرَتَـهُ، وَلَا يَتَكَلَّـمُ إِلَّا فِيـمَا رَجَـا ثَوَابَـهُ، وَإِذَا تَكَلَّـمَ أَطْـرَقَ جُلَسَـاؤُهُ كَأَنَّمَـا عَـلَى رُءُوسِـهِمُ الطَّـيْرُ، فَـإِذَا سَـكَتَ تَكَلَّمُـوا لَا يَتَنَازَعُـونَ عِنْـدَهُ الْحَدِيـثَ، وَمَـنْ تَكَلَّـمَ عِنْـدَهُ أَنْصَتُـوا لَـهُ حَتَّـى يَفْـرُغَ، حَدِيثُهُـمْ عِنْـدَهُ حَدِيـثُ أَوَّلِهِـمْ، يَضْحَـكُ مِـمَّا يَضْحَكُـونَ مِنْـهُ، وَيَتَعَجَّـبُ مِـمَّا يَتَعَجَّبُـونَ مِنْـهُ، وَيَصْبِرُ لِلْغَرِيـبِ عَـلَى الْجَفْـوَةِ فِي مَنْطِقِـهِ وَمَسْـأَلَتِهِ، حَتَّـى إِنْ كَانَ أَصْحَابُـهُ لَيَسْـتَجْلِبُونَهُمْ وَيَقُـولُ: إِذَا رَأَيْتُـمْ طَالِـبَ حَاجَـةٍ يطْلُبُهَـا فَأَرْفِـدُوهُ، وَلَا يَقْبَـلُ الثَّنَـاءَ إِلَّا مِـنْ مُكَافِـئٍ، وَلَا يَقْطَـعُ عَـلَى أَحَـدٍ حَدِيثَـهُ حَتَّـى يَجُـوزَ فَيَقْطَعُـهُ بِنَهْـيٍ أَوْ قِيَـامٍ} (أخرجـه الترمـذي في الشـمائل: ٣٥١، الطـبراني في الكبـير: ٤١٤، حديـث ضعيـف).

واتـە: حەسـەنی کـوڕی عەلـی ﷺ دەڵـێ: حوسـەین ﷺ گوتـی: لـە بابـم پرسـی [واتـە: لـە عەلـی کوڕی ئـەبی تاڵیبی پرسـیوە] لـە بـارەی هەڵسـوکەوتی پێغەمبەرەوە ﷺ لەگـەڵ ئەوانـەی لـە کـۆڕدا لەگەڵیدادەنیشـن، عەلـی گوتـی: پێغەمبـەری خـوا ﷺ هەمیشـە ڕوو خـۆش بـوو، ڕەوشـتی ئاسـان بـوو، نـەرم و نیـان بـوو، قسـە ڕەق و دڵـڕەق نەبـوو، دەنـگ بەرزکـەرەوەو قسـەی ناشـیرینکەو ڕەخنەگـر نەبـوو، ڕووی لـە خەڵـك وەرنەدەگێـڕاو، شـتێك کـە ئـارەزووی لـێ نەبووایـەو بـە دڵـی نەبووایـە خـۆی لـێ بەسـەرەوە نەدەبـرد، (نادیـدەی دەگـرت)، هـەر کەسێك پێـی ئومێـدەوار بووایـە نائومێـدی نەدەکـردو بەدەسـت بەتاڵیـی بەڕێـی نەدەکـرد، (هـەر نەبـێ قسـەیەکی خۆشـی بـۆ دەکـرد، ئەگەرنـا پێغەمبـەر ﷺ هەرچـی داوای

لێکراوە، نەیبووە بیبەخشێ)، لە خۆیدا سێ شتی نەدەکردن: شەڕە قسەی لەگەڵ خەڵك نەدەکردو، زۆری قسە نەدەکردن و، شتێك کە پێوەی پەیوەست نەبووایە قسەی لە بارەوە نەدەکرد، لە ڕووی خەڵکیشەوە وازی لە سێ شتان هێنابوو: زەمی کەسی نەدەکرد، عەیبی لێ نەدەگرت و، بەدوای عەیبی کەس دا نەدەگەڕاو، هەر کاتێك فەرمایشتی کردبایە تەنیا قسەیەکی دەکرد، کە ئومێدەوار بووایە پاداشتی هەبێ، کاتێك ئەو فەرمایشتی دەکرد ئەوانەی لە خزمەتی دا دانیشتبوون، بێ دەنگ دەبوون، وەك باڵندە لەسەر، سەریان هەڵنیشتبێ، کاتێك ئەو بێدەنگ دەبوو، ئنجا ئەوان قسەیان دەکرد، لە لای پێغەمبەر ﷺ شەڕە قسەیان نەدەکرد، کەسێك لە کۆڕی پێغەمبەردا ﷺ قسەی کردبایە، ئەوانی دیکە هەموویان بێدەنگ دەبوون، تاکو لێ دەبووەوە، قسەی هەموویان وەك قسەی یەکەمیان بوو (واتە: هەموویان بە گرنگیی پێدان و بایەخ پێدانەوە گوێیان بۆ قسەی یەکدی دەگرت، لە کۆڕی پێغەمبەردا ﷺ)، پێدەکەنی بەو شتەی ئەوان پێی پێدەکەنین، شتێك ئەوان سەرسامیان پێی دەربڕیبایە، ئەویش پێی سەرسام دەبوو، بابای نامۆ و نەشارەزا کە دەهات، ئەگەر قسەیەکی کردبایە، یان داوایەکی کردبایە نەگونجاو و زبر بووایە، ئارامی لەسەر دەگرت، تەنانەت هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ پێیان خۆشبوو خەڵکی عەرەبی خێڵەکیی بێن [دەیانگوت: ئەوان هەندێك پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن و، هەندێك شت دەڵێن و هەندێك شتی لێ داوا دەکەن، ئێمە پێمان عەیبە. لە خۆیان نەوەشاندۆتەوە، ئنجا ئەوان لە ئەنجامی ئەوەدا کە عەرەبە خێڵەکییەکان هەندێك شتیان لە پێغەمبەر ﷺ دەپرسی، سوودیان دەبینی و بۆیان دەردەکەوت]، پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: ئەگەر کەسێکتان بینی، کارو پێویستییەکی هەبوو بۆی جێبەجێ بکەن، لە کەسی قەبووڵ نەدەکرد ستایشی بکات، مەگەر کەسێك چاکەیەکی لەگەڵ کردبایە، قسەی کەسی نەدەبڕی هەتا خۆی قسەکەی تەواو دەکرد، یاخود کۆڕەکە کۆتایی پێدەهات.

فەرمـوودەی نۆیـەم: {عَـنْ عَائِشَـةَ رَضِيَ اللـهُ عَنْهَـا: «أَنَّ النَّبِـيَّ ﷺ كَانَ يَقْبَـلُ الْهَدِيَّـةَ وَيُثِيـبُ عَلَيْهَـا»} (أخرجـه البخـاري: ٢٥٨٥، وأبـو داود: ٣٥٣٨).

واتـە: دایکـمان عائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەگێڕێتـەوە: کـە پێغەمبـەر ﷺ دیاریـی لـە خەڵـك وەردەگـرت و، پاداشتیشـی لەسـەر دەدایـەوە.

٧- (بَـابُ مَـا جَـاءَ فِي حَيَـاءِ رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ)، بـاسی ئـەوەی لـە بـارەی شـەرم و شـکۆی پێغەمبـەری خـواوە ﷺ هاتـوە:

لەو بارەوەش تەنیا ئەم دەقە دێنین:

فەرمـوودەی یەکـەم: {عَـنْ أَبِي سَـعِيدٍ الْخُـدْرِيِّ ﷺ قَـالَ: «كَانَ النَّبِـيُّ ﷺ أَشَـدَّ حَيَـاءً مِـنَ الْعَـذْرَاءِ فِي خِدْرِهَـا، وَكَانَ إِذَا كَـرِهَ شَـيْئًا عَرَفْنَـاهُ فِي وَجْهِـهِ»} (أخرجـه البخـاري: ٦١١٩، ومسـلم: ٢٣٢٠).

واتـە: ئەبـوو سـەعیدی خودریـی ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە کچی پشـت پـەردە بـە شـەرم و شـکۆتر بـوو، ئەگـەر شـتێکی پـێ ناخـۆش بووایـە، لـە ڕوویـدا دەمانزانـی.

واتـە: مـەرج نیـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ هەمـوو شـتێکی دەربڕیبـێ و هەمـوو شـتێکی فەرمووبـێ، بـەڵام ئەگـەر شـتێك جێـی شـەرم بووایـە، ﷺ ڕووی لـێ لادەداو، کـە تەماشـای دەم و چاوی پێغەمبەرمـان دەکـرد ﷺ دەمانزانـی ئـەو شـتەی پێیخۆشـە، یـان پێیناخۆشـە.

٨- (بَـابُ مَـا جَـاءَ فِي أَسْـمَاءِ رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ)، بـاسی ئـەوەی لـە بـارەی ناوەکانـی پێغەمبـەری خـواوە ﷺ هاتـوە:

لەو بارەوەش ئەم دوو دەقە دێنین:

فەرمـوودەی یەکـەم: {عَـنْ جُبَيْرِ بْـنِ مُطْعِـمٍ ﷺ، قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ: «إِنَّ لِي أَسْـمَاءً أَنَـا مُحَمَّـدٌ، وَأَنَـا أَحْمَـدُ، وَأَنَـا الْمَاحِـي الَّـذِي يَمْحُـو اللَّـهُ بِيَ الْكُفْـرَ، وَأَنَـا الْحَـاشِرُ

الَّـذِي يُحْـشَرُ النَّـاسُ عَـلَى قَدَمِـي، وَأَنَـا الْعَاقِـبُ وَالْعَاقِـبُ الَّـذِي لَيْسَ بَعْـدَهُ نَبِـيٌّ»} (أخرجه مالـك: ١٨٢٣، وأحمـد: ١٦٧٨٠، ومسـلم: ٢٣٥٤، والترمـذي: ٢٨٤٠، وقـال: حسـن صحيـح، والنسـائي في الكـبرى: ١١٥٩٠، والدارمـي: ٢٧٧٥، وابـن حبـان: ٦٣١٣).

واتـە: جوبەیـری کـوڕی موتعیـم ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: مـن چەنـد ناوێکـم هـەن: مـن نـاوم موحەممـەدەو، نـاوم ئەحمەدەو، نـاوم ماحییـە، کە خوا کوفـرم پـێ دەسـڕێتەوەو لادەبـاو، نـاوم حاشـیرە، خەڵـك بـەدوای منـدا کۆدەکرێنەوەو حـەشر دەکرێـن، (پێغەمبـەری خـوا ﷺ پێشـیان دەکـەوێ فەرمایشـت لەگـەڵ خـوادا دەکات، ئنجـا خـوای پـەروەردگار دەسـت دەکات بە لێپرسـینەوەو حیسـاب و کیتابیان)، هەروەهـا نـاوم عاقیبـە، عاقیبیـش ئـەو کەسـەیە لـە دوای ئـەو هیـچ پێغەمبەرێـك نایە.

واتە: پێغەمبەری خوا موحەممەد ﷺ کۆتا پێغەمبەرە.

فەرمـوودەی دووەم: {عَـنْ حُذَيْفَـةَ ﷺ قَـالَ: لَقِيـتُ النَّبِـيَّ ﷺ فِي بَعْـضِ طُـرُقِ الْمَدِينَةِ فَقَـالَ: «أَنَـا مُحَمَّـدٌ، وَأَنَـا أَحْمَـدُ، وَأَنَـا نَبِـيُّ الرَّحْمَـةِ، وَنَبِـيُّ التَّوْبَـةِ، وَأَنَـا الْمُقَفَّـى، وَأَنَـا الْحَـاشِرُ، وَنَبِـيُّ الْمَلَاحِـمِ»} (أخرجـه الترمـذي في الشـمائل: ٣٦٧، وحسـنه الألبـاني).

واتـە: حوزەیفـە ﷺ دەڵـێ: لـە هەندێـك لـە کۆڵانەکانـی مەدینـە بـە پێغەمبـەر ﷺ گەیشـتم، فەرمـووی: مـن موحەممـەدم و، مـن ئەحمـەدم و، مـن پێغەمبـەری ڕەحمەتـم، مـن پێغەمبـەری گەڕانـەوەو تەوبـە وەرگرتنـم و، مـن موقەففـام (الْمُقَفَّــى: الَّــذِي قَفَّــى آثَــارَ مَــن سـبَقه مِـنَ الأَنْبِيَـاء) واتـە: شـوێنکەوتووی شـوێنەواری پێغەمبەرانـی پێشـووم، (وَأَنَـا الْحَـاشِرُ)، مـن کۆکەرەکـەم {واتـە: لەسـەر داواو تکاکردنـی پێغەمبـەر ﷺ خـوای بـاڵا دەسـت دەسـت دەکات بـە لێپرسـینەوەی خەڵـك، لـە قیامـەت دا، یاخـود: یەکەمیـن کـەس کـە زینـدوو دەبێتـەوە لـە ڕۆژیـی دواییـدا بـۆ کاتـی حـەشرو حیسـاب پێغەمبـەری کۆتاییـە}، هەروەهـا مـن پێغەمبەری جەنـگ و ڕووبـەڕوو بوونەوەکانـم (لـە پێنـاوی خـوای پـەروەردگاردا).

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.



دەرسی دووەم



پێناسەی ئەم دەرسە

بەڕێـــــــزان!

ئـەم دەرسـەمان لـە حەڤـدە (١٧) ئایـەت پێـك دێ، ئایەتەکانـی: (١٧ - ٣٣)، هەمووشـیان لـە بـارەی هاوەڵانـی باخەکـە (**أَصْحَـابُ الجنَّـة**)وەن، کـە بڕیاریـان داوە لـە کاتـی هەڵگرتنـەوەی حاصـەڵات و بەرهەمـی باخەکەیانـدا، بـە پەنهانیـی کار بکـەن، تاکـو بەشـی نـەداران و هەژارانـی لـێ نـەدەن، خـواش ﷻ لـە کاتێکـدا لـە شـیرین خـەودا بـوون، بەڵایەکـی گشـتگیری ناردۆتـە سـەر باخەکەیـان و، وەك پەرێزێکـی سـوور و سـەقەتاڵە - پەرێزێـك کـە هیچـی لـێ نەمابـێ - ی لێهاتـوە، یـان وەك زەوییەکـی سـووتماك کـە سـووتابێ، خـوای دادگـەر لەسـەر ئـەو نیەتـە خراپەیـان سـزای داون و بەڵایەکـی گـەورەی بەسـەر هێنـاون، بـەڵام دوایی پەشـێمان بوونـەوەو، کەوتوونـە گلەیـی و گازانـدە لـە نێـو خۆیانـداو، ڕاشـیان گەیانـدووە کـە بـۆ لای خـوا ئارەزوومەندبـن و ئومێدیشـیان خواسـتوە خـوا ﷻ چاکـتر لـەو باخـەی وەك سـزا درانێـك لێیـان سـتێندراوەتەوە، پێیـان بـدات.

﴿ إِنَّا بَلَوْنَـٰهُمْ كَمَا بَلَوْنَآ أَصْحَـٰبَ ٱلْجَنَّةِ إِذْ أَقْسَمُوا۟ لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ ﴿١٧﴾ وَلَا يَسْتَثْنُونَ ﴿١٨﴾ فَطَافَ
عَلَيْهَا طَآئِفٌ مِّن رَّبِّكَ وَهُمْ نَآئِمُونَ ﴿١٩﴾ فَأَصْبَحَتْ كَٱلصَّرِيمِ ﴿٢٠﴾ فَتَنَادَوْا۟ مُصْبِحِينَ ﴿٢١﴾ أَنِ ٱغْدُوا۟ عَلَىٰ
حَرْثِكُمْ إِن كُنتُمْ صَـٰرِمِينَ ﴿٢٢﴾ فَٱنطَلَقُوا۟ وَهُمْ يَتَخَـٰفَتُونَ ﴿٢٣﴾ أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا ٱلْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ ﴿٢٤﴾
وَغَدَوْا۟ عَلَىٰ حَرْدٍ قَـٰدِرِينَ ﴿٢٥﴾ فَلَمَّا رَأَوْهَا قَالُوٓا۟ إِنَّا لَضَآلُّونَ ﴿٢٦﴾ بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ ﴿٢٧﴾ قَالَ أَوْسَطُهُمْ أَلَمْ أَقُل
لَّكُمْ لَوْلَا تُسَبِّحُونَ ﴿٢٨﴾ قَالُوا۟ سُبْحَـٰنَ رَبِّنَآ إِنَّا كُنَّا ظَـٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَلَـٰوَمُونَ ﴿٣٠﴾
قَالُوا۟ يَـٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا طَـٰغِينَ ﴿٣١﴾ عَسَىٰ رَبُّنَآ أَن يُبْدِلَنَا خَيْرًا مِّنْهَآ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا رَٰغِبُونَ ﴿٣٢﴾ كَذَٰلِكَ ٱلْعَذَابُ
وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{ئێمە ئەوان (بێبڕوایان)مان تاقیکردنەوە وەك چۆن خاوەنانی باخەکەمان تاقیکردنەوە، کاتێك سوێندیان خوارد لە کاتی چوونە نێو بەیانیدا میوەکەیان دەچنن ﴿١٧﴾ هیچیشی لێ نابوێرن (بۆ نەدارانی بهێڵنەوە) ﴿١٨﴾ (لە ئەنجامی ئەو بڕیارەیاندا(یەکسەر)باخەکەیان(بەڵایەك (ی گشتگیر)ی لە پەروەردگارتەوە بەسەرهات، (داپۆشی)، لە کاتێکدا ئەوان خەوتبوون ﴿١٩﴾ ئیدی (باخەکەیان) وەك پەرێزێکی سووتاوی لێهات ﴿٢٠﴾ ئنجا لە بەیانی (زوو)دا بانگی یەکدییان کرد ﴿٢١﴾ کە ئەگەر ئێوە چنەر (و لێکەرەوە)ی (میوەو بەری باخەکەتانن) زوو بڕۆن بۆ کێڵگەو مەزرایەکەتان ﴿٢٢﴾ ئنجا بە چپەو پێکەوە دوانی پەنهانەوە دەرچوون ﴿٢٣﴾ (بە یەکدییان دەگوت:) ئەمڕۆ نابێ هیچ نەدارێك لێتان وە ژوور (باخەکەتان) بکەوێ ﴿٢٤﴾ ئنجا ڕۆیشتن (و پێیان وابوو) لەسەر ڕێگرتن و نەهێشتن (ی بەهرەمەندبوونی هەژاران لە بەروبوومی باخەکەیان) توانادارن ﴿٢٥﴾ بەڵام کاتێك بینییان (بۆتە قەرەبرووت) گوتیان: ئێمە ڕێ لێ تێکچووین، (ئەمە باخەکەی ئێمە نیە) ﴿٢٦﴾ (پاشان کە زانییان باخەکەیانە وای بەسەرهاتوە، گوتیان:) بەڵکو ئێمە زیانبارو بێ بەشین ﴿٢٧﴾ چاکترینەکەیان گوتی: ئەدی پێم نەگوتن دەبووایە (خوا) بە پاك بگرن (لەوەی سەرپێچیی لە فەرمانی بکەن و نەداران بێ بەش بکەن!) ﴿٢٨﴾ گوتیان: پاکیی بۆ پەروەردگارمان، بەڕاستیی ئێمە ستەمکاربووین ﴿٢٩﴾ ئنجا بە گلەیی و گازەندە کردنەوە ڕوویان لە یەکدی کرد ﴿٣٠﴾ (گوتیان:) هاوار بۆ ئێمە، بێگومان ئێمە (لە خوا) یاخیی بووین ﴿٣١﴾ بەڵکو پەروەردگارمان لەو (باخە) باشترمان بداتێ (و بۆمان قەرەبوو بکاتەوە) بە دڵنیایی ئێمە بەرەو لای (چاکەو بەخششی) پەروەردگارمان ئارەزوومەندین ﴿٣٢﴾ ئازارو سزا (یەکەمان بۆیان) بەم شێوەیە بوو، ئازاری (مەنزڵگای) کۆتایی (لەوە) گەورەتریشە (بۆ کەسانێك نەگەڕێنەوە) ئەگەر زانیبایان ﴿٣٣﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(**بَلَوْنَٰهُمْ**): واتە: تاقیمان کردنەوە، جەڕباندمانن، دەگوترێ: (**بَلَوْتُهُ أَيْ: اخْتَبَرْتُهُ**) تاقیم کردەوە، جەڕباندم (**وَسُمِّيَ الْغَمُّ بَلَاءً، لِأَنَّهُ يُبْلِي الجِسْمَ**) خەم و خەفەت بۆیە پێی گوتراوە: (**بَلَاء**) چونکە جەستەی مرۆڤ بێهێز دەکات و دەیتوێنێتەوە.

(**لَيَصْرِمُنَّهَا**): (**الصَّرْمُ: القَطِيْعَة**) دابڕان، (**وَالصَّرِيمَة: قِطْعَةٌ مُنْصَرِمَةٌ مِنَ الرَّمْلِ**) (**صَرِيم**): بەشێکە لە کۆمێك، گردۆلکەیەکی لم، کە دابڕابێ لە باقی لمەکە، (**الأَشْجَار الصَّرِيمَةُ: يَعْنِي المَصْروم حَمْلُهَا**)، ئەو درەختانەی میوەکەیان چنراوە، هەروەها شەوگاریش پێی دەگوترێ: (**صَرِيم**).

(**وَلَا يَسْتَثْنُونَ**): (**أَيْ: لَا يَتْرُكُونَ شَيْئاً**)، هیچی لێ بەجێ ناهێڵن، چونکە (**الإِسْتثناءُ**) یانی: هەڵەواردن، کە دەفەرموێ: (**وَلَا يَسْتَثْنُون**) یانی: هیچی لێ هەڵناوێرن بۆ هەژاران بیهێڵنەوە، ئەمە ئەسڵی واتایەکەی، بەڵام لە زاراوەی زانایانی ڕێزمانی عەرەبییدا دەڵێ: (**الإِسْتثناءُ: إِيُرَادُ لَفْظٍ يَقْتَضِي رَفع بَعْض مَا يُوجِبُهُ عُمُومِ اللَّفْظِ المُتَقَدِّمِ**)، هەڵاواردن لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە بریتییە لە: هێنانی بێژەیەك کە خوازیاری ئەوەبێ هەندێك لەوەی بێژەیەکەی پێشتر خواستوویەتی، هەڵیبگرێ، دەگوترێ: (**جَاءَ القَوْمُ إِلَّا مُحَمَّدٌ**) خەڵکەکە هات جگە لە موحەممەد، واتە: موحەممەد هەڵداوێررێ لەوەی لەگەڵ خەڵکەکەدا هاتبێ، هەروەها (**الإِسْتثناءُ**) بە مانای گوتنی (**إِنْ شَاءَ اللهُ**)ش هاتوە، (**وَلَا يَسْتَثْنون يَعْنِي وَلَا يَقُولُونَ: إِنْ شَاءَ الله**) ئەگەر خوا حەز بکات، ئەگەر خوا بیەوێ.

(**طَآئِفٌ**): (**الطَّوْفُ: المَشْيِ حَوْلَ الشَّيءِ، وَطَائِف أَيْ: بَلَاء وَنَائِبَة**)، (**طوف**) بریتییە لە بە دەوری شتێکدا سووڕان، ئنجا (**طَائِف**)یش بە بەڵایەك دەگوترێ کە دەوری شتێك بدات، واتە: ئابڵووقەی بدات و هیچی جەب نەداو هەمووی لە بەین بەرێ.

(كَٱلصَّرِيمِ): (**الصَّرِيـم: الْمَقْطُـوعُ الثَّمَـر**)، (**صريـم**): باخێـك كـە میوەكـەی چنرابـێ و لێكرابێتـەوە، (**صَرِيـم**) بـە مانـای شـەوگاریش دێ و، بـە مانـای لمیـش دێ، كـۆ لمێـك لـە لمەكـەی دیكـە دابڕابـێ.

(يَتَخَٰفَتُونَ): واتـە: بـە چپـە، یـان بـە پەنهانیـی پێكـەوە قسـەیان دەكـرد، (**الخَفْـتُ إسْرَارُ النُّطـقِ**)، (**خفـت**): بریتیـە لـەوەی كـە قسـەكردن پەنهـان بكـرێ، بـە كوردیـی (چپـە)ی پـێ دەڵێـن، هەروەهـا سركـە سرك و فسـكە فسكیشـی پـێ دەڵێـن.

(حَرْدٍ): (**الْحَـرْدُ: الـمَنْعُ مِـنْ شِـدَّةِ الغَضَـب**)، (فـرْد)ڕێ لێگرتـن لـە كاتـی ئەوپـەڕی تووڕەییـدا، هەروەهـا (**حَـرْد**) بـە مانـای (**إمتِنَاع**)یـش دێ، یانی: نەهێشـتن، دەگوترێ: (**حَـرِدَ أيْ غَضِـبَ**)، بۆیـە (**حَـرْد**) بـە مانـای تووڕەبوونیش دێ.

(تُسَبِّحُونَ): (**أيْ تَحْمَدُونَـهُ وَتَشْـكُرُونَهُ**)، خـوا بـە پاكبگـرن و سوپاسـگوزاریی بـۆ بكـەن، ئنجـا بـە پاككرتنـی خـوا لـەو مەقامـەدا واتـە: خـوا بـە پاكبگـرن لـەوەی لـە فەرمانـی دەربچـن و لێـی یاخیـی بـن، هەندێكیـش گوتوویانـە: وشـەی (**تَسْـبِيْح**) لێـرەدا بـە مانـای گوتنـی: (**إن شـاء الله**)یـە.

(يَتَلَٰوَمُونَ): واتـە: لـە نێـو خۆیانـدا گلەیـی و گازاندەیـان لـە یەكـدی دەكـرد، (**اللَّـوْمُ: عَـذْلُ الإنْسَـانِ بِنِسْـبَتِهِ إلَى مَـا فِيـهِ لَـوْمٌ**)، بـە كوردیـی دەڵێیـن: لۆمەكـردن، سـەركۆنەكردن، سەرزەنشـتكردن، وشـەی (**لَـوْم**) بریتیـە لـەوەی مـرۆڤ سـەركۆنە بكـرێ، بـەوەی پـاڵ بدرێتـە لای شـتێك، كـە ڕەخنـە لـێ گیـراوە.

(يَٰوَيْلَنَآ): (**الْوَيْـلُ: القُبْـحُ، وَيُطْلَـقُ عَـلَى التَّحَـسُّرِ**)، واتـە: ئـەی وەیلەكـەی ئێمـە! لـە كوێـی وەرە، ئنجـا (**وَيْـل**) بـە مانـای خـەم و خەفـەت و ناڕەحەتیـی و ئـازار و مەینەتیـی دێ.

(طَٰغِينَ): لـە (**طَغَـى**)ەوە هاتـوە، (**طَاغِـين، طَاغُـون**) هەردووكیـان كـۆی (**طَاغِـي**)، واتـە: لـە سـنوور دەرچـوو، (**طَغَـى أيْ: جَـاوَزَ الْحَـدَّ**) لـە سـنوور دەرچـوو، یـان لـە سـەرپێچیی كردنـدا سـنووری بەزانـد.

(رَٰغِبُونَ): (أَصْلُ الرَّغْبَةِ: السَّعَةُ فِي الشَّيءِ، وَرَغِبَ فِيهِ: حَرَصَ عَلَيْهِ)، وشەی (رَغْبَة) لە ئەسڵدا بریتیە لە فراوانیی لە شتێکدا، ئنجا دەگوترێ: (رَغِبَ فِيهِ) یانی: سوور بوو لەسەر ئەو شتە، بەڵام ئەگەر بگوترێ: (رَغِبَ عَنْهُ) واتە: کەیفی پێی نەهات و ئارەزووی لێ نەبوو.

مانای گشتیی ئایەتەکان

مانای گشتیی ئەم حەڤدە (١٧) ئایەتە موبارەکە، بەسەرهاتی خاوەنانی باخەکەیان گرتۆتە خۆیان، لەم حەڤدە ئایەتەدا خوا ﷻ بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە، وا پێدەچێ ئەو بەسەرهاتەی ئەو باخە، شتێکی باو بووبێ لە نێو نەتەوەی عەرەبدا، کە کاتی خۆی قورئان بۆ یەکەمجار لە نێویاندا دابەزیوە، ئنجا ئێمە بەر لەوەی بێینە سەر ڕوونکردنەوەی چەمك و واتای گشتیی ئایەتەکان، ئەم دوو گێڕدراوەیە دێنین، کە هەردووکیان تەبەری لە تەفسیرەکەی خۆیدا هێناونی:

یەکەم: {**عَنْ عِكْرِمَةَ قَالَ: هُمْ نَاسٌ مِنَ الْحَبَشَةِ كَانَتْ لِأَبِيهِمْ جَنَّةٌ كَانَ يُطْعِمُ الْمَساكِينَ مِنْهَا، فَلَمَّا مَاتَ أَبُوهُمْ، قَالَ بَنُوهُ: وَاللهِ إِنْ كَانَ أَبُونَا لَأَحْمَقَ حِينَ يُطْعِمُ الْمَساكِينَ، فَأَقْسَمُوا لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ، وَلَا يَسْتَثْنُون، وَلَا يُطْعِمونَ مِسْكِينًا**}، (**جامع البيان: ٣٤٧٢٨**).

واتە: عیکریمە دەڵێ: ئەمە باسی کۆمەڵە خەڵکێکە خەڵکی حەبەشە بوون، بابیان باخێکی هەبووە، کە لە بەرهەمی ئەو باخە، (ئایا باخی دارخورما بووە، ترێ بووە، هەنجیر بووە، میوەکانی دیکە بووە، وێڕای ئەوەی باخ بووە، ڕەنگە دانەوێڵەو کشتوکاڵیش بووبێ)، یارمەتیی نەداران و هەژارانی لەو باخە داوە، بەڵام کاتێك خاوەن باخەکە کۆچی دوایی کردوە، کوڕەکانی گوتوویانە:

بـە خـوا باوەڕیـان نەفـام و کـەودەن بـووە، کاتێـك لـەو باخـەی خۆمـان خواردنـی داوە بـەو نەدارانـە، ئنجـا سـوێندیان خـوارد کـە دەبـێ ئـەوان لـە کاتـی پێگەیشـتنی میـوەی باخەکەیانـدا، بەیانـی زوو بچـن باخەکـە ببـڕن و هیچـی لـێ هەڵناوێـرن (واتـە: هیچـی بـۆ هـەژاران و نـەداران نەهێڵنـەوە)، ئیـدی سـەرەنجام لەسـەر ئـەو نیەتـە خراپەیـان، خـوا ئـەو بەڵایـەی بەسـەر باخەکەیـان هێنـاوە.

دووەم: {عن سعيد بن جُبَيرٍ، قال: هِيَ أَرْضٌ بِالْيَمَن يُقَالُ لَهَا ضَرْوَان مِنْ صَنْعَاء عَلَى سِتَّةِ أَمْيَالٍ}، (جامع البيان: ٣٤٧٣٤).

واتـە: سـەعیدی کـوڕی جوبەیـر، دەڵـێ: ئـەو باخـە لەسـەر زەمینێـك بـووە لـە یەمـەن پێـی گوتـراوە: زەڕوان، کـە شـەش میـل لـە شـاری صەنعـاوە دوور بـووە.

میلێـك هـەزار و شەسـتسـەد و نـۆ (١٦٠٩) مەتـرە، واتـە: دەوری دە (١٠) کیلۆمەتـر لـە شـاری صەنعـاوە دوور بـووە، هـی پیاوێـك بـووە یارمەتیـی هـەژاران و نەدارانـی لێـداوە، دوای کۆچـی دوایـی خـۆی کوڕەکانـی بڕیاریان داوە بەشـی کەسـی لـێ نـەدەن، سـەرەنجام خـوا ئـەو بەڵایـەی بەسـەر باخەکەیـان هێنـاوەو، کاتـێ: کـە بـەرەو باخەکەیـان چـوون بـە حیسـاب بـۆ ئـەوەی میوەکـەی بچنـن، تەماشـا دەکەن، بۆتـە زەوییەکـی سـوور و سـەقەتاڵەو هیچـی لـێ نەمـاوە، بۆتـە پەرێزێـك، یاخـود: بۆتـە زەوییەکـی سـووتماك.

خـواش ﷻ ئـاوا دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّا بَلَوْنَٰهُمْ كَمَا بَلَوْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ ﴾، ئێمـە ئەوانمـان تاقیکردۆتـەوە، واتـە: بێبڕوایەکانـی مەککـەو، دەوروبـەری مەککـە، کۆمەڵگایەکـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەك چـۆن خاوەنانـی باخەکەمـان تاقیکردنـەوە، واتـە: ئەوانەش لـە زلـە زلان و لـە خەڵکـی سـامانداری مەککـە، کـە دەوڵەمەندمـان کـردوون، ئیمکانیەتمـان بـۆ ڕەخسـاندوون، وەك چـۆن ئـەو باخەمـان دابـوو بـە خاوەنانـی ئـەو باخـە، بـەڵام ئـەوان لەبـەر ئـەوەی سوپاسـگوزاریی خوایـان لەسـەر نەکـرد، بەڵکـو نیەتـی خراپیـان هێنابـوو، کـە عادەتـی بابیـان هەڵبوەشـێننەوە، کە یارمەتیـی هەژاران

و نەدارانی لە بەرهەمی باخەکە دەدا، ئەوان گوتیان: لەمەودوا یارمەتیی هیچ هەژارێك نادەین، بۆیە خوا ﷻ سزای دان، واتە: ئەی بێبڕوایەکانی مەککە و جگە لە مەککەش، ئێوەش وریا بن! ئەو ماڵ و سامان و سەروەتەی کە خوا بۆی ڕەخساندوون، بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان کەوتبێتە دەستتان، بە هەق یان بە ناهەق، گرنگ ئەوەیە ئاگاتان لێی بێ، بەو ماڵ و سامان و دەسەڵاتە و بەو نیعمەتانەی خوا پێیداون، تاقی دەکرێنەوە، ئنجا ئەگەر شوکری خواتان لەسەر نەکرد، وەك گوتراوە: (**الشُّكْرُ سِيَاجُ النِّعَم**)، سوپاسگوزاریی پەرژینی بەخششەکانەو دەیانپارێزێ، وەك چۆن باخ ئەگەر پەرژینی هەبێ، پارێزراو دەبێ و زەڕ ناکرێ، بەهەمان شێوە بەخششەکانیش ئەگەر سوپاسی خوایان لەسەر بکرێ، پارێزراو دەبن و، هەر بەخششێك شوکری خوات لەسەر نەکرد، مانای وایە خستووتە بەر مەترسیی لە بەین چوون.

ئنجا دێتە سەر بەسەرهاتی خاوەنانی باخەکە: ﴿ إِذْ أَقْسَمُوا لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ ﴾، یاد بکەوە کاتێك سوێندیان خوارد، بەیانی زوو دەبێ باخەکە ببڕن واتە: بەرەکەی بچنن و بەرهەمەکەی هەڵگیرنەوە.

﴿ وَلَا يَسْتَثْنُونَ ﴾، سوێندیشیان خوارد هیچی لێ هەڵناوێرن و، هیچی لێ بەجێ نەهێڵن، هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ وَلَا يَسْتَثْنُونَ ﴾، یانی: نەشیانگوت: ئەگەر خوا بیەوێ (**إن شاء الله**)، بەڵام مانای یەکەمیان زیاتر بە عەقڵەوە دەچەسپێ، کە مەبەست ئەوەبووە: هیچی لێ بەجێ ناهێڵن، (**يَعني: وَلَا يَتْرُكُونَ مِنْهَا شَيْئاً لِلْمَسَاكِين**)، هیچی لێ بەجێ ناهێڵن بۆ هەژاران و نەداران، وەك عادەتی بابیان، ئەوان لەو خەیاڵپڵاوە دابوون، بڕیاریان دا کە بەیانی زوو دەچن، دەیچنن، بێ ئەوەی جارێ هەژارو نەدارەکان بزانن، کە ئەوانیش زانیویانە کاتی چنینی ئەو باخە، کەیە، دیارە ساڵانە لە کاتی چنینی باخەکەدا هەژارو نەدارەکان چوون، کە ئەوانیش بەشی خۆیان هاوکاریی بکرێن، کوڕەکان گوتوویانە: بەیانی زوو دەچین پێش ئەوەی خەڵك بێدار بێتەوە.

ئنجا کاتێک ئەوان ئەو بڕیارەیان دا: ﴿ فَطَافَ عَلَيۡهَا طَآئِفٌ مِّن رَّبِّكَ وَهُمۡ نَآئِمُونَ ﴾، بەڵایەك لە پەروەردگارتەوە دابەزیە سەری، لە حاڵێك دا ئەوان لە شیرین خەودابوون، بەڵای خوا بۆ باخەکە هات، (**طَآئِف**) بە مانای دەورە دەرە، بەڵام خوازراوەتەوە بۆ بەڵاو مەینەتیی، چونکە بەڵاو مەینەتییش دەوری ئەو کەسە یان ئەو شتە دەدات، ئابڵووقەی دەداو جەبی ناداو، ناهێڵێ بەملاولادا بڕوات.

﴿ فَأَصۡبَحَتۡ كَٱلصَّرِيمِ ﴾، ئیدی ئەو باخە، وەك چنراوی لێهات، یاخود: وەك دەشتێکی لماویی لێهات، یاخود وەك زەوییەکی سووتماکی لێهات، کە شتێکی لێ سووتێنرابێ، دەگوترێ: بووبە سووتماك، بوو بە قەرەبرووت، یاخود: وەك پارچەیەك لە شەوی تاریکی لێهات، پەرێز کە سووتا، ڕەش دادەگەڕێ، وەك چۆن شەو ڕەشە ئەویش ڕەش دادەگەڕێ.

﴿ فَتَنَادَوۡاْ مُصۡبِحِينَ ﴾، بەیانی زوو کاتێك چوونە نێو بەیانییەوە، بانگی یەکدییان کرد، وا پێدەچێ هەموویان خاوەن ژن و ماڵ بووبن، بانگی یەکدییان کرد.

﴿ أَنِ ٱغۡدُواْ عَلَىٰ حَرۡثِكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰرِمِينَ ﴾، کە وەرن بچن بۆ لای کێڵگەکەتان، ئەگەر ئێوە چنەرو بڕەری باخەکەتانن، (**حَرْث**) لە ئەسڵدا بە مانای کێڵان دێ، بەڵام دوایی خوازراوەتەوە بۆ زەوییەك کە بکێڵدرێ، واتە: مەزراو کێڵگەکەتان کە باخەکەی لێیە، ئەگەر ئێوە چنەرو بڕەری بەری باخەکەتانن بڕیارتان داوە، بچن، بازوو بڕۆین، (**غَدَ**) یانی: بەیانی زوو دەرچوو بەرەو ئەو شوێنە.

﴿ فَٱنطَلَقُواْ وَهُمۡ يَتَخَٰفَتُونَ ﴾، ڕۆیشتن لە حاڵێکدا بە چپە قسەیان دەکرد، بۆ ئەوەی خەڵك گوێی لێ نەبێت، گوێ بیستی ئەوە نەبێ کە ئەو کوڕانە دەچن ئەو باخەیان دەچنن و، بەدوایان بکەون.

﴿ أَن لَّا يَدۡخُلَنَّهَا ٱلۡيَوۡمَ عَلَيۡكُم مِّسۡكِينٞ ﴾، بە چپە قسەیان دەکرد: ئەمڕۆ نابێ یەك نەداریش بێتە لاتان، لێتان بەژوور بکەوێ لە باخەکەتان، زوو بیچنن بۆ ئەوەی یەك نەداریش فریا نەکەوێ بێ، تاکو هاوکاریی بکرێ.

﴿ وَغَدَوْا عَلَىٰ حَرْدٍ قَادِرِينَ ﴾، بەیانـی زوو ڕۆیشـتن بـە توورەییـەوە، پێیـان وابـوو توانـادارن باخەکەیـان بچنـن، بـێ ئـەوەی کـەس پـێ بزانـێ، یاخـود (حَـرد) بـە مانـای توورەییـە واتـە: توورەبـوون لـە کـردەوەی بابیـان، کـە سـاڵانە بەشـی هـەژاران و نەدارانـی لـە بەرهەمـی ئـەو باخـە داوە.

﴿ فَلَمَّا رَأَوْهَا قَالُوٓاْ إِنَّا لَضَآلُّونَ ﴾، کاتێـك باخەکەیـان بینـی، گوتیـان: بەڕاسـتیی ئێمـە ڕێ لـێ تێکچوویـن، ئـەم ڕێ لـێ تێکچوونـەش دوو واتـای هـەن:

أ- واتە: ڕێی باخەکەمان لێ تێکچووەو ئەمە باخی ئێمە نیە، تەماشایان کرد پەرێزی سوور و سەقەتاڵە، یاخود تەماشایان کرد زەوییەکی سووتماکەو بۆتە قەرەبرووت گوتیان: ئەمە باخەکەی ئێمە نیە!

ب- یاخود گوتیان: ئێمە ڕێمان لێ تێکچووە، لێتێکچوونی مەعنەویی، واتە: ئێمە گومڕابووین کە ئەو بڕیارە خراپەمان دا، ئەو نیەتە خراپەمان لێ هێناو ئاوا خوا سزای داوین.

﴿ بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ ﴾، بەڵکـو ئێمـە بـێ بەشـکراوین، پێشـتر گوتیـان: ڕێـمان لـێ تێکچـووە، دوایـی کـە دڵنیابـوون باخەکـەی خۆیانـە، گوتیـان: باخەکـەی خۆمانـە، بـەڵام بـێ بـەش بوویـن و زیانبـار بوویـن، یاخـود گوتیـان: ئێمـە گومڕایـن لـە ڕووی مەعنەوییـەوە، دوایـی گوتیـان: بـە هـۆی گومڕاییەکەمانـەوە، ئێمـە بـێ بـەش کراویـن، واتـە: دەسـتخەڕۆو ڕەنجـەڕۆ بوویـن.

﴿ قَالَ أَوْسَطُهُمْ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ لَوْلَا تُسَبِّحُونَ ﴾، (أَوْسَـط) واتـە: باشـترین، چونکـە نێوەنـدی هـەر شـتێك باشـترینی ئـەو شـتەیە، باشـترینەکەیان ئـەوەی لـە هەموویـان باشـترو عاقڵـتر و بـۆ خـوا صوڵحاوتـر بـوو گوتـی: ئایـا پێـم نەگوتـن: دەبـێ خـوا بـە پـاك بگـرن، واتـە: خـوا بـە پـاك بگـرن لـەوەی سـەرپێچیی بکـەن؟ خـوا فەرموویەتـی: لـە مـاڵ و سـامانتاندا بەشـی هـەژارو نـەداران هەیـە، دەبووایـە خـوا لـەوە بەبەرزتـر بگـرن، کـە فەرمانەکـەی بـەو شـێوەیە پشـتگوێ بخـەن، پێتـان وابـێ فێـڵ لـەو

هـەژار و نەدارانـە دەکـەن، ئـەدی نازانـن ئـەو هـەژارو نەدارانـە، خوایەکیـان هەیـە لەسـەریان بەجوابـە؟!.

﴿ قَالُواْ سُبۡحَٰنَ رَبِّنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴾، وەك گوتـراوە: {لـە دوای بارانـان کەپەنـەك}، یـان وەك عـەرەب دەڵێـن: (**بَعْـد خَـرَابِ بَـصرة**)، گوتیـان: پاکیـی بـۆ پەروەردگارمـان بەڕاسـتیی ئێمـە سـتەمکاربووین، سـتەممان کـرد لـە خۆشـمان و لـەو هـەژار و نەدارانـەش کـە ئەوانیـش بەهرەیەکیـان وەردەگـرت، لەبـەر تـۆزە بەهرەیـەك کـە هـەژار و نـەدارەکان لـە باخەکامانیـان وەردەگـرت، بەشـی خۆشـمان فەوتـا، وەك پێشـینان گوتوویانـە: {نـۆ گای خـۆی بـە گایەکـی خەڵکیـەوە لـە گا گێـرەدا دەخنکێنێ}، کاتـی خـۆی گا گێرەیـان کـردوە، ئنجـا هـی وا هەبـووە گایەکـی لـە ماڵە دراوسـێیەکەی وەرگرتـوە، کـە بیخاتـە گـەڵ گایەکانـی خـۆی، کـە بـە ڕیـز گاگێرەیـان پـێ بـکات، کاتـی خـۆی دەڕاسـە نەبـووە و جەنجـەڕ نەبـووە، بـە گاو ئێسـتر و مایـن و کـەر، گاگێرەیـان کـردوە، ئـەو خەرمانەیـان شـێلاوە، تاکـو کاودانەکـەی لێـك جیابێتـەوە، ئنجـا هـی وا هەبـووە گایەکـی لـە ماڵـە دراوسـێکەی وەرگرتـوەو، ئەوەندە ڕقـی لەو ماڵە دراوسـێیە بـووە، هـەر گایەکانـی ئـاو نـەداون، هـی خـۆی نـۆ گا بـوون، هـی ماڵـە دراوسـێکەی گایـەك بـووە، بـۆ ئـەوەی گای ماڵـە دراوسـێکە بخنکێنـێ، نـۆی خۆیشـی خنکانـدوون لـە تینـووان، ئنجـا کاتێـك کەسـێك لەبـەر ئێرەیـی و بوغـزو غـەرەز، زیانێکـی گـەورە لـە خـۆی بـدات، بەهـۆی ئـەوەوە کـە دەیـەوێ زیانێـك لـە کەسـێکی دیکـە بـدات، دەڵێـن: فلانکـەس نـۆ گای خـۆی بـە گایەکـی خەڵکـەوە لـە گا گێـرەدا دەخنکێنـێ، ئـەو خاوەنانـی باخـەش ڕێـك وایـان لـێ هاتـوە.

﴿ فَأَقۡبَلَ بَعۡضُهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ يَتَلَٰوَمُونَ ﴾، ئنجـا هەندێکیـان ڕوویـان لـە هەندێکیـان کـرد، گلەیـی و گازەندەیـان لـە یەکـدی کـرد.

﴿ قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَآ إِنَّا كُنَّا طَٰغِينَ ﴾، گوتیـان: ئـەی سـزای سـەختمان! یاخـود: ئـەی هـاوار بـۆ ئێمـە، یاخـود: ئـەی خراپیـی بـۆ ئێمـە، بەڕاسـتیی ئێمـە سنوورشـکێن و سـنوور بەزێـن بوویـن.

﴿ عَسَىٰ رَبُّنَآ أَن يُبْدِلَنَا خَيْرًا مِّنْهَآ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا رَٰغِبُونَ ﴾، نیزیکە پەروەردگارمان باشتر لەو باخەمان بۆ بگۆڕێ، واتە: لە جیاتی ئەم باخە باخێکی باشترمان بداتێ، بەدڵنیایی ئێمە هەر بەرەو لای پەروەردگارمان واتە: بەرەو لای بەخشش و چاکەی پەروەردگارمان ئارەزوومەندین.

ئنجا خوا ﷻ لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ ٱلْعَذَابُ ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴾، ئاوابوو سزادانەکە، ئاوایە سزادانی خوا بۆ کەسانێك کە چاویان لە خراپەو تاوان و لادانەو، ئازارو سزای ڕۆژی دوایی گەورەتریشە، ئەگەر بزانن، کە خوا ﷻ سزادانی بۆ بەندەکانی، کەمێکی لە دنیا دایە، بایی ئەوەندەی بسڵەمنەوە لە گوناهان، وەك دەفەرموێ: ﴿ ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِى ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٤١﴾ ﴾الروم، واتە: خراپەو ئاشووب و تێکدان وشکانیی و دەریای گرتەوە، بە هۆی کردەی دەستی خەڵکەوە، تاکو بەشێك لە سزای کردەوەکانیان پێ بچێژێ بەڵکو بگەڕێنەوە، دەرهاویشتەی خراپەکانیان و ستەم و لادانەکانیان کە لە دنیادا وەك سزایەك دێتەوە ڕێیان، ئەوە بەشێکی کەمی سزایەکەیانەو، سزای گەورە لە ڕۆژی دواییدا چاوەڕێیانە، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَدْنَىٰ دُونَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَكْبَرِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢١﴾ ﴾السجدة، واتە: بە دڵنیایی ئێمە بە سزای نیزیکترو کەمتر سزایان دەدەین، پێش سزای گەورەتر، بەڵکو بگەڕێنەوە.

خوا ﷻ وایکردوە کە هەندێك لە گوناهو تاوانەکان، بە تایبەتی ستەم و ئەوەی پەیوەندیی بە مافی خەڵکەوە هەیە، هەر لە دنیادا ئەندازەیەك سزا هەبێ، بۆ گوناهو تاوان و ستەم و دەستدرێژییەکان، تاکو ببێتە سڵەماندنەوەو پرینگاندنەوەیەك بۆ خەڵك لە ستەم و دەستدرێژیی و خراپە، بەڵام بەدڵنیایی سزای گەورە لە ڕۆژی دواییدا چاوەڕێیانە.

زانایـان لێـرەدا پرسـیارێکیان کـردوە: ئایـا ئـەو خاوەنانـی باخـە، کـە خـوا بـەم شـێوەیە باخەکـەی لـێ فەوتانـدوون و لـە کۆتایـی دا دەڵێـن: ﴿إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا رَٰغِبُونَ﴾، ئێمـە بـەرەو لای پەروەردگارمـان ئارەزوومەندیـن، هەروەهـا دانیـان بـە سـتەمی خۆیـان داهێنـاوە، دەبـێ خـوا ﷻ لێیـان خـۆش بووبـێ و، ئـەو چاوەڕوانییـەی هەیانبـووە لـە خـوای بەخشـەر، خـوا چاوەڕوانییەکـەی بـۆ جێبەجـێ کردبن و، باشـتر لـە باخەکەیانـی پێدابنـەوەو بـۆی قەرەبـوو کردبنـەوە؟! چونکـە بەپێـی ئایەتـەکان، دیـارە ئـەوان بـڕوادارو مسـوڵمان بـوون، هەڵبەتە)رووداوەکـە پێـش ئیسـلام بـووە، بـەڵام ئـەوە بـۆ خـوا ملکـەچ بـوون، چونکـە ئەوەتـا خـوا بـە پاکگرتـن لـە قسـەکانیان دا هەیـەو، پاشـان لۆمەکردنـی یەکدییـان هەیـە، ئنجـا دانیـان بەهەڵـەی خۆیـان داهێنـاوە، دوایـی چاوەڕوانییـان لـە ڕەحمـەت و بەزەیـی خـوا هەبـووە، کـە خـوا بۆیـان قەرەبـوو بکاتـەوە، ئـەو هەسـت و نەسـتانەو، ئـەم هەڵوێسـتانەش هەموویـان هـی کەسـانێکی بـڕوادارو خواناسـن، زانایـان لـەو بـارەوە ڕایـان جیایـە:

لە هەندێك لە هاوەڵان، یان لە هەندێك لە زانایانی تابیعین ئەو پرسیارە کراوە، کە ئایا سەرەنجامی ئەوانە چۆن بووە، خوا لێیان خۆش بووە؟ هەروەها ئایا خوا بۆی قەرەبوو کردوونەوە؟ دیسان ئایا لە ڕۆژی دوایی دا خوا ﷻ سزایان نادات، لەبەر ئەوەی دانیان بە هەڵەی خۆیان داهێناوە؟ ئەو زانایە گوتوویەتی: پرسیارێکی قورست لێکردم واتە: بەپێی ئایەتەکان دەرناکەوێ بە کام لایە دایە، خوا ﷻ بە نەزانراویی سەرەنجامەکەیانی هێشتۆتەوە، بەڵام ئەوەی من تێیدەگەم ئەوەیە کە خوا ﷻ لەسەر ئەو نیەتە خراپەیان، سزای داون، چونکە جاری وایە خوا لەسەر نیەتی خراپ، مرۆڤ سزا دەدا، بەڵام نیەتێکی خراپ کە خاوەنەکەی دڵی خۆی لەسەر چەسپاندبێ و، بەسەرهاتی خاوەنانی باخەکەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نیەتی خراپیش، ئەگەر مرۆڤ دڵی خۆی لەسەر چەسپاندو بڕیاری یەکجارەکیی دا کە بیکات، خوا مرۆڤی لەسەر سزا دەدات، با کردەوە خراپەکەشی نەکردبێ، بەڵام کە کردەوە خراپەکەی نەکردوە، لەبەر ئەوەی نەیتوانیوەو دەستی پێ ڕانەگەیوە، نەك کردەوە خراپەکەی نەکردبێ و لێی پەشێمان

بووبێتەوە، ئەگەر لێی پەشێمان بووبێتەوە، فەرمایشتی ڕاستی پێغەمبەری خوا ﷺ هەیە، کە لە جیاتی ئەو نیەتە خراپەی لەو کردەوە خراپەی هێناوە، مادام لێی پەشێمان بێتەوە، خوا چاکەیەکی بۆ دەنووسێ، بەڵام کاتێك کردەوە خراپەکەی بۆ نەکرێ، لەبەر ئەوەی بۆی نەکراوەو پێ ڕانەگەیوە، ئەوە وا پێدەچێ بە گوناح بۆی دابنرێ و شایستەی سزادانیش بێ.

ئەمەش بۆچوونی خۆمەو لە تەفسیرەکاندا نەمبینی، کە ئەوان بە هیچ لایانـدا یەکلاییان نەکردۆتەوە کە: ئایا ئەوانە دوایی خوا لێیان خۆشبووەو چاوپۆشیی لێکردوون بە نسبەت ڕۆژی دواییەوە؟ بە نسبەت دنیاشەوە: ئایا ئەو چاوەڕوانییەی لە خوایان هەبووە، خوا چاوەڕوانییەکەی بۆ هێناونە دی، یان نا؟ من وای تێدەگەم بە نسبەت ڕۆژی دواییەوە، بە پێی ئایەتەکان وا پێدەچێ خوا لێیان خۆشبووبێ، چونکە لەسەر نیەتە خراپەکەیان خوا سزای داون، کەواتە: سزای خۆیان لە دنیادا وەرگرتووەو، فەرمایشتی پێغەمبەریش هەیە وەك یاسایەکی گشتیی، کە خوا هەر کەسێك خراپەیەك بکات لە دنیاداو پێی سزای دا، ئەوە دەبێتە کەفارەتی، بەڵام ئەگەر پێی سزا نەدرا و خەڵك پێی نەزانی، یاخود دەستەڵاتی شەرعیی پێی نەزانی، ئەوە دەکەوێتە نێوان خۆی و خوا، ئەگەر تەوبە بکات، تەوبە هەموو شتێك دەسڕێتەوەو، ئەگەر تەوبەشی لێ نەکات و نەگەڕێتەوە، دەگونجێ خوا سزای بدات و دەشگونجێ لێی خۆشبێ، بەڵام ئەوانە لەسەر نیەتە خراپەکەیان و بڕیارە خراپەکەیان، خوا سزای داون، کەواتە: ئەوەیان لەسەر لاچووە.

هەروەها ئەوپەڕی لێبووردەیی و بەخشین و کەرەم و بەزەیی و سۆز و پەرۆش لە لای خوای پەروەردگارە، ئەوانەش کە دەڵێن: ئێمە ستەمکار بووین و سنوور بەزێن بووین، دوایی ئومێدیان وایە کە پەروەردگاریان بەباشتر بۆیان قەرەبوو بکاتەوەو دەڵێن: ئێمە بەرەو پەروەردگارمان ئارەزوو مەندین، وا پێدەچێ خوای زۆر بەرزی مەزن و میهرەبان، ئەو هەموو چاوەڕوانیی و

پەشێمان بوونەوەیەی لێوەرگرتبن و، لە ژیانی دنیاشدا بۆی قەرەبوو کردبنەوە.

دوایی کە خوا دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ ٱلۡعَذَابُ﴾، ئەوە سزادانە بۆ کەسانێك کە لە دنیادا خراپە دەکەن، ﴿وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ﴾، سزای مەنزڵگای کۆتایی گەورەتریشە ئەگەر بزانن، ئەوە مەرج نیە بەس بۆ ئەوان بێ، چونکە هەندێك لە زانایان بۆیە یەکلاییان نەکردۆتەوەو هەڵیان بڕیوە، کە لە ڕۆژی دوایی دا خوا لێیان خۆشبووبێت، چونکە دەڵێن: خوا فەرموویەتی: سزای مەنزڵگای کۆتایی گەورەتریشە، ئەگەر بزانن، واتە: ئەو سزایەی چاوەڕێیان دەکات! بەڵام بێگومان لێرەدا خوا وەك بنچینەیەکی گشتیی فەرموویەتی، نەك تەنیا بە نسبەت خاوەنانی ئەو باخەوە، واتە: بێگومان سزای خوا لە ڕۆژی دواییدا گەورەترە لە سزادانی لە دنیادا، ئەوێ سزادانی ئەسڵییەو، لەوەی کە لە دنیادا بەندەکان لەسەر هەندێك لە لادان و تاوان، سزا دەدات، زۆر گەورەترە ئەگەر بزانن، ئەمە وەك بنچینەیەکی گشتیی خوا دەیفەرموێ و مەرج نیە بۆ ئەوان بێت، چونکە ئەوان مادام پەشێمان بوونەوەو گەڕانەوەو دانیان بە هەڵەی خۆیان داهێنا، خوا لێیان خۆشبووە، وەك چۆن باب و دایکمان ئادەم و حەووا صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ، خوا مەدحیان دەکات و دەفەرموێ: ﴿فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٖ فَتَابَ عَلَيۡهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ٣٧﴾البقرة، واتە: ئادەم چەند وشەیەکی لە پەروەردگاری وەرگرتن، ئنجا خوا لێیخۆشبوو، وشەکانیش ئەوانە بوون: ﴿قَالَا رَبَّنَا ظَلَمۡنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمۡ تَغۡفِرۡ لَنَا وَتَرۡحَمۡنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٢٣﴾الأعراف، گوتیان: پەروەردگارمان! ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد، ئەگەر تۆ لێمان نەبووری و بەزەییت پێمان دا نەیەت، لە زیانباران دەبین، خوای بەبەزەییش لێیان خۆشبووە.

کەواتە: بەندە کە دانی بە تاوان و هەڵەی خۆی داهێنا، خوای میهرەبان لێیخۆش دەبێ، کەوابێ: بە نسبەت ڕۆژی دواییەوە خوا لێیان خۆش بووە، ئەوەش کە دەفەرموێ: سزای قیامەت گەورەتریشە، واتە: سزای خوا لە ڕۆژی

دوایـی دا، گەورەتـرە لـە سـزای خـوا لـە دنیـادا، بـەڵام مـەرج نیـە هـەر کەسـێك لـە دنیـادا خـوا سـزای دا، لـە ڕۆژی دواییشـدا سـزای بـدا، مـادام دوای ئـەوەی خـوا سـزای داوە، پەشـێمان بۆتـەوەو لەگـەڵ خـوادا ئاشـت بۆتـەوەو، چاوەڕوانیـی لـە بەزەیـی خـوادا هەبـووە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خـوای کارزان کۆمەڵـگای بێبـڕوای ڕۆژگاری پێغەمبـەری ﷺ تاقیکردۆتـەوە، وەك هـی هاوەڵانـی باخەکـە، کـە سـوێندیان خـوارد، بەیانـی زوو بەرەکـەی بچنـن و، هیچـی لـێ نەهێڵنـەوە بـۆ نـەداران، ئنجـا لـە کاتێکـدا ئـەوان لـە شـیرین خـەو دابـوون، خـوای دادگـەر بەڵایەکـی نـاردە سـەر باخەکەیـان و بـوو بـە سـووتماك و، وەك شـەوی تاریـك، یاخـود پەرێزێـك کـە ئـەو کشـتوکاڵەی لـێ بـووە، دروابێتـەوەو هەڵگیرابـێ، ئـاوای لێهـات:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّا بَلَوْنَٰهُمْ كَمَا بَلَوْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ إِذْ أَقْسَمُوا۟ لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ
(١٧) وَلَا يَسْتَثْنُونَ (١٨) فَطَافَ عَلَيْهَا طَآئِفٌ مِّن رَّبِّكَ وَهُمْ نَآئِمُونَ (١٩) فَأَصْبَحَتْ كَٱلصَّرِيمِ
(٢٠) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّا بَلَوْنَٰهُمْ كَمَا بَلَوْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ئەوانمان تاقیکردەوە، جەڕباندمانن، وەك چۆن هاوەڵانی باخەکەمان تاقیکردەوەو جەڕباندمانن، یەکێك لە زانایان ئاوا ئەم ئایەتە موبارەکە مانا دەکات دەڵێ: (**امْتَحَنَّاهُمْ أَيْ: أَهْلَ مَكَّةَ وَمَنْ حَوْلَهَا، بِالأَمْوَالِ وَالبَنِيْنِ، كَمَا اخْتَبَرْنَا أَصْحَابَ الجَنَّةِ، وَالجَنَّةُ هِيَ الْبُسْتَانِ**)، واتە: ئێمە خەڵکی مەککە، کۆمەڵگای ڕۆژگاری پێغەمبەری خوا ﷺ و دەوروبەریمان تاقیکردنەوە، بە ماڵ و سامان و کوڕان و قەڕەباڵغیی، وەك چۆن هاوەڵانی باخەکەمان تاقیکردەوە، (**جنة**)ش واتە: باخێك میوەو کشتوکاڵی تێدابێ و بەرهەمداربێ.

فەرمایشـتێکی پێغەمبـەر لـەو بـارەوە هەیـە، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ڕۆژێـك لـە بێبڕوایەکانـی مەککـە تـووڕە دەبـێ و دەفەرمـوێ: {**أَللَّهُمَّ اشْـدُدْ وَطْأَتَـكَ عَـلَى مُـضَرَ وَاجْعَلْهَا عَلَيْهِـمْ سِـنِينَ كَسِـنِي يُوسُـفَ**} (**أخرجـه البخـاري: ٨٠٤، ومسـلم: ٢٩٤**).

دیـارە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە مەدینـە بـووە کـە ئـەم نزایـەی کـردووە لـە بێبڕوایەکانـی مەککـە، فەرموویەتـی: ئـەی خوایـە! زەبـری خـۆت لەسـەر مـوزەڕ[1] تونـد بکـەو، سـاڵانێك وەك سـاڵانی یوسـوف {واتـە: ڕۆژگاری یوسـوفیان} بەسـەر دابێنـە، واتـە: سـاڵانی گرانیـی و قـات و قڕیـی، بێگومانیـش نـزای پێغەمبەریـان لەسـەر قبـووڵ بـووەو زۆر کەوتوونـە سـەغڵەتییەوە.

ئنجا خوا ﷻ بەسەرهاتەکە دەخاتە ڕوو، هی هاوەڵانی باخەکە:

٢)- ﴿ إِذۡ أَقۡسَمُواْ لَيَصۡرِمُنَّهَا مُصۡبِحِينَ ﴾، کاتێك سوێندیان خوارد بەیانی زوو دەیڕنن (میوەکەی دەچنن)، (**الطبري**) دەڵێ: (**إِذْ حَلَفُوا لَيَجُدُنَّ ثَـمَرَتَهَا حِيْنَ دُخُولِهِمْ فِي الصَّبَاحِ**)، هاوەڵانی ئەو باخە سوێندیان خوارد کە میوەکەی دەچنن، کاتێك دەکەونە نێو بەیانی، واتە: بەیانی زوو بەرەکەی دەڕنن.

٣)- ﴿ وَلَا يَسۡتَثۡنُونَ ﴾، هیچیشی لێ ناهێڵنەوە، (**وَلَا يَتْرُكُونَ مِنْهَا شَيْئاً**)، هیچی لێ ناهێڵنەوە لە بەرو میوەکەی، واتە: هیچی لێ بەجێ ناهێڵن بۆ هەژارو نەداران.

واتایەکـی دیکـەی: ﴿ وَلَا يَسۡتَثۡنُونَ ﴾ نەشـیانگوت: (**إن شـاء اللـه**)، بـەڵام مانـای یەکەمیـان زیاتـر دێتـە بـەر دڵ، دەگوتـرێ: (**إِسْـتِثْنَاءُ**) واتـە: هەڵیـواردو جیـای کـردەوە، واتـە: هیچـی لـێ جیاناکەنـەوەو هیچـی لـێ ناهێڵنـەوە بـۆ هـەژار و نـەداران، وەك عادەتـی بابیـان کـە پێشـتر بەسـەرهاتەکەمان باسـکرد، کـە هاوەڵانـی ئـەو باخـە کوڕانـی پیاوێـك بـوون لـە ناوچەیـەك بـە نـاوی زەڕوان کـە شـەش میـل لـە شـاری صەنعـای یەمەنـەوە دوورە، پیاوێـك بـووە، باخێکـی هەبـووە پیاوێکـی بـۆ خـوا صوڵحـاو بـووە، هەمیشـە لـە کاتـی چنیـن و ڕنینـی حاصەڵاتـی باخەکـەدا،

---

(١) موزەڕ: مُ، دووەم هۆزی سەرەکیی عەرەب، کەعەرەب (ربيعة) و (مُضر) بوون.

بەشی هەژاران و نەدارانی لێداوە، دوایی کە بابیان نەماوە، کوڕەکان گوتوویانە: بابی ئێمە تاکو ئێستا کەودەن و نەفام بووە، کە لە هەق و مافی خۆی، لە موڵك و ماڵی خۆی بەشی هەژارو نەدارانی لێداوە، ئێمە بەیانی زوو دەچین و دەیچنین، دیارە کاتی چنینی بووەو، بڕیاریاندا کە هیچیشی لێ نەدەن بە هەژار و نەداران و، کارێك بکەن هیچ هەژارو نەدارێك فریا نەکەوێ، لێیان بە ژوور باخەکە بکەوێ، بۆ ئەوەی ناچارو ڕووگیری بن، شتێکی بدەنێ، ئیدی ئەوان ئەو بڕیارە خراپەیان داوەو، خواش ﷻ بە هۆی ئەو نیەتە خراپەیانەوە، بەڵای بەسەر باخەکەیان هێناوەو، باخەکەیان لە دەست چووە.

٤)- ﴿ فَطَافَ عَلَيْهَا طَآئِفٌ مِّن رَّبِّكَ ﴾، لە پەروەردگارتەوە بەڵایەکی دەورەدەری بەسەر هات، (**طَائِف: أي بَلَاءٌ مُحِيْط فَهُوَ صِفَةٌ لموصوفٍ مَحْذوفٍ**) کە دەفەرموێ: ﴿ فَطَافَ عَلَيْهَا طَآئِفٌ ﴾، بەڵایەکی دەورەدەرو گەمارۆدەری بەسەرهات، بەسەر باخەکەدا، کەواتە: (**بلاء**) سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، ﴿ فَطَافَ عَلَيْهَا طَآئِفٌ مِّن رَّبِّكَ ﴾، (**يَعْنِي مِنْ جِهَةِ رَبِّكَ**): لە لایەن پەروەردگارتەوە، یانی: بەڵایەکە خوای دادگەر ناردی.

٥)- ﴿ وَهُمْ نَآئِمُونَ ﴾، لە حاڵێك دا ئەوان خەوتبوون، ئەم ڕستەیە لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە لە شوێنی حاڵ دایە، لە حاڵێکدا ئەوان خەوتبوون، لێرەدا پێویست ناکات بفەرموێ: بە شەوێ، لەبەر ئەوەی بە زۆریی عادەتی خەڵك وایە، بە شەوێ خەوتوە، کەواتە: بەڵایەکە بەشەوێ بەسەریان هاتوە، ئەوانیش یان ئێوارە یان هەر شەوێ بڕیاریان داوە، کە بەیانی زوو بچن باخەکەیان بچنن، بێ ئەوەی هیچ هەژار و نەدارێك لێیان بە ژوور بکەوێ، ئنجا هەر ئەو شەوە، دوای بڕیارەکەیان خوا بەڵایەکی دەورەدەر و گەمارۆدەری ناردوە بۆ باخەکەیان و باخەکەیان فەوتاوە.

٦)- ﴿ فَأَصْبَحَتْ كَٱلصَّرِيمِ ﴾، باخەکەیان وەك چنراوی لێهات، (**الصَّرِيمُ: الأَرْضُ المَحْصُود زَرْعُهَا**)، کێڵگەیەك زەوییەك کشتوکاڵەکەی دوورابێتەوەو چنرابێ، حاصەڵاتەکەی هەڵگیرابێ و هیچی لێ نەمابێ:

أ- ئەمە ئەسڵی واتایەکەیەتی.

ب- هەروەها وشەی (صَريم) بە مانای شەویش هاتوە، واتە: وەك شەوی تاریکی لێهات، کە ئەو کاتە مانای وایە ئەم واتایە خوازراوەتەوە، واتە: چۆن شەوی تاریك هیچی لێ نابینی، ئەو باخەی ئەوانیش هیچت لێ نەدەبینی.

ج- یاخود: کە سووتاوە، بە بەڵایەکی سووتێنەر بووە، بۆ وێنە: هەورە تریشقەیەك لێیداوە، بۆیە باخەکە بۆتە سووتماك، وەك چۆن شەو تاریکە، پەرێزی ئەو باخەی ئەوانیش، تاریك بووەو ڕەش داگەڕاوە.

د- هەروەها (صَريم) بە مانای بەیانیش هاتوە، وەك چۆن بەیانی لە شەو جیا دەبێتەوەو دادەبڕێ واتە: ئەو باخەش ئاوا دابڕابوو لە میوەو بەرەکەی خۆی و هیچی پێوە نەمابوو.

مەسەلەی دووەم:

یەکدی بانگکردنـی هاوەڵانـی باخەکـە لـە بەیانـی زوودا، کـە بچـن بـۆ چنینـی میـوەو بەرهەمـی باخەکەیـان و، پێکـەوە چپـە کردنیـان کـە کارێـك بکـەن، هیـچ نەدارێـك نەچێتـە لایـان لـە کاتـی ڕنینـی میـوەی باخەکەیانـدا، بـۆ ئـەوەی لـە بەرهەمەکەیـان کـەم نەبێتـەوە، ئیـدی ڕۆیشـتن و چـوون و پێیـان وابـوو لەسـەر ڕێگرتـن لـە بەهرەمەنـد بـوونی نـەداران لـە باخەکەیـان، توانـادارن:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَتَنَادَوْا مُصْبِحِينَ ﴿٢١﴾ أَنِ اغْدُوا عَلَىٰ حَرْثِكُمْ إِن كُنتُمْ صَارِمِينَ ﴿٢٢﴾ فَانطَلَقُوا وَهُمْ يَتَخَافَتُونَ ﴿٢٣﴾ أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا الْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ ﴿٢٤﴾ وَغَدَوْا عَلَىٰ حَرْدٍ قَادِرِينَ ﴿٢٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ فَتَنَادَوْا مُصْبِحِينَ ﴾، لە کاتێکدا دەچوونە نێو بەیانیی، بانگی یەکدییان کرد، (**فَتَنَادوا**)، (**ف: للتَفْرِيْع عَلَى (أقْسَموا)**)، (**ف**) بۆ لقێکە جیادەبێتەوە لە وشەی (**أقسَموا**) سوێندیان خوارد، ئنجا لە ئەنجامی سوێند خواردنەکەیاندا: ﴿ فَتَنَادَوْا مُصْبِحِينَ ﴾، بەیانی یەکدییان بانگکرد کە باخەکەیان بچنن و، بەشی هیچ نەدارێکی لێ نەدەن، (**يَعْنِي فَلَمَّا أصْبَحُوا تَنَادَوا لإنْجَاز مَا بَيَتُّوا عَلَيْهِ أمْرَهُم، وَتَنادي (تَفاعل) مَن الندَاء، ويفهم مِنْه تَحْرِيْض بَعْضُهُم بَعْضَاً**)، کاتێك ڕۆژیان کردۆتەوە یەکدییان بانگکردوە بۆ ئەنجامدانی ئەوەی بەشەوێ بڕیاریان بۆ داوە، وشەی (**تَنَادِي**) لەسەر کێشی (**تَفَاعُل**)ە، بۆ بەشداریی و هاوبەشییە لە بانگکردنداو، لێی وەردەگیرێ کە هەندێکیان هەندێکیان هاندابێ و یەکدییان بانگ کردبێ.

٢)- ﴿ أَنِ اغْدُوا عَلَىٰ حَرْثِكُمْ إِن كُنتُمْ صَارِمِينَ ﴾، {یەکدییان بانگ کرد} کە زوو بڕۆن بەرەو کێڵگەکەتان، ئەگەر ئێوە چنەرو لێککەرەوەی میوەو بەرهەمی باخەکەتانن، (**الغُدُوّ: الخُرُوجُ وَالمُغَادَرَةُ لمكَان فِي غُدْوَةِ النَّهَارِ أي أوَّله**)، (**غدوٌّ**): بریتیە لە دەرچوون

و بەجێهێشتنی شوێنێك لە كاتی بەیانیی زوودا، (**غدوة**)ش، واتە: بەیانییەكەی زوو، (**أَن**) لە: (**أَن اغدوا**)دا، (**تَفْسِيْرِيَّة**) بۆ ڕوونكردنەوەیە، یەكدییان بانگ كرد: كە زوو بڕۆن بۆ كێڵگەكەتان، (**إِنْ**) هەرچەندە (**إِن الشَّـرْطِيَة**)یە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی بە مەرج گرتن و هەڵواسین (**تعليق**) نیە، بەڵكو مەبەست پێی ئەوەیە: ئەگەر دەتانەوێ بۆ باخەكەتان بڕۆن، زوو بڕۆن، واتە: پەلە بكەن و سستیی مەكەن، (**حَرث**) بە مانای شەقكردنی زەوی دێ، (**حَرَثَ الأَرْضَ**) واتە: زەوییەكەی كێڵا، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی كێڵگەو مەزرایە، لەبەر ئەوەی كێڵگەو مەزرا دەكێڵدرێ، دوایی میوەیە، دارو درەختە، لێی دەنێژرێ و، دانەوێڵەیە یان تۆوی تەڕەكارە، لێی دەچێنرێ، دوای ئەوەی زەوییەكە دەكێڵدرێ و خۆش دەكرێ.

٣)- ﴿ فَٱنطَلَقُواْ وَهُمۡ يَتَخَٰفَتُونَ ﴾، ئنجا دەرچوون لە حاڵێك دا پێكەوە چپەیان دەكرد، بە پەنهانیی قسەیان دەكرد، (**إِنْطِلاَق**): (**الإِنْطِلاَق: الحَرَكَةُ بِسُرْعَة بَعْدَ التَوْقُّف**)، شتێك وەستابێ، دوایی بەخێرایی دەربچێ، پێی دەگوترێ: (**إِنْطِلاَق**)، (**يَتَخافتون: التَّخَافُت مِن خَفَت إِذَا أَسَّر الكَلَام**)، (**تخافت**) لە (**خَفَتَ الكلام**) بە پەنهانیی قسەی كرد، ا هاتووە، بە كوردیی پێی دەڵێن: چپە، سركە، فسكە فسك، بە پەنامەكیی پێكەوە قسەكردن، بۆیەش بە چپە قسەیان كردوە، تاكو دەرو دراوسێ گوێیان لێ نەبێ لە كاتی دەرچوونیاندا، یان هەژارو نەداران كە بەڕێیەدا دەڕۆن، گوێیان لێ بێ كە ئەوە هاوەڵانی باخەكە دەچن باخەكەیان بچنن و، بەدوایان بكەون و شتێك دەستگیر بكەن!.

٤)- ﴿أَن لَّا يَدۡخُلَنَّهَا ٱلۡيَوۡمَ عَلَيۡكُم مِّسۡكِينٞ﴾، كە ئەمڕۆ هیچ نەدارێك لە باخەكەتان دا لێتان وەژوور نەكەوێ، ئاوا چپەیان دەكرد، (**أَن**)، پێی دەڵێن: (**أَن التَّفسيرية**) واتە: بۆ ڕوونكردنەوە، ئایا چپە كردنەكەیان بۆچی بوو؟ ڕوونی دەكاتەوە كە چپە كردنەكەیان بۆ ئەوە بوو، كە بە دڵنیایی نابێ ئەمڕۆ یەك نەداریش لێتان وەژووری باخەكە بكەوێ، تەنانەت هەژارو نەدارێكیش، چ جای وەك سەردەمی بابیان، هەموو هەژارو نەدارەكان بێن و هەر كەسە بەشی خۆی پێ بدات.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا ٱلْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ﴾ وەك بلێی ڕێ گرتنەکە ئاڕاستەی هەژارو نەدارەکە کراوە، بەڵام مەبەست پێی ئەوەیە: ئێوە کارێکی وابکەن، هیچ هەژارو نەدارێك فریا نەکەوێ بێت، ئەمەش وەك ئەوەیە کە لە زمانی عەرەبیی دەڵێی: (لَا أعْرِفَنَّكَ تَفْعَلُ كَذَا)، نەتناسم ئەو کارە بکەی، واتە: تۆ ئەو کارە نەکەی، دوایی من بتناسم ئەو کارەت ئەنجام دابێ.

کەواتە: کارێکی وا بکەن، هیچ نەدارێك لێتان وە ژووری باخەکە نەکەوێ لە کاتی چنینیدا، لێرەشدا قەدەغە کردنەکە پەیوەست کراوە بە نەدارەکەوە، بۆ زێدەڕۆیی کردن لە ڕێگرتن لە نەدارەکان، کە لە باخەکەیان بەهرەمەند بن، کە لە ڕاستییدا ڕێگرتنەکە لە هەژارو نەدارەکان نەبووە، بەڵام بۆیە بەوانەوە پەیوەست کراوە، واتە: کارێکی وا بکەن، هێندە دووربینیی بکەن و هێندە بەزوویی بڕۆن و بە گورج و گۆڵیی بچن باخەکەتان بچنن، وەك ڕێتان گرتبێ لە هەژارو نەدارەکان کە بێنە نێو باخەکەتانەوە.

٥)- ﴿وَغَدَوْا۟ عَلَىٰ حَرْدٍ قَٰدِرِينَ﴾، زووش ڕۆیشتن پێیان وابوو توانادارن ڕێ بگرن، یاخود: (حَرْد بِمَعْنَى: سُرْعَةٍ وَقَصْدٍ قَوِيّ) واتە: ڕۆیشتن بە خێرایی و بە دڵدامەزراوییەکی تەواوەوە، کە بەشی هیچ هەژارو نەدارێکی لێ نەدەن، (حَرد) بە مانای تووڕەییش دێ، بەتووڕەیی ڕۆیشتن واتە: تووڕەبوون لە کردەوەی بابیان کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەشی هەژاران و نەدارانی لە بەرهەمی ئەو باخەیان داوە، ئنجا وشەی (حَرد) کە لێرەدا بەکارهاتوە، یەکێکە لە ڕووەکانی ئیعجازی قورئان، کە بەس لە فەرمایشتی خوادا شتی وا دەبینرێ، ئەگەر خوا فەرمووبای:

أ- (وَغَدَوْا عَلَى مَنْعٍ قَادِرِينَ).

ب- (عَلَى غَضَبٍ).

ج- (عَلَى سُرْعَةٍ).

د- (**قَصدٍ قَوِيٍّ**) تەنیا یەکێك لەو واتایانەی دەگرتەوە، بەڵام لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَغَدَوْا عَلَىٰ حَرْدٍ قَٰدِرِينَ ﴾، وشەی (**حرْد**): ١- بە مانای ڕێ لێگرتن دێ.

٢- بە مانای تووڕەیی دێ.

٣- بە مانای نیازو مەبەستێکی مەحکەم دێ لەسەر کردنی شتێك.

٤- بە مانای خێرایی کردن دێ، کەواتە: ئێستا مانای ئەم ئایەتە موبارەکە ئاوای لێ دێ: ﴿ وَغَدَوْا عَلَىٰ حَرْدٍ قَٰدِرِينَ ﴾، (**يَعْنِي: انْطَلَقُوا بسُرْعَةٍ غَاضِبِيْنَ وَحَازِمِيْنَ عَلَى المَنْعِ**)، بە خێرایی و بە تووڕەیی دەرچوون و، دڵی خۆیان چەسپاند بوو، لەسەر ڕێ لێگرتنی هەر نەدارێك، کە بێتە نێو باخەکەیان و هاوکاریی بکەن.

مەسەلەی سێیەم:

لە کاتی بینینی باخەکەیاندا، سەرەتا پێیان وابوو ڕێیان لێ ون بووەو، ئەو شوێنەوارە هی باخەکەیان نیە، دوایی کە زانیویانە، شوێنەواری باخی ئەوانە، دڵنیابوون کە بێ بەش بوون، ئنجا باشترەکەیان لۆمەی کردن، کە هەرچەندە پێیگوتن: خوا بە پاك بگرن، بەڵام بەقسەیان نەکردوە، ئنجا دانیان بە ستەمی خۆیان داهێنا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا رَأَوْهَا قَالُوٓاْ إِنَّا لَضَآلُّونَ ﴿٢٦﴾ بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ ﴿٢٧﴾ قَالَ أَوْسَطُهُمْ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ لَوْلَا تُسَبِّحُونَ ﴿٢٨﴾ قَالُواْ سُبْحَٰنَ رَبِّنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ فَلَمَّا رَأَوْهَا قَالُوٓاْ إِنَّا لَضَآلُّونَ ﴾، کاتێك باخەکەیان بینی، گوتیان: ئێمە ڕێ لێ تێکچووین، دەگوترێ: (**ضَلَّ الطَّرِيْقَ أي: ضَيَّعَهُ وَفَقَدَه**) واتە: ڕێگاکەی ون کرد، زایەی کرد، هەروەها دەگوترێ: (**ضَلَّ أي: فَقَدَ طَرِيْقَ الهُدَى**)، ڕێی ڕاستی ونکرد، (**ضَالُّونَ**): لێرەدا بە مانای ڕێ لێ تێکچوونی ڕواڵەتییە، واتە: ڕێی باخەکەمان لێ ونبووەو، ئەم باخە هی ئێمە نیە، بەهەڵە هاتووین، یاخود مەبەستیان ڕێ لێ تێکچوونی مەعنەویی بووە، واتە: ئێمە کە بڕیارماندا بەشی هەژاران و نەداران لەم باخەمان نەدەین، گومڕاو سەرگەدارن بووین، ڕێمان لێ تێکچوو، نەدەبوو ئەو بڕیارەمان دابایە.

٢)- ﴿ بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ ﴾، بەڵکو ئێمە بێبەشکراوین، (**حُرِمَ أي: فَقَد نَصِيْبَهُ وَحَظَّهُ**)، پشك و بەشەکەی فەوتا لە دەستی چوو، ئەوەش لەگەڵ هەردوو واتایەکەدا دەگونجێ:

أ- ئەگەر مەبەستیان ئەوەبێ ڕێمان لێ تێکچووە، پێشتر وایانزانیوە ڕێیان لێ تێکچووەو ئەو پەرێزە سوورو سەقەتاڵە و سووتماکە باخی ئەوان نیە، بەڵام دوایی کە بۆیان دەرکەوتوە نەخێر ڕێیەکەش ڕاستەو باخەکەش هی ئەوانە، ئنجا گوتوویانە: ئێمە ڕێمان لێ تێکنەچووە، بەڵکو ئێمە بێ بەش و ڕەنجەڕۆو دەستخەڕۆ بووین.

ب- ئەگەر مەبەستیش لە ڕێ لێ تێکچوون، ڕێ لێ تێکچوونی مەعنەویی بێ، سەرگەردانیی و سەر لێشێواویی بێ، کە ئەو بڕیارە هەڵەیان داوە، ئەو کاتە ڕستەی: ﴿ بَلۡ نَحۡنُ مَحۡرُومُونَ ﴾، واتە: زیاتر لەوەی ڕێمان لێ تێکچووە، هەر دەستخەڕۆو ڕەنجەڕۆش بووین و هیچمان بۆ نەمایەوە، بۆیە ئەحمەد کوڕی عەتائوڵڵای ئەسکەندەریی قسەکەی جوانە کە دەڵێ: (**مَنْ لَمْ يَشْكُر النِّعمَ، فَقَدْ تَعَرَّضَ لِزَوَالِها، وَمَنْ شَكَرَهَا، فَقَدْ قَيَّدَهَا بِعِقَالِها**)، هەر کەسێك سوپاسگوزاریی چاکەکان نەکات، ئەوە چاکەکانی خستوونە بەر مەترسیی لە بەین چوون، بەڵام هەر کەسێك سوپاسگوزارییان لەسەر بکات، ئەوە بە پەتی سوپاسگوزاریی بەستوونیەوە، ڕێ نادات لە دەستی بچن، خوای دادگەرییش وەك یاسایەکی گشتیی خۆی لەو بارەوە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ تَأَذَّنَ رَبُّكُمۡ لَئِن شَكَرۡتُمۡ لَأَزِيدَنَّكُمۡۖ وَلَئِن كَفَرۡتُمۡ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٞ ۝٧ ﴾**إبراهيم**، واتە: یاد بکەوە کە پەروەردگارت ڕایگەیاند: ئەگەر سوپاسگوزارییم بۆ بکەن، بۆتان زیاد دەکەم، {واتە: ئەگەر لەسەر چاکەکان سوپاسگوزارییم بکەن، چاکەکانتان بۆ زیاد دەکەم}، بەڵام ئەگەر سپڵەیی بکەن سزای من توندە، واتە: ئەگەر سپڵەیی بنوێنن و چاکەکانی خوا نانەدیدە بگرن، نەیانگێڕنەوە بۆ خواو، سوپاسگوزارییان لەسەر نەکەن، سزای خوا توندەو بەشێك لە سزادانی خواش، ئەوەیە ئەو چاکەیەتان لێ وەربگرێتەوە.

٣)- ﴿ قَالَ أَوۡسَطُهُمۡ ﴾، باشترینیان گوتی، (**أَوْسَطهم: أَفْضَلَهُمْ وَأَقْرَبُهُم إلى الخَيْرِ**)، واتە: باشترینیان و نزیکتریان لە چاکەوە، (**الوَسَطُ: يُطْلَقُ عَلَى الأخْيَرِ وَالأفْضَلِ**)، (**وَسَط**): بەکاردەهێنرێ بۆ چاکترو باشتر، دەگوترێ: (**هُوَ مِنْ وَسَطِ قَوْمِهِ**)، فلانکەس لە چاکترینی کۆمەڵەکەی خۆیەتی.

ئەوەیان کە لە هەموویان باشتر بوو، گوتی:

٤)- ﴿ أَلَمۡ أَقُل لَّكُمۡ لَوۡلَا تُسَبِّحُونَ ﴾، ئایا پێم نەگوتن دەبووایە خوا بە پاك بگرن، کەواتە: لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە یەکێك لەو برایانەو لەو کوڕانە، کە لە هەموویان چاکتر

بووە، لە پێش بڕیارە هەڵەکەیاندا پێی گوتوون: خوا بە پاك بگرن، یانی: خوا بە پاك بگرن، لەوەی سەرپێچیی لێ بکەن، (**هَلاّ تُسَبِّحُونَ اللهَ عَمَلًا، مِنْ أنْ يُعْصَى مِنْ خِلاَلِ عَدَمِ الإنْفَاقِ عَلى مُسَتَحَقِّيْن**)، دەبووایە خوا بە پاك بگرن بە کردەوە لەوەی سەرپێچیی لێ بکرێ لەمیانی خەرج نەکردن و ماڵی خۆنەبەخشین بە کەسانێك کە شایستەی پێ بەخشرانن.

٥)- ﴿ قَالُواْ سُبۡحَٰنَ رَبِّنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴾، گوتیان: پاکیی بۆ پەروەردگارمان بە دڵنیایی ئێمە ستەمکاربووین (پاش بارانان کەپەنەك)، ئنجا خوایان بە پاکگرت، وەك وەڵامدانەوە بۆ داوای چاکترینەکەیان، کە دەگونجێ برای گەورەیان بووبێ، دەشگونجێ برای نێوەنجییان بووبێ، هەروەها دەگونجێ برای گچکەیان بووبێ، گرنگ ئەوەیە لە هەموویان چاکتر بووە، برایەکانی سەرەنجام دانیان بە هەڵەو تاوانەکەی خۆیان داهێنا، بێگومانیش نیەتە خراپەکەیان و بڕیارە خراپەکەیان، چەندە خراپ بووە، ئەو پەشێمان بوونەوەو پاکیی بۆ خوا دەربڕین و، ستەم لە ملی خۆکردن و، خۆ بە تاوانبار لە قەڵەم دانەش، ئەوەندە چاك بووە.

مەسەلەی چوارەم:

سەرزەنشتی یەکدی کردنیان و، دانهێنانیان بە یاخیی بوون و بوغڕابوونیانداو، هیوا خواستنیان بەوەی خوا لە باخەکەیان باشتریان پێ بدات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَلَاوَمُونَ (٣٠) قَالُوا يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا طَاغِينَ (٣١) عَسَىٰ رَبُّنَا أَن يُبْدِلَنَا خَيْرًا مِّنْهَا إِنَّا إِلَىٰ رَبِّنَا رَاغِبُونَ (٣٢) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَلَاوَمُونَ ﴾، هەندێکیان ڕوویان لە هەندێکیان کرد بە لۆمەو سەرکۆنەکردن و گلەیی و گازاندە لە یەکدی کردنەوە، (**الإِقْبَالُ: حَقِيقَته الْمَجِيءِ إِلَى الْغَيْرِ مِنْ جِهَةِ وَجْهِهِ، وَهُوَ مُشْتَقٌّ مِنَ الْقُبُلِ وَهُوَ مَا يَبْدُو مِنَ الْإِنْسَانِ مِنْ جِهَةِ وَجْهِهِ، وُهُوَ كِنَايَةٌ عَنِ العِنَايَةِ وَالإِهْتِمَام**)، (إقبال): بریتیە لەوەی بچی بۆ لای کەسێك لە لای ڕوویەوە، (**إِقْبَال**): وەرگیراوە لە (**قُبُل**)، کە بریتیە لەوەی لە مرۆڤ دەردەکەوێ لە کاتێکدا ڕووت تێ دەکات، ئەمەش کینایەیە بۆ گرنگیی پێدان و بایەخ پێدان، واتە: بە گرنگیی و بایەخ پێدانەوە ڕوویان لە یەکدی کردو، سەرکۆنەو سەرزەنشتی یەکدییان کرد.

٢)- ﴿ قَالُوا يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا طَاغِينَ ﴾، گوتیان: ئەی هاوار بۆ ئێمە! یاخود: ئەی خراپیی بۆ ئێمە، یاخود، ئەی سزای ئێمە، بە دڵنیایی ئێمە یاخیی و سنوور شکێن و گومڕابووین، چونکە (**طَاغِيْن**) کۆی (**طَاغِي**)یە، ئەویش لە (**طَغَى**)ەوە هاتوە، (**طَغَى، يَطْغَى، فَهُوَ طَاغٍ**)، (**وَالطُّغْيَانُ: تَجَاوُزُ الْحَدِّ فِي العِصْيَان**)، (**طغيان**)یش سنوور شکاندنە لە سەرپێچیی و بێ فەرمانییدا.

واش پێدەچێ لۆمە کردنەکە، هەر هی چاکترینەکەیان بووبێ کە لۆمەی برایەکانی کرد، چونکە بەس ئەو ئامۆژگاریی کردبوون، کە خوا بە پاك بگرن و سەرپێچیی لێ نەکەن، بەڵام بە قسەیان نەکردبوو.

(وَاللَّـوْمُ: إِنْكَارٌ مُتَوَسِّـطٌ عَلَى فِعْـلٍ أَوْ قَـوْلٍ، وَهُـوَ دُونَ التَّوْبِيـخِ وَفَـوْقَ الْعِتَـابِ)، لـە زمانـی عەرەبییـدا، ئـەو وشـانە: (**لـوم، توبیـخ، عتـاب**)، هـەر کامیـان واتـای خـۆی هەیـە، زمانـی کوردیـی و زمانەکانـی دیکـەش بـە بـەراورد لەگـەڵ زمانـی عەرەبییدا، هـەژارن، وشـەی (**لَـوْم**) بریتیـە لـە نکووڵیکردنێکـی میانگیـر لەسـەر قسـەیەك یـان کردەوەیـەك، (**لَـوْم**) کەمـترە لـە (**تَوْبِيـخ**)، واتـە: سەرزەنشـتکردن و لـە سـەرووی (**عِتَاب**)ەوەیـە، کـە بریتیـە لـە گلەیـی، ئێمـە لـە کوردیـی **دا** بـۆ هەمـووان وشـەی: گلەیـی و جـاری وایـە سەرزەنشـتیش بەکاردێنیـن، (**عِتَـاب**) بریتیـە لـە نەرمـە گلەیـی، (**لَـوْمُ**) لـەو بەهێزتـرەو (**تَوْبِيخِ**)یـش لـەو بەهێزتـرەو، بریتیـە لـە سـەرکۆنەو سەرزەنشـتکردنێکی بەهێـز.

٣)- ﴿ عَسَىٰ رَبُّنَآ أَن يُبْدِلَنَا خَيْرًا مِّنْهَآ ﴾، نیزیکە پەروەردگارمان بە باشتر بەوە بۆمان بگۆڕێ، (**يُبْدِلَنا**) خوێنراوەتەوەش: (**يُبَدِّلَنَا**) کە مەبەستیان ئەوە بووە لە دنیادا خوا باخێکی باشتر لەوەی خۆیانیان پێ بدات، لەو باخەی لێی ستاندوونەوە، یانی: ئەو باخەمان لەدەست چوو، ئومێدمان وایە. خوا ﷻ لە بەدەل و جێداری ئەوەدا باخێکی باشترمان پێ بدات.

٤)- ﴿ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا رَٰغِبُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە بەرەو لای پەروەردگارمان ئارەزوومەندین.

ئەم ڕستەیە لەو ئایەتە، سێ واتایان هەڵدەگرێ:

یەکەم: ئەمە جۆرێکە لە ملکەچ بوون و گەڕانەوە بۆ لای خوا.

دووەم: ئومێدەواربوونە بە خوا کە پێیان ببەخشێ.

سێیەم: دەشگونجێ ئەمە گەڕانەوەیەك بێ بۆ لای خوا -- ئەگەر گومانی خراپیان پێ بەرین بە هاوەڵانی باخەکە - وەك گەڕانەوەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان کە لە کاتی سەغڵەتیی و تەنگانەدا دەگەڕانەوە، بەڵام دوایی کە لە تەنگانەو سەغڵەتیی دەردەچوون، دەگەڕانەوە سەر دۆخی پێشێیان کە بریتی بوو لە کوفرو هاوبەش بۆ خوا دانان.

ئیبنو عاشوور لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] لە (ابْنُ الْفَرْسِ)ەوە دێنێ و دەڵێ:
(قالَ ابْنُ الْفَرْسِ فِي «أَحْكَامِ الْقُرْآنِ»: اسْتَدَلَّ بِهَذِهِ الآيَةِ أَبُو مُحَمَّدٍ عَبْدُ الْوَهَّابِ، عَلَى أَنَّ مَنْ تَعَمَّدَ إِلَى نَقْصِ النِّصَابِ قَبْلَ الْحَوْلِ قَصْدًا لِلْفِرَارِ مِنَ الزَّكَاةِ أَوْ خَالَطَ غَيْرَهُ، أَوْ فَارَقَهُ بَعْدَ الْخِلْطَةِ، فَإِنَّ ذَلِكَ لَا يُسْقِطُ الزَّكَاةَ عَنْهُ خِلَافًا لِلشَّافِعِيِّ. وَوَجْهُ الْإِسْتِدْلَالِ بِالآيَةِ أَنَّ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ قَصَدُوا بِجَذِّ الثِّمَارِ إِسْقَاطَ حَقِّ الْمَسَاكِينِ، فَعَاقَبَهُمُ اللَّهُ بِإِتْلَافِ ثِمَارِهِم).

واتە: ئیبنو فەڕس لە کتێبی ئەحکامی قورئاندا گوتوویەتی: ئەم ئایەتە بە بەڵگە لەسەر ئەوە هێنراوەتەوە، کە هەر کەسێك بە ئەنقەست بیەوێ، ئەندازەی زەکات لێکەوتنی ماڵەکەی کەم بکاتەوە، (کە ئەگەر زێڕ بێ، بیست میسقاڵە و ئەگەر دانەوێڵە بێ، پێنج ویسقە و ئەگەر حوشترو ڕەشەوڵاخ و مەڕو بزن بێ، دیاریکراوە)، پێش ئەوەی ساڵی بەسەردا بسووڕێتەوە، ئەندازەکەی کەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی زەکاتی لێ نەکەوێ وەك ڕاکردن لە زەکات، یاخود ماڵەکەی لەگەڵ هی یەکێکی دیکەدا تێکەڵ بکات، یاخود کە لەگەڵ هی کەسێکی دیکەدا تێکەڵ بوو، لێی جیابێتەوە، {کە ئەگەر پێکەوە بن زەکاتیان لێ بکەوێ و، ئەگەر لێی جیابێتەوە زەکاتی لێ نەکەوێ}، لە هەموو ئەو حاڵانەدا زەکاتەکەی لەسەر لاناچێ، چۆنیەتیی بەڵگە هێنانەوەکەش ئەوەیە کە خاوەنانی باخەکە، ویستوویانە میوەی باخەکەیان ببڕن بەرەو بەیانی زوو، تاکو مافی هەژارو نەدارەکان بفەوتێنن، بۆیە خوا ﷻ بەوە سزای داون، کە باخەکەی هەموو لە دەست هێناونە دەرو میوەی باخەکەیان فەوتاوە.

کەواتە: کەسێکیش بیەوێ هەق و مافی زەکات پێدراوان، بفەوتێنێ، بە هەر کام لەو سێ حاڵەتەی باسکران، نیصابەکە بە جۆرێك لە جۆرەکان کەم بکاتەوە، یان لەگەڵ یەکێکدا تێکەڵ بێ، یان کە لەگەڵی دا تێکەڵ بووە، لێی جیابێتەوە، یان بە هەر شێوەیەکی دیکە، بەوە زەکاتی لەسەر لاناچێ و، زەکاتەکە هەر لە ماڵ و سامانەکەیدا دەبێ.

(١) التحرير والتنوير: ج٢٢، ص٨٩.

مەسەلەی پێنجەم:

ئـەوەی بەسـەر هاوەڵانـی باخەکـەدا هـات، سـزای دنیایـی بـوو، سـزای ڕۆژی دواییـش هەیـە بـۆ سـەرپێچییکاران و، گەورەتریشـە ئەگـەر بزانـن:

خوا دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ ٱلۡعَذَابُۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ﴿٣٣﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿كَذَٰلِكَ ٱلۡعَذَابُ﴾، ئەوە سزادانەکە بوو، (**العَذَاب**) (أل)ی ناساندنی لەسەرەو بۆ (عهد)ە، واتە: سزایەکەی خوا بۆ سەرپێچییکاران ئاوایە، یاخود ئەلیف و لامەکە قەرەبووی پاڵوەلادراو (**مُضَاف إليه**)ی کردۆتەوە (**كَذَٰلِكَ عَذَابُ رَبِّكَ أو عَذَابُ الله**)، سزای پەروەردگارت یان سزای خوا، ئاوایە، ئەمەش ئەوەی لێ وەردەگیرێ، کە هیچ گوناحێك بەبێ سزاو تۆڵە ناڕواو، هیچ لادانێك بەبێ ڕاستکردنەوە ناڕوا.

٢)- ﴿وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ﴾، سزاو ئازاری مەنزڵگای کۆتایی گەورەتریشە، ئەگەر بزانن، وەك خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡأَدۡنَىٰ دُونَ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡأَكۡبَرِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴿٢١﴾﴾**السجدة**، بە دڵنیایی سزایان دەدەین بە سزای کەمتر یان نزیکتر، پێش سزای گەورەتر {کە لە ڕۆژی دوایی دایە}، بەڵکو بگەڕێنەوە، ئەمەش مەبەست پێی ئەوەیە: با بێبڕوایانێك کە خوا چاکەی لەگەڵدا کردوون، نازو نیعمەتی بەسەردا ڕشتوون، چ نیعمەتی ماددیی وەك: سەروەت و سامان، دەسەڵات، قەڕەباڵغیی، چ نیعمەتی مەعنەویی وەك: هێمنیی و ئاساییش، لەشساغیی، با پەند وەربگرن و چاکەو نیعمەتەکانی خوا لەسەرپێچیی خوادا بەکارنەهێنن و، مافی خاوەن مافان نادیدە نەگرن، چونکە ئەگەر وابکەن، هەم لە دنیادا سزای خوا چاوەڕێیانە، هەم لە ڕۆژی دواییشدا.

هەموو ئەو قسانەی کە هاوەڵانی باخەکە کردوویانن:

١- پەشێمان بوونەوەیان.

٢- خۆ بەستەمکار لە قەڵەم دانانیان.

٣- پاکیی بۆ خوا دەربڕینیان.

٤- دانهێنانیان بەسەرکێشیی و یاخیی بوونیاندا.

٥- ئومێدەواربوونیان بە بەزەیی خوا، کە خوا بۆیان قەرەبوو بکاتەوە.

٦- ئارەزوومەندیان بۆ لای خوا ﷻ.

هەموو ئەوانەش ئەوە دەیەگەنن و ئەو بۆچوونە بەهێزتر دەکەن، کە خوا ﷻ لەسەر ئەو نیازو مەبەست و بڕیارە خراپەیان، سزای داون و بەوەش گوناهەکەیان لێ سڕاوەتەوە.

دواییش کە دەفەرموێ: ﴿وَلَعَذَابُ ٱلْآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ﴾، ئەمە بەیانکردنی یاسایەکی گشتیی خوایە، نەك مەبەست ئەوەبێ کە حەتمەن ئەوانە سزای ڕۆژی دوایی چاوەڕێیان دەکات، بەڵکو بەو سزایەی خوا داونی لەسەر ئەو نیەتە خراپەیان، پاك بوونەوە وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هەیە: هەر کەسێك خراپەو تاوانێك بکات و خوا سزای بدات لەسەری، یان سزای شەرعیی بەسەردا بچەسپێنرێ، دەبێتە هۆی پاکبوونەوەی [1]، ئەوانەش خوا سزای داون و سزای خوا بۆتە هۆی پاکبوونەوەیان، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ ٱلْعَذَابُ﴾، واتە: سزادانی خوا بۆ کەسانێك سەرپێچیی لێ بکەن لە دنیادا، ئاوایە، بەڵام دوایی کە دەفەرموێ: ﴿وَلَعَذَابُ ٱلْآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ﴾، سزای مەنزڵگای

(١) {عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ رضي الله عنه، وَكَانَ شَهِدَ بَدْرًا، وَهُوَ أَحَدُ النُّقَبَاءِ لَيْلَةَ الْعَقَبَةِ: أَنَّ رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ، وَحَوْلَهُ عِصَابَةٌ مِنْ أَصْحَابِهِ: بَايِعُونِي عَلَى أَنْ لاَ تُشْرِكُوا بِاللهِ شَيْئًا، وَلاَ تَسْرِقُوا، وَلاَ تَزْنُوا، وَلاَ تَقْتُلُوا أَوْلاَدَكُمْ، وَلاَ تَأْتُوا بِبُهْتَانٍ تَفْتَرُونَهُ بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَأَرْجُلِكُمْ، وَلاَ تَعْصُوا فِي مَعْرُوفٍ، فَمَنْ وَفَى مِنْكُمْ فَأَجْرُهُ عَلَى اللهِ، وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئًا فَعُوقِبَ فِي الدُّنْيَا، فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ، وَمَنْ أَصَابَ مِن ذَلِكَ شَيْئًا ثُمَّ سَتَرَه اللهُ، فَهُوَ إِلَى اللهِ، إِنْ شَاءَ عَفَا عَنْهُ، وَإِنْ شَاءَ عَاقَبَهُ فَبَايَعْنَاهُ عَلَى ذَلِكَ} (أخرجه البخاري: ١٨).

کۆتایـی گەورەتریشـە ئەگـەر بزانـن، واتـە: بـۆ کەسـانێك کـە لـە هەڵـەو کـەم و کوڕییەکانیـان دەسـت هەڵنەگـرن و پەشـێمان نەبنـەوە، بـەڵام هاوەڵانـی باخەکـە پەشـێمان بوونـەوەو دانیـان بـە تاوانـی خۆیـان داهێنـاوەو پاکییـان بۆ خـوا دەربڕیوە.

کەواتـە: وا پێدەچـێ ئەوانـە سـەرەنجام خێربووبـن، بـەڵام خـوا ﷻ بەسـەرهاتەکەیانی گێڕاوەتـەوە، تاکـو خەڵـك پەندیـان لێوەربگـرێ و وەك ئـەوان نـەکات، ئەگەرنـا دوایـی پەشـێمان بوونەوەکەیـان، قەرەبـووی ئـەوەی بـۆ کردوونـەوەو، هـەر کەسێکیش بـە بەزەیـی خـوا ئومێـدەوار بـێ لـە دنیـاو دواڕۆژدا، خـوا نائومێـدی نـاکات، وەك لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوە: هـەر کەسێك دەسـت بـەرەو خـوا بـەرز بکاتـەوەو لێـی بپاڕێتـەوە، خـوا دەسـتی بـە خاڵیـی بـەڕێ ناکاتـەوە[1]، ئنجـا یـان:

أ- ئەوەی داوای دەکات پێی دەدات.

ب- یاخود باشتر لەوەی پێ دەدات.

ج- یاخود بە ئەندازەی ئەوە بەڵای لێ دەفع دەکات.

د- یاخود لە ڕۆژی دواییدا بەو ئەندازەیە پاداشتی دەداتەوە.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

(١) {عَـنْ سَـلْمَانَ الْفَـارِسِيِّ عَـنْ النَّبِيِّ صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ قَـالَ إِنَّ اللَّـهَ حَيِـيٌّ كَرِيـمٌ يَسْـتَحْيِي إِذَا رَفَـعَ الرَّجُـلُ إِلَيْـهِ يَدَيْـهِ أَنْ يَرُدَّهُـمَا صِفْـرًا خَائِبَتَـيْنِ} (أخرجـه أحمـد: ٢٣٧٦٥، والترمـذي: ٣٥٥٦، وقـال: حسـن غريـب، والحاكـم: ١٩٦٢، وقـال: صحيـح عـلى شرط الشـيخين، والبيهقـي: ٢٩٦٥، وأبـو داود: ١٤٨٨، وابـن حبـان: ٨٧٦).



دەرسی سێیەم



پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان نـۆزدە (١٩) ئایەتـی کۆتایـی سـوورەتی (**القلـم**) دەگرێتـە خـۆی، ئایەتەکانـی: (٣٤ - ٥٢)، لـەو نـۆزدە (١٩) ئایەتـەدا چـوار بابـەت خراونـە ڕوو:

بابەتـی یەکـەم: لـە هەشـت ئایەتەکانـی: (٣٤ - ٤١)دا، باسـی ئـەوە کـراوە کـە پارێـزکاران پاداشـتیان بەهەشـتی پـڕ نـازو نیعمەتـە، ناشـگونجێ خـوا ﷻ بـۆ خـوا ملکەچانـی چاکـەکار لەگـەڵ یاخییانـی تاوانبـاردا، وەك یـەك دابنـێ، ئـەوە دژی عەقـڵ و زگماکـەو، هیـچ بەڵگەیەکـی وەحییشـی لەسـەر نیـە.

بابەتـی دووەم: شـەش ئایەتـان لـە خـۆی دەگـرێ، ئایەتەکانـی: (٤٢ - ٤٧)، بـاسی هەڕەشـەکردن لـە بێبڕوایانـی تاوانبـاری بـە درۆ دانـەری قوڕئـان، کـە لـە ڕۆژی قیامەتـدا دووچـاری زەبوونیـی و داماویـی دەبـن و، لـە دنیاشـدا هیـچ بیانـوو و پاسـاوێکی کافربوونیـان نیـەو نەبـووە.

بابەتـی سـێیەم: لـە سێ ئایەتەکانـی: (٤٨ - ٥٠)، پێـک دێ، بـاسی فەرمانکردنـی خـوای بـەرزی مـەزن بـە پێغەمبـەری کۆتایی خـۆی موحەممـەد ﷺ کـە وەك هاوەڵی ماسـییەکە نەبـێ، «پێغەمبـەر (یونـس) ؛» کـە پەلـەی کـردو، دوایـی لـە سـکی ماسـییەکەدا پاڕایـەوەو پاکیـی بـۆ خـوا دەربـڕی، ئەگەرنـا بـە سەرزەنشـتکراویی فـڕێ دەدرایـە دەشـت، بـەڵام دوایـی خـوا هەڵیبـژارد و لـە بەنـدە چاکەکانـی خـۆی گێـڕا.

بابەتـی چـوارەم: لـە دوو ئایەتەکانـی کۆتایـی: (٥١ - ٥٢) پێـك دێ، بـاسی بێبڕوایانـی داخ لـە دڵ، کـە ئەوەنـدە لـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ پەسـت و قەڵـس بـوون، لـە کاتـی بیسـتنی قوڕئانـدا نیزیـك بـوو بـە نیـگای چاوەکانیـان بیخلیسـکێنن و، بـە شـێتیان دادەنـا، لـە حاڵێکـدا کـە قوڕئـان بیرخەرەوەیـە بـۆ تێکـڕای جیهانییـان.

﴿ إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٣٤﴾ أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٣٥﴾ مَا لَكُمْ كَيْفَ
تَحْكُمُونَ ﴿٣٦﴾ أَمْ لَكُمْ كِتَٰبٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ ﴿٣٧﴾ إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ ﴿٣٨﴾ أَمْ لَكُمْ أَيْمَٰنٌ عَلَيْنَا بَٰلِغَةٌ
إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّ لَكُمْ لَمَا تَحْكُمُونَ ﴿٣٩﴾ سَلْهُمْ أَيُّهُم بِذَٰلِكَ زَعِيمٌ ﴿٤٠﴾ أَمْ لَهُمْ شُرَكَآءُ فَلْيَأْتُوا۟
بِشُرَكَآئِهِمْ إِن كَانُوا۟ صَٰدِقِينَ ﴿٤١﴾ يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ وَيُدْعَوْنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ ﴿٤٢﴾
خَٰشِعَةً أَبْصَٰرُهُمْ تَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ ۖ وَقَدْ كَانُوا۟ يُدْعَوْنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ وَهُمْ سَٰلِمُونَ ﴿٤٣﴾ فَذَرْنِى وَمَن يُكَذِّبُ بِهَٰذَا
ٱلْحَدِيثِ ۖ سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٤﴾ وَأُمْلِى لَهُمْ ۚ إِنَّ كَيْدِى مَتِينٌ ﴿٤٥﴾ أَمْ تَسْـَٔلُهُمْ
أَجْرًا فَهُم مِّن مَّغْرَمٍ مُّثْقَلُونَ ﴿٤٦﴾ أَمْ عِندَهُمُ ٱلْغَيْبُ فَهُمْ يَكْتُبُونَ ﴿٤٧﴾ فَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن
كَصَاحِبِ ٱلْحُوتِ إِذْ نَادَىٰ وَهُوَ مَكْظُومٌ ﴿٤٨﴾ لَّوْلَآ أَن تَدَٰرَكَهُۥ نِعْمَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ لَنُبِذَ بِٱلْعَرَآءِ وَهُوَ مَذْمُومٌ
﴿٤٩﴾ فَٱجْتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَجَعَلَهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٥٠﴾ وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَٰرِهِمْ لَمَّا سَمِعُوا۟ ٱلذِّكْرَ
وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجْنُونٌ ﴿٥١﴾ وَمَا هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٢﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بێگومان بۆ پارێزکاران لە لای پەروەردگاریان باخە پڕ نازو نیعمەتەکان هەن ﴿٣٤﴾ ئنجا ئایا (بۆ خوا) ملکەچان وەك تاوانباران لێ دەکەین (لە مامەڵە کردندا)؟ ﴿٣٥﴾ چیتانە! چۆن دادوەریی دەکەن؟ ﴿٣٦﴾ یان ئایا کتێبێکتان هەیە، تێیدا دەخوێننەوە (و تێیدا هاتوە) ﴿٣٧﴾ کە بە دڵنیایی هەرچی هەڵیبژێرن بۆ تێوە هەیە؟ ﴿٣٨﴾ یان ئایا سوێندو پەیمانێکتان لەسەرمان هەیە، هەتا ڕۆژی قیامەت کە هەرچی بڕیار بدەن، بۆتان هەیە (لە مەنزڵگای کۆتاییدا)؟ ﴿٣٩﴾ لێیان بپرسە: کامیان هۆباڵدار (و کەفیل)ی ئەوەیە کە دەیڵێن؟ ﴿٤٠﴾ یان ئایا هاوبەشیان هەن، (لە پەرستنی خواداو تکاکاریانن)؟ ئنجا ئەگەر لە ڕاستانن با هاوبەشەکانیان بێنن ﴿٤١﴾ ئەو ڕۆژەی (لەبەر سەغڵەتیی و سەختیی) لاق

هەڵدەکرێ و (بێبڕوایان) بۆ کڕنووش بردن بانگ دەکرێن، (داوایان لێ دەکرێ کڕنووش بۆ خوا بەرن)، بەڵام ناتوانن ﴿٤٢﴾ (لە حاڵێکدا) چاوەکانیان ترس و لەرز و زەبوونیی دایگرتوون و، (پێشتریش) ساغ بوون و، داوایان لێ دەکرا کڕنووش ببەن (بۆ خواو کڕنووشیان نەدەبرد) ﴿٤٣﴾ ئنجا لە من و لەو کەسە گەڕێ، کە ئەم فەرمایشتە بە درۆ دادەنێ، بێ ئەوەی پێ بزانن پەلکێشیان دەکەین (بەرەو سزا) ﴿٤٤﴾ هەروەها مۆڵەتیان دەدەم (چی دەیانەوێ بیکەن)، بەڕاستیی نەخشەو پلانی من پتەوە ﴿٤٥﴾ یان ئایا (ئەی موحەممەد! ﷺ هۆی بڕوا نەهێنیان ئەوەیە کە) داوای کرێیان لێ دەکەی و بەهۆی باجدانەوە بارگرانن! ﴿٤٦﴾ (یان ئایا بۆیە بڕواناهێنن) کە نادیار دەزانن، ئنجا (بۆ یەکدی) دەینووسن! ﴿٤٧﴾ ئنجا (مادام وایە) بۆ بڕیاری پەروەردگارت خۆڕاگر (و پشوو درێژ) بەو (لە پەلەکردن و کەم حەوسەڵەییدا)، وەك هاوەڵی نەهەنگەکە (یونوس) مەبە، کاتێك بە دڵپڕیی بانگی (خوای) کرد (و لێی پاڕایەوە) ﴿٤٨﴾ ئەگەر چاکەیەك لە پەروەردگاریەوە فریای نەکەوتبایە، بەسەرزەنشتکراویی فڕێ دەدرایە دەشت و سەحراوە ﴿٤٩﴾ کەچی (دوایی کە پەشێمانیی دەربڕی) پەروەردگاری هەڵیبژاردو لە (بەندە) چاکەکانی گێڕا ﴿٥٠﴾ هەروەها ئەوانەی بێبڕوابوون، نیزیکە کاتێك گوێبیستی زیکر دەبن، بە (نیگای پڕ کینەو ئیرەیی) چاوەکانیان بتخلیسکێنن و، دەڵێن: بێگومان ئەو شێتە ﴿٥١﴾ لە حاڵێکدا ئەو (قورئان)ە، تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ جیهانییان ﴿٥٢﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(تَدْرُسُونَ): (دَرَسْتُ العِلْمَ: تَناوَلْتُ أَثَرَهُ بِالْحِفْظِ، وَلَمَّا كَانَ تَناولُ ذَلِكَ بِمُدَاوَمَةِ القِرَاءةِ، عُبِّرَ عَنْ إدَامَةِ القِرَاءةِ بِالْدَّرْسِ)، (دَرَسْتُ العِلْمَ): شوێنەوارەکەیم بە لەبەرکردن وەرگرت، ئنجا لەبەر ئەوەی لەبەرکردنی شوێنەواری زانست، بەهۆی بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوە وە دەستگیرو دەستەبەر دەبێ، بۆیە بە بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوە گوتراوە: دەرس، کەواتە: (**تَدْرُسُون يَعْنِي: تَقْرَؤُنَ**) دەخوێننەوە.

(زَعِيمٌ): (**أي: المُتَكَفِّل، وَالرئِيْس**)، (**زعيم**): بە مانای ئۆباڵدار، کەسێك شتێك بە ئەستۆوە بگرێ و بیخاتە ئۆباڵی خۆی، هەروەها (**زعيم**) بە مانای سەرۆکیش دێ، لەبەر ئەوەی سەرپەرشتیی ئەوانەی سەرۆکیانە، وە ئەستۆی گرتوە.

(سَاقٍ): (**السَّاقُ مِنَ الحَيْوَانِ مَا بَيْنَ الرُّكْبَةِ وَالقَدَمِ، وَمِنَ الشَّجَرَةِ وَنَحْوِهَا مَا بَيْنَ أَصْلِهَا إلى مُتَشَعَّب فُرُوعِهَا**)، (**سَاق**): لە ژیاندارانـدا بە نێوان ئەژنۆ و پێ، دەگوترێ، [بەهەمووی: بە عەرەبیی دەگوترێ: (**رجل**)، بە کوردیی: لاق، بەڵام بە نێوان ئەژنۆ و پێ دەگوترێ: (**سَاق**) بە کوردیی پێی دەڵێن: لوولاك] بەڵام بە نسبەت درەخت و ئەوانەوە کە قەدیان هەیە، وەك دەغڵ و دان، (**سَاق**): بریتیە لە نێوان ڕەگ و ڕیشەکانی هەتا لق و پۆپ و گەڵا بڵاوەکانی، بە هەمووی دەگوترێ: (**سَاق**).

(تَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ): واتە: زەبوونیی دایاندەپۆشێ، دەگوترێ: (**رَهَقَ الشَيءَ رَهْقاً: غَشِيَهُ**)، واتە: ئەو شتەی داپۆشی، کەواتە: (**تَرْهَقُهُم ذِلَّةٌ**) زەبوونیی دایاندەپۆشێ، وەك چۆن پۆشاکێك بەسەر شتێك دادەدی، ئاوا زەبوونیی و مەینەتیی دایاندەپۆشێ.

(سَٰلِمُونَ): واتـە: سـاغ بـوون، (**سَـالِم: سَـلِمَ يَسْـلَمُ سَـلاَمَاً وَسَـلَامَةً: بَـرِيءَ، وَسَـلَم لَـهُ: خَلَـصَ، وَهُـوَ سَـالِم وَسَـلِيْم**)، (**سَـالِمُون**) كـۆی (**سَـالم**) دەگوتـرێ: (**سَـلِمَ يَسْـلَمُ سَلاَمَاً وَسَلَامَةً**) سـاغ بـوو، سـاغ دەبـێ، سـاغیی، واتـە: (**بَـرِئَ**) سـاغ بـوو، (**وَسَـلَم لَهُ: خَلَـصَ**) بـۆی سـاغ بـووەوە، (**وهـو سالم**) ئـەو سـاغە، (**سَـالِم وَسَـلِيْم**) هەردووكیـان بـە مانـای سـاغ، دێـن.

(وَأُمْلِي لَهُمْ): واتـە: ڕسـتیان بـۆ درێـژ دەكـەم، (**الإمْـلَاءُ: الإمْـدَادُ، أُمْـلِي لَهُـمْ أي: أُمْدِدْهُـم**)، مۆڵەتیـان دەدەم و ڕسـتیان بـۆ درێـژ دەكـەم و دەرفەتیـان دەدەم.

(كَيْدِي): (**الكَيْـدُ: ضَرْبٌ مِـنَ الإحْتِيَـالِ، وَقَـدْ يَكُـون مَمْدُوحـاً أو مَذْمُومَـاً**)، (**كيـد**): جۆرێكـە لـە فێـڵ، ئنجـا جاری وا هەیە پەسـند كـراوەو، جـاری وایە سەرزەنشـتكراوە، ستایشـكراو یاخـود سەرزەنشـتكراو دەبـێ، ئەگـەر بـۆ چاكـە بـێ، چاكـەو، ئەگـەر بـۆ خراپـە بـێ، خراپە.

(مَتِينٌ): (**الـمَتِيـْنُ: الـمَتْنَانُ مُكْتَنِفَا الصُّلْبِ، وَبِهِ شُبِّهَ الـمَتْنُ مِنَ الأرْض، مَتُـنَ أي: قَـوِيَ مَتْنُـهُ**)، (**مَتنـان**) بـە هـەردوولای پشـت دەگوترێـن، زەوییەكـی پتـەو بـەوەوە ناونـراوە، وەك پشـتی مـرۆڤ پتـەوە، (**مَـتُنَ أي، قَـوِيَ مَتْنُـهُ**) واتـە: پشـتی بەهێـزە، ئنجـا دوایـی وشـەی مەتینیـان بەكارهێنـاوە بـۆ بەهێزیـی بەڕەهایـی.

(مَّغْرَمٍ): (**مَغْـرَم: الغُـرْمُ: مـا يَنُـوبُ الإنْسَـان فِي مَالِـه مِـنْ ضَررٍ لِغَيْرِ جِنَايَـة مِنْـهُ أو خِيَانَـة**)، (**غُـرْم وغَرَامَـة**): بریتیـە لـەو ئەنـدازە زیانبارییـەی ڕوو لـە مـاڵ و سـامانی مـرۆڤ دەكات، بـێ ئـەوەی تاوانێكـی یاخـود ناپاكییەكـی كردبـێ و پێـی دەگوتـرێ: بـاج لـێ سـتێنران، (**غُـرِمَ غَرْمَـاً وَمَغْرَمَـاً، أُغْـرَمَ فُـلَان غَرَامَـة**)، هـەم بـە سـیانیی (**ثـلاثي**) هاتـوە، هـەم بـە چواریـی (**رباعـي**)، (**غُـرِمَ فُـلاَن**) واتـە: فڵانكـەس باجـی لـێ وەرگیـرا، (**أُغْـرِم فُـلَانٌ غَرَامَـة**) واتـە: فڵانكـەس غەڕامـە كـرا، یاخـود باجـی لێوەرگیـرا، بـەڵام ئـەوە لـە حاڵێـك دا كـە بـە ناهـەق بـێ، پێـی دەگوتـرێ: (**غُـرِم غَرْمـاً**).

(مُثْقَلُونَ): بارگـران کـراو، دەگوتـرێ: (**أَثْقَلـهُ الغُـرْمُ وَالـوِزْرُ، فَهُـوَ مُثْقَـلٌ**)، واتـە: گونـاح، یاخـود بـاج پشـت و شـانی گـران کـرد، (**فَهُـوَ مُثْقَـلٌ**)، ئـەو بارگرانـە، یـانی: ئەرکێکـی قورسـی خراوەتـە سـەر شـان.

(مَكْظُومٌ): (**الكَظَـمُ: مَخْـرَجُ النَفَـسِ**)، (**كَظَـم**): شـوێنی هەناسـە لـێ دەرچوونـە، (**وَالكُظُـوْم: احْتِبَـاسُ النَّفَـسِ، وَيُعَبَّـرُ بِهَـا عَـنِ السُّـكُوتِ**)، (**كظـوم**) بریتیـە لـەوەغ ئینسـان هەناسـەی خـۆی بگـرێ، بەکاریـش هێـنراوە بـۆ بێدەنگیـی، دەگوتـرێ: (**كَظَمَ فُـلَانٌ أي: حَبَـسَ نَفَسَـهُ**)، واتـە: هەناسـەی خـۆی گـرت، (**وَكَظْـمُ الغَيْـظِ: حَبْسُـهُ**)، پەسـتیی خۆگرتـن، کەسـێك کـە زۆر تـوورەو پەسـت دەبـێ، بـەڵام توورەییەکـەی دەرنابـڕێ و حەپسـی دەکات، پێـی دەگوتـرێ: (**كَظِيْـم أو مَكْظُـوم**)، (**كَظِيْـم**) لەسـەر کێشـی (**فعيـل**)ەو، (**مَكْظُـوم**) لەسـەر کێشـی (**مفعـول**)، (**مَكْظُـوم**) کەسـێکە ناچـار کرابـێ ڕقەکـەی خـۆی یاخـود هەناسـەکەی خـۆی حەپـس بـکات، بـەڵام (**كَظِيْـم**) لەسـەر کێشـی (**فعيـل**)ە، بـە مانـای (**فاعـل**) کەسـێکە توورەییەکـەی خـۆی قـوت دابێتـەوە، هەڵبەتـە (**كَظِيْـم**) صیغـەی موبالەغـەی (**كَاظِـم**)ە، کەسـێك نەفەسـی خۆی گرتبـێ، یـان توورەیـی خـۆی حەپـس بـکات و دەری نەبـڕێ.

(تَدَارَكَهُ)، لـە فریـای هاتبایـە، (**أَدْرَكَ: أي بَلَـغَ أقْـصَى الشَّـيءِ، وَأدْرَكَ الصَّبِـيُّ: بَلَـغَ غَايَـةَ الصِّبَـا**)، واتـە: (**أَدرك**) گەیشـتە ئەوپـەڕی ئـەو شـتە، دەگوتـرێ: (**أدْرَك الصَّبِـيُّ**) مێـرد منداڵەکـە گەیشـتە ئەوپـەڕی قۆناغـی منداڵیـی و هەرزەکاریـی، یانـی: باڵـغ بـووەو قۆناغـی منداڵیـی و هەرزەکاریـی تێپەڕانـدوە.

(بِالْعَرَاءِ): (**العَـرَاءُ: مَـكَانٌ لَا سُتَـرَةَ فِيْـهِ**)، (**عَـرَاء**): دەشـت و سـارا، شـوێنێکە هیـچ پۆشـاکێکی لـێ نەبـێ، لـە کوردییـدا دەڵێیـن: دەیخاتـە گـۆڕێ، یـان دەیخاتـە دەشـت و سـارا، کـە هیـچ پەنایەکـی نیـە خـۆی تێبگـرێ.

(مَذْمُومٌ): (**ذَمِيْـم: لَحِقَـهُ الـذَّمُّ وَهُـوَ ضِـدُّ المَـدْح**)، (**مذمـوم**) کەسـێك کـە سەرزەنشـتکران پێـوەی پەیوەسـت بـووە، یانـی: سەرزەنشـتکراو و ڕەخنـە لێگیـراو.

(فَٱجۡتَبَٰهُ): (أي اصْطَفَاهُ) هەڵیبژارد.

(لَيُزۡلِقُونَكَ): (زَلَـقَ: دَحَـضَ، وَزَلِقَـت رِجْلُـهُ، وَأَزْلَقَهَـا غَيْـرهُ)، (زَلَـق): بـە مانـای شـوێنی خلیسـك، (زَلِقَـت رِجْلُـهُ) پێـی خلیسـكا، (أَزْلَقَهَـا غَيْـرهُ) جگـە لـە خـۆی خلیسـكاندی (لَيُزْلِقُونَـكَ) خەریکـن بتخلیسـکێنن، بـە نیـگای چاوەکانیـان، ئەوەنـدە بـە توورەیـی و پەسـتیی سـەرنجت دەدەن.

مانای گشتیی ئایەتەکان

بەڕێـــــزان!

دوای ئـەوەی خـوا ﷻ لـە ئایەتەکانـی پێشـێدا، هـەم باسـی پێغەمبـەری خاتەمـی ﷺ کـرد، هـەم باسـی تۆمـەت و قسـەی پووچـی نەیارەکانـی کـردو، پێغەمبـەری کۆتایـی خـۆی بـە خاوەنـی ڕەوشـتی مـەزن پێناسـە کـردو، نەیارەکانـی بـە کۆمەڵێك سـیفەتی خـراپ، کـە سـەرجەم نـۆ سـیفەت بوون، پێناسـە کـردن، دوایی بەسـەرهاتی خاوەنانـی باخەکـەی گێڕایـەوە، ئنجـا لـە کۆتاییـدا دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ لِلۡمُتَّقِينَ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴾، بـە دڵنیایـی بـۆ پارێـزکاران لـە لای پەروەردگاریـان، باخـە پـڕ نـاز و نیعمەتـەکان هـەن، واتـە: ئەگـەر لادەران و لاڕێیـان و تاوانبـاران، سـزاو جەزرەبـەی خـوا چاوەڕێیـان دەکات، بـەڵام پارێـزکاران ئەوانـەی خۆیـان پاراسـتوە، لە هەر شـتێك کـە خـوا پێـی ناخۆشـە، هـەر لـە کوفـرو شـیرك و نیفاقـەوە بگـرە، تاکـو گوناهـو تاوانـە گـەورەکان، بەڵکـو گوناهـە گچکەکانیـش، کـە گوناهـە گـەورەکان دوو جـۆرن: یـان چواندنـی ئەرکەکانـن، یاخـود شـکاندنی قەدەغەکانـن، زۆر کـەس وادەزانـێ گوناهـی گـەورە، تەنیـا کوشـتن و زینـاو درۆ و بوختـان و غەیبـەت و ئەوانەیـە، بـەڵام گوناهـی گـەورە بـەر لـەوەی شـکاندنی قەدەغـەکان بـێ، چواندنـی ئەرکەکانـەو، لـە ڕاسـتییدا بەهـۆی چواندنـی ئەرکەکانـەوە، مـرۆڤ قەدەغەکانیـش دەشـکێنێ، وەك

خـوای پەنهانـزان دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ ﴿٤٥﴾﴾العنكبـوت، بێگومـان نوێـژ قەدەغـە دەكات لـە هەرچـی گوناحـی ناقـۆڵاو خراپـە، كەواتـە: ئەگـەر نوێژكـەر بـووی و ئەركـی نوێـژت نەچوانـد، قەدەغـەی خراپـەو مونكەریـش ناشـكێنی.

ئنجـا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ﴾، ئایـا ئێمـە ملكەچـان، وەك تاوانبـاران دادەنێیـن؟ واتـە: ناگونجـێ ئەوانـەی بـۆ خـوا ملكەچـن و بـە ڕێـی خـوادا دەڕۆن و، ئەوانـەی تاوانبـارو لادەرن، وەك یەكیـان مامەڵـە لەگـەڵ دا بكەیـن.

﴿مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ﴾، چیتانـە چـۆن دادوەریـی دەكـەن؟ لێـرەدا خـوا ﷻ بەڵگەیەكـی عەقڵیـی و زگماكیـی دەهێنێتـەوە، یـانی: هـەر بـە عەقـڵ و زگماكـی خۆتـان دەزانـن، كـە ناگونجـێ كەسێك كـە بـۆ خـوا ملكەچـەو، كەسێك كـە تاوانبارە، لـە یـەك تـەرازوودا دابنرێـن و، وەك یـەك مامەڵـە بكرێـن.

﴿أَمْ لَكُمْ كِتَٰبٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ﴾، ئنجـا كـە بەڵگـەی عەقڵییتـان نیـە، ئایـا بەڵگـەی نەقڵیـی و بەڵگـەی سرووشـتان هەیـە، یـان ئایـا كتێبێكتـان هەیـە كـە تێیـدا بخوێننـەوە؟.

چـی تێـدا بخوێننـەوە؟ ﴿إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ﴾، كـە هەرچـی ئێـوە هەڵیبژێـرن، بۆتـان هەبـێ، ئایـا كتێبێكـی واتـان لەبـەر دەسـتەو خـوا كتێبێكـی وای دابەزانـدوە؟ ﴿أَمْ لَكُمْ أَيْمَٰنٌ عَلَيْنَا بَٰلِغَةٌ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّ لَكُمْ لَمَا تَحْكُمُونَ﴾، یـان ئایـا ئێـوە سـوێندانێكتان[1] لەسـەرمان هـەن، كـە ئـەو سـوێندانە هەتـا ڕۆژی قیامەتـێ دەوام بكـەن، كـە هەرچـی ئێـوە بڕیـار بـدەن، بۆتـان هەبـێ، ئایـا سـوێندێكی وامـان بـۆ خـواردوون و بەڵێنێكـی وامـان پێـداون؟

---

(١) سوێندان: كۆی سوێندەو مانای (أَیمان) كۆی (یمین)ە،

﴿ سَلْهُمْ أَيُّهُم بِذَٰلِكَ زَعِيمٌ ﴾، لێیـان بپرسـە، کامیـان ئۆباڵـدارو کەفیلـی ئەوەیـە، کـە ئێمـە بەڵێنێکـی وامـان پێدابـن؟ واتـە: ئەمـە جۆرێکـە لـە توانـج تێگرتـن و گاڵتـە پێکـردن، کێیـان دەتوانـێ بڵـێ: مـن ئۆباڵـدارو کەفیلـی ئـەوەم کـە خـوا بەڵێنێکـی وای بـە ئێمـە داوە؟!.

﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ فَلْيَأْتُوا بِشُرَكَائِهِمْ إِن كَانُوا صَادِقِينَ ﴾، یـان ئایـا هاوبەشـیان هـەن، (بـۆ خـوا دایاننـاون)، یـان: ئایـا هاوبەشـیان هـەن لـەو بیرۆکـەو بیـرو ڕایانـەدا، کەسـیان هەیـە بەشـدار بـێ لەگەڵیـان، ئەگـەر لـە ڕاسـتانن بـا هاوبەشـەکانیان بێنـن، هاوبەشـەکانیان واتـە: ئەوانـەی کردوویانـن بـە هاوبـەش بـۆ خـوا لـە بەندایەتیـی بـۆ کردنـدا، یاخـود هاوبەشـەکانیان کـە هـاوڕاو هاوبەشـن لـەو بیـرو بۆچوونـە نەفامانـەو نەزانانـەدا.

﴿يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ وَيُدْعَوْنَ إِلَى السُّجُودِ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ ﴾، یەکسـەر خـوا ﷻ لـە دنیـاوە دەیانبـات بـۆ قیامـەت، کـە ئێـوە ڕۆژێکـی ئـاوا چاوەڕێتانـەو واز لـەو خۆهەڵخەڵەتاندنـە بێنـن، ئـەو شـتەی ئێـوە دەیڵێـن، پێچەوانـەی عەقـڵ و زگـماك و وەحیـی خوایـەو، هیـچ بەڵگەیەکتـان بەدەسـتەوە نیـە، کەواتـە: خۆتـان هەڵگـرن بـۆ ئـەو ڕۆژە، ئـەو ڕۆژەی لاق هەڵدەکـرێ و وەدەردەخـرێ و، بانـگ دەکرێـن بـۆ کڕنـووش بـردن، بـەڵام ناتوانـن، ﴿يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ ﴾، ئەمـە تەعبیرێکـە عـەرەب بەکاریـان هێنـاوە بـۆ کاتـی سـەختیی و ناڕەحەتیـی، چونکـە عـادەت وایـە کەسـێك کـە دەکەوێتـە نێـو ناڕەحەتیـی، خـۆی هەڵـدەکاو خـۆی گـورج و گـۆڵ دەکات، بـۆ ئـەوەی لـە کاتـی ڕاکـردن، یـان لـە کاتـی پەلاماردانـدا، پۆشـاکەکەی لەبـەر لاقـی نەئاڵقـێ، یـان لـە کاتـی پەڕینـەوە بـە نێـو ئاوێکـدا، لاقـی هەڵکـردوە بـۆ ئـەوەی پۆسـاکی تـەڕ نەبـێ، گرنـگ ئەوەیـە لاق دەرخسـتن، تەعبیرێـك بـووە بـۆ سـەختیی و ناڕەحەتیـی، بۆیـە هیـچ پەیوەندیـی بـەوەوە نیـە کـە (**سَـاقٍ**) یەکێك بـێ لـە سیفەتەکانی خـوا، وەك هەندێـك لەوانـە گوتوویانـە، کـە زێدەڕۆیـی دەکـەن لـە چەسـپاندنی ئـەو سیفەتانەدا کـە پێیـان دەڵێـن: (**الصفـات الخبريـة**) وەك

(**عین، وجە، ید**) ئەوانە زێدەڕۆیی دەکەن و تێدەپەڕێنن، چونکە جاری وایە خوا ﷻ تەعبیرێکی بەکارهێناوە، مەبەستی پێ سیفەتێکی خۆی نەبووە، بۆ وێنە: ﴿ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا ﴾ **الطور ٤٨**، مەبەستی ئەوە نیە کە خوا چەندان چاوی هەن! هەروەها لە شوێنێکی دیکە دەفەرموێ: ﴿ وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِيٓ ﴿٣٩﴾ ﴾ **طه**، لێرەدا بە تاك دەیهێنێ، لەوی دیکەدا بە کۆ دەیهێنێ، کەواتە: مەبەست پێی چاودێرییکردن و ئاگا لێ بوونە، یان کە دەفەرموێ: ﴿ يَدُ ٱللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ ﴾ **الفتح: ١٠**، لێرەدا خوا ﷻ وشەی (**ید**) بە تاك هێناوە، هەروەها بە دووانیشی هێناوە: ﴿ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ ﴾ **ص: ٧٥**، دیسان بە کۆشی هێناوە: ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا خَلَقْنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَآ أَنْعَـٰمًا فَهُمْ لَهَا مَـٰلِكُونَ ﴿٧١﴾ ﴾ **یس ٧١**، ئنجا ئایا دەگونجێ بگوترێ: خوا دەستێکی هەیەو، دووان و، کۆمەڵێك دەستی هەن؟ هەموو ئەو تەعبیرانە مەبەست پێیان ئەوەیە: چاکەی خوا بەسەر ئەوانەوە هەیە، ئەو تەعبیرانەش لە زمانی عەرەبییدا هاتوون، وەك: (**لفلانٍ یدٌ عليَّ**)، فلانکەس چاکەیەکی بەسەر منەوە هەیە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ ﴾ **ص: ٧٥**، واتە: ئادەمم بە گرنگیی پێدانەوە خوڵقاندوە، یەکێك بە یەکێکی دیکە دەڵێ: بەدەستی خۆم ئەوەم کرد، کە مەرج نیە بە دەستی خۆی بووبێ، یانی: بە گرنگیی پێدانەوە.

﴿ يُدْعَوْنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ وَهُمْ سَـٰلِمُونَ ﴾، بانگ دەکرێن بۆ کڕنووش بردن، وەك سەرزەنشتکردن و تەریق کردنەوەو شەرمەزارکردن، دەگوترێ: کڕنووش بۆ خوا بەرن، بەڵام ناتوانن.

﴿ خَـٰشِعَةً أَبْصَـٰرُهُمْ تَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ ۖ وَقَدْ كَانُوا۟ يُدْعَوْنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ وَهُمْ سَـٰلِمُونَ ﴾، چاوەکانیان ترس و لەرز دایگرتوون و زەبوونیی دایپۆشیون، کاتێ خۆیشی ساغ بوون و بانگ دەکران بۆ کڕنووش بردن، واتە: لە ژیانی دنیادا، لەو کاتەدا ساغ بوون و دەیانتوانی کڕنووش بەرن، کەچی بانگ دەکران و کڕنووشیان نەدەبرد، ئێستاش کە داوایان لێ دەکرێ بۆ زیاتر شەرمەزارکردن، ناتوانن.

﴿ فَذَرْنِي وَمَن يُكَذِّبُ بِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ ۖ سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، لـە مـن و لـەو کەسـە گـەڕێ کـە ئـەم فەرمایشـتە بـە درۆ دادەنـێ، (بـۆ منـی لـێ بگـەڕێ)، بـێ ئـەوەی بـە خۆیـان بزانـن پەلکێشـیان دەکەیـن واتـە: پلـە پلـەو وردە وردە، واوەیـان دێنیـن بـەرەو سـزا.

﴿ وَأُمْلِي لَهُمْ ۚ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ ﴾، هەروەهـا مۆڵـەت و بواریـان دەدەم، بێگومـان نەخشـەو پلانـی مـن زۆر بەهێـزو پتـەوە، بـە دڵنیایـی خـوا ﷻ ئـەم گەردوونـە و ژیانـی مـرۆڤ لـە نێویـدا، هەمـووی بـە سیسـتم و یاسـا دانـاوە.

﴿ أَمْ تَسْأَلُهُمْ أَجْرًا فَهُم مِّن مَّغْرَمٍ مُّثْقَلُونَ ﴾، یـان ئایـا بۆیـە بـڕوا ناهێنـن، چونکـە کـرێ و پاداشـتێکیان لـێ داوا دەکـەی و، ئـەوان بەهـۆی ئـەو باجـەوە کـە لێیـان داوا دەکـەی و، بەهـۆی ئـەو زیانـەوە کـە لێیـان دەکـەوێ، بەهـۆی ئـەو ماڵـەوەی بەناهـەق لێیـان داوا دەکـەی، بارگرانـن {(**مُثْقَـل**) یانـی: بـاری شـان گرانکـراو}، بۆیـە بـڕوا ناهێنـن؟

﴿ أَمْ عِندَهُمُ ٱلْغَيْبُ فَهُمْ يَكْتُبُونَ ﴾، یـان {بۆیـە بـڕوا ناهێنـن} چونکـە نادیـارو پەنهانیـان لەلایـە، دەینووسـن، واتـە: ئایـا دەزانـن لـە قیامەتـێ بەهەشـت بـۆ ئـەوان هەیـە، وەك چـۆن بـۆ ملکەچـان بـۆ خـواو بـڕواداران هەیـە؟ نەخێـر هیـچ کام لـەو دوو ئەگـەرەش نیـە، هیـچ کام لـەم دوو پەرچەشـیان لـە ڕێ دا نیـن.

﴿ فَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلْحُوتِ إِذْ نَادَىٰ وَهُوَ مَكْظُومٌ ﴾، ئنجـا کـە حـاڵ ئاوایـە (ئـەی موحەممـەد ﷺ!) بـۆ بڕیـارو فەرمانـی پـەروەردگارت خۆڕاگربـەو وەك هاوەڵـی نەهەنگەکـە مەبـە، کاتێـك بـە پەسـتیی و بێزارییـەوە {لـە خەڵکەکـەی} - لـە خـوا - پاڕایـەوە، مەبەسـت پێـی یونوسـە سـەلامی خـوای لەسـەر بـێ، کـە بەسـەرهاتەکەی: لـە سـوورەتی یونوسـداو، لـە سـوورەتی (**الأنبيـاء**)داو، لـە سـوورەتی (**الصافات**)یـش دا، هاتـووەو، لـە چەنـد شـوێنێکی دیکـەش لـە قورئانـدا نـاوی هاتـووە، ئێمـە لـە تەفسـیری سـوورەتی یونوسـدا هەمـوو ئـەو ئایەتانـەی لـە

بارەی یونوسەوە صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێ، هاتوون، هێناومانن، کورتە باسێکمان لە بارەیەوە لە تەفسیری سوورەتی (یونس)دا، کردوە، خوای میهرەبان بە ۆێغەمبەری کۆتایی دەفەرمووێ: تۆ وەك هاوەڵی نەهەنگەکە مەبە، لە کاتێکدا بە تووڕەیی و پشوو سواریی و پەستیی بانگی کرد، واتە: بانگی خوای پەروەردگاری کرد لە نێو زاری نەهەنگەکەدا.

﴿لَّوْلَآ أَن تَدَٰرَكَهُۥ نِعْمَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ لَنُبِذَ بِٱلْعَرَآءِ وَهُوَ مَذْمُومٌ﴾، ئەگەر چاکەیەك لە پەروەردگاریەوە لە فریای نەهاتبایەو نەیگەشتبایە، فڕێ دەدرایە دەشتەوە لە حاڵێکدا کە سەرزەنشتکراوە، واتە: نەهەنگەکە دەری دەهاویشت و ئەو کاتەش گلەیی و سەرزەنشتی دەهاتە سەر.

﴿فَٱجْتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَجَعَلَهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾، بەڵام پەروەردگاری هەڵیبژاردو، لە چاکەکانی گێڕا، بەهۆی ئەوەوە کە خوای بە پاکگرت و خەتای لە ملی خۆی کرد، وەك لە سوورەتی (**الأنبیاء**)دا دەفەرمووێ: ﴿وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَىٰ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّى كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾﴾، بەو شێوەیە خوای بە پاکگرت و گوتی: بێجگە لە تۆ هیچ پەرستراوێك نیە، پاکیی بۆ تۆ من لە ستەمکاران بووم، (کە پەلەم کردو خەڵکی نەینەوام بەجێ هێشت، بێ ئەوەی مۆڵەت لە تۆ وەربگرم ئەی خوای پەروەردگار!)، یونوس ئیجتیهادێکی کردوە لە بەرانبەر دەقێکدا کە خوا فەرموویەتی: خەڵکی نەینەوا بانگەواز بکە، بەڵام کە خەڵکەکە بە دەنگیەوە نەهاتوون، یاخود ئازاریان داوەو نارەحەتیان کردوە، تووڕە بووەو بەجێیهێشتوون، بێ ئەوەی مۆڵەت لە خوای پەروەردگار وەربگرێ، لەسەر ئەوەش خوا ﷻ لە سکی نەهەنگدا زیندانیی کرد، هەتا لەوێدا پەشێمان بووەوەو، پاکیی بۆ خوا دەربڕی و، دانی بەهەڵەو ستەمی خۆی داهێنا، ئنجا خوا ﷻ دەربازی کرد، دوایی پەروەردگاری هەڵیبژاردو گێڕاشی لە چاکان واتە: لە پێغەمبەران صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ، چاکیی پێغەمبەران صەڵات و سەلامی

خوایان لەسەر بێ لە لووتکە دابووە، هیچکەس وەك پێغەمبەران پاك و چاك بۆ خوا صوڵحاو نەبووە.

﴿ وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَٰرِهِمْ لَمَّا سَمِعُواْ ٱلذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجْنُونٌ ﴾، نیزیکە ئەوانەی بێبڕوابوون بە چاوەکانیان بتخلیسکێنن، واتە: هێندە بە تووڕەیی و پەستیی تەماشات دەکەن، خەریکن بە دیدەی چاوەکانیان بتخلیسکێنن، یاخود بتفەوتێنن، یاخود خەریکن چاوێنییت بکەن واتە: چاوت لێ بدەن، وەك دوایی باسی دەکەین، لە کاتێکدا گوێبیستی زیکر دەبن، گوێبیستی قوڕئان دەبن، لەو کاتەدا زیاتر ڕقیان لە تۆ هەڵدەستێ و بە چاوی پڕ ڕق و کین تەماشات دەکەن، یاخود دەیانەوێ چاوت لێ بدەن، وەك کوردەواریی خۆماندا دەڵێن: بەچاوەوە بوو، یان چاو لێیدا، یان چاو و زار لێیدا، سەربارەش دەڵێن: بە دڵنیایی ئەو شێتە.

﴿ وَمَا هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴾، لە حاڵێکدا (کە ئەم قوڕئانە) تەنیا بیرخەرەوەیە، ناوبانگ و شەڕەف و پێگەی بەرزە بۆ تێکڕای جیهانییان، هەر کەسێك لە جیهانییان دەست بەم قوڕئانەوە بگرێ و لێی تێبگات و تێیدا پێ بگات، پێی بەرز دەبێتەوەو، پێی هۆشیار دەبێتەوەو، قوڕئان پەندو ئامۆژگارییە بۆ تێکڕای جیهانییان.

مەسەلە گرنگەكان

مەسەلەی یەكەم:

پارێـزكاران جێگایـان بەهەشـتی پـڕ نـازو نیعمەتـەو، یەكسـانكردنی مسـوڵمانان و تاوانبـاران، دژی عەقـڵ و زگـماك و وەحییـە، بێبڕوایـان مەگـەر بیرۆكـە ئەفسـانەییەكانیان، ئەگەرنـا هیـچ بنەمایەكیـان نیـە بـۆ ئـەو لاف لـێ دانانەیـان و بیرۆكـەی ئەفسـانەییش نابێتـە بنەمـا بـۆ هیـچ شـتێك:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٣٤﴾ أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٣٥﴾ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿٣٦﴾ أَمْ لَكُمْ كِتَٰبٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ ﴿٣٧﴾ إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ ﴿٣٨﴾ أَمْ لَكُمْ أَيْمَٰنٌ عَلَيْنَا بَٰلِغَةٌ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّ لَكُمْ لَمَا تَحْكُمُونَ ﴿٣٩﴾ سَلْهُمْ أَيُّهُم بِذَٰلِكَ زَعِيمٌ ﴿٤٠﴾ أَمْ لَهُمْ شُرَكَآءُ فَلْيَأْتُوا۟ بِشُرَكَآئِهِمْ إِن كَانُوا۟ صَٰدِقِينَ ﴿٤١﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴾، بە دڵنیایی بۆ پارێزكاران لە لای پەروەردگاریان باخە پڕ نازو نیعمەتەكان هەن، (**جَنَّات**) كۆی (**جنَّة**)یەو بە مانای باخ و بێستان دێ، ئنجا باخ كە بە عەرەبیی (**بُستان**)ی پێ دەڵێن، بریتیە لەوەی درەختی میوەی تێدابێ، سەوزایی و تەڕەكاری تێدابێ، دانەوێڵەی تێدابێ، گوڵ و گوڵزاری تێدابێ، ئەوانەی هەموویان تێدابن.

لێـرەدا كـە دەفەرمـوێ: (**جَنَّـاتِ النَّعِيْـم**)، (**جَنَّـاتِ**): پاڵـدراو (**مُضَـاف**)ە، (**نَعِيْـم**) پـاڵ بـۆ لادراو (**مُضَـاف إليْـهِ**)ە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنـێ كـە بەهەشـتەكان بـە نـازو نیعمەتەكانـەوە نـاسراون، واتـە: لـەو باخانـەدا تەنیـا نـازو نیعمـەت هەیـە بـۆ كەسـانێك، ئـەو باخانـە دەبنـە موڵكیـان.

٢)- ﴿ أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ﴾، {لەم ئایەتانەدا خوا ﷻ حەوت بیرۆکەی پووچی بێبڕوایەکان دەخاتە ڕوو، ئەمە یەکێکیانە}، ئایا بۆ خوا ملکەچان وەك تاوانباران لێ دەکەین؟ ئەم پرسیارکردنە پرسیار کردنی سەرزەنشتکردن و بەهەڵە دانان و نکووڵیلێکردن (الإِسْتِفْهَام: للتَوْبِيْخ وَالتَّخْطِئَة والإنكار)، واتە: ناگونجێ بۆ خوا ملکەچان، وەك تاوانبارێك کە لە خوا یاخیین، مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ و ناگونجێ بیانخەینە تەرازوویەکەوەو پێکیان هەڵسەنگێنین، (أَيْنَ الثُّرَيَّاء مِنَ الثَّرَى) ئەستێرە لە کوێ و خۆڵ لە کوێ؟ وەك کوردەواریی دەڵێن: نێوانیان ئاسمان و ڕێسمانە، (ئاسمان: سەرێ، ڕێسمان: زەوی).

٣)- ﴿ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴾[1]، چیتان لێهاتوە، چۆن بڕیار دەدەن؟ واتە: ئایا ئێوە عەقڵ و هۆشتان لە لای خۆتان ماوە؟ ئایا عەقڵ و هۆشتان تێکنەچووە؟ چیتانە کە بەم شێوە بڕیار دەدەن! چونکە کافرەکانی مەککە کاتێك تەماشای مسوڵمانانیان دەکرد، ڕەش و ڕووت و کۆیلەو بێ دەسەڵاتن، دەیانگوت: ئایا ئەوانە دەچنە بەهەشتێ و ئێمە دەچینە دۆزەخ؟ ئەگەر ئەوان بچنە بەهەشتێ، ئێمە لە پێش واندا دەچین، ئنجا خوا ﷻ بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەکەی ئەوان دەفەرموێ: ﴿ أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ﴾، ئایا ئەو بۆ خوا ملکەچانە، با ڕەش و ڕووت و سادەش بن، وەك ئەو تاوانبارانە تەماشا دەکەین، با دەوڵەمەند و دەسەڵاتداریش بن؟ بۆچی پێتان وایە تەرازوو و پێوەری لای خوا، وەك هی ئێوەیە، کێ دەوڵەمەند بێ، لە لای خوا خۆشەویستتر بێ و کێ دەسەڵاتدارتر بێ، لە لای خوا خۆشەویستتر بێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوڵەمەندییەکەی و دەسەڵاتەکەی بە زوڵم و ستەم و خۆسەپاندن و قۆرخکاریی و گەندەڵیی پەیدا کردوە؟ بۆیە دەفەرموێ: ﴿ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴾، چ شتێکتان بۆ پەیدابووە، چۆن دادوەریی دەکەن، هەر لەبەر ئەوەی لە دنیادا ساماندارترن و بەدەسەڵاترن، لەگەڵ ئەوەشدا کڕنووش بۆ خوا نابەن و ڕوو لە خوا ناکەن و، لەگەڵ ئەوەشدا پابەند نین بە شەریعەتی خواوە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕواتان بە دیداری خوا نیەو، بڕواتان بە پێغەمبەری خوا و پەیامی خوا نیە، پێتان

---

(١) مَا لَكُمْ: أَيُّ شَيءٍ حَصَلَ لَكُمْ، چیتان بۆ پەیدا بووە؟

وایە لەگەڵ ئەو مسوڵمانانەدا یەکسانتان دەکەین؟ ﴿كَيْفَ تَحْكُمُونَ﴾، (**إسْتِفْهَامٌ إنْكَاريٌّ لِحَالَة حكمه، وَهُوَ إسْتِفْهَام إنْكَاريٌّ ثَانٍ**)، ئەمە پرسیارکردنێکی نکووڵیلێکرانەو ڕەخنە لێگرانەیە بۆ چۆنیەتیی دادوەریی کردنەکەیان، کە ئەمە دووەمین پرسیارلێکردنی نکووڵیلێکەرانە.

٤)- ﴿أَمْ لَكُمْ كِتَابٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ﴾، یان ئایا ئێوە کتێبێکتان هەیە، نووسراوێکتان هەیە، تێیدا دەخوێننەوە، واتە: ئەگەر لە ڕووی عەقڵییەوە بەڵگەیەکتان بەدەست نیە، ئایا لە ڕووی نەقڵییەوە بەڵگەیەکتان بەدەستەوە هەیە، ئایا کتێبێکی خواتان لەبەر دەستدا هەیە، خوا شتێکی وای فەرمووبێ، کە چاك و خراپ، تاوانبارو فەرمانبەردار بۆ خوا، وەك یەك بن؟ (**تَدْرُسُون: الدَرْسُ تَناوُلُ أثَرِ العِلْم**)، (**درس**) بریتیە لەوەی شوێنەواری زانست و زانیاریی وەربگیرێ و، چونکە ئەگەر کەسێك بیەوێ شوێنەواری زانیاریی وەربگرێ و لەبەری بکات، دەبێ بیخوێنێتەوە، بۆیە لەوەوە وشەی (**تَدْرُسُون**) بە مانای (**تَقْرَؤُون**) خوێندن و لێکۆڵینەوەیەو، ئێستاش هەر بەکاردەهێنرێ، (**يَدْرُسُ**) واتە: دەخوێنێتەوەو لێی دەکۆڵێتەوەو لێی ورد دەبێتەوە، ئنجا ئەوەی پێشێ سەرزەنشتکردن و نکووڵییلێکردن لە قسەکانیان بوو، ئنجا دەگوازێتەوە بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەوەی درۆ دەکەن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿أَمْ لَكُمْ كِتَابٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ﴾ ئایا نووسراوێکتا هەیە کە تێیدا دەخوێننەوە؟.

٥)- ﴿إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ﴾، کە بۆ ئێوە لەو کتێبەدا هەیە، هەرچی هەڵیبژێرن؟ ئایا کتێبێکی واتان هەیە، کە هەرچی ئێوە بتانەوێ و، دڵ پەسندی ئێوە بێ، لەوێدا هەبێ؟ (**هَذِهِ الجُمْلَة فـي مَوْضِع مَفْعُول تَدْرُسون، أي: تَدْرُسُونَ هَذِهِ العِبَارَة**) ئەم ڕستەیە: ﴿إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ﴾ دەبێتە بەرکار بۆ (**تَدْرُسُون**) واتە: تێیدا دەخوێننەوە کە ئێوە هەرچی هەڵیبژێرن، بۆ ئێوە هەیە لەو کتێبەدا؟ کە بە دڵنیایی ئەمەش هەر بیرۆکەیەکی دیکەی ئەفسانەیی ئەوان بووە.

٦)- ﴿ أَمْ لَكُمْ أَيْمَٰنٌ عَلَيْنَا بَٰلِغَةٌ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ۙ إِنَّ لَكُمْ لَمَا تَحْكُمُونَ ﴾، یان ئایا ئێوه سوێندانێکتان لەسەر ئێمە هەن، {سوێندمان بۆ خواردوون و بەڵێنمان پێداون}، هەتا ڕۆژی قیامەت، کە هەرچی بڕیار بدەن، بۆتان هەبێ؟ واتە: شتی وانیە.

ئـەو دوو (إِنَّ)یـە، ئـەوەی پێشـێ دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ ﴾ ئـەوەی دووەم دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ لَكُمْ لَمَا تَحْكُمُونَ ﴾ هەقـی خۆیـان بـوو (أَنَّ) بـن و بگوتـرێ: (**أَنَّ لَكُـمْ فِيـهِ لَـمَا تَخَـيَّرُونَ**)، و (**أَنَّ لَكُـمْ لَـمَا تَحْكُمُـونَ**) بـەڵام بەهـۆی ئـەوەوە کـە (ل) هەیـە: (**لَـمَا تَخَـيَّرُونَ**) ئـەوی دیکـە (**لَـمَا تَحْكُمُـونَ**) لەبـەر ئـەوە فەتحـەی هەمزەکـە کـراوە بـە ژێـر، چونکـە ئـەو (ل) تایبەتـە بـە (**إِنَّ**)وە، بۆیـە سـەر (**فتحـة**)ی هەمزەکـە کـراوە بـە ژێـر (**كَسْرة**).

٧)- ﴿ سَلْهُمْ أَيُّهُم بِذَٰلِكَ زَعِيمٌ ﴾، لێیان بپرسە کامیان ئۆباڵداری ئەوەیە، واتە: کامیان کەفیلی ئەوەیە ئێمە سوێندێکی ئاوامان بۆ خواردوون، بەڵێنێکی ئاوامان پێداون، ئەمە جۆرێکە لە گاڵتە پێکردنیان، یاخود (**زَعِيمٌ**) یانی: سەرپەرشتیاری ئەوە کە بەڵێنی وایان پێدرابێ و سوێندێکی وایان بۆ خورابێ، واتە: وتەبێژ بە ناوی ئەو خەڵکەوە، کێیان وتەبێژە، یان کێیان سەرپەرشتیارە، یاخود کێیان ئۆباڵدارە، لێیان بپرسە؟

٨)- ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَآءُ فَلْيَأْتُوا۟ بِشُرَكَآئِهِمْ إِن كَانُوا۟ صَٰدِقِينَ ﴾، یان ئایا هاوبەشانێکیان هەن (بۆ خوا لە پەرستراێی دا)، دەبا هاوبەشەکانیان بێنن ئەگەر لە ڕاستانن، ئەمە دوو واتای هەن:

أ- ئایا پەرستراوانێکیان هەن، کە دەیانکەنە هاوبەش بۆ خوای بەرز؟.

ب- ئایا هاوبەشانێکیان هەن، کە لەو جۆرە بیروبۆچوونانەدا کەسانێك هاوڕایان بن و بەشداریان بن لەو جۆرە بیرکردنەوەیەدا؟ دەبا هاوبەشەکانیان بێنن، ئەگەر لە ڕاستانن.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ أَمْ لَكُمْ أَيْمَٰنٌ عَلَيْنَا بَٰلِغَةٌ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ۙ إِنَّ لَكُمْ لَمَا تَحْكُمُونَ ﴾ (**بَالِغَـةٌ أي: مُتَنَاهِيَـةُ التَّوْكِيْـد**) واتـە: پێـی گەیبێتـە ئەوپـەڕی جەخـت لەسـەر کرانـەوە،

(**أَيْـمَان**) کـۆی (**يَـمِيْن**)ە، بـەڵام مەبەسـت پێـی بەڵێـن و پەیمانـە، واتـە: بەڵێـن و پەیمانێـك بـە سـوێند جەختـی لەسـەر کرابێتـەوە (**عُهُـوْد مُؤَكَّـدَةٌ بِالأيْمَـان**) یـانی: بەڵێـن و پەیمانانێکـمان پێدابـن کـە بـە سـوێندان جەختیـان لەسـەر کرابێتـەوە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿بَٰلِغَةٌ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾، واتـە: ئـەو بەڵێـن و پەیمانانـەی پێیانـدراون، تاکـو ڕۆژی قیامـەت، واتـە: تاکـو کۆتایـی بـڕ بـکات، ئایـا بەڵێنـی وامـان پێـداون؟ بـە دڵنیایـی نەخێـر، وەك گوتمـان: ئەمـە هەمـووی جۆرێکـە لـە گاڵتـە پێکـردن، واتـە: ئایـا ئێمـە بەڵێـن و پەیمانێکـی وامـان پێـداون، کـە سـوێندمان بـۆ خواردبـن، ئـەو بەڵێـن و پەیمانـە بـۆ ئێمـە پابەندکـەر بـێ، هەتـا ڕۆژی دوایـی؟ نەخێـر ئـەو بیرۆکانـەی ئـەوان هەموویـان ئەفسـانەیین و هیچیـان وانیـن.

لێرەدا خوا ﷻ چوار ئەگەری پووچی ئەو بیبڕوایانەی هێناون:

یەکەم: هەبوونی بەڵگەی عەقڵیی، وەك دەفەرموێ: ﴿مَا لَكُمۡ كَيۡفَ تَحۡكُمُونَ﴾، چیتانە چۆن بڕیار دەدەن، واتە: هۆش و عەقڵتان لە کوێیە؟

دووەم: نەبوونی بەڵگەی نەقڵیی، وەك دەفەرموێ: ﴿أَمۡ لَكُمۡ كِتَٰبٌ فِيهِ تَدۡرُسُونَ﴾، ئایا کتێب و نووسراوێکتان هەیە تێیدا بخوێننەوە؟ ئەوەشیان نیە.

سێیەم: ئەوە کە لەلایەن خواوە بەڵێنیان پێدرابێ: ﴿أَمۡ لَكُمۡ أَيۡمَٰنٌ عَلَيۡنَا بَٰلِغَةٌ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ إِنَّ لَكُمۡ لَمَا تَحۡكُمُونَ﴾، ئایا بەڵێنتان پێدراوە، بەڵێنێکی وا کە بە سوێندان جەختی لەسەر کرابێتەوە، بەردەوام بێ تاکو کۆتایی؟ زۆر جاران: ﴿إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾، تەعبیری پێ دەکرێ بۆ کۆتایی شتێك، نەخێر بەڵێنی ئاوایان پێ نەدراوە بە زارەکیی، واتە: نە بەڵگەی عەقڵییان هەیە، نە بەڵگەی نووسینیان هەیە، نە بەڵگەی زارەکیی، کە پەیمان و بەڵێنێکی وایان پێدرابێ.

چوارەم: ﴿أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَآءُ﴾، ئایا هاوبەشیان هەن، هاوبەش لەو بیرو ڕایانەدا، یاخود هاوبەشێکانێك کە کردوویانن بە هاوبەشی خوا لە پەرستران دا؟.

پیتـی (ف) کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَلْيَأْتُوا۟ بِشُرَكَآئِهِمْ ﴾ (ف: فَصِيْحَـة لأنَّهَـا أفْصَحَـت عَـنِ شَرْطٍ مُقَـدَّرٍ، أي: إنْ كَانَ ذَلِـكَ كَذَلِـكَ، فَلْيَأتُـوْا بشُرَكَائِهِـم) (ف) (**فصيحـة**) یـە چونکـەم مەرجێکـی مەزەننەکـراو دەگەیەنـێ، یانـی: ئەگـەر ئـەوە بـەو شـێوەیە، دەبـا هاوبەشـەکانیان بێنـن.

خاوەنی کتێبی: (**إعراب القرآن الكريم**)، (**محي الدين درويش**)[1] دەڵێ:

(**سَبْعَة اسْـتِفْهَامَات وَقـد خَرَجَـت عَـنْ مَعْنَاهَـا الأصْـلِي إلى الإنـكَار وَالتَّوْبِيْـخ والتَّقْرِيْـع عَـلى مَـا أرْجَفُـوا بِـه مِـنْ زَعْمِهِـم: أنَّ اللـه فَضَّلنَـا عَلَيْكُـمْ فِي الدنيـا، فَـلَا بُـدَّ مِـن أنْ يُفَضِّلنَـا عَلَيْكُـم فِي الآخِـرَة، أو عَـلَى الأقَـل إنْ لَـمْ يَحْصُـل التَّفْضِيـل، فَـلَا أقَـلَّ مِـن المُسَـاوَاة: الإسـتْفِهَام الأول:** ﴿ أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ﴾، **الإسـتْفِهَام الثاني:** ﴿ مَا لَكُمْ ﴾، **الإسـتْفِهَام الثالـث:** ﴿ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴾، **الإسـتْفِهَام الرابـع:** ﴿ أَمْ لَكُمْ كِتَـٰبٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ ﴾، **الإسـتْفِهَام الخامـس:** ﴿ أَمْ لَكُمْ أَيْمَـٰنٌ عَلَيْنَا بَـٰلِغَةٌ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۙ إِنَّ لَكُمْ لَمَا تَحْكُمُونَ ﴾، **الإسـتْفِهَام السـادس:** ﴿ سَلْهُمْ أَيُّهُم بِذَٰلِكَ زَعِيمٌ ﴾، **الإسـتْفِهَام السـابع:** ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَآءُ فَلْيَأْتُوا۟ بِشُرَكَآئِهِمْ إِن كَانُوا۟ صَـٰدِقِينَ ﴾).

لێـرەدا خـوا ﷻ حـەوت پرسـیاری کـردوون کـە لـە مانـای ئەسـڵیی خۆیـان براونـەدەر، (تـۆ کـە پرسـیار دەکـەی، چاوەڕێـی وەڵام دەکـەی، بـەڵام لێـرەدا ئـەو حـەوت پرسـیارە، هیچیـان مەبەسـت پێیـان ئـەوە نیـە چاوەڕێـی وەڵام بـێ، بەڵکـو هەموویـان) مەبەسـت پێیـان: نکووڵیلێکـردن و سەرزەنشـتکردن و ڕەخنـە لێگرتنـە، لەسـەر ئـەو بیروبۆچوونـە ئەفسـانەییانەیان [ئـەو کاتـە هـی زلەزلەکانـی قورەیـش، کـە ئـەم قوڕئانـە لـەو ژینگـەو کۆمەڵگەیـەدا دابەزیـوە، بـەڵام کافـرە ملهوڕەکانـی ئێسـتاو پێش ئێسـتاو دوای ئێسـتاش هەر دەگرێتەوە، هەروەك مسـوڵمانە سـادەکانی ئێسـتاو پێـش ئێسـتاو دوای ئێسـتاش دەگرێتـەوە]، کـە دەیانگـوت: خـوا ئێمـەی لـە دنیـادا بەسـەر ئێـوەدا هەڵبـژاردوە، (مـاڵ و سـامان و دەسـەڵاتی زیاتـری پێداویـن و

(١) ج١٠، ص(١٨١ ، ١٨٢).

دیارە ئێمە لە لای خوا خۆشەویستین)، کەواتە: دەبێ لە ڕۆژی دواییش دا هەر ئێمە بەسەر ئێوەدا هەڵبژێرێ، یان بەلای کەمەوە، ئەگەر هەڵیشمان نەبژێرێ، ئێمەش وەك ئێوە هەر دێینە بەهەشت و لەگەڵ ئێوەدا یەکسان دەبین، بۆیە خوا ﷻ حەوت جۆرە پرسیارکردنی لێرەدا هێناون:

یەکەم: دەفەرموێ: ﴿ أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ﴾، ئایا مسوڵمانان و ملکەچان، وەك تاوانباران یەکسان دەکەین؟.

دووەم: ﴿ مَا لَكُمْ ﴾، چیتانە، عەقڵتان لە کوێیە؟

سێیەم: ﴿ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴾، چۆن دادوەریی دەکەن و بڕیار دەدەن؟

چوارەم: ﴿ أَمْ لَكُمْ كِتَٰبٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ ﴿٣٧﴾ إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ ﴿٣٨﴾ ﴾، ئایا کتێب و نووسراوێکتان هەیە، تێیدا دەخوێننەوە، کە هەرچی ئێوە هەڵیبژێرن، بۆ ئێوە هەیە؟.

پێنجەم: ﴿ أَمْ لَكُمْ أَيْمَٰنٌ عَلَيْنَا بَٰلِغَةٌ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، ئایا ئێوە سوێندانێکتان لەسەر ئێمە هەن، واتە: بەڵێن و پەیمانێك کە بە سوێندان دڵنیا کرابنەوە، کە هەتا کۆتایی هەرچی ئێوە بتانەوێ بۆ ئێوە هەبێ؟

شەشەم: ﴿ سَلْهُمْ أَيُّهُم بِذَٰلِكَ زَعِيمٌ ﴾، لێیان بپرسە کامیان ئۆباڵدارو دەمڕاستی ئەوەیە؟.

حەوتەم: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَآءُ فَلْيَأْتُوا۟ بِشُرَكَآئِهِمْ إِن كَانُوا۟ صَٰدِقِينَ ﴾، یان ئایا هاوبەشانێکیان هەن، لە بیرو ڕایەکانیاندا، یاخود هاوبەشانێکیان هەن لە پەرستنی خوادا، با هاوبەشەکانیان بێنن ئەگەر ڕاست دەکەن.

مەسەلەی دووەم:

لـە ڕۆژی دواییـدا کـە تەنگانەیەکـی گەورەیـە بـۆ بێبڕوایـان، داوایـان لـێ دەکـرێ کڕنـووش بـۆ خـوا ببـەن، بـەڵام بۆیـان نالـوێ و چاویـان تـرس و لـەرزو زەبوونیـی دایدەپۆشـێ، لـە سـۆنگەی ئـەوەوە کـە لـە دنیـادا سـاغ و سـەلامەت بـوون و داوایـان لـێ دەکـرا کڕنـووش بـەرن، بـەڵام کڕنووشـیان بـۆ خـوا نەبـردو بەندایەتییـان بـۆ خـوا نەدەکـرد:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ وَيُدْعَوْنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ ﴿٤٢﴾ خَٰشِعَةً أَبْصَٰرُهُمْ تَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ ۖ وَقَدْ كَانُوا۟ يُدْعَوْنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ وَهُمْ سَٰلِمُونَ ﴿٤٣﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ﴾، ئەو ڕۆژەی لاق دەردەخرێ، خوێندراویشەتەوە: (**يَوْمَ تَكْشِفُ عَنْ سَاقٍ**)، ئیبنو عەبباس وای خوێندۆتەوە، ئەو ڕۆژەی لوولاك دەردەخات، یانی: سەختی لاق دەردەخات، جارێ ئێمە کۆی بڕگەکان شی دەکەینەوە، دوایی هەڵوێستەیەکی تایبەت لەبەردەم ئەم ڕستە موبارەکەدا دەکەین.

(**الطبري**) دەڵێ: (**يَقُولُ تَعَالَى ذِكْرُهُ: ﴿يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ﴾، قَالَ جَمَاعَةٌ مِنَ الصَّحَابَةِ وَالتَّابِعِينَ مِنْ أَهْلِ التَّأْوِيلِ: يَبْدُو عَنْ أَمْرٍ شَدِيدٍ**)، ئەو ڕۆژەی لاق هەڵدەکرێ، تەبەریی دەڵێ: کۆمەڵێك لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان، لە ئەوانەی قورئانیان ڕوونکردۆتەوە، گوتوویانە: (**يَبْدُو عَنْ أَمْرٍ شَدِيدٍ**) ئەو ڕۆژە بارودۆخێکی سەخت دێتە گۆڕێ و دەردەکەوێ.

٢)- ﴿وَيُدْعَوْنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ﴾، بانگ دەکرێن بۆ کڕنووش بردن، بەڵام ناتوانن، هەڵبەتە قیامەت شوێنی بەندایەتیی بۆ خوا کردن و ئەرکدار (**مكلّف**) بوون نیە، بەڵام ئەمە بۆ سەرزەنشتکردنیانە، ئەگەرنا دنیا شوێنی تێدا تاقیکرانەوەو داوا

لێکرانی کڕنووش بردنەو دواڕۆژ هی ئەوە نیە، بەڵام تەنیا وەك سەرزەنشتکردن و شەرمەزارکردن، داوایان لێ دەکرێ کڕنووش بەرن، خواش ﷻ دەزانێ کە ناتوانن.

٣)- ﴿ خَٰشِعَةً أَبۡصَٰرُهُمۡ ﴾، چاوەکانیان ترس و لەرز دایگرتوون، چاوەکانیان بە ترس و لەرزن، (**خَاشِعَةً أَبْصَارُهُمْ**)، لە ڕووی ڕێزمانییەوە لە شوێنی (**حال**) دایە، بۆیە مەنصووبە (**خَاشِعَةً أَبْصَارُهُمْ أي: ذَلِيْلَةً مُتَوَاضِعَةً**) چاوەکانیان زەبوون و ملکەچن.

٤)- ﴿ تَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞ ﴾، زەبوونییان بەسەر هەڵکشاوە، (**أي: تَعْلُوهُمْ وَتَغْشَاهُم ذِلَة وَحَسْـرَة وَنَدَامَة**)، زەبوونیی و پەشێمانیی و داخ و خەفەت و مەینەتیی دایپۆشیوون.

٥)- ﴿ وَقَدۡ كَانُواْ يُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ وَهُمۡ سَٰلِمُونَ ﴾، لە حاڵێکدا کە (لە ژیانی دنیادا) بانگ دەکران بۆ کڕنووش بردن و ساغ و سەلامەتیش بوون، (**أي: مُعَافُوْن مِنَ العِلَلِ أصِحّاء**) هیچ نەخۆش نەبوون و ساغ و تەندروست بوون، بانگ دەکران کڕنووش بۆ خوا بەرن لە دنیادا، بەڵام کڕنووشیان نەدەبرد، لێرە کە پێیان دەگوترێ: کڕنووش بۆ خوا ببەن، تەنیا وەك سەرزەنشتکردنە، ئەگەرنا خوای پەروەردگار دەزانێ کە لێرە ناتوانن، چونکە لە دنیادا نەیانکردوە.

هەڵوەستەیەک لە بارەی ﴿يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ﴾، دوە

لـە بـارەی ئـەم ڕسـتە موبارەكـەوە كـە گوتمـان: هەڵوێسـتەیەكی لـە بـارەوە دەكەیـن ﴿يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ﴾، (القرطبـي) دەڵـێ: (**وَقِيـلَ: سَـاقُ الـشَّيْءِ أَصْلُـهُ الَّـذِي بِـهِ قِوَامُـهُ، كَسَـاقِ الشَّـجَرَةِ وَسَـاقِ الْإِنْسَـانِ**)، گوتـراوە: (سـاق) بنـەڕەت و كەلـەشی شـتە، وەك قـەدی درەخـت و لـوولاكی مـرۆڤ.

ئنجا ئایا ئـەو تەعبیـرە مەبەسـت پێـی چییـە؟! تەبەڕیـی لـەو بـارەوە لـە سـێ لـە زانایانـەوە، سـێ قسـەی هێناون:

یەكەم: لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) دەڵێ: (﴿يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ﴾ **قَالَ: هُوَ يَوْمُ حَرْبٍ وَشِدَّةٍ**)، (**جامع البيان: ٣٤٧٦٦، عَنِ ابْنِ عَبَّاس** ﷺ)، ﴿يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ﴾، گوتوویەتی: ئەم تەعبیرە بۆ ڕۆژی جەنگ و ڕۆژی سەختیی بەكارهاتوە، یانی: قیامەتیش ڕۆژێكی سەختەو دژوارە، مەبەست پێی ئەوەیە.

دووەم: (وَكَانَ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ **يَقُول: يُكْشَفُ عَنْ أَمْرٍ عَظِيمٍ، أَلا تَسْمَعِ العرب تَقُول: وَقَامَتِ الْحَرْبُ بِنَا عَنْ سَاقٍ) (جامع البيان: ٣٤٧٦٨)**.

واتـە: ئیبنـو عەببـاس ﷺ دەڵـێ: (**يُكْشَـفُ عَـنْ سَـاقٍ**) واتـە: كارێكـی مـەزن دەردەكـەوێ، چونكـە عـەرەب گوتوویانـە: (**وَقَامَـتِ الْحَـرْبُ بِنَـا عَـنْ سَـاقٍ**) جەنـگ كەوتـە سـەر پـێ بـۆ ئێمـە، واتـە: جەنـگ بەرپابـوو و هاتـە سـەر لاق.

سێیەم: (عَنْ مُجَاهِدٍ: ﴿يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ﴾ **قَالَ: شِدَّةُ الْأَمْرِ وَجِدُّهُ، قال ابْنُ عَبَّاسٍ** ﷺ: **هِيَ أَشَدُّ سَاعَةٍ فِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ) (جامع البيان: ٣٤٧٧١)**.

موجاهیـد گوتوویـەتی: بریتیـە لـە سـەختیی كارێـك و جیددیـی بوونـی، ئیبنـو عەببـاس ﷺ دەڵـێ: ئـەو كاتـە سـەخترین كاتـە لـە ڕۆژی قیامەتـدا.

(القرطبـي) لـە بـارەی ﴿يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ﴾ ەوە، دەڵـێ: (**وَقَـرَأَ» ابْـنُ عَبَّـاسٍ** ﷺ: ﴿يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ﴾ **بِتَاءٍ مُسَـمَّى الْفَاعِلِ، أَيْ تَكْشِـفُ الشِّـدَّةُ أَوِ الْقِيَامَةُ، عَنْ سَـاقِهَا، كَقَوْلِهِـمْ: شَـمَّرَتِ الْحَـرْبُ عَـنْ سَـاقِهَا، قَـالَ الشَّـاعِرُ: فَتَـى الْحَـرْبِ إِنْ عَضَّـتْ بِـهِ الْحَـرْبُ عَضَّهَـا ... وَإِنْ شَـمَّرَتْ عَـنْ سَـاقِهَا الْحَـرْبُ شَـمَّرَا**).

واتـە: (**ابـن عبـاس**) بـە (**تَكْشِـفُ عـن سـاقٍ**)ی خوێندۆتـەوە، واتـە: سـەختیی یـان قیامـەت لاقـی هەڵـدەکات، وەك گوتـراوە: (**شَـمَّرَتِ الْحَـرْبُ عَـنْ سَـاقِهَا**) جەنگەکـە لاقـی خـۆی دەرخسـت، شـاعیریش گوتوویەتـی: (**فَتَـى الْحَـرْبِ إِنْ عَضَّـتْ بِـهِ الْحَـرْبُ عَضَّهَـا ... وَإِنْ شَـمَّرَتْ عَـنْ سَـاقِهَا الْحَـرْبُ شَـمَّرَا**) گەنجـی جەنـگ ئەگـەر جەنـگ گـەزی ئەویـش دەیگـەزێ و، ئەگـەر لاقـی خـۆی دەرخسـت ئەویـش لاقـی خـۆی بـۆ هەڵـدەکا، پێـی بـۆ هەڵـدەکاو، خـۆی بـۆ گـورج و گـۆڵ دەکات.

هـەر (**القرطبـي**) دەڵـێ: (**وَعَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ** ﷺ **أَيْضًـا وَالْحَسَـنُ وَأَبِي الْعَالِيَـةِ» تُكْشَـفُ» مَعْنَـى يُكْشَـفُ وَمِنْـهُ: أَكْشَـفَ الرَّجُـلُ فَهُـوَ مُكْشَـفٌ**)، ئیبنـو عەبـاس ﷺ و حەسـەنی بەصرایـی و ئەبولعالیـە خوێندوویانەتـەوە: (**تُكْشَـفُ عَـنْ سَـاقٍ**) چونکـە هـەر شـتێك لـە جەسـتەی مرۆڤـدا دووان بـێ، مێینـەی مەجازیـی (**مؤنـث مجـازي**) یـە، وەك چـاو و دەسـت و سـاق و گـوێ، خوێندراوەتـەوەش: (**تُكْشِـفُ عَـنْ سَـاقٍ**) ئـەو کاتـەش لـە: (**أَكْشَـفَ**)ەوە هاتـوە (**أَكْشَـفَ، يُكشِـفُ، فَهُـوَ مُكْشَـفٌ**)، دەریخسـت، دەری دەخـات، ئـەو دەرخـراوە.

شـەوکانیی دەڵـێ: (**قَـالَ ابْـنُ قُتَيْبَـةَ: أَصْـلُ هَـذَا أَنَّ الرَّجُـلَ إِذَا وَقَـعَ فِي أَمْـرٍ عَظِيـمٍ يَحْتَـاجُ إِلَى الْجِـدِّ فِيـهِ شَـمَّرَ عَـنْ سَـاقِهِ، فَيُسْـتَعَارُ الْكَشْـفُ عَـنِ السَّـاقِ فِي مَوْضِـعِ الشِّـدَّةِ**) واتـە: ئیبنـو قوتەیبـە گوتوویەتـی: ڕیشـەی ئـەم تەعبیـرە لـەوەوە هاتـوە، کـە پیـاو کاتێـك دەکەوێتـە کارێکـی مەزنـەوەو پێویسـتیی بـەوە دەبـێ تێیـدا زۆر هـەوڵ بـدات، لاقـی خـۆی هەڵـدەکات، ئنجـا لێـرەدا لاق هەڵکـردن، خوازراوەتـەوە بـۆ هـەر شـتێك سـەخت بـێ.

کەواتــە: ﴿يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ﴾ هیــچ پەیوەندیــی بــە خــوای پــەروەردگارەوە نیــە، کــە ئــەوە ســیفەتێکی خــوا ﷻ بــێ، خــوا نەیفەرمــووە: (**يَـوْمَ أَكْشِـفُ عَـنْ سَـاقٍ**)، ئــەو ڕۆژەی لاق هەڵدەکــەم!، ئــەو ڕۆژەی لاق هەڵدەکــرێ واتــە: ڕۆژێکــی ســەخت و دژوارە، عــەرەب ئــەو تەعبیرەیــان بەکارهێنــاوەو، هیــچ پەیوەندیــی بــە یەکێــك لــە ســیفەتەکانی خــوای بــەرزو مەزنــی بــێ وێنــەوە، نیــەو هــەر مشــت و مڕێــك لــەو بــارەوە بــێ پاســاوەو، خــوای بــەرزو بــێ وێنــە بــە شــێوازو تەعبیــری دیکــە بــاسی ســیفەتەکانی خــۆی دەکات.

مەسەلەی سێیەم:

هەڕەشەکردنی خوا لە بێبڕوایان و ڕوونکردنەوەی پەلکێشکردنی بۆیان و، بوار پێدانی بۆیان و، نەبوونی هیچ پەرچ و لەمپەرێك لەبەردەم بڕوا هێنانیان دا:

خوا دەفەرمووێ: ﴿فَذَرْنِي وَمَن يُكَذِّبُ بِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ ۖ سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٤﴾ وَأُمْلِي لَهُمْ ۚ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ ﴿٤٥﴾ أَمْ تَسْـَٔلُهُمْ أَجْرًا فَهُم مِّن مَّغْرَمٍ مُّثْقَلُونَ ﴿٤٦﴾ أَمْ عِندَهُمُ ٱلْغَيْبُ فَهُمْ يَكْتُبُونَ ﴿٤٧﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿فَذَرْنِي وَمَن يُكَذِّبُ بِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ﴾، لە من و لەو کەسە بگەڕێ کە بڕوای بەم فەرمایشتە نیە، ئەم فەرمایشتە بە درۆ دادەنێ، ﴿بِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ﴾، دەگونجێ مەبەست پێی قورئان بێ، دەشگونجێ مەبەستی پێ ئەو قسەیە بێ، کە باسی زیندوو کرانەوەو سزاو پاداشتی قیامەت دەکات، کە ئەویش هەر لە قورئاندا هەیە، لە من و لەو گەڕێ، واتە: بۆ منی لێ گەڕێ و وازی لێ بێنە، بزانە چۆنی سزا دەدەم!.

٢)- ﴿سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ﴾، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن پەلکێشیان دەکەین، واتە: پەلکێشیان دەکەین بەرەو سزا، (**الْإِسْتِدْرَاجُ: اسْتِنْزَالُ الشَّيْءِ مِنْ دَرَجَةٍ إِلَى أُخْرَى فِي مِثْلِ السُّلَّمِ**)، (**اسْتِدْرَاجْ**): ئەوەیە شتێك پلە پلە بێنیە خوارێ، وەك چۆن بە پەیژەو قادرمەیەك دا دەیهێنیە خوارێ، واتە: منیش ئاوا پەلکێشیان دەکەم و لە سزا نیزیکیان دەخەمەوە، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، چونکە مرۆڤ بێ ئەوەی هەست پێ بکات، وردە وردە بەرەو مەرگ دەڕوات، بە نسبەت بێبڕوایانەوە بەرەو مەرگ و دوایی بەرەو قۆناغی بەرزەخ، کە تێیدا سزا دەدرێن و، دوایی قۆناغی قیامەت.

٣)- ﴿وَأُمْلِي لَهُمْ﴾، مۆڵەتیشیان دەدەم، ڕستیان بۆ درێژ دەکەم، (**وأُمْلِي: مُضَارِعُ أَمْلَى، مَقْصُوراً بِمَعْنَى أَمْهَلَ وَأَخَّرَ، وَهُوَ مُشْتَقٌّ مِنَ الْمَلَا مَقْصُورًا، وَهُوَ الْحِينُ وَالزَّمَنُ، وَمِنْهُ قِيلَ**

لِلَّيْلِ وَالنَّهَارِ: الْمَلَوَانِ، فَيَكُونُ أَمْلَى بِمَعْنَى طَوَّلَ فِي الزَّمَانِ، وَمَصْدَرُهُ إِمْلَاءٌ) وشەی (**أُمْلِي**) کرداری (**مُضَارِعٌ**)ە، لە کرداری (**أَمْلَى**)وە، هاتوە، (**بِمَعْنَى أَمْهَلَ وَأَخَّرَ**) واتە: مۆڵەتی داو دوایخست، (**أَمْلَى**)ش داتاشراوە لە وشەی (**مَلَا**)وە، بەبێ هەمزە کە بە مانای کات دێ، بۆیە بە شەو و ڕۆژان گوتراوە: (**الْمَلَوَانِ**) واتە: دوو کاتەکان، ئنجا (**أَمْلَى**) (**بِمَعْنَى طَوَّلَ فِي الزَّمَانِ**) واتە: کاتیان دەدەمێ یان ڕستیان بۆ درێژ دەکەمەوەو مۆڵەتیان دەدەم، چاوگەکەی (**إملاء**)ە.

٤)- ﴿إِنَّ كَيْدِى مَتِينٌ﴾، بە دڵنیایی فێڵی من، (نەخشەی من) زۆر بەهێزو پتەوە.

٥)- ﴿أَمْ تَسْئَلُهُمْ أَجْرًا فَهُم مِّن مَّغْرَمٍ مُّثْقَلُونَ﴾، یان ئایا تۆ داوای کرێ و پاداشتیان لێ دەکەی، (بۆیە بڕوا ناهێنن)، ئەوان لەبەر باجدان بارگرانکراون و باری شانیان قورس بووە؟ (**مُثْقَل**) واتە: بارگرانکراو، شانگرانکراو، (**الْمُثْقَلُ: الَّذِي حُمِّلَ عَلَيْهِ شَيْءٌ ثَقِيلٌ**)، (**مُثقَل**) کەسێکە شتێکی قورسی خرابێتە سەر شان.

٦)- ﴿أَمْ عِندَهُمُ ٱلْغَيْبُ فَهُمْ يَكْتُبُونَ﴾، {یان بۆیە بڕوا ناهێنن} چونکە پەنهانیان لە لایەو ئنجا ئەوان دەینووسن، (دەزانن کە سەرەنجامی چاکیان هەیە، بۆیە بڕوا ناهێنن)؟، (**أي: أعِنْدَهُمْ عِلْمُ الغَيْب**)، ئایا زانیاریی پەنهانیان لە لایە، وشەی (**عِلْمٌ**) کە پاڵدراو (**مضاف**)ە، قرتێنراوە، چونکە بەڕەوت و سەلیقە دەزانرێ، ئایا پەنهان دەزانن، وشەی (**عِنْدَهُم**) کە پێشخراوە، بۆ ئەوەیە کە تایبەتمەند بوون بگەیەنێ، واتە: ئایا زانیاریی پەنهان تەنیا لە لای ئەوانەو دەینووسن؟ (**يَكْتُبُونَ: يَفْرِضُونَ وَيُعَيِّنُونَ**) پێویستی دەکەن و دیاریی دەکەن، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ﴾**البقرة: ١٨٣**، (**أي: فَرَض وأوجَبَ**)، کەواتە: ئایا ئەوان زانیاریی پەنهانیان لەلایە و بەکەیفی خۆیان بۆ خۆیانی دەنووسن، سەرەنجامیان چۆن دەبێ و چۆن نابێ؟ یاخود: ئایا زانیارییە پەنهانەکە کە لەلایانە دەینووسن بۆ یەکدی؟ نەخێر نە تۆ بەرانبەر و قەرەبوویان لێ داوا دەکەی، تاکو باری سەر شانیان گران بکەی، بۆ ئەوەی بڕوا نەهێنن و، نە زانیاریی پەنهانیشیان لە لایە کە بەکەیفی خۆیان بۆ خۆیانی بنووسن، کەواتە: بڕوا نەهێنانەکەیان هیچ کۆسپ و لەمپەرو پەرچێکی لەبەردەم دا نیە.

مەسەلەی چوارەم:

فەرمانکردنـی خـوا بـە پێغەمبـەری خاتـەم کـە بـۆ فەرمانـی خـوا خۆڕاگـر بـێ و، لـە پەلەکـردن و کـەم حەوسـەلەیی دا، وەك یونوسـی هاوەڵـی نەهەنگەکـە نەبـێ، کـە بـە دڵپڕیـی و بێزاریـی لـە خـوا پاڕایـەوەو، ئەگـەر چاکـەی خـوا فریـای نەکەوتبایـە، بـە سەرزەنشـتکراویی فـڕێ دەدرایـە سـاراو دەشـت، بـەڵام بەهـۆی ژیوانبوونـەوەو پاڕانەوەیـەوە، خـوا هەڵیبـژارد و لـە صاڵحانـی گێـڕا:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلْحُوتِ إِذْ نَادَىٰ وَهُوَ مَكْظُومٌ ﴿٤٨﴾ لَّوْلَآ أَن تَدَٰرَكَهُۥ نِعْمَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ لَنُبِذَ بِٱلْعَرَآءِ وَهُوَ مَذْمُومٌ ﴿٤٩﴾ فَٱجْتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَجَعَلَهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٥٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ فَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ ﴾، خۆڕاگربە بۆ حوکمی پەروەردگارت، واتە: بۆ فەرمانی پەروەردگارت، کە پەروەردگارت تۆی ناردوە پەیامی خوا بگەیەنی، تەحەممولی نارەحەتییەکانی گەیاندنی پەیامی خوا بکە، یاخود: خۆت ڕابگرە، هەتا دادوەریی پەروەردگارت لە ڕۆژی دواییدا دێ، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ مەبەست پێی فەرمانی پەروەردگار بێ، بە ناردنی پێغەمبەری کۆتایی، بەوە کە پەیامی خوا بگەیەنێ.

٢)- ﴿ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلْحُوتِ ﴾، وەك هاوەڵی نەهەنگەکە مەبە، کە یونوسی کوڕی مەتتایە صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێ، (**الصَّاحِبُ: الَّذِي يَصْحَبُ غَيْرَهُ، أَيْ يَكُونُ مَعَهُ فِي بَعْضِ الأَحْوَالِ أَوْ فِي مُعْظَمِهَا**)، (**صاحب**): ئەو کەسەیە کە هاوەڵیی کەسێك دەکات، هاودەمی دەبێ و لەگەڵی دەبێ، لە هەندێك لە کاتەکان، یان لە زۆربەی کاتەکاندا، ئنجا لەبەر ئەوەی یونوسیش صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێ، ماوەیەك لەگەڵ نەهەنگەکە دابوو، بۆیە خوا بەو ناوە، ناوی هێناوە.

٣)- ﴿إِذْ نَادَىٰ وَهُوَ مَكْظُومٌ﴾، کاتێك پاڕایەوەو بانگی (پەروەردگاری) کرد، لە حاڵێکدا کە پڕ بوو لە تووڕەیی و پەستیی، یاخود پڕبوو لە مەینەتیی و ناڕەحەتیی و پەشێمانیی.

بەهۆی ئەوەوە کە بەبێ مۆڵەت و بەبێ بوواردانی خوای پەروەردگار ئەو خەڵکەی بۆ لایان نێررابوو، کە خەڵکی نەینەوا بوون، وەك لە فەرمایشی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، بەجێیهێشتوون، وشەی (**مَكْظُومٌ**) لەسەر کێشی (**مفعول**) لە (**كَظْم**)ەوە هاتوەو، ئەسڵی خۆیشی لە (**كَظَم**)ەوە هاتوە، (**كَظَم: يَعْنِي مَخْرَجَ النَّفَس**)، ئەو شوێنەی هەناسەی لێوە دەردەچێ، ئنجا ئەگەر مرۆڤ قوڕگی بگیرێ، مانای وایە هەناسەکەی حەپس دەبێ، لە بنەڕەت دا لەوەوە هاتوە کە کوندەو مەشکەیەك پڕ بکەی لە شلەمەنییەك و لە ئاوێك و دوایی زارەکەی ببەستی، دەگوترێ: (**كَظَمَ السِّقَاء**) واتە: مەشکەکەی پڕ کردو زارەکەی بەست، ئنجا مرۆڤیش ئەگەر هەناسەی بگیرێ، یان هەناسەی حەپس بکات، یاخود تووڕەییەك لە دڵی داهەبێ و دەری نەبڕێ، (**مكظوم**)ی پێ دەگوترێ، بەڵام ئەگەر ناچار کرابێ تووڕەییەکەی خۆی حەپس بکات (**كَاظِم وكَظِيم**)ی پێ دەگوترێ: ئەگەر خۆی تووڕەییەکەی خۆی حەپس کردبێ، یاخود هەناسەی خۆی ڕاگرتبێ، (**كَاظِم وكَظِيم**) یش ناوی بکەر (**إسم فاعل**)ن.

٤)- ﴿لَّوْلَآ أَن تَدَٰرَكَهُۥ نِعْمَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ لَنُبِذَ بِٱلْعَرَآءِ وَهُوَ مَذْمُومٌ﴾، ئەگەر چاکەی پەروەردگاری لە فریای نەکەوتبایەو پێی نەگەیبایە، فڕێ دەدرایە دەشت، بە سەرزەنشتکراویی و لۆمەکراویی، (**التَّدَارُكُ: تَفَاعُلٌ مِنَ الدَّرَكِ بِالتَّحْرِيكِ وَهُوَ اللَّحَاقُ، وَالنَّبْذُ: الطَّرْحُ وَالتَّـرْكُ**)، ﴿لَّوْلَآ أَن تَدَٰرَكَهُۥ﴾، (**تدارك**) تەفاعولە لە (**دَرَك**) و بە مانای پێگەیشتن دێ، واتە: ئەگەر چاکەو بەزەیی خوا پێی نەگەیشتبایە، (**النَّبْذُ: الطَّرْحُ وَالتَرِكُ**)، (**نَبْذ**) فڕێدان و وازلێهێنانە، (**لَنُبِذ بالعراء**) یانی: فڕێ دەدراو وازی لێ دەهێنرا لە دەشتدا، لە حاڵێکدا لۆمە کراوەو سەرزەنشتکراوە، لەبەر ئەوەی فەرمانی خوای شکاندوە.

(**العَـرَاء: الْفَضَـاءُ الْخَـالِي**)، (**عَـراء**) شـوێنێکی چۆڵـە کـە هیچـی لـێ نەبـێ، یـان هیـچ شـتێکی پۆشـەری لـێ نەبـێ بـۆ مـرۆڤ.

٥)- ﴿ فَٱجۡتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَجَعَلَهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾، سەرەنجام پەروەردگاری هەڵیبژاردو لە بەندە چاکەکانی گێڕا.

کە دەفەرموێ: ﴿ لَّوۡلَآ أَن تَدَٰرَكَهُۥ نِعۡمَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ ﴾، هەرچەندە وشەی نیعمەت هاتووە، بەڵام نەیفەرمووە: (**تَدَارَكَتْهُ**) کردارەکە بۆیە بە نێر (مُذَكَّر) هاتووە، چونکەی وشەی (**نعمة**) مێینەی مەجازییەو مێینەی ڕاستەقینە نیە.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱجۡتَبَٰهُ رَبُّهُۥ ﴾، (ف)ەکە ڕوونکەرەوە (**فَصيحَة**)یە: (**وَفَّقَهُ اللهُ لِلتَّوْبَةِ وَالتَّسْبِيْحِ وَالإِعْتِرافِ بَالخَطَإِ، فَاجْتَبَاهُ**)، خوا ﷻ تەوفیقی دا پەشێمان بێتەوەو، خوا بە پاك بگرێ و، دان بە هەڵەی خۆی دابنێ، لە ئەنجامی ئەوەشدا خوا هەڵیبژارد، لە چاکانی گێڕاو خستیە ڕیزی بەندە چاکەکانەوە، کە بە پلەی یەکەم: پێغەمبەرانن صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

خستنە ڕووی بوغزو کینەی بێڕەزای کافران بەرانبەر بە پێغەمبەری خوا موحەممەد ﷺ لە کاتی بیستنی قورئانداو، تۆمەتبارکردنیان بۆی بە شێتیی، لە حاڵێکدا کە قورئان بیرخەرەوەی سەرجەم مرۆڤایەتییە:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَٰرِهِمْ لَمَّا سَمِعُواْ ٱلذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجْنُونٌ ﴿٥١﴾ وَمَا هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَٰرِهِمْ﴾، نیزیکە ئەوانەی بێبڕوابوون بە چاوەکانیان بتخلیسکێنن، کاتێك کە گوێبیستی زیکر (قورئان) بوون، (**لَيُزْلِقُونَكَ**) خوێندراوەتەوەش: (**لَيَزْلِقُونَكَ**)، (**زَلَقَ يَزْلِقُ، وَأَزْلَقَ يُزْلِقُ، زَلَقَهُ وَأَزْلَقَهُ، زَلَقًا وَإِزْلَاقًا أي: أَزَالَهُ عَنْ مَكَانِه**) هەم وشەی (**زَلَق**)، هەم وشەی (**أَزلَق**) هەردووکیان بە تێپەڕێنەر بۆ بەرکار (**المتعدّي إلى المفعول**) هاتوون، (**زَلَقَهُ**)، واتە: خلیسکاندی (**وَأَزْلَقَه**)ش واتە: خلیسکاندی، بۆیەش بەهەردوو شێوەکە خوێندراوەتەوە، کە دەفەرموێ: ﴿وَإِن يَكَادُ﴾، (**إِنْ**) (**إِنْ: الْمُخَفَّفَةِ مِن المُثَقَّلة للتَّأكِيد**)، (**إِنْ**) لە ئەسڵدا لە (**إِنَّ**)ەوە هاتوە، (**إِنَّ المُثَقَّلة**) قورسکراو، بەڵام لێرەدا سووککراوەو هەر بە مانای جەختکردنەوەیە، ئنجا جیاوازیی نێوان (**إِنْ**) ئەگەر بۆ لابردن (**نَفي**) و بە مانای (**ما**) بێ و، ئەگەر بۆ جەختکردنەوە بێ، (**ل**)ە: (**لَيُزْلِقُونَكَ**)، بەهۆی ئەو لامەوە دەزانین ئەو (**إِنْ**)ە (**مُخَفَفة**)یە لە (**مُثَقَّلَة**) و جەختکردنەوەیە، واتە: بە دڵنیایی نیزیکە ئەوانەی بێبڕوان بە چاوەکانیان بتخلیسکێنن.

٢)- ﴿لَمَّا سَمِعُواْ ٱلذِّكْرَ﴾، لە کاتێکدا گوێبیستی یادی خوا دەبن، یان گوێبیستی قورئان دەبن، (**لَمَّا ظرف لَيُزْلِقُونَكَ**)، (**لمّا**) کاتە بۆ وشەی (**لَيُزْلِقُونَكَ**) یان (**لَيَزْلِقُونَكَ**) لەو کاتەدا خەریکن دەتخلیسکێنن.

٣)- ﴿وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجْنُونٌ﴾، دەشڵێن: بە دڵنیایی ئەو شێتە، واتە: موحەممەد ﷺ حاشای ئەو.

٤)- ﴿وَمَا هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ﴾، ئەو (قورئان)ەش تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ جیهانییان، یاخود ناوو ناوبانگە بۆ جیهانییان، زیکر هەم بە مانای بیرخەرەوە دێ، واتە: ڕاستییەکانیان بیر دەخاتەوە، هەم بە مانای شەڕەف و ڕێز و پایەی بەرز دێ، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: (**وَمَا هُوَ**)، ڕاناوەکە بۆ موحەممەد دەچێتەوە، هەرچەندە باسی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ڕاشکاویی نەکراوە، بەڵام بە سیاق دەزانرێ، کە دەفەرموێ: (**إِنَّهُ لَمَجْنُونٌ**) ئەمە دیارە ڕاناوەکەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەچێتەوە، چونکە ئەو بووە زیکرەکەی خوێندۆتەوە، ئنجا هەندێك گوتوویانە: ڕاناوی (**هُوَ**)ش دەچێتەوە بۆ موحەممەد ﷺ و، موحەممەد بیرخەرەوەیە بۆ هەموو جیهانییان، شەڕەف و ڕێزە بۆ هەموو جیهانییان، هەردوو واتایەکەش گونجاون، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ مەبەست پێی قورئان بێ، چونکە لە چەند شوێنان دا، خوا ﷻ قورئانی بە زیکر ناوهێناوە: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ۝٩﴾ الحجر (٩).

کە لێرەدا دەفەرموێ: کافرەکان خەریکە بە چاوەکانیات بتخلیسکێنن: (**لَيُزْلِقُونَكَ**)، زانایان مانای ئەمەیان بە چەند شێوەیەك تەعبیر کردوە:

یەکەم: (**لَيَعْتَانُونَكَ بِعُيُونِهِمْ، فَيُزِيلُونَكَ عَنْ مَقَامِكَ الَّذِي أَقَامَكَ اللَّهُ**)، خەریکن بە چاویان چاوێنییت بکەن و چاوت لێ بدەن و، لەو شوێنەی خوا تۆی تێدا داناوە، لاتبەرن.

دووەم: (**أَيْ يَنْفُذُونَكَ مِنْ شِدَّةِ نَظَرِهِمْ**)، خەریکن بە چاوەکانیان تۆ کون بکەن.

سێیەم: (**يَصْرَعُونَكَ**)، بە چاوەکانیان بتخەن.

چوارەم: (**يَرْمُونَكَ**)، بە چاوەکانیان تۆ بنگێون و لێت بدەن.

پێنجەم: (**لَيُهْلِكُونَكَ**)، خەریکن بە چاوەکانیان بتفەوتێنن.

شەشەم: (**لَيَقْتُلُونَكَ**)، خەریکن بە چاوەکانیان بتکوژن.

بـەڵام وشـەی (**زَلَـق**) کـە لـە سـوورەتی (**الکهـف**)دا هاتـوە، واتـە: شـوێنێکی خلیسـك و لـووس کـە خەڵـك لێـی بخلیسـکێ، یانـی: ئـەوان خەریکـن تۆ بخلیسـکێنن و هەڵتبنگوێنـن و بتکەوێنـن.

(**القرطبـي**) دەڵـێ: (**وَأَنَّ مُرَادَهُـمْ بِالنَّظَـرِ إِلَيْـهِ قَتْلُـهُ، وَلَا يَمْنَـعُ كَرَاهَـةُ الـشَّيْءِ مِنْ أَنْ يُصَـابَ بِالْعَـيْنِ عَـدَاوَةً حَتَّـى يَهْلِـكَ**)، کـە دەفەرمـوێ: بـە چاوەکانیـان خەریکـن بتخلیسـکێنن، مەبەسـتیان پـێ کوشـتنیەتی و، لەبـەر ئـەوەی زۆر ڕقیـان لێـی هەڵساوە، ئەمـە ڕێگـر نیـە کـە بـە دوژمنایەتیـی چـاوی لـێ بـدەن هەتا دەفەوتـێ.

هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: مـرۆڤ کاتێـك چاو لـە شـتێك دەدات، کـە پێـی سەرسـام بـێ و خۆشـیبوێ و پێـی گرنـگ و چـاك بـێ، بـەڵام ئـەوان کـە ڕقیـان لـە موحەممـەد ﷺ بـووە، ناگونجـێ چـاوی لـێ بـدەن! بـەڵام قورتووبیـی دەڵـێ: ئـەوە ڕاسـت نیـە، بەڵکـو ڕق هەڵسـان لـە شـتێك ڕێگـر نیـە لـەوەی چـاوی لێبـدرێ، قسـەکەی قورتووبییشـم پـێ ڕاسـتە.

کورتە باسێک لە بارەی چاولێدانەوە

شـایانی باسـە: ئێمـە لـە تەفسـیری سـوورەتی یوسـوف، لـە تەفسـیری ئایەتـی شەسـت و حەوت (٦٧)دا، کە دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ يَٰبَنِيَّ لَا تَدۡخُلُواْ مِنۢ بَابٖ وَٰحِدٖ وَٱدۡخُلُواْ مِنۡ أَبۡوَٰبٖ مُّتَفَرِّقَةٖۖ وَمَآ أُغۡنِي عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٍۖ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُۖ وَعَلَيۡهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ ٦٧ ﴾یوسـف، واتـە: ئـەی کوڕەکانـم هەمووتـان لـە یـەك دەرگاوە مەچنـە ژوور (لـە یـەك دەروازەی شـارەکەوە) و لـە چەنـد دەروازەیەکـی جیـا جیـاوە بچـن، ڕوونکـەرەوانی قورئـان گوتوویانـە: مەبەسـتی یەعقـووب ﷺ ئەوەبـووە کـە بـە چاوەوە نەبـن، ئـەو یازدە کـوڕەی، کـە یەکیـان لـە میسـر بـووە: یوسـوف، بـەڵام ئـەو دەیـە، دە کـوڕ بـە شـان و شـەوکەت پێکـەوە بچنـە ژوور شـارێك، ترسـاوە بـە چـاوەوە بـن و چاوێنیـی بـن.

لـەوێ کورتـە باسـێکمان لـە بـارەی چـاوو زارەوە کـردوە، کـە هـەق و ڕاسـتەو، کاریگەریـی هەیـەو، ئـەوەی لـەوێ گوتوومانـە دووبـارەی ناکەینـەوە، بـەڵام لـە بـارەی ئـەوەوە کـە چاو لێـدان، یـان بـە چـاوەوە کـردن، یـان چاووزارلێـدان، ڕاسـتە، چەنـد فەرمایشـتێك دێنیـن ڕاسـتەوخۆ لـە: (**المصبـاح المنـير في تهذيـب تفسـير ابـن كثـير، ص ١٠٤٣٤ و ١٠٤٣٥**)و، هـەر بـە کورتیـی مانایـان دەکەیـن:

(**ابــن كثــير**) لــە ژێــر ناوونیشــانی: (**إصابــة العــين حــق**) چاولێــدان، یاخــود: بەچـاو ئەنگاوتـن، یاخـود: بەچـاوەوە کـردن، هـەق و ڕاسـتە، لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو ئایەتـەدا: ﴿ وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزۡلِقُونَكَ بِأَبۡصَٰرِهِمۡ ﴾، ئەوانـەی بێبڕوابـوون خەریکـن بـە چاوەکانیـان تـۆ بکەوێنـن و بتخلیسـکێنن و بتفەوتێنـن، دەڵـێ: (**وَفِي هَـذِهِ الْآيَـةِ دَلِيـلٌ عَـلَى أَنَّ الْعَيْنَ إِصَابَتُهَـا وَتَأْثِيرُهَـا حَـقٌّ بِأَمْـرِ اللَّـهِ عَـزَّ وَجَـلَّ، كَمَا وَرَدَتْ بِذَلِـكَ الْأَحَادِيـثُ الْمَرْوِيَّـةُ مِـنْ طُـرُقٍ مُتَعَـدِّدَةٍ كَثِـيرَةٍ**)، واتـە: لـەم ئایەتـەدا بەڵگـە هەیـە، لەسـەر ئـەوەی چاولێـدان و بەچاوەوەکـردن و کاریگەریـی چـاو، هەقـەو چەسـپاوە،

بــە فەرمــان و مۆڵەتــی خــوا عزوجــل، وەك لــەو بــارەوە چەنــدان فەرمایشــت گێڕراونــەوە، منیــش حــەوت دانــە لەوانــەی (**ابــن كثــير**) هێناونــی، دەیانهێنــم:

فەرمـوودەی یەكـەم: {**عَـنْ بُرَيْـدَةَ بْـنِ الْحُصَيْـبِ قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ: «لَا رُقْيَـةَ إِلَّا مِـنْ عَـيْنٍ أَوْ حُمَّـةٍ»**} (**أخرجـه أحمـد: ١٩٩٢٢، وأبـو داود: ٣٨٨٤، والترمـذي: ٢٠٥٧، البخـاري: ٥٣٧٨، والبـزار: ٣٥٩٧**).

واتـە: بورەیـدەی كوڕی حوصەیـب گوتوویـەتی: پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرموویەتی: ڕوقیــەو دوعاكــردن نیــە، مەگــەر بــۆ چــاو یــان بــۆ ژاردار (دووپشــك، یــان مــار، كەســێك پێــوەی درابــێ، یاخــود كەســێك بــە چــاوەوە بووبــێ، ڕوقیــە بــۆ ئــەو دوو شــتانە بەتایبــەت هەیــە).

لێــرەدا زانایــان دەڵێــن: مەبەســتی پێغەمبــەری خــوا ﷺ ئــەوە نیــە كــە ڕوقیــە تەنیــا بــۆ ئــەو دووانــە هەیــە، بەڵكــو بــۆ ئــەو دووانــە زۆر كاریگەریــی هەیــە.

فەرمـوودەی دووەم: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: {**الْعَيْنُ حَـقٌّ، وَلَـو كَانَ شيءٌ سـابَقَ القَـدَرَ سَـبَقَتْهُ العَيْنُ، وإذا اسْتُغْسِـلْتُمْ فاغْسِـلُوا**} (**أخرجـە مسـلم: ٢١٨٨، وابـن حبـان: ٦١٠٧، والترمـذي: ٢٠٦٢، وقـال: حسـن صحيـح غريـب، والنسـائي في الكـبرى: ٧٦٢٠**).

واتــە: چــاو لێــدان هــەق و چەســپاوەو، ئەگــەر شــتێك پێــش قــەدەر كەوتبایــەوە، چــاو پێشــی دەكەوتــەوە، (ئەوەنــدە بەخێرایــی كاریگەریــی هەیــە)، هــەر كاتێكیــش داواتــان لێكــرا خۆتــان بشــۆن، خۆتــان بشــۆن.

ئەمـە پێویسـتیی بـە ڕوونكردنـەوە هەیـە: كەسـێك كـە چـاو لـە كەسـێك دەدات، چـاو لێدراوەكـە (**معیـون**) بـەوە چـاك دەبـێ، كـە بابـای چاولێـدەر (**عائـن**) لە پشـتێن بـەرەو ژێـری خـۆی بشـوات و، ئاوەكـە كـە لێـی دەچۆڕێتـەوە، بابـای چـاو لێـدراو، خـۆی پـێ بشـوات، چـاك دەبێـت[1].

---

(١) ئـەو وردەكارییـە لـە دەقـی چـوارەم دا هاتـوە، كـە (إبـن ماجـە) بـە ژمـارە: ٣٥٠٩، هێناویـەتی و ئەلبانیـی بـە ڕاسـت (صحیـح)ی دانـاوە.

فەرمـوودەی سـێیەم: {عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ ﵄ قَـالَ: كَانَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ يُعَـوِّذُ الْحَسَـنَ وَالْحُسَـيْنَ يقـول: «أعيـذ كـما بِكَلِـمَاتِ اللَّـهِ التَّامَّـةِ، مَـنْ كُلِّ شَـيْطَانٍ وَهَامَّـةٍ، وَمَـنْ كُلِّ عَـيْنٍ لَامَّـةٍ، وَيَقُـولُ هَكَـذَا كَانَ إِبْرَاهِيـمُ يُعَـوِّذُ إِسْـحَاقَ وَإِسْـمَاعِيلَ عَلَيْهِـمَا السَّـلَامُ} (أَخْرَجَـهُ ابـن حبـان: ١٠١٢، قـال شـعيب الأرنـؤوط: إسـناده صحيـح).

واتـە: ئیبنـو عەببـاس ﵄ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ دوعـای بەسـەر حەسـەن و حوسـەیندا دەخوێنـد، دەیفەرمـوو: پەناتـان پـێ دەگـرم بـە وشـە تەواوەكانـی خـوا، لـە هـەر شـەیتانێك و هـەر جرِوجانەوەرێـك و، لـە هـەر چاوێكـی لێـدەرو پیـس، دەشـیفەرموو: ئیبراهیمیـش بـەم شـێوەیە ئیسـحاق و ئیسـماعیلی دوعـا لـێ دەخوێنـدن و، پەنـای پـێ بـە خـوا دەگرتـن، سـەلامی خوایـان لـێ بـێ.

فەرمـوودەی چـوارەم: {عَـنْ أَبِي أُمَامَـةَ أَسْـعَدَ بْـنِ سَـهْلِ بْـنِ حُنَيْـفٍ قَـالَ: مَـرَّ عَامِـرُ بْـنُ رَبِيعَـةَ بِسَـهْلِ بْـنِ حُنَيْـفٍ وَهُـوَ يَغْتَسِـلُ، فَقَـالَ: لَـمْ أَرَ كَالْيَـوْمِ وَلَا جِلْـدَ مُخَبَّـأَةٍ ، فَمَا لَبِـثَ أَنْ لُبِـطَ بِـهِ، فَـأُتِيَ بِـهِ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ فَقِيـلَ لَـهُ: أَدْرِكْ سَـهْلًا صَرِيعًـا، قَـالَ: «مَـنْ تَتَّهِمُـونَ بِـهِ» قَالُـوا: عَامِـرَ بْـنَ رَبِيعَـةَ، قَـالَ: «عَـلَامَ يَقْتُـلُ أَحَدُكُـمْ أَخَـاهُ؟ إِذَا رَأَى أَحَدُكُـمْ مِـن أَخِيـهِ مـا يُعْجِبُـهُ، فَلْيَـدْعُ لَـهُ بِالْبَرَكَـةِ» ثُـمَّ دَعَـا بِمَـاءٍ، فَأَمَـرَ عَامِـراً أَنْ يَتَوَضَّـأَ فَيَغْسِـلُ وَجْهَـهُ وَيَدَيْـهِ إِلَى الْمِرْفَقَـيْنِ وَرُكْبَتَيْـهِ وَدَاخِلَـةَ إِزَارِهِ، وَأَمَـرَهُ أَنْ يُصَـبَّ عَلَيْـهِ، قَـالَ سُـفْيَانُ قَـالَ مَعْمَـرٌ عَـنِ الزُّهْـرِيِّ: وَأَمَـرَ أَنْ يُكْفَـأَ الْإِنَـاءُ مِـنْ خَلْفِـهِ} (أخرجـه ابـن ماجـه: ٣٥٠٩، وصححـه الألبـاني).

واتـە: عامیـری كـوڕی ڕەبیعـە بـە لای سـەهلی كـوڕی حونەیفـدا ڕابـرد، لـە كاتێكـدا سـەهلی كـوڕی حونەیـف خـۆی دەشـۆرد، عامیـری كـوڕی ڕەبیعـە (دیـارە بابایەكـی وا بـووە خەڵكـی لـە چـاو بـردوە) گوتـی: ئەمـڕۆ كەسـم نەبینیـوە ئەوەنـدە پێسـتی جـوان بـێ، تەنانـەت كچـی پشـت پـەردەش، پێسـتی ئەوەنـدە ناسـك و نـەرم و جـوان نەبـووە، ئیـدی زۆری پـێ نەچـوو، یەكسـەر سـەر و ملـی تێكشـكا (سـەهلی كـوڕی حونەیـف نەخـۆش كـەوت)، بردیانـە لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ گوتیـان: فریـای

سـەهل بكـەوە كەوتـوە، ئەویـش فەرمـووی: كێـی پـێ تۆمەتبـار دەكـەن؟ گوتیـان: عامیـری كـوڕی ڕەبیعـە (شـتێكی ئـاوای گوتـوە لـە كاتێكـدا ئـەو خـۆی شـۆردوە)، ئەویـش ﷺ فەرمـووی: بۆچـی یەكێكتـان برایەكـەی خۆی دەكـوژێ، ئەگـەر یەكێكتان شـتێكی لـە برایەكـەی بینـی، كـە پێـی سەرسـام بـوو، بـا دوعـای بەرەكەتـی بـۆ بـكات (بڵـێ: خوایـە! پیـت و پێـزی تێبخـە)، دوایـی بانگـی كـرد ئاوێكیان بـۆ هێنـا، فەرمانی كـرد بـە عامیـری كـوڕی ڕەبیعـە [ئـەو كەسـەی چـاوی لێدابـووو] كـە دەسـتنوێژ بگـرێ، دەم و چـاوی و دەسـتەكانی تاكـو ئانیشـكەكانی، پاشـان ئەژنۆیەكانـی و ژێـر پۆشاكەكەشـی (واتـە: پشـتێن بـەرەو ژێـری) بشـوات و، فەرمانـی كـرد ئاوەكـە بەسـەر سـەهل دا بكـرێ، ئنجـا لـە ڕیوایەتێكـدا دەڵـێ: لـە پشـتەوەڕا بـە دەفرەكـە پێیـان داكـرد، لـە ڕیوایەتـی دیكـەدا دەڵـێ: وەك هیـچ دەردی نەبووبـێ، چـاك بـوو.

فەرمـوودەی پێنجـەم: {**عَـنْ أَبِي سَـعِيدٍ الْخُـدْرِيِّ رضي اللـه عنـه، قَـالَ: كَانَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ يَتَعَـوَّذُ مِـنْ أَعْـيُنِ الْجَـانِّ وَأَعْـيُنِ الْإِنْـسِ، فَلَـمَّا نَزَلَـتِ الْمُعَوِّذَتَـانِ أَخَـذَ بِهِـمَا وَتَـرَكَ مَـا سِـوَى ذَلِـكَ**} **(أخرجـه الترمـذي: ٢٠٥٨، والنسـائي: ٥٤٩٧، وابـن ماجـه: ٣٥١١، وصححـه الألبـاني)**.

واتـە: ئەبـوو سـەعیدی خودریـی (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە چـاوی پیسـی مرۆڤـەكان و چـاوی پیسـی جندەكانیـش هەندێـك دوعـای بەسـەر خۆیـدا دەخوێنـدن، بـەڵام دوای ئـەوەی (**الْمُعَوِّذَتَـانِ**): {سـوورەتی (**الفلـق**) و سـوورەتی (**النـاس**)} هاتنـە خـوار، ئـەو دوو سـوورەتەی دەخوێنـدن (كـە یـازدە ئایەتـن) و، وازی لـە دوعایەكانـی دیكـە هێنـا.

فەرمـوودەی شەشـەم: {**عَـنْ أَسْـمَاءَ بِنْـتِ عُمَيْـسٍ رَضِيَ اللَّـهُ عَنْهَـا قَالَـتْ قُلْـتُ: أَيْ رَسُـولَ اللَّـهِ إِنَّ بَنِـي جَعْفَـرٍ تُصِيبُهُـمُ الْعَـيْنُ، أَفَأَسْـتَرْقِي لَهُـمْ؟ قَـالَ: «نَعَـمْ وَلَـوْ كَانَ شَيْءٌ يَسْـبِقُ الْقَـدَرَ لَسَـبَقَتْهُ الْعَـيْنُ»**} **(أخرجـه أحمـد: ٢٧٥١٠، والترمـذي: ٢٠٥٩، وقـال: حسـن صحيـح، وأخرجـه أَيْضَـاً والنسـائي فـي الكـبرى: ٧٥٣٧، واللفـظ لـه)**.

واتـە: ئەسـمائی کچـی عومەیـس (هاوسـەری جەعفـەری کـوڕی ئـەبی تاڵیـب ﷺ)، کـە لـە جەنگـی موئتـەدا شـەهید دەبـێ، منداڵـی هەتیـوی هەبـوون)، چـوو بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ و گوتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! منداڵەکانـی جەعفـەر چـاو لێیـان دەدا، (دیـارە بەرچـاو و جـوان بـوون)، ئایـا ڕوقیـەو دوعایـان بـۆ بخوێنـم؟ فەرمـووی: بەڵـێ، چونکـە هـەر شـتێك پێـش قـەدەر کەوتبایـە چـاو بـوو (کاریگەریی چـاو پێشـی دەکەوتـەوە).

فەرمـوودەی حەوتـەم: {**عَـنْ عَائِشَـةَ رَضِيَ اللَّـهُ عَنْهَـا، أَنَّ النَّبِـيَّ ﷺ أَمَرَهَا أَنْ تَسْـتَرْقِيَ مِـنَ الْعَـيْنِ**} (**تعليـق شـعيب الأرنـؤوط: إسـناده صحيح على شرط الشـيخين**).

واتـە: عائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، دەگێڕێتـەوە، کـە پێغەمبـەر ﷺ فەرمانـی پێکـردوە دوعـا بخوێنـێ بـۆ ئـەوەی لـە چـاوی پیـس، چـاووزار، پارێـزراو بـێ.

لـە خـوای پـەروەردگار دەپاڕێینـەوە بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی، لـە چـاوی پیـس و حەسـوودیی حەسـوودان، هەمـوو لایەکـمان بپارێـزێ و بـە دوورمـان بـکات..

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

الحَاقَّة

دەستپێک

مسوڵمانانی بەڕێزو خۆشەویست!

ئەمـڕۆ کـە (٥) شـەووالی سـاڵی (١٤٤١) کۆچییـە، بەرانبـەر: (٢٠٢٠/٥/٢٨) زایینیی، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوانمان بـێ، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (الحاقـة)، سـەرەتاش پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە حـەوت (٧) بڕگـەدا دەخەینـەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (الحاقة) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە لـە ڕۆژگاری پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەددا ﷺ، نـاوی (سُـورَةُ الْحَاقَّـة)ی بـۆ بەکارهاتوە، وەك لە موصحەفەکان و سـەرچاوەکانی تەفسـیرو سـوننەتدا هاتـوەو، ئـەم دەقـەش لـەو بـارەوە هەیـە: {عَـنْ عُمَـرَ بْـنِ الْخَطَّـابِ ﷺ، قَـالَ: «خَرَجْتُ يَوْمَـاً بِمَكَّـةَ أَتَعَـرَّضُ لِرَسُـولِ اللَّـهِ صـلى اللـه عليـه وسـلم قَبْـلَ أَنْ أُسْـلِمَ، فَوَجَدْتُـهُ قَـدْ سَـبَقَنِي إِلَى الْمَسْـجِدِ الْحَـرَامِ، فَوَقَفْـتُ خَلْفَـهُ، فَاسْـتَفْتَحَ سُـورَةَ الْحَاقَّـةِ، فَجَعَلْـتُ أَعْجَـبُ مِـنْ تَأْلِيـفِ الْقُـرْآنِ، فَقُلْـتُ: هَـذَا وَاللَّـهِ شَـاعِرٌ، «أَيْ قُلْـتُ فِي خَاطِـرِي»، فَقَـرَأَ: ﴿وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍۚ قَلِيلًا مَّا تُؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾﴾الحاقـة، قُلْـتُ: كَاهِـنٌ، فَقَـرَأَ: ﴿وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٣﴾﴾الحاقـة، إِلَى آخِـرِ السُّـورَةِ، فَوَقَـعَ الْإِسْـلَامُ فِي قَلْبِـي كُلَّ مَوْقِـعٍ»} (أخرجـه أحْمـد: ١٠٧، تعليـق شـعيب الأرنـؤوط: إسـناده ضعيـف لانقطاعـه).

واتـە: عومـەری کـوڕی خەتتـاب ﷺ دەڵـێ: بـەر لـەوەی مسـوڵمان ببـم، ڕۆژێـك لـە مەککـە ڕۆیشـتم، ڕێ بـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بگـرم، (گێچەڵـی پێبکـەم) بینیـم

پێش من کەوتبوو بەرەو مزگەوتی حەرام، (دیارە دەبێ کاتێك بووبێ نوێژی بە دەنگی بەرزی تێدا خوێندبێ، شێوان بووە، یان بەیانی بووە، یان خەوتنان بووە)، لە پشتیەوە وەستام، سوورەتی (**الْحَاقَّة**)ی دەست پێکرد، دەستم کرد بە سەر سورمان لە پێکهاتەی قورئان، (لە ڕەوانبێژیی و پاراویی و پڕ ماناییی)، لە دڵی خۆمدا گوتم: بە خوا ئەوە شاعیرە، دوایی ئەوەی خوێند: ﴿وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ قَلِيلًا مَا تُؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾﴾ **الحاقة**، ئەوە قسەی شاعیرێك نیە، بە کەمیی بڕوا دێنن، لە دڵی خۆمدا گوتم: وا پێدەچێ کاهین بێ، ئنجا دووبارە ئەوەی خوێند: ﴿وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٤٣﴾﴾ **الحاقة**، هەروەها قسەی بابایەکی کاهینیش نیە، کەم پەند وەردەگرن، دابەزێنراوە لە پەروەردگاری جیهانییانەوە، هەتا کۆتایی سوورەتەکە، ئیدی ملکەچیی بۆ خوا (ئیسلام) زۆر کەوتە دڵمەوە.

شایانی باسە: (**الْفَيْرُوزَ آبَادِيُّ**) لە کتێبی (**بَصَائِرِ ذَوِي التَّمْيِيزِ**)دا گوتوویەتی: ئەم سوورەتە پێشی گوتراوە: (**سُورَةُ السِّلْسِلَةِ**).

هەروەها (**الجَعْبَرِي**) لە مەنزوومەکەی خۆیدا کە لە بارەی ڕیزبەندیی سوورەتەکانەوە، هۆنراوەیەکی هەیە، گوتوویەتی: ناوی (**الْوَاعِيَةِ**)شی بۆ بەکارهێنراوە[1].

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بە یەکدەنگیی زانایان ئەم سوورەتە مەککەییەو، بەپێی هەواڵەکەی (**عُمر بن الخطاب**)یش، دەبێ بەلای کەمەوە لە ساڵی پێنجەمەوە دابەزیبێ، ئەگەر زووتریش نەبێ، چونکە عومەر (خوا لێی ڕازی بێ)، دوای کۆچی ژمارەیەك لە هاوەڵان بۆ حەبەشە، لە ساڵی پێنجەمدا، مسوڵمان بووە، وەك لە (**السيرة النبوية لابن هشام**)دا هاتووە.

---

(١) التحرير والتنوير: ج٢، ص١١٠.

ئنجا لەو بارەوە ئەم دەقە هەیە: {عَنْ عَبْدِ اللهِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: نَزَلَتْ سُورَةُ الْحَاقَّةِ بِمَكَّةَ} (أخرجه السيوطي في الدر المنثور: ج٨، ص٢٦٣، ونسبه لابن الضَّرَيْسِ وَالنَّحَّاسُ وَابْنُ مَرْدَوَيْهِ وَالْبَيْهَقِيُّ، وَقَالَ: وَأَخْرَجَ ابْنُ مَرْدَوَيْهِ عَنِ ابْنِ الزُّبَيْرِ مِثْلَهُ، انظر: الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٥٥).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس رضي الله عنهما، دەڵێ: سووڕەتی (**الْحَاقَّةِ**) لە مەککە دابەزیوەو، (**ابن مردويه**) لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە هەمان شتی هێناوە، واتە: ئەویش گوتوویەتی: ئەم سووڕەتە لە مەککە دابەزیوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە دابەزینداو لە موصحەفدا:

ڕیزبەندیی ئەم سووڕەتە لە دابەزیندا، ژمارە (٧٧)ە، پێش سووڕەتی (**المعارج**)و، دوای سووڕەتی (**الملك**) دابەزیوە، لە موصحەفیشدا ژمارە (٦٩)یە، بەڵام ئەگەر ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتیی، یاخود پێش ئەوەش دابەزیبێ، نابێ لە ڕیزبەندیی دابەزیندا ژمارەکەی (٧٧) بێ، چونکە ڕێی تێناچێ لە پێنج ساڵی سەرەتای پێغەمبەرایەتییدا (٧٧) سووڕەت دابەزیبن، بۆیە ئەگەر ئەو ڕیوایەتەی لە عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ)، هێنامان سەنەدەکەی ڕاست بێ و، چەسپاو بێ، دەبێ ڕیزبەندیی ئەو سووڕەتە لە دابەزیندا زووتر بێ، بۆ وێنە: لە بیست (٢٠) سووڕەتەکان یان لە سی (٣٠) سووڕەتەکان بێ، چونکە هەموو سووڕەتە مەککەییەکان ژمارەیان هەشتاو حەوت (٨٧) سووڕەتە، ئنجا ئەگەر بە پێنج ساڵان حەفتاو حەوت (٧٧) سووڕەت دابەزیبن، ناگونجێ لە ماوەی حەوت (٧) ساڵ، یاخود هەشت ساڵی دوایی دا - کە قۆناغی مەککە هەمووی سێزدە (١٣) ساڵ بووە - تەنیا دە (١٠) سووڕەت دابەزیبن، ئەوە شتێکی نامەتیقییە، بۆیەش کاتێك بیرو ڕای زانایان دێنین، لە بارەی هەندێك شتەوە، دەبێ پێکیان بگرین بەراوردیان بکەین، ئەو کاتە ڕەنگە بگەینە هەندێك ئەنجامگیریی ڕاست و دروستتر، ئێمە هەمیشە ڕیزبەندیی دابەزین لە جابیری

کـوڕی زەیـدەوە دێنیـن، زۆربـەی ڕوونکـەرەوانی قورئـان لـەو بـارەوە پشـتیان بـەو بەسـتوە، بـەڵام ئەویـش مـەرج نیـە لـە هەمـوو شـتێکدا پێکابێتـی و، سـەرەنجام مێـژووی دابەزینـی سـوورەتەکان، زانایـان قسـەیان لـێ کـردووە، بەگشـتیی شـتێکی تاڕاددەیـەك ئیجتیهادییـە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمێـرەرانی ئایەتـەکانی قورئـان، لەسـەر ئـەوە کۆکـن کـە ژمـارەی ئایەتـەکانی ئـەم سـوورەتە پەنجـاو دوو (٥٢)یـە، نـە کەمـترو نـە زیاتـر.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئـەم سـوورەتە جگـە لـە سـێ (٣) ئایـەتی سـەرەتای، کـە سـێ جـاران وشـەی (**الحاقة**)یـان تێـدا بەکارهاتـوە: ﴿ٱلۡحَآقَّةُ ۝١ مَا ٱلۡحَآقَّةُ ۝٢ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحَآقَّةُ ۝٣﴾، جگـە لـەو سێ ئایەتـە، ئایەتـەکانی دیکـە، چـل و نـۆ (٤٩) ئایەتەکـە، لـە بـارەی سـێ بابەتـەوە دەدوێـن، بـەم شـێوەیە:

بابـەتی یەکـەم: نـۆ ئایەتـەکانی: (٤ - ١٢)، بـاسی بێبڕوایـی هـەردوو گـەلی سـەموود و گـەلی عـادو، سـەرەنجام فەوتێنرانیانـە، یەکەمیـان بـە هاڕژنێـکی بێـڕەزاو، دووەمیان بـە بایـەکی لـە ڕادده بـەدەر بەهێـزو سـارد، هەروەهـا هـەر لـەو نـۆ (٩) ئایەتـەدا، بـاسی فەوتێـنرانی فیرعـەون و پێشـووەکانی فیرعـەون، یاخـود کۆمەڵەکـەی فیرعـەون و، شـارە هەڵـگێڕدراوەکانی گـەلی (**لوط**)یـش، کـە بـە گرتنێـکی زۆر تونـد گیـراون و سـزا دراون، بـاسی ئـەوەش کـراوە.

دیسـان هـەر لـەو نـۆ (٩) ئایەتـەی سـەرەتادا، ئاماژەیـەکی کـورت بە کەشـتییەکەی نـووح (**عَلَيْهِ السَّلام**) و دەربازکـرانی نـووح و هـاوەڵانی کـە بـاب و باپیـرانی تێکـڕای مرۆڤانیـان (مرۆڤـانی دوای خۆیـان) تێدابـوون، بـاسی ئەوانـە کـراوە.

بابـەتی دووەم: کـە بیسـت و پێنـج (٢٥) ئایەتـەکانی: (١٣ - ٣٧) دەگرێتـەوە، باسـێکی خەسـت و خۆڵـی ڕۆژی دوایـی، بـە هـەردوو قۆناغـی ئاخیـر زەمـان و قیامەتـەوە، کـراوە، ئنجـا بـاسی ڕانوێـنرانی مرۆڤـان و هێنرانـە پێشـیان و بەسـەردا دابەشـکرانی نامـەو لیسـتی کردەوەکانیـان و، بـە دەسـتی ڕاسـت وەرگرتنـەوەی بـڕوادارانی چاکـەکار، بـۆ لیسـتی کردەوەکانیـان و، بڕوانامەکانیـان و، بـە دەسـتی چـەپ وەرگرتنـەوەی بێبڕوایـانی خراپـەکار بـۆ بڕوانامـەو لیسـتی کردەوەکانیـان و، نیشـتەجێ بـوونی هـەر کامیـان لـە شـوێنی شایسـتەی خۆیانـدا، باسی ئەوانـە کـراوە.

بابـەتی سـێیەم و کۆتایـی: کـە پـازدە (١٥) ئایـەتی کۆتایـی، ئایەتـەکانی: (٣٨ - ٥٢) دەگرێتـەوە، بـاسی هـەرکام قوڕئـان و پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ بـەڵام بـە تێکەڵیـی و، خسـتنەڕووی ئـەو ڕاسـتییە، کـە قوڕئـان فەرمایشـتی دابەزێـنراوی پـەروەردگاری جیهانییانـە، بـە فریشـتەیەکی بەڕێـزدا، کـە جیبریلـە (علیـه السـلام) دایبەزانـدوەو، نـە شـیعری شـاعیرێکەو نـە قسـەی فاڵچییەکـەو، ئەگـەر گریـمان لـە فـەرزی مەحاڵـدا موحەممـەد ﷺ قسـانێکی بـە نـاوی خـواوەش هەڵبەسـتبانایە، خوای دادگـەر زۆر بـە سـەختیی سـزای دەداو، ڕەگـی گـەردنی دەپچڕانـدو، هیـچ کەسـیش نەیدەتـوانی بەرگریـی لـێ بـکات، بـەڵام قوڕئـان بیرخەرەوەیـە بـۆ پارێـزکاران و، مایـەی خەفـەت و پەشـێمانییە بـۆ کافـران و، هەقێـکی جێـی دڵنیاییـە، جگـە لـەوە هیچـی دیکـە نیـە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

چـوار تایبەتمەندییـمان خسـتوونە ڕوو، بـۆ جیـا کردنـەوەی ئـەم سـووڕەتە لـە سـووڕەتەکانی دیکـە:

١)- تەنیا لەم سووڕەتەدا باسی ئەوە کراوە کە لە کاتی لەتبوون و بێ هێز بوونی ئاسماندا، فریشتەکان لەسەر قەراغ و کەنارەکانی دەبن، لە ئایەتی ژمارە (١٧)دا: ﴿وَٱلْمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرْجَآئِهَا﴾، فریشتەکان لەسەر کەنارەکانی ئاسمان دەبن (لە ڕۆژی قیامەتدا).

٢)- باسی هەڵگیرانی عەرشی خوا کراوە، لە ڕۆژی دوایی دا، لە لایەن (هەشتانەوە): ﴿ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَٰنِيَةٌ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: عەرشی پەروەردگارت لەو ڕۆژەدا هەشت لە سەرووویانەوە هەڵیدەگرن، ئەویش هەر لە ئایەتی ژمارە (١٧)دا، دیارە لە سوورەتی (غافر) و، لە شوێنی دیکەدا، باسی عەرشی خواو هەڵگرانی عەرشی خوا کراوە، بەڵام تەنیا لێرەدا دیارییکراوە کە هەشت (٨) جۆرە دروستکراو، یان کۆمەڵە دروستکراو «واش پێدەچێ هەر فریشتەکان بن» عەرشی خوا هەڵدەگرن.

٣)- تەنیا لەم سوورەتەدا باسی زنجیرێکی حەفتا (٧٠) گەزیی و، ئاڵێنرانی لە بابای بێبڕوا کراوە، وەك لە ئایەتی ژمارە (٣٢)دا: ﴿ ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ ﴿٣٢﴾ ﴾، واتە: دوایی بیخەنە نێو زنجیرێکەوە، کە ئەندازەکەی حەفتا (٧٠) گەزە، یان حەفتا باڵە، یان حەفتا باسکە.

٤)- چەند وشەیەك تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

١- ﴿ الْحَاقَّةُ ﴾: کە سێ جاران دووبارە بۆتەوە، لە ئایەتەکانی: (١ و ٢ و ٣)دا.

٢- ﴿ حُسُومًا ﴾: واتە: بەردەوام و نەپساوە، لە ئایەتی ژمارە (٧)دا هاتوە.

٣- ﴿ صَرْعَىٰ ﴾: واتە: مردووانی کەوتوو، تخێڵ بوو، ئەویش هەر لە ئایەتی ژمارە (٧) دا هاتوە.

٤- ﴿ أَخْذَةً رَّابِيَةً ﴾: واتە: گرتنێکی زیاد، واتە: زیاد لە عادەتی ئاسایی، یاخود زیاد لەو سزادانانەی کە گەلانی پێشووی پێ سزا داون، لە ئایەتی ژمارە (١٠)دا.

٥- ﴿ وَاهِيَةٌ ﴾: کە ئاسمانی پێ وەسفکراوە، واتە: بێ هێز، یاخود شل و پل، یان داڕووخاو، لە ئایەتی ژمارە (١٦)دا.

٦- ﴿ هَاؤُمُ ﴾: واتە: ها بگرن (بخوێننەوە)، ﴿ هَاؤُمُ اقْرَءُوا كِتَابِيَهْ ﴾، لە ئایەتی ژمارە (١٩)دا.

٧- ﴿ غِسْلِينٍ ﴾: واتە: کێم و زووخاو، یاخود چڵك و چەپەری داشۆراوی جەستەی دۆزەخییان، لە ئایەتی ژمارە (٣٦)دا.

٨- ﴿ٱلْأَقَاوِيلِ﴾: **(أقاويل)** کۆی **(أقوال)**ە، و **(أقوال)**یش کۆی **(قول)**ەو **(أقاويل)** کۆی کۆیە، واتە: قسەکان، لە ئایەتی ژمارە (٤٤)دا.

٩- ﴿ٱلْوَتِينَ﴾، **(وَتِين)** واتە: ڕەگی لامل، یاخود خوێنبەر، ئەوەی خوێن دەبات بۆ جەستە، کە ئەگەر ئەوە ببڕدرێ، مرۆڤ بە یەکجاریی کۆتایی پێ دێ، لە ئایەتی ژمارە (٤٦)دا.

١٠- ﴿حَٰجِزِينَ﴾، **(حَاجِزِين: حَجَزَهُ أَي: مَنَعَهُ)**، کەواتە: ﴿حَٰجِزِينَ﴾، واتە: بەرگرییکار، یاخود نەهێڵەران، کەسانێك نەهێڵن شتێك ببێ، لە ئایەتی ژمارە (٤٧)دا.

حەوتەم: دابەشکردنی ئەم سوورەتە بۆ چەند دەرسێك:

کۆی پەنجاو دوو(٥٢) ئایەتەکانی ئەم سوورەتەمان، هەر بەپێی نێوەڕۆکی ئایەتەکان کە سێ بابەت بوون، بۆ سێ دەرسان دابەش کردوون:

دەرسی یەکەم: کە ئایەتەکانی: (١ - ١٢) دەگرێتەوە، باسی ﴿ٱلْحَآقَّةُ﴾، کە یەکێکە لە ناوەکانی ڕۆژی دوایی و، باسی بێبڕوایی و فەوتێنرانی گەلەکانی سەموودو عادو، گەلی فیرعەون و گەلی لووط.

دەرسی دووەم: کە (٢٥) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (١٣ - ٣٧)، باسی هاتنی ڕۆژی دوایی و، پێکداکێشرانی زەویی و چیایەکان و، شەق بوونی ئاسمان، چوونە قەراغی ئاسمانی فریشتەکان و، ڕانوێندرانی مرۆڤان، پاشان دابەشکرانی نامەی کردەوەکان بەسەر مرۆڤەکانداو، چاکەکاران بە دەستی ڕاستیان نامەی کردەوەکانیان وەردەگرنەوەو، خۆشحاڵ دەبن، خراپەکاران و بێبڕوایان بە دەستی چەپ و ناخۆشحاڵ دەبن و، باسی سزای ئەوانەی بەدەستی چەپیان نامەی کردەوەکانیان دەدرێتەوە.

دەرسی سێیەم: کە (١٥) ئایەتی کۆتایی سوورەتی **(الحاقة)** دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٣٨ - ٥٢)، سوێند خواردنی خوا بە بینراو و نەبینراوان، لەسەر ڕاستیی

لــە خــواوە هاتنــی قورئــان و، قســەی شــاعیرو کاهیــن نەبــوونی و، هەڵنەبەســترانی لــە لایــەن موحەممــەدەوە ﷺ و، ڕاگەیانــدنی ئــەو ڕاســتییە کــە ئەگــەر گریــمان موحەممــەد قســانێکی بەنــاوی خــواوە هەڵبەســتبانایە، خــوا زۆر بــە ســەختیی ســزای دەداو، هیــچ کەســێك نەیدەتوانی بەرگرییــکاری بــێ و، نەهێڵــێ ئــەو ســزایەی بــدرێ.



دەرسی یەکەم



پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە دوانـزە (١٢) ئایـەتی سـەرەتای (**الحاقـة**) پێـك دێ، ئایەتـەكانی: (١ - ١٢) كـە دوای سـێ جـار ناوهێـنانی (**الحاقـة**) «ئەویـش هـەر نـاوی ڕۆژی دواییـە» بـاسی بـە درۆ دانـان و سـەرپێچیی كـردنی هـەر كام لـە: گـەلی سـەموود و، گـەلی عـادو، گـەلی فیرعـەون و دارو دەسـتەكەی، یاخـود پێشـووەكانی و، شـارە هەڵگێڕراوەكانـی گەلـی لـووط، بـۆ پێغەمبـەرانی خۆیـان (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام**)، كـراوە، دوایـی بـاسی تۆفانەكـەی نـووح و هەڵگیـرانی نـووح (**علیـه السـلام**) خـۆی و شـوێنكەوتووانی لـە كەشـتییەكەدا، كـە شـوێنكەوتووەكانیشی دەبنـەوە بـە پێشـووانی هەمـوو مرۆڤایەتیـی، بـاسی ئـەوە كـراوە، بۆیـەش دەڵێیـن: شـوێنكەوتووانی نـووح كـە لـە كەشـتییەكەدا هەڵگیـراون و دەربـاز كـراون، بریتیـن لـە پێشـینانی هەمـوو مرۆڤایەتیـی، چونكـە خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (**الصافـات**)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُۥ هُمُ ٱلْبَاقِينَ ﴿٧٧﴾ ﴾، واتـە: تەنیـا وەچەكـەی ئەومـان هێشـتەوە، ئەوانیـش ئەوانـە بـوون كـە لەگەڵیـدا سـواری كەشـتییەكە بـوون.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ ٱلْحَآقَّةُ ﴿١﴾ مَا ٱلْحَآقَّةُ ﴿٢﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْحَآقَّةُ ﴿٣﴾ كَذَّبَتْ ثَمُودُ وَعَادٌۢ بِٱلْقَارِعَةِ ﴿٤﴾ فَأَمَّا
ثَمُودُ فَأُهْلِكُوا۟ بِٱلطَّاغِيَةِ ﴿٥﴾ وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُوا۟ بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ ﴿٦﴾ سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ
سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا فَتَرَى ٱلْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَىٰ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ ﴿٧﴾
فَهَلْ تَرَىٰ لَهُم مِّنۢ بَاقِيَةٍ ﴿٨﴾ وَجَآءَ فِرْعَوْنُ وَمَن قَبْلَهُۥ وَٱلْمُؤْتَفِكَٰتُ بِٱلْخَاطِئَةِ ﴿٩﴾ فَعَصَوْا۟ رَسُولَ رَبِّهِمْ
فَأَخَذَهُمْ أَخْذَةً رَّابِيَةً ﴿١٠﴾ إِنَّا لَمَّا طَغَا ٱلْمَآءُ حَمَلْنَٰكُمْ فِى ٱلْجَارِيَةِ ﴿١١﴾ لِنَجْعَلَهَا لَكُمْ تَذْكِرَةً وَتَعِيَهَآ أُذُنٌ
وَٰعِيَةٌ ﴿١٢﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، کارەساتە چەسپاوەکە ﴿١﴾ کارەساتە چەسپاوەکە چییە؟ ﴿٢﴾ چی پێی زانینیوی کارەساتە چەسپاوەکە چییە؟ ﴿٣﴾ گەلی سەموودو گەلی عاد داچڵێکێنەر(ی خەڵك)یان بە درۆ دانا ﴿٤﴾ ئنجا گەلی سەموود بە هاڕژنە لە ڕاددە بەدەرەکە فەوتێنران ﴿٥﴾ گەلی عادیش بە زریانێکی یەکجار ساردو بەهێزی لە سنوور دەرچوو فەوتێنران ﴿٦﴾ خوا حەوت شەوو هەشت ڕۆژی بەردەوام و نەپساوە ناردیە سەریان (و، لە دژیان بەکاری هێنا)، لە ئەنجامدا خەڵکەکەت دەدی بە مردوویی تخێڵ بوون، وەك بنكە دارخورما کلۆرەکان ﴿٧﴾ ئنجا ئایا هیچ کەسێکیان لێ دەبینی مابێ؟ ﴿٨﴾ هەروەها فیرعەون و گەلەکەی و ئەوانەی پێش وی و ئاوەدانییە هەڵگێڕدراوەکانیش تاوانیان کرد ﴿٩﴾ سەرپێچییان لە ڕەوانەکراوی پەروەردگاریان کرد، ئەویش بە گرتنێکی زێدە سەخت گرتنی و سزای دان ﴿١٠﴾ لە کاتی تۆفانەکەی نووحیش دا کاتێك ئاوەکە لە سنوور دەرچوو، ئەی خەڵکینە! پێشینەکانی ئێوەمان لە نێو کەشتییە بە نێو ئاو ڕۆیشتووەکەدا هەڵگرت ﴿١١﴾ تاکو ئەو کەشتیی و ڕووداوە مەزنەتان بۆ بکەینە بیرخەرەوەو، هەر گوێیەکی بیسەرو وەرگر، تێی بگات ﴿١٢﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْحَآقَّةُ): (أَصْلُ الحَـقِّ: المُطَابَقَـةُ وَالمُوَافَقَـة، الحَـقُّ: الثَّابِـت، أَحْقَقْـتُ كَـذَا: أَثْبَتُّـهُ)، (حاقَـة): لـە ئەصڵـدا لـە هەقـەوە هاتـوە، وشـەی (هـەق) واتـە: شـتێك لەگـەڵ شـتێكدا پـڕ بـە پێسـت و گونجـاو بـێ، هەروەهـا وشـەی (حـق) بـە مانـای چەسـپاو بـەكاردێ، دەگوتـرێ: (أَحْقَقْـتُ كَـذَا: أَثْبَتُّـهُ)، ئـەو شـتەم چەسـپاند، لـە (مختـار الصحـاح)دا دەڵـێ: (الحَاقَّـةُ: القِيَامَـةُ وَسُـمِّيَت بذَلِـكَ لأَنَّ فِيهـا حَـوَاقُّ الأُمُـورِ)، (حاقَـة) مەبەسـت پێـی ڕۆژی دواییـە (قیامـەت) بۆیـەش بـەو نـاوە نـاو نـراوە، چونكـە كارە هەقـەكانی تێـدان.

(وَمَآ أَدْرَىٰكَ): (الدِّرايَـةُ: المَعْرِفَـةُ المُدْرَكَـةُ بِـضَرْبٍ مِـنَ الخَتْـلِ)، (وَمَآ أَدْرَىٰكَ) واتـە: چ شـتێك بـە تـۆی زانینیـوە؟ چ شـتێك وای كـردوە تـۆ بزانـی؟ ئنجا (دِرَايَـة) بـە مانـای ناسـینێكە بـە شـێوەیەكی وردەكارانـە زانرابـێ، كەواتـە: (وَمـا يُدرِيـكَ: يَعنِـي وَمـا يُعلِمُـكَ) چ شـتێك تـۆی لـەوە ئـاگادار كردۆتـەوە؟ یـان چ شـتێك بـە تـۆی زانینیـوە؟

(بِٱلْقَارِعَةِ): (القَـرْعُ: ضَرْبُ الـشَّيءِ عَـلَى الـشَّيء)، (قَـرع): بریتیـە لـەوەی شـتێكی ڕەق بەسـەر شـتێكدا بكـوتی و زرینگـەی لێبـێ، (القارِعَـة يَعنِـي: الشَّـدِيدَةُ مِـن شَـدَائِدِ الدَّهـرِ)، سـەختییەك لـە سـەختییەكانی ڕۆژگار، لەڕاسـتییدا (قارعَـة)، واتـە: كارەسـاتە ڕاچڵەكێنەرەكـە، ئـەوەی خەڵـك ڕادەچڵەكێنـێ، ئەگـەر دەنگێـكی بـە قووەت ببیسـتی دادەچڵەكێـی ڕادەچڵەكێـی.

(بِٱلطَّاغِيَةِ): (الطَّاغِيَـة) كارەسـاتێكی لـە سـنوور دەرچـوو، لـە (طُغيـان)ەوە هاتـوە، (الطُّغيـانُ: تَجَـاوزُ الحَـدِّ فِي العِصْيَـان)، (طُغيـان) بریتیـە لـە سـنوور دەرچـوون لەسـەرپێچیی كردنـدا، لـە ئەصڵـدا ئـەوە ماناكەیـەتی و لـە (طَغَـى)ەوە هاتـوە، (أَي: خَـرَجَ مِـنَ الحَـدِّ فِي العِصيَـان)، (طاغِيَـة) لێـرەدا: (إِشَـارَةٌ إلى الطُّوفَـانِ المُعَـبَّرِ عَنْـهُ بِقَولِـهِ:

﴿ إِنَّا لَمَّا طَغَا ٱلْمَآءُ حَمَلْنَٰكُمْ فِى ٱلْجَارِيَةِ ﴾)، وشەی (طاغِيَة) ئاماژەیە بۆ تۆفانەکەی نووح بەوە تەعبیری لێکراوە، کە خوا دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّا لَمَّا طَغَا ٱلْمَآءُ ﴾، ئێمە کاتێك ئاوەکە یاخیی بوو لە سنوور دەرچوو (لە سنووری ئاسایی)، ئێوەمان لە ڕۆیشتووەکەدا (لە کەشتییە بەنێو ئاو ڕۆیشتووەکەدا) هەڵگرت.

(صَرْصَرٍ): (الصَّرُّ: الشَّدُّ، والصُّرَّةُ: ما تُعْقَدُ فِيهِ الدَّراهِمُ)، (صَرّ) لە ئەصڵدا بە مانای بەستن و گرێدانە، (صُرَّة) بەو پرێسکەیە دەگوترێ کە درەمی دەهاویشترێن و گرێ دەدرێ، (صَرْصَر: مِنَ الصَّرّ لِما في البُرُودَةِ مِنَ الشِّدَّةِ وَالتَّعَقُّدِ)، (صَرْصَرٍ) لە (صَرّ)ەوە هاتوە، لەبەر ئەوەی سەرما توندیی و سەختیی، تێدایە.

(عَاتِيَةٍ): (العُتُوُّ: النُّبُوُّ عَنِ الطَّاعَةِ)، (عَاتِيَة) لە (عُتُوّ)ەوە هاتوە، (عُتُوّ)یش دووریيە لە فەرمانبەریی، (العاتِي: المُجاوِزُ الحَدَّ فِي الإسْتِكْبَارِ، وَالعَاتِي: الجَبَّار)، (عاتِي): سنوور بەزێن لە خۆ بەزلگرییداو، (عاتِي) بە مانای مل بە خەڵك کەچکەر (داپڵۆسێنەر)، (عَاتِيَة)ش سیفەتی بایەکەیە، ﴿ بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ ﴾، واتە: بایەکی لە سنوور دەرچوو، لە سنووری بای ئاسایی دەرچوو.

(سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ): واتە: بە سەریدا زاڵ کردن (سَلَّطَهَا عَلَيْهِم)، (التَّسخِيرُ عَلَيهِم: التَّذلِيل)، (تَسْخِير): یانی: گەردن پێ کەچکردن و ڕام و دەستەمۆ کردن، واتە: ئەو بایە ڕام و دەستەمۆ کرابوو بۆ فەرمانی خوا، بەڵام زاڵ کرابوو بەسەر گەلی عاددا، (سَخَّرَهُ اللهُ وَسَلَّطَها عَلَيهِم) خوا ئەو بایەی ڕام و دەستەمۆ کردبوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەوەی لێی دەوێ و، زاڵی کردبوو بەسەر گەلی عاددا.

(حُسُومًا): واتە: بەردەوام (نەپساوە)، دەگوترێ: (حَسَمَهُ أي: قَطَعَهُ)، کەواتە: (حُسُومَاً) دەشگونجێ بە مانای: ئەو بایە یەکجاریی ئەوانی دەبڕی، بڕێ، چونکە (حَسْم) بە مانای (قَطْع)یش دێ، هەروەها (حُسُومَاً) دەشگونجێ بە مانای (مُتَتَابِعَةً)، واتە: بە دوای یەکداو بەبێ پسانەوە ئەو بایە دەهات، هەروەها (حُسُوم) بە مانای (شؤم)یش دێ، واتە: نەگبەت و بێ خێر، هەروەها (الحُسام:

السَّيفُ القاطِع) شمشێرێکی بڕندە، دیارە ئەو بایەی خوا بۆ گەلی عادی ناردوە، ئەو سیفەتانەی تێدا بوون: هەم بەردەوام بووە، هەم بڕیونی، هەم بایەکی بێ خێرو نەگبەت بووە.

(صَرْعَىٰ): (**الصَّرْعُ: الطَّرْح، وَالصَّرِيعُ: المَصرُوعُ، وَقَومٌ صَرْعَى أي: هَلْكَى**)، (**صَرْع**) بە مانای فڕێدان و خستنە، بەڵام بە مردوویی، (**صَرِيع**) بە مانای (**مَصرُوع**)ە، لەسەر کێشی (**فَعِيل**)ە، بە مانای (**مَفعُول**)، واتە: مرێندراوو لەگەڵ مردندا تخێڵ کراو، (**قَومٌ صَرعَى**) واتە: کۆمەڵێکی فەوتاو، کۆمەڵێك کە فەوتاون و تخێڵ[1] و تەخت بوون لە سەر زەوی.

(أَعْجَازُ نَخْلٍ): (**أَعْجَاز**) کۆی (**عَجُز**)ە، (**عَجُزُ الإنْسَانِ: مُؤَخَّرُهُ**)، (**عَجُز**) واتە: پشتەوەی مرۆڤ، (أَعْجَازُ نَخْلٍ) واتە: بنکەکانی دار خورمایەکان، وشەی (**عَجُز**) بە (**أَعْجَاز**) کۆ دەکرێتەوە، (**نَخل**)یش (**إسمُ جَمعِ نَخلَةٍ**)، ناوی کۆیە بۆ (**نَخْلَة**)، بە تاکەکەی دەگوترێ: (**نَخْلَة**)، واتە: یەك دار خورما، بەڵام بۆ کۆیەکەی دەگوترێ: (**نَخل**)، (أَعْجَازُ نَخْلٍ) واتە: بنکە دار خورمایەکان، کۆتەرە دار خورمایەکان، ئەو خەڵکەش کەوتبوون، وەك کۆتەرە دار خورمایەکان کەوتبوون.

(خَاوِيَةٍ): (**أي: سَاقِطَة، أو خالِيَة، أَصْلُ الخَواءِ: خَويَةُ بَطنُهُ مِنَ الطَّعام**)، وشەی (**خَواء**) لە ئەصڵدا بە مانای بۆشایی و بەتاڵییە، دەگوترێ: (**خَويَة بَطنُه مِنَ الطَّعام**)، سکی لە خواردن خاڵیی بووە، واتە: برسیەتی، ئنجا (**خاوِيَة: جَمعُ خاوٍ**)، ﴿أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ﴾، (**خاوِيَة**) کۆیە، بۆ (**خاوٍ**) واتە: (**ساقِطٍ**)، چونکە دەگوترێ: (**عَجُزٌ خاوٍ**)، واتە: بنکێکی کەوتوو.

کەواتە: ﴿أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ﴾، بنکە دارخورما کەوتووەکان، یاخود: بۆشەکان، کلۆرەکان، چونکە (**خاوِيَة**) هەم بە مانای (**ساقِطَة**) دێ، هەم بە مانای کلۆرو بۆش، دێ.

---

(١) تخێڵ: لەسەر پشت کەوتوو، یان لەسەر سك کەوتوو.

(وَٱلْمُؤْتَفِكَتُ): واتـە: هەڵگێـڕدراوەکان، (**المُـدُنُ المُؤتَفِـكات**)، یـان (**القُـرى المُؤتَفِـكات**)، لـە (**إفـك**)ەوە هاتـوە، (**إفْـك: كُلُ مَـصرُوف عَـن وَجهـهِ الَّـذِي حَقّـهُ أَن يَكُونَ عَلَيـهِ**)، (**إفك**): بریتیـە لـە هـەر شـتێك کـە لـەو ڕووەوەی پێویسـتە لـە سـەری بـێ، لابـدرێ، لـەوەوە (**مُؤتَفِـكات**) بـە مانـای (**مُنقَلِبـات**) هەڵگێـڕدراوەکان هاتـوە، لەبـەر ئـەوەی شـتێك لـە حاڵـەتی ئاسـایی لادرا، بـۆ وێنـە: خانووێـك بناغەکـەی لـە خوارێیـەو دیـوارەکانی لەسـەری دانـراون و، سـەربانەکەی لەسـەرێیە، بـەڵام کاتێـك هەڵدەگێڕدرێتـەوە، سـەربانەکەی دەکەوێتـە بنـەوەو، بناغەکـەی دادە ڕووخـێ و، دیوارەکانیـشی بـە پێـوە دەمێننـەوە.

(بِٱلْخَاطِئَةِ): واتـە: بـە گونـاح و تـاوان، دەگوتـرێ: (**خَطِـأَ، يَخْطَـأُ، خِطْـأً، وَخَطَـأً**)، واتـە: گوناحـی کـرد، گونـاح دەکات، گونـاح کـردن، وەك لـە سـوورەتی (**الإسراء**) دا، دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَـٰدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَـٰقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ ۚ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْـًٔا كَبِيرًا ﴿٣١﴾ ﴾، واتـە: منداڵەکانتـان لـە تـرسی هەژاریـی مەکـوژن، ئێمـە بژیـوی ئـەوان و ئێـوەش دەدەیـن، بەدڵنیایـی کوشـتنیان گوناهێـکی گەورەیـە.

هەڵبەتـە (**خَطِـأَ، يَخْطَـأُ**) بەمانـای گوناحـی کـرد بـە ئانقەسـت، بـەڵام: (**أَخْطَـأَ، يُخْطِـئُ، إخْطَـاءً، فَهُـوَ مُخْطِـئ**) جیایـە لـە (**خَطِأَ، يَخطَأُ، خِطأً، وَخَطَأً**)، (**أَخطَأَ، إخْطَـاءً، فَهُـوَ مُخْـئ**)، واتـە: هەڵـەی کـرد، هەڵـە دەکات، ئـەو هەڵەیـە، (**أَخطَأَ**) بـۆ شـتێکە کەسـێك نەیـەوێ ئـەو گوناهـە بـکات، بـەڵام وای لـە دەسـت بقەومـێ واتـە: نیـەتی گونـاح کـردنی نەبـێ و هەڵـە بـێ، (**القَتْـل الخَطَأ**) لـەوەوە هاتـوە، کـە کەسـێك شـتێك دەبینـێ، وا دەزانـێ نێچیرێکـەو تفەنگێـکی تێدەگـرێ، دوایـی بـە کەسـێك دەکـەوێ، کـە مەبەسـتی نەبـووە ئـەو کەسـە بکـوژێ، ئـەوە پێـی دەگوتـرێ: کوشـتنی هەڵـە، بـەڵام کەسـێك نیشـان لـە کەسـێك دەگرێتـەوە، دەشیناسـێ و لێـی دەدات، پێـی دەگوتـرێ: کوشـتنی بـە ئانقەسـت (**القَتْـلُ العَمْـد**).

(أَخْذَةً رَّابِيَةً): واتـە: گرتنێـکی زێـدە، (**الرَّبـوَةُ وَ الرَّابِيَـةُ، كَأَنَّهـا رَبَـتْ بِنَفسِـها فِي مَكانٍ**)، (**رَبـوَة**) و (**رَابِيَـة**) بـە گردۆلکـە دەگوتـرێ، واتـە: ڕەبیـە، بـە سـەنگەرێك دەگوتـرێ

لەسەر گردێك لێدرابێ، کە بە (ربایا) کۆ دەکرێتەوە، واتە: سەنگەرەکانی کە لەسەر گردو بەرزاییەکانن، ئنجا (رَبْـوَة) و (رَابِيَـة) بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە، یانی: خۆی بەرزی کردۆتەوە لە ئاستی زەوی، (رَبَى: أي: زَادَ وَعَلَا)، واتە: زیادی کردو بەرز بووەوە (أَخۡذَةً رَّابِيَةً): واتە: گرتنێکی بەرز، گرتنێکی بەرزتر لە ئاستی گرتنەکانی خوا ﷻ بۆ گەلە پێشووەکان.

(تَذۡكِرَةً): (التَّذكِـرَةُ: ما يُتَذَكَّرُ بِهِ الشَّيءُ)، (تَذْكِـرَة): ئەوەیە بەهۆیەوە شتێکت بێتەوە یاد، (وَهُـوَ أَعَـمُّ مِـنَ الدَّلاَلَـةِ والأَمـارَةِ)، وشەی (تَذْكِـرَة) بیرکەوتنەوە مانایەکەی گشتییترە لە: (دِلالَة)یان (دَلالَـة) گەیاندن و (أَمـارَة) نیشانە.

(وَتَعِيَهَآ أُذُنٞ وَٰعِيَةٞ): گوێیەکی وەرگر و تێگەیشتوو تێبگات، (الوَعِيُ: حِفْظُ الحَدِيثِ وَنَحوه، يُقالُ: وَعَيتُهُ فِي نَفسِي، والإيعاء: حِفظُ الأَمتِعَةِ فِي الوِعاءِ، قالَ تَعَالَى: ﴿وَجَمَعَ فَأَوۡعَىٰٓ ١٨﴾ المعارج،)، وەعیی بریتییە لە وەرگرتنی قسەو پاراستنی، (وَعَيتُهُ فِي نَفسِي) واتە: لە دڵی خۆمدا هەڵمگرت ئەو قسەیە، پاراستم، بەڵام وشەی (إيعاء): بریتییە لەوەی شتێك لە دەفرێك، توورەگەیەك (وِعاء)دا، شتێك کە کەل و پەلی تێدەکرێ، تێیبهاوێی و تێیدا بپارێزرێ، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَجَمَعَ فَأَوۡعَىٰٓ ١٨﴾ المعارج، باسی بابایەکی بێبڕوا دەکات، دەفەرموێ: ماڵ و سامانی کۆکردۆتەوەو هەڵیگرتوە لە توورەکەدا، یان لە قاسەدا، هەر خەریکی ژماردن و هەڵگرتنیەتی.

ماناى گشتيى ئايەتەكان

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە: دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، ئەویش مەبەستی ئەوەیە:

١ - ئەم کارە تەنیا بۆ خوای تاک و پاک دەکەم.

٢ - ئەم کارە بە پێی شەرعی خوای کارزان دەکەم.

٣ - ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەکەم.

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوای میهرەبان ئەنجام دەدەم

﴿ ٱلْحَاقَّةُ ﴾: (**الحاقة**)، یانی: کارەساتە چەسپاوەکە، یان کارەساتە چەسپێنەرەکە، وەك دوایی باسی دەکەین، ﴿ مَا ٱلْحَاقَّةُ ﴾، (**الحاقة**) چییە؟ کارەساتە چەسپاوەکە، یان کارەساتە چەسپێنەرەکە چییە؟ ﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْحَاقَّةُ ﴾، چ شتێك بە تۆی زانینیوەو وایکردوە بزانی (**الحاقة**) چییە؟ هەڵبەتە لێرەدا خوا ﷻ باسی نەکردوە چییە، بەڵام (**الحاقة**) یەکێکە لە ناوەکانی ڕۆژی دوایی، کە حەقەکانی تێدا دەچەسپێن، کارەساتێکە بەسەر گەردووندا دێ و، چەسپاوەو هەر دێ، بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە، خوا ڕۆژی دوایی، بە زۆر وشان ناو ناوە، لەبەر ئەوەی کارەساتێکی یەکجار گەورەو مەزنە، ناوی زۆری هەن.

﴿ كَذَّبَتْ ثَمُودُ وَعَادٌۢ بِٱلْقَارِعَةِ ﴾، گەلی سەموودو گەلی عاد بێبڕوابوون بە داچڵەکێنەر، داچڵەکێنەریان بە درۆ دانا، (**قارعَة**)ش یەکێکە لە ناوەکانی ڕۆژی دوایی.

﴿ فَأَمَّا ثَمُودُ فَأُهْلِكُواْ بِٱلطَّاغِيَةِ ﴾، ئنجا هەرچی گەلی سەموودە، بە (**طاغِيَة**) فەوتێندران، (**طاغِيَة**) واتە: لە سنوور دەرچوو، یاخیبوو، سنووربەزێن، کە بە دڵنیایی لێرەدا وشەی (**طاغِيَة**) سیفەتە بۆ وەسفکراوێکی قرتێندراو، وەك: (**صَیحةٍ طاغِيَة**)، هاڕژنێکی لە سنوور دەرچوو، یاخود (**رَجفَةٍ طاغِيَة**)، لەرزینەوەیەکی لە سنوور دەرچوو، یاخود (**صَاعِقَةٍ طاغِيَة**)، بڵێسە ئاگرێکی لە سنوور دەرچوو، خوای باڵادەست ئەو سزایەی گەلی سەموودی پێ فەوتاندوە، بە هەموو ئەو وشانە پێناسەی کردوە، وەك لە تەفسیری سوورەتی (الحجر)دا بەسەرهاتی صالح (**عَلَيْهِ السَّلام**) و گەلەکەی سەموودمان باسکردوە، لەوێدا هەموو ئەو وشانەی خوا بەکاری هێناون بۆ فەوتاندنی گەلی سەمود، هێناومانن و ئەو ڕاستییەمان ڕوونکردۆتەوە، کە هەموو ئەو وشانە تێك ناگیرێن، بەڵکو هەر کامێکیان تەعبیر دەکات لە گۆشەیەك و لە ڕوویەکی ئەو سزاو بەڵایەی بەسەر گەلی سەموود هاتوەو پێی فەوتاون.

﴿ وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُواْ بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ ﴾، بەڵام گەلی عاد بە بایەکی زۆر ساردی بەهێزی لە سنوور دەرچوو فەوتێندران، ﴿ صَرْصَرٍ ﴾، بە مانای: زۆر سارد دێ و، بە مانای: زۆر بەهێزیش دێ، ﴿ عَاتِيَةٍ ﴾ش لە (عَتا)ەوە هاتوەو ئەویش لە (عُتُوّ)، واتە: لە سنوور دەرچوون و سنوور بەزاندن و یاخیبوون، ئنجا هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەو بایەی خوا ناردوویەتی، لە فریشتەکانیش یاخیی بووەو بە قسەی فریشتەکانیشی نەکردوە! بەڵام پێم وانیە ئەو مانایە ڕاست بێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بایەك بووە، وەك بای ئاسایی نەبووە، بەڵکو بایەکی لە سنوور دەرچوو بووە، لە بازنەو سنووری بای ئاسایی چۆتە دەرێ، ﴿ سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا ﴾، خوا ئەو بایەی ملکەچ کردو بەسەر وانیدا زاڵکرد، حەوت شەوو هەشت ڕۆژان بەردەوام، یاخود: ﴿ حُسُومًا ﴾، واتە: زۆر نەگبەت و بێ خێر بووە، یاخود: یانی: ئەو بایە ئەوانی دەبڕی.

﴿ فَتَرَى ٱلْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَىٰ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ ﴾، ئنجا تۆ خەڵکەکەت دەبینی، ﴿ ٱلْقَوْمَ ﴾، (أل)ەکەی بۆ ناساندنەو بۆ (عهد)ە، واتە: خەڵکەکە، ئەو خەڵکەی گەلی عادت دەبینی کەوتبوون، تخێڵ بوو بوون و فەوتا بوون، ﴿ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ ﴾، هەر وەك كۆتەرە دار خورما كلۆرەكان وابوون، یاخود: وەك بنكە دار خورما كەوتووەكان وابوون، ﴿ فَهَلْ تَرَىٰ لَهُم مِّنۢ بَاقِيَةٍ ﴾، ئنجا ئایا هیچ كەسێكت تێدا دەبینن، مابێ؟ یان: ئایا هیچ كۆمەڵێكی ماوت تێدا دەبینین؟ واتە: كەست لێ نەدەبینین و گەلی عاد، كەسیان نەما.

﴿ وَجَآءَ فِرْعَوْنُ وَمَن قَبْلَهُۥ وَٱلْمُؤْتَفِكَـٰتُ بِٱلْخَاطِئَةِ ﴾، هەروەها فیرعەون و ئەوانەش كە لەپێشەوەی بوون و، شارە هەڵگێڕدراوەكانیش تاوان و گوناهیان كرد، ﴿ وَمَن قَبْلَهُۥ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**وَمَـن قِبَلَـهُ**)، ئەوانەی لە لای بوون، یانی: ئەوانەی لەگەڵ فیرعەوندا بوون، ئەوانەش هەموویان تاوانێكی زۆر خراپیان كرد، ﴿ فَعَصَوْا۟ رَسُولَ رَبِّهِمْ ﴾، ئنجا سەرپێچییان لە نێردراوی پەروەردگاریان كرد، ﴿ فَأَخَذَهُمْ أَخْذَةً رَّابِيَةً ﴾، خوا ﷻ گرتنی بە گرتنێكی زۆر زێدە، گرتنێك كە زێدە بوو لە گرتنەكانی خوا ﷻ بۆ گەلە پێشووەكان، لەبەر ئەوەی ئەوانە لە گەلەكانی دیكە ملهوڕترو یاخیتر بوون، خواش گرتنەكەی بۆ ئەوان توندتر بووە، چونكە گەلی عاد بوون دەیانگوت: ﴿ مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ... ﴿١٥﴾ ﴾فصلت، كێ لە ئێمە بەهێزترە! زۆر بە خۆیان دەنازی.

﴿ إِنَّا لَمَّا طَغَا ٱلْمَآءُ حَمَلْنَـٰكُمْ فِى ٱلْجَارِيَةِ ﴾، ئنجا خوا ﷻ باسی ئەو ڕووداوە گشتگیرە مێژووییە دەكات كە بریتیە لە تۆفانەكەی نووح، ئەوەشمان دێنێتەوە یادو دەفەرموێ: ئێمە كاتێك ئاوەكە لە سنوور دەرچوو، ئێوەمان لە ڕۆیشتووەكەدا (بە نێو ئاو ڕۆیشتووەكەدا هەڵگرت) مەبەست پێی كەشتییەكەیە، ﴿ ٱلْجَارِيَةِ ﴾ش، دیسان سیفەتی وەسفكراوێكی قرتێنراوە، واتە: (**حَمَلْنَاكُم فِي السَّفِينَةِ الجَارِيَة**)، لە كەشتییە بە نێو ئاو ڕۆیشتووەكەدا ئێوەمان هەڵگرت، ئنجا یەكێك بۆی هەیە بڵێ: كوا ئێمە سواری كەشتیی نووح بووین؟ بەڵام مەبەست ئەوەیە باب و

باپیرانی ئێوەمان لەو کەشتییەدا هەڵگرت و ئەگەر باب و باپیرانتان بەو کەشتییە دەرباز نەکرابان، ئێوەش پەیدا نەدەبوون، چونکە مرۆڤایەتیی لە دوای نووح، هەمووی وەچەی نووحە، واتە: هەمووی وەچەی ئەوانەیە کە لەگەڵ نووحدا، سواری کەشتییەکە بوو بوون.

ئنجا ئایا بۆچی خوا ﷻ ئەوەمان بۆ باس دەکات؟ دەفەرمووێ: ﴿لِنَجْعَلَهَا لَكُمْ تَذْكِرَةً﴾، بۆیە ئەو بەسەرهاتەتان بۆ باس دەکەین، تاکو بۆتان بکەینە بیرخەرەوە، ﴿وَتَعِيَهَآ أُذُنٌ وَٰعِيَةٌ﴾، هەروەها تاکو گوێیەك کە وەردەگرێ و دەبیستێ، ئەویش تێیبگات و وەریبگرێ و پەندی لێ وەربگرێ.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ناونانی ڕۆژی دوایی بە (الحاقة)و، پرسیارکردن لە بارەیەوە، بە مەبەستی مەزنیی و بێڕەزایی پێشاندانی، ئەو ڕووداوەو، ئەو ڕۆژە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ٱلْحَآقَّةُ ۝١ مَا ٱلْحَآقَّةُ ۝٢ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْحَآقَّةُ ۝٣﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ٱلْحَآقَّةُ﴾، چەسپاوەکە، (**الحَاقَّة: السَّاعَةُ والقِيَامَةُ الواجِبَةُ الوقُوع، وَهُوَ اسمُ فاعِلٍ مِنْ حَقَ الشَّيءُ أَي: وَجَبَ، والحَقُّ وَالحَقَّةُ، ثَلاثُ لُغاتٍ**)، وشەی (**حاقَّة**) بە مانای (**سَاعَة**) :ئاخیر زەمان و، بە مانای (**قِيامَة**) هەڵسێنرانەوەو زیندووکرانەوە دێ، ئەو ئاخیر زەمان و قیامەتەی پێویستە ڕوو بدەن، وشەی (**حاقَّة**)ش ناوی بکەر (**إسم فاعِل**)ە، (**مِن حَقَّ الشَّيءُ أَي ثَبَتَ وَوَجَبَ**)، واتە: شتەکە چەسپاو پێویست بوو، ئنجا (**حَقّ**) و (**حَقَّة**) و (**حاقَّة**)، سێ وشەن هەر سێکیان بە مانای شتی چەسپاو و پێویست بوو، بەکاردێن.

٢)- ﴿مَا ٱلْحَآقَّةُ﴾، حاققە چییە؟! (**فـي الإستِفهامِ تَعظِيمٌ لِشَأنِ الحَاقَّةِ وَتَهوِيلٌ لأَمرِها أَيُّ: أَيُّ شَيءٍ السَّاعَةُ الحَاقَّة؟**)، لە پرسیار کردن لە بارەی (**حاقَّة**)وە، بە مەزن پێشاندان و بێڕەزا پێشاندانی هەیە، یانی: ئایا ئەو ڕووداوەی پێویست بووەو چەسپاوە، چییە؟

٣)- ﴿وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْحَآقَّةُ﴾، چ شتێك بە تۆی زانینیوە (**حاقَّة**)، چییە؟ نەك چ شتێك بە تۆی زانیوە، چونکە بە تۆی زانیوە واتە: بە تۆی ناسیوە، بەڵام بە تۆی زانینیوە، واتە: وای لە تۆ کردوە بیزانی، کە لەوانەیە بۆ یەکەم جار بێ ئەو وشەیە بەندە بەکاری بێنێ، مەبەستم ئەوە نیە بەس لێرە بەکارم هێنابێ، بە تۆی زانینیوە، یان بەتۆی زاناندوە،

یانی: وایکردوە تۆ بزانی (**أَيُّ شَيءٍ عَرَّفَكَ وأدراكَ، أَيُّ شَيءِ الحَاقَّة؟**)، چ شتێك بە تۆی ناساندوەو تۆی زانیاندوە (**الْحَاقَّة**)، بریتیە لەچی؟

با تۆزێك سەرنجی هەندێك قسەی زانایان بدەین، لە بارەی وشەی (**الْحَاقَّة**)ەوە:

١- (**إبن عاشور**) دەڵێ: (**الْحَاقَّةُ صِيغَةُ فَاعِلٍ مِنْ: حَقَّ الشَّيْءُ إِذَا ثَبَتَ وُقُوعُهُ، وَالْهَاءُ فِيهَا لَا تَخْلُو عَنْ أَنْ تَكُونَ هَاءَ تَأْنِيثٍ، فَتَكُونُ الْحَاقَّةُ وَصْفًا لِمَوْصُوفٍ مُقَدَّرٍ مُؤَنَّثِ اللَّفْظِ، أَوْ أَنْ تَكُونَ هَاءَ مَصْدَرٍ عَلَى وَزْنِ فَاعِلَةٍ، مِثْلَ الْكَاذِبَةِ لِلْكَذِبِ، وَالْخَاتِمَةِ لِلْخَتْمِ، وَالْبَاقِيَةِ لِلْبَقَاءِ، وَالطَّاغِيَةِ لِلطُّغْيَانِ، الْحَاقَّةُ مُبْتَدَأٌ ومَا مُبْتَدَأٌ ثَانٍ، والْحَاقَّةُ الْمَذْكُورَةُ ثَانِيًا خَبَرُ الْمُبْتَدَإِ الثَّانِي، وَالْجُمْلَةُ مِنَ الْمُبْتَدَإِ الثَّانِي وَخَبَرِهِ، خَبَرُ الْمُبْتَدَإِ الْأَوَّلِ، ومَا اسْمُ اسْتِفْهَامٍ مُسْتَعْمَلٌ فِي التَّهْوِيلِ وَالتَّعْظِيمِ**).

جار جار لە ڕووی ڕێزمانییشەوە قسە لەسەر ئایەتەکان دەکەین، بۆ ئەوەی مانایەکە ڕۆشنتر بێ بۆ کەسانێك کە شارەزای زمانی عەرەبیین، لە وردەکاریی ڕستە بەندیی و پێکهاتەی زمانەوانیی ئایەتە موبارەکەکان شارەزاتر بن، جار جار ئاماژەش بەو لایەنە دەکەم، بەپێی ئەوەی لە قسەی ڕوونکەرەوانی قورئاندا دەیبینین، ئەگەر بزانم شتێك زۆربەیان گرنگییان پێداوە، ئێمەش گرنگییەکی پێ دەدەین.

(**إبن عاشور**) دەڵێ: (**حاقَّة**)، ڕێژگەی بکەرە لە (**حَقَّ الشَّيءُ**)وە هاتوە، (**حَقَّ الشَّيءُ: أي ثَبَتَ وقُوعُهُ**)، واتە: شتەکە بوونەکەی، ڕوودانەکەی چەسپا، ئنجا (ها) یەکەی (**الحاقَّة**) لە دوو حاڵ بەدەر نیە:

أ- یان (ها)ی مێینەیە، ئەو کاتە دەبێ (**حاقَّة**)، وەسف بێ بۆ وەسفکراوێکی مەزەندە کراو، کە مێینە بێ، {واتە: بێژەکەی مێینە بێ، مێینەی مەجازیی بێ، وەك (**الحادِثَة**)، (**الحادِثَةُ الحَاقَّة**)، یان (**القِيامَةُ الحَاقَّة**)، یان (**السَّاعَةُ الحَاقَّة**)، واتە: ئەو ڕووداوەی چەسپاوە، یان پێویستە ببێ، یان ئەو قیامەتەی پێویستە بێ، یان ئەو ئاخیر زەمانەی پێویستە بێ}.

ب- ئەگەری دووەم ئەوەیە کە (ها)ی چاوگ بێ لەسەر کێشی (فاعل)، وەك (**الكَاذِبَة**)، بۆ (**كَذِب**) درۆ، (**الكَاذِبَة**) یانی: درۆ، (**خاتِمَة**) بۆ (**خَتم**) کۆتایی، چاوگە، (**الباقِيَة**) بۆ (**بَاقِي**)، ماوە، مانەوە، (**الطَّاغِيَة**) بۆ (**طُغيَان**)، واتە: لە سنوور دەرچوون.

لە ڕووی ڕێزمانییشەوە:

کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلْحَاقَّةُ ﴾، ئەمە دەبێتە نیهاد (**مُبتَدأ**)، (**ما الحاقَّة**)، (**ما**) نیهادی دووەمە، ﴿ ٱلْحَاقَّةُ ۝٢ ﴾، دەبێتە گوزارە بۆ نیهادی دووەم، ڕستەکەش هەمووی دەبێتە گوزارە بۆ نیهادی یەکەم، وشەی (ما) ﴿ مَا ٱلْحَاقَّةُ ﴾، ناوی پرسیار کردنەو لە بێرەزایی پێشاندانی شتێکدا بەکارهێنراوە.

ئەمە قسەی (**ابن عاشور**)ە لە بارەی وشەی (**حاقَّة**)و پێکهاتەی ئەو دوو ڕستەیەوە: (ٱلْحَاقَّةُ، مَا ٱلْحَاقَّةُ).

٢- (**الطبري**) دەڵێ: (**الحَاقَّةُ: السَّاعَةُ الَّتِي تَحِقُّ فِيهِ الأُمُورُ وَيَجِبُ فِيه الجَزاءُ عَلَى الأَعْمَال**)، (**حاقَّة**): ئەو کاتەیە کە کارەکانی تێدا دەچەسپن و سزاو پاداشت لەسەر کردەوەکان لەوێدا پێویست دەبێ.

٣- (**الشَّوكَاني**) دەڵێ: (**الحَاقَّةُ: الأَمرُ الَّذِي يَحِقُّ فِي القِيامَةِ، وَهِيَ تَحِقُّ فِي نَفْسِهَا مِنْ غَيرِ شَكٍّ**)، ئەو کارەی لە قیامەتدا دەچەسپێ و، بێگومان ئەویش لە زاتی خۆیدا بەبێ دوو دڵیی دەچەسپێ، واتە: ڕۆژی دوایی، بە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و قیامەت و هەڵسانەوەوە.

٤- (**القرطبي**): پێنج ڕای هێناون لە بارەی ﴿ ٱلْحَاقَّةُ ﴾ەوە، بۆچی ئەو ناوە لە ڕۆژی دوایی نراوە؟

یەکەم: (**الأُمُورُ تُحَقُّ فِيها**)، کارەکان لەو ڕۆژەدا دەچەسپن.

دووەم: (**تَكُونُ مِن غَيرِ شَكٍّ**)، لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی چەسپاوە بەبێ دوو دڵیی، واتە: لەبەر ئەوەی ڕۆژەکە بۆ خۆی چەسپاوەو کارەساتەکە چەسپاوە.

سێیەم: (**أَحَقَّت لِأَقْوَامٍ الْجَنَّةَ، وَأَحَقَّتْ لِأَقْوَامٍ النَّارَ**)، ئەو ڕووداوەی ئەو ڕۆژە: بۆ کۆمەڵانێك بەهەشت پێویست دەکات و دەچەسپێنێ و، بۆ کۆمەڵانێکیش دۆزەخ و ئاگریان بۆ دەچەسپێنێ.

چوارەم: (**كُلُّ إِنْسَانٍ يَصِيرُ حَقِيقاً بِجَزَاءِ عَمَلِهِ**)، هەموو مرۆڤێك لەو ڕۆژەدا شایستە دەبێ بە سزاو پاداشتی کردەوەکانی.

پێنجەم: (**حَاقَقْتُهُ أَيْ: غَالَبْتُهُ فَغَلَبْتُهُ، فَالْقِيَامَةُ حَاقَّةٌ لِأَنَّهَا تَحُقُّ كُلَّ مُحَاقٍّ فِي دِينِ اللَّهِ بِالْبَاطِلِ**)، (**حَاقَقْتُهُ**) واتە: (**غَالَبْتُهُ**)، واتە: لەگەڵیدا بوو بە کێشەم و بەسەریدا زاڵ بووم، ئنجا قیامەتیش بۆیە پێی دەگوترێ: (**حاقَّة**)، چونکە هەر مشت و مڕ کەرێك بە ناهەق لە بارەی ئایینی خواوە شەڕە قسە بکات، بەسەریدا زاڵ دەبێ.

لە بارەی ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ ﴾ ەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە هاتوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، (**القرطبي**) هێناویەتی و، زۆربەی تەفسیرەکانیش ئاماژەیان پێکردوە:

(**رُوِيَ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ** ﷺ، **كُلُّ شَيْءٍ فِي الْقُرْآنِ:** ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ ﴾، **فَقَدْ أَدْرَاهُ، وَكُلُّ شَيْءٍ مِنْ قولـه: (وَمَا يُدرِيكَ) فَقَدْ طَـواه عنـه، وَقَالَ الرَّاغِبُ كُلُّ:** ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ ﴾، **فَقَد عُقِبَ بِبَيَانِهِ:** ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا هِيَهۡ ۝١٠ نَارٌ حَامِيَةُۢ ۝١١ ﴾**القارعة**).

واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە گوتوویەتی: هەر شتێك لە قورئاندا خوا فەرموویەتی: ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ ﴾، خوا فێری پێغەمبەری کردوە ﷺ پێی زانینیوە، بەڵام هەر شتێك لە فەرمایشتی خوا کە دەفەرموێ: (**وَما يُدرِيكَ**) چ شتێك پێت دەزانێنێ! ئەوە زانیارییەکەی لە پێغەمبەر ﷺ پەنهانکراوە.

[ئەوەش هەڵهێنجانی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەو بە تێوەڕامان و ئیستیقرای ئەو شوێنانەی ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ ﴾ و (**وَما يُدرِيكَ**)یان تێدا هاتوە].

ڕاغیبی ئەصفەهانیی گوتوویەتی: هەموو ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ ﴾یەك کە لە قورئاندا هاتوە، لە دوایەوە ڕوونکردنەوەکەی هاتوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ

﴿مَا هِيَهْ ﴿١٠﴾ نَارٌ حَامِيَةٌ ﴿١١﴾﴾القارعة، تۆ چووزانی ئەوە چییە؟ ئاگرێکی زۆر گەرمە.

ئاگریش بۆ خۆی هەر گەرمە، بەڵام خوا ﷻ ئاگرێك بە گەرمیی، وەسف بکات واتە: گەرمییەکی نائاسایی، نەك ئەو گەرمییەی دەیزانین، کە وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە[1]: ئاگری دۆزەخ حەفتا هێندەی ئاگری دنیا گەرمە، کە زانایان دەڵێن: ئەو وشەی (حەفتا)ش بۆ زۆرییە، ئەگەرنا مەرج نیە، ڕێك حەفتا هێندە گەرم بێ، دەگونجێ کەمتر بێ و دەگونجێ زیاتریش بێ.

---

(١) {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ: نَارُكُمْ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ، قِيلَ: يَا رَسُولَ اللهِ! صلى الله عليه وسلم إِنْ كَانَتْ لَكَافِيَةً! قَالَ: فُضِّلَتْ عَلَيْهِنَّ بِتِسْعَةٍ وَسِتِّينَ جُزْءًا، كُلُّهُنَّ مِثْلُ حَرِّهَا} أخرجه أحمد: ١٠٢٠٤، والبخاري: ٣٠٩٢، ومسلم: ٢٨٤٣، والترمذي: ٢٥٨٩.

مەسەلەی دووەم:

بــە درۆ دانــانی گــەلی ســەموودو گــەلی عــاد، بــۆ قیامــەت، یــان بــۆ ڕۆژی داچڵەکێنــەرو، فەوتێــنرانی گــەلی ســەموود بــە هاڕژنێــکی بێــڕەزاو، گــەلی عادیــش بــە بایــەکی زریــانی ســاردو لــە ســنوور بــە دەر، ســەرەنجام خەڵکەکــە وەك کۆتــەرە دار خورمــای کلــۆر بــە مردوویــی تخێــل بــوو بــوون و کەوتبــوون:

خــوا دەفەرمــوێ: ﴿كَذَّبَتْ ثَمُودُ وَعَادٌۢ بِٱلْقَارِعَةِ ﴿٤﴾ فَأَمَّا ثَمُودُ فَأُهْلِكُوا۟ بِٱلطَّاغِيَةِ ﴿٥﴾ وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُوا۟ بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ ﴿٦﴾ سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا فَتَرَى ٱلْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَىٰ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ ﴿٧﴾ فَهَلْ تَرَىٰ لَهُم مِّنۢ بَاقِيَةٍ ﴿٨﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿كَذَّبَتْ ثَمُودُ وَعَادٌۢ بِٱلْقَارِعَةِ﴾، سەموودو عاد داچڵەکێنەریان بە درۆ دانا، (**قارِعَةُ**) یەکێکە لە ناوەکانی ڕۆژی دوایی، هەروەك چۆن (**حاقَّة**)ش یەکێکە لە ناوەکانی ڕۆژی دوایی، ئنجا (**قارِعَة**) وەك پێشتر گوتمان: لە (**قَرْع**)ەوە هاتوە، (**قَرع**) یش بریتیە لەوەی شتێك لە شتێك بدەی، زرینگەی بێ و دەنگی بێ، دەنگێك کە مرۆڤ داچڵەکێنێ، واتە: (**القارِعَةُ: القِيامَةُ الّتي تَقرَعَ النّاسَ بِالإفزاعِ وَالأهوال**)، ئەو قیامەت و ڕۆژی دواییەی خەڵك دادەچڵەکێنێ بە ترساندنیان و بە سامناکییەکانی، ئەو شتە سامناکانەی تێیدا دێنە دی.

بۆیــە خــوا ﷻ فەرموویــەتی: ﴿كَذَّبَتْ ثَمُودُ وَعَادٌۢ بِٱلْقَارِعَةِ﴾، لــە جیــاتی بفەرمــوێ: (**بِالحاقَّــة**)، بــۆ ئــەوەی بزانــرێ ئــەو (**حاقَّة**)یــەی یەکێکــە لــە نــاوەکانی ڕۆژی دوایــی، وێــڕای ئــەوە ڕۆژی دوایــی ناوێــکی دیکــەشی هەیــەو بریتیــە لــە (**قارِعَــة**)، دیســان بــۆ ئــەوەی بشــزانرێ: وێــڕای ئــەوەی ئــەو کارەســاتە وەك چــۆن ســزاو پاداشــتەکان

دەچەسپێنێ و، ڕووداوێکـە چەسـپاوە، بەهەمـان شـێوە ڕووداوێـکی داچڵەکێنـەرو ڕاچڵەکێنەریشــە.

ئنجـا خـوا ﷻ بـاسی سـەرەنجامی هـەر کام لـە گـەلی سـەموودو گـەلی عـاد دەکات، دەفەرمــوێ:

٢)- ﴿ فَأَمَّا ثَمُودُ فَأُهْلِكُوا۟ بِٱلطَّاغِيَةِ ﴾، ئنجا هەرچی گەلی سەموود بوون، بە کارەساتێکی لە سنوور بەدەر فەوتێندران، (**الطَّاغِيَة: الواقِعَةُ المُجاوِزَةُ لِلحَدّ**)، واتە: ڕووداوێکی سنوور بەزێن، کە لە قورئان دا: (**الصَّيحَةُ وَالصَّاعِقَةُ وَالرَّجفَةُ وَالزَّلزَلَة**)، هەموو ئەو ناوانە بۆ ئەو سزایەی گەلی سەموودی پێ سزا دراوە، بەکارهێنراون، (**صَيحَة**) واتە: هاڕژن، دەنگێکی زۆر بێڕەزا، (**صاعقَة**) واتە: ئاگرو بڵێسەیەك کە لە ئاسمان بێتە خوار، (**رَجفَة**) واتە: داچڵەکێنەرو ڕاچڵەکێنەرێکی گەورە، (**زَلزَلَة**) واتە: لەرزاندنەوە، بوومەلەرزە، هەموو ئەو وشانە بەکارهێنراون بۆ ئەو بەڵایەی خوا بۆ گەلی سەموودی ناردوە، واش پێدەچێ پێشێ دەنگێکی گەورە بووبێ، دوایی ئەو دەنگە گەورە بۆتە لەرزینەوە، ئەویش بۆتە هۆی ڕاتەکاندن، ئنجا ئەویش بۆتە هۆی ئاگرێکی بڵێسەدار، یان: لە ئەصڵدا ئاگرێکی بڵێسەدار بووەو هاتۆتە خوار بۆیان و، دەنگێکی گەورەی لێ پەیدابووەو، لەرزینەوەی لێ پەیدابووەو، تەقینەوەی لێ پەیدابووە، بۆیە خوا ﷻ لە هەر سووڕەتەداو، لە هەر سیاقەدا، وشەیەك کە تەعبیر لە لایەنێکی دەکات و لەگەڵ ئەو دۆخەدا دەگونجێ، هێناویەتی، کە بە هەموویان دیمەنەکەمان چاك دەخەنە بەر چاو، لە تەفسیری سووڕەتی (الحجر)یش دا، بەسەرهاتی گەلی سەموودمان بە تەفصیلّ باسکردوە.

کەواتـە: (**طَاغِيَـة**) واتـە: لـە سـنوور دەرچـوو (**بِالصَّيحَـةِ الطاغِيَـة**)، یـان (**الواقِعَـةِ الطَّاغِيَـة**)، هاڕژنـە لـە سـنوور دەرچووەکـە، ڕووداوە لـە سـنوور دەرچووەکـە.

٣)- ﴿ وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُوا۟ بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ ﴾، بەڵام گەلی عاد بە بایەکی زۆر ساردی بەهێزی لە سنوور دەرچوو، یان زۆر توند هەڵکردوو، فەوتێنران، وشەی: ﴿ صَرْصَرٍ ﴾، بە چەند جۆرێك مانا کراوە:

أ- (**شَدِيدة الصَّوت، لَها صَرصَرَةٌ تَحْرِقُ بِبَرْدِها**)، ﴿صَرْصَرٍ﴾، یانی: دەنگی بەهێزی هەیە و سیرە سیری دێ، بە ساردییەکەی دەسووتێنێ.

ب- (**شَدِيدَة الهُبُوب، شَدِيدَة الصَّوت**)، بایەك كە زۆر بە توندیی هەڵیکردبێ و دەنگەکەی زۆر بەهێز بێ.

ج- (**شَدِيدَة البَرد**)، بایەك زۆر سەخت و سارد بێ.

کەواتە: ئەو بایە بایەك بووە: هەم زۆر سارد بووە، هەم زۆر بەتوندیی هەڵیکردوە، هەم دەنگەکەی زۆر بەهێز بووە، کە دەفەرموێ: ﴿عَاتِيَةٍ﴾، سنووری بەزاندبوو و یاخیبوو بوو بە مل گەلی عاددا (**یَعني: عَتَت عَلَى عادٍ فَما قَدَرُوا عَلَى رَدِّها وَالخَلاصِ مِنها**)، بەسەر گەلی عاددا یاخیی بوو بوو لێیان هار بوو بوو، کە نەیانتوانی بەرپەرچی بدەنەوەو لێشی دەرباز بن.

٤)- ﴿سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ﴾، (خوا) ملکەچی کردبوو و بەسەریان دا زاڵی کردبوو.

﴿سَخَّرَهَا﴾، بە مانای ملکەچی کردبوو، کە بۆ خوا ملکەچ بوو، بەڵام بۆ گەلی عاد، خوا بەسەریاندا زاڵیکردبوو (**یَعني: سَخَّرَها وَسَلَّطَهَا عَلَيهِم**)، ملکەچی کردبوو ڕام و دەستەمۆی کردبوو و بەسەر وانیدا زاڵ کردبوو، لەوانی بەردابوو.

٥)- ﴿سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا﴾، حەوت شەوو هەشت ڕۆژان، بەردەوام و بێ پسانەوە، هەروەها ﴿حُسُومًا﴾، وێڕای: أ- بەردەوام، ب- بە مانای بڕینیش دێ، واتە: دەیبڕین، ج- هەروەها بە مانای بێ خێرو نەگبەتیش دێ، بایەکی بێ خێرو نەگبەت بوو، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿فِيٓ أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ ...﴾ (١٦) **فصلت**، لە ڕۆژانێکی نەگبەت و بێخێردا، یانی: بۆ ئەوان ڕۆژانێکی نەگبەت و بێ خێر بوون، چونکە خۆیان نەگبەت و خراپ بوون، ئەگەرنا کات (**زمن**) لە خودی خۆیدا چاك و خراپی نیەو بێ لایەن (**مُحايد**)ە.

٦)- ﴿فَتَرَى ٱلْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَىٰ﴾، {دوای ئەو حەوت شەوو هەشت ڕۆژە} خەڵکەکەت لەوێدا بە مردوویی و تخێلیی دەدی، ﴿ٱلْقَوْمَ﴾، واتە: خەڵکەکە، (أل)کەی بۆ ناساندنەو

ناساندنی (عهد)ە، واتە: خەڵکەکە، خەڵکی گەلی عادت دەبینی ﴿فِيهَا﴾،یانی: ١- لە شارو وڵاتەکەیان دا، ٢- یاخود لە سەر زەوی، ٣- یاخود لەو بایەدا، کە خوا بەسەریدا هەڵکردبوون ﴿صَرْعَىٰ﴾، (صَرْعَى: جَمعُ صَرِيع أَي: هَلكَى)، (صَرِيع) بە مانای مردووەو، لەگەڵ مردنیشدا کەوتوو و تخێل بوو.

٧)- ﴿كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ﴾، وەك كۆتەرە دارخورما لە كلۆرەكان بوون، یاخود: كۆتەرەدار خورما كەوتووەكان، وشەی ﴿أَعْجَازُ﴾، كۆی (عَجُز)ە، كە بە دواوەی هەر شتێك دەگوترێ، لێرەش دا: (يَعني: أُصُولُ النَّخلِ)، بنكە دارخورمایەكان، (نَخل)یش ناوی كۆیە بۆ (نَخلَة)، یانی: یەك دار خورما، واتە: وەك كۆتەرەدار خورمایەكان بوون، بەڵام ئەو كۆتەرەدار خورمایانە چۆن بوون؟ ﴿خَاوِيَةٍ﴾، ئەمیش هەم بە مانای (ساقِطَة) دێ، كەوتووەكان، هەم بە مانای (خالِيَة) دێ، كلۆرو بۆشەكان ﴿خَاوِيَةٍ﴾، كۆی (خاوِي)ە، یانی: بۆش و كلۆر.

٨)- ﴿فَهَلْ تَرَىٰ لَهُم مِّنۢ بَاقِيَةٍ﴾، ئایا كەسێكت لێ دەبینین، مابێ؟ (**فَهَل تَرَى لَهُم مِن نَفسٍ باقِيَة**)، ئایا هیچ كەسێكت لێ دەبینین، لە نێویان دا مابێ؟ واتە: هیچ كەست نەدەبینی، ئەم پرسیار كردنە پرسیاركردنی نكوولیلێكردنەو وەڵامەكەی لە نێو خۆی دایە، (**باقِيَة**) لێرەدا بۆ نەفس دەچێتەوە، یانی: (**فَهَل تَرَى لَهُم مِن نَفسٍ باقِيَة**)، یاخود (**باقِيَة**) لەسەر كێشی (**فاعِلة**)یەو چاوگە، یانی: (**فَهَل تَرَى لَهُم مِن بَقاء**)، ئایا هیچ مانەوەت لێ دیتن؟ وەك (**طاغِيَة**) و (**خاتِمَة**) و (**كاذِبَة**) كە بە مانای: یاخیبوون (**طُغيَان**) و، درۆ (**كَذِب**) و، كۆتایی (**خَتم**)، دێن.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە: تۆ هیچ كەسێكت لەوان نەدەبینی مابێ، ئەویش سێ ئەگەری هەن:

أ- (**باقِيَة**) بچێتەوە بۆ وەسفكراوێكی قرتێنراو، یانی: (**فَهَل تَرَى لَهُم مِن نَفسٍ باقِيَة**).

ب- یاخود: (**هَل تَرَى لَهُم مِن مَجمُوعَةٍ باقِيَة**)؟ ئایا هیچ كۆمەڵێكی ماوت لێ دەبینین؟.

ج- یاخود: (باقِيَة) چاوگەو بە مانای مانەوەیە، ئایا هیچ مانەوەت لێ دەبینین؟ نەخێر.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە لە هەندێك تەفسیراندا هەندێك شت دێنن، هەندێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان باش سەرنجیان نەداون و لێیان ورد نەبوونەوە، ئەگەرنا نەدەبوو ئەو شتانە بێنن، بۆ وێنە: (**البحرُ المَديد في تَفسِير القُرآن المَجِيد**)ی (**إبنُ عَجِيبة**)[1]، دەڵێ:

(**وَكَانَت أَجْسَامُهُم طِوالاً تَبلُغُ مِئَةَ ذِرَاعٍ أَو مِئَتَيْن، وَلِذَلِك شُبِّهوا بَالنَّخْل**)، واتە: کەلەشەکانیان زۆر درێژ بوون، سەد گەز یاخود دوو سەد گەز دەبوون، بۆیە چوێنراون بە دار خورمایانەوە! دەڵێم: ئەگەر وابێ، دەبووایە دارخورما بەوان بچوێندرێن، چونکە دارخورما ئەگەر زۆر بەرز بێ، ئەو پەڕەکەی سی گەز دەبێ، یانی: پازدە مەتر دەبێ، بەڵام ئەگەر ئەوان سەد گەزو دوو سەد گەز، یانی: پەنجا مەترو سەد مەتر بووبن، دەبێ بڵێین: دارخورما وەك وان دەچێ، بۆیە ئەوە ئەفسانەیەو هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیەو پشت ئەستوور نیە، بە هیچ بەڵگەیەك، هەڵبەتە لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتوە کە ئادەم باڵای شەست گەز بووە، (**سِتُّونَ ذِرَاعاً**)، بەڵام ئەوە بە نسبەت ئادەمەوە (**عَلَيْهِ السَّلام**) ئەویش وادیارە لە هەموو وەچەکەی بە قەدو قیافەو باڵای بەرزتر بووبێ، ئنجا گەیشتۆتە شەست زیراع کە دەکات دەوری سی مەتر، بەڵام ئەوە کە باڵای گەلی عاد سەدو دوو سەد گەز بووبێ، واتە: چەند هێندەی ئادەمیش بەرز بووبن، شتی وا لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەهاتوەو، هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە.

---

(١) ج٨، ص١٢١.

مەسەلەی سێیەم:

هەروەها فیرعەون و گەلەکەی و ئەوانەی پێش وانیش، تاوانی گەورەیان کرد، کە سەرپێچییان لە نێردراوی پەروەردگاریان کردو، سەرەنجام خوا ﷻ بە گرتنێکی لە ڕاددەبەدەر گرتنی:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَجَآءَ فِرْعَوْنُ وَمَن قَبْلَهُۥ وَٱلْمُؤْتَفِكَـٰتُ بِٱلْخَاطِئَةِ ﴿٩﴾ فَعَصَوْا۟ رَسُولَ رَبِّهِمْ فَأَخَذَهُمْ أَخْذَةً رَّابِيَةً ﴿١٠﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿وَجَآءَ فِرْعَوْنُ وَمَن قَبْلَهُۥ وَٱلْمُؤْتَفِكَـٰتُ بِٱلْخَاطِئَةِ﴾، فیرعەون و ئەوانەی پێش وی و هەڵگێڕدراوەکانیش تاوانیان کرد، (**خَاطِئَة**) واتە: هەڵەو تاوان، واش پێدەچێ ئەوە وەسفی وەسفکراوێکی قرتێندراو بێ، واتە: (**بِالفِعلَةِ الخاطِئَة**)، کردارێکی تاوانیان کرد، یاخود (**خاطِئَة**) هەر بە مانای تاوان (**خَطِيئَة**) دێ، یان (**الخاطِئة**) سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، بەڵام بە کۆ: (**الأفعال الخاطِئَة**)، کردەوە خراپەکانیان کردن.

دەشگونجێ (**خاطِئَـة**) وەك پێشتریش باسمان کرد، چاوگ بێ، واتە: تاوانیان کرد، واتە: (**خاطِئَـة**) لەسەر کێشی (**فاعِلَة**)یەو، بە مانای چاوگە، وەك (**کاذِبَـة**) و (**خاتِمَـة**) و (**طاغیـة**)، وشەی ﴿وَمَن قَبْلَهُۥ﴾، واتە: ئەوانەی لە پێش ویشدا بوون، کە هەموو گەلەکان دەگرێتەوە، ئەوانەی پێش فیرعەون بوون، ئەو گەلە یاخییانە، خوێندراویشەتەوە: (**وَمَـن قِبَلَـهُ**)، واتە: ئەوانەی لەلای ویەوە بوون (**وَمَـنْ عِنْـدَهُ**)، کە مەبەست پێی دارو دەستەکەیەتی، واتە: ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لە شوێنکەوتووان و سەربازەکانی، (**المُؤتَفِـکات**) وەك پێشتریش گوتمان: هەڵگێڕدراوەکان (**المُنقَلِبـات**) مەبەست پێی شارو ئاوەدانییەکانە کە لووطیان (**عَلَیْـهِ االسَّـلام**) بۆ ڕەوانە کرابوو، دیسان (**المُؤتَفِکات**)یش سیفەتی

وەسفکراوێکی قرتێندراوە، یانی: (**المُدُنُ المُؤتَفِكات، القُرَى المُؤتَفِكات**)، یان (**القُرَى المُنقَلِبَة، المُدُنُ المُنقَلِبَة**) ئاوەدانییە هەڵگێڕدراوەکان، سەرەوبن کراوەکان، ئەوانە چییان کرد؟

٢)- ﴿ فَعَصَوْا رَسُولَ رَبِّهِمْ ﴾، سەرپێچییان لە نێردراوی پەروەردگاریان کرد، واتە: هەر کۆمەڵگایەك لەوانە سەرپێچییان کرد؟ لەو پێغەمبەرەی خوا ﷻ، کە وەك نێرراوو نوێنەری خۆی بۆی نارد بوون.

ئنجا ئایا خوا چی لێکردن؟

٣)- ﴿ فَأَخَذَهُمْ أَخْذَةً رَّابِيَةً ﴾، (خواش ﷻ) یەکسەر دوای ئەوە بەگرتنێکی زێدە گرتنی.

(ف) بۆ بەدواداهاتن (**تعقيب**)، یاخود بۆ جەزا (**جزاء**)یە، یانی: لە سزای ئەوەدا خوا گرتنی، گرتنێکی زێدە، (**رَابِيَة أي: زائِدَةٍ في الشِّدَّة**)، لە سەختییدا زۆر زیاد بوو (**كَمَا زَادَت قَبَائِحهُم في القُبْحِ**)، وەك چۆن خراپەکانی وان لە دزێوییدا زێدەییان هەبوو، ئەو سزایەش کە خوا ئەوانی پێ سزادا، زێدەیی هەبوو لە سەختیی دا، دەگوترێ: (**رَبَّ الشَّيءُ بيَبُّ أي: زَادَ يَزِيدُ**)، شتەکە زیادی کرد، زیاد دەکات.

وشەی ﴿ رَّابِيَةً ﴾، ناوی بکەر (**اسم فاعل**)ە، لە (**رَبَى يَربُوا**)ەوە هاتوە، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ سەختیی و ناڕەحەتیی و توندیی.

دوای ئەوەی خوای کاربەجێ باسی ئەزموونی تاڵ و سەرەنجامی دژواری، هەر کام لە گەلی عادو سەموودی کرد، ئنجا باسی فیرعەون و ئەوانی پێش فیرعەونی کرد، یاخود ئەوانەی لەگەڵ فیرعەوندا بوون، هەروەها شارو ئاوەدانییەکانی کە لووطیان (**عَلَيْهِ السَّلام**) بۆ ڕەوان کرا، کە وەك چۆن ئەوان زگماکی خۆیان هەڵگێڕابۆوە، لە جیاتی ئەوەی پیاویان لەگەڵ ئافرەتدا غەریزەی جینسیی خۆی تێر بکات و بە شێوەیەکی شەرعیی، ئەوان هەڵسابوون نێربازییان دەکرد، ئەوان

فیـطرەتی خۆیـان هەڵگێڕابـۆوەو، خـوای پەروەردگاریـش ئاوەدانییـەکانی ئـەوانی هەڵگێڕانـەوە (**الجَـزاءُ مِـن جِنـسِ العَمَـل**)، وەك زانایـان گوتوویانـە: سـزاو تۆڵـە بەپێی جـۆری کردەوەکەیـە.

مەسەلەی چوارەم:

خـوای میهرەبـان لـە کاتی لـە سـنوور دەرچـوونی ئـاو و تۆفـانی نووحـدا (عَلَيْـهِ السَّـلام) مرۆڤـەکانی لـە کەشـتییە بەنێـو ئـاو ڕۆیشـتووەکەدا هەڵگرتـن، تاکـو ئـەو کەشـتییەو بەسـەرهاتەکەی بۆیـان ببێتـە بیـر خـەرەوەوەو، هـەر گوێیـەکی تێگەیشـتوو تێبـگات و وەریبگـرێ و، لێـی بەهرەمەنـد بـێ:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّا لَمَّا طَغَا ٱلْمَآءُ حَمَلْنَٰكُمْ فِى ٱلْجَارِيَةِ ﴿١١﴾ لِنَجْعَلَهَا لَكُمْ تَذْكِرَةً وَتَعِيَهَآ أُذُنٌ وَٰعِيَةٌ ﴿١٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّا لَمَّا طَغَا ٱلْمَآءُ حَمَلْنَٰكُمْ فِى ٱلْجَارِيَةِ﴾، بێگومان ئێمە کاتێك ئاوەکە لە سنوور دەرچوو، یاخیی بوو، لە (کەشتییە بە نێو ئاو) ڕۆیشتووەکەدا هەڵمانگرتن، (**الطُّغْيَانُ: مُسْتَعَارٌ لِلشِّدَّةِ الخَارِقَة تَشبِيهاً لَها بِطُغيانِ الطَّاغِي**)، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّا لَمَّا طَغَا ٱلْمَآءُ﴾، (**طُغيان**) یاخیبوون، خوازراوەتەوە بۆ سەختیی و توندیی یاسادڕی ئاوەکە، کە چوێنراوە بە یاخیبوونی بابای یاخییەوە، واتە: وەك چۆن کەسێك یاخیی دەبێ و لە سنوور دەردەچێ، ئەو ئاوەش بوو بە لافاوو تۆفانێك کە بە تۆفانی نووح مەشهوورەو لە سنوور دەرچوو، ئێمەش کاتێك ئاوەکە لە سنوور دەرچوو و زۆر بوو، ﴿حَمَلْنَٰكُمْ فِى ٱلْجَارِيَةِ﴾، ئێوەمان لە ڕۆیشتووەکەدا هەڵگرت، لەو شتەدا کە بەنێو ئاودا دەڕوات، مەبەست لە ﴿ٱلْجَارِيَةِ﴾، کەشتییە ڕۆیشتووەکە (**السَّفِينَةُ الجَارِيَة**)یە، و (**جارِيَة**) سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێندراوە، یانی: لە نێو کەشتییە بەنێو ئاودا ڕۆیشتووەکەدا هەڵمانگرتن، (**الجارية**) ئەوەیە کە بەنێو ئاودا دەڕوات (**جَرَى الماءُ، وَجَرَى فـي الماءِ**)، ئاوەکە ڕۆیشت و، بە نێو ئاوەکەدا ڕۆیشت، کەواتە: (**جارِيَة**) هەر دیارە کە کەشتییە، خوای کاربەجێ لە جیاتی ئەوەی بفەرموێ: (**إِنَّا حَمَلناكُم في السَّفِينَةِ الجَارِيَةِ فِي الماءِ**)، هەر فەرموویەتی: ﴿فِى ٱلْجَارِيَةِ﴾، چونکە ئەوەی بەنێو ئاودا دەڕوات، هەر کەشتییە،

وشەی ﴿طَغَا﴾، مانا ئەصڵییەکەی خۆی: (إرتَفَعَ وَعَلَا)، ئاوەکە هەڵساو بەرز بۆوەو لە سنووری ئاسایی و سرووشتیی خۆی چووە دەر، هەندێك لە زانایانیش گوتوویانە: **(طَغَا عَلَى المَلَائِكَةِ الخزنة لِغَضَبِهِ لله، فَلَم يَقدِرُوا عَلَى حَبْسِهِ)**، ئاوەکە لە ئەو فریشتانەی کۆکەرەوەی ئاون و سەرپەرشتیاری ئاون، یاخیبوو، وەك تووڕە بوون لەبەر خوا، لەوانەی لە خوا پەروەردگاریان یاخیبوو بوون، بۆیە فریشتەکان دەرەقەتی نەهاتن کە کۆنترۆڵی بکەن! بەڵام من ئەو مانایەم پێ هەڵەیەو لەڕاستییدا هیچ شتێك لەو فریشتانەی سەربازی خوان، یاخیی نابێ و، مانایەکەی هەر ئەوەیە کە ئەو ئاوە زۆر لە سنوور دەرچووە، لە سنووری ئاوی ئاسایی کە ئێمە دەیبینین، بۆ سزادانی ئەوانەی سنوورەکانی خوایان بەزاندبوون.

٢)- ﴿لِنَجۡعَلَهَا لَكُمۡ تَذۡكِرَةٗ﴾، بۆ ئەوەی ئەو کەشتییە (یان ئەو بەسەرهاتە) بۆ ئێوە بکەینە بیرخەرەوە (ئەی خەڵکینە!)، **(قَالَ ابْنُ جُرَيْجٍ: كَانَتْ أَلْوَاحُهَا عَلَى الْجُودِيِّ، وَالْمَعْنَى: أَبْقَيْتُ لَكُمْ تِلْكَ الْخَشَبَاتِ حَتَّى تَذْكُرُوا مَا حَلَّ بِقَوْمِ نُوحٍ، وَإِنْجَاءَ اللَّهِ آبَاءَكُمْ)**[1].

ئیبنو جورەیج گوتوویەتی: تەختەکانی (واتە: پاشماوەی کەشتییەکە) لەسەر چیای جوودیی مابوونەوە، یانی: ئێمە ئەو تەختانەمان (کە شوێنەواری ئەو کەشتییەبوون) هێشتبوونەوە، تاکو ئێوە ئەوەی بەسەر گەلی نووح هاتووەو، چۆن خوا باب و باپیرانی ئێوەی دەرباز کردوە، بیری لێ بکەنەوەو یادی بکەنەوە.

ئێمە بەسەرهاتی نووح (عَلَيْهِ السَّلام)و گەلەکەیمان لە تەفسیری سوورەتی هووددا بە درێژیی باسکردوەو، لە کاتی تەفسیر کردنی سوورەتی (العنكبوت) یشدا، ئەو ئایەتە موبارەکەی دەفەرموێ: ﴿فَأَنجَيۡنَٰهُ وَأَصۡحَٰبَ ٱلسَّفِينَةِ وَجَعَلۡنَٰهَآ ءَايَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٥﴾ **العنكبوت**، واتە: نووح خۆی و هاوەڵانی کەشتییەکەمان دەرباز کردن و کردمان بە نیشانە بۆ جیهانییان، لەوێ باسمان کردوە، کە

---

(١) الجامع لأحكام القرآن، للقرطبي: ج٢١ ص١.

شـوێنەواری ئـەو كەشـتییە، ئێسـتاش لەسـەر چیـای جوودیـی مـاوە، هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: پێشـینەكانی ئەو ئۆممەتـەی پێغەمبەری خوا ﷺ شـوێنەوارەكەیان بینیـوە، ئنجـا وەك لـە تەفسـیری سـووڕەتی هـوودا باسـم كـردوە، لـە ڕێـی مانگـە دەسـتكردەكانەوە كـە تەماشـایان كـردوە، ئێسـتاش شـوێنەواری ئەو كەشـتییە لەسـەر چیـای جوودیـی مـاوە، لـەوێ بـە تەفصیـڵ باسـم كـردوەو، ئەنـدازەی كەشـتییەكەش: درێژیـی و پانیـی وبەرزیـی و چەنـد قـات بـووەو، چـۆن بـووەو، بـەراورد كـردنی لەگـەڵ ئـەو زانیارییانـەی لـە پەیـمانی كۆنـدا، ئێسـتاش هـەن لەگـەڵ شـوێنەواری ئـەو كەشـتییەدا كـە ئێسـتاش ماوەتـەوە، باسـمان كـردوە كـە پێكەڵپێـك و وەك یەكـن.

خـواش دەفەرمـوێ: ئەوەمـان بـۆ كـردن بـە بیرخـەرەوە ئـەو كەشـتییە، یاخـود: بەسـەرهاتی نـووح (عَلَيْهِ السَّلام) و گەلەكـەی تاكـو بۆتان ببێتـە مایەی پونـد و عیبرەت.

٣)- ﴿وَتَعِيَهَآ أُذُنٌ وَٰعِيَةٌ﴾، هەروەها تاكو گوێیەك كە وەرگرە، وەری بگرێ، یانی: بۆ ئەوەی گوێیەك كە بیسەرو پارێزەرە، بۆ ئەوەی لە لای خواوە هاتوە، بیپارێزێ و هەڵیبگرێ، چونكە وەحیی بریتیە لە زانیاریی هەبوون بە بیستراوەكان، واتە: بۆ ئەوەی هەر كەسێك خاوەنی هێزێكی بیستنی پارێزەر بێ و تێگەیشتوو بێ، ئەو هەواڵە بزانێ و سەرەنجام لێی بەهرەمەند ببێ، چونكە هەواڵ زۆرن، بەڵام گوێی وەرگر كەمن و، پەند زۆرن، بەڵام پەند وەرگر كەمن!

خـوا بـە لوتـف و كەڕەمـی بـێ سـنووری خـۆی ئێمـە لـەو كەسـانە بگێـڕێ كـە گوێیـەكی وەرگرمـان هەبـێ و، عەقڵێـكی پەنـد وەرگرمـان هەبـێ، خـوا بـە لوتـف و كەڕەمـی بـێ هاوتـای خـۆی ئێمـە لـەو كەسـانە بگێـڕێ، كـە پەنـد لـە هەڵـەو كـەم و كوڕییـەكانی خەڵـك وەربگریـن و، بمانپارێـزێ لـەوەی ببینـە پەندێـك خەڵـك دەرسـمان لـێ وەربگـرێ.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.



دەرسی دووەم



پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان بیسـت و پێنـج (٢٥) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەكانی: (١٣ - ٣٧)، هـەر (٢٥) ئایەتەكـەش لـە بـارەی ڕۆژی دوواییەوەن، بە هـەردوو قۆناغی ئاخیر زەمـان و هەڵسـانەوە (**السَّـاعَةَ وَالقِيَامَـة**)و، ڕانوێـنرانی مرۆڤـان بـۆ لێپرسرانـەوەو، وەرگرتنـەوەی بـڕوادارانی چاكـەكار لیسـتی كردەوەكانیـان بـە دەسـتی ڕاسـتیان و، بێبڕوایـانی خراپەكاریـش بـە دەستی چەپیـان، سـەرەنجام نیشـتەجێ بوونی بـڕواداران لـە بەهەشـتداو، بێبڕوایـان لـە دۆزەخـداو، تۆزێـك بـە درێژیـی باسـكردنی ئـەو ئـازار و مەینەتییـەی دۆزەخییـەكانی تێـدان، لەگـەڵ هـۆكاری چوونـە نێـو دۆزەخیـان و، بـەو جـۆرە سـەختە سـزا درانیـان.

﴿فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ نَفۡخَةٞ وَٰحِدَةٞ (١٣) وَحُمِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ وَٱلۡجِبَالُ فَدُكَّتَا دَكَّةٗ وَٰحِدَةٗ (١٤) فَيَوۡمَئِذٖ
وَقَعَتِ ٱلۡوَاقِعَةُ (١٥) وَٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَهِيَ يَوۡمَئِذٖ وَاهِيَةٞ (١٦) وَٱلۡمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرۡجَآئِهَاۚ وَيَحۡمِلُ عَرۡشَ
رَبِّكَ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ ثَمَٰنِيَةٞ (١٧) يَوۡمَئِذٖ تُعۡرَضُونَ لَا تَخۡفَىٰ مِنكُمۡ خَافِيَةٞ (١٨) فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ
بِيَمِينِهِۦ فَيَقُولُ هَآؤُمُ ٱقۡرَءُواْ كِتَٰبِيَهۡ (١٩) إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَٰقٍ حِسَابِيَهۡ (٢٠) فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ (٢١)
فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٖ (٢٢) قُطُوفُهَا دَانِيَةٞ (٢٣) كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ هَنِيٓـَٔۢا بِمَآ أَسۡلَفۡتُمۡ فِي ٱلۡأَيَّامِ ٱلۡخَالِيَةِ
(٢٤) وَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ فَيَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُوتَ كِتَٰبِيَهۡ (٢٥) وَلَمۡ أَدۡرِ مَا حِسَابِيَهۡ (٢٦) يَٰلَيۡتَهَا
كَانَتِ ٱلۡقَاضِيَةَ (٢٧) مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡۜ (٢٨) هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ (٢٩) خُذُوهُ فَغُلُّوهُ (٣٠) ثُمَّ ٱلۡجَحِيمَ
صَلُّوهُ (٣١) ثُمَّ فِي سِلۡسِلَةٖ ذَرۡعُهَا سَبۡعُونَ ذِرَاعٗا فَٱسۡلُكُوهُ (٣٢) إِنَّهُۥ كَانَ لَا يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ ٱلۡعَظِيمِ (٣٣)
وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ (٣٤) فَلَيۡسَ لَهُ ٱلۡيَوۡمَ هَٰهُنَا حَمِيمٞ (٣٥) وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنۡ غِسۡلِينٖ (٣٦) لَّا
يَأۡكُلُهُۥٓ إِلَّا ٱلۡخَٰطِـُٔونَ (٣٧)﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەر کات فوو بە کەڕەنادا کرا، یەك فوو ﴿١٣﴾ زەویی و چیایەکانیش هەڵگیران (بەرزکرانەوە)و یەك پێکدادران، پێکدادران (وردو خاش کران) ﴿١٤﴾ ئنجا لەو ڕۆژەدا کارەساتە (بێ وێنە) کە ڕوویدا ﴿١٥﴾ ئاسمانیش شەق و پەق بوو، سەرەنجام ئەو (ئاسمان) لەو ڕۆژەدا بێهێزو لەبەر یەکهەڵوەشاوە ﴿١٦﴾ فریشتەکانیش لەسەر لێوارو قەراغەکانتی و، لەو ڕۆژەشدا عەرشی پەروەردگارت هەشت لەسەریانەوە هەڵیدەگرن ﴿١٧﴾ لەو ڕۆژەدا (ئێوەی مرۆڤ) ڕادەنوێنرێن، هیچ (کردەوەیەکی) شێردراوەتان لە خوا پەنهان نابێ ﴿١٨﴾ هەر کەس نووسراوەکەی بدرێتەوە دەستی ڕاستی، دەڵێ: ها بیگرن نووسراوەکەم بخوێننەوە! ﴿١٩﴾ بێگومان من دەمزانی کە تووشی لێپرسینەوەکەم دەبم ﴿٢٠﴾ ئنجا ئەو جۆرە کەسە لە ژیانێکی پڕ ڕەزامەندیی دایە ﴿٢١﴾ لە باخێکی بڵنددا ﴿٢٢﴾ میوەو بەرەکانی نیزیکن ﴿٢٣﴾ پێیان دەگوترێ: بخۆن و بخۆنەوە بە ئاسوودەیی و بێ گرفت، بە هۆی ئەوەوە کە (کرداری باش) لە ڕۆژانی ڕابردوودا پێشتانخستوە ﴿٢٤﴾ بەڵام کەسێك نووسراوەکەی بدرێتەوە دەستی چەپی، دەڵێ: خۆزگە نووسراوەکەمم وەرنەگرتبایەوە ﴿٢٥﴾ هەروەها نەمزانیبایە لێپرسینەوەکەم چییەو چۆنە؟ ﴿٢٦﴾ ئەی بریا مردنەکەم کۆتایی پێ هێنەر بووایە ﴿٢٧﴾ سامانەکەم سوودی پێنەگەیاندم ﴿٢٨﴾ دەسەڵاتەکەمم (فەوتا) لە دەستم چوو ﴿٢٩﴾ (بە فریشتان دەگوترێ:) بیگرن ئنجا کۆتی بکەن ﴿٣٠﴾ دوایی بیخەنە نێو دۆزەخەوە ﴿٣١﴾ دوایی بیخەنە نێو زنجیرێکەوە درێژییەکەی حەفتا گەزە ﴿٣٢﴾ چونکە ئەو بڕوای بە خوای مەزن نەبوو ﴿٣٣﴾ هانی خەڵکیشی نەدەدا لەسەر خواردن پێدانی نەدار ﴿٣٤﴾ ئەمڕۆش لێرە هیچ دۆستێکی دڵسۆزی نیە ﴿٣٥﴾ هەروەها هیچ خۆراکێکیشی نیە جگە لە زووخاو ﴿٣٦﴾ ئەویش تەنیا تاوانباران دەیخۆن ﴿٣٧﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلصُّورِ): (قَرنٌ يُنْفَخُ فِيهِ)، (صُور): (من بە کەڕەنا مانام کردوە)، قۆچێکە فووی پێدا دەکرێ، واتە: لە شێوەی قۆچ دایە، فریشتەیەك بە ناوی ئیسرافیل، یان (صَاحِبُ القرن) وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا هاتوە ﷺ فووی پێدا دەکات، جاری یەکەم فووی پێدا دەکات، ئاخیر زەمان دەقەومێ و، جاری دووەم فووی پێدا دەکات، قیامەت دێتە ئاراوە.

(دَكَّةً): (الدَّكُّ: الأَرْضُ اللَّيِّنَةُ السَّهْلَةُ، دُكَّت الأَرْضُ دَكًّا: جُعِلَت بِمَنزِلَةِ الأَرضِ اللَّيِّنَةِ)، وشەی (دَكّ) بە زەوییەکی نەرمی ئاسان دەگوترێ، دەگوترێ: (دُكَّت الأَرضُ دَكًّا) واتە: زەوییەکە وەك زەوییەکی نەرم و ئاسانی لێکرا، ورد و خاش کرا، ئنجا شتێك کە وردو خاش دەبێ، نەرم دەبێ و زبریی نامێنێ.

(ٱلْوَاقِعَةُ): (الوُقُوعُ: ثبُوتُ الشَّيء وسُقُوطُهُ)، (وُقُوع): بریتیە لە چەسپانی شتێك و کەوتنە خواری شتێك، (ٱلْوَاقِعَةُ) کارەساتەکە، ڕووداوەکە کە ڕوو دەدات.

(وَٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ): ئاسمان لەت و پەت بوو، (الشَّقُّ: الخَرْمُ الوَاقِعُ فِي الشَّيء، قيل: شَقَقتُهُ بِنصفَينِ)، (شَقّ): بریتیە لە قڵیشێك کە لە شتێکدا دەبێت، دەگوترێ: (شَقَقتُهُ بِنصفَينِ)، واتە: قڵیشاندم بۆ دوو لەت، یان لەتم کرد.

(وَاهِيَةٌ): (الوَهيُ: شَقٌّ فِي الأَدِيمِ وَالثَّوبِ وَنَحوِهِما، وَكُلُّ شَيء استَرخَى رِباطُهُ فَقَد وَهيَ)، (وَهي): بە مانای بێهێزیی و نەرم و شلیی دێت، (شَقٌّ فِي الأَدِيمِ وَالثَّوبِ وَنَحوِهِما)، (وَهي): بریتیە لە لەت کردنی چەرم و پۆشاك و وێنەی ئەوان، هەر شتێك کە دادەکەوێ، یاخود ئەو شتانەی ڕایانگرتوە، ڕاگرەکانی بێهێز دەبن، دەگوترێ: (وَهيَ)، ئاسمانیش لەو ڕۆژەدا بێهێزو لەت و پەت دەبێ.

(وَٱلْمَلَكُ): (المُتَوَلِّي مِنَ المَلائِكَةِ شَيْئاً مِنَ السِّياسَاتِ، يُقالُ لَهُ: مَلَك، وَمِنَ البَشَرِ يُقالُ لَهُ: مَلِك، فَكُلُّ مَلَكٍ مَلائِكَةٌ، وَلَيسَ كُلُّ مَلائِكَةٍ مَلَكاً، نُحُو مَلَكُ المَوت)، (مَلَك): بریتیە لەو فریشتانەی کاروبارێکیان پێ سپێردراوە، هەر فریشتەیەك کارو بارێکی پێ سپێردرا، پێی دەگوترێ: (مَلَك) و، ئەگەر مرۆڤ بێ پێی دەگوترێ: (مَلِك)، واتە: حوکمڕان، کار بەدەست، ئنجا هەموو مەلەکێك مەلائیکەیە، بەڵام مەرج نیە هەموو مەلائیکەیەك مەلەك بێ، واتە: مەرج نیە هەموو فریشتەیەك سەرپەرشتییکردن و کاروبار هەڵسووڕاندنی پێ سپێردرابێ، ڕەنگە کارێکی جێبەجێکردن (تنفیذ)ی پێ سپێردرابێ، وەك (مَلَكُ المَوت)، فریشتەی مەرگ.

(أَرْجَآئِهَا): (أَرْجَاء: جَمْعُ رَجَا، رَجَا البِئرِ وَالسَّماءِ: جَانِبُها)، (أَرجاء) کۆی (رَجا)یە، (رَجا) بە مانای قەراغ و لێوارە، دەگوترێ: (رَجَا البِئرِ)، واتە: قەراغی بیرەکە، یان (رَجَا السَّماءِ)، واتە: لێواری ئاسمان (أَرجاء) تەنیشتەکان.

(تُعْرَضُونَ): ڕادەنوێنرێن، دەهێنرێنە گۆڕێ، (عَرَضْتُ الشَّيءَ عَلَى البَيْعِ، وَعَلَى فُلانٍ، وَلِفُلانٍ)، دەگوترێ: (عَرَضْتُ الشَّيء عَلَى البَيْعِ) شتەکەم بۆ فرۆشتن ڕانواند، (عَرَضْتُ الشَّيء عَلَى فُلانٍ ولفلانٍ)، شتەکەم پێشانی فلانکەس داو، بۆم ڕانواند، وەك لە سوورەتی (البقرة)دا هاتووە: ﴿ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ ...﴿٣١﴾﴾البقرة، خوا ناوەکانی پێشانی فریشتەکان دان، واتە: ناوبراوەکانی ڕانواندن لەسەریان، کە ناوەکانیانی پێ بفەرموون.

(خَافِيَةٌ): (خَفِيَ الشَيء خُفيَةً: إستَتَرَ، وَخِفَاءُ: مَا يُستَرُ بِهِ كَالغِطاءِ)، (خَافِيَة)، واتە: پەنهان، دەگوترێ: (خَفِيَ الشَيء خُفيَةً)، واتە: شتەکە پەنهان بوو، شێردرایەوە، (خِفاء) هەر شتێکە کە شتێکی پێدابپۆشرێ، وەك (غِطاءِ) واتە: (خِفاء) و (غِطاءِ) هەردووکیان بە مانای شتێکن شتێکیان پێ دابپۆشرێ و پەنهان بکرێ.

(هَآؤُمُ): (هاء: لِلتَّنبِيهِ وَ هاء كَلِمَةٌ فِي مَعْنَى خُذ، وَهُو نَقِيض: هاتِ أي: أعطِ)، (هَاؤم) واتە: ها بگرن، (ها) بۆ ئاگادار کردنەوەیە، هەروەها وێڕای ئەوەش

(ها) وشـەیەکە بـە مانـای گرتـن و پێچەوانـەی (**هاتِ**)یـە، واتـە: بێنـە، بمدەیـە، بـەڵام (هـا) واتـە: (**خُـذ**) بگـرە، ئنجـا (**هَـاؤمُ**) بـۆ کۆیـە، واتـە: هـا بگـرن، ﴿ هَآؤُمُ ٱقۡرَءُواْ كِتَٰبِيَهۡ ﴾، هـا بگـرن، نووسراوەکـەم بخوێننـەوە.

(قُطُوفُهَا): (**القُطُـوفُ: جَمـعُ قِطـف، وَهُـوَ المَقطُـوفُ، جَمعُـهُ قُطُـوف**)، (**قُطُـوف**) کـۆی (**قِطـف**)ە، (**قِطف**)یـش بـە مانـای (**مَقطُـوف**)ە، واتـە: چـنراو، لێکـراوە، کەواتـە: (**القِطـافُ: جَنـيُ الثَّمَـرَةِ**)، چـنراوی ئـەو میوەیـەی دەچـنرێ، یاخـود (**قِطـاف**) چاوگـە و واتـە: چنینـی میـوە، لێکردنـەوەی میـوە، (**قِطَـف**) تاکەکەیـەتی (**قُطُـوف**) کۆیەکەیـەتی، واتـە: میـوە چـنراوەکان.

(هَنِيٓـَٔۢا): (**الهَنِـيءُ: كُلُّ مَـالا يَلحَـقُ فِيـهِ مُشَـقَّةٌ وَلا يَعقُـبُ وَخامَـةٌ**)، (**هَنِـيء**) هـەر شـتێکە زەحمـەتی بـەدوادا نەیـەت و، دەردو ئـازاری لـێ نەکەوێتـەوە، (خواردنێـك کـە نارەحەتیـی و گرفتـی بـەدوادا نەیـەن).

(أَسۡلَفۡتُمۡ): پێشتانخسـتوە، (**السَّـلَفُ: المُتَقَـدِّمُ، أَسـلَفتُم أَي: قَدَّمتُـم**)، (**سَـلَف**) یانـی: پێشـوو، ڕابـردوو، (**أَسـلَفَ**) واتـە: پێشیخسـت و ئەنجامـی دا، کەواتـە: (**بِمـا أَسـلَفتُم**) واتـە: بەهـۆی ئـەوەوە کـە پێشـتر کردووتانـە لـە دنیـادا، یـانی: کارە چاکـەکان و پێشتانخسـتوون.

(ٱلۡخَالِيَةِ): (**الماضِيَـة**)، ڕابـردووەکان، ﴿ فِي ٱلۡأَيَّامِ ٱلۡخَالِيَةِ ﴾، لـە ڕۆژە ڕابردووەکاندا، مەبەسـت ژیـانی دنیایـە، دەگوتـرێ: (**خَـلَا الزَّمـانُ أَي: مَـضَى وَذَهَـبَ**)، کات تێپـەڕی و ڕابرد.

(ٱلۡقَاضِيَةَ): (**المَـوتُ**)، (**يُقـالُ ضَرَبَـةُ ضَرۡبَـةٌ قَاضِيَـة أَي: مُمِيـتٌ**)، واتە: لێیـدا بە لێدانێکی یەکجارەکیـی، یاخـود: لێدانێـکی کۆتایـی پێهێنـەری لێـدا، واتـە: مرێنـەر، کەواتـە: ﴿ يَٰلَيۡتَهَا كَانَتِ ٱلۡقَاضِيَةَ ﴾، واتـە: (**يـا لَيۡتَهـا كَانَـتِ المَوتَـةُ مَوتَـةٌ قَاضِيَـة**)، بریـا مردنەکـەم مردنێـکی یەکجارەکیـی بووایـە، واتـە: زینـدوو کرانـەوەی بـەدوادا نەهاتبایـە.

(سُلْطَٰنِيَهْ): دەستەڵاتەکەم، (**السُّلاطَةُ: التَّمَكُّنُ مِنَ القَهرِ، سَلَّطهُ فَتَسَلَّطَ، وَسُمِّيَ الحُجَّةُ سُلطاناً**)، (**سَلاطَة**) بریتیە لە دەسترۆیشتوویی بەهۆی باڵادەستییەوە، دەگوترێ: (**سَلَّطْتهُ فَتَسَلَّطَ**)، زاڵمکرد، ئەویش زاڵبوو، (**وَسُمِّيَ الحُجَّةُ سُلْطَاناً**)، بەڵگە پێی گوتراوە: (**سُلْطان**)، چونکە دەستەڵاتی هەیە بەسەر عەقڵ و دڵی بەرامبەرەکەدا، ئەگەر لە هەقیی بگەڕێ.

(فَغُلُّوهُ): ئنجا کۆتی بکەن، (**الغُلُّ: مُخْتَصٌّ بِمَا يُقَيَّدُ بِهِ فَتُجْعَلُ الأَعْضَاءُ وَسْطَهُ وَجَمْعُهُ أَغْلاَل**)، (**غُلّ**): تایبەتە بەوەوە کە مرۆڤی پێ کۆت دەکرێ، ئەندامەکان دەخرێنە نێوە ڕاستییەوە (بە تایبەت گەردن و دەست و پێ)، بە (**أغلال**) کۆ دەکرێتەوە، (**غُلّ**) کۆت، جاری وایە وەك کەلەبچە لە دەستان دەکرێ و دەستەکان دەخرێنە نێوی، یان پێیەکان دەخرێنە نێوی، جاری واشە دەخرێتە گەردنەوە، بۆ ئەوەی ئەو گەردنە بەرز بێ و نەتوانێ سەر دانوێنێ، یاخود مل بسوورێنێ بەملاو لادا.

(ذَرْعُهَا): (**الذِّرَاعُ: العُضْو المَعْرُوفُ يُعَبِّرُ بِهَا عَنِ المَذرُوعِ أَي: المَذروُع بِالذِّراعِ، وَالذَّرْعُ بَسْطُ اليَدِ**)، (**ذِرَاع**): ئەو ئەندامە ناسراوەیە، باسك، لە پەنجەکانی دەستەوە تاکو ئانیشك، پێی دەگوترێ: (**ذِراع**)، هەندێکیش دەڵێن: لە پەنجەکانەوە تاکو بن هەنگڵ پێی دەگوترێ: (**ذِرَاع**)، بەڵام ئەگەر هەردوو دەست بڵاو بکەیەوە، پێی دەگوترێ: (باع) باڵ، (**ذِراع**)، بە کوردیی دەگوترێ: گەز، کە دەوری نیومەترە.

بە کورتیی: (**ذِراع**) بە کوردیی دەگوترێ: باسك یان گەز، دوایی بەکارهێنراوە بۆ پێوراوێك بە باسك (**مَذرُوع**)، شتێك کە بە باسك دەپێورێ، (**ذَرْع**)یش بریتیە لە بڵاوکردنەوەی هەردووك دەست و کردنەوەیان و ئەگەر هەردووك دەست بکرێنەوە باڵ (باع)ە، بەڵام ئەگەر تەنیا یەك دەست بێ (**ذِرَاع**)ە، بۆیە لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە کە خوا ﷻ لە فەرمایشتی قودسییدا دەفەرمووێ: {**وَإِذَا تَقَرَّبَ مِنِّي ذِرَاعاً تَقَرَّبتُ إِلَيْهِ بَاعاً**} (**أخرجه البخاري: ٦٩٧٠،**

ومسلم: ٢٦٧٥)، ئەگەر بەندە باسكێك بۆ لام بێ، من باڵێك بۆ لای دەچم، لێی نیزیك دەبمەوە.

(فَاسْلُكُوهُ): **(السُّلُوكُ: النَّفاذُ فِي الطَّرِيقِ)**، مانای بنەڕەتیی **(سُلُوك)** بریتیە لە بەڕێدا ڕۆیشتن، كەوتنە نێو ڕێ، **(فَاسْلُكُوهُ)** واتە: ئەو كەسە بخەنە نێو زنجیرەكەوەو زنجیرەكەی لێ بئاڵێنن، با ئەو بچێتە نێوی.

(وَلَا يَحُضُّ): **(الحَضُّ: التَّحرِيضُ كَالحَثِّ، إلاّ أَنَّ الحَثَّ يَكُونُ بِسَوقٍ وَسَيرٍ، وَالحَضُّ لا يَكُونُ بِذَالِك)**، **(حَضّ)** هاندان، وەك **(حَثّ)** وایە، بەڵام **(حَثّ)** ئەوەیە كە لەگەڵ وەپێش خۆدان و ڕۆیاندن بێ، بەڵام **(حَضّ)** مەرج نیە بە پێش خۆدانەوە بێ و بریتیە لە هاندان.

(حَمِيمٌ): **(الحَمِيمُ: المَاءُ الشَّدِيدُ الحَرارَة، وَالقَرِيبُ المُشْفِق)**، **(حَمِيمٌ)** لە ئەسڵدا بە ئاوێكی زۆر گەرم دەگوترێ، بەڵام دوایی خوازراوەتەوە بۆ نیزیكێكی دڵسۆزو دڵگەرم بۆ مرۆڤ، چ خزم بێ چ بێگانەبێ، چونكە لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ ﴿١٠١﴾﴾ **الشعراء**، هەروەها برادەری دڵگەرم و دڵسۆزم نییە.

(غِسْلِينٍ): **(الغِسْلِينُ: غُسَالَةُ أَبدانِ الكُفَّارِ)**، چڵك و شۆراوی جەستەی بێبڕوایەكانە، یاخود: كێم و زووخاویانە.

(الْخَاطِئُونَ): گوناهباران، تاوانباران **(خَطِأَ يَخْطَأُ خِطْئاً وَخَطَأً، الخِطْأُ وَالخَطَأُ: العُدُولُ عَنِ الجِهَة، وَأَخْطَأَ فَهُوَ مُخْطِيٌ إخْطَاءً، مَنْ أَصَابَ فِي الإِرَادَةِ وأَخْطَأَ مِنَ الفِعْلِ، لَكِن خيطْأَ أَن تُرِيدَ غَير مَا تُحْسِنُ، فتَفعَلُهُ)**، **(خَطِأَ يَخْطَأُ خِطئاً وَخَطَأً)**، واتە: گوناهی كرد، گوناح دەكات، گوناهكردن، **(خِطأ)**و **(خَطَأ)** هەردووكیان بە مانای گوناح كردنن و، لە ئەصڵی زمانی عەرەبییدا بە مانای لادانن لە ڕێ، لەولایەی كە ڕاست و چاكە، بەڵام **(أَخْطَأَ فَهُوَ مُخْطِيٌ إخْطَاءً)**، ئەمە بە مانای هەڵەی كرد، هەڵە دەكات، هەڵە كردن، یانی: كەسێك كە لە ویستندا دەیپێكێ و لە كرداردا هەڵە دەكات، واتە: كەسێك كە مەبەستی نیە گوناح بكات، بەڵام لە كرداردا هەڵە دەكات، هەر

چەند بە دڵ نایەوێ هەڵەو گوناح بکات، بەڵام (**خاطِيء**) کەسێکە بە نیەت و بە کرداریش گوناح و هەڵە دەکات، (**خِطْأ: أن تُرِيدَ غَيْرَ ما تُحَسِّنُ، فَتَفْعَلَهُ**)، (**خِطْأ**) ئەوەیە شتێك بزانی باش نیەو خراپە، کەچی بتەوێ و ئەنجامیشی بدەی.

مانای گشتیی ئایەتەکان

ئەم بیست و پێنج (٢٥) ئایەتە موبارەکە، هەموویان تەرخانکراون بۆ باسی ڕۆژی دوایی، هەڵبەتە ئایەتەکانی سەرەتاش، ئەو دوازدە ئایەتەی پێشتر باسمان کردن، ئەوانیش چاو پێداگێڕانێکی مێژوو بوون و، خوا ﷻ سێ جاران وشەی (**حاقة**)ی لە سێ ئایەتاندا دووبارە کردەوە، ئنجا یەکسەر هاتە سەر باسی گەلی سەموودو گەلی **عاد**، دواتر گەلی فیرعەون و ئەوانەی لەگەڵی بوون، یاخود ئەو کۆمەڵگایانەی لەپێشیەوە بوون، هەروەها شارە هەڵگێڕدراوەکان، ئەو چوار گەلەی ناویان هێنراوەو گەلە پێشووەکانیش، هەموویان بێبڕوابوون بە (**قارِعَة**)، واتە: ئەو کارەساتەی خەڵك دادەچڵەکێنێ و ڕادەچڵەکێنێ، کە مەبەست پێی ڕۆژی دواییە، ئنجا دوای ئەو چاو پێدا گێڕانەی مێژوو، خوا ﷻ باسی ڕۆژی دوایی دەکات، کە دوو قۆناغەو هەر کامیان دوای فووپێداکردنێکی کەڕەنا (**النفخ في الصور**) کە دووجارە، دێتە پێش و، یەکەمیان ئاخیرزەمان (**ساعة**)و، دووەمیان هەڵسانەوە (**قيامة**)یە.

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ نَفۡخَةٞ وَٰحِدَةٞ ﴾، هەر کاتێك فوو بە کەڕەنادا کرا، یەك فوو، واتە: بۆ جاری یەکەم فووی پێدا کرا، کە لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتوە: {**كَيْفَ أَنْعَمُ، وَصَاحِبُ الصُّورِ قَدِ الْتَقَمَ الْقَرْنَ، وَحَنَى جَبْهَتَهُ يَنْتَظِرُ مَتَى يُؤْمَرُ أَنْ يَنْفَخَ**} (**أخرجه الترمذي: ٣٢٤٣، والطبراني في الأوسط، وابن حبان: ١٩٣٦٤، عن أبي سعيد الخدري ﷺ، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط الشيخين**).

واتـە: چـۆن لـە ژیـانی دنیـادا ڕابوێـرم و خۆشـگوزەران بـم! لـە حاڵێکـدا خـاوەنی کەڕەنـا (**صـور**) قۆچەکـە (**قـرن**)ی بـە دەمـەوە گرتـوەو سـەریشی بەسـەردا نووشـتاندۆتەوە، چاوەڕێیـە کـەی فەرمـانی پـێ دەکـرێ، فـووی پێـدا بـکات.

خـوا دەفەرمـوێ: کاتێـك فـوو بـە کەڕەنـادا کـرا، یـەك فـوو، واتـە: بـۆ جـاری یەکـەم، ﴿ وَحُمِلَتِ ٱلْأَرْضُ وَٱلْجِبَالُ فَدُكَّتَا دَكَّةً وَٰحِدَةً ﴾، لـە ئەنجامـی فـووی یەکەمـدا، کـە ئاخیـر زەمـانی بـەدوادا دێ، زەوی و چیایـەکان هەڵگیـران و یـەك جـار پێکـدا دران و وردو خـاش کـران، ﴿ فَيَوْمَئِذٍ وَقَعَتِ ٱلْوَاقِعَةُ ﴾، لـەو ڕۆژەدا ڕووداوەکـە (کارەسـاتەکە) دەقەومـێ، ﴿ وَٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَهِيَ يَوْمَئِذٍ وَاهِيَةٌ ﴾، ئاسـمانیش لـەت و پـەت دەبـێ، لـەو ڕۆژەدا ئاسـمان بـێ هێـزە، واتـە: ئـەو تونـدو تۆڵیـی و پتەوییـەی گـەردوون ئێسـتا هەیـەتی، ئـەوەی نامێنـێ و لێـك هەڵدەوەشـێ، چونکـە خـوا ئـەم دۆخـەی بـۆ تێـدا تاقیکردنـەوە مرۆڤـان و جنـدان ڕەخسـاندوویەتی، هەڵیدەگـرێ و ئـەم ژیانـە کۆتایـی پێدێنـێ و، قۆناغێـکی دیکـەی ژیـان دێنێتـە گـۆڕێ، ئـەوەش هەمـووی بـاسی ئاخیـر زەمانـە، بـاسی قۆناغـی یەکەمـی ڕۆژی دواییـە، دوایـی یەکسـەر خـوا ﷻ قۆناغـی دووەمیـشی لەگەڵـدا ئاوێتـە دەکات، ئەگەرنـا لـە سـوورەتی (**الزمـر**)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾**الزمـر**، فـوو بـە کەڕەنـادا کـرا، هەرچـی لـە ئاسـمانەکان و زەویـدا هەیـە مـرد، (یاخـود: لـە هـۆش خـۆی چـوو)، مەگـەر ئـەوەی خـوا بیـەوێ نەمـرێ، (یـان لـە هـۆش خـۆی نەچـێ)، کـە مەبەسـت فریشـتەکانن، ئەگەرنـا جنـدو مـرۆڤ هیچیـان نامێنـن، هەروەهـا باڵنـدەو ئـاژەڵ و، زژیانـداران هیچیـان نامێنـن، دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ ...ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾**الزمـر**، دوایـی جارێـکی دیکـە فـووی پێـدا کـرا (واتـە: بـە کەڕەنـادا)، یەکسـەر هەسـتان و چاوەڕێیـان کـرد، کەواتـە: دوو جـاران فـوو بـە کەڕەنـادا دەکـرێ، جـاری یەکەمیـان دەبێتـە هـۆی پەیدابـوونی ئاخیـر زەمـان، واتـە: ئـەم کـەون و گەردوونـە دەپێچرێتـەوەو ئاسـمان و زەوی وەك خۆیـان نامێنـن، وەك لـە سـوورەتی (**إبراهیـم**)

دا باسکراوەو[١]، لە تەفسیری سوورەتی (**الواقعة**)دا، کورتە باسێکمان لەو بارەوە کردوە، کە زەوی و چیایەکان چییان لێ دێ؟.

بەڵام بۆ جاری دووەم کە فووی پێدا دەکرێ، قیامەت دێ، واتە: هەڵسانەوەو زیندوو کرانەوەو ئامادەکردنی خەڵك بۆ سزاو پاداشت، بۆیە لێرەدا یەکسەر خوا ﷻ پێکەوەی پەیوەست کردوون، دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرْجَآئِهَا ﴾، فریشتەکانیش لەسەر قەراغەکانی ئاسمان دەبن، لەسەر لێوارەکانی دەبن، ﴿ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَٰنِيَةٌ ﴾، لەو ڕۆژەدا عەرشی پەروەردگارت هەشت هەڵیدەگرن لەسەریانەوە، واتە: لە سەرووی فریشتەکانەوە، یان لە سەرووی ئەوانەوە کە کۆ دەکرێنەوە بۆ سزاو پاداشت، لە سەروویانەوە تەخت و عەرشی پەروەردگارت هەڵدەگرن، هەشت فریشتە، یان هەشت دروستکراوی دیکە، یان هەشت کۆمەڵە فریشتە، ئێمە نازانین، گرنگ ئەوەیە خوا فەرموویەتی: هەشت هەڵیدەگرن، لە هەندێك شوێنەواراندا هاتوە، کە ئێستا عەرشی پەروەردگار لە لایەن چوار فریشتانەوە هەڵگیراوەو، لەو کاتەدا دەبن بە هەشت، کە هی چوارەکان هیچ دەقێکی ڕوون و ڕاشکاوی لەسەر نیە، بەڵام ئەوە ئایەتە کە هەشتەکان لە ڕۆژی دوایی دا لە ڕۆژی قیامەتدا، تەخت و عەرشی پەروەردگار هەڵدەگرن.

﴿ يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ ﴾، لەو ڕۆژەدا ئێوە ڕادەنوێنرێن، واتە: پیشان دەدرێن، ﴿ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ﴾، هیچ شتێك لە ئێوە پەنهان نابێ، یانی: هیچ شتێکتان لێ پەنهان نابێ و هەموو شتێك دەزانن، هەموو شتێکتان بۆ ئاشکرا دەبێ، یاخود: ﴿ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ﴾، هیچ شتێکی ئێوە پەنهان نابێ، هیچ شتێکتان نابێ شێردراوەو پەنهان و نەزانراو بێ، هەموو شتێکتان دەکەوێتە گۆڕێ، وەك لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ تُبْلَى ٱلسَّرَآئِرُ ﴿٩﴾ ﴾الطارق، ئەو ڕۆژەی نهێنییەکان دەکەونە گۆڕێ و ئاشکرا دەبن.

---

(١) ﴿ يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾ ﴾إبراهيم.

ئنجا خـوا ﷻ بـاسی ئـەوە دەکات کـە دوایـی مرۆڤـەکان چییـان لـێ بەسـەر دێ؟ دوای ئـەوەی ڕادەنوێنرێـن و هیـچ شـتێکیان لـێ پەنهـان نابـێ، بـە هـەردوو واتایەکـەی، دەفەرمـوێ: ﴿ فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ﴾، ئنجـا هـەر کەسـێك نووسراوەکـەی بـە (دەسـتی) ڕاسـتی بدرێتـەوە، ﴿ فَيَقُولُ هَآؤُمُ ٱقْرَءُوا۟ كِتَٰبِيَهْ ﴾، دەڵـێ: هـا بگـرن نووسراوەکـەم بیخوێننـەوە، ﴿ هَآؤُمُ ﴾، واتـە: هـا بیگـرن، ﴿ ٱقْرَءُوا۟ كِتَٰبِيَهْ ﴾، نووسراوەکـەم (نامەکـەم) بڕوانامەکـەم بخوێننـەوە، شـانازیی پێـوە دەکات، کەسـێك شـتێکی هەبـێ شـانازیی پێـوە بـکات، پێیخۆشـە خەڵـك بیبینـێ، وەك گوتـراوە: پێـی شـەرم نیـە، بەڵکـو پێـی سـەر بـەرزەو شـانازیی پێـوە دەکات، ﴿ إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَٰقٍ حِسَابِيَهْ ﴾، مـن دڵنیـا بـووم کـە تـووشی لێپرسـینەوەکەم دەبـم، لێـرەدا ﴿ ظَنَنتُ ﴾، وەك دوایـی لـە مەسـەلە گرنگەکانیشـدا زیاتـر تیشـکی دەخەینـە سـەر، یـانی: (عَلِمْـتُ)، یاخـود (أَيْقَنْـتُ)، زانیـم، یاخـود دڵنیـا بـووم، ﴿ أَنِّي مُلَٰقٍ حِسَابِيَهْ ﴾، کـە مـن تـووشی لێپرسـینەوەکەم دەبـم، ئنجـا لەبـەر ئـەوەی ئـەو کاتـە دڵنیـا بـووم لـە دنیـادا، کـە ڕۆژێـك دێ لێـم دەپرسرێتـەوەو، سـزاو پاداشـت هەیـە، بۆیـە خـۆم ئامـادە کـردوە، کەسـێك بەرچـاوی ڕووناکـە، پەرێـزی پاکـە، کەسـێك دەزانـێ بـەرەو کـوێ دەچـێ؟ دەزانـێ چـۆن خـۆی بـۆ ئامـادە بـکات، هەروەهـا کەسێکیش پەرێـزی پاکـە، بـێ باکـە.

ئـەو کەسـەش دەڵـێ: مـن دڵنیـا بـووم کـە پێگەیشـتووی لێپرسـینەوەکەم دەبـم و تـووشی دەبـم، ﴿ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴾، ئنجـا ئـەو جۆرە کەسـە لە ژیانێـکی ڕازیی دایە، ژیانەکـە ئەوەیـە خاوەنەکـەی لێـی ڕازییـە (فِي عِيشَـةٍ مَرْضِيَّـة)، بـەڵام لێـرەدا ڕازیـی بوونەکـە پاڵدراوەتـە لای ژیانەکـە، بـۆ زێدەڕۆیـی، یـانی: ژیانەکـە لـە خاوەنەکـەی ڕازییـە، ئەگەرنـا لـە ڕاسـتییدا ژیانەکـە ڕەزامەندیـی بەرانبـەر دەردەبـڕدرێ و لێڕازیبـوو و پەسـندکراو (مَرْضِيَّة)ەکەیـە، ڕازیـی بووەکـە خاوەنەکەیـەتی، یاخـود مەبەسـت پێـی ژیانێـکی پڕ ڕەزامەندییـە، یـانی: وەختێـك تەماشـای ئەو ژیانـە دەکەی، هـەر ڕەزامەندیـی و بەختەوەریـی تێـدا بـەدی دەکـەی، ﴿ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ﴾، لـە باخێـکی بڵنـددا، بڵنـد بـە هـەردوو واتـای کـە ئێسـتا بـۆ ئێمـە زانـراون:

أ- بڵند بە مانا ماددیی و بەرهەستەکەی واتە: شوێنەکەی بڵندە.

ب- بڵند بە مانای مەعنەوییەکەشی، واتە: باخێکە کە لە ڕووی قەدرو قیمەت و بەهاوە، زۆر باڵاو بەرزە.

﴿ قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ ﴾، چڕاوەکانی (میوە چڕاوەکانی) نیزیکن، (**قُطُوف**) کۆی (**قِطْف**)ە، واتە: میوەی چڕاو، (**قِطَاف**)یش چنین و لێکردنەوەیە.

میوە چڕاوەکانی ئەو باخە نیزیکن، واتە: دەست گەیاندنە میوەکانی بۆ چنین و لێکردنەوە، مرۆڤ ماندوو ناکات، ﴿ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔا بِمَآ أَسْلَفْتُمْ فِى ٱلْأَيَّامِ ٱلْخَالِيَةِ ﴾، (پێیان دەگوترێ): بخۆن و بخۆنەوە ئەمە گوتراوی قسەیەکی لابراو (**مَقُولُ قَولٍ مَحْذُوفٍ**)ە، واتە: بێژەرێك پێیان دەڵێ: کە فریشتەکانن. بخۆن و بخۆنەوە نۆشی گیانتان بێ، ﴿ هَنِيٓـًٔا ﴾، خواردن و خواردنەوەیەك دوایی گرفتی بەدوادا نەیەت، چ گرفتی وەك دەردو نەخۆشیی، چ گرفتی وەك پاشەڕۆك و، ئەزیەت کێشانی مرۆڤ بە فڕێدانی پاشەڕۆکەکەی، ئەو جۆرە گرفتانە لە بەهەشت دا نین.

ئایا لە بەرانبەر چی دایە، ئەو ژیانە پڕ ڕەزامەندییە؟ لەو باخە بەرزەدا، کە میوەو بەرەکانی نیزیکن و پێیان دەگوترێ: بخۆن و بخۆنەوە بەبێ گرفت و کێشە؟ ﴿ بِمَآ أَسْلَفْتُمْ فِى ٱلْأَيَّامِ ٱلْخَالِيَةِ ﴾، بەهۆی ئەوەوە کە پێشتانخستوە لە ڕۆژە ڕابردووەکاندا، یانی: (**بِما قَدَّمتُم في الأَيَّامِ الماضِيَة**)، بە هۆی ئەوەوە کە پێشتانخستوە بە ئیمان و بە کردەوەی چاك، لە ڕۆژە ڕابردووەکاندا، واتە: لە ژیانی دنیادا، ئەمە بە نسبەت کەسانێکەوە، کە بە دەستی ڕاستیان نامەی کردەوەکان و بڕوانامەکانیان وەردەگرنەوە.

﴿ وَأَمَّا مَنْ أُوتِىَ كِتَـٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ ﴾، بەڵام کەسێك نووسراوەکەی بە (دەستی) چەپی بدرێتەوە: ﴿ فَيَقُولُ يَـٰلَيْتَنِى لَمْ أُوتَ كِتَـٰبِيَهْ ﴾، دەڵێ: خۆزگە نووسراوەکەی خۆمم پێ نەدرابایە، یانی: (**لَمْ أُعْطَ**)، ﴿ وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ ﴾، هەروەها خۆزگە

هـەر نەمزانیبایـە لێپرسـینەوەکەم چۆنـە، ﴿ يَٰلَيْتَهَا كَانَتِ ٱلْقَاضِيَةَ ﴾، بریـا مردنەکـەم کـە دەمـردم یەکجارەکیـی بووایـەو کۆتایـی پـێ هێنـەر بووایـە، یـانی: (یـا لَیتَهـا کانَـتِ المَوتَـةُ مَوتَـةً قاضِیَـة)، خۆزگـە مردنەکـە مردنێـکی کۆتایـی پێهێنـەر بووایـە، نـەك ژیـان و زینـدوو کرانـەوەی بـە دوادا هاتبایـە، بـەڵام ئـەو خۆزگـەو بریایانـە بـێ سـوودن و، وەك پێشـینان گوتوویانـە: درەختـی خۆزگـەو بریـا بـۆ کـەس بـەری نەگرتـوە، ئـەوە بـەس قسـەیەکەو دەیڵێـن، ﴿ مَآ أَغْنَىٰ عَنِّى مَالِيَهْ ﴾، دەڵـێ: مـاڵ و سـامانەکەم هیـچ سـوودی پـێ نەگەیانـدم، ئـەو مـاڵ و سـامانەی کـۆم دەکـردەوەو، لەسـەری خـۆم شـەرمەزارو عەیبـدار کردبـوو، بەهۆیـەوە خـۆم گوناهبـار کردبـوو، هیـچ سـوودی پـێ نەگەیانـدم و ڕۆیشـت، ﴿ هَلَكَ عَنِّى سُلْطَٰنِيَهْ ﴾، دەستەڵاتەکەشـم فەوتـا، ﴿ سُلْطَٰنِيَهْ ﴾، دەگونجـێ بـە مانـای دەسـەڵات و دەستڕۆیشـتوویی بـێ، واتـە: دەسـتەڵاتی ڕواڵەتیـی، دەشـگونجێ بـە مانـای دەسـتەڵاتی مەعنەویـی بـێ، یـانی: بەڵگەکـەم، واتـە: دەسـەڵاتەکەم لـە دەسـتم ڕۆیشـت و فەوتـا، نەمـا، ئـەو خەڵکـەی بـە دەوری خۆیـەوە کـۆی کردبوونـەوە بـە پـارەی حـەڕام و، بـە زۆری دەسـەڵات و خـۆ سـەپاندن، نەمـا، یاخـود: ئـەو شـتانەی دەمکـردن بـە بەڵگـە بـۆ خـۆم و خـۆم پـێ ئیقنـاع دەکـردن، ئـەو بـڕو بیانووانـە هیچیـان نەمـان و ڕۆیشـتن، قیامـەت شـوێنی دەرکەوتنـی ڕاسـتییەکانە، درۆو دەلەسـەو فـرت و فێـڵ دادی کـەس نـادات، ﴿ خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ﴾، فەرمـان دەکـرێ بـە فریشـتەکان بیگـرن، ئنجا کـۆتی بکـەن، ئەمـەش گوتـراوی بێژەرێـکی قرتێنـدراو (قَـولُ قائِـلٍ مَحـذُوف)ە، یـانی: (یُقَـولُ قائِـلٌ لِلمَلائِکَـة: خُـذُوهُ فَغُلُّـوهُ)، بێژەرێـک بـە فریشـتەکان دەڵـێ: بیگـرن و کـۆتی بکـەن، (کۆت)یـش ئەوەیـە کـە لـە گـەردن دەکـرێ، یـان لـە دەسـتەکان دەکـرێ، وەك کەلەبچـە، هەروەهـا لـە پێیەکانیـش دەکـرێ، ﴿ ثُمَّ ٱلْجَحِيمَ صَلُّوهُ ﴾، دوایـی فڕێیدەنـە نێـو کڵپـەی بەهێـزی ئاگـری دۆزەخ، ﴿ ثُمَّ فِى سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَٱسْلُكُوهُ ﴾، دوایـی بیخەنـە نێـو زنجیرێکـەوە کـە درێژییەکـەی حەفتـا گـەزە، یـان حەفتـا باسـکە، واتـە: زنجیرەکـەی لـێ بئاڵێنـن و ئـەو بخەنـە نێـو زنجیرەکـە، چونکـە هەندێـك لـە

ڕوونکەرەوان، کە لە نێویاندا تەبەریی و ئیبنو کەسیرو زۆری دیکەش هەن، بە جۆرێك مانایان لێکداوەتەوە، کە بە دڵنیایی شایستەی فەرمایشتی خوا نیە، شتی وا بفەرموێ ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن: زنجیرەکەی بخەنەتێ بە لای زاریداو با لە پشتەوەی لە کۆمی دەربچێ! کە هەرگیز تەعبیری وا خوا لە قورئاندا بەکاری نەهێناوەو ئەگەر واش بووایە دەبوو فەرموبای: (**فَاسلُکُوها فِيهِ**)، زنجیرەکە بخەنە نێوی، بەڵام خوا دەفەرموێ: ئەو بخەنە نێو زنجیرەکە، کەواتە: زنجیرەکەی لێ بئاڵێنن، ئەو با بکەوێتە نێو زنجیرەکە، بێگومانیش شتێك حەفتا گەز بێ لە کەسێکی بئاڵێنی، بۆی وەك کووپەیەك سندووقێکی ئاسنی لێ دێ و، ئەو دەچێتە نێوی، نەك زنجیرەکە بچێتە نێو ئەو.

پێشم سەیرە وایان لێکداوەتەوە، لە حاڵێکدا کە ڕواڵەتی بێژە قورئانییەکە ئەو مانایە ناگەیەنێ!

ئنجا ئایا بۆچی وای لێ دەکرێ؟ ﴿ إِنَّهُۥ كَانَ لَا يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ ٱلۡعَظِيمِ ﴾، بە دڵنیایی ئەوەش بەهۆی ئەوەوە، کە بڕوای بە خوای مەزن نەبوو، ﴿ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ﴾، هانیشی نەدەدا بۆ خواردنی نەدار، واتە: بۆ خواردن دان بە نەدار، خۆشی نەیدەکردو هانی خەڵکیشی نەدەدا، ﴿ فَلَيۡسَ لَهُ ٱلۡيَوۡمَ هَٰهُنَا حَمِيمٞ ﴾، ئنجا بەهۆی ئەوەوەش، ئەمڕۆ هیچ دۆستێکی دڵگەرم و نیزیك و دڵسۆزی نیە، نە خزمێك نە دۆستێك، نە برادەرێك، نە دڵسۆزێکی بە پەرۆشی نیە، ﴿ وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنۡ غِسۡلِينٖ ﴾، خواردنیشی نیە، جگە لە چڵپاو (غِسۡلِينٖ)، کە هەم بە مانای کێم و زووخاو دێ، هەم بە مانای ئەو ئاوەش کە لە داشۆرینی برین و پێستی دۆزەخییەکان دێتە خوارێ، واتە: کێم و زووخاو، یان چڵکاوی دۆزەخییەکان، خواردنی هەر ئەوەیە، ﴿ لَّا يَأۡكُلُهُۥٓ إِلَّا ٱلۡخَٰطِـُٔونَ ﴾، ئەو خواردنە پیسەش، تەنیا تاوانباران ئەوانەی بە ئانقەست تاوان و خراپە دەکەن، تەنیا ئەوانە دەیخۆن، نەیفەرمووە: (**لا يَأكُلُونَ إلاّ المُخطِئُون**)، ئەوانەی هەڵە دەکەن، نا، چونکە هەڵە کردن ئەوەیە کەسێك نەزانێ شتێك گوناهەو بیکات، ئەوە هەڵەیە، بەڵام (**خاطِئ**) کەسێکە دەشزانێ

گوناهـەو دەیـکات، دەشـزانێ حەڕامـەو دەیخـوات، ئـا ئەوانـە خواردنەکەیـان ئـەو جـۆرە خواردنەیـە، خـوا پەنامـان بـدات.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

کاتێك فووی یەکەم بە کەڕەنادا دەکرێ، زەوی و چیایەکان یەکجار پێکدا دەدرێن و وردو خاش دەبن و، کارەساتی ئاخیر زەمان دەقەومێ، ئاسمان شەق و پەق و هەڵوەشاو دەبێ و، فریشتەکان دەکەونە کەنارەکانی و، عەرشی پەروەردگاریشت، هەشت هەڵیدەگرن بەسەریانەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ نَفۡخَةٞ وَٰحِدَةٞ ﴿١٣﴾ وَحُمِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ وَٱلۡجِبَالُ فَدُكَّتَا دَكَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴿١٤﴾ فَيَوۡمَئِذٖ وَقَعَتِ ٱلۡوَاقِعَةُ ﴿١٥﴾ وَٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَهِيَ يَوۡمَئِذٖ وَاهِيَةٞ ﴿١٦﴾ وَٱلۡمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرۡجَآئِهَاۚ وَيَحۡمِلُ عَرۡشَ رَبِّكَ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ ثَمَٰنِيَةٞ ﴿١٧﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ نَفۡخَةٞ وَٰحِدَةٞ﴾، هەر کات فوو بە کەڕەنادا کرا، یەك فوو، (الطبري) گوتوویەتی: (وَهِيَ النَّفخَةُ الأُولَى)، ئەوە فووی یەکەمە، پێشتریش ئاماژەمان بەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ کرد، کە دەفەرموێ: {**كَيْفَ أَنْعَمُ، وَصَاحِبُ الصُّورِ قَدِ الْتَقَمَ الْقَرْنَ، وَحَنَى جَبْهَتَهُ، يَنْتَظِرُ مَتَى يُؤْمَرُ أَنْ يَنْفَخَ**} **(أخرجه الترمذي: ٣٢٤٣، والطبراني في الأوسط، وابن حبان: ١٩٣٦٤، عن أبي سعيد الخدري ﵁، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط الشيخين).**

واتە: چۆن لە ژیانی دنیادا ڕابوێرم و خۆشگوزەران بم، لە حاڵێکدا خاوەنی کەڕەنا، کەڕەنای بە دەمیەوە گرتووەو سەریشی بەسەردا نووشتاندۆتەوە، چاوەڕێیە کەی فەرمانی پێ دەکرێ، فووی پێدا بکات!.

دوای ئـەوەی خـوا ﷻ لـە دوازدە ئایـەتی پێشـوودا، مرۆڤـەکانی بـە گشـتیی و بـە تایبـەت بێبڕوایـەکانی ترسـاندن لـەو ڕۆژەی بـە (**الحَاقّـة**) و (**القارِعَـة**)ش نـاوی بـرد، واتـە: ئـەو ڕۆژەی چەسـپاوە، یاخـود هەقی تێدا دەچەسـپێ، ئـەو ڕۆژەی خەڵـك دادەچڵەکێنێ، ئنجـا سـەرەنجامی هەندێـك لـە گەلـە پێشـووەکانی بـە تایبـەت گـەلی عـادو سـەموودو گـەلی فیرعـەون و گـەلی لووطـی بـاس کـرد، ئنجـا بـاسی خـودی ئـەو ڕۆژە دەکات و وردەکارییـەکانی ئـەو ڕۆژەو، ئـەو کارانـەی لـەو ڕۆژەدا ڕوودەدەن، کـە ڕۆژی دواییـە، ڕوودەدەن، دەفەرمـوێ: هـەر کات بـۆ یەکجـار فـوو بـە کەڕەنـادا کـرا، یـەك فـوو.

٢)- ﴿ وَحُمِلَتِ ٱلْأَرْضُ وَٱلْجِبَالُ فَدُكَّتَا دَكَّةً وَٰحِدَةً ﴾، زەوی و چیایەکانیش هەڵگیران و یەکجار پێکدادران، (**حُمِلَت**) خوێندراویشەتەوە: (**حُمِّلَت الأرض والجبال**)، زەوی هەڵگیراو چیایەکانی هەڵگیران، ﴿ فَدُكَّتَا دَكَّةً وَٰحِدَةً ﴾، پێکدادران یەك پێکدادران، زانایان بە چەند جۆرێك تەعبیریان لێ کردوە:

أ- هەندێکیان گوتوویانە: بۆ وێنە (شوکانی): (**حُمِلَت**) یان (**حُمِّلَت**)، (**رُفِعَت مِن أَماكِنِهَا وَقُلِعَتْ عَن مَقَارِّهَا**)، لە شوێنی خۆیان بەرز کرانەوە، هەم زەویی و هەم چیایەکان و هەڵقەندران لەو شوێنەی تێیدا نیشتەجێن (ئنجا پێکدا کێشران).

ب- هەندێکیان گوتوویانە: (**كُسِرَتا كَسرَةً وَاحِدَة**)، شکێندران بە یەك شکاندن.

ج- هەندێکیان گوتوویانە: (**ضُرِبَتا ضَربَةً واحِدَةً بَعضُهُما بِبَعضٍ حَتَّى صَارَتا كَثِيباً مَهِيلاً**)، واتە: بە یەکجار پێکدا دران، هەر کامێکیان بەویدیکە دادرا، تاکو بوونە لمێکی نەرم.

د- (**الطبري**) گوتوویەتی: (**زُلزِلَتا زَلزَلَةً وَاحِدَة**)، بە یەك لەرزان لەرزێندرانەوە.

بـەڵام بێگومـان تەنیـا لەرزاندنەوەیـان نیـە، بەڵکـو تێکشـکێندران و وردو خـاش کرانیشـیانە، وەك لـە شـوێنەکانی دیکـەش دا باسـکراوە.

وشـەی (**دَكّ**)یـش وەك چـۆن بـە مانـای پێکـدادان و پێکداکێـشران، وێ، مانـای وردو خـاش کردنیـش دەگرێتـە نێـو خـۆی.

٣)- ﴿ فَيَوْمَئِذٖ وَقَعَتِ ٱلْوَاقِعَةُ ﴾، لەو ڕۆژەدا ڕووداوەکە ڕوودەدات، یاخود کارەساتەکە دەقەومێ.

بۆیەش گوتم: ﴿ فَدُكَّتَا دَكَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴾، تەنیا ئەوەندە نیە بلەرزێندرێنەوەو پێکدابدرێن و، لە شوێنی خۆیان بەرز بکرێنەوە، بەڵکو ئەو تەعبیرە تێکشکێندران و ورد و خاش کرانیش دەگرێتە خۆی، چونکە: (**الطبري**) لە (**ابن زيد**)ەوە دەڵێ: (﴿ وَحُمِلَتِ ٱلْأَرْضُ وَٱلْجِبَالُ فَدُكَّتَا دَكَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴾، **قَالَ: صَارَتْ غُبَارًا**)، (**جامع البيان: ٣٤٨٧٢**) واتە: بوون بە تۆز و خۆڵ، واتە: چیایەکان و زەوی بوونە تۆزو خۆڵ.

(**الطبري**) دەڵێ: (**وَلَمْ يَقُلْ: فَدُكِكْنَ، لِأَنَّهُ جَعَلَ الْجِبَالَ كَالشَّيْءِ الْوَاحِدِ**)، بۆیە نافەرموێ: (**فَدُكِكْن**)، واتە: ورد و خاش کران؟ چونکە چیایەکان وەك یەك شت دانراون، زەوییش وەك یەك شت، بۆیە وەك دوو شت پێکدابدرێن باسکراون.

٤)- ﴿ فَيَوْمَئِذٖ وَقَعَتِ ٱلْوَاقِعَةُ ﴾، لەو ڕۆژەدا کارەساتەکە ڕوویدا.

٥)- ﴿ وَٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَهِيَ يَوْمَئِذٖ وَاهِيَةٞ ﴾، ئاسمانیش لەت و پەت بوو، ئنجا ئەو ڕۆژە (ئاسمان) بێهێزە، (**انشَقَّت أَي: إِنصَدَعَت**)، واتە: ئاسمان شەق و پەق بوو، قڵیشا، لەت بوو، ﴿ فَهِيَ يَوْمَئِذٖ وَاهِيَةٞ ﴾، ئاسمان لەو ڕۆژەدا بێهێزە، (**واهِيَة أَي: ضَعِيفَة مُستَرخِيَة**) بێهێزەو، شل بووەوەیەو هەڵوەشاوە، هەندێکی دیکە گوتوویانە: (**مُتَمَزِّقَةٌ ضَعِيفَةٌ**)، لێکپچڕاوو بێهێزە.

٦)- ﴿ وَٱلْمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرْجَآئِهَا ﴾، فریشتەکانیش لەسەر کەنارەکانی، (**أَرجَاء: جَمعُ رَجاء**)، (**رَجاء**) یەکەم، (**رَجَوَان**) دووانە، (**أَرجَاء**) کۆیە، (**مِثلُ قَفا، قَفَوَانُ، أَقْفَاء، أَرجَائِها، أَي: أَطْرَافِهَا وَجَوَانِبِها**)، وشەی (**أَرجاء**) کۆی (**رَجا**) و (**رَجاء**)ە، یانی: قەراغ و کەنار، (**رَجَوان**)، واتە: دوو قەراغ، هەروەك (**قَفا**) واتە: پشتە مل، (**قَفَوان**) واتە: دوو پشتە مل، ئنجا کۆی (**رَجاء**)، (**أَرجاء**)ە، هەروەك کۆی (**قَفا**)، (**أَقفاء**)ە، کەنارەکان و پشتە ملەکان.

(الطـبري) دەڵـێ: **(أي عـلى أطرافِها وَ جَوانِبها)**، یـانی: لەسـەر قەراغـەکان و تەنیشـتەکانی ئاسـمان، فریشـتەکان دەچنـە تەنیشـتەکان و قەراغـەکانی ئاسـمان، لـە ڕۆژی دوایـی دا، دوای تێکـدانی ئاسـمانەکان و زەوی و نەمـانی حاڵـەت و سیسـتمی ئێسـتایان.

(الطـبري) لـە سـەعیدی کـوڕی جوبەیـری هێنـاوە، کـە ئایـەتی: ﴿ وَٱلْمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرْجَآئِهَا ﴾ی، ئـاوا مانـا کـردوە: **(الأرجـاءُ: أقفـاتُ السَّـماء)**، **(جامـع البيـان: ٣٤١٨٢)**، **(أرجـاء)** واتـە: قەراغـەکان و کەنـارەکانی ئاسـمان.

٧)- ﴿ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَٰنِيَةٌ ﴾، لەو ڕۆژەدا عەڕشی پەروەردگارت هەشت هەڵیدەگرن، وشەی **(مَلَك)** پێشتریش هێنامان کە هەموو **(مَلَك)**ێك مەلائیکەیە، بەڵام مەرج نیە هەموو مەلائیکەیەك **(مَلَك)** بێ، وەك ڕاغیبی ئەصفەهانیی دەڵێ، **(مَلَك)** ئەوەیە کارو سەرپەرشتیارییەکی پێ سپێردرابێ و، وشەی **(مَلَك)** ناوی کۆیەو بۆ جینسە، واتە: کۆی ئەو فریشتانەی کارەکانیان پێ سپێردراون.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَٰنِيَةٌ ﴾، بـارەگاو تەختی پەروەردگارت لـەو ڕۆژەدا هەشـت هەڵیدەگـرن، ئایـا ئەو هەشـتە مەبەسـت پێیـان چییە؟

أ- هەندێك لە زانایان گوتوویانە: **(ثَمانِيَةٌ مِنَ المَلائِكَة)**، یان **(ثَمانِيَةُ أملاكٍ)**، هەشت فریشتە.

ب- هەندێك گوتوویانە: **(ثَمانِيَةُ صُفُوفٍ مِنَ المَلائِكَة)**، هەشت ڕیز لە فریشتان.

ج- دەشگونجێ بگوترێ: **(ثَمانِيَةُ مَجموعاتٍ مِنَ المَلائِكَة)**، هەشت کۆمەڵ لە فریشتەکان.

د- دەشگونجێ مەبەست هەشت دانەیان کۆمەڵە دروستکراوی دیکەن.

خـوا ﷻ ڕوونی نەکردۆتـەوە، ئەو هەشـتانە کێن و چین و چ جۆرە دروسـتکراوێکن؟ بـەڵام بـە بەڵگـەی ئـەوە کـە خـوا هەمـوو کاروبـارەکانی خـۆی بە فریشـتان سـپاردوون، بـە تایبـەتی کاروبـاری ئاسـمانان، بۆیـە زۆربـەی زانایـان ڕایـان وایـە ئەوانـە هەشـت فریشـتەن، یـان هەشـت ڕیـز فریشـتەن، یـان هەشـت کۆمەڵە فریشـتەن.

(الطبري) دەقێك دێنێ دەڵێ: (وهُمُ اليَوْمَ أرْبَعَةٌ، فَإذَا كَانَ يَوْمُ القِيامَةِ أيَّدَهُمُ اللَّهُ بِأرْبَعَةٍ آخَرِينَ فَيَكُونُونَ ثَمانِيَةً)، (جامع البيان: ٣٤٨٩١)، واتە: هەڵگرەکانی تەخت و بارەگای خوا، عەرشی خوا، ئەمڕۆ چوارن، بەڵام لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا خوا بەهێزیان دەکات بە چواری دیکەو دەبنە هەشت.

بەڵام لە ڕووی سەنەدەوە ئەم دەقە بێهێزەو، (الطبري)یش ڕوونی نەکردۆتەوە ئەو قسەیە سەرچاوەکەی چییە؟ کە جگە لە (الطبري) زانایەکانی دیکەش هەندێکیان هێناویانە.

لێرەدا با ئەم دەقە بێنین کە تیشکی باشترمان بۆ دەخاتە سەر ئەوەی لەو ڕۆژەدا ڕوو دەدات، ئەوەش هەمووی جاریێ هەر باسی ئاخیر زەمانە، بەڵام دەگونجێ هەڵگرتنی تەختی پەروەردگار لە لایەنی هەشت لە دروستکراوەکانی خواوە، لەو ڕۆژەدا پەیوەندیی بە ڕۆژی قیامەتەوە هەبێ، بەڵام ئێمە ئەم دەقە لێرەدا دێنین، کە (الطبري) هێناویەتی:

{عَنِ الْأَجْلَحِ، قَالَ: سَمِعْتُ الضَّحَّاكَ بْنَ مُزَاحِمٍ، قَالَ: إذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ أَمَرَ اللَّهُ السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِأَهْلِهَا، وَنَزَلَ مَنْ فِيهَا مِنَ الْمَلَائِكَةِ، فَأَحَاطُوا بِالْأَرْضِ وَمَنْ عَلَيْهَا، ثُمَّ الثَّانِيَةَ، ثُمَّ الثَّالِثَةَ، ثُمَّ الرَّابِعَةَ، ثُمَّ الْخَامِسَةَ، ثُمَّ السَّادِسَةَ، ثُمَّ السَّابِعَةَ، فَصَفُّوا صَفًّا دُونَ صَفٍّ، ثُمَّ نَزَلَ الْمَلِكُ الْأَعْلَى عَلَى مَجْنَبَتِهِ الْيُسْرَى جَهَنَّمُ، فَإِذَا رَآهَا أَهْلُ الْأَرْضِ نَدُّوا، فَلَا يَأْتُونَ قُطْراً مِنْ أَقْطَارِ الْأَرْضِ إِلَّا وَجَدُوا سَبْعَةَ صُفُوفٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ، فَيَرْجِعُونَ إِلَى الْمَكَانِ الَّذِي كَانُوا فِيهِ، فَذَلِكَ قَوْلُ اللَّهِ: ﴿وَيَٰقَوْمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ ٱلتَّنَادِ ﴿٣٢﴾ يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ...﴿٣٣﴾﴾غافر، وَذَلِكَ قَوْلُهُ: ﴿وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا ﴿٢٢﴾ وَجِاْيٓءَ يَوْمَئِذٍۭ بِجَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ ﴿٢٣﴾﴾الفجر، وَقَوْلُهُ: ﴿يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنِ ٱسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا۟ مِنْ أَقْطَارِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ فَٱنفُذُوا۟ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَٰنٍ ﴿٣٣﴾﴾الرحمن، وَذَلِكَ قَوْلُهُ: ﴿وَٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَهِيَ يَوْمَئِذٍ وَاهِيَةٌ ﴿١٦﴾﴾الحاقة} (جامع البيان: ٣٤٨٧٣).

واتـە: ئەجلـەح دەڵـێ: گوێـم لـە زەحـحـاکی کـوڕی موزاحیـم بـوو، دەیگـوت: {کەواتـە: ئـەم دەقـە مورسـەلە، بـەڵام زانایـان گوتوویانـە: ئـەو قسـانەی زانایـانی تابیعیـن گوتوویانـن، لـە خـۆوە نەیانگوتـوون و حەتمـەن لـە هاوەڵانیـان بیسـتوون، ئەوانیـش لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە تایبـەت ئەگـەر پەیوەندییـان بـە ئـەو شـتانەوە هەبـێ کـە نادیـار (غیـب)ن، بـە تایبـەت ڕۆژی دوایـی}، لـە ڕۆژی قیامەتـدا خـوا فەرمـان دەکات بـە دانیشـتووانی ئاسـمانی یەکـەم (واتـە فریشـتەکان)، ئنجا هەرچـی لـە فریشـتان تێیدایـە، هەموویـان دێنـە خـوارو، دەوری زەوی دەدەن، دەوری ئـەو خەڵکـەش کـە لـە زەویدایـە، دەدەن، دوایـی فەرمـان دەکات بـە فریشـتەکانی ئاسـمانی دووەم، ئنجـا سـێیەم، ئنجـا چـوارەم، ئنجـا پێنجـەم، ئنجـا شەشـەم، ئنجـا حەوتـەم، ئنجـا هەموویـان ڕیـز ڕیـز دەوەسـتن، ڕیـز لـە دوای ڕیـز، دوایـی (خـوای) حوکمـڕانی هـەرە بـەرز، دادەبـەزێ (بـەو شـێوەیەی بـۆ خـوا شایسـتەیە)، لـە لای چەپـی دۆزەخ هەیـە، کاتێـك خەڵـکی سـەر زەوی دۆزەخ دەبینـن، ڕادەکـەن، ئیـدی ناچنـە هیـچ گۆشـەو کەنارێـك، لـە کەنـارەکانی زەوی، مەگـەر حـەوت ڕیـزی فریشـتان دەبینـن و بـە ناچـاری دەگەڕێنـەوە بـۆ ئـەو شـوێنەی پێشـتر لێیبـوون، ئـەوەش مانـای قسـەی خـوای بـەرزە (کـە لەسـەر زمـانی ئـەو پیـاوە ئیمانـدارەی بەرگریی لـە مووسـا دەکات (عَلَيْـهِ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام) لـە بەرامبـەری فیرعـەون و دارو دەسـتەکەیدا، دەفەرمـوێ): ﴿ وَيَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ يَوۡمَ ٱلتَّنَادِ ﴿٣٢﴾ يَوۡمَ تُوَلُّونَ مُدۡبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنۡ عَاصِمٍ... ﴿٣٣﴾ ﴾غافـر، واتـە: ئـەی خەڵکەکـەم! مـن لـە ڕۆژی یەکـدی بانگکردنێـدا لێتـان دەترسـێم، ئـەو ڕۆژەی ڕادەکـەن و پشـت هەڵدەکـەن، هیـچ پارێزەرێکتـان نیـە.

هەروەهـا ئـەوە مەبەسـت پێـی قسـەی خـوای بـەرزە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلۡمَلَكُ صَفّٗا صَفّٗا ﴿٢٢﴾ وَجِاْيٓءَ يَوۡمَئِذِۭ بِجَهَنَّمَۚ يَوۡمَئِذٖ يَتَذَكَّرُ ٱلۡإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكۡرَىٰ ﴿٢٣﴾ ﴾الفجر، واتـە: پـەروەردگارت و فریشـتەکان هاتـن ڕیز ڕیـزو، دۆزەخ هێنـدرا، لـەو ڕۆژەدا مـرۆڤ دێتـەوە بیـری، بـەڵام هاتنـەوە بیـر چ سـوودێکی هەیـە! هەروەهـا ئـەوە مەبەسـتی قسـەی خـوای بـەرزە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ

وَٱلۡإِنسِ إِنِ ٱسۡتَطَعۡتُمۡ أَن تَنفُذُواْ مِنۡ أَقۡطَارِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ فَٱنفُذُواْۚ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلۡطَٰنٖ ﴿٣٣﴾ ﴾الرحمن، ئەی کۆمەڵی جند و مرۆڤ! ئەگەر توانیتان دەربچن لە گۆشەو کەنارەکانی ئاسمانەکان و زەوی، دەربچن، دەرناچن، مەگەر بە دەستەڵات (ئەو دەستەڵاتەشتان نیە).

هەروەها ئەوەش مەبەستی قسەی خوای بەرزە، کە دەفەرموێ: ﴿وَٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَهِيَ يَوۡمَئِذٖ وَاهِيَةٞ ﴿١٦﴾ ﴾الحاقة، واتە: ئاسمان شەق و پەق بووە ئنجا لەو ڕۆژەدا هەڵوەشاوەو بێهێزە.

مەسەلەی دووەم:

لەو ڕۆژەدا جند و مرۆڤ ڕادەنوێنرێن و هیچ شتێکیشیان لێ شێردراوە نابێ و، وەرگرەوەی لیستی کردەوەکانی بەڕاستە، بە دڵخۆشییەوە بە خەڵک دەڵێ: بیگرن نووسراوەکەم بخوێننەوە، من دڵنیابووم تووشی لێپرسینەوە دەبم، ئەوە لە ژیانێکی پڕ ڕەزامەندیی دایە، لە باخێکی بڵندی میوە نیزیک، پێیان دەگوترێ: بخۆن و بخۆنەوە نۆشی گیانتان بێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ﴿١٨﴾ فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَيَقُولُ هَاؤُمُ اقْرَءُوا كِتَابِيَهْ ﴿١٩﴾ إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَاقٍ حِسَابِيَهْ ﴿٢٠﴾ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴿٢١﴾ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ﴿٢٢﴾ قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ ﴿٢٣﴾ كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا أَسْلَفْتُمْ فِي الْأَيَّامِ الْخَالِيَةِ ﴿٢٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ﴾، لەو ڕۆژەدا ڕادەنوێنرێن هیچ پەنهانێکتان لێ ناشێررێتەوە، واتە: دوای ئەوەی ئاخیر زەمان دێ، ئنجا قۆناغی قیامەت دێ، دوای ئەوەی هەشت لە دروستکراوەکان عەرش و تەختی پەروەردگار هەڵدەگرن: ﴿ يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ ﴾، لەو ڕۆژەدا ڕادەنوێنرێن، ﴿ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ﴾، ﴿ لَا تَخْفَىٰ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (لا يَخْفَى مِنْكُم خَافِيَة)، هیچ پەنهانێکتان لێ ناشاررێتەوەو ون نابێ.

ئەم ڕستەیە چوار واتای هەن:

أ- ﴿ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ﴾، **(لاَ تَخْفَى عَلَى اللهِ مِنْكُم خَافِيَة، لأَنَّهُ عَالِمٌ بِجَمِيعِكُم مُحِيطٌ بِكُلِّكُم)**، واتە: هیچ شتێکتان لە خوا پەنهان و شێردراوە نیە، چونکە زانایە بە تێکڕاتان و، دەورە دەری هەموو شتێکتانە.

ب- ﴿ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ﴾، واتە: لەو ڕاستییانەی لە دنیادا پێیان بێبڕوابوون، لەو ڕۆژەدا هیچ شتێکتان لێ پەنهان نابێ و، هەموو شتێکتان بۆ ئاشکرا دەبێ.

ج- هەروەها ئەو واتایەش دەگەیەنێ، وەك لە سوورەتی (**الطارق**)دا، دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تُبْلَى ٱلسَّرَآئِرُ ﴿٩﴾﴾، واتە: ئەو ڕۆژە هەموو نهێنییەکان دەکەونە گۆڕێ و ئاشکرا دەبن.

د- لەو ڕۆژەدا هیچ کام لە نیەت و قسەو کردەوە پەنهانەکانتان لێتان شێرراوە نابن و هەموویانتان بۆ دەردەکەون.

٢)- ﴿فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ﴾، ئنجا هەر کەسێك نووسراوەکەی بدرێتەوە دەستی ڕاستی، واتە: لیستی کردەوەکانی بدرێتەوە دەستی ڕاستی، بڕوانامەکەی بە لای ڕاستیدا بیدرێتەوە.

٣)- ﴿فَيَقُولُ هَآؤُمُ ٱقْرَءُواْ كِتَٰبِيَهْ﴾، ئەوە دەڵێ: ها بیگرن، بیخوێننەوە نووسراوەکەم، (**هاؤم: تَعالَوا**)، وەرن، هەندێکیش گوتوویانە: (**هاؤم: خُذُوا**)، بیگرن، پێشم وایە دووەمیان زیاتر ڕاستە، هەرچەندە ﴿هَآؤُمُ﴾، مانای (وەرن)یش دەگەیەنێ، بەڵام لێرەدا بە مانای (بیگرن)ە.

﴿ٱقْرَءُواْ كِتَٰبِيَهْ﴾، نووسراوەکەم بخوێننەوە، پێشتر گوتمان (**هاؤم**) بە مانای (**خُذ**)، پێچەوانەی (**هاتِ**) بە مانای (**أَعْطِ**)، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿قُلْ هَاتُواْ بُرْهَٰنَكُمْ ... ﴿١١١﴾﴾**البقرة**، بڵێ بەڵگەکانتان بێنن، ئنجا ﴿هَآؤُمُ﴾، لە ڕووی ڕێزمانییەوە پێی دەگوترێ: ناوی کردار (**اسم فعل**) بە مانای: ها بیگرن و، بۆ کۆیە، (**هاء**) بیگرە، بۆ تاکەو ﴿هَآؤُمُ﴾، بۆ کۆیە، واتە: بیگرن، زانایان گوتوویانە: ئەم وشەیە (**هاؤ**) و ﴿هَآؤُمُ﴾، چەند زار(**لهجة**)ێکی تێدا هەن، باشترینیان وەك زۆربەی تەفسیرەکان گوتوویانە، بۆ وێنە: (**القرطبي**) ئەوەیە:

(**هاء: لِلرجُل، هائِي: لِلمَرأة، هائا: لِلإثنَينِ مِنهُما، هاؤُم: لِلرجَال، هَاؤنَّ: لِلنّساء**)، (**هاء**) بگرە، بۆ پیاوێك، (**هائِي**) بگرە، بۆ ئافرەتێك، (**هائا**)، هەردووکتان بگرن، بۆ دوو پیاوو دوو ئافرەت، بە جیا جیا، (**هاؤُم**)، بگرن، بۆ کۆمەڵە پیاوێك، (**هاؤنَّ**)، بگرن، بۆ کۆمەڵە ئافرەتێك.

کەواتـە: ﴿ فَيَقُولُ هَآؤُمُ ٱقۡرَءُواْ كِتَٰبِيَهۡ ﴾، یـانی: دەڵـێ: هـا بیگـرن خەڵکەکـە نووسراوەکـەم بخوێننـەوە، ئنجـا کاتێـك پیـاوان و ئافرەتانیـش پێکـەوە دەبـن، لـە ڕێزمـانی عەرەبییـدا پیـاوان زاڵ دەکرێـن بەسـەر ئافرەتانـدا، واتـە: ئـەی خەڵکەکـە بـە پیـاوو ئافرەتـەوە! هـا بیگـرن، ﴿ ٱقۡرَءُواْ كِتَٰبِيَهۡ ﴾، نووسراوەکـەی مـن بخوێننـەوە.

٤)- ﴿ إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَٰقٍ حِسَابِيَهۡ ﴾، من دڵنیابووم گەیشتووی لێپرسینەوەکەمم، بە ڕواڵەتەکەی ئەگەر (ظَنّ) بە گومان لێك بدرێتەوە، یانی: من گومانم وابوو تووشی لێپرسینەوەکەم دەبم، بەڵام ئەگەر ورد سەرنج بدەین (ظن) لە هەندێك سیاق لە قورئاندا، ناگونجێ بە مانای گومان بێ، بەڵکو بەمانای زانینە، یاخود بە مانای دڵنیاییە، چونکە کەسێك هەر گومانی وابێ، تووشی لێپرسینەوە دەبێ، ئەوە نەك هیچ ئازایەتیی نیە، بەڵکو بێبڕواییشە! خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمۡ يَرۡتَابُواْ ...(١٥) ﴾الحجرات، بڕواداران ئەوانەن کە بڕوایان بە خواو پێغەمبەرەکەی هەیە، دواییش هیچ دوو دڵییان نیە، هەروەها خوای بەرز چەند جارێك لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿ وَبِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ (٤) ﴾البقرة، ئەوان دڵنیان بە مەنزڵگای کۆتایی.

کەواتە: لێرەدا (ظَنٌّ) بە مانای زانیاریی و دڵنیاییە.

(الطبري) لـە (ابـن زیـد)ەوە دەهێنێ، دەڵـێ: **(قَالَ: إِنَّ الظَّنَّ مِنَ الْمُؤْمِنِ يَقِينٌ، وَإِنَّ عَسَى مِنَ اللَّهِ وَاجِبٌ:** ﴿ فَعَسَىٰٓ أَن يَكُونَ مِنَ ٱلۡمُفۡلِحِينَ (٦٧) ﴾**القصص)**، **(جامع البيان: ٣٤٩٠٠)**، واتـە: (ظَنٌّ) لـە بڕوادار (واتـە: لە هـەر سیاقێکدا لە قورئانـدا (ظَن) پاڵدرابێتـە لای بـڕوادار)، بـە مانـای یەقیـن و جێـی دڵنیاییـە، هەروەهـا هـەر کات خـوا (عسى)ی بـۆ خـۆی بەکارهێنـا، مانـای پێویسـتبوون دەگەیەنـێ، وەك: ﴿ فَعَسَىٰٓ أَن يَكُونَ مِنَ ٱلۡمُفۡلِحِينَ (٦٧) ﴾القصص، واتـە: نیزیکـەو لەوانەیـە لەسـەرفرازان بـێ، یـانی: مسـۆگەر لەوانـە.

ئێسـتاش بـا دوو نموونـە بـۆ (ظن) بهێنینـەوە، کـە ناگونجـێ بـە مانـای گومـان بـێ و بـە مانـای زانیاریـی و دڵنیاییـە:

١- لە سوورەتی (**البقرة**)دا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿٤٦﴾ ﴾البقرة، واتە: ئەوانەی دڵنیان کە بە پەروەردگاریان دەگەن و بۆ لای وی دەگەڕێنەوە.

٢- هەروەها لە سوورەتی (**البقرة**)دا، خوا ﷻ دیسان لە بەسەرهاتی (**طالوت**)دا، وشەی (**ظَنٌّ**) بەکاردەهێنێ و بێگومان مەبەست پێی دڵنیاییە، کە دەفەرموێ: ﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٢٤٩﴾ ﴾البقرة، ئەوانەی دڵنیان بە دیداری پەروەردگاریان دەگەن، گوتیان: زۆرجاران کۆمەڵێکی کەم بەسەر کۆمەڵێکی زۆردا زاڵ بوون، بە مۆڵەتی خواو خواش لەگەڵ خۆڕاگرانە، کەواتە: ئەمە بنچینەیەکی چاکە، وەك (**إبن زيد**) گوتوویەتی، کە دیارە لە ئەنجامی تێوەڕامان و ئیستیقرای هەموو سیاق و ئایەتەکاندا، ئەو بنچینەیەی هەڵهێنجاوە، وەك من دوو نموونەم لە سوورەتی (**البقرة**) دا بۆ هێنانەوە، کە هەر کاتێك (**ظَنّ**) بۆ بڕوادار بەکارهێنرا، مەبەست پێی دڵنیا (**يقين**) ە، لەبەر چی؟ هەندێك لە زانایان شیکردنەوەیان بۆ کردووە دەڵێن:

أ- لەبەر ئەوەی ئیمان و بڕوا کە دەست پێ دەکات، مرۆڤ یەکسەر یەقینی نیە، بەڵکو پلە پلەیە، پێشێ گومانێکی زاڵی هەیە، دوایی وردە وردە بەهێز دەبێ و دەبێتە زانیاریی، دوایی دەبێتە جێی دڵنیایی، ئنجا چونکە سەرەتای ئیمان هێنان لە گومانەوە دەست پێ دەکات، بۆیە جاری وایە لە ئیمانەکەدا سەرەتاو دەستپێکەکەی ڕەچاو کراوەو، گومان (**ظن**)ی بۆ بەکارهێنراوە.

ب- یاخود (**ظَنّ**) وەك چۆن مانای گومانی هەیە، گومانی زاڵ، بەهەمان شێوە مانای یەقین و دڵنیاییشی هەیە.

(**إبن عجيبة**) خاوەنی (**البحرُ المَدِيد في تفسيرِ القرآن المجيد**)دا[١]، لە (**أبو السعود**) ی خواستۆتەوەو دەڵێ: (**التَّعبيرُ بِالظَّنِ، للإشْعَار بِأنَّه لَا يَقدَحُ فِي الإعْتِقَاد، مَا يَهجِسُ فِي النَفْسِ مِنَ الخَطَراتِ الَّتِي لَا تَنْفَكُّ عَنْها العُلُوم النَظَرِيَّةُ غَالبًا**).

---

(١) ج٨، ص١٢٧.

منیش تێبینییەکەییم پێ جوانە.

واتـە: بۆیـە لێـرەدا (بـۆ ئیـمان) تەعبیـر بـە گومـان (**ظـن**) کـراوە، {هەرچەنـدە مەبەسـت پێـی یەقیـن و دڵنیاییـە، بـەڵام بۆیـە بـە وشـەی (**ظـن**) دەربـڕدراوە} بـۆ زانیـن و هەسـت پێکـردنی ئەوەیـە، کـە ئەگـەر جـار جـار خەتەرەیـەك بـە دڵـدا بـێ، کـە زانیارییـە وەدەسـتهێنراوەکان لێـی خاڵیـی نابـن، ئـەوە زیـانی نیـە بـۆ بـڕوا، (ئەگـەر جـار جـار مـرۆڤ شـتێکی بـە دڵـدا بـێ و دوو دڵییـەك، خەتەرەیـەك، شـتێکی خـراپ).

٥)- ﴿ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴾، ئنجا ئەوە لە ژیانێکی پڕ ڕەزامەندیی دایە، (**الطبري**) دەڵێ: (**فِي عَيْشَةٍ رَضِيَّةٍ**)، واتە: لە ژیانێك دایە پڕە لە ڕەزامەندیی.

هەروەهـا واتایەکـی دیکـەشی بـۆ لێکداوەتـەوە دەڵـێ: (**عَيْشَـةٍ فِيهَـا الرِّضَـا**)، لـە ژیان و گوزەرانێـك دایـە ڕەزامەندیـی تێدایـە، ئنجـا ئایـا عـەڕەب تەعبیـری وایـان هەیـە؟ بەڵـێ: دەگوتـرێ: (**لَيْـلٌ نائِـم، وَسِرٌّ كَاتِـم، وَمـاءٌ دافِـق**)، (**لَيْـلٌ نَائِـم**) یـانی: (**لَيْـلٌ نَائِـمٌ فِيـهِ المَـرْءُ**)، شـەوێکی خەوتـوو، یـانی: شـەوێك کـە مـرۆڤ تێیـدا خەوتـوە، (**سِرٌّ كَاتِـم**)، نهێنییـەکی شـێرەرەوە، یـانی: نهێنییـەك کـە خاوەنەکـەی شـێرەرەوەیە، (**مـاءٌ دافِـق**)، ئاوێـکی دەرقوڵیـو، یـانی: ئاوێـك کـە دەرقوڵێـنراوە، هەمـوو ئـەو تەعبیرانـە هاتـوون.

٦)- ﴿ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ﴾، واتە: لە باخێکی بڵنددایە، بڵندییەکە هەم مانای ڕواڵەتیی و بەرهەستی دەگەیەنێ، هەم مانای مەعنەوییشی دەگەیەنێ، یانی: لە ڕووی مەعنەوییەوە زۆر بڵندو باڵایەو بە نرخ پڕ بەهایە.

٧)- ﴿ قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ ﴾،(میوە) چنراوەکانی نیزیکن، (**قُطُوف أَي: مَا يُقْطَفُ مِنَ الجَنَّةِ مِنْ ثِمَارِهَا، دَانٍ قَرِيبٌ مِنْ قَاطِفِهِ**)، واتە: ئەوەی لە باخەکە دەچنرێ (لە میوەکانی)، ئاسان و نیزیکە لە بابای چنەری {ئەو کەسەی دەیچنێ}، (**قُطُوف**)، کۆی (**قِطْف**)ە، یانی: (**مَقْطُوف**) ە، لێکراوە، چنراو ئەوەی دەچنرێ، (**قِطَاف**) پرۆسەی چنینەکەیە، (**دانِيَة**)ش سیفەتی (**قُطُوف**)ە، واتە: چنراوەکان نیزیکن.

٨)- ﴿ كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ هَنِيٓـَٔۢا ﴾، واتە: پێیان دەگوترێ: بخۆن و بخۆنەوە، بێ گرفتن، (الطبري) دەڵێ: (هَنِيئاً: لا تَتَأَذُّونَ بِمَا تَأْكُلُونَ، وَلَا بِمَا تَشْرَبُونَ، وَلَا تَحْتَاجُونَ مِنْ أَكْلِ ذَلِكَ إِلَى غَائِطٍ وَلَا بَوْلٍ)، واتە: (هَنِيئاً) یانی: بە هۆی ئەوەوە کە دەیخۆن و دەیخۆنەوە، تووشی ئازار نابن، هەروەها بە هۆی ئەو خواردن و خواردنەوەوە، حەوجێی پیسایی کردن و میز کردن نابن.

ئایا ئەو پاداشتەیان بەهۆی چییەوەیە؟!

٩)- ﴿ بِمَآ أَسۡلَفۡتُمۡ فِى ٱلۡأَيَّامِ ٱلۡخَالِيَةِ ﴾، بە هۆی ئەوەوە کە پێشتانخستوە لە ڕۆژانی ڕابردوودا، (الطبري) دەڵێ: (أَيْ: عَلَى مَا قَدَّمْتُمْ فِي دُنْيَاكُمْ لِآخِرَتِكُمْ مِنَ الْعَمَلِ بِطَاعَةِ اللَّهِ: ﴿ فِى ٱلۡأَيَّامِ ٱلۡخَالِيَةِ ﴾)، بە هۆی ئەوەوە کە لە ژیانی دنیاتاندا پێشتانخستوە لە کردەوە، بۆ ڕۆژی دواییتان بۆ مەنزڵگای کۆتاییتان، بە فەرمانبەریی و ملکەچیی بۆ خوا، لە ڕۆژانی ڕابردوودا.

(الطبري) لە قەتادەوە ئەم تەعبیرەش دێنێ: (أَيَّامكُمْ هَذِهِ أَيَّام خَالِيَة: هِيَ أَيَّام فَانِيَة، تُؤَدِّي إِلَى أَيَّام بَاقِيَة)، (جامع البيان: ٣٤٩٠٥) ئەم ڕۆژانەتان (ئەی خەڵکینە!) ڕۆژانی تێپەڕیون، ڕۆژانی تەواو بوون، کە سەر دەکێشن بۆ ڕۆژانی بەردەوام و بێ کۆتایی لە ڕۆژی دوایی دا.

لە زۆر شوێنی قورئان دا، خوا ﷻ باسی نازو نیعمەتەکانی بەهەشت دەکات و زۆرجار باسمان کردوە، لێرەش دا ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ دێنین، کە دەفەرموێ: {أَنَّهُمْ يَعِيشُونَ فَلَا يَمُوتُونَ أَبَدًا، وَيَصِحُّونَ فَلَا يَمْرَضُونَ أَبَدًا، وَيَنْعَمُونَ فَلَا يَرَوْنَ بُؤْسًا أَبَدًا، وَيَشِبُّونَ فَلَا يَهْرَمُونَ أَبَدًا} (أخرجه مسلم: ٢١٣٧)، واتە: بەهەشتییەکان لە بەهەشتدا دەژین، هەرگیز نامرن، تەندروست دەبن و، هەرگیز نەخۆش ناکەون، لە خۆشیی و چێژو لەزەتدا دەبن و هەرگیز گرفت و ناڕەحەتیی نابینن، هەر گەنج دەبن و هەرگیز پیر نابن.

بێگومـان حـاڵ و بارودۆخـی ژیانـی بەهەشـت وەك هـی ژیـان دنیانیـە، بەڵکـو واپێدەچـێ هـی بەرزەخیـش بـە هەمـان شـێوەبێ، دوای ئـەوەی ڕووحـی مـرۆڤ لـەو جەسـتە خاکییـەی دەچێتـە دەر، وا پێدەچـێ کات (زەمـەن) بوەسـتێ و بـەو شـێوەیەی هـی ئێـرە نابـێ، هـەر بۆیـە ئەوانـەی ئێسـتا لـە قۆناغـی بەرزەخـدان، ئەگـەر لەوەتـەی مـرۆڤ لەسـەر زەوییـە، ئنجـا ملیۆنێـك سـاڵە یـان زیاتـر یـان کەمترە، زۆر لـە مێـژە لـەوێ لـە ژیـانی بەرزەخیـی دان، بێگومـان ژیانیـان وەك هـی ئێـرە نیـە، کـە لێـرە مـرۆڤ بـەشی حەفتـا هەشـتا نـەوەد سـاڵێك دەکات، کەچـی لـە قۆناغـی بەرزەخـدا هـەزاران سـاڵە لەوێـن، چ لـە خۆشـییدا بـن، وەك پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَ السَّـلام**)و صیددیقـان و شـەهیدان و صاڵیحـان، چ لـە ناخۆشـییدا بن، وەك هەمـوو ئـەو فیرعـەون و **طاغـووت** و خـۆ سـەپێنەرو بێبـڕواو کەللـە ڕەقانـەی، دژایەتیـی پێغەمبەرانیـان (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَ السَّـلام**)کردوە.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

وەرگرەوانی لیستی کردەوەکانیان بە دەستی چەپ، یەکجار خەفەتبارو پەشێمان دەبن و مردن بە ئاوات دەخوازن و، دوایی کۆت دەکرێن، پاشان بە زنجیرێکی حەفتا گەزیی زنجیر پێچ دەکرێن، ئەویش لە سۆنگەی بێبڕواییانەوە بە خوای مەزن و، هاوکاریی نەکردنی نەداران و هان نەدانی خەڵکیش، بۆیە لە قیامەتدا هیچ دڵسۆزێکیان نابێ و، خۆراکیشیان جگە لە زووخاو نابێ و بە هۆی تاوانبارییەوە:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ فَيَقُولُ يَٰلَيْتَنِي لَمْ أُوتَ كِتَٰبِيَهْ ﴿٢٥﴾ وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ ﴿٢٦﴾ يَٰلَيْتَهَا كَانَتِ ٱلْقَاضِيَةَ ﴿٢٧﴾ مَآ أَغْنَىٰ عَنِّي مَالِيَهْ ۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ عَنِّي سُلْطَٰنِيَهْ ﴿٢٩﴾ خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ ٱلْجَحِيمَ صَلُّوهُ ﴿٣١﴾ ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَٱسْلُكُوهُ ﴿٣٢﴾ إِنَّهُۥ كَانَ لَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٣٣﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ﴿٣٤﴾ فَلَيْسَ لَهُ ٱلْيَوْمَ هَٰهُنَا حَمِيمٌ ﴿٣٥﴾ وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ ﴿٣٦﴾ لَّا يَأْكُلُهُۥٓ إِلَّا ٱلْخَٰطِـُٔونَ ﴿٣٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ ﴾، بەڵام کەسێك نووسراوەکەی (لیستی کردەوەکانی) بدرێتەوە دەستی چەپی.

٢)- ﴿ فَيَقُولُ يَٰلَيْتَنِي لَمْ أُوتَ كِتَٰبِيَهْ ﴾، دەڵێ: خۆزگە نووسراوەکەمم پێنەدرابایەوە، وەرم نەگرتبایەوە.

٣)- ﴿ وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ ﴾، خۆزگە نەمزانیبایە لێپرسینەوەکەم چۆنە، (**أي: لَيتَني لَم أدرِ ما حِسابيَه**)، خۆزگە نەمزانیبایە لێپرسینەوەکەم چییە، وشەی (ما) بۆ پرسیارکردنە (**ما إستِفهامِيَّة**)، واتە: نەمزانیبایە لێپرسینەوەکەم چییە.

٤)- ﴿ يَٰلَيۡتَهَا كَانَتِ ٱلۡقَاضِيَةَ ﴾، ئەی خۆزگە مردنی ڕابردوو یەکجارەکیی بووایە، (ها) ی (لَيتَها) دەگەڕێتەوە بۆ زاندراوێك بەپێی سیاق، یانی: (لَيْتَ مَوتَتي أو مُصِيبَتِي كانَتِ القَاضِيَة)، بریا بەڵایەکەم یان مردنەکەم یەکجارەکیی بووایە، واتە: کۆتایی پێهێنەر بووایەو کاری منی هەڵبڕیبایە، یانی کۆتایی بە بوونی من هێنابایە، چونکە (قَضَى عَلَيهِ) واتە: نەیهێشت و کۆتایی پێ هێنا، دەگوترێ: (ضَرَبَهُ ضَرْبَةً قَاضِيَةً)، لێدانێکی لێدا کۆتایی پێ هێنان، لێرەدا بابای بێبڕوای دۆزەخیی سێ خۆزگان دەخوازێ، بەڵام بە دڵنیایی داری خۆزگەو بریا بۆ کەس بەری نەگرتوە، تاکو بۆ ئەو بەر بگرێ.

٥)- ﴿ مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡ ﴾، ماڵ و سامانەکەم هیچ سوودی پێ نەگەیاندم، (ما) دەگونجێ لابەرە (نافية) بێ، یانی سوودی پێ نەگەیاندم، دەشگونجێ پرسیارکردنانە (إستفهامية) بێ، ﴿ مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡ ﴾، ماڵ و سامانەکەم چ سوودێکی پێ گەیاندم؟ هەر کام لە: ﴿ مَالِيَهۡ ﴾ و ﴿ سُلۡطَٰنِيَهۡ ﴾ش، خوێندراونەوە: (مالِي وسُلطاني)، یانی: ﴿ مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡ ﴾، ﴿ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ ﴾، خوێندراونەوە: (ما أغنَى عَنِّى مالِي)، (هَلَكَ عَنِّي سُلْطانِي)، کە (هـ)ی سەر: ﴿ مَالِيَهۡ ﴾ و ﴿ سُلۡطَٰنِيَهۡ ﴾، بۆ وەستانن، ئەگەرنا لە ئەسڵ دا ئەو دوو وشەیە (مالِي) و (سُلْطانِي)ین.

٦)- ﴿ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ ﴾، دەسەڵاتەکەمم لە دەست چوو، ڕۆیشت، (سُلطَان) دەگونجێ بە مانای دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی بێ و، دەشگونجێ (سُلطَان)، بە مانای بەڵگە بێ، هەروەها: ﴿ مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡ ﴾ش، دەگونجێ دوو واتای هەبن:

أ- (مالِي) واتە: ئەوەی هی من بوو، سوودی پێ نەگەیاندم، یان چ سوودێکی پێگەیاندم؟.

ب- (مالِي) یانی: ماڵ و سامانەکەم، سوودی پێنەگەیاندم، یان چ سوودێکی پێگەیاندم؟.

٧)- ﴿ خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ﴾، بیگرن، ئنجا کۆتی بکەن، لێرەدا قسەیەك یان گوتنێك تەقدیر کراوە: (يَقُولُ اللهُ للملائكة لِزَّبانِيَةِ)، خوا بە فریشتە دۆزەخەوانەکان دەفەرموێ: ﴿ خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ﴾، بیگرن، ئنجا کۆتی بکەن، مەبەست لە گرتن، وێڕای گرتنی ڕواڵەتیی، خستنە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵیشە.

(وَغُلُّوهُ: أَمْرٌ مِنْ غَلَّهُ إِذَا وَضَعَهُ فِي الْغُلِّ، وَهُوَ الْقَيْدُ الَّذِي يُجْعَلُ فِي عُنُقِ الْجَانِي أَوِ الْأَسِيرِ)، وشەی (غُلُّوهُ) فەرمانە لە (غَلَّهُ)، کاتێك بخرێتە کۆتەوە، یانی: کۆت بخرێتە گەردنیەوە، کە بریتیە لەو کۆتەی دەخرێتە گەردنی بابای تاوانبار یاخود دیلەوە.

٨)- ﴿ ثُمَّ ٱلۡجَحِيمَ صَلُّوهُ ﴾، دوایی بیخەنە نێو کڵپەی (سەوزی) ئاگرەوە، ﴿ ثُمَّ ﴾، لێرەدا (لِلتَّرتِيب الرُّتبِي)، بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییە، چونکە گرتن و کۆتکردنەکەی شتێکە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە بخرێتە نێو دۆزەخەوە.

٩)- ﴿ ثُمَّ فِي سِلۡسِلَةٖ ذَرۡعُهَا سَبۡعُونَ ذِرَاعٗا فَٱسۡلُكُوهُ ﴾، دوایی بیخەنە نێو زنجیرێکی حەفتا گەزییەوە، ئەمەش دیسان بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییە، چونکە لە هی پێشووش خراپتر ئەوەیە کە بخرێتە نێو زنجیرێکەوە، کە ئەندازەکەی حەفتا گەزە، حەفتا باسکە، واتە: بیخەنە نێو زنجیرێك و زنجیرەکەی لێ بئاڵێنن، (ذَرع) بە مانای ئەندازە دێ، (أَي: قِياسُ طُولِها)، ئەندازەی درێژییەکەی، (ذِراع)یش یانی: باسك، (ذِراعُ اليَد)، دەشگونجێ ژمارەی حەفتا (٧٠) بۆ زۆریی بێ، دەشگونجێ بۆ دیارییکردن بێ و ڕێك (٧٠) گەز، حەفتا باسك بێ، کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱسۡلُكُوهُ ﴾، (وَمَعْنَى فَاسْلُكُوهُ: اجْعَلُوهُ سَالِكًا، أَيْ دَاخِلاً فِي السِّلْسِلَةِ، وَذَلِكَ بِأَنْ تُلَفَّ عَلَيْهِ السِّلْسِلَةُ فَيَكُونُ فِي وَسَطِهَا، وَيُقَالُ: سَلَكَهُ، إِذَا أَدْخَلَهُ فِي شَيْءٍ)، واتە: بیخەنە نێو زنجیرەکە کە زنجیرەکەی لێ بئاڵێنرێ و ئەو بکەوێتە نێو زنجیرەکە، چونکە (سَلَكَهُ أَي: أَدخَلَهُ)، خستیە نێوی، هەروەها (أَسلَكَهُ)ش بەهەمان شێوە، (الذَّرْعُ: كَيْلُ طُولِ الْجِسْمِ بِالذِّرَاعِ، وَهُوَ مِقْدَارٌ مِنَ الطُّولِ مُقَدَّرٌ بِذِرَاعِ الْإِنْسَانِ، وَكَانُوا يُقَدِّرُونَ بِمَقَادِيرِ الْأَعْضَاءِ مِثْلُ الذِّرَاعِ، وَالْأُصْبُعِ، وَالْأُنْمُلَةِ، وَالْقَدَمِ)، (ذَرْع) ئەندازەی درێژیی جەستەیە بە (باسك) کە بریتیە لە ئەندازەیەك درێژیی، بە ئەندازەی درێژیی باسکی مرۆڤ {کە لە بن هەنگلیەوە تاکو سەرە پەنجەی دەگرێتەوە}، عەرەب عادەتیان وابووە بە ئەندامەکان شتیان دەپێوا، وەك باسك و پەنجەو سەرە پەنجەو پێ، ئەو تەعبیرانەیان بەکارهێناون.

(الـذِّرَاعُ: مِـن طَـرَفِ المِرْفَـقِ إِلَى طَـرَفِ الأُصبُـعِ الوسْـطَى)، (ذراع) باسـك لـه ئانیشـکەوە تاکـو سـەری پەنجـەی نێوەڕاسـت، بـەڵام پێـم وایـە (باسـك) لـە بـن هەنگڵـەوە تاکـو سـەری پەنجەیـە.

بـەڵام پێـم وایـە کـە دەگوتـرێ: (ذِرَاعٌ)، لـە بـن هەنگڵەوە تاکـو سـەری پەنجەکان، بـە کوردیـی (باسـك و گەز)ی پێدەڵێـن، دەیگرێتـەوەو هەمووی (٦٤) سـەنتیمە[١].

ئنجا ئایا بۆچی وای لێدەکرێ؟

١٠)- ﴿ إِنَّهُۥ كَانَ لَا يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ ٱلۡعَظِيمِ ﴾، چونکە ئەو بڕوای بە خوای مەزن نەبوو.

١١)- ﴿ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ﴾، خەڵکیشی هان نەدەدا لەسەر خواردندان بە نەدار، واتە: نە بۆ خۆی هاوکاریی نەداری دەکرد، نە خەڵکیشی هان دەدا.

١٢)- ﴿ فَلَيۡسَ لَهُ ٱلۡيَوۡمَ هَٰهُنَا حَمِيمٞ ﴾، ئەمڕۆش ئەو هیچ دۆست و دڵسۆزو نیزیکێکی نیە.

١٣)- ﴿ وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنۡ غِسۡلِينٖ ﴾، خۆراکیشی نیە، جگە لە غیسلین، (**الغِسلين: قيلَ مُشتَقٌّ مِنْ (غِسيلٍ)، الإِنَّهُ سَالَ مِنَ الأَبدانِ، فكَأَنَّهُ غَسيلٌ عَنهَا، وَالأَصَحُّ هو ما يُدخَلُ فِي أفواه أهل النَّارِ مِن المَوادّ السَّائِلَةِ مِنَ الأَجسادِ وَماءِ النَّارِ وَنَحوِ ذالِك**)، (غسلین) هەندێك گوتوویانە: داتاشراوە لە وشەی غەسیلەوە، چونکە لە جەستەکان دێتە خوار، وەك ئەو ئەندامانە داشۆرابن، بەڵام ڕای ڕاستتر ئەوەیە کە بریتیە لەوەی دەخرێتە نێو زاری ئەوانەوە کە لەنێو ئاگردان، لەو ماددە شلەمەنییانەی لە جەستەکان و ئاوی ئاگرو کێم و زووخاوی دۆزەخییان دێتە خوار.

١٤)- ﴿ لَّا يَأۡكُلُهُۥٓ إِلَّا ٱلۡخَٰطِـُٔونَ ﴾، جگە لە ئەوانەی گوناهبارو تاوانبارن، ئەو خۆراکە ناخۆن، وشەی: (**خاطِئُون**) خوێندراویشەتەوە: (**خاطِيُون**) و خوێندراویشەتەوە: (**خاطُون**)، واتە: بە سێ جۆر خوێندراوەتەوە: (**خاطِئُون**)، (**خَاطُون**)، (**خاطِيُون**)، واتە: ئەوانەی کە خاوەن گوناهی ئانقەستن، (**خَطِئَ: أَذنَبَ**)، یانی: گوناه و تاوانی کردوە.

---

(١) المعجم الوسيط، ص: ٣١١.

کورته باسێک
حەوت سەرنج لە بارەی خۆزگە خواستن و پەشێمانیی و سزای سەختی بێبڕوایان لە دۆزەخ دا

سەرنجی یەکەم: بابای بێبڕوا لە ڕۆژی دوایی دا، دوای ئەوەی سزا دەدرێ و، دەخرێتە دۆزەخەوە، سێ خۆزگەی بۆش دەخوازێ، پێشینانیش گوتوویانە: (داری خۆزگە بۆ کەس بەری نەگرتوە)، یان (داری بریا بەر ناگرێ)، بریا وام کردبایەو بریا وا چووبایە، بێ سوودە، لە کاتی خۆیدا دەبێ، ئاگات لە کاری خۆت بێ، ئەگەرنا دوای ئەوەی تێپەڕی بە خۆزگەو بریا هیچ شتێك قەرەبوو نابێتەوە، ئنجا مرۆڤی بێبڕواو لارو تاوانبار لە ڕۆژی دوایی دا، سێ خۆزگان دەخوازێ:

١)- خۆزگەی یەکەمی: دوای ئەوەی نامەو لیستی کردەوەکانی دەدرێتەوە دەستی چەپی، دەڵێ: ﴿يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُوتَ كِتَٰبِيَهۡ﴾، ئەی خۆزگە نووسراوەکەمم نەدرابایەوە، ﴿يَٰلَيۡتَنِي﴾، (لَيتَ) خۆزگە خواستنەو (یا)ی خراوەتە سەرێ: ﴿يَٰلَيۡتَنِي﴾، (ئەی خۆزگەکەم) من نووسراوەکەی خۆمم نەدرابایەوە، بۆچی؟ چونکە هیچی وای تێدانیە، پێی دڵخۆش بێ، ئەوەی لە لیستی کردەوەکانیدا تۆمار کراوە، هەر ئەوەیە کە لە ژیانی دنیای لادەرانەو بێبڕوایانەی دا، ئەنجامی داوە، گوتراویشە: {مرۆڤ چی بچێنێ ئەوە دەدوورێتەوە}، ئەویش هیچی چاکی نەچاندوە، بەس تۆوی بێبڕوایی و خراپەو تاوانباریی و لاریی چاندوە، دیارە هەر ئەوەش دەدوورێتەوە لە قیامەتدا، ئەوە خۆزگەی یەکەمی.

٢)- خۆزگەی دووەمی، دەڵێ: ﴿وَلَمۡ أَدۡرِ مَا حِسَابِيَهۡ﴾، یانی: (**لَيتَنِي: لَمْ أَدر ما حِسابِيَه**) (و)، ئەم ڕستەیە با دەداتەوەو دەگێڕێتەوە بۆ ڕستەی پێشێ، واتە: ئەویش ﴿يَٰلَيۡتَنِي﴾، دێتەوە سەرێ، یانی: (**وَيا لَيتَنِي لَم أَدر ما حِسابِيَه**)، هەروەها: خۆزگەم نەمزانیبایە لێپرسینەوەکەم چۆنە؟

لـە ئەصڵـدا ﴿ مَاحِسَابِيَهْ ﴾، بریتیـە لـە: (مـا حِسـابِي)، بـەڵام پیتـی (هـ)ی دوایـە بـۆ وەسـتانە، بریـا، خۆزگـە نەمزانیبایـە لێپرسـینەوەکەم چۆنـەو چییـە؟ چونکـە لێپرسـینەوەکەی خـوای پـەروەردگار لەگەڵیـدا کـردوە، هیچـی وەڵامـی ڕاسـت و دروسـتی پـێ نەبـووە، وەڵامـی ڕاسـت و تـەواوی پرسـیارەکانی پـێ نەبـووە، بۆچـی خـوات نەپەرسـت؟ وەڵامـی پـێ نەبـووە، بۆچـی خراپـەت کـرد؟ وەڵامێـکی پـێ نەبـووە ئیقناعکـەر بـێ، بۆچـی چاکـەت نەکـرد؟ بۆچـی یارمەتیـی خەڵکـت نـەدا؟ بۆچـی ئـەو سـیفەتە خراپانـەت لـە خۆتـدا هێنانـە دی؟ بۆچـی خـۆت بـە سـیفەتی چـاك نەڕازانـدەوە؟ بـۆ هیچـی وەڵامـی ڕاسـتی پـێ نیـە.

٣)- خۆزگەی سێیەمی: ﴿ يَٰلَيْتَهَا كَانَتِ ٱلْقَاضِيَةَ ﴾، (**لَيتَ**) دووبارە دەکاتەوە، ﴿ يَٰلَيْتَهَا ﴾، ڕاناوی (ها) دەگەڕێتەوە بۆ باسنەکراوێکی قرتێنراو، کە بە سیاق دەزانین مەبەست پێی شتێکە ڕابردوە، ئنجا عەرەب عادەتیان وابووە، بە زۆری ڕاناوی (ها) کە ڕاناوی مێینەی مەجازییە، بۆ مردن و بەڵاو موصیبەت و کۆست و کارەسات، بەکاربێنن، یانی: ﴿ يَٰلَيْتَهَا ﴾، یانی: (**یا لَیتَ مَوتَتي، یا لَیتَ مُصِیبَتي کانَتِ القاضِیَة**)، خۆزگە مردنەکەم، خۆزگە بەڵایەکەم کۆتایی پێهێنەر بووایە، (**قَضَی عَلَیهِ**) واتە: کۆتایی پێ هێنا، وەك لە سووڕەتی (**القصص**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ ...﴿١٥﴾ ﴾، مووسا مستێکی لێداو کۆتایی پێ هێنا، واتە: مراندی و بوو بەهۆی لە بەینچوونی، بێبڕواش خۆزگە دەخوازێ کە ئەو مردنەی دەمرد، بریا کۆتایی پێهێنەرو مرێنەر بووایە، واتە: وابووایە جارێکی دیکە ژیانی بەدوادا نەهاتبایەوە، بابای بێبڕوا ئەم سێ خۆزگەیە دەخوازێ، کە دیارە هیچیان بەری بۆ ناگرن و، هەموویان هەر خۆزگەو ئاواتی بۆش و پووچن.

سـەرنجی دووەم: بابـای بێبـڕوای تاوانبـار بـاسی دوو شـتان دەکات کـە سـوودیان پـێ نەگەیانـدوەو ئـەو دوو شـتەش، دوو هـۆکاری سـەرەکیین بـۆ بوغرابـوون و یاخیبـوون و لـە کەوڵـی خـۆ دەرچـوونی مـرۆڤ:

١- یەکیان ماڵ و سامان.

٢- ئەویدیکەش دەسەڵات، دەڵێ: ﴿ مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡ ﴾، ماڵ و سامانەکەم سوودی پێ نەگەیاندم، **(ما نَفَعَنِی)**، یان **(ما دَفَعَ عَنِّی)**، هیچ بەڵای لێ دوور نەخستمەوە، هیچ دادی نەدام، دوایی دەڵێ: ﴿ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ ﴾، دەستەڵاتەکەم فەوتاو نەما.

پێشتریش گوتمان: **(مالِیَـه)** و **(سُلطانِیَه)**، لە ئەسڵ دا **(مالي)** و **(سُلطاني)**ین و، بەو شێوەیەش هەر خوێندراونەوە، بەڵام (هـ)، **(هاء السکتة)**، (ها)ی وەستانی پێدەڵێن.

(ما)ش دەگونجێ بۆ لابردن بێ و **(ما النافیة)** بێ، واتە: سوودی پێ نەگەیاندم، دەشگونجێ (ما) بۆ پرسیار کردن بێ، **(ما الإستفهامیة)** بێ، واتە: ﴿ مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡ ﴾، ئایا ماڵ و سامانەکەم کە لە دنیادا وەسەریەکم دەناو پەزمەندەم دەکرد، چ سوودێکی پێگەیاندم؟ هیچ، ﴿ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ ﴾، دەسەڵاتەکەم فەوتاو لە دەستم ڕۆیشت، واتە: ئەو دەسەڵاتەی شانازییم پێوە دەکردو پێی بوغڕا دەبووم و، خەڵکم پێی دەچەوساندەوەو ستەمم پێدەکرد، ڕۆیی، نەما.

کەواتە: بابای بێبڕوا، ئەو دوو شتەی لە دنیادا زۆری پێ خوڕیون و پێی نازیون و وایزانیوە بۆ قیامەتیش وادەبن، کە بریتین لە سەروەت و سامان و دەسەڵات، بەڵام هەندێك لە زانایان **(سُلطان)** بە (بەڵگە) لێکدەدەنەوەو مانای یەکەمیش بەهێزترە، ئەگەرنا زانایان هەندێکیان دەڵێن: ﴿ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ ﴾، واتە: بەڵگەکەمم لە دەست فەوتا، ئەو بەڵگەیەی لە دنیادا خۆم پێ ئیقناع کردبوو، کڵاوم پێ لەسەری خۆم نابوو، بەرگرییم پێ لە بیروڕا پووچەکەی خۆم دەکرد، بەڵام لەڕاستیدا ماڵ و سوڵتان بە زۆریی پێکەوەن، سامان و دەسەڵات، **(الثروة والسلطة)**، ئەو دوو شتەی خوا ﷻ لە قوڕئاندا وشەی **(دولَة)**ی بۆ بەکارهێناون، واتە: دەبێ دەستاو دەست بکەن و بسووڕێن:

أ- بە نسبەت ماڵەوە فەرموویەتی: ﴿ كَيۡ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡ ... ٧ ﴾ **الحشر**، با ماڵ و سامان تەنیا لە دەستی دەوڵەمەندەکانتاندا نەسووڕێ، با بسووڕێ، بەڵام

نەك تەنیا لە دەستی دەوڵەمەندەكانتاندا قۆرخ بێ، وەك ئێستا دەیبینین، هەم لەم هەرێمەی خۆماندا هەم لە عێراقدا، هەم لەسەر ئاستی دنیا، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی مسوڵماننشینن، ئەوانە زیاتر قۆرخكاریی و گەندەڵیی و ملیاردێر دروستكرانیان تێدایە، لە حاڵێكدا كە خۆیان بە مسوڵمان دەزانن و، دەزانن **(الأَرضُ أرضُ الله، وَالمالُ مالُ الله، وَالنَّاسُ خلق اللهُ)**، زەوی زەوی خوایەو، ماڵ ماڵی خوایەو، خەڵكیش هەموویان دروستكراوی خوان، هەموویان وەك یەكن، كەچی ئەو قۆرخكاریی و خۆ سەپاندن و قۆرخكارییەی لە وڵاتانی مسوڵماننشیندا هەیە، لە هیچ شوێنێكی دنیادا نیە!.

ب- هەروەها بە نسبەت دەستەڵاتیشەوە، خوا دەفەرموێ: ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ ... ﴿١٤٠﴾﴾ آل عمران، ئەو ڕۆژانە دەستاو دەستیان پێدەكەین، لەنێو خەڵكیدا، كەواتە: سوڵتەش دەبێ دەستاو دەست بكات، نابێ قۆرخ بێ لە بنەماڵەیەكدا، لە كەسێكدا، لە حیزبێكدا، لە عەشرەتێكدا، لە نەتەوەیەكدا، لە وڵاتێكی فرە نەتەوەو فرە پێكهاتەدا، بەڵكو دەبێ دەستاودەست بكات، چونكە ئەو دووانە: سامان و دەسەڵات، خوا بۆ خەڵكی خوڵقاندوون و، دەبێ هی هەموو خەڵك بن و، نابێ هیچكەس لە دەستی خۆیدا هیچ كامیان قۆرخ بكات، ئنجا ئەو دوو شتەی لە دنیادا، زۆربەی تاوانبارو بێبڕوایان پێیان بوغرا دەبن، لە ڕۆژی دوایی دا تازە بە دەستیانەوە نامێنن و، پەنجەی پەشێمانیی دەگەزن و، ژیوان دەبنەوە، كە بۆچی ئەو ماڵ و سامانەیان لەسەر حیسابی خەڵك وەسەرێك ناوەو، بۆچی ئەو دەسەڵاتەیان كردۆتە هۆكاری خۆسەپاندن و قۆرخیان كردوە بۆ خۆیان و حیزب و، بنەماڵەیان و، كردوویانەتە حوكمی میراتیی و بنەماڵەیی؟!.

سەرنجی سێیەم: كە دەفەرموێ: ﴿خُذُوهُ فَغُلُّوهُ﴾، بیگرن و كۆتی بكەن، **(غُلُّوهُ)** كردارێكە لە وشەی **(غُلّ)** دروستكراوە، **(غُلُّوهُ: يَعني إجعَلُوهُ في غُلّ)**، بیخەنە كۆتەوە، بیخەنە نێو كۆتەوە، یانی: گەردنی بخەنە نێو كۆتەوە، با كۆت دەوری گەردنی بدات، ئایا كۆت چییە؟ **(الغُلُّ: طَوقٌ مِن حَدِيدٍ أو جِلدٍ يُجْعَل فِي عُنُقِ**

الأَسِيرِ، أَوِ المُجرِمِ، أَو فِي أَيدِيهِما وَالجَمعُ أَغلال)[1]، واتە: (غُلّ) بازنەیەکە لە ئاسن، یاخود لە چەرمێکی بەهێز، دەخرێتە گەردنی بابای دیل، یاخود تاوانبارەوە، یان دەخرێتە دەستیانەوە، کۆی (غلّ) (أغلال)ە، بە کوردیی هی دەست کەلەبچەی پێ دەڵێن، بەڵام هی گەردن کۆتی پێدەڵێن، چونکە کۆت دەخرێتە گەردنەوەو سەری هەڵدەبڕێ و، ناهێڵێ، نە سەری بەملاولادا بسووڕێ، نە بەرزو نزم بکات، ڕێك لە یەك ئاستدا دەبێ و حاڵەتێکی زۆر ناخۆشە بۆ مرۆڤ، کە نەتوانێ مل بسووڕێنێ، ئەگەر بکرێتە دەستیشیەوە، چ لە پێشەوە، چ لە دواوە، دیسان حاڵەتێکی زۆر ناخۆشە، ئنجا خوا دەفەرموێ: بیگرن و کۆتی بکەن، واتە: کۆت بخەنە گەردنیەوەو، کەلەبچە بخەنە دەستەکانیەوە.

سەرنجی چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ ﴾، دوایی بیخەنە نێو زنجیرێك کە ئەندازەکەی حەفتا باسکە، وەك پێشتریش گوتمان هەندێك لە زانایان گوتوویانە: باسك لە ئانیشکەوە تاکو سەری پەنجەکانەو، زۆربەش گوتوویانە: لە سەری پەنجەکانەوە هەتا بن هەنگڵە، واتە: قۆڵ (عَضُد)یش دەگرێتە خۆی، کە بە هەمووی باسکیشی پێ دەگوترێ و، دەستیشی پێ دەگوترێ، بەڵام ئەگەر هەردووك دەست بن و بکرێنەوە، پێی دەگوترێ: (باع)، باڵ، بەڵام یەك دەست پێی دەگوترێ: باسك (ذِراع)، کە نیزیکەی نیو مەترە یان شتێك زیاترە، خوا دەفەرموێ: بیخەنە نێو زنجیرێکەوە کە ئەندازەکەی حەفتا باسکە، بۆیەش ئەوەم لێرە دووبارە کردەوە هەرچەندە پێشتریش هێنام، چونکە لە زۆربەی تەفسیرەکاندا واتایەکیان بۆ ئەو ئایەتە موبارەکە هێناوە پێم وایە شایستەی فەرمایشتی خوا نیەو، هەر لەگەڵ بێژەو ڕواڵەتی ئایەتەکەشدا ناگونجێ، ئەویش ئەوەیە، بۆ وێنە:

(**الطبري**) لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، هێناویەتی، گوتوویەتی: (**تَسْلُكُ فِي دُبُرِهِ حَتَّى تَخْرُجَ مِنْ مِنْخَرَيْهِ، حَتَّى لَا يَقُومَ عَلَى رِجْلَيْهِ**)،

---

(١) المعجم الوسيط: ص٦٦٠.

(**جامع البيان**: ٣٤٩١٨) واتـە: ئـەو زنجیـرە دەخرێتـە کۆمیـەوەو لـە زاری دەردەچـێ، بـۆ ئـەوەی لەسـەر پێیـان نەوەسـتێ! بـەڵام بـە دڵنیایـی خـوا ﷻ وای نەفەرمـووەو ئـەو تەعبیـرەش خـوا ﷻ لـە هیـچ شـوێنێکی قورئـان دا بـەکاری هێنـاوە، بەڕاسـتیی پێشـم سـەیر بـوو کـە زۆربـەی تەفسـیرەکان، لەوانـە: (**الطـبري**) و (**إبـن كثـير**) و (**الـرازي**) و(**البحـر المديـد في تفسـير كتـاب اللـه المجيـد**)، وایـان هێنـاوە، کـە: ئـەو زنجیـرە دەخرێتـە کۆمـی مرۆڤـەوەو لـە زاری دەردەچـێ! کـە خـوا ﷻ لـە قورئانـدا تەعبیـری وای بەکارنەهێنـاوەو، ئـەم تەعبیـرەش ئـەوە ناگەیەنـێ:

چونکـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ الْجَحِيمَ صَلُّوهُ ﴿٣١﴾ ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ ﴿٣٢﴾ ﴾، دەفەرمـوێ: بیگـرن و کـۆتی بکـەن، (یاخـود کەلەبچـەی بکـەن)، دوایـی بیخەنـە نێـو ئاگـرەوە، دوایـی زنجیرێك کە حەفتا باسـکە ئەو کەسـەی بخەنـە نێـو، واتـە: مرۆڤەکـە دەخرێتـە نێـو زنجیرەکـەو زنجیرەکـەی لـێ دەئاڵێنـرێ، چونکـە شـتێك درێژییەکـەی حەفتـا باسـك بـێ، کـە لـە کەسـێکت ئاڵانـد، مانـای وایـە، وەك بخرێتـە نێـو قەفەسـێکی ئاسـنەوە، کەواتـە: مرۆڤەکـە دەچێتـە نێـو زنجیرەکـە، نـەك زنجیرەکـە بـە نێـو مرۆڤەکـەدا بکـرێ، خـوای پەروەردگاریـش نەیفەرمـووە: (**فَاسـلُكُوها فِيـهِ**)، زنجیرەکـە بخەنـە نێـو مرۆڤەکـە، بەڵکـو فەرموویـەتی: (**فَاسـلُكُوهُ فِيهـا**)، مرۆڤەکـە بخەنـە نێـو زنجیرەکـە، کەواتـە: دەبـێ زنجیرەکـە لـە مرۆڤەکـە بئاڵـێ و مرۆڤەکـە بخرێتـە نێـو زنجیرەکـە.

ویسـتم ئـەوە ڕاسـت بکەمـەوە، بێگومـان خوای پـەروەردگار لـە قورئاندا هەمیشـە کـە بـاسی ئەندامـەکانی کـە جێـی شـەرمن بـۆ مـرۆڤ باسـیان دەکات، لـە پەنـاڕاو بـە کینایـە باسـیان دەکات و، یـەك وشـە لـە قورئانـدا نیـە کـە نەگونجـێ لـە مەجلیسـدا بگوتـرێ، بـۆ وێنـە: کـە بـاسی پێکـەوە جووتبـوونی ژن و مێـرد دەکات، دەفەرمـوێ:

ئەگـەر دەسـتان گەیاندنـێ ﴿ أَوْ لَـٰمَسْتُمُ النِّسَاءَ ﴾المائـدة: (٦)، ئەگـەر چوونـە لایان ﴿ وَقَدْ أَفْضَىٰ بَعْضُكُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ ﴾النسـاء: (٢١)، بـەڵام نـاوی پرۆسـەکە ناهێنـێ،

هەروەها کە باسی جێی شەرمی مرۆڤ دەکات، دەفەرمویّ: ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّواْ مِنْ أَبْصَـٰرِهِمْ وَيَحْفَظُواْ فُرُوجَهُمْ... ﴿٣٠﴾﴾النور، بە پیاوانی بڕوادار بڵێ: با لە نیگای چاویان بگرنەوەو جێی شەرمیان بپارێزن، (عەورەت) یانی: ئەو شوێنەی کە مرۆڤ پێی ناخۆشبێ دەربکەویّ، ئیدی باسی ئەندامی زاو زێیەکە ناکات، دیسان بۆ ئافرەتانیش بەهەمان شێوە.

بۆیە لێرەدا وەك لە (إبن عباس)ەوە هاتوە، ئەویش نازانم داخۆ سەنەدەکەی ڕاستە، یان نا، وەك پاڵدراوەتە لای ئەو، مانای وایە خوا ﷻ ڕێك باسی ئەندامی شەرمی مرۆڤی کردوە، کە لە هەموو قوڕئاندا تەعبیرێکی دیکەی ئاوامان نیە، بۆیە هەقە ڕەتی بکەینەوە، وێڕای مانای ڕواڵەتی ڕوونی ئایەتەکەش.

سەرنجی پێنجەم: خوا ﷻ ئەو مرۆڤە بە دوو تاوانی هەرە گەورە تاوانبار (**تجريم**) دەکات و، دەفەرمویّ: ﴿إِنَّهُۥ كَانَ لَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٣٣﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ﴾، ئایا بۆچی ئەو مرۆڤە ئاوا سزا دەدریّ؟ چونکە: ئەو بڕوای بە خوای مەزن نەبوو، هانیشی نەدەدا لەسەر خواردنی نەدار، واتە: هانی خەڵکی نەدەدا کە خواردن بدریّ بە بابای نەدار، ئەمانە دوو تاوانە هەرە گەورەکەن، کە خوای دادگەر ﷻ ئەوانی پێ تاوانبار دەکات و، ئەم تەعبیرە لە سوورەتی (**المدثر**)یش لە ئایەتی (٤٣ و ٤٤)دا هاتوە، کە هاوەڵانی ڕاستە لە تاوانباران دەپرسن: ﴿فِى جَنَّـٰتٍ يَتَسَآءَلُونَ ﴿٤٠﴾ عَنِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٤١﴾ مَا سَلَكَكُمْ فِى سَقَرَ ﴿٤٢﴾ قَالُواْ لَمْ نَكُ مِنَ ٱلْمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ ٱلْمِسْكِينَ ﴿٤٤﴾﴾المدثر، هاوەڵانی دەستە ڕاست لە تاوانباران دەپرسن: چ شتێك ئێوەی خستۆتە نێو سەقەڕ؟ (یەکێکە لە ناوەکانی دۆزەخ)، دەڵێن: ئێمە لە نوێژکەران نەبووین و، خواردنیشمان نەدەدا بە نەدار، لە نوێژکەران نەبووین، واتە: خواپەرست و بڕوادار بە خوا نەبووین و، فەرمانبەری خوا نەبووین، لەگەڵ خەڵکیشدا چاکەکار نەبووین، کە گرنگترین شت بۆ خەڵك کە پێویستیی پێبێ خواردنە، بۆیەش لە هەندێك لە کتێبەکانمدا گوتوومە: ئیسلامەتیی و مسوڵمانەتیی لە دوو شتدا خولاصە دەبێتەوە:

یەکەم: خواپەرستیی.

دووەم: خەڵك دۆستیی.

ئەوەشم لە ئایەتی ژمارە (٧٧)ی سوورەتی (الحج) وەرگرتوە، کە خوا لە کۆتاییەکەیدا دەفەرمویْ: ﴿وَٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمْ وَٱفْعَلُوا۟ ٱلْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ۝٧٧﴾، پەروەردگارتان بپەرستن و چاکە بکەن، بەڵکو سەرفراز بن، واتە: پەروەردگارتان بپەرستن و چاکەکاریی بکەن لەگەڵ خەڵکی خوادا.

سەرنجی شەشەم: خوا ﷻ باسی (**غِسلین**) دەکات، کە پێشتریش هێنامان، بەڵام بەباشم زانی زیاترو باشتر تیشکی بخەمە سەر، ئیبنو زەید کە تەبەریی لە تەفسیرەکەی خۆیدا لێیەوە هێناوە، لە بارەی (**غسلین**)ەوە گوتوویەتی: (**لَوْ أَنَّ دَلْوًا مِن غِسْلِينٍ يُهَراقُ فِي الدُّنْيا لَأَنْتَنَ أَهْلُ الدُّنْيا**) (**جامع البيان: ٣٤٩٢١**)[1]، واتە: ئەگەر دۆڵچەیەك لە غیسلین لە دنیادا بڕێژرێ، هەموو خەڵکی دنیا بۆگەن دەکات، ئنجا ئایا (**غِسلین**) چییە؟ ڕای ڕاستتر ئەوەیە: (**مَا يَسِيلُ مِنْ صَدِيدِ أَهْلِ النَّارِ، ومَا يَجْرِي مِنَ الْجِرَاحِ إِذَا غُسِلَتْ**)، کەواتە: (**إبن زيد**) (**غِسْلين**)ی بە دوو واتایان لێکداوەتەوە کە پێم وایە لە هەموو واتایەکان ڕاستترن.

١- ئەوەی دێتە دەر لە کێم و زووخاوی دۆزەخییان.

٢- ئەو چڵکاوەیە کاتێك برینێك دادەشۆرێ و ئاوەکەی لێی دەچۆڕێتەوە، بەوە دەگوترێ: (غِسلِین)، واتە: ئاوی داشۆراوی برین، کە بە دڵنیایی خوێن و کێم و زووخاوی پێوەیە.

سەرنجی حەوتەم و کۆتایی: با تەماشایەکی دیکە ئەم ئایەتە موبارەکانە بکەین: ئێمە لە مەسەلەی یەکەمدا باسی ئەو کەسەمان کرد کە نامەو نووسراوەکەی دەدرێتەوە دەستی ڕاستی ﴿فَأَمَّا مَنْ أُوتِىَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ﴾، دواییش

---

(١) أخرجه الحاكم: ٣٨٥٠، وصححه، ووافقه الذهبي، بەڵام هەردوو دەرهێنەر (مخرِّج)ی دەقەکانی تەفسیری (روح المعاني) لە (ج٢٠، ص٧٦)، گوتوویانە: سەنەدەکەی بێهێزە.

ئەو کەسەی نامەی یان لیستی کردەوەکانی دەدرێتەوە دەستی چەپی ﴿ وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ ﴾.

ئنجا لێرەدا یەکێك بۆی هەیە بڵێ: کەواتە: خەڵك دەبنە دوو بەش، یان بە دەستی ڕاستیان نامە وەردەگرنەوە، یان بە دەستی چەپیان، کەواتە: کۆمەڵێکی دیکەی سێیەم نیەو، ئەمە لە سوورەتی (الشورى)شدا هاتوە: ﴿ فَرِيقٌ فِي ٱلۡجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي ٱلسَّعِيرِ ۝٧ ﴾الشورى، کۆمەڵێك لە بەهەشتن و کۆمەڵێك لە دۆزەخدان، کە ئەوە هەندێك لە زانایانی هاوچەرخیش لە کوردو جگە لە کورد، بیرۆکەیەکی وایان هەیەو، کاتی خۆی خەوارجیش بیرۆکەیەکی وایان هەبووە، کەواتە: ئایا بیرۆکەی سێ کۆمەڵ بوون لە ڕۆژی دواییدا چییە؟! لە وەڵام دا دەڵێین:

ئەدی ئەو هەموو فەرمایشتانەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە باسی ئەوە دەکەن، کەسانێك لە ئۆممەتی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ ئەهلی ئیمانن، بەڵام چونکە تاوانبارن و گوناهبارن، دەخرێنە دۆزەخەوەو دەسووتێنرێن و سزا دەدرێن، دوایی کە پاك بوونەوە دەچنە بەهەشت، ئایا باسی وان لە کوێیە؟

بەڵکو ئایا خەڵکی ئەعراف لە کوێن؟ ﴿ وَبَيۡنَهُمَا حِجَابٞۚ وَعَلَى ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٞ يَعۡرِفُونَ كُلَّۢا بِسِيمَىٰهُمۡۚ... ۝٤٦ ﴾الأعراف، خوا دەفەرموێ: دیوارێك لە نێوان خەڵکی بەهەشت و دۆزەخ دا هەیە، لەسەر قەراغەکانی پیاوانێك هەن، بە هەردووك لایان دا دەڕوانن و جاری بە هیچ لایان دا نەکەوتوون!

وەڵامەکەش ئەوەیە: خوا ﷻ لێرەدا باسی سەرەنجامی کۆتایی دەکات، کە بەو شێوەیە دەبێ، یان دەستە ڕاست یان دەستە چەپ، بەڵام بەرلەوەی بگەنە ئەو ئەنجامە کۆتاییە، حاڵەتی دیکە هەن، بۆ وێنە: ئەهلی ئەعراف نە ئەوەن کە بە دەستی ڕاست نامەکەیان وەرگرتبێتەوەو بۆ بەهەشت بڕۆن و، نە ئەوەشە بە دەستی چەپ و بۆ دۆزەخ بڕۆن، بەڵکو لەسەر قەراغ و کەنارەکانی نێوانێکی نێو قەدی بەهەشت و دۆزەخدان، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَبَيۡنَهُمَا حِجَابٞۚ وَعَلَى ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٞ... ۝٤٦ ﴾الأعراف.

هەروەها ئەو هەموو فەرمایشتانەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە باس دەکەن، کەسانێك دەبن سزا دەدرێن، دوایی کە پاك بوونەوە لە دۆزەخ قوتار دەبن و دەچنە بەهەشت، بەڵام ئایا ئەوانە بە دەستی چەپیان نامەو لیستی کرەوەکانیان وەردەگرن، یان بە دەستی ڕاستیان؟ وا پێدەچێ بە دەستی چەپیان بێ، وای تێدەگەم، بە دەستی چەپیان لیستی کردەوەکانیان وەربگرنەوە، چونکە سەرەتا بۆ دۆزەخ دەچن، بەڵام دوایی چونکە ئیمانیان هەیە، دەرباز دەبن و دەچنە بەهەشت، نەك بە دەستی ڕاستیان وەری بگرن، چونکە ئەگەر بە دەستی ڕاستیان وەری بگرن، دەبێ یەکسەر بچن بۆ بەهەشت.

لێرەش باسی ئەوانە نەکراوە کە لەسەر ئەعرافن، واتە: قەراغەکانی ئەو دیوارو سنوورەی دەکەوێتە نێوان بەهەشت و دۆزەخەوە، هەڵبەتە مەرجیش نیە هەموو مەسەلەیەك لە هەموو ئایەتێکدا هاتبێ، ئەوەتا لێرە خوا تەنیا باسی (**أصحاب اليمين**) و (**أصحاب الشمال**) دەکات، هەروەها لە زۆر جێی دیکەش، بەڵام لە جێی دیکەدا خوا ﷻ باسی (**مقرَّبين**) و باسی (**سابقون**)یش دەکات، وەك سووڕەتی (**الواقعة**) کە پێشتر تەفسیرمان کرد، هەروەها لە سووڕەتی (**فاطر**)دا هاتووە: ﴿ ثُمَّ أَوْرَثْنَا ٱلْكِتَـٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ۖ فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌۢ بِٱلْخَيْرَٰتِ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْكَبِيرُ ﴿٣٢﴾ ﴾فاطر، لێرەدا خوا ئەهلی ئیمان پۆلێن دەکات بۆ سێ کۆمەڵ: {**ظالم لنفسه، مقتصد، سابق بالخيرات**}، بەڵام کە لە سووڕەتی (**الشورى**)دا، دەفەرموێ: ﴿ فَرِيقٌ فِى ٱلْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِى ٱلسَّعِيرِ ﴿٧﴾ ﴾، ئەوە دەرەنجامی کۆتاییەو ڕێگریش نیە لەوەی بەر لەو دەرئەنجامە کۆتاییەو هەتا دەگاتە ئەو دەرەنجامە کۆتاییە، کەسانێکی دیکە بچنە دۆزەخ و بە ئەندازەی گوناهەکانیان سزا بدرێن و دوایی دەربازبن.

لەو بارەوە (**ابن عجيبة**) لە تەفسیرەکەی خۆی (**البحر المديد في تفسير القرآن المجيد**)دا[1]، دەقێك لە (**إبن أبي جمرة**)ەوە دێنێ، کە یەکێك بووە لە زانایان و

---

(١) ج٨، ص١٢٩.

صەحیحی بوخاریی شەرح کردوە، دەڵێ: (**عادَتُهُ تَعَالَى فِي التَّنزِيلِ أن يَذكُرَ الكامِلَ فِي الطَّاعَةِ وَالكامِلَ فِي العِصيانِ أي الكُفرِ، وَيَسكُتَ عَنِ المُخَلِطِ فَدَلَّ عَلَى أَنَّهُ يَرَى مِن هَذَا وَيَرَى مِن هَذَا**).

واتە: خوا ﷻ یاساو دەستووری وایە لە قورئاندا ئەوەی بە تەواویی فەرمانبەرو ملکەچە بۆ خوا، باسی دەکات و، ئەوەش کە بە تەواویی سەرپێچیی کردوە، باسی دەکات و زۆرجاران، لە بابای تێکەڵکەر (**مُخَلِّطِ**)، {چاکەو خراپەی تێکەڵ کردوون}، بێ دەنگ دەبێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بابای تێکەڵکەر، هەم لەوە دەبینێ و، هەم لەوەش دەبینێ.

واتە: دەگونجێ دۆزەخیش ببینێ و سزا بدرێ، لەسەر گوناهەکانی و، دوایی بەهەشتیش ببینێ و، پاداشت بدرێتەوە لەسەر ئیمان و چاکەکانی، کەواتە: دەبێ ئاوا بەگشتگیریی تەماشا بکەین، نەك هەر دەقێکمان لە قورئاندا بینی، یەکسەر حوکمێکی لێ هەڵبهێنجین، بێ ئەوەی تەماشای دەقەکانی دیکە بکەین.

لێرەدا ئاماژەیەك دەکەم بە قسەیەکی کاك ناصری سوبحانیی ڕەحمەتی خوای لێبێ، لە هەندێك لە کتێبەکانی دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە لە قیامەتدا خەڵك ڕێك دوو کۆمەڵە: یان بەهەشتیین یان دۆزەخیین، بەڵام ئایا ئەو هەموو فەرمایشتانەی پێغەمبەری خوا ﷺ چی لێ بکەین؟ ئەو ڕایەش ڕایەك نیە کە کاك ناصر خۆی گوتبێتی، بەڵکو ئەوە ڕای خەواریجەو کاتی خۆی ڕایان وابووە، هەموو ئەوانەش کە کەمتر پشت بە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دەبەستن، تووشی ئەوە دێن، لە حاڵێکدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێ شتی ڕوونکردۆتەوە، کە خوا ﷻ لە قورئاندا بە گشتیی فەرموویەتی، هەرچەندە ئەوەی گوتم لە قورئانیشدا ئاماژەی پێکراوە، بۆ وێنە: لە سوورەتی (فاطر) دا کە پێشتریش هێنامان خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ أَوْرَثْنَا ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ۖ فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌۢ بِٱلْخَيْرَٰتِ ...﴿٣٢﴾ ﴾، وەك

دەبینیـن پۆلێنیـان دەکات بـۆ سـێ بـەش، ئنجـا ئەوانـە چـۆن دەبـێ هەموویـان لێکـڕاو وێکـڕا بچنـە بەهەشـت؟ بێگومـان ﴿ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ﴾، دەبـێ لەسـەر ستەم و خراپەکانیـان سـزا بـدرن، هەروەهـا ﴿مُّقْتَصِدٌ﴾، بـە جۆرێـك دەچنـە بەهەشـت و ﴿سَابِقُۢ بِٱلْخَيْرَٰتِ﴾یـش بەجۆرێـکی دیکـە دەچنـە بەهەشـت، کەواتـە: بـۆ وەرگرتنـی حوکمێـك لـە ئایەتێکـدا، ئەگـەر چاوی خۆمـان بـەس لەسـەر ئـەو ئایەتـە کورتهەڵێنیـن، تـووشی هەڵـە دەبیـن، دەبـێ تەماشـای کـۆی ئـەو ئایەتانـە بکەیـن، کـە لـەو بـارەوە هاتـوون، هەروەهـا تەماشـای فەرمایشـتەکانی پێغەمبـەری خـواش ﷺ بکەیـن مـادام بـە سـەنەدێکی ڕاسـت بـە ئێمـە گەیـبن و، دەبـێ دوای سـەرەنجدانی هەموویـان، ئەوجـار هەڵوێسـت لـە بـارەی ئـەو مەسـەلەیەوە بنوێنیـن.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أشهَدُ أنْ لاَ إلَهَ إلاَّ أنتَ، أستَغفِرُكَ وَأتُوبُ إلَيكَ.

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان پانـزە (١٥) ئایـەتی کۆتایـی سـوورەتی (**الحاقـة**) دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەکانی: (٣٨ - ٥٢)، ئـەو (١٥) ئایەتـەش هەموویـان بـاسی قورئانـن و بـاسی بەرپەرچدانـەوەی تۆمـەت و قسـە و قاڵـی کافرانـن، لـەو بـارەوە، کـە بـە شـیعرو قسـەی کاهیـن و قسـەی هەڵبەسـتراو، قورئانیـان تۆمەتبـار دەکـرد، خـوای کاربەجـێ ڕایدەگەیەنـێ کـە سـوێند بـە بینـراو و نەبینـراو، قورئـان قسـەی نێردراوێـکی بەڕێـزە، کـە مەبەسـت پێی جیبریلـە (**عَلَيْـهِ السَّـلام**)و، دابەزێـنراوی پـەروەردگاری جیهانییانەو، ئەگـەر گریـمان موحەممەدیـش ﷺ قسـەیەکی بـە نـاوی خـواوە هەڵبەسـتبایە، ڕەگـی مـلی دەپچڕێـنراو، هیـچ کەسـیش بەرگریـی بـۆ لـێ نەدەکـرا.

﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَا تُبۡصِرُونَ ﴿٣٨﴾ وَمَا لَا تُبۡصِرُونَ ﴿٣٩﴾ إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ﴿٤٠﴾ وَمَا هُوَ بِقَوۡلِ
شَاعِرٖۚ قَلِيلٗا مَّا تُؤۡمِنُونَ ﴿٤١﴾ وَلَا بِقَوۡلِ كَاهِنٖۚ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ تَنزِيلٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٤٣﴾
وَلَوۡ تَقَوَّلَ عَلَيۡنَا بَعۡضَ ٱلۡأَقَاوِيلِ ﴿٤٤﴾ لَأَخَذۡنَا مِنۡهُ بِٱلۡيَمِينِ ﴿٤٥﴾ ثُمَّ لَقَطَعۡنَا مِنۡهُ ٱلۡوَتِينَ ﴿٤٦﴾ فَمَا
مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ عَنۡهُ حَٰجِزِينَ ﴿٤٧﴾ وَإِنَّهُۥ لَتَذۡكِرَةٞ لِّلۡمُتَّقِينَ ﴿٤٨﴾ وَإِنَّا لَنَعۡلَمُ أَنَّ مِنكُم مُّكَذِّبِينَ
﴿٤٩﴾ وَإِنَّهُۥ لَحَسۡرَةٌ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٥٠﴾ وَإِنَّهُۥ لَحَقُّ ٱلۡيَقِينِ ﴿٥١﴾ فَسَبِّحۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٥٢﴾ ﴾.

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

(نەخێـر وانیـە وەك ئێـوە دەڵێـن، ئـەی بێبڕوایـەکان!) سـوێند دەخـۆم بـەوەی دەیبینـن، ﴿٣٨﴾ هەروەهـا سـوێند دەخـۆم بـەوەش کـە نایبینـن ﴿٣٩﴾ ئـەو قوڕئانـە گوتـراوی نێردراوێـکی پەسـندو بەڕێـزە (کـە جیبریلـە) ﴿٤٠﴾ هەروەهـا ئـەو قوڕئانـە قسـەی شـاعیرێك نیـە، بـە کەمیـی بـڕوا دێنـن ﴿٤١﴾ هەروەها قسـەی کاهینێك نیە، بە کەمیـی بیـر دەکەنـەوە ﴿٤٢﴾ لـە لایـەن پـەروەردگاری جیهانییانـەوە دابەزێـنراوە ﴿٤٣﴾ ئەگـەر (موحەممـەد) هەنـدێ قسـەشی بەنـاوی ئێمـەوە گوتبان (کـە نەمـان فەرموون) ﴿٤٤﴾ بـە دڵنیایـی دەسـتی ڕاسـتیمان دەگـرت ﴿٤٥﴾ دوایـی شـادەماری خوێنبەریـمان دەبـڕی ﴿٤٦﴾ ئنجـا هیـچ کامیشـتان نەدەبـووە بەرگرییـکاری و لەمپـەر لەبـەر دەمـمان دا ﴿٤٧﴾ بـە دڵنیاییـش ئـەو قوڕئانـە بیرخەرەوەیـە بـۆ پارێـزکاران ﴿٤٨﴾ بێگومانیـش ئێمـە دەزانیـن کـە بـە درۆ دانەرانێـك (بـۆ قوڕئـان) لە ئێـوەدا هـەن، (ئـەی بێبڕوایان!) ﴿٤٩﴾ مسـۆگەریش ئـەو قوڕئانـە مایـەی خەفـەت و پەشـێمانییە لـە ڕۆژی دوایـی دا بـۆ بێبڕوایـان ﴿٥٠﴾ بـە دڵنیاییـش ئـەو قوڕئانـە ڕاسـتییەکی جێـی دڵنیاییـە ﴿٥١﴾ ئنجـا نـاوی پـەروەردگاری مەزنـت بـە پـاك بگـرە ﴿٥٢﴾}

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(كَاهِنٍ): **(الكاهِنُ: الَّـذِي يُخـبِرُ بِالأَخبـارِ المَاضِيَـة الخَفِيَّـة بِضَربٍ مِـنَ الظَّـنّ، وَالعَـرَّافُ: الَّـذِي يُخـبِرُ بِالأَخبـارِ المُسـتَقبَلَة)**، **(كَاهِـن)**: ئـەو کەسـەیە بـە جۆرێـك لـە گومـان هــەواڵ دەدات بــە هەواڵــە ڕابــردووەکان، ئەوانــەی تێپەڕیــون، بــەڵام **(عــرّاف)**: ئەوەیــە کــە هــەواڵ دەدات بــە هەواڵــە داهاتــووەکان، هەڵبەتــە هەردووکیــان بــە گومـان، بۆیـەش هەردووکیـان زەمکـراون لـە قوڕئانـداو، لـە سـوننەتی پێغەمبەریشـدا

ﷺ، چونكـە نادیـارو پەنهـان تەنیـا خـوا دەیزانـێ، ﴿قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ ...﴾ (٦٥) النمـل، بڵـێ پەنهـانی ئاسـمانەكان و زەوی تەنیـا خـوا دەیزانـێ.

(تَقَوَّلَ): (تَقَوَّلَ عَلَيـهِ قَـولاً، أَي: اخْتَلَقَـهُ كَذِباً)، (تَقَوَّلَ عَلَيـهِ)، قسـەی بـە دەمیـەوە كـرد، قسـەی بـە ناویـەوە كـرد، درۆی بـە ناویـەوە هەڵبەسـت، (الأقاوِيـل: جَمـعُ أَقْـوَال، وَالأَقْـوَالُ جَمـعُ قَـول)، (أَقاوِيـل) كـۆی (أَقـوال)ە و ئەویـش كـۆی (قَـول)ە، كەواتـە: (أَقاوِيـل) كـۆی كـۆ (جَمـعُ الجَمـع)ە، واتـە: ئەگـەر موحەممـەد ﷺ چەنـد قسـەیەكی بەنـاوی ئێمـەوە كردبانایـە، وەك ئێـوە دەڵێـن «ڕەگـی ملیـمان دەبـڕی».

(ٱلۡوَتِينَ): (الشُّرِيَانُ الرئيسُ الَّـذِي يَغُـذُّ جِسـمَ الإنسـانِ بِـدَمٍ نَقِـيٍّ خَـارِجٍ مِـنَ القَلـبِ)[1]، (وَتِـيْن): بریتیـە لـەو شـادەمارە سـەرەكییەی كـە جەسـتەی مـرۆڤ بـە خوێنـی پـاك بژیـودار دەكات، ئـەو شـادەمارەش لـە دڵـەوە دەردەچـێ، بـە كوردیـی پێـی دەگوتـرێ: خوێنبـەر، شـاخوێنبەر، بـەڵام ئـەوەی لـە جەسـتەوە خوێنی پیـس دێنێتەوە بـۆ نێـو دڵ، بـۆ ئـەوەی پـاك بكرێتـەوە، پێـی دەگوتـرێ: خوێنهێنـەر (وَرِيْـد).

(حَٰجِزِينَ): (حَجَـزَ: أَي فَصَـلَ، حَجَـزَ فُلانـاً: كَفَّـهُ وَمَنَعَـهُ مِـن غَـيرِهِ)، (حَجَـزَ) جیـای كـردەوە، (حَجَـزَ فُلَانـاً) ڕێـی لـە فڵانكـەس گـرت و نەیهێشـت لـە بەرانبـەر كەسێكی دیكـەدا (حَجَـزَهُ عَـن فُـلانٍ)، لـە فڵانكـەسی گرتـەوەو دووری خسـتەوە.

(لَحَسۡرَةٌ): (الحَـسرَةُ: شِـدَّةُ التَّلَهُّـفِ وَالحُـزنِ لشـيئٍ)، (حـسرة) زۆر خەفەتبـار بـوون و دڵتەنـگ بـوون و بـە پەرۆشـەوە بـوون بـۆ شـتێك.

(لَحَقُّ ٱلۡيَقِينِ): زانیارییـەكی چەسـپاو، چەسـپاوێكی جێـی دڵنیایـی، (الحَـقّ: حَـقَّ يَحـقُّ حَقًّـا وَحَقَّـهُ، أَي: صَـحَّ وَثَبَـتَ وَصَـدَقَ)، واتـە: ئـەو شـتە ڕاسـت بـوو، چەسـپا، ڕێـك دەرچـوو، چەسـپاندی.

---

(١) المعجم الوسيط: ص١١٠.

(**يَقِنَ الشَّيءُ وَيَقَنَ ويَيقَنُ يَقْنَاً وَيَقِينَاً، أي: ثَبَتَ وَتَحَقَّقَ وَوَضَحَ، فَهُوَ يَقَنٌ وَيَقِين**)، واتە: شتەکە چەسپاو ساغبۆوەو ڕوونبۆوە، ئەو چەسپاوەو جێی دڵنیاییە، (**يَقَنَ الشَّيءَ وَيَقَنَ بِهِ: عَلِمَهُ وَتَحَقَّقَهُ**)، واتە: شتەکەی زانی و ساغی کردەوە.

(**اليقين: العلم الذي لا شك فيه**)، (**يقين**) ئەو زانیارییە دوو دڵیی تێدا نیە، (**اليَقِين في الفلسفة: إطمئنان النفس إلى حكمٍ مع الإعتقاد بِصِحَّته**)، (يقين) لە فەلسەفەدا: دڵئارام بوونە بە حوکمێك لەگەڵ بڕوابوون بە ڕاستیی ویدا[1].

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوای بەرزی مەزن ئەم پازدە (١٥) ئایەتەی هەموویان تەرخان کردوون بە باسی قورئان و، ئاماژەیەکیش بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەدەوە ﷺ، چونکە ئێمە هەر لە سەرەتای پێناسەی ئەم سوورەتەوە، گوتمان: ئەم سوورەتە بۆ دوو تەوەری سەرەکیی دابەش کراوەو، قسە لە دوو بابەتی سەرەکیی دەکات:

یەکەم: ڕۆژی دوایی.

دووەم: باسی قورئان و ئاماژەیەکیش بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ هەر بە بۆنەی باسکردنی قورئانەوە.

خوا دەفەرموێ: ﴿فَلَآ أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ ﴿٣٨﴾ وَمَا لَا تُبْصِرُونَ ﴿٣٩﴾﴾، وانیە (وەك ئێوە دەڵێن ئەی بێبڕواینە!) سوێند دەخۆم بەوەی دەیبینن و بەوەش کە نایبینن.

وەك زۆر جاری دیکەش گوتوومانە، بە تایبەت لە سەرەتای سوورەتی (**الواقعة**)وە کە هەندێك لە زانایان لە بارەی ئەو (لا)یەوە کە لە سەرەتای هەندێك لە سوێندەکاندا هاتووە، وەك:

---

(١) المعجم الوسيط، ص: ١٠٦٦.

١- ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَا تُبۡصِرُونَ ٣٨ وَمَا لَا تُبۡصِرُونَ ٣٩ ﴾.

٢- هەروەها: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلشَّفَقِ ١٦ ﴾الانشقاق.

٣- هەروەها: ﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ١ ﴾البلد.

٤- هەروەها: ﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ١ ﴾القيامة.

٥- هەروەها: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ٧٥ ﴾الواقعة، گوتوویانە: (لا) بۆ لابردنی سوێندەکەیە، واتە: پێویست ناکات سوێند پێ بخۆم!.

لە ڕاستییدا خراپ بە هەڵەدا چوون، چونکە خوا لە سەرەتای سووڕەتی (**الواقعة**)دا دەفەرمووێ: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ٧٥ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٌ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ٧٦ ﴾الواقعة، بێگومانیش ناگونجێ خوا بفەرمووێ: سوێند ناخۆم و ئەگەر بشزانن ئەوە سوێندێکی مەزنە، بەڵکو مانایەکەی ئاوایە: ڕاست نیە، وەك ئێوە دەڵێن، سوێند دەخۆم بەڕێ و شوێنی ئەستێرەکان و ئەگەر بزانن، ئەوە سوێندێکی مەزنە، یانی: ئەگەر زانیاریی گەردووناسییتان ببێ و، بزانن خوا ئەو گەردوونەی چۆن خوڵقاندوەو، ئەستێرەکان و کەهکەشانەکان چۆنن؟ کەواتە: (لا) لابەرە (نافیة)ی سوێندەکە نیە، بەڵکو شتێکی دیکە بەرپەرچ دەداتەوە کە بە سەلیقەو سیاق دەزانرێ، لێرەش ئەوەی بە سەلیقەو سیاق دەزانرێ ئەوەیە کە بێبڕوایەکان دەیانگوت: قوڕئان شیعرە، کەهانەیە، موحەممەد هەڵیبەستوە، خواش دەفەرمووێ: ﴿ فَلَآ ﴾، ئەوەی دەیڵێن، یان گومانی دەبەن، ڕاست نیە، ﴿ أُقۡسِمُ بِمَا تُبۡصِرُونَ ﴾، سوێند دەخۆم بەوەی دەیبینن، هەرچی کە بەرهەستەو دەیبینن، ﴿ وَمَا لَا تُبۡصِرُونَ ﴾، هەروەها سوێندیش دەخۆم بەوەی نایبینن، کە ئەوەی نایبینن، زۆر زۆر زیاترە لەوەی دەیبینین.

﴿ إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ﴾، بە دڵنیایی ئەمە قسەی نێردراوێکی بەڕێزە، کە مەبەست پێی جیبریلە عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام وەك لە سووڕەتی (التكوير)دا خوا ﷻ

ڕوونتر باسی ئەوە دەكات و دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ ﴿١٧﴾ وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ ﴿١٨﴾ إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ﴿١٩﴾ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ ﴿٢٠﴾ مُّطَاعٖ ثَمَّ أَمِينٖ ﴿٢١﴾ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجۡنُونٖ ﴿٢٢﴾ ﴾التكوير، كەواتە: ئەوەی پێشێ ﴿ إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ﴿١٩﴾ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ ﴿٢٠﴾ مُّطَاعٖ ثَمَّ أَمِينٖ ﴾، هەمووی باسی جیبریلە، ئنجا دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجۡنُونٖ ﴾، هاوەڵەكەشتان (موحەممەد) شێت نیە، لێرەش دەفەرموێ: ئەمە قسەی نێردراوێكی بەڕێزە، واتە: خوا بە نێردراوێكی بەڕێزدا ناردوویەتی كە جیبریلەو، ئەویش بە قسە بە موحەممەدی ﷺ ڕاگەیاندوە، ﴿ وَمَا هُوَ بِقَوۡلِ شَاعِرٖۚ قَلِيلٗا مَّا تُؤۡمِنُونَ ﴾، هەروەها ئەمە قسەی شاعیرێك نیە بە كەمیی بڕوا دێنن.

﴿ وَلَا بِقَوۡلِ كَاهِنٖۚ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾، هەروەها قسەی بابایەكی كاهین و فاڵچییش نیە، كەم وایە بیر بكەنەوە، كەم وایە ڕامێنن و پەند وەربگرن، ئەگەرنا هەر تۆزێك تەماشای قورئان بكەن، دەزانن ناگونجێ ئەمە لە مەخلووقەوە دەرچووبێ و، بێجگە لە خالیق ناگونجێ قسەی هیچ كەسێكی دیكە بێ، نە موحەممەد ﷺ و، نە جندو شەیتان و، نە فاڵچیی و كاهین و، نە تەنانەت فریشتەو، بگرە جیبریلیش، قسەی هەر كامیان نیە، بەڵكو ئەوە فەرمایشتی خوایە، وەك لە سوورەتی (الفرقان)دا دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَنزَلَهُ ٱلَّذِي يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ...﴿٦﴾ ﴾، واتە: بڵێ: ئەو كەسەی ئەو قورئانەی دابەزاندوە نهێنیی هەموو ئاسمانەكان و زەوی دەزانێ، ﴿ تَنزِيلٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، دابەزێندراوە لە لایەن پەروەردگاری جیهانییانەوە.

﴿ وَلَوۡ تَقَوَّلَ عَلَيۡنَا بَعۡضَ ٱلۡأَقَاوِيلِ ﴾، ئەگەر گریمان موحەممەدیش ﷺ هەندێ قسەی بە دەمی ئێمەوەو، بە ناوی ئێمەوە كردبانایەو هەڵبەستبانایە، (تَقَوُّل): (هُوَ أَن تُقَوِّلَ شَخْصَاً أو ذَاتَاً مَا لَمْ يَقُل)، (تَقَوُّل) ئەوەیە تۆ بە ناوی كەسێك یان بابایەكەوە قسەیەك بكەی، نەیگوتبێ، كەواتە: ئەگەر موحەممەد لە خۆیەوە ئەو قسانەی كردبانایە، ئنجا گوتبای: هی خوان، مانای وایە قسە بە ناوەوەكردن ﴿ تَقَوَّلَ ﴾ بوو، ئەو كاتەش: ﴿ لَأَخَذۡنَا مِنۡهُ بِٱلۡيَمِينِ ﴾، دەستی ڕاستیمان

دەگـرت، چونکـە ئینسـان بـە دەسـتی ڕاسـت بەرگریـی لـە خـۆی دەکات، دەسـتی ڕاسـتیمان دەگـرت، بـۆ ئـەوەی بەرگریـی بـۆ لـە خـۆی نەکـرێ.

﴿ ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ ٱلْوَتِينَ ﴾، دوایـی شـادەماری گەردنیـمان، خوێنبەریـمان دەبـڕی، مـرۆڤ هـەر کات ئـەو شـادەمارەی بـڕا، یەکسـەر دەمـرێ، ﴿ فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَـٰجِزِينَ ﴾، ئنجـا هیـچ کامێکیـش لەئێـوە نەدەبوونـە ڕێگـرو پـەردەو پـەرچ، وەك بەرگرییـکار لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ﴿ وَإِنَّهُۥ لَتَذْكِرَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئـەم قوڕئانـەش بیرخەرەوەیـە بـۆ پارێـزکاران، بێگومـان بیرخەرەوەیـە بـۆ هەمـوو کـەس، وەك لـە شـوێنی دیکـەدا دەفەرمـوێ: ﴿ ذِكْرٌ لِّلْعَـٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾ص، بـەڵام تەنیـا پارێـزکاران لێـی بەهرەمەنـد دەبـن.

﴿ وَإِنَّا لَنَعْلَمُ أَنَّ مِنكُم مُّكَذِّبِينَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئێمـە دەشـزانین ئێـوە بـە درۆ دانەرانێکتـان تێـدا هـەن، کەواتـە: کافـرەکان هەموویـان بـە درۆ دانـەری قوڕئـان نەبـوون، هەندێکیـان زانیویانـە کـە قوڕئـان فەرمایشـتی خوایـە، وەك ئەبـوو جەهـل و زۆرێـك لـە زلـە زلـەکانی قورەیـش، زۆرێـك لـە زلـە زلـەکانی هەمـوو ڕۆژگارەکانیش دەزانـن، کـە قوڕئـان ناگونجـێ قسـەی مـرۆڤ بـێ، بـەڵام بـۆ چەواشـەکردنی خەڵـك دەڵێـن: شـیعرە، جادوویـە، کەهانەیـە، بـۆ ئـەوەی کڵاو لەسـەری خەڵـك و جەمـاوەرە هەڵخەڵەتاوەکەیـان بنێـن، ناکـرێ بڵێـن: ئێمـەش دەزانیـن قوڕئـان قسـەی خوایـە، بـەڵام بـە قسـەشی ناکەیـن!.

﴿ وَإِنَّهُۥ لَحَسْرَةٌ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئـەو (قوڕئـان)ە، مایـەی پەشـێمانیی و داخ و خەفەتـە بـۆ بێبڕوایـان، واتـە: لـە ڕۆژی دوایـی دا، ﴿ وَإِنَّهُۥ لَحَقُّ ٱلْيَقِينِ ﴾، بـە دڵنیایـی ئەمـە هەقێـكی زۆر جێـی دڵنیاییـە.

﴿ فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ ﴾، کەواتـە: (ئـەی موحەممـەد!) نـاوی پـەروەردگاری مەزنـت بـە پـاك بگـرە، یـانی: گـوێ مـەدە بـە قسـەو قاڵـی ئـەوان و، لەسـەر کاری خـۆت و جێبەجێکـردنی ئـەرکی خـۆت بـەردەوام بـە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سوێند خواردنی خوا ﷻ بـە هەرچـی بیـنراوو نەبیـنراوە، کـە قورئـان بێـژراوی نێردراوێـکی بەڕێـزو پەسـندە، کـە جیبریلـە، نـە قسـەی شـاعیرو نـە قسـەی کاهیـن و، دابەزێـنراوی پـەروەردگاری جیهانییانـە:

وەك خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَا تُبۡصِرُونَ ﴿٣٨﴾ وَمَا لَا تُبۡصِرُونَ ﴿٣٩﴾ إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ﴿٤٠﴾ وَمَا هُوَ بِقَوۡلِ شَاعِرٖۚ قَلِيلٗا مَّا تُؤۡمِنُونَ ﴿٤١﴾ وَلَا بِقَوۡلِ كَاهِنٖۚ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ تَنزِيلٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٤٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَا تُبۡصِرُونَ ﴿٣٨﴾ وَمَا لَا تُبۡصِرُونَ ﴾، واتە (وەك ئێوە دەڵێن) سوێند دەخۆم بەوەی دەیبینن و، بەوەش کە نایبینن، هەندێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە: (لا) بۆ لابرد (**نفي**)ی سوێندەکەیە، واتە: سوێند ناخۆم بەوەی دەیبینن و بەوەش کە نایبینن، ئنجا ئەگەر لێرە وابێ، لە شوێنەکانی دیکەش هەموویان وایە، بەڵام ئەوەی زۆر بە ڕوونیی ئەو بۆچوونە هەڵدەوەشێنێتەوە، ئایەتەکانی سوورەتی (**الواقعة**)ن، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ﴿٧٥﴾ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ﴿٧٦﴾ إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ ﴿٧٧﴾ فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ ﴿٧٨﴾ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ﴿٧٩﴾ تَنزِيلٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾ ﴾**الواقعة**، لێرەدا زۆر بە ئاشکرا دیارە کە سوێندەکە خوراوە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ﴿٧٥﴾ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ﴿٧٦﴾ ﴾، نەخێر، سوێند دەخۆم بە ڕێ و شوێنی ئەستێرەکان و، ئەگەر بشزانن ئەمە سوێندێکی

مەزنە، واتە: ئەگەر زانیارییتان هەبێ بە ڕێ و شوێنی ئەستێرەکان و، کەهکەشانەکان کە ئەستێرەکان پێکیان دێنن، دەزانن کە ئەو سوێندە زۆر مەزنە.

کەواتـە: ئاشـکرایە کـە لێـرەدا سـوێندەکە خـوراوەو تـەواو بـووەو، لەڕاسـتییدا هەمـوو ئـەو (لا)یانـەی لـە پێـش سـوێندەکانەوە هاتـوون، کـە لـە گەلێـك شـوێنی قورئانـدا وا هاتـوون، هەموویـان بـۆ بەرپەرچدانـەوەی قسـەی بێبڕوایانـن، کـە بـە سـەلیقەو سـیاق دەزانـرێ ئـەو قسـەیە چییـە، لێـرەدا بـە پێـی سـیاق و بـە سـەلیقە دەزانیـن کـە بێبڕوایـەکان هەمیشـە قورئانیـان بـەوە تۆمەتبـار دەکـرد دەیانگـوت: شـیعرە، دەیانگـوت: قسـەی کاهینـە، دەیانگـوت: جادوویـە، دەیانگـوت: موحەممـەد هەڵیبەسـتوە، جـاری وا هەبـوو دەیانگـوت: موحەممـەد شـێتەو قورئـان قسـەی شـێتانە، خـوای پەروەردگاریـش لێـرەدا دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَآ ﴾، ئـەم (ف)ە دەبێتـە (ف)ی دەرخـەر (فصیحة)، (**تُفْصِحُ عَمَّا قَبْلَهَا**)، هـی پێـش خـۆی دەردەخـات، واتـە: کـە ئـەوەی لـە ڕابـردوودا باسـکرا زانیتـان، لـە بـارەی هاتنـی ڕۆژی دوایـی و سـزاو پاداشـت و، هـەر کەسـە بەپێـی خـۆی مامەڵە لەگەڵـدا کرانیـەوە، کەواتـە: ﴿ فَلَآ أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ ﴾، (لا) وانیـە، (وەك ئێـوە دەڵێـن)، سـوێند دەخـۆم بـەوەی کـە دەیبینـن، یـان دەگونجـێ (ف)ەکـە بـۆ لـق لێکردنـەوە (تفریع) بـێ، واتـە: بینـا لەسـەر ئـەوەی ڕابرد، مـن قسـەی ئێـوە بەرپـەرچ دەدەمـەوەو، ڕاسـت نیـە وەك ئێـوە دەڵێـن، کـە قـوڕان شـیعر بـێ و، کەهانـە بـێ و جـادوو بـێ، ﴿ أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ ﴾، سـوێند دەخـۆم بـەوەی دەیبینـن، ﴿ وَمَا لَا تُبْصِرُونَ ﴾، هەروەهـا سـوێند دەخـۆم بـەوەی ناشـیبینن.

(**القرطبي**) دەڵـێ: (**هـذا رَدٌّ عَـلَى كَلامٍ سَـابق، أَي: لَيْـسَ الأَمْـرُ كـمَا يَقُولُـهُ المُشرِكُون**)، واتـە: ئەمـە بەرپەرچدانـەوەی قسـەیەکی پێشـوویە، یـانی: وەك هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان دەڵێـن وانیـە.

ئنجـا بـۆ بەڵگـە هێنانـەوە لەسـەر ئـەوە کـە وانیـەو، بـۆ جەختکـردن لەسـەر ئـەو لابـردن (نفـي)ە، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ ﴿٣٨﴾ وَمَا لَا تُبْصِرُونَ ﴾، سـوێند دەخـۆم بـەوەی دەیبینـن و بـەوەش کـە نایبینـن.

کورتە سەرنجێک لەسەر بینراو و نەبینراو

بەڕێزان! ئێمە ئەگەر بمانەوێ باسی ئەو شتانە بکەین کە دەبیندرێن و، ئەو شتانەش کە نابیندرێن، کە لەڕاستییدا هەموو گەردوون دابەش دەبێتەوە بۆ ئەو دوو جۆرە دروستکراوەو، یان دەبینرێن و بەرهەستن، بە چاوو بە هەستەکانی دیکە، هەستیان پێ دەکرێ، یان نەبینراوو نابەرهەستن، شتەکان مادام ماددیی و بەرهەست بن، بە یەکێك لە پێنج هەستەکان (دیتن، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، دەستلێکوتان)، دەتوانین پەییان پێ ببەین، بەڵام ئایا دروستکراوەکان تەنیا ئەوانەن کە دەکەونە بەر حوکم و ڕکێفی چراو تۆڕو شەداوی پێنج هەستەکان؟ بێگومان نەخێر، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا لَا تُبْصِرُونَ﴾، هەروەها سوێند دەخۆم بەوەش کە نایبینن، بە دڵنیایی ئەوانەی نەبیندراون، زۆر زۆر زیاترن لەوانەی دەبینرێن، بۆ وێنە: ئەم گەردوونە، ئێستا نوێترین بیردۆزەی گەردوونیی فیزیایی دەڵێ: گەردوون تیرەکەی سێزدە (١٣) ملیارو، هەشتسەد ملیۆن (١٣،٨٠٠،٠٠٠،٠٠٠) ساڵی تیشکییە.

هەڵبەتە لەو شوێنەوە کە ئێمە لێینی، ئەگەر دابنێیین کە ئێرە چەقی گەردوونە، بەملادا بیپێوەو بەولادا بیپێوە، دەڵێن: سێزدە ملیارو هەشتسەد ملیۆن ساڵی تیشکییە، واتە: ئەندازەیەك کە تیشك بە سێزدە (١٣) ملیارو، هەشتسەد ملیۆن ساڵ بیبڕێ، تیشکیش لە چرکەیەکدا (٣٠٠،٠٠٠) کم دەبڕێ، ئنجا ئەوە جارانی (٦٠)ی بکە بۆ ئەوەی خولەکت بۆ دەربچێ، دوایی جارانی (٦٠)ی بکە بۆ ئەوەی سەعاتت بۆ دەربچێ، دوایی جارانی (٢٤)ی بکە بۆ ئەوەی شەوو ڕۆژت بۆ دەربچێ، دوایی جارانی (٣٦٥)ی بکە، بۆ ئەوەی کیلۆمەترەکانی ساڵت بۆ دەربچن، کە دەکاتە: (٣٠٠،٠٠٠ × ٦٠ × ٦٠ × ٢٤ × ٣٦٥ = ٩،٤٦٠،٨٠٠،٠٠٠،٠٠٠) نۆ تریلیۆن و چوارسەدو شەست ملیار و هەشتسەد

ملیۆن کەم، دەبێ سێزدە (١٣) ملیارو هەشتسەد ملیۆن ساڵی ئاوا تیشك بڕوا، ئنجا ئەمسەرو ئەوسەری گەردوون دەکات، کە تاکو ئێستا کەوتۆتە بەر حوکمی تەلیسکۆبەکانی کە مرۆڤ دروستیکردوون، کە وەك پێشتریش باسمان کردوە لە چەند شوێنێك دا، وا پێدەچێ ئەوەش هەمووی لە سنووری ئاسمانی یەکەمدا بێ، بە بەڵگەی ئەوەی خوا لە چەند شوێنێکدا وەك سوورەتی (الملك) و سوورەتی (فصلت) دەفەرموێ: ﴿...وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ ... ﴿١٢﴾﴾فصلت، دنیا مێینە (**مؤنث**)ی (**أدنى**)یە واتە: ئاسمانی نزیکترمان بە چرایان ڕازاندۆتەوە، کە (**مَصَابيح**) یش کۆی (**مِصباح**)ە و یانی: چرا، مەبەست پێی ئەستێرەکانە، کەواتە: هەرچی ئەستێرەیەو کەهکەشانەو جگە لە کەهکەشان دەبیندرێ، هەمووی لە سنووری ئاسمانی یەکەم دایە، ئنجا ئەویش نازانین سنوورەکەی لە کوێ کۆتایی دێ، ئنجا لە سەرووی ئەو ئاسمانەوەش کە ئاسمانی یەکەمەو، ئەستێرەی تێدان و کەهکەشانەکانی تێدان، لەسەرووی ئەوەوە شەش ئاسمانی دیکەش هەن، کەواتە: ئایا ئێمە لە هەموو بوونەوەر (**گَوْن**) چەند دەبینین؟ بێگومان زۆرکەم، هەروەها گوێ لە بیست لەرینەوە (**ذبذبة**) دەبیستێ، هەتا بیست هەزار (٢٠،٠٠٠) لەرینەوە، ئەگەر لە بیست کەمتر بێ، نایبستێ و، لە بیست هەزاریش زیاتر بێت، هەر بۆی ئیستیعاب ناکرێ و نایبیستێ، هەروەها ئایا هەموو بۆنەکان دەتوانین بۆن بکەین؟ یان هەموو تامەکان دەتوانین تام بکەین؟ یان هەموو دەست لێکوتراوەکان (ملموسات) دەتوانین دەست لێ بکوتین؟ بە دڵنیایی نەخێر، کەواتە: ئەوەی نایبینین، زۆر زۆر زیاترە لەوەی دەیبینین.

لەڕاستییدا ئەوەی لە بوون (وجود) دەیبینین، گۆشەیەکی بچووکە لەوەی خوا ﷻ خوڵقاندوویەتی، ئنجا ئەوەش هەر لە گەردوون و شتە بەرهەستەکان، بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئەوەی نایبینین، کە فریشتەکان و جندو ڕووحەکان و هەموو ئەو شتانەی دیکەن کە نابینرێن، کە پەیوەندییان بە جیهانی ماددەوە

هەیە، وەك هێـزی موگناتیسـیی و هێـزی كێشـندە، كـە هەمـوو گـەردوون بـە هێـزی كێشـندەوە ڕاگیـراوەو، خـوای پـەروەردگار لـە دوو سـوورەت لـە قوڕئانـدا بـە كۆڵەكـە نەبیـنراوەكان (**عَمَد غیر مرئیة**) نـاوی هێنـاوە، كـە لـە سـوورەتی (**الرعـد**) دا دەفەرمـوێ: ﴿ اللَّهُ الَّذِي رَفَعَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ... ﴿٢﴾ ﴾**الرعـد**، ئـەو خوایـەی ئاسـمانەكانی بـە كۆڵەكانێـك كـە نابینرێـن، بـەرز كردوونـەوە، هەروەهـا لـە سـوورەتی (**لقمان**)یشـدا: ﴿ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ﴾**لقمان: ١٠**، زانایـان دەڵێـن: ﴿بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ﴾، - (**عَمَد**)یـش كـۆی (**عَمُود**)ە - یـانی: (**بعَمَـدٍ غَـيرِ مَرئِيَّـةٍ**)، بـە كۆڵەكـە نەبینـدراوەكان، كـە واپێدەچـێ مەبەسـت پێـی هێـزی كێشـندە (**قـوة الجاذبية**)بـێ.

هەروەهـا ئەگـەر بێینـە سـەر ئەصڵـی ماددەش، كـە خشـتی یەكەمـی مـاددە بریتیـە لـە: گەردیلـە (**ذرة** - Atom)، گەردیلـەش بـۆ خـۆی لـە سـێ بـەش پێكـدێ: ئێلیكـترۆن (Electron) كـە لـە سـوورگەدا دەخولێتـەوە بـە دەوری نێوكـدا، نێوكەكـەش لـە پرۆتـۆن (Proton) و نیوتـرۆن (Neatron) پێكـدێ، كـە نـەك هـەر نیوتـرۆن و پرۆتـۆن، نابیندرێـن و، ئێلیكتـرۆن كـە لەوانیـش زۆر زۆر گچكەتـرە، نابینـدرێ، بەڵكـو گەردیلـە خـۆشی هـەر نابیـنرێ، بەڵكـو گـەرد (مۆڵكـۆڵ (**جزيئ** -- Molecule)یـش كـە لـە ملیۆنـان پێكـدێ، ئەویـش هـەر نابیـنرێ، هـەر نـەك نابیـنرێ بـە چـاو، بەڵكـو بـە میكرۆسـكۆب (زەڕڕەبین)یـش نابینـدرێ، وێـڕای ئـەوەی كـە هـەركام لـە نیوتـرۆن و پرۆتۆنیـش بـۆ خۆیـان لـە چەنـد بەشـێك پێكهاتـوون، كـە كوارکـەکان (quarks)ن، ئێمـە ئـەو باسـەمان بـە درێژیـی لـە مەوسـووعەی: (درەوشـاوەیی ئیـمان و پووچەڵیـی ئیلحـاد لەبـەر ڕۆشـنایی زگـماك و عەقـڵ و زانسـت و وەحیـی دا) باسـكردوە كـە ئێمـە لـە تیشـكەكان ئەندازەیـەكی زۆر كـەم دەبینیـن، تەنیـا یـەك بـەش لەسـەر چەنـد ملیـار بـەشی تیشـك، دەتوانیـن ببینیـن، چ جـای شـتەكانی دیكـە، بۆیـەش خـوا دەفەرمـوێ: سـوێند دەخـۆم بـەوەی دەیبینیـن، بـەوەش كـە نایبینیـن.

٢)- ﴿إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ﴾، بە دڵنیایی ئەم (قورئان)ە بێژراوی نێردراوێکی بەڕێزە، ئایا ئەو نێردراوە بەڕێزە مەبەست پێی کێیە؟ زۆربەی زانایان گوتوویانە: مەبەست پێی جیبریلە.

بـەڵام هەندێکیـان گوتوویانـە: مەبەسـت پێـی موحەممـەدە صـەڵات و سـەلامی خـوا لەسـەر هەردووکیـان بـێ.

بێگومـان ڕای یەکـەم ڕاسـتە، چونکـە ئەگـەر لێـرەدا ئەگـەری هەیـە مەبەسـت پێـی موحەممەدیـش بـێ ﷺ، بـەڵام لـە شـوێنی دیکـەدا - قورئانیـش هەندێـکی هەندێـکی ڕوون دەکاتـەوە - بۆمـان دەردەکـەوێ کـە مەبەسـت لـە: ﴿رَسُولٖ كَرِيمٖ﴾، جیبریلـە، ئەویـش ئەوەیـە کـە لـە سـوورەتی (التكویـر)دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ١٥ ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ ١٦ وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ ١٧ وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ ١٨ إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ١٩ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ ٢٠ مُّطَاعٖ ثَمَّ أَمِينٖ ٢١﴾التكویـر، دەفەرمـوێ: وانیـە (وەك ئێـوە دەیڵێـن)،سـوێند دەخـۆم بـە خـۆ پەنهانکـەرەکان، ئەوانـەی دەڕۆن و دەچنـەوە مەنزڵـەکانی خۆیـان، (وەك چـۆن ئاژەڵێـك دەچێتـەوە هێلانەکـەی یـان کونەکـەی خۆیـەوە، کـە مەبەسـت پێـی ئەسـتێرەکانن) سـوێندیش بـە شـەوگار کـە دێـت، یاخـود دەڕوات، {چونکـە وشـەی ﴿عَسۡعَسَ﴾، دوو مانـای پێکـەوە دژی هەن، واتـە: هـەم بـە مانـای: هـات و بـە مانـای ڕۆیشـت، دێ}، سـوێندیش بـە بەرەبەیـان کاتێـك هەناسـە دەدات، (سـوێند بەوانـە)، ئـەم قورئانـە بێـژراوی نێردراوێـکی بەڕێزە، زۆر خـاوەن هێـزە، لـە لای خـاوەن عـەرش (کـە خوایـە) پێگـەدارە، گوێڕایەڵیـی بـۆ کـراوە لـەوێ و ئەمینـدارە، یـانی: زۆر ئەمینداریشـەو خـوا چـی پـێ بفەرمـوێ، ئـەوە دەگەیەنـێ، ئاشکراشـە کـە مەبەسـت پێـی جیبریلـە (عَلَيۡهِ السَّلام) لێـرەش کـە دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ﴾، یـانی: ئـەوەی خـوا ناردوویـەتی بـۆ گەیانـدنی ئـەو فەرمایشـتە، نێرراوێـکی بەڕێـزە کـە جیبریلـەو، ئەویـش گەیاندوویـەتی بـە پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ.

٣)- ﴿ وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ ﴾، هەروەها ئەو (قورئان)ە قسەی شاعیرێك نیە.

٤)- ﴿ قَلِيلًا مَّا تُؤْمِنُونَ ﴾، بە کەمیی بڕوا دێنن، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ قَلِيلًا مَّا تُؤْمِنُونَ ﴾، ئەم (ما)یە سێ ئەگەری هەن:

أ- زیاد کراوە بۆ جەختکردنەوە، یانی: (**إيماناً قَلِيلاً تُؤْمِنُون**)، ئیمانێکی کەم ئیمان دێنن.

ب- یاخود (ما) لابەرە (**نافية**)یەو بۆ لابردنە، یانی: تەنانەت ئیمانی کەمیش ناهێنن، ﴿ قَلِيلًا مَّا تُؤْمِنُونَ ﴾، واتە: تەنانەت ئیمانێکی کەمیش ناهێنن.

ج- یاخود لێرەدا ئیمان بە مانای بەڕاستدانانە، یانی: (**قَلِيلاً ما تُصَدِّقُون**)، ئێوە کەمێکتان قورئان بەڕاست دادەنێن، ئەویش ئەوانەن کە دوایی ئیمان دێنن، یاخود ئەوانەن کە لە نەفسی خۆیاندا دەیانزانی قورئان هەقە، بەڵام بڕوایان پێ نەدەهێنا، لەبەر خۆ بەزلگریی و، لەبەر لێ تێکنەچوونی ئەو بەزم و بازاڕەی لە نەبوونی شەریعەت و دینی خوادا، بۆ خۆیان پێکیان هێنابوو.

٥)- ﴿ وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍ ﴾، هەروەها ئەم قورئانە قسەی کاهین (فاڵچیش) نییە، پێشتر پێناسەی کاهینمان کرد، کە کەسێکە هەواڵ دەدات بەو شتانەی لە ڕابردوودا بوون، یاخود هەندێکیان دەڵێن: لە داهاتوودا دەبن، هەندێکیش گوتوویانە: کاهین ئەوەیە کە هەواڵ دەدات چ بە شتی ڕابردوو، چ بە شتی داهاتوو، واتە: کەسێک قسە لە غەیب و نادیار دەکات.

٦)- ﴿ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾، بە کەمیی پەند وەردەگرن، ﴿ تَذَكَّرُونَ ﴾، بە دوو جۆر خوێندراوەتەوە.

ا- (تَتَذَكَّرُون)، خوێنراوەتەوەو، ب-(**تَذَّكَّرُون**)یش خوێنراوەتەوە، (ما)یەکەش دیسان دەگونجێ زیادکرابێ بۆ جەختکردنەوەی کەمیی بیر کردنەوەو پەند وەرگرتنیان، یاخود بۆ لابردن، ﴿ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾، تەنانەت کەمیش بیر ناکەنەوەو پەند وەرناگرن.

٧)- ﴿ تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، دابەزێنراوە لەلایەن پەروەردگاری جیهانییانەوە، ﴿ تَنزِيلٌ ﴾ خوێنراویشەتەوە: (تَنزِيلاً)، واتە: هەم بە (رفع)، هەم بە (نصب) خوێنراوەتەوە، دابەزێنراوە لە پەروەردگاری جیهانییەکانەوە، ئەگەر بە ڕەفع بێ، بەڵام ئەگەر بە نەصب بێ: (تَنزِيلاً مِن رَبِّ العالَمِين)، یانی: لە حاڵێکدا کە لە لایەن پەروەردگاری جیهانییانەوە دابەزێنراوە.

مەسەلەی دووەم:

ڕاگەیاندنی خوای کارزان، کە ئەگەر گریمان موحەممەد ﷺ شتێك بە ناوی خواوە بڵێ، زۆر بە سەختیی سزای دەدات و، هیچ کەسیش ناتوانێ بەرگریی لێ بکات.

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ ٱلْأَقَاوِيلِ ﴿٤٤﴾ لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِٱلْيَمِينِ ﴿٤٥﴾ ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ ٱلْوَتِينَ ﴿٤٦﴾ فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَٰجِزِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ ٱلْأَقَاوِيلِ ﴾، ئەگەر گریمان (موحەممەد) هەندێ قسەشی کردبانە بەناوی ئێمەوە، یەکێ لە ڕوونکەرەوانی قورئان ئاوا ئەم ڕستەیە مانا دەکات: **(وَلَو ادَّعَى مُدَّعٍ عَلَيْنَا شَيْئاً لَمْ نَقُلْهُ إفتِرائاً عَلَينَا، سَمَّى الإفتِراءَ تَقَوُّلاً، لأَنَّهُ قَولٌ مُتَكَلَّفٌ، وَالأَقوال المُفتَرَاتِ أَقاويلَ، تَحقِيراً لَهَا، كَأَنَّها جَمعُ: أَفعُولة مِنَ قَولِكَ أَضَاحِيك، أُضحُوكَة)**، واتە: ئەگەر بە ناوی ئێمە قسەیەکی گوتبایە کە نەمانفەرمووە، وەك قسە هەڵبەستن بە ناوی ئێمەوە، لێرەدا قسە هەڵبەستنی ناوناوە (**تَقَوُّل**) {واتە: قسە بەناوەوە کردن}، چونکە کەسێك قسەیەك بە ناوی کەسێکەوە بکات، مانای وایە قسەیەکی هەڵبەستراوی کردوە، هەروەها قسە هەڵبەستراوەکانیشی ناو ناون: (**أَقاويل**)، (کە کۆی (**أَقوال**)ەو ئەویش کۆی (**قَول**)ە)، وەك بە کەم تەماشا کردن و بە بێڕێز دانان، وەك (**أَقاويل**) کۆی (**أفعُولة**)بێ، وەك چۆن (**أَضَاحِيك**) کۆی (**أُضحُوكَة**)یە، (واتە: شتێك کە مایەی پێ پێکەنین بێ).

٢)- ﴿ لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِٱلْيَمِينِ ﴾، [ئەگەر هەندێك قسەی بە ناوی ئێمەوە کردبانایە]، ئێمە دەستی ڕاستیمان دەگرت.

٣)- ﴿ ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ ٱلْوَتِينَ ﴾، دوایی خوێنبەریمان دەبڕی، (**الوَتِين: الشِّريَانُ الرَّئِيس**) خوێنبەری سەرەکیی کە ڕێك بە دڵەوە پەیوەستەو، لە دڵەوە خوێنی پاك دەبات بۆ

هەموو خانەکانی جەستە، لەوسەریشەوە لەڕێی وەرید (خوێنهێنەر)ەوە خوێنەکە دەگەڕێتەوە بۆ دڵ بۆ پاڵاوتن و پاککردنەوەی، هەم لە ڕێی دڵەوە، هەم لە ڕێی سییەکانەوە، پاشەڕۆکەکەی فڕێ بدرێتە دەرێ و، بپاڵێورێ، ئەو پرۆسەیەش هەمووی لە خولەکێکدا دڵ چەندان جار لێدەدات و ئەو پرۆسەیە دووبارە دەبێتەوە، ئەگەر شەست جارە، ئەگەر حەفتایە، یان زیاترە[1]، کە دەفەرموێ: ﴿لَأَخَذۡنَا مِنۡهُ بِٱلۡيَمِينِ ﴿٤٥﴾ ثُمَّ لَقَطَعۡنَا مِنۡهُ ٱلۡوَتِينَ ﴿٤٦﴾﴾، دەستی ڕاستیمان دەگرت دوایی شادەماریمان دەبڕی، یەکێك لە زانایان مانای ئەو دوو ئایەتەی ئاوا تەعبیر کردوە، دەڵێ: (**لَقَتَلْنَاهُ صَبْرًا، كَمَا تَفْعَلُ الْمُلُوكُ بِمَنْ يَتَكَذَّبُ عَلَيْهِمْ، مُعَاجَلَةً بِالسَّخَطِ وَالإِنْتِقَامِ، فَصَوَّرَ قَتْلَ الصَّبْرِ بِصُورَتِهِ لِيَكُونَ أَهْوَلَ، وَهُوَ أَنْ يُؤْخَذَ بِيَدِهِ وَتُضْرَبَ رَقَبَتُهُ**)، واتە: دەمانکوشت بە شێوەیەکی خوێنساردانە، وەك چۆن حوکمڕانەکان کەسێك درۆ بەناوی ئەوانەوە بکات، ئاوا دەیکوژن و لە گەردنیان دەدەن، ئنجا ئەو کوشتنەی کە خوێن ساردانە دەکوژرێ، (واتە: بە شێنەیی دەکوژرێ)، بەو شێوەیە وێنای کردوە کە دەستی ڕاستی بگیرێ و لە گەردن بدرێ، تاکو سامناك و بێزەزاتر بێ.

٤)- ﴿فَمَا مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ عَنۡهُ حَٰجِزِينَ﴾، هیچ کامێکیش لەئێوە ناتوانن بەرگرییکاری بن، (**حاجِز: الحَجزُ الدَّفعُ وَالحَيلُولَة**)، (**حَجْز**) پاڵ پێوە نان و ڕێ لێگرتنە، ﴿حَٰجِزِينَ﴾یش، کۆیە یانی: (**دَافِعِيْن**) هیچ کام لە ئێوە ناتوانن بەرگرییکاری بن، بۆیەش کۆی کردۆتەوە چونکە ئەمە وەصفە بۆ (**أحد**)، (**أحد**)یش بەڵێ بۆ تاکە، بەڵام لە مانای کۆ دایە، ﴿فَمَا مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ عَنۡهُ حَٰجِزِينَ﴾، هیچ کامێك لە ئێوە بەرگرییکاری نەدەبوون، یانی: ڕێگرمان نەدەبوون کە بیفەوتێنین.

---

(١) دڵ لە حاڵەتی ئاسایی داو بەشێوەیەکی هاوکۆیی (مُعدَّل) حەفتاو سێ (٧٣) جار لە خولەکێك دا لێدەدات.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

قورئـان بیرخـەرەوەی پارێزکارانـە، بێگومـان بێبڕوایانیـش بـە درۆ دانەریـان تێـدان و، لـە ڕۆژی دوایـی دا قورئـان مایـەی خەم و خەفـەت و پەژارەو پەشـێمانییە بۆیـان و، قورئانیـش ڕاسـتی جێـی دڵنیایـی و هەقـی بـێ خلتەیـە، بۆیـە لـە بەرانبـەر بـەدرۆ دانانیانـدا، پێویسـتە نـاوی پـەروەردگاری مـەزن بـە پـاك بگیـرێ:

وەك خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِنَّهُۥ لَتَذْكِرَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٤٨﴾ وَإِنَّا لَنَعْلَمُ أَنَّ مِنكُم مُّكَذِّبِينَ ﴿٤٩﴾ وَإِنَّهُۥ لَحَسْرَةٌ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٥٠﴾ وَإِنَّهُۥ لَحَقُّ ٱلْيَقِينِ ﴿٥١﴾ فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ ﴿٥٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَإِنَّهُۥ لَتَذْكِرَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ ﴾، بە دڵنیاییش ئەو (قورئان)ە، بیرخەرەوەیەو ئامۆژگارییکارو پەندو عیبرەتە بۆ پارێزکاران، (تَذكِرَة)یان ئاوا لێکداوەتەوە (**أَي: عِظَةٌ وَتَذكِيرٌ لَهُم**)، ئامۆژگارییەو بیرخەرەوەیە بۆ پارێزکاران، بۆچی بۆ پارێزکاران؟ چونکە هەر پارێزکاران لێی بەهرەمەند دەبن، ئەگەرنا لە ئەصڵدا خوا قورئانی ناردوە بۆ هەموو لایەك، وەك دەفەرموێ: ﴿ ... ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠٤﴾ ﴾**يوسف**، بیرخەرەوەیە بۆ هەموو جیهانییان، بەڵام کێ لێی بەهرەمەند دەبێ؟ بە دڵنیایی ئەهلی تەقوا، ئەوانەی خۆیان دەپارێزن لە کوفرو شیرك و گوناه و تاوان و لادان، ئەوانەی دەروونێکی پاك و دڵێکی ڕووناکیان دەبێ، دەتوانن قورئان وەك خۆی ببینن و لە نوورو بەرەکەتەکەی بەهرەمەند بن، بەڵام بە دەروونێکی پیس و بە دڵێکی تاریك و بە جەستەیەکی گوناهکارەوە، مرۆڤ لە خوار ئەوەوە دەبێ کە لە قورئان بەهرەمەند ببێ، لەڕاستییدا بەرەکەت و نووری قورئان، وەك میوانێکی بەڕێزە کە ناچێتە هەموو ماڵێك، دەبێ دڵ و دەروونێکی چاك و پاك ببێ، ئنجا ڕووناکیی و بەرەکەتی فەرمایشتی خوایە تێیدا نیشتەجێ دەبێ، وەك لە سوورەتی (الحجرات)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱمْتَحَنَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَىٰ ... ﴿٣﴾ ﴾، واتە: ئەوانە کەسانێکن خوا دڵی بۆ تەقوا پاڵاوتوون، تەقوا دەچێتە دڵێکی

پاڵفتەو پاك و خاوێنەوە، قورئانیشش بە ئەندازەی ئەوە کە ئێمە دڵی خۆمان پاك و دەروونی خۆمان خاوێن دەکەینەوە، دڵی خۆمان ڕووناك دەکەینەوە، لە قورئان زیاتر تێدەگەین، زیاتر نهێنییەکانی کە خوا ﷻ لە فەرمایشتی خۆیدا دایناون، تێیان دەگەین، نهێنییەکانی فەرمایشتی خواش بێ سنوورن، حیکمەت و پەندو زانیارییەکانی فەرمایشتی خوا بێ سنوورن، چونکە سیفەتەکانی خوا هیچیان سنووریان نیەو هەموویان ڕەهان، ئەو کاتە هەر کەسە بە ئەندازەی ئەوە کە دڵ و دەروونی خۆی پاك و چاك دەکات، خۆی شایستە دەکات کە لە قورئان تێبگات، لێی تێدەگاو لێی بەهرەمەند دەبێ، شاعیرێکی فارسیش جوانی گوتوە:

گوهَرِ پاكِ ببايد كەشَوَدْ قابِلِ فَيْض   گرن هَرسنگ وگلی لؤلؤ و مرجان نَشَود

واتـە: گەوهەرێـکی پـاك بێنـە شـیاوی بەسـەردا ڕژانی فەیـزو بەرەکـەتی خـوا بـێ، ئەگـەر هـەر بـەردو قوڕێـك نابێتـە گەوهـەرو مرواریـی.

٢)- ﴿ وَإِنَّا لَنَعْلَمُ أَنَّ مِنكُم مُّكَذِّبِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە دەزانین (ئەی بێبڕواینە!) کە لەنێو ئێوەدا بە درۆ دانەرانێك هەن، لێرەدا ئەمە دوو ئەگەری هەن:

أ- یان ڕووی دواندن لە خەڵکە، ئەی خەڵکینە! ئێمە دەزانین کە ئێوە کەسانێکتان تێدا هەن، بەدرۆ دانەرن، بە درۆ دانەرن بۆ قورئان و بۆ پێغەمبەر ﷺ و بۆ ڕۆژی دوایی، بە تایبەت ڕەنگە مەبەست پێی قورئان بێ، چونکە سیاقەکە باسی قورئانە، بەڵام کەسانێکیشتان تێدا هەن ئەی خەڵکینە! کە بەڕاست دانەری قورئان دەبن.

ب- ئەگەری ئەوەش هەیە کە لێرەدا ڕووی دواندن لە بێبڕوایەکان بێ، یانی: ئێوە بە درۆ دانەرانتان لە نێودا هەن، واتە: کەسانێکتان لە نێودا هەن کە قورئان بە درۆ دادەنێن، بەڵام کەسانێکیشتان تێدا هەن، کە قورئان بەڕاست دادەنێن، بەڵام دانی پێدا ناهێنن وەك عینادیی و کەللەڕەقیی، بۆ ئەوەی ئەو بەزم و بازاڕەی بە زوڵم و ستەم و لە کاتی ئامادە نەبوونی شەریعەتی خوادا، بۆ خۆتان پێکتان هێناوە، لێتان تێك نەچێ، وەك هەموو ئەو دیکتاتۆرو حوکمڕانە خۆ سەپێنانەی حوکمی میراتیی و بنەماڵەیی و

عەسکەرتاریی و خۆ فەرز کردن لە وڵاتانی مسوڵماننشیندا پەیڕەو دەکەن و پەیڕەویان کردوە، ئایا نازانن کە خوا فەرموویەتی: ﴿...وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ... ﴿٣٨﴾﴾الشورى، کاروباری مسوڵمانان دەبێ بە ڕاوێژ بێ؟ ئەدی بابایەکی ناشایستی خۆسەپێن کە ئەو عیبادو بیلادە هەمووی بە موڵك و ماڵی خۆی دەزانێ، ئایا ئەو حوکمە میراتیی و بنەماڵەییەی لە کوێ هێنا؟ لە کوێی قورئاندا هەیە؟ ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ مامی خۆی کە عەبباس بوو، ئامۆزایەکەی کە عەلی بوو ﷺ، کەسی لەوان کرد بە جێنشین؟ نەخێر، بەڵکو بۆ مسوڵمانانی بەجێهێشت، چونکە خوا بنچینەی بۆ حوکمڕانیی و ئیدارەدانی کۆمەڵگا داناوە: ﴿...وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ... ﴿٣٨﴾﴾الشورى، بۆیەش هاوەڵان ڕاوێژیان کرد، پێشێ پشتیوانەکان پێیان وابوو کە دەبێ خەلیفە لەوان بێ، هەروەها کۆچکەران پێیان وابوو دەبێ لەوان بێ، دوایی هەموویان هاتنە سەر ئەوە کە ئەبوو بەکر خوا لێی ڕازی بێ لە هەموویان شایستەترە، لە دوای ئەبوو بەکریش ڕایان هاتە سەر عومەری کوڕی خەتتاب بەڵێ ئەبوو بەکر پێنیاری کردبوو کە عومەر بێ، بەڵام وەك کە ئیبنو تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێبێ لە (**منهاج السنة النبوية**)دا گوتوویەتی: ئەگەر مسوڵمانان بەیعەتیان بە عومەر نەکردبایە، تەنیا بە پێشنیار کردنی ئەبوو بەکر نەدەبوو بە خەلیفە، چونکە هەق هەقی مسوڵمانانەو، ئەو پێشنیاری کردبوو ئەوانیش پێشنیارەکەیان پێ چاك بوو، پێشنیارەکەی لەجێی خۆیدا بوو، لە دوای عومەریش (خوا لێی ڕازی بێ) عومەر ئەو کردیە ڕاوێژ لە نێوان شەش کەساندا، شەش کاندید، دوایی لە نێوان ئەو شەش کاندیدە بوو بە کێبڕکێ لە نێوان عوسمان و عەلییدا، بەڵام زۆربەیان عوسمانیان بە دڵ بوو، خوا لە هەموویان ڕازی بێ، لەدوای عوسمانیش مسوڵمانان چوون هەر ئەوانەی کە سێ خەلیفەکانیان هەڵبژاردبوون، زۆربەیان چوون بەیعەتیان بە عەلی داو، عەلییان کرد بە چوارەمین خەلیفەی ڕاشید.

بەڵـێ زۆرێـك لـە بێبڕوایـەکانی کاتی خـۆی و، بێبـڕواو موونافیـق و دەغـەڵ و دڵنەخۆشـەکانی ئێسـتاش، دەزانـن کـە قورئـان هەقـەو، ئیسـلام هەقـەو، حوکمـی قورئـان دەبـێ چـۆن بـێ، بـەڵام بۆچـی کەیفیـان پـێ نایـەت و، دانوویـان لەگەڵـی

ناکوڵێ؟ چونکە ئەو بەزم و بازاڕە ناشەرعییەی ئەوان پێکیانەوە ناوە، لە غیابی قورئاندا، لە غیابی حوکمی شەریعەتدا، ئەگەر بێت و ملکەچ بکەن بۆ حوکمی قورئان، لێیان تێکدەچێ، بۆیە ئامادە نین.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّا لَنَعْلَمُ أَنَّ مِنكُم مُّكَذِّبِينَ ﴾، واتە: هەرچەندە دەشزانین بە درۆ دانەرانێکتان لە نێودا هەن، بەڵام ئێمە هەر پێغەمبەرمان بۆ لا ناردوون و ئاگادارمان کردوونەوە، تاکو بیانووتان نەبێ و بیانوو براوتان بکەین.

٣)- ﴿ وَإِنَّهُۥ لَحَسْرَةٌ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئەو (قورئان)ە مایەی خەم و خەفەتە بۆ بێبڕوایان، (**حسرة**) واتە: پەشێمانیی و خەفەت خواردن لەسەر شتێك كە ڕۆیشتووەو تێپەڕیوەو ناگەڕێتەوە.

٤)- ﴿ وَإِنَّهُۥ لَحَقُّ ٱلْيَقِينِ ﴾، بە دڵنیایی ئەو (قورئان)ە چەسپاوێکی جێی دڵنیایە، واتە: (**لَلْحَقُّ اليَقِينُ الَّذِي لا شَكَّ فيهِ، أَنَّهُ مِن عِنْدِ اللهِ لَم يَقَوَّلْ وعليه مُحَمَّدٌ**)، ئەو چەسپاوەو جێی دڵنیاییەو هیچ دوو دڵییەکی تێدا نیە، کە لە لایەن خواوەیەو موحەممەد ﷺ لەخۆیەوە نەیگوتوە.

شەیتان فێریان نەکردوەو هیچ کەس فێری وی ﷺ نەکردوە، هەر کەسێك قورئان بخوێنێتەوە، دەزانێ کە جگە لە خوا ﷻ شایستەی ئەوە نیە قسەی وا بکات، لێی ناوەشێتەوەو هەڵناگرێ.

٥)- ﴿ فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ ﴾، کەواتە تۆ ناوی پەروەردگاری مەزنت بە پاك بگرە، واتە:

أ- بە پاکی بگرە کە هیچ کەس بتوانێ قسە بە ناوی خواوە هەڵبەستێ و، خوا سزای نەدات.

ب- یاخود: خوا بە پاك بگرە لەوە کە پێغەمبەرێك بنێرێ، دوایی ئەو پێغەمبەرە لابدات، کەچی خوا سزای نەدات.

ج- یاخود: بە پاکی بگرە لەوە کە خوا کەسێك بنێرێ شایستە نەبێ، دوایی قسە بە ناوی خواوە هەڵبەستێ.

د- یاخود: بە پاكی بگرە لەوە كە خوا فەرمایشتێك بنێرێ، وەك شیعرو قسەی كاهینان بچێ و دوایی لێیان تێكەڵبێ.

خوا بە پاك بگرە لە هەموو ئەوانە.

ئێستاش با ئەو سێ وشەیە تۆزێك شی بكەینەوە: (**التَّذكِرَة، الْحَسْرَةُ، وَحَقُّ اليَقِين**):

یەكەم: (**التَّذكِرَة**)، (**التَّذْكِرَةُ: اسْمُ مَصْدَرِ التَّذْكِيرِ، وَهُوَ التَّنْبِيهُ إِلَى مَغْفُولٍ عَنْهُ، وَالْمَعْنَى: أَنَّهُ مُذَكِّرٌ لِلنَّاسِ بِمَا يَغْفُلُونَ عَنْهُ**)، (**تَذْكِرَة**)، ناوی چاوگەو بریتیە لە ئاگادارکردنەوەی کەسێك لە شتێك کە لێی بێئاگا بووە، واتە: ئەوە بیرخەرەوەی خەڵکە بۆ شتێك کە لێی بێئاگان.

کە بریتیە لە بەندایەتیی بۆ خواو چۆنیەتیی ژیان بەو شێوەیەی خوا پێی خۆشەو وریا بوون لەو چارەنووسەی چاوەڕێی دەکات لە ڕۆژی دوایی دا.

دووەم: (**الْحَسْرَة**): (**الْحَسْرَةُ: النَّدَمُ الشَّدِيدُ الْمُتَكَرِّرُ عَلَى شَيْءٍ فَائِتٍ مَرْغُوبٍ فِيهِ، وَيُقَالُ لَهَا: التَّلَهُّفُ، اشْتُقَّتْ مِنَ الْحَسْرِ، وَهُوَ الْكَشْفُ لِأَنَّ سَبَبَهَا يَنْكَشِفُ لِصَاحِبِهَا بَعْدَ فَوَاتِ إِدْرَاكِهِ وَلَا يَزَالُ يُعَاوِدُهُ**)، (**حَسْرَة**): بریتیە لە پەشێمانییەكی زۆری دووبارە بووەوە لە سەر شتێك كە جێی ئارەزوو بووە بەڵام تێپەڕیوە، بە (**حَسْرَة**)یش دەگوترێ: (**تَلَهُّف**)، وشەی (**حَسرَة**) لە (**حَسر**)ەوە هاتوە، {دەگوترێ: (**حَسَرَ عَنْ ذِرَاعِهِ**)، واتە: قۆڵی هەڵكرد}، (**الحَسْرُ: الكَشْفُ**)، هەڵكردن دەرخستن، چونكە هۆكاری ئەو پەشێمانییە بۆ خاوەنەكەی دوای ئەوەی شتەكە تێپەڕیوە بۆی ڕوون دەبێتەوەو بەردەوام ئەو خەفەت خواردنە بۆی دووبارە دەبێتەوە.

سێیەم (**حَقُّ اليَقِين**)، زانایان دەڵێن: زانیاریی سێ پلەی هەن: (**عِلْمُ اليَقِيْن، عَيْنُ اليَقِين، حَقُّ اليَقِين**)، كە هەرسێكیان لە قورئاندا هاتوون:

١- (**عِلمُ اليَقِين**): (**الجرجاني**) لە (**التعريفات**)ەكەیدا[1] هێناویەتی، دەڵێ: (**عِلْمُ اليَقِيْن: مَا أَعْطَاهُ الدَّلِيلُ بِتَّصَوُّرِ أُمُورٍ عَلَى ما هُوَ عَلَيهِ**)، واتە: (**عِلمُ اليَقين**) بریتیە لەو زانیارییەی

---

(١) ص١٥٦.

بەڵگە دەیبەخشێ بەهۆی ئەوەوە کە کارەکان بەو شێوەیەی هەن وێنا دەکرێن لە مێشکدا.

٢- (**عَيْنُ الْيَقِين**): بریتیە لە بە چاو دیتنی ئەوەی بە بەڵگە چەسپێنراوە.

٣- (**حَقُّ الْيَقِين**) بریتیە لە دەست لێدانی، یاخود چوونە نێوی، یان مامەڵە لەگەڵدا کردنی، زانراوەکە، یەکێك لە زانایان دەڵێ: بۆ وێنە کە باسی کەعبە دەکرێ، کە یەکەمین ماڵی خوایە لەسەر زەوی دانراوە، ئەگەر باس بکرێ بە شێوەیەك کە بۆ مرۆڤ تەواو جێی دڵنیایی بێ و ببێتە زانیارییەکی جێی دڵنیایی، کە ئەو کەعبەیە لە شاری مەککەیەو، لە فلان شوێنەیەو، لە ڕووی جوگرافییەوە ئەوەندە دوورە، ئەوە پێی دەگوترێ: (**عِلْمُ الْيَقِين**)، (**عَيْنُ الْيَقِين**)یش ئەوەیە کە بچێ و بە چاوی خۆی کەعبە ببینێ، (**حَقُّ الْيَقِين**) یش ئەوەیە کە بەکردەوە دەست لە دەرو دیوارەکانی بداو بە دەوری دا بسووڕێتەوە.

یاخود شانە هەنگوینێك: (**عِلْمُ الْيَقِين**) ئەوەیە کە بۆت باسبکەن هەنگوین ئاوایەو ئاوایە، (**عَيْنُ الْيَقِين**)یش ئەوەیە شانە هەنگوینەکە ببینی، (**حَقُّ الْيَقِين**) یش ئەوەیە کە لەو شانە هەنگوینە تام بکەی، ئەو سێ پلەیە بۆ زانیاریی هەن، کە دیارە باڵاترینیان (**حَقُّ الْيَقِين**)ە.

لێرەش دا کۆتایی بە تەفسیر کردنی سوورەتی (**الحاقة**) دێنین.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

ناوەڕۆک